# درامای کوردی

## لەناو درامای جیهاندا

**حەمە کەریم هەورامی**



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی ڕاپەڕین، هەولێر

ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٣٢٠٢١

سندووقی پۆستە ژمارە: ١

# درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا

## حەمە کەریم هەورامی



*پێشکەشە بە دانا و زانای کورد: د. عەزیز گەردی*

ناوی کتێب: درامای کوردی لەناو درامای جیهاندا
دانانی: حەمە کەریم هەورامی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٢
دەرهێنانی هونەری: شاخەوان کەرکووکی
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەممەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر– ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٠٣)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

# پێشەکی

لە کۆتایی ساڵەکانی پەنجادا لەو کاتەدا کە لە هەرەتی لاوێتیدا بووم، دەستم دایە خامە و یەک دوو شتم نووسین و بڵاوم کردنەوە.

لە ساڵی (١٩٥٧)دا شتێکی کاڵ و کرچم بۆ ڕۆژنامەی (ژین) نارد و بۆیان بڵاوکردمەوە بەوا زانیم ئەو شتانەی من لەلای خەڵک لەوانەیە شتێک بن و بەکار بێن، منێک بەو نیازەوە خرابوومە بەر خوێندن کە کارم تەنیا خوێندنەوە بێ، بڵاوبوونەوەی ئەو شتانە حەزمی خستە سەر نووسین، هەر وشەیەکم کە دەنووسی لام وابوو ئەوە یەکەم جارە ئەو وشەیە لەدایک دەبێ، ئەوەندەم خۆش دەویست وەک ئافرەت چۆن لە منداڵی تاقانەی خۆی ورد دەبێتەوە وەها لێی ڕادەمام و خووم دەدایە.

هەر لەو ساڵەدا چیرۆکی (مەم و زین) لە سانەوی سلێمانی کوڕان خوێنرا، نازانم چۆن بوو من چاوم بەو نواندنە ڕەژی، شەوقێکی ئاستەمی بەناو دەروونما پەرت کرد، ئەوەندە بەتین و تەسەل بوو دڵم وەک دێوانە بۆ ئەو جۆرە هونەرە کەیل و مەست بوو، نەم دەزانی لەبەرچی؟.

لە دڵەوە تامەزرۆی ئەوە بووم یەکێک لەوانە ببینم کە ئەو کارەیان سازداوە ئەو شەوقە هەر لە دەروونما ماوو نەکوژایەوە.

لە ساڵی (١٩٥٨)دا کورتە چیرۆکێکم - ئەو کاتە نەم دەزانی کورتە چیرۆک یانی چی - بەناوی «نامەیەک بۆ ئاسمان» نووسی گۆڤاری «هەتاو» بۆمی بڵاوکردەوە، لەخۆشیا خەریک بوو باڵ بگرمەوە، لێرەوە ڕێگەی بڵاوکردنەوە فێربووم و سامم شکا، ئیتر هەر خۆم خەریک دەکرد و لای خەڵکیش دەنگم نەدەکرد، لەو ماوەشدا خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعرەکانی مەولەوی و قانیع چێژی ئەدەب و خۆشەویستی نیشتمان و زمانی کوردییان کردبووە هۆی جۆش دانی هۆش و هەناوم.

لە ساڵی (١٩٦٠)دا لە زانکۆی ئەزهەر لە قاهیرە جێی خۆم کردەوە و لە (كلية التشريع و القانون) وەرگیرام و کەوتمە ناو جیهانێکی بەرفراوانی بێ ڕۆخەوە، ئەو کتێبانەی کە لەوێ دەخوێنران بە تایبەتی ئەوانەی کە لەسەر یاسا و ئابووری و بازرگانی بوون سەرسامیان کردم بۆ من مەملەکەتێکی تازە و پڕ بەپێز و فەڕدار بوو، شاری قاهیرەیش پاریسی ڕۆژهەڵاتە و بارەگای زانیاری و ئەدەب و هونەر و قیبلەگای ڕۆشنبیری کوردان بوو... بەرخۆرداری شارستانیەتی کۆن و نوێی خۆیەتی و لەسایەیدا ئەدەب و هونەر و زانست مۆڵی دابوو.

کۆگای کتێب و جۆرەها گۆڤار و ڕۆژنامە و چاپخانە و دەزگای بڵاوکردنەوەی زانیاری و ڕووناکبیری، مرۆڤیان تاودەدا کە فێر ببێ و هۆش بکاتەوە، کوردێکی ڕووتەڵەی وەک من لە ڕۆخی دەریای هونەر و ئەدەب و زانستدا دەبێ چی بکا، خەمم دەخوارد، من نەک زانست و زانیاری لە وڵاتمدا نییە، ئادەمیزادێکی بێ وڵاتم، لێرەدا لەناو برینێکی قوڵدا نقوم دەبووم، بەوە خۆم دەدۆزییەوە، دەستم دەدایە قەڵەم و هانی خۆم دەدا هەر کتێبێکم دەخوێندنەوە وا بڕیارم دەدا پاش تەواوکردنی خوێندنم وەری دەگێڕمە سەر زمانی کوردی، لە ساڵی (١٩٦٢) چیرۆکەکەی فولتێر کە (د.طه حسين) لەژێر ناوی (القدر)دا کردوویەتی عەرەبی منیش لە عەرەبییەوە وەرمگێڕایەوە سەر زمانی کوردی، کەچی دوای چەند ساڵێک بۆم دەرکەوت خوالێخۆشبوو (محەمەد عەلی کوردی) لەژێر ناوی (زەدیج)دا کردبووی بە کوردی و بڵاوی کردبووەوە، هەر لەو ساڵەدا (ئەمینی میرزا کەریم) هاتە قاهیرە و ماوەیەک لەوێ مایەوە، ئەو



تامەزرۆیەی کە سەبارەت بە بینینی سازدەرانی (مەم و زین)م هەبوو لەوێ بەو تاسەکەم شکا و تەسەل بوو، ئارەزووە کۆنە نقوم بووەکەم کەوتەوە سەر لێواری هەستم، بەدیتنی ئەو شانۆگەریانە کە لەو کاتەدا دەنوێنران شەومان بەڕێ دەکرد، یەکەم شانۆگەری کە بەیەکەوە دیمان (السلطان الحائر)ی (تۆفيق الحكيم) بوو، دیتنی ئەو شانۆگەرییە ئەو شەوقەی کە (مەم و زین)ەکە لە دەروونما پەرتی کردبوو هەمووی خڕ کردەوە و هەناومی هێنایە کەف و کوڵ و تیشکی بەرەو جیهانی ئەو هونەرە دایەوە، بەڵێ ئەو تۆوەی کە بەدیتنی (مەم و زین) لە دەروونمدا چێنرا بوو بەسەیر کردنی ئەو شانۆگەریانە کە لە قاهیرەم دین بوو بە نەونەمامێکی نوێ، ڕێگەی خۆمم دۆزییەوە، ئای چ ڕێگەیەکی سەخت و بەتام بوو، بەو جۆرە باری دەروونیم لەسەرگەردانییەوە بەرەو دامەزراندن چوو، ئیتر دەستم دایە خوێندنەوەی دراماکانی (توفيق الحكيم) و نووسەرانی تر زۆربەی کاتی خۆم لە بارەگای ئەو هونەرە باڵایەدا بەسەر دەبرد و ڕادەمام، لە داوێنی سەرسام بوونم بەو هونەرە، بەوەش پەرۆش دەبووم کە لە دڵی خۆمدا دەمووت: تۆ بڵێی ڕۆژێک دابێ هونەر و ئەدەبی کوردیش لەم مەیدانەدا خۆیان ئارایش بدەن؟

ئەوەشم بۆ دەرکەوت کە ئەم هونەر و ئەدەبە پەیوەندی بە شارستانیەت و پلە بڵندی کۆمەڵ و هۆشیارییەوە هەیە، کەچی من خۆم ئاخەنیە ناو ئەو گۆشەوە و دەشمزانی نووسەر و ڕوناکبیرانی وڵاتی من هێشتا لەناو قۆناخی هۆنراوە و هەڵبەستدا خەریکی تەهلیلە کردنن بە دەگمەن لەناویاندا هەبوو ئاوڕ لەو جۆرە هونەرە بداتەوە.

ئەوەتا منیش تا ئێستا تەزووی خوێندنەوەی شیعر بەری نەداوم، بەڵام لەوە حاڵی نەدەبووم بۆچی دایلۆگی درامایەکی ڕەسەنم کە دەخوێندەوە لە تەک شیعرێکی ڕەسەندا وەک یەک چێژم لێ وەردەگرتن کەچی خەڵکی تر ڕەنگە وا نەبن!؟

پاش ڕەچاوبوونی ڕێگەی بەرەو جیهانی ئەو هونەرە و مەیینی ئەو ئارەزووە بەو تینەی دەروون، یان ئەو قوفڵانەی کە پەنجەرەکانی هۆشمیان ڕەپێش کردبوو لەبەر هەتاوی ئەو هونەرەدا هەمووم خاوکردنەوە، ئیتر هاتمە سەر ئەوە کە بەرەو ئەو جیهانە پڕ بکێشم و هەنگاو بنێم، هەنگاوم نا، بە ئاستەم و پارێزەوە، هەنگاوی نامەحکەم؛ بەڵام پڕ بە پیت و فەڕ، وام دەزانی خۆم دۆزیوەتەوە، ئیتر لەو کاتەوە لەمە دەرفەتم بۆ ڕەخسابێ پەنام بردووەتە بەر ئاسانەی ئەو هونەرە: هونەری دراما، ئەو هونەرەی کە لە وشە و ڕستە پەیکەری هونەر و بیر و فیکری فەلسەفی مرۆڤ لەبۆتەی درامادا دادەڕێژێ، ئەوەی لەو بارەوە بەردەسم کەوتبێ بەتاسەوە خوێندوومەتەوە، پاڵیشی پێوەناوم کە قەڵەم بۆ نووسین دەربهێنم، لەو مەیدانەدا شتێکم بە بەرهەم هێنا، ئەو بەرهەمانە و بەرهەمەکانی تری هاونیشتمانیم بە شاکاری بەرهەمەمکانی وڵاتانی تر ناگۆڕمەوە، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی خاوەنی ئەو شاکارانە ئەگەر لە پڕ ببن بە کورد و بخرێنە ژێر زەبری ئەو کۆمەڵە زرووفە ناهەموارەی ئێمەوە لەوە دڵنیام کە نەک بەرهەمێک تاکە دەستەواژەیەکی ڕێک و پێکیان پێ نەدەنووسرا جا من و ئەوانەی تر لەو مەیدانەدا تا ئەو بەرهەمانەمان بەدی هێناوە وەک قەڵای هەزار مێردمان شکاندبێ وایە، تا ئەو شتانەمان لەو دەرەدا ڕایی کردووە قیرمان سپی کردووە.

لەوانەیە یەکێک بڵێ لەو کاتەوە کە باستان کرد تا ئێستا ماوەیەکی زۆر و بەرهەمێکی کەمە؛ بەڵێ وایە جگە لەو تەگەرانە کە ڕێگری لە نووسین و بڵاوکردنەوەی کوردی دەگرن نەبوونی خوێنەری کوردیش - نەخوازەڵڵای خوێنەری دramای کوردی - تەگەرەیەکی کەم نییە، تەنانەت ئەوانەی کە خۆیان بە هونەری شانۆوە خەریک دەکەن ڕەواج بەو هونەرە نادەن و چاوەڕوانی ئەوەن هونەرەکە باڵاگەردانیان بێ و بەس.

سەرەڕای ئەوەش بەرهەم هێنان لەم گۆشە هونەرییەدا پێویستی بە دابین بوونی ژیانی نووسەر و خۆ تەرخان کردن هەیە، ئەمەش تا ئەمڕۆ بۆ ئێمەی کورد نەرەخساوە ئەوەی من چاوم هەڵهێناوە گەلی ئێمە لەناو کورخانی خەباتدا دەبرژێ و دەبرژێتەوە.

ئەم هونەرە بوونی نەتەوە و نموود بۆ کۆمەڵێکی زیندوو دەچەسپێنێ ئیتر داگیرکەران چۆن دەسبەرداری گەشەکردنی ئەم جۆرە ئەدەبە دەبن، لەمە گوێیان لە درامای کوردی دەبێ وەک نەقیزەی لاتریزەیان بدەی وایە، ئەوان دەیانەوێ بە بەری دەست ئاسمان لە خەڵک بشارنەوە کەچی درامای کوردی بە ئەستێرەی گەش گوڵ چنی دەکات.

ئەو تیورانەی کە هەر لە کۆنەوە درامای لەسەر بنیات نراوە بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر دراما دەبێ بخرێنە ڕوو بۆ ئەوەی بزانرێ تا چ ڕاددەیەک ئەو درامایە لە تەک کاروانی درامای جیهاندا ڕۆیشتووە بۆیە کە دەستم کرد بە تۆژینەوە لەسەر درامای کوردی هەستم کرد کارەکە هەر بەوەندە کە لەو درامایە بکۆڵیتەوە کۆتایی نایە، کارەکەم لێ گەورە بوو چەند گەورە بوو ئەوەندە و پتریش سەوداسەری بووم، هەر بابەتێکم لێ تەواو دەکرد خەمێک دای دەگرتم، بەتایبەتی ئەوە پەرۆشی دەکردم دەبا لە کۆتاییدا پەنا بەرمە بەر ئەو گورگە هارانە کە کەڵبە و جنجرۆکیان بەخوێنی دایکی نیشتمانم سوورە، ئەی ئەوان لە دەرگای چاپخانەکاندا مڵاسیان نەگرتووە؟ ئەی لە دایک بوونی هەموو بەرهەمێکی کوردی بە مۆری ئەوان نییە!؟ لەلایەکی تریشەوە پەلاماردانی بژێوی بۆ خۆم و منداڵم دەرفەتێکی وەهای بۆ نەدەهێشتمەوە کە ئەم پرۆژەیە بەرەو کۆتایی ڕایی بکەم، جاری وا هەبوو دوو سێ ڕستەم دەنووسین و زرووف وای دەکرد کە سەری ڕستەکە بەردەم؛ تا جارێکی تر دەهاتمەوە سەری چەند سەرەداوم لێ بزر دەبوون، ئەوەندەش فیکری پەرت و پژا و سەریان لەسەرم دەنا تا لە ساڵی (١٩٨٨)دا توانیم گەڵاڵەیەکی تەواوی پرۆژەکەم دابنێم؛ بەڵام گەیاندنی بە چاپ لە ساڵێکی وەهای نەهامەتدا شتێکی ستەم بوو بەتایبەتی لە بەشی چوارەمدا دەبوو باسی هەموو ورد و درشتێکی درامای کوردی بکەم، خۆ خاوەنی دراماکان گەلێکیان بەخۆی و دراماکانیانەوە شاربەدەر کرابوون، ناو هێنانیان قەدەغە بوو، لەبەر ئەوە ناچار بووم بۆ هەر نووسەرێک لەوانە بە ئاستەم بەسەر بەرهەمی یەکەمیدا بڕۆم و ئەوەندە ناوەکەی نەزرێنم، بەڵکو پاسگاکانی «قف للتفتیش»ی هونەر و ئەدەب چەواشە بن، وام کرد ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی هەندێ قەبەی پرۆژەکەم بچووک ببێتەوە، وێڕای ئەوەش تا نووسینی ئەم ڕستەیە دڵە تەپێی ئەوەم هەبوو کە لەوانەیە ئەم ڕەنجەی چەند ساڵانەم لەچاو تروسکانێکی ڕەقیبدا مەحف ببێتەوە و ڕەنجەڕۆ ببم، پێم وایە نووسەری کورد هەر کات بەنیازی خزمەت کردنی نەتەوەکەیەوە هەردەم خامەی خستبێتە سەر کاغەز لەوە دڵ سرەوت نەبووە ئەو وشەیە کە دەینووسێ بە ئاسانی بۆی دەچێتە سەر بۆیە خامەی نووسینی کوردی بێ پەروا ناتوانێ ڕەوت بکات، بۆیە پێم وایە نامیلکەیەکی کوردی بارتەقای چەندان بەرگی کتێبی ئەوانەیە کە کورد نین و لە وڵاتی ئازادا دەژین، زۆر جار وتوومە و وا دەیڵێمەوە وەرن دڵنیام بکەن کتێبێکم بە ئاسانی بۆ چاپ بکەن، ژیانی خۆم و منداڵم بۆ دابین بکەن، کام نووسەر لە جیهاندا هەیە لە هەمان بابەتدا ئەگەر نەم بەزان ئەو کاتە خۆم و نووسینەکانم بدەن بەدەم ئاوی زێی بادینانەوە.

کتێبێک بەم ناوەوە دەبوو لە چەند بەرگێکدا جێی نەبێتەوە، بەڵام لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە و نەبوونی سەرچاوەی زۆر بۆ هەر بابەتێک لە بابەتەکانی درامای جیهان تەگەرەیەکی تر بوو بۆ کەلینداربوون و تەسەل نەکردنی ئەو بابەتانەی کە کاروانی درامای جیهانی قۆناخ بە قۆناخ تیا تێپەڕ بووە.



هەر کتێبێک یان وتارێکی کوردی لەمەڕ دراما نووسرابێ بەرێزەوە چاومان پیا خشاندووە ئەگەر سەرچاوەکانیشی لەبەر دەست بووبن، هەر سەرچاوە کوردییەکەمان پێش خستووە.

لەبەشی درامای کوردیدا ئێمە تەنیا ئەو درامایانەمان خستووەتە ناو کاروانەکەوە کە وەک درامایەکی سەربەخۆ لە بەرگی شانۆدا بڵاوکراوەتەوە ئیتر ئەو شانۆگەرییانە کە لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، لێرەدا جێمان بۆ تەرخان نەکردوون.

هەندێ جار لەداوێنی بابەتەکاندا ئاماژەمان بۆ هەندێ سەرچاوە کردووە کە لەو سەرچاوەدا هەمان بیروڕا و بۆچوون هەیە مانای ئەوە نییە ئێمە ڕاستەوخۆ ڕای ئەو سەرچاوەمان هێناوە... لە هەر شوێنێکدا بەڵگەمان ویستبێ ئەوا لەو شوێنەدا ڕای ڕاستەوخۆ سەرچاوەکەمان هێناوە و خستوومانە ناو کەوانەوە و لەداوێنیدا ئاماژەمان بۆ کردووە.

لەبەشی درامای کوردیدا لە سەرەتای پەیدابوونییەوە تا ساڵی ڕاپەڕینە گەورەکەی کوردستان کە لە بەهاری ساڵی (١٩٩١) بوو بۆ هەر نووسەرێکی دراما‌نووس یەکەم نۆبەرەیمان لەگەڵ کورتە لێکۆڵینەویەکدا خستووەتە ڕوو؛ ئاماژەشمان بۆ بەرهەمەکانی تری کردووە، چاکترین تۆژینەوە لەسەر ئەو بەرهەمانە - بەلای منەوە - ئەوە بوو لە پێشەوە پوختەی بەرهەمەکە بخەینە ڕوو ئەوجا بەپێی بۆچوونی خۆمان چەند کورتە سەرنجێکمان بۆ ئاڕاستە کردووە، ئەمەش بەو نیازەوە تا نووسەر و خوێنەر ئاگادار بکەینەوە.

حەمە کەریم هەورامی

هەولێر ١٩٨٨/٨/١٢

# بەشی یەکەم

## Drama - دراما

لەوەتەی هونەری دراما پەیدا بووە تا ئێستا لێکۆڵەرانی قۆناخ بە قۆناخ و کات دوای کات بەپێی بارودۆخی تایبەتی ئەو کاتەی کە تیایا گەشە دەکات یان نوشستی تیا دەبینێ پێناسەیان کردووەو، ویستوویانە لە چوارچێوەی ئەو پێناسەدا بەخەڵکی بناسێنن و لەبەر تیشکی ئەو ناسینەدا کارە هونەرییەکانی خۆیان ساز بدەن، پێناسەی دراما جگە لەوەی هەموو لق و پۆپێکی لەسایەی خۆیدا خڕ کردووەتەوە چۆنیەتی بیروڕای دراماناسانی ئەو کاتەشی پاراستووە، سەرەڕای ئەمەش کورتە مێژوویەکی ئەم هونەرەیان بە بەشێکی بایەخداری لێکۆڵینەوە و پێناسەکەی زانیوە، بۆیە هەمیشە بە پێویست زانراوە کە مێژووی ئەم هونەرە لەبەرە بەیانی پەیدابوونییەوە تا ئەو کاتەی کە لێی دەتوژزرێتەوە بخرێتە ڕوو، دیارە مەبەست لە خستنە ڕووی کورتە مێژووی دراما چڕبوونی ناسینی گەوهەری ئەو هونەرەیە.

ئەگەر یەکێک بیەوێ بچێتە ناو جیهانی دراماوە بڕوا ناکەم چاک شارەزای ببێ یان باش لێی حاڵی ببێ ئەگەر بەوردی لە تەک ئەو هەڵس و کەوتانەی کە بە درێژایی تەمەنی بڕیونی و لە تەک ڕۆژگاردا تەی کردوون ڕەوت نەکات، لەبەر ئەو هۆیانەی سەرەوە بە پێویستمان زانی لە پێشەوە بەناو بەروازی پێناسەی ئەم هونەرەوە بچینە ناو جەرگەی دراماوە.

## وشەی دراما

دراما: وشەیەکی گریکی کۆنە و لە مەیدانی زمانەوانی کۆنی گریکدا مانای (کار) یان (کارکردن)ی بەخشیوە، وشەکە لە بنچینەدا (dromena) بووە، واتە (شت کار دەکەن) دیارە ئەم وشەیە لەژێر باری ڕۆژگاردا سواوە و بووە بە (drama – کارکردن)...[١].

لەو ڕۆژەوە شانۆ سەری هەڵداوە تا ئەمڕۆ ئەم وشەیە بووە بە ناوونیشانی ئەو کارە هونەرییەی کە نووسەرێک بە بەرهەمی دەهێنێ و دەرهێنەرێک لەسەر شانۆ بە هۆی ئەکتەرەوە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک پیشانی دەدا.

وشەکە لە تەک ڕەوتی مێژوویی هونەری شانۆدا قۆناخ بە قۆناخ و پلە بە پلە هاتووە و لێی جیا نەبووتەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر چووە، بەپێی ئەو ڕەوت و ئەو قۆناخانە مانای وشەکە هەندێ جار گوشراوە و هەندێ جاریش بەرفراوان کراوە، ئەمە جگە لەوەش کە مانا زمانەوانییەکەی ئەویش هەر لە کۆڕی زماندا هەڵس و کەوتی مێژوویی بەخۆیەوە بینیوە کەچی مانا سەرەکییەکەی خۆی بەر نەداوە، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە ئەم هونەرە لە بەر ئەوەی لق و پۆپی زۆری لێ بووەتەوە مانای وشەکە بە ئاسانی لە جغزێکی دیاردا خڕ ناکرێتەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە وشەکەت لە بارەی زمانەوانیدا بەکارهێنا و زەینیشت بەرەو هونەری شانۆگەری وەرچەرخا، بۆیە هەر نووسەرێک یان هەر توێژەرێکی ئەم باسە بۆی هەیە ماناکەی لە تێڕوانینی خۆیەوە لێک بداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ماناکان لە سنووری هونەری شانۆگەری ناچنە دەرەوە.

بەر فراوانی زاراوەی «دراما» هەندێ جار دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو ڕێبازە جۆراوجۆرانەی کە لە مەیدانی

(١) (قصة الحضارة) بەشی یەکەم بەرگی دووەم، ل(٤٢٢) چاپی سێیەم، قاهیرە.



شانۆگەریدا پەیدا بوون و گۆڕانکارییەکی هێجگار گەورەیان لە جیهانی شانۆدا بەرپاکردووە.

وەک وتمان وشەی «دراما»ی سەر زار و بەمانا فەرهەنگییەکەی - لە پێش سەرهەڵدانی مانا زاراوەکەیدا - مانای کار و ڕووداوی ناخۆشی گەیاندووە، بەڵام کە شانۆ وەک هونەرێک هاتە کایەوە وشەی دراما بە باڵایا بڕا و بوو بە زاراوەیەک جگە لە مانا فەرهەنگییەکەی مانایەکی پان و پۆڕتری لە ئەستۆ گرت.

«هەندێ لە شارەزایانی دراما پێیان وایە: وشەی «دراما» لە فەرهەنگی کۆنی گریکدا دوو ڕوو بووە، ڕووی یەکەمیان مانای «کار»ی گەیاندووە ڕووی دووەمیان مانی «دیتن» بووە بەڵگەی ئەم ڕایەش ئەوەیە دەڵێ: کە دەوترێ «دراما» دوو جوتە مانای هاوسەر دەگەیەنێ؛ یان مانای شانۆ و شانۆگەرییە، یان تێکست و دەرهێنانە، یان نووسەر و ئەکتەرە، یان نواندن و سەیرکەران دەگرێتەوە.

یەکەمیان خامەی ڕەنگینی نووسەر ئەینەخشێنێ و ئەوەی تریان بە کۆششی دەرهێنەر و چالاکی ئەکتەر گیانی بەبەردا دەکرێت و دەخرێتە بەردەمی بینەر[١]. ئەو ڕایەی سەرەوە هەر چەندە بەبەڵگەیەکی ئەوتۆ پشت گیر نەکراوە کە دڵ پێی نیابێ خۆ ئەوە دەگەیەنێ کە بەکارهێنانی وشەی درامای بەمانا «کار... دیتن» بۆ مەبەستە هونەرییەکەی پڕ بە پێستی خۆیەتی.

ئێستا وشەی دراما وەک زاراوەیەکی هونەری کە بە کارهێنرا ڕاستەوخۆ ئەو چیرۆکە هونەریانە دەگرێتەوە کە بەشێوەیەکی وا داڕێژرابێ هەموو مەرجە سەرەکییەکانی هونەریان تیا هاتبێتە دی، بۆ ئەوەش بشێ بەهۆی ئەکتەرەوە بخرێتە سەر شانۆ، ئەمەی وتمان پێناسەیەکی ڕەواڵەتی درامای ئەم سەردەمە بوو، بەڵام لەسەرەتای پەیدابوونی درامادا مەبەست تیایا ئەو کارە هونەرییە بوو کە یەک دوو کەسانێک لەسەر شانۆ دەیانواند، کەچی شانۆ هەر لەو سنوورەدا نەما و پەرەی سەند، وشەکەش لە تەکیا تا دەهات ماناکەی چاختر و بەرفراوانتر دەبوو، بۆیە دراماناسەکان هەر یەک بە جۆرێک پێناسەی درامایان دەکرد، لەبەر ئەمە پێشکەش کردنی پێناسەیەکی ئەوتۆ کەهەموو کەلێنێکی دراما بگرێت و هەموو ورد و درشتێکی کۆبکاتەوە شتێکی ئاسان نییە.

ئەمڕۆ لە کۆڕی شانۆگەری ناساندا کە وترا «دراما» ڕاستەوخۆ گوێ گران دەکات بە دوو بەشەوە:

بەشێکیان لایان وایە دراما بەو چیرۆکە شانۆگەرییانە دەوترێ کە بەپێی یاسای هونەری شانۆ نووسرابنەوە، ئیتر چیرۆکەکان پڕ بە کارەساتی تۆقێنەر و خەمناک بن یان نە.

بەشی دووەمیشیان پێی وایە دراما ئەو کارە هونەرییەیە کە تێکڕا لەسەر شانۆ بە بینەران پیشان بدرێ، ئەم مانایە لە چیرۆکی شانۆگەری و دەرهێنان و نواندن و ئارایش و نەخش و نیگارەوە بیگرە تا دەگاتە بینەران دەگرێتەوە.[٢] لەزمانی کوردیشدا زاراوەی «شانۆگەری» هەمان مانا پەرت و بڵاوەکەی دراما دەگەیەنێ و هەندێ جاریش بۆ گوشینی ماناکە و دەست نیشان کردنی دەوترێ (چیرۆکی شانۆیی) یان (شانۆگەری)[٣].

(١) «طبيعة الدراما» إبراهيم حماده – دار المعارف -» ل(٦).

(٢) «طبيعة الدراما» ابراهيم حمادة – دار المعارف. ل(٦)

(٣) وشەی شانۆ: وەک زاراوەیەک کە بۆ درامای بەمانا «مسرح» بە کارهاتبێ دەگەڕێتەوە بۆساڵەکانی پەنجای ئەم سەدەیە، وا دیارە ئەم وشەیە بەرامبەر بە وشەی عەرەبی «المنصه»یە چونکە لە عەرەبی دا تا ئێستاش هەندێ نووسەری عەرەب «المنصة» بە شوێنی نواندن دەڵێن، بۆ نمونە دەڵێن: (عرضت المسرحية على منصة المسرح) کەوابێ «منصة» شوێنی نواندنی دەقی شانۆگەرییە، لەم وشەی «المنصة»وە زمان ناسانی کوردیش وشەی شانۆیان بەکارهێناوە کە شانۆ لـــــــە=

ئێمە لێرەدا وشەی «دراما» بەو مانایە وەردەگرین کە مەبەست تیایدا چیرۆکی شانۆیی - شانۆنامە) بێ، بەمەرجێک ئەو چیرۆکە لەڕووی تەکنیک و ناوەرۆکەوە شایەنی ئەوە بێ لەسەر شانۆ بە جەماوەر پیشان بدرێ یان تێکستەکەی ئەوەندە نایاب و بەتین بێ خوێندنەوە و نواندنی وەک یەک هزری مرۆڤ ڕووناک بکەنەوە، هەردووکیان وەک یەک چێژ بە بینەر و خوێنەر ببەخشن.

# بنچینەی دراما

## دراما چۆن پەیدا بووە؟

درامانا سەکان گەلێ سەوداسەری وەرام دانەوەی ئەم پرسیارە بوون، بۆ نزیک بوونەوە لەو وەرامە هەوڵ و تەقەللایەکی زۆریان داوە بۆیە چەندان بیروڕای جۆراوجۆر لەو بارەوە هاتنە ئاراوە، هەر ڕایەک پشتی بە بەڵگەی وا بەستووە کە سەلماندنی بەڵگەکەش بەش بە حاڵی خۆی نەی توانیوە پەردەی دڵنیایی بەڕووی گوماندا بدا، چونکە سەرجەمی بەڵگەی وەرامەکان هەموو لەو سەرچاوە مێژووییانەوە سەریان هەڵداوە کە دراماکەش خۆی زادەی ئەوانە، وەرامی پرسیارەکە ئەگەرچی لە ڕاستیا هەر یەک شتە بەڵام بە ڕەواڵەت سێ لکی لێ دەبێتەوە لەلای هەندێ نووسەر هەر لکێکیان بە تیورێک دەدرێتە قەڵەم(١).

١- تیوری یەکەمیان لای وایە بناغەی دراما دەگەڕێتەوە سەر (ئاهەنگی جەژن و نوێژە ئاینییەکانی دیۆنیزۆس) کە لەلای گریکەکان خوای مەی بووە، لە ڕۆژی جەژندا خەڵکەکە دەستیان دەکرد بە سەماکردن و سروود ووتن و سەردوولکەدان کە هەموویان سەربووردەی پڕ بە نابووتی و ئازار و خەم و خۆشی و ناخۆشی بوون و تێکەڵاو بەگەلێ شتی نهێنی بووبوون کە هۆشی مرۆڤیان هان دەدان کە بیر بکاتەوە، هەروەها لەو ڕۆژەدا کەژاوەی ڕازاوە بۆ ڕێزلێنان و شانازی پێوەکردن بۆ ئەو خوایە ڕێک دەخران و لە زەنگیان دەدا و مەشخەڵیان هەڵ دەگرتن و دەمامکیان دەپۆشی، ئەو جێگایەی کە بۆ ئاهەنگ گێڕانەکە ئامادەکرابوو پڕ فەرش دەکرا، بەو شوێنەیان دەوت: «شانۆ».

لەناو هەندێ لەگەلانی جیهاندا باوە کە هەموو سەر ساڵێکی تازە ئاهەنگ بەبۆنەی سەرکەوتنی ژیان بەسەر مردندا یان هاتنی ساڵی تازە و ڕۆیشتنی ساڵی کۆن و نەمانی قات و قڕی باو بووە، بەو بۆنانەوە

=بنچینەی زمانەوانی دا بە سەکۆ دەوترێ کە نزیکە لە «منصة»وە، ئێستا ئەم وشەیە وەک زاراوەیەک لە هۆش و مێشکی نەوەی ئەمڕۆماندا چەسپاوەو جێی خۆی گرتووە، لەوشەی شانۆوە «شانۆگەریش دروست بووە کە بەمانا (المسرحية - dra-matic)ە واتا ئەو چیرۆکەی کە بۆ شانۆ نووسراوەتەوە، یان ئەو کارەی کە لەسەر شانۆ دەکرێ، کەواتە: (شانۆ - theatre)ە، شانۆگەری، سەرجەمی ئەو کارانەیە کە لەسەر شانۆ دەکرێ، (شانۆگەر)یش دەبوایە بەو ئەکتەرە، یان بەوانەی کە پیشەیان بووە بە کارکردن لە شانۆدا بووترێ.

هەندێ لایان وایە وشەی (شانۆ sano) تورکییە، لە بنچینەدا وشەکە ئیتاڵییە بۆ زێدە زانیاری تەماشای (المعجم التركي - العربي) ل (٢١١) بکە، دانەران: (عبداللطيف بندر أوغلو - محمد خورشيد اقوقلو)، بەرگی چوارەم.

کەچی: (الدكتور علي الزبيدي) لە کتێبەکەیدا (الحركة المسرحية في العراق) لاپەڕەی (٢٧)دا پێی وایە وشەی (sano) فەرەنسییەو کراوە بە تورکی و لەسەرەتای پەیدابوونی هونەری شانۆدا خەڵکی بەغدا پێیان وتووە «شانۆ».

(١) (الدراما بين النظرية والتطبيق) حسين رامز محمد رضا ل(٣٢).

هەروەها تەماشای (الفكر اليوناني - الجزء الثاني - د.محمد غلاب) بکە ل (٣٢).

هەروەها تەماشای (دەروازەی دراما) ئەحمەد سالار بکە ل(٧٥).



ئاهەنگ سازدراوە هەر کۆمەڵێک بەپێی باو و نەریتەکەی خۆی بەو بۆنەوە خۆیان نواندووە لەو نواندنەدا چیرۆک و سەربووردەی ساڵەکانی ڕابردوویان بۆ نەوەی نوێ گێردراوەتەوە، دووری بۆ مەڕۆ ئەو چیرۆکانە بەنواندن پیشان درابن.

٢- تیوری دووەم: پێی وایە دراما دەگەڕێتەوە سەر ئەو نوێژ و نزایانە کە لەسەر گۆڕی پیاوە ناودارە مردووەکانیان دەکران و لێیان دەپاڕانەوە کە هەمیشە ئاگاداری زیندووەکان بن و پێشڕەویان بکەن، دیارە لەو ڕۆژانەدا کە دەچوونە سەر گۆڕەکان قوربانیان بۆ مردووەکان دەکرد و سەربووردەی ژیانیان دەگێڕانەوە و گۆرانیان و سەردوولکەیان پیا هەڵ دەچنین.

لەم بەند و باوەشەوە لەمێشک و هۆشی خەڵکدا پیاوی بزرگ و پاڵەوانی نەبەز دروست بوون و لە جەژنەکاندا قوربانیان بۆ دەکرا و بە ئاوازی خۆش و بەیازی بەسۆز بۆیان دەنووزانەوە، لەمەوە چیرۆکی پڕ بە خەم و پەژارە و کارەسات دروست بوون، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە ڕاستەوخۆ دراما هاتبێتە کایەوە تەنیا ئەوە دەگەیەنێ کە ئارەزووی چیرۆک و حقایەت گێڕانەوە لە دەروونی ئادەمیزادی کۆندا شتێکی زکماکی بووە...(١).

٣- تیوری سێیەم: پێی وایە دراما زادە و بەر ئەنجامی دوا پلەی گۆرانکاری ئەو مۆسیقا و گۆرانی و ئاواز و سەماکردنەیە کە ئادەمیزادی هەرە کۆن توانیویەتی بەو جۆرە مەگێز و ئارەزوو، خوایشەکانی خۆی دەرببڕێ و لاسایی سروشتیان پێ بکاتەوە، بێ گومان سەماکردنی ئادەمیزادی کۆن جۆرە لاسایی کردنەوەیەکی ئەو جمووجۆڵ و هەڵس و کەوتانە بووە کە مرۆڤ لە سروشتدا هەستی پێ کردوون و ویستوویەتی فێریان ببێ جگە لەوەش جۆرە ڕووچوونێکی دەروونی بووە بۆ سفت بوون و ڕاهێنانی ئەو مەگێزانە کە لەتەک بەرژەوەندی مرۆڤی ڕەوشت باشدا نەگونجاون.

خاوەنی ئەم تیورە لای وایە خێڵە دواکەوتووەکانی باکوری ئوستورالیا وەک نەریتێکی کۆن کە بۆیان مابێتەوە کێشەی «مردن و زیندوو بوونەوە» دەنوێنن، ئەو نواندنەش شتێکی ئەوتۆی لە شانۆگەرییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە ئەورووپا کەمتر نەبووە(٢). هەر تیورێک لەوانەی سەرەوە ئەگەر هەندێ ڕاستی تیا هەبێ ئەو ڕاستییە گومان لێ نەکراوە ناگۆڕن، کە هونەری شانۆگەری و دراما لە وڵاتی گریکەکاندا خۆی لە بەند و باوی ئەو داب و نەریتە کۆنانەی ئادەمیزاد ڕزگار کردووە و هەر لە کۆشی ئەواندا خۆی مشت و ماڵ داوە، لەوێشەوە تیشکی بەرەو هەندەرانی جیهان هاویشتووە.

بنچینەی دراما چ لەسەر نوێژ و نزاکردن و پاڕانەوە لە خوا و گیانی پیاوە ناودارە مردووەکان بووبێ یان لەسەر موزیقا و سەماکردن و ئاهەنگەکانی سەرساڵ، یان لەسەر کۆمەڵە لاسایی کردنەوە و گێڕانەوەی ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ و گیان لەبەران دامەزرابێ، هەر کامیان هەبێ لەسەرەتاوە کە دامەزراوە... بەم جۆرەی ئێستا پوخت و ڕەخت نەبووە، ئەویش وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەری لەسەرەتاوە ساوا بووە و بووە بە هونەرێکی سەر بەخۆی خاوەن چەندان نیشانەی تایبەتی خۆی بەسەر گەلێ قۆناخدا تێپەڕیوە، خۆی لەگەلێ دەراودا پاکژ کردووەتەوە ئەوسا لەمەیدانی هونەر و ئەدەبدا خۆی سەلماندووە.

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر بەرەبەیانی پەیدابوونی درامای گریکی کە دەکاتە شەش سەدە پێش زایین دەبینین درامای ئەو کاتە لە دایلۆگ و کۆرس پێک هاتبوو، دایلۆگ وەک مەکۆک لەنێوان دوو ئەکتەردا دەهاتو

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٣٣).

(٢) (قصة الحضارة) بەشی یەکەمی بەرگی یەکەم ل (١٥١) چ - ٢ -

دەچوو کۆرسیش چەند کەسانێک بوون کە چمکی هەرە گەورەی دراماکە بەدەست ئەوانەوە بوو کاریان ئەوە بووە ناو بەناو گفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکانیان دەبڕی و دەستیان بە سروود وتن و سەماکردن دەکرد، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کۆرس بەخۆیان و سروود و سەماکردنیانەوە ئەو بناغە بوون کە درامایان لەسەر دامەزراوە.

لە دواییشدا بەتایبەتی لە زەمانی (ئەسخیلۆس -٥٥٢ پ.ز)ەوە تا زەمانی (سۆفۆکلیس (٤٩٧ پ.ز) نەژادی دایلۆگ و نواندن بەسەر نەژادی (کۆرس ـ تیپ)دا زاڵ بوون و بەتەواوی دراما لەو ماوەدا وەک هونەرێک پەیدا بوو، کەواتە بوونی کۆرس ئەوە دەگەیەنێ کە دراما لەسەرەتادا لە ئامێزی ئاهەنگ و سەما و مۆسیقا و نزاکردندا گۆش کراوە.

## سروشتی دراما

شانۆگەری بەمانا گشتییەکەی سەرجەمی هونەری شانۆ دەگرێتەوە، ئەو هونەرە جیهانێکی گەلێ بەرین و بەرفراوانە، لە دامێنی ئەو جیهانەدا خەیلێ زانست پەیدابوون، هەر زانستێکیش چەندان لک و چمکی وای لێ بوونەتەوە کە لە توانای کەم کەسدا هەیە بتوانێ بە ئاسانی بەر بەو جیهانە بگرێ، ئێمە لێرەدا تەنیا باسی دراما دەکەین کە بەشێکە لە هونەری شانۆگەری و بەپێی توانا دەمانەوێ خۆمان لەو تێکستانە نزیک بخەینەوە کە دەبنە تەموورەی هەموو بەشەکانی تری هونەری شانۆگەری، بەڵام دەبێ ئەوە بزانرێ لەباس کردن و شی کردنەوەی سروشتی درامادا ناچارین جاروبار خۆمان لە قەرەی هەندێ لایەنی جیهانە بەر فراوانەکەی شانۆگەری بدەین، هەر هیچ نەبێ لە دوورەوە ئاماژەیەکی بۆ دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین سروشتی دراماکەمان زۆرتر بۆ ڕوون ببێتەوە.

دراما بە هەموو جۆرێکییەوە - چ تراژیدی بێ چ کۆمیدی و میلۆدراما - هەر درامایە و لە سنووری خۆی دەرناچێ، لەبەر ئەوە وامان بە پەسند زانی کە لە پێشەوە باسی سروشتی دراما بەشێوەیەکی تێکڕایی بکەین ئەوجا لەسەر بەشە سەرەکییەکانی بکۆڵینەوە.

ئەوە بوو لە پێشەوە وتمان: دراما لە پای ڕۆژگار و لەداوێنی هەندێ باو و نەریتی کۆنی میتۆلۆژیادا ڕەخسا و لە دواییشدا پەیکەرێکی هونەری بۆخۆی نەخشاند، ئیتر توێژەرانی هونەر و ئەدەبی ناچار کرد کە دەربەسی بن و لەناو کەشکۆڵی زانست و فەلسەفەدا پەڕەیەکی تایبەتی بۆ تەرخان بکەن هەروەهاش ناچار بوون پێش ئەوەی تۆژینەوەی لەسەر بکەن دەبوو پێناسەیەکی کالای پڕ بە بالای بۆ داڕێژن.

وەک لەمەو پاش بەدرێژی باسی دەکەین، دراما - مەبەست درامای گریکە - لە پەرستگای خوایەکدا کە ناوی (دیۆنیسیس Donysus)ە و لەژێر چاودێری موغانە دیۆنیسیسەکاندا پەروەردە بووە، لەسەدەی شەشەمی پێش میلاددا ئەم دوو شاعیرە (فیرنیکۆس، ئاریون) ئەم هونەرەیان لە ئاستانەی پەرستگاکاندا هێناوەتە دەرەوە و خەرقەی نزا و کەمەندی پەرستگایان لەبەر داڕنی و تارای هونەری درامایان بە بەرداکرد(١).

پاش ئەوانیش (ئاسخیلۆس یەکەم چیرۆکی درامی بەناوی (نزاکەران - الضارعات)ەوە دانا، پاش ئەویش (سۆفۆکلیس) و (یوریپیدیس) هەنگاوێکی تریان بەدراما بۆ بەرەو پێشەوە نا.

(١) سەرچاوەکان وا دەگەیەنن کە ئەم شاعیرە (فیرنیکۆس) یەکەم کەس بووە کە بۆ یەکەم جار نەژادی ئافرەتی خستووەتە ناو کۆرسی نزاکەرانەوە.



ئیتر دراما تا دەهات گەشەی دەکرد، وەک هونەرێک خۆی مشت و ماڵ دا و هاتە مەیدانەوە و توانیی سەرنجی زانایان و دانایان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، ئەوە بوو لە ساڵەکانی (٣٨٢-٣٢٢)ی پێش زاییندا فەیلەسووفی گریکی ناسراو (ئەرستۆ) هاتە مەیدانی فەلسەفە و لێکۆڵینەوەی زانست و هونەرەوە، وەک دانایەکی لێهاتوو لە هەموو بارەیەکی ژیانی ئادەمی ئەو سەردەمە و خۆرسکی سروشتی بە گشتی دەکۆڵییەوە، یەکێک لەو کتێبانەی کە دایناون کتێبی (پۆتیکا - Poatce)یە واتە شیعر، ئەم کتێبە تا ئێستاش بەچاوێکی بڵند و ڕێز لێوەرگرتنەوە تەماشای دەکرێ.

لەبەر ئەوەی ئەو کتێبە لەلایەن زانایانەوە بەچاوێکی بزرگ و پیرۆز تەماشاکراوە، بووە بە سەنگی مەحەک و هەر وشە و ڕستەیەکی چەندەها لێکۆڵینەوە و تیوری لێ هەڵ هێنجراوە، بەتایبەتی ئەو پێناسەیە کە بۆ درامای کردبوو، تا ئێستاش، دراماناسەکان و زانایان پێناسەکانیان لەمەڕ دراما بەپێناسەکەی ئەوەوە دەبەستنەوە و دەیکەن بە دەستەبەرەی بەڵگەکانیان بۆیە ئێمەیش وامان بە پەسند زانی بۆچوونە ناو ناخی دراماوە ئەو پێناسەیە بکەین بە دەروازەی چوونە ناو جیهانی دراما.

با بزانین ئەرستۆ لە کێبی پۆتیکادا چۆن پێناسەی درامای کردووە.

## تیوری لاساکردنەوە - المحاكاه - Imiaton

ئەرستۆ(١) لە پۆتیکادا وتوویەتی: (تراژیدیا لاساکردنەوەی کارێکی نایابە)(٢).

ئەم لاساکردنەوەیان بە زمانە یان بە گۆرانی و ئاواز و مۆسیقایە... کارەکەش ڕووداوی یەک لە دوای یەکن کە دەبنە زنجیرەی نەپساوی چیرۆکەکە، ئەو ڕووداوانە بەهۆی چەند کەسانێکەوە دەنوێنرێن بۆ ئەوەی مەگێزی ترس و بەزەیی لە دەرووندا ببزوێنن، ئەم بزواندنەش دەبێتە هۆی پاکژبوونەوەی دەروون... بەپێی ئەو پێناسەی ئەرەستۆیە دەبێ دراما لەم نەژادانە پێک هاتبێ:

١- دیمەن: کە لاساکردنەوەکەیە.
٢- کەسێتی: نیشانەی ئەو کەسانەن کە ڕووداوەکان بەشێوەی دراما لاسادەکەنەوە.
٣- بابەت: خۆرسکی شتە لاسا کراوەکەیە.
٤- زمان و ئاواز و مۆسیقا: کە هەرسێکیان هۆی لاسا کردنەوەکەن.

(١) بۆ کورت کردنەوەو ئاسانی سەر زار دەوترێ ئەرەستۆ لەبری: (ئەرستۆتالیس - Aristotles - ٤٨٤-٣٢٢.پ.ز).

(٢) ئەو سەرچاوانەی کە راکەی ئەرەستۆیان لە پۆتیکاوە وەرگرتووە وە نەبێ راستەوخۆ لە زمانی گریکی کۆنەوە وەریان گرتبێ بەڵکو یان لە وەرگێڕاوێکی ئینگلیزییەوە یان لە فەرەنسییەوەیە ئێمەیش بۆ زێدە دڵنیابوون ئەو سەرچاوانەمان بەراورد کردن، وەرگرتنەکەی هەموویان لەیەک نزیک بوو، بۆ نموونە وەرگێڕانی ئەو رایە لەلای درینی خشبە لە کتێبی (اشهر المذاهب المسرحية)دا لە تەک وەرگێڕانی (د.عەلی احمد محمود) لە کتێبی (الكوميديا - والتراجيديا) وەرگێڕانی (عدنان بن ذريل) لە کتێبی (فن المسرحية... مع تلخيص حديث لكتاب الشعر لأرسطوطاليس)دا.

وەرگێڕانەکەیان گەلێ لەیەکەوە نزیک بوون، بۆیە ئێمەیش لێرەدا هەمان رای ئەرەستۆمان لەو سەرچاوانەوە دەقاو دەق کرد بە کوردی، وا لێرەشدا راکەی ئەرەستۆ سەبارەت بە تراژیدیا دووبارە دەکەینەوە: (تراژیدیا لاساکردنەوەی کارێکی نایاب و بالایە، ئەو کارە بە زمانی شیرین و ئاواز دەڕازێتەوە، نواندنی ئەو کارە کەسانێک دەیکەن کە بەو نواندنە ختووکەی مەگێزی ترس و بەزەیی دەدەن وهەڵیان دەچوێنن، ئەوهەڵچوواندنەش دەبێتە هۆی پاکژ بوونەوەی دەروون لە هەموو لەجەرییەک).

٥- مەژگە: هەوێنی پێک هێنانی دراماکە و بەر ئەنجامیەتی[١].

نەک هەر تراژیدیا کە جۆرێکی هەرە گرنگی دراما‌یە بەڵکو هەموو جۆرێکی هونەر و ئەدەب بەلای ئەرەستۆوە لاساکردنەوەی ئەو ڕووداو و کارەساتانەیە کە لە داوێنی سروشتدا سەرهەڵ دەدەن.

وەک وتمان ئەو لاساکردنەوە لەسەر گەلێ پایە و بنەمای ڕەنگین و ڕازاوە دامەزراوە، زمانە و لەشێوەی دایلۆگ و هۆنراوەدا بۆ ئاواز و سروودی دڵ بزوێن داڕێژراوە، ڕووداوی دڵ تەزێن و کارەساتی تۆقێنەرە زەریانی چیرۆکێک پیشان دەدەن، چەند کەسانێک ڕەفتار و خوورەوشتەکەی لەگەردن خۆی ئاڵاوە و لەناو گیجەلووکەی ڕووداوەکاندا گیرۆدەبووە، دیمەنی یەک لە دوا یەکی سامناکە کە بیر و هۆشی بینەران دەهێننە جۆش و خرۆش و دەیدەنە بەر شەپۆلی دەریای سەرسوڕمان و ئەفسووناوی هونەر.

ئەو کەسانە کە لاساکردنەوەکە دەکەن بەهۆی ئەو پایە و بنەمایانەوە کە دراماکەیان لێ دروست بووە تۆوی بەزەیی و میهرەبانی لە دەرووندا دەچێنن و گورزی تۆقێن و ترس لەناخدا دەتوێننەوە و سەرخان و ژێرخانی هەست و نەست پاراو و پاڵفتە دەکەن کە ئەمە دەبێتە هۆی پاکژکردنەوە (Catharsis Puritan)ی دەروون و هۆڵمان و ڕاماڵینی هەموو کرێژی ناو هەناو.[٢]

وشەی (لاسا کردنەوە) کەی ئەرەستۆ لە زمانی ئینگلیزیدا (Imitation)ەوە لە زمانی عەرەبیدا (محاكاة-تقليد)ە، ئەرەستۆ خۆی واتاکەی ئاشکرا نەکردووە و بەبێ ڕاڤەکردن وشەکەی هێشتووەتەوە، لەبەر ئەوەی ماناکەی بەرفراوانە و بەری بەلایەکی تایبەتییەوە نییە تا ئێستاش هەر لێی دەکۆڵرێتەوە، بەتایبەتی لەسەدەی پانزەهەمدا نووسراوەکانی ئەرەستۆ وا بە چاوێکی بزرگ و پیرۆز تەماشا دەکران کە زانایان و نووسەرانی کلاسیکی نوێ وەک ملوانەکەیەکی پیرۆز لەملیان دەکردن و هەر وشەیەکی چەندان توێژینەوە و واتای جۆراو جۆریان لێ هەڵ دەهەنجاندن.

وشەی (لاساکردنەوە)و (سروشت) و (پاکژکردنەوە -کاسارسیس) هەر یەک لەو وشانە لە جیهانی درامادا وەک تیورێکیان لێ هاتووە[٣].

ئەو چوار وشەیەی سەرەوە کە تەموورەی پێناسەکەی ئەرەستۆیان دابوو: «لاساکردنەوە، پاکژکردنەوە، سروشت، خەوشی دەروون) لە ئەنجامی زۆر لێکۆڵینەوە لەسەریان واتاکانیان تووشی بەربەرەڵڵایی بوون.

وا لێرەدا بۆ نموونە مانای لاساکردنەوە شی دەکەینەوە، چونکە ئەم وشەیان لەوانی تر ماناکەی ئاڵۆز و بەرفراوانترە لە جیهانی دراما و فەلسەفەدا چەند و چوونێکی زۆری لەسەر کراوە.

وشەی لاساکردنەوە ئەم مانایانە دەدات:

أ- دەوترێ فیسار لاسای فیسارە کەسی کردەوە، واتە وەک ئەوی کرد، ویستی وەک ئەو بکات.

ب- بۆ لاسام دەکەیتەوە، واتە تەقلیدەو شتێکی ڕەسەن نییە.

(١) فن المسرحية مع تلخيص لكتاب الشعر لأرسطوساليس، عدنان بن ذريل. ل١٢٥.

(٢) طبيعة الدراما، د.ابراهيم حمادة ل ١٦.

هەروەها: اشهر المذاهب المسرحية: دريني خشبة ل٤.

هەروەها: الكوميديا والترجيديا - مولوين ميرشنت، وەرگێڕ د. علي احمد محمود ل١٤٣.

(٣) تەماشای ئەم دوو سەرچاوە بکە:

١- علم المسرحية - الارديس نيكول او (دريني خشبة) ل٢٦.

٢- الكوميديا - والتراجيديا مولوين ميرشنت ود. علي احمد محمود ل٢١٣.



جـ - ئەمە لاساکردنەوەیە واتە تەقلیدەو شتێکی ڕەسەن نییە.

ئەمە مانای زمانەوانی وشەکەیە، بابێینە سەر مانای لە جیهانی درامادا.

یەکێکی وەک «شیشیرۆن - (١٠٧-٤٣ .پ.ز) بەم جۆرە مانای لاسای لێک داوەتەوەو دەڵێ:

«دراما لاسایە، واتە ئاوێنەو نواندنی کارێکە کە بووە» ئەم بۆچوونەی شیشیرۆنە لەمەڕ واتای لاسا؛ درامانا‌سەکانی پاش ئەو گەلێ لەمەبەستەکەی ئەرەستۆ نزیک بوونەوەوەو بە دڵنیاییەوە دەیانوت ئەو کارەی کە لەسەر شانۆ دەنوێنرێ و دەخرێتە ڕوو گێڕانەوەو دووپات بوونەوەی ئەو کارەیە کە لە مەیدانی ژیان و لە کۆشی سروشتدا ڕووی داوەو قەوماوە، یان دەیانوت کارەساتی سەر شانۆ ئاوێنەی ئەو بیروڕایەن کە لەناخی دەروونی نووسەردا سەردەکەن و لەبەردەم مینای ئەندێشەدا وێنەی ڕووداوێک یان کارێک دەپۆشن کە ئەگەر ڕوو بدەن پێویستە بەو جۆرە بێ کە نووسەرەکە بۆی چووە، هەندێ جاریش وەک ڕووداوی ڕاستەقینە خۆیان دەسەپێنن واتای لاساکردنەوە بەو دوو جۆرەی سەرەوە لە هەر دوو سەرەوە هەر بەرواژی کردنەوەی ئەو کارەساتەیە کە لە داوێنی سروشتدا دەقەومێ، هەندێ لە دراماناسان خۆیان لەمەسەلەی لاساکردنەوە لاداوەو ڕووداویان لەجیاتیا بەدەستەوە گرتووەو وتوویانە: ڕووداوی ناو دراما لەگەڵ ڕووداوی ڕۆژانەدا جیاوازی زۆرە، چونکە لاساکردنەوە، - بێ گومان لێرەدا لاسای ڕووداو مەبەستە - دەقاودەق وەک ڕووداوی ڕۆژانە نییە، ڕووداوی ناو دراما دامەزراندن و بنیاتنان ڕەخساندنی ژیانە، واتە درامانووس لە جیهانی دراماکەیدا چەند بنەماو نەخشەیەک دادەمەزرێنێ بۆ ڕەوتی ژیان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ڕووداوی ناو دراما گەلێ فراوان و باڵاترە لە ڕووداوی ڕۆژانە[١] کەواتە نووسەرەکە درامایەک دەنووسێتەوە دەیەوێ جیهانێکی تایبەتی وا ساز بدا کە بەپێی بیروڕاو بۆچوونی خۆی بێ، ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی ترەوە ئەگەر لە بارەی ئەو ڕایە کە دەڵێ: (لاساکردنەوە دەبێتە نموونەی ڕاستی ڕووداوی ڕۆژانە... ئەو ڕووداوەی کە لە گۆڕەپانی ژیاندا دێتە ئاراوە)، ئەگەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە جۆرەکانی هونەر و ئەدەب چ دراما و چیرۆک بێ چ شیعر، بەپێی ئەو بۆچوونە دەبێ دەنگدانەوەو دووپات کردنەوەی هەمان ڕووداوی ڕۆژانەبن، ئەمە نەک هەر نابێ بەڵکو لە وزەی هیچ کەسێکدا نییە کە بتوانێ ڕووداوێک کتومت وەک خۆی بگێڕێتەوە، یان وەک خۆی دووپاتی بکاتەوە، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو ڕووداوە لە گۆڕەپانی ژیاندا ڕووی داو لە پاشدا گوێزرایەوە بۆ سەر شانۆ، ئەوە هەر نابێ، بۆ نموونە ئەگەر لە بازاڕدا ئەم پەڕەیەی بەر دەستت پێش ئەوەی ئەم وشانەی لەسەر بنووسرێ پێشانی برادەرێکتدا کە گەڕایتەوە ماڵەوە هەمان پەڕەت بە هەمان جۆر پیشان دایەوە ئەم پیشان دانەوە هەمان پیشان دانی پێشوو نییە، چونکە هەر پیشان دانێک هەل و مەرجی تایبەتی خۆی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا لەلاساکردنەوە بە دەر نییە! وێڕای ئەوەش ڕووداوی دووەم - لێرەدا پیشاندانەوەی پەڕەکەیە لە ماڵەوە - نابێ بەهونەر... کاتێک دەبێ بە هونەر کە ئەو لاسایە لەلایەن لاساکارەکەوە لە قاڵبێکی هونەریدا داڕێژرابێتەوە.

ئەگەر لە قاڵبی چیرۆکدا داڕێژرایەوە ئەوا ڕووداوەکە دەخاتە ئەستۆی پاڵەوانەکان و ڕووداوەکانیش لەناو کەسێتی و هۆش و ڕەفتاریاندا دەنەخشێنێ و بەرگێکی خەیاڵاویشیان بە بەردا دەکات، وەک بووکێکی ڕازاوە دەیخاتەوە ڕوو، ئەگەر دراماش بوو، دەبێ ڕووداوەکە بخاتە ناو قاڵبی دایلۆگەوە کە مەبەست و بیروڕای ئەوەی کاری تێ کردووە دەربخات بە کارێکی وەها بینەرەکە کە چاوی بە ڕووداوەکە کەوتەوە پێی سەیر بێ و هەست بکات کە ئەگەر نووسەرەکە یان ئەکتەرەکە نەبوونایە ئەو چێژەی لەو

(١) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن - د.رشاد رشدي ل٣٥.

ڕووداوە نەدەکردو پەی بەو مەبەستانە نەدەبرد و لایینە هونەرییەکانیشی بۆ ئاشکرا نەدەبوون، ئالێرەدا لاساکردنەوەکە ڕووە هونەرییەکانی ڕووداوەکەی لێ ئاشکراو ڕوون کردەوە، خۆ ئەگەر گۆرانی و سازو ئاوازیش بوون دەبێ هەم دیسان جۆرە ئیقاعێکی تر و چەشنە دەسکارییەکی تریان کرابێ، ئەگەر هۆنراوەش بوو نابێ وێنە هونەرییەکانی ئەو هەڵبەستە بریتی بی لە تۆمارکردنی دیمەنەکانی سروشت، یەکێکی وەک «سدنی» کاتێ کە بەرگری لە هونەری شیعر دەکات بە دڵنیاییەوە وتوویەتی: «وەنەبێ شاعیر دووبارەی دیمەنە سروشتییەکان بکاتەوە...» مەبەست لە دووبارە لاسای سەر بەسەرە ئەگەر وابێ دەبێ ئەو شاعیرە ئاوەژووکەرەوەو دەلەسە کاربێ(١).

هەروەها «سارسییە»ش لە بابەتی لاساکردنەوەدا دەڵێ: «ئەگەر ڕووداوی ڕۆژانە وەک خۆی کتومت بخرێتە سەر شانۆ کە ئەمە لاسای تەواوی ڕووداو خۆیەتی ئەوانەی کە بینەری ئەم لاسایەن ئەگەر خۆیان ڕووداوەکەیان دیبێ ئەوا ئەو وەختە پێویست ناکات ئێمە پێیان بڵێین ئەمە هونەرە، ئەگەر نەشیان دیبێ و ئێمە بمانەوێ وەک خۆی پیشانیان بدەین دەبێ ئێمە ئەشکەوتی دەنگدانەوە بین ئەگەر وەک خۆیشی نەبێ ئەوا ئێمە کارەکەمان کرد بە دەلەسەکردن(٢).

نووسەری دراما، ئان ئەکتەری دراما بۆیە هونەرمەندە چونکە ڕووداوەکان لە مێشکی خۆیا پاڵفتە دەکات و تێکەڵاو بەهەست و سۆزی خۆی دەکات و ئەوجا دایدەڕێژێتە ناو دیمەنی دراماکەیەوە ئەکتەریش دێ ئەو دیمەنانە بەپێی تواناو بۆچوونی خۆی گیانیان بە بەردا دەکا و دەیانبزوێنێ.

پەپوولە کە لە قۆزاخەکەی خۆی دێتە دەرەوە کرمێکی ئاساییە بەڵام دوای چەند ڕۆژێک کە پەڕوباڵێکی ڕەنگاو ڕەنگی دەرکرد دەبێتە پەپولەیەک بە باڵە ڕەنگینەکانی هەستی مرۆڤ دەبزوێنێ، با لە گەوهەردا هەر کرمەکەی جاران بێ، بینەری ئەو پەپوولەیە لە هەڵوێستیک دایە جیاوازە لە هەڵوێستی بینەری کرمەکە، یان ئەم لاپەڕەیە کە لەبەر دەمتایە لە پێشەوە سپی بوو بەڵام کە دەستی هونەری لێ کەوتە کار و بە ڕستەی ڕەوان و دەستەواژەی پڕ بە مانا نەخشاندی و دیمەنێکی تری وەرگرت، کەوابێ هونەر ئەگەر لاساکردنەوە بێ دەبێ لاسای سروشت و ڕووداو بێ بەڵام بەو مەرجەی شێوازێکی هونەری پێ بەخشرابێ، واتە دەبێ ڕووداوە سروشتییەکە لە قاڵبێکی چیرۆکی پتەو هونەردا داڕێژرابێ چونکە لاساکردنەوەی ڕووداو ئەگەر نەخرێتە ناو قاڵبی چیرۆکەوە نابێ بە هونەر... خۆ ئەمەش شتێکی ئاشکرایە کە لاسایی کردنەوە دووپات کردنەوەی کارە ئەم کارە یان خووڕەوشتی چەند کەسانێکە کە لە ئادەمیزادا لە هەموو شوێنێ و لە هەموو کاتێکدا هەیە و نابڕێتەوە یان بەختەوەری و کڵۆڵی و ناتەسەری و بێ دەرەتانییە(٣).

ئەرەستۆیش خۆی وتوویەتی: ئەو کارەی کە لاسایی هونەری پیشان دەدرێ ئەگەر بینەر لەوە پێش نەی دیبێ ئەوا چێژێکی هونەری لێ وەردەگرێ، وەنەبێ سەرچاوەی ئەو چێژە لەلاساکەوە بێ بەڵکو لە هونەری لاساکەوەیە، بۆیە هەمدیسان وتوویەتی: لاساکردنەوە هۆیەکی سەرەکی فێربوونەو هێزو توانایەکی خۆرسکییە لەئادەمیزاد دا(٤).

(١) الدرامة والدرامي- د.س. دبليو دوسن و د. عبدالواحد لؤلؤه ل٢٣.

(٢) علم المسرحية - الاديس نيكول ودريني خشبة ل٣١.

(٣) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن - د.رشاد رشدي ل(١٠-١١).

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو.



ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە لاساکردنەوە دەبێتە هۆی:

١- چێژوەرگرتن بەڵام بەمەرجێک بەشێوەی هونەری بێ، بۆ نموونە کە سەیری کارێکی هونەری بکەین ئەگەر ئەو کارە هونەرییە دەستێکی ڕەنگین و باڵاو یارا نەخشاندبێتی و توانیبێتی ئەو لایە گرنگەی کە مەبەستە بەڕاستی لاسای بکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئێمە شارەزایی وەهامان هەبێ کە بزانین ئەو لاساکەرەوە چوون چووەتە ناو ناخی لاساکەوەو گۆی هونەری تیا بردوەتەوە ئەو کاتە چێژ لەو کارە هونەرییە وەردەگرین، بەڵام ئەگەر بەو مەرجەی سەرەوە لاساکە ڕووی نەدا یان ڕوویدا کەچی شارازایی ئەوتۆمان نەبوو کە بمان گەیێنێتە ئەو ئاستەی چێژمان لەو کارە پێ ببەخشێ ئەو وەختە بابەتی لاساکە لەوانەیە تاڵ و تفتییەک یان کاڵ و کرچییەک بە بینەرەکە ڕابگەیەنێ، لەوانەشە ئازاری بدا، کە چاومان بە کەسانێک دەکەوێت، کزوڵەی کردووە ڕاستەوخۆ بەزەییمان پیایا دێتەوە، ئەو بەزەیی پیاهاتنەوە ئازارمان دەدات بەڵام ئەگەر هونەرمەندێک هاتوو لاسایی ئەو کەسەی کردەوە ئەگەر ئێمە هەستی هونەریمان تیا پەروەردە کرابێ چێژ لەلاساکە وەردەگرین، مەبەست لە چێژ وەرگرتن لەم نموونەدا شەپۆلی ڕاست گۆیی ئەو لاساییە هونەرییەیە کە تەوژمێکی جوانکاری نایاب سەرتاپای گیانی دەگرێتەوە.

هەندێ درامناسان لایان وایە کە وترا «دراما لاساکردنەوەی ڕەفتاری ئادەمیزادە پێیان وایە، ئەوە دەگەیەنێ کە دراما تەلی سۆز و مەگێزەکانی مرۆڤ دەبزوێنێ، ئەم بزواندنەش دووپات بوونەوەی هەرس کردنی ئەو سۆز و عاتیفەیە کە لە واقیعی ژیاندا بە هەمان جۆرو ئەندازە دەبزوێن، کەواتە ئەم بزواندنە بەهۆی دراماوە هاوسەنگی ئەو بزواندنەیە کە لە واقیعی ژیاندا دەبێ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بزواندنی سۆزو عاتیفە لە درامادا ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو دوورە لە هەڵچوونی فێلاوی و نزیکە لە لاساکردنەوەی ڕەوشتی ڕۆژانە(١).

٢- هەروەها لاساکردنەوە هۆیەکی سەرەکی فێربوونە: هەموو ڕەفتارو هەڵس و کەوت و هەڵچوون و داچوونێکی مرۆڤ بەلاساکردنەوە لە پێشینانەوە بۆ پاشینان گوێزراوەتەوە، کەواتە لاساکردنەوە بەهۆی فێربوونەوە نەوەی نوێ بە پێشینانەوە دەبەستێ، هەروەهاش یەکێکە لەو مەگێزە خۆرسکانە کە ئادەمیزاد لە زیندەوەرانی تر جیا دەکاتەوە(٢).

## ئاوڕدانەوەیەکی فەلسەفی

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر فەلسەفەو بیروڕاکانی ئەگریکەکانی پێش سوکرات و پاش سوکرات، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە گریکەکان بە گشتی و ئەفلاتون و ئەرەستۆ بەتایبەتی ڕایان وابوو، کە (بوون) لە دوو جیهان پێک هاتووە، جیهانی هۆش و ئەقڵ، جیهانی هەست (هەست پێکراو)، جیهانی یەکەم جیهانی هۆش و هزرە، ئەوەی لەو جیهانە دایە تەنیا بە هۆش و هزر بینا دەکرێ و پەی پێ دەبرێ، جیهانی دووەم، جیهانی هەستە واتە ئەوەی لەو جیهانەدایە بە هەست دەزانرێ و پەی پێ دەبرێ، جیهانی دووەم سەرجەم لە «هەندەک - جزئی...» پێک هاتووە، کەچی جیهانی یەکەم هەمەکی (كلی)یە، بۆ نموونە مرۆڤ مانایەکی ئەقڵی و ڕەهایە هەر لەسەرەتای بوونەوە هەبووەو ئەزەلییە، واتە نموونەیەکی ڕەسەنی ئەزەلی هەیە، کەچی لە جیهانی هەست پێکراودا یەکە یەکەی مرۆڤ نموونەن بۆ پەیکەرە ڕەسەنە ئەقڵییە

(١) الدراما بين النظرية والتطبيق ... حسين رامز محمد رضا. ل (٣٣-٣٤).

(٢) نظرية الدراما من ارسطو الي الان. دكتور رشاد رشدي ل٣.

یەزدانییەکەو جۆرە لاساکردنەوەی ئەون[١].

با بیرە ئایدیالیستەکەی ئەفلاتون بێنینە پێشەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی لاساکردنەوەمان بۆ ساغ ببێتەوە، ئەفلاتون پێی وابوو: هەر حەقیقەتێک تۆ بیگری نموونەیەکی ئەزەلی خۆی پێش دروست بوونی هەیە، بۆ نموونە ئەوەی کە بیەوێ کورسییەک یان چارپایەک دروست بکات وێنەو دیمەنیان لە پێشدا هەبووەو دروست بوونیان بە هەر چەشنێک بێ وێنەو لاساکردنەوەی ئەو حەقیقەتەیە کە بە عەقڵ بیناکراوە، واتە هۆشی مرۆڤ حەقیقەتە ئەزەلییەکە دەدۆزێتەوەو بینای دەکات و وێنەی لەناو مێشکدا دەگرێت و لەبەر ئەو وێنەدا وێنەیەکی تری وەک ئەو بۆ دروست دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دارتاشەکە کورسییەکی دروست کرد لاسای وێنەکەی ناو مێشکی خۆی کردەوە، کە ئەویش بەش بە حاڵی خۆی لاساکردنەوەی حەقیقەتە ئەزەلییەکەیە کە حەقیقەتێکی ڕهایە کەچی کورسییەکە لە جیهانی هەستدا حەقیقەتێکی هەندەکییە، بەر ئەنجام هەر کارێک چ هونەر بێ چ ناهونەر، بینراو بێ یان بیسراو، ماددی بێ یان بەرجسەتەیی لە جیهانی ئێمەی مرۆڤدا و لە داوێنی سروشتدا هەموو لاساکردنەوەی ئەو ڕاستیانەیە کە لە خەزێنەی یەزدان دان[٢].

مەبەستی ئەرەستۆ (لە لاساکردنەوە) ئەو مانایەیە کە لە قسەکانی ئەفلاتوونی مامۆستایدا بە ئاشکرا دیارە، لاساکردنەوە یانی چی.

ئەفلاتون بە مەرجی نەگرتووە وێنەی لاساکراوەکە وەک وێنە ڕاستییەکەی لای یەزدان وابێ بەڵکو لەوانەیە وێنە دروست کراوەکەی (جیهانی هەستی لایزل) تەنیا لە ڕوێکەوە لەوێنە ڕەسەنەکەی خۆی بچێ... ئەگەر واش بوو هەر لاساکردنەوەیە.

نموونە ڕەسەنە ئەقڵییەکە دەستکردی خوایە، ئەوی تر دەستکردی بەندەیەو لاساکردنەوەی کارەکەی خوایە، بەڵام ئەو ڕهایەو ئەم هەندەک ئەو ڕاستییەو ئەم سێبەر: ئەو حەقیقەتەو ئەم لاساکردنەوەیەتی[٣].

ئەگەر بەوردی سەرنجی هەر کارێک هەر ڕەوشت و نیشانەیەکی ئادەمیزاد بدەین دەبێ بڵێین - بەپێی تیۆرەکەی ئەفلاتوون - هەموو شتێ لەم جیهانەدا دانەی دووەمەو لاسای ئەو بوونانەیە کە لە جیهانی ئەقڵ و یەزداندایە، ئەم لاسایەش دەبێ لاسای لاسایە بێ چونکە شتەکانی جیهانی یەزدانی ئەقڵ وێنایان دەکات واتە وێنەیان لە ئەقڵدا سێبەری شتە ڕاستییەکەیە کە لە جیهانی هەست پێکراودا وەک ئەو وێنەی بۆ دروست کرا، واتا وێنەی سێبەرەکەی ئەقڵی گرت، کەوا بوو شتەکە لە جیهانی هەستدا بوو بە دانەی سێیەمی شتە ڕاستییەکەی ئەزەل، دەبێ ئەوەش بوترێ وێنای شتەکە لە جیهانی هەست پێ کراودا ئاڵوگۆڕی بەسەر دادێ کەچی شتە ڕاستییەکەی ڕەسەنەکەی ئەزەل گۆڕان کاری تێ ناکات، ئەمە کورتەی ڕای میتافیزیکی ئەفلاتوون بوو.

کەواتە ئەرەستۆ کە وتی (دراما لاساکردنەوەی کارێکی نایابە) مەبەستی ئەوە بووە کە ڕووداوی دراماکە بەسەریەکەوە «کارە» ئەم کارەش لەلای یەزدان هەیە ئەم وێناکردنەی بەرێگەی هۆش وێنەی ئەوە.

دەبێ ئەوەش بوترێ کە ئەرەستۆ لەهەندێ لایەنی فەلسەفییەوە ڕەخنەی لە ڕاکانی ئەفلاتوونی مامۆستای گرتووە کەچی لەم مەسەلەیەدا ئەوەندە لەو جیا نەبووەتەوە جا ئەگەر ئاوڕ لە فەلسەفەی گریکەکان

(١) سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنان، حمید عزیز - ل٢٢٨.

(٢) اثينا في عهد بوكليس - تشارلز الكسندر روبنصن (الابن). ترجمة الدكتور أنيس فريحة، ل (٢٥٧-٢٦٥) مؤسة فرانكلين للطباعة والنشر (١٩٦٦).

(٣) افلاطون ... الدكتور احمد فؤاد الاهواني. الطبعة الثانية، (١٥٦-١٥٧).



بدەینەوە بە ئاسانی کێشەی لاساکردنەوەی درامیمان بۆ ساغ دەبێتەوە.

***

**٣- کارەسات، یان ڕووداو:** لە پێشەوە ئەوەمان زانی کە دراما بەپێی پێناسەکەی ئەرەستۆ بریتی بوو لە لاساکردنەوەی کارێکی نایاب، یان لاساکردنەوەی کارەسات، بێ گومان کارەسات ڕووداوە، ئەم ڕووداوە چ قەوما بێ چ نەقەومابێ، چ بەمانا تەسکەکەی چ بەمانا فراوانەکەی پەیوەندی بە کاروکردەوەی مرۆڤەوە هەیە و بەشدارە لە کارەساتەکەدا، ئیتر چ بە سەریا هاتبێ چ خۆی هۆکاری ڕوودانی بێ چ بە ئەندێشەی وێنای بکات و دایڕێژێ هەر کامیان بێ دەبێ بخرێتە ناو قاڵبی دراماوەو بکرێ بە چست و چالاکی ئەمیش وەک ڕەوشت و ئادکاری ئادەمی بە زمان و جمووجۆڵ پیشان دەدرێ، کەواتە ڕووداوەکە دەچێتە ناو پەردەی ڕەوشت و ئاگاداری ئادەمییەوە ئەوجا پیشانی خەڵک دەدرێ، ئەم ڕەوشتە دوو دیوی هەیە، دیوێکی دەبینرێ کەچی دیوەکەی تری نابینرێ، بۆ نموونە کە پەردەی شانۆ لادەدرێتەوە، دەبینی زەلامێک وا خەریکە بە پەلە نان دەخوا، یان دەڕوا، ئەم خواردن و ڕۆیشتنەی ئەم زەلامە ڕەوشتێکی دیارو بینراوە، هەندێکیشە لە ڕووداوە گشتییەکە، کەچی ئەوەی لە دەروونی ئەو ئەکتەرە دایە، وەک خۆشی و ناخۆشی، کینە و ئەڤین، نەگریسی و چرووکی، ئەمانە لە دەروونیا مڵاسەیان کردووە، ئەگەر هەموو دەرێکی دەربڕینی لێ گرتبێ ئەوا ئەو جۆرە ڕەوشتە پەنهانە دەبێتە دیوی ناوەوەی ئادکارەکە، ئەم ڕەوشتە بە بینراو نەبینراویەوە زانایانی شانۆ و دراما پێی دەڵێن «کار» کاریش ڕووداوە، ڕووداویش بڕبڕاگەی چیرۆکی درامایە، ئەمکارە، یان ئەم ڕووداو و کارەساتە کە کلێشەی چیرۆکەکەی تەنیوە ئەگەر لێی بکۆڵینەوە چەند ڕوویێکی هونەری تایبەتی هەیە.

١- جموجۆڵی ئەکتەرەکان: لە دیمەنێکی شانۆگەریدا دەبینین چەند زەلامێک دەردەکەون، یەکێکیان پەرۆشە، یەکێکیان منداڵەو یاری دەکات، یەکێکی تریان لەسەر کەتێک ڕاکشاوە گیان کەنشت دەکات، یەکێکی تریان کزوڵەی کردووە، لەولاشەوە ئافرەتێک دانیشتووەو درووومان دەکات، ئەوان هەموو لە جموجۆڵان، هەموو جموجۆڵەکەش بۆ پێکهێنانی دیمەنێکە، بەو دیمەنەش دەوترێ «کار».

٢- گفتوگۆکردن: شیرازەی ئەو دیمەنەیە کە ڕووداوەکە دەخاتە ڕوو، گفتوگۆکردنی کەسانی ناو ئەو درامایە چەند پوخت و ڕەوان بێ ئەوەندە دراماکە مەحکەم و نایاب دەبێ، چەند دراماکە پێویستی بە ئەکتەر هەیە ئەوەندەش پێویستی بە گفتوگۆکردنی ڕەوان هەیە، چونکە بە گفتوگۆدا دەردەکەوێ کەسانی دراماکە چ کەسن و سەر بە چ چینێکی کۆمەڵن؛ ئادکار و چەشنی پیاوەتیان و مەردایەتیان تا چ ڕاددەیەکە، هەروەهاش بە پێچەوانەوە گفتولفتی ئەکتەرەکان نمونەی کەسێتی ئەو کەسانەیە، ڕاستە وتراوە: مرۆ تا ئاخاوتن نەکات دەرناکەوێت کا فرۆشە یان زێڕ فرۆشە.

نەک هەر ئەوە بەڵکو گفتوگۆ کردن پوختەی ئەو بیروڕایانەی نووسەر دەڕژێنێتە ناو بۆتەی ئەو مەغزایەوە کە دراما نووس لە پێناویا ئەو کارە هونەرییە ئەدەبییەی هێناوەتە کایەوە، هەروەهاش ڕستەو دەستەواژەکانی دایلۆگەکان پەردە لەسەر ئەو هەست و نەستانەی دەروونی کەسانی ناو دراماکە لادەدەنەوەو، بینەر دەزانی نیازیان چییە و بۆچی ئەو هەڵس وکەوت و زۆرانبازییە دەکەن، بۆیە وتراوە وشە گرنگ ترین هۆکارە بۆ شۆڕبوونەوە بەرەو قوڵایی دەروون و سۆراخ کردنی هەستە حەشاردراوەکانی ناوی، هەر بە گفتوگۆدا دەزانرێ ئەو کەسە - ئەو ئەکتەرە - نیازی چییە و لە چ هەڵوێستێکی سایکۆلۆژیدایەو چی بە خەڵک ڕادەگەیەنێ، ڕووداوەکانی پاشەوەش چۆن لەژێر کارتێکردنی گفتولفتی ئێستایا دەتەقێنەوەو یەک بەدوای یەکدا دێن.

درامای سەرکەوتوو بە ڕاست و ڕەوانی زمان و گفتوگۆی ئەکتەرەکانەوە بەندە.

دایلۆگ جگە لە تەنینی کالآی پڕ بالآی دراماکە دووکاری سەرەکیش دەکا، ڕوون کردنەوەی کەسێتی کەسانی ناو دراماکە و پەیوەند بوونیان لەگەڵ گرێکەیدا[١].

## دەقی دراما

دەقی دراما چی دەگەیەنێ؟ پرسیارەکە ئاسانە کەچی وەرام دانەوەی وا ئاسان نییە و گرانە ئەمە کاتێک وەهایە کە دەق بەو مانایە وەربگرین کە هەگبەی هەموو شانۆگەری بێ، ئەوجا وەرامی پرسیارەکە ناچارت دەکا کەچی لەناو ئەو هەگبەدایە هەڵی ڕێژی و وردو درشتی دراما بخەیتە تای ترازووی پێناسەیەکەوەو تێکڕای بیخەیتە بەردەم پرسیارەکە، بێ گومان ئەمەش شتێکی ئاسان نییە، بەڵام ئەگەر بەبێ ورد بوونەوە بەشاشی و دەماودەم وەرام بدەینەوە دەبێ بڵێین: دەقی شانۆگەری ئەو نووسراوەیە کە نووسەر بەمەبەستی داڕێشتنی دراما لە چەند دیمەن و تابلۆدا دایڕشتبێ بەشێوەیەکی تر: دەقی دراما ئەو دێڕە درێژە نووسینە هونەرییەیە کە بەوشە سەرتاپای وەک پەیکەرێکی نایاب داڕێژرابێ و بەخوێندنەوەو نواندنیشی هەست و سۆزی خوێنەرو بینەر تاو بدا.

دیارە ئەو پەیکەرە لە وشە داتاشراوە، وشە دەست نیشانی بابەت و کەسانی دراماکەو چنینی دایلۆگ و هەست و سۆزو کارەسات دەکات، هەروەها ئەو نامەیە کە نووسەر دەیەوێ بە خەڵکی بگەیەنێ دەخرێتە سەر ئەستۆی وشەکان و بینەر دەهێننە جۆش و خرۆش، کەواتە دەقی شانۆگەری نەک تەنیا دامەزرێنەری هونەری دارمایە بەڵکو پەیکەری گشتییەتی و لەناو ئەو پەیکەرەدا جیهانێکی سەر سوڕهێنەری نایاب تۆمار کراوە، شێوازی داڕێشتنی وشەکان و دامەزراندنی دیالۆگەکەی زنجیرە هۆکارێکی سەرەکین بۆ پیشاندانی کەسێتی کەسانی دراماکەو ڕوون کردنەوەی کارەساتەکان، دیمەنەکان هەموویان دەبنەوە یەک تابلۆی هونەری و پەیوەندییەکی بایلۆژی و لۆجیکی لە نێوانیان هەیە بە کارێکی وەها هەر پارچەیەکی لابەی جۆرە لارە سەنگییەک پەیدا دەکاو دەبێ بەخوارو خێچی دراماکەو بە کەچی دەدرێتە قەڵەم.

واتە دەقی دراما سەرتاپای بە وشە ڕازراوەتەوەو تان و پۆی بە وشە تەنراوە ئەو جیهانەش کە لە دوو تۆی دراما دایە هەر بە وشە نەخشێنراوەو بە وشەش دەخرێتە ڕوو.

دەقی دراما جگە لەوەی هونەرێکی باڵایە کارێکی ئەدەبی پایەدارو جوان و ئاوێنەی باڵانمای کۆمەڵی هۆشدار و پێگەیشتووەو نیشانەی شارستانیەت و بەرەو پێشەوەچوونی ئەو نەتەوەیە کە تیا سەرهەڵ دەدا.

لە هونەری شێوەکاریدا هونەرمەند تابلۆکانی لە ڕەنگە هەمە جۆرەکان دروست دەکات و شێوازێکی تایبەتی خۆی کە هەیەتی لە بەکارهێنانی ڕەنگەکاندا بەکار دێنێ.

هەروەهاش نووسەری دراما دەسمایە هونەرییەکەی وشەیە بەکارهێنانی بۆ دروست بوونی دایلۆگ و تابلۆکانی تاکە هۆیەتی.

لەناو دارمادا چیرۆکێ هەیە ئەم چیرۆکە بەشێوەی دراما داڕێژراوەو پێی دەوترێ چیرۆکی شانۆگەری، ئەم جۆرە چیرۆکە وەختی وای پێ دەوترێ کە بە پێی بنەما و هونەرەکانی دراما داڕێژرابێ، ڕووداوی ئەم چیرۆکە دەبێ وەک زنجیرەیەکی یەکگرتوو وەهابن.

(١) فن الكاتب المسرحي: تأليف: روجرم، بسفيلد (الابن) ترجمة وتقديم: دريني خشبة ل (٢١٩).



لەمەوە قسەیەکی ئەرەستۆ دەخەینە بەرچاو کە دەڵێ: «دەشێ ئەو کارەی کە دەبێتە دراما مەوداکەی لەسەرەتاو بنەتاو ناوەند پێک هاتبێ؛ دەبێ هەر بەشێک لەو بەشانە هاندەرو سەرنج ڕاکێشەرو چاونوار هێنەری بەشەکەی پاشی بێ، ئیتر هەمووی وەک دیمەنێکی سامناک وەهابێ[١].

دیارە ئەرەستۆ لە باسی تراژیدیادا ئەو قسەی هێناوەتە کایەوە، دەنا یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی دراما ئیتر چ تراژیدی بێ یان کۆمیدی دەبێ هەمووی وەک یەک دیمەنی یەکگرتوو بێتە بەرچاو.

پەیکەری شانۆگەری وەک چامە هۆنراوەیەکی یەک بابەتی وەهایەو بوونێکی سەربەخۆیەو لەسەرەتایەوە تاکو کۆتایی پارچە مۆسیقایەکە لە چەندان هارمۆن پێک هاتووە، یان دەتوانین بڵێین شانۆگەری قەیتانێکی ڕەنگاو ڕەنگی چنراوەو تان پۆکەی وشەی جوان و ڕستەی بەتین و دایلۆگی پڕ بە سۆز و مانایە، دەقی شانۆگەری ئەگەر شیتاڵ بکرێتەوە لە چەند بەشێک پێک هاتووە هەر بەشێک لە چەند دیمەنێک دروست بووە، ئەو بەشانە یان ئەو دیمەنانە هەمووی ڕووداو و کارەساتن بە هەموویانەوە قەوماوێکی تراژیدی یان کۆمیدی یان میلۆدرامی دەخەنە ڕوو.

کاتێ کە دەوترێ دەقی شانۆگەری ئەو کارە درامییە یان ئەو کارە ئەدەبییە بەبیردا دێ کە لەو وشەو ڕستانە دروست بووە کە پێیان دەوترێ دایلۆگ و بابەتێکی تایبەتی مالیجە دەکات.

ئەمەی وتمان وەسپێکی گشتی دەقی دراما بوو؛ با بزانین دەقی دراما لە چی پێک هاتووە.

## ١- تەکنیک - Techniqur: واتە چنین (الحبكه):

تەکنیک گیانێکی هونەرییە بە بەری پەیکەری دارمادا دەکرێت و هێز و تین دەخاتە ناو دەمارو لەشی دراماوەو دەیکات بە پارچە هونەرێکی جوان و زیندوو، با درامایەک بە مافوورێکی کاشانی جوانەوە بچوێنین، با بەوردی لەو پارچە مافوورە ورد ببینەوە، دیارە تەوەنکارێکی شارەزاو بەهرەدار لەو داوانە کە بوونەتە تان و پۆ و لەو داوە وردە ڕەنگاو ڕەنگانە ئەو مافوورە پڕ نەخش و نیگارە ڕازاندووەتەوە، هەر گوڵێک یان هەر نەخشێک لەو نەخشانە لە جوانی و ڕێکو پێکیدا گەیشتوونەتە تەواو و شوێنی خۆی پڕ کردووەتەوەو نەبوونی لارەسەنگییەک یان بۆشایی و کەم و کوڕییەک لە مافوورەکەدا بەجێ دەهێڵێ، مافوورەکەش بە شێوەیەکی گشتی دیمەنێکی نازدار و ڕێکوپێکی وەهای هەیە کە سەرسوڕهێنەر بێ، ئەو تەوەنگەرەش کە ئەو مافوورەی چنیوە بەدەست ڕەنگین و ئۆستایەکی لێ وەشاوە دەناسرێ، جا ئەگەر تەختی ئەو مافوورە درامایەک بێ ئەوا ڕازاندنەوەو گوڵ چنینەکەی دەبێتە تەکنیک، لەمەوە دەزانی تەکنیک شێوەی ڕازاندنەوەو ئەندازەی هونەرە، بۆیە وتراوە: «تەکنیک دامەزراندنی ئەو درامایەیە کە پڕ بەکاتەکەی خۆیەتی»[٢].

دراما لە چەند شتێک پێک دێت: تەکنیک، کەسانی ناو چیرۆکەکە، ئەو هزرەی کە لەسەری دادەمەزرێ، ئەو دیمەنانە کە کات و شوێن و ڕووداوەکان لە چوارچێوە دەگرن ئەو گۆرانی و سازو ئاوازانەیە کە یارمەتی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکان دەدەن، ئەو نەژادانە بەسەر یەکەوە دراماکە دروست دەکەن، بەڵام ئەوەی دەبێتە هەوێنی گونجاندنی هەر یەکێک لەو نەژادانەو بەشێوەیەکی ئەندازەیی پێکیانەوە دەگونجێنێ پێی دەڵێین تەکنیک، ئەم تەکنیکەش بەسەردەستی دراما نووسێکی خاوەن بەهرەو شارەزاو کارامەدا دێتە کایەوە، کەوابوو تەکنیک جگە لەوەی کارێکی هونەرییە - ئەم کارە هونەرییەش لە ئەنجامی بەهرەو

(١) الدرامة وا لدرامي - س. دبليو.دوس و د.عبدوالواحد لؤلؤه. ل٣٢.

(٢) الحبكة - موسوعة المصطلح النقدي... اليزابيث ديل ود.عبدالواحد لؤلؤه. ل١٢.

شارەزابووندا پەیدا بووە درامانووس - ئەندازیارە، ئەگەر ئەندازیار لە کۆمەڵە کەرەسەیەک وەک چیمەنتۆ و گەچ و ئاسن و دار وبەرد و چەندان کەرسەی تر کۆشکێکی نایاب دروست بکات، هەروەهاش نووسەری دراما ئەو ئەندازیارەیە کە لەو کەرەسانەی سەرەوە - کە هەمووی بە وشە دروست کردن - قەڵای دمدمێکی وەها دروست دەکات کە مرۆڤ پێی سەرسام بێ و دیدەی هۆشی و ئەندێشەی پێ ڕوون بکاتەوە، بەو شێوازەی کە سیستەمی هونەری بیەوێ، بۆیە شارەزایانی دراما وتوویانە تەکنیکی شانۆگەری پێکەوە بەستن و شیرازە دادان و هەڵ چنینی پەیکەری شانۆگەری و گرێدان و گەیاندنی هەموو سەرەداوەکانیەتی، تەکنیک چنینە، چنینی ئەو ڕووداوانە کە هەموو نەژادە هونەرییەکانی تر لە ئەستۆی خۆی گرتووە، ڕووداو یان بە پێی ڕۆژ لە دوا ڕۆژی ڕۆژگار دەقەومێن دەهۆنرێنەوە، یان فیکرو لۆجیک گوێ بە دوا یەکدای ڕۆژگار ناداو بەپێی کارتێکردنی یەکتری ڕێزیان دەکات، ڕۆمان نووسەکان ڕووداوی چیرۆکەکانیان بەپێی ڕۆژگار ڕیز دەکەن، کەچی نووسەری دراما ئەو جۆرە تەکنیکە بەکارناهێنی بەڵکو دەگەڕێ لە گرنگ ترین ڕووداوەوە دەست پێ دەکات، هەندێ جاریش لە دوا ڕووداوەوە دەچێتە ناو جیهانی دراماکەیەوە، لۆجیک و هزر دەکات بە ڕێبەری خۆی(١).

ئەوەی ڕاستی بێ تەکنیک لە درامادا گیانی درامایە چونکە دراما بەبێ ڕووداو و کارەسات دراما نییە، ئەرەستۆ وتوویەتی دراما تەکنیکە، تەکنیکیش ڕووداوە، ڕووداویش تەنافی هۆنینەوەی هەموو نەژادە هونەرییەکانی تریەتی، دەبێ ئەوەش بزانین تەکنیک وەنەبێ تەنیا ڕووبەڕی دەرەوەی دراماکە مشت و ماڵ بداو بەس بەڵکو تەکنیک ئەو وردەکارییەیە کە سەرانسەری دراماکە پێکەوە شەتەک دەداو وەک ڕستەیەکی پڕ بەماناو ڕەوانی لێ دەکات بەکارێکی وەها لە هەر لایەکەوە دەسکاری ڕستەکە بکرێ چەند ڕوخساری ڕستەکە تێک بدا ئەوەندەش کەلێن بخاتە ناو واتاکەیەوە.

لەپێشەوە ئەوەمان وت: دراما لە چەند کەرەسەیەکی سەرەکی وەک: بابەت و فیکرو کەسان و زمان و دیمەن و مۆسیقاو هی تریش پێک هاتووە، هەر یەکێک لەو بەشانە بەمەکۆکی تەکنیک پێکەوە گرێ دەدرێن، بابەتی دراما لە قۆناخی ئاڵۆزبووندا وەک گرێ کوێرەیەک پیشان دەدرێ و وردە وردە بەرەو شی کردنەوەو خاو بوونەوە دەبرێ، کەسانی ناو دراماکەش کە بابەتەکە دەخەنە ڕوو، یان خۆیان خاوەنی بابەتەکەن هەنگاو بە هەنگاو بەرەو پێشەوە دەچن و ڕووبەڕووی کارو کردەوەکانی خۆیان دەبنەوە، چییان چاندووە ئەوە دەدروونەوە لە گۆڕەپانی ئەزموونی شارەزاو قاڵ دەبن و ڕووداوەکانیش لە تەکیاندا شەپۆلی هەوراز و نشێوی ڕاپێچیان دەکات و پتر کەسێتی کەسانی ناو دراماکە بە بینەران ئاشنا دەکەن، دەبێ شی کردنەوەی بابەتەکەو نەشونماکردنی کەسەکان و ئاڵۆز بوونی ڕووداوەکان و دروست بوونی گرێ کوێرە بە تەکنیکێکی وەها بێ کارەساتەکان بەرەو لووتکە بباو لەوێشەوە بەرەو کۆتایی خواریان بکاتەوە بەکارێکی وەها بینەر تووشی سەرسامی و دڵە تەپێ و ترس و بەزەیی بکات.

هەروەها کات و دۆخەکان دەبێ کالای پڕ بە بالای ڕووداو و کەسەکان بن، بە هەمان چەشن ئەو مەبەستەی کە دراماکەی لەمەڕ بۆ دامەزراوە بەگوێرەی هەڵس و کەوتی کەسەکان یان بەپێی گۆڕاندنی بارو دۆخی ڕووداوەکان گەشە بکات و لەمێشکی بینەردا خۆی بچەسپێنێ، کەواتە تەکینک تەنافی هەڵواسین و پیشاندانی هەمو بەشەکانی درامایە، لە هەمان کاتیشدا هەر بەشێک لەو بەشانە تەکنیک و چنین و چاندنی خۆی هەیە.

با بگەڕێنەوە سەر مافوورەکەی خۆمان و سەرنجیکی تری لێ بدەینەوە، سەیر دەکەین نەخشەکانی لە

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(٧٤). هەروەها تەماشای: فن المسرحية ـ جیرالد ایدس بنتلي وصدقي خطاب ل٣٩٥.



چەندان وێنەو دیمەنی ورد پێک هاتوون، هەر یەکێک لەوانە بە جۆرێکی وەها نەخشاوەو ڕازراوەتەوە وەها ئۆستایانە نەخشراوە ئەگەر وەها نەبێ تەختی هەموو مافوورەکە دەشیوێنێ و دیمەنەکەی لارەسەنگ دەکات لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت چۆن پەیکەری گشتی دراماکە پێویستی بە تەکنیکی هونەری هەیە، هەروەهاش هەر بەشێک لە بەشەکانی پێویستی بە تەکنیکی تایبەتی خۆیەتی؛ تەکنیکە تایبەتییەکە دەبێتە بەردی بناغەی تەکنیکە گشتییەکە، بە تەکنیکی مەحکەم و پتەو ڕەوتی کاری هونەری و ئەدەبی بەرەو بارەگای نەمری دەست نیشان دەکرێت.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە چنین و تەنین، پەیوەست بوون بە قوفڵ دان و گرێدانی نەژادەکان بەدینەمۆی دراماکە دەزانرێ کە ئەویش پێی دەڵێن تەکنیک.

## ٢- کەسانی ناو دراما

کەسانی دراما ئەو کەسانەن کە لە جیهانی درامادا دەبن بەهۆی بزووتن و جوڵاندنی ئەو ڕووداوانە کە خۆیان تێی دەکەون و لە گەردنیان دەئالێ و ڕێی حەز و ئارەزووەکانیان دەگرێ، ئەو کەسانە لەناوخۆیاندا ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و هەر یەک دەیەوێ بە مەبەستی خۆی بگات، جۆرە ویست و ئارەزوێک لە نێوانیاندا ڕوو دەدات، وا دەبێ لە ڕێی هێنانەدی ئارەزوو و، مەبەستەکانیاندا تووشی کەساسی و ناهەمواری دەبن و سەریان تیا دەچێ، جاری واش هەیە هەندێکیان دەچەوسێنەوەو هەندێکیان بەمەبەست دەگەن، بەرەنگاربوونەوەی ئارەزووەکانیان دەبێتە سەرچاوەی سەرەکی هەڵچوون و داچوونی کارەساتەکان.

کەسانی دراما کلاسیکییەکان گیرودەی دەستی چارەنووس دەبوون و چەند هەوڵیان دەدا کە خۆیان لە دوو فاقەی ڕزگار بکەن بەڵام سوودی نەبوو؛ دەبوون بە نیشانەی ئانگاوتنی تیری قەزا، تێدەکۆشان کە خۆیان لێی لادەن بەڵام سوودی نەدەبەخشی و، ئیتر ئەو تیرە وەک دەردی بێ دەرمان تووشی بێ چارەیی دەکردن، کەچی کەسانی ناو درامای نوێ خۆیان بەرپرسیاری کارو کردەکانیانن و ڕووبەڕووی چەرخی چەواشەو گەردوون و دەوروبەری خۆیان دەبنەوەو هەدەرو ویستی خۆیان ئەنجام هێنەری هەموو کردەکانیانن، ڕەوشت و گفتوگۆ و بیرو ڕاکانیان دەبنە هۆی کرژ بوون و خاوبوونەوەی ئەو کارەساتانەی کە پەیکەری گشتی دراماکەیان لێ پێک دێت.

درامانووس پێش ئەوەی دەست بداتە نووسینی دراماکەی پێویستە کەسانی ناو دراماکەی دەست نیشان بکات.

برنادشۆ لەمەڕ کەسانی دراماوە وتوویەتی: «کە بمەوێ درامایەک بنووسم هەر ئەوەندەم دەوێ بینای پاڵەوانەکان بکەم، ئیتر وازیان لێ دەهێنم خۆیان ڕێگە دەگرنە بەرو، بەرەو کۆتایی دراماکە ڕەوت دەکەن»(١).

بە قسەی برنادشۆدا دیارە ڕووداوەکانی ناو دراماکە زادەی ئەدکارو چۆنیەتی ڕەفتاری کەسەکانن، بۆیە ناکرێ ڕووداوەکان لە کەسەکان جیا بکرێنەوە، کەسانی ناو دراما ئەو مرۆڤانەن کە بەگۆشت و گیانن وەک هەر مرۆڤێکی ئاسایی بەچاو دەبینرێن وەک بلێی خوێنەری دراما و بینەر ئاشنایی لە تەکیاندا هەیەو لە ژیانی ڕۆژانەیاندا ڕەنگە چەندانی وای بەرچاو دەکەون.

هەر کەسێک کەسێتی تایبەتی خۆی هەیە، ئەگەر کەسان ئەو ئادەمیزادەبن کە بە چاو دەبینرێن و هەر یەکە ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوا کەسێتی ئەو کۆمەڵە ڕەوشت و ڕەفتار و گفتولفت و

(١) فن الکاتب المسرحي. نووسین روجر.م.بسفیلد ودریني خشبة.

پەیوەندییەکانە، وتە کەسێتی ئەو لایەنانەن کە لە هەموو مرۆڤێکدا هەن، لایەنەکان «الابعاد» وەک بارەی کۆمەڵایەتی و هۆش و بیرو لەش و تەندروستی و ئادکار و بیرورِا، ئەو لایەنانە لە هەموو کەسێکدا وەک یەک نین چونکە جۆری پەروەردەو دەوروبەر کەسێتی هەر یەکێک بە جۆرێک دادەرِێژێ و رِەنگ دەکات کە دەبێتە پێناسەی کەسەکە.

کەس و کەسێتی وەک ئاگر و گەرمایی و رِۆژ و سێبەر وەهانە لە یەک دانابرِێن، هەڵبژاردن و وەرگرتنی کەسیەتی کەسانی ناو دراما پێویستی بە هۆشیاری و زانیاریی نووسەر هەیە، هەروا کارێکی ئاسان نییە.

بۆیە دەبێ ئەو نووسەرە ئەوەندە کارامەی ئەو مەیدانە بێ وەک کۆگای خوورِەوشت و خۆرِسکی کۆمەڵی کۆن و نوێ خۆی بێ، هەروەها دەبێ شارەزای خۆرِسکی مرۆڤ بێ، لە کەلەپووری نەتەوەکەی خۆیدانادا شارەزاو بێ دەستەڵات نەبێ، هەروەها دەبێ شارەزای خۆرِسکی ئەو قۆناخە مێژووییەو کەلەپووری ئەو کاتە بێ کە کەسانی دراماکەی تیا ژیاون، بە چەشنێکی وەها لەمە کەسەکان کەوتنە ناو مەیدانی دراماکەوە ببنە مەکۆی چنینی تان و پۆی دراماکەو کارو کردەو ئاخاوتنەکانیان کەسێتییەکەیان بنوێنێ و قسەکانیان نوێنەری ناو دەروونیان بێ، سەرێکی دەدرێتە دەست بینەران و سەرەکەی تری لە ناو دەروونیاندا کلافەی کردبێ، ئیتر خوێنەر یان بینەر بەهۆی ئەو داوەوە دەتوانێ بەرەو دەروونیان شۆرِ ببێتەوەو کەسێتییەکەشیان دەست نیشان بکات.

هەندێ لە نووسەرانی دراما وتوویانە: «فیکرەی دراما هۆیەکی سەرەکییە بۆ دەرخستنی کەسێتی پاڵەوانانی ناو دراماکە، کەسێتیش برِیار لەسەر جۆری دراماکە دەدات»[1].

هەروەها وتوویانە: «ئەگەر تۆ کەسێتی کەسانی دراماکەت بە باشی زانی ئەو کاتە ئەوان خۆیان دەزانن چی بڵێن و چی برِیار بدەن»[2].

هەڵبژاردن و وێناندنی کەسان و کەسێتی ناو دراما ئەوجا لە ئەستۆنانی فیکرەی دراماکە ئەمیش کارێکی ئاسان نییە لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا ئەو کەسانە -کە دەبنە پاڵەوانی ناو دراماکە- لەکوێوە دێن؟.

وەرام دانەوەی ئەم پرسیارە بەندە بە جۆری دراماکەوە، درامای تراژیدی و کۆمیدی و میلۆدراما، بەهەموو جۆرێکیانەوە، چ رِامیاری بێ، چ کۆمەڵایەتی، سەر بە هەر رِێبازو قۆناخێکی مێژووی دراما بێ کەسێتی پاڵەوان و کەسانی ئەو درامایە گیرۆدەی بارودۆخی مێژوویی و بیرورِای ئەو سەردەمەن کە تیا دەژین، ئەگەر پاڵەوانەکە کەسانێکی مێژوویی بێ نووسەر کە وێنای دەکات دەیباتەوە ناو بارودۆخە مێژووییەکەی خۆی، بۆ گەڵاڵەکردنی کەسێتییەکەشی هەروەها پشت بە مێژوو دەبەستێ.

ئەگەر پاڵەوانەکە فیکرەیەکی تایبەتی خرایە ئەستۆی، دەبێ یەکێک بێ لە هەڵگرانی بیرورِای ئەو بەرەیە، یان سەر بەو چینەی کۆمەڵ بێ کە فیکرەکەی بۆ تەرخان کراوە.

پاڵەوان و کەسانی ناو دراما وەختێ رِەسەن دەبن کە نموونەو نوێنەری ئەو ئادەمیزادەبن کە دەکەونە ژێر باری قەزاو چارەنووس یان پرِ بە ویست و خوایشی خۆیان باری بەرپرسیاری خۆیان و بەرەی خۆیان هەڵ دەگرن.

(١) برِوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٦٤.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.



کەسانی ناو دراما ئەگەرچی هەر یەک لە دەوری خۆیا پاڵەوانی دەورەکەیە دەور بەکەم و زۆری یان بەمەودا کورتی و درێژی نیە بەڵام ئەوەندە هەیە رِەنگە لە ناو ئەو پاڵەوانانەدا هەبێ، یەک دوێکیان ببنە تەوەرەی دراماکەو فەرماندەی پاڵەوانەکان، بەو جۆرە پاڵەوانانە دەوترێ پاڵەوانی (سەرەکی) بۆ نموونە، لە درامای (هاملێت Hamlet)دا تەنیا خۆی پاڵەوانی سەرەکییە، کەچی لە درامای (ئۆتێللا)دا ئۆتێللا و ئەیاگۆ هەردووکیان پاڵەوانی سەرەکین لە درامای (پاشالیر)یشدا لیرو کوردیلیای کچی پاڵەوانی سەرەکین، لە پاشا (ئۆدێب)دا پاڵەوانی سەرەکی (ئۆدێب)ە.

دراما لەسەرەتای پەیدابوونیا بەیەک ئەکتەر دەستی پێکردووە کە تاکە پاڵەوانی دراما بووە، چیرۆکی (نزاکەران)ی ئەسخیلۆس یەکەم درامای گریکی بووە کە جگە لە پاڵەوانی سەرەکی دوو کەسی تری لە تەکدا بووە.

دراما ناسە کلاسیزمەکان گەلێ بایەخیان بە پاڵەوانی سەرەکی تراژیدیا دەدا، بەلایانەوە نەدەشیا پاڵەوانی دراما لە بەرەو چینی رِەش و رِووت و کاسبکار بێ، دەبوو خانەدان و رِەسەنزادە بێ، یان پاشا بێ یان میر، یان مەردێکی ناودار، ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەرەستۆ پێی وابووە پاڵەوانی سەرەکی تراژیدیا دەبێ قارەمانێکی بەرِێزو خاوەن شکۆ و پایەدار بێ، دەنا گەر وا نەبوایە پایەی تراژیدیاکە دەهاتە خوارەوە.

ئەرەستۆ چەند مەرجێکی بۆ هەڵبژاردنی پاڵەوانی سەرەکی تراژیدیا دانابوو ئیتر نووسەرە کلاسیزمەکان لە هەڵبژاردنی پاڵەوانی دراماکانیاندا پێرِەوی مەرجەکانی ئەرستۆیان دەکرد، ئەمەش مەرجەکانن:

١- پاڵەوانی سەرەکی تراژیدیا دەبێ کەسێکی پایەدارو خاوەن شکۆ و بەرِێزو خانەدان و مەردبێ، ئیتر چ پیاو بوایە چ ژن، چونکە گیرۆدە بوونی کەسانی وا کەوتنیان ناو داوی قەزاو ستەمدیدەییان بەدەست گەردوون و ئادەمیزادی ترەوە دەبێتە مایەی بەزەیی پیاهاتنەوەو شڵەژاندنی ویژدان و پەرواو دڵەتەپێ، کەچی دووچاربوونی پاڵەوانی بۆرەو چەپەڵ و نامەرد و چەورە؛گیرۆدە بوونی ئەو جۆرە کەسانە هەستەکانی مرۆڤ ناشڵەژێنێ.

٢- گونجاندن: واتە کەسێتی پاڵەوانەکە دەبێ لەتەک خووخدەو رِەفتاری خۆیا بگونجێت، بۆ نموونە ئەگەر پاڵەوانی تراژیدیایەکمان هێنا، ئافرەتێکی دڵ رِەق و نەگریس و درِو نەبەز بوو، ئەم نیشانەو وەسپانە لەگەڵ ئافرەتدا ناگونجێن یان پاشایەک رِەفتاری وەک بۆرەیەکی نەدیتکە وا بی ئەمەش گونجاندنی تیا نییە و دراماکە دەشێوێنێ.

٣- پاڵەوانی وێنەدار: واتە ئەو پاڵەوانەی کە لە تراژیدیادا هەیە دەبێ لە واقیعی ژیانداو لەناو کۆمەڵاندا وێنەی هەبێ ئەو نموونەی ئەم لەژیانی رِۆژانەدا وەک ئەو هەبن، مەبەست لەم مەرجە ئەوەیە نابێ تراژیدیا لە واقیعی ژیان بەدەربێ، لەبەر ئەوە تراژیدیا هونەرەو ئاوێنەی واقیعە دەبێ پاڵەوانی ناو دراما نموونەی کەسانی دەرەوەی ناو دراما بێ و لەوانیش باڵاتر بێ.

٤- پێویستە رِەوشت و کردارەکانی پاڵەوانەکان رِەنگی خو و خوایشی تایبەتی خودی خۆیان بدەنەوە، ئەگەر زۆربەی رِەفتارەکانیان لە یەک جۆر نەبن واتە هەندێکیان نامۆ و رِەنگی ئەویان نەدەدایەوەو جۆراو جۆر بوون ئەو کاتە کەسێتی پاڵەوانەکە دەشێوێن بینەریش پێی وادەبێ دوو زەلامن لەیەک پێستدان، با بڵێین پاڵەوان پاشایە کەچی هەندێ جار رِەفتاری وا دەکات لات وایە هی گەداییێکی لات و لوێرە[1].

(١) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن – رشاد رشدي ل. ٤٧ ، ٤٨ ، ٤٩.

## ٣- کەسێتیی کەسانی ناو دراما

لەپێشەوە وترا هەر کەسانێکی ناو دراما جۆرە کەسێتییەکی تایبەتی خۆی هەیە، ئەوەشمان وت کە کەسێتی لە هەر کەسێکدا کۆمەڵە نیشانە و خووێکە یەکێک لە یەکێکی تر جیا دەکاتەوە، ئەو خووانە چ کۆمەڵایەتی و سایکلۆژی بن چ تایبەتی و بایلۆژی بن.

درامانووس ئەو مەبەستەی کە لە پێناویا دراماکەی بۆ دادەڕێژێ ئەگەر لە گەردنی کەسانێکی نەئاڵێنێ بۆی نایەتە دی و؛ وەک خەیاڵێکی سەرپێی لێ دێ و لەپڕ مەحف دەبێتەوە، بۆیە ڕەچاوبوونی کەسان و کەسێتی بۆ درامانووس کارێکی پێویستە، کە کەسێتی کەسانی ناو دراما هاتە مەیدانەوە، هێدی هێدی ناکۆکی و نەگونجاندن لە نێوانیاندا پەیدادەبێ و مەیدانەکە تەم و تواڵی و کوکەو کێشە دای دەپۆشێ و جیهانێکی سەر بەجەنجاڵ دروست دەبێ، ئیتر چاوەڕوانی خامەی هونەرمەندێ دەکەن کە بەرەو کۆتایی و هێنانەدی مەبەستەکانیان ڕێنموونیان بکات.

مەرج نییە کە کەسانی دراماکە هاتنە ناو گۆڕەپانی دراماکەوە ناکۆکی لە نێوانیاندا ڕووبدا، لەوانەیە ڕێبواری ڕێی مەبەستێکی دووربن و هەر یەکە کەساسی خۆی و خەڵکی تری بە کۆڵ خۆیا داوەو بەرەو ئاسۆیەکی تاریک ئان ڕووناک هەنگاو دەنێن.

بینەر یان خوێنەری دراما دەیەوێ بزانێ ئەم کەسانەی بەر دەمی کە وەک جاڵجاڵۆکە داوی چیرۆکەکە دەتەنن کێن و سەر بە چ بەرەو تیرەیەکن؟

بۆیە دەبێ کەسێتی کەسەکان ئاشکرا بکرێ، گومان لەوەدا نییە لە چیرۆک و ڕۆماندا مەودای ئەوە هەیە نووسەر کەسێتی پاڵەوانەکانی ڕوون بکاتەوە کەچی ئەو مەودایە بۆ دراما نووس نەرەخساوە چونکە نووسەر تێکەڵاوی گفتوگۆ و ڕەفتاری پاڵەوانەکان نابێ، بۆیە دراماناسان چەند ڕێگەیەکیان بۆ دەرخستنێ کەسێتی کەسانی ناو دراما داناوە:

١- ڕواڵەتی دەرەوەو ڕەنگ و ڕوخسار و شان و شەوکەت: ئەم شتە ڕەواڵەتییانە کەرەسەی ناساندنی کەسێتی کەسانی ناو درامان، مرۆڤ لەمە چاوی بە سەرو گوێلاکی ئەکتەر کەوت یەکسەر یارمەتی ئەوەی دەدا کە بزانێ ئەمە لە چ بەرەیەکە و پیشەو کاری چییە بە جلەکانیا دەزانێ دەوڵەمەندە، یان گەدایە، بەدەم و چاو و سەرو کەشیدەیا دەزانێ، دڵ پاکە یان نەگریس و چرووکە، یان لە چ بەرەو تیرەیەکە، شێخە یان مەلایە، بەگزادەیە یان بۆرە پیاوە، بازرگانە یان قەسابە، هەلاجە یان جۆڵاو جوتیارە.

لە ئافرەتدا پۆشین، سەرو زوڵف ڕێگە خۆشکەرێکن بۆ ناسینی ئەو ئافرەتە، جوان پۆشە یان پەڕۆخە؛ خاتوونە یان کارەکەرە، کابانە یان دەستە پاچەیە.

٢- ئاخاوتن: یان گفتوگۆ کردن پەندی کوردی دەڵێ: مرۆڤ نازانرێ کا فرۆشە یان زێڕ فرۆشە تا قسە نەکات، ڕاستە بە قسەکردندا لایەنێکی کەسێتی مرۆڤ دەردەکەوێت؛ جارێ قسەکردن خۆی بەڵگەی بێ نەنگی ئامێری ئاخاوتن و هۆشیاری مرۆڤە، قسەی پوخت و ڕەوان و بێ گرێ و گۆڵ بەڵگەی ڕووناکبیرییە، هەروەها قسەی بێ سەروبن و چەوت و چەوێل هی کەسانێکی نەزان و بێ سەوادە، قسەی پڕ بەمانا و پەند ئامێز هی پیاوی دنیای دیدەو کارامەیە، قسەی سادە و کورت بڕ هی منداڵە، دیارە بە گفتو لفتی ئەکتەردا؛ دەزانین کە تەمسیلی چ جۆرە کەسانێک دەکات، ئەمە هەمووی بە مەرجێک لەوە دڵنیابین کە کەسانی ناو دراماکە واتە ئەکتەرەکان ئەو قسانە کە دەیکەن بەڕاستی ئەو قسانە لە ناخی دەروونیانەوە هەڵ دەقوڵێ و قسەی خۆیانەو کاڵای پڕ بە باڵای هۆشیانە.



٣- خۆ ناساندن: هەندێ جار دەرهێنەری دراما لە پێشەکی نواندنەکەدا کەسانی ناو شانۆگەرییەکە بە جەماوەر دەناسێنێ؛ بەو ناساندنە بینەر بەپێی بۆچوونی خۆی کەسێتی زەلامەکانی ناو دراما لێک دەداتەوە، خوێنەری دراما یان بەهۆی ئەو پێشەکییەوەیە کە درامانووس تیا ئاماژەیەک بۆ کەسێتییەکەیان دەکات، یان کەسەکان لەناو گفتوگۆکەیاندا خۆیان بە بەرامبەرەکەیان دەناسێنن و بە یادی یەکتر دەخەنەوە کە ئەم فیسارە کەسەو لە ناو خەڵکدا وا ناسراوە، یان ئەمەیە، ئەوەی قسەی لەتەکدا دەکات کەسێتییەکەی دەخاتەوەڕوو، یان بۆ کەم کردنەوەیەتی یان بۆ بەزل زانینی یان بۆ ئەوەیە فیز بەسەر کەسانی تردا نەکات.

٤- بیروڕا دەربڕین و هەست و سۆز: نیشانەیەکی تری چۆنیەتی کەسێتی کەسانی ناو دراماکەن، بە دەربڕینی بیروڕادا دەزانین ئەو کەسە ژیرە یان نە، هۆشیارە، یان گێل، ڕووناکبیرە، یان ڕەشبین، زیرەکە یان نە، هەروەها بە دەربڕینی هەست و نەستیا دەزانین، پیاوێکی دڵ ناسک و میهرەبانە، یان دڵ ڕەقە، بەخواییینە، یان پشی تەنگ، دڵ فراوانە یان گوشراو.

٥- گفتوگۆکردن و ڕازکردنی کەسانی ناو دراما لە تەک خودی خۆیاندا: ئەم گفتوگۆکردنە لە تەک خۆدا جۆرە ڕووچوونێکە بەرەو دەروون، کە بەم جۆرە بەخۆدا چوونەوە دەوترێ (مەنۆلۆج)، هەندێ نووسەر ئەم ڕێگەیە بۆیە بەکار دەهێنن بۆ ئەوەی کەسێتی پاڵەوانەکان بە جەماوەر بناسێنن.

جگە لەوەش بەکارهێنانی مەنۆلۆج چەند مەبەستێکی تری هێناوەتە دی، لە درامای کلاسیکیدا وەک جۆرە پێشەکییەک بەکارهاتووە، بۆ ئەوەی جەماوەر لەگەڵ ئەو بارودۆخەی کە چیرۆکەکەی تیا ڕوو دەدات ئالوودە ببێ و ئاگاداری ئەوە بێ ئەو بارودۆخە دەبێتە هۆی قەومانی ڕووداوێکی گرنگ، کەچی دراما نووسە ڕۆمانسییەکانی سەردەمی ڕاچنین بۆیە بەکاریان دەهێنا تا بەو بۆنەوە باری دەروونی پاڵەوانەکان بۆ جەماوەر ڕوون بکەنەوە.

٦- کار و کاردانەوە: مرۆڤ کاروەکردەیە، بەکارکردنیا دەزانرێ چ کەسەو سەر بە چ چینێکە، ئایا یاراو چاپووکە یان دەستە پاچەو بێ وەجە، واتە کار دەتوانێ کەسێتی مرۆڤ دەربخا و بەخۆی و کەسانی تری بسەلمێنێ کە چ کەسە و لە کام بابەتە.

ئەو کارانەی کە مرۆڤ دەیکات یان کاری جوانن یان نالەبارو پڕو پووچن، دیارە ئەو کارانە کە هەر کەسێک لەسەریان بەردەوام بێ لەتەک حەز و ئارەزوویا دەگونجێن، لەمەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کار چاکترین ڕێبینە بۆ ناسینی باری دەروونی، وێڕای ئەمەش ئەو تەگەرانەی کە ڕێی حەزو ئارەزوو دەگرن، مرۆڤ کە ڕووبەڕووی ئەو هەڵوێستە بووەوە کە تەگەرەکە دروستی کرد، جۆرە ڕەفتارێک پیشان دەدا بۆ ئەوەی لەو تەگەرەیە قوتار بێ، ڕەفتاری مرۆڤ لەو جۆرە هەڵوێستانەدا دەبێتە ئاوێنەیەکی پاک لەسەرووی ئەو ئاوێنە کەسێتی ئەو مرۆڤە ئاشکرا دەبێ[١].

لەمەوە دەزانین بینەری کارامەو هۆشیار بە جموجۆڵ و کار و جۆری ڕەفتاردا زوو کەسێتی کەسانی ناو دراماکە دەناسێ و هەر یەک سایەو پایەی خۆی بۆ دادەنێ.

***

(١) فن المسرحية-فردب ميليت، جيرالد ايدس بنتلي و صدقي خطاب ل(٢٤٨-٤٦٤).

## ٤- مەژگە (مەغزا)ی دراما

دراما دامەزراندنی ئەو جیهانە تایبەتییەیە کە نووسەر بەپێی بۆچوونی خۆی و لە پێناو مەبەستێکدا، دای دەڕێژێ، داڕێشتنی ئەو جیهانەش بەو چەشنە درامییە بۆ گەیاندن و خستنە ڕووی ئەو بیرو ڕایانەیە - یان ئەو پێڕەو و ڕێبازەیە - کە نووسەر دەیەوێ وەک پەیامێک بە خەڵکی بگەیەنێ، یان دەیەوێ خەڵکیان پێ هۆشیار بکاتەوە، ئەو بیرو ڕایانە یان ئەو تیورە کۆمەڵایەتییانە کە لە دوو تۆی دراماکەدان بوونەتە گیانی دراماکەو بە ناو ڕوخسارو ناوەڕۆکی گشتی دراماکەدا پەخش بووەو هەوێنی دامەزراندنیەتی چی جست و چالاکی کەسانی ناو دراماکە هەیە، چی تەقینەوەو هەڵچوون و گرژو خاو بوونەوەی ڕووداوەکان و مەحکەمی تەکنیک هەیە هەموویان بۆ گرساندن و مەیینی ئەو مەژگەیە کە ناوک و تەوەرەی دراماکەیە.

هەندێ جار بەو مەژگەیە دەوترێ ناوەڕۆک و هەندێکیش پێی دەڵێن نویشک[1]. ئەگەر ناوەڕۆک وردە دەماری خوێنبەرو خوێن هێنەری باڵای دراما بن ئەوا مەژگەکەی ئەو دڵەیە کە خوێن بەسەر هەموو دەمارەکانی لەشدا بەش دەکات و هێنان و بردنی خوێن و گەرما بەسەر سەرجەمی دراماکەدا پەرت دەکات و تین دەخاتە بەر هەموو دیمەنەکانی دراماکە، ئەگەر لاشەی دراما بە کۆمەڵێک ڕەگ و دەمار تەنرابێ و جەڵەوی هەموویان درابێتە دەست مێشک ئەوا مەژگەی دراما ئەو مێشک و هۆشەیە کە بووەتە سنترالی هەموو ئەو ڕەگانەو پڕکردنەوەی ئەو دەمارانە.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەگەر ناوەڕۆکی دراما مەبەستێکی هەمەکی بێ، لەناو ئەو مەبەستە هەمەکییەدا مەژگەش هەیە کە دوا مەبەستی دراماکەیە، بۆ نموونە ئەگەر مەبەستی هەمەکی لە درامای (پیسکەی تەرپیر)ی مۆلێردا ڕابواردن و گاڵتەکردن بێ بەو جۆرە کەسانە کە ڕژدن لەژێر ئەو مەبەستە هەمەکییەدا مەبەستێکی تر هەیە کە ئەویش ڕێبین کردنی خەڵکە بۆ خۆ لادان لەو جۆرە خووانە دیارە مرۆڤی بە خوو هەر خۆی زەرەر دەکات، ماڵی نەخۆریش بۆ چەکمە بۆرە.

دراما نووس پێش ئەوەی کەسانی دراماکەی وێنا بکات و پێش ئەوەی بڕیاری دروست بوونی پانی و بەرینی جیهانەکەی بدات، دەبێ مەژگەی دراماکەی لا ئاشکراو ڕوون بێ؟ دەنا ئەگەر وا نەبێ ئەوا دراماکەی دەبێتە بەرمیلێکی بۆش و بەتاڵ.

هەر لەسەرەتای پەیدابوونی دراماوە دراما نووسەکان ئەو کەسە هۆشدارو زانایانە بوون کە بەهۆی داهێنانی دراماکانیانەوە گەرەکیان بووە ئەو واقیعە تاڵەی کە تیا ژیاون ڕەتی کەنەوەو نەخشەیەکی تایبەتی بۆ سەرتاپای ژیانی مرۆڤ دامەزرێننەوە، یان درامایان کردووە بە نموونەی ئەو جیهانەی کە ویستوویانە... زانایانی ئەم سەردەمەش بۆ ڕەچاو بوونی ئەو بنەماو بیروڕایانەی کە دەیانەوێ بۆ ئادەمیزادی نوێی دامەزرێنن پەنا دەبەنە بەر دراما، کەواتە دراما گۆڕەپانی ڕاهێنانی ئەو بیروڕاو ڕێبازە نوێیانەیە کە زانایان ژیانی ئادەمی پێ تازە دەکەنەوە.

«درامای ڕاستەقینە؛ لەدرامای گریکەکانەوە بیگرە تا دەگاتە سەر دراماکانی (سامۆئیل پکیت) بۆ دامەزراندنی جۆرە فەلسەفە و چەسپاندنی جۆرە ڕێبازێکی ژیان بووە، هەروەها یەکێکی وەک (جان پوڵ

(١) مەژگە، یان مێشکگە، واتە مێشک و مەغزای شت، ورد بوونەوە لە مانای مەژگەو بەراوردی لەتەک وشەی «مەغزا»ی عەرەبیدا ئەوە دەردەخات کە مەژگە هەوێن و کرۆکی شتە، هەندێ جاریش پێی دەوترێ ناوەڕۆک، بەڵام ناوەڕۆک مەرج نییە کاکڵە و کرۆکی شتەکە بێ، نویشکیش پوختەو کورت کردنەوەی شتە.



سارتەر) بۆ چەسپاندنی (فەلسەفەی هەبوونیزم) پەنای بردە بەر نوسینی دراما بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی تەتبیقی بە خەڵکی بسەلمێنێ کە فەلسەفەی هەبوونیزم تازەبوونەوەی ژیانی ئەم سەردەمەیە.

هەروەها (برێخت) درامای وەک پێڕەوێکی زانستی بۆ ڕاهێنانی مارکسیزم وەرگرتبو، دەیویست بیروڕکانی ڕێبازی مارکسیزم لەناو جیهانی درامای داستانیدا بەخەڵک بگەیەنێ[1].

بیروڕای (بێ هودەیی - العبثیە) لە دراماکانی سارتەردا، هەروەها بەر بەرەکانێی چینایەتی لە دراماکانی (برێخت)دا دوا مەبەستی دراماکانیانە کە مەژگەی درامایە، دەبێ مەژگەی دراما بەسەرتاپای دراماکەدا پەخش بووبێ، بینەر یان خوێنەر پاش بینین و خوێندەوەی دراماکە هەست بە دوا مەبەستی بکات نەک ڕاستەوخۆ نووسەر هاواری بۆ بکات و بیدرکێنێ[2].

## ٥- دایلۆگ (dialague)

دایلۆگ پەرگەمای هۆنینەوەی سەرەتاپا دامێنی ڕوخساری درامایە، «کە ناوی دراما دەبیسی یەکسەر یادی دایلۆگ لە مێشکدا شەپۆل دەدات چونکە دایلۆگ دەستڕازەو کەرەسەی سەرەکی ڕووداوەکان و نیشان دەری ڕەنگ و ڕوخسارو نێونیگای کەسیەتی کەسەکانی درامایە[3].

کەسانی ناو دراما ئەکتەرانی سەر شانۆ بەهۆی دایلۆگەوە لە یەکتری تێ دەگەن و هەست و سۆزی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕن، دیمەنی دەرەوەی دراما بە دایلۆگدا دەناسرێ، ئەوەی دراما لە ڕۆمان و کورتە چیرۆک و چامەی هۆنراوە جیا بکاتەوە دایلۆگە.

ئەگەر کێش و سەروا ئەو نیشانانەبن کە هۆنراوە لە جۆرەکانی تری ئەدەب جیا بکەنەوە ئەوا دایلۆگیش ئەو قاڵبەو بۆتەیە کە دراما شەتەک دەدەن و هونەری درامای پێ جیا دەکرێتەوە لەمەوە وتراوە هونەری شانۆگەری بە هونەری دایلۆگ ناسراوە.

تان و پۆی ئەدەب وشەیە وشەش پەڕەمووچی نەخشاندن و؛ وێنەکێشانی دیمەنە جوانەکانی هونەرە، ئەگەر کەرەسەی سەرەکی وێنەکێشان بۆیە و ڕەنگەکان بێ؛ ئەگەر داهێنانی پارچە مۆسیقایەک بەڕێکخستنی ئاواز و سازدانی هارمۆن بێ، یان ئەگەر سەماو هەڵپەڕکێی جوان بە جمانێکی کۆمەڵی یەکگرتووی سفت بێ، ئەوا چامەی هۆنراوەی بەپێزو جوان یان ڕۆمان و درامای نایاب بنیات نانی بەرستەی ڕەوان و پڕ واتایە، ڕستەیش ڕیزکردنی وشەیە، وشەیش ئەو دەنگە ئەفسووناوییەیە کە تەلاری دراماو ڕۆمان و هۆنراوەی پێ هەڵ دەچنرێ.

لە ڕۆماندا وشە لەناو ڕستەدا کەمتر دەگوشرێ کەچی لەناو ڕستەی هۆنراوەو درامادا ئەوەندە بەر بەرەڵڵاو سەرفراز نییە بەو گوشینەی؛ ڕستەکەی پێ مەحکەم دەکرێ و بۆ ئەوەی جەڵەوی ماناکەی بەرەو هەڵچنینی لووتکەی ڕووداوەکان قیت ببێتەوە.

هەروەهاش ئەو وشەو ڕستانە پێپلیکانەی بەرزبوون و نزم بوونەوەی کوکەو بگرەو بەردەی کێشەکانی ناو درامان.

داڕێشتنی دیالۆگ وەک هۆنراوە پێویستی بە بەهرەو ڕاهاتن و قاڵ بوون و شارەزایی هەیە.

هۆنراوە لە دیوی دەرەوەی پێویستی بە کێش و سەرواو مۆسیقایە بۆ ئەوەی وێنەکانی لە بینای خوێنەرو

(١) تشريح الدراما - مارتن أسلن ويوسف عبدالمسيح ثروت. سلسلة الكتب المترجمة - ١٩٨٧ ژ (٥١) ل(٢٠).

(٢) فن الكاتب المسرحي، روجر.م.بسفيلد و دريني خشبة. ل (١٥٦).

(٣) فن الادب - توفيق الحكيم. ل١٥٢.

گوێکردا بەرواز بن و وێنا بکرێن، هەروەهاش دایلۆگی دراما ئەگەر چی زۆر جار - بەتایبەتی لە دایلۆگی پەخشاندا - بێ کێش و سەروایە، هەموو نەخشاندنی ئەو دیمەنانەن کە پێویستە لە بینای خوێنەرو بینەردا وێنا بکرێن، هەر چەند ڕستەکانی هۆنراوە ئاخاوتنی شاعیرو دەربڕینی هەست و نەستی تایبەتی خۆیەتی، کەچی دایلۆگ ئاخاوتنی کەسانی ناو دراماکەن، دراما نووسەکە تەنیا گوێگرەو نابی خۆی تێکەڵاویان بکات، بۆیە وتراوە دایلۆگ پێزانی کەسیەتی ناو درامایە، زیرەکی و دەبەنگی بیروڕایان سەبارەت بە خۆیان و جۆری ژیانیان ڕوون دەکاتەوە، چی ڕەوشتی پەنهان و ئەوەی ناو دەروونیان هەیە هەمووی وەک هێلکەی بێ توێکڵ دەخاتە بەردەم خوێنەرو بینەر، سەرەڕای ئەمەش دەبێ دایلۆگ زەمینەی تایبەتی و هەوڕ (زرووف)ی دراماکە ساز بدا.

چاوخشاندنێک بە دراماکانی گریک و ڕۆماندا ئەوە دەردەخات کە دایلۆگی دراماکانیان بەهۆنراوە بووە؛ بەڵام نەک هۆنراوەی هەست دەربڕو سۆزداری خودی و تایبەتی بەڵکو بە دایلۆگی هۆنراوەی وەها کە یەکسەر ختووکەی بڕبڕاگەی پشتی بابەتی دراماکەی داوەو سەرتاپای دراماکەی بزواندووە، هەروەهاش ڕووداوی دراماکەی وەک زنجیرەیەکی پتەو هەموو ئاڵقەکانی پێکەوە گرێ داوە... لەمێژووی درامای گریکدا وا دەردەکەوێت دایلۆگی هۆنراوە چێژێکی تایبەتی خۆی هەبووە، تەلی سۆزی گریکەکان بەو جۆرە هۆنراوەیە چێژی وەرگرتووە شاعیری لێ هاتووش بە دانانی درامادا دەرکەوتووە.

دایلۆگ بە کورت ترین و پڕ ماناترین وشە؛ ڕاستەوخۆ مرۆڤ ڕادەکێشێ و کارەساتەکان دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتیشدا ڕاڤەی ڕووداوەکان بە کارێکی وەها دەکات کە پێویست ناکات هەڵوەسە بۆ لێک دانەوەی ماناکان بکەیت[١]. دیمەنی ناو ڕستەکانی دایلۆگی هونراوە، ئان موسیقای وشەکانی دڵ و دەروونی بینەرانی کەیل و پاراو کردووە، ئەم کەیل بوونە لە هەڵچوون و تەوژمی کارتێکردنی ڕووداوەکانی دراماکە خۆی کەمتر نییە؛ هەر لەبەر ئەم هۆیە بووە کە شاعیرە کلاسیزمەکانی سەدەی حەڤدەمی وا لێ کرد کە دراماکانیان بە دایلۆگی هۆنراوە دارێژن و پێیان وابووە ئەو جۆرە دایلۆگە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی کەسانی دراماکە گەلێ بەهێزو پێزە[٢].

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە دایلۆگ پلوورە کردنی هەنسکی گەرم و تواندنەوەی کەسەری ناو دەروونی کەسانی دراماکەیەو دەڕژێتە ناو ئەستێلکی پەنگ خواردووی کارەساتەکانەوە، چاکترین و ناسک ترین دایلۆگ ئەوەیە کە وەک زنجیرەیەکی یەکگرتووی پتەو بێ، وەک پارچە شیعرێکی بەهێز، چێژ تێرو تەسەل بکات؛ خوێنەرو بینەر ڕاکێشێ بۆ لای کارەساتەکان بە مۆسیقای وشەکان تاسەی دەروون بشکێنێ، هەر دێڕە دایلۆگێک دیمەنێکی تازەی دراماکە دەخاتە ڕوو، هێزی گەشەکردن و نەشوونمای ڕووداوەکانە، لەبەر ئەمە هەندێ شارەزایان وتوویانە: ئەگەر دراما شمشاڵی لاساکردنەوەی ژیان بێ، دەبێ ئاوازەکانی دایلۆگەکانی ئەو درامایە بن، نەمری دراما بەندە بە دایلۆگی پتەوەوە، دایلۆگ گێڕانەوە نییە بەڵکو بنیات نانی ئەو سەردەمەیە کە دراماکە تیایا سەرهەڵ دەدا، ئەو ڕووداوانە؛ ئەو کەسانەی کە لە دراما نەمرەکاندا هەن هەمە دەم زیندوون و هەمەدەم لە بەرچاون و لەتەکماندا دەژین و نامرن، تۆ وەرە دراماکانی (سۆفۆکلیس) یان (شەکسپیر، مۆلێر) بخوێنەوە لات وایە ئەو کەسانە ئەو ڕووداوانە ئەمڕۆ نەخێشنراون، لات وایە بە چاوی خۆت هەموویانت دیون لەتەکیاندا ژیاوی[٣].

(١) فن الكاتب المسرحي - روجر.م. و دريني خشبة. ل (٢١٨).

(٢) الادب وفنونه – د. محمد مندور ل (١٢٠).

(٣) توفيق الحكيم - الفنان - دار الكتاب الجديد. ل (١١١ – ١١٢).



## مەرجەکانی دایلۆگ

دیالۆگ و شیعر جمکی یەک دایکن و جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیاندا نییە، دایکی هەردووکیان هونەرە ئەگەر شیعر بە ڕەواڵەت بەکێش و سەروا دەناسرێتەوە، ئەو کێش و سەروایە دەبنە کۆت و زنجیری و دەیبەسنەوە،هەروەها دایلۆگیش کۆت و زنجیری تایبەتی خۆی هەیە دەبنە مایەی ناسەربەستی درامانووس و جەڵەوی دەربڕین کرژ دەکەنەوە.

دایلۆگ پەیوەندی بە کەسیەتی کەسانی ناو دراماکەوە هەیە و لە میزاج و خۆرسکی ئەوانەوە هەڵ دەقوڵێ ئەگەر شیعر مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەبێ و وێنەکانی لە دوو تۆی مۆسیقادا بخاتە ڕوو؛ دایلۆگیش با بەرەواڵەت پەخشان بێ بەڵام دەبێ وشەکانی پڕ بە ئاوازی مۆسیقا بن و هەر ڕستەیەکی جۆرە دەنگێک بهاوێتە سەر دیمەنە هونەرییەکانی، جۆرە ڕەنگێکی حەشاردراوی کەسێتییەکان بخاتە ڕوو خۆ ئەگەر هاتوو دایلۆگەکە بەهۆنراوە بێ ئەو کاتە جگە لە بارە هونەرییە تایبەتییەکانی شیعر بارە هونەرییە دراماییەکانیشی لەسەر کۆ دەبێتەوە، ئەو وەختە دراما نووس چەند پێویستی بە بەهرە هەیە ئەوەندەو ئەوەندەی تریش دەبێ لەو مەیدانەدا قاڵ بووبی و تاقیکردنەوەیەکی پتەوی هەبێ.

دیالۆگی ڕەسەن دەبێ ئەم مەرجانەی خوارەوەی تیا بێتە دی:

١– ئەو ئاخاوتنانە کە کەسانی ناو دراماکە دەری دەبڕن و هەڵوێستی خۆیانی تیا دەر دەخەن، دەبێ لە دڵ و دەروونی کەسیەتی کەسەکانەوە هەڵ قوڵابێ، مشتێک بێ لە خەرواری دڵ و دەروونیان، چونکە ئەو ئاخاوتنانە - دایلۆگانە - بڕیاری ڕەنگ و ڕوخسارو ڕەوشتی ئەو کەسە دەدەن، بەشێوەیەکی وا ئاسانیش بێ بەبێ گرێ و گۆڵ ئەو مانایە کە لە مێشکی نووسەردا دێ بەهەمان ئەندازە لە مێشکی خوێنەرو بینەردا بچەسپێ، هەروەها دەبێ لە خوو خدەی کەسانی ناو دراماکەوە هەڵ قوڵابن و لەخۆیان بچێ نەک کابرا زێڕ فرۆش بێ و وەک کا فرۆشێک قسە بکات یان خۆی بە پەیامبەرێک بزانێ و قسەی جلفانە بکات، یان بە پێچەوانەوە کابرایەکی خوێری بێ و پەند و ئامۆژگاری فەلسەفە ئامێز بکات، ئەگەر دایلۆگ وابێ چەند ناڕەسەن دەبێ ئەوەندەش کەسیەتی کەسانی ناو دراماکە دەپەشۆکێنێ، لەمەوە ئەوەمان زانی کە دەبێ هەر کەسێک ئاخاوتنەکەی بەپێی خۆی و لە ئاست خۆیا بێ، هەروەهاش دەبێ بە پێی قۆناخی نەشوونما کردنی هۆش و هزری قسە بکات.

٢– دایلۆگی ڕەسەن ئەو ئاخاوتنەیە کە بەشێوازێکی ناسک و بێ گرێ و تەگەرە وەک ئاوی ساف لەسەر زاری کەسانی دراماکەوە سەربکات، هەروەها دەبێ لە وشەی ناقۆڵاو ڕستەی ناڕەوان و بۆش دوور بێ، نابێ کەسانی ناو دراما بەخورتی ئاخاوتنیان پێ بکرێ، بەڵکو هەڵوێست و بەگژاهاتنی بەرامبەرەکەی ناچاری بکات بکەوێتە قسەکردن... ڕستەکانیش دەبێ هەموو سادەو مۆسیقادارو پڕ واتا بن، هەر ڕستەیەک بەرپەرچی ڕستەی پێشووی بێ هەروەهاش ڕاکێشەری ڕستەی پاشەوەی خۆی بێ، واتە هەر کەسێک لە کەسانی دراماکە؛ کە ئاخاوتن دەکات لەبەر تەوژمی خواستێکدا هاتبێتە قسە... قسەکەی ئەمیش پرسیارێک یان خواستێک بێ داوای وەرامێک، یان بەرهەڵستێک بکات هەموویان بەسەریەکەوە وەک ڕشتەی مرواریەک وەهانە دەکرێن بەگەردنی درامادا، چەند سەیرکردن و تەماشاکردنیان دیدە تەسەل کەر بن ئەوەندەش ماناکانیان ئەفسووناوی و بەهادار بن.

خوێندنەوەو بیستنیان بەچێژ، بەرەو لوتکەی دراماکە ڕاکێشەر بێ، بەرەو کۆتاییش دڵ تەزێن بێ، نەک ڕستەی پچڕ پچڕ و لەنگ و گرێدار بن، چونکە وەک وتمان ئەو جۆرە دایلۆگە دەبێتە هۆی نالەباری ڕووداوەکان و پەشۆکاوی کەسەکان، هەروەها ئاخاوتنەکان وەک قسەی (ڕووداویی) ڕۆژانە وابن، تام و

بۆنی ڕووداوی ڕاستەقینەی ژیان بدەنەوە، خوێنەر یان بینەر لای وابێ، لەوانەیە ئەو جۆرە ئاخاوتنە لە ڕووداوی ڕۆژانەدا ڕوویدا، مەبەست لێرەدا ئەوەیە ئاخاوتنەکە - دایلۆگ - لە قاڵبێکی هونەری وا دابێ لە واقیع دوور نەکەوێتەوە نەک دەقاو دەق وەک قسەی ئاسایی ڕۆژانە بێ، دەنا ئەگەر وا بێ دەبێ پچڕ پچڕ و بێ سەرو بن بێ، تۆ وەرە گوێ بگرە لە دوو زەلام کە لە شوێنێکدا ڕاوەستاون و قسە دەکەن، وەرە قسەکانیان بنووسەوەو سەیریان بکە، ئاخاوتنەکەیان چۆنە؟! زۆربەی زۆری تێکەڵ و پێکەڵە.

هۆو نەمری و نهێنی مانەوەی ئەو درامایانە کە پتر لە بیست و پێنج سەدەیە هەر ماون و هەر دەخوێنرێن و دەنوێنرێن لە - سۆفۆکلس - ەوە بیگرە تا دەگاتە سەردەمی ئەلپەزابیسی و شەکسپیر[1].

بگرە تا دەگاتە سەر دراماکانی (توفيق الحكيم) نهێنی مانەوەیان ئەو پتەو داڕشتنەی دایلۆگەکانە؛ کەپڕن لە سۆزو ئاواز و تاسەو سووبوونەوە لە ترس و مۆچرک پیاهاتن کە هەتا هەتایە خوێندنەوەو بیستنیان کۆن نابێ و هەرگیز چەرخی گەردوون نایان خاتە پشت گوێ.

## جۆرەکانی دایلۆگ

دایلۆگ ئەو ئاخاوتنەیە کە بەشێوازێکی سفت و ناسک لەسەر زاری کەسانی دراماکەوە؛ بۆ ناو گوێی بینەران پلوورە دەکات و دەڕژێتە ناویەوە.

شێوازی ئاخاوتن لە درامادا لە دایلۆگدا خۆی دەبینێتەوە؛ دایلۆگیش دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە، یان پەخشانە یان هۆنراوەیە، پەخشان چەند لقێکی تایبەتی هەیە، لێرەدا شوێنی باسکردنی ئەو لقانە نییە.

هەروەها هۆنراوە وەک پەخشان چەند جۆرێکی هەیە، یان هۆنراوەی بەکێش و سەرواداره، یان هۆنراوەی بێ سەروایە، یان هۆنراوەی پەخشان ئامێزە کە پێی دەوترێ «پەخشانە شیعر - الشعر المنثور» دەبێ ئەوە بزانین کاروانی دراما لە ڕۆژی کەوتنە ڕەوتییەوە تا ئەمڕۆ خۆی لە بواری ئەو هەموو شێوانەدا تاقی کردووەتەوە؛ چەندان نموونەی بەرز و باڵا لەسایەیاندا بە بەرهەم هاتووە.

درامای ئەمڕۆ سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گۆرانی و نزا ئایینییانە کە «کۆرس» لە پەرستگاکاندا دەستە نەزەری خواکانیان ڕادەوەستان و بە ئاوازی جوان و سروودی بە سۆز، ڕازو نیازی خۆیان دەردەبڕی و کاروکردە جوانە ڕابردووەکانی خواکانیان بە وێردی جوان و گۆرانیی شایستە بەو بارەگایە دەگێڕایەوە، ئەمە وەها بوو تا شاعیری گەورەی گریک ئەسخیلۆس هاتە مەیدانەوە، ئەم شاعیرە هەندێ ئاڵ و گۆڕی بەسەر نزاو گۆرانییەکاندا هێناو سنوورێکی بۆ دەوری کۆرس دانا، نزاو گۆرانییەکانیش شێوەی دایلۆگی شیعری ئاڵمێزی وەرگرت، لەسەردەمی (سۆفۆکلیس) و (یوریپیدس)دا گۆڕانەکە هەنگاوێکی تری نا، دەوری ئەکتەر بەرەو زاڵ بوون بەسەر دەوری کۆرسدا وەرچەرخا، سروود و نزاکانیش بەرگی دایلۆگیان بە بەردا کرا، دایلۆگیش شێوەی شیعری کێش و سەرواداری بە بەردا بڕا، خۆ ئەگەر شاعیرێکی تری لێ هاتوو، درامازان دوا بەدوای (یوریپیدس)دا - هەر لە وڵاتی گریکدا - پەیدا ببوایە، لەوانە بوو دەوری کۆرس و شێوەی نزاو گێڕانەوە کۆتایی پێ بهاتایە.

لە ئەنجامی ئەم گۆرانکارییەدا دایلۆگی شیعر ئامێز پەیدا بوو، کەچی دایلۆگەکە لە دەست گێڕانەوەو نزاکردن نەیتوانی بەتەواوی ڕزگار بێ.

(۱) سەردەمی (ئەلیزابیس) بە چوونە سەرتەختی شاژن ئەلیزابیس کە لە ساڵی (۱۵۵۳ز) تا ساڵی (۱٦۰۳ز) دەگرێتەوە، لەو ماوەدا دراماکانی، درامانووس: (لیلی lyly) و (کید kyd) و (مارلۆ) لە گەشەکردندا بوون.



ئیتر دایلۆگی شیعری کێش و سەروادار بوو بە بەند و باوێکی وەها کە درامانووس و شاعیرەکان لە ئەسخیلۆسەوە بیگرە تا دەگاتە سەر دراماکانی سەردەمی (ئەلیزابیس) و شەکسپیر نەیان توانی بەتەواوی لەو بەندو باوە خۆیان ڕزگار بکەن، ئەگەرچی شەکسپیر و ڕاسین و کۆڕنی هەموو دراماکانیان بەشێوە شیعری داڕێشتبوو بەڵام وەنەبێ بە شیعری کێشە و سەروادار بووبێ، یان لە یەکەم دێرییەوە تا دوا دێری هەمووی شیعر بێ بەڵکو هەندێ جار پەخشانی هونەریشیان بەکارهێناوە بەتایبەتی لەو دیمەنانەدا کە نامەیەک یان ئامۆژگارییەکی تیا هاتبێ، بێ گومان نامەکە یان ئامۆژگارییەکە بە پەخشان دەنووسرا.

شەکسپیر لە درامای هاملێت و ڕۆمیۆ و جولێتدا ڕووداوەکانی لەناو قاڵبی شیعردا تواندووەتەوە، لە (هاملێت)دا بەو شێوازە بەرەو ناخی ئادەمیزاد شۆڕ بووەتەوە، چی گەوهەرو مرواری ناو دەریای هەناوی مرۆڤ هەیە هەمووی هەڵ گۆزیوە، کەچی لە ڕۆمیۆ و جۆلێتدا چی هەست و سۆز و تاسەی دڵداران هەیە هەمووی لەبۆتەی خۆشەویستی و ئەڤیندا تواندوەتەوە، بێ گومان ئەو دوو بابەتە دەربڕینەکەیان پێویستی بە شێوەی شیعرێکی ناسک و نایاب هەیە.

هەروەها (ڕاسین Jean Racin– ١٦٣٩) هەمان شێوازی بەکار دەهێنا بەتایبەتی لە درامای (ئەندرۆماک)دا.

(کۆڕنی Pierre Corneill)یش کە درامای (ئەلسەیید - Leeid)ی لە ساڵی (١٦٣٦)دانا بە شێوازی شیعری بەرزو بەتین ڕازاندەوە[1].

بەما بۆمان دەردەکەوێت کە شێوازی هۆنراوە میراتێکی کۆنی درامایەو نووسەرانی دراما تاکۆتایی سەردەمی ئەلیزابیسی پارێزگاریان کردووە، بەڵام دەبێ ئەوە دووبارە بکرێتەوە کە دراماکانی شەکسپیر و ڕاسین و کۆڕنی بە لۆجیکی هۆنراوەو سۆزو سۆی عاتیفە دراماکانیان دادەڕێشت، نەک بە هۆنراوەی کێش و سەروادار، ڕەنگە ئەگەر ئەو شێوازەیان بەکار نەهێنایە بەو جۆرە نەیان دەتوانی هەست و سۆزی مرۆڤ وا بێننە کەف و کوڵ، ئەو کاتەش خەڵک لایان وابوو کە شێوازی پەخشان؛ دراما دەهێنێتە خوارەوە، لەو کاتەدا شێوازی پەخشان بۆ ڕاپۆرت نووسین و هەواڵ دان بەکار دەهات[2].

هەروەها پێیان وابوو شاعیری بەتوانا ئەوەیە بتوانێ دراماکەی بەهۆنراوە دانێ، (گۆتە)شاعیری جەرمەنی وتوویەتی: «هۆنراوەی شانۆگەری نازدارترین بەرهەمی هونەرییە کە مرۆڤ دای هێنابێ»[3].

هەروەها هەندێ زانایان لایان وایە: هۆنراوە بێگەردترین مینای جوانییە، بەڵام ئەو هۆنراوەیە کە ئەمڕۆ هەندێ جار دایلۆگی درامای پێ دادەمەزرێ، ئەو هۆنراوەیە نییە کە پارچە چامەیەکی شیعری شاعیرێکی پێ نووسرابێتەوە، بەڵکو ئەو شێوازە هونەرییەیە کە دیمەنەکانی وەک پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگ باڵەفڕێ دەکەن و کەسانی ناو دراماکە بەیەکدا دەدەن، بەخێراش ڕووداوەکان وەرگێڕو داگێڕ دەکەن، بەم جۆرە شێوازە دەوترێ: «هۆنراوەی بێ سەروا» یان «پەخشانی هونەری».

مەرج نییە هەر ئاخاوتنێکی هۆنراوە ئامێز شیعر بێ، یان هەر درامایەک دایلۆگەکەی خرایە ناو قاڵبی کێش و سەرواوە بوو بە دایلۆگی شیعر، شیعر لە درامادا گوڵاوێکە لە گوڵێکدا، یان ڕووناکییە لە

(١) المسرحية العالمية ـ الجزء الثاني . ت الار دايس نيكول ود.محمد حامد شوكت. ل(١٠٨-١٠٩).

(٢) علم المسرحية الآرديس نيكول ودريني خشبة. ل(٢٠٩-٢١٠).

(٣) گوتە (١٧٤٩-١٨٣٢) نووسەری بەرزی جەرمانە کە بە درامای (فاوست) بەناوبانگە، بۆ زێدە زانیاری بڕوانە (المسرح العالمي من اسخليوس الي اثر ميللقر) (الدكتور لويس عوض) ل(٢١١).

چرایەکدا، وەنەبێ ئەو گولاو و ڕووناکییە بەدەست بگیرێن بەڵکو گیانی گوڵەکەو چراکەیە، چونکە خۆی شیعر نییە بۆنەکەی شیعرە»[1].

دایلۆگی دراما دەبێ ئەو گیانەی تیابێ.

## ٦- کەش و دەوروبەر

هەر دراما یەک یان هەر دیمەنێکی تایبەی ناو دراما مەناخ و دەوروبەری تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە کە درامای هاملێتی شەکسپیر یان شەهرەزادی (توفیق الحکیم) دەخوێنینەوە ڕاستەوخۆ دەچیتە ناو کۆشک و تەلاری شاهانەو خۆمان لە بەردەم کۆمەڵە خەڵکێکی ئۆرستۆکراتیدا دەبینینەوە، لە هاملێتدا دەوروبەر هەمووی هەڵچوون و هەوڵ دانە بۆ ناپاکی و تۆڵە سەندنەوە، هەموو شتێ بەرەو تووڕەبوون و بەرەو بەگژداچوون و هەرەس بردن دەڕوا، کەچی لە شەهرەزادا کەش و دەوروبەر هەمووی لەلایەکەوە تۆوی گومان دەچێنێ و لەلایەکی ترەوە ڕیشەکێشی دەکات، هەروەها پاکژ کردنەوەی دڵ و دەروونە لەو لەجەرییەی کە کرمی گومان لە دڵی شەهرەیاردا خڕی کردبووەوە.

داهێنان و دامەزراندنی ئەو جۆرە دەوروبەرە کە پێویستی بە گەشەکردنی ڕووداوەکانە دەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەو وشەو ڕستانە کە دایلۆگەکەیان لێ پێک هاتووە.

هونەری نووسەری دراما لەوەدایە کە دایلۆگەکەی بێ لەوەی کارو ساتەکان بەرەو پێشەوە هەڵ دەنێ و خۆرسکی پاڵەوانەکان دەردەخات، دەبێ لە هەمان کاتیشدا ئەو مەناخە بڕەخسێنن بۆ تاودانی بگرەو بەردەی ئەو کارەساتانە، دروست بوونی ئەو مەناخ و کەشە وەنەبێ لە ئەستۆی تاکە وشەیەک یا لە ڕستەیەکی دایلۆگەکەدا بێ، بەڵکو بەسەرانسەری دایلۆگەکەدا پەخش بووە، ئەگەر دایلۆگەکە شی بکەینەوە بەشوێن ئەو وشەو ڕستانەدا بگەڕێی کە ئەو مەناخەیان سازداوە ئەگەینە ئەنجام؛ کەواتە دەبێ جۆری دەوروبەری دراماکە بەگشتی؛ یان دیمەنێک لە دیمەنەکانی؛ بەشێوەیەکی دینامیکی لەتێکستەکەوە سەرچاوە بکات و هەڵقوڵێت بەبێ ئەوەی شێوازی لۆجیکانەی دایلۆگەکە لارە سەنگ بکات.

هەندێ لە نووسەرانی دراما - یان دەرهێنەر و ئامادەکەری ڕۆمانێک بۆ شانۆ - بۆ ئەوەی دەوروبەرو مەناخی سروشتی و سایکۆلۆژی کەسانی شانۆگەرییەکە ڕوون بکەنەوە، پەنایان دەبردە بەر جۆرە فێڵێکی هونەری وەک لەم دێرانەی خوارەوە باسیان دەکەین:

پێش ئەوەی پەردە لەسەر شانۆگەرییەکە لابدرێتەوە دوو زەلامیان دەهێنایە سەر شانۆ و گفتوگۆیان لەبارەی کەسانی شانۆگەرییەکەو ڕووداوەکانیانەوە دەکرد، ئەگەر ڕووداوەکە پەیوەندی بە دوو پیاوی خانەدانەوە بوایە ئەوا نۆکەری هەردووکیان دەهاتنە سەرشانۆ و باس و خواسی ڕووداوەکانیان دەگێڕایەوە، هەندێکیش باسی شان و شەپیلاکەکانیان دەکردن، یان ئەگەر شانۆگەرییەکە ڕۆمانێک بوایە، بۆ شانۆ ئامادە بکرایە، حیکایەت خوانێکیان دەهێناو بەپێی پێوست و بەشێوەی گێڕانەوە باسی بارودۆخی کەسان و ڕووداوەکانی دەکرد، هەندێ درامانووس بە ڕوون کردنەوەی مەناخ و بارو دۆخی چیرۆکەکە لە دیمەنی یەکەمی دراماکانیاندا ڕوونکردنەوەیەکی دوورو درێژیان دەنووسی و ئەوجا کەسانی شانۆگەرییەکانیان دەخستنە دواندن، ڕەنگە هەندێ لەو نووسەرانە بەو پێشەکییە بیانەوێ یارمەتی دەرهێنەر بدەن کە چۆن دەوروبەری ڕووداوەکان سازبدا، بەڵام وەک وتمان دایلۆگی ڕەسەن ئەوەیە وەک سێوێکی لاسوور وابێ هەم بخورێ و هەم بۆنی خۆش بداتەوە.

(١) أحاديث مع توفيق الحكيم من سنة (١٩٥١-١٩٧١) ل (١٤٤-١٤٥).



هەندێ جاریش نووسەران (مەنۆلۆج) بۆیە بەکار دێنن تا بەو هۆیەوە بارودۆخەکە ڕوون بکەنەوە، یان هەندێ جار کەسانی ناو دراماکە (نامە)یەک دەدرێتە دەستیان و دەیخوێننەوە، ئەکتەر شێوازی مەنۆلۆج بەکار دێنێ لات وایە نووستووەو وڕێنە دەکات یان کە نامەکەی دەخوێنێتەوە پێت وایە بۆ خۆی دەیخوێنێتەوە.

(ئیبسەن) یەکەم درامانووس بووە کە ئەو جۆرە تەکنیکەی بێ بایەخ کردووەو بە فێڵێکی هونەری ناشایستەی داوەتە قەڵەم، لە جیاتی ئەوانە ڕوونکردنەوە - التوضيح - ی لاوەکی بەکارهێناوە[1].

## ٧- گرێ (Plot)

دراما پەیکەرێکی هونەری یەکگرتووی دانەبڕاوە، بەڵام ئەگەر ئەم پەیکەرە بدەینە بەر سەرنجی ورد لێ بوونەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە چەندان نەژادی هونەری پێک هاتووە، یەکێک لەو نەژادانە کەسانی ناو دراماکەن، لەناو ئەو کەسانەشدا پاڵەوانی سەرەکی هەیە، پاڵەوانیش کەرەسەی سەرەکی پێکەوە نانی ئەو پەیکەرەیە، بەم پاڵەوانە دەوترێ (قارەمان) ئەم قارەمانە هەموو سەرەداوی دراماکەی لەمل دەئاڵێ و سەرنج و هۆش و تاسەو باری چاوەنواڕی بەرەو لووتکە یان بەرەو پێشەوە دەبات و ڕووداوەکان دەکاتە پردە بازی هەنگاونان و حەز و ئارەزووی خوێنەرو بینەران بەرەو هەنگاوی داهاتوو پاڵ پێوە دەنێ، لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: لەبەر چی ئەم پاڵەوانە خۆی تووشی ئەو هەڵدێرەو ڕێگەی هاتونەهاتە دەکات؟.

هەڵبەتە مەبەستێکی تایبەتی خۆی هەیە، دەیەوێ بیهێنێتە دی، دەنا ئەگەر مەبەستێکی وای نەبێ ئەو کات بینەر - یان خوێنەر - دڵی بەو قارەمانە ناسووتێ و هۆش و سۆزی خۆی ناخاتە تەکی، لە پێناوی ئەو مەبەستەدا خۆی لە ڕێی هاتونەهات دەدات و وەک مرۆڤێکی تێکۆشەر واز لە خەبات ناهێنێ و دەستەوەسان ڕاناوەستێ و هەوڵ دەدات و خۆی تووشی چەندان چوترم و تەگەرەو ئازار و چەوسانەوە دەکات، تاڵ و سوێری چێشتن لە ڕێی هێنانە دی ئەو مەبەسەدا دەبێتە هۆی تواندنەوەی بەزەیی بینەران، ئەمەش شتێکی ئاشکرایە کە ڕێگەی هێنانەدی ئەو مەبەستە وەنەبێ بەگوڵ ڕازرابێتەوە، بەڵکو ڕێگەی گەیشتن بەو مەبەستە پڕیەتی لە مەترسی و تەگەرەی سامناک بەو تەگەرانە دەوترێ «گرێ».

دیارە گرێ دەکەوێتە نێوان دوو لکەوە، یەکەمیان بوونی قارەمانە، دووەمیان بوونی مەبەست (هدف)ێکی سەرەکییە.

مەبەستی ئەو قارەمانە نایەتی دی ئەگەر بەسەر گرێکەدا سەرنەکەوێت سەرکەوتنیش بەکۆشەش و تەقەللادان دەبێ.

مەرج نییە هەموو جار قارەمان بگاتە مەبەست، بەڵام قارەمانی دراما دەبێ بەرەو مەبەستەکەی هەوڵ بداو ببێ بە نموونەی ئەو مرۆڤەی کە تا دوا هەناسەی لەپێناوی مەبەستێکی پیرۆزدا واز ناهێنێ.

لێرەدا دەبێ ئەوە بزانرێ ئەگەر مەبەستەکە نەهاتە دی و قارەمانەکەش تا هێزی تیا مابوو کۆڵی نەداو خۆی لە پێناویا کرد بە قوربانی لێرەدا ئەم کارەساتە دەبێتە تراژیدیا.

ئەگەر مەبەستەکە هاتە دی ئیتر هاتنە دییەکە لە ڕێگەی هەوڵ دان و خەباتی قارەمانەوە بوو یان خواو ڕاسا وا ڕێک کەوت، هەندێ هەل و مەرجی تایبەتی لە پڕ بۆی ساز دراو مەبەستەکە وەک دۆزینەوەیەک هاتە دی، ئەوا دراماکە دەبێتە کۆمیدی، ئەو مەبەستەی کە «گرێ»کەی لەبەر دەمدا دانراوە دەبێ

(١) فن الكاتب المسرحي. روجر.م. بسفيلد - دريني خشبة. ل(٢٣٢-٢٣٣-٢٣٤).

مەبەستێکی پیرۆز بێ و شایستەی تێکۆشان و هێنانەدی بێ، هەروەهاش ئەو هۆیانەی کە لە ڕێی هێنانەدی مەبەستەکەدا بەکار دەهێنرێن دەبێ نالەبار نەبن، ئەگەر وابوون ئەوا پاڵەوانەکە لە جیاتی بەزەیی پیا هاتنەوە ڕک و بێزی خەڵک دەکاتەوە، ئەگەر قارەمانی دراماکە بۆ گەیشتن بە مەبەستەکەی وای دەویست کە بەگژ یاسای سروشتدا بچێ یان لەتەک باری سایکۆلۆژی خۆیا بکەوێتە زۆران بازی ئەوا لەڕێی زاڵ بوون بەسەر ئەو یاسانەدا یان بەسەر باری سایکۆلۆژی دا؛ ڕووبەڕوو دەبێتەوە، زاڵ بوون بەسەر ئەو دوو شتەدا کارێکی ئاسان نییە.

ئەگەر قارەمانی دراما بۆ ئەو مەبەستەی کە هەوڵی بۆ دەدا، یەکێکی تریش وەک خۆی لە هەمان کاتدا بە هەمان چەشن هەوڵی بۆ دەدا، ئەوا ئارەزووی هەردوو قارەمانەکە بەرەنگاری یەکتری دەبن و دژ بە یەکتری ڕادەوەستن، وەک دوو ئۆتۆمبیل کە هەردووکیان لەیەک کاتدا بیانەوێ بە تەنگە بەرانێکدا بڕۆن، ئارەزووی هەر یەکێکیان دژ بەوەی تریانە کە ئەمە دەبێت «گرێ»ی دراما(١).

هەندێ درامناسەکان لایان وایە دراما بریتییە لە گرێیەکی سەخت، هەر چیرۆکێک یان درامایەک گرێی تیا نەبێ تا سەو چاوەڕوانی تیا نابێ، کردنەوەی ئەو گرێیەش بەندە بە هەندێ کوێرە ڕێی وەهاوە، کە هەر یەکێکیان گرێیەکی ترە، بۆیە بەرەو کردنەوەی ئەو گرێیە پاڵەوانێکی چالاک و لێهاتووی دەوێ؛ لەبەر ئەمە بەپێی ئەو گرێیە و بەپێی ئەو ڕێگە سامناکەی کە مرۆڤ دەگەیێنێ پێی؛ دەبێ بایەخ بە پاڵەوانی دراماکە بدرێ.

بۆ ئەوەی لە بابەتی گرێ دوور نەکەوینەوە، دەبێ واز لە قارەمانی دراماکە نەهێنین، ئەوە بوو وتمان: ئەگەر قارەمانی دراما یەکێکی تر وەک خۆی بەرەو ئەو مەبەستەی هەوڵی دەداو ڕێگەی لەم گرتبوو دەبێ قارەمانەکە بەرامبەر بەوی تر ڕاوەستێ و لەتەکیا بجەنگێ... ئا لێرەدا زۆران بازی (الصراع – Conflict) ڕوو دەدات، ئەم زۆران بازییەش لەخۆیدا تەوەژم بردنی گرێکەیە.

دراما خۆی لە خۆیدا نواندنی کارەساتە؛ کارەساتیش هەمووی زۆران بازی و ناکۆکییە لەنێوان چەند هێزێکی دژ بەیەکدا، کەی زۆران بازییەکە ئاڵۆز بوو؛ ئەو ئاڵۆزبوونە دەبێتە «گرێ» کەواتە گرێ خەست بوونەوەی کارەساتەکانەو بەشێکە لە زنجیرەی ڕووداوەکان، بۆیە هەندێ لە نووسەرانی دراما گرێ و کارەسات و تێکۆشانی کەسانی دراماکە تێکەڵ بەیەک دەکەن؛ هەندێکیان لە جیاتی هەندێکیان بەکار دەهێنن بۆ زێدە ڕوون بوونەوە؛ گریمان نووسەر زێڕینگەرە «هەیاسە»یەک دروست دەکات، ئەم هەیاسە پارچە هونەرێکی نەخشێنراوە لە ناوەڕاستیا «گۆ»یەک هەیە ئەم گۆیە گرێ کەیەتی، ئەم گرێیە ئەو پشتێنەی کردووە بە هەیاسە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە هەیاسەکە تەنیا ئەو گرێیەیە، یان ئەگەر دراما ئەنگستیلەیەکی گران بەهای هونەر ئامێز بێ گرێ کەی ئەو (گۆ)یەیە کە مروارییەکی جوان یان قاژە یاقووتێکی نازداری تێ ئاخێنرابێ، یان ئەگەر دراما جۆگەی ئاوی قەت پاڵێکی سەخت بێ لە ناوەڕاستی جۆگەکەدا گاشە بەردێکی گەورە بەری ئاوەکەی دەگرت بۆ پلوورەکردنی ئاوەکە دەبێ گاشەبەردەکە کوناودەر بکرێ، ئەم گاشەبەردە گرێی درامایە، مەرج نییە درامایەک گرێی تیا بێ، لەوانەیە هەر دیمەنێک لە دیمەنەکانی دراما گرێیەکی تێ کەوێ؛ بەڵام گرێ گەورەکە وەک لووتکەیەکی بەرز دەکەوێتە ناوەڕاستی دراماکەوە، کردنەوەی هەر گرێیەک لەو گرێیانە پێشەکی و ڕاهێنانە بۆ کردنەوەی گرێکەی پاشەوەی خۆی، پاڵەوانی چیرۆک کە گەیشتە سەر پۆپەی لووتکەکە، واتە کە زاڵ بوو بەسەر هەورازی دراماکەدا ئیتر بەرەو نشێوی شۆڕ دەبێتەوە، نشێویش پڕیەتی لە هەڵدێرو کوێرە ڕێی سەخت لەکوێدا مەترسی و

(١) الحياة في الدراما ل(٤١).



زۆران بازی کۆتایی پێ هات دراماکە لەوێدا تەواو دەبێ، ئەو شتانە کە دەبنە چێوەی دیارکردنی «گرێ» ئەمانەن:

١– بوونی قارەمان: چ یەکێک بێ چ چەند کەسانێک بن، ئیتر مەرج نییە سەر بە چ بەرەو چینێکی ناو کۆمەڵ بن، هەر چەن درامای کلاسیکی کۆن و نوێ وای پێ پەسەند بووە کە قارەمان خاوەن شکۆ و لەچینی بۆرژوا بێ.

٢– بوونی مەبەست: قارەمانی دراما دەبێ لە پێناوی مەبەستیکی شیاودا هەوڵ و خەبات بکات، ئەو مەبەستەش دەبێ شایستەی ئەو هەوڵ دانە بێ، ئەو مەبەستە دەبێ مەبەستێکی نەمری مرۆڤانە بێ.

٣– بوونی چەند تەگەرەیەک کە یەک لەدوای یەک بەرەنگاری حەز و ویستی قارەمانی چیرۆکەکە دەبن و زاڵ بوون بەسەریاندا، تاوی زێدە تێکۆشان و هەوڵ دان خەست دەکەنەوە؛ قارەمانەکەش لە بۆتەی بەرگری و زۆران بازیدا قاڵ دەکەنەوە.

٤– بوونی دوو هێزی دژبەیەک: ئەگەر هاوسەنگی یەک بوون پتر دژایەتی و زۆران بازی لەنێوانیادا کرژ دەبێتەوە، لە درامای گریکەکاندا مەرج نەبوو ئەو دوو هێزە هاوتای یەک بن، چونکە قارەمانەکانیان زۆرتر بەرامبەر قەزاو قەدەرو چارەنووس دەبوونەوە، بۆیە دەچەوسانەوەو تووشی ناتەسەری و کوێرەوەری دەهاتن، تەوەری کارەساتی تراژیدیای گریک لەوەدا بوو کە پاڵەوانی دراماکە پێشەکی ئاگاداری ئەوە نەبووە کە تیری قەزای بۆ کەوتووەتە کار.

## ٨– زۆرانبازی (Conflict)

دراما نەخشەکێشانی کێشەو ناکۆکییە لە نێوان چەند هێزێکی دژ بەیەک... ناکۆکی کە گەیشتە ڕاددەی زۆرانبازی دەبێتە شتێکی دوو لایەنە، بناغەکەی دژایەتییە لەنێوان دوو، ویستی هۆشیار (الارادة الواعیە)دا سەبارەت بە هێنانەدی یەک مەبەست(١).

ئەو دوو ویستە دووبەرەکی دژ بەیەک دێنێتە ئاراوە، ئەم دوو بەرەکییە جاری وا هەیە دەگاتە لووتکەی زۆرانبازی لە نێوان دوو کەسدا، جاری واش هەیە لەنێوان کەسێک و چەند کەسانێکی تردا خۆی دەنوێنێ، یان واش دەبێ زۆرانبازییەکە دەکەوێتە نێوان کەسێک و دەوروبەریان لەنێوان کەسێک و بەندوباوی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەردەخات، هەندێ جاریش زۆرانبازییەکە دەکەوێتە نێوان کۆن و نوێدا، یان لەنێوان ئارەزووە نوچاوەکان (الرغبات المکبوتە)ی مرۆڤ و لەنێوان (منی - الانا -)ی بالادا، ڕوودەدات، ئەم جۆرە زۆران بازییە پێی دەوترێ ناکۆکی سایکۆلۆژی، دیارە ئەو جۆرە ناکۆکییە دەروونی مرۆڤ دەکەنە گۆڕەپانی ئەو زۆرانبازییە(٢).

زۆرانبازی و دژکاری لەنێوان ئەو دوو هێزەدا بزووتنەوەو جموجۆڵێکی ئاڵۆزاوی ناهەموار دروست دەکات.

(١) الدراما بين النظرية والتطبيق - حسين رامز محمد رضا. ل(٤٧٩).

(٢) - ڕێبازی شی کردنەوەی دەروون (School of Spychoalysis).کە دامەزرێنەری (S.freud)ە پێی وایە دەروونی مرۆڤ لە سێ لا پێک هاتووە:

١– (ئەو - الهو - id) کە بارەگای هێزی لبیدۆ (Libido)یەو سەرچاوەی هەموو هێزێکی بایلۆژییە چی مەگێزو ئاڵۆش و ئارەزوو خوایشە سروشتییەکان هەن لەوێدا جەم بوون، هەمە دەم هەڵپەی ئەوە دەکات کە ئارەزووەکان خۆی تەسەل بکات، ئیتر ئەو دەربەسی لۆجیکی هۆش و بەرپرسیاری بەندو باوی کۆمەڵ و یاسا و ئایین نایەت.

گوێشی لە کات و شوێن نییە، کەی ویستی کاری خۆی جێبەجێ دەکات، ئەوەتا منداڵ کەی بیەوێ لەکوێ بێ میزی خۆی=

زۆرانبازییەکە؛ نیشانەی هەڵچوونی هێزە دژوارەکانە چەند تەوژم ببات ئەوەندە دەبێتە مایەی خەست بوونەوەی هونەری دراماکە، بۆیە وتراوە: لە پاڵ هەموو تەوژمێکی زۆرانبازیدا ویستێکی بەهێز و توانا دەبێ ببێ بۆ ئەوەی بتوانێ زاڵ ببێ بەسەر هەڵوێست و بەمەبەست بگات، ئەگەر بەمەبەست نەگەیشت دەبێ سەری خۆ دانەوێنێ و پاڵەوانەکە خۆی بکوژێتەوە.

زۆران بازی لە جیهانی درامادا دەکرێت بەچەند بەشێکەوە:

١- زۆرانبازی دەرەکی: مەبەست لە زۆرانبازی دەرەکی ئەوەیە، ئەو جۆرە زۆرانبازییە شێوەیەکی دیارو ئاشکرای هەیە و بینەران و خوێنەرانی دراما ڕاستەوخۆ دەزانن زۆرانبازییەکە لەسەر چییەو هۆی ناکۆکی و دژایەتییەکە دیارە.

ئەو جۆرە زۆرانبازییە لە دراماکانی (ئاسخیلۆس)دا بە ئاسانی بەدی دەکرێ، نموونەی هەرە ئاشکرای لە درامای (پرۆمیسۆس)دایە کە باوکی هەموو مرۆڤە، بە دزی (زیوس)ەوە کە خوای ئاگر و ڕۆجیارە چلۆسکێکی ئاگرینی بۆ مرۆڤ هێناو فێری ئاگر کردنەوەو بەکارهێنانی کردن(١).

کە زیویس زانی وا مرۆڤ فێری ئاگر کردنەوە بووە، ڕکی هەڵساو تووڕە بوو، لە ئەنجامدا بۆی دەرکەوت کە (پرۆمیسیۆس) ئاگری بۆ مرۆڤ دزیوەو فێری نهێنییەکانی ئاگری کردوون، بۆیە بڕیاریدا کە سزای بدات، هەندێ لەبەردەستەکانی خۆی بەسەرۆکایەتی (هیڤایستۆس)(٢).

ڕەوانەی سەر زەوی کردن بۆ ئەوەی (پرۆمیسیوس) بگرن و باڵ بەستی بکەن بۆ ئەوەی سزا بدرێ، سزاکەشی ئەوە بوو بردیان بۆ سەر لوتکەی یەکێک لە شاخە بڵندەکانی (قەوقاز) لەوێ لەسەرتاشە بەردێکی ڕەق بەستیانەوە، هەڵۆیەکیان بەدیارییەوە دانا بۆ ئەوەی لە ڕۆژدا پارچەیەک لە جەرگی لێ بکاتەوەو بیخوا، لەشەودا وازی لێ بێنێ، ئەو پارچەیە تا بەیانی سارێژ ببێتەوەو هەمدیسان کە ڕۆژ بووەوە هەمان پارچەی لێ بکاتەوە، ئیتر هەتا هەتایە ئەمە سزای پرۆمیسیوس بێ، ئەم ئازارە ساڵەهای ساڵ درێژەی کێشاو خۆی لە بەریا ڕاگرت، لەگەڵ ئەو هەموو سزایەدا پرۆمیسیوس وازی نەهێناو لەو کارەی کە کردبووی پەشیمان نەبووەوەو سەری دانەنەواند، تا لە نەوەی خۆی قارەمانێک پەیدا بوو کە ناوی (هەرەقل) بوو، توانی تیرێک بئانگاوێتە ئەو هەڵۆیەو بیکوژێ، ئا بەو جۆرە پرۆمیسیوس لەو ئازارە سەختە ڕزگار بوو، زۆر کەسی چەپەڵ و بەد خوو دەچوونە لای پرۆمیسیوس و داوایان لێ دەکرد، کە واز لە بڵاوبوونەوەی ئاگر لەناو مرۆڤدا بێنێ و دەست بەکڵاوی خۆیەوە بگرێ!.

=دەکات.

٢- (من - الانا - Ego) ئەم لایەی دەروون وەک لای پێشوو زکماکی نییە، بەڵکو پلە بە پلە لەتەک چوونە ساڵی منداڵ و وەرگرتنی شارەزایی و پەروەردە بووندا دروست دەبێ و، مرۆڤ بە یارمەتی ئەم لایەنە دەتوانێ چاک و خراپ، تاڵ و ترش، ڕەش و سپی بێ سوود و بەسوود... هتد... لێک جیا بکاتەوە.

٣- (منی باڵا - الأنا الاعلی - ) هەندێ جاریش پێی دەوترێ (ویژدانی نەست - Super ego) کاری ئەم لاینەی دەروون ئەوەیە چی بەندو باوی ناو داب و نەریت و یاساو ئایین و ڕەوتی پەسەند و ناپەسەندی ناو کۆمەڵ هەیە هەمووی هەڵ دەمژێو کەسێتی مرۆڤی پێ ڕەنگ دەکات و لە بۆتەی کۆمەڵکەی خۆیدا دای دەڕێژێ، ئەم منی باڵایە، دەبێتە قاپاغی دەروون و سەرکاری دەروون و هەمیشە کاری ئەوەیە حەز و ئارەزووەکانی مرۆڤ لەتەک بەهاکانی کۆمەڵدا بگونجێنێ، (بۆ زێدە زانیاری لەم ڕووەوە تەماشای (اصول علم النفس - الدکتور احمد عزت راجح) بکە ل (١٤٨-١٤٩-١٥٠) - (الطبعة الثانية - دار الکتاب - الاسکندرية).

(١) ئاگر لێرەدا نیشانەی ڕۆشنانییەتی و زانیارییە.

(٢) (هێڤایستوس) لە میتولۆژیای گریکدا خوای ئاسنگەران بووە.



کەچی ئەو گوێی نەدانێ و لەسەر ڕای خۆ و هەڵوێستی خۆی سوور بوو؛ ویستی پوڵایینی لەبەر زەبر و زەنگی خواکان و خەڵکە نەزانەکەدا نەچامەیەوە، بۆیە لە پاشدا سەرکەوت(١).

٢-هەندێ جار وا دەبێ زۆرانبازی لە نێوان قارەمانی دراماو هێزێکی ئایدیالی نهێنیدا - کە پێی دەوترێ چارەنووس - القدر fate -دا دەبێت، هەر چەند هێزی مرۆڤ لە چاو هێزی ئەو دەعبایەدا کە پێی دەوترێ: - چارەنووس - هاوتا نەبوون، بەڵام تراژیدیاکە لەوەدایە کە ئەو قارەمانە بە ناچاری بەرەنگاری ئەو هێزە دەبووەوە، چاری ناچار بوو، وەنەبوو بیەوێ دەستەویەخەی ڕاوەستێ بەڵکو هەوڵی دەدا خۆی لێی بدزێتەوەو لێی ڕزگار ببێ، بەڵام چارەنووسەکە لە کۆڵی نەدەبووەوەو لە کۆتاییدا گاز ڕای پشتی لە زەوی دەداو گرفتاری دەکرد.

ڕوونترین نموونەش بۆ ئەم جۆرە زۆرانبازییە قارەمانی چیرۆکەکەی (سۆفۆکلیس)ە کەناوی (ئۆدێپ - Oedupus)ە بە پێی میتۆلۆژیای گریکەکان ئەم ئۆدیپە پێش لە دایک بوونی - چارەنووس ـ ی ناهەموار مۆری بێ چارەیی و کلۆڵی پێوە ناوەو دەرباز بوونی لەدەست و چنگی بێ بەزەیی ئەو چارەنووسە نییە، بە هەر لایەکدا خۆی لێی بدزێتەوە وەک مێمڵ بەدوی دەکەوێ.

دیارە لە زۆربەی دراما تراژیدیاکانی گریکدا ئەو ناکۆکییە لەنێوان ئارەزووی مرۆڤ و بڕیاری چارەنووسدا هەیە، درامای (پاشا ئۆدیپ) یەکێکە لە شاکارەکانی تراژیدیای گریک و بەرزترین و باڵاترین چیرۆکی ئەم ئادەمیزادەیە.

کورتەی چیرۆکەکە ئەمەیە: «ئۆدیپ» کوری (لایۆس)-ە، ئەم (لایۆس)ە پاشای شاری تیبەیەو ئۆجاخ کوێرە، لایوس داوای لە (قەیران - عراف) زانەکان کرد کە بزانن بۆچی منداڵی نابێ، ئەوانیش، پێیان وت لەوانەیە کوڕێکت ببێ، بەڵام ئەو کوڕە کە گەورە دەبێ، باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی خۆی مارە دەکات، لەبەر ئەو نقلانەیە کە ئۆدیپ لە دایک دەبێ (لایۆس)ی باوکی دەیدات بە شوانێک کە بیبا لە شاخێک فڕێی بدا.

شوانەکە منداڵەکەی برد بەڵام دڵی نەهات فڕێی بدا بەڵکو فرۆشتی بە شوانێکی تر ئەم شوانە منداڵەکەی برد بۆ شاری (کۆڕنسا) کە پاشای ئەو شارەش ئۆجاخ کوێر بوو، ئەم منداڵەیان لە شوانە وەرگرت و گەورەیان کرد، لەوڵاتی (کۆڕنسا)شدا نقلانە زانەکان بلاویان کردەوە کە ئۆدیپ باوکی خۆ دەکوژێ و دایکی خۆی مارە دەکاتەوە، ئۆدیپ کە ئەمەی زانی بڕیاریدا کە شاری (کۆڕنسا) بەجێ بێڵێ و سەری خۆی هەڵگرێ، نەوەک ئەو بەسەرهاتە نامەردانەی بەسەردا بێ، سواری گالیسکەیەک دەبێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ و بەرەو وڵاتی (تیبا) دەکەوێتە ڕێ، تا دەگاتە تەنگە بەرانێک لەوێ لەگەڵ گالیسکەی پیاوێکی تردا تێگیران و هەردوو پیاو دەستەو یەخەی یەکتری دەبنەوە، چونکە هەر یەکێک لەوان دەیەویست گالیسکەکەی خۆی پێش ئەوەی تر تێپەڕێنێ، ئۆدیپ پیاوەکەی تری کوشتو تێپەڕی، نەی دەزانی ئەو پیاوەی کە کوشتی پاشای شاری (تیبا)یەو باوکی ڕاستەقینەی خۆیەتی، ئۆدیپ ڕێی خۆی گرت و ڕۆیشت تا گەیشتە نزیک شاری تیبا لەوێ لە دەرەوەی ئەو شارە (دەعبا - دێو)ێک پەیدا ببوو هەر کەسێک کە بەرەو شاری تیبا بڕۆشتایە (مەتەڵ - لغز)ێکی لێ دەپرسی ئەگەر نەی زانیایە دەیکوشت، وڵاتی تیبا لەتاو ئەو دێوە کەوتبوونە مەترسییەکی گەورەوە، ئەوەی دەچووە دەرەوەو دەهاتە ناو شار لەدەسەت ئەو دێوە دەرچوونی نەبوو، دێوەکە بڕیاری دابوو، ئەوەی مەتەڵەکە هەڵ بێنێ خۆی فڕێ دەداتە ناو دەریا و خۆی دەخنکێنێ، ئۆدیپ وا نزیکی شاری تیبە بووەوە، دێوەکە ڕێی پێ گرت و

(١) الادب وفنونة – الدکتور محمد مندور. ل(١٠٩).

پرسیارێکی لێکرد: (ئەوە چییە بەیانیان لەسەر چوار و نیوەڕوان لەسەر دوو، ئێوار لەسەر سێ دەڕوات؟).

ئۆدیپ وەرامی دایەوە، ئەوە مرۆڤە، (بەیانیان قۆناخی منداڵییە، گاگۆڵە دەکات و لەسەر چوار دەڕوات، نیوەڕوان قۆناخی لاوی و هەرەتی پیاوییە لەسەر دوو پێ ڕادەوستێ و لەسەریان دەڕوا، ئێواران قۆناخی پیرییە، گۆپاڵێک بەدەستییەوە دەگرێت لەتەک دوو پێدا ئەمە سێ...).

کە دێوەکە زانی ئۆدیپ مەتەڵەکەی هەڵ هێنا ڕاستەوخۆ خۆی فڕێ دایە ناو دەریاو نوقم بوو.

شاری تیبە لە دەست ئەو دێوە ڕزگار بوو (جۆکاستا) کە شاژنی ئەم شارە بوو، بێوەژن بوو، مەرجی کردبوو، ئەوەی ئەو دێوەی لە کۆڵ بکاتەوە شووی پێ بکات، کەزانرا ئۆدیپ دێوەکەی فەوتاندووە مێردی پێکرد و بوو بە پاشای شاری تیبا.

دیارە خوا نەگریسەکانی ئەو کاتە بەم کارە ڕازی نەبوون، چۆن دەبێ یەکێک دایکی خۆی مارە بکاتەوە، لەبەر ئەمە نەخۆشی لاڕەشە - طاعون - یان لە شارەکەدا بڵاوکردەوە، ئەم نەخۆشییە کارەساتێک بوو بەسەر ئەو شارەدا هات، نەخۆشییەکی وای بێ ئامان دەبێ نەفرەتێکی خوایی بێ؛ موغانەکان دەیانزانی لەبەرچی خواکان ئەو دەردە بێ دەرمانەیان تووشی ئەو خەڵکە کردووە، دیارە دەزانن بێ مەڵامەت نییە پیاوێکی چەپەڵ و داوێن پیس لە شارەکە دایە، تا دەری نەکەن هەر وا گرفتار دەبێ.

خەڵکەکە هەموو پەنایان بردە لای (ئۆدیپ) مەگەر هەر ئەو بتوانێ ڕزگاریان بکات، هەر ئەو دەتوانێ ئەو پیاوە چەپەڵەیان بۆ بدۆزێتەوە، (ئۆدیپ)یش پەیمان دەدات کە ئەو پیاوە بدۆزێتەوە، کێیە؟

هەموو بەڵگەو پەنجەی تۆمەت بەرەو ڕووی ئۆدیپ هێماو ئاماژە دەکەن، ئەو دەخەنە ناو قەفەزی گوناح باری و داوێن پیسییەوە، شوانە کۆنەکە؛ کە بە منداڵی بردی فڕێی بدا، کەچی فڕەی نەداو فرۆشتی بە شوانێکی تر هاتە پێشەوەو ڕاستییەکەی وت: شوانەکەی تریش کە بردی بۆ شاری کۆرنسا ئەویش دۆزرایەوەو ڕاستییەکەی درکان؛ دیارە ئۆدیپ کەوتووەتە ناو داوی چارەنووسەوە، باوکی خۆی کوشتووەو دایکی خۆی بێوەژن کردووەو مارەشی کردووەتەوە، وا چەند منداڵێکی لە دایکی خۆی بووە، ئۆدیپ لێرەدا دەغالەت بە چارەنووس دەکات و، هەردوو چاوی خۆی کوێر دەکات، بۆ ئەوەی خۆی لەو گوناحە پاک بکاتەوە، بۆ ئەوەش تا بە چاوی خۆی ئەو منداڵانەی کە پارچەیەک لە جەرگی بوون نەیان بینێ، دایکیشی (جۆکاستا) ملی خۆی بە پەتەوە دەکات و خۆی دەخنکێنێ، ئیتر ئۆدیپ بە کوێری و کەساسی سەری خۆی هەڵ دەگرێ و یەکێک لە کچەکانی (ئەنتیجۆنا) دەسی ڕادەکێشێ تا دەگاتە ناو دارستانەکەی (کۆلۆنا) کە نزیکی وڵاتی گریکە؛ لەوێ دەمرێ و خەڵکی گریک ئێسکەکانی کۆ دەکەنەوەو مزگەوتێکی لەسەر دەکەن[1].

ئا بەو جۆرە ئۆدیپ لەگەڵ چارەنووسدا کەوتە زۆرانبازی ویستی خۆی لە تیری قەزا لابدا بەڵام لەئەنجامدا ئۆدیپ تووشی چارە ڕەشی خۆی بوو.

گریکەکان پێیان وابوو چارەنووس - قەزا - بەرەنگاری ناکرێت و بڕیاری خۆی هەر جێبەجێ دەکات[2].

٣- زۆرانبازیی سایکۆلۆژی (ناوەکی): لەسەردەمی ڕاپەڕیندا بەتایبەتی لەسەدەی شانزەهەمدا؛

(١) أودیپ ملکا - سۆفۆکلیس - ترجمة د. علي حافظ.

هەروەها بڕوانە (قصة الحضارة ، ول دیورانت) الجزء الاول، المجلد الثاني - حیاة یونان) و (د. محمد بدران) ل(٢٧١-٢٧٢-٢٧٣).

(٢) هەمان بیروڕا لای ئایینەکان هەیە و پێیان وایە هەموو شت بە چارەنووسە.



نووسەرە کلاسیزمەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا بەتەواوی لە تەزووی هونەری گریکی ڕزگار نەبوو بوون، هەندێ باوەڕیان بەو هێزە ناهەمووارە مابوو کە پێی دەوترا (چارەنووس) لەگەڵ ئەوەشدا خۆسەپاندنی ئەو بیرو باوەڕە کۆنە لەبەر زەبرو زەنگی بیرو ڕای نوێدا ئەوەندە خۆی نەگرت و کەوتە لەقین و پەلەقاژێ و نوێ بەسەریا زاڵ بوو، ئەوە ڕەنگی خۆی لەبەرهەمە هونەرییەکاندا دایەوە، بزووتنەوەی مرۆڤایەتی بە پێچەوانەی بیروڕای گریکەکان هاتە مەیدانەوە، لایان وابوو ئەوەی کە پێی دەوترێ چارەنووس تارماییەکی بێ سەروبەرە، مرۆڤ خۆی پێوەرو داهێنەری هەموو کاروبارێکییەتی، دەروونی مرۆڤ سەرچاوەی هەموو ڕەوت و ڕەفتارێکە، ئەو بیروڕایانە بوون بە هەوێنی بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان، دراما نووسەکانی ئەو سەردەمەش دەروونی مرۆڤیان کردە گۆڕەپانی ئەو زۆرانبازییەی کە دەبووە هۆی تاودانی ڕووداوی دراماکان.

نموونە بۆ زۆرانبازی ناوەکیی دەروونی ئەو زۆرانبازییەیە کە لە درامای (ئەلسەید)ی نووسەری فەرەنسی: (پییەر کۆڕنای ١٦٠٦-١٦٨٤)دا هەیە، کە دراماکە دەخوێنێتەوە هەست بە ناکۆکی و زۆرانبازی دەروونی لە سێ لاوە دەکەین، سەرجەمی ئەو زۆرانبازییە لە ناخی دەروونی پاڵەوانەکاندا ڕوو دەدات.

یەکەم زۆرانبازی لەنێوان خۆشەویستی و ئەرک (الواجب)دایە، پاڵەوانی چیرۆکەکە کچێکەو ناوی (کێمین)-ە کە دڵدارەکەی (ڕۆدریج) لەگەڵ باوکیا ناکۆکیان دەبێ، بەربەرەکانێی یەکتری دەکەن و بەرەنگاری یەکتری دەبن، لە دڵدارەکەی دەترسێ باوکی بیکوژێ، بەهەما جۆر لە کوشتنی باوکیشی دەترسێ دڵدارەکەی بیکوژێ، هەروەهاش شاژن کەناوی (ئینفانتا)ە، ئەویش دەکەوێتە نێوان دوو دەمە مەقەسی تیژی زۆرانبازییەوە، نازانێ بەکام لایان دڵی خۆش کات، ئەگەر باوکی (کێمین) کوژرا ئەوە ڕۆدریج بەرەو ئامێزی کێمین دەڕوا، خۆ ئەگەر دەزگیرانەکەی کێمین کوژرا ئەوا ژیان لای کێمین تاڵ و تار دەبێ لە هەردوو حاڵەتدا مردن بۆ کێمین ئاسان ترە.

سێیەم: پاشا - لە هەمان درامادا - کەناوی (فرناندۆ)یە سەرگەردانە نازانێ سزا لە ڕۆدریج بسێنێ کە وەک کێمین دەیەوێ، یان بە قسەی باوکی ڕۆدریج بکات کە دەیەوێ ئەو لە جیاتی کوڕەکەی بیکوژێ.

ئەم جۆرە زۆرانبازییە لە لایەکەوە لەنێوان خۆشەویستی و ئەرک دایە؛ لەلایەکی ترەوە لە نێوان هۆش و سۆزدایە[1].

لە زۆربەی زۆری دراماکانی کۆڕنای و ڕاسیندا دووبەرەکی و ناکۆکی لە نێوان هێزە دەروونییەکانی پاڵەوانەکاندا ڕوودەدات، بەتایبەتی لەنێوان حەز و ئارەزوو و ئەرکی سەرشانۆ و بەرپرسیاریدا.

هەروەها لە چیرۆکی (هاملێت؛ ماکبیس)ی شەکسپیردا هەمان زۆرانبازی دەروونی ساز دراوە، ئەگەرچی ناکۆکی نێوان پاڵەوانانی ئەو دوو درامایەدا لە ڕەواڵەتی پاڵەوانەکان و ئەو کەسانەی کە دژ بەوانن خۆ دەنوێنێ بەڵام بنەڕەتی ناکۆکییەکە لە ناخی دەروونیانەوە سەری هەڵ هێناوە[2].

بۆیە شەکسپیر و کورنای و ڕاسین بە پێشەنگی کاروانی ئەو درامانووسانە دەژمێردرێن کە ڕێگەیان بەرەو لێکۆڵینەوەی دەروونی گرتە بەرو دەرگای گەنجینەی ئەو جیهانەیان وازکرد.

(١) الادب وفنونه - د.محمد مندور. ل(١١٢). هەرەها تەماشای (المسرح العالمی من اسخیلوس الی اثر مللر) بکە نووسینی (الدکتور لویس عوض) ٦١-٦٢-٦٣ (دار المعارف بمصر).

(٢) النقد الادبي - احمد امین ل(١٦٠-١٦١) دار الکتاب العربي - بیروت - لبنان.

٤- زۆرانبـازی چینایەتی: ئەوە بوو وتمان درامـا نووسـەکـان پاش بەرپابوونی ڕاپەڕین لە ئەوروپادا کێشەی زۆرانبازیان بردە ناو دەروونی مرۆڤ، پاش کۆتایی هاتنی ڕێبازی کلاسیکی بە کۆن و نوێیەوە، ڕێبازی ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمی هاتنە مەیدانەوە.

ریالیزمییەت تەوژمی باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی بوو، بە هەموو جیهاندا بڵاوبووەوە، ئەوانەی سەر بە ڕۆمانس و ڕیالیزم بوون توانیان مەیدانێکی تازە بۆ دووبەرەکی و زۆرانبازییەکە ساز بکەن، هەروەها توانیان شانۆگەرییەکانیان بە ڕووبەڕووی ئەو ڕێبازە ساو بدەن لە بیروڕای هەردوو ڕێبازەکە پاڵەوانی سەر بەو بەرانەی کۆمەڵ بخەنە کارو لە جیهانی دراماکەدا تووشی زۆرانبازی و ناکۆکی چینایەتی دەبوون.

نموونە بۆ درامـای ڕیالیـزمی شـانۆگەرییـەکـانی نووسـەری نەرویجی: (ئیبسـەن - ١٨٢٨-١٩٠٦)ە درامای: (یانەی بووکە شووشە، تارماییەکان، دوژمنی گەل...) مەیدانی ئەو جۆرە زۆرانبازییەن.

هەروەها نووسەری جەرمەنی (بیرتۆڵد برێخت - ١٨٩٨-١٩٥٦)ە لە دراماکانیا زۆرانبازی چینایەتی کرد بە پەرگەمای دامەزراندنی هونەرەکەی، بەتایبەتی لە درامای (جغزە گەچێنەکەی قەوقاز – The Caucasian Chalk Circle) وێنەی ڕاستەقینەی ئەو جۆرە زۆرانبازییەن.

با کورتەی (جغزە گەچێنەکەی قەوقاز)ی برێخت بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ خوێنەر دەست بخاتە سەر خاڵی زۆرانبازییەکە:

(لەناو دۆڵێکدا، دوو کۆمەڵە خەڵک دەستەو یەخەی یەکتری ڕاوەستان، کۆمەڵی یەکەمیان؛ پێش جەنگی جیهانی لەو دۆڵەدا بەکشتوکاڵ و ئاژەڵ بەخێوکردن بەڕێوە چوون، بەڵام پاش داگیرکردنی ئەو دۆڵە لەلایەن ئەڵمانە داگیرکەرەکانەوە چۆڵیان کردووەو ڕۆیشتوون، کۆمەڵی دووەمیشیان پاش جەنگ هاتوونەتە ناو ئەو دۆڵەو نیشتەجێ بوون، ئەمانەش هەر بە کشتوکاڵەوە خەریک بوون، دۆڵەکەیان ئاوەدان کردووەتەوە، دیارە کۆمەڵی یەکەم داوا لە کۆمەڵی دووەم دەکەن کە دۆڵەکەیان بۆ چۆڵ بکەن و بڕۆن، کۆمەڵی دووەم بڕیار دەدەن کە دۆڵەکە چۆڵ بکەن بەڵام پاش ئەوەی کە تەمسیلێک بۆ کۆمەڵی یەکەم پێشکەش بکەن، تەمسیلییەکە پێنج بەشە، ئەمە پوختەی هەر پێنج بەشەکەیە: (هەندێ لە میرەکانی قەوقاز شۆڕشێک بەرپا دەکەن، فەرماندەی ئەو ناوچەیە لەتەک ژنەکەیدا کە ناوی «تەنسی»یەو ئافرەتێکی سەر بە چینی بۆرژوایە، لە کاتی هێرش هێنانی شۆڕشگێڕەکاندا؛ لە تاو و عەزرەتی جل و خشڵەکانی تاقە کوڕەکەی لەبیر دەچێ و هەڕا دەکات، کارەکەرەکەی کە ناوی (کرۆشا)یە، ئەو منداڵە لە چنگ سەربازە شۆڕشگێڕەکان ڕزگار دەکات، ڕزگارکردنی ئەو منداڵە دەبێتە هۆی لەدەست چوونی دەزگیرانەکەی کە یەکێکە لە سەربازە شۆڕشگێڕەکان، سەربازەکان گەلێ بە شوێن ئەو منداڵەدا دەگەڕێن، بەڵام کرۆشا لەدەستیان دەربازی دەکات لە پێناوی ڕزگاربوونی ئەو منداڵەدا تووشی گەلێ نارەحەتی دەبێ، پەنا دەباتە بەر براکەی کە نیشتەجێی ناوچەیەکی شاخاوییە؛ براژنەکەی پەنای نادات و دەری دەکات، لەلای براکەی وا پیشان دەدا کە ئەو منداڵە هی خۆیەتی و لە دەزگیرانەکەیەتی؛ لەبەر ئەمە براکەی وازی لێ دێنێ و لە پیاوێکی پیری تەمەن ڕابردووی مارە دەکات، بۆ ئەوەی کرۆشا لە پەنایا بژی و کوڕەکەش بە پێی یاسا بخاتە سەر ناوی خۆی.

شەڕ تەواو دەبێ؛ دەزگیرانەکەی (کرۆشا) کەناوی (سیمۆن)-ە دەگەڕێتەوە بۆ لای کرۆشا، دەبینی مێردی کردووەو منداڵێکیشی هەیە، تووڕە دەبێ و (کرۆشا) بە داوێن پیس دەداتە قەڵەم، ئەویش لەبەر گیانی ئەو منداڵە ڕاستییەکە نادرکێنێ، پاش کۆتایی هاتنی شۆڕشەکەو هێور بوونەوەی دەوروبەر، فەرمانداەی ناوچەکە لەگەڵ ژنەکەیدا دەگەڕێنەوە شوێن خۆیان. ئافرەتەکە کوڕەکەی خۆی دەدۆزێتەوە کە



لەلای (کرۆشا)یە ئەمیش کوڕەکە ناداتەوە، بۆ بڕانەوەی مسەلەی ئەو کوڕە پەنا دەبەنە دادگا، سەرۆک دادگا بۆ بڕانەوەی ئەو کێشەیە پەنا دەباتە بەر (جغزە گەچێنی قەوقازی) کە تاقیکردنەوەیەکی کۆنە، بەو جۆرە فەرمان دەدات کە منداڵەکە بدرێت بە (کرۆشا)[1].

زۆرانبازی چینایەتی لە نێوان (کرۆشا) و (تەنسی)دا دەگاتە لووتکەی ناکۆکی، (کرۆشا) کارەکەرەو لە چینی چەوساوەیەو جوتیارە، لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو منداڵەدا - کە لێرەدا نیشانەی پاشەڕۆژ و نوێ بوونەوەیە - جگە لەوەی تووشی نارەحەتی و دەربەدەری و خۆبەخت کردن دەبێ، دەزگیرانەکەی کە تاکە ئومێدو ئاواتی دوا ڕۆژی بوو؛ لێی دەستبەردار دەبێ وازی لێ دەهێنێ بەو جۆرە خۆی دەکات بە پردە بازی ڕزگاربوونی ژیانی مرۆڤ، هەروەها بەرژەوەندی خۆی لەناو بەرژەوەندی مرۆڤدا دەتوێنێتەوە، کەچی (تەنسی) کە سەر بە چینی بۆرژوایە لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی خۆیدا ڕۆڵە جگەر گۆشەکەی دەخاتە ژێر پێی، هەڵوێستی ئەو دوو ئافرەتە لە ترازووی بەرژەوەندی گشتیدا ئاسمان و ڕێسمانە.

زۆرانبازییە چینایەتییەکە وەختێ دەگاتە لووتکە کە قازی جغزە گەچێنە قەوقازییەکە دروست دەکات و منداڵەکە لە ناوەڕاستیا ڕادەگرێ و هەردوو ئافرەتەکەش لەدەرەوەی بازنەکە ڕادەوەستێنێ و هەریەک پیلێکی منداڵەکە دەداتە دەستیان، داوایان لێ دەکات هەر یەک بۆ خۆی ڕایکێشێ، ئەوەی بتوانێ زاڵ دەبێ و دەگاتە مەبەست[2].

***

ئەوەی کوورەی زۆرانبازی لەنێوان کەسانی درامادا گەرم دەکات، ئەو حەزو ئارەزووانەیە کە وزەی (ویستی بەهەدەر) پاڵیان پێوە دەنێ و بەرەو مەبەستەی کە لە هۆش و مێشکیدا ڕەچاوە هەڵپەدەکەن، بەرامبەر بەو ئارەزووانە کە بەرەو مەبەست مل دەنێن، حەز و ئارەزووێکی تر دژ بەوان بەرەنگاریان دەبن و لەتەکیاندا ناکۆک دەبن، وەک لە پێشەوە وتمان زۆرانبازی جۆری زۆرە بەڵام سەرچاوەی هەموویان یەکە ئەوەی جۆراوجۆری دەکات ئەو قاڵبانەیە کە زۆرانبازییەکە تیایا ڕوودەدا، لە هەر قاڵبێکدا ڕوویدا هێمای قاڵبەکە وەردەگرێ و دەبێتە زۆرانبازییەکی تایبەت وەک زۆرانبازی لەنێوان خێرو شەڕ، کۆن و نوێ، مرۆڤ و دەوروبەر، مرۆڤ و دابونەریتی کۆمەڵایەتی، مرۆڤ و چارەنووس.

ئەو حەزو ئارەزووانە کە دەبنە بناغەی زۆرانبازی لە کاتی هەڵچوونیاندا چەند حەز و ئارەزووێکی تری

(١) چیرۆکی (جغزە گەچێنی قەوقازی) لە حکایەتێکی چینیی کۆنەوە وەرگیراوە، ئەو چیرۆکە لە چیرۆکێکی «سلێمان پێغەمبەرە»وە نزیکەو لە تەوراتیشدا نووسراوەتەوە: (گوایە لە زەمانی سلێماندا دوو ئافرەت لەسەر منداڵێک دەبێتە شەڕیان هەر یەک لەوان خۆی بەدایکی راستەقینەی منداڵەکە دەزانی، بۆیە سلێمان منداڵەکەی کردووە بە دوو بەشەوە، هەر یەکێکیان نیوەی داوەتێ).

بەڵام چیرۆکە چینییەکە منداڵەکەی نەکردووە بە دوو بەشەوە؛ بەڵکو جغزێکی گەچینی دروست کردووەو منداڵەکەی لە ناوەڕاستی جغزەکەدا؛ داناوەو هەردوو ئافرەتەکەشی لە دەوری جغزەکەدا رادەگرێ و دەستی منداڵەکە دەخاتە ناو دەستیان و هەریەک بۆ خۆی رای دەکێشێ کێ ئازابێ منداڵەکە بۆخۆی رادەکێشێ، دایکە راستییەکە چەند هەوڵ دەدا پێی ناکرێ منداڵەکە بۆ لای خۆی راکێشێ دووجار دەدۆڕێنی بەما دادکار بۆی ساغ دەبێتەوە کە ئەو دایکی راستەقینەیەتی چونکە دایک حەز لە ئازاری منداڵی خۆی ناکات، بۆیە فرمان دەدا کە منداڵەکەی پێ بدرێتەوە... کەچی (برێخت) بەپێی فەرمانی قازی منداڵەکەی داوە بە (کرۆشا) کە جاران کارەکەری دایکی ئەو منداڵە بووە چونکی ئەو منداڵەکەی ڕزگار کردو پەروەردەشی کرد، جگە لەوەش قوربانی لە پێناویا دا... دایکە راستییەکەی منداڵەکە لە کاتی تەنگانەدا خشڵ و جل و بەرگەکانی خۆی لە بیر بووە نەک منداڵەکەی.

(٢) الاتجاهات المعاصرة في المسرح – عبدالغفور نعمة. ل(٣٨-٤١).

دژ بە خۆیان ڕادەچڵەکێن و ئاڵنگاری یەکتری دەبنەوەو لەیەک دەئاڵێن، لەمەوە چەند تەگەرەیەک بۆ یەکتری دروست دەکەن، ئەم تەگەرانە دەبنە وردە گرێ و ڕووداوەکان خەست دەکەنەوە، لەگەڵ ڕەوت و هەڵکشانی ئەو ڕوداوانەدا وردە گرێکان دەبنە گرێییەکی گەورەو تەشەنە بە زۆرانبازییەکە دەکەن و دەیگەیێننە ڕادەی تەقینەوە و زاڵ بوونی یەکێک لەو هێزانە بەسەر ئەوانی تردا لە دەمی تەقینەوەدا زۆرانبازییەکە گەیشتووەتە سەرپۆپکەی ڕووداو و زاڵەترەکی.

## جۆرەکانی دراما

ئەوە بوو لە پێشەوە باسی درامامان بەشێوەیەکی تێکڕایی کرد، ئێستا نۆبەی ئەوەیە هەندێ باسی جۆرەکانی بکەین، باس کردنی هەر جۆرێ لە جۆرەکانی دەرخستنی ئەو لایەنانەیە کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی جۆرەکان، نەک لێکۆڵینەوە لە ڕەگ و ڕیشەیان، چونکە هەمووویان بەسەریەکەوە وەچی هونەرێکی ڕەسەنن، ئەگەر بێت و یەکە یەکە لێیان بکۆڵینەوە واتە خۆمان خستە ناو بازنەیەکی بێ سەرودەرەوە. دراما دەکرێت بە سێ بەشی سەرەکییەوە:

١ – تراژیدیا Tragedy.

٢ – کۆمیدیا Comedy..

٣ – میلۆدراما Melodrama.

وەنەبێ دراما بەهەموو لکەکانیەوە بەو هەموو پایەو سایەوە لەپڕ هاتبێتە مەیدانەوەو خۆی ناساندبێ بەڵکو وەک هەموو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و هونەری لەسەرەتای پەیدابوونیەوە لە دوو تۆی هەندێ بەندو باوی ساکارەوە پەیدابووە.

تراژیدیا دەگەڕێتەوە بۆ سەر ئەو دوعاو نزایانە کە گریکەکان بەبۆنەی جەژنی دیونیسۆس - Dio-nysus)دوە بەشێوەی سروودو ئاواز دەیانواندن، لە دیونیسۆس - کە خوای مەی و فەڕو پیتر بوو - دەپاڕانەوەو نزایان دەکرد کە مرۆڤ لەژێر باری ئەو دایەو ئافەریدەی ئەوەو هەموو کارو کردەیەکی بەچاک و خراپییەوە لەوەوەیە، چاودێری بکاو میهرەبانی لەتەکدا بنوێنێ، ئەو سروودانە هێدی هێدی لە دزەگای ڕۆژگاردا گۆڕان بوون بە گفتوگۆ کردن لە نێوان یەک ئەکتەر و کۆرسدا ئەکتەرەکە وەک مەنۆلۆج بێژێک باس و خواسی دیونیسۆس - باکۆس - ی دەکرد[1]. کۆرسەکەش سروودەکانیان دەکردە وەرامدانەوەی ویردەکانی ئەکتەرەکە، وەک لە درامای (ئاغا مەمنون)ی ئەسخیلۆسدا دەردەکەوێت[2].

گۆڕانکاری خۆی لە تراژیدیادا نواندن و دەست بەرداری نەبوو: مەنۆلۆجەکەی کرد بە دایلۆگ، سروودەکانیشی کرد بە کارەسات وەک لە دراماکانی سۆفۆکلیس و یوریپیدسدا دەردەکەوێت، کۆنترین تراژیدیای گریکەکان کە تا ئێستاش ماوە ئەو ڕاستیبە بەهەموومان دەسەلمێنێ.

زاراوەی تراژیدیا، وشەیەکی گریکی کۆنەو؛ دوو، وشەی لێکدراوە، هەر یەکێکیان مانای تایبەتی خۆی هەیە، (ترا) واتە گۆرانی - گیدی - واتە بزن[3]. هەردوو وشەکە بەسەر یەکەوە دەبێتە گۆرانی بزن،

(١) (باکۆس) لەلای ڕۆمانەکان خوای مەیە.

(٢) الكوميديا والتراجيديا – ت .مولدين ميرشنت. ود.علي احمد محمود. ل(١٦١–١٦٢).

(٣) لە هەندێ شێوە کوردیدا بە بزن دەڵێن گدی بڕوانە فەرهەنگی مەهابادی گیوی موکریانی چاپی یەکەم ل ٥١٦ (ترا)ش وەک ڕەگی وشەی (سترات)ە کە ئەویش بەمانای گۆرانییە.



بۆیە ئەو ناوەی بەسەردا برا چونکە لە ئاهەنگ گێڕانی (دیونیسۆس)دا سروود بێژەکان و ئاهەنگ گێڕەکان کەوڵی بزنیان لەبەر دەکرد و لەناو پەرستگای (دیونیسۆس)دا بە دەور پەیکەرەکەیدا دەسووڕانەوەو سروودیان دەوت، ئا لێرەدا ئەکتەر و دایلۆگ لە ئامێزی درامادا لە دایک بوون و ناوی تراژیدیاش بوو بە کاڵای پڕ باڵای ئەو جۆرە درامایە کە بە لاساو نواندن کوێرەوەری وکارەساتی سامناک بخاتە ڕوو، گۆرانی بزن لە بیرچووەوە، پەرستگای دیونیسۆس کوێر بووەوە بەڵام ناوی تراژیدیا بوو بە بەشێکی گەورەی هونەری دراما؛ هەرمایەوە، ئێستا کە وترا تراژیدیا واتە ئەو کارە هونەرییە پایەدارە کە مرۆڤ هەموو ئازار و دەردی سەری خۆی تیا دەبینێتەوە... مانا کۆنەکەی لە تۆخمی ئەو جیهانەدا نادۆزرێتەوە.

ئەوەتانێ ئەرەستۆ (Aristoteles) لە کتێبی (Poatics)دا بەم جۆرە پێناسەی تراژیدیای کردووە: (تراژیدیا لاسا کردنەوەی کارێکی گرنگ و تەواوە، ئەو لاساکردنەوە بەکارە نەک بەگێڕانەوەو ڕازکردن، بەو کارەش کارەساتەکان دەخرێنەوە ڕوو، کارەساتەکانیش سۆزی بەزەیی و سام دەهاژێنێ، هاژینەکەش دەبێتە هۆی پاکژکردنەوەی مەگێزی بەزەیی و سام)[1]. ئەرەستۆ تراژیدیای بەم جۆرە لە کۆمیدیا جیاکردووتەوە. ترایژیدیا: لاساکردنەوەی ڕەفتارو کاری پەسەندی چەند کەسانێکە؛ بەشێوەیەکی جوانتر و لەبار تر لەوەی کە لە واقیعدا هەیە، کەچی کۆمیدیا لاساکردنەوەی ڕەفتاری ناپەسەندی کەسانێکە بەشێوەی گاڵتە کردن و خراپتر لەوەی کە لە واقیعدا هەیە[2].

زانایانی دراما گەلێک لەسەر ئەو پێناسەی ئەرەستۆیان کۆڵیوەتەوە، هەروەها گەلێ بۆچوون و تیوری جۆراو جۆریشیان لەسەر بنیات ناوە، وا لێرەدا هەندێکیان دەخەینە بەرچاو:

١–چیرۆک: تراژیدیا لاساکردنەوەی کارێکی گرنگی تەواوە کارەکەش لە چەند ڕووداوێکی سامناک و زنجیرە کارەساتێک پێکهاتووە ئەو زنجیرە کارەساتە بەیەکەوە گرێدانی سەروبنی چیرۆکەکەیە، کە ئەمیش لە خودی خۆیا لە چەند نەژادێکی هونەری پێک دێت و گەلێ جیاوازی خۆی هەیە کە لە چیرۆکی ئاسایی جیایی بکاتەوە، چیرۆکی تراژیدی بەلاساکردنەوەی ڕووداوە سامناکەکان دەبێتە تراژیدیا ئەم ڕووداوانەش هەڵبەتە ڕەفتاری چەند کەسانێکن کە ئەکتەرەکان بە کردەوە دووبارەی دەکەنەوەو خۆیان لەو هەڵوێستانەدا کە کەسانی دراماکەی تیا تێپەڕیون ڕادەگرن کارکردنی دەوروبەرو کات و شوێنەکەش کەسێتییەکی تایبەت و خوو خدەو بۆچوون و تێبینی خۆی هەیە و لەو هەموو ڕووانەوە ئاڵەنگارەی یەکتری دەبنەوەو لەیەک دەئاڵۆزێن و ناکۆکی و زۆرنبازی لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ لە ئەنجامدا هەندێکیان دەچەوسێنەوەو تووشی چارەڕەشی خۆیان دەبن و مەگێزی سۆزو بەزەیی و سام لەدڵی بینەراندا هەڵدەچوێنن و دەیخەنە کەف و کوڵ، هەڵچونی بەزەیی و سامیش دەبێتە هۆی پاکژکردنەوە.

٢– پاکژبوونەوە (کاثارسیس – Catharsis): پێناسەکەی ئەرەستۆ لەمەڕ تراژیدیا زاراوەی پاکژبوونەوەی تیا بەکارهاتووە، ئەوانەی کە لەسەر ئەو پێناسەیان کۆڵیوەتەوە گەلێ خۆیان بە پاکژبوونەوەوە خەریک کردووە تا وای لێ هاتووە چەندان بیروڕاو بگرە تیوری جۆراوجۆریان لەسەر دامەزراندووە، وا لێرەدا چواریان دەخەینە ڕوو:

ڕای یەکەم دەڵێ مەبەستی ئەرەستۆ ئەوە بووە: تراژیدیا مەگێزی بەزەیی و سام کە دەهاژێنێ و هەڵیان دەچوێنێ ئەو هاژاندن و هەڵچوونە هەردووکیان دەشواتەوەو لە لەجەری و نەنگە ئاژەڵیەکانی ڕزگار دەبێ،

(١) هەمان سەرچاوی پێشوو (ل١٤١).

(٢) الدراما الاغريقية - دكتور ابراهيم سكر - المكتبة الثقافية ل(١١).

بەو جۆرە پاکژ دەبنەوە.

بەلای ئەم تیورەوە شانۆ پەرستگای خۆ دارنینە لەمەگێزە ئاژەڵییە سەرەتاییەکان و هەڵکشانە بەرەو لوتکەی پایە بڵندی و شکۆمەندی.

رای دووەم پێی وایە مەبەست لە پاکژ بوونەوە: ڕزگاربوونی لەشی مرۆڤە لە دوو مەگێز: بەزەیی و سام وەک چۆن مۆسیقا بەکار دەهێنرێ بۆ هێورکردنەوەی کرژی دەمارو حەواندنەوەی ماندوویەتی مێشکی مرۆڤ... بینینی تراژیدیاش هەمان کارە، شانۆ شوێنی بەزەیی پیا هاتنەوەو گریانە بۆ ئەوانەی کە تووشی کوێرەوەری و لێ قەوماوی بوون کە ئەوان دەبینین بەزەییمان بەخۆماندا دێتەوەو بۆ خۆمان لە ناخەوە دەگرین چونکە لەواندا خۆمان دەبینینەوەو بەزەییمان بە خۆمان دێتەوە، ئەم بەزەیی پیاهاتنەوەو لە ناخەوە گریانەو ڕامالینی ئەو تەم و مژەیە کە بووە بەگەردی دەروون، کەواتە بەزەیی بەخۆداهاتنەوە لە ڕاستیدا جۆرە دڵدانەوەیەکی بێ دەنگە دڵدانەوەش ڕامالینی گەردی دەروونەو سفت بوونی مەگێزەکانە(١).

رای سێیەم پێی وایە باکژبوونەوە بزواندنی ئەو دوو مەگێزەیە لە دۆخی خەفەبوون و خەوالوودا بۆ دۆخی ڕابوون و بەئاگاهاتن جۆرە ڕاهێنان و ئاراستەکردنیانە بەرەو ڕێی ڕاستی و ناسک بوون و هۆشمەندیان پاش ئەو ڕابوونە کە دەکشێنە بارەگای خۆیان لە جاران ڕاهاتوو ترو ناسک تر و ڕاست ڕەو ترو هەستیارترن هەرجار بەو جۆرە بزوتنە پەروەردە و بالاتر دەبن و گەشەدەکەن.

رای چوارەم پێی وایە مەبەست لە دیتنی شانۆدا تەسەل بوونی مەگێزی (تێهەڵکێش بوون: Identification)ە(٢).

تێهەڵکێش بوون لایەنێکی سایکۆلۆژییە بەزۆری لەلای منداڵ و مرۆڤی دواکەوتوو دەردەکەوێت، ئەم بارە دەروونییە دەبێتە هۆی پاکژبوونەوەو ژێرکردنەوەی ئەو حەز و ئارەزووە نوشتاوانە کە نوکلییان هێناوەو وەک منداڵی ساوا لە ناخی دەرووندا بۆ تەسەل بوون دەنوزێنەوە کە کەسێتییەک تێهەڵکێشی کەسێتییەکی تر بوو قەوارەیەکی تری سەرکەوتوو بۆ خۆی ساز دەداو لەو قەوارەدا حەزو ئارەزووەکانی باڵەفڕ دەکات و بەرێگەی ئەندێشە تامەزرۆیان دەشکێنێ و بەو جۆرە باری دەروونی خۆی سووک دەکات و لەدەست ناکۆکییە دەروونییەکانی ڕزگار دەبێت بەو جۆرە ناو هەناوی دەشواتەوەو دەروونی پاکژ دەبێتەوە.

ئەو بیروڕایانەی سەرەوە سەبارەت بە پاکژبوونە هەر چەند لە ڕەواڵەتدا لەیەک جیا دەبنەوە بەڵام لە ڕاستیدا دەچنەوە سەر ئەو حەزو ئارەزووە سایکۆلۆژیانە کە هەموویان بە ڕووداوە تراژیدییەکان دەبزوێن و هەڵ دەچن.

هەندێ لەوانەی کە لە سروشتی درامایان کۆڵیوەتەوە پێیان وایە نیشانەی هەرە گەورەی تراژیدیا ئەو پەیوەندییە هاوکێشەیە کە لە نێوان ئەو دوو جۆرە مەگێزەدایە واتە ڕایەڵی لارەسەنگ نەبوونی تراژیدیا هاوسەنگییە لەنێوان مەگێزی بەزەیی و میهرەبانی و مەگێزی سام و ترسدا، هەرچەندە ئەرەستۆ خۆی لە پوتیکادا باسی ئەم هاوسەنگییەی نەکردووە بەڵام لێکۆڵەرانی تراژیدیا لە پێناسەکەی ئەوەوە ئەوەیان

(١) فن المسرح – محمد فرحات عمر ل ٣٤ المكتبة الثقافية العدد ٢٦٨.

(٢) (تێ هەڵکێش بوون ـ التقمص) دیاردەیەکی سایکۆلۆژی ناهەستییە ئەوەیە کە کەسێتی یەکێک تێهەڵکێشی کەسێتی کەسانێکی تربێ، وەک تێهەڵکێش بوونی منداڵێک لە کەسێتی باوکیا، یان تێهەڵکێش بوونی کیژێکی بێ نەوا لە کەسێتی کچە ئەکتەرێکی سینمایی سەرکەوتوودا:

بۆ زێدە زانیار تەماشای (اصول علم النفس الدكتور احمد عزت راجح) ل(١٩٣–١٩٤) الطبعة الثانیة.



هەڵ هێنجاندووە کە گوایا تراژیدیای ڕاستەقینە ئەوەیە کە یەکێک لەو مەگێزانە تیایا نابێ لەوەی تریان پتر بێ دەنا تراژیدیاکە لارەسەنگ دەبێ و ئەو وەختەش نابێ پێی بوترێ تراژیدیا.

هەڵچوون و هاژووتنی مەگێزی بەزەیی و سام وەنەبێ تەنیا بۆ پاکژکردنەوە بێ وەک وتمان بەڵکو مانای ئەوەش دەگەیەنێ کە بەزەیی تاسەی بینەر دەکاتەوە کە دەبێتە پاڵپشتی بەرەو پێشەوە چوونی پاڵەوانەکە بۆ ئەوەی بگاتە ڕاستی و حەقیقەت و لەو کارەساتانەی کە وەک تەوق لە گەردنی ئالاون ڕزگار ببێ.

هەروەها (سام و ترس)یش ئەوەیە کە وا لەبینەر بکەن هەوڵ بدا ڕێگە لە پاڵەوانەکە بگرێ و نەیەڵێ ئەو کارەی کە دەیەوێ جێبەجێی بکات چونکە پەشیمانی و هەش بەسەری لە پاش دێ، وەک دایکێک ببینێ لاوێک کە لە تەنیشت کیژەکەیەوە نووستبێ بیکوژێ کەچی نازانێ ئەوە کوڕەکەی خۆیەتی چەندان ساڵە شەیدای بینینییەتی(١).

بینەریش پێی بڵێ نەکەی کوڕەکەی خۆتە، دەنا ئەگەر مانای بەزەیی پیاهاتنەوە ئەوە بێ کە بۆ پاڵەوانەکان فرمێسک بڕێژین ئەم جۆرە بەزەییە دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی پایەی پاڵەوانی تراژیدیاکە، ئەوەتانی نووسەرێکی وەک (ئالادیس نیکۆل) لە کتێبەکەیدا (علم المسرحية - The Theory of Drama)دا دەڵێ: نابێ ئێمە فرمێسک بۆ «پرۆمیسۆس» و «ئۆرست» بڕێژین، چونکە ئەوانە ئەوەندە شکۆمەندن پایەیان وەک پایەی خواکان وایە هەروەها نابێ بۆ یەکێکی وەک (ئۆتێللا) بگرین چونکە هێزو یارای ئۆتێللا گەلێ لەوە بڵندترە کە ئێمە بۆی بنوڕێنیەوە(٢).

٣- وەرگەڕان (الانقلاب): پاشگەز بوونەوەی ئەو ڕووداوانەیە کە نیاز وانەبوو ئەو وەرگەڕانەیان تیا ڕووبدا، لەگەڵ ئەوەشدا وەرگەڕانەکە چەکەری نەشونما کردنی ڕووداوەکان بوو؛ بەڵام لەلای پاڵەوانی چیرۆک و بینەر هەستی پێ نەدەکراو وەک کودەتایەکی کتوپڕی و بەسەرهاتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو.

وەرگەڕان نابێ شتێکی دەسکردو تێ ئاخنین بێ بەڵکو بەرئەنجامی زرووف و حەتمییەتی ڕووداوەکانە، وەک وەرگەڕانی دۆخی چارە ڕەشی بۆ دۆخی بەختەوەری یان بە پێچەوانەوە، نموونەی وەرگەڕان لە تراژیدیای جیهانیدا زۆرە، هەندێ جار دەبینین پاڵەوانی چیرۆک سەری نزیکی سێدارە بووەتەوەو دەخنکێنرێ کەچی لە پڕ ڕووداوەکە بەرەو بەرژەوەندی ئەو پاڵەوانە گۆڕاندنی بەسەر دادێ و ئەنجامێکی وەها دەدا بەدەستەوە کە پاڵەوانەکە لە دوا هەناسەدا ڕزگار دەبێ و کارەسات بەرواژی دەبێتەوە جگە لەوەش پایەیەکی شکۆمەندانە بە پاڵەوانەکە دەبەخشرێ.

نموونەی هەرە جوانی وەرگەڕان لە دۆخی بەختەوەرییەوە بۆ کوێرەوەرەی چیرۆکی (ئۆدیپ)ی سۆفۆکلیسە «شاری تیبا تووشی نەخۆشی لارەشە «طاعون» بوو، شا ئۆدیپ (تریسباس)ی موغانی بۆ پەرستگای دلفی نارد بۆ ئەوەی بزانێ هۆی ئەو لارەشەیە چییە؟

(تریسیباس) کە گەڕایەوە وای بە ئۆدیپ ڕاگەیاند کە خواکان پێیان ڕاگەیاندووە: یەکێک لەم شارەدا هەیە باوکی خۆی کوشتووە، بۆیە شارەکە تووشی لارەشە بووە، ئۆدیپ کە گوێی لەو قسەیە دەبێ دەست بە جێ بڕیار دەدا؛ دەبێ ئەو کەسە کە باوکی خۆی کوشتووە بدۆزرێتەوە، بۆ ئەوەی شاربەدەر بکرێ (تریسیباس) ئەوەش دەدرکێنێ کە ئەو کەسە لە ئۆدیپ بە دوور نییە ئەویش کە گوێی لەو قسەیە دەبێ و تریسیباس بەوە تاوانبار دەکات کە دەیەوێ پیلانێک بۆ لەناوبردنی بتاشێ، ئەویش بۆ ئەوەی قسەکەی

(١) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن، رشاد رشدي (ل٤٤–٤٥).

(٢) علم المسرحية ت. ئال آديس نيكول) (ل١٧–١٧٨).

خۆی بۆ ئۆدیپ بسەلمێنێ دەنێرێ بەشوێن ئەو شوانەدا کە وەختی خۆی ئۆدیپی وەرگرتبوو، کە شوانە دێ لە جیاتی ئەوەی شتێک بلێ کە دڵی ئۆدیپی پێ خۆش بێ کەچی ئەوە دەدرکێنێ کە ئۆدیپ نەک هەر باوکی خۆی کوشتووە بەڵکو دایکی خۆیشی مارە کردووە[1].

تەوەرەو پنتی وەرگەڕانەکە لەوەدایە، ئۆدیپ سوور دەبێ لەسەر ئەوەی کە: ئەوەی پاشای کوشتووە دەبێ بیدۆزێتەوەو شاربەدەری بکات، کەچی بۆی دەردەکەوێت ئەوەی کە سوورە لەسەر دۆزینەوەی گوناهباری ئەو شارە، ئەو کەسە خۆی گوناهباری ڕاستەقینەیە، نەک هەر باوکی خۆی کوشتووە، بەڵکو پاش کوشتنیشی دایکی خۆی لە خۆ مارە کردووە!.

٤- دەرکەوتن (الاستکشاف): دەرکەوتن لە تراژیدیادا جۆرە گۆڕانێکی کتوپڕییە، ئەم گۆڕانە کتوپڕییە لە دۆخی نەزانین و بێ ئاوەزوییەوەیە بۆ باری زانین و ئاوەز، وەرگەڕان و دەرکەوتن هەر دووکیان لە (لێک دابڕان - المفارقە)ی درامیدا یەک دەگرنەوە بەڵام لە گەوهەردا جودان چونکە وەرگەڕان پاشگەزبوونەوەو پاشەکشەبوونی ڕووداوەکانە بۆ ئەنجام هێنانی کارەساتێکی دڵ تەزێن کە چاوەڕوان نەدەکرا ڕووداو لەو بارەدا ئەنجام بدا، کەچی ناچاری و زرووف ڕووداوەکانی بەرەو ئەو کارەساتە چاوەڕوان نەکراوە هاژوی، واتە ڕووداوەکان لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دژوارتر چوون، گۆڕان و ڕەوتی ڕووداوەکان لە باری نەزانین و نەفامییەوە بەرەو باری زانین و تێگەیشتن ڕۆیشتن، واتە پاڵەوانی تراژیدیاکە لەو ساتەدا ڕاستی بۆ دەردەکەوێت کە دەکەوێتە ناو داوی کردەوەکانییەوە، ئیتر ئەو زانینە لە ساویلکەییەوە بووبێ یان لە توانادا نەبووبێ بزانرێ، وەک یەکێک ڕێگەی خۆی گرتووەو بەرەو مەبەستێکی تایبەتی ئەو ڕێگە دەکوتێ کەچی ئاگای لەوە نییە کە چارەنووس لەو ڕێگەدا چ داوێکی بۆ ناوەتەوە.

هەندێ جاریش بەساتی دەرکەوتن دەوترێ (ساتی بینایی). نموونەی نەژادی دەرکەوتن لە ئەدەب و درامای گەلاندا زۆرە، با لێرەدا ساتی دەرکەوتنی نەفامی دایکی (یان) و خوشکەکەی کە دوو پاڵەوانن لە دراماکەی کامۆدا (نەفامی - یان - بێ ئاوەزو - سوء التفاهم) بکەین بە نموونە.

«ئافرەتێکە خۆی و کیژەکەی ئوتێلێکیان بەکرێ گرتووەو لەو ئوتێلەدا دەژین، ئافرەتە بێوەژنەو ماوەیەکە مێردەکەی مردووە، کوڕێکی هەیە بیست ساڵ تەمەنییەتی، ماوەیەکی زۆر بوو لە دایکی دوور کەوتبووەوەو لە وڵاتێکی تردا دەژیا و لەوێ ژنی هێنابوو، کوڕەکە کە دەزانێ باوکی مردووە، بڕیار دەدا بگەڕێتەوە لای دایک و خوشکەکەی، دایک و خوشکەکەیش بڕیار دەدەن پارەیەکی فرە بە هەر جۆر بووە خڕ بکەنەوەو بڕۆن بۆلای کوڕەکەیان، بە ئاواتی ئەو ڕۆژەوەن کە بەو کوڕە شاد ببنەوەو لەلای بەخۆشی ڕابوێرن، وا کوڕەو ژنەکەی کە ناوی (ماریا)یە گەڕانەوە بۆ لای دایک و خوشکەکەی بەڵام وا بڕیاریان داوە مێوانی ئوتێلەکە بن و خۆیان لە دایک و خوشکەکەی ئاشکرا نەکەن تا بزانن زاری دڵ و دەروون چۆن لە ئاستیان دەبزوێ، واش بڕیار دەدەن کە (یان) تا بەیانی دەبێتەوە خۆی ئاشکرا نەکاو (ماریا)ی ژنیشی بڕواتە ئوتێلێکی تر بنوێ و بەیانی زوو بێ و ببینێ کە چۆن لە یەکتری ئاشکرا بوون، ئەگەر لەیەکتریش ئاشکرا نەبوو بوون ئەو دەوری لە یەکتری ئاشکرا بوونیان بگێڕێ.

خوشک و دایکە بۆ خڕکردنەوەی پارە ئەوەی دەبێتە مێوانی ئوتێلەکەیان ئەگەر پێیان بلوێ دەرمان خواردی دەکەن و لاشەکەی فڕێ دەدەنە ناو ئەو زێیەی کە ئوتێلەکە لەرۆخیایە، (یان) لەژوورێکی ئوتێلەکەدا دادەبەزێ و بە پێی بڕیارەکەی خۆی و ماریای ژنی خۆی ئاشکرا ناکات، خوشکەکەی

(١) أوديب ملكا - سۆفۆكليس ودكتور علي حافظ - دار الكتاب العربي للطباعة والنشر. (ل١٣٠).



پاساپۆرتەکەی وەردەگرێ و بەبێ ئەوەی ناوەکەی بخوێنێتەوە دەیداتەوە دەستی و ژوورەکەی بۆ دەرازێنێتەوە، شەو دادێ دایکە دەرمان دەکاتە ناو خواردنەوە بۆی و کیژەش بۆی دەباو دەرخواردی دەدا، کە دەمرێ فڕێی دەدەنە ناو ڕووبارەکەو پاش فڕێ دانی کە تەماشای پاساپۆرتەکەی دەکەن بۆیان دەردەکەوێت کە ئەوە کوڕەکەی ئەوان بووە، دایکە لە حەژمەتا خۆی پێ ڕاناگیرێ و خۆی فڕێ دەداتە ناو ڕووبارەکەوەو دەخنکێ کە بەیانی(ماریا)ی ژنی (یان) دێت و هەواڵی مێردەکەی دەپرسی (مارتا)یش کە خوشکەکەیە ئەو کاتە بۆی (دەردەکەوێت کە ئەوە ژنی براکەیەتی بەو جۆرە ئەو دramaیە کۆتایی پێ دێت[1].

دەرکەوتن لە تراژیدیادا بەم جۆرانەی خوارەوە دەبێ:

١- یان ئەمەیە (دەرکەوتن) بەهۆی بەڵگەیەکی بینراوەوە دەبێ، وەک لە تراژیدیاکەی کامۆ (بێ ئاوەزو)دا بەهۆی پاساپۆرتەکەوە دەرکەوت.

٢- یان ئەمەیە بە یادکردنەوەو هاتنەوە بیردا دەبێ، ئەویش یان دیمەنێک یان بینین و بیستنی شتێکە دەبێتە هۆی دەرکەوتن.

٣- یان دەرکەوتن بەرێگەی هەل هێنجاندن و بەر ئەنجام هێنانی بەڵگەیەکی فیکرییەوە دەبێ وەک وتەی: ئەوەی کە دێ لە من دەچێ ئەوەش لەمن بچێ (ئۆریست)ە کەواتە ئەوەی کە دێ ئۆریست خۆیەتی[2].

٤- یان دەرکەوتنە کە بەرهەمی ڕووداوەکانەو لە داوێنی ئەواندا دەزێت، ئەم جۆرە دەرکەوتنە باڵاترین جۆری دەرکەوتنی تراژیدییە.

نموونەی ئەم جۆرە دەرکەوتنە لە دراماکەی (یۆریپیدیس) دەردەکەوێ کە ناوی (ئێفجینیا لە تۆرس - Iphigenia in Tauris) دایە، کورتەی دراماکە: «کە ئێفجینیا کرا بە قوربانی بۆ ئەوەی پاپۆڕەکانی باوکی (ئاغا مەمنوون) بەرەو (تروادە) بکەونە ڕێ لەوەختی سەربڕینی ئێفنجینیادا (ئەرتیمیس) کە یەکێکە لە خواکان و کاری فریاکەوتن بوو ئێفیجینیای ڕفان و مامزێکی لەجێی ئەو دانا، ئەوی برد بۆ (تۆریس) کە وڵاتی (کریمیا)یە کە ئەمڕۆ بە وڵاتی قرم بەناوبانگە، لەوێ مایەوەو بوو بە (زیرگەوان - ڕاهبە)ی پەرستگای (ئەرتیمیس) لەوێ یاسا وابوو ئەوەی نامۆ و ئاوارە بوایە لەو پەرستگایەدا دەکرا بە قۆچی قوربانی بۆ خواکان، ڕۆژێک پاسەوانەکانی پەرستگا (ئۆریست)ی برای ئێفیجینیاو برادەرەکەی کە ناوی (بۆلاد) بوو هێنانیان بۆ پەرستگا بۆ ئەوەی بیانکەن بە قوربانی، ئەوان بۆیە ڕۆیشتبوون بۆ ئەوەی تا (کسوامۆن) کە پەیکەری (ئەرتیمیس) بوو بیهێنن بۆ ئەوەی ئەم خوایە فریای ئۆریست بکەوێ و لە سزای گران ڕزگاری بکات چونکە ئۆریست باوکی خۆی کوشتبوو لە کاتی سەربڕیندا ئێفیجنیای براکەی خۆی کە ئۆریست بوو ناسییەوەو بەیەک شاد بوونەوە کە زانی بۆ پەیکەری ئەرتیمیس هاتووە زوو پەیکەرەکەیان دزی و سواری بەلەمێک بوون و دەرباز بوون و گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان[3].

***

لەباس کردنی دەرکەوتندا جاروبار لێک پچڕان خۆ لە مێشکی مرۆڤدا دەنوێنێ ئەم خۆ نواندنە دەبێتە

(١) سوء التفاهم .ت.البيركامي و د.سامية احمد اسعد – مسرحيات عاليمة. ٣٧ کورتەی سەرجەمی دراماکە.

(٢) نظرية الدراما من ارسطو الي الان. (رشاد رشدي) ل(٥٢).

(١) ملامح مصرية في المسرح الاغريقي) علي نور. ل٥٢ هەروها تەماشای (الفكر اليوناني - الادب الهيليني) (الدكتور محمد غلاب) الجزء الثالث ل(٢١٤) الطبعة الاولی.

هۆی ئاڵۆزبوونی لێک پچڕان و دەرکەوتن لە پێناسەی دەرکەوتنندا وتمان جۆرە گۆڕانێکی کتوپڕییە لە دۆخی نەزانینەوە بۆ دۆخی زانین، تێپەڕبوونی مرۆڤ - بەتایبەتی لە ئەدەب و هونەردا - لە دۆخی نەزانینەوە سەبارەت بە شتێک کە دەشێ بزانرێ - بۆ دۆخی زانین لەو ماوەیەدا ئەو مرۆڤە دەکەوێتە نێوان دوو فاقەی (لێک پچڕان)ەوە کەواتە لێرەدا پێویستی کرد کە بزانین لێک پچڕان چییە؟

## لێک پچڕان (المفارقة - Irony)

پێش ئەوەی نەژادی (ئایرۆنیا) وەک بابەتێکی هونەری بێتە مەیدانی لێکۆڵینەوەو نرخاندنی دراما زۆربەی زۆری دراما نووسەکانی جیهان لە ئاسخیلۆسەوە بیگرە تا دەگتە ئیبسەن و پیراندللۆ و برێخت، هەموو ئەو نەژادەیان لە هونەرەکەیاندا بەکارهێناوە.

لێک پچڕان ئەوەندە بەرفراوان و لق و پۆپ دارە پێناسەیەکی وەها نییە کە هەموو جۆرو نموونەکانی خۆی بماشیتەوە، لەبەر ئەوە بۆ پێناسەکردنی هەندێ پەنایان بردووەتە بەرمانا زمانەوانییەکەی کە دەڵێن:

«لێک پچڕان خۆ دەرخستنی کەسانێکە کە بە پێچەوانەی ئەوەوەن کە هەن»[1].

ئەو پێناسە ئەگەرچی پێناسەیەکی ڕەواڵەتییە سوودی لەوەدایە کە مانای لێک پچڕان لە زەیینی مرۆڤ نزیک دەکاتەوە ئەو نزیک بوونەوە خۆی ڕاناگرێ ئەگەر بە هەندێ نموونە پاڵپشت نەدرێ کەواتە لێرەدا نموونە هێنانەوە بە پێویست دەزانرێ[2].

لێک پچڕان دەکرێت بە دوو بەشی سەرەکییەوە:

**یەکەم:** لێکپچڕانی زارەکی، وەک ناوی شتێک دەبەی مەبەستت بەرواژییەکەیەتی، وەک ئەوەی بە شان و باڵی پیاوی ڕاست گۆدا هەڵ بدەی مەبەستت هێرش بردن بێ سەر پیاوی دوو ڕوو، لە چیرۆکی (پاشا ئۆدیپ)دا ئۆدیپ جامی تووڕەیی و نەفرەت بەسەر ئەو کەسەدا نخون دەکاتەوە کە (لایۆسی) کوشتووە کەچی بۆی دەردەکەوێت خۆی بەر ئەو نەفرەتە دەکەوێت.

**دووەم:** لێک پچڕان لە هەڵوێستدا: نموونە، یەکێک لەهەڵوێستێکی تایبەتیدا دەیەوێ کارێک بکات بۆ ئەوەی لەتەنگ و چەڵەمە ڕزگار ببێ کەچی هەر ئەو کارەی دەیخاتە ناو خەرەندی تەنگ و چەڵەمەکەوە.

نموونەیەکی تریش: دیمەنی بڕینی گیرفان بڕێک لەو کاتەدا کە خۆی خەریکی بڕینی گیرفانی خەڵکە، یان یەکێک خۆی فڕێ دەداتە ناو حەوزێکەوە لای وایە پڕیەتی لە ئاو کەچی بەتاڵ و حەتاڵە[3].

ئەوەی کە دەبێتە نێچیری ئەو لێک پچڕانە وەنەبێ بەدەستی ئەنقەست وا بەخۆی بکات بەڵکو لە ئەنجامی بێ ئاوەزوویی خۆی و خۆ بە زل زانینی تووشی ئەو داوە دەبێ یان هەندێ شتی ڕووکەشی بە

(١) تەماشای (الکومیدیا والتراجیدیا) (مولوین شنت) ود.علی احمد محمود. ل(١٦٢) بکە.

(٢) وشەی لێک پچڕان لە زمانی کوردیدا وەک وشەی (المفارقة) لە زمانی عەرەبیدا وایە ئەگەر هەندێک پاڵی پێوە بنێین و ساوی دەین لەوانەیە لە مانای ئەو وشەیە نزیک ببێتەوە کە لە زەیینی لێکۆڵەرانی دراmadا هەیە، ئەوان بە (ئایرۆنیئیا) ناوی دەبەن کە گوایە ئەم وشەیە ئاوەڵناوەو کۆمیدیا زانەکانی گریک (ئایرۆنی IRONY)یان بۆ یەکێک بەکار هێناوە کە جیاوازی بخاتە نێوان دەرەوەو ناوەوەی شت واتە: ڕەواڵەت ڕوان بێ.

لەزمانی ئینگلیزیدا بەیەکێک دەوترێ کە خۆی گێل بکا واپیشان بدا ئاگاداری شت نییە، یان بۆ تێزو توانج بەکار دێت: (المورد ـ قاموس انگلیزي - عربي - ل٩٨١).

(٣) موسوعة المصطلح النقدي. ١٣- المفارقة د. س. میومیك والدكتور عبدالواحد لؤلوه. ل(٤٣).



هەڵەی دەبن، ئەمە لە بارەی لێک پچڕانی هەڵوێست و ڕووداوەوە بەڵام لەبارەی لێک پچڕانی زارەکییەوە مەرج نییە ئەوەی کە لێی ڕوو دەدا ئاگاداری ئەو لێک پچڕانە نەبێ، بەڵکو جاری وا هەیە هەر خۆی دروستی دەکاو دەیەوێ باشقولەو فێڵێک بەو لێک پچڕانە لە کەسانی تر بدات، یان بە شێوازی داپۆشین و توانج تیرێک بۆ یەکێکی تر بهاوێ، ئەوەش کە سەرنج دەدرێ هەڵوێستی ئەو لێک پچڕانەیە دەبێ چەند هەست بە سامناکی ئەو هەڵوێستە بکات ئەوەندەش هەست بەوە بکات کە ئەوەی کە تەڵەی لێک پچڕانەکەی بۆ نراوەتەوە ئاگای لەو هەڵوێستە ناهەموارە نییە، بۆیە بەبێ دڵنیاییەوە بەرەو ڕووی دەڕوات.

ئەو لێک پچڕانانە کە لە درامادا هەن ئەگەر لەتای ترازووی لێ قەوماوی لێک پچڕانەکەوە تماشا بکرێ دەبێتە دوو لک، لکی یەکەمیان وێنای ئەوەی تیا ناکرێ کە کارەسات بەو ڕووەدا بشکێتەوە، دووەم ئەوەی دەکەوێتە ناو دووفاقەی ئەو لێک پچڕانە چاوەڕووانی شتێکی دەکرد کەچی دژواری ئەو هاتە پێشەوە.

نموونە بۆ ئەو جۆرە لێک پچڕانە لە درامای جیهانیدا زۆرە، جوانترین نموونە ئەو دیمەنەیە کە لەناو دراماکەی (یۆریپیدیس)دا هاتووە کە ناوی (ئێفیجینیا لە ئۆلیس)ە[1].

ئەمە پوختەی دراماکەیە: «وا سوپای گریکەکان بە سەرۆکایەتی ئاغا مەمنوون لە ڕۆخی دەریا لە (ئۆلیس) مۆڵی خواردووەو ئامادەیە بۆ هێرش بردنە سەر (تروادە) بەڵام ئەوە چەند ڕۆژێکە چاوەڕوانن (با) هەڵی نەکردووە، تا کەشتییەکانیان بکەونە ڕێ لەشکر تامەزرۆی هێرش بردنە، چاوەڕوانی ئارامی لە لەشکر هەڵ گرتووە، گەورەی موغانەکان کە ناوی (کالکس)ە دێتە پێشەوە، نقلانەی خواکان ڕادەگەیەنێ و بە ئاغا مەمنوون دەڵێ کە گوایا: با هەڵ ناکات تا ئاغا مەمنوون کیژۆڵە جوانەکەی (ئێفیجینیا) نەکات بە قوربانی بۆ (ئەرتیمیس) ئاغا مەمنوون بەو نقلانەیە زۆر پەرۆش دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی تا دوو بەرەکی لە نێوان سەرکردەی سوپاکەدا ڕوونەدا ناچار دەبێ بە شوێن خێزانەکەیدا بنێرێ وا هەواڵیان بۆ دەنێرێ کە بە پەلە بگەنە (ئۆلیس) بۆ ئەوەی (ئێفینجینیا)ی کچی لە پاڵەوانی ناوداری گریک (ئاخیل) مارە بکات، (کلیتمنسترا)ی ژنی و ئێفیجینیای کچی بە پەلە دەگەنە (ئۆلیس) پیلانەکەی ئاغا مەمنوون بەگوێی (ئاخیل) و (کلیتمنسترا)دا دەدرێ، بەڵام ئێفجینیا تا ئەو ساتەی سەر دەبڕدرێ ئاگای لە هیچ نابێ و هەر خۆی بۆ پەردەی (ئاخیل) ئامادە دەکات.

نەژادی لێک پچڕانەکە لەم دیمەنەی خوارەوەدا دەردەکەوێ، با گوێ لەو باوک و کچە ڕابگرین چۆن هەر یەک لە بارەی خۆیەوە دەدوێ.

«ئەفیکینیا: باوکە گیان، ئەمەوێ ماچێکت بکەم، ئای کە دڵخۆشم، کە بە باوکم شاد بوومەتەوە تۆ خوا لێم زیز مەبە.

ئاگا مەمنوون: وەرە کچە خۆشەویستەکەم، دەزانیت تۆ لە هەمووان زیاتر منت خۆش دەوێ؟

ئەفیگینیا: زۆر دەمێکە نەمدیوی، گەلێ بیرم دەکردی، ئەوە چەند ڕۆژە، چەند حەفتەیە، ئای خوایە کە دڵشادم.

ئاگا مەمنوون: ئەی من بۆ ناڵێی چەندە خۆشحاڵم.

(١) (یۆریپیدیس) دوو درامای هەیە، یەکێکیان ناوی (ئێفیجینیا لە ئۆلیس)ە کە لە ساڵی: (٤٠٥پ.ز)دا نووسراوە، ئەویتریان ناوی (ئێفیجینیا لە تۆرس)ە کە لە ساڵی (٤١٩-٤١٤)پ.زدا نووسراوە یەکەمیان کاک ئەحمەد سالار لە ساڵی (١٩٨٢)دا کردوویە بە کوردی و بڵاوی کردووەتەوە.

ئەفیگینیا: کارێکی چاکت کرد وا ناردت بە دوما.

ئاگا مەمنوون: ناتوانم بڵێم چەند چاکە.

ئەفیگینیا: باوکە، ئەوە بۆ کە چاوت پێم کەوت یەکسەر نیگەران بووی؟

ئاگا مەمنوون: پاشاو سەرکردەکانی جەنگ گەلێک شت هەیە بۆ دڵگران کردنیان.

ئەفیگینیا: دەسا باوکە گیان، دەبا ئەم تاوە بۆ من بیت و هەموو کارو شتێکی تر فەرامۆش کەیت تەنها بۆمن بە لە خەم و پەژارەو دەردەسەری گەڕێ.

ئاگا مەمنوون: هەموو تشتێکم هەر بۆتۆیە، بیرو مێشکم هەر لای تۆیەو بۆ تۆیە.

ئەفیگینیا: دەباشە لێم گەڕێ هەتا ئەو چرچ و لۆچانە لە ڕووی باوکما نەهێڵم با خەندەیەک لەسەر لێوت نێم.

ئاگا مەمنوون: بە تەنها بینینت مایەی خۆشی و بەختیاریمە، تۆ بەختیاریمی تۆ مایەی خۆشیمی.

ئەفیگینیا: ئەوە فرمێسکە بە ڕوومەتتەوە؟

ئاگا مەمنوون: کچەکەم ئەبێ هەتا هەتایە لەیەک دابڕێین، دەبێ یەکتری نەبینینەوە، دەبێ لەدەستم بچی.

ئەفیگینیا: نا...نا... باوکە گیان... شتی وانابێ.

ئاگا مەمنوون: کچەکەم وشە ساکارو بێ خەوشەکانت کزە لە جەرگمەوە دێنن.

ئەفیگینیا: باوکە گیان تۆ بڵێی وشەکانم بتوانن، خەمەکانت بڕەوێننەوە.

دەکەواتە لێم گەڕێ هەزارەها شتت بۆ باس دەکەم...»(١).

***

ئەوانەی کە باسمان کردن هەموو هەندێک بوون لە نیشانەکانی تراژیدیا... هەموو ئەو بۆچوون و تیورانە لەسەر پێناسەکەی ئەرەستۆ لەمەڕ تراژیدیا بنیات نراون، نەک هەر ئەوانەی کە ڕاژەمان بۆ کردن بەڵکو چەندان تیوری جۆراوجۆری تر هاتوونەتە مەیدانی دراماوە کە زۆربەیان لە سایەی ئەو پێناسەدا سەریان هەڵداوە.

ئەرەستۆ کە پێناسەی تراژیدیای بۆ قوتابی و خەڵکی گریک کرد پێویستی بەوە نەکردووە بێ هەموو لق و پۆپێکی بۆیان باس بکات یان لەسەر پێناسەکەی بکۆڵێتەوە چونکە تراژیدیا بەو جۆرەو بەو ڕەنگ و ڕوخسارەوە لای هەموو گریک و زانایەک ئاشکراو ڕوون بووە، ئیتر پێویستی بەوە نەکردووە ئاشکرا تری بکات، یان پتر ڕوونی بکاتەوە، خۆی ئاشکراو ڕوون بووە.

بەڵام ئەو لێ نەکۆڵینەوە لەسەری بوو بە مایەی دوو شت: یەکەمیان مەیینی تراژیدیا لە شوێن خۆیا، ئەم مەیینە تا گەیشتە سەدەی حەڤدەمی پاش زایین بەردەوام بوو، چونکە کەوتنە سەر ڕێبازی گریکەکان تا ئەو سەردەمە بەشتێکی پیرۆز و باڵا دەزانرا، ئەوەی لەو ڕێبازە لای بدایە بە نەزان و نەفام دەدرایە قەڵەم، دوەمیان: بوو بەمایەی زۆر لێکۆڵینەوەو دەرهێنانی چەندان تیور سەبارەت بە تراژیدیاو

(١) ئەفیگینیا لە ئۆلیس – نووسینی یۆریپیدیس– ئەحمەد سالار کردوویە بە کوردی ل(٣٢–٣٣–٣٤). هەروەها بروانە: موسوعة المصطلح النقدي ١٣- المفارقة ت. د. سي ميوميك ود.عبدالواحد لؤلؤە. ل(١٠٢–١٠٤).



نەژادەکانی، ئیتر لە زۆر ڕووەوە وردە ئاڵوگۆڕی بە سەرداهات، ئەو ئاڵوگۆڕە تا دەهات پەرەی سەند و گەشەی کرد، بەڵام سەرەتای گۆڕاندنەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی حەڤدەمی پاش زایین(١).

## ٢- کۆمیدیا Comedie

تراژیدیاو کۆمیدیا هەردووکیان لکی یەک دارن، کەوانی لانکی یەک هونەرن، جمکی یەک دایکن کە درامایە، لەو ڕۆژەوە ئادەمیزاد چاوی هەڵهێناوە و ڕاست و چەپی خۆی ناسیوە، خۆشی و ناخۆشی، تاڵ و شیرینی، مردن و ژیانی لێک جیاکردۆتەوە، لەو ڕۆژەوە بابەتی هەردووکیان کە کوێرەوەری و بەختەوەرییە لە تەکیا وەک بەرو پشتی ناو لەپی لێی جیا نەبوونەتەوە، بەویان دڵ شکست و خەمبار بەمیشیان شاد و خەنیو بووە، هەردووکیان شەو و ڕۆژ بوون و لە ڕۆژگاری هونەردا لەیەکتری دانەبڕاون، هەروەها بەرخورداری پەرستگای (دیونیوسۆس)ن و لە ئامێزی ئەودا پەروەردە کراون و خراونەتە ناو بۆتەی هونەری دراماوەو قاڵ دراون، دراما نەختینەیەکی بەهادارە لەم دیوەوە تراژیدیا نەخێشنراوە لەو دیوەوە کۆمیدیا.

کاک ئەحمەد سالار دەڵێ: «گومان لەوەدا نییە کە چ کۆمیدیا– Comedie– وە چ تراژیدیا – Tragedy– هەڵقوڵاوی یەک چاوگ و سەرچاوەن»(٢).

سەرچاوەی هەردووکیان ژیانی مرۆڤە، ئەگەر تراژیدیا ڕوخساری لایەنی کوێرەوەری و بێ چارەیی و کۆڵەمەرگی ژیان بخاتە ڕوو، ئەوا کۆمیدیا لایەنی خۆش بەختی و ئومێد و گاڵتەو خەنین دەبەخشی، ژیانی کۆمەڵایەتی تان و پۆکەی لە ڕەفتاری مرۆڤ پێکهاتووە ئەویش یان گریانە یان پێکەنین؛ گریان بۆ شۆرینەوەی ئەو حەزانەیە کە لە توونی تاریکدا نوچاونەتەوەو تامەزرۆی هاتنە دەرەوەن، پێکەنینیش هاژاندنی ئەو مەملەکەتەیە کە لە ناخی دەروونەوە بۆی شۆڕ دەبێتەوەو ئەم پەڕو ئەو پەڕی نییە، پێکەنینەکە دەبێتە تیشکێکی ڕووناک ئاسۆی بەرینی ئەو جیهانەی پێ ڕووناک دەکرێتەوە... ئیدی مژدەی ئارام بوون بەو جیهانە نەسرەوتە دەدا.

وتمان دراما لەژیانی مرۆڤەوە هەڵقوڵاوە، ئەو سەرچاوانەی کە لە بارەی مێژووی دراماوە نووسراون وا دەگەیەنن کە: درامای گریکەکان لەسەرەتای هاتنە ئارایەوە لە داوێنی ژیاندا ڕەخساوەو هەندێک بووە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئایینی سەردەمی خۆی، بریتی بووە لە چەندیان ئەفسانەو داستان و ڕازو بەیاز وەک بەیاز و چیرۆکی بەر ئاگردان کاتی خۆیان پێ بردووەتە سەر و دڵنەوایی خۆیان پێ داوەتەوە، نوێژو پاڕانەوەو نوراندنەوە و گازەندە بووە، باری دەروونی لارە سەنگی خۆیان پێ ڕاست کردووەتەوە.

ئەو باو بۆرانە، ئەو دەریا و زەریانە، ئەو هەورو هەڵایە، ئەو شاخ و کەژە، ئەو تۆف و سەرمایە، هەموو دیاردەکانی ڕووی سروشت و دەوروبەر داوایان لە مرۆڤی گریکی دەکرد کە نهێنییەکانیان هەڵ بێنێ و لێیان تێ بگات و بیری نەسرەوتی و خۆی و وەرامەکانی نەوەی نوێی پێ دامرکێنێتەوە، ئیتر ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر بارەگای خواکان، کەچی خواکانیشیان وەک ئادەمیزاد تووشی هەمان دەردە سەری و

(١) (المفهوم التراجيدي والدراما الحديثة – فوزي فهمي احمد – المجلس الاعلي لرعاية الفنون والاداب والعلوم الاجتماعية، ح ل ٢).

(٢) کۆمیدیا - نووسینی ئەحمەد سالار، ل٨ ساڵی ٩٨١).

سەودا دەبوون، ئەوانیش لەناوخۆیاندا تووشی بەربەرەکانێ و ڕک و کینە و ئەڤین و دڵنەرمی دەبوون، بەڵام هەریەک جۆرە دیاردەیەکی سروشتی دەدرایە دەست و کارگێڕی دەکرد، لەبەر ئەمە خەڵک ناچار بوون پەنا بەرنە بەر هێزێکی مەزنتر و باڵا کە ئەویش (ئەناکیەت) بوو، واتە چارەنووس و قەزاو قەدەر، چ هێزی مرۆڤ و چ هێزی خواکان هەمووی لەژێر دەستەڵاتی ئەودابوون؛ تەنانەت (زیوس)یش کە سەرەکی خواکانیان بوو باڵا دەستی (ئەناکیەت) نەبوو، هەموو لەژێر سایەی ئەودا بوون.

ئیتر لەم ڕووەوە چەندان ئەفسانەو داستان و شەڕوشۆڕ لەنێوان خواکاندا بەرپا بوو ئەمانە هەموو بوون بە پارچەیەک لە بیروڕاو ئایینی گریکەکان، ئیتر ئەو ئەفسانەو داستانە ئەو بەیازو چیرۆکانە کە لەمەڕ پەیوەندی خواکان و کارو کردەیان هاتنە مەیدانەوە بوون بە پەناگەی دەربڕینی هەموو ڕازو نیاز و ئازار و چەوسانەوەیەک لە ئاسانەی ئەواندا خەڵک هەناسەیان دەداو تامەزرۆیی حەزو ئارەزووەکانیان دەشکاند و دڵی خۆیان پێ پاراو و تەسەل دەکردو باری لەنگی خۆیان پێ ڕاست دەکردەوە کەواتە دراما لەسەرەتادا چەند دەقێکی نووسراوە نەبووە لەو گۆڕەدا خرابێتە بەر دەست بەڵکو داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی بووەو پێویستی ژیان هێناویەتییە ئاراوە، ئەگەر تراژیدیا دەنگ دانەوە ناڵەو فوغان و ئازار و بێ نەوایی و دەردە سەری مرۆڤ بێ، دەبێ کۆمیدیاش قاقای پێکەنین و تیزتێگرتنی کارەساتی نالەبارو فشەپێکردن و شکاندنی گیف بوونەوەوە هەڵپەکردنیەتی، ئەو فرمێسکەی لەبەر دیدەدا قەتیس دەبێ زەردەخەنەیەک خۆی تیا دەنوێنێ.

گریکەکان هەر لە کۆنەوە ساڵی دوو جار یادی خوای پیت و بژێویان کردووەتەوە، لە کۆتایی پاییزدا کە هەموو خێرو بێرێک دەپێچرایەوەو گەردەلوولی کزی پاییز هەموو شتێکی دەدا بەدەم باوەو دارو درەختەکانی دوا پەلکیان هەڵ دەوەران، لەو کاتەدا ئاهەنگی ماتەمینیان بۆ (دیونیسۆس) دەگێڕا کە گوایا گەڕاوەتەوە بۆ بارەگای خۆی و لە تەک خوایا بارو کاروانی خێروخۆشی بردووەتەوە، لەو ماتەمینەدا سروودی پڕ بە سۆزی خەم و پەژارەیان بۆ دەوت، ئاهەنگی دووەمیان، لەسەرەتای بەهاردا دەبوو، لەو ئاهەنگەدا شایی و لۆغان و هەراو زەمزەیان بەرپا دەکردو پێشوازی گەڕانەوەی (دیونسۆس)یان پێ دەکرد، شاییە چونکە خوای پیت و فەڕ گەڕاوەتەوەو گیانی بە بەری دارو درەخت و گژوگیادا کردووەتەوە، لە ئاهەنگی یەکەمەوە تراژیدیا پەیدا بوو؛ واتە ئەو سروودو نزایانە کە لەو ئاهەنگەدا دەبێژران؛ چەرخی گەردوون پاش ماوەیەک پاڵفتەی کردن و داییەنیە دەست هونەری دراما، تا لەسەدەی پێنجەمی پێش زاییندا ئەو سروود و نزایانە بەسەردەستی ئەسخیلۆسدا لەناو بۆتەی تراژیدیادا دارێژران.

هەوەها شایی و لۆغانەکە بوون بەدەسترازەی ئامڵاندنی هونەری کۆمیدیا.

لەبەر ئەوەی مانای وشەی (کۆمیدیا – Comedie) پەیوەندی لە بارەی ماناوە بەو هونەرەوە هەیە کە وشەکە بووە بە ناونیشانی دەبێ هەندێ لەسەری ڕاوەستین، وشەی کۆمیدیا وشەیەکی گریکی کۆنەو مانای گاڵتەو گەپ و ڕابواردنی بەخشیوە.

لەبنەڕەتا لە دوو وشە لێک دراوە: یەکەمیان (Komos) واتە ئاهەنگی لادێیی بێ سەروبەر، دووەمیان: (Adein) واتە ستران وتن، هەردووکیان بەسەر یەکەوە مانای گۆرانی و سەماو ڕەشبەڵەکی گەیاندووە، هەردوو؛ وشەکە ئاوێتەی یەکتر بوون بە درێژایی ڕۆژگار سواون و بوون بە (Comedie) ئەو جۆرە ئاهەنگ و سەماکردنە لە پێش سەدەی شەشەمی پێش زاییندا لە سەرانسەری وڵاتی گریکدا باو بوون، هەندێ لە شارەزایان پێیان وایە ئەو جۆرە ئاهەنگە لەسەرەتادا لە ناوچەی میگارا - کە دەکەوێتە باکوری وڵاتی



گریکەوە - باو بووەو لەوێوە بڵاوبووەتەوە(١).

ئەرەستۆ لە کتێبی (پۆتیکا)دا وتوویەتی کۆمیدیا وەک هونەرێکی خاوەن تەکنیک بۆ یەکەم جار بەسەر دەستی خەڵکی کریتس - Cretes -دا بڵاوبووەتەوە(٢).

دیارە کۆمیدیا وەک شایی و ڕەشبەڵەک لە ناوچەی میگاراوە بەهەموو گریکدا بڵاوبووەتەوە، کەچی کریتییەکان کردوویانە بە هونەری دراماو بڵاویان کردووتەوە.

بڵاوبوونەوەی هونەری کۆمیدیا لە وڵاتی گریکدا لە ساڵی (٤٥٠)ی پێش زایین بووە، تا لە ساڵی (٤٦٠)ی پ.زدا لەلایەن میرییەوە وەک هونەرێک بە پێی یاسا بڕوانامەی دراوەتێ و مافی یاسایی وەرگرتووە دوابەدوای ئەو بڕوانامەیەدا (ئەریستۆفان)ی هونەرمەند هاتووەتە ئەو مەیدانەوەو کۆمیدیای سەرخستووە(٣).

***

پرسیارێک لێرەدا دێتە پێشەوە، ئەمە پرسیارەکەیە: لەبەر چی هونەری کۆمیدیا لەلایەن میری گریکەکانەوە درەنگ باوەڕنامەی دراوەتێ؟

لەبەر ئەوە بووە چونکە ئەو هونەرە لە دەرەوەی ئەتیکادا گەشەی کردبوو؟ یان لەبەر ئەوە بووە چونکە داڕێشتنی درامای کۆمیدی پێویستی بە شاعیرێکی خاوەن بەهرە هەبووە، تا ئەو وەختەش شاعیرێکی بەهرەدارو بە توانا نەهاتبووە مەیدانەوە، ئەوە بسەلمێنێ کە کۆمیدیا هاوتای تراژیدیایە ... یان چەند هۆیەکی تر هەبوون؟... ئەوانەی کە لەسەر مێژووی درامایان نووسیوە ئەوەیان ساغ کردووەتەوە کە کۆمیدیا لەلایەن دەوڵەتی گریکەکانەوە پاش تراژیدیا بە چل ساڵ باوەڕنامەی دەوڵەتی دراوەتێ و مەوڵەتی وەرگرتووە کە وەک هونەرێک شان بەشانی تراژیدیا بخرێتە سەر شانۆ، بەڵام هەر ئەو نووسەرانە چەندان ڕای جۆراوجۆریان سەبارەت بە دواکەوتنەکەی دەربڕیوە، پێش ئەوەی باسی ئەو ڕایانە بکەین دەبێ ئەوە بزانین هونەر وەک دیاردەیەکی ئادەمی باوەڕهێنان و باوەڕ نەهێنان لەلایەن دەوڵەتەوە نەپایەی کەم دەکاتەوە نەزیاد بەڵام ئەوەندە هەیە باوەڕ پێکردنی دەبێتە هۆی پەرەسەندن و گەشەکردنی... بابگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەو هەندێ بەشوێن وەرامەکەیدا بگەڕێین.

ئەو بابەتانەی کە کۆمیدیا - لە کۆنەوە تا ئێستا - دەیانخاتە ڕوو لە تێزو توانج و لاقرتی و پێکەنینەوە پەیوەستن، دەبێ ئەوەش بزانین پێکەنین خۆی - نەک مەسەلەی پێکەنین - لەلای هەندێ لە فەیلەسووفەکانی گریک بە شتێکی نەشیاو و نالەبار دراوەتە قەڵەم، لایان وابوو پێکەنین نیشانەی مرۆڤی چەورەو لاوازە، دەبوو پیاوی ماقوڵ و دامەزراو لێی وەدوور بێ چونکە پێکەنین کەمەری کەسێتی مرۆڤ شل و خاو دەکاتەوە، ئەو جۆرە بیروڕایانە تا ئێستاش لە هەموو جیهاندا ماون، بارودۆخی ئەو سەردەمەی گریک ئەوەی دەخواست کە هاونیشتمانی دەبوو تووندو تۆڵ و شان و باڵ و مل ئەستوور و بازوو قایم و مل هوڕ بێ، واتە چاکترین هاونیشتمانی ئەوەبوو کە پەروەردەیەکی جەنگاوەرانە بکرایە، ئەو جۆرە پەروەردەیە لە تەک گاڵتەو گەپ و ڕابوواردندا لەیەک دوور بوون، ئەمەو لەلایەکی ترەوە

(١) المصادر الكلاسيكي لمسرح توفيق الحكيم (دكتور احمد عثمان) ل (١٠٤). هەروەها: فن المسرحية – عدنان بن ذريل. ل (١٢٨). هەروەها: الكوميديا والتراجيديا – ت. مولدين ميرشنت ود. علي احمد محمود.

(٢) نظرية الدراما – حسين رامز محمد رضا. ل (٤٧). هەروەها: تاريخ المسرحية – عمر الدسوقي. ل (٢٨٨)

(٣) اريستوفانيس، عصره وعمله المسرحي – دراسات مسرحية – علي نور) ل٢٢- هەروەها تەماشای: الدراما الاغريقيه بكە لاپەڕەی (١٦) نووسینی (دكتۆر ابراهيم بكر) المكتبة الثقافية العدد (٢٠٣).

دەوڵەتیش لەبەر هەندێ باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری پێی وابوو هاونیشتمانی بەتەواوی سەرفراز نابێ ئەگەر نیشانەی پاڵەوانیەتی تیا دەرنەکەوێت، ئەوەش بە دوور کەوتنەوەیەتی لە هەڵوێستی خاو و خلیچکی ڕۆژانە و خۆ نەدان بە دەستی ئارەزووی پێکەنین و لاقرتییەوە وا دەزانرا کە پێکەنین و گاڵتەبازی پیشەی کۆیلە و کاسبکاری ئاساییە[1]. کۆمیدیا لەسەرەتای پەیدابوونیا بەو چاوە تەماشا دەکرا کە تەنیا بۆ لەغاوە خاو کردنەوەیە، بەڵام کە ئەریستۆڤان دەستێکی ئۆستایانەی بە کۆمیدیا گەیاند؛ ئیتر کۆمیدیا لە پانەی پێکەنین و لاقرتیدا بوو بە چەمۆڵە لێ گرتن و تیرو توانج وەشاندن لەو کار بەدەستانەی کە خۆیان بە زل دەزانی و هیچیان لە باردا نەبوو تاکە مەبەستیان گیرفان ئاخنین و سوود خواردن و دزێوی و چلێسی و خەڵک هەڵخەڵەتاندن بوو، جگە لەوەش ئەو بارو دۆخانەی کە دەبوونە هۆی دوو بەرەکی و مشت و مڕیان لەسەر دەکران بەلایەکدا ساغ نەدەبوونەوە ئیتر چ لە بارەی ڕامیارییەوە بوایە، یان لە بارەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، ئەو بابەتانە لەناو دراما کۆمیدییەکاندا دەخرانە ڕوو ئەکتەرەکانیشی دەبوونە نوێنەری خەڵکەکەو بەرێگەی تێزو توانج و گاڵتە و پێکەنین ڕەخنەیان دەربارەی ئەو بابەتانە ئاراستە دەکردو وێنای بارودۆخی نالەباری ئەو سەردەمەی خۆیان لە کۆمیدیاکەدا دەنەخشان؛ هەر لەبەر ئەمەش بوو کۆمیدیا کەم پەنای دەبردە بەر ئەفسانەو داستان[2]. کۆمیدیایەک ئەوە مەبەستی بێ کۆمەڵێک یان ڕژێمێک پێبەندی بیروکراتییەت بێ ئیتر چۆن بە چاوێکی یەکسانی کۆمیدیا وەک تراژیدیا تەماشا دەکات.

هەندێ لە درامانا سەکان پێیان وایە ئەرەستۆ لە کتێبەکەیدا بۆیە ئەوەندە لەسەر کۆمیدیا نەچووەو نەی نرخاندووە چونکە لەو کاتەدا کە ئەرەستۆ پۆتیکای دادەنا هێشتا کۆمیدیا بەرهەمێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدابوو تا لەسەری بکۆڵێتەوە[3].

کەچی بە ورد بوونەوەیەکی سەر پێیی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرەستۆ ساڵێک پاش مردنی ئەریستۆفان لە دایک بووە؛ ئیتر چۆن دەوترێ: بەرهەمێکی ئەوتۆی بەدەستەوە نەدابوو! ئەی بەرهەمەکانی ئەریستۆفان تا ئێستاش گەورەترین سەرچاوەی بەرهەمی کۆمیدیا نین؟!.

من وای بۆ دەچم کە ئەگەر ئەرەستۆ کەم تەرخەمی لەو بارەوە کردبێ لەبەر ئەوە نەبووە چونکە بەرهەمێکی ئەوتۆی لەبەر دەستا نەبووە تا بینرخێنێ بەڵکو لەبەر ئەوە بووە چونکە ئەفلاتون پێی وابووە: پێکەنین دیاردەیەکی وایە خورت و چەلەنگی مرۆڤ دەچەمێنێتەوەو کەسێتی کەم دەکاتەوە، ئەرەستۆ شاگردی ئەفلاتوون بووە، ئەو ڕایەی ئەفلاتوون لەمەڕ پێکەنین کاری تێ کردووەو هەر ئەو کارتێکردنەی بووە بە هۆی کەم تەرخەمییەکەی، بۆیە ئەوەندە ئاوڕی لێ نەداوەتەوە هەرچەند هەندێ سەرچاوەی تر وا دەگەیەنن کە ئەرەستۆ لە پۆتیکادا کۆمیدیای نرخاندووەو مافی خۆی داوەتێ[4].

هەندێکی تریش لایان وایە ئەو بەشەی پۆتیکا کە باسی کۆمیدیای تیایە فەوتاوە نەک هەر ئەوەندە بەڵکو یەکێکی وەک ئەفلاتوون کە مامۆستای ئەرەستۆ بووە بەرێزەوە تەماشای کۆمیدیای کردووە بە کارێکی وەها (ئەریستۆفان)ی لە ڕیزی سوکراتدا داناوە[5].

(١) اریستوفانیس - دراسات مسرحیة ل(٥٩).

(٢) المصادر الكلاسیكیة لمسرح توفیق الحكیم - الدكتور احمد عثمان. ل(٩٩).

(٣) المسرحیة نشأتها وتأریخها واصولها. تالیف (عمر الدسوقي. ل(٢٩٩). الطبعة الثانیة دار الفكر العربي.

(٤) الدراما بین النظریة والتطبیق - حسین رامز محمد رضا. ل (٤٦-٤٧).

(٥) اریستوفانیس - عصره وعمله المسرحي. ل(٥٩-٦٢).



ئەگەر ئەمە وابێ ئەی ئەفلاتوون بۆچی بە چاوێکی کەمەوە تەماشای پێکەنینی کردووە؟ دیارە پێکەنین شتێکەو کۆمیدیاش شتێکی ترە، دەنا دەبێ ئەم بارە چۆن ڕاست بکرێتەوە؟

کۆمیدیا لەسەرەتای پەیدابوونیا پێش ئەوەی ئەریستۆفان بیخاتە ناو قاڵبی شیعری درامییەوە لە ئاهەنگەکانی دیونیسوسدا هەندێ چەقاوەسوو و لاقرتی باز بۆ ماندووکردنی شەویلاک و خاو کردنەوەی تای کرژی دڵ و دەروون دەسیان دەکرد بە قسەی بێ سەرو بن و ڕەفتاری پڕوپووچ و بەناو خەڵکدا دەسوورانەوە، تا سڕ دەبوون خەڵکیان دەهێنایە پێکەنین، کە ماندوو دەبوون ئەوجا داوایان لە خەڵک دەکرد کە فشەو قسەی پڕوپووچیان بۆ بکەن، بەو جۆرە پێکەنینەیان دەوت (میگارا)[1].

کە ئەریتسۆفان هاتە مەیدانەوە پەردەیەکی هونەری قەشەنگی بەباڵای کۆمیدیادا بڕی و کردی بەهۆیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئاڕاستە کردنی مرۆڤ بەرەو سەربلەندی و ڕێز لە یەکتری نان و بەرپابوونی ئاسایش دیارە ئەم ئاڵ و گۆڕ بوونە ئەوە دەگەیەنێ (ئەریستۆفان)یش وەک ئەفلاتوون پێکەنینی بێ مانای بەهۆی کزبوونی سۆزی دەروون و خامۆش کردنی مێشک و نالەبار بوونی چێژو ئارەزوو زانیوە، بۆیە لە قاڵبی هونەرێکی باڵادا دایڕشت و ئەو هەموو مەبەستانەی خستە سەر ئەستۆی کە کەم شاعیر دەیتوانی درامایەکی کۆمیدی وەک کۆمیدییەکانی ئەریستوفان بهۆنێتەوە کە هەتا ئێستاش جوانترین و باڵاترین نموونەی کۆمیدیای ئادەمیزادن لەبەر ئەو کارەی بووە کە ئەفلاتون بەرێزەوە تەماشای کردوە چونکە لەلایەکەوە (میگارا)ی بێ سەروبەری خستە ناو پەیکەرێکی هونەری جوانەوە لەلایەکی ترەوە خەڵکی لە دەست لاقرتی بازەکان ڕزگارکرد، ئەم جۆرە گۆڕاندنە بوو بە هۆی ئەوەی کە کۆمیدیا شان بە شانی تراژیدیا ڕاوەستێ و میری ناچار بکات وەک هونەرێکی باڵا باوەڕی پێ بکاو، دەروازەی شکۆمەندی بۆ بخاتە سەر گازی پشت لەوانەشە ئەریستۆڤان خۆی دەستێکی ڕاستەوخۆی لەو بارەوە وەشاندبێ.

پاش ئەوەی کۆمیدیا لەلایەن میرییەوە ماوەی نواندنی وەرگرت: «ئیتر ئەو درامایانە کە لە ئاهەنگی ساڵانەی (دیونیسۆس)دا دەنوێنران دەبوو پێنج شانۆگەری بن سیانیان تراژیدی و یەکێک داستان و پێنجەمیان کۆمیدیا بێ، ئەو ئاهەنگەیش لە شاری (دیونیشیا) دەکرا»[2].

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کۆمیدیا لەمە باوەڕی پێ کرا پلەو پایەی خۆی وەرگرت و بەسەر دەستی (ئەریستۆڤان)ی بلیمەتدا شان بە شانی تراژیدیا ڕەوڕەوەی هونەری درامایان بەرەو لووتکە برد.

## پێکەنین چییە؟

لەپێشەوە ئاماژە بۆ ئەوە کرا کە تراژیدیا لەسەرەتایەوە تا کۆتایی لەناو تەم و مژی هەڵچوونی مەگێزی بەزەیی و سامدا قارەمانە شکۆمەندو خاوەن ئادکارەکانی ڕەوت دەکەن و تووشی چەندان چۆترم و تەگەرەی دڵ تەزێن و سامناک دەبن، ئەمە تراژیدیا بوو کۆمیدیایش ئاوێنەی نواندنی ڕەفتارە چەوت و چەوێڵەکانی کۆمەڵانی خەڵک و ڕەخنە لێ گرتنیانە... بۆ نرخاندن و تۆژینەوەی ڕەفتاری هەمە جۆرەی خەڵک چەند نموونەیەکی لە بۆرە پیاو و چەورەو ڕوژدو نەگریس و چەقاوەسوو کلاوچی و فێڵباز هەڵدەبژاردو، ڕەفتارە نالەبارەکانی ناو کۆمەڵی لە ئەستۆ دەنان و دەیکردن بە نموونە بۆ پف دانی مەگێزی گاڵتە و گەپ و پێکەنین و خاوبوونەوەی ڕک و کینەو دەماری قین، ئەو شتە نەنگ و بێ بایەخ و

(١) نیسبەتە بۆ خەڵکی میگارا، میگارستان لەو سەردەمەدا دوو بەش بوو بەشێکیان لە باکوری وڵاتی گریکدا بووە بەشەکەی تریان بە دوورگەی (سەقلیە)یان دەوت.

٢) قصة الحضارة - الجزء الثاني من المجلد الثاني. ل(٢٥٢-٢٥٣) تألیف ول دیورانت ومحمد بدران. الطبعة الثانیة.

شوورەییانە کە وەک مۆرانە پەیکەری ڕەوشت باشی کۆمەڵی دەغزدار دەکرد بەشێوازی تیروتوانج و پلار و تێز تێگرتن و گاڵتە و پێکەنین بۆ بینەران یەکەلای دەکردنەوەو دەست نیشانی دەکردن.

هەروەهاش لە پێشەوە وترا: ژیان ئەگەرچی یەک پەڕەیە بەڵام دوو لای هەیە لای بەختەوەری و لای کوێرەوەری، تراژیدیا لایەنی کوێرەوەرییەکەی گرتووە؛ مایەوە لایەنی بەختەوەری ئەویش بە کۆڵ کۆمیدیادا دراوە، کۆمیدیا وەنەبێ تەنیا پێکەنینێکی ڕووت بێ هەر لەو مەبەستەدا ڕەچاو ببێ، بەڵکو بۆ شی کردنەوەو توێژینەوەو لادانی ئەو شتە نەنگ و بێ کەڵکانەیە کە گەلێ جار لە ناو کۆمەڵدا وەک پێتاوی دزیویان لێ دێ کەچی خەڵک وەک ملوانکەی زێر لە مل خۆیان و نەوەیان دەکەن ئەگەر بشزانن ڕزیوە ناوێرن لێی بکۆڵنەوە، هونەری کۆمیدیا دێت وەک مامۆستایەکی نەترس و ئازا ئەو بابەتە کۆنانە یان ئەو داب و نەریتە نالەبارانە لە دوو تۆی گاڵتە و پێکەنیندا دەیانخاتە ڕوو وەک خەرقەیەکی کۆنی ڕزیو چۆن بەرەو پشت دەکرێ وەها لەبەر چاو خەڵکدا وەرگێڕ و داگێڕی دەکات و دەینرخێنێ.

ئەو شانۆگەریانە کە ئەریستۆڤانی گریکی پێش چوار سەدەو نیو لە پێش زاییندا نووسیونی ئەو ڕاستییەی سەرەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە نەک هەر ئەمەندە بەڵکو جگە لەوەش زۆربەی دراماکانی ناڵەی دەروونی بەرەی ڕەتکردنەوەو چینی چەوساوەی ئەو سەردەمەی خۆی بوون دراماکانیشی تا ئێستا پێشڕەوی درامای هەموو جیهانن، بۆ نموونە شانۆگەری (ئاسایش) کە لە ساڵی (٤٢١)ی پ.زدا نووسراوە بەڵگەی ئەو ڕاستییەی سەرەوەن بۆ زێدە زانین لەمەو باش دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە جارێ لێرەدا ئەمەندە بەسە.

پێش ئەوەی خامە بخەینە سەر نووسینی دوا مەبەستەکانی کۆمیدیا وای بە باش دەزانم کورتە باسێکی پێکەنین بکەین، دەبێ ئەوەش بزانرێ: پێکەنین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتێکی سایکۆلۆژی کەسانێ وەنەبێ کێشەیەکی وا ئاسان بێ لەمە لێی چوویتە پێشەوە بێتە بەردەستت.

هەر لە کۆنەوە زانایان ئەم پرسیارەی خوارەوەیان ئاراستەی خۆیان کردووە، بەڵام پێیان نەکراوە وەرامێکی وەهای خۆیان بدەنەوە کە لێی ڕازی بن و خەڵکیش دڵنیا بکات پرسیارەکەش ئەمەیە، ئایا پێکەنین چییە؟

ئەوانە کە لە کۆمیدیایان کۆڵیوەتەوە خۆیان لەدەست هەرەس هێنانی ئەو پرسیارە لاداوە، دیارە ئەو پرسیارە یەکێکە لەو پرسیارانە کە دەربارەیان وتراوە: ئاسانترین پرسیار قورسترین وەرامی لە ئەستۆ ناوە.

هەر لە کۆنەوە زانایان هەستیان بەوە کردووە ئەو نیشانانە کە سنوور بۆ پێناسەی ئادەمیزاد دادەنێن دوو شتە: یەکەم «گۆ - النطق» کردنە، دووەم: پێکەنینە.

زانایان پەی تەواویان بە گۆکردن بردووەو کردوویانە بە نیشانەی سەرەکی پێناسەی مرۆڤ و وتوویانە: مرۆڤ گیان لەبەرێکی گۆکەرە، لەبەر ئەوە پەی تەواویان بە پێکەنین نەبردووە، خستوویانە پشت گوێ و پێیان وابووە کە پێکەنین دۆخێکی وارس (العارض)ە، هەندێکیش بۆ جیابوونەوەی مرۆڤ لە گیانلەبەرانی تر سنووری پێناسەکەیان بە هێڵی پێکەنین دامەزراندوە، پێیان وابووە پێکەنین تاکە نیشانەیەکە مرۆڤ لە هەموو ئاژەڵ و گیانلەبەرێکی تر جیا بکاتەوە لەگەڵ ئەمەشدا وەنەبێ بەتێرو تەسەلی لە «پێکەنین»یان کۆڵیبێتەوە تا لەسەرەتای ئەم سەدەیە واتە لە ساڵی (١٩٠٠.پ ز)دا زانای ئەڵمانی (هەنری بەرجسۆن ١٨٥٩-١٩٤١) لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕی لەسەر «پێکەنین» نووسییەوە.

لەپێشەکی ئەو لێکۆڵینەوەدا دەڵێ: «پێکەنین کێشەیەکی نەگریس و سەهەندە، گاڵتە بە قەڵەمی



زانایان دەکات لەناو لەپی دەستیاندا وەک بڵقی ئاوی فووتێکراو خۆی قیت دەکاتەوە کە بتەوێ بیگری نییە ناتەوێ هەیە»[١].

هەنری بەرجسۆن بەو لێکۆڵینەوەی دەروازەیەکی گەورەی بۆ ڕووناکبیران و زانایان واز کرد، ئەوەشی دەرخست کە پێکەنین وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تایبەتێکی مرۆڤی دەبێ زۆرتر لێی بکۆڵرێتەوە ئەی ئەوە نییە مرۆڤ چۆن دەگری واش پێدەکەنێ، وەک چۆن گۆ دەکات دەخەنێ.

«ئەو شتانەش کە مرۆڤ پێ دەکەنێنن لە کارو فرمانی مرۆڤ بەدەر نین یان جۆرە ڕەفتارێکی داتاشراوی ناقۆلان، دیمەنێک یان تابلۆیەک جاری وا هەیە زۆر جوان و نایابن، جاری واش هەیە زۆر ناشیرین و بێ کەڵکن کەچی مرۆڤ ناخەنە پێکەنین، گریمان گیاندارێک - جگە لە مرۆڤ - ئێمەی هێنایە پێکەنین، ئەم پێکەنینە لەبەر چییە؟ لەبەر ئەوەیە چونکە خراوەتە ناو هەڵوێستێکی مرۆڤانەوە یان کەوتووەتە ناو بارودۆخێکی وەهاوە کە لە مرۆڤ بوەشێتەوە، جاری وا هەیە تەپلەیەک دەمان خەنێنێ؛ وەنەبێ ئەو خەنینە لەبەر ئەوە بێ چونکە لە شاڵ دروست کراوە یان لەبەر ئەوەیە چونکە بە پووش و پڵاش چنراوە؛ بەڵکو لەبەر ئەوەیە دیمەنەکەی سەرو پۆتەلاکی مرۆڤێک دەخاتەوە یاد یان لەبەر ئەوەیە جۆرە دۆخێکی مرۆڤانە پیشان دەدات کە لە کاتی لەسەرناندا ئەو جۆرە دۆخە دەبێتە بڵحییەکی مرۆڤانە[٢].

## ئەو شتانە کە پێکەنین دەنێنەوە

«مەگدۆگەل» کە زانایەکی سایکۆلیژییەو خاوەنی تیوری مەگێز (Instinct)ەکانە پێکەنینی بە یەکێک لەو مەگێزانە زانیوە کە بەڕێگەی زکماکی لە پێشینانەوە بۆ نەوەی نوێ پشت بە پشت دەگوێزرێتەوە، بەلایەوە سوودی پێکەنین ڕامالینی ئەو تەم و تاریکییەیە کە هەناوی مرۆڤی داپڵۆساندووە، ئەگەر پێکەنین نەبوایە مرۆڤ لەژێر باری کەسەرو خەمدا زوو دەتوایەوە.

هەر مەگێزێک بزوێنەری خۆی هەیە، ئەوەی پێکەنین دەبزوێنێ یان هەست کردنە بە جۆرە نەنگی و لارە سەنگ بوونی شتی ئاسایی یان لە پڕ کەوتن و شکاندن و چەمانەوەی ئەو شتانەیە کە بەو جۆرە نەناسراون[٣].

بەڵام دراماناسەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە لەسەر کۆمیدیایان نووسیوە، لەتۆژینەوەی پێکەنیندا بۆیان دەرکەوتووە ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی پێکەنین نانەوە دوو کۆمەڵە شتن، کۆمەڵی یەکەمیان دەبنە هۆی سەرەکی، کۆمەڵی دووەمیان دەبنە کاریگەری بنەڕەتی، هەر شتێک کە دەبێتە هۆی سەرەکی بزواندنی پێکەنین کاریگەرێکی بنەڕەتیشی لە تەکدایە کە بەهەر دووکیانەوە پێکەنینەکە هەڵ دەچوێنن و دەیتەقێننەوە.

وا لە خوارەوە هۆ سەرەکییەکان لەگەڵ چەند نموونەیەکدا دەخەینە پێش چاو لە پاش نموونەکانیش ئاماژە بۆ کاریگەرەکان دەکەین.

١- دیمەنی دەرەوەی مرۆڤ:

مەبەست لە دیمەنی دەرەوە، سەرو سەکوت یان گەدەو گیپاڵی مرۆڤە، هەر گۆڕاندنێکی نائاسایی کە

(١) الضحك: دراسة في مغزي الكوميديا تأليف - هنري برجسون–Henry Bergson تعريب: سامي الدروبي وعبدالكريم عبدالدايم ل(١٣) القاهرة–١٩٤٨.

(٢) تەماشای هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل(١٤) بکە.

(٣) اصول علم النفس– الدكتور احمد راجح الطبعة الثانية ل(٩٤).

سەرو کۆتەڵاکی مرۆڤ بشێوێنێ و بڵحییەکی تازەی نائاسایی بۆ دروست بکات دەبێە هۆی سەرەکیی پێکەنین.

وەک برادەرێکی خۆمان لە پڕ دەرکەوت شەل و گێڕ ببوو ئەم نەنگییەی دەبێتە هۆی پێکەنین، بەڵام تەنیا بوونی ئەو نەنگییەی کە شەل و گێڕییەکەیە نابێتە هۆی تەواوی پێکەنینەکە ئەگەر نەزانین بۆچ وای لێهاتووە؛ دیارە بۆیە وای لێهاتووە چونکە کۆڵ کێشی بۆماڵی ئاغای کردووە لە کاتێکدا کە ماڵەکەی خۆی وێرانە، کەواتە تەنیا تێکچوونی دیمەنی دەرەوە پێکەنینەکە دروست ناکات، بەڵکو کاریگەرێکی تر هەیە کە لەناخەوە پێکەنینەکە هەڵ تەقێنێ کە ئەویش: (کەم بوونەوەی پایەیەتی لە چاو هڤاڵەکانیا)، چونکە بووە بەنۆکەری ئاغا، هەروەها ئەگەر هاتو برادەرێکی خۆمان لە پڕ بە جل و بەرگێکی بێگانەوە بینیت پۆشاکێکی شل و شێواوی لەبەر بوو، بۆ یەکەم جار بەو جۆرە دیبوومان و لێی نەدەوەشایەوە، دەست بە جێ پێکەنینمان دێ.

یان ژن و مێردێکمان بینی یەکێکیان کورتیلەو قەمبوور بوو، ئەوەی تریان درێژو لاقۆر بوو، ئەم دیمەنەش جۆرە پێکەنینێک دەنێتەوە، لێرەدا جل و بەرگە شیواوەکەی برادەرەکەمان و دیمەنی ژن و مێردەکە تەنیا بێکەنینەکە دروست ناکەن، با هۆی سەرەکیش بن، بەڵام لە پشت ئەو دوو دیمەنەوە کاریگەرێکی بنەڕەتیش هەیە کە پێی دەوترێ نەگونجاندن، (عدم الملائمة).

رەوشی ڕۆژانەی هەموو مرۆڤێک شێوەی ئامێری میکانیکی وەردەگرێت، هەر تێکدانێک یان هەر جۆرە شێواندنێکی ئەو بارە میکانیکییە دەبێتە هۆی سەرەکی پێکەنین نانەوە، بۆ نموونە وا سرتە زەلامێک بە لارو لەنجەو بەفیز بەشەقامێکدا هەنگاو دەنێ لە پڕ نووکی قۆندرەکەی لەسەرە تێلێ ئالاو کەوت، شێواندنی ئەم ڕەوشتە لە دۆخی دەق پێوەگرتنی میکانیزمییەوە بۆ دۆخێکی تر کە دژ بەوە دەبێتە کاریگەری بنەڕەتی تەقاندنەوەی پێکەنینەکە، دەنا گریمان ئەو پیاوە لە پڕ بە ویستی خۆی دانیشت بڕوا ناکەم کەس پێکەنین بێنی[1].

هەندێ جاریش ڕۆیشتنی لارو لەوار یان ڕۆیشتنی دوو کەس لەسەر دوو تەریبی بەرامبەر بەیەک کە یەکێکیان لاساکرنەوەی ئەوەی تریان بێ، یان هەڵخلیسکاندنی پیاوێکی مل هوڕ لەسەر پەلکە مۆزێک، یان یەکێک لە هەڵوێستێکی وادا کە تیا تەریق ببێتەوە یان لە داخاندا پێکەنین و لە چەندان هەڵوێستی تردا پێکەنین دروست دەبێ.

هەندێ جاریش مرۆڤ پێکەنینی دێ بەبێ ئەوەی شتێکی بابەتی هەبێ کە پێکەنینەکە ببزوێنێ، وەک قدیلانەکردنەوەی منداڵ.

هەروەها کشانی تەلی سۆز و کرژبوونی هەڵوێستی تەریق بوونەوە ختوکەی لادیواری پێکەنین دەدەن و دەیقلیننەوە.

رەوشتی ڕۆژانەی مرۆڤ لە شێوەی ئامێریکی مکانیکی دایە، لە مێشکەوە کە سەرچاوەی ویستە تا دەگاتە سەر ئەندامەکانی لەش بەسەر چەندان جەڕو مەنگەنەی جۆراو جۆردا تەی دەکات و ختوکەی چەندان ئامێری مەگێزی جۆراوجۆر دەدا.

هەر تێک دانێک یان هەر جۆرە پەشوکاندنێکی ئەو بارە میکانیکییە دەبێتە هۆی سەرەکی پێکەنینانەوە.

(١) الضحك – هنري بيرجسون. ت. سامي الدروبي وعبدالله عبدالدايم) ل(٦٩). هەروەها: تەماشای: الاخراج المسرحي: تأليف: هيننج تيلمز وامين سلامة. ل(٢٦٠).



لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت یەکێک لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی سەرەکی پێکەنین دیمەنی دەرەوەی مرۆڤە؛ لە پاڵ ئەو دیمەنەشدا چەندان بزوێنەر و ڕاچڵەکێنەری کاریگەر هەن کە لە ناخەوە پێکەنینەکە هەڵدەتەقێنن، کە ئەمانەن: شکاندن و کەم کردنەوەی کەسێتی، نەگونجاندن، میکانیکییەتی ڕەوشتی مرۆڤ.

٢– ئەو نەنگانە کە دەبنە لەکەی سەر کەسێتی مرۆڤ:

مەبەست لەو نەنگانە ئەو شتە شوورەییانەیە کە دەبنە لەکەیەکی سروشتی سایکۆلۆژی و لە کەسێتی مرۆڤ کەم دەکەنەوە، وەک: کەم هۆشی، نەفامی، گێلی، نەگریسی، ڕژدی، پیسکەیی، چەتوونی، خاووخلیچکی، خۆ بەزل زانین، لەخۆبایی بوون، فێزکردن.

ئەو جۆرە سیفەتانە باشترین کەرەسەی پێکهێنانی پێکەنین و گاڵتە و گەپن، کۆمیدیا نووسەکان هەمە دەم پەنا دەبەنە بەریان، ئەگەرچی ئەو نیشانانە لە خودی خۆیاندا نابنە هۆی پێکەنین، ئەگەر نەخرێنە ناو هەل و مەرجێکی تایبەتییەوە، بۆ نموونە دەبینین پیاوێکی میری لەخۆبایی بوو، وا بەفیز بەشەقامێکدا دەڕواو کەپووی لە ئاسمانە، لە ناکاو پێ دەخاتە سەر پەلکە مۆزێک و لنگاو قوچ دەبێت، ئەم فیزو کەشووفشەی تیایا هۆی پێکەنینەکە نییە بەڵکو دەرچوونی لە سنووری خۆی بوو بە کاریگەری بنەڕەتی پێکەنینەکە[1].

لەبەر ئەمە هەندێ زانایان وتوویانە: وەنەبێ پێکەنین نانەوە تەنیا لەو سیفەتانەوە بێ کە دەبنە هۆی کەم کردنەوەی کەسێتی بەڵکو ئەوەی پێکەنینەکە دەنێتەوە دەرچوونی ئەو سیفەتانەیە کە لە سنووری ئاسایی دەردەچن.

هەنری بەرجسۆن ئەو سیفەتانەی لەژێر ناوی میکانیزمییەتی ڕەوشتدا خڕکردوونەتەوە، چونکە پێی وایە کەم هۆشی و گێژو وێژی و نەگریسی و چەتوونی... هتد، پێکەنین دروست ناکەن و خاوەنەکانیان ناخەنە ژێر باری گاڵتە جارییەوە، ئەگەر ڕکێفیان لەدەست خاوەنەکانیاندا مابوو بەڵام ئەگەر هاتوو جڵەویان بەدەست ویستی خاوەنەکانیانەوە نەمابوو، بەڵکو خاوەنەکانیان وەک ئامێرێک کەوتبووە بەر دەستی نەنگەکانی و لە ناویاندا دەقی گرتبوو بووبوون بە خوو و خدەیەکی وا نەیدەتوانی لەدەستیان ڕزگار ببێ ئەو کاتە دەبنە لانەی هەڵهێنانی گاڵتە و گەپی ئەم و ئەو.

لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو سیفەتە دەروونیانە ئەگەرچی هۆی سەرەکی پێکەنینەکەن، کەچی لەسایەی ئەواندا چەندان کاریگەری تر هەن لە یەکتری دەئاڵۆزێن و بەیەکەوە پێکەنینەکە دەتەقێننەوە[2].

دەبێ ئەوەش بزانین ئەو هۆیانە کە دەبنە سەرەکی و ئەو کاریگەرانە کە دەبنە بنەڕەتی تەقینەوەی پێکەنین لەوانەیە نەتوانن بەتەواوی هورژم بەتوانای پێکەنین بێنن ئەگەر نەخرێنە ناو هەڵوێستێکی واوە کە وێنای کەم کردنەوە، یان نەگونجاندن، یان دەقی میکانیزمییەتی ڕەوشت نەکێشێت، بۆ وێنە: ئەو ژن و مێردەی کە یەکێکیان کورتیلەو قەمبوورە، ئەوەی تریان درێژو لاقۆرە؛ ئەگەر شان بەشانی یەکتری نەگەڕێن لەوانەیە پێکەنین دروست نەکەن، بەڵام لەو هەڵوێستەدا جۆرە دژوارییەک و نەگونجاندنێک دروست دەبێ کە سەربەقوڕ بخاتە پێکەنین.

(١) الاخراج المسرحي. تأليف: هيننج تيلمز: ترجمة: أمين سلامة ل (٢٦٠).

(٢) (علم المسرحية الآديس نيكول) ترجمة: دريني خشبة مراجعة علي فهمي ل (٣٠٩).

هەروەها پیاوی نەگریس یان پیاوی چەورە ئەگەر لە هەڵوێستێکی تایبەتیدا نەبێ پێکەنین نانێتەوە، لەمەشەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت: ئەو شتانەی کە دەبنە هۆی پێکەنین دەبێ لە هەڵوێستی تایبەتی خۆیاندا بن.

٣-ڕەوشت:

ڕەوشتی مرۆڤ زاری دەرەوەی هەموو ئاکارێکییەتی ئەویش وەک دیمەنی دەرەوەی مرۆڤ و ئەو نەنگانە کە پێکەنینیان دەنایەوە دەبێتە هۆیەکی سەرەکی پێکەنین لە پێشەوە وترا: ڕەوشت دوو جۆری هەیە یان پەنهانە یان ئاشکراو دیارە، جۆری پەنهانەکەی خۆی لە هەست و سۆزو، خۆشی و ناخۆشی و دڵتەنگی و نیگەرانی دەروونیدا خۆی دەنوێنێ و جگە لە خاوەنەکەی خۆی کەسی تر هەستی پێ ناکات، هەندێ جار خۆی لە هەڵوێستی تایبەتدا دەنوێنێ، هەندێ جاریش خۆی لە قسەو هەڵس و کەوتدا دەردەبڕێ، ئەم جۆرە دەربڕینە دەبێتە ڕەوشتی ئاشکراو دیار واتە هەموو جست و چالاکییەکی بینراو دەبێتە ڕەوشتی دیار و ئاشکرا:

بۆ وێنە با سەیری ڕەوشتی ئافرەتێکی کۆنەپەرستی سەر بە چینی بۆرژوا بکەین بەڵام بە مەرجێ ئەو ئافرەتە کەنیفت و خەفراو بێ، لەناو چەند ئافرەتێکی سەر بە چینی کرێکارو جوتیاردا ڕەوشتی ئەو ئافرەتە پێکەنین دەنێتەوە.

یان با پیاوێکی بێگانەی شارستانی بخەینە تەک پیاوێکی لادێیی نەخوێندەواری لای خۆمان، بە مەرجێ نە زمانی یەکتری بزانن، نەیەکتریان دیبێ، ڕەوتی هەردوولایان پێکەنین دەنێتەوە، هۆی پێکەنین لە هەردووکیاندا بەرەواڵەت ئەو ڕەوشتەیە کە هەر یەکێ سەبارەت بە بەرابەرەکەی خۆی دەری دەبڕێ کەچی کاریگەری بنەڕەتی بۆ هەڵتەقاندنی پێکەنینەکە نەگونجاندن و کەم و کوڕی و جیاوازییە لە نێوان ڕەوشتی هەردوولادا.

جاری واش هەیە سەرەڕای ڕەوشت کاریگەری بنەڕەتی تریش کاری خۆیان لەدروست بوونی پێکەنینەکەدا دەکەن؛ وەک میکانیکییەتی ئەو خووخدانە کە خاوەن ڕەوشتەکەیان لە فاقە ناوەو لە بنەوە کاری خۆیان دەکەن.

بۆ وێنە ڕەوشتی پارێزەرێک، یان پزیشکێک، یان مامۆستایەکی قوتابخانە، بەتایبەتی ئەوانەی لەوەی خۆیان ناسیبێ هەر یەک پێبەندی پیشەکەی خۆی بووبێ و لەو کەشە بەولاوە نەترازابێ، هەموو هەست و نەستێکیان ڕەنگی پیشەکەیان بداتەوە؛ ئیتر کە دەچنە کۆڕێکی ترەوە کە سەر بەپیشەکەیان نەبێ، یان ئەگەر ئەکتەرێک دەوریانی ببینێ ئەو وەختە ڕەوشتیان پێکەنین دەنێتەوە، هۆی سەرەکی پێکەنینەکە ڕەوشتە قاڵ بووەکەیانە کەچی لە پشت ئەو هۆ سەرەکییەوە وردکاریگەری بنەڕەتیش لە پێکهێنانی پێکەنیندا هەن وەک میکانیکییەتی ڕەوشتەکەو قاڵ بوونی لەو بۆتەدا[١].

جاری واش هەیە لەژێر پەردەی ڕەوشتدا کاریگەری تر - جگە لەوەی وتمان - هەیە تێکەڵاو بەو کاریگەرانەی پێشەوە دەبێ و دەبێتە مایەی پێکەنین، ئەویش لاساکردنەوەیە، یەکێک کە لاسایی پیاوێکی ترسنۆک دەکاتەوە، یان ئەکتەرێک کە لاسایی پیاوێکی گێل و ساویلکە دەکاتەوە ئەو لاساکردنەوە هەر چەند بەرەواڵەت هەندێکە لە ڕەوشت بەڵام ئەوەی کە دەبێتە کاریگەری بنەڕەتی ئەو شتە وردانەن کە بەتەنافی لاساکردنەوەکەدا هەڵواسراون.

(١) علم المسرحية... الآديس نيكول - ترجمة دريني خشبة ـ ل ٣١٤-٣١٥.



٤-قسەکردن:

قسەکردن جۆری زۆرە، ئەوەی کە لێرەدا مەبەستە ئەو جۆرە گفتوگۆ کردنەیە کە دەبێتە هۆی بزواندن و هەڵچوونی مەگێزی پێکەنین، گاڵتەو گەپ، لاقرتی و تۆکتەبازی مەگێزی پێکەنین دەبزوێنن.

ئەو ئاخاوتنانە یان ئەو دایلۆگانە کە لە درامای کۆمیدیادا دەبنە هۆی پێکەنین، دەبێ وەک پەڕەمووچی هونەرمەندێکی شێوەکاری لێهاتوو وێناو دیمەنی کەسانی ناو دراماکە نەخش بکەن و تابلۆی دیمەنە جۆراو جۆرەکانی ئەو هەڵوێستانە کە دەبنە زەمینەی تەقاندنەوەی پێکەنینەکە بنەخشێنن.

ئەگەر ئاخاوتن خرایە دوو تۆی گاڵتەو گەپەوە ڕاستەوخۆ پێکەنین دەنێتەوە، بۆ وێنە:

«برا برایە و سەلک جودایە» ئەم پەندە پێکەنین نانێتەوە ئەگەر ئەو جۆرە شێواندنەی تیا نەبێ، لەوانەشە لەمەڕ ئەوانەی کە هەست بە شێواندنەکە ناکەن لەوانەیە پێکەنینیان بە بیستنی نەبزوێ... بەڵام کە زانیان پەندە کە بەم جۆرەیە: «برا برایە کیسە جودایە» ئەو کاتە بسکە لە سمێڵیانەوە دێ.

هەروەها وتووێژی دوو کەس کە هەر یەکێکیان لە بارەی خۆیەوە بدوێ: وەک دەڵێن: «هەر یەک گوێز لە باخەڵی خۆیا دەژمێرێ» هەر یەکەیان لەمەبەستی ئەوی تریان ناگات[١].

بۆ وێنە: پیاوێکی کەڕ لە حەمام دێتەوە، پیاوێکی تر ئەویش هەر کەڕ بوو بۆ حەمام دەچوو، بەم چەشنە قسە دەکەن:

ئەوە لە کوێ بووی؟

نەوەڵڵا لە حەمام بووم.

ئا... لام وابوو لە حەمام بووی؟!

هۆی پێکەنین لەو جۆرە وتووێژەدا جۆری ئاخاوتن و دایلۆگەکەیە، لە تەک ئەوەشدا کاریگەری بنەڕەتی پێکەنینەکە لەیەکتری نەگەیشتنە لەو هەڵوێستەدا، هەروەها گاڵتە و گەپ و لاقرتی بەپێزو قسەی بە سۆو پڕ بە توانج هەر یەکەیان بەپێی ئاراستەبوونی لەو هەڵوێستەداو جۆری بەکارهێنان و باری دەروونی بیسەران خەندە دەخاتە سەر لێو.

کەواتە بەکارهێنانی زمان و گەمەکردن بە ڕستەو وشە لە هەندێ کۆمیدیادا دەستەبەرەی یان هۆی سەرەکی پێکەنینن... لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە: ئایا ئەو شتەی کە پێکەنین دەنێتەوە مانای وشەکانە واتە ئەوەی کە وشەکان دەری دەبڕن؟ یان شێوەی داڕێشتنیانە؟

ئەگەر کۆمیدیاکە وشەکانی دەکرد بەهۆی دەربڕینی پێکەنینەکە واتە ئەوەی پێکەنینەکەی دروست دەکرد بەکارهێنانی شێوە زمانەکە نەبوو بەڵکو ئەو مانایە بوو کە زمانەکە لە ئەستۆی دەگرت ئەو کاتە ئەو جۆرە کۆمیدیایە لەوانەیە لە زمانە خۆماڵییەکەی خۆیەوە وەربگێڕدرێتەوە سەر زمانێکی تر ئەو کاتەش لەوانەیە نەژادی پێکەنینەکە تیایا نەمرێ، بەڵام ئەگەر پێکەنینەکە لە شێوەی زمان و داڕێشتنی وشەو ڕستەکاندا دروست دەبوو ئەو کاتە وەرگێڕانی ئەو درامایە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر گەلێ ستەمەو نەژادی پێکەنین تیایا نغرۆ دەبێ و تامی تیا نامێنێ[٢].

نووسەرانی کۆمیدیا دەبێ ئەو هونەرمەندە بلیمەتانە بن کە بتوانن بە ئارەزووی خۆیان گەمە بە وشەو ڕستەو دەستەواژە بکەن، هەروەهاش بتوانن بەهۆی دایلۆگەکانیانەوە ئەو وێنانەی کە لە مێشکی

(١) هەمان سەرچاوە ل ٣١٦-٣١٧.

(٢) المسرحية نشأتها وتأريخها واصولها. عمر الدسوقي - ل٣٧٩ الطبعة الثانية.

بینەراندا دروستی دەکەن وەک پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگ باڵەفڕیان پێ بکەن.

ئەوەتانێ یەکێکی وەک (جفری چاوسێر - G. Chaucer) کە شاعیرێکی گەورەی ئینگلیز بووە لە کۆتای تراژیدیاکەیا کە ناوی: «ترویلۆس و کریسیدا)یە دەڵێ: (ئەی کتێبە بچووکۆلەکەم ئەی تراژیدیا خنجیلانەکەم بڕۆ نزا بۆ نووسەرەکەت بکە لە خوا بپاڕێرەوە کە توانای بداتێ کۆمیدیایەک بنووسێ).

## کاروانی کۆمیدیاو چەند گۆڕانێک

وەک لە پێشەوە وترا وەختێ کە کۆمیدیا هاتە مەیدانەوە تراژیدیا گەیشتبووە سەر ترۆپکی هەراش بوون، ئەمیش لەماوەی سەدەیەکدا گەلێ ئاڵ و گۆڕی بەسەردا هات، گۆڕاندنەکە هەردوو ڕووی کۆمیدیای گرتەوە؛ ڕووی ڕوخسارو ڕووی ناوەڕۆک.

لەسەرەتای سەدەی پێنجەمەوە تا پێشەکی سەدەی چوارەم کۆمیدیا بە سێ قۆناخدا تێپەڕی لەو قۆناغانەدا وەک هونەرێکی ڕەسەن و پێویست خۆی چەسپاندووە بناغەی بتەوی بۆ کۆمیدیای هەتا هەتایی دارشت.

ئەوانەی کە لە کۆمیدیای گریکدا شارەزان، پێیان وایە لەماوەی سەدەی پێنجەمەوە تا سەرەتای سەدەی چوارەمی پێش زایین دراما بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە، یەکەم قۆناغی کۆن: کۆمیدیاکانی ئەریستۆڤان پان و بەرینی ئەم قۆناغەیان پڕ کردووەتەوە، تازە کۆمیدیا لەم قۆناغەدا گڕوگاڵی دەکرد سۆفۆکلیس یەکەم خەلاتی لە تراژیدیادا پێ بەخشرا، ئەسخیلۆس (٤٥٦–٤٥٥) ئەمری خوای کرد، ئەوەندەی نەخایاند (سۆفۆکلیس و یوریپیدیس)یش مردن و ئەستێرەی تراژیدیا ئاوابوو، لە ساڵی (٤٥٠-.پ.ز) (پرۆتۆگۆراس ٤٨٥–٤١٥) هەروەها (ئەناکساگۆراس٠٠ ٥-٤٢٨) لە ئەسینادا سەقامگیر بوون، بە گەیشتنی ئە دوو زانایە ڕۆجیاری فەلسەفەو زانست و زانیار دنیای ئەوێی ڕووناک کردەوە، ئێدی چەندان وەک (سۆکرات ٤٦٩–٣٩١) و هیرۆدۆتی مێژوونووس هاتنە مەیدانی ڕووناکبیرییەوە؛ لەو کاتەدا کۆمیدیا ببووە ئاوێنەی ئەو سەردەمەو وێنای باری کۆمەلایەتی و ڕامیاری و خوورەوشتی کۆمەڵی دەکێشاو مالیجەی گیروگرفتەکانی دەنواند، لەو قۆناغەدا کۆمیدیا ببووە گۆڕەپانی دەربڕینی بیروڕاو خۆ لە پێشنان بۆ کاروباری ڕامیاری و کارگێڕی، لەم قۆناغەدا ناوەرۆکی کۆمیدیا داوەشاندن و تانەو تەشەر دان بوو بۆ ئەوانەی کە بیروڕای چەوت و چەوێڵیان هەیە و دەیانەوێ سنووری داب و نەریت و ئایینی کۆمەڵ ببەزێنن، بۆیە توانج و تانەو تەشەری ئاراستەی کەسانی ناسراو و ئاشنا دەکرد.

لە قۆناغی دووەمیدا کۆمیدیا لە بارەی ڕوخسارەوە گۆڕانێکی گەورەی بەخۆیەوەی دی:

ئەویش دەوری کۆرس بوو، کۆرس لە کۆمیدیای قۆناغی کۆندا دەورێکی باڵای لە بارەی بەرەو لووتکە بردنی ڕووداوەکانەوە دەبینی، کۆرس کە دەهاتە پێشەوە بەرامبەر بە جەماوەر ڕادەوەستاو لە جیاتی دانەری کۆمیدیای کە کارەسات و ڕووداوەکانی دەخستنە ڕوو، جاروباریش بۆ حەواندنەوەی هۆش و مێشک هەندێ سروودی پێشکەش دەکردن، کەچی لە قۆناغی دووەمی کۆمیدیادا کۆرس دەوری نەما، سا مەگەر جاروبار نەبێ لە کاتی پشووداندا سروودێکیان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەوت.

کۆمیدیا لە قۆناغی سێیەمدا، گۆڕاندنێکی بەسەر ئەو بابەتانەدا کە دەبوونە ناوەرۆکی کۆمیدیا قۆناغی کۆن هێنا، لەم قۆناغەدا تان و تەشەری ئاڕاستەی کەسانی ناسراو نەدەکرد بەڵکو نموونەی مرۆڤی دزۆک و نەفام و تەڵەکەباز و خۆپەرست و خوێن مژو و بێ ئابڕوو سۆزانی، پیشان دەدان و بەگژ مرۆڤی



دەست پاک و زانا و ڕاستگۆ و دڵسۆز و ئەڤیندار و شەرمن و داوێن پاک،دا دەچوو ئەم جۆرە کۆمیدیایە بوو بە پێشەنگی کۆمیدیاکانی (مۆلێر - ١٦٢٢–١٦٧٣)[١]. بۆیە ناوی کۆمیدیای ئەم قۆناغە نرا (کۆمیدیای نوێ).

## جۆرەکانی کۆمیدیا

دراماناسەکان گەلێ جۆریان بۆ کۆمیدیا داناوە، هەر جۆرێکی بابەتێکی تایبەتی و شێوەی مالیجەکردنی خۆی هەیە، کەواتە بابەت و چەشنی مالیجەکردنەکەی سنوور بۆ جۆرەکەی دادەنێ، ئەگەر کۆمیدیا مالیجەی بابەتێک بە ڕێگەی گاڵتەو تێزدان بێ ئەوە بەو کۆمیدیایەیان وتووە: (کۆمیدیای تەوس - الکومیدیا التهکمیە - Gatrical Comedy) ئەگەر بابەت تیایا چارەسەرکردنی ئەو خو و ڕەوشتە نالەبارانە بێ کە چەند کەسانێک بۆی کۆماو نەتەوەو بەجیڕی و مەنجڕی وەریان گرتووە پێی دەوترێ «کۆمیدیای ڕەوشت Comedy of Mannery» هەروەهاش پێیان وتووە: (کۆمیدیای کۆمەلایەتی - Comedy fo Social) خۆ ئەگەر هاتوو مەبەست لە بابەتەکەدا گاڵتەکردن بوو بە کەسانی کۆمیدیاکە ئەوە پێی دەوترێ: «کۆمیدیای کەسێتێ» یان ئەگەر مەبەست تیایا گاڵتە و فشەکردن بوو بە بیروڕای چەند کەسانێک ئەوە پیێ دەوترێ: «کۆمیدیای بیروڕا» کۆمیدیاکانی برنادشۆ هەموو لەو چەشنە کۆمیدیایەن، بەلام ئەگەر هاتوو بابەتی کۆمیدیاکە دڵداری و ئەڤین بوو، لە کۆتایشدا سەرکەوتن بەر ئەڤین کەوت ئەوا بەو جۆرە کۆمیدیایە دەوترێ «کۆمیدیای ڕۆمانتیکی - Comedy of Romantic» دراما کۆمیدیاکانی شەکسبیر؛ وەک «خەونی نیوەشەوانی هاوین» و (شەوی دوانزەهەم) لەو جۆرە کۆمیدیایەن کە ڕووداوەکانی لە کەشێکی سروشتیدا چەکەرەیان کێشاوە و پێکەنینێکی ئاستەم دەخەنە سەر لێوان[٢].

جگە لەوانەش (کۆمیدیای دەلەسە - Comedy of Delicacy - الغش والدسیسە)یش هەیە، ئەم جۆرە کۆمیدیایە بەزنجیرە دەلەسەیەک دەهۆنرێتەوە، کەسانی کۆمیدیاکە کۆمەڵە تەڵەیەک دەنێنەوە بۆ ئەوەی بگەن بە مەبەستێکی تایبەتی خۆیان بەلام یەک لە دوای یەک بەڕووی خۆیاندا دەتەقێنەوەو دەکەونە ناو چاڵی دەلەسەکانی خۆیانەوەو ئاواتە گەنەڵەکانیان پووچەڵ دەبنەوە.

سەرەڕای ئەو جۆرانە (کۆمیدیای لاقرتی - Farce)یش هەیە کە تەنیا مەبەست تیایا پێکەنین و گەنجەفەکردنە، ئەوەی لەم جۆرە کۆمیدیایەدا مرۆڤ دەخاتە پێکەنین کۆمەڵە لاقرتی و هەڵس و کەوتێکی بێ سەروبن و پڕوپووچە، ئەم جۆرە کۆمیدیایە نزیکە لە تەمسیل کردنی: (دیلارتێ)وە، هەندێ لە چیرۆکەکانی (مۆلیر) لەم جۆرە کۆمیدیاوە نزیکن وەک (شووکردن بە خورتی) و (بەخورتی کراو بە پزیشک).

کۆمیدیا جیهانێکی گەلێ بەرفراوانە، ئەو بابەتانەی کە کۆمیدیا لەناو گاڵتەوگەپدا ناوەخەنیان دەکات زۆرن، وەک دەلەسە، درۆ، ساختە دوو ڕوویی، فێڵبازی و تەڵەکە، ڕژدی، نەگریسی، ڕووپامایی، چلیسی، چاوچنۆکی... هتد.

ئەو خووخدە نالەبارانە کە هەندێ کەس دەقی پێوە دەگرن و دەبنە کۆسپ لەرێی خەڵکی تردا، یان ئەو

(١) المصادر الکلاسیکیة لمسرح توفیق الحکیم - دکتور احمد عثمان ل ٩٦-١١٠.

(٢) نظریة الدراما بین النظریة والتطبیق، حسین رامز محمد رضا ل٥١–٥٢. هەروەها: المسرحیة - کیف تدرسها وتتذوقها - ملتون مارکس - ترجمة: فرید مدور ل١٩٠–١٩١. هەروەها: فن المسرحیة: فردب. یلیت - ترجمة صدقي خطاب ل(٢٢٣).

مەگێزە ناهەموارە ناشیرینانە کە دەستی پەروەردە نەیتوانیوە سفت و سۆیان بکات، ئیتر ئەوانەی کە ئەو شتانە لەملیان ئالاوە دەبنە کەسانی کۆمیدیاو خوونەریت و ڕەوشتەکانیانیشیان دەبنە هۆی پێکەنین و تەوس لێدان و تەشەر.

## سوودی کۆمیدیا

بابەتی کۆمیدیا هەرچی بێ، یان هەر مەبەستێکی هەبێ، زەمینەو ڕووبەری پێشەوەی پێکەنینە، گاڵتەیە، گەنجەفەیە، لاقرتییە، زانایان دەربارەی سوودی ئەو شتانە ڕای جۆراو جۆریان هەیە.

لە ئاخر و ئۆخری سەدەی نۆزدەهەمدا کە فرۆید تیوری «ناهەستی - اللاشعور»ی هێنایە ئاراوە، دەرکەوت بەشی ناهەستی دەروون خەزێنەیەکی شاردراوەیە جگە لەو مەگێزە زکماکییانە کە پشتاو پشت لە پێشینانەوە بۆ نەوەی نوێ دەگوێزرێنەوە، لەناو ئەو خەزێنەدا خۆیان مت کردووە، هەروەهاش چەندان حەزو ئارەزوو ئاواتی نەهاتە دی هەیە لەوێدا خەفەکراون، لەژێر زبری نەبوون و ترس و یاسای کۆمەڵدا پلیشاونەتەوە، بەڵام بەتەواوی نەمردوون و دەست بەرداری خۆ دەربڕین و هێنانەدیش نەبوون، لەوێ خۆیان مەلاس داوە بۆ ئەوەی بەهەر بارێک بووە خۆیان دەربڕن، لەژێر پەردەی پێکەنین و گاڵتە و گەنجەفەدا جارو بار پشوویەک بۆ خۆیان وەردەگرن و ئارام بەخۆیان دەدەن.

فرۆید پێی وایە پێکەنین وەشتێکە بۆ ڕاچڵەکاندنی ئەو ئارەزووە خەفە بووانە، یان جۆرە پاکژکردنەوەیەکیانە لەو بارەی کە تێی کەوتوون، پێکەنین لادانەوەی ئەو قاپاغەیە کە قەڵا ڕۆژنەی زیندانێکی تاریکی ڕووناکبیر کردبێ؛ بەلادانەوەی ئەو قەپاغە ڕووناکی بەناویا پەرت دەبێ، وەک ڕووناکی بخەیتە سەر شریتی فلیمێکی نەشۆردراوە، هەموو تاریکییەکە دەڕەوێتەوەو، وێنەگیراوەکان دەهوروژێن.

لەو هوروژاندنە جۆرە لارەسەنگییەکی بایلۆژیی دەروونی دروست دەبێ و لە تامەزرۆییدا پێکەنینێکی بێ هەدەری دەکەوێتە ناو لەشەوە.

لەمەوە دەزانین پێکەنین دامرکاندنەوەی کەف و کوڵی ئەو حەزو ئارەزووانەیە کە لە کاتی هەڵپەکردنیاندا سەرکوت کراون و ڕەوانەی تاریکەستانی جیهانی ناهەست بوون.

ئەم ڕای فرۆیدە لەگەڵ (کاثارسیس)ی ئەرەستۆدا جیاوازیان نییە و هەمان تیورە.

شارلی چاپلن چ لە فلیمە دەنگدارەکانیا چ لە فلیمە بێ دەنگەکانیان: (پانتۆمایم - pantomime)(١).

پێکەنینی کردووە بە قەڵغانی خۆ لادان لە پڕو پووچی و بێ مانایی ژیان.

جگە لەو مەبەستانەی پێشەوە، مەبەستێکی تر لە پشت پێکەنینەوە دێتە دی ئەویش بریتییە لە ڕەخنە گرتن و چارەسەرکردنی دەردەکانی ناو کۆمەڵ و ئاڕاستە کردنی ڕەفتاری خەڵک(٢).

(١) پانتۆمایم، وشەیەکی کۆنە، مەبەست تیایا ئەو کەسەیە کە لاسایی هەموو کەسێک دەکاتەوە، یەکەم ئەکتەری پانتۆمایم لەمێژوودا ناوی (تیلیست telestes) بووە کە گوایا ئەسخیلۆس لە نواندنی دراماکەیا «حەوت دژ بەتیبا» لە ساڵی (٤٦٧ پ.ز) هەموو دەورەکانی بە تیلیست راسپاردووە، بەڵام ئێستا ئەم زاراوەیە بۆ فلیم یان کۆمیدیای بێ دەنگ بەکار دەهێنرێ.

(٢) کۆمیدیا: نووسینی ئەحمەد سالار ل٢٦.



## جیاوازی لەنێوان تراژیدیا و کۆمیدیادا

ئەوانەی کە لە درامایان کۆڵیوەتەوە؛ بەتایبەتی ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی کلاسیکی کۆن و نوێ بوون، هەوڵیان داوە کە سنوورێک لە نێوان تراژیدیا و کۆمیدیادا دانێن بۆ ئەوەی هەر یەک بە ناوونیشانی خۆیەوە لەناو پێناسەی خۆیدا گرد ببێتەوەو نەچێتە دەرەوە، بەپێی ئەو پێناسەش بۆ هەر یەکێکیان چەندان نیشانەیان دادەنا کە دەبوونە مۆرکی تایبەتی و ناسینەوەیان بەڵام دوای ئەوەی کە دراما پەرەی سەندو چەندان ڕێبازو بیروڕای جۆراوجۆر هاتنە مەیدانی دراماوە ئیتر شیرازەی پێناسەکان پچڕاو تراژیدیاو کۆمیدیا لەیەک ئاڵۆزان و جیابوونەوەیان وەک کارێکی ستەمی لێ هات.

لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ نیشانەی سەرەکی هەن کە ڕاستەوخۆ لەیەکیان جیا دەکاتەوە: ئەگەر سەرتاپای دراما بریتی بێ لە کوێرەوەری و بەدبەختی و چارەڕەشی پاڵەوانەکان؛ ڕووداوەکانیشی دڵ و دەروونی بینەرانی پڕ دەکرد لەتەنگ و تاریکی ئەوە تراژیدیایە، یان ئەگەر دراماکە بە ئاستەم ڕووناکی بەناو دەروونیدا پەرت دەکردو زەردەخەنەی دەخستە سەر لێوانەوەو نێونیگای بینەرانی دەدرۆشانەوە ئەوە کۆمیدیایە.

جاری وا هەیە ئەو دوو نیشانە زۆر تاکەم لەیەک دراما کۆدەبنەوە، بڕێ جار دڵی مرۆڤ تاریک دەکات و بڕێ جاریش ئەو تاریکییە ڕادەماڵێ و دەیکات بە ڕۆژی ڕوناک، یان بەپێچەوانەوە، ئایا ئەو جۆرە درامایە چ ناوێکی لێ بنێین؟

هەندێ لە دراماناسەکان بۆ بەرهەڵست کردنی ئەو جۆرە تێکەولێکەیە تراژیدیایان کردووە بە دوو بەشەوە: یەکەم تراژیدیای کوێرەوەری: ئەمەیان سەرتاپای هەر بەدبەختی و دەردە سەرییە، دووەم: میلۆدراما - Melo drama)یە کە نیشانەی هەردوو جۆرە سەرەکییەکەی درامای تیایە.

هەروەها کۆمیدیایش کراوە بە دوو بەشەوە: یەکەم: کۆمیدیای ڕاستی - الجدي - وەک کۆمیدیاکانی ئەرستۆڤان، دووەم: کۆمیدیای لێ قەومان - المأساه المفجعة - لەم جۆرە درامایەدا کەس تیایا نامرێ بەڵام لە مردن نزیک دەبێتەوە(١).

کەچی لە کۆمیدیای ڕاستیدا لە زۆر بارەوە ژیان تێک دەچێ، ئەو تێک چوونەی دەبێتە هۆی پێکەنین، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی ڕکابەری و دووبەرەکی پاڵەوانەکان، لە کۆتاییدا ئەو ڕکابەرییە دەبێتە تەبابوونی پاڵەوانەکان، لەماوەی ئەو ڕکابەری و تەبابوونەدا مرۆڤ پەند وەردەگرێ و هەست و سۆزەکانی بەرەو پاکژ بوونەوە لافاو دەکەن، بەڵام پاکژبوونەوە لێرەدا ناگاتە ئاستی ئەو پاکژبوونەوە کە لە تراژیدیادا دەبێ.

لەگەڵ ئەوەشدا کە ناتوانرێ سنوورێکی ڕاست لە نێوان تراژیدیاو کۆمیدیادا دابنرێ وا لە خوارەوە هەندێ لە نیشانەکانیان دەخەینە ڕوو:

١-پاڵەوانانی تراژیدیا هەموو شکۆمەند و دانا و خاوەن ڕەوشتی بەرز و باڵان، کەچی کەسانی کۆمیدیا هەموو چەورەو بۆرەو ڕژدو نەگریس و تەڵەکەبازو ساختەچین، ئەم نیشانەیە لەوانەیە تا ڕاددەیەک درامای کلاسیکی بگرێتەوە، کەچی کۆمیدیاکانی سەردەمی ئەلیزابیس ئەم سنوورەی شکاندو، ئەوە بوو یەکێکی وەک شەکسپیر کەسانی شکۆمەند و دانا و خانەدان و شازادەی دەکردە پاڵەوانی کۆمیدیاکانی بەپێچەوانەشەوە کەسانی بۆرەو کاسبکاری دەکردە پاڵەوانی تراژیدیاکانی.

(١) المسرحية كيف تدرسها وتتذوقها - ملتون ماركس - ترجمة فريد مدور. (ل٢٤٠-٢٤١).

٢-تراژیدیا چارەسەری ئەو بابەتە گشتییانە دەکات کە لە هەموو کات و لە هەموو هەندرانێکدا ڕوو دەدەن، وەک هەڵپەکردن، کێشەی جەنگ و داگیرکردنی وڵاتان، بۆ ئەم جۆرە بابەتانە پیاوی خانەدان و بەناوبانگ دەکرێن بە پاڵەوانی سەرەکی، کۆمیدیایش کیروگرفتی کۆمەڵایەتی و ڕامیاریی ناو کۆمەڵێکی تایبەتی دەخاتە ڕوو، بۆیە پاڵەوانەکانی هەموو بۆرەو ڕەش و ڕووتن.

٣-هەندێ نووسەر پێیان وایە جۆری دراما بە کۆتاییەکەیدا دەردەکەوێت، ئەگەر کۆتایی بە کوێرەوەری و ناهەمواری تەواو بوو ئەوا تراژیدیایە، ئەگەر بە بەختەوەری و دڵشادی تەواو بوو ئەوا کۆمیدیایە.

ئا لێرەدا یەکێکی وەک «بن جونسون» دەڵێ: ئەگەر کۆتایی بڕیار لەسەر جۆری دراما بدا، ئەو کاتە من شانۆگەرییەکانی خۆم کۆتاییەکانی دەگۆڕم ڕۆژێک دەیانکەم بە تراژیدیا ڕۆژێکی تر دەیانکەم بە کۆمیدیا(١).

هەروەها «بیرون ١٧٨٨-١٨٢٤) کە شاعیرێکی ناسراوی ئینگلیزە لەم بارەوە بەیتە شیعرێکی نووسیوە دەڵێ:

«گشت تراژیدیایە دوایی مردنە کۆمیدیایش دوای بەشووکردنە»(٢)

٤- ئەو بابەتانەی کە تراژیدیا باسیان دەکات هەندێ جار کێشەی فەلسەفین یان گیروگرفتی گشتی کۆمەڵن، کەچی بابەتەکانی کۆمیدیا جۆرە گیروگرفتێکی تایبەتی ناو کۆمەڵن، یان ڕەت کردنەوەی بڕێ داب و نەریتی نالەباری ناو ئەو کۆمەڵەن.

٥-تراژیدیا هەناوی بینەر دێنێتە سوو، چ هەستی ئەڤین و سۆز هەیە لەناو دڵی بینەرا پەنگ دەخواتەوەو جۆرە چەواشەیەکی بە سەردا دەدات، کەچی لە کۆمیدیادا جۆرە خۆشی و ڕووناکییەک دەخاتە ناو دڵ و لەدەروونادا پەرت دەبێ، پێکەنین و زەردەخەنەکانی سەر لێوی بینەر ساودانی ئەو مەگێزانەن کە لەجەرییان کردووەو پڕ بوون لە گەردوو لەکە.

٦-تراژیدیا کارەساتی پیاوی ناودارو خانەدانە، بابەتەکانی لە مێژوو و، داستان و ئەفسانەی پێشینانەوە وەردەگیرێ، کارەساتەکان هەموو بەدەور ئەواندا دەسووڕێنەوە بۆیە مەگێزی بەزەیی و میهرەبانی هەڵ دەچوێنن.

٧-کۆمیدیا لەرەوشت و ڕەفتارێ دەکۆڵێتەوە کە ختووکەی مەگێزی پێکەنین و گاڵتەو گەپ بدات، ئەو ڕەوشت و ڕەفتارە وەک خوو و خدەی مرۆڤ و نەریتی کۆمەڵایەتی لێ دەکات و دەیداتە بەر تانەو تەشەرو تاوتوو کردن بۆ ئەوەیە ڕووی نالەباری و نەشیاویان دەرکەوێت.

لە کۆمیدیادا گەلێ گزاف و لەخۆبایی بوون وخۆ هەڵکێشان ناوەخەن دەکرێن، کەچی لە تراژیدیادا ئەو شتانە جێیان نابێتەوە، هەروەها گرێ کوێرەکانی ناو کۆمیدیا بە ئاستەم دەکرێنەوەو کۆتایی بە بەختەوەری دێت(٣).

٨-شێوازی دایلۆگ لە تراژیدیادا شێوازێکی مەحکەم و پتەوە، هەروەها ناسک و تەڕو پاراو و ناسکیشە کەچی لەکۆمیدیادا مەرج نییە وابێ هەندێ جار شێوەی ناو بازاڕی تیا بەکار دەهێنرێ(٤).

(١) المسرحية نشأتها وتأريخا واصولها، عمر الدسوقي - الطبعة الثانية ل٣٥٧.
(٢) التراجيديا والكوميديا - تأليف - مولدين ميرشنت - ترجمة د. علي احمد محمود ل١٢.
(٣) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن - د.رشاد رشدي ل٨٩-٩٠
(٤) فن المسرحية مع تلخيص حديث لكتاب الشعر لارسطوطاليس - عدنان بن ذريل ل٩٧-٩٨ دمشق ١٩٦٣.



## ٣- میلۆدراما

هێشتا خەڵکی ئەورووپا و ئەمریکا تەزووی کلاسیکییەت بەری نەدابوون، چاوی ترسیش لەچوونە دەرەوەی ئەو یاسانە کە کلاسیزمەکان بۆ دراما‌یان دانابوو ئەوەندە قایم نەبوو کە خەڵک بەبێ ترس و دوو دڵی باوەش بۆ شتی نوێ بکاتەوە.

لەو ڕۆژەوە کە بیروڕای ڕۆمانسیەت هاتە ئاراوە، هونەری دراما‌یش وەک دیاردەیەکی فیکری دەیویست دەرێکی تر بۆ خۆی بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە ئاسۆیەکی نوێدا خۆی بنوێنێ.

لەسەرەتادا کە تیشکی لەو ئاسۆیەدا دایەوە خەڵک بە کازیوەیەکی نالەباری دەزانی، تا سەرەتای سەدەی هەژدەم دراما لە پەردەی میلۆدرامادا خۆی بە خەڵک ناساند، زەمینەی خۆ ناساندنەکەی لە ئامادە بوو، ئەوجا لە ئەورووپا، کە هاتە مەیدانەوە، نیشانەی هەردوو جۆرەکەی درامای ـ تراژیدیا و کۆمیدیا - گەردن ئاڵاند بوو، ئەو کەلێنانەی کە درامای کلاسیکی تیا ئاوابوو هەردووکی پڕ کردەوە.

لە کاتی سەرهەڵدانی میلۆدرامادا هەموو بارەیەکی ژیان ڕووبەرەو گۆڕان و بەرەو هەوراز بوو، بیروڕای ئادەمیزاد و بازرگانی و ئابووری و داهێنان بەتێکڕای ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە دەچوون.

میلۆدراما‌یش یەکێک بوو لەو کارە هونەرییە نایابە کە ببوون بە نیشانەی شارستانییەت و بەرهەمی هەوڵ و تەقەلای ئادەمیزاد، ئەمە لەلایەکەیەوە لەلایەکی ترەوە میلۆدراما کە هاتە مەیدانەوە ئۆجاخی درامای ئاوەدان کردەوە.

نیشانە تایبەتییەکانی میلۆدراما لە دراماکانی شەکسپیرەوە بیگرە تا شانۆگەرییەکانی (ئۆگست فریرایچ کۆتزبیو ١٧٦١-١٨١٩)ی ئەڵمانی هەروەها لە دراماکانی: (ڕینی چارلس ١٧٧٣-١٨٤٤)ی فەرەنسی و هی تردا، لەو شانۆگەریانەدا نیشانەی ژانی لە دایک بوونی میلۆدراما دەستی پێکردووە، بەڵام لە شانۆگەرییەکانی (ڕینی چارلس)دا میلۆدراما بەتەواوی لە دایک بوو، ڕەنگ و ڕوخساری خۆی پیشان دا؛ ئەوانەی کە لە میلودراما‌یان کۆڵیوەتەوە هەموویان ئەوەیان سەپاندووە کە: نووسەری فەرەنسی ڕینی چارلس یەکەم داهێنەری میلۆدراما‌یە، ئەو نیشانە تایبەتیانەی کە بۆ میلۆدراما دانراون لە شانۆگەرییەکانی ئەوا بۆ یەکەم جار سەریان هەڵهێناوە.

### نیشانەکانی میلۆدراما

١- ئەو خەم و ناسۆرانە کە دەبنە هەوێنی تراژیدیا، ئەو کارەساتە دڵ تەزێنانە کە لەناخەوە دەروون هەڵدەتەکێنن کەچی لە میلۆدرامادا ئەو کارەساتانە کاروانی ترس و لەرزیان لەداوێنی دەروونادا بە ئاستەم ڕەت دەکەن و ئەوەندە کار ناکەنە سەر ناخی دەروون(١).

٢-ئەو کەسانە کە لە میلۆدرامادا هەن هەندێکیان پیاو چاک و بەڕێزو ناودارن هەندەکەی تریان پیاو خراپ و نامەردو چرووکن(٢)... ئەو پاڵەوانە بەڕێزو ناودارانە تووشی چەوت و چەوێڵی و نالەباری دەستی ئەوانی تر دەبن، دەستە چرووکەکانی ئەوان بەوان دەسڕدرێتەوە، کەچی لە کۆتاییدا چاک و خراپ گوناهبارو بێ گوناه دەردەکەوێ، هەر کەسە بەرهەمی ئەوەی چاندوویەتی دەیچنێتەوە، پیاو چاک مەردایەتی خۆی دەبێتە مایەی پیاوەتی خۆی، نامەردیش بە سزای خۆی دەگات، بۆیە وتراوە، جیهانی

(١) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن- د. رشاد رشدي ل ١٣٤-١٣٦
(٢) فن المسرحية- عدنان بن ذريل ل٩٧ پەراوێز. هەروەها: علم المسرحية - دريني خشبة. ل ١٠٤ پەراوێز

میلۆدراما، ئەو جیهانەیە کە ئاکار حوکمرایەتی، هەر کەس بەرهەمی کردەکانی خۆی دەخوا، چی چاندووە ئەوە دەدورێتەوە.

٣- میلۆدراما چەند ئێش و ئازاری تیایە، ئەوەندەش خۆشی و حەواندنەوەی تیایە، چەند فرمێسکی تیایە، ئەوەندەش بزەی سمێڵ و خەندەی سەر لێوی تیایە، بۆ ئەم مەبەستە لە تەک پاڵەوانی سەرەکیدا پاڵەوانی دووەمی تیا بەکار دێت، بە سروشت و ڕەفتار دەبێ پیاوێکی گێل و دێوانە بێ، یان دەبێ کەسانێک بن ژیان و ڕۆژگار بداتە بەر لاقرتی و دەربەس بەهیچ شتێک نەبێ، یان بێ باک بێ، بەکارێکی وەها هەڵس و کەوتەکەی ببێ بە بزەی سەرلێوان.

٤- ڕووداو و کارەساتەکانی میلۆدراما، بەهەڵس و کەوتی پاڵەوانەکان گەشە دەکەن و دراماکە بەرەو پێشەوە دەبەن، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەو گەشەکردنە ناگاتە ئەوەی کە لەیەکتری ئاڵۆز بن و جیا نەکرێنەوە، بەڵکو بە ئاسانی لێک جیا دەکرێنەوەو لەنێوان چاکەو خراپەدا سنوور دەمێنێ، ئیتر خراپەی خراپکاران نابێتە لەکەی چاکەکاران.

٥- کۆتایی میلۆدراما هەندێ جار کودەتای بەسەردا دێت، بینەر چاوەڕوانی ئەوە دەکات کە پاڵەوانەکە بەرەو مردن خوار ببێتەوە کەچی لەپڕ ڕزگار دەبێ، یان لای وایە مۆرکی نامەردی بە نیوچاوانییەوە دەنرێ کەچی لە کۆتاییدا ئەستێرەی دەگەشێتەوەو بە مرۆڤێکی مەرد دێتە پێشەوە، یان بەپێچەوانەوە.

یاسای سێ لکەکەی ئەرەستۆ(١)

ئەرەستۆ پاش ئەوەی لە کتێبی پۆتیکادا پێناسەی درامای کرد، هەر لەو کتێبەدا باسی یاسای سێ لکەکەی تراژیدیای کردووە کە بە «الوحدات الثلاث - The Three Unities» ناودەبری.

وەک لە خوارەوە باسی دەکەین یەک یاسایە و سێ لکی لێ دەبێتەوە:

١-لکی کات: کە پێی دەوترێ: وحدة الزمان - Unity of time - بەپێی ئەم لکەی یاسایە دەبێ: ئەو کارەساتانە کە چیرۆکەکەیان پێ دەهۆنرێتەوە، کارەساتێکی وەها بن لەماوەی شەو و ڕۆژێکدا قەومابن، هەروەهاش نواندن و لاساکردنەوەیان دەبێ لەوەندە تێ نەپەڕێ، بۆ ئەو نواندنەش نابێ شتی وا بەکار بهێنرێ کە لە ڕووداوە قەوماوەکە دووری بخاتەوە دەنا دراماکە لە بەرگی هونەر دەچێتەوە دەرەوە.

جا تا لکی کاتمان لەتەک لکی شوێندا لێ ئاڵۆز نەبووە با ئەویش بێنینە پێشەوە.

٢-لکی شوێن: کە ئەمیش پێی دەوترێ: وحدة المکان - Unity of place - لەبەر ئەوەی کات و شوێن لەیەک دانابڕێن، چونکە کات بەبێ شوێن، شوێن بەبێ کات وێنا ناکرێ دەبێ بەیەکەوە قسەیان لەسەر بکرێ.

مەبەست لە لکی شوێن ئەوە دەگەیەنێ: ئەو شوێنەی کە دراماکەی تیا لاسا دەکرێتەوە کە شانۆکەیە نابێ لەچوارگۆشەی سەکوەکەی دوور بکەوێتەوە، بەپێی ئەم لکی یاسایە بەکارهێنانی فێڵی هونەری بۆ هێنانەدی یەکەی شوێن خۆدزینەوەو چەواشەکردنی هونەرە.

(١) ئەم یاسایە لە جیهانی دراما و لە بازاڕی دەمەتەقێی لێکۆڵەرەوانی درامادا دیارن، ئەوەی چاوێکی سەرپێیی بەلێکۆڵینەوەی دراماو شیعری کلاسیکی کۆندا گێڕابێ یەکسەر دەزانێ مەبەست لە یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆ چییە، هەندێ لە توێژەرانی شانۆگەریی کوردی بە «سێ یەکەکانی» ناو دەبەن واتە مەبەستیان «الوحدات الثلاث»ـە لەبەر ئەوەی ئەو سێ یەکانە هەموویان تیربەندی یەک یاسان کە بە «یەکەی کار - Unity of dction) کە ئەمیش دەبێ بەسێ لکەوە بۆیە وامان بە پەسند زانی بەو جۆرە ناویان ببەین.



ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی کلاسیکی دەرۆیشتن، یاساکەی ئەرەستۆ و فەرمایشتەکانی (هۆراس)یان بە پیرۆز دەزانی و هەوڵیان دەدا بە قەد تاڵە موویێک لێی لانەدەن، هەر بەرهەمێکی درامی یان شیعری ئەگەر پێبەندی ئەو یاسایە نەبوایە، بە بەرهەمێکی کرچ و کاڵیان دەدایە قەڵەم، هەر درامایەک فێڵی هونەری تیا بەکار بهاتایە بە دەرچوون لە جغزی هونەریان دەزانی، لەگەڵ ئەوەشدا شاکارەکانی دراما نووسەکانی گریک لەو جۆرە فێتە هونەریانە بەدەرنەبوون؛ بۆ نموونە «ئەسخیلۆس» لە درامای «قوربانی کاران»دا لکی شوێنی بە قوربانی هونەرەکەی دەکرد و لەوەختی نواندنی ئەو درامایەدا هاتووەو گۆڕەکەی؛ «ئاغا مەمنوون»ی لە تەنیشت کۆشکەکەیەوە - کە شوێنی ڕووداوەکان بوو ـ دروست دەکرد بۆ ئەوەی بینەر گوێی لەنەخشەکێشانی «ئۆریست» و «ئەلیکترا»ی خوشکی بێ کە چۆن پیلانی کوشتنی دایکیان و دڵدارەکەی دادەنێن.

ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی کلاسیکی بوون هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەرییان دەنرخان لەبەردەم پرسیار لەو ڕووداوانە کە لەشەو و ڕۆژێکدا ڕوودەدەن و دەبنە چیرۆکی دراما، هەورە تریشقەو لافاو و هەرەس هێنان و بوومەلەرزە و هەندێ کارەساتی تری سروشتی و کۆمەلایەتییان دەکردنە وەرام و نموونە؛ بۆ ئەو مەبەستەی ئەرەستۆ، دەیانووت ئەو جۆرە ڕووداوانە لە بیست و چوار سات زیاتر ناخایەنن؛ هەروەهاش لەیەک شوێندا ڕوودەدەن، کە ڕوویاندا خەڵک خڕ دەبنەوەو تەگبیری خۆیان دەکەن(١).

شوێنی خڕ بوونەوەکەش یان کۆشکێکە یان پەرستگایەکە، یان گۆڕەپانێکی ناو شارە یان کەناری دێییێکە، چوارگۆشەی شانۆکەش وا پیشان دەدرێ ئەو شوێنانەیە کە تیا خڕبوونەتەوە.

ئەدەب و هونەری سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمی ئیتاڵیا و فەرەنسا مۆرکی یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆ و ئامۆژگارییەکانی (هۆراس)یان پێوە دیارە.

ئا بەو جۆرەی سەرەوەش ڕاڤەی «لکی کات و شوێن»ی یاساکەیان بۆ خەڵک دەکرد، ئەوەش لە سێ گۆشەی یاساکە دەرچوایە بەرهەمەکەی بە شاش و بزڕکاو دەناسرا.

٣- لکی بابەت: بەو ڕووداوە سەرەکییە یان ئەو کارە سەرەکییە دەوترێ کە دەبێتە بابەتی سەروبەری دراماکە، بۆ ئەوەی ئەو مەبەستەی کە دراماکە دەیهێنایە ئاراوە لە هەموو ڕووێکییەوە ئاشکراو دیار بێ لەبەر ئەمە تراژیدیای گریکی تاکە بابەتێکی سادەی دەخستە ڕوو، هەموو ڕووەکانی پیشان دەدا، کە تەواو دەبوون، دراماکەش کۆتایی پێ دەهات.

زۆربەی توێژەرانی دراما بە لکی سێیەم دەڵێن لکی کار (Unity of action) مەبەست لە کار سەرتاپای دراماکەیە، ئەو هونەرەیە کە تان و خۆی دراماکەی لێ دروست دەبوو، ئەو چیرۆکەیە کە دەخوێنراو لە چەندان نەژاد و پایە پێک دەهات و گەلێ شتی تری بۆ دەخرایە کار تا دەبووە ئەو کارە هونەرییە کە وەک کۆشکێکی نایاب وابوو، چەندان کەرەسەی تیا بەکار دەهات تا دەگەیشتە ئەو ڕاددەیە کە هەیە، ڕاستە لکی بابەت ئەو ڕووداوەیە کە چیرۆکەکەی پێ هۆنراوەتەوە، بەڵام لە تەک ئەو ڕووداوەدا چەندان وردە ڕووداوی هاوسەر دێنە پێشەوەو دەبنە گرێ کوێرەو کۆسپ و تەگەرەو کار دەکەنە سەر ڕەوتی ئەو ڕووداوە سەرەکییە کە نزیکە لە بابەتە سەرەکییەکەوە، «پێویستە یەک ڕووداوی سەرەکی لە شانۆگەرییەکەدا هەبێ و هەموو ڕووداوێکی تر لە دەوری ئەو ڕووداوە سەرەکییەدا بسووڕێنەوە»(٢).

(١) فن المسرحية - عدنان ذريل - ل٥٠.

(٢) شانۆ و شانۆی کوردەواری - حەسەن تەنیا ل(٢١)

کەواتە بابەت دەبێتە هەوێنی بەستن و گرێدانی سەرانسەری دراماکە نەک هەموو دراماکە، هەروەها «کار action» هەموو دراماکە دەگرێتەوە، ئەو سێ لکە کە ئەرەستۆ باسی کردوون دەچنەوە سەر ئەو؛ واتە یاساکە یەکێکەو سێ لکی لێ بووەتەوە، نەک خۆی بکرێ لە لکێ لەخۆی.

بابەت و مەبەست لە درامادا گەلێ لەیەکتری نزیک دەبنەوە کەچی نزیک بوونەوەی ڕووداو و بابەت ئەوەندە لەیەک نزیک نابنەوە تا لەیەکتری بئاڵۆزێن و بە ستەم جیا بکرێنەوە.

ڕووداو بەلای ئەرەستۆوە مانای ئەوە نییە بریتی بێ لە چەند وردە ڕووداوێک کە بەسەر یەک کەسدا هاتبن ئەوجا پێکەوە ببەسرێن و بکرێن بە بابەتی دراما؛ هەر وەهاش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەو ڕووداوە لە چەند کەسانێکی یەکگرتووەوە هەڵ قوڵابێ، بەڵکو بەلای ئەوەوە ئەو ڕووداوە دەبێ زنجیرەیەکی یەکگرتووبێ، هەر ئاڵقەیەکی بە پاش و پێشەکەی خۆیەوە پێوەستییەکی فسیولۆژی هەبێ بە کارێکی وەها ئەگەر ئاڵقەیەکی لێ پسا، ئەو پساندنە کار بکاتە سەر سەرانسەری ئەو زنجیرە، بابەزارێکی تر بڵێین ڕووداوەکە زنجیرەیەکە ئەو زنجیرە هەبوونێکی هەمەکی (کلی) هەیە، پەیکەرە هەمەکییەکە لە هەندکەکانی پێک هاتووە، ئەو هەندەکانە کە پارچەکانیەتی مەبەستێکی ئەوتۆ ناگەیەنن و سوودێکی ئەوتۆش نابەخشن ئەگەر لەتەک هەمەکەکەدا نەبن و پێشیان ناوترێ ڕووداو لەبەر ئەمە وتراوە هەبوونی هەمەک بەستراوە بە هەندەکەکانییەوە، هەندەکەکانیش، ئەگەر لەناو لاشەی هەمەکەکەدا نەبن مانا نابەخشن، ئەمە مەرجێکی ڕووداوی دراماییە.

«با دانێین ئازاد بەیانی لە کاتژمێری نۆدا بۆ پیاسەکردن چوو بۆ بازاڕ، کە گەیشتە ناو بازاڕ، هەڵوەسەیەکی کردو تەماشای کاتژمێرەکەی کردو لەبەر خۆیەوە، وتی، ئا! خۆ ڕۆژی شەممە تاقیکردنەوەمان هەیە، ئەوە چۆن ئەمڕۆ نەچووم بۆ قوتابخانە! پەشۆکا، بە پەلە بەرەو ماڵ ڕووی نا، لەڕێدا تووشی برادەرێکی بوو کە ناوی زانایە، پێی وت:

-: بۆ وا پەشۆکاوی؟

-: ئەمڕۆ تاقیکردنەوەمان هەیە لە بیرم چووە بڕۆم بۆ قوتابخانە.

-: (بە زەردەخەنەوە) ئەی من بۆ نەرۆیشتووم بۆ قوتابخانە؟

-: (ویستی بڕوا).

-: کوڕە... وەرە... ئەی نازانی ئەمڕۆ یەکی ئایارە، جەژنی کرێکارانی جیهانە؟ ئەمڕۆ کوا قوتابخانە هەیە!.

-: (گەشایەوە... لەجێی خۆی سارد بووەوە)... سوپاست دەکەم زانا، خۆیشم بۆیە نەچوو بووم بۆ قوتابخانە شتێکی وام زانی بەڵام لەیادم چوو کە ئەمڕۆ بەوبۆنەوە قوتابخانە نییە.

هەردووکیان بەیەکەوە چوون بۆ سینەما... لە کاتژمێری یەکی پاش نیوەڕۆ گەڕانەوە ماڵەوە».

ئەم کورتە چیرۆکە بڕێ ڕووداوی تیایە، هەر چەند ڕووداوەکان یەک بەدوای یەکدا هاتوون بەڵام پێوەستی فسیولۆژییان لە نێواندا نییە، کەواتە ئەم جۆرە ڕووداوانە بەلای ئەرەستۆوە ئەو ڕووداوانە نین کە مەبەستن.

ئەرەستۆ مەرجێکی تری بۆ ڕووداوی دراما داناوە، ئەویش ئەوەیە: دراما بە ڕووداوە سەرەکییەکە دەست پێ دەکات نابێ هیچ جۆرە ڕووداوێکی تر پێشی بکەوێ واتە دراماکە لە سەر لووتکەی ڕووداوە سەرەکییەکەوە دەست پێ دەکات و بە گشتی دەخرێتە ڕوو، بەرێگەی بەرئەنجامی یان ئاوێتەیی شی



دەکرێتەوە، ڕووداوی دراما بەلای ئەرەستۆوە دەبێ وابێ کەچی ڕووداوی واقیعی ژیان لەوانەیە چەند ڕووداوێکی تر لە پێشیەوە هەبن.

لکی شوێن و لکی کات هەردووکیان دەبنە کەوانەو ڕووداوەکە دەکەوێتە نێوانیانەوە بەوان وێنا دەبێ و تێکەڵاویان نابێ و لێشیان جیا نابێتەوە، بابەت و کارەساتی پاڵەوانەکان و ڕەنگ و ڕوخساریان و جۆری ناکۆکی و خەباتکردنیان لەتەک خۆیدا ڕاپێچ دەکات.

وەک لە پێشەوە دەرکەوت: ئەرەستۆ کە باسی لکی کاری کردووە، لە دوو ڕووەوە تەماشای کردووە؛ ڕووی یەکەمیان: ئەو ڕووداوانە بوون کە باسمان کردن؛ ڕووی دووەمیان: بابەتی دراماکەیە، ئەو بابەتە وەک ڕووداوەکە دەبێ یەک بابەتی سەربەخۆ بێ و هیچ جۆرە بابەتێکی لاوەکی تری تێکەڵاو نەبێ؛ دەنا ئەو بابەتە لاوەکییە زەیینی بینەر، یان خوێنەری دراماکە لەسەر بابەتە سەرەکییەکە دەترازێنێ و تووشی پەرت و بڵاوی دەکات، ئەگەر شتێکی لاوەکیش هاتە ناویەوە دەبێ وا نەبێ کە سەرنجی بینەر بەلای خۆیا ڕابکێشێ و لەسەر بابەتە سەرەکییەکە بیترازێنێ.

هەروەهاش نابێ بابەتی تراژیدیا لەتەک بابەتێکی کۆمیدیا ئامێزدا تێکەڵاو ببێ، ئەگەر وابوو، ئەوا یەکەی بابەتی تێک دەچێ و ئەو وەختە «قالە و نالە» لەیەک جیا ناکرێنەوە.

ئەسخیلۆس کە بەباوکی تراژیدیای گریک دادەنرێ، دراماکانی لەسەر یەک ڕووداو دادەمەزران، ئەو ڕووداوە دەبوو بە جغزی کارەکە، ویستی خواکانی لە کارێکدا دەکردە بابەت، بەڕووداوەکە پاڵی بە بابەتەکەوە بەرەو ئەو مەبەستەی کە بۆیان بدیار دابوو دەناو لەوێدا کۆتایی بەدراماکە دەهێنا، ئەمە وابوو دراما ویست و قەزای خواکانی دەخستە ڕوو ڕەفتارو هەڵس و کەوتی کەسانی ناو دراماکە ڕەنگدانەوەو بەرچەرچ بوونی ڕەوت و ڕایی بوونی ئەو قەزاو ویستە خوایانە بوون.

کە «سۆفۆکلیس» هاتە مەیدانی دراماوە «ویست»ی مرۆڤی بەرامبەری بە ویستی خواکان ڕاگرت، خواکان شتێکیان لە چارەی مرۆڤ دەدا، مرۆڤیش هەوڵی دەدا کە خۆی لێی لادا، لێرەدا تراژیدیا تووشی گرێ کوێرەو ناکۆکییەکی سەخت بوو، ویستی مرۆڤ شتێکی دەوێ و ویستی خواکانیش شتێکی تر لێرەدا یاسای کار لە درامادا تووشی جۆرە ئاڵۆزییەک بوو، یەک کارەو دوو هێزی دژ بەیەک هەر یەک لەسەرێکییەوە ڕای دەکێشێ.

لێرەدا بینەر خۆی لە نێوان دوو هێزی دژ بەیەکدا دەبینییەوە یەکەمیان ویستی خواکان؛ کە لەسەرخۆ و نهێنی و جاویدان بوو، بە ئاستەم بەرەو مەبەست دەچوو، دووەمیان ویستی مرۆڤ: کە بەپەلە و هەڵپەکەرو نەخواین و بێ هێزبوو، کەچی پڕ بە سۆز و گەرم و گوڕ بوو، ئیتر چەرمەسەرێ و بگرەو بەردەو زۆرانبازی لە نێوان ئەو دوو هێزەدا دەگەیشتە لووتکەو لەوێ چارەنووس گورزی خۆی دەوەشاندو دراماکە بەرەو نشێوی کۆتایی خواردەبووەوە[1].

بۆ دەرکەوتنی ویستی خواکان یەکێک لە موغانەکان پەردەی لەسەر لادەدایەوەو نقلانەی ڕووداوێکی دڵ تەزێنی بۆ شارێک یان کەسانێک لێ دەداو ئەوانیش بۆخۆ لادان لە تیری ئەو قەزایە هەوڵ و کۆشەشیان دەکرد کە خۆیان لادەن بەڵام کۆشەشەکەیان بێ هوودەو بێ سوود بوو، (ئەوەی لای بەندە خەیاڵە لای خوا بەتاڵە)، دراما لەسەرەتای پەیدابوونیا لەسەر یەکەی کار دامەزرا، بۆیەش ئەرەستۆ بەکار یان کارکردن ناوی بردووە وەک لە پێشەوە ڕوونمان کردەوە.

***

(١) الفکر الیوناني والادب الهیلیني - تألیف الدکتور محمد غلاب الجزء الثالث ل٦٣.

بابگەڕێنەوە سەر لکی کات و شوێن؛ ئەوە بوو، وتمان کلاسیکییەکان دراماو هۆنراوەکانیان لەبەر تیشکی یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆدا دەهێنایە بەرهەم، نووسەر و هونەرمەندانی ئیتاڵیا و فەرەنسا لەسەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا پتر لە نووسەرانی ئینگلیز و ئەڵمانیا باوەشیان بۆ ئەو یاسایە کردبووەوە.

یەکێکی وەک «چاپلان - ١٥٩٥-١٦٧٤» و (کۆرنی و ڕاسین و بن جونسون) ئەگەرچی هەر یەک کاتێکی دیاری کراوی بۆ ڕووداوەکان دەست نیشان دەکرد، بەڵام ماوەی ئەو کاتە لە دوانزە ساتەوە تا بیست و چوار سات تێ نەپەڕیوە، هەروەهاش لەبارەی شوێنەوە، وەک لەبارەی بابەتەوە بەرگری ئەوانەیان کردووە کە لە ڕاددەیان بەدەر بووبن، پاش ئەوانەش چەندان زانای تریش هاتوون بەرهەڵستییان لەوانە کردووە کە پێڕەوی یاساکەی ئەرەستۆیان نەدەکرد بۆ نموونە کە «فۆڵتیر ١٦٩٤-١٧٧٨» هاتە مەیدانەوە بە توندی دژ بەوانە ڕادەوەستا کە لە یاساکەیان لادەداو پێڕەویان نەدەکرد بێجگە لەویش چەندانی وەک «لۆرد پیرۆن ١٧٨٨-١٨٢٤» و ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی ڕۆمانسی بوون هەمدیسان لەو باوەڕەدا بوون: دەرچوون لەو یاسایە بەڵگەی کەم دەسەڵاتی و بێ بەهرەیی نووسەرە.!

کەچی شەکسپیر کە هاتە مەیدانی دراماوە بایەخێکی ئەو تۆی بەو یاسایە نەدا ئەو شەیدای هونەری ڕەسەن بوو، یاسای ڕەوشتیی هونەر و بەهرەی خۆرسکی چۆن بڕیاریان بدایە بەو جۆرە هونەرەکەی دەنەخشان، ئەوەتانێ لە درامای «هاملێت»دا؛ ئەگەرچی نزیکە ڕووداوەکان لەیەک شوێندا خڕ ببنەوە کەچی لەنەژادی کاتدا وانییە، لەدرامای «ئۆرتێللا»دا جگە لەبەشی یەکەمی ڕووداوەکانی تری بەیەک شوێنەوە نەبەستووەوەتەوە، کەچی لە کۆمیدیاکانیا هەوڵی داوە پارێزگاری لکی کات و شوێن بکات، لە کۆمیدیای: «ژنە ڕووخۆشەکانی ویندرسۆن - The merr wives of Windrson»دا تەنیا لکی شوێنی پاراستووە[1].

پاش ئەویش (فیکتۆر هیگۆ ١٨٠٢-١٨٨٥) لە فەرەنسا، «گۆتە ١٧٤٩-١٨٣٢» لە ئەڵمانیا یاساکەی ئەرەستۆیان لە گۆڕناو بەگڵەسەری کلاسیزمەکان دایان پۆشی، هیگۆ پێی وابوو شاعیر و دراما نووسەکانی گریک لەگەڵ ئەوەشدا کە یاساکەی ئەرەستۆ لەبەردەمیاندا قیت کرابووەوە، کەچی ئەوەندە پێبەندی نەدەبوون؛ هەروەها دەیانوت: «شانۆی گریک ئەگەر لەسەر ئەو یاسایە دارێژرابێ دیارە لە تەکیا گونجاوە، بەڵام ئەگەر هاتوو شانۆی ئێمە خۆی خستە ناو ئەو قاڵبە تەسکانەوە - مەبەستی یاساکەی ئەرەستۆیە - کە لە ئەندازەیا نییە ئەو کاتە ئەو شانۆیە ڕەسەن و ڕاست گۆ نابێ، کەچی درامای گریک ڕەسەن و ڕاستگۆیە، چونکە یاساکەی لە خۆرسکی خۆیەوە هەڵقولاوە»[2].

## هەندێ بەرهەڵستی

ئەوانەی کە بەرهەڵستی پەیڕەوکردنی یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆیان کرد زۆر بوون، ئەوە بوو لە پێشەوە باسی هیگۆ و گۆتەمان کرد، جگە لەوانەش چەندان دراماناس و شاعیر هەر یەک بە جۆرێک بەرهەڵستی کردووەو ڕەتی کردووەتەوە:

١- لە ساڵی (١٥٩٨)دا دیجالیبرس بەم خاڵانەی خوارەوە بەرهەڵستی یاساکەی کردووە:

أ- درامانووسەکانی گریک کە خاوەنی یاساکە بوون، ئەوەندە خۆیان پێیەوە خەریک نەکردووە گوێیان نەداوەتێ.

(١) التراجيديا والكوميديا - مولوين شنت - ترجمة د. علي احمد محمود ل١٢٢.

(٢) علم المسرحية - الآديس نيكول، ترجمة دريني خشبة ل٥٩.



ب- ئێمە کە چەندان سەدە لەوانەوە دوورکەوتووینەتەوە، نارەوایە خۆمان بەو یاساوە ببەستینەوە.

جـ - پێڕەوکردنی ئەو یاسایە جۆرە گاڵتەکردنێکە بە دارێشتنی هونەر.

د- ئەو درامایانە کە لەسەر ئەو یاسایە دارێژراون لەو درامایانە کە لەسەری نەرۆیشتوون چاکتر نین.

٢- لە ساڵی (١٦٢٦)دا (ترسۆ دی مۆلێنا - Tirso De Molina) وتی: پێڕەو کردنی ئەو یاسایە جۆرە خۆ پووچەڵ کردنەوەیەکە.

بەڵگەشی بەم جۆرە دەهێنایەوە: با دابنێین پیاوێکی زەریف دڵی لە ئافرەتێکی جوان و خانەدان چوو، دەستی دایە دڵداری کردن لەتەکیا، تا توانی دڵی بۆ خۆی ڕابکێشێ، پاش ئەوەی سازی کردو، ویستی داخوازی بکات، داخوازی کرد ئەمە هەمووی بەرۆژێک! ئەمە ڕێی تێ دەچێ؟! پاش ئەوە هەر لەو ڕۆژەدا بیکاتە بووک و لێی بچێتە پەردەوە، ئایا ئەمە بەشەو و ڕۆژێک مەیسەر دەبێ... چۆن؟!

٣- لەسەدەی هەژدەهەمدا لەو کاتەدا کە ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئاسمانی ئەدەب و هونەردا دەرۆشایەوە (فارکهار Farquhar ) هێرشێکی توندی بردە سەر کلاسیزم، بەتایبەتی بۆ سەر یاساکەی ئەرەستۆ، دەربارەی ئەو یاسایە دەیوت:

«با دابنێین درامایەکی کۆمیدی - لەو ڕۆژە دروست کراوەدا کە بۆ ڕووداوەکانی دانراوە - کە دوانزە ساتە یان بیست و چوار ساتە، ئەو ماوەیە لە دوانزە ساتدا بپەسێنین، ئەمە با وابێ وا بیست و چوار ساتەکەمان بە گوشین کرد بە دوانزە سات، واتە ڕووداوی دراماکە لە بەیانی ئەو دوانزە ساتەوە تا ئێوارەی بەردەوام بوو کەچی نواندنی ئەو ڕووداوە لە کاتژمێری شەشی سەر لە ئێوارەی نواندنەکەوە دەست پێ دەکات لە کاتژمێری نۆی ئەو ئێوارەدا تەواو دەبێ، بەکاتژمێرەکەی بینەر نواندنی ڕووداوەکە چەند ساتی خایان؟ سێ سات... ئایا ئەمە لەگەڵ ڕووداوە واقیعییەکەدا بەپێوەری کات دەقاو دەقن؟

ئەی ئەگەر هاتوو سروشتی ڕووداوەکەی دراما کە بە ساڵێک یان دە ساڵ، یان زیاتر تەواو دەبوو، ئێمەیش لەماوەی سێ ساتدا هەموومان دی ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێڕەوکردنی ئەو یاسایە جۆرە خۆ هەڵخەڵەتاندنێکە؟

هەروەها فاکهار دەڵێ: وەرن بابڕۆین درامایەک لەسەر شانۆ ببینین، وا هۆڵی شانۆ بە بینەران جمەی دێ، پێشەکی خوێنرایەوە، پەردەی دیمەنی یەکەم لادرایەوە، ئەوە دیمەنی شاری قاهیرەیە، ئێستا ئێمە لە کوێین؟

ئایا پێش تاوێک من و تۆ لە پاشەوەی هۆڵەکەدا لەسەر سەندەڵێک دانەنیشتبووین؟

کەچی وەک کڵاوی سەخری جنمان لەسەر نرابێ لە پڕ خۆمان لە ڕۆخی نیلدا بینییەوە، ئەمەش قەید ناکات، لە دیمەنی دووەمدا پاش تۆزێ مۆسیقای ئاستەم خۆت لە ئەستراخان دیەوە! ئەی ئەمە چۆن؟! بێگومان ئەمە بە لای واقیعەوە سەرسوڕهێنەرە، خۆ ئەگەر لەبەر بینایی لۆجیکی واقیعا بۆی ئەژمار بکەی دەبێ هەموو پەیکەرێکی هونەری هەڵتەکێنین، بەڵام ئەمە ئەندێشە و خەیاڵی هونەرە لە چاوتروکانێکدا هەزارەها کیلۆمەتر دەڕواو دەگەڕێتەوە[1].

بیروڕای ئەوانەی کە بەرهەڵستی یاساکەی ئەرەستۆیان کردووە کاتێک لە جێی خۆیانن و لەبارن گریمان ئەو ڕووداوانە کە بینەر لەسەر شانۆ دەیانبینێ بە خەیاڵ وا بزانێ ئەوە واقیعێکی ڕاستەقینەیە، نەک ئەو کارە هونەرییەی کە دەشێ وابێ، گریمان بەخەیاڵ وای دانا ئەو کاتە ئەو هەموو بەرهەڵستییە کە کراوە ئەو

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٨.

هەموو ڕەت کردنەوە کە نووسراوە دەچنە خانەی ناراستییەوە مەسەلەکە کە هاتە سەر گریماندن، ئەو وەختەش دەشێ دوانزە یان بیست و چوار سات لە چوار ساتدا ببەسترێتەوە، ئەمەش هەمووی تەنیا بۆ ئەوەیە کە هەرچەند ئەو هەوڵ دانەش پینەو پەڕۆیەکی وەهایە تا لایەکی دادەپۆشی لەلایەکی تریەوە عەیب دار تر دەبێ.

یاساکەی ئەرەستۆ تا ئێستا هەزاران خامەی لەبواری ڕاڤەکردن و تۆژینەوەدا ماندوو کردووەو هەزاران هۆش و مێشکی سفت و سۆ داوە؛ هێڵێکی ڕاست و دروستی بۆ ڕەوتی دراما کێشاوەو ڕابەری و پێشڕەوی خۆی بۆ کاروانی ئەو هونەرە باڵایە سەلماندووە، بووەتە گەنجینەیەکی دوانەهاتویش بۆ خوندکاران و ڕەخنەنووسان، جگە لەوەش ئەو یاسایە هەمەدەم بنەمایەکی پڕشنگدار بووە، لەبەر ڕووناکییەکەیدا دراما نووسەکان زانیویانە چۆن هەنگاو بنێن، بۆیەش توانیویانە چۆن بەرهەمی بە پێزو ڕەسەن لەبەرهەمی درامی ناپەزێر و نارەسەن جیا بکەنەوە.

***

## کۆڕس

ئەوەی باسی دراماو سروشتی درامای کردبێ دەبێ لەتەک باس کردنی یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆدا ئاوڕێکیشی بەرەو کۆڕس دابێتەوە، ئەگەر ئەو یاسایە بە بنیات نەری زەیینی دراما بژمێردرێ ئەوا کۆرسیش بەدایەن و پەروەردەکەری دەدرێتە قەڵەم.

ئەرەستۆ لە پۆتیکادا، هۆراس لە «هونەری شیعر»دا؛ بوونی کۆڕسیان لە درامادا بە پێویست زانیوە، هەرچەند تا دراما بەرەو پێشەوە هاتووە کۆڕسیش لە کەمی داوە، کە دەگەینە سەدەکانی ڕێنیسانس دەبینین دەوری کۆڕس بەتەواوی کز بووە.

لەهەموو دراماکانی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یوریپیدسدا، کۆڕس بەکارهێنراوە، دراما لەسەرەتادا بریتی بووە لەو ڕازو نمازەی کە خەڵک لە جەژنەکانی «دیونیوسۆس»دا کردوویانە لە جیاتی هەموو خەڵکەکە کۆڕس ئەو ڕازو نمازەی خوێندووەو پێشکەشی خەڵکەکەشی کردووە.

ئەندامانی ئەو کۆڕسە لەسەرەتای پەیدابوونیا ژمارەیان نەزانراوە، بەڵام پێش هاتنی سۆفۆکلیس ژمارەیان لە پەنجا کەس داوە کەچی لەسەردەمی ئەودا کەم کرانەوە بۆ دوانزە؛ پانزە کەسێک.

سەرۆکی کۆرسەکە کە خۆریفیوس (Corypheos)یان پێ دەوت، ڕابەری دەکردن، سروود و گۆرانییەکانیان بۆ دەسەندەوە، لە سەرەتای نواندنەوە بەسەر سەکۆی شانۆکەدا هاتووچوویان دەکرد، بەڵام لەکاتی نواندندا لە نزیک قورباندانەکەدا ڕادەوەستان، جل و بەرگەکانیان بەپێی بابەتی دراماکە دەپۆشی، ئەم کۆڕسە لەناوخۆیاندا سێ دەوریان دەبینی:

١- قسەی ئاسایی: سەرۆکەکەیان ئەم دەورەی دەبینی.

٢- سروود وتن: ئەم سروودە پەیوەندی بە دراماکەوە هەبوو، جاری وا دەبوو هەموویان بەیەکەوە سروودەیان دەوت، جاری واش هەبوو هەندێکیان بۆ هەندێکیان دەسەندەوە.

٣- گۆرانی و ستران: کە ئەم بەشەیان لەوانی تر پتر خایاندوویەتی، بەدرێژایی دراماکە بەردەوام بووە.

لەتەک ئەو ستران و سروودانەدا بۆ کەیل کردنی دڵ و دەروون مۆسیقایەکی هێمن لێ دراوە، پەسەندترین جۆری مۆسیقا لوولەو شمشاڵ بوون[١].

(١) الفكر اليوناني والادب الهيليني - تأليف الدكتور محمد غلال ل٤٨ المجلد الثالث.



کۆڕس دایکی درامایە، لە ئامێزی ئەودا دراما گەشەی کردووە، گۆڕانکاری تێکردووەو بەرە بەرە دەورەکەشی کەم کردووەتەوە لە هەمان کاتدا ئەو گۆڕانکارییە دەوری کۆرسەکەشی بەرە بەرە کزکردووە، بۆ ئەوەی ڕێ بۆ هاتنی دراما بەخۆی و ئەکتەرەکانییەوە چۆڵ کات، لەیەکەم شەقاوی ئەو گۆڕان کارییەدا ئەکتەری یەکەم لە کاتی ئەسخیلۆسدا پەیدابوو، لەسەردەمی سۆفۆکلیسیشدا ئەکتەری دووەم پەیدا بووە، ئیتر ژمارەی ئەکتەرەکان تا دەهات لەزیاد بووندا بوون، هەروەهاش دەورو چالاکییەکانیان تا دەهاتن پتر دەبوون، بەهەمان ئەندازەوە پێچەوانەوە تا دەهات دەوری کۆرس کەم دەبووەوە، لە دراماکانی ئەسخیلۆسدا نیوەی کارە هونەرییەکە بۆ کۆرس تەرخان دەکرا کەچی لەدراماکانی سۆفۆکلیس و یوریپیدسدا کەمتر بوو، بەو جۆرە نووسەرەکان تا دەهاتن ماوەی ئەکتەر و نواندنیان فراوان دەکرد و دەوری کۆرسیان کەم دەکردەوە، لە درامای ڕۆمەکانیشدا دەوری کۆرس هەر لە کزی دەدا، درامانووسێکی وەک: «سینیکا - Seneca ٤ پ.ز -٦٥ ز» کۆرسی وەک نەژادێک بەکارهێناوە بۆ ئەوەی دیمەنێک لە دیمەنێکی تری دراماکە جیا بکرێتەوە، کۆرسەکەی دەخستە نێوانیانەوە.

بەو جۆرە ژمارەو دەوری کۆرس تا دەهات لە کەمی دەدا، بەڵام تا ئێستاش وازی لێ نەهێنراوە.

### دەوری کۆڕس لە درامادا

ئەوە بوو باسی کۆرسمان کرد، پێش ئەوەی دراما لە دامێنیا لەدایک ببێ هەموو چالاکییەکی نوێژەکانی جەژنی «دیونیوسۆس»ی دەبینی، بەڵام کە دراما هاتە مەیدانەوە تای ترازووی نواندن و ئەکتەر سەنگین بوو، ئیتر کۆرس دەورەکەی جارانی نەما، کۆرس لەتراژیدیای گریک دابوو بە چەند کەسانێک بۆ یاریدەدانی قارەمانە سەرەکییەکەی دراما لەناو ئەو کەسانەشدا یەکێکیان ڕووی دەمی ئاڕاستەی ئەو قارەمانە دەکردو دەبوو بە ڕاوێژکار و پەند دادەری، ئەویش لەبەر ئەوەی پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی نەدەکرد، گرفتارو سەرگەردان دەبوو، تووشی چەندان چۆترم وهەڵە و هەڵدێری سەخت و سیاچارە دەهات، لە ئەنجامدا گیرودەی کارەساتی سەختی تراژیدی دەبوو، لەمەوە دەزانین دەوری کۆرس پاش پەیدابوونی دراما بوو بەڕێنمایی کردنی پاڵەوانی دراماکە.

ئەم گۆڕاندنە کە بەسەر دەوری کۆرسدا هات لە سنوورێکی تایبەتی دا؛ ڕانەوەستاو دەوری جۆراوجۆری پێ ڕاسپێردرا؛ وەک لە خوارەوە دەردەکەوێت:

١- جاری وا هەیە دەوری کۆرس بە کەسێکی نەناسراو دەسپێردرێ، ئەو وەختە ئەو کەسە وەک ڕەخنەگرێک بە مەبەستی ڕاست ڕەوی قارەمانەکە جاروبار ڕەخنەی خۆی ئاڕاستە دەکات.

یان ئەم کەسە - کە لە جیاتی کۆرس بەکار دێت - نوێنەری نووسەری دراماکەیەو دەیەوێ لەسەر زمانی ئەم کەسە بیروڕای خۆی تایبەتی؛ تێکەڵاو بە بیروڕای کەسانی ناو دراماکە بکات و خۆ بهاوێتە ناو ئەو جیهانەوە کەلەسەرەوە تەماشای دەکات، یان بۆ کورت کردنەوەی ئەو هەست و سۆزانەیە کە بەدیتنی دراماکە لە هەناوی بینەردا هاتوونەتە تاو، یان بۆ نرخاندن و مێژاندنی دراماکەیە، ئێستا هەندێ درامانووس لە جیاتی بەکارهێنانی کۆرس ئەو کەسە بۆ ڕاڤەکردنی قۆناخ بە قۆناخی دراماکە بەکار دێنن، یان بۆ ئامۆژگاری و پەند دادان[١].

بەکارهێنانی ئەو تاکە کەسە نەناسراوە کە بەزمانی نووسەرەوە قسە دەکات جۆرە شێوازێکە نزیکە لە شێوازی گێڕانەوەی داستان و ئەفسانە.

(١) النقد الادبي - احمد امين - ل١٨٤-١٨٥.

٢- هۆراس لە (هونەری شیعر)دا وتوویەتی: «... کۆرس دەوری ڕابەر و ڕاوێژکار دەبینی، سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە جەڵەوی ئاڵۆشیان لە دەستا شل بووە، شانازیش بەوانەوە دەکات کە خۆیان لە خراپە لادەدەن و کەم چڵێسی دەکەن، هەروەها داوای دادپەروەری و یاسا و ئاشتی دەکات، ڕێز لەشتە نهێنییەکان دەنێ و لە ئاسمانیش دەپاڕێتەوە کە خێرو خۆشی بە هەژاران ببەخشێ و لەگومڕایی دووریان بخاتەوە»(١).

ئەو وتەی هۆراسە وا دەگەیەنێ کە کۆرس زمانی حاڵی ئەو پەندو ئامۆژگارییەیە کە دەنگی کپی لەدەروونی بینەراندا شەپۆل دەداو لەسەر زاری کۆرس دەنگ دەداتەوەو چی ئومێد و ئامانجی چی ترس و ئازاری هەیە لەدوو توێی ئەو دەنگەدا هەناسە دەدا.

کەواتە کۆرس لەلایەکەوە نوێنەری نووسەرە، لەلایەکی ترەوە نوێنەری بینەرانەو دەیەوێ تێکەڵاو بەجیهانی دراماکە ببێ.

بینەری تراژیدیا دەیەوێ کارەساتێکی سامناک ببینێ کەچی کۆرسەکە کە نوێنەری ئەوانە، دەیەوێ دەرێک بۆ نەقەوماندنی کارەساتە تراژیدییەکە بدۆزێتەوە.

(١) الكوميديا والتراجيديا - تأليف: مولوين ميرشنت، ترجمة د. علي احمد مولود ل٢٤٦.



# بەشی دووەم

## کورتە مێژوویەکی پێویست

گەلی یۆنان کە لەلای مێژوونووسان بەنەتەوەی «هێلین» ناسراوە، ئەم نەتەوەیە لە پێش سەدەی شانزەهەم و پانزەهەمی پێش لەدایک بوونی مەسیح دا؛ لە دۆڵی «دانوب» نیشتەجێ بوون، لەبەر چەند هۆیەکی نەزانراو بەرەو ڕۆژئاواو باکوری دوورگەکانی ئیجە کۆچیان کرد، کۆچ کردنەکە چوار خێڵی سەرەکی لێ دروست کردن:

١- یولیان: ئەمانە لە ڕۆژ ئاوای وڵاتی گریک جێنشین بوون، ئەم پاڵەوانە ناودارانە لەم خێڵە هەڵکەوتوون: (ئۆدیسۆس، یەنستۆر، فیلۆکتیتیس).

٢- ئەکیان: ئەمانە لەبەشی باشووری گریکدا نیشتەجێ بوون بە «پیلۆپۆنیزیا» ناسران، شارستانیەتی «هێلینی» دەستکردی ئەمانە بوو، پاڵەوانە بەناو بانگەکانیان ئەمانەن: «ئاغا مەمنوون، مینیلائۆس» لە پاش «ئۆریستیس»ی کوری ئاغا مەمنوون پەرت و بڵاوبوونەوە، هەندێکیان بەرەو دوورگەکانی «ئیجە» و ئاسیای بچووک کۆچیان کرد.

٣- یونیان: ئەمانەش هاتن لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی گریکدا جێگیربوون و شاری (ئەسینا)یان دروست کرد، دیارە ناوی ئەم بەرەیە بە ناوی خێڵەکەیانەوە بوو، کە بە یونیان دەناسرا، کەچی شارستانیەتەکەیان بە شارستانیەتی هێلینی ناو دەبرا، کە هەموو خیڵەکان لەو بەرەبابە بوون کە بە هێلین ناودار بوو، ئەمانە هەندێکیان بەرەو ئاسیای بچووک کۆچیان کردو ڕۆخی دوورگەی ئەزمیریان ئاوەدان کردەوە.

ئەمانە خۆیان بەنەوەی (پرۆمیسۆس) دەزانی.

٤- دوریان: لە پێشەوە لە باکوری گریک جێگیر بوون لەسەدەی پانزەهەمی پێش زاییندا بەرەو پیلۆپۆنیزیا کۆچیان کردو پاش ماوەیەک ئەکیانەکانیان دەرکرد و (ئەسپرتا)یان کرد بە پایتەختی خۆیان، بەرە بەرە ئەستێرەی نگین و بەختەوەریان درۆشایەوەو هەموو ئاسیای بچووکیان خست ژێر دەستی خۆیان.

زانیمان شارستانیەتی هێلینی بۆیە وا ناو دەبرێ، چونکە هەرچوار خێڵەکە دەچنەوە سەر یەک بەرەباب کە بەهێلین ناسرابوو، هەروەهاش بۆمان دەرکەوت کە ئەوانەی شاری «ئەسینا»یان دروست کرد پێیان دەوترا (یونیان) دیارە ناوی یونان لەناوی ئەو بەشەوە هاتووە، مایەوە سەر ئەوە بزانین ئەی بۆ بە «گریک» ناو دەبرێن؟ وەک زانراوە ئەم ناوە لە نووسینەکانی ئەرەستۆدا هاتووە، کە ناوی خێڵێکی بچووک بووەو دەکەوێتە ڕۆژئاوای وڵاتی گریکی ئێستاوە لەبەر ئەوەی ئەو خێڵە نزیکترین خێڵی هێلینی بوون لە ئیتاڵیاوە، ئیتر کە ڕۆمەکان بوون بە میرات گری ئەوان ئەو ناوەیان بڵاوکردەوە، تا وای لێ هات بە هەموو هیلینستانیان وتووە «گریک»(١).

## زارە ئەدەبییەکانی گریک

بەرهەمە ئەدەبی و هونەری و فەلسەفییەکانی نەتەوەی هێلین بەم شێوانەی خوارەوە نووسراونەتەوە:

١- شێوەی یونیانی: ئیلیادەو ئۆدیسەی هۆمیرۆس بەم شێوەیە نووسراونەتەوە.

(١) الفكر اليوناني والادب الهيليني - تأليف الدكتور محمد غلاب - الجزء الاول - ل١٣-١٨.

٢- شێوەی یولیانی: سروودەکانی (ئەلکایۆس) و (سافۆ) بەم شێوەیە نووسراونەتەوە[١].

٣- شێوەی دوریانی: سروودی کۆرسەکانی دراماو، دەورە کۆمیدییەکانی دراما بەم شێوەیە دەنووسرانەوە.

٤- شێوەی ئەتیکی: کە بەشێک بووە لە شێوەی یونیانی، هەموو بەرهەمەکانی سەدەی ئەسینی چ شیعر چ پەخشان بەم شێوەیە نووسراونەتەوە.

٥- شێوە ئاخاوتنی سەرجەمی خەڵک: ئەم شێوەیەش بەشێکە لە زاری ئەتیکی؛ زۆربەی پەخشان بەم شێوەیە نووسراوە.

**ڕەوتی شارستانیەتی گریک لە چەند قۆناخێکدا**

ئەوانەی کە لەسەر شارستانیەتی گریکیان نووسیوە، مێژووی سەرهەڵدانی ئەو شارستانیەتە، تا کۆتایی پێ هاتنی بەسەر پێنج قۆناخدا دابەش کردووە:

١-قۆناخی یونیانی: ئەم چەرخە لەسەدەی دەیەمەوە تا سەدەی حەوتەمی پێش زایین درێژەی کێشاوە، لەم چەرخەدا سەربووردەی پاڵەوانان و قارەمانانی جەنگ و نەبەزان و کۆڵ نەدەران کراوە بە بەیاز و بە شیعر هۆنراوەتەوە، هەروەها ڕازو نیاز و کارو کردەی خواکانیش تۆمار کراوە.

بەڵام جگە لە دوو شاکارەکەی «هۆمیرۆس» ئیلیادەو ئۆدیسە... هەندێ شتی تر ماونەتەوە، ئەویتر فەوتاوە.

٢- قۆناخی دوریانی: ئەمیش لەسەدەی حەوتەمەوە تا سەدەی پێنجەمی پێش زایین خەیاندوویەتی، لەم چەرخەدا ئەدەب و هونەر و ڕۆشنبیری بەرەو لووتکەی هەراش بوون هەڵکشاوە.

٣- قۆناخی ئەسینی: لەسەرەتای سەدەی پێنجەمەوە تا کۆتایی سەدەی چوارەمی پێش زایین بەردەوام بووە، لەم قۆناخەدا زانست وزانیاری هونەر و ئەدەب و فەلسەفەو پەروەردە، لەوڵاتی گریکەوە تیشکی بۆ هەموو لایەکی جیهان هاویشتووەو بووە بە بورجی مینایەکی ڕووناک بۆ هۆشیارکردنەوەی هەموو ئادەمیزاد، گەردوون هەتا هەتایە ناتوانێ پەردەی لەیاد بردنەوە بە سەر: «ئەسخیلۆس، سۆفۆکلیس، یوریبیدیس، ئەرستۆفان، سوقرات، ئەفلاتون، ئەرەستۆ، ئەنکساگۆراس، پرۆتۆگۆاس، ئەبیقراط، فیساگۆرس، سۆڵون، پیرکلیس...)دا بدا، ئەمانەو سەدان وەک ئەوان لەو قۆناخەدا هاتنە مەیدانەوە.

٤- قۆناخی ئەسکەندەر: ئەم سەردەمە لەسەدەی چوارەم تا سەدەی دووەمی پێش زایین دەگرێتەوە لە پاش مردنی ئەسکەندەری کوڕی فیلیپ ئەستێرە گەشەی گریک بەرەو ئاوا بوون خواربووەوە، بنکەی زانست و زانیاری گوێزرایەوە بۆ وڵاتی فیرعەونەکان بۆ شاری ئەسکەندەرییە.

٥- چەرخی ڕۆمانی: ئەم قۆناخە لەسەدەی یەکەمی پێش زاییەنەوە تا سەدەی شەشەمی پاش زایین دەگرێتەوە، لەم قۆناخەدا ڕۆمەکان کە وڵاتی گریکیان پێشێل کرد، چی چرای زانین و زانیاری هەبوون هەموویان کوژاندنەوە[٢].

(١) ئەلکایۆس لە دوورگەی لیسبۆس لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زاییندا لە دایک بووە، جەنگاوەرێکی بەتوانا و شاعیرێکی خاوەن بەهرە بووە، گەلێ بەرهەمی ئەدەبی نووسیوە، دژ بە دکتاتۆرییەتی پیتاکۆس ڕاوەستاوە، لەبەر ئەو هەڵوێستەی شاربەدەر کراوە، داوای دیموکراتییەتی کردووە.

(سافۆ)یش وەک ئەلکایۆس لە دوورگەی لیسبۆس لەدایک بووە، وەک ئەویش شاعیرێکی خاوەن بەهرەو بەرهەمدار بووە، بەڵام بەتەمەن لە ئەلکایۆس بچووکتر بووە، مێردەکەی ناوی ئەندرۆس بووە.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٩-٢٣



# دەرگایەک بۆ چوونە ناو جیهانی درامای گریکەوە

وەک لەپێشەوە زانیمان پێنج سەد ساڵ بەر لەدایک بوونی مەسیح یونانییەکان لە جەژنی (دیونیسۆس)دا بۆ دیتنی شانۆگەریەکی دراما نووس «پراتیناس» کۆبوونەوە، شوێنی دانیشتنی سەیرکەران لە تەختە دروست کرابوو، لەبەر زۆری حەشامات و بینەران، زۆربەی کورسییەکان بەرگەیان نەگرت و کەوتن و ڕمان، بینەرێکی زۆریش بریندار بوون، ئەم ڕووداوە ترسێکی زۆری خستە دڵی کاربەدەستانەوە بۆیە بڕیاریاندا شانۆیەکی وا دروست بکەن کە هەرگیز ئەو ڕووداوەی تیا نەقەومێتەوەو بەهیچ جۆریش تێک نەچێت، بۆیە لە نزیک (ئەکرۆپۆلیس) لە تەموی ئەو شاخەی کە بەرامبەر بە شاخی (هیمیتۆس)ە و بەسەر پاراسنۆندا دەڕوانێ شانۆیەکیان بنیات نا[١]. کە تەواو بوو ناویان نا (دیونیشی)بەناوی شاری «دیونیشا»وە، لەبەر نگینی خوا: (دیونیسۆس)، ئەم شانۆیە تا ئێستاش شوێنەواری ماوەو لە ساڵێکدا چەندان هەزار کەس لە هەندەرانەوە بۆ دیتنی سەری لێ دەدەن.

پاش تەواو بوونی ئەو شانۆیە، هەر لەسەر نەخشەی ئەو لەهەندێ لە شارەکانی گریکدا شانۆی تر دروست کران.

هەموو ساڵێ بەبۆنەی جەژنەکانی (دیونیسۆس)ەوە باڵاترین دراما تراژیدییەکان و کۆمیدییەکانی گریکی تیا نوێنراوە.

ئەم شوێنە گۆڕەپانی تاودانی بەهرەی ئەو پیاوە دلێرانە بووە کە بیروڕای ئایینی و فەلسەفی و ڕامیاری یونانیان لە ئاسمانی پڕ بەهەرەتەوە بێ سەروبنەوە هێناوەتە خوارەوەو جەڵەوگیریان کردووە، زایڵەی زەنگی کاروانی ئەو هزرو و فەلسەفەیان بەهەموو جیهاندا زراندووەتەوە.

شانۆی (دیونیشی) لەوێنەی باوەشێنێکی نیوە بازنەیی و لەبەردی مەڕمەڕ دروست کرابوو بە جۆرێکی وەها دامەزرابوو کە مرۆڤ لای وابێ لە شاخەکە خۆی تاشراوە، شوێنی دانیشتنی پانزە هەزار کەسی تیا بووە، جگە لە ڕیزی پێشەوە شوێن دانیشتنی بینەران بەبێ پاڵپشت بووە، بۆیە هەر بینەرێک لەگەڵ خۆیا پاڵپشتی خۆی هێناوە، لەلایەکی شانۆکەوە شاخی «هێمیتۆس - Hymetys»ەو لەلایەکی ترەوە ڕوو بە دەریا بووە.

ئەکتەرەکان واتە شاعیرەکان کەدەستیان کردووە بە نواندنی دراماکانیان لە کاتی پێویستیدا ڕوویان کردووە ئاسمان و ڕۆژ و دەریا و سروشت، بینەرانیش بە ئاسانی گوێیان لە دەنگیان و چاویان لەرەنگیان بووە[٢].

ریزی پێشەوەی بینەران شوێنی دانیشتنەکانیان وەک کورسی پاڵپشتیان هەبووە، کەچی ئەوانی تر هەر ڕیزێک پاڵی بە چۆکی پشتییەوە داوە، دیارە ڕیزی پێشەوە بۆ پیاوە گەورەکان و موغانەکان و کاربەدەستان تەرخان بووە.

لەخوارەوە بەرامبەر بە بینەران سەکۆیەک بۆ وتاردان و گۆرانی بێژان و سەماکەران دروست کراوە، لە

(١)پاراسنۆن (Parthenon) ئەو پەرستگایەیە کە لە ساڵی (٤٤٧) پ.ز.دا لەژێر چاودێری (ئیکتنۆس)دا دروست کرا، چەندان هونەرمەندی گەورەی وەک «فیدیاس» نەخشاندوویانە: بلیمەتی و هونەرمەندی و توانای فیکری گریکی تیا تواوەتەوەو نایاب ترین دەسکردی هونەرییە کە پەنجەی مرۆڤ نەخشاندبێتی.

(٢) وەک لەمەو دوا باسی دەکەین «سیسپیس» کە بۆ یەکەم جار دەمامکی بۆ ئەکتەرەکان داهێنا ئتیر لەو کاتەوە بینەران لەو خۆشی و ناخۆشی و تووڕەو تەنگاوییەک کە لەسەر دەم و چاوی ئەکتەرەکان وێنا دەکرا بێ بەش بوون، چونکە نەخشاندنی ئەوهەست و سۆزانە لە پشت ئەو دەمامکانەوە دەشاردرانەوە.

پشت ئەو سەکۆیەوە حوجرەیەک هەبووە پێی وتراوە: (ئەسکێن) واتە (دیمەن) بەپێی پێویست و دیمەنەکانی دراماکە، جارێک وەک پەرستگا، جارێک وەک کۆشک و سەرا، جارێک وەک خەڵوەت خانە نیشان دراوە، بۆ ئەکتەرەکانیش وەک کەوالیسی ئێستا لەوێدا پشوویان داوەو لەوێشدا خۆیان ڕازاندوەتەوە.

ئەو کەرەسەو شت و مەکانە کە پێویست بوون بەکار بهێنرێن ئامادە دەکران و بەشێوەیەکی هونەری بەکارهێنراون، گوایە ئامێرێکی وەهایان دروست کردووە کە توانیویانە بەپێی ڕووداو و شوێن و ڕەوتی پلەی چیرۆکی دراماکە شتە قەوماوەکان لەسەر تابلۆیەک پیشان بدا، بۆ نموونە ئەگەر ویستبێتیان بەر ئەنجامی ڕووداوێک بخنە ڕوو لەسەر دیمەک - لوحە - یێک ئەو ڕووداوە وێنا دەکراو دەخرایە سەر ڕەوڕەوەیەک و لەدەرەوەی شانۆکە بەرامبەر بە بینەران دەخرایە ڕوو، جاری واش هەبوو دیمەکەکە وەک تابلۆیەک دەنەخشێنرا، وەک بڵێی: ئەگەر ڕووداوەکە ئەوەی دەیوست کە چەند کەسانێک پیشان بدا کە دەیانەوێ پیاوێک بە ناحەق بکوژن، لەسەر دیمەکەکە پیاوێکی لە خەڵتان خوێن و چەندان کەسانێکی تیغ بەدەست و خوێناوی پیشان دەدران، لەهەردوولای شانۆکەوە، تابلۆیەکی سێ گۆشە هەبووە، لەسەر هەرگۆشەیەک وێنەی دیمەنێکی پیشان داوە، ئەو تابلۆیە لەسەر یەک پێچکە خولاوەتەوەو بە ئاسانی و خێرا دیمەنەکانی پیشان داوە.

هەروەها لەلای چەپی شانۆکەوە ئامێرێک هەبووە، بە عەتەلە بووە، ئەو ئامێرە بۆ بەرزکردنەوەو نزم بوونەوەی پەیکەری خواکانیان و پاڵەوانەکانیان بەکار دەهێنا.

ئەو درامایانە کە بەو بۆنەوە ئامادە دەکران و لەو شانۆیەدا دەنوێنران دەبوو لەلایەن میریی شاری دیبونیشیاوە پەسند بکرێن، ئەوجا پەراوەیان لەسەر بکرێ، ئەویش پێنج درامای لێ پەسند دەکردن، سیانیان دەبوو تراژیدی بن یا یەکێکیان داستانی و ئەوی تریان کۆمیدی، هەر پێنج دراماکە لە ڕۆژی جەژندا دەنوێنران، لە ئەتیکادا دە هۆز هەبوون، هەر هۆزێک پیاوێکی خورت و چەلەنگ و دەوڵەمەندیان هەڵدەبژارد بۆ ئەوەی خەرجی گۆرانی بێژەکان و سەماکەرەکان و ئەکتەرەکان بکێشێ، هەروەهاش دەبوو چاودێری ڕاهێنانیان بۆ ئەو کارە بکات، چی پێویستی و ئەرکی شانۆگەرییەکە هەبوو هەمووی دەکەوتە سەر شانی ئەو.

ئەو پێنج دارمایە کە لەوێدا لەو ڕۆژانەی جەژندا دەنوێنران هەر پێنج خەڵاتیان وەردەگرت.

نووسەری دراماکە خۆی سەرپەرشتی دەرهێنان و ڕاهێنانی شانۆگەری و سروود بێژەکانی دەکرد، ئەوە بوو لەمەو بەر وتمان: دراما لەداوێنی کۆرس و سروودبێژەکاندا لە دایک بووە، کە دراما پەیدا بوو، سروود بێژەکان هەوڵیان دەدا بەسەر دراماکەدا زاڵ بن و ئەوەندە ماوە نەدەن دراماکە دایان پۆشێ بەڵام تا ڕۆژگار دەهات کۆرس لە کەمی دەداو توخمی ئەکتەرو نەژادی دراما زاڵ تر دەبوون، تا وای لێ هات خەریک بوو لەسەدەی سێیەمی پێش زاییندا لە ناو درامادا کۆرس باوی نەمێنێ.

دەبوو ئەندامانی کۆرسەکە گۆرانی بێژی کارامەو شارەزابن، هەمووشیان پیاوبوون، هەم گۆرانی و هەم سەمایان دەکرد، دەوری ئافرەتانیشیان دەبینی، لەناو شانۆکەدا پوورەیان دەبەست و کاروانەیان دەکرد و سروودەکانیان، بەئاوازێکی خۆش دەچڕی و بەگوێرەی جولاندنەکەیان ڕاڤەی هەڵوێست و دەستەواژەکانی دراماکانیان دەکرد.

نواندن و مۆسیقا تان و پۆی یەک بوون، یەک لە یەکتری پایە بڵندتر بوون و بایەخیان دەدرایە.

نووسەری دراما خۆ ئاوازی مۆسیقاکەی بۆ ساز دەکرد، دایلۆگی شانۆگەرییەکەش وەک وتارێکی بەتین



بەشێوەیەکی تایبەتی دەخوێنرایەوە، هەندێکیشی وەک سروود بە ئاواز دەگێڕدرایەوە.

دەوری هەرە گرنگ دەدرایە یەکێک کە دایلۆگەکە جاروبار وەک سروود و ڕاز بهۆنێتەوە، یەکێکی تر یان چەند کەسانێکی تر بۆیان دەسەندەوە.

گۆرانی بێژەکانی کە پشوویان دەدا، یان سروود چڕەکان کە دەیانبڕییەوە شمشاڵ ژەنێک پەردەیەکی ناسکی پڕ بەنەواو سۆزی بەڕووی گۆرانییەکاندا دەدا، ئا بەو جۆرە هەموو بینەران مانای یەک وشەیان لەدەست دەرنەدەچوو[1]. داب و نەریتی شانۆگەرییەکان وا دەمەزرابوو: سروود بێژو ئەکتەرەکان بە نۆبە کارەکەیان ساز دەدا، کۆرس سروود و گۆرانییەکانی تەواو دەکردن ئەوجا ئەکتەرەکانیش ڕووداوەکانیان دەنواندن، ئەگەر یەکەم جار کۆرس بهاتایە سەر شانۆ ئەوە مانای ئەوەبوو شانۆگەرییەکە لە شەش سروود پێک هاتبوو، یەکێک لەسەرەتاوە، چوار لە ناوەڕاستدا، یەکێکیش لە کۆتاییدا، ئەگەر ئەکتەرەکان لەپێشەوە بهاتبان ئەوە مانای ئەوەبوو دراماکە لە پێشەکییەک و شەش سروود و پێنج ڕووداو پێک هاتبوو، واتە سروود چڕینەکە وەک پشوودانێک وەهابوو، ژمارەی ئەکتەرەکان لە سێ زیاتر نەبوون، (سیسپیس–Thespis) بۆ یەکەمجار، یەکێک لە سروود بێژەکانی کرد بە ئەکتەر بۆ ئەوەی لە تەکیاندا گفتوگۆ بکات، پاش ئەو ئەسخیلۆس ئەکتەرێکی تری زیاد کرد، کە سۆفۆکلیس هات ئەمیش ئەکتەری سێیەمی خستە پاڵ دوو ئەکتەرەکەی ترەوە، لە درامای کلاسیکی کۆندا چەند کەسانێکی تیایە کەچی لە سێ ئەکتەر زیاتر لەسەر شانۆ نەبینراوە جاری وا بووە یەک ئەکتەر دەوری چەند کەسانێکی ناو دراماکەی بینیوە.

جۆرە جل و بەرگێکی وەهایان دەپۆشی کە بە کەتەو زەبەڵلاح بێنە بەرچاو بەو دەپلەی درێژو بۆ بەژن درێژی و لاقۆری بوون، بۆ ورگ زلی و تیکسمڕیایی لاشەو کەتەبی پشتی و بەری خۆیان بە بالیف ناوەخەن دەکرد. پێڵاوی پاژنە بەرزیان لەبەر دەکردن بۆ ئەوەی باڵایان بەرز بێ و هەمو بینەران بە چاکی بیانبینن[2].

ئەوەی دەوری پاڵەوانی سەرەکی دەبینی، دەبوو جل و بەرگێکی بەنموودو لێ وەشاوە لەبەر بکات کە جۆرە کەش و فشێکی پێوە دیار بێ.

درامای کلاسیکی کۆن تەنیا ئەو وێنە هونەریانە نەبوون کە بە وشەو ڕستەی دراماکە نەخشێنرابوون، بەڵکو گۆرانی و مۆسیقا و سەماو نواندن ئاوێتە دەکران لەهەموویان پارچە هونەرێکی هەمەڕەنگەی نایابی لێ دروست دەبوو.

هەر چەند مۆسیقا وەک شانۆگەری پایە بڵند بوو، کەچی خەڵات؛ شانۆگەرییەکە وەری دەگرت نەک مۆسیقا، هەروەها خەڵات بە ئەکتەر دەبەخشرا پێش ئەوەی بە شانۆگەرییەکە، چونکە ئەکتەری لێهاتوی بەهرەدار دەیتوانی پایەی شانۆگەرییەکە بەرز بکاتەوەو خەڵاتی چاکی پێ وەربگرێ.

ئەکتەر لە ناو کۆمەڵی گریکدا سایەو پایەداربوو، بەچاوێکی ڕێزو شکۆدارەوە تەماشا دەکرا، لەسەرەتای پەیدابوونی شانۆگەریدا نووسەری دراما خۆی دەوری دەگێڕا، کەچی ئەو نەریتەش گۆڕانی بەسەردا هات، ئیتر کە ئەکتەر هاتە مەیدانەوە دەوری نووسەرەکە دەدرا بە یەکێکی لێهاتووی بەهرەدار، لەوەشەوە پیشەی ئەکتەر هاتەکایەوەو گەلێ گەنج هەوڵیان دەدا کە ئەو پیشەیە فێر بن بۆ ئەوەی دراما

(١) (قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت - الجزء الثاني من المجلد الثاني. حياه يونان ٧ ترجمة محمد بدران ل٢٤٦-٢٥٥).

(٢) المسرحية كيف ندرسها ونتذوقها - ملتون ماركس- ترجمة فريد مدور - ل١٢٤-١٢٥.

نووسەکان متمانەیان پێ بکەن و هەڵیان بژێرن بۆ نواندنی دراماکانیان، گەلێ گەنجیش ناوبانگی بلیمەتیان لەو مەیدانەدا ڕۆیشت، یەکێکی وەک «کیلیەندرۆس» و «مینێسکۆس» کە زۆربەی دراماکانی ئەخیلۆسیان نواند، تا ئێستاش ناویان ماوە.

ئەو نوێنەرەی کە دەوڵەت سەرپەرشتی نواندنی دراماکانی جەژنەکانی «دیونیسۆس»ی پێ ڕادەسپارد، ئەو لە دوا ڕۆژی جەژندا خەڵاتی دەوڵەتی بەسەر ئەکتەرەو دراما نووسەکاندا دابەش دەکرد، هەر ئەم نوێنەرەش، دەوری کەسانی دراماکانی بەسەر ئەکتەرەکاندا دابەش دەکرد(١).

بەڵگە بۆ ڕێزلێنانی ئەکتەر لەلایەن دەوڵەتەوە ئەوەبوو؛ ئەکتەر خزمەتی ئالاو سەربازی نەدەکرد، جگە لەوان کەسی تر مافی لێ بووردنی سەربازی نەبوو، بە ئەکتەریان دەوت: «هیپۆکریتیس - hyokrites) واتە وەرام دەرەوە، چونکە بەرامبەر بەکۆرس ڕادەوەستاو بۆیانی دەسەندەوە، هەر چەند ئەکتەرەکان پرت و بڵاوبوون، بەڵام ڕێکخراوێکیان هەبوو، وەک سەندیکای هونەرمەندانی ئەمڕۆ پێیان دەوت: «ڕێکخراوی هونەرمەندە دیونیشییەکان».

هەندێ تیپی درامی گەڕۆک هەبوون، خۆیان شانۆگەرییەکانی خۆیان دادەنان، ئاواز و مۆسیقاشیان بۆ ڕێک دەخستن و لەشارێکەوە بۆ شارێکی تر دەڕۆیشتن، خۆیان کەرەسەو شت و مەک و شانۆیان دروست دەکرد، ئەم جۆرە ئەکتەرانە لە بارەی ڕەوشت و ڕەفتارەوە لەو ڕەوەندانە دەچوون کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچ دەکەن.

ئەکتەرە هەڵکەوتووەکان و ناسراوەکان سامانێکی زۆریان پێکەوە دەنا، ئەوانی تریان ژیان و بژێویان لەنێوان خۆشی و ناخۆشیدا دەبوو.

هەموو کەسێک چ ژن چ پیاو: گەورە و بچووک مافی چوونە ژوورەوەیان هەبوو ژن بەجیا دادەنیشتن، بەڵام ئەو ئافرەتانەی کە ئیشیان داوێن پیسی بوو مافی ئەوەیان نەبوو دراما تراژیدییەکان ببینن نەک کۆمیدیاکان - هەروەها ئەوانەی بەندو کۆیلە بوون، مافی دیتنیان نەبوو، دیتنی دراماکان بە نرخێکی کەم بووە، ئەوانەی کە دەست کورت بوون پارەیان لێ نەسێنراوە.

لە کاتی نواندنی شانۆگەرییەکەدا، مەیان دەنۆشی و مێوەو چەرەسیان دەخوارد، لەمە ئەکتەرێک دەرکەوتووە، هات و هاواریان بۆ دەکرد و جاروباریش فیتەو چەپڵەیان بۆ لێداوە، هەندێ جار ئەکتەرەکان چەند کەسێکیان بە کرێ دەگرتن بۆ ئەوەی نواندنەکە زوو تەواو ببێ و شانۆگەرییەکەی تر دەست پێ بکات.

نواندنی شانۆگەرییەکان سێ ڕۆژی دەخایاند لەو سێ ڕۆژەدا پێنج دراما تەمسیل دەکران، وەک وترا سیانیان تراژیدی و ئەوانی تر یەکێکیان داستانی و ئەوی تریان کۆمیدی بوو، لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە تا ئێوارەی تەمسیل کردن درێژەی دەکێشا، هەر درامایەک لە یەکجار زیاتر - لە شانۆی دیونیشیدا - پیشان نەدەدرا، ئەوەی پێی نەکرا بێ ببینێ دەیتوانی لەسەر شانۆی شارەکانی تر ببینێ.

ژمارەی ئەو درامایانە کە لە نێوان ساڵی (٤٨٠)وە تا ساڵی (٣٨٠) نوێنرابوون گەیشتبووە دوو هەزار دراما.

لە ڕۆژی یەکەمی ئاهەنگەکەوە تا دوا ڕۆژی جەژنەکە هەر درامایەک کە دەنوێنرا، ناوی لەسەر تەختەیەکی چوارگۆشەیی دەنووسراو دەخرایە ناو ئەو کووپەڵەوە کە نوێنەری هۆزەکانی ئەتیکا

(١) الفكر اليوناني او الادب الهيليني د. محمد غلاب - الجزء الثالث - ل٤٧-٤٨.



سەرپەرشتیان دەکرد، لە کۆتایی ئاهەنگەکەدا «ئارکۆن» کە میری ئەتیکا بوو، دەستی بەناو ئەو کووپەڵەدا دەگێڕاو پێنجی لێ دەردەهێنان، ئەو پێنجە خەڵاتیان پێ دەبەخشرا، ئەوانی تر بەبێ تەماشاکردن دەسووتێنران.

لێرەدا دەبێ ئەوە بزانین دەبوو سێ دراما نووس لەو جەژنەدا بەشدار بن هەر درامایەک لە سێ بەش پێک دەهات واتە سێ دراما یەکێکیان تراژیدی، ئەوی تریان داستانی، سێیەمیان کۆمیدی کە بەم جۆرە درامایە دەوترا تراژیدیای «ساتیرۆسی» درامای گریک هێمای ڕاستەقینەی ئەو ناکۆکییە بوو کە لە نێوان مرۆڤ و خوا کەللە ڕەقەکانیاندا ڕووی دەدا؛ واتە هەموو تێکۆشانی مرۆڤ سەبارەت بەو چارەنووسەی بوو کە لەسەری فەرز کرابوو، لەبەر ئەوە درامای گریک نەژادی شتی چاوەڕوان نەکراو و کتوپڕی لە ئەستۆ نەدەگرت، چونکە زۆربەی چیرۆکی دراماکە لە ئەفسانەو داستانەکانیانەوە وەردەگیران و بینەرانیش پێشەکی دەیانزانی بەسەرهاتەکان کەسانی دراماکە بۆ کوێ دەبەن و لە چ هەردەیەکدا سەرەو نخونی دەکەنەوە، ئەوان چێژیان لەو پێش بینییە وەردەگرت، چونکە ئاکامی ڕووداوەکان و بێ چارەیی پاڵەوانەکان جۆرە پاکانەیەک بوون بۆ ئەو بیروڕایەی کە ئەوانی لەسەر ڕاهاتبوون خۆ ئەگەر وانەبوایە نووسەرەکەی بەردە باران و ڕەسوا دەکراو نەیان دەهێشت دراماکەی تەمسیل بکرێ.

مەبەستی هەرە گەورەی تراژیدیای گریک، بەتایبەتی تراژیدییەکانی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس بەجێگەیاندنی ئەو سزایە بوو کە خوا نەگریسەکان دەربارەی ئەوانەی کە سەرکەشیان دەکردو، خۆیان بەزل دەزانی و لەپێش خۆیان دەهاتنە دەرەوەو لووتیان بەرزو فێزەکەر بوون.

درامای گریک کارێکی گەورەی لە ڕەوشت و ڕەفتاری نەتەوەی هێلین و هەموو جیهاندا کردووە، فێرگەیەک بووە بۆ پەروەردە کردنی نەوەی گریک و هەموو نەوەیەک: ئەو زمانە شیرینە، ئەو شێوازە جوانە، ئەو داڕشتنە پتەوە، ئەو شیعرو مۆسیقایە، ئەو سروود و ئاوازە دڵڕفێنە، ئەو نواندن و زۆرانبازی و خەبات و تێکۆشانە، ئەم ڕووداوە دڵتەزێن و سامناکانە، هەموویان ڕێی هەزار بە هەزاریان لەبەر دەم ئەندێشەدا ڕووناک کردووەتەوە، بوون بە ئاوێزەیەک تیشکی ڕەنگینیان لە ناو هەموو کەلێن و قوژبنی دەرووندا پەرت کردووە، تەمی سەر مینای بیرو هۆش و هزریان بێ گەرد کردووە، کرێشی خاو بوونەوەی گیانیان ڕامالیوەو سفت و سۆیان داوەو پڕ بە هازیان کردووە بۆ ئەوەی بەرەو بڵندی بفڕێ، کام لوتکەی ڕەوشت سەختە لە سەری بنیشێتەوە.

داستانی پاڵەوانان و ئەفسانەی خواکان و سەربووردەی پێشینان و نەبەزی خەباتگێڕان؛ بۆ ڕابەری و پێشڕەوی ئەو لاوانە بوون کە تازە هەڵ دەهاتن و تاقیکردنەوەی ژیانیان کرچ و کاڵ بوو.

ئەو گیروگرفتە ئادەمیانە ئەو سیفەتە چاک و خراپانە کە دراما دەیکردنە بابەت: وەک ئازایەتی و سەربەستی، فیزکردن و خۆ بەزل زانین، پاڵەوانی و چەلەنگی، بێ وەجی و ترس، ڕێزو شکۆمەندی، پیسکەو نامەردی، خۆشەویستی و ئەڤین، کینەو ڕک، لێبووردن و دڵفراوانی، سزاو دڵڕەقی، دەبوونە سەر دەفتەری فێرکردن و پەروەردە بوونی ئادەمیزاد ئەو بابەتان، ئەو دەرسانە هەتا هەتایە هەر دەمێنن و لە کار ناکەون.

## پێشڕەوانی درامای گریک

ئازار و کوێرەوەری و کارەساتی دڵتەزێنی ڕۆژگار؛ چەند بیانگێڕیتەوەو بیاندەیتە بەر خەیاڵ، ئەوەندەو پتریش لە دڵ و دەروونی خەڵکدا دەئاوسێن و چەکەرە دەکێشن و دەبنە ڕەویەو ڕەوشتی مرۆڤ.

ئەو کارەساتە سەختە نالەبارانە کە بەدرێژایی مێژووی گریک ڕوویان دابوو، شەتاوەیان لەسەرانسەری وڵاتی گریکدا کردبوو، ببوونە لافاوێکی پەنگ دراو، زاخی لەدەروونداا دروست دەکرد، شەپۆلی هەڵچوونی کەلاوەی دەبرد، بۆ دامرکاندنەوەی گیانی دێرینیان و ساتۆربوونی پاشینان و وەرگرتنی پەند و ڕاوێژ و خۆ توند کردن و پتەو بوونەوەی ئەزموونی ڕۆژانەو پاراستنی کەلتووری پێشینان پەنایان دەبردە بەر گێڕانەوەو ڕازکردن، هەندێ جار بەهێمای جۆراو جۆر هەندێ جاریش بە ئاماژەو لاساکردنەوە.

حەز کردن لە گێڕانەوەی کارەساتی پێشینان و ڕووداوی ڕۆژانە ئارەزووێکی خۆرسکییە لە خودی مرۆڤدا و نەبڕاوەیە، بەو گێڕانەوە هەم باری دەروون سووک دەبێ و هەم خۆی لە جیهانێکی ئەفسووناوی خەیاڵدا بەرەڵڵا دەکات و پەپوولەی ئارەزووەکانی لەو جیهانە بێ سنوورەدا دەخولێنێتەوەو پشوویان پێ دەداو کۆت و زنجیرەکانی دنیای واقعیان لەکۆڵ دەکاتەوە، ئەمە لایەنێکی سروشتی مرۆڤە بۆ تەسەللاکردن و دامرکاندنی ماخۆلانی ئەو سروشتە، ئادەمیزاد پەنای بردووەتە بەر چیرۆک و داستان و ئەفسانەو گێڕاندنەوەو نواندنیان.

گریکەکان لەم ڕووەوە گەلێ پێشی هەموو نەتەوەیەکی تر کەوتن، مێشکی نەوەکانی خۆیان بەگێڕانەوەی ڕووداو و کارەساتەکانی ڕۆژگاری پێشینانی کۆک دەکردەوە، هەر ئەم گێڕاندنەوەی سەربووردەی پێشینانیان چەند کارێکی تری بۆ ئەنجام دەدان لەسەرووی هەموویانەوە خۆیان بە پێشینانی خۆیانەوە دەبەستەوەو لە دەفتەری مێژوودا ناویان دەبووە سەر دێڕی بەیازەکانیان دەشبوونە مایەی شانازی نەوەکان ئێدی دەیانزانی کێن و لەکوێوە هاتوون و بەرەو کوێ ڕەو دەکەن و چ کەسن و ڕەچەڵەکیان چییە و لەبەرەی کام ئۆجاخن.

گێڕاندنەوەکەش بەرە بەرە کۆرسی بۆ دامەزرا، ئەو کۆرسە لەسەرەتادا جۆرە (کۆرال)ێک بوو، لە کیژۆڵەی بچووک پێک دەهات بەتایبەتی بۆ گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە کە بەسەر خوای مەی (دیونیسۆس)دا هاتبوون، یان ئەو کارەساتانە کە پەیوەندیا بە خوا (ئەپۆلۆن)ەوە هەبوو.

ئەم جۆرە گێڕانەوە زەمینەی دروست بوونی ئەو کۆرسە بوو، وەک لە پێشەوە وتمان دراما لە ئامێزی ئەم کۆرسەدا گۆش بووە.

لەمەوە دەردەکەوێت دراما لەسەرەتادا حەزو ئارەزووێک بووە لە دڵی گەلی گریکدا جۆشی خواردووەو کەوتووەتە ماخۆلان، لەپاشدا وەک داستان و ئەفسانە و چیرۆک و نواندن خۆی دەربڕیوە ئەو دەربڕینەش لە داوێنی پەرستگاکاندا لە ئاسانەی خواکاندا کالای پیرۆزی لە خۆی ئالاندووە.

ئەم گۆڕاندنە کە بەسەر ئەو گێڕانەوەو ئەو کۆرسەدا هات هەر چەندە وەک بەرئەنجامێکی پێویست تەماشا دەکرێ و دەبوو ڕوویدا بەڵام ئەوەی کە پەلەی لە بەرەو پێشەوە بردنی گۆڕانکارییەکە کرد شاعیری بەناوبانگ «سیسپیس» بوو(١).

## ١- سیسپیس Thespis

مێژووی ژیانی ئەم شاعیرە دەگەڕێتەوە بۆ نیوەی سەدەی شەشەمی پێش لەدایک بوونی مەسیح، ئەوانەی کە لەسەر ئەم شاعیرەیان نووسیوە وا ڕادەگەیێنن کە لە بنەڕەتا خەڵکی (ئیکەریا)ی سەر بە

(١) الفكر اليوناني او الادب الهيليني - الدكتور محمد غلاب الجزء الثالث - ل٣١-٣٤. هەروەها: فن المسرحية: فردب ميليت - ترجمة: صدقي خطاب - ل٥٤). هەروەها: المسرحية كيف تدرسها وتتذوقها - ملئون ماركس - ترجمة فريد مدور - ل١٢٤.



وڵاتی ئەتیکیایە، سەرەتای هونەری ئەم هونەرمەندە مەزنە وا پیشان دەدا، کە تیپێکی هونەری پێکەوە ناوە، لەگەڵ تیپەکەیدا بۆ تەمسیل کردن بە هەموو ناوچەکانی گریکدا گەڕاوە؛ لە گۆڕەپان و سیلەی ڕێگەو بانەکاندا هەندێ لە شیعرەکانی (هوورەسیوس)ی تەمسیل کردووە، تا لە ساڵی (٥٣٤)ی پێش زاییندا لە شاری ئەسینا سەقامگیر بووە، لەوێ بەهرەی هونەری خۆی جۆش داوە، ئەو شیعرانەی کە دای دەنان لە جەژنەکانی (دیونیسۆس)دا تەمسیلی کردوون و توانیویەتی ببێ بە تاکە شاسواری ئەو گۆڕەپانە، سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوەو جێیەکی تایبەتی لە دڵ و دەروونی خەڵکدا کردووەتەوە، ئیتر لەمەوە شاعیرەکانی تر چاویان لێ بڕیوەو هەوڵیشیان داوە کە بەربەرەکانێی لەتەکدا بکەن، بۆیە دەستەداوێنی ئەو کاربەدەستانە دەبوون کە ڕێکخستنی ئاهەنگەکانی جەژنەکانی (دیونیسۆس)یان بەدەست بوو، بۆ ئەوەی شیعرەکانیان بخرێتە مەیدانەوەو، ئەوانیش بێنە پێشەوەو لە ئەنجامدا بتوانن بەسەریا سەرکەون، ئا لێرەوە ڕکانبەری - منافسە - ی هونەری پەیدابوو (سیسپیس) پیاوێکی هۆشدار و شاعیرێکی چاو نەترس بوو؛ بناغەی گۆڕانێکی گەورەی بۆ تراژیدیا دامەزراند، توانی تراژیدیا لە قۆناخی سروود گوتن و نزاکردندا بخاتە ناو قۆناخێکی تازەوەو ڕوێکی تازەی بداتێ کە ئەویش پەیدابوونی - (دایلۆگ)ە، هەروەها توانی ئەو سروودانە کە کۆرسە (دیسیرامبۆس – Dith-erumbos)ەکان وەک سەربووردە دەیانگێڕایەوە بگۆڕێت بۆ چەند سروودێکی هاوچەرخی و ڕێک و ڕەوان و پڕ ماناو دڵگیر.

هەروەها ئەوەی کە دەوری (باکۆس)ی گێڕا کردی بە ئەکتەرێک بۆ ئەوەی بەرامبەر بەو کۆرسە ڕاوەستێ و وەرامی بداتەوە، لەمەشەوە ئاهەنگ گێڕانی تراژیدیای خوای مەی لە جیاتی ئەوەی بەشێوەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ بابەتی سروودەکان بڵێتەوە ڕێکی خستن و ئەکتەرێکی بەرامبەریان ڕادەگرت بۆ ئەوەی بەشێوەی دایلۆگ وەرامی بداتەوە، لەمەشەوە ئەکتەری دراما بۆ یەکەم جار بەسەردەستی ئەم شاعیرە بلیمەتەدا هاتە ئاراوە، هەموومان دەزانین ئەکتەر و دایلۆگ بڕبڕاگەی پەیکەری درامان.

ئەوەی شایەنی وتن بێ لێرەدا (سیسپیس) خۆی دەوری ئەو ئەکتەرەی دەبینی و لەمەشەوە ئەم هونەرمەندە بەیەکەم کەس دەزانرێ کە یاسای تاکە ئەکتەری داهێنا، لە هەمان کاتیشدا ئەو نەریتەی بە باڵای شانۆدا بڕی، ئەو نەریتە لەپاش خۆی بوو بەباو: ئەمەش نەریتەکەیە: هەر شاعیرێک چیرۆکێکی دراماتیکی بۆ شانۆی دانایە دەبوو خۆی دەوری ئەکتەرەکە وەربگرێت.

بەڵێ بەهاتنی ئەم شاعیرە هونەری دراما پەیدا بوو، تراژیدیا مانایەکی تری بەباڵادا بڕا، (سیپیس) جگە لەوەی سروود و نزاکانی جەژنی (دیونیسۆس)ی خستە ناو قەوارەی دراماوەو سروود بێژەکانی لە قسەی نالەبا و بێ جێ ڕزگار کردن، یاسای تاکە ئەکتەرو داڕێشتنی دایلۆگی داهێنا، جگە لەوانەش هەر ئەو بووە بۆ یەکەم جار بۆ داپۆشینی دەم و چاوو گۆڕینی کەسێتی دەمامکی بەکارهێناوە(١) کەواتە ئەم شاعیرە بەهرەدارە شاسواری ڕاستەقینەی دامەزرێنەری هونەری درامایە.

## ٢- کیریلۆس:

ئەوانەی کە لە مێژووی درامایان کۆڵیوەتەوە جگە لەوەی دەڵێن ئەم شاعیرە لە شاری (ئەسینا) هاتووەتە دنیاوە و کارە هونەرییەکانی لە نێوان ساڵەکانی: (٥٢٤-٤٨٠)ی پێش زاییندا بووە، لەمە

(١) تەماشای گۆڤاری «هەولێر» یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێر، ل٢٠١-٢٠٣ بکە، وتارێکی نووسەر بەناوی (بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردی لەناو چیرۆکی مێژووی شانۆدا).

زیاتر مێژووی ژیانی ئەم شاعیرەیان بۆ ساغ نەبووەتەوە، هەندێ لەوانەی کە لەمێژووی درامایان کۆڵیوەتەوە، دەڵێن: ئەم شاعیرە نزیکەی سەدو شەست درامای بۆ شانۆ نووسیووە، لە سێنزەیاندا خەڵاتی یەکەمی پێشبڕکێی درامای وەرگرتووە، کەچی زۆربەی زۆریان فەوتاون، گوایا ئەم شاعیرە یەکەم کەس بووە کە نەژادی ئافرەتی ئاخنیوەتە ناو ئەکتەرەکانەوە نە هەر ئەمەندە بەڵکو کۆرسیشی کردووە بە دوو بەشەوە، بەشێکیان لەگەڵ ئەوانەدا کە بەرامبەر بەکۆرسەکە ڕادەوەستان، بەهێمنی و لەسەرخۆ باس و خواسی ئەو کردەوە پەسەندانەی خۆیان دەکرد کە هونەری نواندنە بەشەکەی تریان بەتووڕەییەوە ڕەخنەیان لەو کارەیان دەگرت.

## ٣- فرینیکۆس:

مێژووی لە دایک بوون و مردنی تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە ئەوەی لەمەڕ ئەم شاعیرە زانرابێ ئەمەیە: ئەم شاعیرە لە ساڵەکانی نێوان (٥١٢-٥٠٩)دا ناوبانگی هونەری بڵاوبووەتەوە، لە ساڵی (٤٩٤)پ.ز. دا؛ نواندنی درامای «داگیرکردنی میلیت» لە شاری ئەسینادا ئەم شاعیرەی هێنایە ڕیزی پێشەوەی دراما نووسەکانی ئەو سەردەمە، هەرچەندە خەڵکی (ئەسینا) نیگەرانی خۆیان دەربارەی ئەو درامایەی دەربڕی و هەڕەشەیان لێکرد، بەڵام ئەو هەڕەشەو گوڕەشە زۆرتر هانیدا کە لەو مەیدانەدا بەهرەی خۆی جۆش بدا، تا لە ساڵی (٤٧٦)دا خەڵاتی یەکەمی وەدەست هێنا، ئەو شانۆگەرییەی کە خەڵاتی وەرگرت ناوی «ئافرەتە فینیقییەکان» بوو، دیارە ئەم هونەرمەندەش وەک کیریلۆس بەرهەمی درامی گەلێ زۆر بووە بەڵام جگە لە نۆ دراماو هەندێ پارچەی پەرپووت نەبێ ئەوانی تریان فەوتاون[١].

## ٤- پراتیناس:

ئەم شاعیرە هاوچەرخی (کیریلۆس) و (ئەسخیلۆس) بووە، خۆی بەهاوشانی ئەو دوو شاعیرە زانیوە، لە ساڵەکانی (٥٠٠-٤٩٧ پ.ز)دا لە تەک ئەواندا بەشداری پێشبڕکێی کردووە، مێژووی دراما وا دەگەیەنێ کە نزیکەی پەنجا درامای داناوەو سێ لەو درامایانەی ساتیرۆسی بوون، ئەوانی تریان تراژیدی لەو هەموو بەرهەمە تەنیا ناوی یەکێکیان «خەباتگێڕان» نەبێ ئەوانی تریان فەوتاون، بەڵام چەندان پارچە پرپووتی درامای ماون کە بەڵگەی بەهرەداری و شارەزایی ئەو شاعیرە دەگەیەنن.

## ٥- ئەریستیاس:

ئەم شاعیرە کوڕی «پراتیناس»ی شاعیر بووە وەک باوکی چەندان درامای ساتیرۆسی نووسیووە، جگە لەناوی یەکێکیان کە «کێکلۆپێس»ـە ئەوانی تری لەگەڵ ڕۆژگاردا ئاوابوون.

# پێشەوایانی درامای گریک

## ١- ئەسخیلۆس:

لەساڵی (٥٢٥)ی پ.زدا لەدایک بووە، باوکی ناوی (ئۆفۆریون)ە و سەر بە بنەماڵەیەکی ئۆجاخ زادەی ئۆرستوکراتی ئایەن پەروەر بووە، لەبەر نەبوونی سەرچاوەی باوەڕ پێکراو مێژوونووسان سەرەتای ژیان و سەردەمی منداڵی (ئەسخیلۆس)یان بۆ ساغ نەبووەتەوە، ئەوەی کە زانراوە ئەوەیە: ئەم شاعیرە هەر لەتافی لاویدا هەوڵی ئەوەی داوە کە بچێتە ڕیزی شاعیران و درامانووسەکان؛ لەپێش بڕکێی درامادا

(١) الفكر اليوناني او الادب الهيليني - الدكتور محمد غلاب - المجلد الثالث - ل٣٦-٤٠.



بەرامبەر بە پێشڕەوانی دراما خۆی بردووەتە پێشەوە، هەر لەو قۆناخەی ژیانیدا بەهرەی شیعری و ئارەزووی درامای خۆی ساو داوەو ئەستێرەی ڕەنگین و بەهرەداری لە ئاسمانی درامادا درۆشاندووەتەوە، لەو کاتەدا کە ئەستێرەی کەوتووتە بزووتن، ئاگری جەنگ لەنێوان گریک و میدییەکاندا هەڵگیرساوە، ئەسخیلۆس وەک نیشتمان پەروەر ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی گریک، ڕیزی شاعیرانی بەرداوەو چووەتە ڕیزی جەنگاوەران.

خامەو نامەی بەرداوەو شیرو قەڵغانی جەنگی هەڵگرتووەو چووەتە ڕیزی جەنگاوەران و بەرەنگاری دوژمنانی وڵاتەکەی خۆی کردووە. بەشداری لە جەنگە گەورەکەی (ماراسۆن) و (سالامینا) کە لە ساڵی (٤٩٠)دا بوو کردووە[١].

پاش تەواو بوونی جەنگ و سەرکەوتنی گریک بەسەر میدییەکاندا، گەڕایەوە ناو جیهانی شیعرو دراما ئەوانەی جاران ڕکانبەری دەربارەی دەکردن بۆ ئەوەی بە سەریاندا زاڵ ببێ هەموو پیرو کەلەلا ببوون و مەیدانیان چۆل کردبوو، ئێتر کە ئەسخیلۆس دەستی دایەوە خامە تاقە شاسواری ئەو مەیدانە بوو، کەس باڵادەستی نەبوو بە ئارەزووی خۆی لغاوی بۆ بەهرەو توانای هزری شل کردبوو، یەکێکی وەک (سۆفۆکلیس) تازە چاوی بڕیبووە ئەو مەیدانەو لەهەڕەتی جەحێلی دابوو؛ خۆی بە هاوشانی ئەو نەدەزانی، ئەم بارودۆخە بوون بەهاندەرێکی وەها کە ئەسخیلۆس سەرچاوەی بەهرەی خۆی تیا بتەقێنێتەوە، بەکارێکی وەها توانی هونەری دراما بگەیێنێتە سەرلووتکەی ڕەچاوبوون، پاش ئەوەی بناغەیەکی بە هێزی بۆ دامەزراند، لەمەوە ناوی ئەسخیلۆس بوو بە وێردی سەر زمان و ناوبانگی هەموو لایەکی گرتەوە، بۆیە میری (سیراکۆزا) لە (سەقلیا) بردییە لای خۆی و ڕێزێکی زۆری لێنا، لەو کاتەوە (سەقلیا)ی کرد بە نیشتمانی دووەم، جاروباریش سەری خانەزادەی خۆی کە شاری (ئەسینا)بوو دەدایەوە.

وەنەبێ ئەو چوونەی بۆ (سەقلیا)پاشەکشەو چۆڵ کردنی مەیدانی دراما بووبێ بەڵکو لەو ماوەیەشدا هەر خۆی تاکە سەرقەتاری درامانووسان بوو، کەس نەیتوانی بەسەریا سەرکەوێ، ئەو کاتەش شاری ئەسینا لانەی بلیمەتان و زانایان بوو، وا ئێستا ئەسخیلۆس بەتەمەندا چووەو؛ وا خەریکە لە سواری ئەسپ بێتە خوارێ و پشوو بدا، وا لە ئاسۆدا ئەسپ سوارێکی تر بەرەو ترۆپکی بارەگای دراما سەرقەتاری گرتووەو هەنگاو دەنێ، ئەم بلیمەتەش (سۆفۆکلیس)بوو، لە ساڵی (٤٦٨)دا لە پێشبڕکێی درامادا بەسەر ئەسخیلۆسدا زاڵ بوو، خەڵاتی یەکەمی درایە، ئەم سەرکەوتنە لارە سەنگییەکی لە ترازووی هونەری ئەسخیلۆسدا دروست کرد، بەڵام نەگەیشتە ئەوەی بێزار بێ و جەڵەوی کەڵە شاعیری خۆی بەربدا، تا لە ساڵی (٤٥٨)دا توانی لووتکە بەرنەداو خەڵاتی یەکەمی ئەو ساڵەش وەدەس بێنێ، پاش ئەو سەرکەوتنە بەرەو (سەقلیا) گەڕایەوە، لێرەدا پرسیارێک دەکرێ: لەبەرچی ئەسینای بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ سەقلیا؟

دیارە شتێکی وا کاری تێکردووە کە پشت کردن لە شاری ئەسینای خۆشەویست ئاسان تر بێ تا تیامانەوەی.

ئەوانەی کە لەسەر ژیانی ئەم هونەرمەندەیان نووسیووە، چەند هۆیەکیان بۆ ئەو کۆچ کردنەی بڕیار داوە، هۆی کۆچ کردنەکەی بۆتە وەرامی پرسیارەکە، هەندێکیان پێیان وایە لەبەر ئەوە بووە چاوی بەڕای نەداوە ئەو ڕێزو شکۆمەندییە کە بۆ سۆفۆکلیس دروست بوو بیبینێ، هەندێکی تر پێیان وایە: لەوەختی نواندنی

(١) الجزء الاول مسرحية المستجدات: تأليف شيل، وەرگێر (د. علي حافظ) ل(١١).

یەکێک لە دراماکانیا پلیکانەی شانۆکە سەرەو نخون دەبێتەوەو دەڕووخێ، ئەسخیلۆس ئەو ڕوخاندنەی بە نوقلآنەی شەڕ لێک داوەتەوە بۆیە ئەسینای بەجێ هیشت و کۆچی بەرەو سەقلیا کرد.

رایەکی تریش دەڵێ: ئەسخیلۆس بەوە تاوانبار کرا کە گوایە لە یەکێک لە دراماکانیا نهێنی خواکانی درکاندووە، ئەوەش بەلای ئەسیناکانەوە بە کارێکی نەشیاو زانراوە ئیتر خەڵکی ئەسینا ڕکیان لێ بووەتەوە. هەر لەدوورگەی سەقلیا لەساڵی (٤٥٦پ.ز)دا مردووەو دوو کوڕی لەپاش بەجێ ماوە[١].

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل(١١).

ئەوەی شایەنی وتن بێ ئەسخیلۆس بەداهێنەری ئەکتەری دووەم دەژمێردرێ، دراماش بەسەردەستی ئەودا پایەو سایەدار بوو، لەسەردەمی (سیسپیس)دا ئەکتەرێک گشت دەورەکانی دەبینی؛ کە ئەکتەری دووەم هاتە ئاراوە ئەو دوو ئەکتەرە ڕۆڵی هەموو دراماکەیان دەگێڕا، جاری واش هەبوو کۆرسەکە کە کاری خوێندنی نزاو سروود وتن بوو، دەوری ئەکتەری سێیەمی دەبینی.

ئەو درامایانە کە ئەسخیلۆس هەڵی چنیبوون هەندێکیان زۆرتر لە سێ دەوری تیا بووە، بۆ نموونە درامای (پارسەکان - Persai) جگە لە کۆرس پێنج پاڵەوانی تیا بەکار هێنراوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پێنج ئەکتەر دەوریان تیا بینیبێ بەڵکو دوو ئەکتەر و کۆرس دەوریان تیا بینیوە، جاری وا بووە یەک ئەکتەر دەوری چەند کەسانێکی ناو دراماکەی گێڕاوە، ئەسخیلۆس ئەکتەری دووەمی داهێنا، جاروباریش سەرۆکی کۆرس دەوری ئەکتەرێکی تری گێڕاوە، ئەمەش ژانی لەدایک بوونی ئەکتەری سێیەمە.

وەک زانراوە ئەسخیلۆس نزیکەی نەوەت درامای نووسیوە کەمێکیان نەبێ ئەوانی تریان فەوتاون، وا لە خوارەوە کورتەی دراماکانی دەخەینە پێش چاو:

### ١- پەنابەران - یان نزاکاران - الضارعات[١]

درامای نزاکاران، یان پەنابەران... یەکێکە لەو درامایانەی ئەسخیلۆس کە بەتەواوی ماون... هەروەها یەکێک لەو درامایانەی کە سەرتاپایان بە کۆمەڵە گۆرانی و سروود و زاری و نووراندنەوە داپۆشراون؛ پاڵنەری سۆز و بەزەیی دەهێننە جۆش و خرۆش ... پوختەی دراماکە: کۆرسێکە لە پەنجا خوشک پێک هاتووە، هەموویان کچی (دانائۆس)ی برای پاشای میسرە، ئەم پەنجا کیژۆڵەیە لەتەک باوکیاندا لەمیسر خۆیان دەرباز کردووە، پەنایان هێناوەتە لای پاشای (ئاراگۆس) بۆ ئەوەی لە کوڕەمامەکانیان - کە ئەوانیش پەنجا بران - بیانپارێزێ و نەهێڵێ لەو کوڕە مامانەیان مارە بکرێن.

پاشای (ئاراگۆس) وەک پاشایەکی مەرد و پەنادەر پێشوازیان دەکات و بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێ پاشای میسر نوێنەرێک بۆ لای ئەو پاشایە دەنێرێ بۆ ئەوەی بیانگێڕێتەوە، ئەگەر نەشیان گێڕێتەوە ئەوا شەڕ لەنێوانیاندا بەرپا دەبێ و ئەو وەختە بەخورتی دەیانگێڕێتەوە، نوێنەرەکە؛ هەندێ هەڕەشەو گوڕەشەی لێ دەکات، پاشای (ئاراگۆس) وەرامی ئەو نوێنەرە بەوە دەداتەوە؛ دەڵێ: ئەوەی پەنا بەرێتە لای ناچارە بیپارێزێ و ڕێزی لێ بنێ، نوێنەرەکە بەدەست بەتاڵی دەگەڕێتەوە.

بابەتی دراماکە گەلێ سادەیە وەک دیارە لە سنووری پاڕانەوەو نزاو زاری کردنی ئەو کۆمەڵە خوشکە تێ ناپەڕێ، هەروەها پڕیەتی لە دڵەڕاوکێی پاشای (ئاراگۆس) و پرس کردن بەگەلەکەی سەبارەت بەو پەنادانە.

هەرچەندە دراماکە سادەیەو کارەسات و ڕووداوەکانی سامناک نین، بەڵام چونکە خامەی ئەسخیلۆس

(١) وشەی پەنابەران، یان نزاکاران، یان زاریات، هەموویان مانای (الضارعات) دەبەخشێ.



دایڕشتووە گیانی بە بەردا کردووەو توانیویەتی ئاگری سۆز و بەزەیی پێ بەرداتە دڵی بینەرانەوە، پەیکەری نەسروەتی و دڵە ڕاوکێ و دوو دڵی ئادەمی لە دەروونیدا بنەخشێنێ.

### ٢- پارسەکان persai

ئەم درامایە هەشت ساڵ پاش جەنگە گەورەکەی (سالامنیا)لە ساڵی (٤٧٢)دا نوێنرا، ئەوە بوو وتمان ئەسخیلیۆس بەشداری ئەو جەنگەی کرد[١].

کورتەی دراماکە: «لە یەکەم دیمەنی دراماکەدا کۆرسێک دەبینین، ئەندامانی کۆرس هەموویان پیاوە گەورەکانی پارسن، لەسەر گۆڕی «دارا» کە پاشای پێشوویان بوو کۆبوونەتەوەو هەموو پەرۆشن بۆ نەبوونی دەنگ و باسی ئەو جەنگەی کە دژ بە گریکەکان هەڵگیرساوە، وا هەموو چاوەڕوانن، لە پڕ شاژن بە سواری گالیسکەیەکی ڕازاوە دێتە بەردەم کۆرسەکەو ئەو خەونە ناخۆشەی کە دیبووی بۆیان دەگێڕێتەوەو داوایان لێ دەکات کە ڕاڤەی بۆ بکەن، ئەوانیش خەونەکە دەکەنە نیشانەی ڕوودانی کارەساتێکی گەورە، ئەوان خەریکی لێک دانەوەی خەونەکەی شاژن دەبن لەناکاو تەتەر و پەیامبەری جەنگ دەگاتە ئەوێ؛ کارەساتە نالەبارەکەی (سالامینا)یان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە شکرەکەیان شپرزە بووەو خراپ شکاوە، بەم هەواڵە دڵتەزێنە دەست بەجێ خەونەکەی شاژن دێتە ی؛ ئیتر شین و زاری و هاوارو گریان بەرز دەبێتەوە شاژن (ئەتۆسا) لەحەژمەتا بەبێ ئەوەی سواری گالیسکەکەی ببێتەوە، پاشەکشێ بەرەو ماڵ دەکات و هەڵدێ، لەم کاتەدا تارماییەک پەیدا دەبێ و بەخەڵکەکە ڕادەگەیەنێ کە چاکەخوازو مەردبن، نەک خۆ بە زل بزانن و خەڵک بەکەم، چونکە شکستی ئەنجامی لە خۆبایی بوونە، لەو کاتەدا تارماییەکە لەچاو ون دەبێ، هەر لەم کاتەدا پاشای ئەو کاتەی فارسەکان کە ناوی (ئیکسرسیس)ە بەنابووتییەوە بە پاشەڵی پەرپووتەوە دێتەوەو لە تەک کۆرسەکەدا - کە هەموو نموونەی پیاو ماقوڵانی وڵاتن - دەست دەکات بە شین و زاری، لە پاشدا بەرەو کۆشکی شاهانە وەک تەرمێک ببەی بۆ گۆڕستان دەکەونە ڕێ و دراماکە تەواو دەبێ...»

لەم درامایەدا ئەسخیلۆس ئەوە دەخاتە یاد کە چۆن لەشکری فارسەکان شکا، ئەو شکاندنە لە ئەنجامی ئەو لەخۆبایی بوونە بوو کە بەچاوێکی کەم تەماشای خەڵکی تریان پێ دەکرد، هەروەها ئەسخیلۆس شانازی بە سەرکەوتنی وڵاتەکەی خۆیەوە دەکات، بەڵام نەهاتووە باسی سەرکەوتنەکەی خۆیان بکات و خۆی پێ هەڵبکێشێ، دیارە خۆهەڵکێشان و فێرکردن لەتەک سەرکەوتندا شایەنی ئەوە نین یەکێکی وەک ئەسخیلۆس خۆی پێیان هەڵ بکێشێ، بەڵکو هاتووە بەشێوازێکی هونەری وێنەی شکان و تیاچوونی لەشکری دوژمنەکانی پیشان داوە، ئا لەم درامایەدا بوو کە ئەسخیلۆس بۆ یەکەم جار کاراکتەری دووەمی بەکارهێنا، یەکەمیان دوو دەوری گێڕا، دەوری شاژن (ئەتۆسا) و شا (ئیکسرسیس). دووەمیشیان دوو دەوری بینی: دەوری تارمایی: (دارا) و پەیامبەر (تەتەر)[٢].

### ٣- حەوت سوارەی سیبا (مهاجمو ثیبا السبعة)

ئەسخیلۆس ئەم درامایەی لە ساڵی (٤٦٧پ.ز)دا داناوە، کورتەی دراماکە «ئۆدیبۆس» پاشا ئەوەی کە بۆی دەرکەوت تاوانێکی گەورەی بەسەرخۆیا هێناوە؛ شاری سیبای بەجێ هێشت و سەری خۆی هەڵگرت، ئەو دوو کوڕەی کە لە پاشی بەجێ مابوون لەسەر تەختی شاهی دەستەو یەخەی یەکتری

(١) الفرس والضارعات، روائع المسرح العالمي -ئەسخیلۆس- ترجمة: د. ابراهيم سكر ود. محمد سليم سالم ل١٢-١٣.
(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بوونەوەو دژ بە یەکتری ڕاوەستان، (ئیتیۆکلیس) کە برای بچووک بوو بەسەر (پۆلینێکس)دا کە برای گەورەی بوو سەرکەوت و شاربەدەری کرد، ئەویش بەرەو شاری (ئاراگۆس) ڕێی گرتە بەر، لەوێ لەگەڵ شەش لە سەرکردەکانی ئەوێدا ڕێک کەوت، ئابلوقەی شاری سیبایاندا، (ئیتیۆکلیس) کە ئەمەی زانی خەڵکی شاری سیبای خڕ کردەوەو هانی دان کە بەرگری لەخۆیان و شارەکەیان بکەن، لەو کاتەدا کە (ئیتیۆکلیس) خەریکی وتاردان بوو، کچەکانی شاری سیبا کە کۆرسەکە تەمسیلیانی دەکردن دێنە پێشەوەو بەر ئەنجامی جەنگ و وێران کاری و جەرگ سووتان دەخەنە ڕوو، ئیتیۆکلیس زۆ هەوڵ دەدات کە بێ دەنگیان بکات، لەم کاتەدا پەیامبەری هێرش هێنەران دێتە پێشەوە بەوەسپێکی جوان باسی هەر حەوت سوارەکە دەکات، ئیتۆکلیس - یش بەهەمان شێوە، لەوتارێکی دووورودرێژدا وەسپی شان و شەوکەتی سەرەک پیاوانی شاری سپیا دەکات پاش وتاردان هەردووکیان دەچنە دەرەوەو کۆرسەکە بەجێ دێڵن، بۆ ئەوەی پڕ بەدڵ بۆ وەجاخی (لایۆس) بنووڕێنەوەو بەکوڵ زاریان بۆ بکەن، کە تووشی چ کارەساتێک هاتوون، پاش دەمێک پەیامبەرەکە دێتەوەو هەواڵی سەرکەوتنی سیبایەکان بۆ کۆرسەکە دەگەیەنێ، لەتەک ئەو هەواڵەشدا کوشتنی هەردوو براکە بە کۆرسەکە دەڵێ، کوشتنەکەشیان هەر برایەک بەدەستی برای خۆی کوژراوە، ئەوجا تەرمی هەردو براکە لە بەردەم کۆرسەکەدا دادەنرێ، کۆرسەکەو (ئەنتیجۆنا) و (ئەسەمینا) کە ئەمانیش خوشکی هەردوو براکەن، دەس دەکەن بە شین و زاری، فەرمان بەناوی گەلەوە دەردەچێ کە تازییە تەنیا بۆ (ئیتیۆکلیس) دادەنرێ نەک بۆ (پۆلینێکس) (ئەنتیجۆنا) فەرمانەکە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ: هیچ کەس مافی ئەوەی نییە نەهێڵێ کە تازیە و کوفن و لەگۆڕنانی (پۆلینێکیس) بکەین، هاوار دەکات و دەڵێ: من تازیە بۆ (پۆلینێکیس) دادەنێم (ئەسەمینا)یش تازیەی بۆ (ئیتۆکلیس) با دانێ».

ئەسخیلۆس لەم درامایەدا زۆر بەجوانی بەربەرەکانی ئەو دوو برایەی خستووتە ڕوو، هەروەها کێشەی نێوانیان کە چوونە سەر تەختی شاهانەیە، بەجوانی ڕوونی کردووەتەوە، بەکورتی مەبەستی سەرەکی ئەسخیلۆس لەم درامایەدا نیشاندانی ئەو نەفرەتە خوایەیە کە بە میرات بە باڵای بنەماڵەی: (لایوس)دا بڕابوو، لەم درامایەشدا جگە لە دەوری کۆرس دوو ئەکتەری تری تیا بەکار هاتووە، یەکەمیان لەدەوری (ئیتیۆکلیس) و (ئەنتیجۆنا)دا ئەویتریان لەدەوری پەیامبەرو بانگ وێژی گشتیدا.

### ٤- **پرۆمیسۆسی بەندکراو** Prometheos Enchaine

کورتەی دراماکە:

«لەیەکەم دیمەندا (زیۆس) کە گەورەی خواکانەو باوکی ناوی (کرۆنۆس)ە لەسەر تەختی خوایی و پەروەردەگاری دەیهێێنێتە خوارێ و خۆی جێی دەگرێتەوەو دەچێتە سەر تەختی خوایی؛ بەو جۆرە خۆی دەکات بە گەورەی هەموو خواکان، باوکی خۆی فڕێ دەداتە ناو بیرێکی زۆر قووڵ و تارەوە، بۆ ئەوەی ئیتر ڕاست نەبێتەوە، بەو جۆرە (زیۆس) دەست بەسەری هەموو گەردووندا دەگرێت، بەڵام ئەم گەردوونە گەورەیە، هەروا چۆڵ و حەتال نییە، چەندان خوای بەدەستەڵاتی تری تیایە، یەکێ: لەوانە (تیتانۆس)ە، زیۆس دەزانێ ئەو دوژمنێکی ناقۆڵای بەدەستەڵاتەو لێی یاغی بووە، ئەگەر زوو فریای خۆی نەکەوێ جێی پێی لەق دەکات، بۆیە (زیۆس) وەک هەورە تریشقە بەسەر هەموو خواکاندا دەنەڕێنێ و جگە لە (پرۆمیسۆس) هەموویان لە ناو دەبات، ئەم پرۆمیسۆسە خوایەکی مرۆڤ دۆستە، کەچی زیوس خوایەکی ڕژد و نەگریسە حەز ناکات ئادەمیزاد فێری زانست و زانیاری ببێ، دەیەوێ مرۆڤ لەناو بەرێ، پرۆمیسۆسیش دەیەوێ ڕزگاری بکات، لەبەر ئەمە لە دژی دەجەنگێ، لەو کاتەدا کە پەلاماری یەکتری



دەدەن، ئاگری لێ دەدزێ، ئاگرەکە دێنێتە سەر زەوی و مرۆڤ فێری کردنەوەی و سوود لێوەرگرتنی دەبن، کە (زیوس) بەمە دەزانێ بەوەزیرەکانی دەڵێ کە بیگرن و بیبەن بۆ لای خوای ئاسنگەران کە (هیڤایستۆس)ە، ئەویش کۆت و زنجیری دەکات و فەرمانەکانی (زیۆس) جێبەجێ دەکات و دەیبات لەسەر یەکێ لە چیاکانی قەوقاس لەسەر تاشێکی گەورەی سەخت دەست و پێی بە سنگ بەتاشەکەوە دەبەستێ و بەجێی دێڵی، جگە لەوەش (زیۆس) هەڵۆیەکی دەنارد بەدرێژایی ڕۆژ لە جگەری پرۆمیسۆسی دەخواردو کوناو دەری دەکرد کە شەو دەهات جگەر سارێژ دەبووەوە؛ وەک خۆی لێ دەهاتەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان (یو) کە ئافرەتێکی دەربەدەرکراوی ئەم سەر زەمینەیەو ئەویش هەر (زیۆس) گرفتاری کردبوو، ڕێی دەکەوێتە لای پرۆمیسۆس لە تەکیا دەکەوێتە گفتوگۆ و دەزانێ لەنەوەی ئەم ئافرەتە دەربەدەرە قارەمانێک پەیدا دەبێ بەم زووانە ڕزگاری دەکات، ئەو قارەمانەش (هیرکلیس)ە واتە (هەرقل) ئێتر پرۆمیسۆس ئەوەندەی تر هێزی بە بەر خۆ ناو و ڕکانبەری لە تەک (زیۆس) کردو سەری بۆ دانەنەواند و چاوەڕوانی ڕۆژی ڕزگاری دەکرد کە هاتنی «هەرقل»ە.

هاتنی هەرقل دەبێتە بابەتی درامای: «پرۆمیسۆسی بەردراو»(١). نوسەری بەهرەدار: ئەسخیلۆس لە درامای پرۆمیسۆسی بەندکراودا دەیەوێ ئەوەمان پێ بڵێ کە مرۆڤ ناتوانێ سەرکەوێ و ڕزگار ببێ ئەگەر ئازارو زەحمەت لەپێناوی ڕزگاربووندا نەچێژێ، ئەو خوایەی کە مرۆڤی پێشخست فێری هونەرو زانستی کرد لە پێناو ئەو پێش خستنەدا ئەو هەموو ئازارو ئەشکەنجەیەی کێشا لە بارمتەی ئەوەدا سەرکەوتن و شارستانیەتی بەدەست هێنا.

دیارە ئەسخیلۆس بەم درامایەی بیروڕای گریکەکان دەخاتە ڕوو کە لەو کاتەدا باوەڕیان پێی هەبووە کە ئەویش: «سەرەتای دروست بوونی گەردوونە»، وەک دەردەکەوێ ئەم دراما یە ئاڵقەی دووەمی درامایەکی سێ ئاڵقەییە: یەکەمیان ناوی (پرۆمیسۆسی ئاگرین) و دووەمیان (پرۆمیسۆسی بەندکراو) سێیەمیان (پرۆمیسۆسی بەردراو)ە(٢).

### ٥- **ئاغا مەمنوون:** Agamamnon

ئەم دراما یە لە ساڵی (٤٥٨)دا نوێنراوە بابەتەکەی بریتییە لە (کوشتنی ئاغا مەمنوون) ئاغا مەمنوون سەرکردەی لەشکری گریکەکان بوو دژ بە (ترواده)یەکان، ئەوە بوو خوێنی ئەفیجینیای کچی دەرخواردی خوا نەگریسەکاندا، تا (با) هەڵ بکات و پاڵ بە پاپۆڕەکانیانەوە بەرەو ترواده بنێن، (کلێتمینسترا)ی ژنی ئاغا مەمنوون و دایکی ئەفیجینیا ئەو قوربانی دانەی بە کوشتنێکی ناشایستە زانی، کورتەی دراماکە: «لەسەربانێک لە خانووەکانی (شاری ئاراگۆس) وا دیدەبانێک بەرەو لووتکەی شاخەکان چاوەڕوانی بریسکەی ئاگرە؛ چونکە ئەو ئاگرە مژدەی سەرکەوتنی گریکەکانی دەدا بەسەر ترواده یەکاندا، هەروەها هێمای گەڕانەوەی لەشکرە سەرکەوتووەکەیانە، وا دیدەبان لە پڕ چاوی بە تروسکەی ئاگر کەوت و بەدڵ خۆشییەوە هەواڵی سەرکەوتنەکەی بە شاژن (کلێتمینستر)دا لەو کاتەدا کۆرسەکە؛ کە لە پیاوی دنیا دیدەو ڕدێن سپی پێک هاتبوو لەخۆشیا دەسیان کرد بە سروود وتن و ئاوازی بەسۆز، بە سروود یادی نقڵانەی جەنگی ترواده‌و سەرکەوتنەکەیان هێنایەوە یاد، هەروەها ئەو پێش بینییە کۆنەیان خستەوە ڕوو کە خواکانیان لە زووەوە پێی ڕاگەیاندبوون کە گوایە لەو جەنگەدا سەرکەوتن و بۆ

(١) (پرۆمیسۆسی بەردراو) درامایەکی ئەسخیلۆسە، بەڵام تەنیا ناوەکەی و چەند پارچەیەکی پەرپووتی لەدەستی ڕۆژگار دەربازبوون.

(٢) (محاضرات في تاريخ الادب المسرحي - الجزء الاول - المأساه اليونانية - الدكتور علي زبيدي ل٦٩).

ئەوانە جگە لەوەش ئەوەیان خستەوە ڕوو کە سەرکردەی ئەو جەنگە سزایەکی گەورەی لە ملە، پاش گەڕانەوەی دەبێ بیدا، کوشتنی (ئەفیجینیا)ش هەوێنی سروودەکان بوو، وا پەیامبەری ئاغا مەمنوون گەیشت، دوای ماوەیەکی تر ئاغا مەمنوون و دەست بەسەرە (دیلە)کەی کە (کاسندریا)ی جوان و نازدار بوو، کچی (پریامۆس)ی پاشای ترۆادەیەو خوشکی دایک و باوکی قارەمانی گەورەی ترۆادەیان (هێکتۆر)ە گەیشتن.

(کلێتمینسترا) بە ڕوو گەشییەکی داتاشراو و بە دەربڕینی ئەڤینێکی درۆوە بەرپێی ئاغا مەمنوونی بە مەخمەڵی سوور لە دەرەوە تا ناو ماڵ ڕازاندەوە.

ئەو مەخمەڵە سوورەی بەر پێی (ئاغا مەمنوون)ە هێمای ڕشتنی خوێنی دەگەیاند، ئاغا مەمنوون خۆی بە کۆشکی شاهانەدا دەکات، کەچی (کاسندریا) لە هەیوانی کۆشکدا دەمێنێتەوەو ناچێتە ژوورەرە، کلێتمینسترا دێت دەستی ڕادەکێشێ کە بچێتە ژوورەوە، بەڵام سوودی نابێ، ئەو دەگەڕێتەوە، ئەمیش هەر لە هەیوانەکەدا ڕاوەستاوە، لەو کاتەدا (کاسندریا) لەبەر خۆیەوە پێش بینییەکی خۆی دێتەوە یادی کەوای بۆ چووە، ئاغا مەمنوون بە فێڵ دەکوژرێ و لە پاشدا ئەویش دەکوژن، لەم کاتەدا خۆی کرد بە کۆشکدا، هەستی ڕاگرت وا هاوارو فریای ئاغا مەمنوونە، دوای ماوەیەک پەردە لەسەر کلێتمیسترا لادەدرێتەوە وا ئامێرێکی بەدەستەوەیە خوێنی لێ دەتکێ و لاشەی ئاغا مەمنوون و کاسندریاش لەلای ڕاست و چەپییەوە سارد و سڕ بوونەتەوە لەو کاتەدا لە خۆی دەداو دەقیژێنێ و هاوار دەکات کە هەردووکیانی کوشتووەو دەڵێ:

–ئەی ڕیش سپییەکانی ئاراگۆس، خۆشی لە خۆتان، ئەوەی پێتان خۆش بوو کردم، هەردووکیانم کوشت؛ من بەش بە حاڵی خۆم هەست بە سەرکەوتن دەکەم، ئەو پیاوە کاسەی خواردنەوەی بنەماڵەی ئێمەی پڕ لە هەزار جۆرە ئازار و ژەهر کردبوو.

سەرۆکی کۆرس: ڕوو دەکاتە (کلێتمینسترا) سەیرە وا بەبێ شەرمانە؟! ئەوە قسەی هاوسەریەتییە؟ ئاوا بەبێ شەرمانە بە کوشتنی مێردتەوە خۆت هەڵدەکێشی؟

کلێتمینسترا: (ڕوودەکاتە کۆرسەکە) بۆ لاتان وایە من ئافرەتێکی بێ دەستەڵات و بێ غیرەتم؟ من باکم نییە؟ ستایشم دەکەن یان دژوێنم دەدەن، چی دەکەن بیکەن، ئەم لاشەیە هی ئاغا مەمنوونە، مێردی من و پاشای ئێوە بوو، ئا بەم ئامێرەی دەستم کوشتوومە، پێم وایە کارێکی ڕاست و دروستم کردووە.

کۆرس دەربارەی ئەو کارە نالەبارەی کلێتمینسترا ناڕەزایی خۆی دەردەبڕی و بەکاری نامەردانەی ناو دەبات، (ئیجۆس) یاری کلێنتمینسترایە، کە دەردەکەوێت ئەندامانی کۆرس هێرش دەبەنە سەری، بەڵام کلیتمینسترا دەکەوێتە نێوانیانەوەو دووریان دەخاتەوە، ئەوانەی کە دەیانەوێ بیکوژن دەچنە دەرەوە، بەڵام پیاوە ڕدێن سپییەکان ناچنە دەرەوە بۆ ئەوەی خەڵک تێ بگەیەنن «ئۆریست تۆڵەی باوکی دەکاتەوە».

ئا لێرەدا دراماکە تەواو دەبێ، ئەوەی شایەنی باس بێ درامای (ئاغا مەمنوون) ئاڵقەیەکە لەناو درامایەکی سێ ئاڵقەییدا کە بەهەر سیانیان دەوترێ: (ئۆریستیا) درامای (قوربانی کاران؛ لێ بوردەکان) دوو ئاڵقەکەی تریەتی، چونکە هەرسێکیان وەک زنجیرەیەک بەیەکەوە بەستراون و جیا نابنەوە، لەیەکەمدا ئۆریست دایکی خۆی دەکوژێ[1].

(١) الفكر اليوناني او الادب الهيليني - الدكتور محمد غلاب الجزء الثالث ل٨٨-٩٠). هەروەها تەماشای (المسرح العالمي من اسخيلوس الى آثر ميللر - الدكتور لويس عوض ل٧-٩ دار المعارف مصر)



لەدووەمدا خوێنەکەی دایکی ڕاوی دەنێ و ئازاری دەدا، لە سێیەمدا لە پای دادگای یەزدانیدا پاکژ دەبێتەوە.

## ٦- قوربانی کاران (حاملات القرابين)

ڕووداوەکانی ئەم درامایە لە سیلەی کۆشکەکەی (ئەتریۆس) و لەسەر گۆڕەکەی ئاغا مەمنووندا دەقەومێن.

کورتەی دراماکە «ئۆریست»ی شاربەدەر کراو ماوەیەکە لە (فۆکیدا)یە لەو ماوەیەدا گەورە بووەو لەهەڕەتی لاویدایە وا ئێستا دەیەوێ بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی لە دایکی بکاتەوە.

کە دەگەڕێتەوە بۆ (ئاراگۆس) سەرێکی گۆڕەکەی باوکی دەداو قەفێک لە قژی سەری خۆی لەسەری دادەنێ، لەو کاتەدا پۆلە کچێک کە یەکێکیان (ئەلیکترا)ی خوشکیەتی، هاتوون ئەو قوربانییەی کە کلێتمینسترا کردوویەتی هێناویانە تا لەسەر گۆڕەکەی ئاغا مەمنوون بیبەخشنەوە، بۆیەش ئەو قوربانییەی بۆ کردووە تا گیانی دامرکێنێتەوە.

بەڵام (ئەلیکترا) فرمانەکەی دایکی بەو جۆرە بەجێی ناگەیەنێ، واتە قوربانییەکان بەو نیازەوە نابەخشێتەوە تا گیانی باوکی دامرکێتەوە، بەڵکو بەو نیازەوە دەیانبەخشێتەوە کە براکەی بەو زووانە بگەڕێتەوەو تۆڵەی باوکی لە دایکی بسێنێ، کە دەگاتە سەر گۆڕی باوکی یەکسەر هەست بەو قەفە پرچە دەکات و دەزانێ ئەوە پرچی سەری (ئۆریست)ە و نیشانەی گەڕانەوەیەتی، دوای کەمێک لە یەک ئاشکرا دەبن و هەردووکیان لە تارمایی باوکیان دەپاڕێنەوە کە یارمەتیان بداو لە پشتیان بێ.

(ئەلیکترا) خەونە ناخۆشەکەی دایکی بۆ ئۆریست دەگێڕێتەوە: کە چۆن لە خەونیا دێوێکی دیوە، کە مەمکی خستووتە ناو دەمی ئەو دێوەوە شیرو خوێنی پێکەوە مژیوە، وایان بۆ لێک داوەتەوە کە ئۆریست ئەو خەونە دێنێتە دی، خۆر بەرەو ئاوابوون دەچوو، ئەلیکترا دەگەڕێتەوە ناو کۆشک، ئۆریست و براکەیشی کەناوی (پلادیس)ە خۆیان دەگۆڕن و وەک دوو بیانی نابەڵەد بەرەو کۆشک دەڕۆن لە دەرگای کۆشکدا لەتەک پاسەوانەکاندا دەبێتە دەمەقاڵەیان، کلێتمینسترا کە گوێی لەو دەمەقاڵێیە دەبێ دێتە دەرەوە، ڕوو دەکاتە ئەو دوو زەلامە تا بزانێ چییان دەوێ، ئەوانیش پێی دەڵێن بۆیە هاتوون تا مژدەی «ئۆریست» بەخانمی گەورە بگەیێین، ئەویش هەواڵەکە بە ساردییەوە وەردەگرێت، هەردوو پیاوەکە گاز دەکاتە ژوورەوە تا ئەو مژدەیەش بە (ئیجۆس)ی دڵداری بگەیەنن.

(لەلە)کەی ئۆریست لەوێ دەبێ، ئەو کیژانەی کە قوربانییەکانیان بۆ سەر گۆڕەکەی ئاغا مەمنوون بردبوو، داوا لەو لەلەیە دەکەن کە ئیجۆست گاز بکاتە لای ئەو دوو میوانە، لەمە دەگاتە لایان ئۆریست دای دەپلۆسێنێ و دەیکوژێ.

کە کلێتمینسترا گوێی لە هاواری دەبێ بەدەم هاوارەکەوە دەڕوا لەوێ ڕوو بەڕووی (ئۆریست) دەبێتەوە، دەبینێ خوێن لە شیرەکەی دەچکێ، دایکی ڕادەکشێتە ناو هۆدەی پەردەو لەوێ دەیکوژێت، کە دەرگای کۆشک دەکرێتەوە، ئۆریست، لەنێوان دوو لاشەی مردوودایە، هەر بەو جۆرەی کە کلێتمینسترا ئاغا مەمنوون و کاسندریای کوشت، بەهەمان چەشن و لەهەمان هەڵوێستدا ئۆریست دایکی و دۆستەکەی دەکوژێت.

پاش ئەو تۆڵە کردنەوە ئۆریست و ئەلیکترا بەیەک شاد دەبنەوە ئۆریست لەجیاتی ئەوەی دڵی ئارام بگرێ و دامرکێت کەچی تووشی نائاسوودەیی دەروونی دەبێ چونکە (ئیرینییەکان) کە کۆمەڵە خوایەکی

ئافرەتن و کاریان ئەوەیە سامی زەلام کوشتن لە دڵ و دەروونندا دەچێنن، یەک سات لەبەرچاو ئۆریست کلا نابن، بەهەر لایەکدا ڕووی هەڵ چەرخاندایە لەبەردەمیا قیت دەبوونەوە بۆیە (ئۆریست) مێشکی تێک دەچێ و ئارام ناگرێ».

ئا بەو جۆرە درامای (قوربانی کاران) کۆتایی پێ هات، دیارە خواکانی یۆنان نەریتیان وایە: ئەوەی یەکێک بکوژێ با بەفرمانی خۆشیان بێ هەر دەبێ تۆڵەی لێ بسەنرێتەوە، با گوێ لە کۆرس بگرین بزانین دەم لەچی دەدەن و هێما بۆ چ درامایەکی تر دەکەن بۆ ئەوەی قین و تووڕەیی چارەنووس هێور ببێتەوە پیلان بۆ کارەساتێکی تر دەنێنەوە.

### ٧- لێبووردەکان[١]

(ئێرینییەکان - Erinyes) کۆمەڵ خوایەکی ئافرەتن کاریان ترس و سام نانەوەیە، نەگریس و چەتوونن، گوناهباران ڕاوەنێن تۆوی دوو دڵی و نەسرەوتی لەدەروونیاندا دەچێنن، پاش کارەساتەکەی کلێتمینسترا خوویان دابووە (ئۆریست) بەتەواوی ئارامیان لێ هەڵگرتبوو، بەڵام پاش ئەوەی ئۆریست لەپای دادگادا بەری بوو ئەوانیش هێدی هێدی ڕکیان نیشتەوەو، وازیان لێ هێناو لە کۆڵی بوونەوە.

ئەسخیلۆس ناوی ئەو ئافرەتانەی بە: (لێبووردەکان) بردووە: بۆ ئەوەی تا لە خراپەکاریان دوور کەوێتەوە[٢].

پاش ئەو ڕووداوە کاریان لە خراپەکردنەوە بوو بە چاکە خوازی و لێبووردن، ناویان لە (ئیرینی)یەوە بوو بە (ئۆمینیدیا) واتە خواکانی چاکەو لێ بووردن.

پوختەی دراماکە: «دیمەنی یەکەمی دراماکە لە پەرستگای (ئەپۆلۆن) دایە، وا کولەندانی[٣]. ئەپۆلۆن کە ناوی (پیتیا)یە چووە ناو پەرستگاکەوە، ئەوەندەی پێ نەچوو بە تووڕەیی هاتە دەرەوە، لە بەردەم پەیکەری ئەپۆلۆندا چاوی بەهەرزەکارێکی لاو کەوتووە، دەستی پاڕانەوەو دەستە دامێنیی پان کردووەتەوەو دەنووڕێتەوە، لە تەنیشتییەوە (ئیرینییەکان) ڕاکشاون و مرەی خەویان دێ، دوای تۆزێ دەرگای پەرستگا دەکرێتەوەو خوا (ئەپۆلۆن) خۆی دێت و دەڵێ، ئەو هەرزەکارە ئەوە (ئۆریست)ە ئەپۆلۆن بەڵێنی پێ داوە کە یارمەتی بدا، بۆیە (ئیرینییەکان)ی خەواندووە بەڵام بۆ ئەوەی بەتەواوی بەرەی پاک ببێتەوەو ئەو ئافرەتە چەتوونانەش لە کۆڵی ببنەوە وا پەسندە بڕوا بۆ (ئەسینا) لەوێ دادگا تۆمەتەکەی لەسەر هەڵدەگرێ و لەدەست ئازار و بێ ئارامی دەروونیش ڕزگار دەبێ.

ئەوەندەی پێ ناچێت تارمایی (کلێتمینسترا) خوا چەتوونەکان لە خەو ڕادەپەڕێنێ و هانیان دەدات کە وەربینەوە کۆڵ ئۆریست بەڵام کوا ئۆریست؟ لەوێ نەماوە، لەناو پەرستگاکەدا دەست دەکەن بەهارو هاجی بۆیە (ئەپۆلۆن) دەریان دەکاتە دەرەوەو پێشیان ڕادەگەیەنێ کە دەیەوێ ئۆریست لە تۆمەتەکەی ڕزگار بکات.

(١) لە داستانە کۆنەکانی گریکدا ئەم (ئێریییانە) کاریان سزا دانی ئەو کەسانەیە کە کەس و کاری خۆیان دەکوژن، سێ ئافرەتن، دەستەڵاتیان بەسەر ژیانی مرۆڤدا هەیە، یەکێکیان ناوی (کلۆتۆ)یە لەوەختی لەدایک بوونی منداڵدا تەشی ڕێسینی و جل و بەرگی بۆ دەهێنێ، دووەمیان ناوی (لاچیزی)یە بەو تەشییە جلی بۆ دەرێسی، سێیەمیان (ئەترۆبۆس)ی ناوە لەوەختی مردندا ئەو جلەی لەبەر دادەکەنێ.

(٢) مأساة أوديست - الصافحات - تأليف: الدكتور لويس عوض ل١٠.

(٢) کولەندانی... بەو ئافرەتە دەوترێ کە قەیران و نقلانەی شتی ئەفسوناوی بە خەڵک رابگەیەنێ(ن).



لە دیمەنی دووەمیدا: ئۆدرست لەمە دەگاتە (ئەسینا) پەنا دەباتە بەر پەرستگای (پالاس ئەسینا) باوەش بۆ پەیکەرەکەی دەکاتەوەو دەستە دامێنی دەبێ، لەو لاشەوە وا خوا چەتوونەکان کون بە کون بەشوێنیدا دەگەڕێن، (ئەسینا) نزاو داواکانی ئۆریست گیرا دەکات، گوێ بۆ هەردوو بەرەی داواکە ڕادەگرێ و بۆی دەردەکەوێت ئەو مەسەلەیە کارێکی ئاسان نییە بۆیە پێشنیاز دەکات کە دادگایەک لە دوانزە پیاوی کارامەی یاسازان و شارەزا پێک بێت، بۆ ئەوەی بڕیاری خۆیان سەبارەت بەو مەسەلەیە دەرکەن، (ئیرینییە) چەتوونەکان ئەو پێشنیازەیان بە دڵ نابێ و تووڕە دەبن، دادگاپێک دێت، ئەوانیش وەک بەرەی خاوەن بەرامبەر بە دادگا ڕادەوەستن و بەرودۆخی گوناحەکەی ئۆریست بۆ دادگا ڕوون دەکەنەوەو داوای مافی ئەو خوێنە دەکەن، لەم کاتەدا ئەپۆلۆن خۆی دێتە ناو هۆڵی دادگاوەو پشتگیری لە ئۆریست دەکات و دەڵێ: (ئەو سروشەی کە لەلایەن (زیوس)ەوە بۆم هاتووە بەفرمانی زیۆس خۆی ئەو کارە کراوە...!) دوای ڕا دەبڕین ولێکۆڵینەوەو دەنگ دان لەسەر ئەو مەسەلەیە، دەنگەکان وەک یەک دەبن و نیوەیان بۆ ئۆریست و نیوەکەی تریان دژ بەو دەبن، بەپێی یاسای ئەسینا کە دەڵێ: (ئەگەر هات و دوولای کێشەیەک دەنگیان وەک یەک بوو، لەو کاتەدا بەرژەوەندی تاوانبار ڕەچاو دەکرێ و فرمان بە بەربوونی دەدرێ).

ئۆریست لەلایەن دادگای خواییەوە بەڕێ دەکرێ و هەست بە پاک بوونەوە دەکات و بەرەو شاری (ئاراگۆس) دەگەڕێتەوەو هەر سوپاس و ستایشی ئەپۆلۆن دەکات، لەو ڕۆژەوە ئەو دادگایە وەک دادگای باڵا بەردەوام بوو چونکە (ئەسینا) داوای لە دادگا کرد وەک خۆی بمێنێتەوە، هەر بڕیارێکیش ئەو دەری بکات هەڵوەشاندنەوەی بۆ نییە.

کار هەر بەم ئاسانییە تەواو نەبوو، بەڵکو کە (ئیرینییەکان)زانییان ئۆریست بە ڕێ کراو لە گوناحەکەی پاک کرایەوە، دەستیان کرد بە قیژاندن و هاوار کردن و یاغی بوون، هەڕەشەو گوڕەشەیان لە شاری ئەسینا دەکرد، لەو کاتەدا ئەسینا کە خوای دانایی و حیکمەت بوو فریاکەوت و دڵی دانەوە، ئەوانیش دڵنیا بوون و هەڕەشەو گوڕەشەکەیان دامرکایەوە، بەڵێنی دانێ کە شاری ئەسینا لەبیریان ناکات و دەیانپەرستن و قوربانیشیان پێشکەش دەکەن، ئەوانیش بەڵێنیاندا بەرامبەر بەو قەت بەختەوەری و هێمنی و ئاسایش لەو شارە تێک نەدەن، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەم (ئێرینی)یانە لە جیاتی ئەوەی ئاگری بێ ئارامی و ئازار و نەسرەوتی بنێنەوە دڵی مرۆڤ بە سروەی هێمنی و بەختەوەرەی و دڵشادی بگەشێننەوە، کەوابێ ئەمانە وابوون بە خوای چاکە خوازی و لێ بووردن، بۆیە شاری ئەسینا بە شایی و زەمزەمە ئەوانەیان گەیاندەوە مەنزڵگای خۆیان کە ئەشکەوتێکە لە داوێنی زوورگی: (ئەریس)». بەم کۆتاییە خۆشە، تراژیدیا سێ کوچکەکەی ئەسخیلۆس تەواو دەبن[١].

درامای: (ئاغا مەمنوون، قوربانی کاران، لێ بووردەکان) تراژیدیا سێ کوچکەکەی ئەسخیلۆس بوون کە بەناوی (کۆمەڵەی ئۆریستیا – orestias) بەناوبانگن سەرتاپای هەر سێکیان باسی ئەو نەفرەتە دەکەن کە خێزانی (ئاغا مەمنوونی) پێ چەواشەو گرفتار بوو.

ئەسخیلۆس کە ئەمانەی داناون تەمەنی شەست و حەوت ساڵ بووە، لە ئاهەنگەکانی ساڵی (٤٥٨)دا خەڵاتی یەکەمیان وەرگرتووە لە پێشبڕکەی ئەو ساڵەدا بەسەر هەموو دراماکانی تردا سەرکەوتوون، دیارە شاعیری مەزنمان ئەسخیلۆس پاش ئەوەی کە هەموو بیروڕایەکی خۆی لەو کۆمەڵەدا تواندووەتەوە ئیتر

(١) الفكر اليوناني او الادب الهيليني: تاليف الدكتور محمد غلاب، الجزء الثالث - ل ٩٠-٩٧). هەروەها (مأساة اوديست - الصافحات - تأليف الدكتور لويس عوض ل٥-٥١.

نەیتوانی پاش ئەمان بە سەر درامانووسەکانی تردا سەرکەوێت، بۆیە ئەمانە بە لوتکەی هەرە بڵندی ئەسخیلۆس دادەنرێن، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە درامایە بەسادەو نائاڵۆز دێنە بەرچاو بەڵام شکۆمەندی و ئاکاری پاڵەوانەکانی و ئاڵۆزکاوی دڵ و دەروونیان و ئەو گیروگرفتانەی کە پێی دووچاری دەردەسەری بوون، تا گەردوون مابێ و ئادەمیزاد تاکە ڕۆڵەی هۆشیاری ئەم سەر زەمینە بێ ئەو جۆرە کەسانە نامرن و زیندوون و ئەو جۆرە گیروگرفتانەش کۆتاییان نایە.

(کۆمەڵەی ئۆریستیا ) هەر یەکێکیان سێ ئەکتەری تیا بەکار هاتووە، لە درامای یەکەمدا (ئاغا مەمنوون) ئەکتەری یەکەم دەوری (کلیێتمینسترا )ی گێڕاوە، ئەکتەری دووەم دەوری پەیامبەرو (کاسندریا )ی دیوە، ئەکتەری سێیەم دەوری دیدەبان و ئاغا مەمنوون و (ئیجۆست)ی دیوە.

لەدرامای دووەمدا (قوربانی کاران) ئەکتەری یەکەم دەوری ئۆریست و ئەکتەری دووەم دەوری (ئەلیکترا) (کلیێتمنیسترا)ی نواندووە، هەروەها ئەکتەری سێیەم دەوری (پلادیس) و (یجۆست)ی دیوە.

لە درامای سێیەمدا: ئەکتەری یەکەم دەوری (ئۆریست)ی دیوە، ئەکتەری دووەمیش دەوری (ئەپۆڵۆن)ی نواندووە، ئەکتەری سێیەمیش دەوری (پیتیا ) و تارمایی (کلیێتمینسترا) و (پالاس ئەسینا )ی بینیوە.

دراما ناسەکان بەو جۆرە دەورەکانی دراما سێ کوچکەکەی ئەسخیلۆسیان لێک داوەتەوە، ئەوە بوو لە پێشەوە وتمان ئەم هونەرمەندە لە درامای پارسەکاندا بۆ یەکەم جار ئەکتەری سێیەمی لەسەر شانۆی گریک هێنایە مەیدانی شانۆگەرییەوە.

دیارە دروست بوونی ئەکتەری سێیەم کارێکی پەسند بوو بۆیە ئەسخیلۆس تا دوا درامای وازی لێ نەهێناو بەچاکی لەناو درامادا چەسپاندی.

## سەرچاوەی دراماکانی ئەسخیلۆس

ئەوانەی کە توێژینەوەیان لەسەر دراماکانی ئەسخیلۆس کردووە هەندێکیان دەڵێن ژمارەی ئەو درامایانە کە نووسیونی نزیکەی نەوەت درامان، هەموویان بەدەور تەوەرەیەکی سەرەکیدا دەسووڕێنەوە کە مەسەلەی ویستی خواکانە.

دیارە بۆ نووسینی دراماکان ئەسخیلۆس پەنای بردووەتە بەر ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١- داستان و ئەفسانەکانی وڵاتی گریک، یان ئەو چیرۆکانە کە پەیوەندییان بە شەڕە گەورەکەی گریک و ترواوە هەیە، نزیکەی پانزدە درامای ئەسخیلۆس لە بۆتەی ئەو شەڕەدا قاڵ دراون، هەندێک لەو چیرۆکانە ئەمانەن: (ئەفیجینیا ، تیلیگۆس، پالامیدۆس، میرمیدۆن، مێمنوون، ترازووی گیان، فیلۆکتێتیس، پینۆلۆپیا ، ئاغا مەمنوون، قوربانی کاران، لێبووردەکان) ئەمانە جگە لە ئەم سێیەی پاشەوە، کە بەسێ کوچکەی ئۆریست بەناوبانگن ئەوانی تر نەماون.

٢- یان لە چیرۆکە ئایینییەکانەوە وەرگیراون، لەو چیرۆکانەوە نزیکەی دە درامای لێ دروست کردوون، لەوانە (پانتیوس، باکۆسەکان، هەرزەکاران، لیکرگۆس، داینەکانی دیونیسۆس) هەموویان لە چیرۆکەکانی دیونیسۆسەوە وەرگیراون.

٣- چیرۆکە تایبەتییەکانی ناوچەی سیباو ئاراگۆس، چیرۆکەکانی لە قاڵبێکی درامی نوێدا دای ڕشتوون و تازەکاری تیا کردوون لەوانە وەک درامای: (لایۆس، ئۆدیس، ئەبول هەول، حەوت سوارەی



سیبا ، نزاکاران) لەمانە تەنیا حەوت سیپاو و نزاکاران ماون، ئەوانی تر بەس ناوەکانیان ماوەتەوە.

٤- لەسەرچاوەی نیوگۆنیاسدا سێ درامای هەڵهێنجاندووە کە درامای: (پرۆمیسۆسی بەندکراو، پرۆمیسۆسی بەردراو، پرۆمیسۆسی ئاگر هەڵگر)، هەروەها درامای (پرۆمیسۆس) لەمانەش جگە لەیەکەم و هەندێک لە دووەم دەقی ئەوانی تر فەوتاون.

٥- هەروەها لە چیرۆکی میللییەوە ئەم درامایانەی دارشتوون: (ئاتاماس، هسپیلۆس، ئارگۆ...) ئەمانە هیچیان نەماون.

٦- مێژووی هاودەم، تاکە درامایەک کە ئەسخیلۆس لەمێژووی هاوچەرخی خۆیەوە بابەتەکەی وەرگرتبێ تەنیا درامای (پارسەکان)ە کە لەمەو بەر باسمان لێوەکرد، باسی جەنگە ناهەموارەکەی نێوان گریک و ترواده دەکات کە ئەسخیلۆس خۆی وەک جەنگاوەرێکی نیشتمان پەروەر بەشداری تیا کرد، ئەم درامایە هەمووی ماوە، دیارە ئەسخیلۆس هیچ سەرچاوەیەکی ئەدەبی و هونەری و زانیاری نەبووە و نەماوە کە کاسەی هونەری خۆی تیا کەلاو نەکردبێ و خۆی بەمەی ئەو کاسەیە کەیل نەکردبێ.

***

## ٢- سۆفۆکلیس

سۆفۆکلیس لەیەکێک لە ساڵەکانی (٤٩٧-٤٩٥)پ.زدا لە شاری (کۆلۆن) لە دایک بووە، باوکی (سۆفیلۆس) یەکێک بووە لە پیاوە بازرگانە زەنگینەکانی (ئەسینا ) و خاوەنی کارگەی دروست کردنی چەک بووە.

سۆفۆکلیس هەر لەتەمەنی لاویدا شەیدای ئاوازی خۆش و مۆسیقا بوو، بۆیە هەوڵی داوە فێری مۆسیقا لێدان و خوێندنی ببێ، وای لێ هاتووە لەو هونەرەدا گەلێ سەرکەوتووە؛ هەروەها حەزی لە وەرزش بووە.

جگە لە بەهرەی مۆسیقا و وەرزش، جەنگاوەرێکی کارامەو لێزان بووە، نێونیگایەکی جوان و مەکین و ئێسک سووک بووە، خەڵک خۆشیان ویستووە برادەری نزیکی مێژوونووسی گەورە هێرودۆت بووە، لەبەر ئەو هەموو نیشانانە بوو، بۆیە لە ساڵی (٤٨٠)دا کە گریکەکان بەسەر سوپای پارسەکاندا لە جەنگە گەورەکەی (سالامینا )دا سەرکەوتن، نمایش و کەژاوەی سەرکەوتنیان بەو بۆنەوە دروست کردو (سۆفۆکلیس)یان هەڵبژارد بۆ ئەوەی پێشڕەوی کۆرسی نمایشەکە بکات، ئەویش زۆر بە ڕێکوپێکی بەخۆی و گیتاریەوە پێشڕەویەکەی کردو بوو بە هۆی ڕەزامەندی خەڵک، ئەو پێشڕەوییەی بوو بە کازێوەی هەڵهاتنی پاشەڕۆژێکی ڕووناک بۆی، لەساڵی (٤٤٠)دا هەروەها لە ساڵی (٤١٣)دا، دووجار هەڵبژێردراوە بۆ ئەندامیەتی سەرکردەی باڵای جەنگ - ئەو کاتە وا باو بوو سەرکردەکانی جەنگ لە ئەسینادا دەبوو دوانزە ئەندام بن - لە یەکەم هەڵبژاردەدا هاوتای پریکلیس بوو، کە سەردەمی حوکمی ئەو سەرکردەیە لە ئەسینادا بە چەرخی زێڕین دەژمێردرێ، لەهەڵبژاردنی دووەمدا هاوتای (لنیکاس) بووە، لە ساڵی (٤١٣)دا نەگبەتییەکی گەورە بەسەر ئەسینادا هات، لەو ساڵەدا ئەسینا پەلاماری (ئەسپرتە)ی داو خراپ تیا شکا، پاش ئەو نەگبەتییە (دە) سەرکردەی تر هەڵبژێردران بۆ ئەوەی فەرمانڕەوایی (ئەسینا ) بکەن، یەکێک لەو دەیە سۆفۆکلیس بوو.

حەزی لە سەماکردن بووە بۆیە لە درامای (ناوسیکا )دا دەوری سەماکەری بالێی وەرگرتووەو تیاشا سەرکەوتووە، هەروەها لە درامایەکی تردا کە ناوی (سامیراس) بووە دەوری گیتارژەنی وەرگرتووەو تیاشیا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە.

لەگەڵ ئەوانەشدا هەموو ئەو لە دڵ و دەروونداا لەمێشک و هۆشیا چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی کردووە کە ببێ بە درامانووس، بۆ گەشانەوە نماکردنی ئەو حەزو و ئارەزووە پەنای بردووەتە بەر خوێندن و لێ وردبوونەوەی ئەو چیرۆک و پەندە ئایینییەکانی کە سامانی بیرو هۆشیان پێ بەتوانا دەبێ، بۆیە جەڵەوی بیرو هۆشی خۆی لە جیهانی ئەو چیرۆک و داستان و ئەفسانادا شل کرد، بۆ ئەوەی تا چاک تاوی بدەن و بکەونە جۆش و خرۆش و بە بادەی سەرچاوەکانیان خۆی مەست بکات، ئارەزووەکانی لەو مەیدانەدا گەشەیان کردو تنگانەوەو کەوتنە هەڕەتی بەرهەم دان، هەموو شتێ لە بەردەم هۆش و مێشکیا ڕوون و ئاشکرا بوو، پەپوولەی شیعرو هونەری، هێلانەی سرۆش دانیان لە دەروونیا تەنی و کلوورەیان بەست؛ مەگێزەکانی کەوتنە ماخۆلانی بەرەو لووتکە فڕین، ئیتر کاتی ئەوە هات پەنجە لە پەنجەی ئەسخیلۆس بدا، ئەوە بوو لەساڵی (٤٦٨)دا لەتەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بۆ یەکەمجار چووە مەیدانی درامانووسانەوە، هەر لەو ساڵەدا بەسەر بلیمەتێکی وەک ئەسخیلۆسدا سەرکەوت وخەڵاتی یەکەمی لەدەست چووان، داخۆ سەرکەوتنێک بەسەر ئەسخیلۆسدا بێ، دەبێ چ سەرکەوتنێک بێ؟

لە ساڵی (٤١١)دا کراوە بە ئەندامی ئەو لیژنەیە کە لە سی (٣٠) ئەندام پێکهاتبوون بۆ دەستکاری کردنی یاسای ئەو کاتە.

پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات جلی ماتەمینی و تازییەی بەهۆی مردنی (یۆریپیدیس)ەوە لەبەر کرد، لە پاش مردنی یوریپیدیس بەچەند مانگێک لەساڵی (٤٠٦) و لەتەمەنی نەوەد ساڵیدا مرد، ئەریستۆڤانی کۆمیدیانووس لە درامای (بۆقەکان)دا وای لاواندووەتەوە: (قانیع بوو لەژیانیا، قانعیش بوو لە تەمەنیا)(١).

## بەرهەمەکانی سۆفۆکلیس

ئەوەبوو لەپێشەوە وتمان سۆفۆکلیس لە ساڵی (٤٦٨)ی پێش زاییندا یەکەم خەڵاتی پێشبڕکێی درامای ئەو ساڵەی وەدەست هێنا، لەو کاتەوە تا ساڵی مردنی لەسەدو بیست درامای زیاتر داناوە لە (٢٤)یاندا بەیەکەم دەرچووە، لەوانی تردا بە دەووەم، لەهەموو پێشبڕکێکاندا یان یەکەم بووە، یان دووەم، هیچ کاتێک لە دوا پلەدا نەماوەتەوە. ئەوانەی کە لەسەر بەرهەمەکانی (سۆفۆکلیس)یان کۆڵیوەتەوە پێیان وایە شێوەی مالیجەکردن و چۆنیەتی نووسینەکانی بەسێ قۆناخدا ڕۆیشتوون:

١- لە قۆناخی یەکەمدا شێوازی نووسین و چۆنیەتی دەربڕینی بابەتەکانی وەک شێوازو چۆنیەتی دەربڕینەکانی (ئەسخیلۆس)ن، لەم قۆناخەدا بەشێوازێکی مەحکەم و چڕو پڕو سەلارانە دراماکانی دارشتوون.

٢- لە قۆناخی دووەمدا، بەوردی و هونەری و ناسکانە ئەو ڕاستیانە دەخاتە ڕوو، لات وایە پەڕەی بێ گەرد و تاڤگەی سافن، ئەم شێوازە تایبەتە بە سۆفۆکلیسەوە.

٣- لەم قۆناخەدا، بەدەم هەر کەسانێکی ناو دراماکەوە کە قسە دەکات لات وایە خۆی - کەسەکە - لە تەکتدا دەدوێ.

ئەم شێوازە ڕاست و ڕەوانترین شێوازی درامای سەرکەوتوو هونەرییە ئەو درامایانەی سۆفۆکلیس کە تا ئێستا ماون لەسەر ئەم شێوازە دارێژراون، بەڵگەی بلیمەتی و دانایی و بەهرەداری (سۆفۆکلیس)ن(١).

(١) مسرحيات عالمية اوديب ملكا: سوفوكليس: ترجمة الدكتور علي حافظ ل١٠-١١.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشەوە - ل١٢.



## دراماکانی سۆفۆکلیس

دراماکانی سۆفۆکلیس جگە لەدەقی حەوتیان بەتەواوی ماون ئەوانی تریان، هەندێکیان تەنیا ناویان ماوە، هەندێکی تریان چەند پارچەیەکی شڕوشیتاڵ نەبێ فەوتاون... لەو بەرهەمە زۆرەی حەوت بەرهەم لە دەستی چەرخی چەپگەڕ ڕزگار بوون، کە ئەمانەن:

١- ئەیاس.

٢- فیلۆکتێتیس.

٣- ئیلکترا.

٤- ئۆدیپۆس.

٥- ئۆدیپۆس لە کۆلۆنا.

٦- ئەنتیجۆنا.

٧- ئافرەتانی تراکیسیا.

وا لە خوارەوە پوختەی هەر حەوتیان دەخەینە ڕوو:

### ١- ئەیاس:

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٤١)دا نوێنراوە (ئەیاس ناوی پاڵەوانێکی جەنگی تروادەیە) بابەتی ڕووداوەکانی دراماکەش لە جەنگە گەورەکەی (ترواده)وە وەرگیراوە، پوختەی دراماکە ئەمەیە: «پاش کۆتایی هاتنی جەنگ، سەرکردەکانی ئەو جەنگە بڕیار دەردەکەن: ئەو چەکانەی کە لە پاش (ئەخیلۆس) بەجێ ماون میراتگری ڕاستەقینەیان (ئۆدیسۆس)ە دەبێ هەموو بەو بدرێن ئەیاسی ئیلامۆس ئەم بڕیارەی پێ ناڕەوا دەبێ و پێی وایە ئەو بڕیارە ناڕەواو پڕ بەستەمە، بۆیە هەوڵیدا ئەو سەرکردانە هەموویان بکوژێت؛ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستەی بەخۆ و ئەوانەوە کە یارمەتیاندا بەلای پەرستگای (ئەسینا)دا تێدەپەڕن، ئەویش هەموویان گێل و لێوە دەکات، ئیتر وەک ڕانەمەڕ بەبێ هوودە وەک خولی بێ ماڵ وەردەبنە ئەو دەرو دەشتە، ئەم (ئەسینا)یە کە ئەم کارەیان پێ دەکات دەچێتە لای (ئۆدیسۆس) و پێی ڕادەگەیەنێ کە ئەو وای پێیان کردووە، چونکە نیازیان وابووە هەموو سەرکردەکان بکوژن.

(ئەیاس) کە هۆشی بەبەردا دێتەوە دەیەوێ خۆی لەو دنیا تەنگ و تاریکە ڕزگار بکات و خۆی بکوژێت.

کۆرسەکە، کە لە کەشتییەوانەکان پێک هاتبوو بە قسەی خۆش ساردی دەکەنەوە، ئەویش بەرەواڵەت بەگوێیان دەکات، بەڵام پاش ماوەیەک هەمان بیروڕا لەکەللەی دەداتەوە، دوای ماوەیەک دەبینین ئەیاس، لە چۆڵێک دایەو وا خۆی ئامادەکردووە بۆ خۆکوشتن، لەپڕ خۆی بەسەر نووکی شمشێرەکەیدا دەدات و دەمرێ، لەم کاتەدا کۆرسەکە دەگاتە سەری، بەڵام دوای چی، دوای ئەوەی لاشەی سارد بووەوە، براکەی کە ناوی (تۆکرۆس) بوو دەست دەکات بە ئەسپەردەکردنی تەرمەکەی، لێرەدا نووسەری دراما (سۆفۆکلیس) پرسیارێک ئاڕاستە دەکات، ماوەی داهاتووی دراماکە هەمووی دەبێتە مشت و مڕ لەسەر وەرام دانەوەی پرسیارەکە، ئەمەش پرسیارەکەیە:

ئەم تەرمە چۆن ئەسپەردە دەکرێت؟

لەسەر وەرام دانەوەی پرسیارەکە سێ جۆرە دەمەقاڵێ دروست دەبێ:

یەکەم: لەنێوان گۆڕەکەی (تۆگرۆس) و (مینیلائۆس)دا.

دووەم: لەنێوان (تۆگرۆس) و (ئاغا مەمنوون)دا.

سێیەم: لەنێوان (ئاغا مەمنوون) و (ئۆدیسۆس)دا.

ئەو ئۆدیسۆسە کە جاران دژ بە ئەیاس بوو وا ئێستا بۆ بەرژەوەندی ئەو بە بەرامبەر بە ئەو دوو برا نەگریسە: مینیلائۆس و ئاغا مەمنوون ڕاوەستاوە، چونکە خۆی کوشتووە، خۆ کوشتنیش بەلای خواکانەوە کارێکی نەشیاو و خراپە، کە وابێ پیاوێکی مەرد نەبووەو شایەنی تازیەو ئەسپەردەکردنی مەردانەی نییە، کەچی براکەی (تۆکرۆس) دەیەوێ وەک مەردێک ئەسپەردە بکرێ، ئۆدیسۆس پشتی تۆکرۆس دەگرێ و ڕاکەی مینیلائۆس و ئاغا مەمنوون ڕەت دەکاتەوە (ئۆدیسۆس) و (تۆکرۆس) ڕاکەی خۆیان، سەر دەخەن و فرمان دەدەن کە (ئەیاس) ئەسپەردە بکرێ.

ئەوەی شایەنی وتن بێ لێرەدا: سۆفۆکلیس بەپێی نەریتی ئەو کاتە بۆ نواندنی ئەم درامایە دوو ئەکتەری سەرەکی بەکارهێناوە.

یەکەمیان لەدەوری (ئەیاس) و (تۆکرۆس)دا دووەمیان لەدەوری (ئۆدیسۆس)دا، ئەکتەری سێیەمی وەک کومبارس بەکار هێناوە، لەسەرەتادا دەوری (ئەسینا) و لە کۆتاییشدا دەوری مینیلائۆس و ئاغا مەمنوون داوەتێ.

### ٢- **فیلۆکتێتیوس** Philoctetos

ئەم درامایە لە چیرۆکێکەوە هەڵگۆزراوە کە پەیوەندی بە خۆ ئامادەکردنی جەنگەکەی تروادەوە هەیە.

کورتەی چیرۆکەکە: «کاتێک لەشکری هێلینییەکان خڕ دەبێتەوە بۆ ئەوەی بڕۆنە سەر تروادە، یەکێک لە پاڵەوانانی لەشکر کە ناوی (فیلوکتێتیوس)ە، برینێک لە قاچی پەیدا دەبێ، برینەکە بەکارێکی وەها تەشەنە دەکات، بۆگەن دەبێ، کەس توانای ئەوەی نابێ نزیکی بکەوێت، (ئۆدیسۆس) کە سەرلەشکرە؛ وای پێ پەسند دەبێ کە لەدوورگەی (لمنۆس)دا - کە دوورگەیەکی چۆڵ و بێ ئاوەدانییە - بەجێی بێڵن، ئەو تیروکەوانەش کە لە (هەرقل)ەوە بەجێ مابوو لەتەکیا لەو دوورگەدا دەیدەنێ و دەڕۆن، دە ساڵ لەوێ دەمێنێتەوە، بەو تیرانەی کە پێیەتی باڵندەو زیندەوەری پێ ڕاو دەکات و خۆی لەدەس دڕندەو جانەوەر بەو تیرانە دەپارێزێ، ئیتر نە هاودەمێک، نەکەسێک لێی ناپرسێتەوە لەماوەی ئەو دە ساڵەدا لەبیر دەچێتەوە، شەڕی ترۆادەش وا خەریکە بۆ دە ساڵ دەچێ و کۆتایی نەهات، (کوڵەندان)ی (هیلینۆس) وا بەگریکەکان دەگەیەنێ کە ترۆادە ناڕوخێ تا چەکی (هەرقل)ی بۆ نەخرێتە کار، چەکی هەرقل نەماوە تەنیا ئەو تیرو کەوانە نەبێ کە لەتەک فیلۆکتیۆسدا لەدوورگەی (لمنۆس) بەجێ ماوە، تەگبیر دێتە سەر ئەوەی کە (ئۆدیسۆس) دەبێ خۆی بڕوا ئەو تیرو کەوانە بێنێ، بەڵام لەبەر ئەوەی ئۆدیسۆس دوژمنی خوێن خۆری (فیلۆکتیتۆس)ە، چونکە بە پیلانی ئەو لەو دوورگەیە بەجێ هێڵرا، ئۆدیسۆس لەجیاتی خۆی خزمەتکارەکەی کە ناوی (نیوپتۆلیمۆسە) دەنرێتە لای (فیلۆکتیتیۆس) ئالێرەدا دراماکەی سۆفۆکلیس دەست پێ دەکات.

کورتەی دراماکە: «(ئۆدیسۆس) و (نیوبتۆلیمۆس) بۆ هێنانی چەکەکانی فیلۆکتیتۆس دەگەنە دوورگەی لمنۆس، لەبەر ئەوەی (فیلۆکتیتیۆس) ڕکی لە ئۆدیسۆس دەبووەوە، دەیویست بەفێڵ چەکەکەی لێ بسێنێ - فێڵەکەش ئەوەیە، نیو پتلیمۆس بنێرێ و بەقسەی خۆش داوای چەکەکەی لێبکات، (نیوپتلیموس)یش ئەم فێڵە بە شتێکی نالەبار دەزانێ بۆیە شان ناداتە بەری، بەڵام ئۆدیسۆس دڵی نەرم



دەکات و دەینێرێ، ماوەیەک لە تەکیا دەبێ و بەزەیی پیا دێتەوە، جاروبار کە زامەکەی دێتەوە سوو بێ هۆشی دەکات و نیوپتلیمۆس چەکەکەی هەڵ دەگرێ و ڕاستی پێ دەڵێ کە بۆچی هاتووەتە لای ونیازی چییە (فیلۆکتیتیۆس)سەرزەنشتێکی گەرمی دەکات، ئەویش دڵی نەرم دەبێت و دەیەوێ واز لەو کارە بێنێ، لەم کاتەدا ئۆدیسۆس فریای نیوتنلیمۆس دەکەوێت و لەتەک خۆیا ڕاپێچی دەکات.

کۆرس لە چەند جەنگاوەرێک پێک هاتووە، (ئۆدیسۆس) داوایان لێ دەکات کە فیلۆکتیتیۆس بەخورتی بەدوی خۆیاندا ڕابکێشن و بەخورتی بیبەنەوە بۆ وڵاتی خۆی، ئەویش ڕێ ناگرێتە بەرو گاڵتەی پێ دێ، وای پێ خۆشە لەوێ بمرێ و نەگەڕێتەوە.

نیوپتلیمۆس بەزەیی پیا دێتەوەو چەکەکەی دەداتەوە، کە ئۆدیسۆس ئەمە دەزانێ بەنەرمییەوە پێی دەڵێ:

ئێمە پێویستیمان بە چەکی تۆ نییە خۆمان چەکمان دروست کردووە بەڵام پێمان خۆشە بگەڕێیتەوە وڵات.

لەم کاتەدا (هەرقل) دەردەکەوێت و داوا لە (فیلۆکتیتیۆس) دەکات کە بڕوات بۆ ترۆادە لەوێ برینەکەی سارێژ دەبێ.

ئابەو جۆرە دراماکە کۆتایی پێ دێ، وەک دیارە لەو درامایەدا سێ پاڵەوان بەرەنگاری یەکتری و ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، هەر یەکێکیان جۆرە خو و ڕەوشت و کەسێتییەکی تایبەتی خۆی هەیە یەکەمیان (ئۆدیسۆس)ە هێمن و لەسەرخۆ و فێڵبازە، دووەمیان: (نیوپتلیمۆس)ە خانەدان و ڕاست و سادەیە، سێیەمیان (فیلۆکتیتیۆس) پیاوێکی تووڕەو تەنگەتاوە.

گیروگرفتەکەی نێوانیان بوو بەگرێیەکی ئاڵۆز... (سۆفۆکلیس)ی داناو بلیمەت بەبێ تێکەڵاو نەبوونی خواکان گرێکەی خاو نەکردەوە!

وادیار ئەم درامایە بەرهەمی قۆناخی بەتەمەنا چوونیەتی(١).

### ٣- **پاشا ئۆدیپ**

کورتەی دراماکە: نەخۆشی ڕشانەوەو تاعوون لە شاری (تیبا) بڵاو دەبێەوە؛ شارەکەی بە فەتارەت دابوو، ئەوەی بیگرتبایە نەدەرسا... نەگبەتی وەها بەسەر هەر شارێکدا بهاتایە نیشانەی ئەوە بوو کە خواکان لەو وڵاتە توڕە بوون، پاشا ئۆدیپ پەیمانیدا کە بەهەر جۆر بووە خەڵک لەو پەتایە ڕزگار بکات، بۆیە برای خێزانەکەی کە ناوی (کریۆن)بوو، بۆ پەرستگای (دلفی) بۆ لای (ئەپۆڵۆن) نارد، تا بزانێ خواکان چی دەڵێن، (کریۆن) دەڕواو سروش و گوفتی (ئەپۆڵۆن) وەردەگرێ: «خواکان لەو شارە نیگەرانیان هەیە، چونکە پاشای پێشوو (لایۆس) یەکێک کوشتوویەتی لەو شارەدا حەشارداوە؛ ئەو بەڵایەش لەسەر ئەو شارە هەڵناگیرێ تا ئەو خوێن مژە یان بکوژرێ یان شاربەدەر بکرێ».

کە ئۆدیپ ئەوە دەزانێ دەس دەکا بە هەڕەشە و گوڕەشە، هەوڵ دەدا کە ئەو کەسە بدۆزێتەوە، لەسەر داوای (کریۆن) داوا لە (تێریسیباس)ی نهێنی زان دەکات کە ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا بکات، بۆ ئەوەی ئەو گوناهبارە بدرکێنێ، ئەویش بە تێزەوە ڕووی تێ دەکاو دەڵێ: ئەگەر ڕاستە خواکان تۆیان کردووە بە ئەمینداری نهێنییەکانیان ئەی بۆ ئەم (موعەمما)یەت هەڵ نەهێنا کە (ئەبو هەول)ی هێلینی یەخەی

(١) (الفكر اليوناني أو الادب الهيليني - الجزء الثالث - الدكتور محمد غلاب - ل١٤٦). هەروەها بروانە: البحث عن شكسبير - الدكتور لويس عوض ل٤٣.

خەڵکی پێ دەگرت، بەو بەهانەوە خەڵکی دەکوشت؟! کەچی من هەڵم هێناو لە کۆڵتانم کردەوە.

(تێریسیباس) لەوە زیاتر خۆی پێ ڕانەگیراو وتی: ئەوەی ئەم شارەی گڵاو کردووە ناوی (ئۆدیپ)ە.

ئۆدیپ تووڕە دەبێ و تێریسیباس بەتاوانبارە درۆزن و بوختان کەر دەداتە قەڵەم، ئەو درکاندنە تیرێک بوو ئاراستەی دڵی (ئۆدیپ) کراو لەشی کوناودەر کرد لەتەک کریۆندا بوو بە دەمە قاڵێیان کە شاژن (جۆکاستا ) گوێی لەمشت و مڕیان دەبێ و دەکەوێتە نێوانیانەوەو میانجیان دەرحەق دەکات، ئەویش دڵی دەداتەوەو دەڵێ: نابێ لە قسەی تێریسیباس تووڕە ببی، چونکە لەوەختی خۆیان سروشی خواکان وای گەیاند کە (لایوس) بەدەستی کوڕەکەی خۆی دەکوژرێ، بۆیە لەمە کوڕێکی بوو دوای سێ ڕۆژ فەرمانیدا کە بیبەنە سەر شاخێکی سەخت کەس نەتوانێ بیگاتێ لەوێ فڕێی بدەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی کە (لایوس)یان کوشت چەند کەسانێکی ڕێگری بیانی بوون و لەگەڕوێکی تەنگدا تووشیان دەبن، جا بزانە (ئەپۆلۆن) نقلانەکەی ڕاست دەرنەچوو ئەو منداڵەش باوکی خۆی نەکوشتووە.

ئەم دڵدانەوەی جۆکاستا چۆکی (ئۆدیپ)ی شکاند، بەتایبەتی کە وتی: لە گەروێکی تەنگدا تووشی چەند بیانییێک دەبن ئەوەی هێنایەوە یاد ئۆدیپ ڕووداوێکی وای بەسەردا هاتبوو، لەتەنگەبەرانێکدا پیاوێکی شکۆمەند و بەنەموودی تیا کوشتبوو، گومان لە ناخەوە دڵی ئۆدیپی کرمۆڵ کرد، لەم کاتەدا پەیامبەری (کۆڕنەسە ) دەگاتە جێ و هەواڵی مردنی پاشای ئەوێ کەناوی (یولیپۆس)ە دەگەیەنێ، ئەوە بوو (ئۆدیپ) لەوێ هەڕای کردبوو چونکە نقلانەزانەکان وتبوویان: ئۆدیپ باوکی خۆی دەکوژێ و دایکی خۆ مارە دەکاتەوە، وا ئێستا باوکی مردووەو ئەو نەیکوشتووە بەڵام پەیامبەرەکە ئەوەش دەڵێ کە ئۆدیپ کوڕی ڕاستی ئەوان نەبوو، ئەوانیش باوک و دایکی ڕاستەقینەی نەبوون؛ ئۆدیپ کە گوێی لەم قسەیە دەبێ ئەوەندە تر چۆکی دەشکێ و وەک هەورە تریشقە لەبرپڕاگەی پشتی بدا دەڕمێ.

پەیامبەرەکە لەسەر قسەکانی خۆی دەڕواو دەڵێ: من (ئۆدیپ)م بەمنداڵی لەشوانێک وەرگرتووە، کە تا ئێستاش شوانەکە لە شاخی (کیسایرون) شوانەو نەمردووە، ئۆدیپ کەدەزانێ ئەو شوانە هێشتا ماوە دەنێرێ بەشوێنیا ، کە شوانە دێت ئەو ڕاستییە دەدرکێنێ ئیتر ئۆدیپ گومانی لا نامێنێ و لەدەست چەپۆکی چارەنووسەکەی دەرباز نەبووەو باوکی خۆی کوشتووەو دایکی خۆی (جۆکاستا ) مارەکردووە، کە ئەم ڕاستییە بۆ ئۆدیپ ساغ دەبێەوە (جۆکۆستا ) بەخێرا دەگەڕێتەوە ناو کۆشک بۆ ئەوەی خۆی بخنکێنێ، (ئۆدیپ)یش بە چۆکا دێ و دەڕمێ، بەدەرزییەکانی سەری جۆکاستا هەردوو چاوی خۆی کوێر دەکات.

ئۆدیپ لە کۆشک دێتە دەرەوەو خوێن لە هەردوو دیدەی ئەتکێتە خوارەوە، ئەو پاشا خاوەن دەستەڵات و خۆ بەزل زانە بوو بەزەلامێکی بوودەڵەو کزۆڵ لەو (کریۆن)ە کە دەمێک لەوەو بەر بەلا لووتێکەوە تەماشای دەکرد - دەپاڕێتەوەو دەست دامێنی دەبێ کە یارمەتی بدا تا لەشار دەچێتە دەرەوە، داوایشی لێ دەکات کە ئاگاداری منداڵە کلۆڵەکانی بکات.».

## ٤- **ئیلیکترا** Electra

ئەمە کورتەی دراماکەیە: «کلیتمینسترا؛ کە ئێستا ژنی (ئیجۆست)ە خەونێکی گران دەبینێ، لەوخەونەیا (ئاغا مەمنوون)ی کۆنە مێردی گۆپاڵەکەی (ئیجۆست)ی مێردی فڕێ دەداتە ناو گڕێ ئاگرێکی سوورەوە، ئاگرەکە دەبیتە توولە نەمامێک، نەمامەکە گەشە دەکات و دەبێتە درەختێکی وا هەموو وڵاتی هێلین دەخاتە ژێر سێبەرییەوە، کلیتمینسترا بەو خەونە گەلێ دڵ تەنگ دەبێ داوا لە کچەکەی: (کرێسوتیمیس) دەکات کە هەندێ شت ببا بۆ سەر گۆڕەکەی باوکی بیکا بە قوربانی بەڵکو گیانی ئارام بگرێ و دامرکێتەوە، ئەویش کە دەکەوێتە ڕێ لەنیوەی ڕێدا تووشی ئیلیکترای خوشکی



دەبێ، ئەمیش هەرەشەی لێ دەکات کە ئەو قوربانیانە تووڕ بدات و، نیانباتە سەر گۆڕی باوکی لەجیاتی ئەوەی بەو قوربانیانە گیانی باوکیان دامرکێننەوە وا چاکە هەر یەک قەفێ لەپرچیان ببڕن و لەسەر گۆڕەکەی داینێن و داوای لێ بکەن زوو (ئۆریست)ی برایان بگەڕێتەوە (کریسۆتیمیس) بەگوێی ئەلیکترای خوشکی دەکات و پێشنیازەکەی جێبەجێ دەکات، لەم کاتەدا دایکی بەسەریاندا دەچێت، بەدژوێن خۆیان و براکەیان ڕیسوا دەکات، ئەوانیش بەرپەرچی قسەکانی دەدەنەوە، لە کاتی ئەم دەمە قاڵێدا نوێنەری ئۆریست دەگاتە ئەوێ و هەواڵ دەگەیەنێ کە گوایا ئۆریست لەجەژنی (ئەپۆلۆن)دا لە کاتی ئاهەنگ و پێش بڕکێکردندا لەسەر گالیسکەکەی گلاوەو مردووە، هەروەها هەواڵ دەدا کە سووتەکی لاشەی بەم زووانە یەکێک بۆیان دەهێنێ، کلیتمینسترا کە هەواڵەکە وەردەگرێ، کابرای پەیام هێنەر لەناو کۆشکدا میوانداری دەکات، ئیلیکترا بەو هەواڵە دەست دەکات بە شین و زاری.

(کریستۆتیمیس) کە لەسەر گۆڕی باوکی دەگەڕێتەوە گەلێ دڵخۆش وشادە چونکە لەسەر گۆڕەکەی باوکی قەفی پرچی تازە قرتاو و چەند قوربانییەکی نوێ دەبینێ بەوا دەزانێ کە ئۆدیستی برای گەڕاوەتەوە، کە بە ئیلیکترا ڕادەگەیەنێ، ئەو شتانە نیشانەی هاتنەوەی براکەیانە، ئەویش لەخۆشیدا دڵی بڕوای نایەو دەڵێ: داخۆ ئەو قوربانییانە هی چ کەسانێکن، ئەوەتا پەیام هێنەر هەواڵی مردنی گەیاندووە، وا ئێستا مێوانی کۆشکە، هیچ چارەیەکمان نەماوە ئەوە نەبێ بەیەک دەست لە (ئیجۆست) بدەین و بیکوژین.

(کریسیۆتیمیس) بەگوێی ناکاو بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە لەم کاتەدا (ئۆریست) بەناوی یەکێکەوە کە گوایە سووتەکەی ئۆریستی هێناوەتەوە دەگاتە جێ، ئیلیکترا بە سۆز براکەی دەلاوێنێتەوەو سەردوولکەی پیا دەڵێ، کە ئۆریست گوێی لە خوشکی دەبێ وا بەکوڵ دەیلاوێنێتەوە خۆی پێ ڕاناگیرێ و ناچار دەبێ خۆی لێ ئاشکرا بکات، خوشکەش لە خۆشیداندا خەریک بوو باڵ بگرێتەوە، هەر لەم کاتەدا پەیام هێنەرەکە لە کۆشک دێتە دەرەوەو پێی دەڵێ: با دەرفەت لە کیس نەدەین و دەستی خۆمان بووەشێنین، هەردووکیان بە پەلە خۆیان بەکۆشک دادەکەن، بەڵام ئیلیکترا لە پشت دەرگای دەرەوە خۆی دادەگرێ نەوەک نەخشەکەیان سەرنەکەوێت (ئیجۆست) بە هەواڵی مردنی ئۆریست شادمانە، ئەوەندەی پێ ناچێت هاوارێکی نالەبار هەموو کۆشک دەهاژێنێ، دیارە ئۆریست لەپشت پەردەوە دوا هەناسەی لەبەر دایکی بڕی، ئیلیکترا هاوارەکەی دایکی نەیشێواند و بەزەییشی پیا نەهاتەوە، پاش کوشتنی کلیتمینسترا (ئیجۆست) لەبەر دەم ئۆریست و ئیلیکترا دەکەوێت و ئەوانیش ڕای دەکێشن و دەیبەنە ئەو شوێنەی کە باوکیان تیا کوژرا، لەوێ بە هەمان چەشنی کوشتنی باوکیان سەری لێ دەکەنەوە» بەو جۆرە دراماکە تەواو دەبێ.

ئەو بابەتەی کە بووەتە تان و پۆی دراماکەی سۆفۆکلیس بەناوی (ئیلیکترا)وە هەمان بابەتە کە ئەسخیلۆس لە درامای (قوربانی کاران)دا مالیجەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەمان بابەتە گەلێ جیاوازییان هەیە.

١– ئەوەی لە دراماکەی (ئەسخیلۆس) هەیە ئۆریست هەوڵی تۆڵە سەندنەوە دەکات و خوێن بەخوێن پاک دەبێتەوە.

کەچی لە دراماکەی (سۆفۆکلیس)دا گرنگی بە هەست و سۆزی ئەلیکترا دراوەو هەڵچوونی ئەو هەست و سۆزە هەموو شتەکانی تری ناو دراماکەی داپۆشیوە.

٢– ئەلیکترا لەلای ئەسخیلۆس ئەو کیژۆڵە ترسنۆک و لاوازەیە کە ترسی دایکی هەموو هەست و

سۆزێکی لە هەناویا پلیشاندوەتەوەو لە خواکان دەپاڕێتەوە براکەی بۆ بگێڕنەوە کە نزا دەکات کۆرسەکەش نزاکەی بۆ دووپات دەکەنەوە، کەچی ئەلیکترای سۆفۆکلیس ئەو کیژۆڵە چاپووک و سەرکەشەیە لە ڕاچنین و هەڵچوون دایەو دانامرکێتەوە، کۆرسەکەش هەوڵ دەدا کە ئارام بگرێ و داساکێت، ئەوەتانێ خوشکەکەی (کریستۆتیمیس) هان دەدات کە لەفەرمانەکانی دایکی یاغی ببێت وبەگوێی نەکات، لە هەمان کاتیشدا ڕاستەوخۆ لەتەک ئۆریستی برایا بەشداری کوشتنی دایکی و ئیجۆست دەکات.

٣- لەدراماکەی سۆفۆکلیسدا ئۆریست، ئەو (ئۆریست)ە نییە کە لەلای ئەسخیلۆس هەبوو، لێرەدا پیاوێکی نەترس و لەسەرخۆ و هێمن و دامەزراوە؛ پاش کوشتنی دایکی و ئیجۆست هەست بە ئێشی دەروون ناکات کەچی لە لای ئەسخیلۆس ئۆریست هەڵەو هەرزەو دەروون نەسرەوتە.

### ٥- ئەنتیجۆنا

کورتەی دراماکە: پاش ئەوەی کە (ئۆدیپ) دەمرێ هەر دوو کچەکەی ئەنتیجۆنا و ئیسمینا دەگەڕینەوە بۆ (سیبا) لەو کاتەدا شەڕ لەنێوانی براکانیاندا، ئیتیوکلیس) و (پۆلینیکس) لەسەر تەخت و تاجی شاهانە هەڵگیرسابوو، هەر یەک دەیەوێت خۆی ببێ بە پاشا، هەر یەکێکیان ئەویتر دەکوژێت و بەکوشتنی هەردووکیان ئاگری شەڕ دەکوژێتەوە، (کریۆن)ی خاڵیان ئەم مردنەی هەردووکیان بە دەرفەتێکی لەبار دەزانێ، هەلەو بۆی هاتووە، چقەی پاشایەتی وڵات لەسەر خۆی دەنێ و فرمانڕەوایی دەکات، لەمە دەچێتە سەر تەخت فرمانی شاهانە دەردەکات کە نابێ لاشەکەی (پۆلینیکیس) ئەسپەردە بکرێ ئەمەش مانای ئەوەیە گیانەکەی سەد ساڵ لەرۆخی ڕووباری (ئیستیکس)دا وێڵ و سەرگەردان دەبێ و ناتوانێ لە جیهانی گیانی مردوواندا سەقامگیر و سرەوت بێ، فرمانەکەی (کریۆن) جۆرە ڕیسوا کرنێکی (پۆلینیکیس) بوو هەروەها سەرپێچی کردن بوو دەرحەق بە داب و نەریتی خواکان.

شاردنەوەی لاشەی مردوێک وەک ڕزگارکردنی مرۆیەکی زیندووە لە مردن جا کێ ئەوەی پێ دەکرێ، ئەوەی ئەو کارە بکات واتە فرمانی پاشای شکاند، بەڵام کاری وای مەردانە ئەگەرچی پاشای پێ دڵگران دەبێ خۆ خواکانی پێ ڕازی دەبێ، ئەنتیجۆنا بە ئافرەتێکی ئازاو کارامە ناسراوە بە فیداکاری و قوربانی دان ناوبانگی دەرکردووە، مەگەر ئەو کارە هەر لەو بوەشێتەوە هەر چەند خواکان لەخۆی ڕازی دەکات بەڵام کاسەی تووڕەیی و نیگەرانی پاشا بەسەر خۆیا دەڕژێنێ.

(ئیسمینا) هەوڵ دەدات کە ئەنتیجۆنای خوشکی هەر کارێکی بەڕاست زانی ئیتر گوێ بەقسەی ئەم و ئەو نەدات لە ئاخاوتناقسەی کەس بەسەر قسەیدا سەرنەکەوێت.

لاشەی براکەی ئەسپەردە دەکات و دەینێژێ، لەم کاتەدا (کریۆن) دێتە سەر شانۆ، یەکێک لە پاسەوانەکانی هەواڵی دەداتێ کە لاشەکەی (پۆلینیکیس) نێژراوەو نازانرێ کێ بووە، ئەویش تووڕە دەبێ و هەڕەشە لەوە دەکات کە ناشتوویەتی و دەڵێ ئەوەی ئەو کارەی کردووە ئەگەر نەیدۆزنەوە سزایەکی گەورە دەدرێن، پاسەوان دەڕواو دوای ماوەیەکی کەم دەگەڕێتەوەو دەڵێ: دەرکەوت ئەنتیجۆنا ئەو کارەی کرد، فرمان دەدا کە ئەنتیجۆنای بۆ بێنن، کە دێت لەگەڵ کریۆندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە وەرامی پرسیارەکانی دەداتەوە ئەوەندە بەهێزو ڕەوان دەبن، متق لەدەمی کریۆن دەبڕن، ئەوانەی کە گوێیان لێ دەبێ پێیان وادەبێ لەڕشتەی وتەکانیا توانای هەموو هۆنراوەو زانست و فەلسەفەی تیا تواوەتەوە بۆیە لەناو جەماوەردا ئەوەندەی تر خۆشەویست دەبێ و پایەیەکی بڵند وەردەگرێت لەم کاتەدا دەزگیرانەکەی ئەنتیجۆنا کە ناوی (هەیمۆن)ە و کوڕی (کریۆن)ە بەرێزەوە دەچێتە بەردەمی باوکی و پێی دەڵێ: ئەنتیجۆنا بەو کارەی کە کردی خەڵک بەڕێزەوە تەماشای دەکات، داوا لە باوکی دەکات ئەو بڕیارەی کە



دەربارەی ئەنتیجۆنا دابووی بیگۆڕێ، چونکە وای بڕیار دابوو ئەوەی لاشەی پۆلینیکیس بنێژێ بەدرێژایی تەمەنی لەزیندانێکی تاریکدا حەپس دەکرێ، ئەنتیجۆنا بۆ دواجار دێتە سەر شانۆ خۆی پیشانی جەماوەر دەداو خواحافیزی لەدنیای ڕووناک دەکات، بەو جۆرە بڕیار لەسەر حەپس کردنی ئەنتیجۆنا درا ئایا خواکان چییان لەدەست دێ؟

دیارە بەو سزادانە نیگەران دەبن و (کریۆن) گرفتاری دەردێکی خراپ دەکەن، (تیریسیاس)ی نقلانەزان و ئەمینداری نهێنی خواکان ڕایگەیاند کە خواکان هەڕەشە لە (کریۆن) دەکەن (کریۆن)یش ئارامی نامێنێ بەڵام دوای چی کە دەڕوا ئەنتیجۆنا لە زیندان دەربێنێ دەبینێ پار مردووە نەک ئەمساڵ، (هەمۆن) کەچاوی پێ دەکەوێ مردووە لەوێ لەبەر چاوی باوکی خۆی دەکوژێت.

شاژن (ئۆریزیکا) لەسەر شانۆ چاوەڕوانی ڕزگاربوونی ئەنتیجۆنا دەکات هەواڵی دەدرێتێ کە کارەسات تەنیا ئەنتیجۆنا نیە بەڵکو لەوەش گەورەترە، ئەویش سەرسام دەبێ و دەڕوا (کریۆن) خەریکی ناژتنی تەرمی کوڕەکەی دەبێ کارەساتێکی تری بەسەردا دێت ئەویش خۆکوشتنی شاژنە ئا بەو جۆرە ئەو کارەساتانە کەپووی بڵندی (کریۆن)ی ملهووڕ پان دەکەنەوە، نازانێ بۆ کوڕی بگری یان بۆ ژنی».

بەو جۆرە دراماکە تەواو دەبێ.

(سۆفۆکلیس)ی بەهرەدار ئەم درامایەی لە دراماکەی (ئەسخیلۆس)ی شاعیرەوە وەرگرتووە زانیمان لەدرامای (حەوت سواری سیبا)دا (ئەنتیجۆنا) کە لاشەی براکەی پۆلینێکیس ئەسپەردە دەکات لەوێدا ئەسخیلۆس کۆتای بە دراماکەی دێنێ، (سۆفۆکلیس)یش هاتووە لەو شوێنەوە دراماکەی (ئەنتیجۆنا)ی دەست پێکردووە هەر دوو دراماکە وەک دوو حەلەقەی یەک زنجیرەن، دروسکردنی ئەم درامایە لەسەر دراماکەی ئەسخیلۆس بەڵگەی توانای شاعیرو بەهرەدارییەتی.

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٤٠)ی پ.زدا نوێنراوە.

### ٦- ئۆدیپ لە کۆلۆنا

ئەمە پوختەی دراماکەیە: پاش ئەوەی ئۆدیپ ئەو کارەساتە تۆقێنەرەی بەسەردا هات، لەتەک (ئەنتیجۆنا)ی کچیدا سەری خۆی هەڵدەگرێ و دەڕوا لەلای دارستانێکی چڕدا تووشی هەندێ پیاوی ڕدێن سپی دەبێ و پێی دەڵێن ئەو دارستانە مەنزڵگای ئەو خوایانەیە کە پارێزگاری شاری ئەسینایان پێ ڕاسپێردراوە، کەواتە دارستانێکی پیرۆزە، کە ئۆدیپ ئەوە دەزانێ، بەکوڵ لە خواکان دەپاڕێتەوە کە لێی زویر نەبن و پەنای بدەن، ئێتر خۆی دەهاوێتە ئاسانەی ئەو باخە پیرۆزەوە، پیاوە ڕیش سپیەکان بەقسەی پڕوپووچ و پرسیار کردن سەخڵەتی دەکەن، ئەو لەو حاڵەتەدا دەبێ کچەکەی تری (ئێسمینا) کە لە شاری سیبا هەل هاتبوو دەگاتە ئەوێ هەواڵی ڕوخانی پاشایەتی (کریۆن) و چوونە سەر تەختی (ئیتۆکلیس) و شاربەدەرکردنی (پۆلینیکیس) دەگەیەنێ، هەروەها هەواڵی لەشکرکردنی (ئیتۆکلیس) و پەلامارداني شاری (ئاراگۆس)یش دەگەیەنێ، ئەو لەشکرکردنەش بۆ دەرپەڕاندنی (پۆلینێکس)ی برای بووەو بەسەریشیا سەرکەوتووە بەو ئاڵ و گۆڕبوون و سەرکەوتنە (ئەپۆڵۆن) ئارامی گرتووەو دڵی دامرکاوە، هەروەها ئەوەش ڕادەگەیەنێ کە سروش زانی دلفی وای ڕاگەیاندووە کە لاشەی ئۆدیپ لە هەر شوێنێک ئەسپەردە بکرێ ئەو شوێنە لەلایەن خواکانەوە دەپارێزرێ، ئەم هەواڵە کە بەگوێی ئۆدیپدا دەدرێ، دەست بەجێ و بەبێ یەک و دوو گەڕانەوەی چ بەزیندوویی و چ بە مردوویی ڕەت دەکاتەوە، لەم کاتەدا پاشای ئەسینا (تیسیۆس) ڕێی دەکەوێتە لای ئۆدیپ و پەیمانی دەداتێ کە هەتا ماوە بیپارێزێ، ئەو پیاوە ڕدێن سپیانە کە سەخڵەتیان کردبوو ئەیان کات بە خزمەتکاری، ئەوانیش بەئاوازی خۆش دڵی دەدەنەوەو

بەگۆرانی نایاب ئەو شوێنە دەلاوێننەوە کە ئێستا ئەو لە سایەی دایە، لەم کاتەدا (کریۆن) پەیدا دەبێ، (ئێسمینا)ی گرتووەو دەیەوێ، ئەنتیجۆناش بگرێ، جگە لەوەش هەڕەشە لە ئۆدیب دەکات کە بەخورتی بیباتەوە بۆ (سیبا).

(تیسیۆس) کە بەمە دەزانێ دەم کوتی (کریۆن) دەداتەوەو (ئێسمینا) و ئەنتیجۆنای لێ دەسێنێتەوە و دەیانداتەوە باوکیان.

لەو کاتەدا ئۆدیپ کە دڵخۆش دەبێ بە بەردانی و گەڕانەوەی هەردوو کچەکەی، لەو کاتەدا (پۆلینێکس)ی کوڕی دێتە لای و داوای لێ دەکات کە لەتەکیا بگەڕێتەوە بۆ سیبا بۆ ئەوەی بەسەر (ئیتۆکلیس)دا زاڵ ببێ و خۆی ببێ بە پاشا، ئۆدیپ داواکەی ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەو کوڕەی ڕۆژێک نەبووە یارمەتی بدا، ئیتر نەفرەت لە خۆی و براکەی دەکات و ڕووی لێ هەڵدەچەرخێنێ.

ئەنتیجۆنا تکا لە (ئیتۆکلیس)ی برای دەکات کە واز لەو مەسەلەیە بێنێ و شەڕ ببڕێنێتەوە، دەنا گەر وا نەکا تووشی تیاچوون دەبێ، ئەویش گوێی ناداتێ و دەڕوا.

دوای ئەوەی ئۆدیپ لە دەست ناحەزانی ڕزگار دەبێ لەتەک (تیسیۆس) و هەردوو کچەکەیدا دەچنە ناو دارستانە چڕەکەوە، تا دەگەنە شوێنێک لەوێ داوا لە کچەکانی دەکات کە ئەوان لەوە زیاتر هەنگاو نەنێن، لەوێ بەجێیان دێڵێ و لەگەڵ (تیسیۆس) دەچنە ناو ناخی دارستانەکەوە، دوای ماوەیەک بەیەکجاری بزر دەبێ، جگە لە (تیسیۆس) کەس نەیزانی چۆن گوم بوو.

تیسیۆس پرسەی بۆ دادەنێ و دڵی ئێسمینا و ئەنتیجۆنا دەداتەوەو خۆی لەتەکیاندا تا شاری سیبا ڕەوانەیان دەکاتەوە.

ئەم دوو خوشکە بوونەتە سەرەتای درامای (ئەنتیجۆنا) هەروەها ئەم درامایەش پاشەبەرەی درامای (پاشا ئۆدیپ)ە.

### ٧- ئافرەتانی تراکیسیا trachiniemmes

کورتەی دراماکە، «شەڕێکی توندو تیژ لەنێوان «هەرقل» و پاشای «ئیخالیا» لە دوورگەی (ئۆبیوس)دا ڕوودەدات لەو شەڕەدا (هەرقل) سەر دەکەوێت، کە دەگەڕێتەوە لەتەک خۆیا ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتی بەدیل گیراو ودەس بەسەر دێنێ، لەناو ئەو ئافرەتانەدا (یۆلا)ی کچی (ئۆریتۆس) کە پاشای ئیخالیا بوو.

ژنەکەی (هەرقل) کە ناوی (دیانیرا)یە مەترسی ئەوەی لێ دەنیشێ کە دڵی هەرقل بکەوێتە بەر دەستی (یۆلا).

(دیانیرا) دەزانێ چۆن دڵی هەرقل لەمەڕ ئافرەتانی تر ڕەش بکات ئەو کراسەی کە بۆ ڕۆژێکی وەهای ئامادە کردبوو دەیداتێ بۆ ئەوەی لەبەری بکات، باچیرۆکی ئەم کراسەتان بۆ بگێڕینەوە:

کابرایەک ناوی (نیسۆس) دەبێ؛ پیشەی ئەوە بوو بەدەبەکەی خەڵکی لەڕووباری (ئێڤیۆس) دەپەڕانەوە، دیانیرا تازە شووی بە (هەرقل) کردبوو، (نیسۆس) کە لەو ڕووبارە دەیپەڕێنێتەوە لەناو ڕووبارەکەدا دەسی ناپاکی بۆ درێژ دەکات، لەو بەریشەوە (هەرقل) ئاگاداری ئەو دەست درێژکردنە دەبێ، تیرێکی ژەنگاوی بەژەهر ئاودراوی تێ دەگرێ و برینێکی کاریگەری لێ دەکا، پێش ئەوەی دوا هەناسەی بدا بە (دیانیرا) دەڵێ: ئەو خوێنەی کە لەدەور لاشەکەم خڕدەبێەوە بەتایبەتی ئەوەی کە تاڵ هڵگەڕاوە خڕی کەرەوەو بیدە لە کراسێک و بیدەرێ لەبەری بکات، ئێتر جگە لەتۆ هەموو ئافرەتانی لا تاڵ دەبن).



دیانیرا خوێنەکە خڕ دەکاتەوەو هەڵیدەگرێ کە دەزانێ وا پیاوەکەی چاوە چاویەتی و دڵی داوەتە (یۆلا) کراسەکەی هەرقل لەو خوێنە دەات و دەیداتێ کە لەبەری بکات، ئەوەندەی پێ ناچێ کراسەکە بە بەدەنی (هەرقل)ەوە دەلکێ و پێستی دادەفەڕەقێنێ و تووشی دەردێکی بێ دەرمانی دەکات.

دیانیرا کە دەزانێ ئەو دەردە لەو کراسەوە پەیدابوو لەداخا خۆی دەکوژێت و لەسەر شانۆ بزر دەبێت.

(هەرقل) پەکیەتی و دەردی بێ دەرمانە، وا خۆی داوە بەسەرشانی کوڕەکەیدا کە ناوی (هیلۆس)ە داوای لێ دەکات کە بیبات بۆ چیای (ئیتا) کە بارەگای (زیوس)ە لەوێ بە ئاگر بیسووتێنێ، بەو جۆرە نەبێ ئەو ئازارە گرانە ئەو دەردە پیسەی لە کۆڵ نابێتەوە، ماڵ ئاوایی لەژیان دەکات و لەسەر شانۆ ئاوا دەبێ، کوڕەکەی وەسیەتەکەی جێبەجێ دەکات»[1].

ئەوانەی کە لەسەر دراماکانی (سۆفۆکلیس)یان کۆڵیوەتەوە، پێیان وایە: لەم درامایەدا نیشانەی پیری و بێ هێزی خاوەنەکەی بە ئاشکرا دیارە، کەچی نەزانراوە لە چ ساڵێک نوێنراوە.

## سەرچاوەی دراماکانی سۆفۆکلیس

زۆربەی زۆری مێژوونووسانی دراماکانی سۆفۆکلیس دەڵێن: ژمارەی دراماکانی سۆفۆکلیس سەد و بیست و سێ درامان هەندێکیش پێیان وایە لەو ژمارەیە زۆرتر بوون.

ئەو سەرچاوانەی کە ئەسخیلۆس دراماکانی خۆی لێ هەڵگۆزیبون، (سۆفۆکلیس)یش لەهەمان سەرچاوەوە دراماکانی خۆی هەڵهێنجاندوون، لە هەمان کەرەسە هەڵی چنیوون لەهەمان گۆڕەپاندا تاوی داون، ئەگەر ئەسخیلۆس تەنیا ویست و فەرمانەکانی خواکانی دەکرد بە بابەتی درامانی، ئەوا سۆفۆکلیس و یست و بڕیارەکانی خواکانی لەتەک ویست و ئارەزووەکانی مرۆڤی دەکردە بابەتی دراماکانی بۆیە دەبینین لە تراژیدییەکانی سۆفۆکلیسدا جۆرە دژوارێک لەنێوان ویستی خواکان و ئارەزووی مرۆڤدا دروست دەبێ.

بابێینە سەر ئەو سەرچاوانەی کە سۆفۆکلیس کارە هونەرییەکانی لێ بەرئەنجام دەدان.

١- جەنگەکەی تروادە: لە ڕووداو و پاڵەوانی ئەو جەنگەوە نزیکەی سی و پێنج درامای لێ دروست کردووە لەوانە: درامای (فرمانەکەی پاریس، خەنەبەندانێکی هێلینی، شێتی ئۆدیسۆس، کۆبوونەوەی کوێخاکان، ئیفیجینیا، داوای ئەو کیژە هێلینییە، حەپس کراوەکان، میمنوون، ئەیاسی قامچی هەڵگر، پریامۆس، پۆلیکسینا، نۆسیکا، ئەیاس تیلاموون، فیلۆکتیتیۆس، ئیلکترا)ن.

لەم کۆمەڵەدا جگە لەو سێیەی پاشەوە ئەوانی تر نەماون.

٢- هەروەها لە کلتووری سیبییەکانەوە چەندان درامای هەڵچنیوە، لەوانە: (ئەنفیارا ئوس، ئەلکیمیون، پاشا ئۆدیپ، ئۆدیپۆس لە کۆڵۆنا، ئەنتیجۆنا)یە لەمانەش تەنیا سێکەی پاشەوە نەبێ ئەوانی تر هیچیان نەماون.

٣- لەچیرۆکەکانی: (پیولۆپسیین)ەوە چەندان درامای لێ دروست کردوون، کە ژمارەیان بەتەواوی نەزانراوە، هەندێ لەوانە درامای (هیپۆدامیا، ئەتریۆس، سیپستۆس، هیرمیونا)ن، ئەمانە هەموویان فەوتاون، لە چیرۆکەکانی (هیرکلیس - هەرقل) لەو چیرۆکانەوە درامای: (هیرکلیس لەتینار، ئافرەتانی

(١) الفكر اليوناني أو الادب الهيليني - الدكتور محمد غلاب ل١١٣-١٥٣. هەروەها: (من المسرح العالمي - من الاعمال المختاره ـ سوڤوكل - نساء تراخيس - تأليف سوفوكليس: ترجمة وتقديم د. علي حافظ. هەروەها: (من مسرحيات سوفوكليس: اجاكس. الكترا، ترجمة امين سلامة مراجعة متولي نجيب، «الكتاب الماسي».

تراکسیا) لەمانەش ئافرەتانی تراکیسیا تا ئێستا ماوە.

٤- چیرۆکی ئەتیکییەکان: لەم سەرچاوەیشەوە ئەم درامایانەی وەرگرتووە (ئێریجۆنا، تریپتۆلیموس، یۆن، کریوسا، ئیچۆس، تیسیۆس)، ئەمانەش هەموو فەوتاوون.

٥- چیرۆکەکانی دیۆنیسۆس: لەم چیرۆکانەوە گەلێ تراژیدیای لێ دروست کردوون، کە جگە لەناوی یەکێکیان ئەوانی تر نەزانراون، ناوی تراژیدیا کە (دیونسیاخۆس) بووە ئەمیش تەنیا ناوەکەی ماوە.

٦- چیرۆکی تویگۆنیا و چیرۆکی (ئەراگۆسەکان) لەم دوو سەرچاوەوە چەندان درامای وەبەرهەم هێناوە، لە درامای هەردوو سەرچاوەکەدا تەنیا ناوی ئەم درامایانە ماون: (ئافرەتانی لیمنۆس، ئافرەتانی کلخۆس، ئاو هەڵگرەکان، ئەمیکۆس، زانائی، ئەندرۆمێزا، ئیتاخۆس).

ئەوەی شایەنی وتن بێ لێرەدا ئەسخیلۆس لەسەرچاوەی پێنجەم و شەشەمەوە هیچ درامایەکی لێ هەڵ نەهەنجاندووە[1].

## ٣- یوریپیدیس

شەڕە گەورەکەی سالامینا لە ساڵی (٤٨٠.پ.ز)دا بوو، لەو ساڵەدا لەشاری سالامینا (یوریپیدیس)ی شاعیر و هونەرمەند هاتووەتە دنیاوە[2]. دایک و باوکی ئەو هونەرمەندە سەر بەچینی کاسبکاران بوون، لە ساڵی (٤٤٥)دا لە مەیدانی هونەری دراما‌دا بەهرەی خۆی تاو داوەوشانی بەشانی کەڵە دراما نووسەکانی ئەو کاتە داوە، هەر لەو ساڵەدا لە ئاهەنگی (دیونیسۆس)دا خەڵاتی سێیەمی وەدەست هێناوە، ئیتر لەو کاتەوە بەدرامانووس ناسراوە، ئینجا هەموو هێز و یارایەکی لەبۆتەی ئەو هونەرەدا تاواندووەتەوە، بەتیشکی ئەندیشەی لە جیهانی بەرفراوانی هونەردا هۆش و مێشکی خۆی ساوداوە، پاش ئەوەی خەڵاتی سێیەمی وەدەست هێناوە چوار ساڵی ڕەبەق تێپەڕین ئەوجا توانی خەڵاتی یەکەم وەربگرێ، لەو کاتەوە ئەستێرەی نگینی کەوتە ورشەدان و هەڵ هات، چوار جار خەڵاتی یەکەمی وەدەست هێنا، پاش مردنیشی یەکێک لە دراماکانی هەمان خەڵاتەکەی پێ درا.

ئەگەر بەراووردی (یوریپیدیس) لەگەڵ (سۆفۆکلیس) بکەین لەچاو ئەودا خەڵاتی یەکەمی ئەم کەمە، چونکە یوریپیدیس بە پیشەی درامانووسین سەخڵەت بووەو پێی ناڕەزا بووە.

کەچی تووڕەبوونەکەی نەگەیشتووە ڕاددەی ئەوە واز لەو هونەرە بێنێ، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەگوڕتر شانی داوەتە بەر.

ئەو گەل و نیشتمانی خۆی خۆش ویستووە پێی وابووە بەرهەم هێنانی شیعر و هونەری دراما چاکترین ڕێگەن بۆ هێنانەدی بەرژەوەندی گشتی و خزمەتی نیشتمان، ئیتر دەربەسی ئەوە نەهاتووە کە خەڵک و جەماوەر باوشی خۆیان بۆی بکەنەوە یان نە، وەک لە قسەی ئەوانەوە کە لەسەر ژیانی ئەم درامانووسەیان کۆڵیوەتەوە دەردەکەوێ، ڕێزو هێژاندنی خەڵکی ئەو سەردەمە بە ئەندازەی ئەوە نەبووە کە یوریپیدیس کردویەتی، کەچی هەر لەسەر دراما نووسین و هونەرەکەی خۆی سوور بووەو گوێی لەوە نەبووە داخۆ کۆمەڵ و چەرخی چەپ گەڕ دەینرخێنن یان نە.

کەم تەرخەمی نوواندن و پتر بایەخ دان بە بەرهەمەکانی یوریپیدیس - لەلایەن کاربەدەستانی سەردەمی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١١٨-١١٩

(٢) هەندێ نووسەر لایان وایە یوریپیدیس لە ساڵی (٤٩٦.پ.ز)دا بووە لە ساڵی (٤٠٦ پ.ز) مردووە، (من مسرحيات سڈفڈكليس ـ ترجمة امين سلامة ل٣).



خۆیەوە - هۆیەکی کاریگەر بوون بۆ ئەوەی لە ساڵی (٤٠٨)دا پاش نوواندنی درامای (ئۆریستیس) شاری ئەسینا بەجێ بێڵێ و بەرەو شاری (پیللا) کۆچ بکات لەمە گەیشتە ئەوێ پاشای (مەکدۆنی)یەکان کە ناوی (ئەرخیلائۆس) بوو پێشوازییەکی گەرمی کردو لە ئاسانەی خۆیا حەواندیەوە، تا لە ساڵی (٤٠٦)دا لە تەمەنی (٧٥) ساڵیدا ماڵئاوای یەکجاری لە دنیای ڕووناکی هونەری دراما کردووە.

## دراماکانی یوریپیدیس

یوریپیدیس نەوەت و نۆ درامای نووسیوە، لەوانە تەنیا حەڤدەیان ماون، لەو حەڤدەیەش تەنیا هەشتیان نەبێ ئەوانی تریان مێژووی نواندنیان دیار نییە، ئەمانەی خوارەوە ئەو درامانەن کە تا ئێستا دەقەکانیان ماون:

١- ئەلکیستیس (Alcestes)

٢- میدیا.

٣- هێپۆلێت.

٤- ئافرەتانی تروادە.

٥- هێلین.

٦- ئۆریست.

٧- ئیفیجینیا لە ئۆلیس.

٨- ئافرەتانی باکۆسیا.

٩- ئەندرۆماکیا.

١٠- هەرقلییەکان.

١١- هیکۆبیا.

١٢- نزاکاران.

١٣- ئیلیکترا.

١٤- هەرقلە شێت.

١٥- ئیفیجینیا لە تۆرس.

١٦- یۆن Jon.

١٧- ئافرەتانی فینیقیا.

***

### ١- ئەلکیستیس (Alcestes)

کورتەی دراماکە: (ئەپۆلۆن) بەدەم ئەو خوایانەوە کە دەسکاری ژیانی ئادەمی دەکەن ڕایگەیاند، کە ئەو خوایانە بڕیاریان داوە ئەلکیستیس لە جیاتی مێردەکەی (ئادامیتۆس) دەمرێ و خۆی دەکاتە قوربانی ئەو خۆ ئەگەر لەجیاتی خۆی زەلامێکی تر بدۆزێتەوەو ڕەوانەی دۆزەخی بکات ئەوا واز لە خۆی و ژنەکەی دەهێنرێ، (ئادامیتۆس)پەنای بردە بەر باوک و دایکە پیرەکەی کە لەجیاتیا یەکێکیان بمرێ، هەروەها

چووە لای ئەوانەی کە خۆشیان دەویست، بەڵام جگە لەژنە دڵسۆزەکەی کەس ئامادە نەبوو ئەو قوربانییەی بۆ بدا، دیارە ژن هەمـوو شـتـێکی بۆ پـیـاوە، کـەواتە دەبێ ژیانی لەسـەر ژیانی ئەو دابنێ، لەو کـاتەدا (ساناتۆس) - کە کاروباری گیان کێشانی بەدەستە - خەریکی گیان دەرهێنانی ئەلکیستیس بوو، ئەپۆڵۆن داوای لێ کرد کە واز لەو بێنێ و گیانی یەکێک لەدایک و باوکی ببا، بەڵام (ساناتۆس) ڕازی نەبوو.

کۆرسەکە سروودی غـەمگینیـان بۆ ئەلکیـستـیس وت و لاواندیانەوە، سوپاس و سـتـایشیـان بۆ گـیـانی دەنارد، لە هەمـان کـاتیـشـدا تانەو تەشـەری خراپیـان بۆ ئەو پیاوە خۆپەرسـتـە دەنارد کە ئەگەر خۆ بمردایە هەمـوو خێـزانەکەی لەمردن ڕزگـار دەبوون، هەروەها بەتەوسـەوە ناوی ئەو دایک و بـاوکە خـۆپەرسـتـەیان دەهێنا کە کوڕەکەیان لەخۆیان کەمتر نییە.

لەم کـاتەدا (هەرقل) وارسی مـاڵی (ئادامـیـتـۆس) دەبێ، ئەم (هەرقل)ە لێـرەدا ئەو پاڵەوانە نەبەزو شکۆمـەندە نەبوو کـە (سـۆفـۆکلیس لە درامـای ئافـرەتانی تراکسـیـادا باسی دەکات) بەڵکو ئەو زەلامـە چلێس و چەتوون و فشەکەر و خۆ هەڵکێشەیە کە بەلاقرتی و گەپ دنیای داوەتە بەر.

(ئادامـیـتـۆس) سـەبارەت بەوەی برادەریەتی پێـشـوازی و مـێـوانداریێکی بەڕێزی دەکـات، بۆ ئەوەی سەخڵەت نەبێ وای تێ دەگەیەنێ کە تەرمی ژنەکەی هی ئافرەتێکی نەناسراوەو ئەو ئەسپەردەی دەکات.

(ئادامـیـتـۆس) تووشی باوکی دەبێ وا کۆڵێ خەیراتی پێیەو بەرەو گۆڕەکەی (ئەلکستیس) دەچێ و دەیەوێ قـوربانی بۆ بـکات ئادامـیـتـۆس) سـەرزەنشـتی باوکی دەکـات کـە چۆن بەو یەک دوو سـاڵەی دوا تەمەنی قوربانی بۆ نەدا، ئەویش بە هەمـان تانەو تەشەر دەیکوتێتەوە، کە ئافرەتەکەی لەو مـەرد تر بوو، لە کـاتی ئەو دەمـە قـاڵێدا ئەو خزمـەتکارەی کە مـیـوانداری (هەرقل)ی پێ ڕاسـپـێردرابوو، دەردەپەڕێ و چاوی دەچێـتـە تەوقـەڵەی سـەری و نیـگەرانی دەردەبڕی دەربارەی ئەو مـێـوانە کـە هیـچ حـورمـەتی مـردوو نازانێ و هەر خـەریکی لاقـرتی و پارو گـلاندن و سک پڕکـردنە، پێی دەڵێ ئەی کـابانوی مـاڵ نەمـردووەو پرسەی نییە!.

ئەویش شـەرمـەزار دەبێ و سـوێند دەخوات کە ژنەکـەی ئەو برادەرەی بگەڕێنێـتـەوە سـەر زەوی خۆ ئەگەر (ساناتۆس) فرێی نەدابێـتە ناو دۆزەخەوە هێنانەوەی ئاسانە، ئەگەر فڕێشی دابێ ئەوا خۆی شۆڕ دەکاتەوە ناو دۆزەخ و دەیهێنێتەوە.

(ئادامـیـتـۆس) دێـتـەوە مـاڵ، کـۆرس بە سـروودی مـاتەمێن سـەرەخـۆشی لێ دەکـەن، لەم کـاتەدا هەرقل دەگەڕێـتەوە، لەتەک خـۆیا ئافـرەتێکی دەم و چاو داپۆشـراوی هێناوە، وا دەداتە قـەڵەم کـە لە جەنگێکی سەرکەوتوودا بەدیل گرتـوویەتی، داوا لە (ئادامیـتـۆس) دەکات کە لەلای خۆی گلی بداتەوە، لەپێشـەوە داواکـەی ڕەت دەکـاتەوە، لەدواییـشـدا ڕازی دەبێ، دوای مـاوەیەک کـەدەم و چاوی لادەداتەوە، سـەرسـام دەبێ و سوپاسی (هەرقل)ی برادەری دەکات، کارێکی مـەردانەی کردووە ئەویش داوا لە (ئادامـیـتـۆس) دەکات کە هەمیشە ڕێگەی جوامێری و خانەدانی بگرێتە بەر وەک لەتەک ئەودا کردی.

ئەم درامـایە لە سـاڵی (٤٣٨)دا تەمـسـیل کراوە، وەک لە کۆتاییەکـەیدا دەردەکـەوێت، یوریپـیـدیس خۆشی و ناخـۆشی و کوێرەوەری و بەختـەوەری ئاوێتـەی دراماکەی کردووە، وەک دراما ساتیـروسیـاکـان وایە[1].

هەندێ زانایان پێیـان وایە ئەم درامـایە گـاڵـتە کـردنە بەو داب و نەریت و ئەو ڕەویە پڕوپووچەڵانە کـە

(١) درامای ساتیروسیا ئەو جۆرە شانۆگەریانەن کە لەدوو بەشی سەرەکی پێک هاتبوون: بەشی یەکەم هەموو کارەساتەکانی تۆقێنەر بوون، بەشی دووەم: هەموو گاڵتە و گەپ و لاقرتی کردن بوون.



لەناو گریکەکاندا باو بوون[1].

### ٢- میدیا Medea

کورتەی دراماکە: «لەچیرۆکی گـریکەکاندا هاتووە: گـوایا پاشـای (قـرغـێز) کە دەکـەوێتە باشووری قەوقازەوە ئەو پاشایە (کەوڵێکی) هەیە لەزێڕو گەوهەر دروست کـراوە، ئەو کەوڵە نیـشـانەی سامـان و دەوڵەمـەندییـە لای هەر کـەس بێ، نگیندارو بەختـەوەرە، ئاواتی هەمـوو پاشـاکـانی هێلین ئەوەبوو ئەو کەوڵەیان دەسکەوێت، هەمـوو خڕ بوونەوە، بڕیاریاندا بەسەرکردایەتی (چاسۆن) بەرەو ئەو وڵاتە بڕۆن، کە دەگەنە ئەوێ (میدیا ) کچی پاشای قرغێز شەیدای جاسۆن دەبێ، لەگەڵ جاسۆن ڕێک دەکەون کە کەوڵەکە ببەن و بەرەو وڵاتی هێلین لەتەکیا ڕەدو ببێ.

باوکی مـیدیا کوڕەکەی بەشوێنیا دەنێرێ، ئەویش براکەی بە سیحرو جاویدان دەگرێ و پارچە پارچەی دەکـات، پارچەکـانی لەسەر ڕێ دەپژێنێ، بۆ ئەوەی ئەگەر باوکی بەشوێنیا هات بترسێ و بگەڕێتەوە، کە دەگەنە یونان، دەبینن مامی جاسۆن تەختی پاشای لەباوکی داگیر کردووە، بۆ سزادانی ئەو مامە، میدیا باوکی جاسۆن بەهێزی سیحر دەباتەوە تافی لاویەتی بۆ سزادانی بە کچە مامەکانی جاسۆن دەڵێ: ئەگەر دەتانەوێ باوکی ئێوەش بگەڕێتەوە تافی لاویەتی ئەو خوێنەی کە لەلاشەیدایە دەری بێنن چونکە خوێنەکە پەکی کـەوتووە، ئەوانیش قـورگی بـاوکیـان ئەتلـێشێنن بۆ ئەوەی خوێنە پیـرەکەی بڕوا بۆیە لەجێی خۆی دەمرێ و ڕاست نابێـتەوە، بەو جۆرە میدیا تۆڵەی باوکی جاسۆنی لەمامەکەی سەند، ئیتر لەو کاتەوە ناوی ئەو بەرەو خێـزانە بەخـراپ دەڕوات بۆیە جاسـۆن ناچار دەبێ خـانزادەی خۆی بەجێ بیـڵێ و بەرە، شاری (کـورنسـا ) ڕێ بگرێـتـە بەر بۆ ئەوەی لەمـیدیا دوور بکەوێتەوە، لەوێ داوای کـچی پاشای کورننا دەکات، میدیا کە دەزانێ وایە، بۆ ئەوەی نەهێڵێ ئەو کارە بە ئاسانی بڕوا بەرەو ئەو شارە دەڕوا، پاشای شار کە دەزانێ ئەم ئافرەتە کچەکەی تووشی بەڵایەک دەکات، ویستی شاربەدەری بکا، ئافرەتەکە تکای لێ دەکـات کە ئەو شـەوە مـەوڵەتی بدا ئەویش شـەو و ڕۆژێـک مـەوڵەتی دەدا، ئەمـیش ئەوەندە دەرفـەتی بەس بوو بەبۆنەی بووکێنی کـچی پاشاوە کـراسێـک و تاجـێکی بۆ دەنێـرێ، کە لەبەری دەکـات بێ هۆش دەبێ و دەکەوێ، باوکی دەیەوێ ڕزگاری بکات کەچی ئەویش بەسەریا دەڕمێ و دەکەوێ.

جاسۆن تووشی کـارەسات بوو، هاتە لای مـیدیا بۆ ئەوەی دوو منداڵەکەی لێ بسێنێ، ئەویش کەوتە نێـوان دوو بەردە تاشـەوە یەکـێـک مـێـرد دڵ بریـنداری کـردووە، دوو هەسـتی بەرزی دایکیـەتی بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی بکاتەوە، هەستی دایکیەتییەکەی دەخاتە ژێر پێ و هەردووکیـان لەبەر چاو باوکیانەوە سەر دەبڕێ و تێی تەقاندو سـواری بەلەمێکی سیـحراوی بوو، گـەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی، بەڵام کـارەسـاتێکی ناهەمواری بەسەر (جاسۆن)دا هێنا».

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٣١)دا نوێنراوە، هەمـووی وێنای ئەو ئافرەتە پیشان دەدات کە ئاگری غـیرەت وای لێ دەکات تۆڵەی خۆی بە کوشتن و فەوتاندنی ئەم و ئەو بکاتەوە.

### ٣- هێپۆلێت Hippolytos

ئەم درامایە لە کورتە چیرۆکێکەوە وەرگیراوە، چیرۆکەکە دەڵێ: هێپۆلێت کە کوڕی (تیسیوس)ەو لە ئافرەتێکی: (ئامازۆن)ەیە[2].

(١) قصة الحضاره: تأليف ول ديورانت الجزء الثاني من المجلد الثاني - حياه يونان ل٢٨٤.

(٢) (ئامازۆن)ە، ئەو ئافرەتە خەیاڵیانەن کە لە جەنگدا بەشداری دەکەن.

گەنجیەتی خۆی پێشکەشی خوای ڕاو و شکار کە (ئەرتیمیس)ە دەکات و بێزی لە (ئەفرۆدێت) کە خوای ئەڤین و دڵدارییە دەبێتەوە ئەمیش توورە دەبێ و هەوڵ دەدا تۆڵەی خۆی لە هێپۆلێت بکاتەوە.

پوختەی دراماکە: «فیدرا، باوەژنی (هیپۆلێت)ە کە پەیمانی بە ئەرتیمیس داوە حەز لە ئافرەت نەکات، کەچی فیدرا شەیدای دەبێ، باوکی هیپۆلێت بۆ ئەوەی پاکژ ببێتەوە بە ئارەزووی خۆی، خۆی شاربەدەر کردووە، فیدرا کە زانی هێپۆلێت ناکەوێتە ژێر ئارەزووەکانییەوە ئەوەندەی تر ئاگری دڵداری و ئاڵۆش بەر دەداتە گیانی و لەداخاندا خۆی دەکوژێت، بەڵام پێش ئەوەی خۆی بکوژێت وا ڕادەگەیەنێ کە گوایە بۆیە خۆی کوشتووە چونکە هێپۆلێت نامووسی بردووەو دەیەوێ خۆی پاکژ بکاتەوە، باوکی هێپۆلێت ماوەی خۆ شاربەدەر کردنەکەی تەواو بوو، گەڕایەوە لای ماڵ و منداڵی کە زانی ژنەکەی لەبەرچی خۆی کوشتووە نەفرەت لە هێپۆلێت دەکات، ئەویش هەوڵ دەدا کە ئەو تۆمەتە لەسەر خۆی لابەرێ، بەڵام سوودی نابێ، بۆیە باوکی بڕیار دەدا هەتا هەتایە شار بەدەر بکرێ.

داواش لە (پۆسیزۆن) - کە خوای دەریایە - دەکات کە گرفتاری دەردێکی بکات. وەختێ کە سەری خۆی هەڵدەگرێ و سواری گالیسکەکەی دەبێ، نەهەنگێکی دەریایی گەورە بۆی دێتە دەرەوەو ئەسپەکانی گالیسکەکەی دەسڵەمێننەوەو هیپۆلێت بەردەبێتەوەو، بەدەنی وردو خاش دەبێ و دەمرێ.

(ئەرتیمیس) هۆشی (تیسیۆس) دەکاتەوە دەزانێ دەرحەق بە کوڕەکەی هەڵە بووە، پەشیمان دەبێتەوە بەڵام پاش چی پاش ئەوەی کە دەمرێ[1].

### ٤- ئافرەتانی تروادە

درامایەکی پڕ بەترس و سامناکە، داگیرکردنی شاری ترووادەیە، سووتاندن و تاڵان کردنە، منداڵ کوشتن و خوێن ڕشتنە، ئافرەت بەدیل بردن و ڕوخاندنە، نغرۆ بوونی باژێڕی ترووادەیە.

پوختەی دراماکە: «لەدیمەنی یەکەمدا (تەلتبیۆس) هەواڵی بۆ (هیکۆبیا) هێنا: گریکەکان هەموو ئافرەتانی ترووادەیان بەند کردو لەناوخۆیاندا دابەشیان کردن.

(کاسەندریا) کە کچی پاشای ترووادەیە (پریامۆس)ە، خۆی بە سرۆش زانی خواکان دەزانێ، بەخەڵکەکە ڕادەگەیەنێ کەخواکان زۆر توورەن و نیگەرانی دەنوێنن، لەمەو پاش هەموو ڕک و تۆڵەیەکیان دەکەن بە سزادان و دەیرێژن و هەموو پاشاکانی گریکی پێ گرفتار دەکەن، ئەو نقڵانەی لێ داو خۆی دەغاڵەت بە ئاغا مەمنوون دەکات بۆ ئەوەی ببێ بەدەست بەسەری ئەو... لە دیمەنێکی تردا (ئەندرۆماکیا)ی ژنی هیکتۆر دەردەکەوێت بە (هیکۆبیا) ڕادەگەیەنێ کە کچەکەی (پۆلکسینیا) لەسەر گۆڕی (ئاخیل) سەربڕاوە... هێشتا لە قسەکەی نەبوو بووەوە یەکێکی تر هەواڵ دێنێ و پیی دەڵێت داوام لێ کراوە کە کوڕەکەت (ئەستیانکس) - کە تاقە کوڕیەتی - ببەم بۆ (ئۆدیسۆس) دەیەوێ بیکوژێ، لەم کاتەدا (هێلینا) دێتە لای (هێکۆبیا) گفتوگۆیەکی درێژ خایەن لەنێوانیاندا ڕوودەدات، پاش کەمێک (تەلتبیوس) دێتەوەو لاشەی (ئەستیانکس)ی لە سەر قەڵغانەکەی باوکی هەڵگرتووە، لەم کاتەدا ناڵەیەکی گەورە دەنگ دەداتەوە، هەموو دەزانن ناڵەی ڕوخاندنی قەڵای ترووادەیە، لەم دەمەدا هیکۆبیا چۆکی دەشکێ و ناتوانی لەسەر پێ خۆی ڕاگرێ، هەندێ جەنگاوەری (ئۆدیسۆس) ڕاستی دەکەنەوەو بۆی دەبەن، چونکە بەر ئەو کەوتووە[2].

(١) اشهر المذاهب المسرحية: تأليف دريني خشبة ل٢٧-٢٩.

(٢) الفكر اليوناني او الهيليني - تاليف الدكتور محمد غلاب الجزء الثالث ل١٨٩-١٩٠. هەروەها: (ملامح مصرية في المسرح الاغريقي- علي نور. ل٥٠.



ئەم درامایە لە ساڵی (٤١٥)دا نوێنراوە بریتییە لە زنجیرە دیمەنێکی سامناک و تراژیدی (یۆریپیدیس) ئەو کارەساتانە کە بەسەر ترووادەدا هاتن زۆر جوان دەیانخاتە ڕوو، هەروەها ئەم درامایە تابلۆیەکی هونەرییە بۆ نەخشاندنی ئازار و ئەڤینی سۆز و ترس و بێزاری کینەو ڕک بوونەوە، خۆشەویستی دایکان و بێ نەوایی منداڵان، بێ بەزەیی مرۆڤ و درۆندەیەتی.

### ٥- هێلین Helene

پوختەی دراماکە: «ئەفرۆدێت خوای خۆشەویستییە، هێلینی ڕاستی بەدووی پاریس ناخا، ئەو هێلینە کە ڕەدوو بووەو لەتەک پاریسدا بەرەو ترووادە چووە، هێلینێکی ترەو تارمایی هێلینە ڕاستییەکەیە.

هێلین خۆی لەتەک (هرمیس)دا بەرەو میسر بەرێ کراوە، لەوێ میوانی پاشای میسرە کەناوی (پرۆتیمۆس)ە... هەر لەوێ دەبێ تا پاشا دەمرێ و کوڕەکەی (تیوکلۆمنوس) جێی باوکی دەگرێتەو، داوا لە هێلین دەکات کە ببێ بە هاوسەری، ئەویش لەبەر ئەوەی وەفاداری (مینیلائۆس)ی مێردیەتی توورە دەبێ و پەنا دەباتە بەر ئەو پەرستگایە کە (تیونۆی) کچی (پرۆتیمۆس) لەوێ خوا پەرستی دەکات، هێلین لەگیانی (پرۆتیمۆس) دەپارێتەوە کە ڕزگاری بکات، لەو کاتەدا جەنگی ترووادە تەواو دەبێ و لەشکری گریکەکان دەگەڕێتەوە (مینیلائوس) لە ناو دەریادا ڕێگە بزر دەکات و شەپۆلی دەریا فرێی دەداتە وڵاتی میسر لەوێ ڕێی دەکەوێتە ئەو پەرستگایە کە (هێلین)ی لێیە بەیەکتری شاد دەبنەوە، بۆی دەردەکەوێت کە کەس ناموسی ئەوی نەڕاکاندووە، بەهۆی (تیونۆی)یەوە بەرەو گریک و دوورگەی ئەسپرتە دەکەونە ڕێ و دەگەڕێنەوە».

ئەم درامایە لە ساڵی (٤١٢)دا تەمسیل کراوە.

وەک لەشێوەی داڕێشتن و بابەتەکەیا دەردەکەوێت، یۆریپیدیس لە سەر بیروڕای چیرۆکە بنەڕەتییەکە نەڕۆیشتووە، چیرۆکی هێلین و پاریس لە کەلەپووری گریکدا دیارە: ئەوە بوو پاریس هێلینی ڕفاندوو بردی بۆ ترووادە، کە لە ئاسیای بچووکی ئێستایە، ئەو شەڕەی کە بە «شەڕی ئەیونی» بەناوبانگەو دە ساڵ درێژەی کێشاوە.

### ٦- ئۆریست:

کورتەی دراماکە: (لەدیمەنی یەکەمدا ئۆریست دەبینین نەخۆشەو لەسەر جێگە کەوتووە، لەتەنیشتییەوە ئەلیکترایە... ئەم دەڕوا پشووێ بدا، (مینیلائۆس) مامی دێتە لای، داوای لێ دەکات لە ڕۆژی مەحکەمە کردنیا پشتی بگرێ دوای کەمێک چاک دەبێتەو، پەشیمانی لەوەی کردی ویژدانی کرمۆڵ کرد،کە مینیلائۆس لێی پرسی کوێت دێشێ؟ دەڵێ ویژدانم، ئەویش بەزەیی پیا دێتەو، (تەندارۆس)ی باپیری لەسەر ئەوە سوورە کە ئۆریست بدرێتە مەحکەمەو سزا بدرێ.

(پیلادیس) برادەری ڕاستییەتی، وا بڕیار دەدەن کە بە دزی ئەلیکتراوە بەرامبەر ئەنجومەنی دادکاران ڕاوەستن و بەرگری لەخۆیان بکەن، هەردوو دەڕۆن، دوای دەمێک پەیامبەرێک هەواڵ دەگەیەنێ، کە دادگا بڕیاری داوە ئۆریست و خوشکەکەی ئەلیکترا لە سزای کوشتنی دایکیاندا دەبێ لەگەڵ ئاوابوونی ئەم ڕۆژەدا خۆیان بکوژن، ئەلیکترا وەک لەهەڵدێرێکی بڵند بەربێتەوە، بەو هەواڵە تاسا و دەستی کرد بە خۆ لاواندنەوە، دوای دەمێک ئۆریست و پیلادیس لە دادگا دەگەڕێنەوە، پیلادیس بڕیار دەدا لەتەکیاندا خۆی بکوژێ، بڕیاریش لەسەر ئەوە دەدەن پێش ئەوەی خۆیان بکوژن، مینیلائۆس سزا بدەن بەوەی (هێلین) و کچەکەی (هیرمیونا) بکوژن... خەریکی ئەو پیلانە دەبن، هاوارێک لە ئافرەتێک دەبیستن، یەکێک لە

خزمەتکارانی کۆشک دەردەپەڕێتە دەرەوە گاز دەکا: هێلین گوم بوو؛ بەبێ ئەوەی کەس بزانێ بۆ کوێ چووە، مینیلائۆس دێتە لای ئۆریس، ئەمیش بەهەڕەشە دەیترسێنێ و داوای لێ دەکات کە ئەگەر هەر ئێستا نەڕواتە دادگا ئەو بڕیارەی هەڵ نەوەشێنێتەوە ئەوا کچەکەی دەکوژێت، مینیلائۆس دەپەشۆکێ، لەم کاتەدا ئەپۆلۆن دەردەکەوێت و ئەم بڕیارانە دەدا، هێلین بەرەو ئاسمان بەرز بووەتەوە، با بڕوا، (مینیلائۆس)یش دەبێ بەرەو ئەسپرتە بگەڕێتەوە پاشایەتی خۆی بکات، (پیلادیس)یش دەبێ ئەلیکترا مارە بکات پێش ئەوەی مارەی بکات دەبێ ساڵێک شاربەدەر بکرێ).

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٠٨)دا نوێنراوە.

ئەگەر بەراووردی (ئۆریست)ی یۆریپیدیس بکەین لەتەک (ئۆریست)ی ئەسخیلۆسدا لەدرامای قوربانی کاراندا: (ئیرینی)یەکان کە خوای ئازار دان و ڕاونانی گوناهبارانن، ئۆریست سەخڵەت دەکەن، کەچی لێرەدا یوریپیدیس ئەو (ئیرینی)یانەی کردووە بەسەرزەنشتی ویژدان (تأنیب الضمیر) و ختووکەی دڵ.

هەروەها (یوریپیدیس) دەستی لەسەر ئەو ڕاستییە داناوە کە سەرچاوەی فرمان و بگرەو بەردەو بەندو باو بەدەست مرۆڤ خۆیەتی نەک بەدەست ئەپۆلۆن و خواکانی تر.

### ٧- ئەفیجینیا لە ئۆلیس Iphigenia Aulis

کورتەی دراماکە: «لەشکرەکانی گریک هەموو لەمینای ئۆلیس دان و چاوەڕانی بایەکی بەگوڕ دەکەن کە پاڵ بە پاپۆڕەکانیانەوە بەرەو ترواده بنێ، هەراسان بوون وا بۆ چەند ڕۆژێک دەڕوا هەر چاوەڕوانن مشت و مڕ لەناو لەشکردا پەیدا بوو داخۆ خوای باوبۆران نیازی چییە؟

(کلخاس)ی مۆغان نقلانەیەکی لێ داو گوتی: با هەڵ ناکات تا (ئاغا مەمنوون) کە سەرلەشکری هەموو سوپایە ئەفیجینیای کچی لە قوربانگای (ئەرتیمیس)دا نەکات بەقوربانی، ئاغا مەمنوون کە ئەمە دەبیسێ سەری کاس دەبێ، لەلایەکەوە ئەو هەموو پاشا و سوپاسالارەی گریک لەوێ خڕبوونەتەوە، هەڵبەتە بۆ بەرژەوەندی گشتییەو مەسەلە پاراستنی ناموسی گەلی گریکە، ئەگەر ئەو قوربانییە نەکرێ لەناویاندا ئاژاوە بەرپا دەبێ و ئەنجامی گەلێ خراپە، لەلایەکی تریشەوە قوربانیدان بە پارچەیەک لە جەرگ کەم نییە، بەڵام بەرژەوەندی گشتی لە بان هەموو بەرژەوەندییەکی ترەوەیە، بۆیە بەناچاری نامەیەک بۆ (کلیتمینسترا)ی ژنی دەنووسێ و داوای لێ دەکات بە پەلە لەتەک ئەفیجینیادا بێن بۆ (ئۆلیس). چونکە دەیەوێ ئەفیجینیای کچی لە (ئاخیل) کە گەورەترین پاڵەوانی گریکە مارە بکات، ئەفیجینیا و دایکی بە شایی و خۆشی بەخێرا دەگەنە ئۆلیس کە دەگەنە ئەوێ هەست بە خەم و پەژارەیەکی مۆن لەناوچاوانی ئاغا مەمنووندا دەکەن، دیارە کارەساتێک لەنێو چاوانیا خۆی مڵاس داوە! یەکێک لە خزمەتکارەکانی ڕاستییەکەیان لا دەدرکێنێ.

دایکی ئەفیجینیا لە حەیبەتا لەرزی لێ دەنیشێ و دەستە داوێنێ (ئاخیل)دەبێ کە فریایان بکەوێ ئەویش کە دەزانێ نیازی ئاغا مەمنوون چییە سەرسام دەبێ، ئەفیجینیا دەپاڕێتەوە کە نەکرێ بە قوربانی، باوکەش چارەیەکی تری نییە، لەشکر تینوی چوونە شەڕیەتی، خواکانیش تینوی خوێنیانە، جەنگاوەرەکان هاوار دەکەن، کەی قوربانییەکە دەکرێ، لێرەدا شکۆمەندی و ڕێز لە ئەفیجینیای تازە نەمامی شۆخ و شەنگدا وەک مانگی تابان دەدرۆشێتەوە، وا لەشکر چاوەڕوانە، ئیتر چۆن خۆی بۆ ئەو فیداکارییە تەرخان نەکات؟ باوکی دوو دڵەو سۆز و نەوای باوکیەتی هێزی لێ چنیوەو پەڕ ناکێشێتە سەر کارەکە، کەچی ئەفیجینیا وا خۆی بەسەر قوربانگای (ئەرتیمیس)دا داوەو ئامادەیە بۆ فیداکاری



لەڕێی وڵاتی گریکدا، لەو کاتەدا کە ئامادە دەبێ بۆ سەربڕین (ئەرتیمیس) دەرفەتی هێناو ڕفاندی و لەجیاتیا ئاسکێکی دانا ئاسکەکە لە جیاتی ئەو سەربڕا، بایەکی قایم هات و پاڵی بە پاپۆڕەکانی لەشکرەکانەوە بەرەو ترواده نا(١).

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٠٥)دا پاش مردنی یۆریپیدیس خراوەتە سەر شانۆ، یەکێکە لە باڵاترینی ئەو درامایانە کە ماون و نەفەوتاون، هەروەها یوریپیدیس لەم درامایەدا توانیویەتی ناسکترین هەست و سۆزو ئازارو پەستی، شیرینی ژیان و تاڵی مردن و مەگێزی دایکیەتی و باوکییەتی و نازو نەوای جگەر گۆشانی ئادەمیزاد بنەخشێنێ.

ئەفیجینیای کرد بەسەر قافڵەی هەموو نموونەیەکی قوربانی دان، لە درامای ئەفیجینیا جگە لەو دیمەنەی کە خوا (ئەرتیمیس) فریا کەوت و ئەفیجینیای ڕفان جگە لەوە ئیتر هەمووی دەربڕینی ڕاستەقینەی سروشت و ناو دەروونی ئادەمیزادە.

### ٨- ئافرەتانی باکۆسیا

باکۆس یان (باخۆس) لەلای خەڵکی ئاسیا خوای مەی بووە، گریکەکان ناویان ناوە (دیۆنیسۆس)

بابەتی ئەم درامایە بریتیی لە: نەپەرستن و ڕکانبەری کردنی (دیۆنیسۆس).

کورتەی دراماکە: «وا دیونیسۆس لە شاری سیبادا؛ داوای خوایەتی دەکات، ئافرەتانی ئەوێ باوەڕی پێ ناکەن و ناپەرستن، ئەویش لە ڕکان هەموویان تووشی وڕێنە کردن و گێژبوون دەکات... ئەو ئافرەتانە هەموو دەبرێنە چیای (کیسیرۆن)... لەوێ خووی ئەو ئافرەتانە وەردەگرن کە دوای کەژاوەکانی جەژنی (باکۆس) دەکەون و سەماو سووردان دەکەن... (کۆرسی ئەم درامایە لەو جۆرە ئافرەتانە پێک هاتووە بۆیە ناوی ئافرەتانی باکۆسە).

(کدمۆس کە دامەزرێنەری شاری سیبایە سەر بە پەرستگای (دیونیسۆس)ە، کەچی کوڕەزاکەی کە ئێستا پاشای ئەوێیە، ڕکی لێی دەبێتەوەو سەری باوەڕ پێهێنانی بۆ دانانەوێنێ، جگە لەمەش (دیونیسۆس) بەخوایەکی فێڵبازو تەڵەکە زانی دەزانێ.

ئەویش لە داخ ئەو بیرو باوەڕەی کۆشکەکەی دەداتە بەر بروسکەی هەورە تریشقە و تووشی نەخۆشی گێژبوون دەبێ و بەرەو چیای (کیسیرۆن) ڕادەکێشرێ لەوێ ئافرەتە باکوسیاییەکان پارچە پارچەی دەکەن یەکێک لەو ئافرەتانە کە بەیەکەم لێدان لەگۆی دەخا (ئاغاویا)ی دایکی دەبێ لەبەر ئەوەی (دیونیسۆس) مێشکی تێک داوە نازانێ ئەوە کوڕەکەی خۆیەتی، باپیرەی (کدمۆس) دەڕواو پارچەکانی خڕ دەکاتەوە، دەیان هێنێتەوە، لەمە (ئاغاویا) چاوی بە کەل و پارچەکانی کوڕەکەی دەکەوێت گێژییەکەی بەری دەدا ئەوجا دەزانێ ئەوە کوڕەکەی خۆیەتی.

دەشزانێ خۆی دەست پێشکەری کوشتنی بووە، چ کارەساتێک لەوە ناهەموار ترە کە مرۆڤ بەدەست خۆی سازی بدا، لەم کاتەدا (دیونیسۆس) دەردەکەوێت و دەڵێ: ئەو جۆرە کوشتنە سزای ڕکانبەری کردن و باوەڕ نەهێنانە، بڕیاری ئەوەش دەدا کە (کدمۆس) و کچەکەی (ئاغاویا) دەبێ هەر یەک بۆ وڵاتێک شاربەدەر بکرێن».

ئەم درامایەش وەک هی پێشوو، پاش مردنی یۆریپیدیس لە ساڵی (٤٠٥)دا خراوەتە سەر شانۆ.

(١) درامای ئەفیجینیا: کاک ئەحمەد سالار وەری گێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی.

### ٩- ئەندرۆماكیا Andromache

کورتەی دراماکە: «ئەندرۆماکیا کۆنە ژنی (هێکتۆری کوڕی پریامۆس)ە ئێستا دەست بەسەرەو، دیلی (نیوبتۆلیمۆس)ی کوڕی (ئاخیل)ە...

ئەندرۆماکیا کوڕێکی لە (نیوبتۆلیمۆس) دەبێ، دوای ماوەیەک لێی جیا دبێتەوەو (هێرمۆنیا)ی کچی (مینیلائۆس) مارە دەکات.

لەبەر ئەوەی ئەم هێرمۆنیا ئافرەتێکی نەزۆک دەبێ؛ ڕکی لە ئەندرۆماکیا و کوڕەکەی دەبێتەوەو هەوڵ دەدا لەناویان بەرێ، نیوبتۆلیمۆسیش چووە بۆ (دلفی) بۆ ئەوەی ڕای خواکان بزانێ بۆچی منداڵی لە هێرمۆنیا نابێ.

هێرمۆنیا و باوکی کە دەزانن نیوبتۆلیمۆس لەوێ نییە، بە هەلی دەزانن هەوڵ دەدەن ئەندۆماکیا و کوڕەکەی بکوژن، بەڵام (پلیۆس) کە باوکی ئەندۆماکیایە پیلانەکەیان بەتاڵ دەکاتەوە.

مینیلائۆس بەرەو (ئەسپرتا) دەگەڕێتەوە، (ئۆریست) لە دلفییەوە دێت (هێرمۆنیا) دەباو... هێشتا ئۆریست و هێرمۆنیا لەچاو بزر نەبوون، پەیامبەرێک هەواڵ دەدات کە ئۆریست لە دلفی نیوبتۆلیمۆسی کوشتووە، دیارە ئەو ڕەدووبوونەی هێرمۆنیا لە زووەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، لەم کاتەدا (ستیتیس) کە دایکی (ئاخیل)ە هەواڵ بە (پلیمۆس)ی باوکی ئەندرۆماکیا دەدات کە دەبێ ئەندرۆماکیا لەوێ نەمێنێ و بڕوا بۆ (تیپیر) بۆ ئەوەی شوو بە (هێلینۆس)ی کوڕی (پریامۆس) بکات».

گوایا ئەم درامایە لە ساڵەکانی (٤٢٧-٤٢٥)دا، لە دەرەوەی شاری ئەسینا خراوەتە سەر شانۆ.

### ١٠- هەرقلیەکان:

کورتەی دراماکە: «ئۆریست داوا لە (دیموفۆن)ی کوڕی (تسیۆس)ی پاشای ئەسینا دەکات کە نەوەکانی (هەرقل)ی بداتێ ئەویش داواکەی ڕەت دەکاتەوە، چونکە ئەوانەی پەنایان بەر ئەو بردووەو لەسایەی ئەودا دەژین دانەوەیان بەدەست ئۆریست کارێکی نامەردانەیە بۆیە نایانداتەوە، ئامادەشە لە پێناویاندا بجەنگێ.

لەماوەی ئەو بێنەو بەردەدا سروش زانان هەواڵ وا دەگەیەنن کە لەو جەنگەدا سەرناکەوێت، ئەگەر کیژی پیاوێکی ناودار خۆی نەکا بە قوربانی بۆ (پرسیفونیا) کە ژنی (هادیس)ەو خوای دۆزەخە.

(ماکریا) قەیرە کچی (هەرقل)ە، ئامادەیی خۆی بۆ ئەو قوربانییە دەردەخات... کچە سەر دەبڕدرێ و (دیموفۆن) لە جەنگەکەدا سەر دەکەوێ... (ئۆدیست) بە بەندکراوی دەکەوێتە بەر دەستی (دیموفۆن).

(ئەلکیمینیا)ی دایکی هەرقل داوا لە دیمۆفۆن دەکات کە ئۆریست بکوژێ بۆ ئەوەی داخی دڵی سارێژ ببێ، ئەویش بە قسەی دەکات».

ئەم درامایە لە ساڵەکانی (٤٣٠-٤٢٧)دا خراوەتە سەر شانۆ ئەم درامایەی یودیپیدیس لە کاتێکدا نووسراوە کە دوژمنایەتی نێۆان ئەسینا و ئاراگۆس بەتین بووە، ئەوەتا یوریپیدیس، وەک نیشتمان پەروەرێک پاشای ئەسینا بەمەرد و پیاو چاک وێنا دەکات.

چونکە بووە بە سێبەری هەژاران و لێ قەوماوان، کەچی پاشای ئاراگۆس بە نامەردو بیژی دەداتە قەڵەم، چونکە دەیەوێ ئەوانەی کە باوکیان نەماوە بیان چەوسێنێتەوە.



### ١١- هێکوبیا Hecube

ئەم درامایە لە دوو بەش پێک هاتووە، هەر بەشێکیان تراژیدیایەکی نیمچە سەر بەخۆیە.

کورتەی بەشی یەکەم: «پاش ئەوەی گریکەکان تروادە دەگرن، هێکوبیای ژنی (پریام) کە پاشایەکی بەڕێزو شکۆمەندە، بەند دەکرێ و دەبێتە دیلی (ئۆدیسۆس) و بەر ئەو دەکەوێ، (پۆلیکسینا)ی کچی هێکوبیا دەبەن بۆ ئەوەی بیکەن بە قوربانی بۆ (ئاخیل) بۆ ئەوەی بەری پاپۆڕەکانیان نەگرێ و بەرەو گریک بگەڕێنەوە، هێکوبیا سەرەڕای ئەو هەموو کۆس و کارەساتەی کە بەسەریا هاتبوو، بردن و سەربڕینی کچەکەشی برنێکی گەورەبوو، بۆیە پەنا دەباتە لای (ئۆدیسۆس)، بەڵام دڵڕەقێکی وەکو ئەو کوا بەزەیی بە دایکێکی جگەر سووتاوی وەک ئەودا دێتەوە، پۆلیکسینا ببوو بە هۆی سەر سوڕمانی هەموو خەڵک... چۆن کیژۆڵەیەکی وا شازادە بە ئاسانی، بەبێ ترس و لەرز ڕووبەڕووی مردن ڕاوەستا، بەشوێن سەربڕەکەیا وا بە ئاسانی دەڕۆیشت لات وابوو بۆ سەردانی نەخۆشێکی خزمیان دەچێ، خۆ ئەگەر گوێ بۆ ئەو کابرایە بگرین کە لە دوا ساتی سەربڕینەکەیا لەوێ بووە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە قوربانی شکۆمەندو سەلاری وا نەبووەو نابێ».

کورتەی بەشی دووەم: «لەوەختی خۆیا (پریام) پاشای ترواده (پۆلیدۆر)ی کوڕی ناردووە لای پاشای (تراقیا) بۆ ئەوەی چاودێری بکا لەسایەی ئەودا ڕزگار بن، سەبارەت بەوە کۆڵێ زێڕو پارەی لە تەکیا ناردووە، وا ئێستا لاشەکەی (پۆلیدۆر)یان بە مردووی بۆ هێکۆبیایان هێناوەتەوە، ئەمەش کارەساتێکی تری سامناکە، هێکۆبیای داماو جا وەرە ئەم هەموو برینانە لە جەرگت بکرێن، ئەم برینانە قەت سارێژ نابنەوە، ڕکێکی پیرۆز دەرحەق بە (پولیمیستۆر) لەناو دەروونیان حەشار دەدات، چونکە لێی ئایین دەبێ ئەو کوشتوویەتی، بەفێڵ خۆی و کڕوەکانی لەناو خێوەتەکانی ئافرەتە ترواده‌ییەکان داوەت دەکات، لەوێ هەردوو چاوی خۆی هەڵدەکۆڵێ و هەموو منداڵەکانیشی دەکوژێت».

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٢٤)دا خراوەتە سەر شانۆ.

دراماکە دوو تابلۆی پڕ لە کارەسات و سامناکین.

ئەمیش یەکێکە لەو بەرهەمە پڕ بەپێزو نایابانەی (یورپییدیس) بەبێ کەم و کورتی ماون، مەگەر هەر خامەی ئەو توانیبێتی وا بە ئازار و ئەشکەنجەو قرچەی دەروونی جگەر سووتاو و کۆس کەوتوێکی وەک هێکۆبیا بنەخشێنێ.

پاڕانەوەو نورانەوەی شاژنێک لە دوژمنی هەرە گەورەی خۆ مەگەر هەر هێکۆبیا ئەو جۆرە پاڕانەوە بەو شێوەیە لە دوژمنی دڵڕەقی خۆی بکا.

### ١٢- نزاکاران

کورتەی دراماکە: «دایکی ئەو جەنگاوەرو ئەفسەرانە کە لە جەنگەکەی نێوان (پۆلینیکۆس) و (ئیتیوکلیس) کوژران و (کریۆن) نەیهێشت ئەسپەردە بکرێن، وا لە دەوری کۆشکی پاشای ئەسینا (تسیوس) کۆبوونەتەوەو لە پاشا دەپاڕێنەوە کە کارێکی وا بکات لاشەی ڕۆڵەکانیان وەربگرنەوەو ئەسپەردەیان بکەن، ئەویش داواکەیان بە ڕەوا دەزانێ و بڕیار دەدا کە هەر جۆر بووە، جێبەجێی بکات، لەو کاتەدا پەیامبەرێک لە سیباوە دێت، بە تیسیوس ڕادەگەیەنێ کە دەبێ ئەو ئافرەتانە دەرکات و داواکەیان ڕەت کاتەوە.

تیسیۆس داواکەی (کریۆن) ڕەت دەکاتەوە بەوەی کە سوورە لەسەر داوای ئەو ئافرەتانە... جەنگ لە

نێوان (تیسیۆس) و (کریۆن)دا ڕوودەدات، تیسیۆس بەسەریا زاڵ دەبێ، لاشەی هەموو مردووەکان خڕ دەکاتەوەو بەپێی داب و نەریتی کۆمەڵ ئەسپەردەی کردن».

ئەم درامایە لەساڵی (٤٢٢)دا تەمسیل کراوە.

دراماکە هەمووی شانازییە بە گەلی ئەسینا.

## ١٣- ئەلیکترا

کورتەی دراماکە: «دایکی ئەلیکترا و ئیجۆست ئەلیکترایان لە کابرایەکی جوتیار مارە کردووە، لەناو کێڵێگەیەکدا دەژین، کێڵگەکەیان وەک کۆشکی بەهەشت لێ کردووە، کابرای جوتیار هەموو خوویەکی دابووە ئەوەی کە ئەلیکترا[1] بەختەوەر بێ... ئۆریستی برای بەمێوانی بەناوی یەکێکی نەناسراوەوە وارسیان دەبێ، وا خۆی پیشان دەدا کە هەواڵی ئۆریستی هێناوە، کابرای جوتیار کە ئەمە دەزانێ زوو هەواڵ بۆ کۆشکی ئاغا مەمنوون دەنێرێ کە گوایا یەکێک هاتووە هەواڵی ئۆریستی پێیە، ئەو لەبەر خۆیەوە لای وایە ئێستا دانیشتوانی کۆشک بەو هەواڵم دڵخۆش دەبن.

ئۆریست خۆ لە خوشکی ئاشکرا دەکات، دوای شاد بوونەوە پیلان بۆ کوشتنی دایکی و ئیجۆستی مێردی دادەنێن.

کابرای مێردەی ئەلیکترا لە ڕێی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە بەلای گۆڕەکەی ئاغا مەمنووندا تێدەپەڕێ و سەرنج دەدا وا قەفێ پرچی تازە بڕاو لەسەر گۆڕەکەیە، ئەو قەفە پرچە بەهی ئۆریستی دەزانێ و دەیانباتە ماڵ وە بۆ ئەلیکترای خێزانی، مژدەی دەداتێ کە ئۆریست هاتووەتەوە بەڵام خۆی لە خەڵک ئاشکرا ناکات، قەفە پرچەکە دەخاتە بەر دەستی ئەلیکترا و دەڵێ ئەوەش بەڵگەی هاتنەوەی... بەم شێوەی خوارەوە ژن و مێرد لەو بارەوە قسە دەکەن:

ئەلیکترا: چۆن دەزانی ئەو پرچە هی ئەوە؟

ـ : چونکە دوو کەس کە خوشک و برا بن یەک خوێن لە دەمارەکانیاندایە کەوابێ پرچیشیان وەک یەکە.

ئەلیکترا: ئاخر پرچی پیاو بە وەرزش دڕدەبێ، پرچی ئافرەتیش بەشانە نەرم دەبێ، جگە لەوەش زۆر کەس هەن لە یەک خوێن نین کەچ پرچیان وەک یەکە.

ـ : وەرە تەماشای شوێن پێکانی بکە لە پێی تۆ دەچن.

ئەلیکترا: هەی پیری فامیدە... لەسەر زەوی ڕیچ و ڕەقەن، شوێنی پێی چی؟ وێڕای ئەوەش چۆن پێی پیاو وەک هی ئافرەتە، با خوشک و براش بن[2]".

ئەوەندەی پێ ناچێ مێردەو ئۆریست لە یەکتری ئاشکرا دەبن، ئەوان لەوا دەبن، ناڵەیەک بەرز دەبێتەوە... کە تەماشا دەکەن، ئەلیکترا ئیجۆستی بەرداوەتەوە، وا لە دووریشەوە کلێتمینسترا دیارەو بەرەو ماڵی ئەلیکترا دێ.

ئۆریست کە بیر لەوە دەکاتەوە کە گەیشتە بەرەوە دەبێ سەری ببڕێ، بەڵام دەپەشۆکێ، ئەلیکترا هەڵی

(١) لێرەدا یوریپیدیس دەیەوێ ستایشی یاسای دیموکراسیەت بکات، کە بەپێی ئەو یاسایە، جوامێری و مەردی نە بەرەگ و رەچەڵەکە نە بە پایەبەرزی ناو کۆمەڵ و سایەو مایەیە.

(٢) لەو دایلۆگەدا یوریپیدیس دەیەوێ رەخنە لە ئەسخیلۆس بگرێ کە هەندێ شتی وا لە درامای ئەلیکترای ئەودا هەیە، هۆش بەشتی پڕوپووچی دادەنێ.



دەنێ و هێزی دەداتە بەروپێی و دەڵێ: تۆ فرمانی (ئەپۆلۆن) جێبەجێ دەکەیت، ئەویش وەرامی دەداتەوە:

ـ : ئەو سرۆشەی کە فرمان بە کوشتنی دایک و باوک بدا سرۆشێکی کوێرانەیە[1].

کلێتمینسترا ئاگای لەوە نییە مێردەکەی بەدەستی ئەلیکترای کچی کوژراوەو ئۆریستی کوریشی لەوێیە، ئەلیکترا بە نەرم و نیانی پێشوازی دایکی دەکات، پێشی دەکەوێ تا دەیخاتە ناو داوی مردنەوە، لە کاتی سەربڕینیا دەستی ئۆریستی برای دەگرێ بۆ ئەوەی نەلەرزێ.

لە سزای ئەم کارەدا بە فرمانێکی تری ئەپۆلۆن ئەلیکترا لە شاری (ئاراگۆس) دەربەدەر دەکرێ.

(ئۆریست)یش دادگای بۆ دەبەسترێ، پاش بەخشین و بەری بوونی، بەرەو هەرێمی (ئەرکەدیا) شاربەدەر دەکرێ، پاش ئەمە خەڵکی شار، ئیجۆست وەک مینیلائۆس و هێلینیا و کلێتمینسترا ئەسپەردە دەکرێ[2].

ئەم درامایە لە ساڵی (٤١٣)دا تەمسیل کراوە، وەک بە کۆتایی دراماکەدا دیارە، ئەم درامایە هەمووی ڕەخنەیەو ئاڕاستەی بیرو باوەڕو نەریت کراوە، نووسەر شتێکی تری لەسەر درامای ئەلیکترای ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس نەهێناوە، بەڵکو ویستوویەتی بیکات بە چەکێک ئاڕاستەی خواکانی گریکی بکات.

## ١٤- هەرقلە شێت:

ئەم درامایەش وەک درامای هێکوبیا دوو بەشە، بەڵام ئەم وەک دوو ئاڵقەن لەیەک زنجیرەدا.

کورتەی بەشی یەکەم: «هەرقل بەرەو دۆزەخ شۆڕ دەبێتەوە، بۆ ئەوەی (کیربیرۆس) کە سەگێکی سێ سەرەو پاسەوانی دۆزەخە، سینکی بکاو بهێنێ، دەڕواو ناگەڕێتەوە، خەڵک پێیان وا دەبێت کە مردووە... بۆیە (لیکۆس) ئەمەی بەهەل زانی ژنەکەی هەرقل (میگارا) و هەر سێ منداڵەکەی و هەموو خێزانەکەی دەگرێ و خۆی دەکا بە پاشای وڵات: دەیەوێ لە دەرفەتێکدا هەموویان بکوژێ، پێش ئەوەی ئەو پیلانەی جێبەجێ بکات، هەرقل دەگەڕێتەوەو (لیکۆس) دەکوژێ و خێزانەکەی خۆی لە مردن ڕزگار دەکات، بەڵام (هێرا) کە خێزانی (زیوس)ە گەلێ ڕکی لە هەرقل دەبێتەوە، (لیتا) کە خوای ڕک و کینەیە، ڕەوانەی ناو کۆشکەکەی دەکات و دەستی لێ دەوەشێنێ و شێتی دەکات، ژنەکەی و هەر سێ منداڵەکەی خۆی دەکوژێت و پێی وایە: ژن و منداڵەکانی لیکۆسن».

کورتەی بەشی دووەم: «هەرقل کە هۆشی بەبەردا دێتەوەو دەزانی چ کارەساتێکی بەسەر خۆی و خێزانەکەیدا هێناوە، هەوڵ دەدا خۆی بخنکێنێ و ڕزگاربێ لەو ژیانە تاڵ و تاریکە، لەو کاتەدا پاشای ئەسینا (تسیۆس) دەگاتە ئەوێ بۆ ئەوەی سیبا لە دەست (لیکۆس) ڕزگار بکات، تا ئەو کاتە ئەو نەیزانیبوو کە هەرقل گەڕاوەتەوەو (لیکۆس) کوژراوە، بەڵام کە بە کارەساتەکەی هەرقلی زانی، زۆر دڵی دایەوەو خەیلێ سەرزەنشتی کرد لەسەر ئەوەی کە دەیەوێ خۆی بکوژێ، پێی وت: پیاوی ئازا و مەرد ناشێ خۆی بکوژێتەوە، لە پاشدا لەتەک خۆیا هێنای بۆ ئەسینا بۆ ئەوەی لەوێ بحەوێتەوە».

ئەم درامایە لەنێوان ساڵەکانی (٤٢٤-٤٢٠)دا خراوەتە سەر شانۆ.

## ١٥- ئەفیجینیا لە تاورس Ipfigenia in tauris

کورتەی دراماکە: «پاش ئەوەی (ئەرتیمیس) ئەفیجینیای لەسەر بڕین لە ئۆلیس ڕزگار کردو بردی بۆ

(١) بەم قسەیە دەیەوێ رەخنە لە خواکانی هێلین بگرێ کە فرمان و سرۆشەکانیان بێ سەرو بەرن.

(٢) في اضواء المسرح - رجاء النقاش - اقرأ دار المعارف بمصر ل٣٨-٣٩.

تاوریس لەوێ کردی بە کاهینەی سەربڕینی ئەو کەسە بیانیانە کە دەکەونە بەردەستی خەڵکی ئەوێ، بەتایبەتی ئەوانەی کە گریکن، چەند ساڵێک لەوێ مایەوەو ئەو کارە کە لەسەر شانی بوو بە ڕاستی و دروستی ڕای دەگەیاند.

وا ڕێک کەوت (ئۆریس)ی برای و برادەرەکەی (پیلادیس) ڕێیان دەکەوێتە ئەوێ و دەگیرێن و دەبرێنە ئەو پەرستگایە کە سەریان دەبڕێ و دەیانکات بە قوربانی، ئۆریست نازانێ ئەفیجینیای خوشکی لەوێیەو کاری سەربڕینی قوربانییەکانی بەدەستە، ئەوانیش بۆیە ڕێیان کەوتووەتە ئەوێ چونکە بە تەگبیری (ئەپۆلۆن) ڕۆیشتوون، ئەپۆلۆن وای تێگەیاندوون کە ئەگەر بڕوات (کسوانۆن) کە پەیکەرێکی دارینی (ئەرتیمیس)ە بیهێنێ لە نەخۆشی ئەو «فێ»یە کە پاش کوشتنی دایکی پێی فێر ببوو چاک دەبێتەوە... وا ئێستا لە (تاورس)ن، کە ناوچەیەکە لە وڵاتی (قرم) لەمە ئەفیجینیا چاوی بەو دوو کوڕە گەنجە دەکەوێت ڕەحمی دەچێتە سەریان و پرسیار لە ناویان دەکات، بەڵام (ئۆریست) ناوی خۆی نادا، هەر ئەوەندە دەڵێ: من گەنجێکم لە شاری (ئاراگۆس)ەوە هاتووم، ئەفیجینیاش منیش لە بنەڕەتا خەڵکی ئەوێم، لە پاشدا هەواڵی ئاغا مەمنوونیان لێ دەپرسێت، ئەوانیش هەموو هەواڵی کارەساتەکانیان بۆ دەگێڕنەوە، تەنانەت باسی سەربڕینەکەی ئەفیجینیاش دەکەن.

ئەویش خۆیان دەکاتە سەر پشک کە دەبێ یەکێکیان بکرێ بە قوربانی، ئەویتریشیان بەرەڵڵا دەکرێ بە مەرجێ نامەیەک دەنووسێ و بەدەستی خێزانی ئاغا مەمنوونی بگەیەنێ، لێرەدا هەر دوو برادەرەکان هەر یەک دەیەوێ خۆی فیدای ئەویتر بکات، قسە دێتە سەر (ئۆریست) و دەڵێ: پیلادیس تۆ پێویستە بژی چونکە تۆ خاوەن ماڵ و منداڵی... لەم کاتەدا ئەفیجینیا نامەکە دەداتە دەست پیلادیس و بەرەڵڵای دەکات، ئەویش پەیمانی دەداتێ کە بیگەیەنێ.

پیلادیس وتی: ئەگەر هاتوو ئەو پاپۆڕەی کە سواری بووم لە ناو دەریادا نقوم بوو نامەکەیش لەگەڵیا تیا چوو، بەڵام خۆم ڕزگار بووم بەزار چییان پێ بڵێم، ئەویش (ئەفیجینیا) بەدەنگێکی بەرز نامەکەی بۆ دەخوێنێتەوە، بەوا دەزانن ئەو نامەیە ئاڕاستەی ئۆریست کراوە، لە نامەکەدا داوای لێ کردووە کە زوو بێت فریای بکەوێ، ئۆریست کە گوێی لە ناوەرۆکی نامەکە دەبێ دەست بەجێ دەزانێ ئەم ئافرەتە ئەفیجینیای خوشکییەتی لە یەک ئاشکرا دەبن. لەبەر ئەوەی دەرفەت ماوە نادا؛ هەوڵ دەدەن زوو پەیکەرەکە بڕفێنن و بڕۆن، لەو کاتەدا کە ئەفیجینیا خەریکی هەڵکەندنی پەیکەرەکە دەبێ پاشای (تاورس) دێت بەسەریا... ئەویش بە کارامانە چیرۆکێکی بۆ دروست دەکات بۆ ئەوەی پاشا هەست بە هیچ نەکات، ئیتر هەر سێ دەرباز دەبن... دوای ماوەیەک پەیامبەرێک هەواڵ دەدا کە ماستێرەو دوو بەندەکە هەڕایان کردووە، پاشا دەیەوێ نەیەڵێ لەدەست دەرچن بەڵام یەکێک لە خواکان داوای لێ دەکات کە وازیان لێ بێنێ ئەویش وازیان لێ دەهێنێ».

ئەم درامایە لە ساڵەکانی نێوان (٤١٩-٤١٢)دا تەمسیل کراوە.

ئەوانەی کە لە درامای گریکیان کۆڵیوەتەوە وای بۆ دەچن کە ئەم درامایە پێش درامای ئەفیجینیا لە ئۆلیس پیشان دراوە، ئەم درامایە یەکێکە لە دراما سەرکەوتووەکانی (یوریپیدیس).

### ١٦- یۆن Jon

کورتەی دراماکە: «(یۆن) کوڕێکی نهێنی (ئەپۆلۆن)ەو لە (کریوسا)ی کچی (ئەرخشیوس)ە کە ئێستا پاشای ئەسینایە، ئەم کوڕە لەو ڕۆژەوە کە لە دایک بووە، خوا (هرمیس) بە پەرستگای دلفی ڕاسپاردووە، بۆ ئەوەی لەوێ ماستێرە (پۆتیا) گەورەی بکات و بیکات بە موغان و خزمەتگوزاری



پەرستگا، ئەویش گەورەی دەکات، وا ئێستا خزمەتی پەرستگا دەکات... دایکی ئێستا ژنی (ئیکسۆتۆس)ە کە پاشای ئەسینایە... ڕۆژێک ئەم ئافرەتەو مێردەکەی ڕێیان دەکەوێتە پەرستگای دلفی بۆ ئەوەی بزانن بۆچی (کریۆسا) نەزۆکەو منداڵی نابێ، سرۆش زانی پەرستگا ڕادەگەیەنێ کە (یۆن) کوڕی ئەوە، ئەویش لە دڵەوە باوەڕ دەکات و بە سۆزی باوکییەتییەوە هەڵس و کەوت لە تەک (یون)دا دەکات، کەچی (کریۆسا) ئەوەی پێ ناخۆش دەبێ و دەیەوێ بیکوژێ، پێش ئەوەی دەرمان خواردی بکات بۆی دەردەکەوێت (یون) لە داوێنی ئەو کەوتووەتەوەو کوڕی ڕاستەقینەیەتی، کوڕ و دایک بەیەک شاد دەبنەوە، لەم کاتەدا ئەسینیا کە خوایەکی تر لێیان دێتە پێشەوە لە جیاتی (ئەپۆلۆن) پشت بە پشت ڕەچەڵەکی (یون) هەڵ دەدات و مژدەی دەداتێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێ بە پاشای ئەسینا، وڵاتی گریک بەناوی ئەوەوە ناوبانگ بە (یونیان) دەردەکات».

ئەم درامایە لە ساڵی (٤١٨)دا تەمسیل کراوە.

### ١٧- ئافرەتانی فینیقیا

ئەم درامایە هەمان بابەتی درامای (حەوت سوارەی سیبا)ی ئەسخیلۆس دەخاتەڕوو: (کورتەی دراماکە ئەمەیە: «هەندێ ئافرەتانی فینیقیا دەیانەوێ حەجی (ئەپۆلۆن) بکەن، لە دلفی ڕێیان دەکەوێتە شاری سیبا، لەو کاتەدا شەڕەکەی نێوان هەردوو کوڕەکەی ئۆدیپ دەست پێ دەکات، ئەوانیش لەو شارەدا گیر دەخۆن، لە دەرەوەی شار پۆلینیکۆس ئابڵۆقەی داوە لە ناوەوەی شار ئیتیۆکلیس بەرەنگاری ئەو لەشکرە بووەتەوە» زۆربەی ئەو دیمەنانەی کە ئەسخیلۆس نەخشاندوونی، هەمان دیمەن بە جۆرێکی تر یوریپیدیس مالیجەی کردوونەتەوە، ئەسخلیۆس دراماکەی بە کوشتنی هەردوو برا بڕانووەتەوە، کە ئەوە لەلای ئەو بووە بە نەفرەتێکی خوایی بۆ ئەوان بڕاوەتەوە، کەچی یوریپیدیس دراماکەی بە بەرەنگاری کردن لەسەر شارو مافی ڕەوا کۆتایی پێ دەهێنێ.

ئەم درامایە لە ساڵی (٤٠٨)دا تەمسیل کراوە.

## سەرچاوەی دراماکانی یوریپیدیس

ژیان سەرچاوەی هەموو بەرهەمێکی ئەدەبی و زانیارییە، چیرۆک و مێژوو ڕووبەری ژیانن، یوریپیدیس وەک ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس سەرچاوەی بەرهەمەکانی ئەو چیرۆک و ئەفسانەو داستانەن کە ئەوانیش دراماکانیان لێ هەڵ دەهێنجاندن.

سەرچاوەی بەرهەمەکانی یوریپیدیس بەشێوەیەکی گشتی چیرۆک و سەرگوزشتەکانی وڵاتی هێلین بوون، ئەو سەر گوزشتە و چیرۆکانە بەڕای ئەوان دیوێکی ڕاستەوخۆی مێژووی گەل و نەتەوەیان بوو، با بەشێوەیەکی تر بڵێین: مێژووی باو و باپیران و خواکانیان بوو، نەک هەندێ جار بگرە زۆر جاریش جیاوازیان لە نێوان چیرۆک و ئەفسانەو مێژوودا نەخستووە، پێیان وا بووە ئەفسانەو داستان ڕوێکی گەشی مێژوون!، مێژوویش ئەو چیرۆک و ئەفسانەو داستان و سەربووردانەن کە دەماو دەم و پشتاو پشت هاتوون، دراما نووسەکان ئەو چیرۆک و ئەفسانەو داستانەیان کردبوو بە دەستەبەری داڕێشتنی دراماکانیان.

وەک بۆ لێکۆڵەرانی دراماکانی یوریپیدیس ساغ بووەتەوە: نزیکەی سی درامای لە چیرۆکەکانی شەڕو جەنگەکانی گریکەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە (ئافرەتانی باکۆسیا، ئیفیجینیا لە ئۆلیس، ئافرەتانی فینیقیا، هەرقلە شێت).

هەروەها ئەم درامایانەی لە ئەفسانەکانەوە وەرگرتووە، بۆ نموونە: (ئەندرۆماکیا، هێلین).

لەمێژووی ناوچەی (ئەتیکا)وە چەندان درامای هەڵچنیون بۆ نموونە: (نزاکاران، هێپۆلیت، ئیفیجینیا لە تۆرس، یۆن، میدیا).

بەما بۆمان دەردەکەوێت سەرچاوەی دراماکانی یوریپیدیس سێ سەرچاوەن، هەر سێکیان لقی یەک دارن، یەکەم چیرۆکی داستان ئامێز، دووەم ئەفسانە، سێیەم مێژووی ئەفسانە ئامێز.

## ٤- ئەریستۆفانیس Aristophanes

ناوی ئەریستۆفانیس لە ساڵەکانی (٤٢٧) تا (٣٨٥)ی پ.ز لە ئاسمانی هونەر و ئەدەبی گریکدا وەک ئەستێرەی بەر بەیان کەوتووەتە گەشانەوە، ئەوانەی کە لەسەر ژیانی ئەویان نووسیوە پێیان وایە (٤٥٥ پ.ز) ساڵی لە دایک بوونیەتی، یەکێکیش لەم ساڵانە (٣٨٥-٣٨٤) دەکەنە ساڵی کۆچ کردنی.

وەک زانراوە: لەتەمەنی لاوێتیدا فریشتەی هونەر پاڵی پێوە ناوە بۆ ئەوەی خۆی لە مەیدانی هونەری کۆمیدیادا تاقی بکاتەوەو بەهرەی خۆی گەشە پێ بدات، بەنووسین و دەرهێنان و نواندنی درامای (دیتالیس) لە ساڵی (٤٢٧)دا چووە ئەو مەیدانەوە[1] ئەوانەی کە لەسەر ئەریستۆفانیسیان تۆژیوەتەوە بە یەکێک لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی سەردەمی خۆی ناوی دەبەن، ئەفلاتون ڕێزی لە ئەریستۆفانیس ناوکە بە یەکێک لە کەڵە شاعیرە هەڵکەوتووەکانی هونەری کۆمیدیای ناو بردووە.

ئەو بەرهەمانەی کە تا ئێستاش ماوون و گەردوون پتر لە دوو هەزار ساڵە نەیتوانیوە گەردیان لەسەر بنێ و دایان پۆشێ، بەڵگەی ڕووناکبیری و زیرەکی و بەهرەداری ئەو شاعیرە بلیمەتەن، کە مەگەر لەبەهرەو بلیمەتیدا یۆریپیدیسی هاو تەمەن و هاو چەرخی بیگاتێ.

بەڵام لە هونەری کۆمیدیادا کەس باڵا دەستی نەبووەو تا ئێستا بە باوکی کۆمیدیا دەژمێردرێ.

لەپێشەوە باسی ئەوەمان کرد، وتمان: هونەری کۆمیدیا کە هاتە مەیدانەوە، بریتی بوو لە جۆرە لاقرتی و گەنجەفە کردنێک، مەبەست تیایان تەنیا شەویلاک خاوکردنەوە بوو، بەڵام ئەریستۆفانیس توانی پەیکەرێکی هونەری نایاب بۆ کۆمیدیا بتاشێ و شان بەشانی درامای تراژیدی ڕای گرێ، ئەو پەیکەرە بوو بە بناغەیەکی هونەری وەها: ئەفلاتون و سوقرات ناچار بکات کە ستایشی ئەریستۆفانیس بکەن؛ نەک هەر ستایش بەڵکو ئەفلاتون ئەریستۆفانیسی بە هاوشانی سوکرات زانیوە.

ستایش و ڕێزلێنانەکەیان لە جێی خۆی بوو، چونکە ئەریستۆفان کۆمیدیای لەسەر پایەکی فەلسەفی پتەو دامەزراند، پێی وابوو کۆمیدیا تەنیا بۆ پێکەنین نانەوە نەهاتووە، بەڵکو بۆ ئەوەیە بەختەوەری بە سروشتی مرۆڤ ببەخشێ، با سروشتی مرۆڤ تووشی هەڵەو هەرزەیی بێ خۆ لە ڕاستیدا لەسەر پاکی دامەزراوە، کەواتە سایشتەی بەختەوەری و کامەرانییە.

دراماکانی ئەریستۆفان تەنیا بەو پەیکەرە هونەرییە کە هەموو جوانکاری و تام چێژە خۆیان نەسەپاندووە، بەڵکو وێڕای ئەوەش، ئەو مەبەستە گشتییانەی درامای تراژیدی بۆ مرۆڤی دەهێنانە دی لەناو پەیکەری ئەو کۆمیدیایانەدا توابوونەوە، ئەو گیروگرفتانە ئەو بارو دۆخانە کە لە گۆڕەپانی ژیانی ئەوسای گریک سەریان هەڵدەداو خەڵک دەسەوسان لەڕوویان دادەمان، کۆمیدیا وەک نەشترێکی تیژ یەکەلای دەکردنەوەو لەبەرچاو خەڵکدا هەڵی دەکوڵێن و ئەم دیو و ئەو دیوی دەکردن و هەڵی

(١) اریستوفانیس: عصره وعمله المسرحي علي نور - ل١٨.



دەسەنگاندن... هونەرێکی ئاڕاستەکراو و ڕەخنە ساز بوو، بۆ بارەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابووری و فیکری... بەرهەڵستی ئەوانەی دەکرد کە خەریکی چەواشەکردنی سەرجەمی کۆمەڵ دەبوون، درۆو دەلەسەیان دروست دەکرد بۆ هەڵخەڵەتاندنی خەڵک و ئاژاوە نانەوە بۆ ئەوەی لە پشت پەردەی ئەو ئاژاوەوە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیان تەسەل بکەن، جگە لەمەش کۆمیدیا سەر کارێک بوو، بۆ نرخاندن و مێژاندنی ڕووناکبیری و جۆری کارگێڕی وڵات و پێشبینی پاشەڕۆژی خەڵک، گەلێ جار کۆمیدیا هێرشی ڕاستەوخۆی دەبردە سەر ئەو فرمان ڕەوایانە کە تەنیا بۆ سوودی تایبەتی خۆیان هەڵپەی چوونە سەر شانی خەڵکیان دەکرد.

لەبەر ئەوەی ئەریستۆفان هونەرمەندێکی ڕەسەن بوو باوەڕی وابوو کاری هونەر تەنیا چێژ وەرگرتن و کات بەسەر بردن نییە، بەڵکو چەکێکە دەبێ ئاڕاستەی ئەو چەوت و چەوێڵانە بکرێ کە ڕێگەی ڕاست ناگرنە بەر و بەخۆیان و خەڵک گومڕا دەبن، ئا لەو ڕووانگەوە ئەریستۆفان ڕابەری کۆمیدیای دەکرد بۆیە لەلایەن کاربەدەستانەوە گەلێ تووشی سەرئێشەو سزاو تەنگ و چەڵەمە دەهات.

ئەوەبوو (کلیون) کە کاربەدەستی ئەو کاتەی ئەسینا بوو، لە درامای (سوارەکان)دا هێرشی بردە سەری و ئەویش بەرامبەر بەو شوورەیی بوونەی داوای لە دادگا کرد کە سزا بدرێ، جگە لەوەش چەند تۆمەتێکی بۆ هەڵبەست یەکێک لەو تۆمەتانە ئەوە بوو کە گوایە ئەریستۆفان لە ڕەچەڵەکدا کۆیلەیە[1] ئەمە لە کاتێکدا کە هەموو کەس دەیزانی ئەو لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنە، بەڵام ئەریستۆفانی بە جەرگ و هونەرمەند، لە پێناوی نامەی هونەرەکەیدا سنگی دابووە بەر هەموو تیرو تانەو سزادانێک، ساڵ لە دوای ساڵ سوور تر دەبوو، دراماکانی کردبووە زمانی بەرەی ڕەت کردنەوەو دیموکراسیەت، چەندی پێ بکرایە، تانەو توانجی خۆی ئاڕاستەی کارە نالەبەرەکانی دەوڵەت و موگانەکان دەکرد و بەهیچ جۆر لەو مەیدانەدا نەسڵەوی یەوە.

ئیدی کۆمیدیا پەرژینێک بوو بۆ پاراستنی دیموکرایەتی ئەو کاتەو لە ڕێگەی ڕەخنەوە ببووە زمانی جەماوەرو، دڵی بەپێکەنین پاکژ دەکردەوە، بۆیە ئەفلاتوون سەبارەت بە کۆمیدیاکانی گریک و ئەریستۆفان وتوویەتی: (لەناو گیانی خواوەندی جوانیدا هزری پێکەنین خۆی حەشارداوە).

## وشەیەک دەربارەی سەردەمی ئەریستۆفان

ئەو سەردەمەی کە ئەریستۆفانی تیا ژیاوە، ناوەڕاستی سەدەی پێنجەمی پێش زایین بووە، ئەو ماوەیە بە گەشترین قۆناخی مێژووی گەلانی گریک دەناسرێ، ئەو ماوەیە لەسەردەمی پێریکلیس ناو دەبرێ، لەو سەردەمەدا ئەسینای پایتەختی یۆنانییەکان وەک لووتکەیەکی ڕووناک تیشکی شارستانیەتی بە هەموو جیهانی تاریکدا دەپژان و بڵاو دەکردەوە، لەم بارەوە شیللی شاعیر وتوویەتی: «ماوەی نێوان لە دایک بوونی پیریکلیس و مردنی ئەرەستۆ گرنگ ترین قۆناخی مێژووی ئادەمیزادە»[2]

لەو ماوەیەدا زانست و زانیاری، هونەر و ئەدەب، پەروەردە و یاسا، بازرگانی و ئابووری، پیشەسازی لە سایەی ڕژێمی دیموکراسیەتدا گەشەیان سەند و مرۆڤیش لە پەنای بەکارهێنانی هۆش و یاسای دیموکراسیەت و ئابووریدا هەناسەیەکی بەبەردا هات، چەندان فەیلەسوف و هونەرمەند و یاسازان هاتنە مەیدانەوە کە تا ئێستاش هەر ناویان سەر دێڕی هەموو بوارێکی زانیاریە.

(١) قصة الحضارة ول دیورانت، الجزء الثاني من المجلد الثاني - حیاة الیونان - ترجمة محمد بدران. ل ٣١٢.
(٢) پێریکلیس ٤٩٤-٤٢٩ پ.ز. ئەرەستۆ ٣٨٤-٣٢٢ پ.ز.

وەک لە پێشەوە وتمان: گریکەکان لە ناوخۆیاندا دەبوون بە چەند بەشێکەوە دوو بەشیان لە هەموویان زیاتر دەناسران بەشی یەکەمیان پایتەختەکەیان شاری ئەسینا بوو، ئەم ئەسینایە دوورگەکانی دەریای ئیجەی خستبووە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، هەروەها ڕۆخەکانی ئاسیای بچووکی ئێستەی لەژێر دەستدا بوو.

بەشی دووەمیان کە بە پلۆپۆنیزیا ناودەبران ڕۆژئاوای دەریای ئیجەو دوورگەکانی ئیتاڵیای ئێستا و دوورگەی سەقلیایان لە ژێر دەستدا بوون، پایتەختەکەیان شاری (ئەسپرتا)بوو.

لە بارەی یاسای کۆمەڵایەتییەوە گەلێ جیاوازی لە نێوان ئەو دوو بەشەی گریکدا هەبوو، هەرچی ئەسینا بوو، یاسایان لەسەر دیموکراسیەت دامەزرابوو، بەپێی یاسا سەرۆکی وڵات بە هەڵبژاردن بوو، ئەو هەڵبژاردنەش لەلایەن گەلەوە بەشێوەی سەربەستی و دیموکراسیەت بوو، پەرلەمان گەورەترین دەسەڵات بوو لە وڵاتدا، پەروەردە بایەخی بەهەموو لایەنێکی کەسایەتی مرۆڤ دەدا، بۆ کڕین و فرۆشتن و بازرگانی پارە بەکار دەهات، دەریای سپییان خستبووە ژێر ڕکێفی پاپۆڕەکانیانەوە.

کەچی ئەسپرتییەکان یاسای کۆمەڵایەتییان لەسەر پاشایەتی دکتاتۆری دامەزرابوو، ڕەویەیەکی ئادگاری و یاسایەکی وا نەبوو سنوور بۆ دەرەبەگ و ستەمکار دابنێ، تەنیا بایەخیان بە سوپا و هێزی جەنگ دەدا؛ هاونیشتمانی ئەگەرشان و باڵ قایم نەبوایە نەیان دەویست، پەروەردەی منداڵیان تەنیا بە وەرزش فێرکردن بوو، باوەڕیان تەنیا بە شیرو تیر هەبوو، ئەوەی بکەوتایە ژێر دەستیان وەک ئادەمییەک تەماشایان نەدەکرد و پێیان وابوو بیرکردنەوەو گەڕان بەشوێن ڕاستیدا چاندنی تۆوی خراپەیە، بۆیە هەمیشە ئاگری شەڕو شۆڕیان دژ بە ئەسینیاییەکان گەرم بوو.

ئەو جەنگەی کە لە نێوان ئەوان و ئەسینیاکاندا بەرپا بوو ناونران (جەنگەکانی پلۆپۆنیزیا).

ئەسینیاکان جگە لەوەی کە چەندان جار ناچار دەبوون لەتەک ئەسپرتەکاندا بکەونە جەنگ، لەلایەکی تریشەوە گەلێ جار لە تەک میدییەکان و پارسەکاندا - ناچار دەبوون - بکەونە جەنگ، لە جەنگە گەورەکەی «ماراسۆن» و «سالامیس»دا توانیان لەشکری پارسەکان لە دەریاو وشکانیدا بشکێنن، بۆیە گریکەکان بە گشتی وایان بە پەسند دەزانی چەند بایەخ بە دیموکراسیەت بدەن ئەوەندەش بایەخیان بە پەروەردە و لەش ساغی و بارەی لەشکر دەدا، بۆ ئەوەی بتوانن شارستانیەتی خۆیان لە دوژمن و ناحەزان بپارێزن.

هەر لەو سەدەیەدا کە ئەریستوفانی دەژیا پاراسنۆن دروست کرا، هێزی دەریایی زۆرتربوو، زۆربەی دوورگەکانی دەریای ئیجە خۆیان دایە پاڵ ئەسینا ناوی دەیان زانایان و دانایان لە ئاسمانی فەلسەفە و زانیاری و هونەر و ئەدەبدا وەک ئەستێرەی بەربەیان گەشایەوە، چەندان پەرستگاو شوورای بڵند بۆ شارەکان دروست کران، هونەری کۆمیدیا لە سایەی دیموکراسیەت و سەربەستیدا کەوتە نشونماکردن، ڕەخنە گرتن بۆ ڕاست ڕەوی و بەرهەم هێنان و ڕێنمایی لەناو درامای کۆمیدیادا بوو بە باو، تا وای لێ هات هەندێ کەس بۆ شکاندن و حەیا بردن دەکەوتنە تانەو تەشەردان، بۆیە لە ساڵی (٤٤٠)دا یاسا تانەو تەشەری یاساغ کرد، بەڵام دووای سێ ساڵ ئەو یاسایە هەڵوەشێنرایەوە، سەربەستی تەواو بە درامانووسەکان درا، بە ئارەزووی خۆیان دەیانتوانی ڕەخنەی خۆیان ئاراستەی گەورەترین کەس بکەن[1].

بەڵام ئەسپارتییەکان چاوی ناحەزیان لەسەر ئەسینا هیچ کلانەدەکرد... بۆ دەرفەت دەگەڕان کە لێی بشێوێنن.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١١٣.



پیریکلیس پەیمانی ئاشتی لە تەک ئەسپرتەکاندا بەست، بەپێی ئەو پەیمانە نەدەبوو بۆ ماوەی سێ ساڵ کەسیان پەلاماری ئەوی تریان بدات.

ئیتر ئەم پەیمانە بوو بە مایەی خێرو خۆشی و زیاد بوونی سامان و بەرزبوونەوەی پلەی ژیان و بژێوی خەڵک.

شاعیرەکانیش گۆرانیان بە باڵای پاڵەوان و خوای هونەردا دەوت، زانایانیش بیروهۆشیان بۆ گەڕان بە شوێن ڕاستیدا تەرخان کردبوو، گەرمەسێری ئەم ژیانە و دڵنیایی لە ئامێزی ئاسایشدا لەش و بیری لاوەکانی خاو کردبووەوەو جۆرە بەرەڵڵایەک لەوڵاتدا پەرەی سەندبوو.

ئەو هەل و مەرجانە بۆ وڵاتی گریک ڕەخسابوون، لەو کاتەدا ئەریستۆفان وەک شاعیر و درامانووسێکی کۆمیدی هاتە ناو کۆڕی ئەدەب و هونەرەوە، لەبەر ئەوەی لە خێزانێکی خاوەن سامان و بەدەست و بەهرەدارو هەڵکەوتەبوو، ئەو هەموو مەرجانە یارای چوونە ئەو مەیدانەیان سانا کردبوو، بۆیە هێشتا تەمەنی لە بیست و دو ساڵ تێ نەپەڕی بوو ناوی بە شاعیر و کۆمیدی نووس بڵاوبووەوە...

مێژووی ئەدەب و هونەری گریکی ئەوەی ساغ کردووەتەوە کە ئەریستۆفان نزیکەی چل و چوار درامای کۆمیدی هەیە، جگە لە یانزەیان کە سەرتاپا ماونەتەوە ئەوانی تریان یان هەر نەماون یان بەنیوە چڵی ماونەتەوە، وا ئێمەیش لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین[1].

### ١- دیتالیس: واتە مێزی خواردنەوە...

ئەم درامایە یەکەم نۆبەرەی دراماکانی (ئەریستۆفان)ە، لە ساڵی (٤٢٧ پ.ز)دا نووسیویەتەوە، دیارە ئەو کاتە تەمەنی بیست و دوو ساڵ بووە، تیایا گاڵتەو گەنجەفە بەو کەسانە دەکات کە خێر وخۆشی و تێرو تەسەلی خاوی کردوونەتەوەو تووشی بەرەڵڵایی و گوێ نەدان بە نەریت و خوو خدەی باوبوون، یان جڵەویان بۆ بیرو هۆشی خۆیان شل کردووەو تووشی سەفسەتە بوون، ئەم درامایە یەکێکە لەو کۆمیدیایانە کە بەتەواوی دەقەکەیان نەماوە، لەبەر ئەوەی هێرشی تیایا بردووەتە سەر جەحیلەکانی ئەو کاتە بەناوی خۆیەوە نەینواندووە... بەڵکو بەناوی (فیلۆنید)ەوە پیشان دراوە.

### ٢- بابلیەکان:

ئەم درامایەش وەک هی پێشوو بەناوی خۆیەوە پیشان نەدراوە، بەڵکو بەناوی (کالیسترانۆس)ەوە نوێنراوە، ناوەرۆکی دراماکە تان و تەشەردانە دەربارەی یاسای هەڵبژاردن و دیموکراسیەت، چونکە ئەو جۆرە یاسایە دەرفەت بەپیاوی دوو ڕوو دەدات کە لە هەڵبژاردنا خەڵک هەڵخەڵەتێنێ و ببێ بە فەرمانبەری وڵات مەبەستی لەو پیاوە دەرفەت بازە (کلیون - CLEON)ە کە ئەو کاتە سەرۆکی ئەسینا بووە لە بنەڕەتا پێستە فرۆش بووە[2].

دەڵێ ئەگەر وا بڕوا، سەرۆکی پاش ئەم پێستە فرۆشە، پەڕۆ فرۆش دەبێ، لەسەر ئەمە کلیون تۆمەتی ناپاکی ئۆباڵی ئەریستۆفان دا.

(١) اریستوفانیس: عصره وعمله المسرحي تألیف: علي نور ل٧٦.

(٢) کلیۆن پاش مردنی پیریکلیس لە ساڵی ٤٢٩دا بووە بە سەرۆکی وڵات... چی شت و مەکی جەنگ هەبوو (کلیون) دروستی دەکرد، بۆیە حەزی نەدەکرد جەنگ کۆتایی پێ بێ، «بروانە - قصة الحضارە - الجزء الثاني من المجلد الثاني» ل١١٣.

### ٣- سوارەکان:

ئەریستۆفان کە کۆمیدیای بابلیەکانی نواند لەلایەن (کلیون)ەوە تاوانبار کرا، بەڵام ئەو وازی نەهێناو چاکتر سوور بوو لەسەر ڕاگەیاندنی نامەی هونەر، دوای دووساڵ پاش نواندنی کۆمیدیای بابلییەکان درامای (سوارەکان)ی پێشکەش کرد، ئەمیش پڕ بوو لە تانەو تەشەرو، پەلار وەشاندن بۆ (کلیون)، ئەم درامایە هەر چەند بەشێوەیەکی ڕەمزی ڕەخنەکانی خۆی ئاڕاستە دەکردن، بەڵام جەماوەرەکە هەموو، دەیانزانی مەبەستەکانی چین و بۆ کوێ تیری خۆیان دەهاوێن، پاڵەوانی سەرەکی (دیمۆس - DEMOS) بوو کە مانای گەلی دەبەخشی، ئەم دیمۆسەش دوو خزمەتکاری هەبوون، یەکێکیان (خاراکار - الدباغ) بوو، ئەویتریان گسک فرۆش بوو، مەبەست لە خاراکارەکە ئاشکراو دیار بوو، تەنانەت (کلیون) خۆیشی دەیزانی مەبەستی کێیە؟ بۆیە هیچ ئەکتەرێک پەڕی ئەوەی نەکێشا ئەو دەورە ببینێ، ئیتر ئەریستۆفان ناچار بوو خۆی ئەو دەورە بگێڕێ.

پێش بینی غەریبی وای گەیاندبوو سەرۆکی داهاتوو یان گسک فرۆشە یان پەڕۆفرۆش، ئەوجا بەربەرەکانی دەکەوێتە نێوان ئەو خاراکارەو ئەو گسک فرۆشەدا، هەر یەک دەیەوێ دڵسۆزی خۆی بۆ (دیمۆس) واتە گەل پیشان بدا، گسک فرۆش وا پێشنیاز دەکات کە هەردووکیان لەبەردەم دیمۆسدا تاقی بکرێنەوە، بەم جۆرە (یەکەم جار پێش بڕکێیەک لە نێوان هەردووکیاندا ساز بکرێ، کە کامیان زۆرتر سیر قووت دەدات، دووەم جار ماڵی هەردووکیان بپشکنرێ تا بزانرێ کامیان شتی زۆریان لەماڵەوە شاردووەتەوە، کە ماڵی (کلیون) دەپشکنرێ کێکێکی گەورە دەدۆزرێتەوە، واتە دەردەکەوێ کە (کلیون) ماڵی (دیمۆس)ی کاول کردووە، ئیتر ئەو دوو بازرگانە هەر یەک هەوڵ دەدا کە بەسەر ئەویترا زاڵ ببێ، هەر یەک لای وایە لە هوشاڵ و پڕوپاگەندەدا ئەویتری بەزاندووە، بۆیە ناچار دەبن پەنابەرنە بەر (کۆرس) کە ڕەمز بۆ (سوارەکان) ئەویش پێش بڕکێکە ڕادەگرێ و جۆرە پێش بڕکەیەکی تریان بۆ بڕیار دەدا، لە دواییدا بازرگانی دووەم کە گسک فرۆشەکەیە سەر دەکەوێت و دەبێتە سەرکردەو فرمانڕەوایی دەکەوێتە دەستی... سەرکردەی پێشویش دەدرێتە دادگاو سزا دەدرێ، دراماکە بەو جۆرە کۆتایی پێ دێت، ئەم درامایە خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە... لە ساڵی (٤٢٤)پ.زدا نوێنراوە.

### ٤- ئەخارنیس:

ئەخارنیس ناوی گەڕەکێکی گەورە بوو لە شاری ئەتیکا؛ ئەریستۆفان ناوی دراماکەو کۆرسی دراماکەی ناوە ئەخارنیس: وەک هێمایەک بەکاری هێناوە بۆ گەلی ئەسینا، پاڵەوانی سەرەکی لەم درامایەدا ناوی (دیکیوپۆلیس)ە... هەست بەوە دەکات دەنگی ڕاستی ئاشتی خواز لە ناو ئاژاوەدا خنکاوە، بۆ ئەوەی ئاشتی بگەڕێتەوە فریشتەیەک ناوی (ئەمڤیسیۆس)ە، بەهەشت (دراخما - درهەم) بەکرێ دەگرێ کە لە جیاتی ئەو بڕوا بۆ لای ئەسپرتاکان داوای ئاشتییان لێ بکات، کە فریشتە دەگەڕێتەوە سێ هەگبەی پڕ دێنێتەوە، هەر سێکیان پرۆژەی ئاشتیان تیایە: یەکەمیان شەڕ ڕاگرتن بۆ ماوەی پێنج ساڵە؛ دووەمیان بۆ ماوەی دە ساڵە؛ سێیەمیان بۆ ماوەی سی و سێ ساڵە، (دیکیوپۆلیس) سێیەمیان بە دڵ دەبێ لە تەک ئەسپرتاکاندا لەسەری ڕێک دەکەوێ، چونکە ئاشتی لەو ماوە درێژەدا دەبێتە پیت و فەڕێک دەڕژێتە ناو کەنوو عەمباری خێزانەکەیەوە، (کۆرس) واتە ئەخارنیس هەست بە پەستی دەکات، چونکە دەزانێ ئەو پەیمانە لەلایەن تاکە کەسێکەوە بەستراوە، پەیمان بەستنی ئاشتی لەلایەن تاکە کەسێکەوە لەگەڵ یاسای دیموکراسیەتدا ناگونجێت، ئیتر (دیکیوپۆلیس) لە ترسی (ئەخارنیس - کۆرس) ناوێرێ بێتە سەر شانۆ، لە شەرمەزارییا ناتوانێ بەرگری لەو کارەی بکات، بۆیە



ناچار دەبێ پەنا بەرێتە بەر (یوریپیێدیس)ی شاعیر بۆ ئەوەی فێری وشەی جوان و قسەی بەهێزو پێزی بکات، لێرەدا ئەریستۆفان لە پەنای ناچار بوونی (دیکیوپۆلیس)دا تیرو تانەیەکی بڕشت ئاڕاستەی (یوریپیدیس) دەکات، هەروەها تانە و تەشەری پڕ بە پێکەنین و خەنین ئاراستەی هەموو ئەسینیاکان - بەتایبەتی ئەوانەی کە بازرگانی بە جەنگەوە دەکەن - دەکات ئەم درامایە لەساڵی (٤٢٥)دا پاش نواندنی خەڵاتی یەکەمی وەرگرتووە.

### ٥- ئۆلکادیس:

ئەم درامایە بەشوێن درامای (سوارەکان)دا نووسراوە، وەک تەواوکەری ئەو بێ وەهایە چونکە ئەریستۆفان تیا هێرشی توند و کاسەی قینی خۆی بەسەر (کلیون) و دەستەو تاقمەکەیدا دەڕژێنێ، پێی وایە ئەوانە هەر خەریکی ئاگری جەنگ خۆشکردنن، ئەم درامایە لە ساڵی (٤٢٣)نوێنراوە.

### ٦- هەور:

پاڵەوانی سەرەکی درامای هەور پیاوێکی جوتیاری سادەو ڕاست گۆیە، ئافرەتێکی ئەسینیایی دەخوازێ و منداڵێکی لێی دەبێ و ناوی دەنێ «فیدپیدس» ئەم منداڵە نیشانە زکماکییەکانی دایکی بە سەریا زاڵ دەبن: حەزی لە سوارچاکی و وەرزش کردن و خەرج دان و دەست بڵاوییە.

جگە لە (ستریپسیادیس) کە باوکی کوڕەکەیە دوو کەسی تر هەن یەکێکیان هێمایە بۆ ڕاست گۆیی و ئەویتریان بە پێچەوانەی ئەمەوەیە.

(کۆرس)یش بریتییە لە (هەور) کە هێمایە بۆ بیروڕای فەیلەسووفە نوێکان کە هەمیشە لە گریمان کردن و گۆڕاندایە.

(ستریپسیادیس) بووە بەژێر قەرزی کوڕەکەیەوەو پێی نادرێتەوە وای بە چاک دەزانێ کە کوڕەکەی بنێرێتە قوتابخانەی سوکرات کە ناوی: (فرۆندیستیریون) بوو، واتە ئاموژگای گەڕان بەشوێن ڕاستیدا، بۆیە دەینێرێتە ئەو ئامۆژگایە تا فێری بوختان سازی و ناراستی چەسپاندن ببێ، بەڵکو بەفێربوونی سەفسەتەو لۆجیکی بەتاڵ - کە مۆدەی ئەو کاتە بوو - ئەویش پایەیەکی بەرز وەربگرێ، یان بەهۆی فێربوونی بەڵگەسازی و سەپاندنی ناحەقییەوە بتوانێ قەرزەکانی باوکی بە قسەی زل و پف دراو لە کۆڵ کاتەوە.

کەچی کوڕەکە بەگوێی باوکی ناکات و ناچێتە ئەو ئامۆژگایە بۆیە (ستریپسیادیس) ناچار دەبێ خۆی بڕواتە ئامۆژگاکە بۆ ئەوەی فێری چەوت ڕەویی ببێ و پێش بکەوێ و چارەیەکیش بۆ قەرزەکانی بدۆزێتەوە.

ئامۆژگای سوکرات لەناو ئەشکەوتێک دایە، وەک تونێل وایە و تاریکە، شاگردەکانی سوکرات هەموو هەرزەکارن، زەرد و لاوازن، دەم و چاویان قوپاوەو ڕووتن، لەناو ئەو تونێلەدا خەریکی زەوی هەڵکۆڵینن و بەشوێن ڕاستیدا دەگەڕێن، (ستریپسیادیس) دەچێتە ئامۆژگا و لای یەکێک لە شاگردەکان دادەمەزرێ، ئیتر بە بیرکردنەوە خەریک دەبێ، شاگردەکە پرسیارێک ئاڕاستەی ستریپسیادیس دەکات، ئەمەش پرسیارەکەیە: ئەگەر کچێک: سەر برۆی فلان شاگردی گەزست و لەوێوە بازی دایە سەر تەوقە سەری سۆکرات، گریمان ئەندازەی ئەو بازە لەگەڵ هەنگاوێکی کێچەکەدا بەراوورد بکەین داخۆ ڕێژەی چەند بێ؟

ئەم مەسەلەیە ستریپسیادیس دەخاتە گێژاوی بیرەوە، مەسەلەکە دەخرێتە بەردەمی سوکرات، ئەویش مۆمێکی تواوە ئامادە دەکات و دەیەوێ کێچێک بەسەریا ڕەت ببێ و هەنگاوەکانی لەسەر مۆمەکە چاپ

بن، ئەوجا ماوەی نێوان بازدانی لەو شاگردەوە تا شوێنی خۆی ئەنداز بکرێ و بپێورێ و لەتەک هەنگاوەکەدا بەراووردی بکات و ڕێژەکە بەشێوەیەکی تاقیکردنەوەو لۆجیک بدۆزێتەوە.

کابرای تازە شاگردی ئامۆژگا لەو جۆرە بیرکردنەوە سەری کاس دەبێ، لەو کاتەدا سەیر دەکات وا سوکرات لەناو سەبەتەیەکی هەڵواسراودایەو لەبن میچی ئەشکەوتەکەدایە و چاوی مەولەقی بڕیوەتە ئاسمان بۆ ئەوەی جم و جۆڵی ئەستێرەکانی ئاسمان و خۆر لێک بداتەوە.

«ستریپسیادیس دەستە دامێنی سوکرات دەبێ کە هەندێ وانەی تایبەتی بداتێ، باگوێ بۆ ئەم وتووێژەیان بگرین:

سوکرات: بە چ خوایەک سوێن دەخۆن؟ چونکە خواکان لەلای ئێمە ئەوەندە ڕەواجیان نییە، (ئاماژە بۆ کۆرس دەکات، کۆرس ڕەمزی هەورە) ئەوانە خوای ڕاستەقینەن؟

ستریپسیادیس: ئەی باوەڕتان بە زیوس نییە؟

سوکرات: لای ئێمە زیوس نییە.

ستریپسیادیس: ئەی کێ باران دەبارێنێ؟

سوکرات: ئەو هەورانە، ئایا باران بەبێ هەور باریوە؟

ئەگەر زیوس هەبوایە هەڵبەتە بارانی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە سایەقەی سامالّدا دەباران.

ستریپسیادیس: ئەی گرمەی هەور لە کوێوە دێ؟

سوکرات: کە هەورەکان بەسەر یەکەوە کەڵەکە دەکەن ئەو دەنگە دروست دەبێ.

ستریپسیادیس: چۆن؟

سوکرات: کە پڕ بوون لە ئاو هورژم دەبەن بەسەریەکدا دەکەون و ئەو گرمە گرم و شریقەیان لێوە دێ.

ستریپسیادیس: ئەی کێ هورژمیان پێ دەبا؟ زیوس نییە؟

سوکرات: نا... گێژەلوکەی ناو بۆشایی دەیان هاژوێ.

ستریپسیادیس: کەواتە گەورەترین خوا گێژەلوکەیە، ئەی ئەو قرمە قرمەی لەچییەوە پەیدا دەبێ.

سوکرات: زۆر باشە وا پێت دەڵێم: «قەت ورگی خۆت لە زەماوەندا پڕ نەکردووە؟ دوای کەمێک ورگت نەهاتووە قۆڕە قۆڕ؟»

سوکرات دەیەوێ لە خورسکی سروشت بکۆڵێتەوە، کابراش بۆ ئەوە نەهاتووە، ئەو دەیەوێ دەرسی بۆختان و ناحەقی سەپاندن بخوێنێ بۆ ئەوەی بتوانێ خاوەن قەرزەکانی بۆڕ بداو لە کۆڵی ببنەوە.

ئەوەندەی پێ ناچێ کابرا ڕووت دەکرێتەوەو دەرسی ڕێزمان فێر دەکرێ و بابەتی جیاوازی نێوان نێرو مێیی دەخەنە بەردەم، هەی هوو!... بۆچی هاتووەو چی فێر دەکرێ!.

لەو کاتەدا بیرێکی بۆ دێ: کاتی قەرز دانەوەکەی سەری مانگە، کە مانگی یەک شەوە دەرکەوت دێنە سەری، ئەی بۆ کارێکی وەها نەکات مانگ لە ئاسمان نەمێنێ!.

بیر لە فێڵێک دەکاتەوە، چاکتر وایە بڕواتە لای جادۆگەرێک بەڵکو مانگی بۆ بدزێ و بیخاتە ناو سندوقێک، ئێدی وادەی دانەوەی قەرزەکانی هەتا هەتایە نایەت.

کابرا لە ئامۆژگای سوکرات دەردەپەڕێت کە گوایا تونای فێربوونی نەماوە؛ چاکتر وایە کوڕەکەی بخاتە بەرخوێندن، کوڕەکەی دەڕواتە ئامۆژگا لەوێ فێری بەڵگەسازی و چەند و چوونیی لۆجیکی دەبێت، هەموو



خاوەن قەرزەکانی باوکی بە لۆجیک دەبەزێنێ و ڕسواشیان دەکات، لە دوایشدا لەتەک باوکیا دەکەوێتە ململانێ و لەباوکی دەدات، بەهانەی لێدانەکەی بە بەڵگەی لۆجیکی نارەوا دەسەپێنێ و دەڵێ: (ئەی باوکم بە منداڵی لێی نەداوم!، وامنیش حەقی خۆم دەکەمەوە) لە ئەنجامدا باوکی دەمرێ و مردنەکەش بە شتێکی ئاسایی دەدرێتە قەڵەم[1].

درامای هەور باڵاترین شاکاری هونەری (ئەریستوفان)ە، بەڵگەی بەهرەو ڕۆشنبیری و پایەی زانیاریەتی.

ئەم درامایە هەر چەند بیست و چوار ساڵ پێش کوشتنی سوکرات نوێنراوە، بەڵام یەکێک بووە لەو هۆیانەی کە ڕێگەی تۆمەتەکانی سوکراتیان خۆش کردووە... لە ساڵی (٤٢٣)دا خراوەتە سەر شانۆ.

**٧- زەردەواڵە:**

پاڵەوانانی سەرەکی ئەم کۆمیدیایە باوک و کوڕێکە، باوکەکە دادکار (قازی)ە و ناوی (فیلۆکلیۆن)ە واتە برادەری کلیۆن، ناوی کوڕەکەش (فیدیلۆکلیۆن)ە واتە دژ بە کلیۆن[2]. (کۆرس) لە (٢٤) کەس پێکهاتووە، هەمووە وەک (فیلۆکلیۆن) ئەندامی دادگان، هەریەکی قایشێکی پانیان لە پشت بەستووە، بەرزبانەکەی لە پشتەوە نووکێکی وەک سوژنی بەل یان وەک جزەی دووپشک لێ قیت بووەتەوە، هێمایە بۆ ئەو دادکارانە کە بەو جزەیە وەک دووپشک یان وەک زەردەواڵە بە گوناهبارو بێ گوناهەوە دەدەن، هەر یەکەش عابایەکی ڕەشیان لەبەرە، هەریەک مێکوتێکی قامیشیان بەدەستەوە گرتووەناویشیان لەسەر پارچە تەختەیەک بە سنگەوەیە، کارەساتی دراماکە لە ماڵی کوڕی قازیدا ڕو دەدات، ئێمە ئێستا لە ماڵی کوڕی قازی داین، کوڕە باوکەکەی حەپس کردووەو ڕێیی نادا بڕوات بۆ دادگا، چونکە دادگا سوودی نەماوە، باوکەش بە جۆرێ شەیدای دادگایە: گەیشتووەتە ڕاددەی لەخشتەچوون و خەڵەتاندن... وا هەردووکیان دەستەیەخەی یەکتری بوونەتەوەو بگرەو بەردەیانە.

کۆرس کە هەموو ئەندامی دادگان بەشوێن ئەو قازییەدا دێن، بەڵام کوڕەکەی دەرفەتی نادات، هەوڵ دەدەن کە کوڕەکە ڕازی بکەن بەڵام سوودی نابێ و کوڕەکە ئیقناعیان دەکات، ئەوانیش کە دەزانن کوڕەکە لە ڕووی دڵسۆزییەوە باوکەکەی مەرەخەس ناکات بە فیلۆکلیۆن دەڵێن کە بەگوێی کوڕەکەی بکات، بەڵام باوکە ڕازی نابێ، کوڕەکە فێڵێک دەدۆزێتەوە کە تەسەلای دڵی باوکی بشکێنێ بۆیە، لەگەڵیا ڕێک دەکەوێ کە لە حەوشەکەی ماڵی خۆیاندا دادگایەکی بۆ دروست بکات.

خزمەتکار و سەگ و پشیلەو مریشکەکان دەکات بە خاوەن داوا و؛ تاوانبارو شاهیدو جەماوەری دادگا، هەر لەوێ دادگای بۆ ساز دەکرێ و دەست دەکات بە مەحکەمە کردنی سەگ و پشیلەو مریشک، بەوا دەردەکەوێ کەس لە دەستی دادگا قوتار نابێ، گوناهبار و بێ گوناه وەک یەک حوکم دەدرێن، کوڕەکە کە بۆی دەرکەوت: دەردەکەوێ باوکی دەردێکی بێ دەرمان و کاریگەرە، ئێوارەیەک بۆ شەونشینی و خواردنەوەی مەی دەیبات بۆ کۆڕی مەی خواران و (کەبەرێ - سیمبۆسیون) بۆ ئەوەی وەک پیاو ماقوڵەکان خۆی پیشان بدات، لەوێ کە مەست دەبێ لە پێستی خۆی دێتە دەرەوەو دەگەڕێتەوە سەر تیلمەی تافی لاوێتی خۆی، هەر لەوێ باوش بۆ سۆزانییەک دەکاتەوەو بەگژ ئەم و ئەودا دەڕواو چی دیزەو گۆزەی مەیخانە دەبێ هەمووی سەرەو نخوون دەکاتەوەو دەست دەکاتە سەماکردن بەکارێکی وەها هەموو

(١) اریستوفانیس، عصره وعمله المسرحي - علي نور ل ٩٨-٩٠. هەروەها تەماشای: کومیدیات اریستوفانیس - المجلد الثالث بکە ل ٣١١-٣١٣. هەروەها تەماشای: قصة الحضارة - الجزء الثاني من المجلد الثاني بکە ٣١٨-٣٢٠.

(٢) (کلیۆن) سەرۆکی وڵاتە.

سەماکەرەکانی تر دەبەزێنێ، ئەو هەموو هێژاو شکۆمەندی و کەش و فشەی هەیبوو کە چەندان ساڵ لە دادگادا وەدەستی هێنابوو هەمووی وەک سهۆڵی بەر هەتاو لەو کۆڕەدا توایەوە، سەماکردنەکەی وەک ژێی هەلاج کەسێتییەکەی شی دەکاتەوەو حەقیقەت و کرۆکی مرۆڤایەتییەکەی ڕاڤە دەکات.

لەم درامایە ئەریستوفانی هونەرمەند ئەندامانی دادگا بە زەردەواڵەوە دەچوێنێ و کەس لەدەستیان ڕزگار نابێ.

ئەم درامایەش لە ساڵی (٤٢٢)دا خراوەتە سەر شانۆ.

**٨- ئاشتی:**

ساڵی (٤٢٢)پ.ز بوو، شەڕ لە نێوان ئەسینا و ئەسپەرتادا هەڵگرسایەوە، هەر یەک لەو دووانە پەلاماری ناوچە هاوپەیمانەکانی ئەوی تری دەداو کاول و وێرانی دەکرد، لەو ساڵەدا (کلیۆن) سەرۆکی ئەسینایییەکان ڕووبەڕووی (پراسیداس)ی دوژمنی - کە سەرەکی ئەسپەرتەکان بوو - ڕاوەستا، لەشکرەکانیان پەلاماری یەکتریاندا، سەرۆکی هەردوولا کوژران، ئیدی لەشکرەکان بەبێ سەرەک مانەوە.

مردنی ئەو دوو سەرەکە شەڕخوازە بوو بەهۆی پشوودانی ئەو پارتانە کە ئاشتی خواز بوون، گەلی ئەسینا پیاوێکی هێژاو بەڕێزیان کرد بە سەرۆکی خۆیان کە ناوی (نکیاس) بوو، تا بڵێی پیاوێکی هێمن و ئاشتی خواز بوو، هەر لەو ساڵەدا؛ داوای ئاشتی و جەنگ ڕاگرتنی کرد، ئەم (نکیاس)ە بە پیشە سەر بە گرۆی کشت و کاڵ بوو، ئەریستۆفانی هونەرمەند و ئاشتی خوازیش سەر بەو چینە بوو، کە پەیمانی ئاشتی لە نێوان گریکەکاندا لە ساڵی (٤٢١)دا بەسترا ئەویش وەک ئاشتی خوازێک بەو درامایە پشتگیری ئاشتیش کرد.

دەبێ ئەمەش بزانین: مانای ئاشتی لە چاو گریکەکاندا ئاشتییەکی تایبەت بوو، بۆ ئەو گەلانەی کە باوەڕیان بە خواکانی (ئۆلیمپ) هەبوو نەک ئاشتی جیهانی، کە مانای شەڕ ڕاگرتنی دەدا لە نێوان میدییەکان و پارسەکان و گەلانی تردا.

پاڵەوانی کۆمیدیای ئاشتی باخەوانێکە بەهۆی جەنگەوە هەموو ڕزە دێمەکانی سووتان، وا ئێستا لات کەوتووەو نازانێ چۆن نان بۆ خێزانەکەی پەیدا بکات، فێڵێک دەدۆزێتەوە، ئەویش ئەوەیە، بڕوات خوای ئاشتی لە ئاسمان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەسینا، بەڵام چوونە ئاسمان گەلێ ستەمە، بۆیە دەڕوات لای کیسەڵێکی گەورەو سواری دەبێ و دەڕوات بۆ لای سەرەکی خواکان کە (زیوس)ە وەختی دەگاتە بارەگای خواکان تەنیا خوا (هرمیس) لەوێ دەبێ، یارمەتی باخەوانەکە دەداو خوای ئاشتی لەتەک هەردوو کەنیزەکەکەیدا دەگەڕێنەوە بۆ ئەسینا، کە نزیەکی یەکەم کە ناوی (ئەبۆرا) بوو لەخۆی مارە دەکات (ئەبۆرا، بنەوانی فەڕو منداڵ بوونە) کەنیزەکی دووەمیش کە ناوی (ثیوبریا)یە (بنەوانی، ڕابواردن و چێژو کامەرانییە)، بە خەڵات دەیبەخشێ بە گەلی ئەسینا، (ترێجیوس)ی ترێ فرۆش، کە زەماوەندی کرد، هەموو کاسبکارو خاوەن ڕەزەکانی داوەت کرد، ئەوانەش کە بازرگانیان بە جەنگ و ئاژاوە دەکرد هەمووی بەستنەوەو شەکەتی دان، ئەریستۆفان لەم کۆمیدیایەیدا بە ئاستەم ختووکەی حەشارگەی پێکەنین دەداو کەف و کوڵی بەخەنین دادەمرکێنێ، پاش نواندنی ئەم درامایە جەنگ لە نێوان ئەسیناو ئەسپرتەدا بۆ ماوەی پەنجا ساڵ ڕاگیرا.

**٩- پیری:**

ئەو سەرچاوانەی کە لەم درامایەیان کۆڵیوەتەوە وا دەگەیەنن کە ئەم درامایە، باسی ئەو پیاوە پیرانەی



ئەسینا دەکات کە لەوەختی خۆیاندا لە تافی لاویەتیدا ئەوەی بشێ و نەشێ کردوویانەو ترێسیان لە هیچ نەکردووە، وا ئێستا کەنفت بوون، وەک منداڵی ساوایان لێ هاتووە، خەون بە ڕابردووی خۆیانەوە دەبینن، ئەریستۆفان لەم درامایەدا خۆی لەبەرەی گەنجە سەرکەشەکانی ئەسینیا داناوەو بەشوێن کەم و کورتی پیاوە پیرەکاندا دەگەڕێت و عەیب و نهێنییە ڕابردووەکانیان دەخاتەوە پێش چاو و سەرکوتیان دەکات، کەچی جاران هێرشی دەبردە سەر گەنجەکان و، بەرەی پیاوە پیرو ڕدێن سپییەکانی دەگرت و هێرشی دەبردە سەر ئەو مامۆستایانە کە بە (سۆفەستائی) ناو دەبران و کۆشک و تەلاری بیروڕای لاهوتی ئەسینایان هێنابووە هەژان و پێیان وابوو: مرۆڤ سەرچاوەی هەموو دەستەلاتێکەو زانیاری لە ئاسمانەوە نایەتە خوارێ، بەڵکو هەموو مرۆڤێک دەتوانێ بە ڕێگەی هەستەکانی فێری زانست ببێ، ئەوەبوو: ئینکساگۆراس کە سەرۆکیان بوو لە ئەسینیا دەرکراو سوکراتیش بەو تۆمەتەوە خنکێنرا، درامای هەوردا ئەریستۆفان بە تەوسەوە هێرشی دەبردە سەر سوکرات، وا لەم درامایەدا نووسەر پیاوەپیرەکان بە خەڵەفاو و داوەشاو دەیان داتە قەڵەم.

ئەم درامایە لە نێوان ساڵی: (٤٢١-٤٢٤)دا نووسراوەتەوە.

**١٠- ئەمقیراوس:**

باسی پیاوێکی پەک کەوتە دەکات (پیریەتی و سەد عەیب...) دیارە ژنە گەنجەکەی لێ بەلالووت بووەو بە پەک کەوتەی زانیوە، بۆیە ناچاری کردووە، بەیەکەوە بڕۆن بۆ حەج بۆ پەرستگای (ئەمقیراوس) بۆ ئەوەی لێی بپاڕێنەوە کە پیاوەکە بباتەوە تۆفی لاویەتی و بیکات بە هاوشانی ئافرەتەکەی تا بتوانێ بەهانەکانی نەهێڵێ ئیتر پێی قایل بێ.

ئەم درامایەش وەک هی پێشوو دەقەکەی فەوتاوە لە ساڵی (٤١٤)دا نوێنراوە.

**١١- باڵندەکان:**

دوو زەلامی ئەسینیایی لەژیانی ڕۆژانەی خۆیان بێزار دەبن و خۆیان دەکەن بە باڵندە، مەملەکەتێک لەنێوان زەوی و ئاسماندا دروست دەکەن و ئادەمیزد دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، داواش لە باڵندەکانی سەر زەوی دەکەن کە بگوازنەوە ناو ئەو مەملەکەتە، بۆ ئەوەی نەهێڵن خواکان بێنە خوارەوە، تا ئادەمیزادیش نەتوانێ باڵندەکان بکات بە قوربانی و دەرخواردی خواکانی بدا، ئیدی باڵندەکان بار دەکەن و دەگوێزنەوە بۆ ناو ئەو مەملەکەتە، ڕێی هاتوچۆی خواکان دەگیرێ، خواکان لەلایەکەوە تینوی خواردنەوەی خوێنی قوربانییەکانن؛ لەلایەکی ترەوە وا مرۆڤ کە زانی ڕێگە لە هاتنە خوارەوەی خواکان گیراوە وازیان لە قوربانی دان هێنا، خواکان ئەمەیان بە کارەساتێک زانی، بۆیە ناچار بوون هەواڵی کارەساتەکە بە بارەگای (زیۆس) بگەیەنن، ئەویش هەڕەشەو گوڕەشەی خۆی بە هەور و هەڵاو بروسکە دەنێرێتە سەر ئەو مەملەکەتە، بەڵام هەڕەشەو گوڕەشە کار ناکاتە سەر مەملەکەتەکەو ناتوانێ بیڕوخێنێ، بۆیە (زیۆس) ناچار دەبێ لەگەڵ ئەو مەملەکەتەدا ڕێک بکەوێت، ڕێکەوتنەکەش دەکرێتە پەیمانێکی دوو مەرجی:

مەرجی یەکەمیان: (ئەیکۆنۆمیا) کە کیژی (زیۆس)ە بدرێ بە (ئامین) کە یەکێکە لەو دوو کەسەی کە ئەو مەملەکەتەیان دروست کرد.

مەرجی دووەمیان: خواکان واز لە سەر بڕین و قوربانی وەرگرتنی باڵندەکان بێنن، بەپێی ئەو پەیمانە لە ئاهەنگێکی گەورەدا (ئەیکۆنۆمیا) بە ئامین دەدرێ و دەبێتە زاوای (زیۆس). لەمەشەوە ئادەمیزاد دەبێتە

زاوای خوای خواکان کە (زیۆس)ە، باڵندەکانیش لەسەر برین رزگار دەبن، کۆمیدیاکەش لێرەدا تەواو دەبێ.

**١٢- سیسمۆفۆریا: (دادگای ژنان)** THESMOPHORIA:[١]

سیسمۆفۆریا بە جەژنی (دیمیتیر)یش وتراوە[٢] کە لەلای گریکەکان خوای زەوی و کشتوکاڵ و فەڕو پیێز بووە، ئەو مرۆڤی فێری کشتوکاڵ کردووەو لە قۆناغی کۆچەری و شوانکارییەوە بۆ قۆناغی نیشتەجێ بوون، پێشی خستووە.

ئەریستۆفان ئەم درامایەی بۆ ڕەت دانەوەی شاعیری هاوچەرخی خۆی (یوریپیدیس) داناوە کە لە تراژیدیای: «پالامیدی - PALAMEDE) و (هێلین - HELEN) و (ئەندرۆمیدا - ANDROMEDE)دا ڕێزی لە ئافرەت نەناوەو بە پایە نزم تەماشای کردووە.

کورتەی بابەتی دراماکە: «شوێن دادگای ئافرەتانە، هەموو ژنە خاوەن مێردەکان کۆبوونەتەوە، بۆ ئەوەی بڕیار لەسەر سزادانی (یوریپیدیس) بدەن و مافی خۆیان لێی وەرگرنەوە، لەسەرەتای دراماکەوە دەبینین یوریپیدیس و (مینسیلۆخۆس - Mnesilochus) دەچنە لای ئاگاسۆن (Agathon)[٣]. چونکە ئەم ئاگاسۆنە، وەک نێرەمووک وایە، لە خووڕەوشت و ئادکاردا لەژنان دەچێ، دەچنە لای و داوای لێ دەکەن کە جلی ئافرەتان لەبەر بکاو لەو جەژنەو کۆبوونەوەدا خۆی بخاتە ناو کۆڕی ئافرەتانەوە، بۆ ئەوەی وەک ئافرەتێک بەرگری لە مافی یوریپیدیس بکات، ئاگاسۆن بەو پیلانە ڕازی نابێ و شان ناداتە بەری، بەڵام هەندێ جلی ژنانەیان دەداتێ و منیسیلۆخۆس سمێڵی خۆی دەتاشی و جلەکان لەبەر دەکات و خۆی دەهاوێتە ناو کۆڕی ژنەکانەوە، بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێ ئاشکرا دەبێ و دەگیرێ لە نێوان دوو تەختەدا لە کۆت دەدرێ، یوریپیدیس هەوڵ دەدا ڕزگاری بکات، هەردووکیان لەدەستیان ڕزگار دەبن[٤].

لە کۆبوونەوەکەی ئافرەتاندا ئەو دیمەنانەی کە لە تراژیدیاکانی یوریپیدیسدا هەبوون و پایەی ئافرەتیان کەم دەکردەوە، پیشان دران، ئەو ئافرەتانە کە لەو دیمەنانەدا سەرکوت کرابوون و بەبێ دەستەڵات درابوونە قەڵەم، لەو هەڵوێستانەدا ڕزگار دەکرێن و دڵیان دەدرێتەوە، ئەوجا دەکەونە شوێن یوریپیدیس بۆ ئەوەی یەخەی بگرن و جارێکی تر تووشی ئەو هەڵوێستە چەوتانەیان نەکات و ئافرەت بەو چاوە تەماشا نەکات.

دیارە ئەریستۆفان لەو بڕوایەدا بووە کە ئافرەت دەبێتە هۆی دامەزراندنی ئاشتی و شارستانیەت، پێی وایە هیچ شتێک بەرامبەر بە هێزی ئافرەت خۆی ناگرێ، با ئەو شتەیش هونەری تراژیدیا بێ، با ئەو هونەرمەندەیش یوریپیدیس بێ[٥].

**١٣- لیزیستراتا** شۆخە کچێکی گریکی داوێن پاک و ئازاو کارامە و نەترسە، دانیشتووی شاری ئەسینیایە، لەمەڕ شەڕو شۆڕی نەبڕاوەی گریکەکان وتاڵانکردن و کوشتن و بڕین و قوربانی دانیان بێزارو دڵ پەرۆشە، نازانێ تا کەی ئەو جەنگانە کۆتاییان پێ دێ و دەبڕێنەوە، وا وڵاتی ئەسیناو ناوچە

(١) (کومیدیات) اریستوفانیس - المجلد الثالث - ترجمة امین سلامة ل١٩٦.

(٢) (دیمیتیر) گریکەکان پێیان وابووە، دیمیتیر خۆی و کچەکەی هۆی شارستانیەتن لە جیهانی ئاسماندا، کچەکەی هەموو ساڵێک سەرێک لەزەوی دەداو خێروخۆشی بەزەوی دەبەخشێ، بەو بۆنەوە، ئافرەتانی خاوەن مێرد جەژنی (سیسمۆفۆریا)ی بۆ دەکەن.

(٣) ئاگاسۆن: یەکێک بووە لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە.

(٤) کومیدیات اریستوفانیس - المجلد الثالث ل١٩٦-١٩٨.

(٥) اریستوفانیس - عصره وعمله المسرحي - علي نور - ل١٠٥.



هاوپەیمانەکانی چی پیاو و کوڕی گەنج و مێرد منداڵیان هەن هەموو بۆ جەنگ ڕۆیشتوون و شارو گوندەکانیان چۆڵ کردووە، تەنیا ئافرەتان نەبن کەس نەماوە، ئەوەی دەچێتە شەڕ کەمی دەگەڕێتەوە.

ژنان بە تەواوی بێزارن، ژیانیان لێ تاریک بووە، ئەم جەنگە ناهەموارانە کۆسی هەموویانی خست و ئافرەت نییە چەند ئازیزی لێ نەکوژرابێ تاکەی ئەم کارەساتانە، تاکەی ماڵ وێرانی.

مامۆستای کۆمیدیا ئەریستۆفان، ئاشتی خوازە، دەیەوێ ناتەسەری و داماوی ئافرەتان وەک چەکێکی بڕندە بخاتە کار بۆ هێنانە دی ئاشتی و بڕانەوەی جەنگ، لەم درامایەدا دەیەوێ بەپێی بۆچوونی ئافرەتان سنوورێک بۆ جەنگ دابنێ و ئاشتی لە نێوان ئەسینیاکان و ئەسپرتاکان دامەزرێنێ.

پاڵەوانی سەرەکی لیزیستراتایە، دەیەوێ وڵاتی گریک لەو شەڕو شۆڕە ڕزگار بکات، چۆن پیاوانی گریک ناچار بکات پەیمانی ئاشتی ببەستن[١]. چی بکات باشە؟ دوو نەخشەی داناوە:

١- ئەکرۆپۆل: هەموو خەرجی و ئازوقەی دەوڵەتە لەوێیە و، ئامادەکراوە بۆ ڕۆژانی جەنگ... لیزیستراتا... کۆمەڵە ژنێک پێک دەهێنێ بۆ داگیرکردنی و مان گرتن تیایا،.

٢- ژنان لە مێردەکانیان زیز بن و بتۆرێن و مان بگرن، ئەوانەیان کە لە جەنگ بۆ پشوودان دەگەڕێنەوە، هیچ دەست لەملانێکی ژن و مێردیان لەگەڵ نەکەن تا دەست لە جەنگ هەڵنەگرن و پەیمانی ئاشتی نەبەستن.

لیزیستراتا ژنانی هەموو ناوچەکانی گریک ئاگادار دەکاتەوە، و نەخشەکەیان تێ دەگەیەنێ، نوێنەری خۆی بۆ ئەسپرتا و کۆرنەسا و هەموو ناوچەکانی تری گریک دەنێرێ کە نەخشەکەیان پێ ڕابگەیەنێ.

ڕۆژی هێرش بردنە سەر ئەکرۆپۆل لیزیستراتا لە بەر دەرگادا ئامادەیە، بەڵام ژنان دوا کەوتن، ئەویش تووڕە دەبێ و خەم دایدەگرێ، ئەوەندەی پێ ناچێ دەستە خوشکی کە ناوی (کلیونیسا)یە پەیدا دەبێ، دەبینێ لیزیستراتا دەم و چاوی کرژ بووە، هێوری دەکاتەوە و دەڵێ:

- تووڕە مەبە، ئافرەت وایە، درەنگ لەماڵ دەچنە دەرەوە، یەکێک تا منداڵەکانی دادەمەزرێنێ، یەکێکی تر تا خۆی دەڕازێنێتەوەو چاوی دەرەژێ، ئەویتر تا ماڵی ڕێک دەخات دوا دەکەون.

- لیزیستراتا: خۆ ئەگەر بۆ ئاهەنگی (باکۆس)ی خوای مەی بوایە، یان بۆ جەژنەکانی خوای زاوزێ کردن و دڵداری بوایە، ئێستا هەموو خرۆشابوون و تەموورەیان دابوو.

کلیونیسا: خواینت هەبێ وا هاتن.

ئەکرۆپۆل لەلایەن ئافرەتانەوە داگیرکراو مانیان لە مێردەکانیان گرت، پیاوانیش ناچاربوون سەر بۆ داواکانی ئافرەتان دانەوێنن، ئافرەتان داوای ئاشتی دەکەن پەیمانی ئاشتی لەنێوان ئەسینیاکان و ئەسپرتەکاندا دامەزرا.

(ئەریستۆڤان) توانی لەم درامایەدا بچێتە ناو ناخی ئافرەتەوە، چی نهێنی ناو قوڵایی دەروونیان هەیە بخاتە سەر نووکی خامەکەی، ئەو پەیوەندییانەی کە لە نێوان ژن و پیاودا هەیە بخاتە ڕوو، وەک ئۆستایەکی شارەزا ئەو کەلێنانە کە لە پیاودا هەن بەژنانی بگەیەنێ[٢].

لە ساڵی (٤١١) پ.زدا خراوەتە سەر شانۆ، دراماکە هەمووی ماوە.

(١) المسرح العالمي من اسخیلوس الی آثر میللر - لویس عوض - ل٤٢.

(٢) ئەم درامایە لە کاروانی ژمارە (٦٨)ی ساڵی (١٩٨٨)دا لەژێر ناوی (سوڵح)دا لەلایەن خەسرەو جافەوە کراوە بە کوردی و بڵاوکراوەتەوە.

**١٤- تريڤاليس:**

«ئەلکفیادیس سەربازێکی خوێن گەرم و جاحێل بوو، بنەماڵەکەی لە ئەسینیا ناوداربوون کە پەیمانی ئاشتی لە نێوان ئەسینیا و ئەسپرتادا بۆ ماوەی (٥٠) ساڵ بەسترا؛ هەموو گەلی ئەسینیا و ئەسپرتە دڵشاد بوون، هەموو پارتەکانیش جگە لە پارتی کۆماری پشتگیری پەیمانەکەیان کرد، بەڵام هەندێ جەحێل بە سەرۆکایەتی (ئەلکفیادیس) ئەو ڕێکەوتنەیان پێ پەسند نەبوو، بۆیە جۆرەها پڕوپاگەندەی بۆ پەیمانی ئاشتییەکە دەنایەوە، لەژێرەوە هەواڵی بۆ ئەسپرتاکان دەنارد کە گوایە ئەسینیاکان بەو پەیمانە نیازیان خراپەو داویان بۆ ناونەتەوە، ئیتر بەو جۆرە چەندان بوختانی دروست دەکرد، کە زانی پیلانەکانی سەر ناگرن، وازی لە پارتەکەی خۆی هێناو چووە ناو پارتی کۆمارییەوە کە حەزی لە ئاشتی نەبوو.

لەو کاتەدا پەیکەری (هرمیس) کە لە ناوەڕاستی شار بوو، شەوێک وردو خاش کرابوو، دەوڵەت بڵاوی کردەوە هەر کەس ئەوە بدۆزێتەوە کە ئەو کارەی کردووە خەڵاتی بەهاداری دەکا، هەموو هەواڵ دەرەکان پەنجەی تۆمەتیان بۆ لای ئەلکفیادیس درێژ دەکرد، لەبەر ئەوە دادگا بڕیاری بە کوشتنیدا، ئەویش توانی خۆی دەرباز بکات و خۆی بخاتە داوێنی دوژمنەکانی ئەسیناوە کە ئەسپرتاکان بوون، ئەو دەخالەت کردنەی (ئەلکفیادیس)ە خیانەت بوو، چونکە لە ڕیزی سوپای ئەسپرتادا دژ بە وڵاتەکەی خۆی وەستا، دوای ماوەیەک دەرکەوت کە دەستی ناپاکی لە تەک شاژنی ئەسپرتاد تێکەڵاو کردووە».

(ئەریستوفان)ی هونەرمەند ئەم درامایەی لەسەر ناپاکی ئەلکفیادیس داناوە، داخۆ تیایا چ جۆرە تانەو تەشەرێکی سوێری ئاڕاستەی کردبێ؟!

دراماکە لە ساڵی (٤١١-٤٠٨) نوێنراوە، بەڵام دەقەکەی فەوتاوە.

**١٥- لیمینا:** (٤١١-٤٠٨ پ.ز) هەمووی فەوتاوە.

**١٦- پیرەکان** (٤٠٧پ.ز) ئەوەی ماوە، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەریستۆفان لەم درامایەیدا ڕەخنەی لە داو ڕەوشتی شاعیرە کۆنەگانی گریک گرتووە.

**١٧- بۆقەکان:**

ئەم درامایەش وەک هی پیرەکان سەرتاپای بریتییە لە گەمەو گاڵتەو لاقرتی کردن بە شیعرو هونەری یوریپیدیس و ئەسخیلۆس، ئەریستۆفان لە ئاستانەی هونەری یوریپیدیسدا جوانوی هونەری خۆی مەشق دابوو، لەسەر ڕێبازی ئەو جێ پێی خۆی لەو مەیدانەدا خۆش کردبوو، کەچی لەم درامایەداو لە پاش مردنی وا هونەرەکەی داوەتە بەر گەنجەفەو پێکەنین.

بابەتی دراماکەی وا دەگەیەنی: «خوای شانۆگەرییەکانی (دیونیسۆس) لەو درامانووسانە کە نەمردوون توورەیە، بۆیە بەرەو دۆزەخ دەکەوێتە ڕێ بۆ ئەوەی یوریپیدیس بێنێتەوە سەر جیهان، کە بەرەو خواری زەوی شۆڕ دەبێتەوە دەبینێ وا یوریپیدیس سواری بەلەمێک بووەو بەرەو بێخی دنیا شۆڕ دەبێەوە، لەمە دەگاتە ئەوێ کۆمەڵێک بۆق بەقرەقرِ پێشوازی دەکەن، کە دەگاتە بارەگای خواروو دەیەوێ لەسەر تەختی شاهانەی دراما دانیشێ و ئەسخیلۆس دەربکات، لەسەر ئەو تەختە بەگژ یەکدا دێن، ئەسخیلۆس یوریپیدیس بەوە تاوانبار دەکات کە تۆوی گومانی لە مێشکی گەنجەکانی ئەسینادا چاندووە و تووشی سەرگەردانی کردوون، هەروەها ڕەوشتی ئافرەتانی بەدخوو کردووە بە کارێکی وەها ئافرەتان لە داخ تانەو تەشەرەکانیا خۆیان خنکاندووە، لە پاشدا ترازوێک دادەنرێ بۆ نرخاندن و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانیان، تاکە دەستەواژەیەکی ئەسخیلۆس دەخرێتە ناو تای ترازووەوە، دە دەستەواژەی



یوریپیدیسیش دەخەنە تاکەی تریەوە هەر هاوسەنگ نابن، ئەسخیلۆس داوا لە یوریپیدیس دەکات خۆیشی و منداڵەکانی و خێزانەکەی و هەموو کەرەسەکانی ناو ماڵی بچنە ناو ئەو تای ترازووەوە هەر لەگەڵ تاکە دەستەواژەکەی ئەودا هاوسەنگ نابن، لێرەدا یوریپیدیس دەدۆڕێنێ و ئەسخیلۆس لەتەک (دیونیسۆس)دا دەگەڕێتەوە سەر زەوی[1]. دیارە جەماوەری ئەم درامایە بابەتی دراماکەیان گەلێ پێ باش بووە، بۆیە پاش یەکەم نواندنی چەند جاری تر تەمسیل کراوەتەوە.

**١٨- فینیقییەکان:**

ئەم درامایە تەنیا ناوەکەی ماوە، وەک دەردەکەوێت پێش درامای بۆقەکان نووسراوە، بەڵام مردنی یوریپیدیس بووەبە هۆی نەنواندن و دواکەوتنی، لەوانەشە پڕ بووبێ لە هەڵسەنگاندنی بیروڕاکانی یوریپیدیس بەڵام لەبەر ڕێزو حورمەتی مردوو، پیشان نەدراوە، وەک لەپێشەوە زانیمان یوریپیدیس درامایەکی بەهەمان ناو هەیە، کە ئەمیش بەهەمان ناوە، دیارە ئەریستوفان لە بارەی بابەتی دراماکەی ئەوەوە ڕای تایبەتی خۆی هەیە.

**١٩- ئیکلیسازۆسای:** (**النائبات**-Ecclesiazusae)

یان: ئەنجومەنی نیشتمانی ئافرەتان...

لە ساڵەکانی نێوان (٤٠٤-٣٩٠)دا نوێنراوە، لەماوەی ئەو دە ساڵەدا گەلێ ڕووداو بەسەر ئەسینادا هاتن، لەلایەکەوە مەترسی پارسەکان و لەلایەکی ترەوە مەترسی ئەسپرتاکان؛ ڕۆژ دوای ڕۆژ زۆرتر دەبوو، ئەسینیاکان خۆیان ئامادە کردبوو کە دوورگەی (قوبرس) لە پارسەکان بسێننەوە، هەر لەو کاتەدا ئەفلاتوونی فەیلەسووف لەناو کتێبی (کۆماری ئەفلاتوون)دا فیکرەی شۆسیالیستی و شاری بەختەوەری بڵاودەکردەوە.

لەو کاتەدا ئەریستۆفان بۆ چەسپاندنی ئاشتی متمانەی بە پیاوان نەمابوو، بۆیە پەنای بردبووە بەر ئافرەت، ئەوە بوو درامای لیزیستراتا و سیسمۆفۆریای نووسی، پاش ئەوانیش ئەم درامایەی نووسی.

پاڵەوانی دراماکە: (پراکساجۆرا)یە، ئافرەتێکی ئازاو چاپووک و بلیمەتە، پێی سەیر بوو کە تاکە کێشەی پیاوانی گریک سامان خڕکردنەوە بوو، لە ڕێی ئەو مەبەستەدا هەر خەریکی کوشتن و ئاژاوەو جەنگ بەرپاکردن بوون، پراکساجۆرا لەمەڕ ئەو کێشەیە دەستەوسان ڕانەوەستا بەڵکو لەتەک ئافرەتانی ئەسینیادا بڕیاریاندا کە چی جل و بەرگی پیاوان هەیە هەمووی بدزن و بشارنەوە، خۆشیان بەجل و بەرگی پیاوانەوە دەست بەسەر بارەگای ئەنجومەنی گەلدا بگرن و دەستەڵات لەدەستی پیاودا نەهێڵن بۆ ئەوەی وڵات لە دەست ئاگری جەنگ ڕزگار بکەن.

کە ئەنجومەنیان داگیرکرد، مووچەی تایبەتیان بۆ ئەندامەکانی بڕیەوە، بۆیە ئافرەتان هەموو هەوڵی ئەوەیان دەدا کە ببنە نوێنەرو ئەندامی ئەنجومەن، ئەنجومەن دامەزرا، یاسای شۆسیالیستی بڕیاردرا، کوێرەوەری و هەژاری نەما، پیاوەکانیش ناچار بوون سەر بۆ بڕیارەکانی ئەنجومە دانەوێنن، بەڵام وا بەڕووت و قووتی لەماڵەوە ناوێرن بێنە دەرەوە، پاش ئەوەی ناچارکران سەر دانەوێنن، جل و بەرگەکانیان درایەوەو ئازاد کران.

ئێستا ئەکرۆپۆل لەژێر دەستیاندای، یەک دراخمای خەزێنەکانی بۆ جەنگ خەرج ناکرێ.

پاش ماوەیەک گیروگرفتی دڵداری و ئەوێنی یەخەی ئەنجومەنی ئافرەتانی گرت، بڕیاری شۆسیالیستی

(١) قصة الحضارة: الجزء الثاني من المجلد الثاني ول ديورانت - ترجمة: محمد بدران - ل٣٢٢-٣٢٣.

دڵداری دەرکرا، بڕیارەکەش بەم جۆرە بوو:

هەر پیاوێک داوای کیژێ بکات دەبێت بەسەر پیرەژنێک یان پیرەکەنفتێکدا بڕواو خۆی تاقی بکاتەوە، ئەو بڕیارەش بەسەر ژناندا ڕایی کرا، ئا بەو جۆرە جەنگ و شەڕنانەوە ڕیشەکەن کران، ئێدی چی زەوی و کێڵگەیە پیاو دەیکێڵێ، چی جل و بەرگە ئافرەت دەیدووریێ، پیاو دەرو دەشت دەکات، ئافرەتیش ماڵداری و منداڵ پەروەردە دەکات، بۆیە دز و جەردەش نەمان، بەندیخانەو شوێن دادگاکان بوون بە شوێنی شایی وزەماوەند، بەو جۆرە (پراکساجۆرا) توانی بنەماکانی شۆسیالیستی بچەسپێنێ.

لە کۆتایی دراماکەدا پراکساجۆرا هەموو گەلی ئەسینیا خڕ دەکاتەوە یاسای خۆماڵی کردنی هەموو کەل و پەل و نەختینەیەک بە خەڵک دەگەیەنێ، خەڵکەکەش هەر کەس کەل و پەلی خۆیان بە شانیاندا دەدەن و لەبەردەم پراکساجۆرادا دایدەنێن، وا پیاوێکی هەژار تاکە حەسیرە شڕەیەکی هەیە لەبەردەم سەرەک ئەنجومەن و خەڵکەکەدا دەیکاتەوە، کۆنە دێزەیەک و مەسینە شکاوێک و هەندێ پڕوپیتاڵی کە لە ناوی دایە ڕووی دەکات دەوڵەمەندەکان بەڕوێکی کرژەوە لێی مۆڕ دەبنەوە، لە کۆتایی دراماکەدا لاوێک دڵی بە کچێکی گەنجەوەیە دەیەوێ بیخوازێ، بەرامبەر ماڵی ئەو کوڕە پیرەژنێکی ڕزاوە هەیە بەپێی یاسای ئەنجومەن، دەبێ لە پێشەوە بەسەر ئەوا بڕوا بۆ لای دڵدارەکەی، ئافرەتە پیرەکە وا قۆڵی لاوەکەی گرتوەو دەیبا... کچەکە: (یەخەی پیرەژنەکە دەگرێت) ئەوە بۆ کوێی دەبەی؟

پیرەژن: مێردی خۆمەو دەیبەمە ماڵەوە.

کچەکە: ئەو منداڵە کەی لە ئازەی تۆدایە، تۆ بەدایکی دەشێی، چاکتر وایە ببی بە دایکی، ئەگەر یاسا بەو جۆرە بێ لە هەر ماڵێکی شاری ئەسینیادا (ئۆدیپ)ێکی تیا هەڵدەکەوێ[1].

**٢٠- سامان** (٣٨٨پ.ز) هەمووی ماوە.

کورتەی بابەتی دراماکە:

«خریملۆس ئەو پیاوە هەژارە بوو کە لە پێش هەموو کەسێک بەخۆماڵی کردنی ماڵ و سامان ڕازی بوو، ئەوە بوو کە (پراکساجۆرا) بڕیاری خۆماڵی کردنی ڕاگەیاند، ئەویش ئەوەی هەیبوو، بریتی بوو لە حەسیرە کۆنەیەک و دیزەو گۆزەو مەسینە شکاوەکەی و پڕو پیتاڵە پواوەکەی، بە شان خۆیا داو هێنای لەبەر دەم ئەنجومەنی نیشتیمانیدا دای ناو خۆماڵی کرد.

ئەو خریملۆسە پیاوێکی هەژارو جوتیارێکی ساویلکەو دڵپاک بوو، ئێستا بەتەمەندا چووەو، ئەوەی هەیە خەریکی جوتیارییەو ئەوەی دەستی کەوتووە هەر نانە زگی بووەو هیچ سامانێکی وەدەست نەهێناوە، ئێستاش ترسی ئەوەی لێ نیشتووە تاقە کوڕەکەشی هەر وەک خۆی تا ماوە هەر گەدا بێ.

کەواتە دەبێ چارەیەک بۆ باری ژیانی کوڕەکەی بدۆزێتەوە، دەڕوا بۆ پەرستگای دلفی لەوێ ڕازو نیازی خۆی بە موگانەکان دەڵێ و ئەوانیش پێی دەڵێن ئێستاکە کە بەرەو ماڵ گەڕایتەوە لە ڕێدا یەکەم کەس کە تووشی دەبی بیگرەو بەری مەدە، دەرمانی دەردی تۆ لای ئەوە، ئەویش کە لە پەرستگا دێتە دەرەوە، تووشی پیاوێکی کوێر دەبێت و دەستی دەگرێ و دەیباتە ماڵی خۆیان و و ڕێزێکی فرەی لێ دەنێ و لە پاشدا بۆی دەردەکەوێ ئەم پیاوە کوێرە خوای سامانە، گەورەی خواکان کە (زیوس)ە کوێری کردووە، لەو ڕۆژەوە کە کوێر بووە کەوتووەتە ژێر چەپۆکی پیاوی چەپەڵ و ناپاک.

خریملۆس کە ئەمە دەزانێ بڕیار دەدا کە بەهەر جۆر بووە دیدەکانی خوای سامان چاک بکاتەوە، بۆ

(١) کومیدیات اریستوفانیس الجزء الثالث - ترجمة امین سلامة - ل٧٦-٧٧.



ئەوەی ئیتر نەکەوێتە ژێر چەپۆکی مرۆڤی نادان و خراپ، خوای سامان کە چاک دەبێتەوە لەو کردەوانەی - کە هاودەمی پیاو خراپانە - پەشیمان دەبێتەوە، ئیتر دۆستایەتیان ناکات، وا ئێستا بووە بە دۆستی پیاو چاکان و دەست پاکان و هەژاران، ئەوانیش خوو دەدەنە پەرستنی تەنیا ئەو و خواکانی تریان لەبیر نامێنێ و قوربانیشیان بۆ ناکەن، لەمەوە خواکانیش تووشی هەژاری دەبن و ناچار ئەوانیش دەکەونە شوێن خوای سامان، سامانێکی زۆر تەپ دەبێت، کۆنە زەنگین و دەوڵەمەندەکانیش دەکەونە پشت گوێ».

جگە لەو کۆمیدیانە نزیکەی بیست کۆمیدیای تر کە ناویان ماوەو دەقەکانیان نەماوە، دەدرێنە ئۆبال ئەریستوفان.

***

# درامای ڕۆمانی

## پێشەکییەکی پێویست

پێش ئەوەی ڕۆمانەکان دەست بەسەر وڵاتی گریکدا بگرن و بیخەنە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیانەوە، زۆر نا کەم پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو گەلەدا هەبووە، بەتایبەتی لە بارەی بیروڕای ئایینی و جۆری پەروەردە بوونی منداڵەوە.

کە لە ساڵی (١٤٦)ی زایینیدا ڕۆمانەکان دەستیان بەسەر هەموو وڵاتی گریکدا گرت ئەوەی کەلەپووری هونەری و زانست و زانیاری و ئایینییان هەبوو هەموویان ماشیەوەو هێنایانە ڕۆمای پایتەخت، لەلایەکەوە توانیان ئە هەموو کەلەپوورە لە فەوتاندن و بەربادبوون ڕزگار بکەن، لەلایەکی ترەوە کەڵکێکی باشیان لێ وەرگرت و تا وای لێ هات ڕۆمانەکان لەبارەی ڕۆشنبیری و هونەری و ئەدەب و پەروەردە و زمانەوانییەوە نەوەی گریکەکان و پێشینانی ئەوانیان بە پێشەوای خۆیان دەزانی، ئەوەی هەبوو لە خوو خدەو تاقیکردنەوەی تایبەتی مێژوویی خۆیان تێکەڵاو بە هونەر و زانست و فەلسەفەی ئەوان کرد، تا وای لێ هات بەرهەمەکانی ئەمان موتربەی هینەکانی ئەوان کران و لەیەک جیا نەدەکرانەوە، نەک هەر ئەوەندەو بەس بەڵکو زانایان و دانایانی گریک بوون بە پێشەوایانی زانایان و دانایانی ڕۆمان، ئەوەی بە شوێن ئەواندا نەڕۆشتبایە، یان لەراو ڕێبیری ئەوان لای دایە بە نەزان و نادان دەدرایە قەڵەم.

ئیتر زانست و زانیاری و هونەر و فەلسەفەی گریکەکان بەسەر دەستی ڕۆمانەکاندا لەسەرانسەری دەوڵەتی ڕۆمانیادا بڵاوبووەوە؛ خوێندنگاو زانکۆ بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر فەلسەفەو زانیاری و هونەر و ئەدەب سەر لە نوێ پەرەی سەندەوە، شاری ڕۆماو ئەسکەندەرییە دوو مەشخەڵی بڵند بوون بۆ ڕووناکردنەوەی ئەم بەرو ئەو بەری دەریای سپی، هەردوولا ببوون بە بنکەی زانست و زانیاری، ڕۆمانەکان چەند بایەخیان بە زانیاریدا، ئەوەندەش بگرە زۆرتریش پارێزگاری ئەو کەلەپوورە گریکییەیان کرد کە تا ئێستا بووە بە بەردی بناغەی بنیات نانی شارستانیەتی ئادەمیزاد.

قڕاڵ (کەیسر)ە، کانی ڕۆمان بایەخێکی باشیان بە زانکۆی ئەسینیا و ئەسکەندەرییەدا، ئەو تیشکەی کە وەخت بوو خەفە ببێ سەرلەنوێ بەسەردەستی ئەواندا گەشایەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆما ناوبانگی دەرکردبوو بە پایتەختی هەموو جیهان دەناسرا، کە ئەو کاتە وڵاتی

گریکیش کەوتبووە ژێر دەستیانەوە؛ لەو کاتەدا خوێندکارو خەڵکێکی زۆری ئەو وڵاتە بەرەو ڕۆما باریان کردو لەوێ ئەوەی دەیانزانی بڵاویان دەکردەوە، ئەو کتێب و نووسراوانەش کە پارێزرابوون، وەک نەختینەیەکی بەنرخ و بەهادار خرانە بان هەموو گەنجینەیەکی نرخدارەوە، سەدەیەکی نەخایاند چەندان مێژوونووس و شاعیرو هونەرمەند و زمان زان و درامانووس هاتنە مەیدانەوە، (هۆمیرۆس، سینیکا، ڤێرجیل، شیشیرۆن، پلاتۆس) هەندێکن لە پێشڕەوانی کاروانی هونەرو ئەدەبی ڕۆمان[1].

دراما بەشێکی باڵاو بەنرخی هونەر و ئەدەب بوو، بۆیە ڕۆمانەکان ئەم لایینە هونەریەیان پشت گوێ نەخست و لەلایەن گرۆی شاعیران و هونەرمەندانەوە بایەخی درایە، پێیان وابوو مەیدانی شانۆگەری و دراما ئەو گۆڕەپانەیە کە کەڵە شاعیران بەهرەو توانای خۆیان تیا دەردەخەن.

بەڵێ ڕۆمانەکان دوای داگیرکردنی وڵاتی گریک، چی کەلەپوور و کەل و کەوڵی شانۆی یۆنان هەبوو هەموویان خڕ کردەوەو لەگەڵ خۆرسکی خۆیاندا تێکەڵاویان کردو لە بۆتەی سوودمەندی (النفعیە)یەتی تایبەتی سەردەمەکەیاندا دووبارە بەرگێکی تریان بەبەرا کردوەتەوە، بەڵام ئەو بەرگە نوێیە لە تیلمەی لاساکردنەوەی گریک دوور نەکەوتەوە، دراما و هونەری شانۆگەری تێکەڵاو بەگیانی گریکەکان ببوو، بۆیە ئەو زاناو خوێندکارانە کە بەرەو دۆڵی لاتین هاتن و تێکەڵاو بەگەلی ڕۆمان بوون سەرلەنوێ شانۆ و دراما‌یان وەک هونەرێکی زیندوو بوژاندەوە، ڕۆژگاری ڕەش و چەپکڕ نەیتوانی ئەستێرە گەشەی سەر قولەی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یوریپیدیس و ئەرستۆفان لە پەنای هەورە تەڵخەی دێزو بێ وەشتدا بشارێتەوە، ئەو ئەستێرەیە کە کەوتەوە بروسکە و درۆشانەوە، لەبەر تیشکی ئەو درۆشانەوەدا ئەم درامانووسانە: سینیکا، پلاوتۆس، تیرینس، بەرەو جیهانی دراما نووسین ڕەوتیان کردو بوون بە مەشخەڵی هەڵگری نامەی دراما لە هەموو ئەوروپادا یان لە هەموو جیهاندا[2].

## جۆرەکانی کۆمیدیای ڕۆمانی

وەک لای هەمووان ئاشکرایە: دراما دوو جۆری سەرەکی هەیە، کۆمیدیا، تراژیدیا، هەر یەکێک لەوانە کراوەتە چەند بەشێکەوە وەک لە پێشەوە زانیمان، کەچی درامانا‌سانی درامای ڕۆمانی، درامای کۆمیدیای ڕۆمانیان بە جۆرێکی تر دابەشکردووە، چونکە ئەوان زۆربەی دراماکانیان لە دراماکانی گریکەوە دادەڕنی و هەندێ دەسکاریان تیا دەکردن و دایان دەڕشتنەوە، جا ئەو درامایە کە لە گریکەوە وەرگیرابوو پێیان دەوتن: (بالیاتا) ئەوانەش کە لە مێژووی ڕۆمان و داستانە کۆنەکانیانەوە وەردەگیران پێیان دەوتن، (تۆگاتا)... هەر ئەم بەشە هەندێ جاریش پێیان وتراوە (پرایتیکستا) بە ناوی ئەو کۆڵەوانەوە کە ڕۆمانەکان بەشانی خۆیاندا دەدا، وەک لەمەو پاش بۆمان دەردەکەوێت زۆربەی کۆمیدیاکانی پلاوتۆس و تیرینس و لیفیۆس، لەو جۆرە کۆمیدیایەن کە لە کەلەپووری گریکەوە وەرگیران یان دووبارە داڕێژرانەوەو لەگەڵ چەش و بۆچوونی خۆیاندا ڕێکیان خستن، بەڵێ پاش ئەوەی ڕۆمانەکان بە تەوژمی ئەدەب و هونەری گریکەکان چاویان کرایەوە، مێشکی خۆیان ساو داو دەستیان دایە نووسین و هەڵچنینی دراما، داڕێشتن و بابەتەکانی دراماکانیان لاسایی کردنەوەی گریکەکان بوو، لە هەمان کاتدا ئەو لاساکردنەوەو چاو هەڵهێنان و ڕاچنینە بوو بە هۆی پاراستنی ئەو تێکستە ئەدەبی و هونەرییانە کە لە

(١) تاريخ التربية تأليف: مصطفي امين - الطبعة الاولى - مطبعة المعارف بشارع الفجالة بمصر ل١١١-١١٢.

(٢) (هەولێر لە یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی شارەوانی هەولێردا - ساڵی ١٩٨٥ ل٢٠٥ «بزووتنەوەی شانۆگەری کوردی» (ن).



پاش گریکەکان بەجێ مابوو، هەروەها لەڕێی ئەوانەوە درامای گریک بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە، بەتایبەتی لە ئەوروپادا.

## پێشڕەوانی درامای ڕۆمانی

مێژووی درامای ڕۆمانی ئەوەندە بایەخی بە درامای تراژیدی ڕۆمان نەداوە، ئەمەش لەبەر دوو هۆ بوو، یەکەم: دراما تراژیدییەکانیان لە چاو درامای تراژیدی گریکدا ئەوەندە ئاست نزم بووە، وەک هەر نەبووبێ وایە، دراما تراژیدییەکانی سینیکای لێ دەرکەی ئەوانی تریان شایەنی ئەوە نەبوون بایەخیان پێ بدرێ.

دووەم: ئەو تراژیدییانە کە دەدرێنە پاڵ سینیکا لەبەر ئەوەی پڕ بە دیمەنی خوێن ڕشتن و ستەمکاری و ناهەموارین - کە لەتەک سروشتی ڕۆمانیاندا نەبێ ناگونجێن - بافتی ئەوەیان نەبووە مێژووی دراما ئاوڕێکی شایستەیان لێ بداتەوە، کەچی کۆمیدیا وانەبوو بۆیە دراماناسەکان و توێژەران پەڕەیەکی تایبەتیان بۆ تەرخان کردووەو ناوی چەندان کۆمیدیاناسیان کردووە بە سەر دەفتەری ئەو لاپەڕەیە، واتە ڕۆمانەکان لە بواری کۆمیدیادا هەنگاوی بەرهەمداریان ناوەو توانیویانە کەمێک لە سروشتی خۆیان و کۆمەڵەکەیان لە دوو تۆی ئەو جۆرە درامایەدا تۆمار بکەن، ئیتر ئەوانەی کە لەسەر دراماو لەسەر خۆرسکی خەڵکی ڕۆمانیان کۆڵیبێتەوە پەنایان بردووە بەر کۆمیدیاکانیان، ئەمە جگە لەوەش ئەو کۆمیدیایەی ڕۆمان لەسەردەمی ڕاچنینی ئەوروپادا کە نواندیان دووبارە کراوەتەوە، کاری خۆیان لە درامای ئەوروپادا کردووە، ئەوانەش کە پێشڕەو و پێشەوای درامای ڕۆمان بوون، ناویان وەک زەنگی پێشڕەوی کاروان دەنگی داوەتەوە، وا لە خوارەوە بە کورتی لەسەر پێشڕەوانی درامای ڕۆمان دەدوێین.

### ١- لیفیۆس ئەندرونیکۆس

ئەم زاتە یەکەم ڕۆشنبیری ڕۆمایە کە شوێنەواری لە پاش بەجێ مابێ، وا زانراوە لە نێوانی ساڵەکانی (٢٨٤-٢٠٢پ.ز)دا ژیاوە لە ڕەسەندا گریکییەو لە جەنگێکدا بەدیل گیراوەو کەوتووەتە دەست جەنگاوەرێک کە ناوی (لیفیۆس سالیناتۆر)ە کە یەکێک بووە لە پیاو ماقوڵانی ڕۆمان، ئەم پیاوە کە زانیویەتی ئەو کوێلەیە پیاوێکی زاناو بلیمەتە ئازادی کردووە ناوی (لیفیۆس) کە ناوی خۆی بووە پێی بەخشیوەو کردوویە بە نازناوی ئەو... جگە لەوەش کردوویە بە مامۆستا و نگابانی کەری منداڵەکانی، لە هەمان کاتیشدا کراوە بە مامۆستای فێرکردنی زمانی گریک و ڕۆمان کە لاتینی بووە.

چەندان درامای کۆمیدی و تراژیدی گریکی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی لاتینی لەمەوە وەک هونەرمەندێکی درامی ناسراوە گەلێ جاریش ئەو کۆمیدیانە کە وەری دەگێڕان خۆی دەینواندن، ئەم وەرگێڕانە لە مێژووی درامای ڕۆمانیدا بە هەنگاوێکی گەلێ گەورە دەدرێتە قەڵەم چونکە تیشکی هونەرو ئەدەبی گریکی بە وڵاتی ڕۆماندا بڵاوکردەوەو بناغەیەکی پتەوی بۆ ڕۆشنبیری ڕۆمانی پاش خۆی دامەزراندو ڕێگەی هونەری بۆ نەوەی پاش خۆی ڕوناک کردەوەو شێوازێکی تایبەتیشی لەو بوارەدا بۆ دامەزراندن، دیارە ئەو بناغەو ئەو شێوازە کە دایمەزراند لەسەر بنەما ئەدەبی و هونەرییەکانی گریک بوون بۆیە هەندێ زانایان ڕۆشنبیری ڕۆمانییان بە بەرهەمی تەرزێکی تری گریکی دەزانی.

ئەم زاتە چەندان درامای بە بەرهەم هێناوە کە ژمارەیان دەگاتە دوانزە:

نۆیان تراژیدین و سێیان کۆمیدین، کە ئەمانەن:

١- ئاخیل.

٢- ئیجۆست.
٣- ئەیاسی قامچی لەدەست.
٤- ئەندرۆمید.
٥- دانای.
٦- ئەسپەکەی تروادە.
٧- هێرمیونی.
٨- تیربوس.
٩- ئینۆ

ئەم تراژیدیانە وەک بەناوەکانیاندا دەردەکەوێت لەلایەن (ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یوریپیدیس)وە لە هەمان بابەتی خۆیاندا مالیجە کراون:

ئەمانەش کۆمیدیاکانن:
١- خەنجەر.
٢- لۆتی.
٣- خەتەنەکراو[١]

## ٢-نایفیۆس ٢٧٠-٢٠١

ئەو ڕێگەیەی کە بەمەشخەڵەکەی لیفیۆس ڕووناک بووەوە یەکەم کەس کە ڕەوی پیاکردو جێ پێی ئەوی تیا هەڵکرد نایفیۆس بوو، ڕەوتەکەی بە تان و پۆ ڕەسەن بوو چونکە بەرەچەڵەک و پەروەردە ڕۆڵەیەکی ڕۆمانی پەتی بوو، وەک بە قسەی توێژەراندا دەردەکەوێ شاعیرێکی بەهرەدارو ئازاو چەلەنگ بووە، لە هۆنراوەکانیا گەلێ جار تانەو تەشەری ئاراستەی پیاوە دەوڵەمەندو کار بەدەستە چاوچنۆک و نەگریسەکان کردووە، ئەو درامایانە کە دراونەتە ئۆباڵی ئەو گەلێکیان لەلایەن (لیفیۆس ئەندەرینکۆس)ەوە بە هەمان بابەت مالیجە کرابوون، ئەم بۆیە سەر لەنوێ دووبارەی کردنەوە تا ئەوە دەربخات کە ئەگەر لە پێشینانی خۆی بە دەسەڵات تر نەبێ خۆ لەوانیش کەمتر نییە، ئەمە لە بارەی تراژیدیاوە کەچی لە بواری کۆمیدیادا هەر چەند ئەمانیش بۆنی کۆمیدیاکانی ئەریستۆفانیان لێوە دەهات لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگی دەستەڵاتداری و خامە ڕەنگی خۆی پێوەیانەوە دیار بوو، گەلێ بابەتی تازەو خۆماڵیشی هێنایە مەیدانەوە کە هەموویان بۆ چارەسەری گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵی ئەو سەردەمە داڕێژرابوون بەتایبەتی ئەو گیروگرفتانە کە چینی چەوساوەیان پێ گرفتار ببوو.

نایفیۆس بەداهێنەری ئەو جۆرە درامایە دەناسرێ کە دراماناسەکانی ڕۆمانی ناویان نا درامای: (پرایتیکستا Praetexta) بەناوی ئەو کۆڵەوانە پەمبەییەوە ناونرا کە پیاوە کاربەدەستەکانی ڕۆمان وەک چارۆکەیەک بەشانی خۆیاندا، دەدا... دیارە بابەتەکانی ئەو جۆرە درامایە باسی پیاو ماقوڵان و داستانەکانی ڕۆمانی کردووە.

سەرجەمی ئەو درامایانە بە تراژیدی و کۆمیدیاوە کە دەدرێنە پاڵ نایفیۆس ژمارەیان دەگاتە سی و نۆ دراما، سییان کۆمیدین و حەوتیان تراژیدی و دوانیان (پرایتیکستا - تۆگاتا)ن ئەمە ناوی هەندێ لە

(١) الدراما الرومانسية - د.ابراهيم سكر. ل ١٠-١١ المكتبة الثقافية العدد ٢٣٤.



کۆمیدیاکانیەتی:
١- خەلووزفرۆش.
٢- گۆزە دروست کەر.
٣- کولیننان - العراف-.
٤- نوتی - دەریاوان-.
٥- گوڵ فرۆش.

ئەمەش ناوی برێکە لە تراژیدییەکانی:
١- ئەندرۆماخی.
٢- دانای.
٣- ئەسپەکەی تروادە.
٤- هیکتۆری جەنگاوەر.
٥-هیسیۆنی.
٦- ئیفیجینیا.
٧- لیکۆرجوس.

لەپێشەوە ڕابورد کە (لیفیۆس ئەندرۆنیکۆس) لەسەر (دانای - ئەسپەکەی تروادە)ی نووسیبوو، ئەمیش ئەو دوو بابەتەی دووبارە کردووەتەوە، تا ئەوە دەربخا کە لەو بەدەسەڵات ترە.

ئەمانەش دوو درامای پرایتیکستان کە بابەتەکانیان مێژوویین:
١- کاستیدیۆم.
٢- ڕۆمۆلۆس.

## ٣- پلاوتۆس Plautus ٢٥٤-١٨٤ پ.ز:

پلاوتۆس لەمێژووی درامای ڕۆمانیدا بە ئەریستۆفانی ڕۆمانی دەناسرێ و یەکێکە لەو کەڵە شاعیرانە کە کۆمیدیای ڕۆمانی گەیاندووەتە ئاستی کۆمیدیاکانی گریک.

پلاوتۆس بە کۆمیدیاکانی گاڵتەی بەگەلێ ڕووی ژیان کردووە مەبەستی بەو گاڵتە پێکردنە ئاگاوتنی ڕەخنە بووە بە تێکڕایی ژیان، بازاڕی کۆیلایەتی و داوێن پیسی و دوو ڕوویی و درۆزنی و دزۆکی بارە ڕووە گەشەکانی ئەو کاتە بوون، ئەویش دەهات بە تێزەوە تانەو تەشەری لەوانە دەگرت کە باوشیان بۆ کردبووەوە، ئەم شاعیرە بلیمەتە هەر چەند بە هەژاری خۆی پێگەیاند بوو، لە قوتابخانەی سروشتدا فێرببوو لەگەڵ ئەوەشدا پایەو سایەیەکی بڵندی لە بواری ئەدەب و هونەردا بۆخۆی سازدابوو، هاووڵاتیانیشی بەرێزەوە تەماشایان دەکرد، ڕەخنەگرێکی ڕۆمانی سەردەمی خۆی سەبارەت بەو وتوویەتی: (خواکانی شیعر ئەگەر دەیانەوێ فێری زمانی لاتینی بن با کۆمیدیاکانی پلاوتۆس بخوێننەوە).

پلاوتۆس کە زانیویەتی هاووڵاتیانی بە چاوێکی بەرز تەماشای دەکەن پێش مردنی بەم جۆرە خۆی لاواندووەتەوە: (کە پلاوتۆس سەری نایەوە با کۆمیدیا پرچی خۆی بڕنێتەوە، با دراما سەرهەڵگرێ، ئەو

کاتەش پێکەنین و گاڵتەو گەپ و کێش و سەروای شیعر بێ تام و لارە سەنگ بن).

ئەم هونەرمەندە گەنجینەیەکی پڕ بەهای بۆ ڕۆمانەکان پێکەوە نا کە ئەویش بریتی بوو لە بیست و یەک درامای کۆمیدی کە هەموویان وەک خۆیان ماون و بوون بە خەزێنەی کۆمیدیای هەموو جیهان، وا لە خوارەوە بەکورتی دەیانخەینە بەرچاو:

١- **ئەمفیتریۆس**: ناوی سپاسالارێکی جەنگە لە ژنەکەی دوور دەکەوێتەوە خوا (جۆبیتەر) کە گەورەی خواکانە، دڵی لە ئافرەتەکەی دەچێ، خۆی دەباتە پێستی پیاوەکەی و کوڕەکەشی دەخاتە پێسی بەندەکەی مێردەکەیەوەو دەچێتە لای، ئەوەندەی پێ ناچێ مێردەکەی خۆی و دیلەکەی دەگەڕێنەوە ئافرەت سەری لێ دەشێوێ نازانێ کامیان مێردە ڕاستییەکەیەتی، لە پاشدا ژنە دوو جمکی دەبێ یەکێکیان (هەرقل)ە کە لە جوبیتەرە ئەوی تریان لە مێردەکەیەتی.

٢- **ئاسیناریا**: ئەم درامایە لە کۆمیدیایەکی گریکییەوە وەرگیراوە کە ناوەی (ئۆناجۆس)ە واتە کۆمیدیای کەران.

دراماکە باسی دڵدارییەک دەکات: لاوێک دڵی لە یەکێک لەو کچانە دەچێ کە بازرگانی بە داوێنی خۆیان دەکەن، دایکی کچە لەتەک لاوەکەدا لەسەر کرێیەک ڕێک دەکەوێ کە بۆ ماوەی یەک ساڵ لە تەک کچەکەیدا ڕابوێرێ، لە هەمان کاتیشدا بە هەمان کرێ و هەمان کات لەتەک ئەفسەرێکدا ڕێک دەکەوێ و نرخەکە دەبڕێنێتەوە، ئەفسەرەکە ڕازی دەبێ و پارە حازر دەکات، بەڵام لاوەکە دەست کورتەو پارەی نییە، دەبێ فێتێک بدۆزێتەوە دایکی کوڕە پارە دارەو مامەڵەی کڕین و فرۆشتنی کەران دەکات، ڕووداوی دراماکە لەو بازنەدا دەسووڕێتەوە، کۆتایی گرێ کوێرەی دراماکە بەسەر دەستی بەندییەکەدا دەکرێتەوە.

٣- **ئۆلۆلاریا**: (**کاسە زێڕ**): ئەم درامایە بەجوانترین کۆمیدیای ڕۆمانی دەژمێردرێ، وەک دەردەکەوێ مویلیری فەرەنسی کۆمیدیای پیسکەی تەرپیری لەم کۆمیدیایەوە وەرگرتووە، هەمان ڕووداو و هەمان بابەتی دووپات کردووەتەوە.

٤- **دوو دیل** (**الاسیران**) ڕووداوی دراماکە بە پیاوێک دەست پێ دەکات کە ناوی (هیجیو)یەو، دوو منداڵی هەبووە، یەکێکیان لەتەمەنی (٤)ساڵیدا، یەکێک لە بەندەکانی دەیڕفێنێ و بەرەو ناوچەی (ئەلیس) دەڕوا، کوڕەکەی تریشی لە جەنگێکدا دژ بەو ناوچەیە بە دیل دەگیرێ، وا ئێستا ئەو باوکە بیر لەوە دەکاتەوە چۆن کوڕەکەی لەو دیلایەتییە ڕزگار بکات، دوو دیلی ئەو ناوچەیە دەکڕێ بۆ ئەوەی لە بری کوڕەکەی بیانگۆڕێتەوە، یەکێک لە دوو دیلە کوڕە بچکۆڵەکەی خۆی دەبێ کە لە تەمەنی چوار ساڵیدا ڕفێنرابوو، ئەوەی تریان کوڕی پیاو ماقوڵێکی ناوچەی (ئەلیس)ە، کۆتایی دراماکە بەوە دێ کە ئەم بەندەیە لایەتی لێ ئاشکرا دەبێ کە کوڕەکەی خۆیەتی، دراماکە پڕیەتی لە هەڵوێستی سەیر و چاوەڕوان نەکراو.

٥- **کۆرکۆلیو**: ئەم درامایە باسی زەلامێکی منداڵانی دەکات کە ناوی (فایدرۆمۆس)ە، دڵی وا بە کیژێکەوە کە دیلی پیاوێکی دیل فرۆشەو ناوی (بلانیسیوم)ە، ئەم دیل فرۆشە ماڵیان لە تەنیشت خانەی خوای نۆشدارییەوەیە، ئەو شەوە کابرای خاوەن کەنیزەک خۆی خستووەتە بەر ئاسانەی خوای نۆشداری و دەپارێتەوە کە لە نەخۆشییەکەی ڕزگاری بکات، (فایدرۆمۆس)یش بە هەلی دەزانێ هەندێ مەی بۆ پاسەوانی کیژە دەباو دەڕوا، پاسەوان سەرخۆش دەبێ و لە کیژە دەچێتە ژوورەوەو لەتەکیا ڕادەبوێرێ، دوای ماوەیەک بۆی دەردەکەوێ ئەفسەرێک دەیەوێ ئەم کەنیزەکە بکڕێ، فایدرۆمۆس ئەو



پارانە کە ئەفسەرەکە بۆ کڕینی دڵخوازەکەی دایناوە دەیدزێ و بۆخۆی دەیکڕی، لە کۆتاییدا دەردەکەوێ ئەم کیژە خوشکی ئەو ئەفسەرەیە کە دەیویست بیکڕێ و فایدرۆمۆس دەبێتە هۆی ڕوونەدانی کارەساتێک کە خەریک بوو بەسەر ئەفسەرەکەدا بێ.

٦- **سینا**: ناوی کچێکی هەتیوە...هەر بە منداڵی بەندییەک دەیدۆزێتەوەو دەیباتە لای ژنی خاوەنەکەی، ئەمیش گەورەی دەکات کە دەگاتە تافی لاویەتی کوڕەکەی و مێردەکەی هەر یەک دەیەوێ بۆ خۆی بێ... وا ڕێک دەکەون کە لەیەکێکی مارە بکەن کە چاوپۆشی لە هەردووکیان بکات، باوکە دەیەوێ بیدا بەسەپانەکەی خۆی کوڕەکەش دەیەوێ بیدا بە پاسەوانەکەی خۆی.

٧- **کیستیلاریا**: (**سندۆقی خشڵ**): ژنێک کچێکی بیژی لە پیاوێکی دووخێن پیس دەبێ، دایکی کچەکە داوا لەیەکێک لە بەندەکانی دەکا کە فڕێی بدا ئەو لەجیاتی ئەوەی فڕێی بدا دەیدات بە ئافرەتێکی نەزۆک بۆخۆی گەورەی دەکات کوڕە دەوڵەمەندێک حەزی لێ دەکات و ماوەیەک دەیباتە لای خۆی، باوکی ئەو کوڕە دەیەوێ کچی هاوسێکەیانی بۆ مارە بکات، بەڵام دڵی هەر لای ئەو کچەیە، ئەو هاوسێیە باوکی ڕاستی کچەکەیە و دایکی کچەیش پاش مردنی مێردەکەی شووی بەو پیاوە کردووە، کە دەبنە ژن و مێرد داوا لەو بەندەیە دەکەن کە لەوەختی خۆیدا کچەکەیانی سەرنوگم کرد بۆیان بدۆزێتەوە، کوڕەش دڵی لای کچەی پێشووە، ئەگەر ژنێکی تری لێ مارە بکەن خۆی دەکوژێت، وا کچە ڕێی کەوتەوە لای دایکە زڕە نەزۆکەکەی، کوڕەش پەلاماریدا بیباتەوە لای خۆی، بەندەکەش بەدوی کەوتووە بیباتەوە لای دایک و باوکە ڕاستییەکەی... لەو کاتەدا سندوقی خشڵەکانی لەدەست بەردەبێتەوەو بەو سندوقەدا بەندەکە دەزانێ ئەوە کچەکەیەو ڕاستی لە هەمووان ڕوون و ئاشکرا دەبێ.

٨- **ئەبیدیکۆس**: ناوی بەندەیەکە ئەم بەندەیە لەبەر ئەوەی دووجار فێڵی لە خانمەکەی خۆی کردووە، تووشی سزایەکی سەخت بووە، بەڵام پێش سزادان هەلێکی وای بۆ هەڵ کەوت کە سزاکەی لەسەر هەڵبگیرێ، کچێکی خاوەنەکەی کە بە منداڵی بزر ببوو دۆزیەوە، ئەم کارە بوو بەهۆی ئەوەی کە بە هەڵە لە براکەی خۆی مارە نەکرێت لەمەوە سزا نەدراو ئازادیش بوو.

٩- **باکخیدیس**: باکخیدیس دوو کچە جمکن، هەردووکیان وەک سێوێک وەهانە کرابێتە دوو لەتەوە، یەکێکیان دەبێتە دۆستی کوڕێک، ئەم کوڕە کە بەندەکەی دەنێرێتە لای تووشی خوشکەکەی تر دەبێ و ئەویش دەکەوێتە داوی ئەمەوە، بەڵام نازانێ کە ئەمە خوشکی دڵداری خاوەنەکەیەتی، لەمەوە گەلێ ڕووداوی سەیر دروست دەبن و دراماکە دەکەنە کۆمەڵ گرێیەکی پڕ بە پێچ و پەناو هەڵوێستی پڕ بەخلیسک.

١٠- **مۆستیلاریا**: (**خانوی پڕ بە جنۆکە**): پاڵەوانی ئەم درامایەش بەندەیەکە ناوی (ترانیو)یە، کورتەکەی ئەمەیە: بازرگانێکی گریکی بۆ بازرگانی دەچێتە هەندەران، سامانێک بۆ کوڕەکەی و بەندەکەی (ترانیو) بەجێ دێڵێ، ئەویش هەموو سامانەکە دەدات بە کەنیزەیەک و ئازادی دەکات و لەگەڵیا ڕادەبوێرێ.

١١- **بازرگان**: پوختەی ئەم درامایە: پیاوێک کوڕەکەی بۆ بازرگانی دەنێرێتە دەرەوەی وڵات، ئەمەیش بۆیە وا دەکات تا کوڕە نەکەوێتە ناو ژیانی داوێن پیسی و تووشی ئافرەتی خراپ نەبێ کەچی لەو دوو دوورگەدا دەکەوێت، داوی ئافرەتێکی عەیارو داوێن پیسەوە، کە دەگەڕێتەوە وڵات ئافرەتەیش لەتەک خۆیا دەباتەوەو لای باوکی وای دەداتە قەڵەم کە بۆ کارەکەری دایکی هێناویە، باوکەکە دڵی لە

کارەکەرە دەچێ و چەند فێڵێک دەدۆزێتەوە کە لە کوڕەکەی خۆی، بۆ خۆی دایبڕێ بەڵام کوڕە بەنیازی باوکی دەزانێ، ئیتر کوڕەو باوکی هەر یەک دەیەوێ پاشقولەی ئەویتر بداو ئافرەتە بۆخۆی بێ.

١٢- **گوریس**: باسی بەندەیەکی ماسی گر دەکات، وا تۆڕەکەی هاویشتووەتە ناو دەریا بۆ ئەوەی ماسی بگرێ، کە تۆڕە ڕادەکێشێتەوە هەست دەکات قورسە لەو کاتەدا وا دەزانێ کە ئەگەر گەنجینەیەکی کەوتبێتە ناو وا خۆی دەکڕێتەوەو ئازاد دەبێ و کۆشک و تەلارێکیش دەکڕێ و وەک پاشا گوزەران دەکات، لەم کاتەدا بەندییەکی تری لێ پەیدا دەبێ و توووند پێ دەخاتە سەر گوریسی تۆڕەکەو داوای نیوەی ئەو گەنجینە دەکات لەمەوە هەردووکیان دەبێتە مشت ومڕیان، لە پاشدا ڕێک دەکەون کە بڕۆنە لای یەکێک ڕێکیان بخات، (دایمونیس) پیاوێکی گریکییەو لە ناو کێڵگەیەکدایە، دەیکەن بەناوبژێری کاریان کە تۆڕەکە ڕادەکێشن سندوقێکی پڕ گەوهەری تیایەو ئەو سندوقەش هی کچەکەی (دایمونیس)ە کە ئەوە ماوەیەکە بەشوێنیا دەگەڕێ، وا ئێستا دۆزییەوە.

١٣- **سەربازێکی خۆ هەڵکێش**: ئەم درامایە لەسەرەوە تا خواری باسی سەربازێکی پووچەڵ و خۆ هەڵکێش دەکات.

١٤- **بەندەیەکی فێڵباز**: پوختەی دراماکە: کوڕێک ئافرەتێکی خۆش دەوێ، ئەو ئافرەتە بەندەیە خاوەنەکەی بە ئەفسەرێکی فرۆشتووە بە بیست پارچە زێڕ، دە پارچەی داوەو ماوە پێنجی، وا ڕێک کەوتوون کە ئەگەر هەر کەسێک ناوونیشانی ئەفسەرەکەو پێنج پارچە زێڕەکەی بۆ بێنێ ئافرەتەی بۆ دەنێرێ، بەندەی ئەو کوڕە کە کچەکەی خۆش دەوێ بەو سەین و بەینە دەزانێ، هەر جۆر دەبێ مۆری کابرای ئەفسەر دەست دەخات و دەیبات بۆ کابرای بەندە فرۆش ئەویش ئافرەتەی دەداتێ و دەهێنێ بۆ خاوەنەکەی.

١٥- **پیاوە ئاوارەکە**: ڕووداوی ئەم درامایە: دوو برا یەکێکیان کوڕەکەی بە منداڵی لێ دزراوەو کابرایەکی دەوڵەمەند کردویە بە کوڕی خۆی و لەو وڵاتە نەماوە، براکەی تریش دوو کیژی هەر بە منداڵی دزراون و فرۆشراون.

ئێستا بەندەن لەو وڵاتەی کە کوڕی برای یەکەمی تیا دەژی، وا ڕێک دەکەوێ ئەو کوڕە دڵی دەچێتە یەکێک لەو کیژانە، بەڵام کابرای خاوەنیان گەلێ ڕکی لەو کوڕە دەبێتەوە بۆیە بە هیچ جۆر پێی نافرۆشێ، ئە کوڕە بەندەیەکی هەیە لەتەک بەندەیەکی ئەو کابرا بەندە فرۆشەدا دەبنە برادەر، بەندەی کابرا چیرۆکی ئەو دوو کیژە بۆ بەندەی کوڕە دەگێڕێتەوە کە ئەوان دزراون.

کوڕە ئەو هەلە لە کیس ناداو شکات لە کابرا دەکات کە ئەو دوو کیژەی دزیووە، کە دەچنە دادگا... وا باوکی کیژەکانیش شتێکی وای بیستووە کە ئەویش دوو کیژی لێ دزراوە، دەچێتە دادگا، لە دادگادا کابرا دوو کیژەکەی خۆی دەناسێتەوە، هەروەها دەردەکەوێ، کە ئەو کوڕە ئامۆزایانە لەمەوە بەند فرۆشەکە ڕووڕەش دەبێ.

١٦- **پیاوە پارسەکە**: کورتەی دراماکە: پیاوێک وڵات بەجێ دەهێڵێ و ماڵ و سامانەکەی دەداتە دەست بەندەکەی، ئەویش هەمووی خەرج دەکات، جگە لەوەیش دڵی دەچێتە ئافرەتێک بەڵام پارەی نابێ لە خاوەنەکەی بیکڕێ، لەگەڵ برادەرێکی خۆیا کە ئەویش هەر بەندە دەبێ تەگبیر دەکەن، بەفێڵ بەهۆی پیاوێکی پارسییەوە ئافرەتەکە لە کابرای بەندە فرۆش دەکڕن و پارەکەشی نادەنێ.

١٧- **سیتیخۆس**: ناوی بەندەیەکە دوو برا ژنەکانیان هەردوو خوشکن، ئەو دوو برایە چەندان ساڵە لە



وڵات دوورکەوتوونەتەوە، ژنەکانیان هەر چاوەڕوانی هاتنەوەیان دەکەن، (سیتیخۆس) بەندەی یەکێکە لەو دوو برایە، دەیەوێ لەنێوان ئەو دوو برایەو ئەو دوو خوشکەدا لەسەر چوار پەت یاری بکات.

١٨- **گەنجینە**: پوختەی دراماکە: پیاوێک لە داخ ڕەوشت خراپی کوڕەکەی(ئەسینا ) بەجێ دەهێڵێ و دەڕوا... ژنەکەی و کچەکەی دەداتە دەست برادەرێکی متمانە پێ کراوی، ئەوەشی پێ دەڵێ گەنجینەیەکی لەناو خانووەکەیدا شاردووەتەوە، کچەی کابرا لاوێک داوای دەکات بەڵام براکەی داوای شیربایێکی زۆری لێ دەکات، کابرای متمانە پێ کراو خانووەکە لەسەر خۆی تاپۆ دەکات و پارەی گەنجینەکە دەکاتە مارەیی کچی خاوەن گەنجینەکە، بەو چەشنە خانووەکەو گەنجینەکە لە دەست کوڕە خراپەکە دەپارێزێ و ئەوەندەی پێ ناچێ باوکی کوڕە دەگەڕێتەوەو سوپاسی دەست پاکی برادەرەکەی دەکات.

١٩- **سێ نەفامەکە**: پوختەی دراماکە: ئافرەتێکی داوێن پیس سێ دۆسی هەیە: یەکێکیان گەنجێکە ئەوانی تر یەکێکیان جوتیارەو ئەویتریان ئەفسەرە، ئەم ئافرەتە دەیەوێ هەرسێکیان داوەشێنێ، گەمە بەهەر سێکیان دەکات، منداڵێکی لە گەنجەکە دەبێ، گەنجەکە داوای منداڵەکەی لێ دەکات و نایداتێ چونکە دەیەوێ بەو منداڵە ئەفسەرەکە بڕوتێنێتەوە، جوتیارو ئەفسەرەکەش بەگژ یەکدا دەکات و خۆی لەنێوانیاندا تەماشایان دەکات و هانیان دەدات.

٢٠- **هەگبە**: ئەم درامایە لە دراماى (گوریس)ەوە نزیکە:

کورتەی دراماکە: پیاوێک پاپۆڕەکەی نقومی دەریا دەبێ، کەچی خۆی ڕزگار بوو، هەگبەکەی کە ئەو مۆرەی تیایە دەبێتە نیشانەی دۆزینەوەو سۆراخ کردنی کوڕە بزربووەکەی، ئەو هەگبەیە لە تەک ئەو پاپۆڕەدا نقوم بووە، ماسی گرێک بۆی دەدۆزێتەوە، مۆرەکەی دەکەوێتە دەست و کوڕەکەی سۆراخ دەکات.

٢١- **دووانە (جمک)**: کورتەی دراماکە: (مینیخۆس) و (سۆسیکلس) جمک بوون، کەس نەیدەتوانی لەیەکیان جیا بکاتەوە، وەک سێوێک بیکەی بە دوو کەرتەوە وابوون، پاش لە دایک بوونیان باوکیان دەمرێ و باپیرەیان بەخێویان دەکات، مینیخۆسیان لای باپیرەی زۆر خۆشەویست دەبێ، مینیخۆس دەزانێ... ئیتر باپیرەیان دەکەوێتە ناو خەمێکی گەورە، لە خۆشەویستی ئەوا ناوی سۆسیکلس دەنێ (مینیخۆس) ئەم مینیخۆسە کە جاران ناوی سۆسێکلس بوو دەگاتە هەڕەتی جاحێلی، لەتەک خزمەتکارەکەیا کە ناوی (میسینیو)یە، شارەو شار دەگەڕێن بەشوێن براکەیدا تا ڕێیان دەکەوێتە شاری: (ئەپیدامنۆس). برا دزراوەکەی لەم شارەدایە، لێرەدا ناوی یەکەم دەنێن (میخەسراقۆسی) ناوی دووەمیان (میخەئەپیدامی) ئەم میخەیە لەم شارەدا ژنی هێناوە بەڵام ژنەکەی چەند بلێیی دڵی لە مێردەکەی پیسەو لە سێبەری خۆیشی بەگومانە، ئافرەتێکی پشی تەنگ و تووڕەو تووشە.

وا ئێستا میخە ئەپیدامی لە ماڵ دەرپەڕی و سەد تف و نەفرەت لە خۆی و ئافرەتەکەی دەکات، لە تووڕەییدا چاوی پەڕیونەتە تەوقی سەری، تووشی (مەکشە)ی برادەری دەبێ، سکاڵای ژنەکەی لەلا دەکات و هەڕەشەی لێ دەکا کە (گەردانە)کەی لێ بدزێ و بیدا بە (ئۆرتیوم) کە ئافرەتێکی دڵ تەڕو داوێن فرۆش و دڵڕفێن بوو (مەکشە)ی برادەرەیشی چەند بلێیی دەم پەل و منداڵانە بوو، هەردووکیان دەڕۆنە لای (ئۆرتیوم) لەگەڵیا ڕێک دەکەون کە لەجیاتی ئەوەی گەردانەی ژنەکەی بۆ بێنێ ئێوارەیەک داوەتیان بکات.

هەردووک بەرەو مەیخانەکەی مەیدانی شار دەڕۆن بۆ ئەوەی تا (ئۆرتیوم) خۆی دەڕازێنێتەوە سەری

خۆیان گەرم بکەن.

لەم کاتەدا (میخە سراقۆسی) و خزمەتکارەکەی کە کۆیلەی خۆبەتی دەگەنە ئەم شارە، وا (میسینیو)ی خزمەتکار لە میخەی خاوەنی دەپاڕێتەوە کە بگەڕێنەوەو واز لەگەڕان بەشوێن براکەیدا بێنن، هەروەها تەمێی دەکات کە لەم شارەدا ئاگاداری خۆی بێ، چونکە خەڵکی ئەم شارە تەڵەکەبازو دزو درۆزنن، مرۆڤ ڕووت دەکەنەوە بەخۆی نازانێ، بەتایبەتی بزانن یەکێک پارەداربێ، ئەویش ئەو پارەیەی پێی ماوە دەیداتە دەست خزمەتکارەکەی، ئەم ڕاوتەگبیرە لەبەر دەم ماڵی (ئۆرتیوم)دا ڕوودەدا، ئەوەندەی پێ ناچێ دەرگا دەکرێتەوەو (ئۆرتیوم)ی شۆخ و شەنگ و عەیارو دلڕەفێن پێشوازێکی گەرمیان لێ دەکات و گەلێ بەرێز و خەمزەو نازەوە لە میخە سراقۆسی دەچێتە پێشەوەو لای وایە مێخە ئەپیدامییە ئەوەی کە گەردانەکەی دایەو ژوانی لەتەکیا هەیە، وا خوانی ڕازاندووەتەوەو خۆی وەک مانگی تابان ئارایش داوە.

دوای ئەو هەموو ڕێزلێنانە سەیر دەکات میخە ئەپیدامی بەسەرسامییەوە تەماشای دەکات دەمی بووە بەتەڵەی تەقیو، بەسەیرەوە قسەی لەتەک دەکات:

- بۆ بێمە ماڵەوە؟! لەبەرچی؟ کوا یەکتری دەناسین؟

- نازانی لەبەرچی؟ لەبەر ئەڤین و ڤینۆس؟ ئەی نازانی؟ یان خۆت گێل دەکەی؟!

میسینیو : (ڕوو دەکاتە میخە )نەکەی بچیتە ژوورەوە، ئەوە داوە بۆت نراوەتەوە.

- تۆ چۆن من دەناسی؟

- ئەی تۆ میخە نیت؟

کە میخە گوێی لەناوی خۆی دەبێ سەری سووڕ دەمێنێ، بەڵام وا لێکی دەداتەوە کە پیاوە نهێنییەکانی شار پێش ئەوەی ئەم بگاتە ئەم شارە ناویان بڵاو کردووەتەوە، ئافرەتەکە پەلەی چوونە ژوورەوەی لێ دەکات، هەموو شت ئامادەیە، میخە داوا لە خزمەتکارەکەی دەکات بگەڕێتەوە ناو ئەو مێوانخانەیە کە تیا دابەزیبوون، نەگەڕێتەوە لای تا ڕۆژ ئاوا دەبێ، ڕۆژەکەی لەوێ دەباتە سەر، خواردنی خۆش و ئافرەتی بەژن و باڵا جوان، ئێوارە نزیکەی ڕۆژئاوا هاتە دەرەوە، (گەردانە)یەکی لەمشتایە پێی وتراوە کە بیبات بۆ لای زێڕنگەر پاکی بکاتەوەو بیهێنێتەوە، لەم کاتەدا (مەکشە) دەگەڕێتەوە وا دیارە میخە ئەپیدای لە ناو قەرەباڵغی خەڵکدا بزر کردووە، وا ئێستا دەگات، لەمە چاوی بە میخە سراقوسی کەوت دەستی کرد بە گلەیی و سەرزەنشت، چۆن خۆی لێ دزیوەتەوەو چۆن ئەو ناپاکییەی لەتەکدا کردو هەر خۆی ڕایبوارد، مەکشە سەرسام دەبێ ئەو هەموو سەرزەنشت و پەت پەتییەی پێ کرد قسەی نەکرد، لای وابوو هەر برادەریشی نەبووەو نایناسێ، بۆیە زوو چووە لای ژنەکەی و هەواڵی دزینی «گەردانە»کەی پێ گەیاند و چی ڕووی دابوو ئەوەندەی تری خستە سەر، میخە سراقۆسیش سەرسام بوو، ئەو کابرایە چۆن ناوی زانی؟

ئەوەندەی پێ ناچێ کارەکەرەکەی (ئۆرتیوم) دەرگا دەکاتەوەو بازنێکی زێڕ دەخاتە ناو دەستی میخەوەو پێی دەڵێ: ئەویش لەتەک گەردانەکەدا لای ئۆستا چاک بکەرەوە! ئەویش ئەوەندەی تر سەرسام دەبێ، ناچار بەرەو میوانخانەکەی دەڕوا بۆ ئەوەی خزمەتکارەکەی ببینێ و بەڵکو ئەم تەلسمەی بۆ هەڵبێنێ.

لەلایەکی ترەوە وا ژنەکەی میخە ئەپیدامی وەک هار بوەربووەتە مێردەکەی و داوای گەردانەکەی لێ



دەکاتەوە، یان گەردانە یان جارێکی تر پێ ناخاتەوە ناو دەرگای ئەو ماڵە، ئەویش ناچار دەبێ پەنا دەباتە بەر (ئۆرتیوم) کە گەردانەکەی بداتەوە، سوێنی خەستی بۆ دەخوا کە لەوە جوانتری بۆ بکڕێت، ژنەیش گەلێ قسەی ناشیرینی پێ دەڵێ: ئەی ساتێ لەمەو بەر لەگەڵ بازنێکی زێڕا نەیدایە کە بیباتە لای ئۆستای زیرنگەر؟

میخەی ئەپیدامی سەرسام دەبێ... کەی؟ چ وەخت؟

بەو جۆرە هەموو دەرێک لە میخەی ئەپیدامی دەگیرێت، ناچار دەچێتە لای هەندێ برادەر بەڵکو چارەیەکی بۆ بدۆزنەوە، ئافرەتەکەی دەری کردووە، دڵدارەکەی لێی زویر بووە.

(میخە سراقۆسی)یش گەردانەو بازنەکەی لەناو دەستیایەو بەشوێن خزمەتکارەکەیا دەگەڕێ، لە میوانخانە نەماوە؟! دەگەڕێتەوە بۆ لای ماڵی (ئەریتۆم) ژنی براکەی لەمە چاوی پێی دەکەوێ وەک دێڵە سەگی تازە ترەکاو پەلاماری دەدا، بەداوێن پیس و بێ ناموس ناوی دەبا، ئەویش ئەوەندەی تر سەرسام دەبێ، ئەمە چییە؟ چی قەوماوە؟ ئەم ژنە نەناسیاوە چۆن وا پڕی دایەو بەو جۆرە بێناموسی کرد.

لەو کاتەدا باوکی ژنە لە ماڵ دێتە دەرەوە، دەیەوێ پەلاماری بدا، ئەویش هاوار دەکا، خەڵکینە من پیاوێکی ئاوارەم، خەڵکی ئەم شارە نیم، بۆ وام لێ دەکەن؟

باوکی ژنە،کە گوێی لەو قسانە دەبێ وا دەزانێ کە میخە شێت بووەو جنۆکە دەستیان لێ وەشاندووە، میخە کە بەشێتی دەزانن ئەم هەلە دەقۆزێتەوەو خۆی شێت دەکا، باوکی ژنە غار دەدا کە پزیشکێ بێنێ بۆ ئەوەی نوشداری بکات، ژنەکەیش لە ترسا خۆی بەماڵدا دەکات و دەرگا لەسەر خۆی ڕەپێش دەکات، ئەویش بەرەو میوانخانەکە دەگەڕێتەوە بەڵکو خزمەتکارەکەی بدۆزێتەوە، کە باوکی ژنە پزیشک دێنێ لەو کاتەدا میخە پیدامیش دەگەڕێتەوە، کە دەزانێ بەشێت تەماشای دەکەن وەک ورچ پەلاماریان دەدات دەیانکوتێتەوە، پزیشکەش بەو تووڕە بوونە دڵنیا دەبێ کە شێتێکی تەواوە، خزمەتکارەکان خڕ دەکەنەوەو هەموویان دەیگرن و زنجیری دەکەن و دەیبەسنەوە، لەم کاتەدا (میسینیو) پەیدا دەبێ کە دەبینێ وا خودێکەی کۆت و زنجیر کراوە، پەلاماری ئەوانە دەدا کە وایان لێ کردووەو هەموویان پرت و بڵاو دەکاتەوەو زنجیرەکە لە ملی میخە دەکاتەوەو ڕزگاری دەکات، پاش ئەم ڕزگارکردنە داوا لە میخە دەکات بە پێی یاساو باوی ئەو کاتە: ئەگەر کۆیلەیەک خاوەنەکەی خۆی ڕزگار کرد، ئازاد دەبێ، میخەی ئەپیدامی لەو قسانە سەری سوڕ دەمێنێ، ئەو کابرایە کێیە و بۆ وای کردو، ئازادی چی؟ تۆ بڵێی خەڵک هەموو سەریان لێ نەشێوابێ، ئیتر لەوە دڵنیا بوو کە نەخۆشی شێتی بڵاوبووەتەوە، خزمەتکارەش دەڵێ: بتەوێ و نەتەوێ من ئازاد بووم، وا دەڕۆم پرسیاکەی پارەکانت بۆ دێنم، میخە کە گوێی لە ناوی پریاسکەی پارە دەبێ تۆزێ ئاو دەزێتە دەمی.

گوڵمەزە، مشک و پشیلەی شارەکەش هاتوونەتە دەرەوە تەماشا دەکەن.

## ٤- کایکیلۆس ٢٢٠-١١٦ پ.ز:

ئەم درامانووسە لە بنچینەدا ڕۆمانی نەبووە، وا دیارە لە جەنگدا بەدیل گیراوە، ناوی ڕاستی خۆی (ستانیۆس)ە، کە ئازاد کراوە نازناوی خۆی کردوە بە (کایکیلۆس) کە ناوی بنەماڵەی خاوەنەکەی بووە.

لە بواری درامای کۆمیدیادا بە جێگری پلاوتۆس دادەنرێ... هەرچەند هەندێ لە توێژەران لەو باڵاتری دەزانن.

زۆربەی ژیانی بە نووسینی کۆمیدیاوە بەسەر بردووە، بەڵام هەموو کۆمیدیاکانی نەماون، ئەوەی

مابێتەوە ناوی چل کۆمیدیایەتی لەتەک پوختەی کۆمیدیای (ملوانکە)دا کە ئەمە پوختەکەیەتی:

لاوێک کەتن بە کچێک دەکات وزکی پڕ دەکات، کچە کوڕەکە ناناسێ، بەڵام لە بری ئەو کەتنە ملوانکەیەکی لێ وەردەگرێ، وا ڕێک دەکەوێ کوڕە ئەو کچە داخوازی دەکات... کە نزیکی منداڵ بوونی دەبێتەوە کوڕە پەشیمان دەبێتەوە بەڵام دایکی کچەکە وازی لێ ناهێنێ و شکایەتی دەکات ئەو ملوانکەی کە لەوەختی خۆیا کچەکەی لێی وەرگرتبوو دەیکاتە بەڵگەی ئەوە: کە ئەو زکی پڕ کردووە.

## ٥- تیرینس Terence ١٩٥-٦٠ پ.ز:

ئەمیش لە بنەڕەتا ڕۆمانی نەبووە، خەڵکی ئەسپانیایەو لەساڵی (١٩٥ پ.ز)دا لە شاری (قرتاجا) لە دایک بووە، لە ساڵی (١٦٠پ.ز)دا لە ڕۆما مردووە، نزیکەی شەست کۆمیدیای داناون کە تا ئێستاش ماون، ئەم دراما نووسە لە دراما نووسەکانی ڕۆمانیا پتر لەگیانی درامای گریکی نزیک بووەتەوە، فرەتر چووەتە ناو ناخی ئەو بابەتانەوە کە کردوونی بە دراما، ئەمیش وەک پلاوتۆس دەستە بەرەی دراما نووسەکانی ئەوروپایەو کۆمیدیا نووسەکانیان هەمیشە ڕێنمایی خۆیان بە دراماکانی ئەم کردووە، چونکە نموونەی ڕاستەقینەی کلاسیکییەکان بووە. وا لە خوارەوە بابەتی هەندێکیان بەکورتی دەخەینە ڕوو:

### ١- ئەندیا Andria:

ئەم درامایە لە درامایەکی گریکییەوە وەرگیراوە کە ناوی ئەندریایە کەچی دراماکەی تیرینیس ناوی (کچی دوورگەی ئەندرۆس)ە.

دوو کیژ دوای ئەوەی باوکیان سەری خۆی هەڵدەگرێ، ئەوانیش کە گەورە دەبن بۆ سۆراخ کردنی سواری پاپۆڕ دەبن و بەشوێنیدا بەهەندەران دەکەون، پاپۆڕەکەیان لە نزیک (دوورگەی ئەندرۆس) پەکی دەکەوێ و ئەوانیش لەوێ دەستەپاچە دەبن، دوای ماوەیەک دەگەڕێنەوە بۆ ئەسینا لەوێ دەکەونە داوی خراپکارانەوەو تووشی چەندان گیروگرفت دەبن، کە باوکیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەسینا بەیەک شاد دەبنەوەو بەئاواتی خۆیان دەگەن.

### ٢- خەسوو:

کوڕێک ناوی (بامفیلۆس)ە، ئافرەتێک کە ناوی (باکخیس)ە لە خشتەی بردووە، باوکی کوڕە دەیەوێ کوڕەکەی لە داوی ئەو ئافرەتە سۆزانییە دوور بخاتەوەو کچێکی بۆ داخوازی دەکات ناوی (فیلۆمینا)یە، دایکی کچە بەو داخوازییە گەلێ دڵشادە چونکە دەزانێ کچەکەی لە شەوێکی تاریکدا کوڕێک هەتکی کردووەو لەمانگ و ڕۆژی خۆیایەتی ئیتر بەو شووکردنە دادەپۆشرێ، کوڕە لە دڵدارەکەی دوور دەکەوێتەوە... ژنەکەی بۆ منداڵ بوون دەچێتەوە ماڵ باوکی، باوکی کوڕە لای وایە بۆیە تۆراوە خەسووی - دایکی کوڕە - زیزی کردووە، بۆیە دەنێرێ بەشوێنیا، بەڵام ناگەڕێتەوە ئەوجا وا دەزانێ (باکخیس) کوڕەکەی لە خشتە بردووە بۆیە ژەکەی ناگەڕێتەوە لای، ئیتر دەستە داوێنی باکخیس دەبێ کە بڕوا بەشوێن ژنی کوڕەکەیدا و دڵنیای بکات کە ماوەیەکی زۆرە پەیوەندی لە تەکیا نەماوە... (باکخیس) کە دەچێتە ماڵی کچە دایکەکەی کە چاوی بەو ئەنگوستیلەی لە پەنجەیدایە دەکەوێ دەزانێ ئەوە ئەنگوستیلەکەی (فیلۆمینا)ی کچیەتی، ئەو شەوەی کە هەتک کرا بوو ئەو ئەنگوستیلەیشی لێ سەندرابوو، بۆیە خێرا لە پەنجەی دایدەڕنێ بەو ئەنگوستیلەدا بۆی دەردەکەوێت ئەوەی هەتکی کردبوو زاواکەی بووە ئەو منداڵەش کەوا خەریکە دەبێ منداڵی ئەوە.



### ٣- کابرایەکی ڕژد:

کابرایەک لەبەر چاوچنۆکی و ڕژدی کچە تازە بووەکەی دەداتە ئافرەتێک کە فڕێی بدات، ئەو ئافرەتە فڕێی نەداو بەڵکو دەیداتە ئافرەتێکی تر، ئەمیش گەورەی دەکات، هەر ئەو کابرایە کوڕەکەی خۆی دەردەکات، ئیتر هەر ئامۆژگاری خەڵک دەکات کە نموونەی ڕەوشت باشی بن لە کۆتای دراماکەدا بەندەیەک هەموو ڕاستییەکی لەسەر دەردەخات و کچەکەی ئاشکرا دەبێت و، ناچار دەبێ هەموو ماڵەکەی بکات بە مارەیی تا بیدات بە شوو بەو کوڕەی کە ئەو پێی وابوو ڕەوشت باش نییە، ناچاریش دەبێ کوڕە ئاشت بکاتەوەو یەکێک لەو کچانەی بۆ مارە بکات کە ئەوبەخراپی دەزانین.

### ٤- خەساو:

کورتەی دراماکە: (سایس) ئافرەتێکی سۆزانییە و دوو دڵداری هەیە یەکێکیان ئەفسەرەو ئەویتریان ناوی (فایدریا)یە... کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندە.

ئەفسەرەکە کیژێکی کڕیوەو بە خەڵات ناردوویەتی بۆ دڵخوازەکەی (سایس). ئەو کچە لەبنەڕەتا گریکییەو ڕفێنراوە، برای فایدریا کە ناوی (خابریا)یە، کە ئەو کیژە دەبینێ دڵی دەچێتێ، بەڵام چۆن پێی بگات، بەندەکەی کە ناوی (بارمینۆ)یە... تەگبیری بۆ دەکات، وا براکەی دەیەوێ پیاوێکی خەسراو بە خەڵات بنێرێ بۆ (سایس) بەتەگبیری (بارمینۆ) جلی پیاوە خەساوەکە لە بەر دەکات و دەڕواتە ماڵیان و دەستی بە دڵدارەکەی دەگات، لە کۆتاییشدا بەهۆی چاپووکی (سایس) وە هەموو دڵدارەکان بە ئارەزووی خۆیان دەگەن و کیژەیش ئازاد دەکات و بەرەو وڵاتی گریک ڕەوانە دەکرێتەوە.

### ٥- فۆرمیۆ Phormio:

(خریمیس) و (دیمیفۆ) دوو بران... خەڵکی ئەسینان، هەر دووکیان لە وڵات دوور دەکەونەوە، یەکەم ڕێی دەکەوێتە دوورگەی (لیمنۆس) لەوێ ژنێک مارە دەکات و کیژێکی لێ دەبێ، دوای چەند ساڵێکیش لەوێ نامێنێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ، ژنەکەی نەیزانی ڕووی لە چ لایەک ناوە، هەر ئەو پیاوە ژنێکی تری لە ئەسینا هەیە کە ناوی (ناوسیسترانا)یەو کوڕێکی لەمیش هەیە ناوی (فالیدریا)یە، برای دووەمیش (دیمیفۆ) بەرەو وڵاتی (کیلیکیا) چەند ساڵە ڕۆیشتووەو دیار نییە، ئەمیش کوڕێکی هەیە ناوی (ئەنتیفۆ)یەو لە ئەسینایە، ئەم کوڕە حەزی لە کچێک کردووە؛ بێ کەس و نەناسراوە. بەڵام دەوترا لە بنەڕەتا خەڵکی ئەسینایە، ئەمە کچەکەی (خریمیس)ی مامیەتی لەگەڵ دایکیدا بەشوێن باوکیدا دەگەڕێن وا ئێستا ڕێیان کەوتووەتە ئەسینا، دایکی کچەکە لەوێ مردووەو ئەویش بێ کەس ماوەتەوە، (ئەنتیفۆ) چۆن ئەم کچەی دەسکەوێ، حەزی لێ دەکاو چارەی نییە، (فۆرمیو) پیاوێکی کورتەڵەی منداڵانی، تەگبیری بۆ دەکات:

داوا لە دادگا بکات کە ئەو کچە خزمیەتی و لەگەڵ باوکیدا ئاشناییان هەبووە، بەو جۆرە دەتوانێ بیخوازێ، چونکە بە پێی یاسای گریک... تا خزم وەستابێ کەسی تر مافی نییە، بەو تەگبیرە کوڕە کچەکە مارە دەکات.

باوک و مامی (ئەنتیفۆ) کە دەگەڕێنەوە، باوکی لێی تووڕەیە چونکە کچێکی نەناسیاوی مارە کردووە مامی لێی تووڕەیە چونکە دەیەویست کچەکەی خۆی بیداتێ کە لە دوورگەی (لیمنۆس) لەتەک دایکیدا بەجێی هێشتووە، باوک کە دەزانێ ئەو کارە بە تەگبیری (فۆرمیۆ) ساز دراوە داوای لێدەکات کە لە دادگا پەشیمان ببێتەوە، بەڵام (فۆرمیو) خاوەن ڕەوشتێکی پاکە چۆن لانەی خەڵک تێک دەدات! (فایدریا)ش کە کوڕی مامی (ئەنتیفۆ)یە دەیەوێ ئافرەتێک بکڕێ وا ئێستا سی پارچە زێڕی دەوێ، بەندەکەی

(فایدریا) كە ناوی (جیتا)یە دەچێتە لای باوكی (ئەنتیفۆ) وای حاڵی دەكات كە (فۆرمیو) لەو كارەی پەشیمانە، ئەگەر سی پارچە زێڕی بداتێ لە دادگا پەشیمان دەبێتەوە، ئەویش تەنیا بیست پارچە زێڕی دەداتێ، پاش ئەو دەچێتە لای (خریمیس) باوكی (فایدریا) ئەم داوای چەند ەكات دەیداتێ بە مەرجێك لەدەست ئەو كچە نارەسەنە ڕزگار ببێ كە كوڕەكەی لە خشتە بردووە.

دوای ماوەیەك دەردەكەوێت كە ئەو كچە كە ئێستا هاوسەری (ئەنتیفۆ)یە پسمامی خۆیەتی و كچی (خریمیس)ە هەموو دڵشاد دەبن، خریمیس دەیەوێ پارەكانی لە (فۆرمیۆ) وەرگرێتەوە، بەڵام دوای چی، هەموویدا بە (فایدریا) بۆ ئەوەی دڵدارەكەی بكڕێ، (ناو سیستراتا) كە هەموو سەروبەری ئەو شتانەی بۆ ڕوون دەبێتەوە، خریمیسی مێردی لەبەر چاو دەكەوێ و (فۆرمیۆ) لە خۆی نزیك دەخاتەوە(١).

**٦- دوو برا:**

كورتەی بابەتەكەی:

(میكو) و (دیمیا) دوو برا بوون، میكیو منداڵی بۆ نەدەژیا و ئۆجاخ كوێر بوو، خۆی بە پیاوێكی ڕووناكبیر و پەروەردیار دەزانی.

(دیمیا) دوو كوڕی هەبوون، دایكیان نەمابوو، ناویان (ئەسخینۆس) و (ئەكتسیفۆ) بوو، میكیو ئەسخینۆسی برازای دەكاتە كوڕی خۆی و ناوی دەخاتە سەر ناوی خۆی، بەپێی بیروڕای خۆی پەروەردەی دەكات، ئەو باوەڕی وابوو ژیانی ڕۆژانی مرۆڤ چاكترین مامۆستاو ڕابەرە، ڕاست و چەوتی، چاك و خراپی، شیاو و نەیاو، فێری منداڵ دەكات، منداڵ چەند بە ئارەزووی هەڵس و كەوت بكات ئەوەندە پەروەردەی بەرز و باڵا دەبێ، باوك لە تەك منداڵیا دەبێ وەك هاودەمی وابێ، بەرامبەر یەكتری و خەڵكی تریش ڕاستگۆ بن و شت لەیەكتری نەشارنەوە، دەنا فێری فێڵبازی و دووڕوویی و درۆزنی دەبێ.

كەچی دیمیای برای بە پێچەوانەی میكیوی برایەوە منداڵی پەروەردە دەكردن، ئەم پێی وابوو: منداڵ دەبوو: بەداب و نەریت وبەهاو یاساكانی كۆمەڵ پەروەردە بكرێ و هەمیشە دارێكی قایم لەسەری ڕابگیرێ.

وا كوڕەكانی گەیشتنە هەرەتی هەرزەكاری و هەر یەك بە جۆرێ پەروەردە كراون، لە شەقامێكدا دیمیا تووشی میكیوی برای دەبێ و سەرزەنشتی دەكات و تف و نەفرەتی خراپ ئاڕاستەی (ئەسخینۆس)ی كوڕی میكیو - كە كوڕی خۆیەتی - دەكات، چونكە كیژێكی ناو بازاری بەرەڵڵای ڕفاندووەو ناموسی خێزانەكەی خۆی بردووە، میكیویش هەر ئەوەندە وەرامی دەداتەوەو دەڵێ: تۆش لە شوێن ئەو دابی وا دەكەی! ئەمان دەڕۆن و... وا ئەسخینیۆس قۆڵی كچێكی ناسكی گرتوەو لەدەست بازرگانە كۆیلە فرۆشەكان ڕزگاری كردووە، بازرگانێكی چاوچنۆك لە كۆڵی نابێتەوەو داوای نرخێكی گرانی لێ دەكات... ئەویش هەندێكی تر پارەی دەداتێ و ڕایی دەكات، لەم كاتەدا (ئەكتسیفۆ)ی برای دەگاتە ئەوێ و لەخۆشیانا خەریكە باڵ بگرێتەوەو ستایشی براكەی دەكات، كابرای بازرگان بە تەوسەوە پێی دەڵێ: ئەوە ئەو كچەی بۆ خۆی ڕفاندووە بەتۆ چی؟ ئەویش دەڵێ: بۆ منی سەندووە، بۆ من، چۆن دڵشاد نابم.

ئەسخینۆس كچە دەخاتە تەك براكەی و دەڕوا.

لە دیمەنێكی تردا: ئافرەتێك دەبینین ناوی (سۆسترانا)یە ماڵیان لە تەنیشت ماڵی (میكیو)یە، خۆی و كارەكەرەكەی لە ماڵ دێنە دەرەوەو خەمی ژانی منداڵ بوونی (پامڤیلا)ی كچی ڕەنگی زەرد كردووە،

(١) الدراما الرومانية: دكتور ابراهيم سكر، المكتبة الثقافية - العدد ٢٣٤ ل٧١-٨٨.



دیارە ئەم كچە دۆستی (ئەسخینۆس)ەو پەیوەندی لە گەڵیا هەیە، وا ئێستا خەریكە منداڵی دەبێ، (سۆستراتا) ئومێدی ئەوە دەكا باوكی (ئەسخینۆس) كچەكەی لە كوڕەكەی مارە بكات بۆ ئەوەی ناموسیان نەچێت، كەچی لەو كاتەدا هەواڵی فڕاندنی كچە كۆیلەكە لەلایەن (ئەسخینۆس)ەوە دەدرێتە بەگوێی سۆستراتادا، ئیتر بەو هەواڵە چۆكی دەشكێ و پێی وایە ئەو كوڕە بە چەندان ئافرەتی تر پێكەنیوە كەوابێ كچەكەی ناكا بە خێزانی خۆی و ناموسیان دەڕوا.

لەلایەكی ترەوە وا باوكی ئەكتسیفو دڵخۆشە، چونكە جۆری پەروەردەكەی چەوت بوو، وا كوڕەكەی چالێكی قوڵی بۆ خۆی و باوكی هەڵكەناندووە كە دەرچوونیان نییە، پتر بەوە دڵشادە كە جۆری پەروەردەكەی خۆی سەركەوتووەو هی براكەی چەوت و ناپەسەندە، لەم كاتەدا بەشوێن كوڕەكەی خۆیا (ئەكتسیفۆ)دا دەگەڕێ كە ئەو هەواڵە خۆشەی بۆ بكات بە مژدە، بەڵام كوڕەكەی ئەو لەلادێیەو ئاگای لەو كارە نالەبارانە نییە و ئەو توخنی ئەو ئیشە ناپەسەندانە نابێ و، پەروەردەی تایبەتی هەیە و داوێن پاك و سەربڵندە.

بەڵام دوای چەند خۆهەڵكیشان و خۆ فش كردنەوەیەكی زۆر دەردەكەوێت كە (ئەسخینۆس) ئەو كچەی بۆ (ئەكتسیفۆی) برای ڕفاندو ڕزگاری كرد، تاكە درۆیەك كە ئەسخینۆس كردبێتی ئەوەبوو، ئەو ڕاستییەی بۆ كەس نەدركان كە براكەی لەلادێ نییە و بەڵكو لەتەك دڵدارەكەیدا كە ئەو بۆی سەندبوو لە پەردەدان، كەواتە دەركەوت (ئەكتسیفۆ) زەلكاوێكی بۆ خۆی و باوكی شێلاوە، (ئەسخینۆس) لەسەر بڕیاری باوكی میكیو (پامڤیلا) مارە دەكات و گۆڤەندێكی جوانی بۆ ساز دەدا.

دیمیاش كە دەزانێ... كوڕەكەی ئەو كیژە بازاڕییەی خۆش دەوێ، دەیەوێ ڕەوانەی لادێی بكات بۆ ئەوەی لەوێ بە نان كردن و مانگا دۆشین و كۆڵكێشی و بەڕو بێرەوە زەلیل ببێ و، وەك ئاژەڵێكی لێ بێ، پێش كۆتا هاتنی دراماكە دەبینین وا هەردوو مام و هەردوو برا لە دانیشتنێكی خێزانیدا خڕبوونەتەوەو، هەموو ڕكیان لە (دیمیا) دەبێتەوەو حەز دەكەن لەبەر چاویان گوم ببێ، چونكە وەك مێردە زمەیەكی ئێسك قورس وەهایە، ڕێگەی هەناسەدان و بەختەوەری لە خەڵك دەگرێ، لەوێ پێشنیاز دەكرێ كە: (دیمیا) خەسووی كوڕەكەی كە سۆستراتایە بخوازێ و بۆ ئەوەی بەیەكجاری ببن بە یەك ماڵ، ئەویش هەر چەند كەڵكی ژن هێنانی پێوە نەمابوو خەسووی كوڕەكەی خۆی مارە كردوو ئەو دیوارەی كە لە نێوان هەردوو ماڵەكەدا هەبوو لابراو بوو بەیەك ماڵ، هەروەها پێشنیاز دەكرێ كە (ئەكتسیفۆ) ئەو كچە مارە بكات، هەموو پێشنیازەكەیان بە دڵ دەبێ و، هەردوو براكە دۆستەكانی خۆیان دەكەن بە خێزانیان و خزمەتكارەكانیش كە كۆیلە دەبن هەر لەو دانیشتنەدا ئازاد دەكرێن و دراماكە بەخۆشی كۆتایی دێت.

***

## ٦- ئەنیۆس: ٢٣٩-؟ پ. ز:

ئەم هونەرمەندە بە كەڵە شاعیر و تراژیدی نووسی سەردەمی كۆماری ڕۆمانی دانراوە، لەبەر ئەوەی خەڵكی باشووری ئیتاڵیا بووە، ئەو ناوچەیە پتر لە ڕۆشنبیری گریكەوە نزیك بوون لەبەر ئەمە زمانی گریكی باش زانیوە، لەبەر ئەوەی لە سوپای ڕۆمانیدا سەرباز بووەو لەگەڵێ جەنگدا بەشداری كردبوو، بۆیە زوو شارەزای نهێنییەكانی ژیان ببوو، دوای ماوەیەك لە ڕۆمای پایتەخت جێگیر بووە، لەبەر دەست كورتی خۆی كردووە بە مامۆستای زمانی گریكی... بەو بۆنەوە تێكەڵاو بە گرۆی ڕۆشنبیران بوە. خۆی لە مەیدانی شیعردا تاقی كردووەو توانی لەو ڕێگەوە بژێوی خۆی دابین بكات، ڕێگەی درامای گرتە بەر ئەو ڕێگەیە كە (لیفیۆس) و (نایفیۆس) ڕچەیان شكاندبوو ئەم بە ئاسانی دەیتوانی پیایا ڕەو بكات، بەڵام

ئەم بەگوزەری تراژیدیادا ڕەوتی کرد، ئەم ڕەوت کردنەو ئەو جۆرە درامایە کارێکی گەورەی کردە سەر هونەرو ئەدەبی ڕۆمانی ئەو سەردەمە.

ئەنیۆس دڵبەندی هونەری (یوریپیدیس) بوو، گەلێ لە تراژیدیاکانی دەچوونەوە سەر ئەو تراژیدیایانە کە ئەو دای هێنابوون، وەک: درامای (ئەندرومیدا، ئەفیجینیا، ئەندۆرماخا، هیکۆبا، میدیا، میلانیبا، تیلیفۆس) کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێ (ئەنیۆس) گەلێ (یوریپیدیس)ی خۆش ویستووە، وەرگرتنی ئەو جۆرە تراژیدیایانە، بەپێی بۆچوونی (یوریپیدیس) کارێکی گەورەی کردە سەر چەشنی چارەسەرکردنی بابەتە هونەری و ئەدەبییەکانی ڕۆمانی، ئەمە جگە لەوەش دەرگای گەنجینەی تراژیدیای گریکی پێ خرایە سەر پشت.

وەک بۆ توێژەران ساغ بووەتەوە (ئەنیۆس) نزیکەی بیست تراژیدیای بەرهەم هێناوە، ئەگەرچی زۆربەی زۆریان لە (یوریپیدیس)ەوە وەری گرتووون کەچی بڕێکیان دەچنەوە سەر تراژیدیاکانی: (ئەسخیلۆس) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە شارەزایی لە هەموو تراژیدیای گریکدا هەبووە، بەڵام هونەری یوریپیدیسی لە هەموو ان لاپەسندتر بووە.

ئەم نووسەرە وەنەبێ تەنیا خامەکەی لە مەیدانی تراژیدیادا تاکە شاسوار بووبێ، بەڵکو لەمەیدانی کۆمیدیایشدا شان بە شانی کۆمیدیا نووسەکان بەرەو لوتکە ڕۆیشتووە.

ئەمە جگە لەوەش دوو درامای نیشتمانی هەیە کە هەردووکیان باسی ئازایی و سەرکەوتنی ڕۆمانەکان دەکات.

## ٧-باکۆفیوس ٢٢٠-١٠٣پ.ز:

ئەم دراما نووسە خوشکە زای ئەنیۆسە، ئەمیش خەڵکی باشووری ئیتاڵیایە، هەر بە منداڵی خەریکی وێنە سازی بووە، (کۆینتیلیان)[1]. ئەم شاعیرە و (ئاکیۆس)ی بە گەورەترین شاعری تراژیدی داناون، دیارە ئەمیش وەک ئەنیۆس هونەری (یوریپیدیس) و (سۆفۆکلیس) کاریان تێ کردووە، بەڵام ئەم لەسەر شێوازی ئەوان هۆنراوەی دانەناوە، لەسەر زاری پاڵەوانی دراماکانی گەلێ بیروڕای ئاینی و فەلسەفی خستووەتە ڕوو.

ئەوەی لە دراماکانی ئەم نووسەرە مابێتەوە تەنیا ناوی دووانزە تراژیدیاو پێنج بەیتە شیعرە لەتەک یەک درامای نیشتمانیدا کە ناوی (باولۆس)ە.

## ٨- ئاکیۆس ١٧٠-٨٦ پ. ز:

ئەم دراما نووسە ناوی (لۆکیوس ئاکیۆس)ە... لە ڕەچەڵەکدا ڕۆمانی نییە، ئەمیش لەهەڵ بژاردنی دراماکانیا وەک ئەنیۆس وا بووە، تەنیا خەریکی داڕێشتنی تراژیدیا بوو، نزیکەی چل و پێنج ناوی تراژیدیای لە دوا بەجێ ماوە، جگە لەوەیش دوو درامای نیشتمانی هەیە یەکێکیان ناوی (دیکیوس)ە و ئەویتریان ناوی (پرۆتۆس)ە. پاش ئەم دراما نووسە یەکێکی تر نەهاتووە لە تراژیدیادا باڵا دەستی ئاکیۆس بێ.

## ٩- سینیکا: Seneca ٣-٦٥ د. ز:

سنینیکا جگە لەوەی درامانووسێکی لێهاتوو بووە بە فەیلەسووف ناسراوە، لەبەر ئەوە هەندێ جار بە

(١) کۆینتیلیان ٣٥-٦٥ ز پارێزەر و پەروەردیارێکی ڕۆسییە.



سینیکای فەیلەسووف ناو دەبرێ، هەندێ جاریش پێی دەوترێ سینیکیای بچووک تا لە سینیکای گەورە جیا بکرێتەوە کە باوکی ئەم سینیکایەیەو بە دەمەوەرو قسەزان بەناوبانگ بووە، ئەم سینیکایە هەم درامانووس و هەم زانایەکی ڕەوانبێژی و پەروەردەیی بووە، سێ ساڵ پێش لە دایک بوونی مەسیح لە شاری (قورتوبا) لە ئەسپانیا لە دایک بووە، هەر بە منداڵی نیشانەی بلیمەتی لێ دەرکەوتووە، بۆ خوێندن چووەتە شاری ڕۆما لەوێ ژیانی بردووەتە سەر تا لە ساڵی (٦٥) زاییندا بەپێی فرمانی (نیرۆن)ی خوێنمژ کوژراوە[1].

ئەم زانایە لە ڕێبازی فەلسەفیدا سەر بە ڕێبازی ڕەواقییەکان بووە، لەبواری درامادا نۆ درامای تراژیدی نووسیوە بەو نیازەوە بخوێنرێنەوەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێ نەک بۆ ئەوەی بخرێنە سەر شانۆ و تەمسیل بکرێن، دیارە سینیکاکە پەنای بردووەتە بەر جیهانی تراژیدیا بۆ ئەوە نەبووە خۆی لەو بوارەدا تاقی بکاتەوەو دەستەڵاتی خۆی دەربخا بەڵکو بۆ ئەوە بووە، بیروڕا و ڕێبازە فەلسەفییەکەی لەو جیهانەدا بخاتە کارو بەشێوەیەکی تەتبیقی تاقییان بکاتەوە، سەرجەمی ئەو سەرچاوانە کە باسی تراژیدیاکانی سینیکا دەکەن ئەوە دەردەخەن کە تراژیدیاکانی ئاوێنەیەکی بێ گەردی دڵڕەقی و ستەمکاری و بێ بەزەیی و دڕندەیی ڕۆمانەکانی ئەو سەردەمەن، تان و پۆی تراژیدییەکانی بەتارمایی دێو و درنج و گیانی مردووان و گۆمەتەو خێوو شەوەو مێردەز مۆکە چنراون، هەر لەبەر ئەمەیە هەندێ زانایانی دراما پێیان وایە درامای تراژیدی ڕۆمانی ناگاتە ئاستی تراژیدیای گریکی، سینیکا نزیکەی نۆ تراژیدیای لە پاش بەجێ ماون، ئەمە ناو و کورتەو ناوەرۆکەکەیانە:

١- **هەرقلە شێت**: (یوریپیدیس) وەک ڕابورد... تراژیدیایەکی بە هەمان ناو و ناوەرۆکەوە هەیە، کورتەی ئەم تراژیدیایە ئەمەیە، پاش ئەوەی هەرقل لە جیهانی ژێر زەمین دەگەڕێتەوە (لیکۆس)ی پاشای تیبە دەکوژێ، چونکە پاش دوورکەوتنەوەی ئەو باوک و دایکی بە ناحەق دەکوژێ، پاش کوشتنی لیکۆس خواکان تووشی ئازارێکی سەختی وای دەکەن کە شێت ببێ، دەیەوێ خۆی بکوژێ بەڵام ئامۆژگاری دەکەن کە ئەگەر بڕوا بۆ ئەسینا لەوێ چاک دەبێتەوە.

٢- **ئافرەتانی ترواده**: وەک ڕابورد یوریپیدیس، بەو ناوەوە بە هەمان بابەت تراژیدیایەکی داڕێشتبوو، وا سینیکاش هەمان بابەت دەخاتەوە ڕوو، کورتەی تراژیدیاکە: دەبینین پیاوە جەنگاوەرەکانی گریک دەیانەوێ کوڕەکەی هیکتۆر کە ناوی (ئەستیانالس)ە بیکوژن و بیکەن بە قوربانی بۆ خواکان لە هەمان کاتشدا گەورە ببێ مەترسیی ئەوەی لێ ناکرێ کە تۆڵەی باوکی بکاتەوە، (ئەندرۆماکا) کە دایکی ئەو کوڕەیە بەو نیازەیان دەزانی بۆیە کوڕەکەی لەناو گۆڕەکەی باوکیا دەشارێتەوە.

٣- **ئافرەتانی فینیقیا**: لە پێشەوە ڕابوورد کە یەکێک لە تراژیدیاکانی یوریپیدیس بەو ناوەوە بووە.

ئەم درامایەی سینیکا وەک خۆی بە ساغی نەماوە، هەندێ دیمەنی پچڕ پچڕی نەبێ ئەوەی تری فەوتاوە لە یەکێک لەو دیمەنانەدا دەبینین (ئۆدیپ) وا خۆی شاربەدەر کردووە، وا هەواڵی دەدەنێ کە فریاکەوێ وا هەردوو کوڕەکەی (ئەتیوکلیس) و (بۆلینیکیس) شیرو تیر لەیەکتری دەسوون؛ خەریکی جەنگن، هەروەها دەبینین (یوکاستا) ماوەو خۆی نەکوشتووەتەوە.

(١) نیرۆن ٤-٦٨ یەکێک بووە لە قراڵەکانی رۆمان... دایک و ژنی خۆی کوشتووە و دکتاتۆرێکی ملهوڕ بووە شاری رۆمای سووتان.

٤- **میدیا**: دراماکی تراژیدی (یوریپیدیس)ە سینیکا بەپێی بیروڕای خۆی بە جۆرێکی تر چارەسەری کردووە، کورتەکەی ئەمەیە: (میدیا)تووشی سزایەکی سەخت بووە، فرمان دەرکراوە کە لە شاری کۆرنسە شاربەدەر بکرێ، ئەویش داوا دەکا کە ڕۆژێک ماوەی بدرێ تا خۆی ئامادە دەکات، لەمێردەکەی (جاسۆن) دەپاڕێتەوە کە منداڵەکانی بداتێ ئەویش بەزەیی پیا نایەتەوەو نایداتێ، میدیا کە دەزانێ مێردەکەی منداڵەکانی زۆر خۆش دەیەوێن بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە منداڵەکانی لەبەر چاویا دەکوژێ و ئەو جا دەڕوا.

٥- **فایدرا**: ئەم دراماییەش یوریپیدیس بەهەمان بابەت و هەمان جۆر دایڕێشتووە، کورتەی ئەوەکەی یوریپیدیس: (فایدرا) زڕدایکی (هیپولێت)ە، باوکی لە وڵات دوورکەوتووەتەوە، دڵی لەزڕ کوڕەکەی دەچێ بەڵام ئەو بۆی ناخووسێ، کە باوکی دەگەڕێتەوە (فایدرا) هیپولێت بە ناحەق تاوانبار دەکات، باوکەش کوڕەکەی شاربەدەر دەکات، ئەوەندەی پێ ناچێ هیپولێت دەمرێ و باوکە دوای ئەوەی ڕاستی بۆ دەردەکەوێت پەشیمان دەبێەوە.

کەچی دراماکەی سینیکا هەندێ ئاڵ و گۆڕی تیاکراوە، (فایدرا) ئافرەتێکی عەیارەو فێڵبازە، دەیەوێ هیپولێت بخاتە ناو داوی خۆیەوە (هیپۆلێت)یش وەنەبێ کوڕێکی داوێن پاک بێ، پاش مردن و شاربەدەرکردنی (هیپۆلێت)، فایدرا پێهات (اعتراف) بە گوناحەکانی خۆی دەکات... بەڵام دوای کای بابردوو.

٦- **ئۆدیپ**: لە تراژیدیای (پاشا ئۆدیپ)ەوە وەرگیراوە، لەپیشەوە بە کورتی باسی ئەم تراژیدیایەمان کرد کە هی (سۆفۆکلیس)ە. ئۆدیپ بۆ ئەوەی شاری تیبە ڕزگار بکات بەشوێن ئەو کەسا دەگەڕێ کە (لایوس)ی کوشتووە ئەوەی ئەو کارەی کردبی  ێشار بەدەر دەکرێ کەچی دەردەکەوێ خۆی کوشتوویەتی و جگە لەوەش ژنەکەی (یوکاسا) کە دایکی خۆیەتی مارەی کردووە، کە ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێ هەردوو چاوی خۆی کوێر دەکات و سەری خۆی هەڵدەگرێ، ئەوەی سینیکا لەسەر دراماکەی سۆفۆکلیس زیادی کردبێ یەک دیمەنە، کە تارمایی (لایوس) دێت ئەو ڕاستییە دەردەخات و (یوکاستا)یش بەرامبەر بە جەماوەر خۆی دەکوژێتەوە.

٧- **ئاغا مەمنوون**: وەک زانیمان (ئاغا مەمنوون) یەکێکە لە دراماکانی (ئەسخیلۆس)، سینیکاش هاتوو، هەمان بابەتی دووپات کردووەتەوە، هەر دوو تراژیدیاکە باسی کوشتنی ئافرەتەکەی ئاغا مەمنوون و دڵدارەکەی دەکات، تەنیا ئەوەندە نەبێ لەتراژیدیاکەی سینیکادا (کلیتمینسترا)ی ژنی ئاغا مەمنوون ئافرەتێکی بێ دەسەڵاتە، نازانێ دڵی ڕازی بکات کە (ئیجۆست) ئاگری تێ بەرداوە یان پێویستی سەرشانی لەمەڕ مێردەکەی بپارێزێ کە ناموسیەتی؟

٨- **سیستیس** Thyestes: کورتەی دراماکە ئەمەیە: دوو بران یەکێکیان ناوی: (سیستیس)ە ئەویتریان (ئەتریۆس)ی ناوە، (سیستیس) داوەتی ئەتریۆس دەکات وخوانی بۆ دەڕازێنێتەوە، گۆشتی هەردوو کوڕەکەی دەرخوارد دەدات، بۆ ئەوەی زۆرتر خەم بخوات و تۆڵەی خۆی لێی بکاتەوە، پاش خواردنی گۆشتی هەردوو کوڕەکەی سەرەکانیشی پیشان دەدا.

٨- **هەرقلی سەر لوتکەی ئاوێتا**: ئەم دراماییەش سۆفۆکلیس لەژێر ناوی (ئافرەتانی تراکیسیا)دا دایڕشتووە... ئەوە بوو (دیانیرا)ی ژنی هەرقل لە ڕک دڵدارەکەیدا (یولا) هەرقلی کوشت... ئەویش پێش مردنی وەسیەتی کرد کە لاشەکەی لەسەر چیای ئاوێتا بسووتێنن.



١٠- **ئۆکتافیا**: ئەم دراماییە یەکێکە لەو دراما نیشتمانییە ڕۆمانیانە کە لە کەلەپوورو مێژووی ڕۆمەکانەوە وەرگیراوە، پوختەی دراماکە: باسی ناهەمواری و دڵڕەقی و بێ بەزەیی (نیرۆن)ی ملهوڕ دەکات کە چۆن وەک دڕندەیەک دایکی و ژنەکەی کوشت و هەموو گەلی ڕۆمانی تۆقان.

زۆر لە دراماناسانی ڕۆمان پێیان وایە ئەم تراژیدیایە نابێ هی سینیکا بێ چونکە سینیکا مامۆستای نیرۆن بووەو بە فرمانی ئەو کوژراوە، نیرۆنێک ئەوەندە دڵڕەق بێ بەزەیی بە دایکیدا نەیەتەوە ئیتر کێ دەتوانێ درامای دژ بنووسێ، چونکە مێژووی ڕووداوەکانی دراماکە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (٦٢)ی زایین کە لەو کاتەدا نیرۆن لەو پەڕی ملهوڕیدا بووە.

ڕووداوی دراماکە لە کۆشکی (ئۆکتافیا) -کە ژنی نیرۆن بووە- ڕوو دەدەن.

***

# درامای هیندی

داستانە هیندییەکان وا دەگەیەنن: (ئارناسی) کە لە ناو گرۆی خواکاندا بووە، دڵی لە مرۆڤێکی سەر زەوی دەچێ، ئەو دڵدارییە تووشی پەژارەو سۆزی دەروونی دەکات بۆیە خواکان مەوڵەتی دەدەن کە دابەزێتە خوارەوەو دڵدارەکەی بدۆزێتەوە، ئەویش کە دێتە سەر زەوی بۆ ناسینەوەی دڵدارەکەی خەڵک فێری شانۆگەری دەکات[١]. داستانەکە ئەگەر چی ئەوە ناگەیەنێ ئەو شانۆگەرییە لە کەیەوە پەیدا بووە بەڵام هێما بۆ ئەوە دەکات کە شانۆ لە هیندستاندا مێژوویەکی کۆنی هەیە، هەندێ زانایان پێیان وایە ڕەگ و ڕیشەی شانۆگەری هیندی دەگەڕێتەوە بۆ هەشت هەزار ساڵ پێش زایین، بۆ سەردەمی پەیدا بوونی «ڤیدا»[٢].

بەڵام نەژادو و کەرەسە سەرەکییەکانی دروست بوونی شانۆگەریی هیندی گەلێ پێش سەردەمی پەیدابوونی ڤیدا دەکەون، مەبەست لە کەرەسە سەرەکییەکانی ئەو شایی و زەماوەندو ئاهەنگ و قوربانی کردنەیە کە هیندییەکان لە بەرە بەیانی مێژوویانەوە وەک داب و نەریتێکی نیمچە ئاییینی لە پێشینانەوە بۆیان مابووەوە، جگە لەوەش دوو سەرچاوەی تریش هەبوون کە یەکگرتنیان لەتەک سەرچاوەی پێشوودا شەتاوی هونەری شانۆگەرییان مەندو خەست دەکردەوە، ئەوانەش سەماکردن و خوێندنەوەی هەڵبەستی داستانەکانیان بوون.

(١) المسرحية العالمية - الجزء الرابع - الارديس نيكول - ترجمة: الدكتور شوقي السكري ل٩٤.

(٢) (ڤیدا واتا زانین: کتێبی ڤیدا کتێبێکی پیرۆزی هیندییە... وەک تەوراتی جولەکەو ئینجیلی فەلەو قورئانی موسڵمانان و ئاوێستای زەردەشتیان وایە، ئەم ڤیدایە چوار بەشی سەرەکییە یان چوار گاتە:

أ - گات (دەروازە)ی یەکەم (رج) هەمووی نزاو ستایشە.

ب - گات (دووەم)ی (ساما) زانینی ئاوازەکانە.

جـ - گات (سێیەم) (یاچور) زانینی نوێژی قوربانی کردن.

د - گات (چوارەم) (ئەتارڤا) زانینی نویشتەو جاویدان.

هەر یەکێ لەو گاتانە دەکرێت بە چوار بەشەوە بۆ زێدە زانیاری تەماشای: قصة الفلسفة - تأليف ولد ديورانت - الجزء الثالث من المجلد الاول - الهند وجيرانها ترجمة: الدكتور زكي نجيب محمود دار الثقافة في جامعة الدول العربية ل٣٠-٣٨) بکە.

سەماکردنەکەیان دەبووە هۆی بەردان و دەردانی وزەی سایکس و دەربڕینی هەوەس و ئالۆشە دامرکاوەکانیان، هەڵبەستیش ڕازانەوەی سەربوردەکان بوون کە پێشینان بۆ پاشینانیان دەگێڕایەوەو بە ئاوازی دڵڕەفێن سفت و سۆیان دەدان، ئەوانەیان هەموو وەک چەپکە گوڵێکی ڕەنگین لەیەک دەبەست و دەبوو، جۆرە شانۆگەرییەک، بۆیە شانۆگەری هیندی ڕواڵەتێکی ئایین و خوا پەرستی بۆ ساز درابوو.

سەبارەت بە شانۆگەری هیندی بیروڕای جۆراو جۆر هەیە، ئەوانەی کەوا دەزانن شانۆگەری بەشێوەی هونەری بەرهەم و داهێنراوی گریکەکانە، لەمەڕ ئەم شانۆگەرییە هیندییە پێیان وایە پاش پەلاماربردنی ئەسکەندەری مەکدۆنی بۆ سەر وڵاتی هیند پەیدا بووە[١].

جا ئەگەر وابێ خۆ ئەسکەندەری مەکدۆنی پێش ئەوە پەلاماری هیندستان بدا وڵاتی پارسەکانی گێرەکرد... ئەی بۆ شانۆگەری لە وڵاتی پارسەکاندا پاش ئەو هێرش بردن و سەرەونخون بوونە نەهاتە کایەوە؟[٢]

ئەوەی لێرەدا بێ گومان بێ ئەوەیە شانۆگەریی هیندی لە پێش مێژووی لەدایک بوونی مەسیحدا هەبووە، ئیتر چۆن بووبێ یان چۆن نەبووبێ یان لەکەیەوە سەری هەڵهێناوە ئەمە دەخرێتە سەر ئەستۆی مێژوونووسانی درامای هیندی، لەوانەشە ئەم مەسەلەیە ڕووی لە ساغ بوونەوە نابێ.

ئەوەی لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئێمە بێ دەقی ئەو درامایانەن کە دەبنە بەڵگەنامە بۆ سەلماندنی ڕەوتی ئەو شانۆیە کە ڕۆژگاری تەی کردووە.

زانایان لەم دواییەدا چەند دەست نووسێکیان لە ناوچەی تورکستانی سەر بەوڵاتی چین دۆزیوەتەوە، لە نێوان ئەو دەست نووسانەدا سێیانیان دەقی شانۆگەری بوون، لە یەکێکیاندا ناوی دانەرەکەی نووسراوە کە ناوی (ئاشڤاغۆشا)یە... زانراوە ئەم کەسە میرزای کۆشکی یەکێک لە پاشاکانی هیندستان بووە پاشاکەش ناوی (کانیشکا)یەو بەر لە (١٢٠پ.ز)دا فەرمانڕەوایی کردووە، دوای لێکۆڵینەوەی ئەو درامایە کە ناوی نووسەرەکەی لەسەرە دەرکەوتووە، ئەو دەقە وەنەبێ سەری کلافەی ئەو سەری درامای هیندی بێ بەڵکو کلیلی کردنەوەی دەروازەیەکی بەر فراوانە بەرەو ئاسۆی دراماناسی، هەروەها لە ساڵی (١٩١٠)دا شوێنەوارناسان سێزدە دەقی درامی تریان دۆزییەوە کە گوایا ناوی نووسەرەکەیان (بەهاسا Bhasa)یەو لەسەدەی چوارەمی پاش زاییندا ژیاوە.

دیارە (بەهاسا) لە هونەری شانۆگەریدا پایەیەکی بڵندی هەبووە، بۆیە یەکێکی وەک (کالیداسا) کە ئەمیش دراما نووسێکی بەناوبانگ بووە لە پێشەکی یەکێک لە دراماکانیا داوا لە بینەرانی شانۆگەرییەکانی خۆی دەکات کە نابێ دانەرێکی وەک: (بەهاسا) و (ساومیلا) و کافیپۆترا) لەیاد بچنەوە.

زانایەکی وەک (ئالاردایس نیکۆڵ) دەڵێ: درامای هیندی لەلایەن دراماناسەکانی ڕۆژئاواوە بەسەر

(١) هیندییەکان دوو داستانی بەناوبانگیان هەیە:

أ - (مەهابەهارتا) بەگەورەترین بەرهەمی ئەدەبی ئادەمیزدا دەدرێتە قەڵەم (٥٠٠) ساڵ لە پێش زاییندا نووسراوە، لە (١٠٧،٠٠٠) بەیتە شیعر پێک هاتووە، حەوت ئەوەندەی ئۆدیسە و ئیلیادەی هۆمیرۆس زیاترە.

ب - (رامایانا) ئەمیش وەک (مەها بەهارتا) داستانێکی تری هیندییە، چەند سەدەیەک پاش ئەو نووسراوەتەوە، هیندییەکان (مەهابەهارتا) بە کتێبێکی پیرۆزی دەزانن، پێیان وایە ئەوەی بیخوێنێتەوە لە هەموو گوناهێک پاکژ دەبێتەوە.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٣٠٩ - ٣١٠.



دەفتەری هەموو درامایەکی ڕۆژهەڵاتی دەژمێردرێت، هەروەها دەڵێ: هیندییەکان لە کۆنەوە خەریکی هونەری شانۆن، بەڵام نازانرێ سەرەتای لەکەیەوە دەسی پێکردووە، دیارە بەرپرسیاری ئەم نەزانینە لەگەردنی بێ دەربەستی مێژووی ڕۆژگاردایە[١].

درامای هیندی لە ماوەی ڕەوت کردن و بەرەو پێشەوە هاتنیا بەسەر چەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە لە هەر قۆناغێکدا چەند نووسەرێک چاوی کەژاڵی دراماکەیان ڕەشتووەو کەژاوەی شانۆگەرییەکەیان ڕازاندووەتەوە، بازی بەندی تەمەن درێژیان لە قوڵ بەستووە... ئەوانە تا ئێستاش ناویان ماوە؛ دراماکانیشیان بەڵگەی نەمرییانە.

لەسەدەی یەکەمی پێش زاییندا ناوی: (ئاسفاجۆشا) سەر دەفتەری ئەو درامانووسانەیە کە چەندان درامای لەسەر ژیانی (بوزا) نووسیوە، (ئاسفاجۆشا) شاعیری کۆشکی شایەک بووە ناو ی(کانیشکا) بووە کە لە نێوان سەدەی یەکەم و دووەمی پێش مەسیحدا ژیاوە.

لەسەدەی چوارەمی پاش زاییندا (بەهاسا) شاسواری درامای ئەو سەدەیە، تا ئێستاش سێنزە درامای ماون و گەنجینەی درامای هیندین. هەروەها لەسەدەی دەیەمی پاش زاییندا گەلێ دراما نووسی بەهرەدار هاتنە مەیدانی درامای ئەو سەدەوە، هەرە بەناوبانگەکانیان: (کالیداسا) و (شاشۆدراکا) و (فیشارکارتا) و[٢] (هارشا) و (باڤابۆتی) و (بۆدهایانا)یە. وا لە خوارەوە کورتە باسێکی ئەو نووسەرانە لەتەک نموونەی دراماکانیاندا دەکەین[٣].

### ١- شا - شۆدراکا SHUDRAKA:

وەک لە پێشەوە وتمان ئەم نووسەرە لەسەدەی دەیەمی پاش زاییندا ژیاوە کۆنترین شانۆگەری هیندیی سانسکریتی کە ناوی (گالیسکەی قوڕین)ە؛ دەدرێتە ئۆباڵ ئەم شۆدراکایە، دیارە لەم دوایەدا تۆژینەوە دەری خستووە کە ئەم درامایە لە بنەڕەتا هی درامانووس (بەهاسا)یە، بەڵام شۆدراکا بڕێ دەسکاری کردووەو هەندێک لە ڕەنگ و ڕوخساری گۆڕیوە، هەر جۆر بێ شانۆگەرییەکە بەڵگەی شارەزایی و خامەیەکی بەتوانایە.

ئەم درامایە لە گۆرانی و قسەی نەستەق و گاڵتەو گەپ و هۆنراوەی بەتین و ڕەنگین پێک هاتووە، وا دیارە ئەو تێکەڵ و ئاڵ و واڵاکردنە بووە بەهۆی نەفەوتاندنی چیرۆکەکە. دراماکە لە ڕووی ڕەواڵەتەوە لە پانزە بەش پێکهاتووە، هەر بەشێکی بە چەند دیمەنێک تەواو بووە.

**کورتەی درامای «گالیسکەی قوڕین»:**

لە بەشی یەکەمی دراماکەدا دەبینین: (شارۆ - داتا) ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی تێرو دەوڵەمەند بووە، وا ئێستا لەبەر بێ بەختی و دەست بڵاوی خۆی گەدا بووە، وا لەگەڵ برادەرێکی خۆیا کە ناوی (مایتیرا)یە خەریکی یاری کردنە، ئەم مایتریایە لەسەر ئاینی (بەراهما)یە[٤].

(١) المسرحية العالمية: الجزء الرابع - تأليف الآردايس نيكول ل٥.

(٢) الاقلام - عدد (١) ١٩٧٩ عدد خاص - المسرح العالمي - مقالة بقلم (سعدون العبيدي) دراسة عن المسرح الهندي).

(٣) محمد فكری - خاوەنی (قصة الدراما الهندية) پێی وایە: (باڤابۆتی) لەسەدەی حەوتەمی پێش زاییندا بووە، هەروەها (فیشارکارتا) لەسەدەی هەشتەمی پێش زاییندا بووە.

(٤) بەراهما: لە ئایینی کۆنی هیندییەکاندا «بەراهما» خوایەکە لە خواکان، یان ئەندامێکە لە ناو گرۆی موغانە گەورەکاندا بەڵام «براهمان» واتە ئەو گیانەی کە لە هیچ شێوەیەکدا خۆی نانوێنێ... جاری واش هەیە بەخوا دەوترێ چونکە لە ڕێبازی براهمادا سێ خوا هەن: (بەراهما، ڤشنۆ، شیڤا).

و پیاوێکی گاڵتە بازو کۆمیدییە، (شارۆ) داوای لێ دەکات کە قوربانییەک بۆ خواکان بکا، (مایتریا)یش وەرامی دەداتەوەو دەڵێ: (خوکان چیان کردووە تا بافتی قوربانی بن) لەم کاتەدا لەناکاو ئافرەتێکی شۆخ و خاوەن سامان پەنا دەباتە بەر (شارۆ) و دەستە داوێنی دەبێ کە لەدەست ئەو زەلامەی ڕاوی ناوە ڕزگاری بکات، زەلامەکەیش برای پاشایەو ناوی سامەزەساناکا)یە، ئەم پیاوە لە نامەردی و پیسکەییدا وێنەی نییە، شارۆ چەند پیاوانەو مەردە ئەو بە پێچەوانەی ئەوەوەیە، (شارۆ) پەنای ئافرەتەکە کە ناوی (ڤاسانتا ـ سینا)یە دەدات و (سامەزەساناکا) دەردەکات و لە کۆڵی ئافرەتەکەی دەکاتەوە، ئەویش لە داخانا هەڕەشەو گوڕەشەیەکی زۆر لە (شارۆ) دەکات بەڵام شارۆ گوێی بەهەڕەشەکانی نەدا.

(ڤاسانتا - سینا) داوا لە (شارۆ) دەکات کە ئەو خشڵ و گەوهەرانەی کە هەیەتی بیانخاتە ناو دەفرێکەوەو لای خۆی حەشاریان بدات نەوەکو یەکێکی وەک (سامەزەساناکا) لێی بدزێ، دوای ئەوەی شارۆ خشڵ و گەوهەرەکانی لەناو دەفرێک دەنێ و بۆی تەقەت دەکات (ڤاسانتا) ڕەوانەی ماڵ دەکاتەوە.

بەشی دووەمی چیرۆکەکە تابلۆیەکی کۆمیدییە... «ئەوەتا دوو پیاوی قومارباز قوماربازێکی تریان ڕاو ناوەو کردیان بە ناو مزگەوتێکدا، ئەم قوماربازە بۆ ئەوەی لەدەست ئەو دوو زەلامە ڕزگار ببێ لە ڕیز پەیکەرەکانی ناو مزگەوتەکەدا خۆی ڕەپ ڕاگرتووە، خۆی کرد بە پەیکەرێکی بت ئاسا، دوو زەلامەکە چەند نێقۆڕچ و ختووکەیاندا خۆی نەبزواند، دوای ماندووبوونێکی زۆر، بۆ ئەوەی تۆزێ بحەوێنەوە لە بەرپای پەیکەرەکەدا دەستیان کرد بە قومارکردن، گەمەکە ئەوەندە بەچێژو هەست بزوێن بوو، خوێنی بەناو دەماری پەیکەرەکاندا بزواند، قومارباز‌ەکەش خۆی پێ ڕانەگیرا هاتە پێشەوە، داوای لێکردن کە گەمەیان لەتەکدا بکات، پاش کەمێک دوو قومارباز‌ەکە توانیان پێی بدۆڕێنن و هەمدیسان هەڕای کردو ئەوانیش ڕاویان نا، ناچار پەنای بردە بەر کۆشکی (ڤاسانتا - سینا) ئەمیش کە دی ئەوە خزمەتکارەکەی (شارۆ ـ داتا)یە پەنای داو هەردو قومارباز‌ەکانی لەکۆڵ کردنەوە».

لە بەشی سێیەمی چیرۆکەکەدا: « (شارۆ) و (مایتریا) لەسەر شایی دەگەڕێنەوە دەبینن چی خشڵی و گەوهەرەکانی (ڤاسانتا)یە نەماوەو بە دەفرەکەوە دزراوە، ئەویش بۆ ئەوەی لە ئاست (ڤاسانتادا) ڕوو زەرد نەبێ، چی پارچە و مرواری خۆی هەبوون لەجیاتی ئەوانەی کە دزرا بوون بۆی نارد».

لەبەشی چوارەمدا: «کابرای دزە کە ناوی (شارڤیلاکا)یە، چی گەوهەرو خشڵە دزراوەکەی (ڤاسانتا) هەبوو، بە دەفرەکەیەوە پێشکەشی دەزگیرانەکەی خۆی دەکات، کە ئەو دەزگیرانە کارەکەری (ڤاسانتا) بوو بێزی لە دەزگیرانەکەی بووەو وازی لێ هێنا، چونکە بۆی دەرکەوت کە پیاوێکی دزۆکە، (ڤاسانتا) کە دەزانی کارەکەرەکەی پشتی لە دەزگیرانەکەی کردووە، بەزەیی پیا دێتەوەو داوا لە کارەکەرەکەی دەکات کە لێی ببوورێ لە دوایشدا لە یەکیان مارە دەکات».

لەبەشی پێنجەم دا: «(ڤاسانتا) دەڕواتە ماڵی (شارۆ) بۆ ئەوەی مرواریەکانی خۆی و دەفری خشڵەکانی بداتەوە، لەمە دەگاتە بەر دەرگای ماڵیان باو بۆران و زریان و گەردەلوول هەموو ڕێ و بانێک دەپێچێتەوە، ئیتر (ڤاسانتا) ناچار دەبێ ئەو شەوە لە ماڵ (شارۆ) بمێنێتەوە، ئەویش بۆ هەلێکی وا دەگەڕا، بە دڵ و گیان ئاواتی دەخواست کە ئەو زریان و گەردەلوولە کۆتایی نەیێ، تا پڕ بە دڵ بە بەهانەی ناچارییەوە لەوێ بێ».

لە بەشی شەشەمدا: «کە بەیانی (ڤاسانتا) ڕادەبێ و دێتە دەرەوەو بۆ ئەوەی بەرەو کۆشکی خۆی بگەڕێتەوە، لەجیاتی ئەوەی سواری ئەو گالیسکەیە ببێ کە شارۆ بۆی ئامادە کردبوو سواری



گالیسکەیەکی تر دەبێ کە هی (سامەزەساناکا)ی نامەردو ناپیاوە».

لە بەشی حەوتەمدا: « (ڤاسانتا) لەسەر نوێنی دوژمنەکەی کەوتووە دوای ئەوەی کە خۆی بەدەستییەوە نەداوەو بەبێزەوە تەماشای کردووە، ئەویش لە داخاندا خنکاندوویەتی و لاشەکەی گوریچە کردووە و شاردوویەتییەوەو خەبەریشی بۆ دادگا ناردووە کە گوایە: (شارۆ) ڤاسانتای خنکاندووە بۆ ئەوەی دەست بەسەر سامانەکەیدا بگرێ».

بەشەکانی تری چیرۆکەکە: «وا پیشان دەدەن کە (مایتریا)ی برادەری شارۆ بەبێ دەربەستی و بەبێ ئەوەی مەبەستی مخەنەتی کردن بێ، لە پڕ گەوهەرەکانی ڤاسانتا لە هۆڵی دادگادا لە گیرفانی بەر دەبنەوەو دەپژێن، ئەم گەوهەرانە دەبنە بەڵگە بەدەست دادگاوە کە هەواڵەکەی (سامەزەسانا) دژ بە شارۆ ڕاستە بۆیە دادگا فرمان بەخنکاندنی شارۆ دەدا».

لەبەشی دەیەمدا: «ئەوەتا شارۆ پەتی خنکاندنی خراوەتە گەردن، یەکێک لە کوڕەکانی داوا لە دادگا دەکات لە باتی باوکی بیخنکێنن... بەڵام دادگا داواکەی ڕەت دەکاتەوە، لەلایەکی تریشەوە (شارڤیلا)ی کارەکەر کە دەزانێ (سامەزەساناکا) ڤاسانتای خنکاندووەو دەیەوێ گوریچەی بکات، لەبەردەستی دەری دەکاو، بەهۆشی دێنێتەوە لە کاتی لە سێدارەداکانی شارۆدا ڤاسانتا لە پڕ دێتە پێشەوەو لە پەتی سێدارە ڕزگاری دەکات، ئیتر هەموو شتێ لەو هەڵوێستەدا سەرەو نخون بووەو گۆڕرا.

وا شارۆ ڕزگار بوو (شارڤیلا) یش تۆمەتی کوشتنی (ڤاسانتا)ی دایە ئۆباڵی برای شا (سامەزەساناکا)... بەڵام شارۆی پیاو و مەرد شاهیدی لەسەر نەداو ئەویش ڕزگار بوو، بەو جۆرە هەر یەک بەمەبەستی خۆی گەیشت و هەموو دڵشاد بوون».

## ٢- کالیداسا Kalidasa:

کالیداسا ناودارترین درامانووسی هیندییە، ئەو درامایانە کە لە پاشی بەجێ ماون، بەڵگەی بەهرەداری و هونەرمەندی ئەون، درامای هیندی بە سەردەستی ئەودا بەرەو لوتکەی درامای هونەری سەرکەوت، تا ئێستاش درامانووسەکانی هیند سروشی لێ وەردەگرن.

درامای (شاکۆنتالا) یەکێکە لە بەرهەمەکانی کالیداسا، یەکێکی وەک (گێتە)ی شاعیر(١) بە جوانترین چیرۆکی درامی هیندی زانیوە، گوایا فیکرەی پێشەکی درامای (فاوست)ی لە درامای (شاکۆنتالا)وە وەرگرتووە، کالیداسا جگە لە درامای شاکۆنتالا درامای (مافیک - ئەمنیمترا) و (فیکرا مۆفاسیا)یشی هەیە(٢).

### درامای شاکۆنتالا

درامای شاکۆنتالا حەوت بەشە هەندێ لەو بەشانە بەهۆنراوە و هەندێکی بە پەخشان نووسراو... پێش نواندنی چیرۆکەکە (کالیداسا) یان بەڕێوەبەری شانۆ - بەرامبەر بە بینەران ڕادەوەستێت و داوایان لێ دەکات کە فیکریان جەم بکەن و سەرنج لە جوانی سروشت بدەن و بەوردی هەستی خۆیان ڕاگرن، ئەوجا ڕووداوی دراماکە دەست پێ دەکات.

(١) (Goethe) شاعیرێکی ئەڵمانییە و لە ساڵەکانی (١٧٤٩-١٨٢٢)دا چیرۆکی (فاوست)ی نووسیووە، پێشەکی ئە درامایەی لە پێشەکییەکەی شاکۆنتالای کالیداساوە وەرگرتووە، واتە پێش فاوست ئەو جۆرە پێشەکییە لە ئەدەبی درامی ئەوروپادا باو نەبووە.(ن).

(٢) قصة الدراما الهندية - بقلم محمد فكري - المكتبة الثقافية - جامعة جره - العدد ١٨٦ ل٣٢.

«ڕێگەیەکی باریک بە ناو دارستانێکی چڕدا دەکشێت و لەبەر دەرگای پەرستگایەکدا کۆتایی دێت، لەوێ پیاوێکی نورانی پیرو کچۆلەیەکی جوان و نازدار بەدی دەکرێن، کیژۆڵەکە ناو (شاکۆنتالا)یە، لەوێ هەموو شتێ هێمن و دامرکاو و بێ دەنگە، کامەرانی و خۆش بەختی باڵی بەسەر ئەو ناوەدا کێشاوە، لەپڕ گالیسکەیەکی جەنگی دڕن بەهێمنی شوێنەکە دەدات و یەکێک لێی دێتە خوارەوە، ئەمە پاشای ئەم وڵاتەیەو ناوی (دشیانتا)یەو دڵی لە (شاکۆنتالا)ی ناسک و پەریزادە چووە، هەر لەوێ - لەبەشی یەکەمی چیرۆکەکەدا - مارەی دەکات، ئەوەندەی پێ ناچێ دێن بەشوێن پاشادا و پێی دەڵێن کە بەزووترین کات بەرەو پایتەخت بگەڕێتەوە... لەوەختی گەڕانەوەیدا پەیمان بە (شاکۆنتالا) دەدات کە لەمە دەرفەتی هەبوو بە زووترین کات دەگەڕێتەوە بۆ لای.

(شاکۆنتالا) زۆر دڵتەنگ دەبێ و تەمی پەژارە ڕووناکی ناو هەناوی کز دەکەن، پیاوە پیرەکە دڵی دەداتەوەو پێی دەڵێ: خەمت نەبێ ئەو ئەنگوستیلەی کە پاشا لە پەنجەتی کردووە هەڵی گرە، نیشانەی پادشایە، بەهۆی ئەو ئەنگوستیلەوە پاشا هەمە دەم یادت دەکات.

بەڵام (شاکۆنتالا) لەوەختی خۆششتنا ئەنگوستیلەکەی لێ بزر دەبێ، ئەوەندەی تر تەمی پەژارە بەرچاوی تاریک دەکات، چۆن خەمبار نابێ وا نزیکە ببێ بە دایک و لەمانگ و ڕۆژی خۆیایە، ناچار بەرەو کۆشکی پاشا کەوتە ڕێ و بەهەر جۆر بوو خۆی گەیاندە پاشا، هەوڵێکی زۆریدا کە بیناسێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ئیدی شاکۆنتالا بەسەر کەسەردا کەوت و دڵی پارە پارە بوو، ئاهو نزولەی ئاسمانی قرچۆڵ دەکرد، خواکان بەزەییان پیا هاتەوەو بەرەو ئاسمان بەرزیان کردەوە، تا گەیشتە ناو دارستانێکی چڕ لەوێ منداڵێکی جوانی بوو، ناوی نا (بەهاراتا)[1]. هەر لەم کاتەدا ماسی گرێک ئەنگوستیلەکەی (دشیانتا)ی دۆزییەوە، کە زانی هی پاشایە بۆی بردەووە، ئەویش یەکسەر (شاکۆنتا)ی هاتەوە یاد، دەست بەجێ سواری باڵندەیەکی گەورە بوو، هەموو دۆڵ و دارستانێک و شاخ و دەربەندێکی پشکنی تەنانەت بەسەر لووتکەکانی هەمالایادا گەڕا، لەپڕ لەبەردەم ئەشکەوتێکدا خۆی بەدی کرد.

(شاکۆنتالا) لەم ئەشکەوتەدا خۆی حەشار دابوو، لەبەر دەم دەرگای ئەشکەوتەکەدا منداڵێکی پێڕەۆکەی دی یاری دەکرد، ئەم منداڵە (بەهارتا) بوو کە پاشا ئەم دیمەنەی دی بەهۆنراوەیەکی پڕ سۆزو بەتین باسی کامەرانی باوک و دایکی ئەم کۆرپەیەی کرد، لەو کاتەدا شاکۆنتالا هاتە دەرەوە، پاشا کە چاوی پێی کەوت دەست بەجێ ناسییەوەو لێی پاڕایەوە کە بیبەخشێ، ئەویش لە بەر خاتری (بەهارتا) لێی خۆش بوو، ئێدی هەردووکیان بەرەو پایتەخت گەڕانەوەو (شاکۆنتالا)یش بوو بە شاژن[2].

کالیداسای شاعیر و درامانووس جگە لە سێ درامای هونەری کەیەکێکیان (شاکۆنتالا) بوو کۆمەڵە چیرۆکێکی داستان ئامێزی هەیە، ئەم داستانانە لە ناو ئەدەبی جیهاندا پایەیەکی بڵندیان وەرگرتووە.

هەر چەندە دراماکانی (کالیداسا) لە بارەی هونەرییەوە ناگەنە ڕیزی درامای گریک لەگەڵ ئەوەشدا دراماکانی ئەو و تراژیدییەکانی (سۆفۆکلیس) و (فاوست)ی (گیتە) لەناو زنجیرەی ئەدەبی شانۆگەری جیهاندا بە لووتکە هەرە بەرزەکان دەژمێردرێن[3].

(١) ئەم (بەهاراتا)یە دوای ماوەیەک چووە ریزی خواکانی هیندەوە، نەوەکانی توانیان ببن بە خاوەن داستان و ئایینی بەراهما پەرە پێ بدەن.

(٢) قصة الحضارة تأليف ول ديورانت - الجزء الثالث من المجلد الاول - الهند وجيرانها ل٣١٥.

(٣) تحت شمس الفكر - توفيق الحكيم - ل٣١٣.



### ٣- هارشا Harsha:

ئەمیش لەسەدەی دەیەمدا ژیاوە، بەڵام لە هونەری درامادا ناگاتە کالیداسا، سێ درامای هەیە ئەمانەن:

١– ڕشتەی مرواری Ratnavali.

٢– پریادرسیکا Pryadrsika.

٣– ناجاناندا Nagananda.

درامای ناجاناندا، بابەتێکی ئایینییە و باسی نەتەوەیەک دەکات کە ئەهریمەن خۆی لێیان دەکات بەهەڵۆ و خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێ و دەیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، (جیمتا ڤاهان)یش، موغانێکی خواپەرستە، کە دەزانێ ئەهریمەن وا نەتەوەکەی لە خشتە بردووەو هەڵی خەڵەتاندوون، بۆ ڕزگار بوونیان، دەیەوێ خۆی بکا بە قوربانیان، کە ئەهریمەن دەزانێ پیاوێکی وا پیرۆز و مەردیان تیا ماوە بەو کارە گەورەیە دەیەوێ نەتەوەکەی ڕاپەڕێنێ، ئیتر ئەهریمەن لەداخاندا مەحف دەبێتەوەو لەوێ بار دەکات، (جیمتاڤاهانا)ش لە کاتی خۆ بەخت کردنیا ڕزگار دەبێ.

### ٤- بهاڤابهوتی Bhavabhuti:

سەرچاوەکانی درامای هیندی وا دەگەیەنن ئەم (بهاڤابهوتی)یە چەند سەدەیەک پاش کالیداسا بووە، ئەگەرچی لە درامانووسیندا نەگەیشتووەتە پایەی ئەو بەڵام توانیویەتی بەرگێکی نوێ تر بەبەر درامای هیندیدا بکات.

وا دیارە دراماکانی هەموو کۆمیدێ کوێرەوەر ئاسا بوون.

بەناوبانگترین کۆمیدی کوێرەوەر ئاسا ناوی (مالاتیما دهاڤا) بووە، ناوەرۆکەکەی باسی ئەڤینێکی سەرنەکەوتووی کوڕ و کچێک دەکات، کە خێزانەکانی هەردوولایان بوون بە هۆی بەیەک نەگەیشتنی ئەو دوو دڵدارە.

توێژەرانی درامای هیندی لە پاڵ درامای پێشوودا ناوی دوو درامای تر دێننەوە پێشەوە کە گوایا هی (بهاڤابهوتی)ین ئەمە ناوەکانیانە، (ماهارا فیراشاریتا) و (ئاسارا - ڕاماشاریتا) بەڵام بابەتەکەیان نەزانراوە.

### ٥- بۆدهایانا Bodhayana:

ئەمیش یەکێکە لە درامانووسەکانیان لەبارەی ژیان و کات و شوێنییەوە لێرەدا زانیارییەکی وامان لەو بارەوە بەدەست نەکەوتووە، ئەوەندە نەبێ کە بە نووسەری درامای (بهاجافاداجووکیا Bhagavadajjukiya)یە.

کورتەی بابەتی دراماکە بەم جۆرەیە: یاما خوای پەروەردەگار، دەیەوێ گیان لە ئافرەتێکی داوێن خراپ بسێنێتەوە، بۆ ئەو مەبەستە فرمان بە یەکێک لە فریشتەکانی دەدا کە بڕوا بۆ سەر زەوی گیانی ئافرەتەکە دەربێنێ و بگەڕێتەوە، فریشتە بۆ ئەو مەبەستە، دادەبەزێتە خوارەوە ئەمە لەسەرێکەوە، لەسەرێکی ترەوە وا یەکێک لە مۆغانە بزرگەکان لە ئاسانەو فێرگەکەی خۆیا خەریکی ڕاوێژکردن و فێرکردنی یەکێک لە شاگردەکانیەتی کە ناوی (ساندلیا)یە، ئەم ساندلیا لە هەرەتی گەنجی دایە، لە کاتی دەرس خوێندا (فاسانتاسینا) کە ئافرەتێکی سۆزانی و داوێن خراپە، دەچێتە ئەو پەرستگایە کە (ساندلیا) خەریکی خوێندنە تیایا، لەمە چاوی پێی دەکەوێت شەیدای دەبێ و لەتاوا هەدەری لای خۆی نامێنێ، وا ساندلیا

به بەژن و باڵاو نێو نیگای فاسانتادا ڕاماوەو تیری دڵداری کاری خۆی تیا کردووە لە پڕ فاسانتا بەردەبێتەوەو گیانی دەردەچێ... دیارە پەیامبەری (یاما) بە هەڵەداچووە، لە جیاتی ئەوەی گیانی ئەو ئافرەتە بۆی هاتبووە خوارەوە دەربێنێ، هات خۆی کرد بە مارێک و دای بە فاسانتاوەو گیانی دەرهیناو بردی بۆ بارەگای (یاما)، مۆغانە گەورەکە کە مامۆستای ساندلیا بوو، ئەم ڕووداوەی دی، بە هونەر و پایە بڵندی خۆی گیانی خۆی دەرهێناو بە بەر لاشەکەی (فاسانتا)یا کردوو، زیندوو بووەوە، لەمە هەڵسایەوە سەرپێ بوو بە ئافرەتێکی خوا پەرست و ئایین پەروەر، ئەو ئافرەتەی جاران نەما، بوو بە ئافرەتێکی وا کە لە کۆشیا نوێژ بکرێ.

فریشتەکە کە گیانی فاسانتای گەیاندە بارەگای (یاما)، زانی پەیامبەرەکەی بە هەڵەدا چووە، داوای لێ کردەوە کە زوو بگەڕێتەوە سەر زەوی، ئەو گیانە کە دەری هێناوە بیکاتەوە بەبەر خاوەنی خۆیا، کە هات دی وا فاسانتا گیانێکی تری لەبەر دایە، بەڵام لاشەی موغانە گەورەکە لەو گۆڕە بێ گیان کەوتووە، بۆیە ئەو گیانەی کە لەلای بوو کردی بە بەر موغانەکەدا، موغان کە گیانی بەبەرا هاتەوە، گورگێک بوو لە پێستی مەڕا (وەک شێخی سەنعان و ڕاسپۆتینی ڕوسی لێ هات). دراماکە بەشێوەیەکی کۆمیدی کۆتایی پێ دێ.

## کورتە بەراورد کردنێک

لەپێشەوە زانیمان کە درامای هیندی زۆر کۆنەو، ڕەگ و ڕیشەی لە ناخی دێرینی ڕۆژگاردا داکوتاوە. پشتی بە شارستانیەتێکی باڵاو کەلەپوورێکی لەبن نەهاتوو دەبەستێت، ڕوخسارو نیشانە تایبەتییەکانی لە خوو خدەو نەریتی کۆمەڵایەتییەکانیانەوە وەردەگرێ و خۆی پێیان مشت وماڵ دەدات.

شانۆگەری هیندی بەتێکڕای و دراما بەتایبەتی لەماوەی ڕەوتی ڕۆژگاریا چەندان نیشانەی تایبەتی بۆ خۆی سازداوەو بووە بە ئاوێنەی بێ گەردی بیروڕاو تێبینی گشتی ژیانیان، وا لێرەدا کورتە بەراوردێکی لەتەک درامای گریکدا دەکەین تا بە پوختی نیشانە تایبەتییەکانی جیا بکەینەوە:

١- وەک زانیمان لە درامای گریکدا ناکۆکییەکی گەلێ سەخت و خوێناوی لە نێوان ویست و چارەنووسدا ڕوودەدا، وەک لە تراژیدییەکانی سۆفۆکلیسدا بەتایبەتی لە تراژیدییای (پاشا ئۆدیپ)دا بە ئاشکرا دیارە کەچی لە درامای هیندیدا ناکۆکی لەو ڕووەوە هەست ناکرێ، خۆ ئەگەر ناکۆکی لە نێوان حەزو ئارەزووەکانی مرۆڤدا ڕووبدا ئەوا ناکۆکییەکە، بەشێوەیەکی هێمن و ئاستەم کۆتایی پێ دێ و دەبڕێتەوە، وەک لەچیرۆکی: (گالیسکەی قوڕین)دا لەنێوان (شارۆ) و (سامەرەساناکا)دا ڕووی دا.

دیارە ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە سەر جۆری پەیوەندی مرۆڤی ئەو دوو شوێنە بەخواکانیانەوە، خواکان لە ڕوانگەی مرۆڤی هیندیدا سەرچاوەی خێرو خۆشی و نگابانی کەری ئافەریدەی خۆیانن و هەمیشە چاوی میهرەبانی پەروەردەگاریان لێیان کلاناکەن، لەبەر ئەمە درامای هیندی کۆتاییەکەی بەخۆشی و بەختەوەری دێ.

کەچی درامای گریک بەتایبەتی بەشی تراژیدییای بەکارەسات و کوێرەوەری و چەوسانەوەو سەرگەردانی و بێ دەرەتانی کۆتایی دێت.

دیارە خواکانی گریک هەمیشە خەریکی ڕاونان و چەوسانەوەو ئازاردانی ئافەریدەکانی خۆیان بوون، بۆیە لە کاتی تەنگانەدا داخی دڵی خواکانیان بەقوربانی دان و خوێن ڕشتندا دەمرکاندەوە.

٢- لە درامای گریکدا، یەکەی کات و شوێن و بابەت تا ڕادەیەکی زۆر بایەخی پێ دراوە، هەوڵی



ئەوەیان داوە چی ڕووداو و کارەسات و دامودەزگای دراماکە هەیە، هەمووی بەسەر یەکەوە بەناو تونێلی ئەو یەکاندا گوزەر بکەن و ڕێچکە بپێکن، کەچی لە درامای هیندیدا بایەخ بەو یەکانە نەدراوەو سنوورێک بۆ پڕتاوکردنی ئەندێشەی درامانووس دانەنراوە بیری ڕازاوەو سۆزی ناسک و هەستی بەتین و تاسەو دیمەنی جۆراو جۆری سروشت تاوتاوێ بەهۆنراوەو جار جارێ بە پەخشان درامای هیندییان ڕازاندووەتەوە.

٣- درامای گریک لە بارەی ڕوخسارەوە زۆرینەی بە شیعر یان بە پەخشانی سەروادار داڕێژراون، کەچی درامای هیندی لەسەر یەک تیلمە نەڕۆیشتووە ئاوێتەی شیعرو پەخشان گێڕانەوەو دایلۆک سەماو مۆسیقا بووە.

٤- درامای گریکەکان یان هەمووی تراژیدی بووەو کۆتایی بە کارەساتی دڵ تەزێن هاتووە، یان هەمووی کۆمیدی بووە، بەخۆشی و پێکەنین بڕاوەتەوە، کەچی درامای هیندی هەمە دەم کۆتاییەکەی هەر خۆشی بووە، تێکڕای دراماکان گاڵتە بازێک یان کلاوچییەکی تیا بووە.

٥- درامای هیندی بەدایلۆگی سادەو قسەی ئاسایی هەڵدەچنراو دوور بوو لە شێوازی ناسک و فەلسەفی، هەندێ جار بەزمانی (سانسکریتی) و هەندێ جار بە شێوەی ناوچەکە بوو.

کەچی درامای گریکی داڕێشتنی دایلۆگی بەتین و مەحکەم و فەلسەفی ئامێزی بەمەرجێکی هونەری دەزانی، دەبوو ئەو دایلۆگە لە داڕشتن و شێوازدا دوور بێ لە قسەی ناو بازاڕییەوە.

٦- درامای هیندی کۆتاییەکەی بە دوعاو نزاکردن تەواو دەبوو، کەچی درمای گریک وانییە.

٧- پاڵەوانانی سەرەکی لە درامای هیندیدا لەچینی کاسبکار و تێکڕای هەژاران بوون، بەتایبەتی لە دراماکانی (شا - شۆدراکا)دا، لەگەڵ ئەوەشدا خۆی هەم پاشای وڵات بوو هەم پاشای درامای سەردەمی خۆی بووە، کەچی درامای گریک هەمیشە پاڵەوانە سەرەکییەکە، کە بووە بە مەکۆی چنینی دراماکە یان پاشا بوو، یان شازادە و خاوەن شکۆ و خانەدان بووە(١).

٨-درامای هیندی و گریکی لەگەڵێ ڕووەوە لەیەک نزیک دەبنەوە، بەتایبەتی لە بارەی ئەو سەرچاوانەوە کە بابەتی دراماکەی لێ وەردەگیرا، درامای هیندی زۆربەی بابەتەکانی خۆی لە داستانی (مەهابەهارتا) و (رامایانا) و ئایینی بوزاوە وەردەگرتن، هەندێ جاریش لە جۆراو جۆری ئەڤینی ئاسایی و چینیایەتییەوە بابەتەکانی خۆی دەردەهێناو ئاوڕی بەرەو چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ دەدایەوەو خەڵکی ڕێنموونی بەرەو ڕەوشت باشی دەکرد.

هەروەهاش درامای گریک سەرچاوە لەبن نەهاتووەکانی ئەو ناکۆکییانە بوون: کە چۆکیدا دەکوتا، یان لە نێوان فرمانی خواکان ویستی مرۆڤدا بەرپا دەبوو، یان باس و خواسی ئەو قارەمانانە بوون کە ئەوانیش چووبوونە ڕیزی خواکانیانەوە، سەرچاوە ئەوانەش هەمووی داستان و ئەفسانەکانیان بوون کە زۆربەیان دەچوونەوە ناو داستانی (ئیلیادە) و (ئۆدیسەی) هۆمیرۆس، ئەمە جگە لە دراما کۆمیدییەکان کە چەکێکی هونەری کاریگەر بوون بۆ ڕاست کردنەوەی لار ڕەویی ڕامیاری و بیروڕای نەگونجاوی ئەو سەردەمە.

ئەمەی وتمان ئەوە ناگەیەنێ کە درامای هیندی لە درامای گریکەوە وەرگیراوە، یان کاری تێکردووە... بەڵکو لێکچوونی ژیان و خەباتی ئادەمیزاد لە ڕێی مان و نەمان لە هەموو جیهاندا وەک یەکە، دیارە هەر

(١) قصة الدراما الهندية - محمد فكري - المكتبة الثقافية - جامعة مره العدد ١٨٦ ل٣٥.

بەرهەمێک تۆ بیگری بەر ئەنجامی ئەو تێکۆشان و خەباتەیە کەواتە دەبێ لەگەوهەردا وەک یەک بن، با لەڕواڵەت و ڕەنگدا جیاواز بن.

# چین و شانۆگەری

وڵاتی چین سەرقافلەی ئەو وڵاتانەیە کە لە شارستانیەتدا پێشڕەوی میللەتانیان کردووە، بۆ هەر شتێک - کە نیشانەی شارستانیەت بێ - دەست ببەی چ کۆن و چ نوێ بەدەیان نموونەت دێتە بەر دەست، چین هەمبانە بۆرینەی هەموو کەلەپوورێکی ئادەمییە، کەچی لە بارەی هونەری شانۆو دراماوە وەک دەست بۆ وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو ببەی وایە... هەموو شتێک بە ئاسانی بەدەستەوە دێ دراماو شانۆ نەبێ، واتە ئەوەی بیەوێ لەو بارەوە شتێک بنووسێ تا سەرەتایەکی ڕووناک بۆ شانۆکەیان دەنووسێ تووشی ماندووبوونێکی سەخت دەبێ.

ئەو تەمسیل کردن و شانۆگەریانە کە توێژەرانی درامای جیهانی دەیانکەنە بەڵگە بۆ بوونی شانۆگەریی چینی وەک ئەو نموونانە وەهانە کە دەکرێتە بەڵگە بۆ دامەزراندنی شانۆگەری لەو وڵاتانەدا کە تازە ئاوڕیان بەرەو ئەو هونەرە دابێتەوەو دەفتەری ڕۆژگاری خۆیان هێنابێتە پێشەوەو پەڕ پەڕە هەڵیان دابێتەوەو بگەڕێن بە شوێن ئەو کارانەدا کە دەبنە بناغە بۆ دامەزراندنی شانۆ، ئەو تەمسیل کردن و شانۆگەرییانە - بەمانا تەسکەکەیان - کە لە وڵاتی چیندا بوون وەک ئەو تەمسیل کردنە وایە کە لەناو هەندێ گەلاندا هەبووەو کەچی هەواڵی شانۆ و شانۆگەریان وەک هونەرێکی باڵا نەزانیوە، سەرەڕای ئەمەش ناوی دراما لە شارستانیەتی چینی کۆندا نەبووە، ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێ چونکە ئەوان بەچاوێکی کەم تەماشای تەمسیل کردن و شانۆگەرییان کردووە، هونەری شانۆیان بە ئەدەب و هونەر نەزانیوە، بۆیە هونەری درامایش لە دایک نەبووە(١).

کەچی بۆ ئاهەنگ گەرم کردن و کۆڕ ڕازاندنەوەو دەمەتەقێ و شایی و زەماوەندو جۆرە نزاو نەریتی ئایینی پەنایان بردووەتە بەر تەمسیل کردن.

بەدرێژایی سەدەکانی پێش لە دایک بوون تەمسیل کردن تەنیا بۆ دەمەتەقێ و کات بردنە سەر بووە، چەندان کاراکتەرو هونەرمەند لەو مەیدانەدا خۆیان قاڵ داوە، بەڵام چونکە لەلایەن کۆمەڵەوە بە چاوێکی کەم تەماشا کراون، بۆیە ڕۆژگاریش ناوەکانیانی لەبەر دەم مێژوودا شاردووەتەوە.

گوایا لەسەردەمی حوکمڕەوای (منج هوانج ٧١٣-٧٥٦پ.ز)دا، شانۆگەری لەلایەن دەوڵەتەوە وەک هەموو بەشەکانی هونەر و ئەدەب بایەخی دراوەتێ، بەڵام لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە بێ سایەو پایە بووەو بەهونەرێکی خاوەن یاسا نەناسراوە، تا لەسەردەمی (کوپلای خان ١٢٦٨-١٣٨٦)دا وەک پیشە بۆ ئەوانەی پێوەی خەریک بوون ناسرا، ئیتر وەک بەشێکی هونەری لەلایەن میرییەوە درایە قەڵەم، هەر لەبەر ئەمەیە هەندێ زانایان پێیان وایە شانۆگەری چینی پاش داگیرکردنی چین لەلایەن مەغۆلەکانەوە پەیدا بووە، لەو کاتەوە تا ئێستا کاروانی شانۆی چینی هاتووەو نەبڕاوەتەوە(٢).

وەک لە پێشەوە وتمان ئەگەر لە وڵاتی چیندا لە پێش مێژووی زاییندا شانۆگەری بووبێ بریتی بووە لە

(١) قصة الحضارة: ول ديورانت - الجزء الرابع من المجلد الاول - الشرق الاقصي - الصين - ترجمة: محمد بدران ل١٤٢-١٤٣. هەروەها: المسرحية العالمية: تأليف - الارديس نيكول - ترجمة شوقي السكري ل٧٠٦.

(٢) قصة الحضارة - الجزء الرابع من المجلد الاول - ل٤٢.



جۆرە تەمسیل کردنێک لەناو بازنەی گۆڤەندو دەمەتەقێ و شاییدا خولاوەتەوە، ئەو تەمسیل کردنانەش کاتێکی دیاری کراویان بۆ دابڕ نەکرابوو جاری وا بووە کورت بوون، جاری واش بووە شەش کاتژمێر درێژەیان کێشاوە، ئەوانەی کە نەخشەی شانۆگەرییەکانیان کێشاوە هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە کۆتاییدا باری چاکە بەلای خراپەدا لارەسەنگ بکەن و تۆوی بنەماکانی ئایینی (کۆنفۆشیوس) لە دڵی نەوەی نوێدا بچێنن(١).

هەروەها بینەران حەزیان لە چی بووە لەناو تەمسیلییەکاندا ناوەخەن کراوەو ئاوێتەی تەمسیل کردنەکە بووە، ئەو شانۆگەریانە کە نووسەرانی مێژووی دراما دەیکەن بەبەڵگەی بوونی هونەری شانۆ لە وڵاتی (چین)ی کۆندا بەرهەمێکی هونەری وایان پاشەکەوت نەکردووە تامرۆڤ بەبێ گومان و پڕ بە دڵ بڵێ: ئەمە نموونەو نوێنەری ئەو شانۆگەریانەن، بەڵێ ئەوە ساغ بووەتەوە کە چینییەکان هەر لە کۆنەوە خەریکی تەمسیل کردن بوون، ئەو تەمسیل کردنە بناغەی شانۆگەری بۆ دامەزراندوون و نەژاد و کەرەسە سەرەکییەکانی شانۆگەری لەدەور خۆی خڕ کردووەتەوەو هاتووەتە ناو زەمینەی لە دایک بوونی شانۆوە، تەمسیل کردنەکەش وەک کەشکۆڵی کەلەپوور بووە، گێڕانەوەی سەربووردەی پیاوە بزرگەکان و سەروەران، وتاری دڵڕفێن و قسەی زل زل و پەندو ئامۆژگاری، مۆسیقاو شیعری ڕەوان و ساز و سەما ئەمانە هەموویان لەو تەمسیل کردنەدا ئاوێتەی یەکتری دەبوون و کاتێکی خۆشیان پێ ڕا دەگوزراندو خۆشیان لەدەرووندا پەرت دەکرد، ئا لێرەدا هەندێ شارەزایان لایان وایە، ئەگەر جاروبار لە هەندێ سەردەمی کۆندا لە چین لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بایەخی پێ درابێ لەبەر ئەوە بووە، چونکە هۆی فێرکردن و شانازی بە پێشینان و کارو فرمانەکانیانەوە بووە وێڕای ئەوەش شایی و زەماوەند و کۆڕیان پێ چاخ کردووەتەوە، کەواتە ئەو بایەخ پێ دانە لەبەر ئەوە نەبووە کە هونەرێکی باڵایەو خەرمانگەی هەموو بەشەکانی هونەرە، یان هەندێ جار ئەو تەمسیل کردنە سازو ئاوازە ئایینییەکانی بەیاد خەڵکدا هێناوەتەوە.

دیارە ئەوانەی کەلەسەر شانۆی چینییان کۆڵیوەتەوە تەنیا لە دیوی دەرەوە تەماشایان کردووە، ئەمەیش یان لەبەر ئەوە بووە چونکی شانۆیەکی سەرپێیی بووە، یان وای بۆ چوون کە ئەو تەمسیل کردنە دووبارە بوونەوەی نەریتێکی ئایینییە، هەر جۆر بێ، شانۆگەریی چینی، یان بوونی تەمسیل کردن لەلای گەلی چین، ئەگەر نەخشەی بۆ دامەزراندنی شانۆگەری ئەمڕۆی چینی نەکێشابێ، یان سایەو پایەیەکی مێژوویی بۆ نەڕەخساندبێ، خۆ بووەتە مێژوویەکی گەشی پرشنگداری پڕ بە شانازی بۆ ئۆپرای ئەمڕۆی چین(٢).

## شانۆگەری بوانی

شانۆگەری چینیش وەک پەیدابوونی شانۆگەری لە وڵاتانی تردا، لە دامێنی پەرستگاکاندا چاوی خۆی ڕشتووەو خۆراکی لە نەریتەکانی ئایینەوە وەرگرتووە، با بەڵگەی وا بەدەستەوە نەبێ کە بەرهەڵستی گومان تێچوون بکات و ببێ سنووری مێژوویی بۆ سەرەتای بزووتنەوەی شانۆگەرییەکە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ ڕا هەن کە پشت بە بەڵگەی داستان ئاسا دەبەستن، ئەو ڕایە وا دەگەیەنێ: گوایا لەسەردەمی فەرمانڕەوای بەرەی (چاو هونج)دا بزووتنەوەی شانۆگەری لە گەشت و گەڕیاندا بووە، ئەو بەرەیە لە نێوان (١١٢٢ تا ٢٢٥)ی پێش زایین فەرمانڕەوایی وڵاتی چینیان کردوە.

بەڵام ئەوەی گومانی تیا نەبێ لەسەردەمی حوکمڕانی بەرەی (بوان)دا کە لە نێوان (١٢٨٠-١٣٦٨)دا

(١) (کفنوشیوس - ٥٥١-٤٧٨ پ.ز - دانایەکی زانا بووە، چینییەکان بە پێغەمبەری یەزدانی دەزانن.

(٢) من المسرح الصيني - نزار سليم - ل٩-٢٧ - ١٩٧٣.

بووە، لەو ماوەیەدا شانۆگەری لە چیندا پلەی تایبەتی خۆی هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو کۆمەڵە شانۆگەرییانەیە کە دۆزراونەتەوەو لەژێر ناوونیشانی (سەد شانۆگەریی بوانی)دا لە چاپ دراون[1].

بەداخەوە هەوڵماندا دەقێکی شانۆگەری لەو شانۆگەریانە وەدەست خەین تا بیکەین بەنموونەی درامای چینی بەڵام بێ سوود بوو دەستمان نەکەوت.

## چیرۆکەکان چۆن دەخرانەڕوو

ئەو چیرۆکانە یان ئەو بابەتانە کە لەسەر شانۆ دەخرانە ڕوو، وەنەبێ تاکە چیرۆکێک بووبێ سەرەتاو بنەتای بە بابەتە سەرەکییەکەوە، بەشێوەیەکی هونەری شەکەت درابێ، بەڵکو زۆر جار بریتی بووە لە زنجیرە بابەتێکی هەمەڕەنگە کە هەموویان بەسەر تەنافی نواندنا ڕیز دەکران، هەندێ جاریش ئەکتەر بەهۆی دایلۆگی سەر پێییەوە لەسەر یەک بابەت سەقامگیر نەدەبوو بەڵکو وەک کۆڵکە زێڕینەی هەمە ڕەنگی لێ دەهات و پشتی بە ئەندیشە دەبەست و لە قەوماوی ژیان و ڕۆژانە دوور دەکەوتەوە.

با ئێستا نمومونەیەک بێنینەوە بۆ ئەوەی شێوەی نواندنی لەلایەن شانۆی چینییەوە بزانین:

لێرەدا چیرۆکی: (خانمە ڕەسەن زادەکە) دەکەین بەنموونە: چیرۆکەکە لە کەلەپووری چینییەوە وەرگیراوە، (برێخت)ی ئەڵمانیش بەشیوەیەکی تر لەبەر تیشکی بیروڕای خۆیا دایڕشتووەتەوەو ناوی ناوە: (جغزە گەچینەکەی قەوقاز) لەپێشەوە هەندێ لەسەری دواین.

«هایتانج» کیژۆڵەیەکی هەژارو بێ کەس و بێ دەرەتانە، ئەوەندەی پێ ناچێ شوو بە (ماشنج) ناوێک دەکات و دەبێتە ژنی دووەمی ئەو پیاوە، ژنی یەکەمی پیاوەکەی کە هەوێیەتی، دڵداری لەتەک پیاوێکی تردا دەکات کە ناوی (شاو)ە ئەم پیاوەش فەرمانبەرە لە یەکێک لە دەزگاکانی میریدا، هەوێ و دڵدارەکەی دەیانەوێ (ماشنج) دەرمان خوارد بکەن و بیکوژن، بۆ ئەوەی ئەو سامانەی کە هەیەتی بدرێ بەو کوڕەی کە هی (هایتانج)ەو جگەر گۆشی خۆیەتی... چی تیایە، لە دادگا داوا دەکات ئەو کوڕە هی ئەو نییەو هی خۆیەتی!. کە ئەمەی بۆ چووە سەر هەموو سامانی مێردەکەی بۆ دێتەوە، ئاسانە، چەندان شاهید و سوێن خۆر و قازی دادگا بە بەرتیل ڕازی دەکات، بۆ ئەوەی لە ڕۆژی دادگا بۆ بەرژەوەندی ئەو سوێن بخۆن و قسە بکەن، کابرا دەرمان خوارد دەکرێ و دەمرێ (هایتانج)ی بەسەزمان و بێ گوناه تاوانبار دەکرێ و فڕێ دەدرێتە ناو تاریکی بەندیخانەوە.

هەردوو هەوێکە داوای منداڵەکە دەکەن، سکاڵای هەردووکیان دەخرێتە بەر دەم سەرۆکی قازییەکان: (ماوشنج) بۆ دابین کردنی کێشەی منداڵەکە لەسەر مێزێکی گەورە جغزێکی بازنەیی دەکێشێ و منداڵەکە دەخاتە ناوەڕاستییەوە ئەوجا داوا لە هەردوو ئافرەتەکە دەکات هەر یەک پیلێکی منداڵکە بگرن و بەلای خۆیاندا ڕای بکێشن و لە جغزەکە بیبەنە دەرەوە، دووجار ئەو تاقیکردنەوە دەکرێت لە هەردوو جار (هایتانج) ناتوانێ منداڵەکە بەلای خۆیا لە جغزەکە بباتە دەرەوە، بەمەدا قازی بۆی دەردەکەوێت هۆی سەرنەکەوتنی (هایتانج) دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارەزووە دەرونییە، کە نایەوێ ئەزیەتی منداڵەکە بدات ئیدی دەزانێ ئەو منداڵە هی (هایتانج)ە، بۆیە فرمانی گرتن دژ بە دشە(هەوێ)کەو دڵدارەکەی (شاو) دەدا کە ئەوان (ماشنج)یان کوشتووە، هەروەها ئەو قازییەو شاهیدەکان کە بەرتیلیان وەرگرتبوو ئاشکرا دەبن و منداڵەکە دەدرێتەوە بە (هایتانج) و سامانەکەش هەمووی بۆ ئەو منداڵە دەگەڕێتەوە.

با بزانین لەسەر شانۆی چین چیرۆکێکی وەها چۆن نوێنراوە:

(١) المسرحية العالمية: الجزء الرابع - الاردايس نيكول - ل١١٣.



هەر ئەکتەرێک کە دەهاتە سەر شانۆ دەبوو ناوی خۆی و خێزانی و بەرەبابی خۆی هەڵ بدا، هەروەها پیشەو کارو کردەی بە جەماوەرەکە بڵێ، با دابنێین پیاوێکی نەگریس و چەپەڵ دەوری لە شانۆگەرییەکەدا هەبوو، دەبوو باسی نەگریسی و چەپەڵی خۆی وەک حکایەت خوانێک بۆ بینەران بگێڕێتەوە، جاروبار بەشیعرو جاروبار بە پەخشان و قسەی ئاسایی.

(هایتانج) پاڵەوانی: (خانمە ڕەسەنزادە - جغزە گەچێنەکەی قەوقاز)ە، کە دێتە سەر شانۆ، دەڵێ: (من ناوم هایتانجە، پێنج ساڵە شووم بە هاوسەری خۆم (ماشنج) کردووە، دایکم لە زووەوە نەماوەو بەهەتیوی گەورە بووم، تاکە برایەکم هەیە لەوەی منی بەجێ هێشتووە نازانم لە چ شوێنە، لەو مێردەم منداڵێکم هەیە ناوی (شیولانج)ە لەتەمەنی سێ ساڵی دایە، لەلای هەوێکەم دەژی، مێردەکەم بەوی ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی پەروەردەی بکات، ئەمڕۆ جەژنی لە دایک بوونیەتی، (ماشنج) و هەوێکەم بردوویانە بۆ پەرستگاکان بۆ ئەوەی بخووری بۆن خۆشی بۆ بسووتێنن، من جاران بێ دەرەتان بوم پشتوو پەنام نەبوو، نەم دەتوانی بەرگری لە خۆم بکەم، ئیتر هەر گورگ بوو، وەک بەرخۆڵەی بێ دەسەڵات بڕفێنێ دەیانڕفاندم، ئێستا پەنادرام هاوسەرم هەیە، کۆرپەی نازدارم لە باوشە، وا خەریکم برنج و چایان بۆ ئامادە دەکەم، لەمە گەڕانەوە پێشوازیان دەکەم، دەروونم کەیلە، ئەڤینی لەناو دڵما شەتاوەی کردووە:

ئەوجا بەم جۆرەی خوارەوە دەست بە سۆز دەکات:

لەپشتی پەرەدی–جوانی ڕەنگاو ڕەنگ
سەیری مانگ دەکەم–بێ خەم و بێ دەنگ
خۆم تەسەل دەکەم–بە تریفەی جوانی
سەرنج دەدەمە–رەوتی ڕەوانی
روانینە ئێمە    بێ خەم و ترسە
بەخشندەوایە    بێ داواو پرسە
گورگ مەلاسەی داوە    چاک پۆخڵ بووە
نێچیر تەڵەفاو    هەر چاو لە دووە

ئیتر بابەس بێ    لوورەی جڵفانە
با هەر پیشەی بێ    ئەوەی نادانە
من ڕووم لەو    وەرچەرخاندووە
بۆ ئاسانەی دڵ    پەنام بردووە
لێیان مەڕەنجێ    گەر ئازان با بێن
دەورم تەنراوە    بێ ڕێگەن نایەن
پیاوێک خاوەنی    سامان و ماڵ بێ
هاوسەرم نابێ    تا سەرم مابێ
جوانی نافرۆشرێ    دەریاو زەریایە
چەند لێی هەڵگۆزی    هەر دوایی نایە
ناگەڕێمەوە ئارەزووم پەستە
دنیا بوژەگای    مرۆڤی خەستە

دەستم وا لەمل ئاشتی کردووە
ئازاری دوێنێم بەرباد کردووە
بەختی خۆم پیاوی خۆمی بۆ هێنام
ئەڤینی ئەوی هێنا لە دڵ نام
تکام لێ دەکات بەنەرم و نیانی
بنوێن وەنەوزمان بخەینە بانی
مانگ ڕاوەستاوە پەژارە دەکا
گلەیی لەشەوی تارو تەڵخ دەکا...
نەکا خۆی پەس کا با سەخڵەت نەبێ
کێ وەک ئەو شادە؟ ڕەنگە کەس نەبێ
سەیرکە چاوەڕێی هاوسەرم دەکەم
ئاخ هەر خۆی نییە تا خەمی لادەم
بەدویا دەڕۆم تا دەی هێنمەوە
بەنیو نیگای گەش دەی حەوێنمەوە
وا چاوەڕوانم تاسەی دڵ کەیلە
بۆ دیداری ئەو دەروون پڕ مەیلە[١]

بەو چیرۆکەی پێشەوەدا، یان بەجۆری نواندنەکەیدا بۆمان دەردەکەوێت کە ئەکتەر جگە لەوەی خۆی بە دایلۆگی دراماکەوە نابەستێتەوە، بۆی هەبوو لە پڕ شتێکی لاوەکی ناوخەنی شانۆگەرییەکە بکات، ئیتر ئەو شتە لاوەکییە لە شێوەی پەخشاندا بوایە یان هۆنراوە.

# شانۆی ژاپۆنی

## پێشەکییەک:

لەبەر ئەوەی وڵاتی ژاپۆن کۆنترین و نوێترین وڵاتە، پێویستە بەر لەوەی باسی شانۆو درامای بکەین کورتە باسێکی گشتی بخەینە ڕوو.

کە دەڵێین کۆنترین وڵاتە مەبەستمان ئەوەیە: هەر لە کۆنەوە ئەم وڵاتە خاوەنی دامودەزگا و شارستانیەتی خۆیەتی، کە دەشڵێین نوێترین وڵاتە مەبەستمان ئەوەیە ئەم وڵاتە لە چاو ئێمەو زۆربەی گەلانی تردا تازە ناسراوەو ناوی کەوتووەتە ناو ناوانەوە.

ئێستا وڵاتی ژاپۆن وەک حوچێکی ناقولاّ وایە لە پڕ سەری لەناو دەریای هیندییا قیت کردوەتەوەو لە هەموو لایەکەوە دەبینرێ.

وشەی ژاپۆن لە بنەڕەتدا لە (ژب - پن - ە)ەوە هاتووە، بە زمانی ژاپۆنی واتە: ڕۆژهەڵات.

ئەفسانەی کۆنی ژاپۆنی وا دەگەیەنێ: خواکان وەک ئادەمیزاد وەها بوون، نێرو مێ بوون، دەژیان و

(١) المسرحية العالمية - الجزء الرابع - ل١١٨-١١٩.



دەمردن، گەورەی خواکان فرمانی بەسەر ئیزاناجی) و (ئیزانامی)دا، کە خوشک و برا بوون؛ هەردووکیشیان لە گرۆهی خواکان بوون، کە وڵاتی ژاپۆن دروست بکەن، ئەوانیش لەسەر پردە هەڵواسراوە ڕەنگاو ڕەنگەکەی ئاسمان ڕاوەستان، نێزەیەکی بە گەوهەر ڕازاوەیان هاویشتەوە ناو قوڵایی زەریاوە، کە دەریان هێناتەوە، چوار هەزار و دوو سەد و بیست و سێ دڵۆپ ئاوی لێ بەربووەتەوە، لەو دڵۆپانە هەموو وڵاتی ژاپۆن و دوورگەکانی دروست بوون.

خواکان کە سەرنجی بۆقەکانی ناو ئاویاندا، لەوانەوە نهێنی بەیەک گەیشتنی نێرومێیان زانی کە زاوزێ بوونە، بۆیە: (ئیزاناجی) لەگەڵ (ئیزانامی)دا جووت بوون و توخمی ژاپۆنیان لێ کەوتەوەو (ئەماتیراسۆ) کە خوای ڕۆژە لەچاوی چەپی (ئیزاناجی)یەوە پەیدابوو، لەنەوەی (ئەماتیراسۆ)یش زنجیرەی (ننیاجی) کە ڕەگەزێکی پیرۆزە هاتە کایەوە، هەموو پاشاکانی ژاپۆن لەم زنجیرەن[١].

بۆیە پێشینانی ژاپۆنی هەموو بە پیاو چاک و سەروەر تەماشا دەکران و سەری بەندەگییان بۆ کەچ دەکرا، لەمەشەوە ئاینی (شەنتۆ) واتە: (ڕێگەی خواکان) هاتە کایەوە، ئەو ئایینە سێ لکی لێ بووەوە، لکی یەکەمیان ئەوەبوو، هەر بەرە بابێک یان هەر خێزانێک دەبوو سەری بەندەگی بۆ باپیرانی خۆی کەچ بکات، لکی دووەمیان: نوێژو سزاکانی پیاوەکان و کاربەدەستانی دەوڵەت بوو، بەپێی ئەم لایەنە دەبوو هەموو پیاوێکی دەوڵەت بەندەگی خۆی بۆ ئەوانەی کە دەوڵەتیان دامەزراندبوو بنوێنێ... لکی سێیەم نوێژو نزاکردنی - قڕاڵ - ئەمپراتۆر - یان جێنیشینی ئەو بۆ باپیرانی خۆیان بوو کە ئەوان پشتاو پشت دەچوونەوە سەر ئەوان و وەچەی ئەوان بوون.

ئەو ئایینە گەلێ ئاسان و بێ پێچ و پەنابوو، خۆی بەشتی نهێنی و بەپێچ و پەناوە نەبەستبووەوە، خەڵکیشی بەژیانی ئایندەو بەهەشت و ژیانی پاش مردن و دەست لەملانێی فریشتەی نەگەچراو و نەقوپراوەوە فریو نەدەدا، ئایینەکە وا بوو واش خەڵکی پەروەردە دەکرد، تا لە ساڵی (٥٢٢)ی لەدایک بووندا ئایینی (بوزا) لە چینەوە هاتە ژاپۆن، زۆری نەخایاند هەموو وڵاتی گرتەوە، بەڵام بەو جۆرەی کە لە هیندستاندا بڵاوبووبووەوە وا نەبوو لە ژاپۆندا، چونکە لە هیندستاندا خەڵکی تووشی ڕەشبینی و هەراسانی کردبوو، وای پێ سەلماندبوون کە دنیا گۆڕێکی تەنگ و تاریکەو پیاوی باوەڕدار دەبێ هەوڵ بدا خۆی تیا ڕزگار بکات، کەچی ئەو ڕێبازە ئایینییە کە بەشێک بوو لە ئایینی (بوزا) کە هاتە ژاپۆن لەسەر بنەمای خۆشەویستی و ڕێزلێنان و هێمنی و مل کەچ کردن بۆ کاربەدەستان و پیاو ماقوڵان و یەکتری دامەزرا، ئەم ڕێبازە ناوی (مەهایانا)بوو، خەڵکی سەر بەم ڕیبازە بڕوایان بە هاتنی (ئومێد) و (کوانون) هەبوو کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دێنە سەر زەوی و دنیاو مرۆڤ لە هەموو کوێرەوەری و هەراسانییەک ڕزگار دەکەن، تا لە ساڵی (١٥٤٩) پاش لە دایک بوونی مەسیح، ئایینی فەلە لە وڵاتی کۆریاوە بەرەو ژاپۆن پەڕییەوە، چەند خێزانیک لەمینای (ناجازاکی چوونە ژێر ڕکێفی ئەم ئایینەوەو لەو ناوچەدا خەریک بوو بڵاو ببێتەوە، تا لە ساڵی (١٦١٤)دا (ئەییاسۆ) کە یەکێک بووە لە قڕاڵەکانی ژاپۆن ئایینی قەدەغەکرد[٢].

چۆن ئایینی (بوزا) لە چینەوە گەیشتە ژاپۆن، وەهاش فەلسەفەو هزری (کۆنفۆشیوسی) لەهەموو ژاپۆندا پەرەی سەند، لەسەدەی شانزەهەمدا کە ئەو بیروڕایە پەرەی سەند هەر لەو سەدەیەدا ئایینی بوزا بەرەو کزبوون و ئاوابوون چوو، دوو لە سپاسالارانی ژاپۆن ئاگری کۆنفۆشیوسیەتیان هەڵگیرسان و

(١) قصة الحضارة: الجزء الخامس من المجلد الاول: تأليف ول ديورانت: الشرق الاقصي - اليابان - ل٨-٩.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٧٢

بیروباوەڕی ئایینی (شەنتۆ)یان زیندوو کردەوە، دوای ماوەیەک چەند کەسانێکی وەک (ئیشکاوا) و (ئاراهاکۆسیکی) هاتنە مەیدانی زانیارییەوەو ڕەخنەیەکی توند و تیژیان ئاڕاستەی ئایینی (شەنتۆ) کرد، یەکێکی وەک (ئیشکاوا) بە هەموو هێزییەوە دەیووت: «ئەو بنچینە ئایینییانە کە ساڵەهای ساڵە لە پێشینانەوە بۆمان بەجێ ماون چونکە هەر بەسەر زارەکی بوون، ناگەنە ڕاددەیەک کە تەمی گومان لێ کردنیان لەدەروونی مرۆڤدا بسڕنەوە، ئەو ئەفسانەیە کە دەڵێ دوورگەکانی ژاپۆن لەو دڵۆپە ئاوانەوە دروست بوون کە لە ڕمەکەی (ئیزاناجی) و (ئیزانامی)یەوە کەوتنە خوارەوە، نێوان دروست بوونی ئەو ئەفسانەیەو داهێنانی نووسین لە ژاپۆندا هەزاران ساڵە...» هەروەها دژ بەو ئەفسانەیە درێژە بە قسەکانی دەداو دەڵێ: «ئەگەر ڕەچەڵەکی قڕاڵەکان نەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ئادەمی دەبێ بچێتەوە سەر ڕەچەڵەکی ڕەشەوڵاخ...»(١). ئا بەو جۆرە بیروڕای فەلسەفی تەکی بە بەرەی ئایینی هەڵچنی و شارستانیەت لەژاپۆندا پەرەی سەند.

ئەدەبی ژاپۆنی ئەدەبێکی دەوڵەمەندە، بەتایبەتی لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا، باڵاترین ڕۆمانیان چیرۆکی «جەنچی مونۆجاتاری»یە کە نزیکەی چوار هەزار و دوو سەد و چل و سێ لاپەڕەیە لە ساڵی (١٠٠١)ی پاش زایینیدا ئافرەتێک نووسیویە کە ناوی (مۆراساکی نوشیکیۆ) بووە، ئەم ئافرەتە پاش شووکردنی مێردەکەی دەمرێ و بەبێوەژنی دەمێنێتەوە، پاش چوار ساڵی ئەو لێ قەوماوییە دەست دەداتە نووسینەوەی چیرۆکەکە - گوایا لە وەختی خۆیا لە پەنجاو چوار بەرگدا بووە - چی قاقەزی هەبووە هەمووی بەکارهێناوە، کە زانیویەتی قاقەزی لێ بڕا، ناچار دەبێ قاقەزی یەکێک لە پەرستگاکانی بوزا بدزی و بەکاری بێنێ(٢).

شانۆی ژاپۆنی وەک شانۆی هەموو وڵاتان ڕەوت و هەڵس و کەوتی مێژوویی خۆی بینیووە، لەسەرەتای بوونیەوە لە ئامێزی ئایینی (شەنتۆ)دا کەوتووە گروگاڵ و نگابانی کراوە.

ئەگەر لە ساڵی (١٦٠٠)پاش زایینەوە سەرەداوی مێژووی ئەم شانۆیە وەدەست بێنین و بەرەو پاش بەشوێنیا بڕۆین لە کۆتاییدا دەگەڕێینەوە سەر ئەو داستان و ئەفسانانە کە لە پێشەوە ڕاژمان بۆ کردن، لەوێدا واتە لە کن داستانەکاندا کە سەرچەمەی هەڵقوڵینی شانۆگەرین هەڵوەسەیەک دەکەین و لەدامەنی ئەفسانەکە ورد دەبینەوە، ئەوەبوو وتمان: (ئەمائیراسۆ) خوای ڕۆژە، ئەم خوایە لە خوشک و براکانی خۆی سەخڵەت دەبێ و خۆی لە ئەشکەوتێکدا دەشارێتەوە، دەرگاکەی بەتاشە بەردێکی گەورە چەسپ دەکات، ئیتر هەڵنایەت و دنیا دەبێتەوە تاریکەستان، بۆیە خواکان کۆ دەبنەوەو، ڕاوێژ دەکەن، چۆن ڕۆژ لەو ئەشکەوتە بێننە دەرەوە، وا بڕیار دەدەن ئەم خوایانە: (ئامانۆ، ئاوزۆمی، میکۆنۆ) بنێرنە لای بۆ ئەوەی ئاشتی بکەنەوە، ئەوانیش دەچنە لای، (ئاوزۆمی) تەختەیەکی پان دەبات لەدەرگای ئەشکەوتەکەدا وەک دەهۆڵ لێی دەداو دەیکا بە قاڵە، وا پیشان دەدا هەموو خواکان لە ناو دەنگی ئەو تەختەدا دەنگ هەڵدەبڕن و داوای ئاشت بوونەوەی لێ دەکەن، ئەویش کە گوێی لەو دەنگە دەنگە دەبێ تاشە بەردەکەی ئەشکەوتەکە لادەدا، تا بزانێ چی ڕووی داوە کە (ئاوزۆمی) زانی وا سەری هێنایە دەرەوە، کراس بەندەکەی خۆی پچڕان و سەرسنگ و مەمکەکانی دایە بەر تیشکی نێو نیگای (ئەمائیراسۆ) ئەمیش کە چاوی بە بەرو مەمکی کەوت دەست بەجێ دڵ نەرم بووەوەو هاتە دەرەوەو پێی ووت: (ئەی خاوەن شکۆ و پایەدار با بخەنین و شادومان بین، چونکە خوای واش هەیە لە تۆ پایە بڵندتر بێ)(٣).

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو - ل٩٩-١٠٥.
(٢) لەبارترین دزییە لە مێژوودا...(ن).
(٣) المسرح الياباني: تأليف: فوبيون باورز - ترجمة: سعد زغلول نصار ـ ل٧.



دیارە مەبەست لەو (خوا)یە هونەر و (سێکس)ە کە دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە، خوا خاوەن شکۆ و سەروەرەکان لە خەڵوەت خاکانیان بهێننە دەرەوە، توێژەرانی درامای ژاپۆنی لە ئەفسانەی (ئەمائیراسۆ)وە شوێن پێی پەیدا بوونی هونەری شانۆ هەڵدەکەن و پێیان وایە نیشانە تایبەتییەکانی شانۆگەری چین دەچنەوە سەر ئەو سەرچاوەیە.

ئەو سەماو بەزم و ڕەزمەی کە کۆرسە ئاینییەکان سازیان دەدان، ئەو سەماو شایی و زەمزەمەیە کە پێی دەوترا: (کاجۆرا) و پەیوەندی بە ئایینی (شەنتۆ)وە هەیە و چەندان لق و پۆپی هونەری لێ بووەتەوە کە تا ئێستاش هەر گەشە دەکەن و چەندان جۆری شانۆگەری وەک (نوە noh– و کابوکی) لێ بوونەتەوەو تایبەتن بە شانۆی ژاپۆنەوە.

(کاجۆرا) بوو بە زێیەک بەسەر زەمینەی ڕۆژگاری ژاپۆنیاندا تا ئەمڕۆش سەراو دەکات و بارەگای شانۆ و ئۆپراکانیان تەسەل و تێراو دەکات.

لەسەدەی چوارەمدا پیاوە بووزییەکان بۆ ڕەواجی ئایین و چەسپاندنی؛ سروود بێژیان هێنایە کایەوە، ئەو سروود گوتنە پاش ماوەیەک گۆڕدراو بوو بە تەمسیل کردن - نواندن - ی بێ دەنگ، ئەمیش گۆڕاندنێکی تری بەسەردا هات لە ئەنجامی ئەو گۆڕاندنەدا دایلۆگ هاتە کایەوە، ئەم جۆرە گۆڕاندنەش پێویستی بە دانانی دراما کرد، ئەمیش پێویستی بە چەند کەسانێک کرد کە بیکەن بە کار ئەمەش کتومت بوو بەهۆی دروستی بوونی شانۆ و شانۆگەریی لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شانۆی ژاپۆنی تا لەدایک بووە ئەم ژانانەی چەشتووە:

١- سەماو بەزم و سازدانی پیاوە ئایینییەکان کە پێیان دەگوترا (کاجۆرا).
٢- شانۆگەریی گۆرانی و ئاواز و سەماکردن، ئەمیش بوو بە (کابوکی).
٣- نواندنی بێ دەنگ.
٤- داهێنانی دایلۆگ.

لەسەدەی شانزەهەمدا شانۆی ژاپۆنی لەسەر زەمینەیەکی پتەو دامەزراو ئیدی نواندنی بێ دەنگ و بابەتی ئایینی باویان نەما، لە شاری (ئۆساکا)دا ئافرەتێکی مۆغان لە تەنیشت دێرەکەی خۆی شانۆیەکی دروست کردو خۆی تیایا سەمای دەکرد، بەو هۆیەوە توانی بژێوی خۆی دابین بکات.. ئەم ئافرەتە بەدامەزرێنەری (شانۆی کابوکی) واتە میللی دادەنرێ.

لەبەر ئەوەی لەو کاتەدا لە ژاپۆن چ سنوورێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی ئەوتۆ نەبوو کە جڵەو بۆ ئافرەت شل نەکات و لە خراپەکاری وبەد ڕەفتاری بیپارێزێ؛ ئافرەت بەبێ سنوور دەمایەوەو بەهەوەسی خۆی ڕەفتاری دەکرد، بۆیە ئەوانەی کە سەر بە چینی بۆرژابوون خۆیان لەو جۆرە شانۆیە دەپاراست و نزیکی نەدەکەوتن، لەبەر ئەوە وای لێ هات ئەوانەی کە لە شانۆدا کاریان دەکرد بەگرۆیەکی کەچ ڕەفتار تەماشا دەکران، ئەمەش وای کرد کە ئافرەت ترێز لە شانۆ بکات و نەیەتە ئەو مەیدانەوە، بۆیە پێویستی ئەوەی کرد کە پیاو دەوری ئافرەت ببینێ، ئەوانەی کە دەوری ئافرەتیان دەبینی وا خۆیان لە دەورەکەیاندا تێ هەڵ کێش دەکرد بینەران وایان دەزانی لە ڕاستیدا ئافرەتن و پیاو نین، لەدەرەوەی شانۆشدا وەک ئافرەت تەماشا دەکران، دوای چەند ماوەیەک کە ئافرەت هاتە مەیدانی شانۆوە ناچار دەبوون لاسای ئەو پیاوانە بکەنەوە کە جاران دەوری ئافرەتیان دەبینی، ئەکتەرەکان دەموچاوی خۆیان ئارایش دەداو جلی ڕەنگاورەنگی جوانیان لەبەر دەکرد و هەندێ جاریش کە پیاوەکان دەوری ئافرەتیان دەگێڕا لە پشت پەردەوە ئافرەتێک دایلۆگەکەی بەپێی جموجۆڵی ئەکتەرەکە دەردەبڕی، بینەرەکەش پێی وابوو لە ڕاستیا

ئەو پیاوە ئەکتەرە، ئافرەتی ڕاستەقینەیە[1].

لە پێشەوە هێمامان بۆ ئەوە کرد کە ئەو سەماو زەمزەمەیە کە لە ئایینی (شەنتۆ)وە سەری هەڵداو پێیان دەوت (کاجۆرا) دوو لکی سەرەکی لێ پەیدا بووە، یەکەم (کابۆکی) دووەم شانۆی (نوهـ noh).

١- **کابۆکی**: لەسەدەی شانزەهەمدا پەیدا بوو بریتی بوو لە سەماو هەڵپەڕکێی ناپەسەند و ناشایستە.

ئافرەتێک ناوی: (ئۆ-کۆنی) بوو لە نێوان دوو شاری سەر بە جەنجاڵدا شوێنێکی دامەزراند بۆ ئەو تیپەی کە پێکی هێنابوو، لەوێ هەموو چەشنە سەماو سووڕدان و ڕەشبەڵەکێک دەکران، سەماکردنەکە لە پێشدا جۆرە نزایەکی ئایینی بەسەرا دەخوێنراو درێژەی دەکێشا، جەماوەرەکەی هەموو کەف و کوڵێکی دەروونی خۆیان تیا کپ دەکردەوە، ئەو ئافرەتە لە ماوەیەکی کەمدا توانی ئەو جۆرە هونەرە بەرە بەرە بەرەو بارەگای شانۆ بڕانێ و هەندێ نەژادی هونەری تیا ناوەخەن بکات، تەنانەت لە داستان و چیرۆکەکانەوە توانی ڕووداو و کارەسات بێنێ و لە دوو تۆی سەماکردنەکەدا بیانخاتە ڕوو، لەمەوە کابوکی ناپەسەند بەرگی هونەری شانۆی لەخۆی ئالآند و بەڕوێکی ترەوە هاتە مەیدان تا لەسەدەی نۆزدەهەمدا بوو بەشانۆ و درامای لەئامێز خۆی گرت، بەڵام تا ئێستاش هەر بە کابۆکی دەناسرێ[2].

**٢-شانۆی نوهـ** - noh: (نوهـ) جۆرە سەماو سووردانێکی نیمچە ئایینی بووە کە لەسەدەی چواردەهەمی پاش زایینی پاش پەرەسەندنی ئایینی بوزا هاتووەتە مەیدانەوە، لە سوچێک لەناو پەرستگاکاندا سەماو سووردانی (نوهـ) دەکراو تەنیا خەڵکی ڕەش و ڕووت دەچوونە ئەو جۆرە شوێنانە، سەرپەرشتی کاری هەموویان لە هەمان چین بوون، بۆیە لەسەرەتای پەیدا بوونییەوە لەلایەن میرو پیاوە زەنگین و خۆ بەزل زانەکانەوە بە چاوێکی کەم تەماشا دەکرا، ئەم جۆرە شانۆیە بەسەر دەستی «کانای کیوتسۆجۆ **١٣٣٣-١٣٨٤**) و کوڕەکەی (زیامی موتوکیو **١٣٦٣-١٤٤٤**)دا بڵاوبووەوەو لە سەرانسەری ژاپۆندا خۆی سەپاند[3].

وشەی (نۆهـ) لەسەرەتادا بۆ شوێنی سەماو ڕابواردنی ڕەش و ڕووت بەکارهاتووە؛ لەسەدەی پانزەهەمدا وەک زاراوەیەک لە فەرهەنگی ژاپۆنیدا مانای درامای وەرگرتووە، پێش ئەم مانایە بە کوڵ ئەو وشەدا بدرێ پاش ماناکەی پێشەوەشی (نوهـ) مانای: شارەزایی و کارامەیی گەیاندووە[4].

لەسەرەتای پەیدابوونی ئەم جۆرە شانۆیەدا پیاوە بۆرژواکان توخنی (نوهـ) نەدەکەوتن، بەڵام کە پەرەی سەندو بە هەموو لایەکدا بڵاوبووەوە، ڕوویان تێ کردو لە دواییشدا دەستیان بەسەراگرت، تا وای لێ هات بوو بە شوێنی ڕابواردنی میرو پیاوە گەورەکانی ناو کۆمەڵ و یاسای بۆ دانرا، بە پێی ئەو یاسایە چوونە شوێی (نوهـ) بۆ ڕەش و ڕووت قەدەغەکرا، لەمەوە (نوهـ) بوو بە جێگەی (سامۆرا) و پیاوە جەنگاوەرەکان.

(١) قصة الحضارة: الجزء الخامس من المجلد الاول - ول ديورانت - الشرق الاقصي - اليابان - ترجمة الدكتور نجيب محمود - ل١١٤.

(٢) (کابۆکی) لەسێ بڕگە پێک هاتووە «کا» واتە گۆرانی «بۆ» واتە سەماکردن، «کی» واتە ژن، هەموو بەسەریەکەوە واتە: گۆرانی و سەماکردنی ژن، مەبەست لەو ژنەش «ئۆ - کۆنی»یە کە داهێنەری هونەری کابوکییە.

بۆ زێدە زانیاری لەو بارەوە تەماشای: (المسرح الياباني - تأليف: فوبيون باورز وەرگێڕ بۆ عەرەبی سعد زغلول نصار ل٤٦) بکە.

(٣) المسرحية العالمية الجزء الرابع ل١٣٣-١٣٤.

(٤) المسرح الياباني - فوبيون باورز - ترجمة: سعد زغلول نصار ل١٩-٢٠.



بابەتەکانی شانۆگەری (نوهـ) فرەتر پەیوەندیان بە گوناحی کوشتن و ژیانی ئاییندەو گیانی جەنگاوەرانەوە هەبوو.

(زیامی) یەکێک بوو، لە درامانووسانی شانۆی (نوهـ)، ئەمە کورتەی بابەتی یەکێکە لە دراماکانی:

«لە جەنگێک یەکێک لە جەنگاوەرەکان کە ناوی (کۆماجای) دەبێ، جەنگاوەرێکی تریش کە ناوی (ئەتسۆمۆری)یەو لەتەمەنی شانزە ساڵیدایەو زۆر ئازاو قارەمانیش دەبێ ئەو (کۆماجای)یە ئەو جەنگاوەرە لاوە بەناحەق دەکوژرێ، سەبارەت بەو ناحەقیە کە کردی (کۆماجای) دەکەوێتە ناو گێژاوی پەشیمانییەوە، تەم و تاری ناو ویژدانی جیهانی ڕووناکی لێ دەکات بە دۆزەخێکی تاریک، ئازادی دەروونی بەهیچ کلۆجی ناسرەوێ، ئیدی واز لە جەنگاوەری دەهێنێ و سەری خۆی دەتاشێ و دەبێتە موغان و ئایین پەروەر، ئەو ژیانەی کە مابیوو تەرخانی دەکات بۆ نوێژکردن و پاڕانەوە لەگیانی (ئەتسۆمۆری) بۆ ئەوەی لێی ببوورێ».

شانۆگەرییەکە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

«دەبینین وا (کۆماجای) سەری تاشیوەو ناوی خۆی ناوە (رینشۆ). وا کەوتووتە ڕێ و بەرەو ئەو شوێنە دەڕوا کە (ئەتسۆمۆری)ی تیا کوشت، لەو شوێنەدا تووشی هەندێ زەلام دەبێ کە خەریکی گیا دوورینەوەن، بەبێ ئەوەی بیناسن، باسی کوشتنی بەناحەقی (ئەتسۆمۆری) بۆ دەکەن بەسەرهاتەکەی وەک بەیازێک بۆی دەگێڕنەوەو ئاخ و داخی بۆ هەڵدەکێشن، (کۆماجاری) ئەمانە بەجێ دەهێڵێ و دەڕوا، پاش ماوەیەکی کەم تووشی پیاوێکی تر دەبێ، دەم و چاوی خۆی بە دەمامکێک داپۆشیوە ئەم زەلامە لە ڕاستیدا (تارمایی - ئەتسۆمۆری)یە، ئەمیش چۆنیەتی کوشتنی (کۆماجاری) دەگێڕێتەوە، لەم کاتەدا کۆرسی گۆرانی بێژان لەگەڵ گێڕانەوەکەدا گۆرانی و سروودی داماوی دەڵێن، لەپڕ تارماییەکەی (ئەتسۆمۆری) بزر دەبێ و هاوار دەکا، کۆماجاری نوێژ بۆ گیانم بکە»[1].

ئەم جۆرە بابەت و شانۆگەرییانە جۆرە ئارامییەکیان بەدڵ و دەروونی جەنگاوەران دەبەخشی، وای پێ سەلماندوون کە ژیانی پاشە ڕۆژ هەیە و دەرگای ژیانێکی تر بۆ جەنگاوەران وازکراوە، هەروەها ئەوەشی دەگەیاند کە نوێژ و پاڕانەوە پەڕەی ڕەشی گوناح پاکژ دەکاتەوە، ئەوەش دەگەیەنێ ئەگەر یەکێک یەکێکی تر بکوژێ و پەشیمان ببێتەوەو نوێژ بۆ گیانی بکات لە ئاییندا لەوانەیە لێی ببوورێ و ببن بە برادەری یەکتری.

**بەروارێکی کورت:**

شانۆگەریی «نوهـ» لەبەر ئەوەی لە کاتی جەنگ و شەڕدا سەری هەڵداوە بابەتەکانی باسی ڕۆژی ئاییندەو گیانی جەنگاوەران و سزای چاوەڕوان کراو بۆ گوناحکاران دەکات، بەو هۆیەوە شانۆی (نوهـ) توانی لەسەدەی پانزدەهەمدا - کەلەلای ژاپۆنەکان هەر شەڕو ئاژاوە بووە - تینی ئارام و ئاسایش بخاتە ناو دڵی خەڵکەوەو ئومێدداریان بکات.

کەچی شانۆی (کابۆکی) چونکە لەکاتی ئاسایش و ئارام گرتندا پەیدابووە، باسی ڕابواردن و تاسە شکاندنی ئارەزووە دەروونییەکان دەکات.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٢.

## درامانووسان:

لەناو گولزاری درامانووسانی ژاپۆنیدا (شیکاماتسۆ مونزایمۆن) گولێکی گەشی ئەو گولزارەیە.

هەندێ توێژەرانی درامای (شیکاماتسۆ - ١٦٥٣-١٧٢٧) دەبەنە ڕیزی دراماکانی شەکسپیرەوە، لایان وایە پایەی شەکسپیر لەدرامای ئینگلیزیدا وەک پایەی شیکاماتسۆ وایە لە درامای ژاپۆنی دا.

شانۆگەرییەکانی وەک شانۆگەری گریک دەکران بە سێ بەشەوە، بەڵام ئەوەندە هەبوو ئەو سێ بەشانە هەر یەکێکیان وەک شانۆگەرییەکی سەربەخۆ وابوو، بابەت لە بەشی یەکەمدا داوای لێ بووردن و ڕەزامەندی خواکان بووە، هەمووشی بە جموجۆڵی هیمایی بێ دەنگ دەربڕاوە، بەشی دووەمیان لەگەڵ بەشی یەکەمدا هاو پەیوەند بووەو. تەرخان کراوە بۆ دەرکردن و دوورخستنەوەو نەهێشتنی تارمایی دەعبا و گۆمەتەو بەرباد بوون و دەرپەڕاندنی گیانی نەگریسە سامناکەکان.

بەشی سێیەمی باسی جوانی سروشت و بارەی ژیانی خۆشەویستی و ئاسوودەیی بووە.

دراماکان هەموویان بەسەریەکەوە لەسەر شێوەی هۆنراوەی سەروادار دایلۆگەکانیان بۆ دادەڕێژرا، کە بەو جۆرە دارێشتنەیان دەوت: «سۆرۆبان». ئەم (سۆرۆبان)ە لەسەر شێوەی نووسینی نامە بووەو پشتی بە وشەی بریقەدار و ڕەنگین بەستووەو دەبوو کۆتایی ڕستەکانی بە وشەی (سۆرۆ) تەواو ببێ، دیارە دایلۆگێک بەو مەرجانە بێ بارێکی قورس دەخاتە سەر شانی دراماکەو ئەرکی تەنینی گران دەکات.

وتمان شانۆی (نۆهـ) کە هاتە کایەوە، تەنیا ڕەش و ڕووت لەدەروی کۆدەبوونەوەو هەر ئەوانیش بوون بە درێژایی ڕۆژگار پاراستیان و لە قۆناخێکەوە بۆ قۆناخێکی باڵاتر بردیان و وایان لێ کرد کەژاپۆنییەکان بەرێزەوە تەماشای ئەکتەری سەرشانۆ بکەن، نەک هەر ئەوەندە بەڵکو کام پیاو خۆی بە خانەدان و سەروەر دەزانێ شانازی بەوەوە بکا کە وەک ئەکتەرێک لەسەر شانۆکار بکا، گەلێ پیاو ماقوڵانی ناو کۆمەڵ خۆیان لەسەر تەختەی شانۆ تاقی کردووەتەوە، بۆ نموونە یەکێکی وەک (نۆبونجا)[1] (هیدیوشی)[2] (ئەییاسۆ)[3] لەساڵی (١٥٨٠)دا بەشدارییان لە نواندنی شانۆگەریدا کردووە.

## شانۆی ژاپۆنی و تەکنیکی دارێشتن

لەپێشەوە وتمان شانۆی (نۆهـ) کە پەیدابوو، بابەتی شانۆگەرییەکانی باسی ڕۆژی ئاییندەو گیانی جەنگاوەران و تۆڵە لە گوناحباران و لێ بووردن دەکرد، وردە وردە ڕووی لە بابەتی ئەندێشەیی و ئارام نان و ئاسایشی دەروونی نا، پاش ئەمەش ڕووی کردە خستنەڕووی ژیانی چینی بورژوا، بەشێوەیەکی تر بڵێین: لەپێشەوە باسی (کاۆرا) و بنەماکانی ئایینی (بوزا) و(شەنتۆ)ی دەکرد پاش بڕینی ئەو هەنگاوانە بەرەو پلەیەکی نوێ تر هەنگاوی ناو شێوازی (کوجین) هاتە ناو شانۆوە، کیوجن ئەوەبوو لە نێوان هەر بەشێکی نواندنەکەدا، بۆ پشوودان و ساردکردنەوەی کەف و کوڵی هەڵچووی بینەران (کیوجن)ێک پێشکەش دەکرا کە بریتیی بوو لە قۆشمەکردن و پلار تێگرتن بە ژیانی کۆمەڵایەتیی

(١) (نۆبونجا) فەرمانبەرێکی گەورەی وڵاتی ژاپۆن بووە.

(٢) هیدیۆشی کوڕێکی جوتیار بووە بە چالاکی و تێکۆشان بووە بە قڕاڵی هەموو ژاپۆن و نازناوی (تایکۆ)ی بەسەرا بڕاوە کە ماناکەی (فەرمانڕەوای هەرەگەورە)یە، ئەم تایکۆیە بناغەی شاری (تۆکیۆ)ی پایتەختی داناوە لە ساڵی (١٥٩٨) مردووە.

(٣) ئەییاسۆ پاش مردنی هیدیۆشی بووە بە قڕاڵی ژاپۆن، پاش ئەوەی (هیدیوری) کوشت، ئەم هیدیورییە بەرەچەڵەک قڕاڵی شەرعی و دەستووری ژاپۆن بووە، ئەییاسۆش لە ساڵی (١٦٠٣)دا مردووە.



ناڵەباری هەندێ خەڵک، واتە (کیوجن)ەکە دەبوو بە سووکە کۆمیدیایەک بۆ ئەوەی بینەران پشووێکی پێ بدەن... جگە لەوەش مەبەستی تریشی دەگەیاند کە بێزار نەبوون بوو لە دوورو درێژی بابەتی دراماکە، لەلایەکی ترەوە شانۆگەرییەکانی (نۆهـ) بە دایلۆگی دوورو درێژ دارێژرابوون و ڕووداو و گرێ کوێرەکانی درەنگ دەکردنەوەو هزری بینەریان ماندوو دەکرد، ئەو بەشانەی کە دەبوون بە (کیوجن) هەر شتی سەر زارەکی بوون و نەدەنووسرانەوە، ئەکتەرەکانی کیوجن دەیانزانی چۆن، ماندووبوونی بینەرەکانی شانۆگەرییەکە بحەوێننەوە، کەچی بابەتی کیوجنەکان لەناو دراماکەدا شوێن و ڕایەکیان بۆ تەرخان نەدەکرا، ئەمەش بوو بەهۆی نەمانی نەژادی کیوجن لە ناو درامادا.

ئەوەی لێرەدا شایستەی باس بێ ئەمەیە: ئەو کیوجنانە تەنیا سێ ئەکتەریان دەیویست، چونکە زۆربەی زۆری بابەتەکانی گاڵتەو تەشەر دان و پلار تێ گرتن بوون بەژیان و ڕەفتاری چینی بۆرژواو ئەوانەی کە خۆیان بەپیاو ماقوڵ و خانەدان دەزانی، هەر لەبەر ئەمە بوو بابەتە کیوجنەکان لەلای بینەران گەلێ پەسەند بوون، ببوون بە ئاوێنەی پیشاندانەوەی ڕووداوی ڕۆژانەو ڕیالیزمیەت، هەر لەبەر ئەمە بوو خەڵکی ژاپۆن تێکڕا کیوجنەکانیان لا هونەرێکی بەرز و باڵا بوو، هەر شانۆگەرییەک کیوجنی تیا نەبوایە ئاوڕی لێ نەدەدرایەوە، لەسەدەی حەڤدەهەمدا زانایانی دراما هەستیان بەوە کرد کە دراماکانیان کەلێنێک لەنێوان ئاڵقەکانیاندا هەیە، دیار بوو ئەو کەلێنانە شوێنی کیوجنەکان بوون... بۆیە پێویست زانرا کە کیوجنەکان لەشوێن خۆیاندا لەتەک دراماکەدا بنووسرێنەوە.

مێژوونووسانی درامای ژاپۆنی گەلێ بایەخیان بەو کیوجنانە داوە، لەبەر ئەوەی ئەو بەشەی شانۆگەرییەکە - وەک وتمان - بریتی بووە لەشانۆی ڕەخنەگرانەی دژ بە بارە ناڵەبارەکانی ناو کۆمەڵ، ئەوانەش کە کیوجنەکانیان پێک دەهێنا یان دەیاننووسینەوە هەموو سەر بە چینی چەوساوەی ناو کۆمەڵ بوون، پاڵەوانی سەرەکی (کیوجن)یش هەمیشە ناویان «دایمیو» بووە، واتە «خانی خانان» ئەوی تریان ناوی «نارۆکاجا» بووە واتە: نۆکەری خان، خان دوو نۆکەری هەبوون، دووەمیان ناو دەنرا (جیرۆکاجا)... خان کە دەهاتە سەر شانۆ، وەک پیاوێکی گەمژە ڕەفتاری دەکرد و بەرەو پشتی خۆی لێک جیا نەدەکردەوە، کەچی هەر خۆی بەڕاست دەزانی و خەڵکی تری پێ نەزان و نەفام بوون، پیاوە خانەدان و بۆرژواکان لە ناو ئەو کیوجنانەدا خۆیان لەسەر شانۆ دەدیەوە، ئیتر پێدەکەنین و دڵخۆش دەبوون، چونکە دەیانزانی لەکۆتاییدا هەر خان دەباتەوەو هەر ڕای ئەو سەر دەکەوێ.

ئەو کیوجنانە هەروا مانەوە، تا شانۆی «کابۆکی» لە ئامێزی ئەو کیوجنانەدا هاتە مەیدانی دراماوە، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستاش نەژادی کیوجن لە شانۆگەریی ژاپۆنیدا هەرماوە[1].

(١) المسرح الياباني - فوبيون باورز - ترجمة - سعد زغلول نصار ل٤٦. تەماشای: فيسيفولود مايرخولد - في الفن المسرحي الكتاب الثاني ل١٥٤ بكە. هەروەها تەماشای: (افتتاحيات الهاديء) تاليف: جون ويدمان، ترجمة د. عبدالوهاب المسيري - بكە ل٧.

# درامای ئینگلیزی

## درامای ئینگلیزی لە سەرەتای پەیدابوونییەوە:

دراما بە هەردوو بەشەکەیەوە لە هەر شوێنێ بووبێ لەسایەی پەرستگاکاندا پەروەردە بووە، وەک وترا: تراژیدیا پاشە بەرەی - یان پاشماوەی ئەو کۆرسە بوو کە بەدەور قوربانگای پەرستگاکاندا دەسووڕانەوەو سروودی پەستی و داماویان بۆ دیونیسۆس دەوت... جیا بوونەوەی یەکێک لەو سروود بێژانەو ڕووبەڕوو بوونەوەیان بۆ وەرام دانەوە هەنگاوێکی بالاّ بوو بۆ دروست بوونی یەکەم ئەکتەر لە بەرەبەیانی مێژووی درامادا، هەروەها یەکەمین ڕاچنین بوو، کە دەروازەی دایلۆگی خستە سەر گازی پشت، ئەوە بوو زانیمان کە ئەکتەری یەکەم لە دایک بوو ئەکتەری دووەم و سێیەمیش بە شوێنیا هاتن، وردە وردە سروودەکان بوون بە دایلۆگ، سروود بێژانیش یەک لە دوای یەک بوون بە ئەکتەر، ئیتر تا دەهات کۆرس لە کورتی دەداو نەوەیەکی نوێی لە دامەن دەبووەوە، کە شانۆیە، یان درامایە؛ ئەمە لەلای گریکەکان وابوو، یەک سەدەی نەخایاند دراما بە هەموو مانایەکی فراوانییەوە هاتە کایەوەو بەرهەمێکی زۆری تەپ کرد؛ وای لێ هات بەرهەمی درامی شانی لە شانی فەلسەفە دەداو پەیکەری هونەری دراما بوو بە پەرستگای زانایان و دانایان.

کە دەوڵەتی ڕۆماش دروست بوو، درامای گریکی کرد بە نموونەیەکی پیرۆز و پێشڕەوی خۆی، ئەوەی کە دەیویست بەو نموونانە شاد بێ و وەک ئەوان ڕەوت بکات دەبوو شوێن پەنجەی ئەوان بزر نەکاو، یاساو بنەماکانی ئەرەستۆ لەمەڕ هونەر و ئەدەب بکاتە ئاڵقەیەک لەگوێی بکات، هەروەها ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و ئەریستوڤان بکات بە پێشەواو دەسگیری خۆی و لە ڕێیان لانەداو بلیمەتی و هونەرمەندی خەرج بداو هەنگاو بنێ و بیانگاتێ، لە پای ئەم ئاسانەدا چەندان وەک سینیکا و پلۆتس و تیرانس و هی تر هاتە مەیدانەوەو گەنجینەیەکی هونەری تایبەت بە خۆیان خستە سەر خەزێنەی هونەری گریکەکان، لەسەدەی پێنجەمدا دەوڵەتی ڕۆما ڕوخا، ئەوەی لە بارەی دراماوە هەبوو چ هی ڕۆمانەکان چ هی گریکەکان لەبیر چووەوە، ئەگەر چی دەقی دراماکان لە کتێبخانەکاندا پارێزران و لە کنیسەکاند ا وەک هونەری شیعر دەخوێنران، بەڵام ئەوە نەدەزانرا کە ئەو دەقانە بۆ نواندنی سەر شانۆ نووسرابوونەوە نەک بۆ خوێندنەوە، ئالێرەدا ئەوانەی کە لەسەر درامای ئینگلیزیان نووسیووە پێیان وایە درامای ئینگلیزی نەوەی دراماکانی گریک و ڕۆمانەکان نییە بەڵکو بەرهەمی تایبەتی کشتەی ئینگلستانە واتە دراماکانیان درێژە پێ دانی درامای گریک و ڕۆمان نییە و لەوانەوە نەگوازراوەتەوە، کەچی جاران دراماناسەکان پێیان وابوو درامای ئینگلیزی و فەرەنسی و وڵاتەکانی تری ئەوروپا درامای گریک و ڕۆمانەو سەلەنوێ ڕازاوەتەوە[1].

لەگەڵ ئەوەشدا کەس لەو ڕاستییە نوکلی ناکات کە دەڵێ: پاش ئەوەی درامای ئینگلیزی کەوتە ڕەوت و گەشانەوە، درامانووسەکانیان سوودیان لە دراماکانی سۆفۆکلیس و سینیکا و تیرنیس وەرگرتووەو کاریان کردووەتە سەر شێوەی چنین و تەکنیک؛ بەڵام ئەم کارتێکردنە پاش ئەوەی کە شانۆ و دراماکە دیم و ڕوخساری تایبەتی خۆی بۆ خۆی ڕەخساند.

جا با بزانین شانۆ لەلای ئینگلیز چۆن هاتە مەیدانەوە؟

(١) نشأه المسرحية - عمر الدسوقي ل١١.



ئەوەی ڕاستی بێ لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە سەرانسەری ئەوروپادا کنیسە دەستی بەسەر هەموو بارەیەکی ژیاندا کێشابوو هەر ئەو پشت و پەنای هەژاران و بێ دەرەتانان بوو، ئارامگەی هەموو لێ قەوماو و بێ نەوایەک بوو، ئەگەر چی دەستی پیرۆزی بەسەر یاسای بۆرژواییدا هێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لێ قەوماوان و ڕووت و برسی و میروگزیر هەموو لە پەنای ئەودا خۆیان حەشار دابوو، هەمە دەم ئامادەبوو دەردو کەسەر لە دەروونی هەموو ئاییندارێکدا سارێژ بکا و خۆشی بخاتە ناو دڵیانەوە، ئەو دەقانە کە لە ئینجیلەکاندا هەبوون کە وەک سەربووردە و سەرگوزشتە بوون بۆ زێدە تێگەیشتن بەشێوەیەکی بینراو بە زمانی نیشتمانی و بەنواندن بۆ ئاییندااران ڕاڤە دەکران بەتایبەتی لە جەژنی: (کرێسماس Crustmas) و هەڵسان و گەڕانەوەدا –Easter–دا، واتە جەژنی لە دایک بوونی عیسا و هەڵسان (قیامە) و گەڕانەوەیدا بۆ بارەگای یەزدانی، ئەو نوێژو نزایانە کە پەیوەندیان بە ژیانی مەسیحییەوە هەبوو بەشێوازێکی ڕەمزی و بە زمانی خۆجێیەتی ئەو شوێنە وەک نواندن بۆ خەڵک ڕاڤە دەکران.

لەسەدەی نۆهەمدا ئەو جۆرە نواندنە ڕێگەی بۆ تێکەڵاو بوونی مۆسیقا و زمانی نیشتمانی لە تەک نوێژ و نزاکاندا خۆش کرد و ئەمانیش لە کۆڕی ئەواندا خۆیان چەسپاند و جێی خۆیان کردەوە.

ئەم جۆرە گۆڕاندنە با لەسەر زاردا کەم دیار بێ بەڵام لە تای ترازووی گۆڕان و بەرەو پێشەوە هاتنی مێژوودا زۆر گەورەیە، چونکە بوو بە پەڵە هەورێک ئەوەندەی نەبرد چەخماخەو نرکەی لە دایک بوونی یەکەم دامای لێ بەرز بووەوە.

دراماکە ناوی (Quem Quaeritis–بۆ کێ دەگەڕێن؟)[1] بوو، ئەم درامایە دەقەکەی چوار دێڕە هۆنراوە بوو!.

لێرەدا ئەم پرسیارە ڕاست دەبێتەوە، جا چۆن چوار دێڕە هۆنراوە بە دراما دادەنرێ؟

بەڵێ ئەمە دراما نەبوو، بەڵام زەمینەی چاندنی تۆوێکی بەپیتی درامای دووا ڕۆژ بوو، سروودێکی ئایینی وابوو کە بە نواندن ڕاڤە دەکرا دەبووە نیمچە شانۆگەرییەک.

سروودەکە لەسێ ئافرەت دەدوێ کە دەیانەوێ بچنە سەر گۆڕی مەسیح بۆ ئەوەی لاشەکەی بە مەرهەم چەور بکەن، فریشتەیەک لەسەر گۆڕەکەی پاسەوانیەتی، پێیان دەڵێ بۆ گۆڕی کێ دەگەڕێن؟

ئەوانیش دەڵێن بۆ گۆڕی مەسیح، فریشتەکە دەڵێ: مەسیح گەڕایەوە بۆ ئاسمان، جا با بەشێوەیەکی شانۆگەریانە ڕاڤەی سروودەکە بکەین:

- قەشەیەک، تەمسیلی ئەو فریشتەیە دەکات کە پاسەوانی گۆڕەکەی مەسیحە، ڕاوەستاوە، سێ قەشەی تریش تەمسیلی ئەو سێ ئافرەتە دەکەن کە بە شوێن گۆڕەکەی مەسیحدا دەگەڕێن.

- (فریشتەکە بە سروود وتن) لەگۆڕی کێ دەگەڕێن؟ هۆ ئافرەتە مەسیحییەکان.

- (ئافرەتەکان) ئەی فریشتەی ئاسمان بۆ گۆڕی مەسیح دەگەڕێین ئەوەی کە هەڵواسرا.

- (فریشتەکە) لێرە نەماوە، گەڕایەوە بۆ ئاسمان، بڕۆنەوە، مژدە بە خەڵک بدەن، لەگۆڕەکەی هاتە درەوەو ڕۆیی.

ئەمە دراماکە بوو یان بابڵێین بەو جۆرە ڕاڤەی ئەو سروودە کراوە، لە شێوەی شانۆگەرییەکی کورت و

(١) المسرحية في الادب الانكليزي - تأليف الارديس نيكول - ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت - دار الرشيد للنشر - ل١٤-١٥.

پڕ بەمانادا کە چوونەوەی عیسایە بۆ ئاسمان.

ئەگەر ئەو تەمسیل کردنە بدەینە بەر سەرنجی وردمان بۆمان دەردەکەوێت کە نەژادە سەرەکییەکانی درامای تیایە:

یەکەم: شوێن بۆ نواندنی، کە سەر گۆڕەکەی مەسیحە.

دووەم: بابەت: کە کێشەی گەڕانەوەیەتی بۆ لای یەزدانی مەزن.

سێیەم: ئەو کەسە خەیاڵیانەیە کە بابەتەکە باسیان دەکات، واتە بوونی ئەکتەرو دەور بینینیان.

چوارەم: بەکارهێنانی دایلۆگ لە نێوان فریشتەکەو سێ ئافرەتەکەدا.

ئێستا با بزانین ئەم دراما چکۆلەیە چۆن لە هەر چوار لاوە ئاوساو، درامای ڕاستەقینەی لێ دروست بوو؟

دراماناسەکانی ئینگلیز ڕاڤەکردن و نواندنی ئەو سروودە بە شێوەیەکی شانۆگەریانە بە یەکەم نۆبەرەی درامای ئینگلیزی دەزانن، بەڵگەشیان ئەوەیە چونکە ئەو چەند هۆنراوەیە، بەو جۆرە ڕاڤەکردنە هەموو بنەماکانی یان هەموو نەژادەکانی درامای تیا خڕ بووەتەوە، جگە لەوەش ساڵ دوای ساڵ بەرەو زیادبوون و گۆڕان دەچوو، نەمامێک بوو تا تەمەنی زیاد دەبوو پتر دەگەشایەوەو نەشونمای دەکرد ئەو گەشانەوەی لە چوار ڕووەوە بوو:

یەکەم: لە بارەی سروود بێژەکانەوە، لەسەدەی دەهەمدا یەکێک لە قەشە گەورەکان، سێ ئافرەتەکەی کرد بە چوار، سییانیان بەرگی تەمسیل کردنیان لەبەر دەکرا - لێرەدا قەشەکان لە جیاتی ئافرەت تەمسیلیان دەکرد - چوارەمیشیان جلی سپی کەهەنووتی لەبەر دەکرد، بە ئاستەم بەرەو قوربانگەکە دەڕۆیشت و کە دەگەیشتە سەری دادەنیشت و لقە خورمایەکی بەدەستەوە دەگرت، سێ ئافرەتەکەی تر - کە ئەوانیش هەر پیاو بوون و لەبەرگی ئافرەتدا - بخوریان بەدەستەوە دەگرت و هێدی هێدی بەرەو قوربانگەکە دەڕۆیشتن، بەشێوەی ڕۆیشتنەکەیاندا دەردەکەوت کە ئەوانە بۆ شوێنی دەگەڕێن... ئەوەش کە لەسەر قوربانگەکە بوو پرسیارەکەی ئاڕاستە دەکردن، ئەوانیش وەرامیان دەدانەوە کە دەیانزانی مەسیح لەوێ نەماوەو گەڕاوەتەوە بۆ ئاسمان لە خۆشیا نەعرەتەیان دەدا، ئەوجا فریشتەکە - واتە قەشەی چوارەم - بەسروود خوێندنەوە ناو گۆڕەکەی مەسیحی پیشان دەدان و دەیوت:

(وەرن سەیرکەن) لەو کاتەدا پەردە لەسەر گۆڕەکە لادەدرایەوە، تەنیا بۆخچەیەکی والا نەبێ لەگەڵ تەرمە بەتاڵەکەی مەسیحدا کە خاچێکی لەسەر دانرابوو هیچی تری تیا نەمابوو، ئەوانیش بۆخچەکەیان بەرز دەکردەوە بۆ ئەوەی جەماوەر سەیری کەن کە ڕاستە: (مەسیح هەڵساوەو ڕۆیشتووەتەوە بۆ ئاسمان). ئێدی ئەو ئاهەنگە بە سروودی: (باوکمان لە ئاسمانەوە) تەواو دەبوو؛ لەلایەکی ترەوە کنیسە زەنگەکەی دەزرڕاندەوەو خەڵکیش دڵشاد دەبوون.

دووەم: دراماکە لە دیوی ناوەوە دوو لکی تریشی لێ بووەوە، هەردوو لکەکە بوون بە بایسی گۆڕانێکی قەبارە زلی دراماکە.

لکی یەکەم: سروود بێژەکان بوون، وەک کۆرالێک وابوون، بە یەکەوە سروودیان دەوت، دوای ماوەیەک بوون بە سێ بەشەوە، هەر بەشێک لە تاکە کەسێک پێکهاتبوو، ئەوەی ئەو دەیوت ئەوانیتر نەیان دەوتەوە.

لکی دووەم: ئەو سێ ئافرەتە کە بەشوێن گۆڕەکەی مەسیحدا دەگەڕان، مەرهەمیان هێنابوو بۆ ئەوەی



برینەکانی مەسیحی پێ سارێژ بکەن، هەروەها بۆ ئەوەی جەماوەر پێشەکی بزانن ئەمانە بۆچی دەچنە سەر گۆڕی مەسیح، دەبوو مەرهەم فرۆشێک پیشان بدرێ... کەواتە بۆ ڕاڤەکردنی سروودەکان یەکێکی تر زیاد بوو، کە فرۆشیاری مەرهەم بوو، تا بزانرێ ئەو سێ ئافرەتە کاریان چییە.

ئا بەو جۆرە: سێ قەشەکان بوون بە چوار.

ڕووی سێیەم: ئەوەی گومانی تیا نەبێ، هەر شتێک شایستەی ئەوە بێ کە لە جەژنێ لە جەژنە ئایینییەکاندا بکرێ دەشێ لە جەژنەکانی تریشدا بکرێ، ئەوەی بۆ جەژنی (قیامەت) بشێ بۆ جەژنی لە دایک بوونیش دەشێ، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوە کە ئەو جۆرە نواندن، ڕۆژ بە ڕۆژ سەبارەت لە دوای سەبارەت هەنگاوی درامایانەی پتەوی بەرەو ئاسۆیەکی هونەری دەهاویشت.

ڕووی چوارەم: لە نواندنی سروودەکاندا جگە لە چەند وشەیەک کە ئاماژەو هێما بوون بۆ گۆڕی مەسیح، شتێکی تر لە ئارادا نەبوو کە شوێن گۆڕەکەی نیشان بدا، بەڵام ڕەوتی گۆڕاندن پێویستی وای خواست کە خانوێک یان گومبەتێک دروست بکرێ تا ئاماژە بۆ گۆڕی مەسیح بکات، لەمەشەوە ناچاری وای کرد کە تەختەیەک یان کەتێک بۆ ئەو فریشتەیە دروست بکرێ کە پاسەوانی گۆڕەکە بوو.

نەک هەر ئەمە بەڵکو ناچاری وای کرد کە دوکانێکی بچکۆلە لە تەنیشت کنیسەوە بۆ مەرهەم فرۆشەکە دروست بکرێ.

ئا بەو جۆرە ئەو سروودانە بوون بەو دراما بچکۆلەیە، ئەم دراما بچوکە پایەو سایەی شانۆیەکی نوێی لە پەنای کنیسەدا دامەزراند، دراماناسانی ئینگلیز ناوی ئەو جۆرە شانۆگەرییانەیان نا: «شانۆی قۆناخی ناوەند».

لەگەڵ ئەو هەموو ئاڵ و گۆڕەدا کە بەسەر ئەو سروودانەدا هات و کە لە دواییشدا بوون بە هۆی پەیدابوونی شانۆی قۆناغی ناوەند هێشتا مەترسی ئەوەی لێ دەکرا کە نەبێتە مایەی هاتنە ئارای شانۆگەریی ڕاستەقینە، چونکە دوو هۆی سەرەکی هەبوون کە نەهێڵن لەوە زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوا، یەکەم ئەو شانۆگەریانە لەناو ئاڵقەیەکی ئایینیدا بەربەست کرابوون، دووەم ئەو دایلۆگانە کە هەبوون هەموو بەزمانی ئینجیلەکان بوون کە زمانی لاتینییە، وێڕای ئەوەش بەشێوەی سروود بوون نەک گێڕانەوە.

لەسەدەکانی ناوەڕاستدا خەڵک پشتیان لەژێر باری ستەمدا کۆم ببوو، هەستیان بە هەراسانی و ماندووبوون دەکرد، بۆ حەوانەوەو پشوودان دەستە دەستە دەچوونە کنیسە بۆ ئەوەی سەیری شانۆگەرییە ئایینییەکان بکەن و خەمێک بە با بدەن، لەمەوە کنیسە هەستی بەوە کرد لەوەختی پیشان دانی شانۆگەرییەکاندا ئەو هەموو خەڵکە جێی نابێتەوەو سەخڵەت دەبێ، بۆیە ناچار بوون شوێنی تەمسیل کردنەکە ببەنە دەرەوەی کنیسە، لەگەڵ ئەوەشدا تەمسیل کردنەکە لە کنیسە هاتە دەرەوەو دیسان هەر لەژێر چاودێری ئەوا بوو، قەشەکانیان بەشداری تەمسیلەکانیان دەکرد، ئەو قەشانە بە دڵ پێیان خۆش بوو تەمسیل کردنەکەیان بە دڵی خەڵکە ڕەش و ڕووتەکە بێ، ئەمەش وای لێ کردن کە هەندێ شێوەی قسەکردنی بازاڕی بخەنە ناو تۆی دایلۆگەکەوە، لە پێشەوە هۆنراوەکانیان بە زمانی لاتینی دەخوێندەوە، ئەوجا لەسەر شێوەی سەر زارەکی خۆجێیەتی ڕاڤەیان دەکردن، جاری واش هەبوو وتاریان بەلاتینی دەداو لە پاشدا بەزمانی خەڵکەکە ڕاڤەیان دەکردن، کە مەسەلە گەیشتە ئەم پلەیە کنیسە هەستی بەوە کرد ئەوەی داهێناو لەکۆشیا پەروەردە بوو، وا بووە بە ئاگرێک بەربووەتەوە گیانی خۆی، بۆیە کنیسە فرمانێکی توندی لەو بارەوە دەرکرد، بەپێی ئەو فرمانە تەمسیل کردن لەسەر قەشەکان قەدەغە کرا،

بەڵام بەر ئەنجامی ئەو قەدەغە کردنە بەو جۆرە نەهات کە کنیسە دەیویست، بەڵکو بە پێچەوانەی خواستی ئەوەوە بوو: قەشەکان وازیان لە تەمسیل کردن هێنا، ئەم وازهێنانە دەرفەتێکی گەورەو هەلێکی باشی بۆ ڕەش و ڕووت ڕەخساند، کە بێنە مەیدانی تەمسیل کردنەوە، ئەمانیش ڕکیان لە بەکارهێنانی زمانی لاتینی دەبووەوە، وێڕای ئەوەش نەیان دەزانی بەکاری بێنن، ئەمەیش دەرێکی ئاچۆخی بۆ دەربازبوونی دراما لە کۆت و زنجیری کنیسە کردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بابەتانە کە تەمسیل دەکران هەموو لە ئینجیلەکانەوە دەردەهێنران.

ئەو جۆرە تەمسیل کردنەش وا پەرەی سەندبوو، لەتەک خوێنیاندا تێکەڵاو ببوو، چەندان (تیپ و کۆمەڵە) بۆ سەرپەرشتی کردن دامەزرابوون، سەندیکای بازرگانان و پیشەسازان ئەو ئەرکەیان خستە سەر ئەستۆی خۆیان[1]. بەو جۆرەی سەرەوە شانۆگەری لەناو خەرقەی قەشەکاندا هاتە دەرێ و چووە ناو کۆشی ئەو کەسانەوە کە بە بۆی تاسەوە بوون بۆی، ئەمانیش لە ئامێزیان ناو بەرفراوانیان کرد.

ئا بەو جۆرە ئەو چوار دێڕە سروودە بوون بە جیهانێکی تایبەتی کە پێی دەوترێ جیهانی شانۆ، هەروەها ئەو چوار دێڕە توانی هەموو چیرۆکەکانی ناو (کتێبی مزگانی - الكتاب المقدس) بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، جاران تەنیا لەدوو جەژنە سەرەکییەکەدا خۆی دەنواند، وا ئێستا چەندان سەبارەتی تری بۆ دۆزراوەتەوە، یەکێک لەوانە جەژنی (لاشەی مەسیح) بوو، هەر لەبەر خاتری ئەو نواندنە هاتە ئاراوە، ئەو درامایانەی کە لەو جەژنەدا - لەماوەی سەدەی سێزدەهەمەوە تا کۆتایی سەدەی پانزەهەم - نوێنران، بەرهەمی بەپێز و بە هات بوون، ئەو بەرهەمانە بەسەر یەکەوە ناونران: (شانۆگەریی عاجباتی و نهێنی)[2]. چونکە هەموویان باسی مۆدزە (معجزە)کانی مەسیحیان دەکرد.

تا سەدەی پانزەهەم شانۆ بارەگایەکی دیاری کراوەی وەهای نەبوو کە پێی بووترێ شانۆ، شانۆگەرییەکانی عاجباتی و نهێنی کە لە کنیسە ترازان و هاتنە دەرەوە، وەنەبێ ڕێ و جێیەکی ئەوتۆیان بۆ دامەزرابێ کە لەو بوەشێتەوە... بەڵێ لە ناو کنیسەدا شوێنی دانیشتنی خەڵک و نواندنی ئەکتەرەکان ئامادە دەکران، کەچی لە دەرەوەی کنیسەدا جۆرە خانوێکی کاتی و سەرپێیی بۆ ڕێک دەخرا، ئەکتەرەکان لە پشتەوە هاتووچوویان دەکرد، هەندێ جاریش پێویستی بەوە دەکرد، کە ئەو شانۆگەرییانە لەسەر شێوەی کرنەڤاڵی ئێستا بە شەقامەکاندا دەگێڕدران، ئەویش لەکەژاوەیەکی دوو نهۆمی سەرخان و ژێرخان لەژێرخانەکەدا ئەکتەرەکان خۆیان تیا دەگۆڕی، لەسەر خانەکەشدا تەمسیلیان دەکرد. ئەو ئەکتەرانەش کە تەمسیلیان دەکرد، هەر یەک کارو پیشەی تایبەتی خۆیان هەبوو بەڵام لە کاتی تەمسیل کردندا دەستیان لە کارەکەی خۆیان هەڵدەگرت و دەهاتنە کۆڕی تەمسیل کردنەوە، دیارە تا ئەو کاتە کارکردن لە شانۆدا نەبووبوو بە پیشە تا خەڵک خۆی بۆ تەرخان بکات.

## شانۆی ئاکار Moralities

لێرەدا ئێمە نامانەوێ باسی بابەتی شانۆی ئاکار و ڕەوشت بکەین بەڵکو دەمانەوێ ئەوە بخەینەوە یاد کە شانۆگەری ئینگلیزی لەماوەی بەرەو پێشەوە چوونیا جۆرە شانۆیەکی هێنایە ئاراوە، زانایانی دراما ناویان لێ نا: (شانۆی ئاکار).

ئەو هەنگاوە پتەوەی کە بزووتنەوەی شانۆی ئینگلیزی بەرەو پیشەوەی نا، لە ناخەوە گەشەیەکی تری

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٠-٢١

(٢) علم المسرحية: الارديس نيكول - ترجمة دريني خشبة - ل٢٤٣.



کرد، گەشەکردنەکە لە بارەی بابەتەوە بوو، ئەوە بوو لەسەدەی چواردەهەمدا شانۆ بوو بەهۆی ئاڕاستە کردنی خەڵک بەرەو ڕەوشت باشی و چاکە خوازی، هەر شانۆگەرییەک کە دەخرایە ڕوو، مەبەست تیایا سەرخستنی چاکە بوو بەسەر خراپەدا، بۆیە ناونرا (شانۆی ئاکار) بۆ نواندنی ئەو جۆرە شانۆگەرییانە، سەکۆیەکی گەورەیان لە ناوەڕاستدا دروست دەکرد، ئەکتەرەکان لە ناو خەڵکەکەدا دەهاتنە دەرەوەو دەچوونە سەر سەکۆکە، ئەمە لە بارەی شانۆکەوە.

لەبارەی تەکنیکی دراماکەوە ئەوەی جیاوازی دەخاتە نێوان (شانۆی عاجباتی و نهێنییەکان) و (شانۆی ئاکار) ئەوە بوو کەسانی درامای ئاکار ئەو کەسە خەیاڵیانە نە بوون کە لە ئینجیلەکاندا باسیان کرابوو، بەڵکو کەسانێک بوون وەک هەموو ئادەمیزادێک لەگۆشت و ئێسک و خوێن بوون، بەخەڵک ئاشنا بوون و دەبینران، بێگومان ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو بۆ بەرەو جیهانی درامای ڕاستەقینە، چونکە لە جیاتی ڕاڤەکردنی ڕووداوەکان دەقێکی جۆرە گرێداری درامی لەتەک خۆیا هێنا، لەسەدەی پانزەهەمدا دوو شانۆگەری هاتنە ناو گۆڕەپانی: (شانۆی ئاکار)ەوە، یەکێکیان ناوی (مرۆڤایەتی) و ئەویتریان (سروشت) بوو، ئەم دوو درامایە هەر چەند بەڕواڵەت ئەوەندە لە (شانۆی عاجباتی و نهێییەکان) دوور نەکەوتبوونەوە، بەڵام جۆرە تەکنیکێکی وایان تیا بەکار هێنرابوو لەبەر پێی کاروانی درامادا ڕچە شکاندن و نیشاندانی ڕەوتێکی تری دراما بوو، یان با بڵێین: مژدە دانێک بوو بۆ دروست بوونی (شانۆی ئەلیەزابیسی)ی داهاتوو.

ئەو تەکنیکەش ئەوە بو، کەسانی دراماکە جۆرە نیشانەیەکی هاوچەرخیان بە باڵادا بڕابوو، وێناندنی ئەو مرۆیانە بوون کە لەو سەردەمەدا دەژیان و نوێنەری سەردەمەکەی خۆیان بوون، واتە کەسانی ناو دراماکە کە دەکەوتنە ئاخاوتن بەشێوەی قسەکانیاندا دەردەکەوت کە مەبەستیان لە خۆیان بوو نەک ئەو کەسە خەیاڵیانەی ناو کتێبی پیرۆز، هەروەها ئەوەیان دەگەیاند کە ئەوانە مرۆی ئەمڕۆن و وا لە ناو خەڵکدا دەژین.

بۆ نموونە: پاڵەوانی سەرەکی درامای (مرۆڤایەتی) کە لەناو خەڵکەکەدا دەیویست بێتە سەر شانۆ هاواری دەکرد، (بەڕێزان ڕێمان بدەن، لە زووەوە چاوەڕوانم بێمە سەر شانۆ، وا هاتم بۆ ئەوەی گۆرانییە بە سۆزەکەی جەژنی لەدایک بوونتان بۆ بڵێم).

یەکێکی تریش لە پاڵەوانانی هەمان دراما، لە دەوری یەکێکی گاڵتە بازدا دەیوت: (ئەی فریشتە سەرفرازەکانی یەزدان، داواتان لێ دەکەم ئێوەش لەگەڵماندا گۆرانییە خۆشەکان بڵێنەوە).

لە درامای: (سروشت)دا یەکێک لەو پاڵەوانە سەرەکییەکان کە دەوری پیاوێکی زرتە بۆزی لەخۆ بایی بووی دەگێڕا، دەیوت: «ئەو گەنە موانەی کە لە پشت لاجانگ و دەوری گوێمدا دەڕوێن زۆرم خۆش دەوێن چونکە سەرو گوێلاکم لەسەرماو سۆڵە دەپارێزن، بەشەودا کلافەیان دەکەم و بە ڕۆژدا لەشانەیان دەدەم، بەڕۆنیش چەوریان دەکەم بۆیە وەک زێڕی پاڵفتە دەبریسکێنەوە».

ئەو شانۆگەرییە جگە لەوەی لەبارەی تەکنیکەوە هەنگاوێکی نوێ بوو بەرەو قۆناخێکی تری دراما، وێڕای ئەوەش بەم نیشانانەی خوارەوە، ڕەوتی درامای پێش خۆی بەرەو نوێکاری گۆڕی:

أ- پێزانی خۆیان لە بەرگی خۆیاندا بوو، واتە سەربەخۆ بوون، وەنەبێ لە کتێبێکی ترەوە وەرگێڕدرابن، یان ئاڵقەی زنجیرەی کتێبێکی تر بن.

ب- مالیجەکردنی چیرۆکێکی کۆن نەبوون، بە جۆرێکی هاودمی، بەڵکو هەوڵی ئەوەیان تیا بەکار هاتبوو کە گرێیەکی شانۆگەریانەی نوێ بخەنە ڕوو.

ج- دەربازبوون و گواستنەوە بوو لە بارودۆخی مێژووی کۆنەوە بەرەو زرووف و باری مێژووی نوێی هاوچەرخ.

لەنیوەی یەکەمی سەدەی پانزەهەمدا، جەڵەوی شانۆ و شانۆگەری کەوتە دەست «ئارەزوومەندان - الهواة» واتە ئەوانەی کە شانۆ دۆست بوون، ئەم ئارەزوومەندانە پەرەیان سەند، لە هەر ناوچەیەک لە ناوچەکانی ئینگلستاندا کۆمەڵەیەک لەوانە یەکێتییەکیان پێکەوە نا، لەلایەن لۆردەکان و کاربەدەستانی ناوچەکانەوە چاودێری دەکران و پاداش و خەڵاتیان پێ دەبەخشرا، ئەمە جگە لەو تیپانە کە بۆ ساز و ئاواز پێک هاتبوون، ئەوانیش لەلایەن هەمان پیاو ماقوڵانەوە چاودێری دەکران، بگرە هەر پیاوێکی خانەدان یان زەنگین تیپی سازو ئاوازی تایبەتی خۆی هەبوو... ئەندامانی تیپەکانی سازو ئاواز، کە بۆیان دەرکەوت ئەوانەی کە بە شانۆوە خەریکن لەلایەن کار بەدەستان و پیاو ماقوڵانەوە پاداشی چاکتر وەردەگرن، هەندێ لە ئەندامەکانیان وردە وردە چوونە ناو یەکێتییەکەیانەوە، هەندێکیش لەوانە سازو ئاوازی کردبووە پیشەی خۆی و وازی لەهەموو کارێکی تر هێنابوو.

ئا لێرەوە، کارکردن لە شانۆدا بە ئاستەم لەدەست ئارەزوومەندانەوە گوێزرایەوە بۆ ناو لەپی: (پیشەداران - المحترفین )... ئیدی تیپی شانۆگەری لە هەموو ناوچەکاندا دروست بوو، هەر تیپێک لەچوار ئەکتەر پێک هاتبوو، بۆ خۆپاراستن و بەرگری کردن لێیان دەبوو سەر بەپیاو ماقوڵان و لۆردەکان بن، لەهەر دوو جەژنەکەدا هەر تیپێک لە کۆشکی سەردارەکەی خۆیا شانۆگەرییان پیشان دەداو بۆشیان هەبوو، سەر لە ناوچەکانی تریش بدەن و چالاکییەکانی خۆیان بەناو جەماوەردا بڵاو بکەنەوە، گەڕان بەناو ناوچەکانی تردا دەرگای بۆ پێکهێنانی تیپە گەورەکانی کردەوە، ئەم جۆرە تیپانە ڕەوەند بوون، شانۆگەرییەکانیان لە ناوچەکاندا دەخستنە ڕوو، پێکهاتنی تیپە گەورەکان زەمینەیەکی بەپیت و فەڕ بوو بۆ بەرفراوان بوونی ڕووبەری ئەو شانۆگەریانە، کە تا ئەو کاتە هەر باو بوون و بەتەواوی جێیان پێ لەق نەکرابوو، ئەو تیپانە ناچار بوون، شتی هەمە جۆرەو نوێ بخەنە ڕوو، بۆ ئەوەی خەڵک بە ئارەزووەوە پێشوازیان بکات.

لە ساڵەکانی هەشتای ئەو سەدەیەدا فرمانێکی شاهانە سەبارەت بە ئەو ئەکتەرانەی کە لە تیپی کۆشکی شادا ئەندام بوون دەرچوو، بەپێی ئەو فرمانە ناونران: (ئەکتەری پشودان - فواصل) مەبەست لە ئەکتەری فواصل ئەوەی دەگەیاند کە ئەوانە کاریان ئەوە بوو لەنێوان هەر سازو ئاوازێکدا کورتە تەمسیلییەکیان دەخستە ڕوو، ئەم فرمانە بەرەواڵەت وا پیشان دەدا ئەو تەمسیلییانە بۆ چاخ بوونەوەی هەست و زاخاو دانەوەی مێشک بوون، واتە دەبوو کۆمیدی ئامێز بن، وەک (کیوجن)ەکانی شانۆی (نۆه)ی ژاپۆنی وابوون، بەڵام لە ڕوێکی ترەوە بەپێی ئەو فرمانە شانۆ و کارکردن لەشانۆدا چ لە جەژنە ئایینییەکاندا و چ لە سەبارەتێکی تردا مافی یاسایی و قانونی پێ بەخشرا، بۆیە لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە چیرۆکی خاوەن بابەتی جۆراو جۆر خرانە سەر شانۆو ئیدی بابەتی ئایینییەکان خرانە پشت کەنو.

تیپە گەڕۆکەکانیش بە ئارەزووی خۆیان شانۆنامەیان دادەنان و دەیاننواندن، ئەوە بوو زانکۆی ئۆکسفۆر و کمبردج دەروازەی خۆیان بۆ شانۆ واز کردو بایەخیان دایە شانۆگەری، پاش ئەوانیش قوتابخانەکان شانۆگەریان کرد بە بەشێک لە پێڕەوی خوێندن، جگە لەوانەش دەست و پەیوەندی کۆشک و دەستەڵاتدارەکان بۆیان دەرکەوت شانۆ جێگەی خۆشترین ڕابواردن و چێژ وەرگرتنە، ئیتر پاش ئەوەی ڕووبەری دراما و شانۆگەری بەرین تر بوون درامانووسەکان خامەی ڕەنگینی هونەری درامایان خستە کارو



بەرهەمێکی فرەیان خستە سەر خەرمانەی دراماو هونەری شانۆگەری.

بۆیە لەسەرەتای سەدەی شانزەهەمەوە تا ساڵی (١٥٥٩) کە ساڵی چوونە سەر تەختی ئەلیەزابیە، لە مێژووی درامای ئینگلیزدا بە قۆناخێکی گرنگ دەزانرێ، بەتایبەتی ئەو شەش ساڵەی پێش هاتنی (ئەلیزابس) لە مێژووی دووردرێژی درامای ئینگلیزدا بە دووڕیانێکی گەلێ گرنگ ناسراوە، چونکە لە جغزی ئەو دوو ڕیانەدا درامای ئینگلیزی یەکجار پەرەی سەندو کەوتە گەشانەوە، بۆیەش درامانووسەکان بە پێویستیان زانی کە پەلاماری درامای کلاسیکی بدەن بۆ ئەوەی خۆیان لەو فێرگەیەدا شارەزاو ڕووناکبیر بکەن تاقیکردنەوەی خۆیان لە تەک تاقیکردنەوەی گەلانی تردا پتەو بکەن یان زانیاری خۆیان لەو بوارەدا لەتەک زانیاری گەلانی تردا مۆتربە بکەن تا بتوانن بەرهەمی نایاب و بەپێزتر بە بەرهەم بێنن، کە باوەشیان بۆ درامای کلاسیک کردەوە یەکەم دراما نووسی ڕۆمانی: (تیرنس) کەوتە بەر دەست و بوو بە ڕێنموونی کەری درامانووسەکان و هەموو لە کاسەی سەرچەمەی ئەوەوە خۆیان تەسەل دەکرد، ئەو شوێن کەوتنەی (تیرنس)ە، فێری دوو شتی کردن: یەکەم شارەزابوون کە چۆن گرێی درامای کۆمیدی بەهۆی دایلۆگ و ڕووداوە کانەوە بەرەو لووتکەی دراماکە بەرن، دووەم: فێری ئەوەش بوون کە چۆن کەسانی ناو دراما هەڵبژێرن و بەڕێکی وێنایان بکەن، بە کارێکی وەها ببن بە نموونەی ڕاستەقینەی ئەو مرۆڤانە کە ئەوان تەمسیلیان دەکردن، بۆیە هەست دەکرێ کەسانی دراماکانی سەدەی شانزەهەمی ئینگلیز زیندوو کردنەوەی ئەو کەسانە بوون کە لەناو دراماکانی (تیرنس)دا دەبینران، وەک باوکی کەنفت و کارامە، دڵداری هۆشیارو زرینگ، سەربازی ناقوڵا و چاپوک، خزمەتکاری تەڵەکەبازی دزۆک... نموونەی ئەو جۆرە مرۆڤانە لە ناو جیهانی دراماکانی (تیرنس)دا زۆرن، ئەم چەشنە زەلامانە لە سەدەی شازەهەمدا هاتنە ناو درامای ئینگلیزییەوە.

## گوزەرێک بەلای شانۆ ئەلیەزابیسیدا

ئەوە بوو زانیمان لەساڵی (١٥٥٩)دا ئەلیەزابیس چووە سەر تەختی شاهانەی ئینگلیز، هەر لەو ساڵەدا بە فرمانی ئەو (یانەی شانۆی ئەلیزابیسی) بنیات نرا، ئەمە هاندانێکی ڕەواو لەبار بوو بۆ گەشەکردنی هونەری دراما، بۆیە زانایانی ئەدەب و هونەری دراما هاتنی ئەلیزابیسیان بە سەرەتای پەرەسەندنی ئەدەب و هونەر زانیوەو بەناوی ئەویشەوە ناویان بردووە.

ئەلیزابیس و هەندێ لە لۆردەکان بایەخێکی فراوانیان بە شانۆ و شانۆگەریدا، لەمەوە ئەکتەرە شارەزاو کارامەکان و درامانووسەکان دەرفەتیان بۆ هات، ڕێگەی نووسین و بەرهەم هێنان کرایەوە، بۆیە چەندان بەرهەمی ئەدەبی و درامی ئاسۆی ڕووناکبیرییان درۆشانەوە، چەندان تیپی شانۆگەریش دروست بوون، هەر یەک بەناوی یەکێکەوە ناوی لە خۆی نا وەک: تیپی شابانۆ، پیاوەکانی لورد سیکس، پیاوەکانی لۆرد ئێسکس، چونکە ئەوانە بەرخورداری ئەوان بوون، دەیانتوانی لەهەر شوێنێک لە هەر کاتێکدا کە بیانەوێ چالاکییەکانی خۆیان بخەنە ڕوو.

دراما لە ماوەی نێوان ساڵی (١٥٠٠) تا (١٥٥٠) کە پەنجا ساڵە، لەو ماوەدا لە ڕەوتی خۆی نەکەوتبوو، گۆڕانێکی ئەوتۆشی بە خۆیەوە نەدیبوو، بەڵام لەساڵی (١٥٥٠)ەوە تا ساڵی (١٥٥٧) شانۆ گەلێ تەکانی سەرکەوتوانەی بەرەو پێشەوەدا، کەچی لە پاش بنیات نانی (یانەی شانۆی ئەلیزابیسی) کەوتە پەلاماردان و تەقینەوە، بەتایبەتی لە ساڵی (١٥٨٨)ەوە تا ساڵی (١٥٩٢) لەو ماوەیەدا ئەو تەقینەوە درامای بەرەو لووتکە برد، هەموو جۆرە بەهرەیەکی شانۆیی لەو ماوەیەدا کەوتە گەشانەوە، دراما

بوو به مانگی تابان بەتەواوی خەرمانەیدا، ئەوانەی لەو ماوە کورتەدا بەهرەی خۆیان گەشاندەوە تا ئێستاش لەسەر لووتکەی ئەو ماوە کورتەدا ئەستێرە گەشەن.

یەکێک لەوانە کە تا ئێستاش هەر بە لووتکەی ئەو ماوە دەدرێتە قەڵەم (جۆن لیلی John Lyly)یە، ئەم نووسەرە لەو ماوەیەدا ئەم بەرهەمانەی بە جیهانی دراما بەخشی، (ئەسکەندەر، کامباسب، دیوجین، گالاتیا، ئەندمیون).

هەروەها یەکێکی تری ئەو سەر لووتکەیە: (رۆبرت ولسن)ە، کە ئەکتەرێکی گەورەو کارامە بوو، لە ساڵەکانی (١٥٨١)ەوە تا ساڵی (١٥٨٨)سێ درامای نووسی، کە ئەمانەن: (سێ خانمەکەی لەندەن) و (سێ لۆردەکەی لەندەن) و (بارودۆخە گشتییەکان).

دراماناسەکان، دراماکانی جۆن لیلی و ڕۆبرت ولسن دەکەن بە بناغەی ئەو شێوازە ڕۆمانسییەی کە بەسەر دەستی شەکسپیردا مەیی و گەیشتە ڕاددەی ڕەچاوبوون.

## سێ کوچکەی درامای ئەلیزابیسی

لە کۆتای سەدەی پانزەهەم و سەرەتای سەدەی شانزەهەمدا درامای ئینگلیزی گۆڕانێکی گەورە تری بەخۆیەوە دی ئەو گۆڕاندنەش لەنێوان ساڵەکانی (١٥٨٧–١٦١٢)دا ڕوویدا.

لە ساڵی (١٥٨٧) کریستوفر مارلۆ Christopher Marlowe) درامای (تەیمووری لەنگ - Tumbor Loin)ی خستە سەر شانۆ، لە ساڵی (١٥٨٩)دا، درامای (تراژیدیای ئەسپانییەکان - the spanish tragedy)ی تۆماس کید هاتە مەیدانەوە، هەروەها شەکسپیر دوا بەرهەمی خۆی کە (دوو پیاوی خاوەن وەجاخ - النبیلان النسیبان) بوون خستە سەر شانۆ، لەماوەی ئەو بیست و پێنج ساڵەدا سێ دراما نووسی ڕووناکبیر و بەهرەدار وەک سێ ئەستێرەی ترازوو لە ئاسمانی درامای ئینگلیزیدا وڵاتی ئینگلستانیان کرد بە ئاسۆیەکی ڕووناکبیرانەی هەموو جیهانی درامای گێتی.

ئەوانە لەیەک کات و لەیەک شوێنداو بەیەکەوە هاتوون، واتە وەک سێ کوچکەی ئاگردانی دراما وەهان، هەر سێکیان ئۆستای بنیات نانی کۆشکی درامای ئنگلیزن باسی هەر یەکێکیان بکەی دەبێتە باسی ئەوانی تر یان بکەی لە هەر کامێکیانەوە دەست پێ بکەی لە ڕێگەی ئەوە بۆ دووانەکەی تر بۆی دەڕۆی، ئەم سێ ئەستێرە گەشەیە ئەمانەن: (کریستوفر مارلۆ) و (تۆماس کید) و (ولیەم شەکسپیر).

### ١- کریستۆفر مارلۆ (١٥٦٤-١٥٩٣):

ئەم درامانووسە لەساڵی (١٥٦٤)دا کە ساڵی لە دایک بوونی شەکسپیریشە لە دایک بووە، لە دەوڵەمەند کردنی درامای ئینگلیزیدا دەستێکی باڵای هەبووەو لە ساڵی (١٥٨٧)دا درامای (تەیمووری لەنگ)ی خستە سەر شانۆ، شانۆگەرییەکە دەنگێکی گەورەو گوڵمەزێکی تایبەتی لە شانۆی ئینگلیزیدا بەرپا کرد، تا ئەو کاتە درامای ئینگلیزی ئەو جۆرە شێوازەو ئەو جۆرە حەماس و تەوژمەی بەخۆیەوە نەدیبوو: (بەشێوازیکی وای ئەفسوناوی و ڕەوان داڕێژرابوو کە بەدرێژایی نواندنی دراماکە ئەوانەی کە سەیرکەری بوون تا دوا وشەی سەرسامی بەری نەدەدان و ئاوڕیشیان بەم لاو بەو لادا نەدەدایەوە)[١] لە بارەی شێوازەوە دراماکە بە دایلۆگی هۆنراوە ئامێزی بێ سەروا بوو، هۆنراوەی بێ سەروای وای پڕ بە مۆسیقای دڵ گیر و نایاب، پاراوو بێ گرێ، ئەمە نوێ کارییەک بوو لە شێوازی درامای ئەو کاتەدا،

(١) المسرحية العالمية الجزء الثاني تأليف الارديس نيكول ل٤٢.



چونکە دراماکانی پێش درامای (تەیمووری لەنگ) هەموو بەشیعری مەندو سەروادار دادەڕێژران، ئەمە لە بارەی شێوازەوە، لەبارەی ناوەرۆک و بابەتیشەوە هەمووی هەڵچوون و هورژم و حەماسەت بوو، جگە لەمەیش ڕووداوەکان هەموویان بەدەور بەرژەوندی پاڵەوانە سەرەکییەکەدا کە (تەیموور لەنگ)ە دەخولانەوە، ئەم درامایە جگە لەوانەی کە باسمان کردن، بەڵگەیەکی گەورەش دەدات بەدەست ئەوانەوە کە دەیانەوێ بزانن درامای ئینگلیزی کەی؟ یان تا چ ڕاددەیەک پێ بەندی درامای گریک و ڕۆمان بووە!.

مارلۆ هەرچەند لە درامای تەیمووری لەنگدا لەیاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆ چووەتە دەرەوەو گوێی نەداوەتێ، بەڵام دانانی پاڵەوان لە چەقی ڕووداوەکاندا بەڵگەی شوێن کەوتنی (سینیکا) دەسەلمێنێ.

بەکارهێنانی هۆنراوەی پڕ ئاواز و گۆرانی ئامێزی بێ سەرواش شوێن پەنجەی درامای (جۆر بودک)ی میکاڤیللی پێوە دیارە.

لە ساڵی (١٥٨٨)دا درامای (دوکتۆر فاوست Doctor faustus) هاتە مەیدانی دراماوە، ئەگەر مارلۆ لەهەڵبژاردنی بابەتی (تەیمووری لەنگ)دا ویستبێتی سەرنجی بینەران بەرەو ڕۆژگارو مێژوو وەرچەرخێنێ و ئەوە بخاتە ڕوو کە پیاوێکی وا سادەو ساکار چ تەماحێکی وا فراوان و لەبن نەهاتووی هەبوو، ئەگەر هەموو دنیای بکردایە پاروو نانێک هێشتا هەر تێر نەدەبوو، یان هەموو دەریای هەڵ لووشایە هێشتا هەر تینویەتی نەدەشکا، کەوتە شوێن ئەو تەماحەی تا بوو بەو پیاوە سامناک و نەگریسەی ڕووی جیهان.

کەچی لە درامای (دوکتۆر فاوست)دا باسی ئەو کەسە ئەفسوناوییە دەکات کە لە چیرۆکەکانی بەر ئاگرداندا باس دەکرێ[١].

دیارە مارلۆ بە درامای تەیمووری لەنگ و دوکتۆر فاوست ویستوویەتی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەخەڵک بڵێ: نموود و شکۆمەندی دراما نەبەستراوە بەو کەسانەوە کە ڕۆژگار وەک دابەستە چاخی کردوون و ناوی زڕاندوون، بەڵکو درامای باڵاو نایابیش لەوانەوە دروست دەبێ کە مێژوو تفاندوونیەوەو نەفرەتی لێ کردوون، بەڵام لە ناو چیرۆکەکانی بەر ئاگرداندا ئارامیان گرتووەو ماونەتەوە.

درامای دۆکتۆر فاوست وەک درامای تەیمووری لەنگ لە چەند ڕوێکەوە نوێکاری لە مەیدانی درامانووسیندا تیا بوو، جارێ ئەوە دیارە کە دوکتۆر فاوست کەسانێکی هەژار و زانایەکی بەرزە، ئەمە وای لە خەڵک کرد کە ڕوو لە ڕواڵەتی دەرەوەی دراما وەرچەرخێنن و تەماشای ڕووی ناوەوەی بکەن، دڕو گەوهەر لەناخدایە نەک لە ڕواڵەتی شتدا، ئەم مەبەستەش دووبارەکردنەوەی ئەو بیرە بڕشتە بوو کە درەنگ لە درامای تەیمووری لەنگدا دێتە بەر دەست، ئەوە بوو درامای تەیمووری لەنگ ئەوەی گەیاند کە کابرایەکی وا نەزان و نەفام و نەناسراو، بوو بەو پیاوە زلە کە دەیویست هەموو دنیا وەک مافوورێک بپێچێتەوەو بیخاتە بنهەنگڵی، بەڕواڵەت گەورەبوو، بەڵام بە کرۆک پیاوێکی پیسکەڵەی چەورەبوو، مارلۆ ئەوەی ڕاگەیاند کە گەوهەری ڕاستەقینەی دراما لە ناو جیهانەکەی ناوەوەی دایە، هەروەها ئەوەشی دەگەیاند وێناو نەخشاندنی بچووکترین زەلام دەتوانێ هەست و سۆزی ئادەمی لەناخەوە ببزوێنێ.

(١) (دکتور فاوست) کەسانێکی ئەفسانەییە، بەپێی ئەو ئەفسانە هەموو زانستێکی زانیوە، بەوە تەسەل نەبووە، پەنای بردووەتە بەر زانستی جاویدانی و بەکاری هێناوە لەتەک سەرۆکی جنۆکەدا ڕێک کەوتووەو کردوویەتی بە خزمەتکاری خۆی، هەروەها لەگەڵ ئەهریمەنیشدا ڕێک دەکەوێت، ئەو کەسە ئەفسوناوییە سرۆشی هونەری بەسەر گەلێ لە نووسران و هونەرمەندا باراندووە پاش دراماکەی مارلۆ گەورەترین داستان کە بەو ناوەوە نووسرابێتەوە، داستانە بەرزەکەی شاعیری ئەڵمانی (گێتە)یە، گوایا نزیکەی شەست ساڵ خەریکی بووە تا تەواوی کردووە، لە ساڵی (١٨٠٦) بەرگی یەکەم و لەساڵی (١٩٣٢) بەرگی دووەمی بڵاوکردووەتەوە، پاش گێتە (پۆل ڤالێری - ١٨٧١– ١٩٤٠) کە شاعیرێکی فەرەنسییە لەسەر (فاوست)ی نووسیووە و ناوی ناوە (فاوست وەک من بیزانم).

جگە لەوەی باسمان کرد ئەو دوو درامایە چەند ڕوویەکی تری نوێکاریان تیا بەدی دەکرێ. وێڕای ڕکانبەریەتی هەندێ داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بە ئاشکرا ئەو نەریتانە ڕەت دەکاتەوە بوونەتە پایەی بەرزی ڕاگرتنی دامودەزگای پاشایەتی و میراتی. هەر لەبەر ئەو ڕایانەی بوو تووندی بەندیخانە کراو لەتەمەنی (٢٩)ساڵی کوژرا، بۆ زێدە چەسپاندنی ئەو ڕایانەی کە لە هەردوو دراماکەی پێشوویدا هەبوون، درامایەکی تری بەناوی (ئیڤری مان - Every man) واتە هەموو مرۆڤێک خستە مەیدانەوە، بۆ ئەوەی پاڵپشتی دوو دراماکەی پێشوی بکات - لە ساڵی (١٥٨٩)دا درامای (جولەکەی ماڵتا – The Jew of Malta)ی خستە سەر شانۆ، پاڵەوانی سەرەکی دراماکە پیاوێکی چاوچنۆک و چلێسە دەیەوێ بە هەر جۆرە بووە سەروەت و سامانێکی زۆر خڕ بکاتەوەو بگاتە پایەیەکی بڵندی وا کە بتوانێ مەگێزی تەماح کاری خۆی پێ تەسەل بکات.

مارلۆ بەهۆی (تەیموری لەنگ و دوکتۆر فاوست و جولەکەی ماڵتا)ەوە چووتە ناو سروشتی تایبەتی مرۆڤەوە، بەهۆی درامای (تەیموری لەنگ)ەوە توانیویەتی پاڵنەری هەڵپەکردن و دەسەڵات داری و ناو دەرکردن پاڵفتە بکات، هەروەها ئارەزووی زانین و پەردە هەڵدانەوە لەسەر هەموو نهێنییەک لە درامای (دکتۆر فاوست)دا ئاشکراو ڕوونە، لە درامای (جولەکەی ماڵتا)یشدا حەز لە سامان و دەوڵەمەند بوون مەبەستێکی سەرەکییە، ئەو سێ مەگێزە هەندێکن لەو مەگیزە سەرەکییانە کە دەبنە دینەمۆی بزواندنی هەموو هەوڵ و تەقەلایەکی ئادەمی، مارلۆ ئەو مەگێزانەی کردووە بە پنت و جغز بۆ داڕێشتنی هەر سێ دراماکەی.

مەکیاڤیللی وتوویەتی: هەر کارێ کە پایەی میر بەرز بکات دەشێ بکرێ و هەموو کارێک بایسێکی خۆی لە پاڵدایە، بەپێی ئەو بایسە کردنی ڕەوایە، با ئەو کارەش کارێکی نالەبارو چەپەڵ بێ، ڕاکەی ئەوە دگەیەنێ ئەو میر و خاوەن دەسەلاتانە بەو جۆرە گەیشتوونەتە ئەو پایە ئیتر شتی تر نەبوون(١).

مارلۆی دراما نووسیش سەرنجی مرۆڤ بەناو ناخی ئەو مرۆڤەدا ڕادەکێشێ و دەیەوێ بڵێ: تەماشا کەن، تەیموری لەنگ پیاوێکی کەڕە جوتیارو چەورەیەک بوو، کە کەوتە شوێن مەگێزی تەماعکاری خۆی و گوێی بەڕەوشت و ئاکار نەداوە، لە ئەنجامدا ئەو پایەو سایەیەی هاتە دەست، یان دکتۆر فاوست پزیشکێکی ئاسایی بوو، بەڵام کە لغاوی بۆ مەگێزی زانین شل کرد تەنانەت لەگەڵ ئەهریمەندا ڕێک کەوت تا پتر زانین بەدەست بێنێ تا بوو بەو دوکتۆر فاوستە، ئەوانەی کە خاوەن سەروەت و سامانن وەک جوولەکەیەکی چاوچنۆک و چلێس، وا بوون، پارەو پوول هەموو شتێک بوو لایان بۆیە وابوون بەو پیاوە ماقوڵانە؛ ئەمە یەکەم بەستەڵەک شکاندن بوو لەڕێی چوونە ناو ناخی دەروونی ئەو پاڵەوانانەوە کە لە جیهانی درامادا هەڵس و کەوت دەکەن.

هەروەها مارلۆ درامای (ئێدواردی دووەم Edward II)ی نووسیوە کە درامایەکی مێژووییە، ئەم درامایەش ڕێگە کردنەوەیەک بوو بۆ جیهانی نووسینی درامای مێژوویی.

بەڵام ئەوەی ناوبانگی مارلۆی زڕاندو سەرنجی تۆێژەرانی ڕاکێشا درامای (دوکتۆر فاوست) بوو(٢).

(١) نیکۆلۆ مەکیاڤیللی ١٤٦٩-١٥٢٧ کتێبی (میر)ی لە ساڵی (١٥١٣)دا لەشاری فلورەنسا بۆ یەکەم جار کەوتە بازاڕەوەو لە هەموو ئەوروپادا دەنگی دایەوە، تەماشای (میر) لێکۆڵینەوەی دکتۆر کمال مظهر وەرگێڕ: حسین عارف بکە ل٥-١٥.

(٢) المسرحية العالمية الجزء الثاني ل٤٢.



## ٢-تۆماس کید: Thomas Kid

تۆماس کید دووەم درامانووسی سەردەمی ئەلیزابیسە، ئەوە بوو، وتمان لە نێوان ساڵەکانی (١٥٨٧-١٦١٢)دا کە ماوەی بیست و پێنج ساڵە لەو ماوەدا سی درامانووسی دەست ڕەنگین و هەڵکەوتوو هاتنە مەیدانی درامای ئینگلیزەوە، جیهانی درامایان گەلێ بەر فراوان کردوو، دەرگای خەزێنەی درامای کلاسیکیان کردەوەو ڕۆمانسییەتیان وەبەرهەم هێنا، هەر یەکێک لەو سێ درامانووسانە کاری لەوی تریان کردووە، بۆیە هەمیشە نووسەرانی دراما کە باسیان دەکەن هەرسێکیان بەیەکەوەو لە یەک جێدا باس دەکەن.

لەپێشەوە ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد و وتمان دراماکانی (مارلۆ) کارێکی گەورەیان کردە سەر ڕێڕەوی درامای ئینگلیزی، بەتایبەتی لەسەر دەمی ئەلیزابیسدا، لەو کاتەدا درامای تەیموری لەنگ و دوکتۆر فاوست ڕێنموونی درامایان بەرەو نوێکاری دەکرد، هەر لەو کاتەدا (تۆماس کید)یش بە درامای (تراژیدیای ئەسپانیا ١٥٨٩ – the Spanish tragedy). کووکەیەکی تری لە درامادا بەرپا کرد، پاڵەوانی درامای (تراژیدیای ئەسپانیا) وەک پاڵەوانی دوکتۆر فاوستی مارلۆ، وەنەبێ لەناو کۆشک و تەلاری شاهانەو میردا هاتبنە ناو دراماکەوە، بەڵکو کەسانێکی ئاسایی و لەگرۆی بۆرەو ڕەش و ڕووتن، بەڵام ئەوەندە هەبوو پاڵەوانانی دراماکانی مارلۆ لەناوەڕاست و تەوەرەی دراماکەدا دەمانەوەو هەموو ڕووداو و کارەساتەکان بە دەوریاندا دەسووڕانەوە، کەچی لە درامای تراژیدیای ئەسپانیادا، با پاڵەوانە سەرەکییەکە لەهەموو بارەیەکەوە ڕکێف بەدەست بوو، بەڵام پاڵەوانەکانی تریش پڕ بە توانای خۆیان پەلووپۆیان دەکوتا و لەناو زەینی بینەردا نەخشەی خۆیان دەکێشا.

درامای (تراژیدیای ئەسپانیا) درامای تۆڵە سەندنە، ئەو جۆرە درامایە بەو مەبەستە، لەو کاتەدا لە مەیدانی درامای ئینگلیزیدا نەبوو، جیهانی ئەو جۆرە درامایە کەوا جیهانێکی ئاڵۆز و چڕو پڕ بێ، پێویستی بە ئۆستایەکی شارەزای وا هەیە کە هەموو سەرەداوەکان بەر نەدات و ڕکێفیان بگرێت، لەهەموویان درامایەکی توندو ڕەخت دروست بکات، بۆ ئەوەی هەر سەرە داوێک ببێ بەهێزێک بۆ بنیاتنانی پەیکەری گشتی دراماکە... ئەم نیشانانە، لە درامای تراژیدیای ئەسپانیادا هاتەدی و بوو بە ڕێ نیشاندەرێک بۆ درامانووسەکانی تر.

## ٣- شەکسپیر ١٥٦٤-١٦١٦: Shakespeare

ولیەم شەکسپیر سێیەم لووتکەی هەرە بڵندی درامای سەردەمی حوکمڕانی (ئەلیزابیس)ە. ئەم شاعیرە بلیمەتە کە تا ئێستاش لە ئاسمانی درامای ئینگلیزدا وەک ڕۆژ وایە، هیچ هەسارەیەکی پڕشنگداری تر هەڵنەهاتووە بتوانێ تیشکی ئەو بخاتە کزی، ئەم دراما نووسە جگە لەکۆمەڵە سۆنێتەیەک(١) نزیکەی (٣٨) درامای نووسیووە، ئەو درامایانە لەوانەیە هەزارەها نووسین و لێکۆڵینەوەیان لەسەر نووسرابێ.

دراماکانی بەتێکڕایی دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- بەشی کۆمیدی.

(١) شەکسپیر نزیکەی (١٥٤) سۆنێتەی هەیە، هەر سۆنێتەیەک کۆپڵە هۆنراوەیەکە لە چواردە بەیت پێک هاتووە، هەموویان باسی خۆشەویستی و ئەڤین یان مردن و ژیان، یان بیرکردنەوە لە گێتی دەکەن.
ئەو جۆرە هۆنراوەیە لە شاعیری گەورەی ئیتالیاوە (بترارک ١٣٠٤-١٣٧٤) وەرگیراوە، بترارک بەو سۆنێتانە دلدارەکەی خۆی کە (لۆرا)ی ناوبوو لاواندووەتەوە.

٢- بەشی تراژیدی.

٣- بەشی مێژوویی.

یەکەم دراما کە شەکسپیری بە خەڵک ناساندو هێنایە ناو کۆڕی درامانووسانەوە درامایەکی مێژوویی بوو لەژێر ناوی (هنری شەشەم)دا لەساڵی (١٥٩١) بوو... ئەم درامایە لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە.

هەروەها لە ساڵی (١٥٩٢)دا (ریچاردی سێیەم)یشی نووسیووەتەوە.

زانایان لەوە کەوتوونەتە گومانەوە کە ئایا نووسینی درامای (هنری شەشەم) پێش نووسینی درامای (ئێدواردی دوەم)ی مارلۆ کەوتووە یان بەپێچەوانەوە، ئەوانەی کە پێیان وایە درامای ئێدواردی دووەمی مارلۆ پێش کەوتووە، پێیان وایە شەکسپیر لەدانانی ئەو دراما مێژوویەدا، پێ بەندی شێوازی مارلۆ بووەو ئەو کاری تێ کردووە، بەهەر جۆر بێ داهێنانی درامای مێژوویی لەو سەردەمەدا تاقیکردنەوەیەکی نوێ بووە لەو تاقیکردنەوەدا مارلۆ یەکێکە لە دامەزرێنەرانی درامای مێژوویی ئینگلیز، بەڵام پایەی ئەم جۆرە درامایە بەسەر دەستی شەکسپیردا گەیشتە دوا لووتکەی بڵند.

وادیارە جەماوەری شانۆی ئەو کاتە گەلێ حەزیان لە درامای مێژوویی بووە، بۆیە شەکسپیر کە هاتە مەیدانی دراماوە ئەو چوارینە مێژوویەی کرد بە نیشانەی بەهرەداری خۆی و ڕاکێشانی ئەو بینەرانە کە فرەتر چێژیان لەو جۆرە درامایە وەردەگرت، لەلایەکی تریشەوە نووسینەوەی ئەو جۆرە درامایە بەو جۆرەو بەو شێوازە ڕۆمانسییە ئەوەی دەگەیاند ئەو جیهانەی کە لەدوو تۆی ئەو درامایەنەدا هەبوو، جیهانێکی پڕ سەیرو عاجباتییەو چاوەڕوانی خامەیەکی ڕەنگین دەکات کە بتوانێ عەمباری گەنجینەی بشکێنی و ئەو هەموو سامانە هەڵبگۆزێ و بیخاتە ڕوو... بەڵێ ئەو جیهانە ئۆقیانووسێکە یەکێکی بلیمەتی دەوێ کە مەلەزان بێ و تیا نقووم نەبێ.

شەکسپیر کە هاتە مەیدانەوە ئەو ئۆقیانووسەی پشکاندبوو، بۆیە یەکەم جار کە گورزی خۆی وەشان جیهانی مێژووی پێ یەکەلا کردەوە، پاش چوارینە مێژوویییەکەی (ڕۆمیۆ و جۆلێت Romeo and Julit)یشی نووسیەوە، ئەم شاکارە ڕەنگینە داستانێکی بەنرخی دڵدارییەو سەنگین ترین نەختینەی هونەری ئەدەبیی ئینگلیزە، ئەم شاکارە بەنرخە هەر چەند بەشێوەی هۆنراوەی بێ سەروا داڕێژراوە لە جیهانی مێژوو بەدەر نییە.

پاش بەرهەم هێنانی ئەو نەختینە دڵدارییە... هەمدیسان چووەوە سەر داڕێشتنی درامای مێژوویی کە (ریچاردی دووەم) و (هنری چوارەم) و (هنری پێنجەم)ە، ئەوانەی سەرجەم لە مێژووی ئنگلستانەوە هەڵ هێنجاندن، جگە لەو کۆمەڵە دراما مێژوویە چەندان درامای تر وەک (یولیوس قەیسەر) و (ئەنتۆنی و کلیۆپاترە) و هی تر لە مێژووی نەتەوەکانی ترەوە هەڵی گۆزیون، بەڵام چ هەڵ گوزاندن و هەڵبەست و تەکنیکێک؟ مەگەر هەر خامەی بلیمەتێکی وەک شەکسپیر ئەو کارەی لەدەست بێ.

لەمەیدانی تراژیدیادا، ئەوەی شەکسپیر بە بەرهەمی هێنا مەگەر هەر ئەو بتوانێ ئەو جۆرە هونەرە پایەدارە بنیات بنێ.

ئەم چوار تراژیدیایە: (هاملێت ١٦٠١ Hamlet) -ماکبێس ١٦٠٢ Macbeth)- پاشالیر ١٦٠٥-١٦٠٦ king lear) شەکسپیریان بە هەموو جیهان ناساند، بەتایبەتی تراژیدیای هاملێت پتر جیهانی درمای ڕەنگین کردو دەنگی داوەتەوە، ڕەنگە هۆی ئەو ناو دەرکردنە ئەوە بێ چونکە کەسێتی هاملێت نموونەی ڕاستەقینەی ئەو کەسانەیە کە لەناو تەلار و کۆشک و سەرادا پەروەردە دەبن، پیاوێکی زاناو



هوشیار مەردو ئازاو دەروون ساف و لێ بووردە... بەڕەچەڵەک خەڵکی باکورەو پیاوێکی مەندو و شارەزایە، هەمیشە خەریکی بیرکردنەوەیە، دیوی ناوەوەی وەک بێشەڵان چڕ و ئاڵۆزە، دڵنیایە کە مامی باوکی دەرمان خوارد کردووە بۆ ئەوەی دایکی مارە بکات، کێ ئەم ڕاستییەی پێ وت؟ تارمایی باوکی... جگە لە خۆی پاسەوانەکەی و برادەرەکانی گوێیان لە تارمایی باوکی بوو کە داوای تۆڵە کردنەوەی دەکرد، ئەویش سێ جار سوێنی بۆ خوارد کە تۆڵەی بۆ بکاتەوە، بەڵام هەر وا بە کوێرانە ناکەوێتە شوێن وتەی تارماییەکە بە قسەکانی چەواشە نەبوو، لە ناو مێشکی خۆیا گەلێ ئەو بابەتەی گێژاو وێژا.

لە هەموو ڕوێکەوە لێی کۆڵییەوە، ڕاستەوخۆ بڕوای بەوە نەکرد کە بیستی و کە دی، دوای لێکۆڵینەوەیەکی خەست و ڕەوا؛ ئەوجا هاواری کرد: «ئەو هەموو دڵە ڕاوکێ و لێکۆڵینەوە تا کەی؟ بڕۆ تۆڵە بسێنە»(١).

خۆ ئەگەر ئۆرتێللۆ لە جێی هاملێتدا بوایە لەمە گوێی لە تارماییەکەی باوکی دەبوو دەست بەجێ خەنجەرەکەی بەورگی مامیا دەکردو دراماکەی کۆتا پێ دەهێنا، یان خۆ ئەگەر هاملێت لە جێی ئۆرتیللۆدا بوایە وازوو (دێدەموونا desdemona)ی نەدەکوشت و بۆی دەردەکەوت کە ئەو تەڵەیەکە (ئیاگۆ)ی فێڵباز بۆی نابووەوە چڕووک دەردەچوو.

درمای ئۆرتێللۆش یەکێکە لە دراما باڵاکانی شەکسپیر دراماکە لە بارەی بابەتەوە باسی مخەنەتی و تەڵەکەبازی و غیرەتی تەنگ و تارو کوێرانە دەکات، پاڵەوانی سەرەکی دراماکە، ئۆرتێللۆیە، پیاوێکی باڵا بەرزی ڕەشتاڵەی چوار پەل ئەستوورەو خەڵکی (مەراکیش)ە بەسروشت پیاوێکی تەنگە تاووە، دەروونی وەک جیقەڵدانی مریشک تەسک و تروسکە، لە هیچ ناکۆڵێتەوە زوو بڕوا دەکات و ئازا هەڵدەچێ و زووش دادەمرکێتەوە، دڵ ساف و خۆش بڕوایە، خێزانەکەی خۆی (دێدەموونا)ی خۆش دەوێ، کاتێ (ئیاگۆ) بە فێڵبازی و بوختانی بۆ دروست کرد، وای چرپان بە دڵیا کە دێدەموونا ناپاکی لەتەکدا دەکات و داوێن پیسە، لەمە ئەوەی بە گوێیا چرباند بەبێ سێ و دوو کردن، چی خەوش و خەڵتەو ژەنگی دەروون و گەمژەیی تیا هەبوو وەک ژەهری مار لەناو کەڵبەی ڕک و کینەدا خڕبوونەوەو بوون بە کارەساتێک، دێدەموونای ناسک و داوێن پاکیان خلتانی خوێنی بێ گوناحی کرد، پاش کوشتنی ئەو کابرا خۆیشی کوشتەوە پێش ئەوەی خۆی بکوژێتەوە، بۆی دەرکەوت کە (دێدەموونا) لەگوڵ بێ گەردتر بووە، بەڵام پاش چی... ئەگەر تۆزێ بیری لێ بکردایەتەوە، هەندێ وردبینی خەرج دایە، هەڵبەتە ئەو کارەساتە ناهەموارە کە دێدەموونای پێ تیاچوو ڕووی نەدەدا.

کە بینەر ئەو دیمەنە دەبینێ وا ئۆرتیللۆ خەریکە دێدەموونا دادەپاچێ لەوانەیە هاوار بکا و بڵێ: کورە؛ نەکەی! تۆزێ ورد بین بە.

لەبارەی هونەری تەکنیکەوە درامای ئۆرتێللۆ گەلێ لە درامای هاملێتەوە نزیکە.

لە درامای (ماکبێس)دا شەکسپیر بە بلیمەتانە وێنای ئەو خەبات و جەنگانە دەکات لەنێوان ئەو تەماعکارییەی کە بەرچاوی مرۆڤیان بەتەم و مژو تەنگ وتاری خامۆش دەکردو لە نێوان ئەو سۆزو هەستانەدا کە لەناخی دەروونەوە هەڵدەقوڵێن و لەبەردەم کاری ناپەسەندا ساتمەیان دەکرد دەنەخشان.

(ماکبێس سەربازی پاشای ئۆسکوتلەندایە، لە جەنگێکدا کە دەگەڕێتەوە لەڕێیدا تووشی سێ جادۆ دەبێ و مژدەی دەدەنێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دەبێتە پاشای ئۆسکوتلەندا، کە دێتەوە ماڵەوە نوقڵانەی

(١) المسرحية نشأتها وتاريخها واصولها تأليف: عمر الدسوقي ل١٦٥.

جادووەکان بۆ ژنەکەی دەگێڕێتەوە، ئافرەتەکەی گەلێ نەگریس و تەماعکار دەبێ، مێردەکەی هەڵدەنێ کەهەوڵ بدا پیلانێک دادەنێن کە پاشا بکوژن، بۆ هێنانەدی پیلانەکەیان میوانداری پاشا دەکەن و دەیکوژن وە هەردوو کوڕەکەی تاوانبار دەکەن و خوێنی باوکیان دەخەنە ئەستۆیان، ناچار هەردووکیان هەڕا دەکەن، کە شوێن چۆڵ دەبێ ماکبیس چقەی پاشایەتی لەسەر خۆی دەنێ، بەڵام ئەو جادووانە هەمان نقلانەشیان بۆ (بانکۆ) لێ دابوو، وتبویان نەوەی (بانکۆ) دەبنە میراتگری تەخت و تارای شاهانە! بۆیە پیلانێکیشی بۆ ئەو نایەوەو مێوانداری ئەویشی کرد لە ڕێی هاتنیا تەڵەی کوشتنی بۆ نایەوەو کوژرا، بەڵام تارماییەکەی مابوو، ببوو بە مێردەزمەو بەهەر لادا ڕووی وەردەچەرخان لەبەر دەمیا لێی قیت دەبووەوە، ئیدی ژیانی لێ تاڵ بوو؛ چووە لای جادووەکان تا بزانێ چ ڕاوێژێکی بۆ دەکەن، ئەوانیش هانیاندا کە نەترسێ و هەنگاو بنێ؛ تا دارستانەکەی (برنام) نەجووڵێ ئەو هەر لەسەرکەوتندایە، هەواڵی بۆ هات دارستانەکە کەوتووتە جووڵە، ئەم دارستانە هیرش هێنانی لەشکرەکەی (مالکۆلم) بوو، ئەویش بە ئازایانە بەرەنگاریان بووەوە، بەڵام لە ئەنجامدا کوژرا، (مالکۆلم) بوو بە پاشای ئۆسکوتلەندا[1]. ئا بەو جۆرە بەشێوازێکی ڕۆمانسی ناسک شەکسپیر وێنەی پیاوێکی خراپ و چەتونی کێشاوە کە لە ڕێی خوێن مژینەوە بگاتە ئاوات.

یەکێکی تری چوارێنە ناودارەکان؛ درامای (پاشا لیر King lear –١٦٠٥–١٦٠٦)ە. هەندێ لە درامانووسەکان وتوویانە: درمای پاشا لیر، بالاترین شانۆگەریی شەکسپیرە.

پاشا لیر: پیاوێکی پیرو کەنفتە، ساویلکەو دڵ سافە، ئەو ساویلکەیی و دڵ سافییەی دەبێتە، بایسی کارەساتێک هەموو ئینگلستانی پێ کاول دەبێ... پوختەی دراماکە: پاشا لیر تەمەنی لە هەشتا بەرەو ژوورە، تا ئێستا حوکمڕای وڵاتی کردووە، وا ئێستا وای پێ پەسندە حوکم بداتە دەست گەنجە لاوەکان، نەوەک بمرێ و پاش خۆی کچەکانی لەناو خۆیاندا لەسەر گەنجە ناوچەکانی وڵات بجەنگێن، وای پێ باشە وڵاتەکە دابەش بکات بەسەر کچەکانیا... بەڵام بۆ ئەوەی هەر کچێک بەپێی خۆشەویستی بۆ باوکی بەش ببا دەبێ لەو بارەوە تاقییان بکاتەوە.

دوو کچە گەورەکەی (جۆنرێل) و (رێجان) بە زمانی لووس و تەڕو پاراو باوکیان دەلێسنەوەو پیا هەڵدەدەن... بەشێکی باش وەردەگرن، بۆیە دێتە سەر کچی بچووک کە ناوی (کوردێلیا)یە، پاشا وای بۆ چووە ئەم لەوان پتر بە شان و باڵیا هەڵدەدا، ئەویش دەڵێ: باوکی بەڕێزم من ناتوانم ئەوەی لە دڵمدایە بەزار بیڵێم، چەند پێویست بێ کە فرزەند باوکی خۆی بوێ ئەوەندە تۆم خۆش دەوێ.

پاشا لەو قسەیە تووڕ دەبێ و دەری دەکات و خۆی لێی بێ بەری دەکاو هیچی ناداتێ پاشا کە وڵاتەکەی لەنێوان دوو کچە گەورەکانیا دابەش دەکات و شتێک بۆ خۆی گل ناداتەوە، ئیدی لای ئەو دوو کچەکەی دەژی ئەوانیش دوای ماوەیەکی کەم نکولی لێ دەکەن و لێی ناپرسنەوە، تا وای لێ دێ دەربەدەر دەبێ وەک لێوە دەکەوێتە هەردەو چۆڵ.

(کوردێلیا)ش شوو بە پاشای فەرەنسا دەکات، کە دەبیسێ باوکی هەردەوێل بووە، لە هەردەو چۆڵیدا دەژی، دەڕواو ڕزگاری دەکات، دەیباتە لای خۆی بەڵام لەبەر ئەوەی پاشا چاوی کز ببوون، کوردێلیا ناناسێتەوە، با گوێ لەو باوک و کچە بگرین بزانین چی دەڵێن:

کوردێلیا: گەورەم ئێستا چۆنی؟

(١) ماکبث ترجمة غازي جمال ل٥-١٥



لیر: ئێوە بۆ وام لێ دەکەن، بۆ لەناو گۆڕدا دەرتان هێنام... دیارە تۆ گیان لەبەرێکی گەلێ پیرۆزی... من ئێستا وەک لەسەر گالیسکەیەکی ئاگرین بەسرابمەوە وامە، فرمێسکەکانم کە دەڕژێنە سەری وەک قورقوشم دەتوێنەوە، کوا من ماوم؟!

کوردێلیا: گەورەم بڕوانە بۆم...

لیر: تکات لێ دەکەم گاڵتەم پێ مەکە، من پیاوێکی کەنفتم، هۆش و مێشکم لەسەرا نەماوە، کوا پێم دەکرێ تۆ بناسمەوە، من گومانم لەخۆم هەیە، نازانم لەکوێ دام... گاڵتەم پێ مەکەن، ئەگەر وتم ئەم ئافرەتە بەڕێزە کوردێلیای کچمە، مەمکەن بە کەژدا ئەگەر وتم بۆنی ئەوی لێوە دێ.

کورێلیا: وایە من کوردێلیای کچتم[1].

پاشا بۆی دەڕوانێ و داوای لێ بووردنی لێ دەکات... ماوەیەک وا بەڕێزو شکۆمەندی لای کوردێلیا دەمێنێتەوەو هەست دەکات کە پیاوێکی خاوەن پایەو سایە دار بووە... بەڵام کوردێلیا دەرمان خوارد دەکرێ و دەمرێ، ئەم پیاوە ڕیش سپییە کەلەلایە لەسەر تەرمەکەی هاوار دەکا بەکوڕە کوڕ دەچێتە سەری و باوشی پیا دەکات و دەڵێ: «ناگەڕێتەوە ناگەڕێیەوە... نا... هەتا هەتایە... هەتا هەتایە».

وا بۆی دەگریا بەردی دەتواندەوە... ئەویش سووی بووەو مرد، هەردووکیان لەوێ ئەسپەردە دەکرێن[2].

جیهانی درامای شەکسپیر جیهانێکی گەلی فراوانە، وەک زەریایەک وایە لە سەرەو ڕۆخەکانی دیار نین، گەرداووە شەپۆلەکانی لە ئەژمار نایەن، لە ناویشەوە هەزاران شتی سەیرو عاجباتی تیایە، ئەوەی بکەوێتە ناو ئەم زەریانەوە، ئەگەر تیا نەچێ و ڕزگار ببێ، دەحەپەسێ و نازانێ چی لێ بگێڕێتەوە، ئەگەر باسی هەموو دراماکانی بکەین واتە دەبێ باسی هەموو ئادەمیزدا بکەین، چونکە نزیکەی دوو هەزار پاڵەوان لەناو ئەو مەملەکەتەدا هەر یەک جۆرە سروشت و کەسێتییەکی تایبەتی هەیە، ئەمەش بە کەس نەکراوە باسیان بە تەواوی بکات، وا چاکە لێرەدا دراماکانی بەپێی قۆناخ بەقۆناخی ژیانی ئەدەبی و هونەری خۆی ناویان بهێنین و بڕۆین.

زانایانی دراما پێیان وایە دراماکانی شەکسپیر لەچوار قۆناغدا نووسراونەتەوە، ئەمە قۆناخەکانن:

یەکەم: ئەم قۆناخە لە ساڵی (١٥٨٨)ەوە دەست پێ دەکات و لە ساڵی (١٥٦٤)دا تەواو دەبێ، لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا ئەم درامایانەی بە بەرهەم هێناوە: (تیتۆس ئەندرونیکۆس–Titus Andronicos) (بزربوونی هەوڵی دڵداری– Love's lobours lost) (کۆمیدیای هەڵەکان) (خەونی نیوە شەوانی هاوین). (دوو گەورە پیاوانی فیرۆنا). (هنری شەشەم) سێ بەشە: (ریچاردی دووەم). (ریچاردی سێیەم). (ڕۆمیۆو جۆلیت)... ڕۆمیو و جۆلێتی لێ دەرچێ، ئەوانەی سەرەوە هەموویان کۆمیدین.

هەر لەم قۆناخەدا دوو چامەی گەورەی نووسیوونەتەوە کە ئەمانەن: (فینۆس و ئەدۆنیس). (لۆکریس).

دووەم: ئەم قۆناخەش لە ساڵی (١٥٩٥)ەوە دەست پێ دەکات، لە ساڵی (١٦٠١)کۆتای دێ... لەو ماوەیەدا ئەم درامانەی وەبەرهەم هێناوە: (پاشا جۆن) (بازرگانی فینسیا) (راهێنانی پڵنگ) (هنری چوارەم) دوو بەشە (ژنە ڕووخۆشەکانی وندرسۆن). (هنری پێنجەم) (چەقچەقەی بێ ئارد). (چۆن ئارەزووتە–As you like it) (شەوی دوانزەهەم). (ئەوەی بەخێرا بڕایەوە، خێرە).

سێیەم: ئەم قۆناخە لە ساڵی (١٦٠١)ەوە دەست پێ دەکات لە ساڵی (١٦٠٧)دا کۆتایی دێت، لەم

(١) المسرحية نشاتها وتاريخها واصولها - تاليف عمر الدسوقي ل١٦٥.
(٢) المسرح العالمي من اسخيلوس الى آثر ميللر الدكتور لويس عوض ل١١٣-١٢٦.

قۆناخەدا ئەم درامایانەی وەبەرهەم هێناوە (یولیوس قەیسەر). (هاملێت). (مەنی بەمەنێ). (ئۆرتیللۆ)[1]. (ماکبیس). (پاشالیر). (ترۆیتس و کریسدا). (ئەنتۆنیۆس و کیلۆپاترا). (کۆریولانس). (تەمووزی ئەسینی)... ئەم جگە لە (مەنی بەنێ) و (ترێونس و کرێسدا) هەموویان درامای تراژیدین.

چوارەم: (١٦٠٨-١٦١٣) لەم قۆناخەدا درامای (پرکلیس) (گەرداوەکە)[2] (سەمبلین). (چیرۆکی زستان). (هنری هەشتەم. هەموویان کۆمیدین، ئەم درامایانەی بەشی چوارەم جگە لە درامای (هنری هەشتەم) هەموویان بەشێوەیەکی ڕۆمانسی داڕێژراون، جیهانەکەیان گەنجینەیەکە لە دیمەنی جوان و ڕەنگینی دەریا و چیاو هەردە، هەروەها جیهانەکەی ناویان وەک جیهانی فەیلەسووفانە، تیایا دوژمن لە دوژمنی خۆی دەبوورێ و دڵداران بە ئارەزووی خۆیان دەگەن، منداڵی بێ کەس و بێ نەوا بە کەسوکاری خۆیان شاد دەبنەوەو یەکتری دەبیننەوە، گوناحکار بە کردەوەی باش خۆی لە هەموو گوناحێک پاکژ دەکاتەوەو تۆبەی یەکجاری بۆ دەکات، دوو هاوسەری لەیەک دابڕاو بەیەک دەگەنەوە... بۆیە ئەو کۆمەڵە درامایەی شەکسپیر لەلایەن زانایانی ئەدەب و هونەرەوە ناونراون (ڕۆمانس).

***

ئەوە بوو زانیمان لەسەردەمی فەرمانڕەوایی (ئەلیەزابیس)دا کە نزیکەی چل ساڵی خایاند، دراماو هونەری شانۆگەری گۆڕانێکی فراوانیان بەخۆوە دی هەر لەو ماوەدا درامای ڕۆمانسی ئامێز و مێژوویی بەسەر دەستی شەکسپیر و هاوچەرخەکانیدا پەرەی سەندو لە دڵی خەڵکدا خۆی سەپاند، لەو ماوەیەدا چەند درامانووسێ وەک مارلۆ و کید و شەکسپیر بوون بەسەرکاری هونەری دراما، نواندنیان لە شانۆدا بوو بەهۆی پشوودان و هەوەس ڕاهێنان و بیرکردنەوەو ئارەزوو شکاندن و بەخۆدا چوونەوەو بەربوون لەو کۆت و زنجیرەی کە وەک بەندو باو و خەڵکیان لە فاقە دابوو، ئیتر دراما شان بەشانی ڕووەکانی تری باری کۆمەڵایەتی تا دەهات بەرەو پێشەوە دەچوو.

لە پاش مردنی (ئەلیەزابیس) لەساڵی (١٦٠٣)دا و بەهاتنی (کرۆمۆیل - جیمسی یەکەم) بەرە بەرە دراما بەرەو کزبوون شۆڕ دەبووەوە... چونکە ڕژێمی نوێ بە چاوێکی کەمەوە تەماشای هونەری شانۆی دەکرد، بە تایبەتی لە ساڵی (١٦٤٢)دا، پاش مردنی چارلسی دووەم و هاتنی ڕژێمی کۆماری، بە پێی بڕیارێک هەموو یانەو هۆڵەکانی شانۆ داخران، چونکە پێیان وابوو ئەو هونەرە لەتەک ڕەفتارو ڕەوشت و ڕێبازی ئەواندا - ڕێبازی پاکژانە - ناگونجێ، دیارە ئەو هونەرە هانی خەڵکی دەدا کە لەتیلمەی ڕەوشت باشی بچنە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە بەپێی بڕیار قەدەغە کرا، کەچی ئەکتەرەکان لە پاشە ملە وازیان لەنواندنی دراماکان نەهێناو دەسەڵات بەدەستانیش نەیان توانی تیشکی ئەو هونەرە بەرزە بکوژێننەوە.

خۆ ئەگەر بزانرایە لەهەر شوێنێک نواندنێک ساز دەدرێ، زوو پەلاماریان دەبردە سەریان و هەموو شتەکانیان دەسووتان، شوێنەکەشیان بەمووم ڕەپێش دەکرد.

لە ساڵی (١٦٦٠)دا چارلسی دووەم لە ئینگلستان دوور خرابووەوەو لە فەرەنسا دەژیا، کە گەڕایەوە بەو گەڕانەوەی ڕژێمی پاشایەتی گەڕایەوەو ڕژێمی کۆماری کۆتایی پێ هات... بە گەڕانەوەی چارلس دەرگای شانۆکان کرایەوە، دراما کز ببوو، بەڵام لە کلێپە نەکەوتبوو، هەمدیسان نووسەر و ئەکتەرەکان بە

(١) ئەم درامایە لەساڵی (١٩٧٨)دا لەلایەن کاک ئەحمەد سالارەوە کراوە بە کوردی و لەچاپ دراوە.

(٢) ئەم درامایە لەلایەن مامۆستا جەمال نەبەزەوە کراوە بە کوردی و لەساڵی (١٩٥٥)دا لە چاپخانەی مەعاریف - بەغدا - چاپکراوە.



پەلە کەوتنە جوستی و کاروانەکەیان خستەوە ڕێ جگە لە دراماکانی پێشوو، چەندنان درامای تر نووسران و خرانە سەر شانۆ.

چەند نووسەرێکی دراما لەو ماوەیەدا هاتنە مەیدانەوە ئەوانە توانیان ئەو ڕێبازەی کە لە فەرەنسا بەسەردەستی (کۆرنی) و (راسین) و (مۆلیێر)دا پەرەی سەندبوو لەتەک ئەو داب و نەریتەی کە درامای ئینگلیز بۆ خۆی ساچاندبووی مۆتربە بکەن[1]، بەڵام لێرەدا دەتوانین بڵێین: ڕێبازی (داهێنان کە لەپاش کۆرنی، ڕاسین، مۆلیێر) لە فەرەنسا داهات، لە ئینگلستان بەسەردەستی شەکسپیردا چەکەری کرد.

پاش گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ وڵاتی ئینگلیز دوو جۆرە دراما باویان سەند:

یەکەم: تراژیدیای قارەمانیەتی، دووەم: کۆمیدیای ئاکارو ڕەوشت، یەکەمیان بۆ ڕاکێشان و چێژ وەرگرتنی ئەوانە بوو کە سەر بەکۆشک و قەڵاکان بوون، کە پێیان دەوترا: «سوارە - فرسان» ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە بۆ ڕازی کردن و بزواندنی هەست و سۆزی بەرەی ئۆرستۆکراتیەت و دەرەبەگەکان، دووەمیش بۆ وێناندنی ئەو بارە ڕوناکبیری و هۆشیاری و بەرەڵڵا بوونە بوو، کە ببوو بە کاردانەوەی سەردەمەکەی پێشوو، کە خەڵکی لەناو تەنگەبەرانی خۆ بەستنەوە بە کۆت و زنجیری کۆنەوە پەساندبوو.

لەسەردەمەکانی پێشوودا ئەو ئەکتەرەی کە دەبوو دەوری ئافرەت بگێڕێ، یان پیاو بوون یان منداڵ، لەبەر ئەوەی چارلسی دووەم چونکە خۆی ماوەیەک لە فەرەنسا بوو، ئەدەب و هونەری ئەوێ کاری تێ کردبوو - دیارە لەو کاتەدا ئافرەت وەک پیاو لەسەر شانۆ دەوری خۆی دەبینی - ئەویش ئەوەی بە چاوی خۆی لەوێ دیبووی، بۆیە لەمە گەڕایەوە، فرمانیدا کە دەبێ ئافرەت دەوری خۆی لەسەر شانۆ ببینێ پێی وابوو دەور بینینی ئافرەت جۆرێکە لە ڕەوشت باشی، دەورگێڕانی پیاو یان منداڵ لە جیاتی ئافرەت جۆرە نالەبارییەکە لە ڕەوشتدا کەس سەبارەت بەو ڕاوبیرەی نەبەرپەرچی دایەوە نە پەسەندیش کرا، بەڵام لاشیپی دەرگای داخراوی شانۆی بۆ هاتنی ئافرەت کردەوە، یەکەم دەور کە یەکەم ئافرەت گێڕابێتی دەوری (دێدەموونە)ی درامای ئۆرتێللۆ بوو، لەسەرەتاوە ئافرەت بە ترسەوە دەهاتە سەر شانۆ تا لەساڵی (١٦٧٠)دا ئەم ئافرەتانە وەک یەکەم ئەکتەری ئافرەتی سەر شانۆ سامی ئافرەتانیان شکاند (بێترتن، مۆهین، نیل گواین، مۆل وینز، باری، براسیکیردل، ئۆلد فیلد) پاش ئەمانە، هەر ئافرەت بوو ڕێگەی شانۆی دەگرتە بەر[2] بۆ ئەوەی لەمە زیاتر درێژە بە باسەکەمان نەدەین دەست بەرداری پەیدابوونی شانۆی ئینگلیزی دەبین.

## دراما لە فەرەنسەدا

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ناکۆکی لە نێوان ڕێبازە ئایینییەکاندا تەم و مژێکی وای دروست کردبوو، دنیای ئەوروپای کردبووە شەوی ئەنگوستەچاو، بەتایبەتی وڵاتی فەرەنسای خستبووە ناو گەردەلوولێکی تەنگ و تاری واوە خەڵک جگە مشت و مڕو پەلاماری یەک دان بەو لاوە نەیان دەپەرژایە سەر ئەوەی بە خۆیاندا بێنەوەو، ئەو کەلەپوورەی کە هەیانبوو، ئەوەیش کە لە ڕێگەی ڕۆمانەکانەوە کەوتبووە دەستیان

(١) المسرحية في الادب الانگليزي - الاردايس نيكول - ل ١٧٩-٢٠٠. المسرحية نشاتها وتاريخا واصولها - عمر الدسوقي - ل٢٢٦-٢٢٩.

(٢) المسرحية في الادب الانگليزي ل١٨٥.

تاووتویەکی تیـا بکەن، ئەو گـەنجـینەیە کـە هەبوو لە ناو بەهرەی خـۆیاندا بیـتـوێننەوەو بەپێی چێـژو تێڕوانینی تایبەتی خۆیان ئارایشی بدەن.

بەڵێ ئاژاوەی کۆمەڵایەتی و ناکۆکی ڕێبازی ئایینی نالەبارترین بەر بەستە لە ڕێی تەقینەوەی بەرهەم هێنانی ئەدەبی و هونەری و ئابووری و کـۆمەڵایەتیـدا، وڵاتی فـەرەنسا گیـرۆدەی ئەو تەنگ و چەڵەمانە ببوو، بەڵام لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەهەمدا، فەرەنسا ڕووی لە ئاسایش نا، ناکۆکی ئایینی لە ناو خەڵک بڕێک هێمن بووەوە، ئاژاوە لە ناوچەکانی وڵاتدا بڕایەوە، بە پشتیوانی کاردینالّ (ریشیلیۆ) و کاردینالّ (مازاران) لویسی چواردەهەم پشتی خۆی قایم کـردو شاری پاریس بوو بە پایتەختی وڵات و هەموو ناوچەکانی وڵات بە تەوەرەی پایتەختەوە شەکەت دران.

کاردینال (ریشیلیۆ) کە وەزیری دەستە ڕاستی لویس بوو، بوو بە پشت و پەنای هونەر و ئەدەب، باری سەرگەردانی و بێ نەوایی ئەدەب و هونەر لە سایەی ئەوەوە بنکەی داکوتاو زەمنیەیەکی پتەوی بۆ خۆی سازدا، ئەوە بوو داوای لە لویسی چواردەهەم کرد کە تیپە شانۆییەکان بخاتە ژێر چاودێری خۆیەوەو وەک پیشەیەکی بەهرەدار تەماشای شانۆ و شانۆگەری بکات، بەپێی ڕاوێژەکانی کاردینالّی ناوبراو مانگانە بۆ ئەکتەرەکان بڕایەوەو تەمسیل کردن لەلایەن دەوڵەتەوە پشـتگیری کراو دراما - بەتایبـەتی - تراژیدیا بە هونەرێکی باڵا درایە قـەڵەم، چەندان تیـپی شـانۆیی پێک هاتن لەسـەر هەمـوویانەو تیـپی (ئۆتێل دی لۆرجـونی) کـە ئەوەندەی پێ نەچوو ئەم تیـپـە چەندان چالاکی هونەری نواند و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو پێـشکەوتن دەچوو، ئەمـە لە باری درامـای تراژیدییـەوە، لە بارەی درامـای کـۆمـیـدیشـەوە کـاردینالّ (مـازاران)یش پشـتگیـری ئەو جـۆرە هونەرەی کـرد ئەوە بوو داوای لەهەندێ ئەکـتـەرە بەناوبانگەکـانی ئیتالّیای کرد، کە بگوێزنەوە بۆ شاری فەرەنسا، یەکێک لەوانە کە ناردی بە شوێنیا (فیوریللی)بووە، کە لەو کـاتەدا ئەکـتـەرێکی کـۆمـیـدی ناسـراو بوو، بە هاتنی ئەو ئەکـتـەر بـۆ پاریس و پاش نواندنی هەندێ درامای کۆمیدی، ئەم جۆرە درامایش پەرەی سەند و، ئیتر دراما لە ناو دڵ و دەروونی فەرەنسییەکاندا سەقامگیر بوو.

ئەدەب و هونەر کـەوتنە گـەشـەکـردن، دراما لەسـەر زەمـینەیەکی پتـەو کـەوتە ڕەوت و بەرەو پێـشـەوە هەنگاوی ناو نیشانەی تایبەتی بۆ خۆی ڕەخساند و پشتی بەم هۆکارانەی خوارەوە بەست:

١- یەکێتی گەلی فـەرەنسی و بڵاوبوونەوەی گیـانی نەتەوایەتی و دامرکاندنەوەی ئاژاوەو ناکـۆکـییـە ئایینییـەکان و سەرکەوتنی ژیری و هوشیـاری بەسەر سۆز و هـازدا، کە ئەمانە هەمـوویان بوون بە مـایەی ئاسایش لە وڵاتدا.

٢- هەڵنانی کاربەدەستان و پشتگیری کردنیان بۆ هێانە دی ئەدەب و هونەری نەتەوایەتی.

٣- دابین کـردنی بژێوی ئەکـتـەرو بڕینەوەی مـووچە بۆ ئەوانەی کـە خـۆیـان بۆ ئەدەب و هونەر تەرخـان کردبوو، هەروەها چاودێری و ڕێزلێنان لەوانەی کە نووسەرو داهێنەرن[1].

٤- دامەزراندنی چەند تیپی شانۆیی و دەست و برد کردنیان لە چالاکی نواندنی هونەری دا.

ئەو هۆیانەی سەرەوە کـارێکی گەلێ گرنگیـان کـردە سەر هونەر و ئەدەب بە گشتی و دراما بەتایبـەتی، درامانووسەکـانی ئەو سەردەمەی فەرەنسا باوشیـان بۆ دراماکـانی ڕۆمـان گریک کـردەوەو بەپێی ڕەوتی ئەوان لەبەر تیـشکی تیـورەکانی ئەرەستـۆدا کـارە هونەرییـەکانیـان دادەڕێشتن، بەڵام ئەوەندە هەبوو خوو ڕەوشتی گەلی فەرەنسییان دەکردە هەوێنی بابەتەکانیان.

(١) المسرحية العالمية الجزء الثاني - الآردايس نيكو - ل٩٥.



لەنێوان ساڵی (١٦٣٠-١٦٦١)دا، ڕێبازێکی نوێ بۆ درامای فەرەنسی دامەزرا کە بە (ڕێبازی شوێن کەوتەی کلاسیک - المذهب الاتباعي الكلاسيكي) ناوی دەرکرد[1].

ئەو ڕێبـازە لەسـایەی بەرهەمـەکـانی ئەم سێ نووسـەرەدا هاتە ئاراوە: (کـۆرنی ١٦٠٦-١٦٨٤، ڕاسین ١٦٣٩-١٦٩٦، مۆلێر ١٦٢٤-١٦٧٣) گرنگترین نیشانەی ئەم ڕێبازە ئەمانە بوون:

یەکەم: دراماکان بە هۆنراوەی کێش و سەروادار هەڵدەچنران.

دووەم: لە پێنج بەشدا تەواو دەکران، بەشی یەکەم بۆ خستنە ڕووی بابەتە سەرەکییەکە تەرخان دەکرا، بەشی دووەم و سێیەم و چوارەمیش بۆ ڕووداوی چیرۆکەکە بوو، کەچی بەشی پێنجەم بۆ چارەسەرکردن و کردنەوەی گرێ کوێرەکان بوو، لەبەر ئەوە پێنج مۆری کەوتە شوێنی کلاسیکی پێوەنرا، بەسەردەستی ئەو سێ هونەرمـەندە بەهرەدارانەدا درامـای کـلاسـیکی نوێ لەسـەر پایەیەکی پتـەو و ڕەسـەن بنج و بنەوانی لەفەرەنسادا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا داکوتا، پاشا کە لویسی چواردەهەم بوو پشت و پەنای هونەرو ئەدەب بوو، لە هەمـان کـاتیـشـدا بنکەی هەمـوو دەسـتـەڵاتێکی ڕامـیـاری بـووە، ئەو درامـایە لەسەردەمی فرمانڕوایی ئەودا پەرەی سەند، ئەگەر لە درامای ئینگلیزی ئەو کاتە باڵاتر نەبوو بێ لەویش کەمتر نەبووە، باکورتە باسێکی ئەو سێ هونەرمەندە بکەین:

## ١- پێیر کۆڕنای Pierre Corneill ١٦٠٦-١٦٨٤:

کـۆڕنای لە شـاری (روان) کـە دەکـەوێتـە باکـوری فـەرەنسـاوە لە سـاڵی (١٦٣٦)دا لەدایک بووە، بنەماڵـەکەی هەمـوویان بە یاسـاناسی و دادوەرییەوە خەریک بوون، ئەمیش لەسەرەتای ژیانیـا خـەریکی پارێزەری بووە، کـەچی پاش سـەردانێکی بۆ یەکـێک لە تیـپـە شـانۆییـەکـان ئارەزووی کـەوتە سـەر درامـانووسین، یەکـەم بەرهەمی درامـای: (ئەل سـەید - السـیـد - Le cid) بوو، کـە لە سـاڵی (١٦٣٦) نووسراوە، لە هەمان ساڵدا خراوەتە سەر شانۆ.

ئەل سەید تراژیدیایەکی هۆنراوەیە، لە پێج بەشدایە و هەر بەشێکی چەندان تابلۆی ڕەنگینی تیایە.

ئەم درامایە ناوی کۆڕنای لە جیهانی دراما نووساندا کردە سەر دەفتەرو ئەستێرە گەشەی ئاسمانی هونەری ئەو جیـهـانە...ئەم دەنگ دانەوە بووە بەهۆی بزواندنی حـەزی ناحەزان و درامـانووسەکـانی تر، هەموو گەلەکۆمەیان لێ کردو دراماکەیان دایە بەر تەقەڵی ڕەخنەی نابەجێ و ڕوخێنەر، تەنانەت کاردینالّ (ریشیلیۆ)ش کە خۆی درامانووسێکی سەرنەکەوتوو بوو، داوای لە (ئەکادیمیە) کرد کە لەسەر دراماکەی کۆڕنای بکۆڵێتەوەو ڕای خۆی بۆ جەماوەر دەرببڕێ، دیارە ڕیشیلیۆ وای لە ئەکادیمیە دەویست کە دراماکە نەنگدار بکات، کورتەی ڕای (ئەکادیمیە) وابوو: (درامای ئەل سەید جۆرێکە لە جۆرەکانی شانۆگەری... بەڵام ئەو ڕێبازەی کە کۆڕنای گرتوویەتی بەر ئەوە نییە کە لەتەک ئەم کاتەدا تەبابێ).

راکەی ئەکادیمیە بوو بە وانەیەکی کاریگەر بۆ دراماکانی تری کۆڕنای، هەروەها ئەو مشت و مڕە کە لەو بارەوە ڕوویدا، ڕێگەی بۆ هاتنی ڕاسین ڕووناک کردەوە.

ئەوەی گومانی تیا نییە درامای (ئەل سەید) لە یاساو بنەما کلاسیکییەکان لای نەداوەو هەمووی تیا جەمـە، ڕووداوەکـان لە مـاوەی بیـست و چوار سـاتدا تەواو دەبن، هەمـووشیـان لەدەوروبەری کـۆشکی پاشـادایەو، چیرۆکـەکە پڕیەتی لە هەڵچـوون و داچوونی سـۆزو مەگـیزە دەروونیـیـەکـان، پاڵەوانەکـانیش هەمـوو خـاوەن کـۆشک و تەلارن، ڕووداوەکـان هەمـوو زنجـیـرەیەکی یەک لە دوای یەک و پەیوەندییـەکی

(١) گۆڤاری هەولێر... ١٨٨٥-١٩٨٥ ل٢٠٦. نووسەر.

ئەندامی بە یەکییانەوە گرێی داون، بەڵام ئەوەندە هەیە دراماکە کە خۆی تراژیدییە بە کارەساتی دڵتەزێن کۆتای پێ نەهاتووە بەڵکو کۆتاییەکەی بەختەوەرییە.

ئەم کۆتایی پێ هێنانەی دەمی هەموو نووسەرە نەگریسەکانی کردەوەو ئەوەش بوو دەوڵەت و (ئەکادیمیە)یش بەشداریان کرد، هەموو ئەم پرسیارەیان ئاڕاستە دەکرد: ئایا لە تراژیدیادا پێڕەو کردنی یاسای تراژیدیا زۆرتر مەبەستە - بێ گومان تراژیدیای گریک و ڕۆمان دەبوو کۆتایی بە کارەساتی ناخۆش بێ ئەمە یاسا بوو - یان بەر ئەنجامی ڕووداوەکان؟ دەشێ لە تراژیدیادا هەردووکیان خڕ ببنەوە؟ ئەگەر دەشێ داخۆ چۆن چۆنی بێ؟ کەواتە لەم کاتەدا مەبەستی تراژیدیا لە چیایە؟(۱)

تراژیدیای ئەل سەید، ئەو گۆمە مەندەی شڵەقان و هەر بابا بوو پرسیاری دەکردو هزری دەخستە کار.... ئەو هەموو ڕەخنەو تاوتووکردنە، بەقەد بستێک جەماوەری لە شانۆگەری دراماکە دوور نەخستەوە(۲).

**کورتەی درامای (ئەل سەید)**

چیرۆکی دراماکە ناکۆکییەکی بەتینە لە نێوان ئەڤین و نامووسدا، ئەم ناکۆکییە بووە بەدەمە دوواردێکی تیژ ئاڕاستەی

دڵی ئەو ئافرەتە بووە کە پاڵەوانی دراماکەیە:

جەمین chimene کچی (کۆنت گومیز Gomez)ە. (ڕۆدریکۆ) و (سانکۆ)ی وەک یەک خۆش دەوێن، هەردووکیان لە بنەماڵەیەکی خانەدان بوون، دڵی لای هەردووکیان بوو، بەتەمای باوکی بوو بڕیار بدا یەکێکیان بکات بەهاوسەری، باوکی (ڕۆدریکۆ) پیاوێکی سەروەرو سپاسالاری کۆشکی شایە... ژیانی هەمووی لە جەنگ بردووەتە سەر، لەلایەکی تریشەوە (ئەنفانتا)ی کچی پاشا دڵی لە (ڕۆدریکۆ) چووبوو بەڵام نەئەشیا بە هیچ جۆر نیازی دڵی(۳) خۆی بۆی بدرکێنێ، چونکە ئەم کچی پاشایەو (ڕۆدریکۆ) یەکێکە لەسەربازەکانی کۆشکی باوکی، نەریت وای دامەزراندووە: کچە پاشا بۆ پاشازادەیە نەک بۆ دەست و پەیوەند، بۆیە (ئەنفانتا) دەکەوێتە نێوان ئەو دوو دڵەوە، دڵی (جەمین و ڕۆدریکۆ) لەیەک نزیکیان دەکاتەوە، بەو نیازەوە ئەو خۆشەویستییەی کە لە دڵ خۆیا هەیە بیمرێنێ و سەرکوتی بکات.

پاشا تاقە کوڕیکی هەیە دەیەوێ پیاوێکی دانا بۆی پەروەردە بکات، باوکی جەمین پیاوێکی دانایەو لەهەموو کەس پتر لە پاشاوە نزیکە، کەواتە ئەو دەبێتە مامۆستای کوڕەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا پاشا ئەو کارە بە باوکی (ڕۆدریکۆ) کە ناوی (کۆنت دیگۆ)یە دەسپێرێ!

باوکی جەمین ئەم کارەی پاشا بە کەم کردنەوەی پایەی خۆی دەزانێ، چۆن ئەوی نەکرد بە مامۆستای کوڕەکەی؟ کوا ئەو هەموو پایە و سایەی کە لە کۆشکدا هەیبوو، (کۆنت دیگۆ) کوا دەگاتە پایەی ئەو؟!

دەمەقاڵەو لەیەک زویر بوون لە نێوانیاندا ڕوودەدا، لە ئەنجامدا باوکی (جەمین) تا دەتوانێ یەک زللە ئاراستەی بن گوێی دیگۆ دەکات، بەپێی نەریتی چینی سەروەران زللە لێدان شوورەیەکی گەورەیەو دەبێتە لەکەیەک بەخێن نەبێ پاک نابێتەوە، دەست دەداتە شمشێرەکەی کە بیکوژێ بەڵام پیری و سەد عەیب نەیتوانی بەسەریا زاڵ ببێ.

(ڕۆدریکۆ) دەزانێ باوکی پیر بووە، وا وەک پڵنگێکی پیری کەنفت ئەبۆرێنێ و خۆی دەخواتەوە، چۆن

(۱) المسرحية العالمية الجزء الثاني - الآردايس نيكو - ل۹۸-۹۹.
(۲) المسرح العالمي من اسخيلوس الى آثر ميللر: الدكتور لويس عوض ل۵۸.
(۳) المسرحية العالمية الجزء الثاني- الآردايس نيكو- ل۹۵.



خۆی نەخواتەوە لەم کۆتایی تەمەنەدا نامووسیان لەکەدار بوو، ئیتر (ڕۆدریکۆ) چۆن ڕووی دێ لای دڵدارەکەی سەر بەرز بکاتەوە، باوکی (جەمین) نامووسی بنەماڵەی (ڕۆدریکۆ)ی بردووە دەبێ سەریان بەرز ببێتەوە.

(ڕۆدریکۆ) چاری ناچارە کەوتووەتە نێوان دوو هەڵوێستی دژ بەیەکەوە: لەلایەکەوە دڵدارەکەیەتی لەلایەکی ترەوە سەندنەوەی نامووسە.

پاشایش لەو دووبەرەکییەی ناو کۆشک گەلێ دڵ تەنگ دەبێ بۆ ئەوەی ئەو ئاگرە بکوژێتەوە، داوا لە (کۆنت گومیز) دەکات کە داوای لێ بووردن و بەخشین لە (دیگۆ) بکات، فیزوخۆ بەزل زانینی گومێز ڕێی ئەوەی نادەن کە داوای بەخشینی لێ بکات، بۆیە (ڕۆدریکۆ) داوای موبارەزە لە باوکی دڵدارەکەی دەکات، موبارەزە دەستی پێکرد، لەو کاتەدا (جەمین)ی ناتەسەرو داماو دڵی بوو بەدوو پارچەوە، لایەکیان خەمی باوکییەتی کە دڵدارەکەی بیکوژێ، لایەکی تریان خەمی دڵدارەکەیەتی کە باوکی بیکوژێ.

دڵی (ئەنفانتا)ش وەک دڵی (جەمین) پارەیە، دەزانێ هەر یەکێکیان بکوژرێن ئەو هەر دۆڕاندوویەتی، ئەگەر (ڕۆدریکۆ) بکوژرێ ئەوا دنیای لاتاریک دەبێ ئەگەر ڕزگاریش ببێ ئەوا دەبێتە هاوسەری (جەمین)، هەواڵ درا کە (ڕۆدریکۆ) بەسەر (کۆنت گۆمیز)دا سەرکەوت و کوشتی. لێرەدا بنەماڵەی (ڕۆدریکۆ) سەریان بەرز بووەوە.

(جەمین)یش دەست دەکات بە هاوار و زاری، بە گریان دەستەداوێنی پاشا دەبێ و دەڵێ: (سەروەرم وا باوکم کوژرا، دەمەوێ تۆڵەی باوکم بسێنم، تۆڵە بە تۆڵەیە، ئەمە یاسایەکی عادیلانەی خۆتانە).

پاشا دەکەوێتە نێوان دوو هێزەوەو هەرەسیان هێناوە، لەلایەکەوە (جەمین) داوای تۆڵەی باوکی لێ دەکاو مافێکی ڕەوایە، لەلایەکی ترەوە (دیگۆ) ئامادەیە بەسەرو ماڵەوە خۆی لە پێناوی چقەو کۆشکی شادا بەخت بکات.

لێرەدا (سانکۆ) بە هەلی زانی بۆیە چووە لای (جەمین) و داوای لێ دەکات کە ئامادەیە تۆڵەی باوکی بۆ بکاتەوە، ئەویش ئەوەندە ڕووی ناداتێ ئەمەندە نەبێ پێی دەڵێ: جارێ چاوەڕوان بکە تا بزانین پاشا چ بڕیارێک دەدا، ئەم قسە دەبێتە گفتێکی دڵ خۆشکەری (سانکۆ).

بابێینەوە لای (ڕۆدریکۆ)ی هەش بەسەری دڵشکاو، پاش ئەوەی نامووسی بنەماڵەکەی خۆی هێنایەوە، خۆشەویستی (جەمین) ئاگری بەردابووە گیانی و پێیەوە دەتلایەوە، بەڵێ: (ئەڤینی کامەرانییە - پاراستنی نامووسیش سەربەرزی و ئەرکە)، شمشێرەکەی خۆی دەخاتە بەر دەستی (جەمین) و ملی خۆی وەک تاڵە موویێک بۆی دادەنووێنێ، بەڵام (جەمین) نایەوێ یادی باوکی لە دوو تۆی دڵێکی لێ قەوماودا حەشار بدا، بەو جۆرە نایکوژێ، کە مەسەلە هاتە سەر کوشتنی (ڕۆدریکۆ) باشتر وایە ڕەوانەی بەرەی جەنگ بکرێ بۆ ئەوەی لەوێ بکوژرێ، ئەمە ڕای باوکی و پاشا بوو، وا مراکیشییەکان لەشکریان کردووەو پەلاماری وڵاتیان داوە، (ڕۆدریکۆ) کرا بە سپاسالاری لەشکرو ڕەوانەی بەرەی جەنگ کرا، ماوەیەکی نەخایاند بە سەرکەوتوویی هاتەوەو دوو پاشای پێ پەتی دەست بەستراوی لەتەک خۆیا هێناوە، هەموو وڵات پێشوازیان لێ کردو نازناوی (ئەل سەید)یان پێ بەخشی.

(جەمین) کە هەواڵی گەڕانەوەی (ڕۆدریکۆ)ی درا بە گوێدا بەبێ هەدەری ڕاپەڕی و خەریک بوو لە خۆشیاندا باڵ بگرێتەوە، بەڵام کە هاتەوە سەر خۆی بیری تۆڵەی باوکی کردەوە لەتۆڵەی باوکی واز ناهێنێ، با (ڕۆدریکۆ) بوو بێ بە دیواری پۆڵایینی نیشتمان، داوا لە پاشا دەکاتەوە کە تۆڵەی بۆ

بکاتەوە، پاشا چەند دڵی دەداتەوە سوودی نابێ.

پاشا داوا لە (جەمین) دەکا کە یەکێک هەڵبژێرێ لەتەک (ڕۆدریکۆ)دا موبارەزە بکات بۆ ئەوەی تۆڵەی بۆ بکاتەوە، هەر کامیشیان سەرکەوتن (جەمین)ی دەدرێتێ جەمین و پاشا لەسەر ئەم پێشنیارە ڕێک دەکەون.

لەم کاتەدا (سانکۆ) دێتە پێشەوەو ئامادەبوونی خۆی بۆ موبارەزەی (ڕۆدریکۆ) دەردەخات.

وا (ڕۆدریکۆ) هاتووەتە لای (جەمین) دەیەوێ دڵی خۆی بۆی بکاتەوە... (جەمین)یش هێزێکی تری خستە بەری و دەرگای ئومێدی لێ کردەوەو پێی وت: یەکێکی وەک تۆ نابێ (سانکۆ) بە سەریا سەرکەوێ، ئەو قسانە بوون بە قەڵغانێکی وا هیچ تیغێک کاری تێ نەکا.

لەلایەکی ترەوە (ئەنفانتا) دەیزانی یەکێکی وەک (ڕۆدریکۆ) لەشەڕێکدا دوو پاشا بەند بکات، پاشایە بەڵام چقەی بەسەرەوە نییە... ئەی چی بکات دەبێ خۆی بدات... بەدەست چارەنووسەوە: (ڕۆدریکۆ) بۆ (جەمین) دروست کراوە.

(جەمین) وەک هەموو خەڵک چاوەڕوانی ئەنجامی موبارەزەکە دەکات، ئەوەندەی پێ نەچوو (سانکۆ) هاتەوەو شمشێرەکەی (ڕۆدریکۆ)ی لەبەر دەم (جەمین)دا دانا. جەمین کە چاوی بە شمشێرەکەی (ڕۆدریکۆ) کەوت ڕاپەڕی و بەهاوار کردن چووە لای پاشاو وتی: (باوکم چوو، دڵدارەکەشم چوو، چۆن ڕەوایە شوو بە خوێن ڕێژێکی وەک (سانکۆ) بکەم... چۆن ڕەوایە؟!).

پاشا بە هێمنی دڵی دایەوەو، وتی خەمت نەبێ (ڕۆدریکۆ) لەمن و لەتۆ ساغ ترە، ئەو سەرکەوتووە نەک (سانکۆ) بەڵام وەختی، کە (ڕۆدریکۆ) بەسەر (سانکۆ)دا زاڵ دەبێ نەی ویستووە بیکوژێ و پێی وتووە: چۆنت بکوژم کە تۆ لە پێناو (جەمین)دا خۆت بەخت کردووە، ئەو شمشێرەش کە سانکۆ لەبەردەمتیا داینا ئەوەکەی (ڕۆدریکۆ) بوو، بەڵام تۆ لە هەژمەتدا تێ نەگەیشتی وات زانی ڕۆدریکۆ کوژراوە، (سانکۆ) دانی بە شکاندنی خۆیا ناو، (جەمین) لە ڕۆدریکۆ مارە کراو، (ئەنفانتا)ی شازادە قۆڵی کرد بە قۆڵی (جەمین)داو بەناو کۆشک و سەرادا برا بۆ ڕۆدریکۆ)[1].

دراماکە تراژیدییە کەچی کۆتاییەکەی بە بەختەوەری هاتووە، بنیات نانی تراژیدیا بەو جۆرە بوو بە مایەی لێکۆڵینەوەو پرسیار کردن، ئەو لێکۆڵینەوەش وەک وتمان کۆرنای هۆشیار کردەوە.

کۆرنای جگە لە درامای ئەل سەید ئەم درامایانەی خوارەوەشی هەیە:

١- هۆراس Horace ١٦٤٠.

٢- سینا Cinna ١٦٤٠.

٣- پۆمپی pompee ١٦٢٤.

٤- ڕۆدۆجینی Rodogune ١٦٥٩.

٥- هیراقلیوس Heracliue ١٦٤٦.

٦- نیکۆمید Necomede ١٦٥١.

٧- ئۆدیپ Oedipe ١٦٥٩.

٨- سەرتریۆس Serturius ١٦٦٢.

٩- سۆفۆنیسبی Sophonisbe ١٦٦٣.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٨-٧٠



## ٢- جان ڕاسین ١٦٣٩-١٦٩٦ Jean Racine

خامەی ڕاسین نەشترێکی بڕەر بووە کە توانیویەتی خەزێنەی گەوهەری ئەدەب و هونەری فەرەنسی و سامانی نەتەوایەتی ئەو گەلە دەر دات و، بیکات بە ڕشتەی هەمە ڕەنگ و بیکا بە گەردنی بەرزی کۆمەڵداو بووکی ڕازاوەی هونەری کلاسیکی نوێی فەرەنسی پێ بنەخشێنێ.

کۆرنی ڕچەی بەرەو پێشەوە چوونی ڕێگای درامای شکاندبوو، خەڵکی ڕاست و پێچ و پەنای ڕێگەکەیان لا ئاشکرا ببوو... درامای (ئەل سەید) و (هۆراس) و (سینا) درەختێکی باڵابوون، سێبەریان بۆ هەموو وڵاتی فەرەنسا کردبوو، ڕەسەنایەتی درامای فەرەنسییان ڕەخساندبو، سنوورێکی دیاری کراویان بۆ درامای کلاسیکی دامەزاند، کە (ڕاسین) هاتە مەیدانەوە هەموو ڕوێکی دراما ڕۆشن کرابووەوە، بەڵام ئەم لە دراماکانیا چێژو حەزو ئارەزووەکانی خەڵکی لەتەک پەیڕەوکردنی بنەماکانی درامادا ئاوێتەی دەکردن و بەشێوازێکی ناسک و بێ گەرد و سفت و ڕەوان وەک ئەندازیارێکی کارامە قەڵای دراماکانی بنیات دەنان، دایلۆگەکانی کەبەهۆنراوە پلوورەیان دەبەست وەک تاڤگەیەکی خوڕی ناو گەرووی سروشت دەڕژانە ناو ئەستێلکی مەندی دراماکەوەو ڕووداوەکانی وەک گەردەلوول تووشی پاڵەوانەکانی دەکرد.

یەکەم بەرهەمی لە درامادا تراژیدیای (ئەندرۆ ماک Andromache ١٦٦٧) بوو، دراماکە لە پێنج بەش پێک هاتووە، هەموو بنەماو یاساکانی تراژیدیای کلاسیکی تیا هاتووەتە دی و جگە لە چوار پاڵەوان کەسانی تری تیا بەکار نەهاتووە... پوختەی دراماکە:

«(ئەندرۆماک ژنی هیتکۆرە، کە سەرکردەی لەشکری ترواده بوو، ئەو پاڵەوانە بوو کە زۆربەی پاڵەوانەکانی گریکی لە مەیدانی جەنگدا گلاند... هێتکۆر کوژرا، ترواده بەفێڵ گیرا، وا ئێستا ژنەکەی هیتکۆر و تاقە کوڕەکەی (ئەستیاناکیس) کە منداڵێکی کۆرپەیە بەندی (پیرلۆس)ن کە ئەمیش کوڕی گەورەترین پاڵەوانی گریکە کە (ئاخیل)ە... ئەم پاڵەوانە بەدەستی هێتکۆر کوژراوە، کوڕەکەی (پیرلیۆس) هێتکۆری لە تۆڵەیدا کوشتەوە، وا ژن و کوڕەکەی، بەندی ئەون، جگە لەوەش، وڵاتی (ئەبیر) دراوە بە (پیرلیۆس) و لەوێ پاشایە.

(پیرلیۆس) دەیەوێ (ئەندرۆماک) بکاتە ژنی خۆی، بەڵام ئەو مردنی لا گەلێ خۆشترە تا ئەو بەچاوی خۆی ببینێ... ئەی ئەو مێردی ئەوی نەکوشت؟

(ئۆریست)یش (هرمیون)ی خۆش دەوێ، ئەمیش (پیرلیۆسی) دەوێ و ڕکی لە (ئۆریست)ە.

ئۆریست لەلایەن گریکەکانەوە وەک پەیامبەرێک نێردراوە بۆ شاری (ئەبیر) هەتا کوڕەکەی هێتکۆر ببا بۆ گریکەکان بۆ ئەوەی بیکوژن و ڕک و دڵ و دەروونیان دامرکێتەوە، چونکە خوێنی چەندان پاڵەوانیان کە باوکی ئەو کوڕە کوشتوونی داوای خوێنی ئەو منداڵەیان لێ دەکەن، بەڵام (پیرلیۆس) ڕازی نابێ و کوڕەکە نادا بەدەستیانەوە، بەو نیازەوە بەڵکو ئەندرۆماک دڵی نەرم ببێ، بەڵام کە ئەمە دەزانێ لە کۆرپەکەی ورد دەبێتەوە هەموو ڕەنگ و ڕوخسارێکی باوکی تیا دەردەکەوێ گەلێ بەسەریا هەڵ دەداو دەیلاوێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی بۆ (پیرلیۆس) نەرم نابێ و خۆی دەدات بە دەم ڕۆژگاری چارەنووسەوە چی دەکا با بیکا.

کارەکەرەکەی ئەندرۆماک گەلێ سەرزەنشتی دەکاو پێی وا پەسەند دەبێ کە ئەگەر خۆی بکا بە هاوسەری (پیرلیۆس) کوڕەکەی لەدەست گریکەکان ڕزگار دەکا.

(هرمیون)یش هەروا خەریکە خۆی لە پیرلیوس نزیک دەخاتەوە، ئەویش تیری ئەندرۆماک لە دڵی چەقیوە هەر خۆی دوور دەخاتەوە (ئۆریست) مردووی دووچاوی کەژاڵی (هرمیون)ە، بەڵام هرمیون هەر ئاوڕی لێ ناداتەوە.

ئەندرۆماک دەچێتە سەر گۆڕی هیتکۆری مێردی و پەیمانی دەداتێ: کە تا مردن هاوسەرێکی بە وەفا بێ لەبەر خاتری کورپەکەی شوو بە (پیرلیۆس) دەکا، بەڵام پێش ئەوەی بچێتە پەردەوە، خۆی دەکوژێتەوە، ئاوا مەرج بۆ گیانی مێردەکەی دەکات.

(پیرلیۆس) کە زانی ئەندرۆماک دڵی نەرم بووە، بڕیاریدا، بیکات بە شا بانۆی خۆی و کوڕەکەی بکا بە جێنیشینی.

وا ئاهەنگ ساز دراوە، دەنگ بڵاوبوەوە کە (پیرلیۆس) ئەندرۆماک مارە دەکات، (هرمیون) بەرچاوی تاریک بوو ڕک و کینە دڵ و دەروونی کرد بە زاخاو پەنای بردە لای (ئۆریست) و داوای لێ دەکات کە ئەگەر (پیرلیۆس)ی بۆ بکوژێ لەتەکیا دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتی گریک و مێردی پێ دەکات... (ئۆریست) دەست بە جێ خواستەکەی پەسەند دەکات بڕیار دەدەن لە کاتی مارەکردنی (ئەندرۆماک)دا (پیرلیۆس) بکوژن و بەرەو وڵاتی گریک بگەڕێنەوە.

وا لە پەرستگادا، (پیرلیۆس) لەتەنیشت بووکی ڕازاوەیدا دانیشتووە، لە نێوان هەردووکیاندا (ئەستیاناکیس)ە. بە ئامادەبوونی ئەو هەموو موغان و خەڵکە، (پیرلیوس) پەیمانەکەی خۆی بەجێ دگەیەنێ و چقەکەی خۆی دەخاتە سەری (ئەندرۆماک) و کوڕە کۆرپەکەی دەکات بە جێنشینی لەم کاتەدا (ئۆریست) بە خەنجەر وەردەبێتە گیانی (پیرلیۆس) و دەیکوژێ و خێرا لەتەک (هرمیون)دا هەڕا دەکا، ئەوەندەی پێ ناچێ هرمیون بەخۆیا دێتەوەو (ئۆریست) بەنامەردو خوێن مژ دەداتە قەڵەم و پشتی لێ دەکا... (ئۆریست)یش شێت و لێوە دەبێ و بەناو دەشت و هەردەدا وێڵ دەبێ.

لە شاری (ئەبیر)دا تەنیا ئەندرۆماک و کوڕەکەی مانەوە، چقەی شاهانە بۆ خۆی کۆرپەکەی بە میرات بۆیان مایەوە).

ئەوەی لە دراماکانی ڕاسین سەرنج بدا، دەسەڵات و توانای ئەو زانایەی لە کۆڕی درامادا بۆ دەردەکەوێت» بەڵام ئەوانەی کە شارەزاییان لە زمانی فەرەنسیدا هەیە وتوویانە: دراماکانی ڕاسین لەبەر ئەوەی بە شێوەی هۆنراوەی سادەو ڕەوان نووسراونەتەوە، لە هەمان کاتیشدا ئاوێنەی بەرواژی کردنەوەی هەست و نەست و سروشتی ئەو کۆمەڵەن کە لەسەردەمی لویسی چواردەهەمدا ژیاون، کەواتە بەستەم لەبەرگی هاوچەرخیدا دەگونجێن و ڕایی دەبن، ئەمە لەلایەک و لەلایەکی ترەوە زۆربەی دراما ناودارەکانی یان بەناوی پاتەوانانی گریکەوەن یان پاڵەوانی مێژوویی ڕۆمانن، بەمە ویستوویەتی پێڕەوی گریک و ڕۆمانەکان بکات و ڕێبازی کلاسیکییەت بەپێی سروشتی مرۆڤی فەرەنسی تازە بکاتەوە، ئەمە جگە لەوەی، کە مەبەستێکی تریشی لە پەنای ئەو مەبەستانەدا هێناوەتە دی، ئەویش تێڕوانینێکی ترە لەمەڕ ئەو ڕاو بیرانەی کە درامانووسەکانی گریک و ڕۆمان بۆی چوون، بۆ نموونە لە دراماى (فیدرا)دا کە زانی (هێبۆلێت)ی زڕ کوڕی دڵی نەدایەو لێی تووڕە بوو، ئەوەندەی پێ نەچوو باوکی (هێبۆلێت) لەسەفەر گەڕایەوە، کارەکەرەکەی (فیدرا) دو زمانی و بوختانی پێ کرد کە گوایا خەریکی باوەژنی بووە: ئەویش دەری دەکات و ئەوەندەی نەخایاند فەوتا... (فیدرا) تووشی ئازاری دەروونی دەبێ، تا خۆی نەکوشت لەکۆڵی نەبووەوە، مەسەلەکە لەلای (راسین) ئازارە دەروونییەکەیە، نەک لەدەست دەرچوونی (هێبۆلێت) وەک یوریپیدیس بۆی چووە.



راسین جگە لە دراماى (ئەندرۆماک) ئەم درامایەنەشی هەیە، کە هەموویان وەک وتمان نموونەی ڕاستەقینەی دراماى کلاسیکی نوێن.

١- بریتانیکۆس Britannicus ١٦٦٩.

٢- بایەزید Baiazet ١٦٧٢.

٣- میتریدات Mithridate ١٦٧٣

٤- بیرینیس Berenice ١٦٧٠.

٥- فیدرا Phedre ١٦٧٧.

٦- ئەفیجینی Iphigenie ١٦٧٤.

راسین بەر لە کۆتایی ژیانی وازی لە دراما نووسین هێناو ڕووی کردە ئایین داری و خواپەرستی، لە ساڵی (١٦٩١)دا دوا دراماى بەناوی (ئاسالیا – Athalia) نووسییەوە، لەم درامایەدا وازی لە هەراو هۆریای جیهانی تراژیدیای پڕ بە فرمێسک و کوێرەوەری و خوێن ڕشتن هێنا، خۆی هاویشتە ناو جیهانی ڕووناکبیری و سازو ئاوازی پڕ سۆز و نەرم و نیانەوە، هەر چەند ئەم درامایەی لە کاتی خۆیدا کەس بایەخی نەدایە... بەڵام لەسەدەی نۆزدەمدا لای ئەوانەی کەپشتیان لەکلاسیکییەت کردبوو، پێیان وابوو دراماى (ئاسالیا) شاکاری (راسین)ە و کازێوەی هەڵهاتنی ڕێبازی ڕۆمانسییە.

## ٣-مۆلییر ١٦٢٢:

(جان بابتست پۆلان) کە بە مۆلییر ناسراوە لە ساڵی (١٦٢٢)دا، لە شاری پاریس لە دایک بووە، پیشەی باوکی بازرگانی و نیگارکێشی ناوەوەی خانوو بەرە بووە، دایکی لە ساڵی (١٦٢٢)دەمرێ، کە ئەو کات مۆلییر تەمەنی دە ساڵان بووە، لەنەوایی و میهرەبانی دایک بێ بەش دەبێ، باوکی لەپێناو پەروەردە بوون و پێ ڕاگەیاندنیا دریغی ناکا، لەساڵی (١٦٣٦)دا بۆ خوێندن ڕەوانەی کۆلیجی (جزویت)ی دەکات، ئەویش بە چالاکانە سنگ دەداتە بەر خوێندن، لەوێ شارەزایی لە ئەدەب و هونەری ڕۆمانی و گریکیدا پەیدا دەکات، هەر لەوێ شارەزای خو و نەریتی چینی ئۆرستۆکراتییەتی ئەو سەردەمەی فەرەنسا دەبێ، چونکە خوێندکارانی ئەو کۆلیجە زۆربەیان لەو چینە دەبن، لە هەمان خوێندنگادا لە خزمەتی ئەم دوو فەیلەسووفەدا: (جاسندی، دیکارت) داهۆشی دەکرێتەوەو بیرو ڕاکانیان کاری تێ دەکەن، دوای پێنج ساڵ خوێندن تەواو دەکا، بەڵام باوکی وای دانابوو خوێندنی باڵاش تەواو بکاو لەدوا ڕۆژدا خەریکی یاساناسی بێ، کەچی پاش تەواو کردنی خوێندنی باڵا مۆلییر پشتی لە یاساناسی کردوو ڕووی کردە هونەری شانۆ، دیار بوو لە ڕۆژانی منداڵییەوە کە لەتەک باپیریا - تاتەی باوکی - کە دەچوو بۆ دیتنی شانۆگەرییەکان، هەر لەو ڕۆژەوە ئارەزووی هونەری شانۆ دەروونی مەست و شەیدا کردبوو، بۆیە لەمە خوێندنی باڵای تەواو کرد داوای لە باوکی کرد ئەو بەشە پارەیەی کە لە دایکییەوە بە میرات بۆی هاتبووەوە بیداتێ.

لە ساڵی (١٦٤٢)دا بەو پارەیە تیپێکی شانۆیی پێک هێناو، چەند ئەکتەرێکی بەکرێ گرتن و دەستی دایە نواندنی شانۆگەری.

سێ ساڵی ڕەبەق، بەهەموو هێزو توانایەکییەوە، زۆر بە دڵسۆزانە هەوڵێکی بێ وچانیدا کە سەرکەوتنێکی چاک بۆ تیپەکەی بێنێ کەچی ئەو هەموو تێکۆشان و تەقەللادانە سوودی نەدا، ئەوەی هەیبوو هەمووی خەرج کرد لە کۆتاییدا دەستە پاچە بروو، جگە لەو شوێنەی کە تیپەکەی کاری تیا دەکرد

دەردەکرا... بەڵام ئەو ویستی پۆلایین بوو، مۆمێک بوو بۆ رووناک کردنەوەی شانۆ دەسووتا، وازی نەهێناو لێی پەشیمان نەدەبووەوە... بۆیە ناچار بوو بەخۆی و تیپەکەیەوە شاری پاریس بەجێ بێڵێ و ڕوو بکاتە شارەکانی تری فەرەنسا، ماوەی حەوت ساڵ پتر بوو لە شارەکانی تری فەرەنسادا شانۆگەرییەکانی دەنواند و دەیویست جەماوەرێکی پەرت و بەرین لە سەرانسەری فەرەنسادا بۆخۆی پێکەوە بنێ و تیپەکەی بباتە ڕیزی تیپە بەناوبانگەکانەوە لەو ماوەیەدا توانی ئەو ئامانجە بێنێتە دی تیپەکەی چووە ڕیزی تیپە ناودارەکانەوە، پاش ئەوەی خۆی و تیپەکەی لە شارەکانی ترا خۆیان لەو هونەرەدا قاڵ کردوو، بە تاقیکردنەوەیەکی سەخت خۆیان لە دڵ و دەروونی جەماوەردا چەسپان و بەرەو پاریس گەڕانەوە لەوێ ئەستێرەی نگینی لە کەلی سەرکەوتندا کەوتە درۆشانەوە، بەسەر ئەوانەدا کە ناحەزی بوون ئان بەر بەرەکانێیان لەتەک دەکرد زاڵ بوو کەسێتی ناو دراماکانی سەرنجی هەموو کەسێکیان ڕادەکێشا، بابەتەکانی لە ناخی کۆمەڵەوە دەهێنان ڕووداوەکانی هەموو ڕۆژ چەند جار پات دەبوونەوەو نامۆ نەبوون، دارێشتن و هەڵچنینی دراماکان لە پتەوی و مەحکەمیدا وەک قەڵایەکی سەخت وابوون، ئەندازیارێکی کارامە پێکییەوە نابوو، بەوا دەرکەوت مۆلییر هونەرمەندێکی ڕەسەن و بەدەسەڵات و هۆشیارە، سامانێکی فراوانی زمانەوانییە، ئۆستایەکی شارەزای درامایە، داهێنەرێکی بێ هاوتایە، شارەزای هەموو کون وکەلەبەرێکی سروشتی مرۆڤ و هەموو چینەکانی خەڵکە، وا هونەری شانۆ و درامای فەرەنسی گەیاندە پایەیەک مەگەر شەکسپیر، ئەو پایەی بۆ هونەر و درامای ئینگلیزی دامەزراندبێ[1].

لەنێوان هونەرمەندان و نووسەراندا، مۆلییر دەنگی دایەوە، لە ساڵی (١٦٥٨)دا لەلایەن (لویس)ەوە پشتگیری کرا لە کۆشکی (لۆڤەر)دا هۆڵێکی بۆ تەرخان کرا بۆ ئەوەی شانۆگەرییەکانی خۆی تیا بنوێنێ، ئەوەبوو لە ساڵی (١٦٥٩) لەوێ بۆ یەکەم جار درامای کۆمیدی: (خانە خۆ بەزل زانەکان - السیدات المتصنعات)ی نواندن، هەموو ئافرەتە خۆ بەزل زانەکانی کۆشکی لۆڤەری لەخۆی هوروژاند، وەک زەردەواڵە تەمووریان لێدا، ئەویش دڵی دانەوە کە مەبەستی ئەوان نییە، مەبەستی ئافرەتانی لادێیە، ئەوانە یان کە خۆیان بە شت دەزانن و شت نین[2].

مۆلییر قۆڵی هونەرمەندانەی بۆ هەڵماڵی و لە ساڵی (١٦٥٨)ەوە تا ساڵی (١٦٧٣) هێزی دانایی و بلیمەتی خۆی وەک هەوری بەهار گوڵاڵەی هەمە ڕەنگەی جیهانی درامای ئاو داشتەکردن و باڵای پێ کردن، لەلایەکەوە کارگێڕی تیپەکەی خۆی دەکرد، لەلایەکی تریشەوە، بەنووکی خامەکەی نازدارترین تابلۆی کۆمیدی ڕەخنەداری خەڵاتی گەلی فەرەنسی دەکرد لە ساڵی (١٦٧٣)دەوری پاڵەوانی درامای (بەخەیاڵ بیمار - المریض بالوهم)ی دەگێڕا، لە پڕ تووشی دەمارگرژی بوو، خێرا بردیانەوە بۆ ماڵی، خۆی پاش چەند ساتێک مرد.

تەمەنی لە پەنجا ساڵ پتر نەبوو، لەماوەی ئەو تەمەنەدا زنجیرە درامایەکی کۆمیدی هێنایە بەرهەم کە خاوەنەکەیان دەبەنە ڕیزی پێشەوەی نەمران و هونەرمەندان.

مۆلییر بە کۆمیدیاکانی توانی گەلێ ڕووی نهێنی کە لە دەروونی مرۆڤدا هەیە وەک هێلکەی پاککراو بخاتە بەرە دەستی جەماوەر و بڵێ: ئەمە چەند لایەنێکی هەبوونی مرۆڤە لە هەندێ کەساندا پەنهانەو لە هەندێکی ترا دیار و ئاشکرایە، بەڵام مانای ئەوە نییە ئەو نیشانانە تایبەتن بە هەندێکەوە و لەوانی تردا نین، نەخێر مرۆڤ لەچەندان ڕووی تایبەتی پێک هاتووە، ئەگەر دەتەوێ بەوە پێکەنی وەرە تەماشای ناو

(١) مدرسة الازواج وسجاناريل - تأليف: موليr ترجمة د. حسن عوض ل١١.
(٢) المسرحية العالمية - الجزء الثاني - الارديس نيكو - ل١٢٧.



تان و پۆکەی هەبوونی خۆشت بکە چی دەبینی؟ لێرەدا مۆلییری بلیمەت توانی پێکەنینی سەرزارو لێو بخاتە ناو کرۆکەی دڵەوە، وەرە درامای: (ڕژد - پیسکەی تەرپیر) بخوێنەوەو ئەوجا شۆڕ بەرەوە بەرەو دەروونی خۆت، چەندان نەنگ و نیشانەی ئەو کابرا ڕژدە لەلای خۆت دەس دەکەوێ؟

وێڕای گەلێ بابەت و هونەری نوێی درامای کۆمیدی کە مۆلییر بە داهێنەریان دەژمێردرێ، وێڕای ئەوانیش ئەو بلیمەتە توانی لەو کاتەدا تای ترازووی کۆمیدیا بەسەر درامای تراژیدیادا لارە سەنگ بکات و بیکات بە پێشڕەوی هەموو دراما.

زۆربەی دراماکانی مۆلییر بەهۆنراوە دارێژراون، جگە لە درامایەکی نەبێ تراژیدییە کە ناوی (شازادەی بەناموسە)، ئەوانی تر هەموو کۆمیدین، وا لە خوارەوە ناوی هەندێ لە کۆمیدیاکانی لەگەڵ ساڵی نواندنەکەیدا دەخەینە ڕوو:

١- کابرا وڕەکە - الذاهل ١٦٥٣.
٢- خانمە خۆ بەزل زانەکان ١٦٥٩.
٣- سجا ناریل ١٦٦٠.
٤- بنکەی ژنهێنان ١٦٦٠.
٥- بەخورتی شوودان ١٦٦١.
٦- تراتۆف١٦٦٤.
٧- دون جوان.
٨- دکتۆری بەخورتی ١٦٦٦.
٩- پیاوە ڕژدەکە (پیسکەی تەرپیر) ١٦٦٨.
١٠- بەخەیاڵ بیمار ١٦٧٣.

پاڵەوانی دراماکانی هەموو نمونەی ڕاستەقینەی ئەم کەسانەن: دوو ڕوو، ڕژد، بۆختان کەر، دزۆک، نەگریس، چەتوون، چەنە باز، فێڵباز، تەڵەک باز، بەفیز، ڕەشبین، گۆشەگیر، گاڵتەچی، خوێڕی، نەفام و بێ ئاوەزو[1].

## دراماو بزووتنەوەی داهێنان

دراماکانی کۆرنی و ڕاسین و مۆلییر بناغەیەکی پتەویان بۆ ڕێبازی کلاسیکی نوێ - ڕێبازی شوێنکەوتەی کلاسیکی ـ دامەزراند، ئەو سێ کەڵەسوارەو درامانووسەکانی تریش لەو ڕێبازە لایان نەدەدا.

پاش ماوەیەک، هێدی هێدی خەڵک لەو ڕێبازە ورس بوون و لەداوێنی ئەودا لە ساڵی (١٨٢٠)دا بزووتنەوەی داهێنان بەسەردەستی ئەم دوو هونەرمەندەدا (مدام ستیل) و (هۆگۆ) بەرپابوو، مەبەستی سەرەکی ئەم ڕێبازە نوێیە، ئەگەر بەشوێن سەرچاوەی سرۆش و کانزای نوێی هونەر و ئەدەبدا گەڕان بوو... هەوڵ دانێکیش بوو بۆ نوێ بوونەوەی هونەری شانۆ و بەرزکردنەوەی پلەی پەخشان، ئەم ڕێبازە ئەوەندە بەگوڕ هاتە پێشەوە لە قاوڵغی هونەر و ئەدەبدا نەمەیی بەڵکو چووە قاڵبێکی فەلسەفییەوە.

ئەو کاتەی ئەم ڕێبازە پەیدا بوو جگە لەدروشمی (سەربەستی) خەڵک لە هەموو دروشمێکی تر بێزار

(١) مدرسة الازواج او سجاناريل: تأليف: موليير - ترجمة د. حسن عوض ل٢٧-٣٠.

ببوون، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئەم ڕێبازەدا وڵاتی فەرەنسا لەناو وڵاتەکانی ئەوروپادا سام و سەیبەتێکی پەیدا کردبوو، لە هەما کاتیشدا هونەرو ئەدەبی ئینگلیزی لێشاوی بەرەو وڵاتی فەرەنسا هاتبوو، لەپێشەوە هێمامان بۆ ئەوە کرد کە هونەر و ئەدەبی ئینگلیزی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئەلیزابیسدا پشتی لە کلاسیکییەت کردبوو و بەرەو داهێنان و ئاسۆیەکی نوێ تر هەنگاوی دەنا، ئەم هەل و مەرجانەی کە وتمان ئەوەندەی تر پاڵپشتی ڕێبازی (داهێنان)یان بەهێز تر کرد.

لەنیوەی دووەمی سەدەی هەژدەمدا شۆڕشی فەرەنسا بەرپابوو، فەرمانڕەوایی وڵات کەوتە دەست چینی ناوەند و پیشەداران، گەل بوو بە سەرچاوەی هەموو ماف و دەسەڵاتێک، ژیانی تێکڕای مرۆڤیش بوو بە کانگای هەموو سروش و ئیلهامێکی هونەری و ئەدەبی، ئەدەب و هونەریش ئاوێنەی باڵانمای سەرجەمی خەڵک بوون، ئەمیر و پاشا و سپاسالاران و سەروەرانی ناو کۆشک و تەلار کەلەلا بوون، هۆش و هزر بەسەر دڵ و دەروونیدا زاڵ بوون.

درامایش بەدەم ئەو هەموو ئاڵ و گۆڕەدا چوو، ئەم بەدەم چوونەوە دەروازەی جیهانێکی بەرفراوان و بێ سنووری لەبەدرەم هونەرو ئەدەب و فەلسەفەدا کردەوە.

# شانۆی عەرەبی

## ١- پەیدا بوونی شانۆ لە عێراقدا...

شانۆی عیراقی لە بارەی سەرهەڵهێنانی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم... بەتایبەتی بۆ ساڵی (١٨٨٠)، شوێنی یەکەم بزووتنی شانۆی عیراقی شاری (موسڵ)ە... دیارە شاری موسڵ زەمینەیەکی لە بارو بەپێز بووە بۆ ئەوەی بزووتنەوەی شانۆگەریی عیراقی بیکات بە لانەی پەروەردەبوون و ئاماڵاندنی خۆ، ئەم هۆیانە بوون بە مایەی سەرهەڵهێنانی:

١- بوونی کنیسە و ئەو قوتابییانەی کە سەر بە کنیسە بوون، ئەوە بوو لە پێشەوە لە باس کردنی شانۆی ئینگلیزیدا وتمان کنیسە لە سەدەی پانزەهەمدا بۆ ڕوون کردنەوەی بڕێ لە پەندەکانی ئینجیل و لە بۆ ڕێنموونی کردنی خەڵک جۆرە شانۆگەرییەک بۆ ئەو مەبەستە هاتە ئاراوە، ئیتر نواندنی ئەو جۆرە شانۆگەرییانە وەک نەریتێکی ئایینی لێ هات... ئەو قوتابییانە کە لە کنیسەکانی دۆمەنیکانی موسڵدا دەیانخوێند، ئەوانەیان کە زیرەک و چەلەنگ بوون ئەو کنیسەیە بۆ خوێندن و زێدە ڕووناکبیری ئایینی ڕەوانەی لوبنان و پاریس و ئیتاڵیای دەکردن، لەوێ خوێندنیان تەواو دەکرد و شارەزای ئەدەب و هونەری ئەو وڵاتانە دەبوون و دەگەڕانەوە، هەوڵیان دەدا کە کنیسەکانیان وەک کنیسەکانی ئەوێی لێ بکەن، هەم شوێنی خوا پەرستی و هەم شوێنی ڕووناکبیری بن، ئیتر نەکنیسە ترێزی لە شانۆگەری دەکرد، نە ئەو قوتابییانە بە شتێکی نەشیاویان دەزانی، بەڵکو بە پێچەوانەی ئەمەوە ئەوان نەبوونی ئەو هونەرەیان بە جۆرە کەم تەرخەمییەک دەیان دایە قەڵەم.

دووەم: ئەو کاتە، واتە لە سەدەی نۆزدەهەمدا شاری موسڵ بنکەی (رابەرە فەلەکان)ی ئەوروپا بووە[١].

(فەلە دۆمەنیکان)ەکان بۆ ڕابەری کردنی دەست و پەیوەندەکانیان پەنایان دەبردە بەر نواندنی ئەو

(١) گۆڤاری هەولێر - ل٢١٢ - وتاری نووسەر، لەسەر شانۆگەری لە عیراقدا.



چیرۆکە ئایینییانە کە لە ئینجیلەکاندا بوون...

هەندێ جار سەرپەرشتی کردن و نواندن و دەرهێنانی ئەو چیرۆکە ئایینییانە لەلایەن قەشە لوبنانییەکانەوە دەبوو کە: (ڕابەری فەلەکان بوون).

هەندێ جاریش قەشە عیراقییە موسڵاوییەکان - ئەوانەیان کە لە دەرەوەی عیراقدا خوێندنیان تەواو کردبوو - شانۆگەرییەکانیان ساز دەکردن.

سێیەم: شاری موسڵ لە بارەی بازرگانییەوە، شاری حەڵەبی بە شاری ئەستەمبۆڵی پایتەختی عوسمانلییەکانەوە دەبەست و ببوو بە کاروان سەرای نێوان شام و ئەرزەڕۆم، کە ئەمە زەمین خۆشکەرەیەکی لە بار بوو بۆ پەیدا بوونی هەموو جۆرە هونەر و ئەدەبێک. جگە لەوەش شاری موسڵ ناوەندی خڕبوونەوەی چەندان نەتەوە بووە جگە لە کورد و عەرەب و ئاشووری تیابووە کە ئەمە خۆشکردنی زەمینەی هێنانە ئارای هونەری شانۆیە...

مێژووی پەیدا بوونی شانۆی عەرەبی وا دەگەیەنێ کە جاروبار هەندێ تیپی شانۆیی لە شام و حەڵەبەوە هاتوون لە شاری موسڵدا تەمسیلیان کردووە[١].

چوارەم: لەبەر ئەوەی شاری موسڵ لە چەندان نەتەوەو خەڵکی سەر بە ئایینی جۆراو جۆر پێک هاتبوو، وە نەبێ وەک شارەکانی تری عیراق لە خەڵکێکی سەر بەیەک ئایین یان سەر بە یەک نەتەوە بێ، ئەمەش هۆیەکی تری لە بار بوو بۆ پەیدا بوونی شتێکی نوێ بەبێ ئەوەی خەڵک دژی ڕاپەڕن، هەر بەرەیەک هەر گرۆیەکی سەر بە ئایین و ڕێبازی ئایینی جۆرە داب و نەریتێکی تایبەتی خۆی هەیە و پێ بەندییەتی لەم جۆرە کۆمەڵگایەدا تەلەزەی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی خەڵک شەکەت ناکات و جۆرە بەربڵاوییەک لەبەر دەم خەڵکدا دروست دەبێ، شتی نوێ و تازەش لەو جۆرە زەمینانەدا بە ئاسانی چەکەرە دەکێشێ و بەبێ ترس دەگەشێتەوە.

ئەو هۆیانەی سەرەوە بە تێکڕایی بارو دۆخێکی لە بار بوون بۆ گەشەکردنی و سەوز بوونی کشتەی هونەری شانۆگەری... ئەمە جگە لەوەی گەلێ لە ڕووناکبیرانی عیراق بە گشتی و هی موسڵ بەتایبەتی بۆ خوێندن و فێربوون دەچوونە ئەستەمبوڵی پایتەختی عوسمانلی ئەوکاتە خەڵکی ئەویش لە تەک هونەر و ئەدەبی ئەوروپاییدا ئاشنا ببوون... ئیدی تەمسیل کردن لە لای قەشە دۆمەنیکانەکانی موسڵ باوی سەند و شتێکی پەسەند بوو... تا لە دەورو بەری ساڵی (١٨٨٠)دا هونەری شانۆگەری هەنگاوێکی مەحکەمی بەرەو خۆچەسپاندن نا، لەو ساڵەدا (حەننا حەبەش) کە قەشەیەکی دۆمەنیکان بوو سێ شانۆگەری نووسیوەو بە چاپی گەیاندوون[٢] کە ئەمانەن: (کومیدیة ادم و حواء ...کومیدیة یوسف الحسن... کومیدیة طوبیا)[٣]. دیارە مەبەستی لە وشەی (کۆمیدیە) شانۆگەری بووە نەک مانا ڕاستەقینەکەی کۆمیدیا. چاپدانی ئەو سێ شانۆگەرییە جگە لەوەی ئەوە دەگەیەنێ کە شانۆ لەو کاتەدا پێڕۆکە بووەو ویستوویەتی ڕەوت بکات، ئەوەش دەگەیەنێ هونەری شانۆ وەک بەشەکانی ئەدەب بافتی ئەوەی هەبووە وەک درامایەکی زەینی بخوێنرێتەوە... هەروەهاش بووە بە بەڵەدییەک بۆ ڕێ پیشاندانی دراماکانی تری پاش خۆی و بەرەو بڵاوبوونەوەو چاپ.

(١) المسرحية العربية في العراق - الجزء الثاني د.عمر الطالب - ل٦.

(٢) ئەو سێ شانۆگەرییە لەو ساڵەدا لە چاپ دراون، بەڵام نازانرێ ئایا لە پێشەوە تەمسیل کراون ئەوجا لە چاپ دراون؟ یان بە پێچەوانەوە.

(٣) المسرحية العربية في العراق ـ الدكتور علي الزبيدي - ل٤٥.

له ساڵی (١٨٨٦)دا: (هرمز نورسو الكلدانی الماردینلی) شانۆگەرییەکی لەژێر ناوی (نبوخد نصر) دانا و لەساڵی (١٨٨٨)دا لەسەر شانۆی فێرگەی (الاکلیرکیة) تەمسیل کرا، دراماکە دەربارەی پەلامارەکەی نبوخەت نووسەر، دەدەوێ کە چۆن پەلاماری شاری ئۆرشەلیمی داو داگیری کردو هەموو جووەکانی بەدیل گرتن.

کەواتە بزووتنەوەی شانۆگەریی عیراقی لە موسڵەوە دەستی پێ کردووەو فەلەکانی ئەوێ تۆوی ئەو هونەرەیان چاندووە.

وەنەبێ قەشەکانی موسڵ داهێنەری ئەو هونەرە بن، بەڵکو ئەوانیش چاولێکەری ئەو داب و نەریتەیان کردووە کە لە زووەوە لە ناو کنیسەدا ببوو بە نەریتێکی ئایینی... هەر جۆر بێ سەرەتای پەیدا بوونی دراما و شانۆگەریی عیراقی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی هەژدەم بۆ شاری موسڵ.

لەسەدەی نۆزدەهەمدا عەرەبەکان لە تەک ئەدەب و هونەری ئەوروپاییدا ئاشناییان پەیدا کرد، هەندێ ڕووناکبیرانی عەرەب بە هۆی فێربوونی هەندێ لە زمانە ئەوروپاییەکانەوە هەستیان بەوە کرد کە زۆر لایەنی ئەدەبی و هونەری هەن لە ئەدەبی عەرەبیدا نین کەچی لە ئەدەبی فەرەنسی و ئینگلیزدا لە زووەوە پەرەیان سەند بوو ئەوانە دەستیان دایە وەرگێڕان و هونەر و ئەدەبی عەرەبیان بەو جۆرە دەوڵەمەند کرد.

لەو وەرگێڕانەدا بایەخی سەرەکیان خستە سەر شانۆگەری و ڕۆمان... بە ڕێگەی چاپ کردنی کتێب و دەرچوونی گۆڤار و ڕۆژنامەوە، بۆ یەکەم جار گوێیان بە ئەدەبی ڕۆمان و هونەری دراما زرنگایەوە... بزووتنەوەی وەرگێڕانەکە لە سوریا و لوبنانەوە دەستی پێکرد... ڕووناکبیران و خوێندەوارانی عیراقیش بەهۆی خوێندنەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە لوبنانیانەوە وردە وردە بەهونەری شانۆ ئاشنا بوون... هەندێ جاریش عیراقییەکان خۆیان ڕاستەوخۆ برێ لەو درامایانەیان وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی، لەمەشەوە زمانەکە ڕاهێنرا کە بۆ دراما و شانۆگەری دەست بدات، هەندێ جاریش کە دراماکە دەکرایە عەرەبی ناوی کەسانی ناو دراماکەش بە عەرەبی ناو دەنران و عەگالیان لەسەر دەنان.

بزووتنەوەو وەرگێڕان و ئاشنایی بوون لە تەک ڕۆشنبیری ئەوروپاییدا تین و تاوێکی بەگریک بوون بۆ ڕەواندنی بزووتنەوەی شانۆگەری عیراقی...

لەم بارەوە (توفیق الحكیم) دەڵێ: (کورتە چیرۆک و ڕۆمان لە ئەدەبی عەرەبیدا وەنەبێ بناغەیەکی ڕەسەنیان داکوتابێ، بەڵکو ئەو جۆرە هونەرە لەبەر تین (تأثیر)ی ئەدەبی ئەوروپیدا پەیدا بوون... هەروەها هونەری شانۆیش لە وڵاتی عەرەبدا بەو تینە پەیدا بووە)[1].

ئەو بزووتنەوە تا دەهات پەرەی دەسەند... هێشتا سەدەی نۆزدەهەم کۆتایی نەهاتبوو، دوو فەلەی ڕووناکبیری ناوچەی موسڵ جەڵەوی پێشڕەوی شانۆیی عیراقیان گرتە دەست: یەکێکیان ناوی: (نعوم فتح الله سحار) و ئەوەی تریان: (حنا ڕسام) بوو، ئەم دوو ڕووناکبیرە لەبەر دەستی قەشە دومەنیکانەکاندا پەروەردە ببوون و لە قوتابخانەی: (الاکلیرکیة)ی سەر بەکنیسەی فەلەکانی ئەوێدا خوێندنیان تەواو کردبوو.

(نعوم فتح الله سحار) لە ساڵی (١٨٩٣)دا شانۆگەری (لطیف و خۆشابا)ی نووسییەوەو بە چاپیشی گەیاند: بەڕای توێژەران ئەو شانۆگەرییە نعوم فتح الله لە دەسکاری کردنی شانۆگەرییەکی فەرەنسییەوە کە هی (مادام دی بۆفوار)ە دەری هێناوەو کردوویەتی بە عەرەبی[2].

(١) توفیق الحكیم - اسماعیل ادهم ل١٦.

(١) المسرحیة العربیة العراقیة - الدکتور علي الزبیدي ل١٨.



هەر جۆر بێ شانۆگەری (لطیف و خوشابا) بەسەرەتای پەیدا بوونی درامای عیراقی دەزانرێ، نەک بە سەرەتای شانۆگەری، چونکە وەک زانرا شانۆگەریی ئایینی کە لە کنیسەکاندا سەری هەڵدا گەلێ لە پێش چاپدانی شانۆگەرییەکەی نعوم فتح الله بوو، بەڵام چونکە زۆربەی دەقەکان دەفەوتان ئێدی پاش نواندنیان هیچ شوێنەواریان نەدەما... هەر لەبەر ئەوە بوو (لطیف و خۆشابا) بە نۆبەرەی یەکەمی دراما دەدرێتە قەڵەم، هەر لەبەر ئەوەشە کە لێکۆڵەرانی درامای عیراقی ئەو بایەخەیان پێ داوە.

دراماکە خۆی یەک زنجیرەیەو جگە لە پێشەکییەکەی لە چل دیمەن پێک هاتووە، لە بارەی ڕەواڵەتی دەرەوە بە شێوەی عەرەبی جلفی موسڵاوی و هەندێ جاریش بە عەرەبی پەتی نووسراوەتەوە... لە بارەی ناوەرۆکیشەوە، وێنای بەربەرەکانێی نێوان چینی چەوساوەو دەرەبەگ دەکێشێ...

کەسانی ناو دراماکە نوێنەری ئەو دوو بەرەی ناو کۆمەڵن:

(لطیف و باوکی لطیف - یوسف بەگ - سەر بە بەرەی دەرەبەگ و ئۆرستوکراتن... خۆشابا و باوکی - بتۆ - سەر بە چینی جوتیار و چەوساوەن)...

دایکی خۆشابا دایەنی «لطیف»ەو لە ماڵ یوسف بەگە لە شار... یوسف بەگ ئادەمیزادێکی سەرگەردانە: نازانێ بەگوێی عەقڵ و ژیری بکات کە پێی دەڵێ: هەموو مرۆڤ وەک یەکن... یان بە دوای هاز و سۆزی دڵدا بڕوات کە داوای پێ بەند بوونی خوو خدەی ئۆرستوکراتییەتی لێ دەکات!...

هەروەها کوڕەکەی: (لطیف) خۆی بە زل دەزانێ و جگە لە خۆیان ئەو و ئەمی پێ کەمن و لای وایە هەموو بۆ خزمەت کردنی ئەو دروست کراون و گاڵتەش بە زانست و زانیاری دەکات و پێی وایە کۆشک و تەلار و سامان دوا مەبەستی هەموو شتێکە!.

ئیتر خۆشابای کوڕی (بتۆ) کە برای شیرییەتی دەداتە بەر تانەو تەشەری سوێر و گاڵتەی پێ دەکات، چونکە کوڕە جوتیارەو خەڵکی لادێیە.

خۆشابا گەلێ پەست دەبێ و داوا لە باوکی دەکات کە بگەڕێنەوە بۆ گوندەکەی خۆیان، هەر دووکیان ماڵی یوسف بەگ بە جێ دەهێڵن و بەدڵ تەنگییەوە بەرەو گوندەکەیان دەگەڕێنەوە... یوسف بەگ بەو گەڕانەوەی خۆشاباو باوکی دڵگران دەبێ و دەشزانێ خەتای کوڕەکەی بوو...

(لطیف) لەلە(١)یەکی هەبوو[1] ئەو لەلەیە داوا لە یوسف بەگ دەکات کە وا بکات (لطیف) بەزەیی بە جوتیار و خەڵکی گوندانا بێتەوە، وا بخرێتە دڵییەوە کە خۆیشی لە ڕاستیدا خەڵکی گوندانە و نەوەی جوتیارانە و باوکی ڕاستەقینەی (بتۆ)یە و خۆشاباش کوڕی ڕاستەقینەی خۆیەتی... چونکە دایکی خۆشابا کە هەردووکیانی بەخێو کردووە لەوەختی لە دایک بوونیاندا گۆڕیونی، ئەوەیان کە کوڕی ڕاستی (بتۆ) بووە کردوویەتی بە کوڕی یوسف بەگ، ئەوەش هی یوسف بەگ بووە کردوویەتی بە هی (بتۆ)... کەواتە ئەو کوڕی (بتۆ)یەو خۆشابا کوڕی ڕاستی یوسف بەگە...

لطیف لە پێشەوە بڕوا ناکات، بەڵام کابرای لەلەی چیرۆکێکی بۆ دەخوێنێتەوە، لەو چیرۆکەدا هەمان ئاڵ و گۆڕ بەمنداڵان کراوە...

ئەویش بڕوا دەکات و دەزانێ کە باوکی ڕاستی (بتۆ)ی جوتیارە، لەمەوە بە ڕێزەوە تەماشای جوتیاران دەکات و لەو کارانە کە سەبارەت بە جوتیاران کردی پەشیمان دەبێتەوەو دەیەوێ بڕوا بۆ لای (بتۆ)ی باوکی، بۆ ئەوەی داوای لێ بووردنی لێ بکات... کە کابرای لەلە دەزانێ نەخشەکەی سەری گرت

(١) لە... بەو کەسە دەوترێ کە چاودێری منداڵان بکات واتە خزمەتکاری تایبەتی منداڵە ئاغا و بەگ...(ن)

و (لطيف) گۆڕدرا... ئەوجا پەردەی پیلانەکەی بۆ (لطيف) لادەداتەوەو دەڵێ: بۆیە ئەو نەخشەیە دانا تا بەو جۆرە پەروەردەی بکات کە بەزەیی بە جوتیار و ڕەش و ڕووتدا بێتەوە... بەو جۆرە دراماکە کۆتایی پێ دێ و بینەرانیش دڵیان خۆش دەبێ، هەر یەک ڕێ و جێی خۆی دەگرێتەوە...

لە ساڵی (١٩٠٠)دا (نعوم فتح الله) ئەمری خوای کرد، پاش مردنی ئەو بە یانزە ساڵ یەکێک لە قوتابییەکانی کە (حنا رسام) بوو، لە جێگەی ئەو لە هەمان فێرگەی (الاكليركية) کرا بە مامۆستای دەرز وتنەوە، ئەو ڕێبازەی کە مامۆستاکەی لەسەری بوو بەری نەدا، بەتایبەتی لە بواری هونەری شانۆگەریدا لە کوێدا مەرگ داوی درامای لە مامۆستاکەی پساند هەر لەوێدا ئەو وەک قوتابییەکی بە وەفا بۆی گرێ دایەوە... ئەوە بوو لە ساڵی (١٩١٢)دا درامای (البرىء المقتول)ی نووسییەوەو تەمسیلی کرد، لە ساڵی دواییدا هەمان دراما دووبارە تەمسیل کرایەوە، بەڵام ئەمجارەیان ناوی دراماکەی نا (لوجه الله الكريم)... دراماکەی (حنا رسام) لە بارەی ڕوخسارەوە وەک درامای (لطيف و خوشابا)ی نعوم فتح الله وابوو.

کەسانی ناو دراماکە ئەوانەیان کە نیمچە خوێندەوارو خۆیان بە زانا دەزانی و پەروەردەی ناو شار بوون بە عەرەبی پەتی قسەیان کردووە، ئەوانەش کە جوتیار و پاڵەو کاسبکار و کرێکار بوون، هەر یەک بە شێوە زمانی خۆجێییەتی خۆی دواوە.

بەتایبەتی قسەکردنی (قۆجە علو) کە پیاوێکی کوردە و پاڵەیە، بە کوردییەکی نیمچە عەرەبی قسەی کردووە، لە شێوەو گفتوگۆیدا وەک (بتۆ)ی ناو درامای (لطيف و خۆشابا)یە.

درامای (البرىء المقتول) یان بڵێین (لوجه الله الكريم) لە بارەی ڕوخسارەوە باسی جیاوازی و ناکۆکی ناڵەبار لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا دەکات... پاڵەوانی دراماکە ناوی (مندوب)ە، خۆی و برادەرەکانی کە هەموو ڕەش و ڕووتن و چەوساوەن لە میری یاغی دەبن و سەر بۆ یاسا دانانەوێنن و داوای مافی ڕەوای خۆیان دەکەن، برادەرەکانی (مندوب) هەر یەکێکیان سەر بە کۆمەڵێکە، یەکێکیان کوردێکی جوتیار ئەویتر کوردێکی یەزدییە، یەکێکی تریان عەرەبە، ئەویتر فەلەیەکی هەژارە کە هەموویان نموونەی پێکهێنانی کۆمەڵی عێراقن و دژ بە میری ئەو کاتە ڕاوەستاون کە حکومەتی عوسمانلییە(١).

(حنا رسام) جگە لەو شانۆگەرییەی سەرەوە گەلێ شانۆگەری تری نووسیوە، کە ئەمە ناوی هەندێکیانە:

* القرط الذهبي - ١٩٢٩
* رُسول الاكواخ - ١٩٢٥
* فلسطين المجاهدة - ١٩٣٩
* احدوثة الباميا - ١٩٣٠
* الكونت سيليونسكي - ١٩٢٥
* الرجل النموذجي - ١٩٣٠
* ثمن الملكة - ١٩٢٥

(١) نووسینی (نامق کمال) نووسەرێکی تورکە...: تەماشای: المسرحية العربية في العراق - الدكتور علي الزبيدي - ل٧٠ بکە، هەروەها: المسرحية العربية في العراق ـ الجزء الثاني - و: عمر الطالب - ل٣٨.



* الغرباء - ١٩٣٠... هی تریش...

هێشتا سەدەی نۆزدەهەم تەواو نەبوو بوو، ئەو جوڵانەوەی کە شانۆگەری لە موسڵدا هەیبوو بەرەو بەغدا کشاو گەیشتە ئەوێ، ئەوانەی کە نگابانی ئەو بزووتنەوەیان لە موسڵ کرد هەر ئەوانیش بوون دەست پێشخەری نواندن و تەمسیل کردنیان لە شاری بەغدا کرد، لەوێش برا فەلەکان لە فێرگەکانی خۆیان هەمان هونەریان ساز دا.

لە ساڵی (١٩٠٨) بۆ یەکەم جار شانۆگەریی: (شهيد الدستور مدحت پاشا) تەمسل کرا، دراماکە لە زمانی تورکییەوە کرابووە عەرەبی، هەروەها لە هەمان ساڵدا شانۆگەری (سلسترا) (١) کە ئەمیش هەمدیسان لە تورکییەوە کرابوو بە عەرەبی لە فێرگەی (الكلدانيه)دا لە بەغدا نوێنرا...

پاش ئەم دوو شانۆگەرییە وردە وردە شانۆگەری لە قوتابخانەکاندا لە بەغدا لە ساڵەکانی (١٩٠٩-١٩٢٠)دا پەرەی سەند... گەلێ لەو شانۆگەریانە لە درامای فەرەنسییەوە وەردەگیران...

لە ساڵی (١٩١٩)دا تیپی سپای ئینگلیزی گەلێ شانۆگەری ئینگلیزی بۆ خەڵک نواند... (١).

لە پاش نواندنی زنجیرە شانۆگەرییەکی ئایینی و قوتابخانەیی لە موسڵ و بەغدا، خەڵک ئالوودەی هونەری نواندن بوون، هەر بە مەبەستی ڕەوشت باشی و فێربوون و ڕابواردن، شانۆ و شانۆگەری بوون بە هۆی چەسپاندنی ئەو مەبەستانە: ئەمە جگە لەوەش کە هەر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە لە موسڵ و بەغدا چەندان شانۆگەری ئۆپەرێت ئامێز لە فێرگە ئایینییەکانی فەلەکاندا دەنوێنران... ئەم جۆرە ئۆپەرێتانە جۆرە ڕێ خۆشکەرەیەک بوون بۆ پەرەسەندنی شانۆگەری لە موسڵ و بەغدادا لەمەوە ئەم ڕاستییە ئەنجام دەدرێ: شانۆگەری لە عێراقدا لە پەنای کنیسەدا خۆی مشت و ماڵ داوەو ئەوجا هاتووەتە مەیدان.

لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا، هێشتا عێراق لەژێر چەپۆکی عوسمانلییە داگیرکەرەکاندا بوو، چەندان کۆمەڵەو گرووپی ئەدەبی و هونەری لە موسڵ و بەغدا و شارەکانی تری عێراق پێک هاتن، مەبەست لە پێک هاتنیاندا گەشانەوەی گیانی نەتەوایەتی وبڵاوکردنەوەی ڕووناکبیری بوو زاناو خوێندەوارانی ئەوکاتە لەوی خڕ دەبوونەوەو کۆڕی ئەدەبی و ڕووناکبیریان دەبەست، باسی ئایین و باری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەکران... پاش هاتنی ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و دەرچوونی عوسمانلییەکان، لە شاری موسڵ (نادي الانتباه العربي) و لە بەغدا (المعهد العلمي) دامەزران، ئەم دوو یانەیە دەستێکی باڵایان هەبوو لە ڕازاندنەوەی کەژاوەی شانۆگەری لە عێراقدا... ئەو کاروانەی کە لە بیستەکانی ئەم سەدەیەوە کەوتووەتە ڕەوت، تا ئێستاش هەر ڕەوتی خۆی تێک نەداوە؛ بەڵام تا بەرەو پێشەوە بڕوا قەبەتر و بەگوڕتر دەبێ...

لەنێوان ساڵەکانی (١٩٢١ - ١٩٢٥)دا، بزووتنەوەی شانۆگەری پەرەی سەند، ئەو جەماوەری کە جاران تەنیا لە گۆشەی کنیسەکاندا سەیری نواندنیان دەکرد، پاش دامەزراندنی حکومەتی نیشتمانی لە ساڵی (١٩٢١) ئەو جەماوەرە وا فراوان بوو ڕووبەرەکەی هەموو شاری موسڵی گرتەوە، موسڵمانەکانیش لە هونەری شانۆ نزیک بوونەوەو بۆیان دەرکەوت ئەو هونەرە نەک زەرەری بۆ ئایین نییە بەڵکو گەلێ سوودی ئایینیشی هەیە، ئیتر ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خەڵک ڕوویان تێ دەکرد و چێژیان لێ وەردەگرت.

تا لە ساڵی (١٩٢٧) تیپی (الفرقة التمثيلية الوطنية) بۆ یەکەم جار لەشاری بەغدا دامەزرا، گەلێ لە ڕووناکبیرانی بەغدا وەک ئەندام چوونە ناو ئەو تیپەوە، لە ساڵی (١٩٢٩)دا تیپی: (الفرقة التمثيلية الشرقية) پێک هات... دامەزراندنی ئەم دوو تیپە هونەری شانۆی لە بەغدا و موسڵدا

گەشاندەوە، گەلێ لە ئەندامانی ئەو دوو تیپە دەستیان دایە دراما نووسین، هەر ئەم دوو تیپە بوون بە هاندەرێک کە لە ساڵی (١٩٢٦) تیپەکەی: (جورج ابیض) لەوڵاتی میسرەوە هاتە بەغدا و لەوێ لە شاری (بەسرە) چالاکییەکی هونەری وایان نواند کە ڕووێکی گەشی هونەری بۆ جەماوەری عیراقی خستە ڕوو... هەروەها لەساڵی (١٩٢٩)دا تیپەکەی (فاطمە ڕشدی) سەری لە عیراق داو، لە بەغدا و شارەکانی تردا چالاکی خۆی نواند.

هاتنی ئەو دوو تیپە میسرییە، هاندەرێکی تر بوون بۆ ڕووناکبیرانی عیراقی کە هەوڵ بدەن ئەو کەلێنە هونەرییە پڕ بکەنەوە، ئەوە بوو یەکێکی وەک (حقي شبلي) کە بە پێشڕەوی شانۆی عیراقی ناو دەبرێ، چووە ناو تیپەکەی (فاطمة ژشدي)یەوە، لە تەکیاندا چوو بۆ میسر بۆ ئەوەی لەوێ خۆی کارامە و شارەزای ئەو هونەرە بکات، دوای ساڵێک کە گەڕایەوە؛ تیپی (فرقة حقي شبلي) دامەزراند و قۆڵی کارکردنی هونەری لێ هەڵماڵی[1].

کە خەڵک ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە هونەری شانۆ دیاردەیەکی شارستانی ئەم سەردەمەیە و کارێکی گرنگی لە پێش خستنی وڵاتاندا هەیە بۆیە نووسەران دەستیان دایە دراما نووسین...

ئەوەی بۆ توێژەران ساغ بۆتەوە: یەکەم دراما (رواية الايقاظية) یەکە لە ساڵی (١٩٢١) (جميل سليمان فيضي الموصلي) نووسیوویە...

دووەم دراما ناوی: (وحيدة)یە، گوایا پاش دامەزراندنی حوکمی نیشتمانی لە عێراقدا نوێنراوە، بەڵام خاوەنەکەی (سيد محمد موسى الشابندر) لە ساڵی (١٩٣٠)دا بە چاپی گەیاندووە.

سێیەم درامای: (الفتاة العراقية)یە، نووسینی (محمود نديم)ە، لە ساڵی (١٩٢٥)دا چاپکراوەو هەر لەو ساڵەشدا تەمسیل کراوە...

دوکتۆر (علي الزبيدي) پێی وایە، یەکەم درامای هونەری (الفتاه العراقية)یە نەک (الرواية الايقاظية) و(وحيدة) چونکە وەک ئەو لە دەقەکانی کۆڵیوەتەوە، ئەو دوو درامایە - یان با بڵێین ئەو دوو چیرۆکە - لەسەر بناغە و بنەماکانی دراما دانەڕێژراون تا پێیان بوترێ دراما؛ کەچی درامای: (الفتاة العراقيه) درامایەکی ڕاست و دروستە و کەواتە، بەیەکەم درامای هونەری عیراقی دەدرێتە قەڵەم[2]. وا لە خوارەوە پوختەی ئەو درامایە دەخەینە ڕوو:

کورتەی دراماکە... «... نەعیمە کیژۆڵەیەکی نازدارە، بەڵام توشی ئیفلیجی بووەو لێی قەوماوە... تەسەلای بە خەونەکانی دێ هەندێکیان سامناکن و هەندێکیان شادمانی دەبەخشن، شەوێکیان خەون دەبینێ، لەو خەونەیدا چەند چیایەکی بڵند دەبینێ کە هەموویان لەناو تاریکدا نقووم بوون، لە نێوان چیاکاندا دۆڵێک هەیە، ئەوەی نەخۆش بێ بگاتە ئەو دۆڵە نەخۆشییەکەی لە کۆڵ دەبێتەوەو کامەران دەبێ، ئەویش چووە ناو دۆڵەکەو چاک بووەوەو ئیفلیجیەکەی نەما.

کە لەو خەونە ڕادەپەڕێ، داوا لە کارەکەرەکەی دەکا کە (مەلا خیریە)ی بۆ بانگ بکات بۆ ئەوەی خەونەکەی بۆ لێک بداتەوە.

(مەلا خیریە) مژدەی دەداتێ کە ئەو خەونەی ئەوە دەگەیەنێ لە نەخۆشییەکەی چاک دەبێتەوە... بەڵام نەعیمە نەخۆشییەکەی پەکی دەخات و دەیخاتە سەرە مەرگ... لە پڕ براکەی دەکا بە ژووردا و مژدە بە

(١) المسرحية العربية في العراق - الدكتور علي الزبيدي - ل٢٦ -: هەروەها تەماشای (المسرحية العربية في العراق الجزء الثاني د.عمر الطالب - ل١١١ بکە.

(٢) المسرحية العربية في العراق - الدكتور علي الزبيدي ل١٣١.



نەعیمە دەدات کە زانایان دەرمانی چاک بوونەوەی ئیفلیجییان دۆزیوەتەوە... لەکۆتایی دراماکەدا نەعیمە بە نەشتەرکاری پزیشکەکان چاکی دەکەنەوە... کە چاک دەبێتەوە لە تەک براکەیدا بڕیار دەدەن قوتابخانەیەکی کچان لەسەر ئەرکی خۆیان بکەنەوە...» .

دیارە نووسەر نەعیمەی کردووە بە هێمایەک بۆ ئافرەتی عیراقی... کە لە کارکەوتووەو نەخۆشێکی پڕ لە ئازار و ئەشکەنجەیە... هەروەها دۆڵی ناو چیا بڵندەکان هێمای زانست و زانیارییەو، بە گەیشتن بە زانست و زانیاری ئافرەت لە دەست نەفامی ڕزگار دەبێ و لەو دەردە دوور دەکەوێتەوە...

هەروەها نووسەر هەموو دەردو ئازارێکی ئافرەتی خستووەتە ئەستۆی پیاو، ئەگەر پیاو، بیەوێ لە تاریکی نەزانین دەربازی دەکات، ئەوە بوو براکەی نەعیمە توانی بەهۆی نەشتەرکاری پزیشکەکانەوە خوشکەکەی ڕزگار بکات.

دراماکە بابەتێکی کۆمەڵایەتی گرنگ دەخاتە ڕوو کە داواکردنی مافی ئافرەتانەو ڕزگاربوونیانە لەو کۆت و زنجیرانەی کە هێزی ئافرەتانی نەهێشتووەو پایەی کۆمەڵایەتی کەم کردووەتەوە.

***

دراماکەی (سيد محمد موسى الشابندر)[1] کەناوی (وحيدة)یەو لە ساڵی (١٩٢٩) لە بەغدا نوێنراوە، کەچی لە ساڵی (١٩٣٠) لەچاپ دراوە. هەندێ توێژەرانی دراما بە سەر قافڵەی درامای عیراقی دەدەنە قەڵەم.

پوختەی دراماکە:

(... ئەحمەد و وەحیدە پسمامن، یەکتریان خۆش دەوێ، بەڵام باوکی وەحیدە، نایەوێ ئەحمەدی برازای، ببێ بە زاوای چونکە لە زووەوە لەگەڵ باوکی ئەحمەددا بەینیان نییە... وەلێ ئەحمەد گوێی ناداتێ هەر هامشووی ماڵی وەحیدە دەکات و گوێ بە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی نادات... لەو ماوەدا باوکی وەحیدە دەیەوێ کچەکەی لە پیاوێکی دەوڵەمەند مارە بکات، ئەحمەدیش هەر هاتووچۆی ماڵیان دەکات... چەند زەلامێکی دڵ پیس و کۆنە پەرست ئەو هاتووچووە بە خراپ لێک دەدەنەوە، بۆیە خەبەر بە بنکەی پۆلیس دەدرێ کە گوایا وەحیدە ماڵی خۆیان کردووە بە شوێنی خراپە کردن و داوێن پیسی... پۆلیس وەحیدە دەگرن و حەپسی دەکەن... قومیسەری بنکەی پۆلیس، هەوڵ دەدا هەتکی وەحیدە بکات، بەڵام وەحیدەی وەک گوڵ پاک بۆی ناساچێ و ناموسی خۆی نادۆڕێنێ و ناچار دەبێ لە پێناو ناموسی خۆیا خۆی بە کوشتن بدات... پاش کوشتنی ئەسپەردە دەکرێ و کارەکەرەکەی کە ئەویش هەمدیسان لەتەکیا حەپس دەبێ لەسەر گۆڕەکەی ڕادەمێنێ... ئەحمەدی دەزگیران کە بەو کارەساتە دەزانێ خێرا دەچێتە سەر گۆڕەکەی وەحیدە و داوا لە کارەکەرەکە دەکات دوورکەوێتەوە...خەنجەرێک بە سنگی خۆیا دەکات و لەسەر گۆڕەکەی دەمرێ... خوێنی خۆی تێکەڵاوی گڵکۆکەی وەحیدە دەکات...)[2].

دیارە دراما ناسەکانی عەرەب بۆیە درامای: (الفتاة العراقية) دەخەنە پێش ئەم درامایەوە لەبەر دوو شتە، یەکەم لە بارەی مێژووەوە، ئەو پێنج ساڵ پێش ئەم کەوتووە، دووەم ئەو: واتە درامای (الفتاة العراقية) بەشێوەی پەتی نووسراوەتەوە کەچی درامای وەحیدە بە شێوە جلّفی بەغداییە، دەنا لە بارەی هونەرییەوە درامای وەحیدە یەکەم (تراژیدیا)ی عیراقییە.

(١) لە ساڵی (١٨٩٩)دا لە بەغدا لە دایک بووە... لە ساڵی (١٩٢٢) لە کۆلیجی زانیاری و رامیاری لە ئەڵمانیا وەرگیراوە... پاش دەرچوونی لەو کۆلیجە بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی لۆزان لە سویسرە وەرگرتووە.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

له پاش دامەزراندنی حوکمی نیشتمانی له عێراقدا کاروانی شانۆ و دراما بۆ پێش خستنی هونەر له ڕەوت نەکەوتووەو بەرەو پێشەوە دەڕوات و سامانێکی زۆرو کەلەپوورێکی فراوانی لەو ماوە مێژوویەدا بەرهەم هێناوە... لەگەڵ ئەوەشدا هونەری دراماکەی تەنیا له ناو پەڕەی مێژووەکەیدا ناوی هەیە.

## ٢-سەرەتای شانۆگەری لوبنانی

لوبنان و سوریا له پێش هەموو وڵاتە عەرەبییەکاندا ئاشناییان له تەک هونەری شانۆدا پەیدا کردووە، یەکەم کەسیش که ئەم هونەرەی هێنایە وڵاتی عەرەبەوە: (مارون النقاش) بووە.

ئەم پیاوە هونەرمەندە له ساڵی (١٨١٧)دا له شاری (صیدا) له لوبنان له دایک بووە، سەرەتای ژیانی به بازرگانییەوە خەریک کردووە... زمانی عەرەبی و تورکی و فەرەنسی زانیوە... له ساڵی (١٨٤٦)دا بۆ کاروباری بازرگانی دەچێتە ئیتاڵیا، لەوێ هەندێ شانۆگەری و ئۆپەرێت دەبینێ، دەست بەجێ هەست بەوە دەکات کە هاووڵاتیانی لەو جۆرە هونەرە بێ بەشن کەچی لەهەموو گەلێک پتر پێویستیان بەو هونەرە هەیە، چونکە ئەو هونەرە بڵاوکردنەوەی شارستانیەت و ئاڕاستەکردنی ڕەوشت و ڕاچنینی نەتەوایەتی ئەنجام دەدا.

له ساڵی (١٨٤٧)دا له ماڵ خۆیا، شانۆیەک دروست دەکات و هەموو ئەندامانی خێزانەکەی وەک ئەکتەر؛ لەسەر نواندن ڕایان دەهێنێ و چی پیاو ماقوڵ و ناسراو و دەستەو دائیرەی حکومەت هەیە هەموویان بۆ سەیرکردنی ئەو شانۆگەرییە که خۆی دای نابوو که ناوی نابوو (البخیل) دەعوەت دەکات.

پێش ئەوەی پەردە لەسەر شانۆگەرییەکەی لابداتەوە وتارێکی دوورو درێژ دەربارەی سوودی شانۆ و ئەو جۆرە هونەرە بۆ بینەران دەخوێنێتەوە، تێیان دەگەیەنێ که شانۆ نیشانەی شارستانیەتی ئادەمیزادە.

شانۆگەری (البخیل) یەکەم شانۆگەری بوو که له وڵاتی لوبناندا تەمسیل کرابێ... لەساڵی (١٨٤٩)دا هەر له ماڵی خۆیا له لوبنان دووەم شانۆگەری لەژێر ناوی (ابو الحسن المغفل او هارون الرشید) تەمسیل دەکا، خەڵکێکی زۆر ئەو شانۆگەرییە دەبینن هەروەها له ساڵی (١٨٥٩)دا شانۆگەرییەکی تری بەناوی (الحسود السلیط)ەوە دەخاتە ڕوو...[١]

دیارە (مارون النقاش) ئەو شانۆگەرییانە خۆی دەینووسین و خۆیشی دەری دەهێنان، له ماڵەکەی خۆیشیا دەینواندن ئەندامانی خێزانەکەشی هەمو دەورەکانیان تیا گێڕاوە.

بەو جۆرە (مارون النقاش) بەدڵسۆزانە هەوڵیدا که هونەری شانۆ به وڵاتی عەرەبان بناسێنێ... مەرگ مەودای نەدا تا بەتەواوی ئەو نامەیە که هەڵی گرتبوو له وڵاتی عەرەبیدا بڵاوی بکاتەوە، له ساڵی (١٨٥٥) ئەمری خوای کرد.

به مردنی (مارون النقاش) مەشخەڵی هونەری شانۆ نەکوژایەوە بەڵکو ئەو شاگردانەی که بەسەر دەستی ئەودا چێژی هونەریان وەرگرتبوو توانیان ڕێگەی بەر نەدەن و بەو مەشخەڵە ڕێگای تەنگ و تاری بەرەو پێشەوە چوونی دراما ڕووناک بکەنەوە.

یەکێک لەو شاگردانە (نقولا النقاش)ی برای بوو، گەلێ وتاری ڕەنگینی لەسەر هونەری شانۆ بڵاوکردەوە... شاگردی دووەم (سلیم خلیل النقاش) که برازای بوو، ئەم یەکەم کەس بوو که تیپی هونەری

(١) المسرحية في الادب العربي الحديث: الدكتور محمد يوسف نجم - دار الثقافة بيروت - ل٣١-٣٨. هەروەها تەماشای: (رواد المسرح المصري): محمد كمال الدين بكه ل١١-١٣. هەروەها تەماشای گۆڤاری (العربی) ژمارە (٢٥٢)ی ساڵی (١٩٧٩) بکه وتاری (الدكتور عبدالرحمن ياغی) بەناوی (مارون النقاش و تجربتة الرائدة في المسرح).



پێک هێناو، چەندان شانۆگەری و ئاهەنگی مۆسیقی بۆ خەڵکی لوبنان سازکرد.

بەسەر دەستی (سلیم خلیل النقاش) و تیپەکەیدا هونەری شانۆگەری له لوبنانەوە بەرەو سوریا و میسر ڕەوی کرد.

ئا بەو جۆرە بناغەی هونەری شانۆ له لوبنانەوە بەسەر دەستی بنەماڵەی (مارون النقاش)دا دامەزرا، ئیتر لەو کاتەوە ئەو هونەرە ڕۆژ دوای ڕۆژ پەرەی سەندو بوو به جۆرە نەریت و ڕاهاتنێک، وا خەڵک ئالوودەی بوون ئاهەنگی بێ شانۆگەری ساز نەدەدرا، بەتایبەتی له فێرگەکاندا هەر بۆنەیەک بهاتایە پێشەوە، شانۆگەرییەکی بۆ ئامادە دەکرا[١] بەتایبەتی به بۆنەی سەری ساڵی تازەو بەڕێ کردنی ساڵی ڕابردووەوە...

هونەری شانۆی لوبنانی له بنەماڵەی (مارون النقاش)ەوە سەری هەڵهێناو له هەموو لوبناندا بڵاوبووەوە.

پاش ئەو بنەماڵەیە چەندان تیپ و کۆمەڵەو یانە پەرەسەندن و گەشەپێدانی ئەو هونەرەیان خستە ئەستۆ.

ساڵ به ساڵ بابەتەکانی دراما بەرفراوان دەبوون و هەموو ڕوێکی کۆمەڵایەتی دەگرتە بەر و گەلێ بواری جۆراو جۆری تەنیەوە. هێشتا سەدەی نۆزدەهەم کۆتایی نەهاتبوو، بابەتەکانی دراما ڕووی له مالیجەکردنی بارەی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری نابوو، خۆی لەو مەیدانانەدا تاقیکردبووەوە، زۆربەی بابەتەکانیش له دەوروبەرو مێژووی خۆماڵییەوە وەردەگیران.

هەندێکیان وەردەگێڕدران و هەندێکیشیان خامەی ڕەنگین دای دەهێنان، چەند ڕووبەڕی بابەتە درامییەکان بەرفراوان دەبوو ئەوەندەش هونەر دۆست ڕووناکبیری خامە بەدەست لەو مەیدانەدا ئەسپی هونەری خۆیان تاو دەدا.

ئیتر وڵاتی شام و لوبنان بوون به مینای ڕووناکبیرانی هونەر و ئەدەبی وڵاتی عەرەب.

## ٣-سەرەتای شانۆگەری له سوریادا

«موحەممەد کورد عەلی» دەڵێ: تۆوی هونەری شانۆ له سوریادا (احمد القباني) چاندوویەتی، له پێش ئەودا کەس هەواڵی شانۆی نەزانیوە[٢].

باوکی ئەحمەد قەببانی له بنەڕەتدا خەڵکی (قونیە)یە... که له (دیمەشق) نیشتەجێ بووە بەڕەچەڵەک کوردە. ئەحمەد لەوێ له دایک دەبێ و هەر لەوێش له حوجرەی مزگەوتەکاندا خوێندنی ئایینی دەخوێنێ، له قوتابخانە میرییەکانیشدا فێری مۆسیقا دەبێ، خۆیشی هەر له منداڵییەوە حەز له گۆرانی و مۆسیقا دەکا، ئیتر دەستێکی باڵا له ئاواز دانانی گۆرانیدا پەیدا دەکات.

(دوکتۆر محەمەد یوسف نجم) لەسەر زاری زانای کورد (محمد کورد علی) دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەحمەد قەببانی تاکە هونەرمەندە که ئەورووپای نەدیبێ و هونەری تەمسیلیش بزانێ و هەوڵ و کۆشەشی تەرخان بکات بۆ پەرەسەندنی ئەو هونەرە... بەڵێ لەوانەیە جارو دوو جارێ تیپە هونەرییە فەرەنسیەکانی دیبێ که تەمسیلیان کردوو... لەبەر ئەوەی مۆسیقازان و گۆرانی بێژ و ئاواز دانەر بووە وای زانیوە چی ڕەگەزی و

(١) المسرحية في الادب العربي الحديث - الدكتور محمد يوسف النجم ل٤١-٤٨.

(٢) خطط الشام - محمد كورد علي - الجزء الرابع - ل١٤٤.

بنەماکانی تەمسیل کردن هەیە لەودا خڕ بوونەتەوە، تەنیا ماوەتەوە سەر ئەوە نواندنی دراما بکات... لێرەدا فەرموودەکەی موحەمەد کورد عەلی تەواو بوو...

دیارە هەندێ دراماناسان بەو قسەیەی کورد عەلی قایل نەبوون بۆیە دەڵێن: ئەحمەد قەببانی گەلێ تەمسیل کردنی تیپە شانۆگەرییە فەرەنسییەکانی دیوە، تەنانەت دەڵێن ئەو چیرۆکانەشی خوێندووەتەوە کە بە تەمسیل کردن سەیری کردوون بۆیە نیازی دامەزراندنی تیپێکی کردووە[1].

رایەکی تریش هەیە دەڵێ: ئەحمەد قەببانی زمانی تورکی چاک زانیوە، ئەو کتێب و ڕۆمان و شانۆگەریانە کە لە هونەرو ئەدەبی ئەوروپاوە کرابوونە تورکی خوێندوونیەتەوەو حەزی چووەتە سەر هونەری شانۆ... ئەو سەرچاوانە کە لەسەر ئەحمەد قەبانی دواون پێیان وایە لە ساڵی (١٨٦٥)دا دەستی داوەتە هونەری تەمسیل کردن... تا ساڵی (١٨٨٤) لە شام خەریکی ئەو هونەرە بووە پاش ئەو ساڵە بەرەو وڵاتی میسر باری کردووە.

یەکەم شانۆگەری کە نواندبێتی ناوی (ناکر الجمیل) بووە... ئەو شانۆگەرییەی بە یارمەتی هەندێ برادەران و خزمانی لە ماڵی باپیرەیدا نوێنراوە[1].

بینەران کە شانۆگەرییەکەیان دیوە، زۆریان لاپەسەند بووە، بۆیە داوایان لێ کردووە کە واز نەهێنێ و لەسەری بەردەوام بێ. (صبحی پاشا) کە والی ئەو کاتەی دیمەشق بووە، خۆی و دەس و پەیوەندەکەی سەیری شانۆگەرییەکەیان کردووە، داوای لە ئەحمەد قەببانی کردووە کە شانۆگەرییەکە لە ماڵ بێنێتە دەرەوەو بە خەڵکی پیشان بدا.

دوای نواندنی ئەو شانۆگەرییەو پەسند بوونی لەلایەن جەماوەرەوە... شانۆگەری (الوضّاح)ی لە ماوەی سێ ڕۆژدا نووسیوەتەوەو ئامادەشی بۆ نواندن کردووە، بەڵام بەر لەوەی بۆ جەماوەری بنوێنێ لە ماڵی یەکێک لە برادەرەکانیان پراوەی کردووە... ئەوجا لە یەکێک لە گازینۆکانی شاردا بە ئامادەبوونی جەماوەر پیشان دراوە، خەڵکەکە گەلێ بە دڵیان بووەو بە کارێکی مەردانە و هونەرێکی ڕاستیان داوەتەوە قەڵەم... دوای (صبحی پاشا) (مدحت پاشا) ناوێک کراوە بە والی ئەوێ... ئەم گەلێ حەزی لەو هونەرە بووە، بۆیە پشتگیری ئەحمەد قەببانی کردووە... بە فرمانی ئەم والییە تیپێکی شانۆیی پێک هاتووە کە یەکەم کاری هونەری ئەو تیپە نواندنی چیرۆکی (عائدة) بووە... سەرەکی تیپەکەش ناوی: (اسكندر فرح) بوو، لە تەک ئەحمەد قەببانیدا ڕێک کەوتن کە چالاکی تیپەکە بە گوڕتر بکەن؛ دووەم کاری هونەریان نواندنی شانۆگەرییەکەی (مارون النقاش) بوو کە ناوی: (ابو الحسن المغفل - هارون الرشيد) بوو، ئەم چیرۆکە لە ئەدەبی ئیتاڵییەوە وەرگێڕابوە سەر زمانی عەرەبی... شانۆگەرییەکە گەلێ سەرکەوتوو بووە، بەڵام جیقڵدانی کۆنەپەرستانی گوشیوەو نامەیەکیان بۆ (ئەستانە) ناردووە سکاڵای خۆیان تیا دەربڕیوەو ئەوانەی کە تەمسیلی (هارون الرشيد)یان کردبوو بە گومڕا درابوونە قەڵەم.

پاش ئەو شانۆگەرییە چیرۆکی (مەحموود پاشا)[2] لەلایەن ئەو تیپەوە دەخرێتە سەر شانۆ.

ئەحمەد قەببانی کە دەزانێ خەڵک هونەری شانۆیان پێ پەسەندە، ئەو ماڵ و موڵک و بەشە دێیەی کە

(١) لە پێشەوە زانیمان (مارون النقاش) کە بۆ یەکەم جار شانۆگەریی (البخيل)ی نواند لە ماڵ خۆیا نواندی... تۆ بڵێی (ئەحمەد قەببانی) چاوی لەو کردبێ... یان هەمان هۆ بووە کە ناچاریان بکات لە ماڵەوە دەست پێ بکەن؟(ن).

(٢) دیارە مەبەست لە (مەحموود پاشا-٩٩٨-١٠٣٠) سلطان مەحموودی سەبەکتەگینی غەزنەوییە ئەحمەد قەببانی بۆیە ئەو شانۆگەرییەی (مەحموود پاشای) نواندووە تا بە کۆنەپەرستان بڵێ: شانۆ هەر تەمسیلی (هارون الرشيد) ناکات بەڵکو تەمسیلی پاشای عەجەمانیش دەکات... (ن).



بە میرات بۆ هاتبووەوە دەیفرۆشێ. بەو جۆرە دوو هەزار لیرە پێکەوە دەنێ و هەمووی لە پێناو بنیاتنانی شانۆیەکدا خەرج دەکات، لە ساڵی (١٨٨٩) دەست بە تەمسیل کردن دەکات، ئەوەی پیاو ماقوڵ و زانا و دانا دەبێ دەعوەتیان دەکات... بەو جۆرە شانۆ لە شام تیشک دەداتەوەو دڵ و دەروونی خەڵک ڕووناک دەکاتەوە... بەڵام کۆنەپەرستان هەموو شتێکی تازە چەواشەیان دەکات مێشکیان وەک شریتی وێنەگرتن ڕەشە، لەمە ڕووناکی لێیدا لە کار دەکەوێ... ئیتر لە ئەحمەد قەببانییان کردە تەقەو چەندان تانە و تۆمەتیان بۆ هەڵ بەست و جۆرەها بوختانی ناشیرینیان بۆ تاشی.

یەکێک لە کۆنەپەرستەکان بەرەو (دەروازەی باڵای ئەستانە) دەکەوێتە ڕێ و لە ڕۆژی هەینیدا کە (سلطان عبدالحميد) لە نوێژ دەبێتەوە دەچێتە سەر مینبەرو هاوار دەباتە بەر سلطان کە فریایان بکەوێ؛ لە شام نامووس و حەیا ڕژاوەو ئاخر زەمانە: شتێک پەیدا بووە پێی دەڵێن: (مەرسەح) ژن و پیاو تێکەڵاوی یەک دەکات...

سلطانیش (فرمانی سنیە) دەر دەکات کە لە شامدا (مەرسەح) قەدەغە بکرێ...

بەڵام ڕەورەوەی مێژووی شانۆگەری لەبەر تریفەی مانگەشەودا لە ڕەوت ناکەوێت، لەم ڕووەوە زانای بەناوبانگ موحەممەد کورد عەلی دەڵێ: (ئا بەو جۆرە ئەحمەد قەببانی شانۆی سووریای دامەزراند، بەڵام کە ماڵ ئاوایی لە شاری دیمەشق کردوو بەرەو میسر بارگەی پێچایەوە... هونەری شانۆ هەندێ بەرەو پاشەوە کشایەوە... بەڵام ئەوەندە شاگردی پەروەردە کردبوون کە واز لەو هونەرە نەهێنن... ئۆجاغەکەیان ڕووناک کردەوە.)[1]

## ٤- سەرەتای پەیدابوونی درامای میسر

لوبنان بەر لە هەموو وڵاتێکی عەرەبی چاوی خۆی بە هونەری دراماو شانۆگەری ڕشتووە... ئەوە بوو لە پێشەوە وتمان (مارون النقاش) لە ساڵی (١٨٤٨)دا بۆ یەکەم جار لە لوبناندا هونەری شانۆگەری بە خەڵک ناساند... پاش لوبنان ئەو هونەرە لە سوریادا بەسەر دەستی (احمد ابو الخليل القباني)دا لە ساڵی (١٨٦٥) سەری هەڵدا... وڵاتی میسر سێیەم وڵاتی عەرەبی بوو کە شانۆگەریی خۆماڵی تیا سەر هەڵبدا...

وەک دەردەکەوێت پاش هێرش بردنی فەرەنسا بۆ سەر وڵاتی میسر لە ساڵی (١٧٩٨)دا چەند تیپێکی فەرەنسی و ئیتاڵی بۆ سازدانی خۆشی و ڕابواردن بۆ ئەوانەی کە بیانی (خواجه) بوونە چەند شانۆگەری و ئاهەنگ و ئۆپەرێتیان پیشان داوە ئیتر هونەری شانۆگەری لەلای ئەوان نامۆ نەبووە... بەڵام شتێکیش پێی وترابێ شانۆ لە ئارادا نەبووە...تا لە ساڵی (١٨٧٠)دا شانۆگەری میسری ڕەسەن بەسەر دەستی (يقعوب صنوع)دا کە (أبو نظارە)شیان پێ وتووە هونەری شانۆ وەک ئەستێرەی بەر بەیان لەسەر تەوقەڵەی ئەهرامەکانی میسر کەوتۆتە جریوەدان... دوو ساڵی نەخایاند هونەری شانۆ چونکە یەکەم جار بە ئاوی نیل ئاوداشتە کرابوو ڕیشەی داکوتا و بنەما سەرەکییەکانی لە پەنای پەیکەرەکەی ڕەمسیس و ئەبولهەولدا، دابەست و نەشوونمای کرد... چونکە زەمینەکەی بە پیت و پڕ بە شارستانیەت بوو، تا ئێستاش هەر لە گەشە کردن و باڵا کردندایە، چەند بە باڵا بڵند دەبێتەوە ئەوەندە، ڕەگ و ڕیشەی لە ناخی مێژوویاندا؛ داکوتاوە لەگەڵ خوێن و گیانیاندا تێکەڵاوە...

(١)المسرحية في الادب العربي الحديث - الدكتور محمد يوسف نجم - ل٦١-٦٣ دار الثقافة - بيروت لبنان. هەروەها تەماشای (رواد المسرح المصري: تأليف محمد كمال الدين) بکە، المكتبة الثقافية - العدد ٢٢٢.

ئەم داڕێشتنی بناغەیە بەسەر دەستی ئۆستایەکی کارامەو چەلەنگدا بوو کە ناوی (یقعوب صنوع)ە...
با بزانین ئەم هونەرمەندە چۆن ئەو بناغەیەی دامەزراند؟...

## یعقوب صنوع (١٨٣٩-١٩١٢)(١)

ئەم هونەرمەندە لە قاهیرە لە ساڵی (١٨٣٩) لە دایک بووە، دایک و باوکی جوولەکە بوون... هەر بە منداڵی (تەورات و ئینجیل و قورئانی)ی خوێندووە، شارەزایان بووە... باوکی ڕاوێژکاری (احمد یکن)ی کوڕەزای (محمد علی کبیر)ە.

ئەحمەد یەکان کە دەزانێ ئەو کوڕە گەلێ وریا و زیرەکە لەسەر ئەرکی خۆی بۆ ماوەی سێ ساڵ ڕەوانەی ئیتاڵیای دەکات، بۆ ئەوەی لەوێ هونەرە جوانەکان و مۆسیقا فێر ببێ... لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، لە ئیتاڵیا سەر لە شانۆ و یانەی ئۆپەرێتەکان دەدا، ئیتر شەیدای هونەری شانۆ و ئۆپەرێت دەبێ... کە دەگەڕێتەوە میسر؛ (احمد یەکان) کە چاودێری دەبێ مرد بو، ئەوەندەی پێ ناچێ باوکیشی دەمرێ... ئیتر ناچار دەبێ بۆ ئەوەی بژێوی خۆی دابین بکات، خەریکی دەرز وتنەوەی کوڕە میر و وەزیر و پیاوە دەوڵەمەندەکان دەبێ؛ هەروەها هەوڵ دەدا خەڵک فێری مۆسیقا و هونەرە جوانەکان بکات... جگە لەزمانی عەرەبی زمانی فەرەنسی و ئیتاڵی و ئینگلیزی و تورکی چاک زانیوە...

لە ساڵی (١٨٦٨)دا، کراوە بە مامۆستای فێرگەی هونەر و پیشەسازی، لەو ماوەیەدا کە مامۆستای هونەر دەبێ چەند شانۆگەرییەک بە زمانی ئیتاڵی و فەرەنسی و ئینگلیزی دەنووسێتەوە هەروەها چەند کتێبێکیش لەو زمانەوە دەکات بە عەرەبی، گوایا چەند جزمێکی قورئانیشی کردووە بە ئینگلیزی.

بێ گومان یعقوب ئەوەی زانیوە کە لە ساڵ (١٨٤٧) لە لوبناندا شانۆ سەری هەڵدابوو، هەروەها ئاگای لەوەش هەبووە، کە لە سوریاش لە ساڵی (١٨٦٥)دا شانۆ کەوتبووە گڕوگاڵ...

ئەمە لەلایەکەوە لەلایەکی تریشەوە دەیزانی کە وڵاتی میسر لە هەموو وڵاتەکانی تری عەرەب بە پیت تر و ئامادەیە بۆ چاندنی تۆوی شانۆگەری، بۆیە لە ساڵی (١٨٦٩)دا کە ساڵی کردنەوەی کەنداوی (سوێس) بوو... بەو بۆنەوە توانی یەکەم شانۆگەری عەرەبی میسری بێنێتە ئاراوە... هەر لەو ساڵەدا سێ دەزگا بۆ شانۆ دروست کران، کە دروست بوونی ئەوانە هاندەرێکی بەتین بوون بۆ گەشەکردنی هونەری شانۆ ئەمەش سێ دەزگاکەیە:

(المسرح الكوميدى، دار الاوپرا، مسرح السيرك).

دروست بوونی ئەو سێ شوێنە مەنزڵگایەکی لە بار بوون بۆ پەیدابوونی درامای عەرەبی.

یعقوبی کوڕی صنوع لە وتارێکدا کە لە پاریس لەساڵی (١٩٠٢)دا بڵاوی کردووەتەوە، بە درێژی باسی پەیدابوونی شانۆگەری دەکا و دەڵێ: شانۆکەم یەکەم جار لەو چایخانەدا کە لەناو باخچەکەی ئەزبەکیە دایە لە قاهیرە لەوێ گۆش کرا...

لە ساڵی (١٨٧٠)دا بوو تیپێکی مۆسیقی فەرەنسی و تیپێکی شانۆیی ئیتاڵی لەناو ئەو چایخانەی ئەزبەکییەدا چالاکیەکانی خۆیان بۆ هاووڵاتیانی خۆیان کە لەوێ دەژیان دەنواند، ئەوەی ئەو دوو تیپە نواندنی هەموویم دی و بەشداریم لە دیتنیاندا کرد... ئەمەش لەبەر ئەوە بوو چونکە من زمانی ئیتاڵ و فەرەنسیم چاک دەزانین جگە لە زمان زانینیش گەلێ شانۆگەری دراما نووسەکانی فەرەنسا و ئیتاڵیام خوێندبوونەوە، بۆیە ئەو تەمسیلیاتی گاڵتە و گەپ (farce)ە و ئەو ئۆپەرێتانە (Oprattes)یان ئەو دراما

(١) ناوی راستی (جیمس سنوا) بووە بڕوانە (المسرحية العربية الحديثة - ل٧٩).



(drames)یانە کە ئەو تیپانە لەناو ئەو چایخانەدا نواندیان کارێکی زۆریان لێ کردم، ئەوەیان بە هۆشما هێنا کە شانۆیەکی عەرەبی دروست بکەم، پێش ئەوەی دەست بدەمە دروست کردنی کەوتمە سەر خوێندنەوەو لێکۆڵینەوەی نووسەرە ئەورووپییەکان.

بە خۆما ڕاپەڕیم و زانیم توانای ئەوەم هەیە هەنگاو بنێم، ئۆپەرێتێکی ستران ئامێزم لەیەک بەشدا نووسییەوە، دە گەنجم پەیدا کردن و دەورەکانم بەسەریاندا دابەش کردن، یەکێکیان ڕۆڵی کچانی درایە و جلی کچانەم لەبەر کرد... دەست نووسەکەم بۆ کۆشکی (عابدین) برد بۆ ئەوەی ماوە (اجازە)م بدەنێ... ئەو کاتە (خیری پاشا) لێ پرسراو و ڕێکخەری ئاهەنگەکانی (خدێوی ئیسماعیل) بوو، دەبوو بەهۆی ئەوەوە ماوەی وەربگیرێ... تکام لێ کرد کە ڕێز و سوپاسم بە خاوەن شکۆ بگەیەنێ و داوای یارمەتیم بۆ هاووڵاتیان دەوێ... ئومێدەوارم ئەو شانۆگەرییە بچکۆلانەیم بە هۆی پایە بڵندی ئەوانەوە پیرۆز و سەرکەوتوو بێ و ببێ بە مایەی ڕەزامەندی بارەگای ئەوان و خزمەتێکی بچکۆلانەشە بۆ هاونیشتمانیان، هەوەها وەک ڕاسپاردە پێم وت: ئومێدی ئەوەشم هەیە لە بنیات نانی شانۆیەک بۆ شارەکەمان قاهیرە پشتگیریم بکات بۆ ئەوەی ئۆپەریتاتی ئیتاڵی و کۆمیدیاتی فەرەنسی بەهۆی ئەو دوو شوێنەوە کە خدێوی خۆشەویست دروستی کردوون بەهاووڵاتانیان بناسێنین...

دیار بوو (خیری پاشا) - کە برادەری خۆم بوو - هەوڵی زۆری بۆ دابووم، ئۆپەرێتەکەی بۆ خاوەن شکۆ خوێدبووەوە ماوەی بۆ وەرگرتبووم کە لە چایخانەکەی ئەزبەکییەدا بۆ خەڵک تەمسیلی بکەم.

کە زانیم ماوەم دراوە لە خۆشیا خۆم و ئەکتەرەکانم خەریک بووین باڵ بگرینەوە... هەر یەک دەوری خۆی بە چاک ڕاهێناو، منیش وتارێکم ئامادە کرد کە پێشەکی بۆ خەڵکی بخوێنمەوەو باسی سوودی شانۆیان بۆ بکەم.

کردنەوەی شانۆی عەرەبی ڕووداوێکی گەورە بو، لەو کاتەوە تا ئێستا سی و دوو ساڵە هێشتا ئەو شەوە خۆشەم لەبەر چاوە کە بۆ یەکەم جار شانۆی تیا کرایەوە... هەر لەکات ژمێری هەشتەوە هۆڵی نواندن و لۆجەکان لەبەر جەماوەر جمەی دەهات و پڕ ببوون ژمارەی ئەوانەی کە بە پێوە ڕاوەستا بوون لەوانەی کە دانیشتبوون فرە تر بوون چی پیاوەکانی سەرای و کۆشک هەبوون هەموو هاتبوون، هەروەها وەزیرەکان و پیاوە دبلۆماسییەکانیش ئامادە بوون... پێشەکی تیپی (ئۆکسترای نیشتمانی) سروودی خدێوی یان وت و ئەوجا پەردە لەسەر خۆم و ئەکتەرەکانم لادرایەوە... دەستم کرد بە پێشکەش کردنی شانۆگەرییەکەم ئای چ دیمەنێکی سامناک بوو، بڕوام پێ بکەن ئەگەر وتم: زیاتر لە سێ هەزار بینەرم لەبەردەما بوو... ژن و پیاو تێکەڵاو ببوون هەر کەس جلی نیشتمانی خۆی لەبەر کردبوو.

خەڵکەکە بە چەپڵە ڕێزانەوە پێشوازیان لێ کردین، بە چەندان زمان وشەی (براڤۆ)مان بەسەردا دەباری... دڵە کوتەی ئەوەم لێ نیشت کە ئەگەر دوان لە ئەکتەرەکانم بسڵەمێنەوە، خۆ ئەگەر ئەوە ڕووی بدایە کەوتنێکی هێجگار گەورە بوو، بۆ من و بۆ شانۆکەم.

یعقوب درێژە بە گێڕانەوەی یادەکانی خۆی دەدات و دەڵێ: پاش چوار مانگ لە دایک بوونی ئەو شەوە مێژووییەی شانۆی میسری، خدێوی ئیسماعیل خۆم و تیپەکەمی داوا کرد کە لەسەر شانۆ تایبەتییەکەی خۆی کە لە ناو کۆشکی نیلدا بوو تەمسیلی بۆ بکەین.

سێ شانۆگەری (البنت العصريه - غندور مصر - الضرتان)مان ئامادە کردبوون کە بۆی تەمسیل بکەین، پاش ئەوەی (البنت العصريه) و (غندور مصر)ی دین، بانگی کردمە لای خۆی لەبەردەم هەموو وەزیرەکانیا پێی وتم: (کۆمیدییەکان و گۆرانییەکان و شانۆگەرییەکانت، خەڵکیان فێری هونەری شانۆ

کرد، تۆ مۆلییری میسری، هەتا هەتایە ناوت هەروەها دەمێنێ).

یعقوبی کوری صنوع لەسەر وتارەکەی دەڕاو دەڵێ: بەڵام کە شانۆگەریی سێیەممان نواند - شانۆگەرییەکە وەک بەناوەکەیدا دیارە باسی هەوێساری دەکات - دوو ژن هی یەک پیاون، ئەو پیاوە تووشی سەر گەردانی و کوێرەوەری دەکەن، قەیسەری لێ دەکەن بە کونە مشک... کە خدێوی زانی شانۆگەرییەکە باسی پیاوی دوو ژنە دەکات، ئەو جۆرە پیاوەش جەرگیان کون کونە؛ بانگی کردمە لای خۆی و پێمی وت (گوێ گرە مۆلییری میسر... ئەگەر ئەوەندە جوست و ئازا نەبی کە زیاتر لە یەک ژن ڕازی بکەی... مافی ئەوەشت نییە ڕکانبەرێ دژ بە خەڵک بکەی.

شانۆگەری هەوێساری تا ئەو کاتە پنجا و سێ جار نوێنرابوو، بەڵام بۆ ئەوەی ئەو تووڕە نەبێ لەبەر چاوی ئەو ڕاگیرا... لەسەر شانۆی (الكوميدي الفرنسية) لە قاهیرە نواندن... بۆ نواندنی ئەو سێ چیرۆکەیش خەڵک گەلێ چەپڵەیان بۆ لێداین... (خدێوی)ش وەک بینەران بە دڵ چەبڵەی بۆ لێداین... بەڵام لەناو هۆڵەکەدا هەندێ کۆنەپەرست و کینە لە دڵ هەبوون وایان بە خدێوی گەیاندبوو، کە شانۆگەرییەکان هەندێ تانەو تەشەریان تیایە، گوایا بە تەوسەوە پلار لە حکومەت دەدەن، بۆیە فرمانی داخستنی شانۆکەمی دەرکرد ئەو داخستنە بوو بەهۆی بزواندنی تووڕەیی جەماوەر[1].

یەکێک لەو سێ شانۆگەرییە کە نوێنران ناوی (الوطن والحرية) بووە... دەست و پەیوەندی، خدێوی پێیان وابووە پڕی بووە لە تانەو تەشەردان لەوان و پایەو سایەی حکومەتی سەنییە!

ئەو داخستنە هەرچەندە شەپەزللەیەکی ناڕەوا بوو، بەڵام نەیتوانی یعقوب لە کۆڕی شانو و هونەری دراما دوور بخاتەوە[2] پاش ئەوەی شانۆگەرییەکانی قەدەغەکران، بە ڕێگەی ڕۆژنامەوە کەوتە چالاکی نواندن، بەشێوەی دایلۆگی دراما ئامێز بیرو ڕاکانی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە تا ساڵی(١٨٨٢)دا دوو کۆمەڵەی لە شاری قاهیرەدا پێکەوەنا، یەکێکیان ناوی (کۆمەڵەی پێشکەوتن-محفل التقدم) ئەویتریان (کۆمەڵەی زانست دۆست-محفل محبی العلم).

بە ڕێگەی ئەو دوو کۆمەڵەوە بیروڕاکانی خۆی لەمەڕ ئازادی و یەکسانی کۆمەڵایەتی بڵاودەکردنەوە؛ لەمەوە خدێوی ڕکی لێی ببووەوە، ویستی بیکوژێ... تا لە ساڵی (١٨٧٨)دا بەرەو وڵاتی فەرەنسا شاربەدەرکرا، لە پاریس چەند ڕۆژنامەیەکی دەنووسییەوەو بەنهێنی بۆ دۆست و برادەرانی خۆی لە میسر دەینادرن بەو جۆرە یعقوب وازی لەو نامەیە کە بڕوای پێی هەبوو نەهێنا، تا لە ساڵی (١٩١٢)دا لەشاری پاریس دڵی لە جوڵان کەوت، بەو جۆرە ئەستێرەیەکی پڕشنگداری هونەری دراماو شانۆی میسر بەرەو ئاوابوون کشا... بەڵام ڕێگەی کاروانی شانۆو درامای بۆ هەزاران درامانووس و شانۆ پەروەر ڕووناک کردەوە...

پاش دەرکردنی (یعقوب) شانۆی میسری چوار ساڵ ڕاوەستا، لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا گەلی میسری کەوتبووە ناو ڕاچنینێکی نیشتمانییەوە بۆیە کەس ئاگای لە مەسەلەی شانۆ نەمابوو... تا لە ساڵی (١٨٧٦)دا تیپی شانۆییەکەی (سليم خليل النقاش) لە لوبنانەوە گەیشتە میسر...

شانۆگەرییەکانی (یعقوب صنوع)لەو وتارەدا کە لە پاریس لەمەڕ شانۆگەری بڵاوی کردەوە، ئەوەی دەرخست کە لە ساڵی (١٨٧٠)وە تا ساڵی (١٨٧١) نزیکەی سی و دوو شانۆگەری خستووەتە سەرشانۆ، دیارە ئەو درامایانە هەندێکیان خۆی نووسیوی و هەندێکیشیان وەری گێڕابوونە سەر زمانی

(١) المسرحية في الادب العربي الحديث: الدكتور محمد يوسف نجم ل٧٩-٨٣.

(٢) رواد المسرح المصري: محمد كمال الدين. ل١٩-٢٠.



عەرەبی لەوانەشە هەندێکیان لەلایەن کەسانی ترەوە بۆی هاتبن...

لەو سی و دوو شانۆگەرییە تەنیا دەیان ماون کەوا لە خوارەوە باسیان دەکەین:

١- (راستور و شيخ البلد والقواص) بریتی بووە لە ئۆپەرێتێکی کورت. بەو ئۆپەرێتە شانۆکەی لە ساڵی (١٨٧٠) پێ کردووەتەوە.

لە بارەی بابەتەوە... سووکە کۆمیدیایەک بووە، بینەرانی بردووەتە ناو کۆشک و تەلاری دەوڵەمەندەکانەوە، کە چۆن ئەوانە تا بن گوێیان لەناو بەرەڵڵایی و لاقرتی کردن و بێ دەربەسیدا کەڕبوون و دەنگی ویژدان نابیسن... جگە لە ڕابواردنی خۆیان هیچێکی تریان مەبەست نییە... بەو جۆرە مۆلییری میسری توانی بێزی خەڵک لەو جۆرە ژیانە بکاتەوە.

٢- (البنت العصريه) باسی چاولێکەری ژیانی ئەوروپایی دەکاتەوە، کە چۆن ئافرەت دەکەوێتە شوێن چاولێکەری و خۆی بە ئەوروپی دەزانێ... ئەو چاولێکەرییە دەبێتە هۆی ئەوەی کەس داخوازی نەکات و بمێنێتەوە.

٣- (غندور مصر) ئەم شانۆگەرییە لە دوو بەش پێک هاتبوو، باسی دڵداری نالەبار و ناڕەوا دەکات.

٤- (بورصه مصر) ئەمیش سووکە کۆمیدیاییێکەو دوو بەش بووە، باسی ژن خوازییەک دەکات کە لەسەر سوود و شیربایی بێ نەک لەسەر خۆشەویستی و ئەوین.

٥- (حلوان والعليل) شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتی بووە، لە دوو بەش پێک هاتووە، پاڵەوانی دراماکە کچێکە ناوی (هانم)ە و باوکی بیمارە، بە هیچ دوکتۆرێک چاک نابێتەوە... (متري حبيب) چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە؛ دەیباتە (حلوان) لە گەڕاوەکەی ئەوێدا دەیشوواو چاک دەبێتەوە... ئێدی (هانم) شوو بە (متري حبيب) دەکات و لەوێدا شانۆگەرییەکە کۆتایی دێ.

٦- (ابو ڕيده البربری) شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتییە باسی (ابو ڕيده) و (كعب الخير) دەکات کە هەردووکیان خزمەتکاری ماڵێک دەبن و دڵیان لەیەک دەچێ... داخوازی کارەکەیان هەوڵێکی زۆر دەدا کە لەیەکیان نزیک بکاتەوە... بەڵام (ابو ڕيده) لەلایەکی ترەوە کەپری سەوزکردووە، لەگەڵ کارەکەرێکی تردا دەستی تێکەڵاو کردووەو ئەوەندەی پێ ناچێ مارەی دەکات... (كعب الخير)یش دەمێنێتەوە...

یعقوبی کوری صنوع لەم درامایەدا گاڵتە بەو داخوازیکارانە دەکات کە بە هەر جۆر بووە دوو دڵ ڕێک بخەن... بەڵام دڵ بە شوێن خۆشەویستی خۆیا وێڵە.

٧- (الصداقة) شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتییە، باسی پەیمان و خۆشەویستی دەکات.

٨- (الاميرة الاسكندرانية) شانۆگەرییەکی کۆمەڵایەتییە، لە دوو بەشدایە لە درامایەکی ئیتاڵییەوە وەرگیراوەو کراوە بە عەرەبی... سەربوردەی ئافرەتێکی میسری دەگێڕێتەوە کە خۆی بە فەرەنساوی زانیوەو هەموو هاوینێک چووەتە فەرەنسا داب و نەریتی خەڵکی پاریس دەکاتە خوو، هەوڵیش دەدا ئەو داب و نەریتە بەسەر پیاوەکەی و کارەکەرەکەیدا بسەپێنێ... کچەکەی (عديلة) کوڕێکی خۆش دەوێ ناوی (یوسف)ەو لە سەرای حکومەت فەرمانبەرێکی بچووکە، بەڵام ناچار دەبێ خۆی بگۆڕێ و چەند نیشانەیەکی سەربازی بە سنگی خۆیەوە بکات و ئەوجا بڕوا داخوازی (عديله) بکات... عدیلە بە یوسف دەدرێ بەڵام لە دواییدا دەردەکەوێت کە یوسف ئەفسەر نییە و فەرمانبەرێکی بچووکە... بەڵام دڵداری وا دەکات عدیلە و یوسف ببن بە هاوسەری یەک و شانۆگەرییەکە کۆتایی پێ دێت.

٩- (الضرتان) هەوێساری... باسی کۆکردنەوەی چەند ژنێک دەکات لەلای یەک پیاو... دراماکە

هێرش بردنە سەر ئەو پیاوانە کە زیاتر لە ئافرەتێک لە خۆیان مارە دەکەن.

١٠-(مولییر مصر و ما یقاسیە) ئەم شانۆگەرییە لە دوو بەشدایە، باسی نووسەر خۆی دەکات، کە چەند گیروگرفت هاتوونەتە ڕێی خۆی و تیپەکەی... هەروەها مێژووی سەرهەڵدانی شانۆگەری میسری دەخاتە ڕوو کە لە چ بارو دۆخێکدا سەری هەڵدا.

ئەم شانۆگەرییە وەک شانۆگەرییەکی (مۆلییر)ی فەرەنسی وەهایە: ئەویش باسی بارودۆی شانۆگەرییەکانی خۆی دەکات.

یعقوبی کوری صنوع لەسەرەتای دراماکەوە باسی کەسانی ناو دراماکە دەکات:

جمیس: (ناوی یعقوبی کوردی صنوعە، دامەزرێنەری بناغە دانەری تیاترۆی عەرەبییە و لە ساڵی (١٨٧٠)ی لە دایک بووندا).

متری: (ئەکتەرێکی بەناوبانگە لە دەوری جوتیاراندا).

حبیب: (ئەکتەرێکی بەناوبانگە لە دەوری بازرگاندا).

اسطفان: (ئەکتەرێکی بەناوبانگە لە دەوری پەک کەوتەیەکدا).

حسنین: (چاولێکەری فەرەنسییەکانە).

جگە لەوانەش (حسن) و (ماتلیدە) و (لیزە)[1] و (الیاس) و (بطرس) هەن.

دراماکە ئاوێنەیەکی بالانمایە بۆ ئەو ئازار و ماندوو بوونەی خۆی و ئەوانەی کە لەگەڵیا کاروانی درامایان خستە ڕێ وەک دەڵێ: (دامەزرێنەری تیاترۆ و داهێنەری دراما، دەبێ هەموو کارێکی سەر ئەستۆی خۆی بێنێتە دی... کاری داهێنەر دیارە... مەبەست لە (المراسح)دا پێشکەوتن و بڵاوبوونەوەی شارستانییەت و پەروەردەبوونی مرۆڤی کارامەیە)[2].

## شانۆی لوبنانی بەرەو میسر کۆچ دەکات

ئەوە بوو زانیمان لە ساڵی (١٨٧١)دا شانۆکەی یعقوبی کوری صنوع داخرا... لەو ساڵەوە تا ساڵی (١٨٧٦) هیچ جۆرە چالاکییەکی تری شانۆگەری لەوڵاتی میسر ڕووی نەدا.

هەروەها زانیمان کە پاش مردنی (مارون النقاش) (سلیم النقاش) تیپێکی پێکەوە ناو، ویستی ئەو مەشخەڵەی کە مامی هەڵی کردبوو بەردەوام بێ و نەکوژێتەوە، تیپەکەی لە شانزە ئەکتەر کە دوانیان ئافرەت بوون پێک هاتبوو، لەسەر نواندنی هونەری شانۆ چاک ڕای هێنابوون و چەند درامایەکیان ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی بەرەو وڵاتی میسر بڕۆن و لەوێ شانۆگەرییەکانیان بۆ خەڵکی ئەوێ بخەنە ڕوو، شانۆگەرییەکانی مامی کە ئەمانە بوون: (البخیل - ابو الحسین المغفل - السلیط) لەگەڵ چەند درامایەکی تر کە لە درامای ئیتاڵی و فەرەنسییەوە وەرگیرابوون، خۆیان بۆ ئامادەکردبوو، پێچایانەوەو بەرەو میسر کەوتنە ڕێ.

لە ساڵی (١٨٧٦)دا تیپەکە گەیشتە شاری ئەسکەندەریە، لەوێ یەکەم شانۆگەرییان کە پیشان دا: (ابو الحسن المغفل) بوو، پاش ئەو ئەم شانۆگەریانەش پێشکەش کران، (هۆراس) کە درامایەکی

(١) (لیزە، ماتیلدە) دوو کیژۆڵەی هەژار بوون، یعقوبی کوری صنوع لە ماوەی مانگێکدا فێری خوێندنەوەی کردوون، یەکەم ئافرەتی میسری بوون کە چوونەتە سەر شانۆ...

(٢) رواد المسرح المصري: محمد كمال الدين - ل٢٥-٣٠



(کۆڕنی)یەو کرابووە عەرەبی...هەروەها ئۆپەریتی (عائدە)یش خرایە ڕوو، جگە لەوانەش چەند شانۆگەرییەکی تریشیان نواند... پاش ماوەیەک (سلیم النقاش) واز لە سەرۆکایەتی تیپەکە دەهێنێ و دەست دەداتە ڕۆژنامەگەری... یەکێک لە ئەندامانی تیپەکەی کە ناوی (یوسف الخیاط) دەبێ سەرپەرشتی تیپەکە دەگرێتە دەست خۆی و ژمارەی ئەکتەرەکان زۆر دەکات و هەندێ میسریش دەخاتە ناو تیپەکەوە، پاش ئەو ئاڵ و گۆڕە دەست بە کار دەکەنەوە یەکەم چالاکییان شانۆگەری: (صنع الجمیل) دەبێ، ماوەیەک چالاکی خۆیان لە تیاترۆی (زیزینیا) لە ئەسکەندەرییە دەنوێنن... تا لەساڵی (١٨٧٩)دا بارەگای خۆیان بەرەو شاری قاهیرە دەگوێزنەوە... هەر لەو ساڵەدا شانۆگەری (ابو الحسن المغفل) لە (دار الاوپرا) دەخەنە ڕوو، (خدێوی ئیسماعیل) بەخۆی و دەس و پەیوەندییەوە ئامادەی یەکەم نواندن دەبێ... پاش ئەوە خدێوی فرمان دەدا کە دەرگای «دار الاوپرا»ی بۆ بکرێتەوەو پەیمانیش دەدا کە خۆی ئامادەی نواندنی دراماکانی بێ... بەو جۆرە بەبێ ڕاوەستان ئەو تیپە چالاکییەکانی خۆی لە قاهیرە و شارەکانی تری میسردا دەخاتە ڕوو.

تا لە ساڵی (١٩٠٠)دا (یوسف الخیاط) ئەمری خوا دەکات... لە سەرەتای ساڵی (١٨٨٢)دا تیپێکی تر بەناوی (تیپی سلیمان القرداحی)ەوە، دروست دەبێ... سەرپەرشتیاری ئەم تیپە یەکێک دەبێ لە ئەکتەرەکانی تیپی (یوسف الخیاط)، ئەم تیپە لە هەموو تیپەکانی تر بەگوڕتر کەژاوەی هونەری شانۆی میسری بەرەو پێشەوە دەبا... ئەم تیپە لەساڵی (١٩٠٧) بۆنواندنی شانۆگەرییەکانی بەرەو تونس و جەزایر دەڕوا، بەڵام لە تونس (سلێمان القرداحی) دەمرێ... شاگردەکانی جەڵەوی کاروانی هونەرەکە بەرنادەن و دەبنە چرای هونەری میسری... یەکێک لەوانە (الشیخ سلامة حجازي) و (الشیخ محمود) و چەندانی تر....[1]

## شانۆی ئەحمەد قەببانی لە میسر

(عبدە حامولی) کە گۆرانی بێژو هونەر دۆستێکی میسری بوو، لە ساڵی (١٨٨٣)دا، بە شوێن ئەحمەد ئەبو خەلیل قەببانیدا دەنێرێ کە سەری میسر بدا...

ماوەیەک بوو ئەستێرەی ئەحمەد قەببانی لە سوریادا بەهۆی ناحەزانی هونەر و کۆنەپەرستانەوە کەوتبووە لێژی... ئەویش بەخۆی و تیپەکەیەوە بەرەو وڵاتی میسر کەوتە ڕێ... لە ساڵی (١٨٨٤)دا گەیشتە ئەسکەندەرییە، لەوێ پێشوازییەکی گەرمی لێکراو، ڕۆژنامەی (الاهرام)ی میسریش هەواڵی هاتنەکەی بڵاوکردەوە... لە ئەسکەندەرییە شانۆی (بۆلیتیاما)ی بەکرێ گرت و دەستی دایە نواندنی ئەو شانۆگەری و ئۆپەرێتانە کە ئامادەی کردبوون لەبەر ئەوە شانۆگەرییەکان ئۆپەرێت ئامێز بوون، ناوەخنی بەگۆرانی و هەڵپەڕکێ کردبوون، بۆیە جار و بار (عبدە حامولی) و (ئەلمەز)ی ژنی بە ستران وتن یارمەتیان دەدا...[1]

لە ماوەی شەش ساڵدا واتا لە ساڵی (١٨٨٤ تا ١٩٠٠) سی شانۆگەری و ئۆپەرێتی خستنە ڕوو، جگە لەدرامای (ستریدات) کە هی (راسین)ە ئەوانی تریان - یەک دوێکیان نەبێ - هی خۆی بوون زۆرینەیان لە مێژووی ئیسلام و چیرۆکەکانی (هەزار و یەک شەوە)وە، وەرگیرابوون.

لەبەر ئەوەی ئەحمەد قەببانی ئاواز دانەرێکی بلیمەت بوو، بۆیە (سلامة حجازي) هەندێ لە ئەندامانی تیپەکەی دەنێرێتە لای قەببانی بۆ ئەوەی فێری ئاواز و مۆسیقایان بکات.

(١) المسرحیة في الادب العربي الحدیث: الدكتور محمد یوسف نجم - ل٩٤-١١٢.

لەبەر هونەرمەندی و کارامەیی و ئاکار باشی خۆی بوو کە گەلێ ئافرەت چوونە ناو تیپەکەیەوە، هەندێ لەو ئافرەتانەش تا ئێستا ناویان لە ناو دەفتەری هونەری میسریدا گەش و بریقەدارە، نموونەی ئەو ئافرەتانە: (ئەلماز، لبيبة، مانللي، مريم سماط...)ەن، نەک هەر ئافرەت بەڵکو چەندان هونەرمەندی وەک (سلامة حجازي) و (عبده حامولي)[1] و (اسكندر فرح)... بەسەر دەستی ئەوا فێری هونەری ڕاستەقینە دەبن و شانازیش بەوەوە دەکەن کە خۆیان بە شاگردی ئەو دەزانن.

### چەند ڕوێکی تایبەتی هونەری لە شانۆی ئەحمەد قەببانیدا

شانۆی ئەحمەد قەببانی جگە لەوەی یەکێک بوو لەو هۆیە کاریگەرانە کە هونەری شانۆیان لە میسردا پەرەپێدا چەند ڕوێکی هونەری تایبەتیشیان بڵاوکردەوە:

١- سەماو هەڵپەرکێی بە کۆمەڵ، کە ئەم جۆرە سەماکردنە پێی دەوترێ (الرقص الايقاعي)... هەروەها ستران و ئاواز بە کۆمەڵ، ئەم دوو جۆرە هونەرە ئەحمەد قەببانی لە سوریاوە بردوونی بۆ وڵاتی میسر... سەماکردن بە کۆمەڵ وەک ڕەشبەڵەکی کوردی تێکەڵاو بووە لەژن و پیاو.

٢- شارەزایی لە هونەری دیکۆر و ڕوناکیدا، ئەو دیکۆرانە کە ئەحمەد قەببانی بۆ دراماکانی دروست دەکردن، دەربڕینێکی ڕاست و ڕەوان بوون بۆ ئەو جۆرە کەش و جەوەی کە چیرۆک یاخود دیمەنێکی چیرۆکەکەی تیا ڕوودەدا.

٣- هەندێ لە پێشەکی و پاشەکی نواندنەکەدا هەندێ ڕووداوی بەنواندنی بێ دەنگ ڕاڤە دەکران کە وەک (پانتۆمایم) وەها بووە.

هەندێ لەو درامایانە کە ئەحمەد قەببانی لە میسر نواندونی:

ئەحمەد قەببانی وڵاتی میسری بەو پان و بەرینییە پڕ کرد لە ئاواز و گۆرانی و شانۆگەری، کە وەک قوتابخانەیەک یان ڕێبازێک کە تا ئێستاش هەر لە کار نەکەوتووەو بووەتە بناغەیەکی پتەو بۆ ئەو هونەرەی وڵاتی میسرە کە ئێستا وەک هەرەمی خۆفۆی لێ هاتووە. بۆ نموونە ئەم شانۆگەرییانەی لە ماوەیەکی کەمدا نواندووە... (عنترة العبسي) لەسەر شانۆی (زيزينيا) لە ئەسکەندەریە خراوەتە سەر شانۆ... (أنس الجليس) لەسەر شانۆی (دار الاوپرا) لە قاهیرە لە ساڵی (١٨٨٥)دا خراوەتە ڕوو... هەروەها: (ناكر الجميل، الكوكبان، اشد الشري، كسري انوشيروان، قوت الارواح، لباب الغرام، الشيخ وضاح، هارون الرشيد، المصباح، عفة المحبين، العلم المتكلم، خليفة الصياد، هارون الرشيد مع الامير غانم، مجنون ليلي، الامير محمود، نجل شاة العجم...).

### مردنی ئەحمەد قەببانی

لە ساڵی (١٨٩٨)دا ئەحمەد قەببانی لە شارەکانی میسردا، چالاکییە هونەرییەکانی خۆی بۆ خەڵک دەنواند، لە پڕ هەواڵیان دایە کە شانۆکەی ئاگری تێ بەر بووە، بە پەلە گەڕایەوە بۆ شاری قاهیرە، ئیدی لەو کاتەوە لە چالاکی نواندن کەوت... تا لە ساڵی (١٩٠٣)دا بەرەو شام گەڕایەوە، لەوێ ئەمری خوای کرد و لە دیمەشق ئەسپەردە کرا...

بەڵام بە مردنی ئەو وەنەبێ چرای هونەری شانۆگەری کز بووبێ، بەڵکو ئەو شاگردانەی کە بەسەر

(١) مامۆستا (عمر وەجدی) کە لێپرسراوی (ڕەواقی کوردان) بوو لە قاهیرە بە بۆنەی دەرچوونی فلیمی (ئەلماز و عبدەحامولی)یەوە، بە نووسەری ئەم دێرانە و چەندان کەسی تری دەوت: (ئەلماز و عبدەحامولی) هەردووکیان کوردی کوردستانی تورکیان... (ن)



دەستی ئەو و تیپەکانی تردا پێگەیشتبوون هەر یەک ببوون بە چرایەکی ڕووناک و مەیدانی هونەریان کردبوو بە چراخان... چەندان نووسەر و ئەکتەری کارامە و مۆسیقا ژەنی بەتوانا و گۆرانی بێژی دەنگ خۆش ئاڵای هونەریان بەرز کردەوە... وەک «جورج ابيض، محمد تيمور، محمد عثمان جلال، محمود درويش، سلامة حجازي، زكي طليمات)[1].

### هەڵوەسەیەکی پێویست

ئێستا شانۆ و دراما لە میسردا وەک شەپۆلەکانی ڕووباری نیل یەک لە دوای یەک سەردەکەن و لە ئەژمار نایەن و هەموویان سیمفۆنیای نەمری و هەتا هەتایی بۆ گیان و تابووتە زێڕینەکانی بنەماڵەی فیرعەونەکان لێ دەدەن و کاڵای پڕ باڵای هونەری و بلیمەتی بە بەر مرۆڤی میسریدا دەبڕن.

درامای میسری لەم سەدەیەدا گەیشتووەتە پایەیەکی وەها وڵاتی نیلی کردووە بە چقەیەکی هونەری لە سەر تەوێڵی پەیکەری جیهان بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی داناوە... دراما نووسەکانیان ئەستێرە گەشەی ئاسمانی هونەر و ئەدەبن لە دوور و نزیکەوە دیارن، هەر یەکێکیان دەریایەکن ڕۆخیان نییە، بەرهەمەکانیان گەنجینەی هونەر و فەلسەفەن؛ هەر ئەمەندە بەسە لێرەدا ناوی چەند ئەدیب و هونەرمەندێکیان بێنین: (توفيق الحكيم، علي احمد باكثير، عبدالرحمان الشرقاوي، فتحي ڕضوان، يوسف ادريس...).

(١) رواد المسرح المصري: محمد كمال الدين - ل٤٤-٥٣. هەروەها تەماشای: المسرح في الادب العربي الحديث: الدكتور محمد يوسف نجم بكه «ل١١٥-١٢٢». هەروەها تەماشای: العرب والمسرح: د. احمد شمس الدين الحجاجي بكه ل٩٢.

# بەشی سێیەم

# ڕێبازەکانی دراما

## سەرەتایەکی گشتی

پێش سەدەو نیوێک بەر لە دایک بوونی مەسیح ڕۆمانەکان وڵاتی گریکیان خستە ژێر دەستەڵاتی خۆیانەوە، چی زانیاری و هونەر و پاشماوەی شارستانیەتیان هەبوو کۆیان کردەوەو تێکەڵاو بە کەلەپووری خۆیان کرد، تا وای لێ هات مێژووی هەر دوو شارستانیەتەکە لەیەک ئاڵۆز بوون و بە زەحمەت لە یەکتری جیا دەکرانەوە، واتە شارستانیەتی گریکەکان بوو بە هەوێنی شارستانیەتی ڕۆمانەکان، بۆیە خێرا شارستانیەتەکەیان پەرەی سەندوو بەرفراوان بوو... چەندان زانکۆ و پەیمانگە بۆ توێژینەوەی فەلسەفەی گریک دامەزران، هەروەها زانایان چ لە بارەی هونەر و ئەدەبەوە چ لە بارەی یاسا زانی و زمانەوانی و ڕەوانبێژی و دواندنەوە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد[1].

بەو جۆرە ڕۆمانەکان بوون بە بنەماڵەی هونەری و ئەدەبی و زانیاریی گریکەکان و میراتی ئەوانیان گرتەوە.

دەوڵەتی ڕۆمانەکان بەسەر دەستی (ئۆد وەکر) کە سەرکردەیەکی ئەڵمانی بوو لە ساڵی (٤٧٦)ی زایینی دا ڕوخا و کۆتایی بە دەوڵەتی ڕۆمانی ڕۆژ ئاوایی هات، لەو ساڵەوە پایتەختی ڕۆمەکان بۆ شاری (قوستەنتەنیە) گوێزرایەوە کە ئەمیش لە ساڵی (١٤٥٣)دا بەسەر دەستی تورکەکاندا ڕوخا، لەو ماوەیەدا واتە لە ڕوخاندنی ڕۆمانیای ڕۆژئاواوە تا ڕوخاندنی ڕۆمانیای ڕۆژهەڵات بەو ماوەیە دەوترێ: (سەدەکانی ناوەڕاست) لەو ماوەیەدا جیهان ببوو بە شەوە زەنگی نادانی و ستەم و چەوسانەوەو کۆیلایەتی... یاسای دەرەبەگی هەموو جیهانی گرتەوە.

لە ئەوروپادا بەتایبەتی لە ناوچەکانی ئیتاڵیادا ئاسۆی ڕووناکی ڕۆژی نوێ بە ئاستەم دەرکەوت و مژدەی ڕزگاربوون و کۆت و زنجیر پساندنی بەهەموو جیهان دا... ئەگەر چی مێژووناسەکان لەسەر کات و چۆنیەتی ئەو هۆشیار بوونەوە ڕێک نەکەوتوون بەڵام لە بارەی شوێن و سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە هەموویان پێیان وایە لە نیوەی سەدەی پانزەهەم دا تەوژمی داو کەوتە پەرە پێ دان.

ئەو هۆیانە کە بوونەتە بنچینەی ئەو هۆشیار بوونەوە، لە سەدەی پانزەهەمەوە تا نیوەی سەدەی پانزەهەم یەک لە دوای یەک هاتوونەتە ئاراوەو وەک مانگی چواردە لە ئاسمانی ئیتاڵیادا خەرمانەیان داوەو خەڵکیان پتر هۆشیار کردووەتەوە.

لە داوێنی ئەو بزووتنەوەدا چەند ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری و فەلسەفی پەیدا بوون، خەیلێ تینیان لە بزووتنەوەکە وەرگرت ئەوەندەش بگرە زیاتر هێزیان خستە بەری بزووتنەوەکە بە تێکڕایی ناونرا (ڕێنیسانس - Renaissance) واتە ڕاپەڕین.

لە داوێنی ئەو ڕاپەڕینەدا چەند بزووتنەوەیەکی تریش پەیدا بوون وەک (بزووتنەوەی مرۆڤایەتی) و (بزووتنەوەی هۆشیاری)... هەر یەک چمکێکی تایبەتی ڕاپەڕینەکە بوون.

بزووتنەوەی مرۆڤایەتی لای وابوو، مرۆڤ خۆی ترازووی هەموو بەهاو خوورەوەشت و ئاکارێکە، خۆی

(١) تاریخ التربیة: تألیف: مصطفي امین ل١١٢.



وای هێناون و سازی کردوون و خۆیشی دەتوانێ بیانگۆڕێ نەک کەسانی تر یا هێزێک لە خۆی بەدەر[1].

بزووتنەوەی هۆشیاریش لای وابوو هۆش و ژیری مرۆڤ ڕابەری هەرە گەورەی هەڵس و کەوتی ئابووری و بازرگانی و ڕامیارییەتی.

هۆش هەموو چاکە و خراپەیەک بۆ مرۆڤ ڕوون دەکاتەوەو ئیتر پێویست بەوە ناکات خەڵک پەنا بەرێتە بەر هێزێکی لەخۆی بەدەر، ئەو هۆیانە کە بەر ئەنجامەکەیان «ڕێنیسانس»ی ئەوروپی بوو چەند ڕووداوێک بوون، سەرچاوەی ڕاپەڕینەکەیان وا تەقاندووە بە هیچ جۆرێک بەربەست نەدەکران و تا دەهاتن هورژمیان دەبرد و جیهانیان ڕووناک دەکردەوە، هەندێکیشیان گرنگ ترین ڕووداو بوون کە هزری ئادەمیزادیان گۆڕی... ئەمانە ڕووداوەکانن:

١- زیندوو کردنەوەو بوژاندنەوەو لێ توێژینەوەی هونەر و ئەدەب و زانیاری و کەلەپووری کۆن: لە ئەوروپادا بە گشتی و لە ئیتاڵیادا بە تایبەتی... دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیح و دامەزراندنی ڕێبازی (کاسۆلیک) و چەسپاندنی دەستەڵاتی کلیسە، چی هونەر و ئەدەب و کەلەپووری کۆنی گریک و ڕۆمان هەبوو هەمووی خرایە پشت گوێ و خەڵک چەواشە کران و لایان وابوو، ئەوەی بتەوێ لە ئینجیلەکاندا هەیە، جگە لەوان هیچ شتێکی تر نییە باڵا دەستی ئەوان بێ و شایستەی خوێندن و خوێندنەوە بێ...

دیارە ئاوڕدانەوە بەرەو بوژاندنەوەی کەلەپووری کۆن واز بوونی دەروازەی گەنجینەی لەبن نەهاتووی ئادەمیزادە... مایەی هۆشیارکردنەوەو ڕاماڵینی ئەو پەردە ڕەشەیە کە کنیسە بەسەر دەم و چاوی خەڵکیاندا، دابوو، هەروەها ئەو ئاوڕدانەوە بەرەو گەنجینەی کۆن بووە هۆی تێک شکاندنی ئەو بەندو باوانە کە وەک کۆت و زنجیر و لغاو لەمل و دەست و دەمی خەڵک کرابوون... کە ئەو گەنجینە پەردەی لەسەر هەڵدرایەوە بەرە بەرە دەستەڵاتی پیاوە ئایینییەکان بەرەو لێژی شۆڕدەبووەوە... ئەوانەی کە پەردەیان لەسەر کەلەپووری ئادەمیزاد لادایەوەو ئەو گەنجینەیەی کە لە خەڵک شادرا بووەوە، دەرگا تەلسماویەکەیان شکاند ئەو کۆمەڵە ئەدیب و هونەرمەندە و زانایە کە زۆربەی زۆریان خەڵکی ئیتاڵیا بوون، بۆیە دەوترێ ئاسۆی ڕاپەڕینی ئەوروپی لەسەر کەلەکانی ئەوێوە درۆشاوەتەوەو بە هەموو ئەوروپادا پەرت بووە.

ئەوانە کە ڕاپەڕینەکەیان بە کردنەوەی دەرگای کەپووری ئادەمیزاد بزواند ئەمانە بوون: (دانتی، بترارک، پوکاشیۆ، لیوناردۆ دافنشی، میخائیل ئەنجیلۆ، ڕوفائیل، مەکیاڤیللی، ارازمس...)*

٢- داهێنانی باروود: داهێنانی باروود بوو بەهۆی ڕوخاندنی ئەو یاسا کۆمەڵایەتییەی کە جنجرۆکی لە ئێسک و دەماری خەڵکی سەدەکانی ناوەڕاست گیر کردبوو، لە سەدەکانی ناوەڕاست دا یاسای دەرەبەگایەتی هەموو ئەوروپای - بگرە هەموو دنیای - گرتبووەوە، هەر ئاغایەک لە ناوچەی خۆیا لەتەک

(١) النهضة - الدکتور کمال مظهر - ل١٦-١٩ الموسوعة الصغیرة ٣٧. هەروەها: رینیسانس د.کەمال مەزهەر ئەحمەد وەرگێڕ ... فوئاد میسري ل٢٠.

* ١- دانتی ئەلیجیری ١٢٦٥-١٣٢١ لە فلۆرەنسا لە دایک بووە... خاوەنی کۆمیدیای یەزدانییە. ٢-پەترارک ١٣٠٤-١٤٧٣ نووسەر بووە. ٣-پوکاشیو ١٣١٣-١٣٧٥ نووسەر بووە. ٤-لیوناردۆ دافنشی ١٤٥٢-١٥١٩ هونەرمەند و زانا. ٥-میخائیل ئەنجیلۆ ١٤٧٥-١٥٦٤ پەیکەرتاش و شاعیر. ٦-روفائیل ١٤٨٣-١٥٢٠ وێنەکێش. ٧-مەکیاڤیللی ١٤٦٩-١٥٢٧روناکبیر و رامیاری زان. ٨-ئارازمس ١٤٦٦-١٥٣٦ خەڵکی پۆڵەندە بووە زانایەکی زمان زان بووە.

کلیسەدا ڕێک کەوتبوو کە ئەو پشتی بگرێ و ئەمیش بە پێی پەیمان ناو نێوانیان لە بەروبوومی ساڵانەی ناوچەکە بەشی بدا، کلیسەو میرەکانی دەسبەردار کردبوون کەهەر یەک جاندرمە و سوارەکانی خۆی بکاتە هۆی تۆقاندن و سەرکوت کردنی پالەو جوتیار و کاسبکاران، ئەم سوارانە دەبوونە داردەستی ئاغا و بەگەکان... زەوی و ئاقارەکان هەمووی هی ئاغا و دەرەبەگ بوو... بۆیە سەدەکانی ناوەڕاست هەندێ جار بە: (سەردەمی سوارەکان) ناو دەبرێن[1] ئەو جاندرمە و سوارانە، لەسەر سوارچاکی و بەکارهێنانی شیرو تیر و ڕم بۆ چەوسانەوەو ترساندنی کاسبکاران کە باروود دۆزرایەوە، تفەنگیش هاتە مەیدانەوە، ئەو تفەنگە بەدەست هەر کەسێکەوە بوایە شاسواری مەیدان بوو، پیاوێکی بوودەڵەی تفەنگ لە دەست دەیتوانی سەدان شاسواری تیروکەوان لە شان و ڕم و شیر وەشێن بەر بداتەوە... ئا بەو جۆرە داهێنانی باروود بوو بە هۆی نەهێشتنی سوارە ئاڵقە لەگوێیەکانی میرەکان، نەمانی ئەوانیش بوو بە هۆی نەمانی یاسای کۆمەڵایەتی و ڕوخاندنی سیستەمی دەرەبەگی.

٣- دۆزینەوەی کیشوەری ئەمریکا و ڕێگەی هامشوکردن بۆ هیندستان... لە ساڵی (١٤٩٢)دا کە کیشوەری ئەمریکا دۆزرایەوە هۆیەکی گەورە بوو بۆ هۆشیار بوونەوەی خەڵک و واز هێنان لە شتی پڕوپووچ، هەورەها تەمووره دانی کیشوەری ئەفریقا و دۆزینەوەی ڕێگەیەکی نوێ بۆ گەیشتن بە هیندستان ئەوەندەی تر خەڵکی خەواڵوی وریا کردەوە.

٤- بڵاوبوونەوەی تیورەکەی کۆپەرنیکۆس: تیورەکە دەیووت زەوی بە دەور ڕۆژدا دەسووڕێتەوە.

کۆپەرنیکۆسی پۆلۆنی: (١٤٧٤-١٥٤٣) بۆ یەکەم جار پەی بەو تیوەرە برد کە دەڵێ: زەوی جغزی گێتی نییە کە وەک پیاوە ئایینییەکان دەیانوت بەڵکو زەوی ئەستێرەیەکە بە دەوری ڕۆژدا دەسووڕێتەوە کەچی پیاوە ئایینییەکان بڕوایان بە تیورەکەی (بتلیمۆس)ی یونانی هەبوو کە زەوی جغزی هەموو گێتییە و وەک ڕایەخێک ڕاخراوەو ڕۆژ و مانگ و ئەستیرەکان هەموو بە خێوەتی ئاسماندا هەڵواسراون... زەوی وەک لەپی ناو دەست ڕاست و تەختە.

دوای کۆپەرنیکۆس گالیلۆ ١٥٦٤-١٦٢٤ هات بە دووبینەکەی ئەوەی بۆ ساغ بووەوە کە تیورەکەی کۆپەرنیکۆس ڕاستە و گومانی لێ ناکرێ، بەمە هەموو ئەوروپا شڵەژا و بیروڕای خەڵک داوەشا... کنیسەش لە داخا دادگای پشکنین (محاكم التفتيش)ی بۆ سزادانی خەڵک دامەزراند، ئەوانەی کە باوەڕیان بەو تیورە هێنابوو، درانە دادگا، بەتۆمەتی کافر بوون دەسووتێنران، گالیلۆش درایە دادگا، لە پای دادگادا بۆ کڕینەوەی خۆی و کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەی کە بۆ سووتاندنی ئامادە کرابوو وازی لە تیورەکەی کۆپەرنیکۆس هێنا، بەو جۆرە خۆی لە بڵێسەی ئاگر ڕزگار کرد، بەڵام بڵێسەی ئاگری ڕاستی بە هەموو زەریاکان ناکوژێتەوە، ئەو ڕووداوانەی کە یەک لە دوای یەکدا دەهاتن هەموو تیورەکەی کۆپەرنیکۆسیان دەسەلماند و بۆچوونەکەی گالیلۆیان ئاشکرا دەکرد... گرنگ ترین ڕووداوێک کە بیروباوەڕی ئادەمیزادی گۆڕیبێ ئەو تیورەیە...

گەلێ زانا و مەرد لە پێناو ئەو تیورەدا لە مەیدانەکانی ڕۆمادا سوتێنران یەکێک لەوانە (برنۆ Brunno - ١٥٤٨-١٦٠٠)بوو[2].

(١) قصة الحضارة: الجزء الثالث من المجلد الرابع - عصر الايمان: ترجمة: محمد بدران ل٤٣٤-٤٤٠.

(٢) برنۆ جگە لە باوەڕ هێنان بە تیورەکەی کۆپەرنیکۆس، پێی وابوو گێتی بە تێکڕایی بریتییە لە کۆمەڵە ڕۆجیارێک، کە زەوی ئێمە یەکێکە لە کۆمەڵەی ڕۆجیار کە ڕۆژ روناکی دەکاتەوەو تینی گەرمایی بۆ دەنێرێ، هەروەها پێی وابوو چەندان کۆمەڵەی تر هەن بەچاو نابینرێن. تەماشای النهضە د.کمال مظهر احمد ل٥٣ بکە.



٥- داهێنانی چاپخانەو هونەری چاپ کردن: داهێنانی مەکینەی چاپکردن کارێکی گەورەی کردە سەر بڵاوبوونەوەی زانست و زانیاری، کە ئەمیش بوو بە شادەماری ڕاپەڕینەکە... جاران ئەوەی کتێبێکی پێویست بوایە دەبوو بە ساڵ و دوو ساڵ لەلای خۆشنووسێک، بینووسێتەوە، ئەویش بە نرخێکی گران، بۆیە تەنیا دەوڵەمەندەکان نەبێ کەسی تر توانای کتێب کڕینی نەبوو کە (یوحنا گوتینبورگ Johanna Gu-tenbarg - ١٤٠٠-١٤٦٨)ی ئەڵمانی لە ناوەڕاستی سەدەی پانزەهەمدا و لە ساڵی (١٤٢٥)دا مەکنیەیەکی لە تەختە بۆ چاپ کردن دروست کرد[1]. ئیتر لەو ساوە کتێب زۆر بوون و هەموو کەس دەیتوانی کتێب بکڕی و بیخوێنێتەوە، لەمەشەوە خەڵک ڕۆژ بەڕۆژ هۆشیان دەکرایەوە، بیرو هزریان لە تەنگەبەرانی خەفەبوون دا بەرین و فراوان دەبوو، هەستیان بەوە دەکرد کە لە فاقە دراون[2].

ئا بەو جۆرە تۆوی ڕێنیسانسی ئەوروپی لە سەرەتادا لە ناوچەکانی ئیتاڵیادا چەکەرەی کێشاو پاش ماوەیەک لق و پۆپی سەرانسەری ئەوروپای داپۆشی... هەر بەو جۆرەش داهێنانی چاپخانە کارێکی گەورەی کردە سەر بیروهۆشی خەڵک، ئیتر پاش داهێنانی چاپخانە شانۆگەرییەکانی گریک و ڕۆمانەکان وەک لایەنەکانی تری ئەدەب و هونەر چاپ کران و بڵاوبوونەوە.

کە لە ساڵی (١٤٦٥)دا چاپخانە لە ئیتاڵیا دامەزرا، دراماکانی (پلۆتۆس) لە ساڵ (١٤٧٢)دا چاپ کران، هەروەها دراماکانی (تیرینس) لە ساڵی (١٤٩٨)داو هینەکانی (سینیکا)ش لە نێوان ساڵی (١٤٧٤-١٤٨٤)دا لە چاپ دران و بڵاوبوونەوە...

پاش ئەوانیش دراماکانی (ئەریستوفان) لە ساڵی (١٤٩٤)دا، دراماکانی سۆفۆکلیسیش لە ساڵی (١٥٠٢)دا و هینەکانی یۆریپیدیس لە ساڵی (١٥٠٣)دا و ئەوەکانی ئەسخیلۆس لە ساڵی (١٥١٨)دا، لە چاپ دران و کەوتنە بەر دەستی هونەر دۆستان[3].

بەو جۆرە بزووتنەوەی درامای گریک و ڕۆمان لەسەرانسەری ئەوروپادا بەتایبەتی لە ئیتاڵیا و ئینگلستان دا بەشێک بوون لە ڕێنیسانسی ئەوروپی و شان بە شانی بزووتنەوەی مرۆڤایەتی و هۆشیاری کاروانی ڕاگیراوی خۆی سەر لە نوێ خستەوە ڕێ.

پێشەنگی کاروانی گەشاندنەوەی دراما کۆمەڵە ڕووناکبیرێکی هاوچەرخی و سەر بە ڕاپەڕینەکە بوون... لە پێش هەموویانەوە (مەکیاڤیللی ١٤٦٩-١٥٢٧)و (ئاریوتۆ - Arioto) و (ئاریتینۆ Aretino) بوون[4]. «شانۆگەرییەکانی مەکیاڤیللی لە گشت شارە گەورەکانی ئیتاڵیادا پێشکەش دەکران و سەرنجی خەڵکێکی زۆر و لەگەڵیاندا پاپاشیان ڕادەکێشا»[5].

شانۆگەرییەکانی ئەوانەی کە باسمان کردن هەموو کۆمیدیا بوون، بە ڕکەوە تان و تەشەریان لە واقیعی تاڵ و نالەبار دەگرت... مەکیاڤیللی بەو شانۆگەریانەی، بەند و باو و نەریتی خەڵک و کەسێتی پیاو خراپانی ئەو سەردەمەی دەنەخشان و لەسەر شانۆ دەی خستنە ڕوو، بەتێزەوە تیرو توانجی وەک شاپڵێتەی ئاگر تێ بەردراو، ئاڕاستەی باری تار و تەنگی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری دەکرد و هانی خەڵکی دەدا کە واز لەوەی کە لەمێشکیاندا چەسپاوە بێنن و بەشوێن شتی لە بارتر و چاکتردا بگەڕێن.

(١) تێگەیشتنی راستی... نووسەر، دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد ل٢٦.

(٢) نظرية الدراما... د. رشاد رشدي. ل٨٢.

(٣) نظرية الدراما... د. رشاد رشدي ل٨٢.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٧٧.

(٥) میر: لێکۆڵینەوەی: دوکتۆر کەمال مظهر احمد: وەرگێڕ: حسين عارف ل١٤.

ئەو جۆرە کۆمیدیایە کە لە زیندانی خەفە بوون دا هاتە دەرەوە بە چالاکی لە ڕاپەڕینەکەدا بەشداری کردو بوو بە پەرگەمای چنینی شانۆی دوا ڕۆژ... ئەو دەم و چاو و نێو نیگا تەڵخانە کە ببوون بە تەگەرەی ڕێی ڕاپەڕینی دراما وەک خۆیان و بەبێ پەردە نیشانی خەڵکی دەدان، بۆیە دراما نووسێکی وەک (ئاریتینۆ) دەیوت: «من وێنەو ئاکاری خەڵک وەک خۆیان دەخەمە ڕوو نەک بەو جۆرەی کە خۆم دەمەوێ».

ئەم نەخشەیەی (ئاریتینۆ) ڕچەی بۆ درامای واقیعی شکاند کە بەسەر دەستی «ئیبسەن» دا هاتە ئاراوە...

ئەو شانۆگەریانە کە بەسەر دەستی مەکیاڤیللی و ئاریوتۆ و ئاریتینۆ دا هاتنە کایەوە بەناوی (کۆمیدیای ئیرۆدیتا - Commedeia Eyrudita) ناوبانگیان دەرکرد.

لەو کاتەدا کە کۆمیدیای ئیرۆدیتا پەرەی سەند بوو جۆرە کۆمیدیایەکی تریش هەر لە ئیتاڵیادا بەکار دەهێنرا کە پێیان دەوت: (کۆمیدیای دیلارتێ Commedeia dellarte) بابەتی ئەم جۆرە شانۆگەرییانە بریتی بوون لە خستنە ڕووی کارو پیشەی خەڵک و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بۆ هەر بابەتێک جۆرە سیناریۆیەکی ئاسان لە چەند دیمەنێک دا ڕێک دەخرا، کە ئەکتەرەکە دەهاتە سەر شانۆ بە پێی چێژی بینەران و سروشتی بابەتەکەو ئارەزووی خۆی دایلۆگێکی سەرپێی بۆ ساز دەدا.

ئەو کەسانەش کە شانۆگەرییەکە باسی دەکردن هەموو جۆرە کەسانێکی ئاسایی بوون و لەهەموو شوێنێک دا نموونەیان دەبینرا...

ئەگەر شانۆگەرییەکە باسی دوکتۆرێک یان دڵدارێک یان نۆکەرێک یان دڵڕەق و چاوچنۆکێکی بکردایە، دەبوو ئەوەی دەوری دوکتۆری دەبینی پێویست بوو ناوی دەرمانەکان و نەخۆشەییەکانی بەلاتینی بزانیایە هەروەها ڕاچێتەی بەو زمانە بنووسیایە... یان ئەگەر لە بارەی دڵدارییەوە بوایە دەبوو هۆنراوەی دڵداری زۆری لەبەر بێ یان خۆی دەست بە جێ هۆنراوەی وەهای دارِشتایە، کە دڵی دڵدارانی ئاگر باران بکردایە... یان ئەگەر ئەکتەرەکە دەوری نۆکەری بگێڕیایە دەبوو نوکتە بازێکی وابێ کە خۆشی بخاتە دڵی ئاغاکەیەوە... ئەو ئەکتەرانە کە دەوری نۆکەریان لە کۆمیدیای دیلارتی دا دەبینی پاش ماوەیەک گۆڕان و بوون بە: (کلاوچی Clown–المهرج) هەروەهاش ئەو جۆرە کۆمیدیایە کارێکی فرەی کردە سەر شانۆگەری سەدەکانی پاش خۆیان بەتایبەتی سەر شانۆی ئەلیەزابیسی لە ئینگلیستان.

ئەوانەی کە لەسەر کۆمیدیای دیلارتێیان کۆڵیوەتەوە، ئەوەیان بۆ دەرکەوتووە کە ئەو جۆرە کۆمیدیایە کارێکی بەتینی کردووەتە سەر دراماکانی شەکسپیریش... نەک هەر کار تێکردنی ناڕاستەوخۆ بەڵکو هەندێ لە بیروڕاکانی داهێنەری دیلارتێ کە مەکیاڤیللییە بە ئاشکرا لە ناو شانۆگەرییەکانی شەکسپیردا هەن(١).

ڕەنگە ئەو هاو جووت بوونەی شەکسپیر و مەکیاڤیللی لەمەڕ هەندێ کێشەی بیری و حوکمی ڕەها (مطلق) نەگەڕێتەوە سەر ئەو کارتێکردنەی کە ڕێگەی کۆمیدیای دیلارتیوە بووبێ بەڵکو بارودۆخی ژیان وەک کاری لە مەکیاڤیللی دا نواند هەمان بارو دۆخیش بەهەمان چەشن کاریان لە شەکسپیر کردبێ، هەر چەند شەکسپیر خۆی یەکێکە لەو ڕۆشنبیرە ئەوروپیانە کە دەستێکی باڵایان لە ڕاپەڕینەکەدا هەبووە، چونکە لەو کاتەدا کە ئاسۆی ڕاپەڕین و بزووتنەوەی لە ئیتاڵیادا کازێوەی دابوو، هەر لەو کاتەدا شەکسپیر خەریکی بەرهەم هێنانی شاکارە هونەرییەکانی بوو.

(١) تەماشای هەمان سەرچاوە (میر) بکە: ل٤٢.



لەسەدەی شانزەهەمدا لە ئینگلستان پێڕەوکردنی ئەدەبی کلاسیزم تاکە پێوەری ئەدەب و هونەری لە بارو ڕەسەن بوو، بەتایبەتی هونەری دراما بە پێی ئەو ڕێبازە بایەخێکی پێ دراو بوو بەهۆی گەشەکردنی دراما و پەیدا بوونی شانۆی ئەلیەزابیسی، ئەو بایەخ پێ دانەش بەسەر سێ قۆناخ دا تێپەڕی:

١- هەندێ لە نووسەرە ئینگلیزەکان لەسەر بنچینەی تیورەکانی درامای کلاسیزم چەندان شانۆگەرییان بە زمانی لاتینی نووسییەوەو هەر بەو زمانە خرانە سەر شانۆ.

٢- تۆژینەوە لەسەر دراماکانی (پلۆتۆس و تیرینیس و سینیکا) نواندنیان بەهەمان شێوەو بە هەمان زمان لەسەر شانۆ بوو بەهۆی داهێنانی ڕێبازی کلاسیکی نوێ.

٣- لەناو نووسەرانی دراما و ئەدەب دا کەوتنە شوێن کلاسیزم و لانەدانی لە یاساکانی نیشانەی بەهرەداری و هونەرمەندی نووسەر بوون، ئەم کەوتنە شوێنە بوو بە هۆی کارتێکردنی کلاسیزم لەگەڵێ لە نووسەرانی ئینگلیز... ئەوەبوو لە کاتی باس کردنی شانۆی فەرەنسی دا وتمان لاساکردنەوەی درامای گریک و ڕۆمان بوو بە هۆی پەیدابوونی ڕێبازی کلاسیکی نوێ.

شەپۆلی ئاوڕدانەوە بەرەو کەلەپوور و کردنەوەی دەرگای ئەو کەلەپوورە هەموو وڵاتی ئەوروپای گرتەوە، لەسەردەمی ئەلیەزابیس دا نووسەرانی درامای ئینگلیز مێژووی کۆنی پێشینان و پیاو ماقوڵانی خۆیان دەکردە دەست مایەو پاڵەوان و کەرەسە و نەژادە سەرەکییەکانی شانۆگەرییەکانیان و بەشێوازی کلاسیزم دایان دەڕشتن و درامایان لێ دروست دەکردن...

ڕاپەڕینی ئەوروپا بە بوژاندنەوەی کەلەپوور دەستی پێکرد، درامای گریک و ڕۆمان بەشێک بوون لەو گەنجینەی کە لە خەڵک شادرابوونەوەو دەرگایان لەسەر ڕەپیش کرابوو، بۆیە لەمە دەرگای عەمبار کرایەوە. دراما هورژمی دەرپەڕینی هێنا... جگە لەوەش یەکێک لەو هۆیانە کە ڕاپەڕینەکەیان تێرو تەسەل کرد، دراما بوو، لەبەر ئەوە بوو چونکە خەزێنەی هۆش و مێشکی ئادەمیزاد لە دوو توێ ئەودا پێچرابووەوە، ئەوانەش کە بە ڕاپەڕینەکە هەڵسان پێیان وابوو ئادەمیزاد بە خۆی و مێژوویەوە بەرابردوو و ئێستا و دوارۆژییەوە سەرچاوەی هەموو زانیارییەکە...

ئالێرەدا بزووتنەوەی کلاسیزم دەستی پێکرد، چونکە لەتەک بزووتنەوەی زیندوو کردنەوەو بوژاندنەوەی کەلەپوور و زانیاری کۆن دا دەست پێ دەکات، کە ئەمەش بەسەر دەستی: (دانتی و پەترارک و پۆکاشیو)دا هاتە کایەوە...

بەڵێ شانۆگەری نوێ لە ئینگلستان دا بە درامای ئەلیەزابیسی ناسرا، کەچی لە فەرەنسادا بە کلاسیکی نوێ ناوی دەرکرد، دراما نووسەکانی هەردو وڵات نەیان دەویست لە ڕێبازی کلاسیکی لابدەن، کەچی هەندێ شتی نوێیان هێنایە ناو جیهانی دراماوە کە ئەو شتە نوێیانە بوون بە نیشانە و پێزانەی درامای ئەو کاتە کە لە هەمان کاتدا بوون بە جۆرە لادانێک لە ڕێبازی کلاسیکی کۆن و بەرەو چوونی ڕێبازی کلاسیکی نوێ.

بۆ نموونە یەکێکی وەک: (کریستۆڤر مارلۆ) کە درمای (دوکتۆر فاوست)ی نووسییەوە ئەگەرچی بە پێی کلاسیزم دارێژرابوو، بەڵام ئەوەندە هەبوو هەندێ شتی تازەی وای خستە ناو بنەماکانی دراماوە کە لە کلاسیزمی کۆن دا نەبوون، ئەم شتە تازانە ڕێگەیان بۆ شەکسپیر واز کرد کە لە یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆ لابدا، وەک وترا: لە کلاسیزمی کۆندا پاڵەوانی دراما دەبوو، یان پاشا یان میر بێ، یان پیاوێکی بە نموود و شکۆمەند بێ، دوو چاری گیروگرفتێکی قەیران ئامێزی وا ببێ کە چەند هەوڵ و کۆشش بکات وەک تەوقی نەفرەت لێی جیا نەبێتەوە، لە کۆتاییش دا تووشی کارەساتێکی جەرگ بڕی

وا ببێ بینەر بەزەیی پیا بێتەوە...

کەچی کریستۆڤر لە درامای (دوکتۆر فاوست)دا لەو ڕێیە لای دا، فاوست نە پاشا بوو نەمیر، مەبەستیش لە داڕێشتنی دراماکەیدا وێنەکێشان و پێشاندانی قۆناخ بە قۆناخی کارەساتەکە نەبووە، بەڵکو لای ئەو کارەسات دوا ئەنجامی ئەو کارە نالەبارانەیە کە کارەساتە جەرگ بڕەکە لە دامێنی دا دەزێ.

ئەم جۆرە شێوازە لە وێناندنی پاڵەوان و کارەساتدا داهێنانێکی تازەو لە بار بوو، زوو لە هونەری تراژیادا جێی خۆی کردەوە...

ئیتر وای لێ هات پاڵەوان لەناو درامای نووسەرە ئینگلیزەکان دا هێدی هێدی گۆڕانی بەسەردا هات... لە درامای کلاسیزمی کۆندا پاڵەوان لە بنەماڵەیەکی خانەدان و ڕەسەن بوو، کەسێتیەکەی لە هەموو ڕوێکەوە دامەزراو و تەواو بوو کەچی لە درامای ئەلیەزابیسی دا کەسێتی پاڵەوان لە پێشەوە بە ئاسایی دەهات و بەرە بەرە گەورە و سەلار دەبوو، بۆیە هەندێ نووسەر لایان وابوو (فاوست)ی کریستۆڤەر بووەتە بەردی بناغەی دامەزراندنی تراژیدیای ئینگلیز، ئەمەش بوو بە هۆی داهاتنی ڕێبازێکی نوێ کە (ڕێبازی کلاسیکی نوێ)یە...

لەو کاتەدا کە کریستۆڤر درامای (دوکتۆر فاوست)ی بڵاوکردەوە، (تۆماس کید)یش درامای (تراژیدیای ئەسپانیا)ی خستە ناو مەیدانی ئەدەبی شانۆگەرییەوە، ئەم درامایەش وەک درامای (دوکتۆر فاوست) چەند شتێکی نوێی خستە سەر بەند و باوی درامای کلاسیزمەوەو بوون بە پاڵپشتی ئەو بارە هونەرییە تازانە کە درامای کلاسیزمی نوێیان پێ دەناسرێ(١).

پاڵەوانی درامای (تراژیدیای ئەسپانیا)ی تۆماس کیدیش چەند کەسانێک بوون، هەموو ئاسایی و سادە بوون، هەر یەکە لە دەوری خۆیا پاڵەوانی هەڵس و کەوتی خۆی بوو دەستی لە تەوەری چەرخی ڕووداوەکان گیردەکردو بەش بە حاڵ و توانای خۆی کاری دەکردە سەر کارەسات و ڕووداوەکانی دراماکە.

وەنەبێ پەیکەری دراماکە بە چارەنووسی تاکە پاڵەوانێک نەخشێنرابێ.

ئەو داهێنانە نوێیەو ئەو جۆرە لادانە لە کلاسیزمی کۆن ئەو دوو نووسەرەی کرد بە پێشەنگی کاروانی درامای ئەو کاتە.

دراماش دەستێکی باڵای هەبوو لە ڕاچنین و هۆشیار کردنەوەی خەڵک دا و نایاب ترین هۆی کاریگەر بوو، ببوو بە پشتیوانی ئەو هۆیانەی کە ڕاپەڕینی ئەورووپییان بەرپاکرد.

## ١- ڕێبازی کلاسیکی

### مانای کلاسیسیزم چییە؟ (Classicism)

وشەی کلاسیسیزم واتای: ڕێبازی کلاسییە... زاراوەی (کلاسیک)یش لە زمانی ڕۆمانی دا بە چینی خانەدان و ئۆرستۆکرات وتراوە، ڕۆمانە کۆنەکان پێیان وابوو کۆمەڵ لە شەش چین پێک هاتووە، بەسەر هەموویانەوە چینی (کلاسیکی) بوو... نووسەرانی گریک و ڕۆمان بە کلاسیکی ناو دەبران، زاراوەکە دوو مانای لەیەک نزیکی دەبەخشی: یەکەم: نووسەرانی چینی سەرەوە، دووەم: پێشەوایان(٢).

(١) المسرحية تاريخها ونشاتها - عمر الدسوقي - ل١٨٤-١٨٥.

(٢) النقد الادبي: موسوعة احمد امين الادبية ل١١٣ دار الكتب العربي - بيروت.



وشەکە تا هاتووە ماناکەی بەرفراوان بووەو چەند لکی لێ بووەتەوە: هەندێ جار کە وتراوە کلاسیک مەبەست ئەو کتێبانە بووە کە لە زانکۆکاندا خوێنرابن، لەمەشەوە مانای ئەو نووسەرانەی بەسەر بڕاوە کە بۆ چینی ئۆرستوکراتیان دەنووسی...

لەسەرەتای ڕاپەڕینی ئەورووپادا کە هۆمانیسمەکان دەیانوت: (کلاسیکس) مەبەستیان ئەو بەرهەمە نایابانە بوون کە گریک و ڕۆمانەکان بە جێیان هێشتبوون... وردە وردە ماناکە فراوانتر بوو تا هەموو بەرهەمێکی نایابی گرتووەتەوە.

وشەی کلاسیک بۆ یەکەم جار کە بڵاوبووەوەو بەکار هات لە سەدەی دووەمی زایین دا بوو... بەو کەسە وتراوە کە بۆ چینی خانەدان بنووسێ... کەچی وشەکە لە بواری زمانەوانی دا بە تیپی کەشتیەوانەکانی دەریا وتراوە(١).

وا ئێستا مانای وشەکە چیرۆکێک، یان ڕۆمانێک یان درامایەک یان پارچە هۆنراوەیەک دەگرێتەوە کە لە ڕووی فۆرم و ناوەرۆکییەوە لەسەر ڕێبازی گریک و ڕۆمانەکان داڕێژرابێ... ئەم وشەیە بە پێی بۆچوونی ئەم و ئەو ماناکەی تەسک و بەرین دەبێتەوە...

لە پاش سەدەکانی ناوەڕاست دا کە وتراوە ئەو شتە (کلاسیسیزم)ە واتە سەر بە ڕێبازی گریک و ڕۆمانە، واتە کارێکی ئەدەبی و هونەری نایابە و پێڕەوی یاساکانی ئەرەستۆ و هۆراسی تیا کراوە... دیارە خاوەنەکەشی هونەرمەندێکی لێ هاتوو ئیتر ئەو جۆرە ئەدەب و هونەرە کە لاسایی بووبێ بۆ ئەدەب و هونەری گریک و ڕۆمان ناوی کلاسیکی بە بەردا براوە... ئێستاش کە دەوترێ کلاسیکی یان کلاسیسیزم ماناکەی کاری ئەدەبی و هونەری کۆن دەگرێتەوە ئیتر، هەر جۆر بێ و سەر بە هەر ڕێبازێ بێ، دیارە ئەم مانایە مانایەکی بەرەڵڵا و بازاڕییە، هەندێ جاریش کە دەوترێ ئەمە کلاسیکییە جۆرە زەمێکی تیایە، کەچی لە ڕاستی دا دەبێ بەو کارە ئەدەبی و هونەریانە بوترێ کە لە نایابی دا گەیشتبێتە ئەو پەڕ...

ئەوانەی کە ئەو ڕێبازەیان گرتە بەر لە دواییشدا بە ناوی پێشەوایانی کلاسیسیزم ناو بران، ئەمانە بوون (دانتی، پۆکاشیۆ، پەترارک، لیوناردۆ دافنشی، مەکیاڤیللی...).

وەک لە پێشەوە وتمان ئەوانەو چەندان ڕووناکبیری تریش دەرگای گەنجینەی کەلەپووری پێشینانی خۆیان خستە سەر پشت و ئەو تۆز و گەردەی کە لەسەری نیشتبوو تەکێنراو، هەموو خرانە بەر دەمی ئەو مامۆستا و قوتابییانە کە لە فێرگەکاندا خەریکی دەرس و لێکۆڵینەوە بوون، ئەو بەرهەمە نایابانە کە پاشکەوتەی گریک و ڕۆمانەکان بوون بە بەرهەمی کلاسیکی ناونران ئەوانەش کە خۆیان بە بوژاندنەوەی لە کەلەپووری گەل و نەتەوایەتی و ئادەمیزاد خەریک کرد پێڕەوەکەیان ناونرا کلاسیسیزم...

چونکە بەرهەمەکانی ئەمانیش لە ئاستی بەرهەمەکانی گریک و ڕۆمان دا بوون.

ئەوە بوو (دانتی). (کۆمیدیای یەزدانی) نووسییەوە کە بریتی بوو لە سێ بەشی گەورە کە ئەمانەن: (دۆزەخ، خاوێنگە، فیردەوس -Paradisio-).

دانتی بە نووسینی: (کۆمیدیای یەزدانی) ئەوەی دەرخست کە زمانی ئیتالی زمانێکی زیندووەو دەریایەکی بێ سنوورە، (کۆمیدیای یەزدانی) زمانی ئیتالی کرد بە زاری ڕۆشنبیری و زیندوو بووەوە، هەروەهاش بیروڕای پێشینان و کەلەپووری نەتەوایەتی کرد بە دەست مایەی هۆنینەوەی ئەو داستانە

(١) في الادب والنقد: د.محمد مندور - ل١١٨-١١٩ - الطبعة الخامسة. هەروەها (اشهر المذاهب المسرحية - دريني خشبة - ل١-٢). هەروەها (معالم النقد الادبي - الدكتور عبدالرحمن عثمان - ل١٨٢). هەروەها تەماشای بەیان ژمارە (١٤٣)ی مایسی ١٩٨٨ بکە وتاری د. عبدالله الدباغ (ڕێبازە ئەدەبییەکان).

گەورەیە کە گەلی ئیتاڵیا هەتا هەتایە بەرخوردەی ئەو چامە گەورەیەی دانتییە...[1]

(پەترارک ١٣٠٤-١٣٧٤)یش یەکێک بوو لەوانە کە دەرگایان لەسەر گەنجینەی کەلەپووری نەتەوایەتی و پێشینان بۆ هاوولاّتیان کردەوە، نووسینە بە نرخەکانی لە بواری هۆنراوەو مێژوو نووسین و رامیاری و فەلسەفەدا بوو بە هۆی خاوبوونەوەی ئەو تەلیسمەی کە لەسەر دەرگای خەزینەی کەلەپووری نەتەوایەتی دانرابوو، توانی بە نووسینەکانی ئەو ژەنگەی کە گوێی مێشک و هۆشی مەردوومی ئەو سەردەمەی پێ کەڕ کرابوو ڕامالّی و تیشکی ئاسۆی بایەخ دان بە زمانی نەتەوایەتی و کەلەپوور بخاتە بەردەم هۆش و هزری خەلّک... شاکارەکەی: (ئیتالّیای من Italia Mia) بەلّگەی نیشتمان پەروەری و بایەخ دانیەتی بە کەلەپوور.

هەر لەو مەیدانەدا پۆکاشیۆ، مەکیاڤیللی، میخائیل ئەنجیلۆ، ڕوفائیل... درێغیان نەکرد هەموو تینی زانین و هونەری خۆیان خستە سەر ڕاپەڕینی خەلّک و سەرنجیان بەرەو کەلەپووری نەتەوایەتی ڕادەکێشان...

هونەر و ئەدەبی ئەو ڕۆشنبیرانە و هی دەیانی تریش لە سەرەتای چەرخی ڕاپەڕین دا تەرخان بوو بۆ لاساکردنەوەو مسینی هونەر و ئەدەب و زانیاری گریک و ڕۆمان، چ لە شێوەی دارێشتن دا چ لە بابەت و ناوەرۆکدا، ئەو لاساکردنەوە لە خودی خۆیدا دوو شتی دەهێنایە دی یەکەم: بووژاندنەوەی کەلەپووری کۆن، دووەم: بەرپەرچ دانەوەی کنیسە.

ئەو هۆش و ئاوەزوەی کە کنیسە تاساندبوونی، ئەو کەلەپوورە نایابەی گریک و ڕۆمان کە ئاخێنرا بووەنە ناو توونی کنیسەوە، بەو لاساکردنەوە هەمووی هاتە دەرەوە و ڕۆژی گیراو سەر لە نوێ هەموو جیهانی ڕووناک کردەوە، لەگەلّ ئەوەشدا ئەو لاساکردنەوە بارێکی قورس و بەند و باوێکی گرانی خستە سەر ئەستۆی هونەر و ئەدەب، بەلاّم ڕۆجیاری ئاسمان، چەند ئەدرۆشایەوەو ڕووناکی پەخش دەکرد ئەوەندەش دوورە دەست و دوور بوو، مرۆڤێک بەدەستەلاّت و بلیمەت نەبوایە نەی دەگەیشتێ، ئەمەش بوو بەهۆی داهێنانی پالّەوانبازی لە مەیدانی هونەر و ئەدەب دا، ئەوەی بلیمەت نەبوایە نەدەهاتە ئەو مەیدانەوە.

بەپێی لۆجیکی کلاسیسیزم ئەو ئەدەب و هونەرەی کە لە دەستوور و ڕێڕەوی ئەرەستۆ و هۆراس لای دایە بە ئەدەب و هونەر نە دەناسرا... لەبەر ئەوە لێکۆلّەران ئەدەب و هونەری کلاسی بە ئەدەب و هونەری یاسا ئاسا دەزانن... ئەوە بوو ئەوانەی باوڕیان بەو ڕێبازە هەبوو دەیانوت: ئەدەب و هونەری بێ یاسا

(١) بەلای ئایینی مەسیحەوە: مرۆڤ لە دوا ڕۆژدا ڕوو بە سێ شوێن دەبێتەوە: یان لە (دۆزەخ)ە کە شوێن و جێگەی مرۆڤی خراپکارە یان لە (بەهەشت)ە کە (فیردەوس)یش بەشێکە لە بەهەشت - ئەم شوێنەش جێگای پیاوچاکان و خواپەرستانە، یان لە خاوێنگەیە - بە عەرەبی پێی دەوترێ (مطهر) هەندێ لە موسلّمانان پێی دەلّێن: (الاعراف) ئەم شوێنە لەلای مەسیحییان بۆ پاکژ بوونەوەیە لە گوناح، مرۆڤ لەوێ دەمێنێتەوە تا لە گوناحەکانی پاکژ دەبێتەوەو ئەوجا ڕەوانەی بەهەشت دەکرێ لەلای موسلّمانان جێگەی ئەوانەیە نەگوناح بارن نە چاکە کارن واتە نە بەهەشتین و نەدۆزەخی...

دانتی (کۆمیدیای یەزدانی) بەپێی ئەو شوێنانە کردووە بەسێ بەشەوە، دەنا لە ڕاستی دا داستانێکی دلّدارییە گەشت و گەڕیانێکە کە لە تەک دلّدارەکەیدا دەیکات کە ناوی (پیاتریتشی)یە، بۆ گوزەراندنی مانگی پەردە بەرەو ئاسمان دەڕۆن لەوێوە گەشتێکی ناو (دۆزەخ) و (خاوێنگە) و (فیردەوس) دەکەن، لە هەر یەکێک لەو شوێنانەدا خەلّکی سەدەکانی پێشوو دەبینن...

ئەم کۆمیدیایە لە سێ بەرگی قەبارە گەورە دایە و (حسن عثمان) وەری گێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی (دار المعارف بمصر) لە چاپی داوەو بلاّوی کردووەتەوە.



هونەر و ئەدەب نییە[1]. کەواتە ئەدەب و هونەری گریک و ڕۆمان پێوەر و ترازووی ئەدەب و هونەری کلاسیسیزمە، ئەوەی لەو پێوەرە بە دەر بوایە بە کالّ و لاواز دەزانرا، خاوەنەکەیشی بە نەزان و بێ بەهرە و بێ دەستەلاّت دەدرایە قەلّەم.

وتمان ڕێبازی کلاسیکی پاشە بەرەی هونەر و ئەدەبی گریک و ڕۆمانەکان بوو... هونەرمەندان و نووسەرانی سەردەمی ڕاپەڕین خۆیان بە شاگردی زانایان و هونەرمەندانی گریک و ڕۆمان دەزانی و سەری ڕێز لێ وەرگرتن و ئیلهامیان بۆ سایەی ئەوان کە چ دەکرد، لایان وابوو نموونەی ئەوان ئیتر نابێتەوەو هەر ئەوان داهێنەر و پێشەوان... ئەم ڕایەیان لەکەیەک بوو قەلاّی بزووتنەوەکەیانی کەلێندار کرد.

هەروەها ئەو دەستوور و قالّبانەی کە گریک و ڕۆمانەکان لەسەری دەرۆیشتن و کارە هونەری و ئەدەبییەکانیان پێ دەنرخاندن بوون بە تەنگە بەرێکی تەسک لە ڕێی پەرەسەندنی ئەدەب و هونەردا... ئەوەی درامایەکی بنووسیایە چ کۆمیدی بوایە چ تراژیدی، یان ئەوەی پارچە شیعرێکی دانایە یان دیمەنێکی نەخشاندبایە یان پەیکەرێکی بتاشیایە تیورەکەی ئەرەستۆ و ڕاوێژەکانی هۆراسیان بۆ دەهێنایە پێشەوە دەیانوت: دەبوو بەو جۆرە دەست پێ بکات و بەو جۆرە ڕووداوەکان نەشونما بکەن و بەو جۆرە کۆتایی پێ بهاتایە و یان پالّەوانەکانی دەبێ وەها بن و وەها نەبن چونکە گریکەکان وایان وتووەو ڕۆمانەکان وایان دامەزراندووە، دەبێ ئەو کارە هونەرییە وەها بێ... کەواتە پێوەر بۆ توانای شاعیر و نووسەری سەرکەوتوو ئەوەبوو لە هۆمێرو فرێجیل و هۆراس و ئەسخیلۆس و سینیکا و ئەریستۆڤان نزیک ببێتەوە[2].

## ڕێبازی کلاسیک لە ئەوروپادا...

ڕێبازی کلاسیکی هەموو بەرهەمەکانی گریک و ڕۆمان تا دەگاتە سەرەتای سەدەی شانزەهەم دەگرێتەوە:

### ١- کلاسیسیزم لە فەرەنسادا:

لە سالّی (١٥٤٩)دا، درامانوس (تۆماس سیلیا) درامای (ئیفیجینیا)ی یوریپیدیسی وەرگێڕایە سەر زمانی فەرەنسی، لە هەمان سالّدا کۆمیدیاکانی پلۆتیس و ئەریستۆڤان خرانە سەر هەمان زمان، ئیتر لەو ساوە بزووتنەوەی ڕێبازی کلاسیکی لە فەرەنسادا سەری هەلّدا لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو ڕێبازە لە فەرەنسادا بە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی نووسەرانی گریک و ڕۆمان دەستی پێکردووە، پاش ئەو سالّە دراماکانی سۆفۆکلیس و یوریپیدیس و کۆمیدیاکانی تیرانس کران بە فەرەنسی، ئەم وەرگێڕانە ڕێگەی بەرهەم هێنانی درامای تەخت کرد، لە سالّی (١٥٥٢)دا درامای (کیلۆپاترە) لەسەر ڕێبازی کلاسیکی نووسرایەوە... بەو جۆرە ڕێبازی کلاسیک لە فەرەنسادا بنکەی داکوتا.

### ٢- کلاسیسیزم لە ئینگلستاندا:

وەک لە باسی درامای ئینگلیزی دا وتمان لە نێوان سالّەکانی (١٥٥٩-١٥٦٦)دا هەندێ لە دراماکانی گریک و ڕۆمان لە ئینگلیستان دا وەرگێڕدرانە سەر زمانی ئینگلیزی، بەتایبەتی دراماکانی تیرانس و سینیکا...

لە سالّی (١٥٦٦)دا یەکەم درامای کلاسی بەناوی (جۆکاستا)وە کەوتە مەیدانەوە، هەر چەند ئەم

(١) النقد الادبي - احمد امين ل٣٢٠ دار الكتب العربي - لبنان.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل٣٢٠.

درامایە لە دراماکەی یوریپیدیسەوە وەرگیرابوو، کەچی بوو بە سەر دەفتەری لیستەی دراما...

کلاسیییەکانی ئینگلیز، دیارە نووسەرە ئینگلیزە کلاسیییەکان پتر دراماکانی لاتین (رۆمان) کاری تێ کردبوون... ڕەنگە هۆی سەرەکی ئەوە بێ چونکە دراماکانی ئەوان پێشتر گەیشتنە ئەوێ و بڵاوبوونەوە.

**٣-کلاسیسیزم لە ئەڵمانیادا:**

لە ساڵی (١٣٤٨)دا زانکۆی پراغ لە ئاڵمانیا دامەزرا، پاش دامەراندنی ئەو زانکۆیە چەندان ئامۆژگا و فێرگەی باڵای تریش دامەزران، ئەم زانکۆیە و ئەو فێرگانە بایەخێکی فرەیان دا بەخوێندنی ئەدەب و درامای ڕۆمان و گریک، ئیتر ئەدەب و هونەری ئەو دوو وڵاتە بە ئەڵمانەکان ئاشنا بوون، لەسەدەی شانزەهەمدا کە بزووتنەوەی ڕێبازی کلاسی لە ئینگلستان بڵاوبووەوە پەلی بۆ ئەڵمانیاش هاویشت، هەر لەو سەدەیەدا بەپێی پێڕەوی کلاسی دەستیان کرد بە نووسینی دراما...(١)

## نیشانە تایبەتییەکانی ڕێبازی کلاسیک

ڕێبازی کلاسی لەسەر چەند بنەمایەکی بنچینەیی دامەزراوە، ئەو بنەمایانە دەبنە نیشانەی سەرەکی بۆ ناساندنی ڕێبازی کلاسی و جیابوونەوەی لە ڕێبازەکانی تر:

١- یاسا سێ لکەکەی ئەرەستۆ: دراما نووسە کلاسییەکان هەوڵی ئەوەیان داوە تا ڕاددەیەک لەو یاسایە نەچنە دەرەوە.

لکی یەکەمی یاساکە «کارە»، وەک، کوشتن، دزی کردن، گوم بوون، کاول کردن، جەنگ، بەرگری کردن... لکی دووەم: «کات»ـە، دەبی ڕووداوی دراماکە لەشەو ڕۆژێک زیاتر نەخایەنێ... ئەگەر ئێستا ڕوویدا دەبێ بۆ سبەی ئەم کاتە کۆتایی پێ هاتبێ... لکی سێیەم: «شوێن»ـە، دەبێ زەمینەی ڕووداوەکە لەیەک شوێن دابێ.

٢- شکۆمەندی کەسانی دراماکە: بەلای گریک و ڕۆمانەکانەوە دەبوو قارەمانی سەرەکی دراماکە مرۆڤێکی خاوەن شکۆ و خانەدان بێ یان پاشا بێ، یا میر یان پیاوێکی سەلارو بەنموود و هێژا بێ... ئەگەر کەسانێکی بۆرە کەوتنە ناو دراماکەوە ئەوانە دەبێ دەوری تەتەر و خزمەتکار و شوان و گاوان بگێڕن.

٣- پایەداری زمان: ئەو ئاخاوتنە کە بۆ هۆنینەوەی دراما بەکار دەهێنرێ دەبێ پوخت و پەتی و ڕەوان و پەرداخ بێ... دوور بێ لە شێوەی ناو بازاڕ و قسەی جلفانەوە، چونکە ئەو جۆرە شێوەیە لە ئاخاوتنی مرۆڤی خاوەن شکۆ و سالار ناوەشێتەوە.

ئیتر بە هۆنراوە بێ یان بە پەخشان بێ، دەشبێ لە لۆجیکی هۆشەوە هاتبێ و مرۆڤ هۆشیار بکاتەوە، نەک لە سۆزو هەڵچوونی دڵەوە هەڵقوڵابێ... هەروەها شێوەی زمانەکە لەتەک ئاستی هۆش و تاقیکردنەوەی ژیانی کەسانی ناو دراماکەدا بگونجێت.

٤- چارەنووس: لە درامای کلاسی دا دەستێکی نهێنی هەیە کە هەڵس و کەوت بەڕووداوەکان بکات و ئارەزووی بڕیار دەداو، قارەمانەکە ئاگای لێ نییە و نازانێ بەر ئەنجام چی دەبێ، بۆیە هەوڵ و تەقەللای بێ وچان دەدات هەموو شتێ بەلای بەرژەوەندی ئەودا بێتەوە... بەڵام دەستە نهێنییەکە قەیرانەکانی دژ بە ویستی قارەمانەکەیەو دەینووچێنێتەوەو نا ئومێدی دەکات، گەلێ جاریش دەستەڵاتی

(١) اشهر المذاهب المسرحية تألیف دريني خشبة ل١٨-١٩.



بەسەر خۆیا نامێنێ و بەر ئەنجام تووشی لێ قەوماوی دەبێ.

٥- درامای کلاسی مالیجەی ئەو کێشەو گیروگرفتانە دەکات کە لە ناخی ئادەمیزاد ڕەگیان داکوتاوەو لە کۆڵ نابنەوە هەمیشە بەرەنگاری ئاکار و یاسای کۆمەڵ و ئارەزووەکانی مرۆڤ دەبنەوە... نەک کێشەی تاکە مرۆڤێک.

٦- درامای کۆمیدیاش بەلای کلاسیسیزمەکانەوە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و فەلسەفی و ئاکاری دەکۆڵێتەوە... ئەگەر کۆمیدیا ئاڕاستەی تانەو تەشەر بۆ ئەم و ئەو دەکات مەبەستیش تاکە مرۆڤێک نییە بەڵکو ئەو نموونەی هەزاران کەسی وەهایە و هەمیشە ئەو جۆرە کەسانە لەناو گەلاندا سەر هەڵ دەدەن و کۆمەڵیان پێ گرفتار دەبێ.

٧- لە درامای کلاسی دا دیمەنی کوشتن و ئازار دان کەم پیشان دەدەرێ.

٨- هونەر و ئەدەبی کلاسیسیزم چاو لە ڕابردوو کلا ناکات، پێی وایە بەرهەمە کۆنەکان گەیشتوونەتە سەر لووتکەیەکی وا لەوە بەرەو ژوورتر نییە، دەشێ هەموو ئەدەب و هونەرێک بە دەور تەوەرەی ئەدەب و هونەری پێشینان دا بسوڕێتەوەو چاو لەوان بکات... کەواتە ئەدەب و هونەری کلاسیکی حەزی لە گۆڕان و پاشە ڕۆژ نییە، لاساکردنەوەی ڕابردوو هەموو ئامانجێکیەتی و دژ بە ئەزموون و گۆڕاندنە، نوێ خوازی پێ مسینێکی نالەبارە...(١)

## ٢- کلاسیسیزمی نوێ

ڕێبازی کلاسی نوێ یەکەم جار لە وڵاتی فەرەنسادا سەری هەڵهێنا... ئەم سەرهەڵدانەش لەسەدەی حەڤدەم دا بوو، بەتایبەتی لە ساڵەکانی (١٦٦٠-١٦٧٥)دا، لە ماوەی ئەو پانزە ساڵەدا ڕێبازەکە کەوتە هەرەتی گەشەکردنییەوە.

لەپێش ئەو ماوەیەدا (کاردینال ڕیشیلیو) کە لە جیاتی لویسی سێزدەهەم فەرمانڕەوایی فەرەنسای دەکرد، هانی زانایان و نووسەران و هونەرمەندانی دا کە هەوڵ بدەن لە کارە هونەری و ئەدەبییەکانیاندا پێڕەوی گریک و ڕۆمان بکەن و لەتەک بارودۆخی فەرەنسا و بنەماکانی ئایینی مەسیح دا بیانگونجێنن، لەو کاتەدا (کۆڕنی) درامانووس و (مالیرب) فیلۆلۆژی زان و (دیکارت) و (پاسکال)ی فەیلەسووف هاتبوونە مەیدانەوەو ناسرابوون و ڕێیان بۆ هاتنی ڕێبازی کلاسیکی نوێ خۆش کردبوو، لەماوەی فەرمانڕەوایی لویسی چواردەهەمدا کە ماوەی بیست و پێنج ساڵەی نێوان (١٦٦٠-١٦٨٥)ە، ڕێبازەکە بەسەردەستی (کۆنی و ڕاسین و مۆلییر)ی درامانووس و (بۆسویە)ی شاعیر و (لافوتین)ی چیرۆک نووس دا گەشایەوەو لەناو بەرهەمەکانی ئەواندا کەوتە گڕوگاڵ، هەر لەوێشەوە تیشکی بەسەرانسەری ئەوروپادا بڵاوکردەوە.

لەسەدەی هەژدەهەمیشدا ئەم ڕێبازە لەلایەن (ڤۆڵتێر ١٦٦٤-١٧٧٨)ەوە پشتگیری لێ کرا.

ڕێبازی کلاسیکی نوێ لە ئینگلستان دا لەسەردەمی فرمانڕەوایی ئەلیەزابیسدا لە ناو دراماکانی کریستۆڤر و تۆماس کید و شەکسپیر دا بە ئاشکرا دیارە و نموونەی ڕاستەقینەی پەیدابوونی ئەو ڕێبازەن لە پێشەوە ئەوەمان وت: کە ئەو نووسەرانە لەگەلێ لایەنەوە لە ڕێبازی کلاسیکی کۆن لایان دا، ئەو لادانە نەک هەر بەرپا بوونی ڕێبازێکی نوێ بوو کە (کلاسیکی نوێ)یە بەڵکو زەمینەیەکی بە پیتیش بوو بۆ هاتنی ڕێبازی ڕۆمانسی.

(١) فن المسرحية - فردب ميليت - جيرالد ايدس بنتلي - ترجمة: صدقي خطاب - ل٣٠٠ - دار الثقافة - بيروت.

نووسەرانی دراما پێیان وایە سەرەتای پەیدا بوونی ڕێبازی کلاسی نوێ بەسەر دەستی (قەشە تۆماس ڕایمر ١٦٤١-١٧١٣)دا بڵاوبوەتەوە، ئەمەش ڕێی بۆ (جۆن درێدن) و (پۆپ) ئاسان کرد کە پێشڕەوی ڕێبازەکە بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

پاش ئەوانیش (ئەدیسۆن ١٦٧٢-١٧١٩) پشتگیری ڕێبازەکەی کرد، بەڵام ئەوەندە هەبوو ڕێبازەکە لە ئینگلستاندا کە بڵاوبووەوە وەک لە فەرەنسادا وا بە توند و تەسەل پێڕەو نەدەکرا.

ئەوانەش کە باویان بەو ڕێبازەدا گوایا لەبەر ئەوە بووە، چونکە لەرێڕەوی شەکسپیر بێزار ببوون، یان لەبەر ئەوە بوو چونکە شەکسپیر گەلێ لە کلاسیسیزم دور کەوتبووەوەو کەوتبووە ناو کەوانەی ڕۆمانسییەتەوە... بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوە بوو (درێدن) کە درامای (هەموو لە پێناوی ئەوین All for Love) دای نووسییەوە، مەبەستی سەرەکی ئەو ڕکابەری کردن بوو دژ بە شەکسپیر، چونکە ئەم لە درامای (ئەنتۆنیۆس و کیلۆ پاترا)دا لەسەر بناغەی یەکەی کات و شوێن نەرۆیشتبوو، هەروەها یەکەی بابەتیشی پشت گوێ خستبوو، ئەویش هات (هەموو لە پێناوی ئەوین)دای، نووسییەوە...

ڕووداوەکانی کۆمەڵە جەنگ و شەڕو شۆڕێک بوون لە نێوان (ئەنتۆنیۆ) و دوژمنەکانیا، شوێنیش ناو شاری ئەسکەندەریە بوو، کەچی دراماکەی شەکسپیر لە ڕۆماوە تا ئەسکەندەرییەی دەگرێتەوە...

ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دراما نووسەکانی ئینگلیز پێش ئەوەی دەست بدەنە خامەی نووسینی دراماکانیان، هەموو بنەماو یاسا و ڕێچکەکانی ڕێبازی کلاسیکییان دەخستە پێش چاو خۆیان...

نابێ ئەوەش لە یاد بکەین پەیدا بوونی ڕێبازی کلاسیکی نوێ لە ئینگلستان دا پەیوەندی بە پەیدابوونییەوە لە فەرەنسەدا نەبووە، چونکە لەو کاتەدا پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لەو جۆرانە نەبووە کە بیروڕای ڕۆشنبیری لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕ بکات.

### ٣- ڕێبازی کلاسیکی نوێ لە ئەڵمانیا:

ڕێبازی کلاسی نوێ لەساڵی (١٧٣٠)دا گەیشتە ئەڵمانیا، واتە نزیکەی یەک سەدە-لە بڵاوبوونەوەی لە فەرەنسەدا- دواکەوتووە.

بۆیە دەوترێ ساڵی: (١٧٣٠)ساڵی لە دایک بوونی کلاسیکی نوێیە لەئاڵمانیا... چونکە لەو ساڵەدا (یوهان کریستۆف) کتێبەکەی (هونەری شیعر)ی بڵاوکردەوە، داوای ڕێباز کلاسی نوێی تیا کردبوو، پاش ئەویش: (لیسینگ Lessing) دوو کتێبی بڵاوکردنەوە تیایاندا پشتکری خۆی دەربارەی یاساکەی ئەرستۆ لە دراماو شانۆگەری دا دەکات(١).

دوو کتێبەکە ئەمانەن: (لاوکۆن Laocoon) و (هونەری شیعر لە هامبۆرگ)... ئەم دوو کتێبە لە ساڵی (١٧٦٧) بڵاوبوونەوە، ئیدی لەو کاتەوە ڕێبازی (کلاسی نوێ) لە ئاڵمانیادا پەرەی سەند(٢).

ئیتر دراما نووسەکان هەوڵیان دەدا تا ڕاددەیەک خۆیان پێ بەندی بنەماکانی دراماو یاساکانی ئەرەستۆ بن.

### ئەو نیشانانە کە ڕێبازی کلاسی نوێ جیا دەکەنەوە

ئەدەب و درامای سەر بە کلاسیکی نوێ لە تەک کلاسیکی کۆندا گەلێ جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە:

(١) في الادب والنقد: تأليف الدكتور محمد مندور - ل٦١-٦٢ - دار النهضة مصر للطبع والنشر. القاهرة

(٢) فردب.ميليت... بنتلي (من المسرحية) ترجمة: صدقي خطاب - ل٤٥٠. هەروەها تەماشای: اشهر المذاهب المسرحية تأليف دريني خشبة ل٧٠ بکە.



ئەمە هەندێکە لەو جیاوازییانە:

١- لاساکردنەوەی دراماکانی گریک بەتایبەتی لە بارەی ڕوخسارەوە. هەر دوو جۆرەکەی دراما چ کلاسی کۆن، چ کلاسی نوێ لە ڕوخساردا لەیەکەوە نزیکن... بەڵام درامای کلاسیکی نوی لە بواری لاساکردنەوەدا بۆی هەبووە لەو جغزە بچێتە دەرەوە:

أ - بوونی گرێی دووەم، بە مەرجێک کار نەگاتە سەر گرێ سەرەکییەکەو بێ هێزی بکات و دایپۆشێ.

ب - بەرین کردنی ڕووبەڕی یەکەی کات... ئەوە بوو وترا: لە درامای کلاسی کۆندا دەبوو ڕووداوەکان لە ماوەی شەو و ڕۆژێک دا تەواو بن، کەچی لە ڕێبازی کلاسی نوێدا مەرج نییە لەو ماوەیەدا هەموو شتێ کۆتایی پێ بێ، بەڵکو لەوانەیە ئەو ماوەیە بەرین تر ببێ تا هەموو سەرەداوی ڕووداوەکان خڕ بکرێنەوە.

جـ - لە بارەی یەکەی شوێنەوە لە کلاسی نوێ دا مەرج نییە ڕووداوەکان لەیەک شوێنی تەسک و تروسکدا بقەومێن، لەوانەیە لەگەلێ شوێنی جیاجیادا ڕوو بدەن بەمەرجێک لەسنووری شارێک دا دەرنەچن.

٢- وتمان پاڵەوانەکان لە درامای کلاسیسیزمی کۆندا دەبوو خاوەن شکۆ و خانەدان و پایە بڵند بن کەچی لە درامای کلاسیکی نوێ دا لەوانەیە هەندێ لە کەسانی دراماکە دەست و پەیوەندی قارەمانی سەرەکی بن(١).

٣- لە ڕێبازی کلاسیکی نوێدا بایەخ بە کۆرس و سروود وتن نادرێ، کەچی لە درامای کلاسی کۆندا، کۆرس و سروودەکان دەبوونە هۆی جۆرە ڕازاندنەوەیەکی سەر زارەکی بۆ هەناسە وەرگرتن و ڕامانی بیرو خڕکردنەوەی ئەو سۆزانە کە ڕووداوەکان دێواندبوونی(٢).

٤- چارەنووس و بەرات: لە هەڵسووڕاندنی ڕووداوەکانی درامای گریک و ڕۆماندا چارەنووس دەستێکی باڵای هەبووە، کەچی لە ڕێبازی کلاسی نوێدا لە جیاتی چارەنووس ئەوین و دڵداری و هازی دەروونی مرۆڤ کاری خۆیان لە هەڵچوون و داچوونی ڕووداوەکاندا هەبووە، واتە بەرەنگاری و زۆرانبازی لە نێوان ویستی مرۆڤ و چارەنووس دا لە کلاسیسیزمی کۆندا بووە بەرەنگاری و زۆرانبازی لە نێوان ئارەزووەکانی ئادەمیزادا کەچی لە کلاسی نوێدا مرۆڤ توانیویەتی بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ ببێ و ئاواتەکانی خۆی بینێتە دی. کە کەوتنە شوێن ئەم هێڵە ڕێبازی تری بەدوای خۆیا هێناوە.

## ٣- ڕێبازی ڕۆمانسی - Romance

وشەی ڕۆمانس Romance لە (ڕۆمانیوس Romance)ەوە وەرگیراوە، ئەم وشەیە نیسبەتە ئۆباڵی شێوە ئاخاوتنی ڕۆمای پایتەختی ئیتاڵیا کە ئەویش دیالیکتێک بووە لە زمانی لاتینی، (ڕۆما) کە لەسەدەی هەشتەمی پێش لە دایک بوونی مەسیح دا دروست کرا ڕۆمیلۆس ناوێک بناغەی دانا... هەتا ڕاپەڕینی ئەوروپا و بزووتنەوەی فیکری نەهاتنە کایەوە کەس دیالکتی ڕۆمانی لە بواری ڕۆشنبیریدا بەکار نەدەهێنا... لەسەدەکانی ناوەڕستدا وشەی ڕۆمانس ناوی ئەو چیرۆکانە بوون کە باسی قارەمانێتی چینی ئۆرستوکرات و دەرەبەگی بکردایە... ئەم وشەیە چەندان ئاڵ وگۆڕی پێ کراوە، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر چوو بێ کەم و زیادییەکی لە بارەی کرک و واتاوە تێ کەوتووە... بۆ نموونە کە ئەسپانەکان و فەرەنسییەکان دەیانوت: (ڕۆمانس) مەبەستیان ئەو کتێب و بەرهەمانە بوون کە بەشێوەی ناو بازاڕی

(١) الشهر المذاهب المسرحية: دريني خشبة ل٧٠-٧١.

(٢) النقد الادبي: موسوعة احمد امين الادبية ل١٨٠.

دارێژرابن...

وشەی: (ڕۆمانتیک)یش هەیە لە زمانی ئینگلیزی دا ئاوڵناوێکە بۆ وەسپی ئەو چیرۆک و بەیازانە کە باسی شتی سەیر و عاجباتی بکەن، ئەو مانایە - لای ئەوان - لە سەدەکانی ناوەڕاستدا فراوانتر بوو ئیتر کە دەوترا (ڕۆمانتیک) مەبەست بوژاندنەوەی ئەو کەلەپوورە نەتەوایەتییە بوو کە لەناو چیرۆکە مێژووییەکاندا خۆی حەشار داوەو چاوەڕوانی خامەی ڕەنگینیان دەکرد...

لە ساڵی (١٧٦٠)دا وشەی (Romance) پەرەی سەند و کەوتە سەر زاری ڕووناکبیران... مەبەست لە ماناکەی بەراووردکردن بوو لەتەک وشەی کلاسی دا...(١)

ئێمە لێرەدا کە باسی ڕۆمانسیەت دەکەین، دیارە مەبەستمان ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییەیە کە بەرامبەر بە ڕێبازی کلاسی ڕادەوەستێ: یەکێک ویستبێتی واتای ڕۆمانسیەت بزانێ دەبوو وشەکەی بەرامبەر بە وشەی کلاسیک بۆ دابنرێ و پێی بوترێ: (کلاسیک ڕێبازی بەند و باوی بەهادار و هێژایە، ئەدیب و هونەرمەندی سەر بە کلاسیک دەبێ لە ناو چوار چێوەی ئەو بەند و باوانەدا بیری خۆی تاوبدا و لێیان نەچێتە دەرەوە، هەروەها ڕێبازی کلاسیک قەڵای سەختی هۆش هزری مرۆڤە...

کەچی ڕێبازی ڕۆمانسی ئازاد کردنی حەز و ئارەزوو و ڕەهاکردنی سۆز و مەگێزەکانی مرۆڤە، جەڵەو بەردانی فریشتەی ئەدەب و هونەرە، کردنەوەی جیهانی بێ سنوورە بۆ پەروازە بوونی سۆز و گیان)(٢).

**ڕێبازی ڕۆمانسی کەی هاتە ئاراوە؟**

ڕێبازی ڕۆمانسی وەک هەر ڕێبازێکی تر هەر وا لە پڕ بە سەر دەستی یەکێک دا یان چەند کەسانێک دا لە کات و شوێنێکی تایبەت دا نەڕەخساوە... هەروەها پەیدابوونی ڕێبازی ئەدەب و هونەر و فەلسەفەی ژیان بە بڕیاردانێکی سەر پێیی دروست نابێ... بەڵکو بەر ئەنجامی چەندان هەل و مەرجی تایبەتی و کات و شوێن و ڕووداوی مێژووییە.

ئەگەر چی ئەم ڕێبازە لە ئینگلستاندا لەسەردەمی ئەلیەزابیسدا زەمینەی بۆ خۆش کرا، لە فەرەنسەشدا لەسەدەی هەژدەمدا وەک ڕێبازێکی شۆڕشگێڕی دژ بە کۆن خۆی نواند، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو نیشانانەی کە دەبنە مۆرکی جیابوونەوەی نە لەشوێنێکی تایبەتدا نە لە کاتێکی دیاری کراودا دەس نیشان ناکرێن، لەبەر ئەمە ناتوانرێ سنوورێکی مێژوویی دابڕاوی بۆ دابنرێ، خۆ ئەگەر بگەڕێیت بەشوێن ئەو نیشانانەدا یان بتەوێ گوڵ چنی ئەو نموونە هونەری و ئەدەبیانە بکەیت کە دەچنەوە سەر ڕێبازی ڕۆمانسی، دەبێ بگەڕێیتەوە بۆ دامێنی دراماکانی پێش یوریپیدیس هەر لەوێوە ڕەگ و ڕیشەی لە ناو بناغەی هونەر و ئەدەبدا داکوتاوە...

خۆ ئەگەر بەلاتیغەی زنجیرەی مێژووی درامادا هەر لە بەرە بەیانی بوونییەوە تا سەدەی هەژدەهەم بێینە خوارەوە، دەتوانین ئەوە بڵێین کە ڕێبازی ڕۆمانسی لە قەدپاڵی کلاسیک دا وەچەی خۆی دەرداوە، خۆ گومان لەوەدا نییە هەر دەرچوونێک لە ڕەوتی کلاسیک دا کە بووبێ ژانی لە دایک بوونی ئەو وەچە بووە کە لە سەدەی هەژدەهەمدا ناوی نرا ڕێبازی ڕۆمانسی.

لە پێشەوە زانیمان کە چۆن دراما لە داوێنی شارستانیەتی گریک دا لە دایک بوو، پاش ئەوانیش

(١) الرومانتيكية: تاليف الدكتور محمد غنيمي هلال - المقدمة. هەروەها تەماشای: (معالم النقد الادبي) بکە. دکتور عبدالرحمن عثمان - ل١٨٧- (١٩٦٨).

(٢) اشهر المذاهب المسرحية: دريني خشبة ل٩٦-٩٧.



ڕۆمانەکان بوون بە میرات گری کەلەپوورەکەیان، پاش ڕۆمانیش ئایینی مەسیح هات و پەردەی خەفەکردنی بەسەر هەردوو شارستانیەتەکەدا دا... دراما سەرلەنوێ لە ناو کلیسەکاندا سەری هەڵداوە، بەڵام بە بەند و باوی درامای کلاسیک بەڵەد نەبوون... کەچی لەتەک چیرۆک و ڕازە نهێنییە ئایینییەکاندا ئاشنا و شارەزابوون و ئەو چیرۆکانەش تەلی عاتیفە و سۆزیان بەگوڕ دەبزوان و بەناو جیهانی خەیاڵ و ئەنێشەدا سەر نوگوم دەبوون، کەف و کوڵی دەروونی خۆیان دەچڕان، کەڵەکی ڕک و کینەیان بە سەر گومڕاییدا دەڕمان، ئەو جۆرە درامایە، نۆبەرەی ڕێبازی ڕۆمانسی بوون، بەبێ ئەوەی خاوەنەکانیان بزانن ڕۆمانسییەت چییە؟

خۆ ئەگەر تراژیدییەکانی مارلۆ و شاکارەکانی شەکسپیر بخەینە ناو تای ترازووی ڕێبازی کلاسییەوە، دەست بەجێ بۆمان دەردەکەوێت دراماکانی ئەو دوو نووسەرە گەلێ لەو ڕێبازە دوور کەوتوونەتەوە، لات وایە شیرازەی دراماکانیان بە ڕۆمانسیەت چنراوە، هەر چەند درامانووسی تریش هەبوون بەر لە مارلۆ و شەکسپیر تەوقی کلاسیەتیان شکاندبوو بەڵام ئەو دووانە توانیان یاساکانی کلاسیک بخەنە پشت گوێ...

کە وەختێ ڕێبازی ڕۆمانسی لە ئینگلستان بڵاوبووەوە دراماکانی شەکسپیر هێنرانە پێشەوەو دیترا کە سەرجەمی دراماکانی کاڵایەکی پڕ بە باڵای ڕێ ڕەو و نموونەی ڕاستەقینەی ئەو ڕێبازە بوون...

پاڵەوانانی شاکارەکانی شەکسپیر ئاوێنەی باڵانمای دەروون و سروشتی ئادەمیزادن، سەرچاوەی هەموو سۆز تەمای مرۆڤن مەگەر هەر ئەو توانیبێتی وەک کارێز کەنێک چۆن ناو تەنگەی شاخێکی سەخت دەبڕێت و ئاوێکی ڕوونی وەک چاوی قرژاڵی لێ دێنێتە دەرەوە، ئاواش شەکسپیر توانی تیشکی سەرە نووکی خامەکەی لە ناخی دەروونی مرۆڤ دا بگێڕێ و هەرچی هەست و نەستی هەیە، ئەوەی حەز و ئارەزووی هەیە هەڵی گۆزێ و تابلۆی ڕۆمانسی ئامێزی ڕەنگێنی پێ بنەخشێنێ...

بەو جۆرە توانی بارەگای دراما لە هۆش و مێشکەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو دڵ و دەروون و بیکا بە ڕشتەیەکی هەمەڕەنگە بۆ هۆنینەوەو ناسینەوەی کەسێتییە جۆراو جۆرەکانی ئادەمیزاد.

ئەو شەکسپیرە مەزنە بەو هەموو توانا و بلیمەتییەوە، لە فەرەنسادا یەکێکی وەک ڤۆڵتێر بە ئینگلیزەکانی ناساندەوە، چونکە لە دراماکانیا هەموو بەندو باوێکی کلاسیکیەت تێک و پێک درابوون و لەشوێنیاندا شتی نوێی دانابوون، بۆ نموونە لە جیاتی مەسەلەی چارەنووس سۆزو حەز و ئارەزووەکانی ئادەمیزادی کردبوونە دینەمۆی هەڵسووڕاندنی ڕووداوەکان.

هەروەها لە ئەڵمانیا توێژەرو ڕەخنەگری ئەڵمانی (شلیمبل ١٧٦٧-١٨٤٥) شەکسپیری بە ئەڵمانەکان ناساند و پێی وتن: شەکسپیر وەنەبێ تەنیا بۆ گەلی ئینگلیزی نووسیبێ، بەڵکو نووسەرێکی جیهانییە و ئەو گیروگرفتانە کە ئەو مالیجەیان دەکات، ئەو پاڵەوانانە کە کەسانی دراماکانی ئەون، هەموو گیروگرفتی کەسانێکن کە لە هەموو جیهاندا هەن(١).

بەکورتی شەکسپیر تا سەدەیەکی تەواو لەلای ئینگلیزەکان نەناسرابوو، ڤۆڵتێر و شلیمبل بەگەلی ئینگلیز و بەهەموو گەلانی تریان ناساند...

مەبەست لێرەدا ئەوەیە لادان لە هێڵی کلاسیک بەتایبەتی لەدرامادا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فرمانڕەوایی ئەلیەزابیس، ئەو لادانەبوو بە تێشکاندنی ئەو قەڵایەی کە کلاسیزمەکان خۆیان تیا پەنا دابوو، هەر لەوێدا بابەتی دراماکانی گریک و ڕۆمانیان وەک ملوانکەی مرواری پیرۆز لەمل خۆیاندا

(١) الرومانتيكية: الدكتور محمد غنيمي هلال - ل٣٠. هەروەها اشهر المذاهب المسرحية - دريني خشبة - ل١٠٦. هەروەها معالم النقد الادبي: الدكتور عبدالرحمن عثمان - ل١٩٠-١٩١.

ئاڵاندبوو... یەکێک خاوەن شکۆ و پایە بڵند و قارەمانی جەنگ نەبوایە نەیان دەهێشت بێتە مەیدانی دراماوە... ئەوانە لەوێدا قەتیس مابوون، چاوەڕوانی یەکێکیان دەکرد کە ئەو دەروازە ڕەپێش کراوەیان لەسەر بکاتەوەو دەرێکی تریان بۆ بدۆزێتەوە...

ئەوە بوو لە ئینگلستاندا سێ کوچکەی بەناوبانگ (مارلۆ، توماس کید، شەکسپیر) لەو قەڵایە دەربازبوون و دەسکارییەکی ملوانکە مرواربییەکەی گریک و ڕۆمانیان کرد... بەتایبەتی شەکسپیر هەندێ لە کەسانی دراماکانی بە قەبارەو شان و شەوکەت بە خاوەن شکۆ دەهاتنە بەر چاو، کەچی لە ڕاستی دا وەک کەندووی بەتاڵ وەهابوون بەسەرو سنگ کەتە بوون و بە بیرو هۆش منداڵ و بێ ئاوەزوو بوون، یان هەندێ جار کۆیلە و منداڵ بوون کەچی لەناو سنگ و مێشکیاندا دڵێکی گەورەو مێشکێکی هۆشیاریان هەبوو...

ئەو لادانە لەرەوتی کلاسیکی بوو بە نموونە بۆ ڕۆمانس، ئەمیش بەش بە حاڵی خۆی کرا بە دوو بەشەوە، ڕۆمانسی کۆن و ڕۆمانسی نوێ... ئەوەی شایانی باس بێ ڕۆمانسی نوێ لەسەدەی هەژدەهەمدا بەتایبەتی پاش بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسی پەرەی سەند...

## ٤-ڕێبازی ڕۆمانسی نوێ

لەسەدەی هەژەهەمدا بەتایبەتی لەساڵی (١٧٥٠)دا کە چان چاک ڕۆسۆ کتێبی (بەڵێنی کۆمەڵایەتی) بڵاوکردەوە، ئەم کتێبە بوو بە ئاگرێک بەربووە کۆشک و تەلاری هەموو جۆرە یاسایەکی کۆن، هەروەها دوا بەدوای ئەو کتێبەدا کتێبی، «ئەمیل»ی بڵاوکردەوە، لە ئەمیل دا، داوا لە مرۆڤ دەکا کە پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئامێزی سروشت و واز لە هەموو شتێکی دەسکردی بهێنن و شۆڕش دژ بە هەر شتێک کە دەبێتە کۆت و زنجیری گەردنی مرۆڤ بکەن... هەروەها دەیووت: «هەر شتێک تا لە ئامێزی سروشت دا بێ چاکە کە دەستی مرۆڤی گەیشتێ خراپ دەبێ»[١].

ئەو دوو کتێبەی چان چاک ڕۆسۆ بوون بە دەستووری بەرپابوونی شۆڕشی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و پەروەردەیی... ئەم شۆڕشە هێزی خستە بەر ئەدیب و هونەرمەندان کە واز لەکۆت و زنجیری کلاسییەت بهێنن و، ڕوو بکەنە سروشت و ویژدان و دەروونی چاکە خواز و ئەو هێزە دەروونیانە کە ئامادەکراون بۆ پێشڕەوی مرۆڤ، ئەم بیرو ڕایەی چان چاک ڕۆسۆ وەک ئاگرێک بە پووشەوە بنێی وەها کڵپەی سەند و بەسەرانسەری ئەورووپادا بڵاوبووەوە، ئەوەندەی نەخایاند شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی (١٧٨٩) بەرپابوو... چی ڕژێمی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری بوون هەموو سەرەنخون بوونەوەو یان کەوتنە لەرزین، وشەی سەربەستی و ئازادی مرۆڤ بوون وێردی سەر زاری هەموو مرۆڤێک، شاعیرەکانی ئینگلیز دەیانوت شۆڕشی فەرەنسا. ئەرز و ئاسمان و دەریا و زەریای ئازاد کردووە، ئاڵمانەکانیش دەیانوت شۆڕشی فەرەنسا ئاسۆیەکی نوێیەو (پاریس)یش پایتەختی هەموو جیهانە، یان دەیانوت فەرەنسا ئەسینای نوێیە[٢].

هەروەها ئەو شۆڕشە هانی نووسەر و هونەرمەندانی دا کە بۆ نووسین و هونەرەکەیان پەنا بەرنە بەر کەلەپووری نەتەوایەتی و پشت بەسەربەستی خۆیان ببەستن... ئەو بیروڕایانە مانایەکی نوێیان بەباڵای ڕۆمانسییەتدا بڕی.

(١) تاریخ التربیة - مصطفی امین - ل٢٩٠-٢٩١.

(٢) الرومانتیکیة: تألیف محمد غنیمي هلال - ل٢٤.



جگە لە شۆڕشەکەی فەرەنسا گەلێ هۆی تریش هاتنە ئاراوە کە هەر یەک بەژن و باڵای ڕۆمانسییان بە جۆرێکی نوێ تر دەڕازاندنەوە، یەکێک لەوانە پەیدا بوونی «ئەدەبی گەشت و گوزار» بوو...

لەو جۆرە ئەدەبەدا جەڵەو بۆ پەری خەیاڵ و ئەندێشە شل دەکرا، دادی بەستنەوەو ڕاوکردن بۆ هەستی ناسک و سۆزی پاکژ و پاڵفتە دەنرایەوە، مەبەست تیایاندا بەراوورد کردن بوو لە نێوان ئەو بەند و باو و خووخدانە، لەتەک ئەو بنەما فەلسەفی و ئایینییانەدا کە خەڵک پێیان وابوو ئەو شتانە مانای گشتییان هەیە و هەموو کەس وەک یەک بیریان لێ دەکاتەوە لەمەشەوە جۆرە ئەدەب و(هونەرێکی خودی ڕێژەیی) هاتە کایەوەو بوو بەهۆی ڕوخاندن و پاک کردنەوەی بیروڕای کلاسیکیەت چونکە ئەگەر کلاسیک پێی وابوو بەهاو بنەماکانی (ڕەهان) و لای هەموو کەس وەک یەکن، ئەدەبی ڕێژەیی ئەو بۆچوونانەی مەحف کردەوە.

ئیتر ڕۆمانسییەت لافاوی هێناو هەر بابا بوو داوای بیری سەربەست و بۆچوونی ئازادی دەکرد و گومانی دەخستە ناو هەموو شتێکەوە... هەر شاعیر بوو بە ئارەزووی خۆی جوانترین چامەی لە پەلکە زێرینەی بەروەشتی ئەندێشەی دەهۆنییەوە، ئەدەب لە بواری شیعردا کاسەی ڕۆمانسییەتی لرپاند، کەچی لە بواری چیرۆک و دراما‌دا کەمێک دواکەوت تا چیرۆک نووسی فەرەنسی بەناوبانگ «فیکتۆر هیگۆ ١٨٠٢-١٨٨٥)ی شاعیر و درامانووس هات و درامای «هیرنانی –Hernani) لە ساڵی (١٨٣٠)دا بڵاوکردەوە، ئەم درامایە پەردەی بەسەر درامای کلاسیکی نوێ دا دادایەوەو درامای ڕۆمانسی نوێی خستە ڕوو، ئەم پەردە لادانەوە ئەو مشت و مڕەی کە لە نێوان هەردوو ڕێبازەکەدا چەندان ساڵ بوو درێژەی کێشابوو بڕاندەوە، پاش درامای (هیرنانی) درامایەکی تریشی پێشکەش بە ڕۆمانسی نوێ کرد کە ناوی (ڕۆی بلاس - Ruy Blas) بوو، پاش ئەویش درامایەکی تری بڵاوکردەوە کە درامای (کرۆمویل –Cromwell) بوو لە پێشەکییەکەیدا باسی ڕێبازی ڕۆمانسی نوێی تیا کردووە[٢].

جگە لە فیکتۆر هیگۆ «مادام دی ستایل» و (دی موسیا)ش بە پێشڕەوی ڕێبازی ڕۆمانسی نوێ دەناسرێن، چونکە ئەوان پشت گیری ڕێبازەکەیان کرد تا دامەزرا.

کەچی لە ئاڵمانیادا (شلیمبل) و (گۆتە) و (فختە) و (هێنی) و (فۆلیە) بوون بە پێشەوای ڕێبازی ڕۆمانسی نوێ، لەبەر ئەوەی ئەمانە فەیلەسووف بوون ڕێبازەکەشیان مۆرکی (ڕێبازی فەلسەفی ڕۆمانسی نوێ)ی پێوەنرا... بۆیە وتراوە: (ڕێبازی ڕۆمانسی ئەدەبی و هونەری) لە فەرەنسادا پێش ڕێبازی ڕۆمانسی ئەدەبی ئاڵمانی کەوتووە، هەروەها (ڕێبازی فەلسەفی ڕومانسی نوێ)ی ئاڵمان پێش ڕێبازی فەلسەفی ڕۆمانسیی فەرەنسا کەوتووە... چونکە دامەزرێنەری ڕێبازەکە لە فەرەنسادا هەموو ئەدیب بوون، کەچی لە ئاڵمانیادا هەموو فەیلەسووف بوون لەبەر ئەمە بزووتنەوەی ڕۆمانسییەت، بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و فەلسەفییە، ئەم بزووتنەوە سەرانسەری ئەورووپای گرتەوە[١].

مایەوە سەر ئەوەی بڵێین: (هەر چەند چان چاک ڕۆسۆ بەداهێنەری ڕۆمانسییەتی نوێ دەدرێتە قەڵەم... بەڵام (مادام دی ستایل) بووە، کە بۆ یەکەم جار زاراوەی: «ئەدەبی ڕۆماسی» بەکارهێنا...

### بەراوردێک لە نێوان درامای کلاسی و ڕۆمانسی نوێ دا...

١- ئەدەبی ڕۆمانسی بەتێکڕا، دراما بەتایبەتی هەر لە سەرەتاوە لە سەر ئەو بنەمایانە دامەزرابوو کە ڕێبازی کلاسی کردبوونی بە قەڵای سەخت و خۆی تیا حەشاردابوو... هەر ئەو بنەمایانە لە ناو ئەو

(١) نزعات في الفکر الاوروپي - عواد مجید الاعظمي - من منشتورات دار البصري.

قەڵایەدا ببوون بە کۆت و زنجیرێک دەست بەرداری پێرەوکەرانی نەدەبوون... ڕێبازی ڕۆمانسی لەو قەڵا سەختەی خۆی هێنایە دەرەوەو خۆی لە کۆت و زنجیرەکەی دەرباز کرد و کەوتە شوێن فریشتەی ئەندێشەو خەونە ڕەنگینەکانی و جەڵەوی پڕتاو بوونی بۆ سۆز و هەستی پاکی بەرەو لووتکەی ئەوین و خۆشەویستی شل کرد... ڕۆمانسییەکان پێیان وابوو: (سۆز) ڕێگەی بێگومانی ڕاستییە، گومان کاری هزرە نەک سۆز، سەرچاوەی سۆزیش ویژدانە کە هێزێکی سەربەخۆی دەروونە و بۆ ئەوە دروست کراوە کە مرۆڤ چاکە و خراپەی پێ جیا بکاتەوە...[1]

لەبەر ئەمە ڕۆمانسییەکان دەکەوتنە شوێن سۆز و هەست و ئارەزوو. کەچی کلاسییەکان تەنیا هۆش و هزریان دەکردنە ڕێبەری خۆیان.

٢- لە درامای کلاسی دا ژیری و هۆش تاکە ڕێبەریان بوون، بەلایانەوە تەنیا ژیری دەیتوانی پەردە لەسەر هەموو ڕاستییەک لابداتەوەو نووسەر دڵنیا بکات... ڕاستیش هەر ڕاستییەو ناگۆڕدرێ و ئینکار ناکرێ... بۆیە کلاسییەکان پێیان وابوو قارەمانەو ناگۆڕدرێ نۆکەریش هەر نۆگەرەو لەو جغزەی خۆی دەرناچێ، کەواتە خوونەریت و بەهاش ناگۆڕدرێن...!.

کەچی ڕۆمانسییەکان بە پێچەوانەوە دەیانڕوانییە ئەو ڕاستیانە، لەبەر ئەوەی ویژدان ڕێبەریان بوو، دەیانوت هەر دڵ و دەروون دەتوانن پەردە لەڕووی جوانی و هەموو ڕاستییەک لابدەنەوە، جوانیش چاوی لە گەورەو بچووکی و پایە و سایە نییە جوانی هەر جوانییە چ لە چینی ئۆرستوکرات بێ یان کاسبکار، لەبەر ئەمە دراما نووسە ڕۆمانسیزمەکان جیاوازی ناخەنە نێوان کەسانی دراماکەوە، ئیتر کەڵە پیاو بن یان ناوبازاڕی؛ پاڵەوان و دەرەبەگ بن یان ئاسایی و بۆرە... بەڵکو جاری وا هەیە بۆرە پیاوەکە بەسەر کەڵە پیاوەکەدا زاڵ دەبێ و ڕکێفی نەخشەی دوا ڕۆژ دەکەوێتە بەر دەستی، لەبەر ئەمە درامای ڕۆمانسی درامای داهێنان و پێشکەوتنە، درامای کلاسی درامای مەیین و نەگۆڕە.

٣- ئەدەب و هونەری کلاسی ئەدەبێکی ئۆرستوکراتیانەیەو کەلەپووری پێشینان بە چاوێکی پیرۆز تەماشا دەکات.

کەچی ئەدەب و هونەری ڕۆمانسی ئەدەبێکی پێشکەوتنخوازەو ئومێدی بە بەرهەمی ئێستایە کە بەرەو چاکتر هەنگاو دەنێ... بەرهەمی ئێستای بۆیە پێ باشە چونکە هۆی داهێنانی پاشەڕۆژێکی باشترە...

کلاسییەکان پێیان وایە چەرخی ئەدەبی زێڕین و بلیمەتی بەرهەم هێنانی هونەر و ئەدەب لەگەڵ نەمانی گریک و ڕۆمانەکاندا بەسەر چووە، ئەشێ ئەدیب و هونەرمەندان لاسایی ئەوان بکەنەوەو شوێن کەوتەی ئەوان بن، هەر لەبەر ئەمەش بوو بە ئەدەب و هونەری فەرەنسی سەدەی حەڤدەم دەوترا: (ڕێبازی کلاسی شوێنکەوتە) کەواتە ئەدەب و هونەری کلاسی ئەو بەرهەمانەن کە لاسایی بن بۆ ئەدەب و هونەری گریک و ڕۆمان...

ئەو شکۆمەندی و پیرۆزییەی کە بۆ هونەر و ئەدەبی کلاسی ساز درابوون پاش بەرپابوونی ڕاچنینی ڕۆمانسییەت نەماو خەڵک کەوتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئادەمیزاد ڕۆژ دوای ڕۆژ بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێت، ژیانی مرۆڤ تا دێت تازە دەبێتەوەو لەگەڵ ئەو تازەبوونەوەدا چەندان بابەت و بیروڕای نوێ دروست دەکات و بەچاوی ڕێزلێنانەوە دەڕوانێتە ئەدەبی نوێ و ڕێزیش لە ئەدەب و هونەری پێشینیان وەردەگرێ.

(١) الرومانتيكية - د.محمد غنيمي هلال - ل٢٨.



٤- بایەخ دان بە هۆڵمان و دەروونی مرۆڤ و تاس و لووسدانی ئەو حەزو و ئارەزوو و ئەندێشەی جوان و نایابە کە ئاوەدانی دڵ و هۆش و مێشکی هەموو مرۆڤێکن و بەشێکن لە بوونی...

هەروەها خەم و حەشمەت، کەسەر و ناتەسەری، بێ نەوایی و کوێرەوەری، هەناسە ساردی و بێ دەرەتانی، کلۆڵی و چەوسانەوە، داماوی و خەم ئەمانە هەموو سەرچاوەی ئازار و ئەشکەنجەن، ئازار و ئەشکەنجەش دامەزرێنەری زانست و زانیارین، یان هەموو بینایی تێگەیشتن و هەستەکانی ژیرین... ئەوان کۆگای هۆش و ئاوەزوو پێک دەهێنن... لە درامادا ئازار و خەم پایەی دامەزراندنی کەسێتی کەسانی ناو دراماکەن و کەواتە بەوان قاڵ دەبێ و هەر بەوانیش پایە و سایەی ناو کۆمەڵەکەیانی بە بەردا بڕیون... کەسانێک بەو چەشنە پێ گەیشتبن ئەوجا دەبنە نموونە و شاهیدی سەردەمەکەی خۆیان.

هەروەها بیناو، وێنای خەیاڵاوی شت، دوورکەوتنەوە لە شتی ئاڵۆز و دژوار و گرێ لێ دراو و قورس و ناسانا و نزیک بوونەوە، لە شێوازی ڕەوان و ئاسان و سادە و دەربڕینی ئاسان و سفت و حەسانەوە لە کۆشی - سروشت و ڕاست گۆیی دا، دوور کەوتنەوە لەشتی خورتی و خۆگوشین و ڕزگاربوون لە جیهانی ماددەو خۆ دارنین لە گیروگرفتی ڕابردوو - ئەمانە هەموو نیشانەی جیاکردنەوەی (ڕێبازی ڕۆمانسی)ین لە (ڕێبازی کلاسیکی)...

بە کورتی ڕۆمانسییەت گەلێ بایەخ بە مرۆڤ دەدات، واتە لە ڕوانگەی لاینە دەروونییەکەیەوە، دەڕوانێتە هەموو بارودۆخێکی ژیان، پێی وایە هەموو ڕاستی و دروستییەک دەگەڕێتەوە سەر هەست و نەستی مرۆڤ، چونکە ئەو دوو لاینە دەروونییە بارەگای بڕیار دانی گەشەکردنی هەموو قۆناخێکی مرۆڤن، هەموو هەڵس و کەوتێک یان لە هەستی ئاگادارەوە دەردەچێ یان لە نەستەوە... بۆیە ئەمانە ئەوەندە بایەخیان بە بارەی ژیری نەدەدا... چونکە پێیان وابوو ژیری تەنیا تیشکێکی سارود سڕەو گوێی لە بارو دۆخی کات و شوێنی مرۆڤ نییە[1].

٥- درامای ڕۆمانسی ئەو دەستە نهێنییەیە کە لە پشت پەردەوە لە درامای کلاسیکی دا کارگێڕی کارو فرمانی پاڵەوانەکانی دەکرد، دەخاتە پشت گوێی و لە جیاتی ئەو دەستە کە - چارەنووس و بەرات بوو - سۆز و عاتیفە دەکات بە کارگێڕی ڕووداوەکان... ئەی، خۆ بە کەم زانین و یان خۆ بە زل زانین، هەروەها هێمنی و نەگریسی دڵ سافی و سادەیی و ئاوەگری و کینە، وەفاو دڵسۆزی، مخەنەتی و دڵپیسی، مەردی و نامەردی و چرووکی و مەندی، چڵێسی و تەسەلی... ئەمانە هەموو هەڵچوون و داچوون بە ڕەوشتی مرۆڤ ناکەن؟ نابنە زەمبەرکی هەڵس و کەوت؟

وادەبێ جۆرە سۆزێک دەبێتە سامان بۆ کەسێک و دەشبێتە کارەسات بۆ کەسانێکی تر بۆ نموونە: شەرم کردن ئەگەر منی لەگەڵێ هەلی ڕەنگین بێ بەش کردبێ، لەگەڵێ چوترمی سەختیش پاراستوومی... کێ ئەم کارەی کرد دەستە نهێنییە دەرەکییەکە یان (شەرم) کردنەکە کە لە دەروونەوە هەڵقوڵاوە...

ئۆرتیللۆی شەکسپیر پیاوێکی چەتوون و بەغیرەت بوو، ئەوەی دەسی بۆ نامووسی ببردایە سەری دەتاشی...

(یاگو)ش ئەو پیاوە نەگریسە ڕژدە مخەنەتە بوو هەمیشە بۆ بوختان و درۆ و دەلەسەو هەڵەپاچی کاری خۆی تەرخان کردبوو، وا خۆی دەدایە قەڵەم کە پیاوێکی وەفادار و دڵسۆزە بۆ ئەوەی بە مەرامی خۆی بگات... ئیتر بە مخەنەتی ئۆرتیللۆی تەفرە دابوو تا لە کۆتایی دا توانی خوێنی دیدەمۆنە بکاتە کاسەوەو دەرخواردی ئۆرتیللۆی مێردی بدات.

(١) النقد الادبي- احمد امين ل٣٢٩.

(دیدەمۆنە)ش ئەو ئافرەتە ئێسک سووکە سادەیە بوو کە گیرۆدەو شەیدای ئەو پیاوە دێزە دەست و پەل قایمە ناقۆڵایە ببوو بۆیە بە ئاسانی وەک کۆتری دەستەمۆ کراو مێردی بەو پیاوە مەراکێشییە کرد... ئەو نیشانە دەروونیانەو لەیەک نزیک بوونەوەیان و بەیەکەوە ئاڵاندنیان چی لێ بەرپا بوو؟

حەزوو ئارەزووەکانی دەروونیان وەک چارەنووسەکەی کلاسییەکان کاری خۆیان نەنواند؟ بەڵام چارەنووسەکەی ئەوان لە دەرەوەی مرۆڤەکەوە دەستیان دەوەشاند کەچی ئەمان لە قوڵایی ناخی مرۆڤەکەوە هەڵدەقوڵان[1].

کەوابوو بافتی ئەوەیە بوترێ: ڕۆمانسییەت شۆڕشێکی ڕاستەقینەی هزری بوو لە بناغەوە ڕێبازی کلاسی هەڵێتەکان.

پێش ئەوەی دەست لە ڕێبازی ڕۆمانس هەڵگرین، دەبێ بزانرێ کە ڕۆمانسییەت زەمینەیەکی وای بۆ خۆی سازاند کە لە ئاقاری ئەودا هەموو ڕێبازەکانی تر تیایا چەکەرەیان کێشا...

ریالیزم، سروشتی، سیمبۆلیزم، سوریالی، (هەبوونی- وجودی)، هەر یەک لەم ڕێبازانە لە کۆتاییدا سەرێکیان دەچێتەوە سەر ڕۆمانسییەت[2].

## ٥- ڕیالیزم Realisim:

بە خەیاڵی کێ دا دەهات ئەو تارا ناسک و نازدارە کە بەسەر بووکی ڕازاوەو خەیاڵاوی ئەدەب و هونەری ڕۆمانسی دا درابوو کە یەکێکی وەک فیکتۆر هیگۆ بە باڵای ئەو بووکەدا بڕی بووی بە ئاسانی لابدرێتەوە، هەڵبەتە ئەو مرۆڤەی ئەم بووکە ئەفسووناوییەی هێنایە خوارەوە لە توانای دایە بووکێکی تر وەوک ئەو سوار بکات کە لە بووکە ڕۆمانسییەکە نازداتربێ...

دیارە دەبێ چەند هۆکارێکیش ڕەخسابن تا خەڵک لەو ڕێبازە بێزار بن و ئەوجا بگەڕێن بە شوێن ڕێبازێکی تردا...

ئەوە بوو ڕێبازی ڕۆمانسییەت کە هات بەو مەبەستەوە هەنگاوی نا کە مرۆڤ بگەڕێنێتەوە ناو ئەو گەنجینەیەی کە لەناو دەروونیانا هەیە و چەواشە کراوە، ئەوە بوو ئەو ڕێبازە پێی وابوو کلیلی دەردانی ئەو گەنجینەیە دراوەتە دەست ئەو هێزانە کە جیهانی دەروونیان لێ پێک هاتووە، ئەوەی بیەوێ پەنابەرێتە بەر سۆز و ویژدانی دەرگای کامەرانی و بەختیاری لێ دەکرێتەوە، ئەو وەختە چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانی خۆی پێ دەکات... بەڵێ بەپێی ڕێبیرەکانی ئەو ڕێبازە ئەگەر خەڵک لەقەڵا ڕۆژنەی دروونیایەوە بەرەو ناخی خودی خۆیان شۆڕ ببنەوەو سەیری جیهانی ناوەوەی خۆیان بکەن دەزانن چەندان هێز و چەندان توانا لەوێ دان و بۆ ڕێبەری مرۆڤ سازدراون، هەر بەوان ڕاستی و دروستی دەدۆزرێنەوە، خۆیان بۆ ئەو کارە دروست کراون، بەڵام خوو دانە هۆش و مێشک ئەوانی قەتیس کردووە... ئای چ ئامێرێکی هەستیار و بەکارە... وەرە سەیری بکە چی دەبینی!؟

بەڵێ ڕۆمانسییەکان خوویان دایە دەروون، بەچاوی ویژدان ڕاستی و دروستیان دەدۆزینەوە، ئیتر پەنایان بردە بەر ئەندێشە، بۆ گەشت و گەڕیان سواری باڵی زێڕینی بوون و بەناو ناخی سروشت دا پێی چوونە خوارەوە، چی تیا هەبوو هەموویان ڕاوکردوو هێنایان و هەموویان لەسەر دێڕی هۆنراوەو دراماکانیان هۆنیەوەو لە مل ئەدەب و هونەریان ئاڵاند، بەو جۆرە ئەو بووکەیان ڕازاندەوە...

(١) اشهر المذاهب المسرحية - دريني خشبة - ل٩٩-١٠٠.

(٢) النقد الادبي الحديث - الدكتور محمد غنيمي هلال - ل٦٨٠ - دار العودة - بيروت.



بەڵام ئەو ئاڵ و واڵایە تەنیا وشەی بریقەدارو ڕەنگاو ڕەنگ بوون، قسەی بەتام و چێژ بەخش بوون... کارە هونەری و ئەدەبییەکانی دەڕازاندەوە کەچی لە ناو کۆمەڵ دا وەک هەوای ناو لەپ وابوون، ڕەواجیان نەبوو، نەتینویەتییان دەشکاند نە زکی برسیان تێر دەکرد، ئیتر هەندێ خەڵک بە ئاگا هاتن وازیان لە ڕاوکردنی تارمایی خەونەکانیان هێنا، هەوڵیان دا ڕێگەیەک بدۆزنەوە کە گیروگرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکات... جگە لەوەش هۆشی مرۆڤ سروشتی وا دامەزراوە هەمیشە حەزی لە نوێکاری و شتی تازەیە، هەر پەڕەیەکی نوێ کە لادەداتەوە ختووکەی لادانەوەی پەڕەیەکی تر بێ ئارامی دەکات، تا ئەویش لا نەداتەوە تەسەل نابێ... بەوەش داناسەکێ و پەل بۆ بەرەو پێشەوە دەهاوێ...

ئەوە بوو ڕۆمانسییەت هەموو ئەوروپای داپۆشی و مرۆڤ بەخۆیا هاتەوەو پشوویەکی حەوانەوەی دا، سروشتیش چەند جوان بوو ئەوەندەش بە ئەندێشەی ئەفسوناوی و ناسک ڕازرایەوەو لە دیدەو بینایی مرۆڤ دا پتر ئارایش دراو ڕووناک تر بووەوە...

نووسەرانی ڕێبازی ڕۆمانسی لە چاو خەڵک دا بزرگ و پایەدار بوون، چونکە دەروازەی هەست و سۆزی ئادەمییان بە نووسینەکانیان بۆ خەڵگ واز کردو ئاسۆی پاشەرۆژیان لەبەر دەمیاندا بەر فراوان کرد... شت نەمابوو ئەوان بۆ خەڵکی ڕاڤە نەکەن، یان لەناو دەروونیاندا ئارایشی نەدەن، وای لێ هاتبوو خەڵک ببوون بەژێر کۆگای شتی ڕازاوەی خەیاڵییەوە، قسە لەخێر و خۆشی کردن هەموو قوژبنێکی پڕ کردبوو کەچی لە واقیعی ژیاندا گەدایی و هەژاری پەکی خەڵکی خستبوو... تەنانەت باسی ژیانی خۆیانیان بۆ دەکردن، چۆن دەنووسن، چۆن بیر دەکەنەوە! ئیدی خەڵک لە خەونە ڕۆمانسییەکان ورس بوون.

ئەوە بوو وڵاتە ئەوروپاییەکان پاش شکاندنی ناپلیون لە ڕووداوە گەورەکەی واترلۆ لە ساڵی (١٨١٥)دا هەموو هێزیان بە بەر خۆیاندا هێنایەوەو سەلەنوێ لە بارەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتییەوە کەوتنە جموجۆڵ، ئیدی دروشمی سەربەستی و ئازادی و برایەتی و یەکسانی کەوتنە سەر هەموو زارێک بەڵام ئەوانیش هەر قسەی ڕووت بوون و قسەیش ناچێ ناوگیرفانەوە... لەمەوە بۆ خەڵک دەرکەوت ڕێبازی ڕۆمانسی توانای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی خەڵکی نییە.

هەر لەو کاتەدا واتە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمدا بیروڕاکانی: (داروێن ١٨٠٩-١٨٨٢) لەمەڕ گۆڕاندن و هەڵبژاردنی سروشتی کارێکی فرەیان کردە سەر بیروڕای خەڵک و پەردەیەکی تریان لەسەر بینای مەردومی ئەو کاتە لادایەوە...

لە ساڵەکانی (١٨٣٠-١٨٥٧)دا (ئۆجست کۆنت Auguste Cokt ١٧٩٨-١٨٥٧) فەیلەسووفێکی فەرەنسییەو خاوەنی ڕێبازی (Posetivisme الوضعية) بیروڕاکانی خۆی دەربارەی (کۆمەڵناسی - Sociology) بڵاوکردەوەو پێی وابوو زانستی کۆمەڵناسی باڵاترین جۆری زانستەو لە پێناو بەختەوەری کۆمەڵدایە... ئەمانەو چەند هۆکارێکی تر وایان کرد کە خەڵک پشت لە ڕۆمانسییەت بکەن و ڕێبازێکی تر بگرنە بەر کە بتوانێ گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ چارەسەر بکات، واتە بەباڵاترین دروشمی ئازادی و سەربەستی و یەکسانی دا ببڕێ و لە جیهانی خەیاڵەوە بیان هێنێتەوە ناو واقیعی ژیان...[1]

چیرۆک نووس (هنری بایل ١٧٨٣-١٨٤٢) کە لە جیهانی ئەدەب و هونەردا بە (ستیندال Stendhal) ناسراوە بە چیرۆکی (سوور و سەوز) لاپەڕەیەکی نوێی لە جیهانی ئەدەبدا لادایەوە، بەو لاپەڕەیە دەروازەیەکی تری لەبەر دەم ئەدەب و هونەردا واز کرد، لەو چیرۆکەدا وەسپی ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانە،

(١) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن - د. رشاد رشدي - ل١٣٠-١٣١.

چۆن قەومابوون وا بەبێ دەسکاری و نەخشکاری ڕۆمانسی و بەبێ تێکەڵاوبوونی خەیاڵ خستبوونییە ڕوو... ئەم چیرۆکە بوو بە سەرمەشق بۆ مسینی کارە هونەرییەکانی تر و چاولێکەری نووسەران و هونەرمەندان... ڕووداوەکان چۆن کەوتبوونە بەرچاو بەبێ پێچ و پەنا و بەبێ دەسکاری درابوونە قەڵەم و خرابوونە سەر قاقەز...

پاش ستیندال (بالزاک Balzac ۱۷۹۹-۱۸۵۰) هاتە مەیدانی ئەدەب و هونەری ڕیالیزمەوە، ئەوەندە بەگوڕ هەڵهات ئەستێرەی ستیندالی داپۆشی... زنجیرە چیرۆکێکی بڵاوکردنەوە کە هەموویان نموونەی ڕاستەقینەی ڕێبازی ڕیالیزم بوون، هەموو چیرۆکەکانی کۆکردنەوەو بەسەر یەکەوە ناوی نان (کۆمیدیای مرۆڤایەتی La Comedie Humain) و لەساڵی (۱۸٤۲)بڵاوی کردەوە.

لەو چیرۆکانەدا بەوردی وەسپی ژیانی فەرەنسی لەو سەردەمەدا بەرێک و ڕەوانی، بەراستی و بەبێ پێچ و پەناو بەبێ زیاد و کەم کردووە، لە شوانێکەوە یان لە شاگردی مەیخانەیەکەوە، لەگەدایەکەوە بیگرە تا دەگاتە خاوەن کارگەیەکی زەنگین و فرمانبەرێکی پایەدارو پاشا و میرێک، هەمووی بە گەرمی و دڵسۆزییەوە وەسپ کردوون، پەیوەندییە هەمە جۆرەکانی ناو کۆمەڵی ئەو کاتەی شی کردوونەتەوەو یەکە یەکە ئەو کەسانەی کە سەر بە هەر کۆمەڵێک بووبن وەک خۆیان نیشانی داون ئیتر چ شاری بووبن یان خەڵکی لادێ، هەروەها کارو پیشەکانیشیانی خستووەتە ڕوو، ئا بەو جۆرە کە هەر شتێکی وەسپ کردبێ وەک هێلکەی پاکژکراو خستوویەتییە بەردەمی خوێندەوار...

لە جیهانی ئەدەبی ڕیالیزمی دا بەتایبەتی لە چیرۆک دا (جۆستاف فلۆپیر G. floupert ۱۸۲۱-۱۸۸۱) یەکێکە لەو چیرۆک نووسانە کە دەرگای ڕیالیزمییەتی بە چیرۆکی (مادام بۆڤاری) کردووەتەوە، لەو چیرۆکەدا ژیانی لادێی فەرەنسی بەبێ دەسکاری و پێچ و پەنا، چۆن قەوماوەو چۆن بووە وا تۆماری کردووە[+][۱].

توێژەرانی ئەدەب پێیان وایە فلۆپیر سەر قافڵەی دامەزرێنەرانی ئەدەبی ڕیالیزمە، چونکە بابەت و ناوەرۆکی کارە ئەدەبییەکانی لەژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە وەردەگرت، بەبێ ئەوەی ڕستەو فریزی دارشتنەکەی لەناو تاوەی سۆز و هەست دا جۆش بداو سووریان بکاتەوەو لەژێر تارای خەیاڵاوی دا تیف تیفەیان بدا[۲].

## مانای ڕیالیزم

کە باسی ڕیالیزم کرا دەست بەجێ پرسیارێک دێتە پێشەوە... ڕیالیزم یانی چی؟ ئەگەر ماوەی بیرکرنەوە نەدەین زوو وەرامی پرسیارەکە بدەینەوە، دەڵێین ئەوەی سەر بە واقیع بێ ڕیالیزمە... ئەم وەرامدانەوەش بازدانە لەبەردە بازێکەوە بۆ سەر بەردە بازێکی تری سەربوار... ئەی واقیع چییە؟... جارێ دەبێ ئەوە بزانین بەکوردی بەواقیع دەوترێ ڕووداو یان قەوماو.

مەسەلەی ڕووداو یان قەوماو کە بە ئینگلیزی (ریالی - Reali)یە لەو ڕۆژەوە وەک زاراوەیەک کە هاتووەتە ئاراوە تا ئێستا زانایانی ئەم ڕێبازە چەندەها پێناسەی جۆراو جۆریان کردووە؛ هەر پێناسەیەک لەو پێناسانە چەندان پێچ و پەنا کەوتوونەتە ناو واتاکەیەوە؛ هیچ پێناسەیەکیان نەیتوانیوە مانا ڕاستییەکەی لە چوارچێوەی خۆیا خڕ بکاتەوە، نەبوونی پێناسەیەکی وا کە لەبەر بێ دەستەڵاتی زانایان

(+) (مادام بۆڤاری لە ساڵی (۱۸۵۷)بڵاوبووە).

(۱) الواقعية - موسوعة المصطلح النقدي ل٤٨. هەروەها تەماشای (معالم النقد الادبي - الدكتور عبدالرحمن عثمان - ل۲۲۳.

(۲) هەروەها تەماشای (يسقط الحائط الرابع- انيس منصور ل٤٧٣-٤٨٠) الطبعة الثانية دار الكتاب العربي بالقاهرة.



نییە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە مانای وشەکە فراوان و بێ سەرو بەرە، لەیەک ڕووەوە خۆی نادا بەدەستەوەو زانایان کە لێیان کۆڵیوەتەوەو ویستوویانە پێناسەی بکەن مانا سەرەکییەکەشیان لێ شێواوە... ئەوەتانێ تۆلستۆی وتوویەتی: «چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی ڕاست لە واقیع بگەین... لە کاتێکدا جەڵەوی هۆشمان بەدەست نیسبیەتەوە بێزارە، خۆ ڕیالیزم تاکە یەک مانای نییە تا دیار بێ»[۱].

بەڵێ کە ناوی واقیعت هێنا لە زەیینی خوێنەر و بیستەردا چەندان مانای تری واقیع دەهوروژێن و مانا سەرەکییەکەشت لێ تێک دەدەن... مانای واقیع و واقیعیەت وەک جنۆکەکەی مەلای مەشهوور وەهانە کە دەڵێی ئەوە واقیعەو ئەوەش واقیعیەتە هەردووکیانت لێ ون دەبن کە دەشڵێی: بەراستی ماناکەیانم لێ شێوا گوێت لێ قیت دەکاتەوەو دەڵێ ئەمەم...

لێرەدا ئێمە واز لە گێژاوی واتا فەلسەفییەکەی ئەو دوو وشەیە دێنین و لەسەر زاری یەکێکی ئاسایی نموونەیەک لە واقیع دەخەینە پێش چاو، ئیتر تۆ بە هەر جۆرە واقیعیەتێک لێکی دەدەیتەوە ئارەزووی خۆتە...

وا ئێستا ئێمە لە گازینۆیەک دا لەناو بازاڕدا، لە ڕۆخ شەقامێکی گشتی دا دانیشتووین با لە پشت جامخانەی ئەو گازینۆوە سەرنج بدەینە ئەو خەڵکی ناو بازاڕە کە هامشوو دەکەن و هەندێ دێن و دەڕۆن، هەندێ دەم بە خەندە و هەندێ ماتن...

نموونەیەکی تر: بەشەوێکی هاوین دا مانگ لە ئاسمان نییە، کات پاش نیوە شەوە، لەسەر بان ڕاکشاوی، سەیری ئاسمان دەکەی، هەزاران ئەستێرەی گەش و ڕێی کاکێشان دەبینی؟ هەر لەو کاتەدا بیر لە خەڵکی شارەکە بکەرەوە چی دەکەن، بابڵێین هەندێ نووستوون، هەندێ نەنووستون ئۆتۆمبیلەکانی ناو شاریش لە گڕەگڕ کەوتوون، چرای شەقامەکان وەک ئەستێرەی ئاسمان بە هێمنی دەسووتێن، من ئێستا دەنووسم تۆ وا دەخوێنیتەوە... ئەمە ڕووداوە، واتە واقیعە، واقیعی تۆیە سەیری ئاسمان دەکەی، واقیعی خەڵکی ناو شارە کە هەندێکیان لە جموجۆڵ کەوتوون.

## ئەی واقعیەت یانی چی؟

وەک لە پێشەوە وتمان ئەوەی سەر بەو واقیعە بێ واتە هەر شتێ باسی ئەو ڕووداوانە بکات پێی دەوترێ ڕیالیزم، ئیتر ڕامیاری بێ یان کۆمەڵایەتی و هونەری و ئەدەبی بێ... بەو مەرجەی ئەو باسە ڕووداوەکەی نەشێواندبێ، بە نەژادی خەیاڵ نەیڕازاندبێتەوە مەبەستیش لێرەدا ئەوە نییە وەک وێنەی کامێرا ڕووداوەکان بخرێنە ڕوو، ئەگەر چی ئەویش جۆرێکە لە واقیعیەت چونکە وەک قەوماوە تۆمار کراوە... ئەگەر بەو جۆرەی سەرەوە بە درشتی بیر لە واقیع و واقعیەت بکەینەوە دەزانین مانایان چییە؛ لەوانەشە پێناسەشیان بکەین دەنا ئەگەر لێیان بکۆڵینەوە سەری خۆمان و ئەو دوو پەیڤەش دەشێوێنین و بۆمان دەستەمۆ نابن، چەند لێیان نزیک ببینەوە ئەوەندە ڕوومان لێ هەڵدەچەرخێنن.

ریالیزم لە هونەری درامادا دەربڕین و نیشاندانی ئەو ڕاستیانەیە کە لە ناو کۆمەڵدا هەن و لە کوورەی دەروونیا جۆش دروان و پەیوەندییان بەستووە... کە نووسەری دراما ئەو شتانە دەکاتە دەستمایەی کارە هونەرییەکەی نابێ ئەوەندە لەگۆمی سۆز و ئارەزووی خودی خۆی دا ڕەنگیان بکات یان بە هەست و خەیاڵی ڕەنگاو ڕەنگ خەرمانەیان بدات.

کەسانی ناو دراماکە لەژیانی ڕۆژانەیاندا چۆن هەڵس و کەوت دەکەن، ڕەوشت و بیروڕاکانیان چۆن

(۱) الواقعية: هەمان سەرچاوەی پێشوو - ل١٦.

کەسێتییەکەیان ساغ دەکاتەوە، سەر بە کام بەرەی کۆمەڵن، وەک خۆی بەشێوەیەکی هونەری و بەپێی ئەو واقیعەی کە بۆی ڕەخساوە دەخاتە ڕوو... ئا لێرەدا ئۆستایەتی و هونەری نووسەری درامای ڕیالیزم دەردەکەوێت.

نابێ درامانووس بەهیچ جۆر تێکەڵاوی واقیع و قەوما ببێ، بەڵێ تا دەتوانێ دەبێ بێ لایەن بێ، بەڵام لەتەک ئەوەشدا خۆی ئۆستای پیشاندانی ئەو ڕووداوەیە، ئێمەیش لە چاوی ئەوەوە تەماشای ئەو ڕوداوانە دەکەین... نەک لە چاو خۆمانەوە...

تیشکی واقیع کە لە دەرەوە دەگاتە ناو دەروونی نووسەر دەزانێ چۆن لەسەر لاپەڕەی درامـاکەی بەرواژی بکاتەوە بۆ خەڵک و بیکات بە تریفەیەکی زێوین... درامانووسی ڕیالیزم هەر شتێ دەخاتە ڕوو ئەو شتە تەنیا ڕووی دەرەوەی نییە، بەڵکو لە دوو توێدا کات و شوێن و خوو نەریت و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و دژواری چینایەتی و نرخ و بەهای ئەو دەمە لە پشت ڕووداوەکەوە پاڵ دەنێ... هەر ڕووداوێک چەندە بچووک بێ بەر ئەنجامی تاقیکردنەوەی مرۆڤە لە ڕاددەی هێز و یارای خۆیان دا کار دەکەنە سەر ڕەوشت و لۆجیک و بیروڕای خەڵک و لە هەمان کاتیشدا کاردانەوەی ڕەوشت و ناکۆکی چینایەتی و دژواری کۆمەڵایەتین و لە خۆڕا دروست نەبوون.

هەندێ نووسەر پێیان وایە، هەر ئەدەبێک هەر هونەرێک باسی کوێرەوەری و ستەم دیدەیی کۆمەڵ بکات دەبێتە ئەدەبێکی ڕیالیزمی.

ئەوەتانێ یەکێکی وەک دوکتۆر عیزەدین مستەفا کە باسی ڕیالیزم لە ئەدەبدا دەکات، بەبێ ئەوەی پێناسەیەکی ڕاستەوخۆی بۆ دامەزرێنی دەڵێ: ئەدەبی کوردی نوێ چونکە لەناو کوورەی خەبات و تێکۆشانی گەلی کورددا چەکەرەی کێشاوەو پایەی لەسەر بناغەی ئەو تێکۆشانە دامەزراوە... ئەدەبێکی ڕیالیزمییەو، ئاوێنەی بێ گەردە بۆ ئەو واقیعەی کە تیا دەژی»(١).

هەروەهاش درامانووس هونەرەکەی دەکاتە ئاوێنەیەک بۆ خستنە ڕووی شتە قەوماوەکانی ناو کۆمەڵ، نەک وەک خۆی چۆن ڕوو دەدات بەبێ ڕێک خستنێکی هونەری پیشان بداتەوە ئەگەر ڕیالیزم وابێ دەبێ نووسەر مینای کامێرا بێ، یان ئاوێنەی بالاّنمای بێ هەست و هونەر بێ ئەگەر وابێ ئیتر جیاوازی لە نێوان هونەرمەند و ناهونەرمەندا چییە؟! ئەو وەختەش هونەرمەند پێویستی بە بەهرە و ئەزموون نامێنێ... جگە لەمەش هەر ڕووداوێک وەک خۆی ئەگەر لە واقیعەوە بگۆزرێتەوە سەر قاقەز دەبێ پێی بووترێ هونەری ڕیالیزمی؟

سەیر کە لە بازاڕدا سێ کەس بەیەکەوە قسە لەسەر شتێ دەکەن وەرە وەک خۆی تۆماری بکە لەدواییدا سەیری بکە هەموو قسەکان پچڕ پچڕ و بێ سەروبەرن...

کەواتە ئەدەب یان هونەر کە دەبێتە ئاوێنەی واقیع وەختێک هونەر و ئەدەبە کە هونەرمەند ئۆستایانە و هونەرانە ئەو واقیعەی بەشێوەیەکی هونەری پیشان دابێ.

ئەوەش کە لەدڵ و دەروونی خەڵک و کۆمەڵدا پەنگی خواردووەو نازانن چۆنی دەربڕن، ئەگەر نووسەر هات و ئەوەی لە جیاتی ئەوان دەربڕی ئەو کاتە. ئەو دەبێتە زمانی گەل و دەربڕینەکەشی دەبێتە: ئەدەبی ڕیالیزمی...

* * *

(١) الواقعية في الادب الكردي - الدكتور عزالدين مصطفي رسول - ل١٥ المكتبة العصرية صيدا- بيروت.



ئەگەر (ستیندال و بالزاک و فلۆپیر) لە نووسینی چیرۆک دا سەرکاری ڕێبازی ڕیالی بن، ئەوا پێشڕەوی ڕیالیزم لە درامادا هنری ئیبسەنی نەرویجییە (١٨٢٨-١٩٠٦)... ئەم هونەمەندە لە جیهانی درامادا بە باوکی درامای ڕیالیزمی دەژمێردرێ، هەروەها بە پێشڕەوی درامای نوێ دەدرێتە قەڵەم.

جۆرج برنادشو و ئۆجین ئونێل لەبەر تیشکی نوێ کردنەوەو ڕیالیزمی ئەودا فێری ئەو هونەرە بوون و شاگردی ئەون...

لە ڕاستی دا ئیبسەن توانی گەلێ داب و نەریتی دراما بگۆڕێ و گەلێ شتی نوێ بهێنێتە ناو ئەو هونەرەوە... ئەو بابەتانەی کە ئەو مالیجەی دەکردن، هەمووی لە پەیوەندییەکانی چینی بۆرژوای ناوەندییەوە هەڵیهێنجاندبوون...

بە درامای (یانەی بووکە شووشە A Doll’s House ١٨٧٩) و (تارماییەکان Ghosts ١٨٨١) و (هێداگابلەر Hedda Gabler ١٨٩١) و دژمنی گەل An Enemy of the People ١٨٨٢)بەم درامایانە بناغەیەکی پتەوی نوێی بۆ درامای ڕیالیزم دامەرزاند...

بە جیهانی سەلماند کە ئەوانەی سەر بە چینی بورژوای ناوەندین پەیوەندییەکانیان هەموو کەرەسەو نەژادێکی درامای تیایە، کەسانی ناو ئەو چینە بە مەردوو نامەردیانەوە بەڕەوشت باش و خوێڕییانەوە، دەبنە کەسانی ناو جیهانی دراما، ئیدی دراما چ پێویستی بە پاشا و میر و خانەدان و سوپاسالار هەیە؟

بۆیە دەوترێ ئیبسەن توانی کەژاوەی دراما لە جیهانی ڕۆمانسییەوە بگوێزێتەوە بۆ ناو جیهانی ڕیالیزم و بیکات بە دەستەبەری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵ(١).

* * *

## نیشانەو هەوێنی پەیکەری دراماکانی ئیبسەن

کارە هونەرییەکانی ئیبسەن ئاوێنەی بالاّنمای زۆربەی ئەو بۆچوونە فیکریانەن کە لە کاتی ئەودا لەسەرانسەری ئەوروپادا بڵاوبوو بوونەوە...

دراماکانی بە تێکڕایی ئاوەژوو کردنەوەی ئەو پەیوەندییە دژوارییەن کە لە نێوان کۆمەڵ و ئەندامەکانیا هەیە و بەشێوەی سەرسام بوون و بێ ئارامی و نەسروەتی دا خۆی دەنوێنێ، وەک لە خوارەوە بە کورتی باسی دەکەین...

ئیبسەن لە ساڵی (١٨٧٥)دا درامای: (پایەکانی کۆمەڵ)ی نووسی، ئەم درامایە بەسەرەتای پەیدابوونی درامای ڕیالیزمی و نوێکاری دەدرێتە قەڵەم... پاش ئەویش (یانەی بووکە شووشە) و (تارماییەکان) و (دوژمنی گەل) هاتنە ئاراوە، لەهەموویاندا پوختەی شتە هونەرییەکانی درامای ئیبسەن دیارەو دەیەوێ بڵێت: بەهاو نەریتەکانی ناو کۆمەڵ وا لە ئەندامەکانی دەکەن کە ژیان لەسەر بناغەی درۆ و دەلەسە دارێژن، هەروەها کەسانی دراماکانی گەلێ بە ئاسانی و ئاسایی و بەبێ خۆ گیڤ کردنەوە و ماندووبوون دەکەونە ئاخاوتن نە نەژادی مەنۆلۆج و نە شتی دەرەکی ناخەنە ناو قسەکانیانەوە... جیهانی ناو دراماکانی جیهانێکی بابەتی و ڕیالیزمییە، کەسانی ناو ئەو جیهانەش لەژیانیاندا چۆنن لەوێش هەروەهانە: نەخۆیان بە پاڵەوان دەزانن و نەخۆشیان هەڵدەکێشن...

دراماکانی پێش ساڵی (١٨٨٣)ی وێنەی ڕاستەقینەی ڕووداو بوون، کەچی ئەوانەی کە پاش ئەو ساڵە هاتن، ڕووداوی بابەتی و هێما تیایاندا بەیەکەوە گرێ دراون و لەجیاتی ئەوەی بایەخ بە کۆمەڵ

(١) (المسرح العالمي من اسخيلوس الي آثر ميللر - الدكتور لويس عوض - ل٢٥٣-٢٥٤ - دار المعارف بمصر).

بدا، ڕووی خامەی کردە ئەندامانی ناو کۆمەڵ و گیروگرفتە تایبەتییەکانیان شی دەکاتەوە... ئەو شتانە کە درامای (ئیبسەن)یان جیا دەکردەوە ئەم خاڵانەی خوارەوە بوون.

١- مرۆڤ ئەگەر بیەوێ دەتوانێ تەنیا بە (ویستی خۆی) خۆی لە کارتێکردنی دەوروبەر ڕزگار بکات. واتە: ویستی مرۆڤ مایەی ڕزگار بوونیەتی لە خوو و نەریتی کۆمەڵ.

٢- مرۆڤ بەرهەمی دەوروبەری خۆیەتی، بەهیچ جۆر ناتوانێ ئەو دەوروبەرە بگۆڕێ ئەگەر لە پێشەوە خۆی نەگۆڕی بێ...

٣- کەسانی ناو دراماکانی هەوڵ دەدەن کە لە نەریت و بەها کۆنەکانی ناو کۆمەڵ ڕزگار ببن، مەرجی ڕزگار بوونەکەیان هەوڵ و تێکۆشانە.

٤- ئێستا بەر ئەنجامی ڕابردوو نییە، بەپێچەوانەوە ڕابردوو دوژمنی ئێستا و پاشە ڕۆژە... چەند ئەمڕۆ تەکان بەرەو پێشەوە بدا ڕابردوو دەیگێڕێتەوە دواوەو خاوی دەکاتەوە، هەروەها تارمایی ڕابردوو چاوی بینای ژیری لێڵ دەکات و ناهێڵێ چاک بیر بکەیتەوەو لەوانەشە وای لێ بکات پێی نەوترێ: (مرۆڤی ژیر)[1]... ئەو بۆچوونە فەلسەفییانەی سەرەوەی (ئیبسەن) هەموو بوون بە هەوێنی دامەزراندنی پەیکەری دراماکانی...

## درامای ڕیالیزمی لە ئینگلستاندا

لە ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆزدەهەم دا گەلێ درامانووسی ڕیالیزمی لە ئینگلستان هاتنە مەیدانی شانۆوە... هەرە بەناوبانگیان (برناردشۆ) بوو. کە سەر بە ڕێبازی ئیبسەن بوو، بەڵام برنادشۆ پتر بایەخی بە کۆمیدیا دەدا نەک تراژیدیا... تەنانەت دراما تراژیدییەکانی بەبێ تانەو تەشەری گاڵتە ئامێز نەبوون... تەشەر لەکێ؟ لەچینی بۆرژواو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان کە هەموویان زادەی نەفامی و بێ ئاوەزوو بوون.

وەک پێ پلیکانەی ئەهریمەن وەهابوون بەیەک فوو دەڕوخان، کەچی خەڵک پێیان وابوو قەڵای مێردانن و هەتا هەتایە بەردەوامن... شۆ گیروگرفتەکانی ناو کۆمەڵی دەکردن بە بابەتی دراماکانی و ڕاوبیری خەڵکی دەربارەیان وەردەگرت و تەتڵەی دەکردن، کە دەیزانی ڕاو بۆچوونەکانی ئەوان گیروگرفتەکانی پێ چارەسەر ناکرێ ئەوجا ڕاوبۆچوونی خۆی دەهێنایە پێشەوەو گرێ کوێرەکانی پێ دەکردەوە[2].

دراما بە ناوبانگەکانی (شۆ) ئەمانەن: (کاندیدا، قەیسەر و کیلۆپاترا، خاتوو چۆن، ماچوور باربارا...)

(شۆ) مامۆستای هونەری تانەو تەشەر تێگرتن بووە، کام سەر کام کەللە خۆی بەشت زانیوەو پف بووە بەیەک بتکی تیر ئەندازی وشە بە تەوسەکانی وەک بلّقی سەر ئاوی لێ کردووە، کە بە فیزو دەمار بووە بەیەک تەشەر فشی کردووەتەوە.

شێوازی وابووە، کۆمیدیای ڕیالیزمی هەتا هەتایە کۆمیدیاکانی ئەو دەکاتە نموونەی تەواوی سەر بە ڕیالیزم...

(١) نظرية الدراما من ارسطو الي الان - د.رشاد رشدي - ل٥١-٥٥.

(٢) بيجما ليون - المقدمة - تأليف جورج برناردشو: ترجمة: جرجس الرشدي - ل١٧.



## درامای ڕیالیزمی لە ڕوسیا...

چیخۆف بە سەرکاری درامانووسە ڕیالیزمەکانی ڕوسیا دەژمێردرێ... پێش ئەوەی ئەو بە بەرهەمەکانی مەیدانی ڕیالیزم ڕووناک بکاتەوە؛ ئەم درامانووسە ڕوسیانە لەو قاڵبە تەسک و تروسکانەی کە درامای شەتەک دابوو، خۆیان دەرباز کردو چاویان بڕیبووە ئاسۆی ڕیالیزم:

١- نیکۆلای گۆگۆڵ (١٨٠٢-١٨٥٢) بە درامای (پشکنەری گشتی) و (پاڵتۆ)[1] لاشیبەرانی دەروازەی درامای ڕیالیزمی بۆ چیخۆف و درامانووسە نوێ خوازەکانی ڕوسیا کردووەتەوە.

٢- ئۆستروفسکی (١٨٢٣-١٨٨٦) نزیکەی چل و هەشت درامای هەیە و، هەموو ژیانی لە پێناوی هونەری شانۆدا برووەتە سەر، ڕێڕەوی نووسینەکانی نزیکە لە ڕێڕەوی (ئیبسەن)ەو، گەلێ جاریش لە تەک نوێکاریەکەیدا هێمای بەکارهێناوە.

٣- ئیڤان تۆرگنیف (١٨١٨-١٨٨٣) ئەمیش بە درامای (مانگێک لەلادێ)دا، چووەتە مەیدانی نوێ خوازی و ڕیالیزم[2]... ڕێگەی نوێ خوازی و ڕیالیزمی لە درامادا بۆ ئۆستروفسکی و چیخۆف خۆش کردووە.

### چیخۆڤ (١٨٦٠-١٩٠٤)

شاکارەکانی چیخۆف ئاگری شۆڕشیان دژ بەو بەها گران و ڕەزا قورسانە هەڵکرد کە درامایان تەنگ دابوو، ئەو لایەنە هونەریانە کە وەک قاڵبێکی سواویان لێ هاتبوو ئەوانەی کە کرابوون بە نیشانەی دەستەڵات داری هونەرمەند و پێزانەی کاری هونەری باڵا...

چیخۆف کە درامای: (ماسی گرە Chaika) و (لالەڤانیا) و (سێ خوشکەکە) و (باخی گێلاس)ی[3] هێنایە مەیدانەوە، لە سەرەتادا خەڵک بەلالووتەوە ئاوڕی لێ دەدانەوە، نەیان دەزانی لە ناو هەناوی ئەو چوار درامایەدا - لەگەڵ ئەوەش دا گەلێ سادە و سانا بوون - هەموو ڕاوبیری ئەو سەردەمە لەوێدا خۆیان ئارایش داوە... یان ئەو چوار کارە هونەرییە لە دووا ڕۆژدا دەبنە نوێنەری درامای ڕوسیا و مژدەی ڕیالیزم لە هونەردا بە هەموو جیهان دەدەن، ئەمە جگە لەوەی ئەو درامایانە گۆڕانێکی گەورەیان لە هونەری شانۆدا کردو بەڕاپەڕینێکی نوێی دژ بە مسینەکانی کۆنن[+].

بابەت و شێوەی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لەلای چیخۆف لە بابەت و شێوەکانی ئیبسەن دەچن و گەلێ لە یەکترەوە نزیکن...

ئەو نیشانانە کە هونەری (چیخۆف)یان پێ جیا بووەتەوە، ئەمانەن:

١- پێی وابووە ژیانی ڕۆژانە گیان و، ویستی مرۆڤ تووشی خاوبوونەوە دەکەن.

٢- کەسانی ناو دراماکان دەیانەوێ بژین و هەوڵی بەختەوەری دەدەن کەچی دەوروبەر، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئارەزووەکانی ئەو و ئەم لەبەر دەم ڕێگەی کامەرانی دا دەبنە تەگەرەو ڕێگەکە سەر نوگوم دەکەن.

(١) (پاڵتۆ) د. جەمال نەبەز لە ساڵی (١٩٥٨)دا وەری گێراوەتەوە سەر زمانی کوردی.

(٢) المسرحية العالمية: الجزء الثالث: الآدايس نيكول - ترجمة الدكتور عبدالله عبدالحافظ متولي - ل١٧٨-١٧٩.

(٣) (لە ساڵی (١٩٠٣)دا نووسراوەو لە ساڵی (١٩٠٤)خراوەتە سەر شانۆ. تەماشای: چیخۆف: ڕەؤوف بێگەرد لەسەری نووسیوەو چیرۆکەکانی لە فارسییەوە وەرگێڕاوە... ١٩٨٤- بەغدا- ل١٧.

(+) (مسین) واتە (تقليد).ن.

٣- ژیان لە جیهانی دراماکانی چیخۆف دا بەهێمنی بەسەر دەچێ و نەهەڵپەی تیایە نە پەلەکردن، هەموو شت بە ئاستەم دەجووڵێتەوە لەسەر خۆیە.

نە ڕووداوی خەمناک نەتووڕە بوون و دەستە یەخەی یەکتری گرتن و نەخوێن ڕشتن و کوشتن لەناو ئەو جیهانەدا نابینرێن...

خەڵک لەو جیهانەدا بەشێوەیەکی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان دەبەنە سەر، کەس بەسەر کەس دا ناچێ...

چیخۆف دەڵێ: (دراما دەبێ دیمەن و وێنای ئەو خەڵکە بخاتە ڕوو کە خەریکی بارکردن و دابەزین و نان خواردن و قسە کردن و گۆرانی وتن و ئاریکاری کردنی یەکترن...)(١)

٤- ناکۆکی و زۆرانبازی لە دراماکانی چیخۆف دا لە دڵپاکی و دڵ پیسی کەسانی دراماکانەوە هەڵناقوڵێ بەڵکو لەو دژوارییەوە دروست دەبێ کە دەبێتە کۆسپ لە ڕێی هێنانەدی ئاوات و ئامانجەکانیان دا...

ئەوەی ئەو کۆسپە لەڕێ دا قیت دەکاتەوە ئەو کەم و کورتیانەیە کە مرۆڤ پێیەوە دەناڵێنێ... مرۆڤ دەستەڵاتی بەسەر زۆر شتدا ناشکێ لەبەر ئەمە ئارەزووەکانی گەلێکیان نایەنە دی، بۆیە حەزوو ئارەزووەکانی لەسنووری خۆیاندا بنکە هەڵ دەدەن و جەم دەبن...

ئەگەر کۆسپەکە لاچوو، یان بەسەریا زاڵ بوو، ئەو کاتە هەست بە بەختیاری و کامەرانی دەکات، خۆ ئەگەر وەها نەبوو ئەوا بەسەر کەسەری خۆیا دەچەوسێتەوە... ئەمە ئازاری هەر یەکێکە لە کۆمەڵ دا.

ئەمە ناکۆکییەکی دەروونییە و هەر یەک بە ئەندازەی ژیانی خۆی پێیەوە گیرۆدەیە... هۆی ناکۆکی دەروونی لە درامای (ماسی گرە)دا(٢) خەمی دڵدارییە... لە درامای (لالە ڤانیا)دا پەژارەی لەدەست چوونی ئەو ڕۆژانەیە کە پڕ بوون لە خەمی دڵداری و نەگەڕانەوە... لە درامای (سێ خوشکەکە)دا، ئازاری ڕزگارنەبوونە لەو بارەی کە تیا دەژین و نەهاتنە دی ئەو ڕۆژەیە کە چوونە بۆ مۆسکۆیە لە درامای (باخی گێلاس)دا چاوەڕوان بوونی برانەوەی ژیانی سەڵتییە(٣).

٥- ئەو وشانەی کە بەکاری هێناون، ئەو دەستەواژانەی کە نەخشاندوونی سووک و ڕەوان و ئاسانن... هەوڵی نەداوە کلێشەی ناقۆڵاو ڕستەی ڕازراوە بەکار بێنێ، چونکە ئەو لای وابوو ئەوەی وا دەکا درۆ لەتەک خۆیا دەکا و مێشکی بەتاڵە بۆیە زۆر لە خۆی دەکا ئەو کلێشە ناقۆڵایانە دارێژێ.

ئیدی زمانی کەسانی ناو دراماکانی لە ئاست کەسایەتییەکەیاندا دەقاو دەقن و هەوڵ نادا قسەی زل بخاتە سەر زاریان...

سەبارەت بە شێوەی بەکارهێنانی زمان لەلایەن چیخۆفەوە، (گۆرکی) وتوویەتی: «زمانی چیخۆف بەرگێکی نازدار و جوانی وا سانای بەبەردا کردوە مەگەر هەر ئەو بتوانێ زمانی ساف و سفت وا بەکار بێنێ... لەمەو پاش کە زمان ناسەکان لەسەر زمانی ڕوسی دەکۆڵنەوە دەڵێن: ئەم زمانە بەسەردەستی ئەم کەسانەدا پێشکەوتووە: پۆشکین، تۆرگنیف، چیخۆف»(٤)

(١) نظرية الدراما من ارسطو الي الآن - د.رشاد رشدي - ل١٦٨-١٦٩.

(٢) (تشيخوف بين القصة والمسرح - بيلكين. ف لاكشين سكافتيموف: ترجمة الدكتورة: حياه شراره - ل١٠٢-١٠٣ دار القلم -بيروت).

(٣) (سەماکەرە)یشی پێ دەڵێن.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٦٦



چیخۆف نەک هەر لە بارەی ناوەڕۆکەوە بەڵکو هەمموو نەژاد و بنەماکانی درامای بەرەو لووتکەی ڕیالیزم سەرخستووەو بووە بە لووتکەیەکی بڵندی ئاسۆی نوێکاری لە هونەر و ئەدەبی ڕوسی دا...

جگە لەوەش چیخۆف دەنگێکی شۆرشگێڕانە بوو، هەر لە دووروەوە زەراوی کۆنەپەرستان و بێ ویژدانانی ترەکاندووە ئەوەتانێ خۆی دەڵێ: من نموونەی زیندووی نارەزایی دەربڕینم، بەرەنگاری زۆرداری دەوەستم، پاشەکشێ ناکەم، تەنانەت دادگای پشکنینی ئەسپانی ناتوانێت بێ دەنگم بکات، بەڵێ زمانم ببڕە بەئیشارەت نارەزایی دەردەبڕم، لە کونێکدا بەندم بکەن بەهەمموو دەنگم هاوار دەکەم بۆ ئەوەی لە دووری فەرسەخێکەوە خەڵکی گوێیان لێم بێت، یان خۆم دەگرم تا لە برساندا بمرم بۆ ئەوەی قورساییەکی تر بخەمە سەر ویژدانە ڕەشەکەیان، بمکوژە، پاشان دەبمەوە تارمایی...(١)

### ٦- ڕێبازی سروشتی Naturalisme

ڕێبازی سروشتی لە ڕووچوون و خەست بوونەوەی ڕیالیزمەوە پەیدا بوو... ئەگەر ڕیالیزم باسی ئەو شتانە بکات کە کۆمەڵە هۆکارێک لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تریان ببات، ئەوا ڕێبازی سروشتی باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە دەبنە دینەمۆی بزواندن و پاڵ پێوەنانی ئەو شتانە، واتە ڕوخسار و دیمەنی ڕەوشتی بینراو، بابەتی سەرەکی مالیجەکردنی ڕیالیزمن، کەچی بابەتی سروشتی مالیجە کردنی پاڵنەرەکانە کە لە پەنانی ڕەوشتە بینراوەکەدا دەبزوون و نابینرێن...

ڕەوشتی دەرەکی یەکێک یان گۆڕانی شتێک لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر بەبێ لێکۆڵینەوەو بایس دەبێتە بابەتی ڕیالیزم، ئەو هۆیەش کە دەبێتە بایسی ئەو گۆڕانە دەبێتە بابەتی ناچرالیزم... واتە یەک بابەتەو بە دوو چاو تەماشا دەکرێ، بابەتەکە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر چووە، ئەم دیووەو ئەو دیووە، هەر دوو دیوەکە وەک یەک پەڕەی قاقەز وەهانە دوو لاپەڕەیەو لەیەک داناپچڕێن ئەم دیوی ڕیالیزمە و ئەو دیوی ناچرالیزم، وەک هێلکێکی چەماوە وەها نە لە دەرەوە تەماشای بکەی چەماوەو کووڕە، لەناوە تەماشای بکەی کەوانەیی و قووڵە...

لەبەر ئەمە دووبابەتەکە گەلێ جار لەیەک ئاڵۆز دەبن و لەیەک جیا نابنەوە، بۆیە لەیەک جیا ناکرێنەوە چونکە ئەوانەی کە بەدامەزرێنەری ئەم ڕێبازە دەناسرێن بەدامەرێنەری ڕێبازی ڕیالیزمیش دەدرێنە قەڵەم، هەر لەبەر ٢ەمەش بوو هەندێ زانایان وتوویانە: ڕێبازی سروشتی جۆرە پێشکەوتنێکی ڕێبازی ڕیالیزمە(٢).

ئەو درامانووسانە یان ئەو چیرۆک نووسانە کە لە نووسینەکانیادا تەنیا مالیجەی بابەتە ڕەواڵەتییەکان دەکەن و بایسی دیوی ناوەوەی بابەتەکە ناکەن ئەوانە پێیان دەوترێ ڕیالیزمەکان، ئەگەر هەر دیاردەیەک یان هەر گۆڕان و ڕەفتارێکی نوێ برایەوە سەر ئەو پاڵنەرانەی کە بە پەنهانی هورژم دەبەن و شتەکە دەگۆڕن ئەوا ئەوانە پێیان دەوترێ سروشتی، واتە سەر بە ڕێبازی سروشتین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ سروشتییەکان ڕەوشتە بینراوەکە دەکەنە نیشانەی شتە بابەتییەکەیان کە پاڵنەرو مەگێزەکانی مرۆڤن، بەڵام بەو مەرجەی لە سەر ڕووی شتەکە نەچنە خوارەوەو حەقیان بەسەر بایسییەوە نەبێ بەڵکو چۆن ڕوو دەداو چۆن کار کار دەکات وەسپی بکەن و لێی گەڕێ... گەلێ جار دەبێ نووسەر یان شاعیر لە کارە هونەرییەکەیدا هەردوو ڕووەکە تێکەڵاو دەکات ئەو کاتە کارە هونەری و ئەدەبییەکە خۆی ساغ ناکاتەوەو

(١) ئەنتۆن چیخۆف... رؤوف بێگەرد ل١١ - ١٩٨٤ بغدا.

(٢) في الادب والنقد - تأليف د. محمد مندور - ل١٣٦.

سەر بە هەردوو ڕێبازەکەیە... لە پێشەوە ڕەوشتی مرۆڤمان کرد بە نموونە وتمان دەرەوەی سەر بە ڕیالیزمە ناوەوەی سەر بە نەچرالیزمە، ئەمە نموونە بوو، دەنا بابەتی ئەم ڕێبازە هەموو ڕوێکی گێتی دەگرێتەوە، چ دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی بێ یان ئابووری و ڕامیاری و سروشتی دەرەوەیان بەشی ڕیالیزمە، ناوەوەیان هی نەچرالیزمە...

دەبێ ئەوەش بزانین مرۆڤ بە هەموو ڕوێکییەوە بەشێکە لەسروشت.

نەچرالیزمەکان بەناو دەروونی مرۆڤ دا ڕۆچوون، ئەم شۆڕبوونەوە بە ناو ناخی مرۆڤدا ڕێگەی دەروونناسی بۆ زانایانی سایکۆلۆژیەت خۆش کرد.

دوابەدوای پەرەسەندنی ئەم ڕێبازەدا، چەندان زانای سایکۆلۆژی وەک (فرۆید) و (ئەدلەر) و (مەگدۆگەل) و هی تر دەستیان دایە تاقیکردنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر جیهانی ناوەوەی مرۆڤ.

نابێ ئەوە لە یاد بکەین کە ئەوانەی سەر بە ڕێبازی سروشتی بوون... هەر بابەتێکیان دەخستە ژێر نووکی خامەکانیانەوەو بە چاک و خراپییەوە، بەبێ دەسکاری هونەری بڵاویان دەکردەوە بیروڕای خۆیان بە هیچ جۆر تێکەڵاو بە ڕووداو و کارەساتەکان نەدەکرد، بەڵکو بەبێ لایەن ڕادەوەستان.

نووسەرانی هونەری درامای سەر بە ڕێبازی سروشتی ئەوەندە بایەخیان بە گرێی دراماکانیان نەدەدا، هەروەهاش گوێیان بە مەنۆلۆج و ئاوڕدانەوەو قسەی لاوەکی نەداوە.

لە جیاتی ئەوانە ئاخاوتنی سادە و ئاسان و دوور لە هونەری ڕەوانبێژی و قسەی زل سەپاندن بەکار دێنن... کەسانی ناو دراماکە کە دەکەونە ئاخاوتن دەبێ دایلۆگەکانیان ئاسایی بن و دوور بن لە قسەی بێ مانا و پووچەڵەوە، هەروەهاش بابەتەکانیان لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەڵقوڵابن، خۆ ئەگەر ئەو بابەتانە پەیوەندییەکی توند و بەتینیان بە بەرەی کاسبکار و سەرجەمی خەڵکەوە هەبێ ئەوەندە هونەرەکە ڕاست و دروست دەبێ... کەواتە مەرجە کە پاڵەوانی درامای سروشتی ڕووتەڵە و لێ قەوماو و سادەو ساویلکە و دڵپاک و چەوساوەی دەستی کۆمەڵ و دەوروبەری گشتی بن...

کارکردنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی هۆکارە زکماکییەکان بەلای ڕێبازی سروشتییەوە وەک: (بەرات و قەزاو قەدەرەکەی کلاسیکییەکان وەهانە) ئەمانیش بە چاوێکی ڕووناک تەماشای گەردوون ناکەن و ڕەش بینن(١).

نووسەری ڕیالیزم ئەو ڕاستی (فاکت)یە کە دەیخاتە بەر تیشکی نووکی خامەکەی تەنیا مافی ئەوەی هەیە لێی بکۆڵێتەوەو ئەم دیو و ئەو دیوی بکات، بەڵام نابێ هۆش و بیروباوەڕی خۆی تێکەڵاو بەو ڕاستییە بکات و بیجولێنێ.

کەچی نووسەری سروشتی هەمان ڕاستی لە بەردەم خۆیا دادەنێ و هەوڵ دەدا بچێتە ناو ناخی ئەو ڕاستییەوە. چی لە قولایی ئەو ناخەدا هەیە دەری دەدات، بەڵام بەهیچ جۆر ڕێ بە هۆش و بیروڕای خۆی نادا، ڕاستییەکە بڕازێنێتەوە، یان ڕێسای بۆ دابڕێژێ، ئەو شتەی کە دەری دەدات بە چاک و خراپییەوە، بە چەوت و چەوێڵییەوە بەشیاو نەشیاویەوە دەیخاتە ڕوو بەڵام نای نەخشێنێ و دەسکاری ناکات...

دامەزرێنەرانی ڕێبازی سروشتی

١- دوو برای گۆنکۆر یەکێکیان ناوی: (ئەدمۆن ١٨٢٢-١٨٩٦) ئەویتریان ناوی (گوڵ ١٨٣٠-١٨٧٠)... ئەم دوو برایە بە سەرکاری دامەزرێنەری ڕێبازی سروشتی دادەنرێن...

(١) اشهر المذاهب المسرحية - دريني خشبة - ل١٣٨.



چالاکی ئەم دوو برایە لە بواری ئەدەب دا بێ سنوور بووە چیرۆکەکانیان ئاوێنەیەکی بێ گەردی ژیانی گشتی ئەو سەردەمەی فەرەنسان... جگە لە دامەزراندنی ڕێبازی سروشتی بە بەشداربووانی دامەزرێنەری ڕێبازی سیمبولیزم - یش دادەنرێن.

٢- (ئەمیل زۆلا - Emile Zola ١٨٤٠-١٩٠٣) ئەمیش یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێبازی سروشتی... لەساڵی (١٨٦٨)دا چاوی بە برایانی گۆنکور کەوتووە، سوودێکی زۆری لێ وەرگرتوون، ویستوویەتی وەک ئەوان زنجیرە چیرۆکێک بنووسێتەوە...

لەناو چیرۆکەکانیان چی ڕەش و ڕووت و چەورەو بۆرەو کاسبکار و گەدا و دەوڵەمەند و خانەدان و خوێڕی و بێ فەڕو داوێن پیس و دەربەدەر و بێ دەرەتان و ڕێگر و جەردە و دەس بڕ و دزێو و سەرخۆش و پەنگ کێش و کەڕو لاڵ و کوێر و کەچەڵ و نەخۆش و بیمارو بێ ئاکار و فێڵباز و حیز و دز و ترسنۆک و قەلپ و نەگریس و بۆرژواو خوێن مژ و بەگ و ئاغا و وەزیر و گزیر و ساختەچی هەیە هەمووی باس کردوون(١).

٣- گی.دی.مۆپاسان (١٨٥٠-١٨٩٣) مەزنترین نووسەری کورتە چیرۆکی ئەو سەردەمەی خۆیەتی، سەدان کورتە چیرۆکی نووسیوە، زۆربەی چیرۆکەکانی باسی «جۆش و خرۆشی هەستی ئادەمیزاد دەکەن، بە چاک و خراپیانەوە، وەک دڵداری، غەریزەی ئاژەڵی، دڵ پیسی، خۆپەرستی»(٢) بابەتی نووسینەکەی پڕە لە تانەو تەشەردان لە خەڵک و وریا کردنەوەیان دەربارەی ئەو ئاڵۆشی (سێکس)ا نە خەڵک دووچاری داوێن پیسی و بەد ڕەفتاری دەکەن.

٤- مەکسیم گۆرکی و تۆلستۆی و چیخۆف

مەکسیم گۆرکی (١٨٦٨-١٩٣٩) و (چیخۆف) ئەم دوو نووسەرە هەردووکیان پێبەندی شێوازی (تۆلستۆی ١٨٢٨-١٩١٠) بوون. مۆرکی کارتێکردنی ئەو لە دراماکانیا دیارە...

ئەم نووسەرە مەزنانە لە دراماکانیان دا چینی چەوساوەی سەردەمی فرمانڕەوایی قڕاڵەکانی ڕوسیا دەکەنە بابەتی سەرەکی نووسینەکانیان کە چۆن ئەو چینە لەژێر چەپۆکی دەورو بەری خۆیاندا دەچەوسێنەوەو تووشی کلۆڵی و دەردی سەری و بێ چارەیی دەبن، ڕووباری ژیان وەک خاشاک لایان دەدات و تووشی ناتەسەری دەبن، یان دەیان کاتە خاپەرۆکی بن کۆگای خەرمانی ژیان، لەوانەیە ئەوانە لە وەختی خۆیا مەردی سەردەمی خۆیان بوون.

مامەڵە کردن لە دراماو چیرۆک دا لەگەڵ ڕەش و ڕووت داو بوونیان بە بنچینەو تیرەی دامەزراندنی دراما بنەمایەکی سەرەکییە کە ڕێبازی سروشتی و ڕیالیزم لە ڕێبازەکانی تر جیا بکاتەوە... درامای (سوڵتانی تاریکەستان - سلطان الظلام)ی تۆلستۆی و (زەلکاو)ی(٣) مەکسیم گۆرکی و (لاله فانیا)ی چیخۆف چاکترین نموونەی درامای سروشتین(٤).

٥- هنری بێگە H.Becgue-١٨٣٧-١٨٩٩) ئەمیش دەستێکی باڵای هەبووە لە دامەزراندنی ڕێبازی

(١) سەرچاوەی پێشوو: ل١٢٦.

(٢) ملوانکەی ئەڵماس - کۆمەڵێک لە چیرۆکەکانی مۆپاسان... وەرگێڕ لە ئینگلیزیەوە: عەلی فەتاح دزەیی ل٧.

(٣) (الحضيض) (زەلکاو - الحضيض - بدروم) شوێنێکە وەک ئەشکەوت وەهایە کۆمەڵە کەسانێکی گەداو لاکەوتەی تیا خڕ دەبێتەوە... (المسرح العالمي من اسخيلوس الى آثر ميللر) بقلم الدكتور: لويس عوض ل٣٩٠ دار المعارف بمصر ١٩٦٤).

(٤) المسرحية العالمية: الجزء الرابع: تأليف: الآردايس نيكول - ترجمة: الدكتور شوقي السكري - ل١٧١١.

سروشتی دا، کەسانی ناو دراماکانی لە هەموو لایەک دەبینران، ئەو تابلۆیانە کە دراماکانی پێ نەخشاندبوون هەموو وێنەی ڕاستەقینەی ئەو گرۆیانە بوون کە ببوون بە دیواری بنیات نانی کۆمەڵ... نووسەرانی درامای فەرەنسا نەک هەر بە سەرۆکی دامەزرێنەرانی درامای سروشتییان دەزانی بەڵکو پێشیان وابوو پێشەوای ئەو ڕێبازەیە لە هەموو جیهان دا...

٦-ستراindبیرگ (١٨٤٨-١٩١٢) August Strindberg ئەم درامانووسە یەکێک بووە لەو هونەرمەندانەی کە گیانێکی نوێی بە بەر درامادا کردووەو بەرەو ڕێبازی سروشتی ڕابەری کردووە.

لەبەر ئەوەی خۆی گەلێ تاڵ و سوێری دەردی هەژاری چەشتبوو، هەروەها شەوگاری تەمەنی لەگەڵ سکی برسی و ئەژنۆی بێ هێزا بەڕێ کردبوون...

بۆیە شارەزای هەموو نهێنییێکی چینی چەوساوەی وڵاتی سوید و ئاڵمانیا بوو... چی هەست و نەست و سروشت و ڕەوشتی ئەو چینە بوون لە قوڵایی دەروونیانەوە دەری دەدان و وەک ملوانکەی مرواری لە گەردنی دراماکانی دەئاڵاندن و دەیکردنە پێشەنگی کاروانی هونەری شانۆی ئەو سەردەمەی خۆی...

ستراindبیرگ بەدراماکانی چینی بۆرژوای چەوسێنەری سەرکوت دەکرد... هەروەها درامای بەرەو هەڵهێنجاندنی ئەو نەستانەی کە لە ناخی دەروونداا مەیی بوون ڕایی کرد و ڕێی هامشوو کردنی بۆ ئەوانەی کە دەیانویست بەرەو تاریکی ئەو جیهانە بڕۆن خۆش کرد، ئەو تەلیسمەی کە ڕێی چوونی بەرەو ئەوێ گرتبوو شکاند... کە ئەو ڕچەی شکاندو بەو هەموو دراما هونەریانەوە گەڕایەوە، دەروازە بۆ لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژی (School of Psychoanalysis) وازبوو، ئەوە بوو ئەو ڕێبازە بەسەردەستی (فرۆید و ئەدلەرد و هۆرن)دا پەرەی سەند...

ئەم درامایانەی خوارەوە هەندێکن لە دراماکانی ستراindبرگ کە نموونەن بۆ ڕێبازی سروشتی، هەموو داو و دەزی تەنین و چنینیان هەیە لە کانگای دەروونەوە وەرگیراون... ئەمە ناوی هەندێکیانە:

١- یارا (الاقوی) ٢- پەیوەندی ٣- جۆرەکانی تاوان ٤- مۆسیقای تارماکە.

١- درامای (یارا) یەکێکە لەو درامایانەی ستراindبرگ کە لە یەک دیمەندایە و دوو کەسانی سەرەکی تیایە یەکێکیان گفتوگۆ دەکات و ئەویتریان تەنیا گوێی گرتووەو جاروبار زەردەخەنەیەک یان سەرنجێک ئاڕاستە دەکات یان ئاماژەیەک بە تیلایی چاو دەکات... ئەم درامایە تەنیا مەنۆلۆژەو دایلۆگی تیا بەکار نەهاتووە...[1]

## ٧- ڕێبازی سیمبۆلیزم - Symbolism

هێشتا ئەستێرەی ڕۆمانسییەت بەتەواوی نەکەوتبووە لێژی؛ هەروەهاش ئەو ڕێبازە ئەدەبی و هونەریانە کە لە داوێنی ئەودا هاتبوونە کایەوە ئەوەندە لاواز نەبوو بوون، چەند ڕێرەوێکی تر هاتنە مەیدانی ئەدەب و هونەر و فەلسەفەو زانستەوە... یەکێک لەو ڕێبازانە سیمبۆلیزم واتە: (هیماسازی)بوو.

ئەوە بوو ڕۆمانسیەت، تا تیشکی خەیاڵ بڕ بکات بەناو ناخی دەروونی مرۆڤ دا شۆڕ ببووەوە... ئەوەندەش لە مانای سروشتی کۆڵیبووەوە کردبووی بە جیهانێکی بەرفراوانی وا لە هیچ شوێنی کەناری نەدەگرت... لەو زەمینە بەپیزەدا چەندان ڕێڕەو و ڕێبازی تر تۆوی خۆیان چاند و گەشانەوە... وەک ڕێبازی (پارناسیسزم) و (هونەر بۆ هونە) و (نیچرالیزم) و هی تر...

(١) (من الاعمال المختارة - سترندبرج - من المسرح العالمي وزارة الاعلام الكويت ل(٥). هەروەها تەماشای گۆڤاری بەیانی ژمارە (١٠٨)ی ساڵی (١٩٨٥) بکە.



هەروەها ڕێبازی ڕۆمانسی لەبەر ئەوەی مرۆڤی بە هەموو لایەنێکییەوە، بە هەندێک لە سروشت دەزانی لەسەر مەسەلەی ویژدان و هەست و سۆزی گەلێ دەکۆڵییەوە، ئەو لێکۆڵینەوە ئاسۆی دەروونناسی بۆ زانایان ڕووناک کردەوەو لە ئەنجامدا چەند ڕێبازێکی سایکۆلۆژی لەو مەیدانەدا خۆیان مشت و ماڵ دا... یەکێک لەو ڕێبازانە خوێندنگای لێکۆڵینەوەی دەروونی (school of Pschoanlysis) بوو کە دامەزرێنەری (سیجمۆند فرۆید Sigmund freud ١٨٥٦-١٩٣٩) بوو... گرنگ ترین شت کە ئەم خوێندنگایە هێنابێتیە مەیدانی زانستەوە دوو شت بوون: یەکەمیان ڕاڤەکردنی: (خەون) ئەوی تریان: پەردەلەلادانەوە بوو لەسەر ئەو لایەنە دەروونییەی مرۆڤ کە ئادەمیزاد لەوەتی هەستی بە بوونی خۆ کردبوو تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم نەی زانی بوو ئەویش لایەنی: (ناهەست The Unconscious) بوو، کە هەندێ جاریش پێی دەوترا (هۆشی نهێنی) دۆزینەوەی ئەم لایەنە دەروونیانەی مرۆڤ کارێکی گەورەی کردە سەر بیروڕای ئادەمیزاد.

تا فرۆید ئەو دوو لایەنەی نەدۆزییەوە هەموو جمانێکی ڕەوشتێکی مرۆڤ دەدرایە پاڵ لایەنی هەست کەچی کە ناهەست زانرا دەرکەوت گەلێ ڕەوشت و ڕەفتاری مرۆڤ هەیە لە جیهانی نا هەستەوە فرمانی هەڵس و کەوت دەدات و بەبێ ئەوەی لایەنی هەست ئاگای لێ بێ... هەروەها زانرا کە خەون و ئەو کەرەسانەی کە خەونیان لێ پێک دێت هەموو جۆرە ڕەمزێکن بۆ چەند حەزو ئارەزوویێکی مرۆڤ کە لە کاتی خۆیا لە ترس چەند شتێک نوشتاونەتەوە، یان سەرکوت کراون، یان خەفەببوون، بەڵام نەمردوون و لە جیهانی ناهەست دا بەندکراون، هەر بەتەمای ئەوەن خۆان دەربڕن... بەڵام دەرفەتیان نەدراوە ئیتر چەند دەمامکێک و چەند ڕەمزێک بۆ خۆیان ساز دەدەن و بەناوی تونێلی خەون دا وەردەبن و خۆیان دەردەبڕن...

دۆزینەوەی لایەنی (ناهەست) و کردنەوەی گرێ کوێرەی (خەون) هۆیەکی گەورە بوون بۆ هاتنە ئارای ڕێبازی سیمبۆلیزم ئەم ڕێبازە وەنەبێ تایبەت بووبێ بە هونەر و ئەدەبەوە، بەڵکو لە مەیدانی فەلسەفەو زانست دا هەمان ڕێباز پەیڕەو کراوە.

ئەدەب و هونەری ڕەمزی ئەوەیە کە خوێنەری ئاسایی دەیخوێنێتەوە تەنیا لە دیوی دەرەوەی تێ دەگات کەچی خوێنەری شارەزا و هۆشیار کە دەیخوێنێتەوە جگە لە دیوەکەی دەرەوەی لە دیوەکەی ناوەوەشی تێ دەگات و دەزانێ نووسەرەکە چی لە دوو تۆی کارە تۆکڵ دارەکەیدا شاردووەتەوە... ئەو مانا حەشاردراوە لەناو مێشکی دا دەست بە گینگڵەدان و ماخۆلان دەکات و ختووکەی هۆشی دەدات و مێشکی ئاوەدان دەکاتەوە، تام و چێژێک دەبەخشێ و دەروون تەسەل دەکات... هەر ئەو مانایە لە هۆش و مێشکی خوێنەرێکی تردا لەوانەیە بە جۆرێکی تر خۆی ئارایش بدات و زەیینی ببزوێنێ[1] بەڵام لەمانا سەرەکییەکەوە دوور نییە...

هەندێ زانایان دەڵێن: سیمبۆلیزم لە ڕستەیەکدا ئەوەیە کە ڕستەکە جگە لە مانا دەرەکییە ئاساییەکەی بەلای مانایەکی تری نهێنی و پەنهان دا لارە سەنگ ببێ کە مانا ڕەمزییەکە سروش (ایحاء) بۆ ئەو مانایە بکات، ئەم لاربوونەوە بەلای ئەو مانایەدا جۆرە چێژو جوانێک بە ڕستەکە دەدات...

دەبێ خوێنەر ئەوەندە شارەزا ببێ و ڕووناکبیری هەبێ پەی بەو مانایە ببا کە ڕستەکە سروشی بۆ دەکات دەنا ئەگەر وا نەبێ ئەو کاتە هونەر و ئەدەبەکە بەکاڵ دێنە بەرچاو.[2]

کەواتە لە ئەدەب و هونەری سیمبۆلیزم دا دوو مانا هەیە، یەکێکیان ڕاستەو خۆیە کە یەکسەر وشەکان دەیبەخشن و خوێنەری شارەزاو ناشارەزا وەری دەگرێ، دووەمیان ناڕاستەوخۆیە کە وشەکان ئاماژەی بۆ

(١) معالم النقد الادبي: الدكتور عبدالرحمن عثمان ل٢٠٧.

(٢) ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی - علاءالدين سجادی ل٥٠

دەکەن و ڕستەکانیش سروشی دەدەنێ، پەی بردن بەو مانایە پێویستی بە شارەزا بوون و باری ڕۆشنبیری مرۆڤەوە هەیە...

لەمەشەوە ئەوە ئەنجام دەدرێ: ئەدەب و هونەری سیمبۆلیزمی بۆ ڕووناکبیران و شارەزایانە؛ نەک ئەدەب و هونەری جەماوەری.

لێرەدا ئەم پرسیارە ڕاست دەبێتەوە: ئەی سیمبۆلیزمەکان ڕاستەوخۆ بۆ ئەو ڕاستیانە کە مەبەستیانن نایان خەنەڕوو؟ بۆچ بەو جۆرە لە پشت پەردەوە حەشاریان دەدەن؟

دیارە هێماسازەکان پێیان وایە ئەگەر ئەو پەردەیە لەسەر ڕووی ئەو مەبەستانە لابدرێنەوە مەبەستەکان بێ نموود دەبن و کارە هونەری و ئەدەبییەکەش لە کەڵک دەکەوێ...(١)

سوودی سەرەکی لە هێما سازی دا تێ ئاگاوتنی ئەو مەبەستانەیە کە لەژێر پەردەی هێماکەدا خۆیان حەشارداوە، خۆ ئەگەر هاتوو پەردەیان لەسەر لابدرێتەوە هێماکە لە کار دەکەوێت و هونەری کارەکە کەڵکی نامێنێ... چونکە هێماکە لە بەردەم دڵ و دەروون دا نهێنییەک بەرپا دەکات ئەگەر بێت و بدرکێت ئەوا چێژو یارای هونەری لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکەدا دەفەوتێ و، ئەو وەختەش تەوژمی هۆش و ختووکەی مێشک و ماخۆلانی دەروونی تیا بەرپا نابێ...

ڕێبازی سیمبۆلیزمی لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم دا لە دامێنی ڕۆمانسییەت دا هاتە کایەوە... ئەم ڕێبازە بەر لەوەی لە گۆڕەپانی دراماو ڕۆمان دا خۆی ئارایش بدا، لە چامەو هۆنراوەکانی شاعیرەکان دا، بە تاقیکردنەوەی خۆیدا تێپەڕی بوو، لەناو هۆنراوەکانی ئەم چوار شاعیرە فەرەنسییەدا خۆی ئاماڵاندبوو:

١- چارل بۆدلێر Cha.Baudelaire- ١٨٢١-١٨٦٧

٢- پول فیرلین P.Verlaine- ١٨٤٤-١٨٩٦

٣- ڕامبۆ Rambaud-١٨٥٤- ١٨٩١

١- ملارمیە Mallarme-١٨٤١ -١٨٩٨(٢)

هۆی سەقامگیربوونی سیمبۆلیزم لە دوو تۆی هۆنراوەدا بەر لە کارە هونەری و ئەدەبییەکانی تر دەگەڕێتەوە بۆ خۆرسکی شیعر... دیارە بەکارهێنانی هێماسازی لەو بەشە ئەدەبییەدا - هەر چەند پێویستی بە شاعیری لێهاتووی بە دەستەڵاتی هەیە - ئاسانترە، تا چنین و دارشتنی دراما و ڕۆمان و چیرۆک، هەر لەبەر ئەمەشە دراماو چیرۆکی سیمبۆلیزمی ئامێز لە هونەر و ئەدەبی جیهان دا کەمن ئەگەر بەراوورد بکرێن لە تەک هۆنراوەی سیمبۆلیزمی ئامێزدا...

ئەوانەی کە بەرهەمیان لەو دوو جۆرە ئەدەبەدا هێناوە، ئەو درامانووس و ڕۆمان نووسانەن کە گەلێ بەتوانا و دەست ڕەنگین بوون...

## ئەو سەرچاوانەی کە ڕێبازی سیمبۆلیزمیان بەهێزکرد

ئەو سەرچاوانە کە ڕێبازی هێماسازیان دەوڵەمەند کردو پەیتا پەیتا بواری جۆراو جۆری بۆ دەدۆزییەوە ئەمانەن:

(١) الثقافة - مجلة الفكر العلمي التقدمي - العدد الثالث - السنة الثامنة عشرة اذار ١٩٥٣.

(٣) معالم النقد الادبي: الدكتور عبدالرحمن عثمان ل٢٠٦. هەروەها تەماشای (الخلاصة في مذاهب الادب الغربي د. علي جواد الطاهر ل٥٠-٥٤).



١- ئەو تۆژینەوە بەردەوامانە بوون کە پەیوەندییان بە زانستی سایکلۆلۆژییەوە هەبوو، بەتایبەتی ئەو لێکۆڵینەوانە کە سەبارەت بە لایەنە گوم بووەکەی دەروون (هۆشی نهێنی) هاتنە ئاراوە... هەروەها هەڵهێنانی تەلیسمی (خەون) کە هەزارەهاساڵ بوو ئادەمیزادی خەریک کردبوو تا (فرۆید) هات، ئەو تەلیسمەی شکاند و دەرگای ڕاڤەکردنی خەونەکانی مرۆڤی خستە سەرگازی پشت(١).

٢-لێکۆتینەوە دەربارەی بنچینە ئایینییەکان: لەسەدەی نۆزدەهەم دا زانایان لەسەرانسەری ئەورووپا دا گەلێ لەسەر ئایینەکانیان کۆڵییەوە... ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە هێزێکی تری بەرێبازی ڕەمزی بەخشی...

٣- لێکۆڵینەوە لەسەر میتولۆجیای هەموو جیهان، ئەو داب و بنەماو ڕێبیرانە کە پەیوەندییان بە ئایینە کۆنەکانەوە هەبوو هەموویان خڕکرانەوەو لەلایەن شارەزایانەوە توێژینەوەیان لەسەر کرا، ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەش سەرچاوەیەکی تری ڕێبازی هێماسازی بوو...

٤- لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبی هیندی و ئایینی بوزەکان و وەرگێڕانی دوو داستانە گەورەکەی هیندستان: (مەها بەهارتا و ڕامایانا).

٥- لێکۆڵینەوەو خڕ کردنەوەی داستان و ئەفسانەی جیهان، ئەو لێکۆڵینەوە هەم سەرچاوە بوو بۆ ئەو ڕێبازە هەم نموونەی ڕاستی بوون بۆ ئەو جۆرە ئەدەب و هونەرە... ئەمە جگە لەوەی داستان و ئەفسانە ئەمڕۆ بە بەردی بناغەی دامەزراندنی ئەدەب دەژمێردرێ.

* * *

زۆربەی زۆری پەندی پێشینان و چیرۆکی بەر ئاگردان و داستان و ئەفسانەکان جگە لە مانا ڕەواڵەتییەکەیان مەبەستێکی تر دەگەیەنن و لەسەرەوە تا کۆتایی دەبنە هێمای ئەو مانا پەنانەکییە... چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنە و هەزار و یەک شەوە، چیرۆکەکانی ئیزۆپ(٢) سەر بە ئەدەبی سیمبۆلیزمن...

هەندێ نووسەر پێیان وایە شاعیر و نووسەر بۆیە پەنا دەبەنە بەر ئەم جۆرە ڕێبازە، چونکە تەنگ و چەڵەی سیاسی و هەندێ شتی تر ڕێ نادەن مرۆڤ ڕاستەوخۆ مەبەست بدرکێنێ، جا لەبەر ئەوە دێن پەنا دەبەنە بەر سیمبۆلیزم(٣).

ئەمە ڕەنگە لە بواری هۆنراوەدا، لە هەندێ کات دا ڕاست بێ... بەڵام ئەگەر بە وردی بچینە بنج و بنەوانی ئەو ڕێبازەوە بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕێبازە بۆ ئەو مەبەستە دانەمەزراوە، ئەوانەش کە دامەزرێنەری بوون مەسەلەی ترسیان لەیاد نەبووە، خۆ ئەگەر یەکێک لە ترسا هێمای بۆ مانایەکی پەنانەکی کرد ئەوە مانای ئەوە نییە ڕێبازەکە بۆ خۆ شاردنەوە دانراوە، ماناشی ئەوە نییە ئەو شتە بوو بە سیمبۆلیزم... زمان یان وشە پێیان ناکرێ گەلێ مانای ناسک و ورد هەن دەریان ببڕن، بەڵام بەشێوازی هێما سازی دەتوانرێ ئەو مانایە ببزوێنرێ و شان بەشانی مانا دەرەکییەکە ئەویش خۆی بنوێنێ، ئەمەش نابێ ئەوە بگەیەنێ کە ئەو ڕێبازە ببێ بە لوغز و موعەمما... بەڵکو مەبەست جۆرە جوانکاری و هێز و توانا بەخشینێکە بە ڕستە و، وشە، ئەمەش دەبێتە هۆی جوڵاندنی بیرو هزری مرۆڤ، لەمەشەوە هونەرەکە جۆرە

(١) محاضرات في التحليل النفسي: سجمند فرويد. وەرگێڕ بۆ عەرەبی - دكتور احمد راجح - ل١٥٥ المحاضرة العاشرة: الرمزية في الاحلام.

(٢) ئەدەبی کوردی و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردی: علاءالدين سجادی ل٤٩

(٣) ئیزۆپ: داهێنەری هەقایەتی گیاندارانە لەناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێش زایین ژیاوە: (تەماشای چیرۆکەکانی ئیزۆپ... وەرگێڕ عەزیز گەردی ل٥) بکە.

جوانییێک بە خۆی دەداو بەرگێکی قەشەنگ دەپۆشێ(١).

ئەو هێزو تینەی کە لە پارچە کارێکی ئەدەبی و هونەری سیمبۆلیزمی دا هەست دەکرێ لەبەر سروش کردن و تێل نیشان نانەوەیە بۆ مانا ناڕاستەوخۆکە، ئەم سروش کردن و تێل نیشانەش بەهۆی مۆسیقای وشەو ڕستەوەیە، یان سەرجەمی کارە هونەرییەکە خۆیەتی...

بۆیە شیعری شاعیرە سیمبۆلیزمەکان چونکە دەستەڵاتێکی بەهێزیان نییە و ناتوانن بە کارامەیی هێماکە بەکار بێنن کارە ئەدەبییەکانیان لەناو تەم و مژدا نقوم بوون.

لەپێشەوە وتمان هونەر و ئەدەبی سیمۆلیزمی ئەوەیە کە مرۆڤ دەیخوێنێتەوە، یان سەیری دەکات، لە پاڵ مانا ڕەواڵەتییەکەدا مانایەکی تری پەنهان هەیە، ئەو مانا پەنهانییە بەهۆی هێماکەوە بەلای هۆش دا تەوژم دەبات و تێ دەپەڕێ.

ئەو شاعیرانە کە ئەم ڕێبازەیان کرد بە ڕێرەوی خۆیان زۆربەیان تووشی ڕەش بینی نا ئومێدی بوون، دەربارەی هونەر و ئەدەبی بابەتیش چەواشە ببوون، پێیان وابوو هونەر خۆی بۆ خۆیەتی هەم هۆیە و هەم مەبەست، زۆربەیان لە ناو گۆمی شیعردا خۆیان خنکاند و دەرباز نەبوون...

کەچی سیمبۆلیزم لە بواری درامادا بوو بە هۆکارێکی گرنگ بۆ پاکژکردنەوەی ئاکاری و ئەو خەوش خارەی کە دەروونی مرۆڤ تووشی لە جەری و گەندەڵی دەکات...

هەر درامایەک تۆ بیگری، سەر بە چ ڕێبازێک بێ یان نەبێ، لە هێما سازی بەدوور نییە، بەڵام وەک لە پێشەوە وتمان هەموویان ناکەونە بەر درامای هێماسازی ڕاستەقینەوە... جارێ وا هەیە دراماکە سەر بە ڕێبازێکی تایبەتە کەچی چەندان هێما و شێوەی تێل نیشانی تیا بەکار هاتووە(٢).

ئەو جۆرە دراماییانە بەر درامای سەر بە ڕێبازی هێما سازی ناکەون، لەبەر هەندێ تێلکەڵ و پێکەڵ بوون لێکۆڵەران هەوڵیان داوە سنوورێک بۆ ئەدەب و درامای سیمبۆلیزمی دانێن و دوو جۆرە سنووریان بۆ دامەزراندووە کە ئەمانەن:

١- ئەو جۆرە دراماییەن کە مانا دەرەکی و ناوەکییەکەیان وەک دوو هێڵی تەریبی بەرامبەر بەیەک و شان بەشان لە خوارەوە بەرەو لووتکەو لە لووتکەوە بەرەو نشێوی و کۆتایی هەڵکشێن و داکشێن، هیچیان بەسەر ئەوی تریاندا زاڵ نەبێ...

نموونە بۆ ئەم جۆرە دراماییە: «پیرجینت»ی ئیبسەن و «گەشتە پیرۆزەکەی پیتر»ی ئۆجست سترایندبیرگ و (کویرەکە)ی (ماترلینگ) و هی تریش.

٢- ئەو جۆرە دراماییە کە هێماکە لەناویان دا جاروبار خۆی دەنوێنێ و بزر دەبێ و مانا دەرەکییەکە تیایا زاڵ دەبێ، ئەم جۆرە هێماسازییە لە تێل نیشانی ناو شیعر دەچێ... دراماکانی سەردەمی ئەلیزابیسی کە پێیان دەوترێ: «درامای ڕەوشت و ئاکار» هەموویان بەر ئەم جۆرە دەکەون چونکە هەموو هێمای ئایینییان تیا بەکار هێنراوە... بۆ ڕێ نیشان دان(٣).

(١) الاسطورة والرمز: ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا منشورات وزارة الاعلام ل٧.

(٢) تێل نیشان: ئەوەیە کە هونەر لە هۆنراوەکەیدا هێما بۆ داستانێک یان کارەساتێک یان پەندێکی پێشینان یان ئایەتی قورئان بکات: (تەماشای ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا) بکە ل ١٠٣ – عەزیز گەردی.

(٣) المسرحية من ابسن الى اليوت، ريموند وليمز، ترجمة: صدقي خطاب ل ٣٦٦-٣٦٧.



## ٨- ڕێبازی سوریالیزم Sur Realism

جەنگی دووەمی جیهانی، هەموو بەهاو ئاوەزوو نەریت و ئومێد و ئاواتێکی ئادەمیزادی تێک داو ماڵ کاولی و داماوی و سەرگەردانی بەسەر گەلانی جیهاندا هێنا، ئەو هەموو هونەر و ئەدەب و یاسا و بەند و باوو بنەما ئایینی و هۆشیاری و لۆجیک و شارستانیەتە هەبوون لەبەر هێرشی جەنگ دا خۆیان نەگرت و بوون بەژێر پۆساڵی جەنگ خوازانەوە، خەڵک دەستە پاچەو سەرگەردان بوون... ئەمە وای بە ڕووناکبیرە لاوەکانی پاش ئاشبەتاڵی شەڕ کرد کە هەوڵ بدەن ئەو کەلێن و کەلەبەرانە بدۆزنەوە کە بوون بە مایەی دردی سەری مرۆڤ و هەمیشە تووشی سەرگەردانی دەکەن، بەردەوام هێزی جەنگ لەو کەلێنەوە خۆی دەهاوێتە ناو شورای هۆش و هۆشیاریی مرۆڤەوەو هەمیشە وەردەبێتە ناو ئێسکی و کرمۆڵی دەکات... بەلای ئەوانەوە کە ڕێبازی سوریالییان داهێنا، مۆرانەی کرمۆڵ کردنی ژیانی ئادەمیزاد «ئەو ڕابووردوە مردووەیە کە ئادەمیزاد بە کۆڵی خۆیان دا داوە»(١).

بۆ لە کۆڵ کردنەوەی ئەو ڕابردووە پەنایان دەبردە بەر ئەندێشە و خەیاڵ، چونکە پێیان وابوو مرۆڤ تەنیا بە ئەندێشە دەتوانێ خۆی لە تەک دەوروبەریا بگوێجێنێ، بەم خۆگوێجاندنە دەتوانێ چارەسەری هەموو گیروگرفتەکانی خۆی بکات و هەمە دەم هەست بەسەربەستی و ئازادی بکات ئەندێشە ئەو داستانەیە کە بەسەرهەموو واقیع و ڕووداودا زاڵ دەبێ و بە ئاسانی بەڕەنگی خۆی دای دەپۆشێ... لەبەر ئەمە ناو نراوە «سوریالی - واتە سەروەری ڕووداو».

پاش جەنگی دووەمی جیهانی... چەندان تیوری زانستی و سایکۆلۆژی و ئابووری و ڕامیاری هاتنە مەیدانەوە، هەموو بەسەر یەکەوە شۆڕشێکی زانیاری بوون، بیروڕای ئادەمیزادیان لە ناخەوە ڕاژاندو ئاسۆیەکی تریان لەمێشکیا ڕووناک کردەوە...

ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٠٥)دا زانای ئاڵمانی (ئەلبیرت ئەنشتاین ١٨٧٩-١٩٥٥) تیوری ڕێژەیی کە بە (تیوری نیسبی) ناسراوە هێنایە مەیدانی بیرو هۆشەوە، بەپێی ئەو تیورەی ئەنشتاین، گەلێ بیروباوەڕی کۆن پووچەڵ بوونەوە.

ئەو تیورە ئەوەی ساغ کردەوە کە کات و شوێن، بەرز و نزمی، سەروخوار ڕاست وچەوت... هەموو ڕەها نین؛ بەڵکو بەندە بە کات و شوێنی تایبەتەوە.

هەروەها تیورەکانی (فرۆید)یش لەمەڕ هۆش و بەشەکانی و کەسێتی و لایەنەکانییەوەو (خەون) و مانای خەون... وەک وتمان ئەم تیورەی (فرۆید) لایەکی تری هۆش و مێشکی ئادەمیزادی هاژاند و جیهانی دەروونی بەرفراوان کردووە؛ تیورەکە ئەوەی ساغ کردەوە کە هۆشی نهێنی فەرماندەری زۆربەی ڕەفتار و چالاکییەکانی مرۆڤە...

هەروەها تیورەکانی: (هێگل –Hegel– ١٧٧٠-١٨٣١) و (مارکس ١٨١٧-١٨٨٣) لە بارەی ئابووری و ڕامیارییەوە جیهانی سەرمایەداری خستە هاژاندن، سەری چینی کاسبکار و کرێکار و ڕەنج دەرانی پێ قیت بووەوەو دەروازەی دوارۆژێکی ڕووناکیان لێ کرایەوە...

ئەو بیروڕاو تیورانەو چەندان ڕێبازی هونەری و ئەدەبی تریش بوون بە بوومەلەرزەیەک چەندان کانیاویان لە مێشکی مرۆڤ دا تەقاندەوە، چەندان بیروڕای کۆنیشی نغرۆ کرد، بەڵام کە جەنگی دووەمی

(١) تەماشای گۆڤاری: (ڕۆشنبیری نوێ بکە) ژمارە (١١٨) ساڵی ١٩٨٨ (سوریالیزم) وتارێکی (معتصم ساڵەیی)یە. ل١٢٨ .

جیهان ڕووی دا ئەوەی کە سەر لە نوێ بنیات نرابوو هەمووی لافاوی خوێن و کلێس بوونی وڵاتان بەربادی کردو، خەڵکی تووشی ڕەشبینی نائومێدی کرد...

ئەوانەی کە ڕێبازی سوریالییان گرتە بەر بیروڕاکانیان بەرپەرچ دانەوەی ئەو بارودۆخە ناهەموارەبوو، پێیان وابوو ئەگەر خۆیان بدەنە دەست وڕێنەو خەیاڵ دەتوانن بەسەر هەموو گیروگرفتەکانی ئادەمیزاد زاڵ بن، پەنا بردنە بەر داستان و ئەفسانە تاکە ئاسانەی بەختیاری و کامەرانی‌یە... ئیتر بەباڵی خەیاڵ بەسەر ڕێبازی کلاسیک و ڕۆمانس و سیمۆلیزم دا بازیان بەرەو ئاسۆیەکی تر ناو کەوتنە ناو خەرەندی هەزار هەڵدێرو بێ ئاگاییەوە کە تا ئەو کاتە خۆی لەو مەیدانەدا تاقی نەکردبووەوە.

هەروەها دامەزرێنەرانی سوریالیزم پێیان وابوو دۆزینەوەی ڕاستی لە پشت تێک شکاندنی ئەو بنەماو ڕێبازو بارودۆخانەیەوە کە لەوەوبەر هەزارەها جار کوترابوونەوەو وەک توونی گەرماو تەنگ و تار بوون و ئادەمیزادیان تاساندبوو، ئەوان هەر لەو توونەدا خەریک بوون بۆیە نەیانتوانیوە ئافەتی جەنگ و ناکۆکی بەربەست بکەن... کەواتە ئەوەی بەپێچەوانەی ڕابردوو بجوڵێتەوە دەگاتە ڕاستی...

ئەمە ئەوەی دەگەیاند کە دەبوو شاعیر و هونەرمەند لەغاوی مەگێزەکانی خۆیان شل بکەن و چۆنیان بۆ ڕەخسا وا هەنگاو بنێن، ئیتر گوێ بۆ ڕێساکان و لۆجیکی هۆش و بەهاکانی کۆمەڵ شل نەکەن...

تاکە ڕێبەریان بانگەوازی خەون و ئەندێشەو ڕوو چوونە بەناخی دەروونیدا.

دەبێ ئەوەش بزانرێ کە سوریالیزم لەتێکەڵاوبوونی ڕۆمانسییەت و دادیزم (dadaisme) پێک هاتبوو، لغاو شل کردن بۆ سۆز و حەزو ئارەزوو بەرەڵڵا کردنی مەگێزەکان و کەوتنە شوێنی پێویستییەکانیان ڕیچکەی هەرە گەورەی ڕۆمانسیەکان بوو، بۆیە ئەمان لێیان قارس ببوون و دەیان وت: سۆریالیزمەکان ڕۆمانسییەتیان ڕیسوا کردووەو بوون بە لەکە بۆیان...

هەروەها دادالیزمەکانیش لەوانەوە فێری وڕێنەکردن بوون و لە کوێ ئارەزووەکانیان مرخەیان بکردایە وەک ملوانکەی مرواری دەیان هۆنییەوەو دەیان کردە مل هۆنراوەوکانیان، یان حەز و هازە تاساوە بێ دەستەڵاتەکانیان لە کوێ نوزەیەکیان لێ هەڵسایە بە دەمیانەوە دەچوون و دەیان کردنە پەرگەمای بەرهەمەکانیان... یان کەی ناڵەیان لەناو دۆڵی هۆشی بێ ئاگاییدا هەست بکرایە، دۆڵیجەی چامەکانیان بۆ شۆڕ دەکردەوە دەریان دەهێناو لایان وابوو لە قوڵایی زەریادا فریشتەیەکیان ڕزگار کردووەو زوو چامەیەکیان بەباڵایدا هەڵدەدا...

لە بەرهەمەکانیاندا چ شیعر و چ چیرۆک و دراما لە شێوەی نووسینی ماکینەییان (الكتابة الآلية) دەگرتە بەر، بەو بیانووەوە گوایا لە کاتی بەرهەم هێناندا خۆیان لە عەقڵی ئاگادار دوو دەخەنەوەو جڵەو بۆ بێ ئاگایی شل دەکەن، تا لەسەر خۆ وەک کانیاوێک هەڵقوڵێت(1).

ڕێبازی سوریالی لە بیستەکانی سەدەی بیستەم دا کە هاتە مەیدانەوە(2) ڕێبەرەکانیان هەوڵیان دا کە هۆشی بێ ئاگایی بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، بۆ ئەوەی لە دەریای بێ پایانیا ئەو گەنجینەیە کە لەوێ حەشار دراوە هەڵی گۆزن و ڕێبازەکەی خۆیان پێی بە توانا و بەهێز بکەن لە ئەنجامیش دا ببن بە پێشڕەوی کاروانی ئەدەب و هونەری پاشە ڕۆژ.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ١٢٨. هەروەها تەماشای (اشهر المذاهب المسرحية، دريني خشبة، ل٢٣٠) بکە.

(٢) لە ساڵی (١٩٢٤)دا (ئەندریە بریتون) بناغەی سوریالیزمی دامەزراند و توانی ئەو ڕێبازە لە جغزی بزووتنەوەی (دادیزم) بهێنێتە دەرەوە... لە ساڵەکانی نێوان ١٩٢٢ تا ١٩٥٣ زنجیرە بەیانێکی لەو بارەوە بڵاوکردووەتەوە. بۆ زێدە زانیاری بڕوانە الاسطورة والرمز - ترجمة: جبرا ابراهيم جبرا) لاپەڕەی ٧٠).



هەروەکو ئاماژەمان بۆ کرد: مەبەستی سەرەکی سوریالیزمەکان بۆ دۆزینەوەی ڕێڕەوێکی نوێ بوو، بۆ ئەوەی لەو ڕێڕەوەو جەڵەوگیری ژیبری و هۆشی ئادەمیزاد بەرەو کامەرانی و ئاسوودی ژیان بکەن... بۆیە پێش هەموو شتێ هاتن دەسیان دایە تێک دان و ڕوخاندنی لۆجیک و ڕێبیرەکانی کۆمەڵ... گرنگ ترین هۆکار ئەو ڕوخاندن و بنیات بنیاتنانەوەیان شۆڕ بوونەوە بوو بەرەو ناخی دەروون و بەدەم چوون و فریا کەوتنی هاوار و نوزەو وڕێنەی ئەو حەز و ئارەزووانە بوو کە لەوێدا پلیشابوونەوە لە کاتێکدا شۆڕ دەبوونەوە سانسۆری هۆشی ئاگایی و ویژدان لە هەدەر چوایە، یان خەفە بوایە...(1)

## دامەزرێنەرانی سوریالیزم

سوریالیزم بەسەر دەستی هەندێ نووسەر و هونەرمەند و درامانووسی فەرەنسی دا سەری هەڵدا کە ئەمانەن:

١- ئەندریە بریتۆن - A. Breton لە ساڵی ١٨٩٩ لەدایک بووە.

٢- پۆل ئیلوارد -P. Eluard ١٨٩٥ لە دایک بووە.

٣- لویس ئەراگۆن L. Aragon ١٨٩٨ لە دایک بووە.

هەروەها ئەمانەش هاوبەشیان لە دامەزراندنی ڕێبازەکەدا کردووە: (سلڤادۆر دالی، بۆدلێر، ئەراگۆن، ئەپۆلێنێر، ڕامبۆ، سارۆین).

نموونە بۆ درامای سوریالیزمی دراماکەی (سارۆین)ە بەناوی:

(دڵم لەلای زوورگەکانە - My heart in the Highlands)

ئەم نووسەرە یەکێکە لە نووسەرە ئەمریکییەکان...

## نیشانەکانی ئەدەب و هونەری سوریالیزمی:

ئەو نیشانانەی کە ئەدەب و هونەری سوریالیزمی جیا دەکەنەوە دەتوانرێ لەو خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکرێنەوە:

١- کاری هۆنراوەو درامای سوریالیزمی داماڵینی پەردەیە لەسەر ئەو هەست و سۆزانە کە لە بنکەی هۆشی نهێنی دا خەفەکراون...

٢- نووسەر لە کاتی بەرهەم هێنانی کارە هونەرییەکانیا دەبێ خۆی بدات بەدەم لێشاوی سروش و ئیلهامەوە، لە بەردەم تەوژم هێنانی هۆشدا هەموو بەنگایەکی هەستی ئاگادار بکرێ...

٣-ڕاوکردنی ئەو دیمەن و بیرو بۆچوونانە کە ئەندێشە بەلایاندا تێ دەپەڕێ و لە پاشدا هۆنینەوەیان لە ناو کارە هونەری و ئەدەبییەکەدا.

٤- بایەخ نەدان بە شتی لۆجیکی، چونکە لۆجیک و بەهای کۆمەڵایەتی دەبن بە هۆی بەند کردنی ئەو ڕاستیانە کە لەناخی دەروون و ویژدان دا دەیانەوێ خۆیان دەربڕن...(2)

(١) نظرية الدراما من ارسطو الي الان - د. رشاد رشدي ل٢٢٠-٢٢٣. هەروەها تەماشای (المذاهب الادبية الكبري في فرنسا) بکە دانەر (فليب فان) ترجمة: (فريد انطونيوس - مكتبة الفكر الجامعي -ل٣١٢) بکە. هەروەها (معالم النقد الادبي: الدكتور عبدالرحمن عثمان -ل٢٠٩) بکە.

(٢) معالم النقد الادبي - الدكتور عبدالرحمن عثمان - ل٢٠٩.

## ٩- دادایزم dadaisme

له ساڵی (١٩١٦)دا پیاوێکی ئاڵمانی كه ناوی (هوكوبال) بوو، له تەک دڵدارەكەیدا قاوەخانەیەکیان له شاری زیوریخ له سویسرا كردەوەو ناویان نا «قاوەخانەی ڤۆلتێر».

ئەو گەنجه ڕووناکبیرانه كه له ئەنجامی جەنگ دا دووچاری دەردی سەری ببوون و نەفرەتیان لەوانه دەكرد كه ئاگری جەنگ خۆش دەكەن، ئەوانه لەو قاوەخانەدا كۆدەبوونەوەو خەم و پەژارەی خۆیان لەمەڕ شەڕو شۆڕ بۆ یەكتری دەگێڕایەوەو دەمەتەقێیان دەكرد، لەداخدا باوەڕیان به شارستانیەت و زانست و لۆجیک و ئایین و بەها كۆمەڵایەتییەكان نەمابوو...

ژمارەی گەنجەكان ڕۆژ به ڕۆژ له زیاد بوون دابوو، یەكێكیان ناوی (ترستان تزارا) بوو خۆی بەدەمڕاستی هەموان دەزانی...

هەموو بڕیاریان دا ناوێک له خۆیان بنێن و، وشەی (دادا)یان هەڵبژارد، هەندێک دەڵێن وایان بڕیار دا فەرهەنگی زمان بكەنەوە، یەكەم وشه لەیەک لاپەڕەدا چی بوو بیكەن بەناوی كۆمەڵەكەیان، لەمه فەرهەنگیان كردەوە وشەی (دادا) ببوو به سەرەتای یەكەم لاپەڕەو كردیان بەناوی خۆیان... گوایا (تزارا) خۆی فەرهەنگەكەی كردووەتەوە... ئیتر (دادا) بوو بەناوێكی ساوایانه بۆ ئەو كۆمەڵەو (دادایزم)یش بوو به ناوی ڕێبازەكەیان كه هەموو جۆرە ڕۆشنبیرییەكی كۆن و هەموو نەریت و بەهایەكی ناو كۆمەڵی ڕەت دەكردەوە، ئیتر وشەكه وەک كاڵایەكی پڕ به باڵا به بەر خۆیاندا بڕی و هەر لەو ڕۆژەوە وەک بەیانێک بڵاویان كردەوە.

زۆری نەخایاند دادایزم لەسەرانسەری ئەوروپادا بڵاوبووەوە، له ئەڵمانیا بەیاننامەیەكی (دادایزم)ەكان بڵاو بووەوە، بەیاننامەكه ئەمەی تیایە: «دادایزم له واقیعێكی نوێی دەوێ، وشەی دادا بزووتنەوەیەكی بێ سنووری جیهانییه و ڕەت كردنەوەی هەموو چەشنه بزووتنەوەیەكی هونەرییه، هەروەها هەموو ڕابردوویێک پێشێل دەكات»...

لەبەر ئەوەی خەڵک بەتەواوی له واقیعی ژیان بێزار ببوون ئەوەندەی پێ نەچوو بزووتنەوەی دادایزم گەیشته نیویورک و فەرەنسا، له ساڵی (١٩١٩) (تزارا) چووە پاریس، لەوێ بزووتنەوەكه پەرەی سەند و لەوێوە بەهەموو جیهاندا بڵاوبووەوە...

ئەم نووسەرو شاعیرو هونەرمەندانەی خوارەوە بەشداریان له پێک هێنان و بڵاوبوونەوەی ئەو ڕێبازەدا كردووە:

١- ئەندریه بریتۆن A. Breton ١٨٩٩.

٢- لویس ئاراگۆن L. Aragon ١٨٩٧ .

٣- پۆل ئیلوارد –P. Eluard ١٨٩٥ .

٤- ڕامبۆ Rambaud ١٨٥٤-١٨٩١.

٥- پیكاسۆ.

٦- سلفادۆر دالی[١]

چەندان نووسەر و هونەرمەندی تر.

(١) الخلاصة في مذاهب الادب الغربي: تاليف د. علي جواد الطاهر الموسوعة الصغيرة ١٢١ - ل٧١-٧٣).



له ساڵی (١٩٢١) دادایزم كۆتایی پێ هات و هەموو ڕێبەرانی ڕێبازەكه چوونه ناو ڕێبازی سوریالیزمەوە، هەر به كۆتایی هاتنی ئەو سۆریالیزم هاته كایەوە.

ئەوەی شایەنی باس بێ ئەم ڕێبازە هیچ درامایەكی به بەرهەم نەهێنا تا لێرەدا ناوی تۆمار بكەین... بەڵام ئەوەندە هەیە كارێكی زۆری كردە سەر درامای بێ هودەیی (ئەبسێرد) وەک لەمەو دوا باسی دەكەین...

## ١٠- ڕێبازی سۆفیزم

له كۆتایی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەم دا له (ئیرلەندە) بزووتنەوەیەكی فیكری له بواری ئەدەب و هونەردا بەرپا بوو، ئەو بزووتنەوە بۆیە هاتبوو تا پاڵپشتی ئەو هەوڵ و تەقەللایە بكا كه مەبەستی جیاكردنەوەی ئیرلەندە بوو له وڵاتی ئینگلستان.

له سەرەتای پەیدابوونی دا بۆ بەدەمەوە هاتنی باری ڕامیاری وڵات بوو، كەچی لەماوەی ڕەوت كردنیا بزووتنەوەكه بەرەو پاڵفتەبوونی گەوهەری ئەدەب و هونەر ڕووی نا... تا وای لێ هات بزووتنەوەكه له هەموو گەردێكی نا هونەری پاک بووەوە و چووە ناو جغزی بەرهەم هێنانی شاكاری ئەدەبەوە... بەرهەمەكان وا پاڵفته و بێ گەرد بوون له تەک گیانی پاكی ئادەمیزاد دا له هەموو كات و شوێنێكدا دەگونجان و بەرەو پەیكەری خواوەندی هونەر بەرز دەبوونەوەو له هەموو خەوش خارێكی ڕامیاری پاكژ دەكرانەوەو له جیهانی ڕووداوی ژیان دوور دەخرانەوە، دەبوونه ڕابەرو فریشتەیەكی یەزدانی پاک، ئا لێرەدا بزووتنەوەكه كەوته ناو كەمەندی سۆفیزمەوەو خۆی له جیهانی واقیع گۆشەگیر كرد.

هونەر و ئەدەبی سۆفیزم گیانی مرۆڤ لەبەر تاڤگەو قەڵبەزەی پاک و پڕ به ئارامی خۆیا پاک دەكاتەوەو به ئاستەم بەرەو ئاسمانی بەختەوەری و كامەرانی بڵندی دەكاتەوە... بۆیە سۆفیزمەكان پەنایان دەبردە بەر داستان و ئەفسانه و دەیان كردنه هەوێنی دراماكانیان.

### ڕێبەرانی هونەر و ئەدەبی سۆفیزم

١- درامانووس: (سینج - Synge ١٨٧١-١٩٠٩).

٢- لیدی ئاوگۆستا گریگۆری Laly Augusta Gregory ١٨٥٩-١٩٣٢).

٣- ییتس Yeats ١٨٦٥-١٩٣٩).

ئەوانەی بزووتنەوەكەیان ڕەچاند و توانیان بناغەی بۆ دامەزرێنن و له ئاژاوەی ڕیالیزم ڕزگاری بكەن، گریگۆری و ییتس بوون... ئەوانه توانیان ڕاستەوخۆ دراما بكەن به بنكەی ڕێبازەكەو نموونەی پڕ به پێستی خۆی بۆ دارێژن. ئەوانه به بەرهەمەكانیان بەسەر ڕووباری ماددەدا گوزەریان كردو ڕیالیزمیان كرد به پردە بازی خۆیان و بەرەو كۆڵكه زێڕینەی هونەر و ئەدەب بەرز بوونەوە بۆ لای مانای بێ گەردو بارەگای یەزدان و خەڵكیان له جیهانی سەر به جەنجاڵ و پڕ به كارەسات دا بەجێ هێشت و دایان شەقەی باڵ.

ئەوەی شایەنی باسە... گریگۆری و ییتس گەلێ دڵسۆزی ڕێبازەكەی خۆیان بوون، بەڕاستی شانیان بۆ شل كردبوو، بۆیە هەموو بەرهەمەكانیان لەگەڵ ڕەوتی ڕێبازەكەداتا دوا قۆناخ شان به شانی یەكتر بوون، هەر بەو بەرهەمانه بناغەیەكی مەحكەمیان بۆ ڕێبازەكه دارێشت، بەڵام ئەوەی سەرنج بداته ئەو بەرهەمانه كه سەر به ڕێبازی سۆفیزمن چاک بچێته بنج و بنەوانیانەوە بۆی دەردەكەوێت كه سۆفیزم تێكەڵاوەیەكه له ڕۆمانسی و سیمبۆلیزمی و سریالیزمی و بەوان گیراوەتەوە.

جگە لەوەش ئەو بەرهەمانەی کە سەر بەم ڕێبازەن شتێکیان لەو بەرهەمە ئەدەبی و هونەریانەی سەردەمی (ئەلیەزابیسی)ی زیاتر نییە... چونکە سەرجەمی بەرهەمەکان لە تەک ئاکار و ڕیچکە ئایینییەکان دا هاوتا بوون و هەموویان گیانی مرۆڤ لە خەڵت و خەوشی ژەنگ و مادده پاکژ دەکەنەوەو دەروونی پڕ هەراسان و دڵی بە پەژارە ئاوەدان دەکەنەوەو ڕووناکی بە هەموو کونجێکی دەروونداپەخش دەکەن...

لێرەدا دەتوانین بڵێین: ڕێبازی سۆفیزم لە زەمینەی درامای (ئەلیەزابیس)ی تۆوی خۆی چاندووە، هەر ئەو کاتەیش چەکەرەی کێشاوە، کەچی بەروبوومەکەی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا چووەتە ناو عەمباری چیرۆک و دراماکانی (ئیرلەندە)وە، واتە نۆخشەکەی پێش خۆی کەوتووە.

نموونە بۆ ئەو جۆرە درامایە... ئەمانەن:

١- (پیاوێکی گەڕۆک - Thetravelling Man)ی گریگۆرییە.

٢- (ساتە شووشە - The hour Glass)ی (ییتس)ە.

### کورتەی درامای (ساتە شووشە)

«لە سەرەتادا ییتس... پیاوێکی دانامان پیشان دەدا، ئەم پیاوە دانایە، قوتابییەکانی خۆی وا فێر دەکات هەر زانست و زانیارییەک بە ڕێگەی هەستەکان وەر نەگیرابێ زانست نییە و بڕوای پێ ناکرێ، ئیتر لەو ڕۆژەوە ئەم زانایە پەندی قوتابییەکانی داداوەو وا پەروەردەی کردوون، تۆزقاڵە هەستێکی گیانی تیایاندا بەرەو ئاسمان بەرز نەبووەتەوەو، تۆزقاڵە ڕووناکییەکیش لەوێوە نەهاتووە ناو دڵیان... ڕۆژێک فریشتەیەک دادەبەزێتە خوارەوەو ئەم هەواڵە دڵ تەزێنە بەو پیاوە دانایە دەگەیەنێ:

فریشتە: (بە پیاوە داناکە) تۆ تەنیا یەک سات لە تەمەنت ماوە!... دەرگای ئاسمانیشت لێ ڕەپێش کراوەو ناکرێتەوە... هەروەها ڕێگەی چوونە پاکژگە - مطهر - ت لێ گیراوە چونکە تۆ بڕوات پێی نییە.

پیاوە داناکە: خۆ بڕواشم بە دۆزەخ نییە.

فریشتەکە: دۆزەخ شوێنی ئەوانەیە کە بێ بڕوان...

لێرەدا پیاوە داناکە ترسی لێ دەنیشێ و هەوڵ دەدا لە ماوەی ئەو ساتەدا یەکێک بدۆزێتەوە کە هێشتا بڕوای بە ئاسمان مابێ... بەڵکو سەرەداوێکی هیوای ڕزگاربوونی بدات بەدەستەوەو ئەو سەرە داوە بیگەیەنێتە ئاسمان... هەر لەم کاتەدا فریشتەکە - کاتژمێرێکی - خۆڵ ژمێری - بۆ دادەنێ بۆ ئەوەی بەهۆی ڕاژەی خۆڵەکەوە بزانێ ئەو کاتەی چۆن دەباتە سەر...

پیاوە داناکە لە عەزرەتدا پەنا دەباتە بەر ماڵ و منداڵ و قوتابییەکانی ئەوانەی کە تابن گوێیان لە ناو بیروڕاکانی ئەودا نقووم بوون و بڕوایان بە فریشتەو لەشکری ئاسمان نەمابوو... بۆیە دادی ئەویان نەدا، ئیتر ناچار بوو پەنا بەرێتە بەر یەکێک لە شێتەکانی ناو شار، ئەوانەی کە هێشتا هەندێ باوەڕیان بە شتی نهێنی و پەنهانی مابوو، چووە لای یەکێک لەوانە کە باوەڕی لای ئەو ڕەش پۆشانە بوو، کەهەموو ڕۆژێک دەچوونە سەر شاخە سەرکەشەکان و لەوێ تۆڕە ڕەشەکانیان لەسەر شاخەکان هەڵدەخستن بۆ ئەوەی جنجرۆکی هەڵۆ خەواڵوەکان لێی بئاڵێن و پێوە بن... ئەم پیاوە شێتۆکە دەیوت: (من هەموو ڕۆژێک لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانیان دا دەچم ئەو تۆڕە ڕەشانە بە دوارد - مەقەس - دەپچڕێنم و هەڵۆ بەداوەبووەکان بەر دەدەم و ئەوانیش لە شەقەی باڵ دەدەن و بەسەربەستی لە ئاسمانی بێ گەرددا باڵیان بڵاودەکەنەوەو دەفڕن).



پیاوە داناکە: گاڵتەی بە قسەکانی پیاوە شێتۆکەکە دەهات و پێی پێکەنی و چونکە ئەگەرچی زانی پیاوێکی شێتۆکەو نەفامە بەڵام نیاز پاک و ساویلکەیە... لەگەڵ ئەوەشدا دەستە داوێنی دەبێ کە لەو کارەساتەی بەسەریا هاتووە ڕزگاری بکات...

ئەویش داوای لێ دەکات کە هەموو قوتابییەکانی خۆی خڕ بکاتەوە تا لە گەڵیاندا قسە بکات.

پیاوە داناکە: (دەڵێ) «وا ئێستا ڕاستیم بۆ دەرکەوت، ئێمەمانان ڕاستی بینا ناکەین... بەڵام یەزدان ڕاستی لە ئێمەدا بینا دەکات... (ڕوو دەکاتە شێتەکە)... نزا بکەو لە خوا بپاڕێرەوە کە مۆدزەیەکیان بۆ بنوێنێ بەڵکو بەر لە مردنیان گیانیان پاکژ ببێتەوە» لەم کاتەدا پیاوە داناکە ئاکامی تەواو دەبێ و دەمرێ...

پیاوە شێتەکە: (ڕوو دەکاتە قوتابییەکان) «مەبزون... مامۆستاکەتان داوای کرد کە خوا مۆدزەیەکتان بۆ بنوێنێ بۆ ئەوەی پاکژ ببنەوە، ڕزگار بن... (ڕوو دەکاتە دانا مردووەکە) سەیر کەن ئەوە چی بوو لە دەمی هاتە دەرەوە؟! ئەوەتانێ شتێکی بچکۆلەی باڵدارە وا باڵی گرتەوەو فڕی... ئەوەتا بەرەو دەرگا فڕی»

لەم کاتەدا فریشتەکە لەلای دەرگاکەوە دەرکەوت باوەشی خۆی کردەوە وەک بیەوێ گیانی پیاوە داناکە لە ئامێز بگرێ... هەردوو لەپی دەستی پان کردەوەو بەتووندی مووجاندیەوە...

پیاوە شێتەکە: «ئەوەتا فریشتەکە گیانەکەی وەرگرت و لەدەست خۆی نا، بۆ ئەوەی بیبا لەناو (فیردەوس)دا بەرەڵڵای بکات».

## ١١- ڕێبازی هەبوونیزم

هەبوونیزم، یان (ئیگزاستینیشلیزم -Existentielism) بەو ڕێبازە فەلسەفییە دەوترێ کە لەهەبوونی شتەوە دەست پێ دەکات؛ پنتی تەوەری فەلسەفەکە هەبوونی مرۆڤە و لەوێوەوە سەر دەکات(١).

(١) الوجودية: تألیف جۆن ماكوری... ترجمة د. امام عبدالفتاح امام، عالم المعرفة، كويت - ل١٤٢.

بەپێی ئەم ڕێبازە، هەر شتێ تۆ بیگری لە دوو لایەن واتە لە دوو شت پێک هاتووە: هەبوون - وجود - Exister واتە ڕەنگ و ڕوخسار و قەبارەو کێشی شت، دووەم: گەوهەر، واتە ئەو کەرەسە سەرەکییەی کە شتەکەی پێ هاتووەتە کایەوە، واتە دیمەنێکی تایبەتی لە کات و شوێن دا بۆ خۆی سازداوە... بە هەردوو لایەنی ئەو شتەوە فاکتێکی بابەتی دیاری کراویان پێک هێناوە.

بۆ وێنە: با پارچە دراوێکی زیو لەسەر مێزەکەی بەر دەستت دابنێین، ئەم پارچە دراوەی بەر دەستت هەبوونێکی تایبەتی هەیە و لە گەردوون دایە و شتێکە لەو شتانەی کە لەناوی دا خۆی سەپاندووە... نە بوونی بەدەست تۆیەو نە نەبوونی... بە ئارەزووی خۆی نەبووەو ناشتوانێ خۆی مەحف بکاتەوە، ئەم پارچە دراوە گەوهەرەکەی زیوەو هەبوونەکەی، ئەو ڕەنگ و ڕوخسار و قەبارەو کێشەیە کە لەو شوێن و کاتەدا هەیەتی... ئەو دراوە ئەگەر هەبوونەکەی نەبوایە، پێی نەدەوترا دراو...

نموونەیەکی تر: پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر، کەرەسە سەرەکییەکەی کە گەوهەریەتی (بەردە) کە کراوە بە پەیکەر هەبوونێکی تری بۆ ڕەخسێنراوەو بووە بە پەیکەرێک و ناونراوە پەیکەری (کاوەی ئاسنگەر)، ئەو ڕەنگ و ڕوخسارەی لە پەیکەرەکانی تر جیای دەکاتەوە، دراوەکەش کە پێی دەوترێ پەنجا فلسی، یان پێنج قەڕانی ئەو نەخش و نیگار و نووسین و ڕۆخ و ئەم دیواو ئەو دیوەی لە دراوی تر جیای دەکاتەوە... لێرەدا پێویست وای کرد کە تۆ بتەوێ پێناسەی هەر شتێ بکەی دەبێ لایەنی

هەبوونەکەی لە هەمـوو ڕوێکەوە دەست نیشـان بکەی ئەوجـا دەتوانی پێناسەیەکی پڕ بە پێستی خۆی بۆ دابڕێژێ...

لەمـەوە ڕوخسـار و دیمەنی شت کـە تەواوکـەری هەبوونەکـەن لەوانەیە ببنە سـەرچاوەی لێکۆڵینەوەو بیرکردنەوەو بزواندنی هزر و بەراورد کردن و شی و شیتاڵ بوونەوە، کەچی گەوهەرەکەی ئەو شتانە لەبەر ئەوەی شتێکی وارس بووە خۆی بەدەست تۆژینەوەو هزرەوە نادات و خۆی ناخاتە بەر تیشکی ئەوان(١).

با نموونەیەکی تریش بێنینەوە... ئەم خامـەی دەست مـن، ئەو کـتێـبـەی بەر دەست تۆ، شـتـێکن لەو شتـانەی ناو گـەردوون، ئەم خامـەیە، بەم ڕەنگەو بەو قـەبارەیە، ئەو کـتێبەش بەو ڕەنگە و بەو چەشنە، ئەوەی ئەو قـەبارە و ڕەنگەی بۆ ئەو دوو شتە داناوە هەروا بەگۆترە نەبووە، پێشەکی لە بیرو هزری خۆیدا دیمەن و ڕەنگ و قـەبارەی لە بینای خـۆیا بۆ داناون، ئەوجا هاتووە بەو جـۆرە هێناونی ئاراوە... واتە ئەم دیمەن و قەبارەو ڕەنگ و ڕوخسارەیان دامەزراندنی ئەو دیمەن و قەبارەو ڕەنگ و ڕوخسارەیە کە پێشـەکی لە بیروهزردا نەخشە کێشرابوون، ئەوجا کەرەسەکان - کە گەوهەری شتەکانە - ئامادە دەکرێن و دەخرێنە بەر دەست بۆ هێنانەدی هەبوونی ئەو شتانە، ئەمەش ئەمە دەگەیەنێ کە «هەمیشـە هەبوون پێش گەوهەر دەکەوێت» (٢)

ئیگزاستینیشلیزمەکان کە باسی هەبوونیزم دەکەن، هەبوونی مرۆڤ دەکەنە دەستەبەرەو دەیخەنە پێش هەمـوو هەبوونێکی ترەوە بەتایبەتی سارتەر ١٩٠٥- ١٩٨٠ جیـاوازی دەخاتە نێوان هەبوونی مرۆڤ و نامرۆڤەوە ئەو پێی وایە هەبوون لەهەمـوو شتێک دا پێش گەوهەری شتـەکە دەکەوێ کەچی لە مرۆڤدا گەوهەر پێش هەبوونی دەکەوێ(٣).

سـارتـەر پێی وایە هەبوونی مـرۆڤ بەکـاروکـردەی دەردەکـەوێت... چونکە کـارەکـانی یان هەر بزووتنەوەیەکی تری لە ویستی خودی تیبـەتی خۆیەوە دەردەچێ... واتە مرۆڤ لە هەڵ بژاردنی کارەکانیا سەربەستە، ئەو کارانە دەبنە پێزانی ڕاستـەقـینەی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مـرۆڤ کار بێ و کاریش شوێن ئەنگاوتنی ویستی سـەربەستـە... کارەکـانی مرۆڤ داوی لێ پرسینەوەن لە گەردنی دەئاڵێن واتە خۆی لێ پرسراوی کارەکانیەتی ئەمەش نابێ ئەوە بگەیەنێ کە مرۆڤ تەنیا لێپرسراوی خودی خۆی بێ بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ مرۆڤ خۆی بە لێپرسراوی هەموو مرۆڤ بزانێ... مرۆڤ بریتییە لەو کۆمەڵە کـارانەی کـە دەیکات... هەروەها سـارتەر دەڵێ: «دوو شت هەبوونی مـرۆڤ دروست دەکـەن: ژیـانی... کـردەوەکـانی... مـرۆڤ تەنیـا لەو دوو شـتـە پێک هاتووە... مـرۆڤ سـەربەسـتی کـارەکـانیـەتی جا ئەگـەر سـەربەست نەبێ کـەی (مرۆڤ)ە... سـەربەسـتی و مـرۆڤ دوو تـای یەک ترازوون ئەگـەر سـەربەسـتی ببێ بەمەبەستی سەرەکی هەموو چالاکـییەکـمان دەبێ سەربەستی مەردومی تریش مەبەسـتی سەرەکیـمان بێ(٤).

**ڕێبەرانی هەبوونیزم**

هەبوونیزمەکان دەربارەی دروست بوونی مرۆڤ و کاروکردەکانییەوە دەبن بە دوو بەشەوە:

I- ١- جبریل مارسیل ١٨٨٩-١٩٥٥ خەڵکی فەرەنسایە.

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٢

(٢) الوجودیة مذهب انساني... جان پول سارتر... منشورات دار مکتبة الحیاة بیروت ل٤١-٤٢.

(٣) اشهر المذاهب المسرحیة - دریني خشبة ل٢٩٧.

(٤) نزعات الفکر الاوروبي: عواد مجید الاعظمي ل٧٧.



٢- سورێن کیەرکیگارد لە (کوپنهاگنی)ی پایتەختی دانیمارک لە ١٨١٣/١/٥دا لە دایک بووە لە ١٨٣٠دا مردووە- گۆڤاری ئاڤێستا ژمارە ٥ ل٣٢.

٣- کارل یاسپرز ١٨٨٣-١٩٦٩

ئەمانە باوەڕیان بە یەزدانی مەزن هەیە و پێیان وایە مرۆڤ ئافەریدەی خوایە و بەڵام کاروکردەکانی مرۆڤ کردەی خوێتی و خۆی لێیان پەرسیارە... ئەمانە بە هەبوونیزمی ئایندار دەدرێنە قەڵەم.

II ١- مارتین هەیدیجەر ١٨٨٩-١٩٧٦ Marrin Heisegger.

٢- ئۆنانا مۆنۆ.

٣- جان پول سارتەر ١٩٠٥- ١٩٨٠ فەرەنسییە.

٤- ئەلپیرت کامۆ ١٩١٣- ١٩٦٠ فەرەنسییە.

٥- سیمون دی بوفوار - فەرەنسییە.

٦- سامۆئیل بکیت ١٩٠٦-١٩٨٩ لە بنەرەتا ئیرلەندییە.

٧- ئارتۆر ئادامۆڤ ١٩٠٨- ١٩٧٠ ئەرمەنییە.

٨- یوجین یونسکۆ ١٩١٢-١٩٩٤ Eugene Jonesco(١).

ئەمانە نکولی لە بوونی خوای گەورە دەکەن، پێیان وایە کارو کردەی مرۆڤ دەستکردی خۆیەتی و خۆی بڕیاری لەسەر داون، لە پشت ئەوەوە هیچ هێزێکی نهێنی نییە شتی بەسەردا بسەپێنێ.

ئەمـانەی لەناو خـۆیاندا دەبن بە دوو بەشەوە: بەشی یەکـەمـیـان تا دوا هەناسـەیان لەسـەر هەبوونیـزم مـانەوەو زۆربەی بەرهەمـە فـەلسـەفی و ئەدەبی و هونەرییەکـانیـان بۆ سەرخسـتنی ڕێبـازەکەیان تەرخـان کردووە... سەرکردەی ئەمانە (جان پۆل سارتر)ە.

بەشەکەی تریان لە هەبوونیـزم هەندێ دوور کەوتنەوەو ڕێبـازی (بێ هودەیی - ئەبسێرد)یان گرتەبەر و هەموو بەرهەمەکانیان بۆ سەرخستنی ئەو ڕێبازە تەرخان کرد.

ئەبسێردەکان بۆ دامەزراندنی ڕێبازەکەیان پەنایان بردە بەر دراما و ڕۆمان و چیرۆک.

(ئەلپیـرت کامـۆ، سامـۆئیل پکیت، یوجین یۆنسکۆ، ئادامـۆڤ) ئەمانە ڕێبەری (بێ هوودەیی)ین... لەبواری دراما و ئەدەب دا پتر ناوبانگیان دەرکردووە تا لە بواری فەلسەفەدا...

پێویستە ئەوە بزانین: هەبوونیزم ڕێبازێکی فەلسەفییە زیاتر لەوەی کە ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری بێ بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمرۆ ئەدەب و هونەر بە هەمـوو جـۆرەکـانییـەوە، دراما بەتایبەتی بوونەتە گۆڕەپانی ڕاهێنانی بیـروڕای فـەلسـەفی، ئەوەی ئێمـە لێرەدا مـەبەسـتـمان بێ ئەو درامـایانەیە کـە دەبنە ئاوێنەی نواندنی بیرو هزرە فەلسەفییەکان، بۆیە بە پێویست زانرا کە بە کورتی باسی ڕێبازی هەبوونیزم بکەین.

* * *

جـان پۆل سـارتەر سـەرکـردەی هەبوونیـزمـە فـەرەنسـیـەکـانە، ئەم زانایە بۆ سـاغ کـردنەوەی بیـروڕا فەلسەفییەکانی پەنای بردووە بەر جیهـانی دراما، ڕاست و دروستی فەلسەفەکەی لە ناو ئەو جیهـانەدا تاقی کردووەتەوە، ئەوانەی کە لەسەر دراماکانی سارتەریان کۆڵیوەتەوە پێیان وایە ئەم زانایە بەتواناترین فـەیلەسوفـە کە بتوانێ بوراکانی خـۆی لە بۆتەی درامـادا بتوێنێـتـەوەو نایاب ترین درامای بە پێـزی لێ

(١) لە کاتی نووسینی ئەم باسەدا یونسکۆ نەمرد بوو.

بهۆنێتەوە، ئەو لە بارەی فەلسەفییەوە ڕای وایە: «مرۆڤ سەربەستە و پێویستە وابێ، چونکە لەو کاتەوە کە لەسەر ئەم جیهانەدا چاوی کراوەتەوە، تەنیا خۆی بەرپرسیاری هەموو کار و کردەیەکی بووە، نە کەس ئافەرینی لێکردووە نەکەسیش لۆمەی کردووە، کەواتە مرۆڤ ناچارە سەربەست بێ... ویژدان کە سەرچاوەی هەموو سۆو سۆزێکە دەسکردی (کار)ە کەواتە نابێ جڵەوی کار بدرێتە دەستی...»(١).

بۆ سەلماندنی ئەم تیورەی درامای (مێشولەکان - الذباب)ی داڕێشتووە... وا لە خوارەوە وەک نموونەیەک کورتەی ناوەرۆکەکەی دەخەینە پێش چاو:

دراماکە خۆی لە داستانی (ئیلیکترا)ەوە وەرگیراوە...(٢)

«ئۆریست دوای چەند ساڵێک لەشاربەدەری گەڕایەوە ناو شاری (ئاراگۆس) ئەو ڕۆژەی ئەو هاتەوە ناو شار خەڵکی خەریکی تۆبە تازەکردنەوە بوون لەو گوناحەی کە ساڵی بەر لە ئەمڕۆ ڕوویدابوو، ئەوە بوو دایکی ئۆریست کلیمینسترا لە تەک دڵدارەکەیدا (ئۆجست) ئاغا مەمنوونیان کوشت، ئەمڕۆ ساڵڕۆژی ئەو ڕووداوەیە، ئۆریست لە سەرەتادا هێمن و لەسەرخۆیە هەستی دوژمنداری لا نییە و نایەوێ تۆڵەی خۆی بکاتەوە، کەچی لە نێوان ئەلیکتراو دایکی و ئۆجست دا هەستی تۆڵە و دوژمنایەتی تێکەڵاو بەخوێنی دەمارەکانیان بووە... هەروەها لە نێوان ئۆریست و (جوبیتەر)دا(٣) ئەو هەستە ئاوێنەی دڵیانی تاریک کردووە.

لە دیمەنی دووەمی دراماکەدا... لەو کاتەدا کە خەڵک دەیانەوێ خۆیان لەو گوناحە بە تۆبە کردن پاک بکەنەوە... ئۆجست پاش قوربانی دان بەگیانی مردووەکان، گیانی مردووەکان بەردەدا بۆ ئەوەی هەر یەک سەری کەس و کاری خۆی بدا، ئەلیکترا ئەوەندە سەما دەکات تا (جوبیتەر) وڕس و هەراسان دەبێ.

لە دیمەنی دووەم دا: ئۆریست و ئەلیکترا بە یەکتری شاد دەبنەوەو نەخشەی پیلانی تۆڵە سەندن لە دایکی و ئۆجست دەکێشن، (جوبیتەر) دەچێتە لای ئۆجست و لەپیلانەکە ئاگاداری دەکاتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی ویژدانی لەژێر باری تاوانەکەدا چۆکی داوە ئەوەندە گوێ بە پیلانەکە نادات، ئەوەندە ژیانی لا تاڵ دەکات، مردن و ژیانی لا یەک دەبێ، لەمە (جوبیتەر) دێتە دەرەوە ئۆریست دایکی و ئۆجست دەکوژێ...

لە دیمەنی سێیەم دا: ئۆریست و ئەلیکترا لە ترس جەماوەر خۆیان دەخەنە ناو پەرستگای (ئەپۆلۆن)ەوە... (جوبیتەر) دەچێتە لایان و داوایان لێ دەکات ئەگەر پەشیمانی پیشان بدەن چقە و تەخت و تاراکەیان بۆ دەگێڕێتەوە؛ ئەلیکترا بە قسەی دەکات بەڵام ئۆریست بەگوێی ناکات و بە ئازایانە بەرامبەر بە جەماوەر ڕادەوەستێ و پێیان دەڵێ: «من لەوانە نیم کە خۆم بە ڕەویەی ئێوەوە ببەستمەوە، من داوای پاکژ بوونەوەم ناوێ، ئەوەی کردوومە لە ئەستۆی خۆم دایە... ئەو چقە و تەختەیش کە ئێوە بۆ منتان داناوە گەرەکم نییە...» ئیتر ئەو هەموو مێش و مەگەزانە کە ئەهریمەن لە دۆزەخەوە هێنابوونی هەموو پەروازە دەبن و دەڕۆن...»(٤)

ئا بەو جۆرە ئۆریست خۆی بە بەرپرسیاری کارەکانی خۆی زانی و پشتی لە (جوبیتەر) کرد کە خوای

(١) الوجودية مذهب انساني: جان پول سارتر: قدم له: الدكتور كمال الحاج - ل٥٨ - منشورات دار مكتبة الحياة - بيروت.

(٢) ئەلیکترا: درامایەکی (سۆفۆکلیس)ە... (یوریپیدیس)یش بە هەمان ناو ئەو داستانەی چارەسەر کردووە.

(٣) (جوبیتەر) لای ڕۆمانەکان گەورەی خواکانە... لای گریکەکان ناوی (زیوس)ە.

(٤) الاتجاهات المعاصرة: عبدالغفور نعمة - مطبعة حداد - بصرة ١٩٧١ ل٥٤-٥٥.



مێش و مەگەزە... ویستی ئارەزووەکانی خۆی بەسەر ئەودا تێپەڕێنێ، بەڵام ئەو ڕاپەڕی و ڕەویەو نەریتەکانی ئەوی ڕەت کردەوەو هاواری کرد: «ئەو سەربەستییەم لە بناغەوە هەڵتەکاند... وا نامەی خۆم گەیاند...» سەربەستی ئەوە نییە کە خەڵک لەسایەی داگیرکەردا باسی بکات... سەربەستی و ئازادی لێرەدا ئەوەیە کە لەناخی ویژدان دا هەستی پێ بکرێ...

## ١٢- درامای بێ هودە Absurd

(ئەبسێرد) زاراوەیەکی نوێیە و لە زمانی ئینگلیزی دا مانای ناماقوڵ (اللامعقول) دەبەخشێ.

بەڵام پاش جەنگی دووەمی جیهانی وەک زاراوەیەک بەباڵای ئەو درامایەدا بڕا کە لەسەر ڕێبیری فەلسەفی بێ هودەیی داڕێژرابێ...

بێ هودەییش بە ڕاڤەکردنی ئەو شتانە دەوترێ کە لەگەڵ هۆش و ژیری دا نەگونجێت و بێ مەبەست و، والا بێ و لەسەر یەک ڕوو ڕانەوەستێت... هەر شتێک کە تێڕوانینی خۆتی بۆ بهاوی یان باری سەرنجی خۆتی ئاڕاستە بکەی لەسەر یەک واتا خۆی ڕانەگرێ... بنەمای فەلسەفەی ئەبسێردیش ئەمەیە: لە داوێنی هەبوونی والاو پرت و بڵاودا مەبەستێکی تەخت و ڕەخت نارەخسێت... هەندێ جار زاراوەی (ناماقوڵ) و (بێ هودە) لەیەک دە ئاڵۆزین... بەڵام ئەوەندە هەیە (ناماقوڵ) لە بواری فەلسەفەو هزردا کەمتر بەکاردێ تا زاراوەی (بێ هودە) هەروەها بە پێچەوانەوە...

وشەی ئەبسێرد (بێ هودەیی) تا ئەلبیرت کامۆ نەهاتبووە ناو گۆڕەپانی ئەدەب و فەلسەفەوە مانای گەندەڵی دەبەخشی...

کە لە ساڵی (١٩٥١)دا (داستانی سیزیف)ی بڵاوکردەوە، مانایەکی تری بە باڵادا بڕی، ئیتر لەو کاتەوە بوو بە «ناو»ی ئەو ئەدەب و فەلسەفەیە کە لە ناو تەپ و تۆزی جەنگی جیهانی دووەم دا سەری هەڵهێناو، ڕێنموونی ئادەمیزادی بۆ ناو دەردی سەری و بێ نەوایی و کوێرەوەرییەکانی خۆی دەکرد، ئەو ئازار و سەرگەردانییەی کە لە ناو گەردەلوولی جەنگ و ماڵ وێرانی و بێ دەرەتانی دا خۆی مشت و ماڵ دابوو... وا ئێستاش دراما نووسەکانی ڕێبازی بێ هودەیی و، فەیلەسووفەکان هەموو توانایەکیان خستووەتە کار بۆ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕووناک تر و بەرین لەبەر دەم کاروانی بەرەو پێشەوە چوونی ژیانی ئادەمیزادا بکەنەوە بۆ ئەوەی سەر فرازتر و کامەران تر بێ...

ئەم هەوڵ و تێکۆشانە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (١٩١٨)کە دادیزمەکان خۆیان دامەزراند، دەیان وت: هەموو گێتی لەسەر بناغەیەکی ڕەخت دانەمەزراوە... هەروەها سوریالیەکانیش کە هاتن بیروڕای دادیزمەکانایان دووپات کردەوە...

هەبوونیزمەکانیش کە هاتن: پێیان وابوو بەهای (ڕەها) و مەبەستی دیاری کراو نین کەواتە مرۆڤ کە لەناو کاروانی ژیاندا ڕەوت دەکات نەهەوارگەیەکی دیاری کراوی هەیە نە دەشزانێ بۆ کوێ دەڕوا بەڵکو لەناو دەشتێکی بێ سەرو بن دا پەل دەکوتێ و سەرگەردانە کەس نییە بە هانایەوە بێ... دەنوزێنێ و دەنووڕێتەوە...

کەواتە ئەبسێردەکان هەوڵ دەدەن تین و گوڕێک بدەنە مرۆڤ وەسا ئەو هێز و توانایە کە هەیەتی بیخاتە کار بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بێ هودەیی ژیان ڕاوەستێ و چالاکی خۆی بنوێنێ و نەترسێ...

بۆیە درامای بێ هودەیی بە درامای «پێشڕەو» دەناسرێ، چونکە دراماکەیان ڕێنموونی خەڵک دەکات... لە پێشەوە جیهانی بێ هوودەو ژیانی بێ مانای مرۆڤ دەخاتە ڕوو؛ ئەوجا دێ لەو جیهانە

سامناکەدا پێشڕەوی دەکات و سامی دەشکێنێ... هەر پێشڕەوێک بیگری نوێ خوازییەکی تیایە، نوێ خوازی ئەو جۆرە درامایەش لەوەدایە ئەو ڕێیە کە تا ئێستا ڕەوی پیانەکراوە دەکاتەوە...[1]

نووسەرانی شانۆی (پێشڕەو) واتە ئەوانەی کە لەسەر ڕێبازی بێ هودەیین ئەم درامانووسانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- ئەلبیرت کامۆ ١٩١٣- ١٩٦٠.

٢- ساموئێل پکیت ١٩٠٦-١٩٨٩.

٣- یوین یونسکۆ ١٩١٢-١٩٩٤.

٤- ئارتۆر ئادامۆف ١٩٠٨- ١٩٧٠.

٥- چان چینێ .

ئەلبیرت کامۆ: لە ساڵی ١٩٥١دا لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکەی لەژێر ناوی (داستانی سێزیف)دا بڵاوکردەوەو تیایدا باسی ناماقوڵی گێتی تیا کردەوە هەر لەوێ دا بنکەی ناماقوڵییەتی ژیانی دامەزراند، هەر چەند ئەلپیرت کامۆ خۆی بە فەیلەسوف نەزانیوە بەڵام لە چاو خوێندەواران دا سەربوردەی سێزیف بووە بە ڕوانگەو پەندی فەلسەفەی ناماقوڵ.

لەو لێکۆڵینەوەدا لایەنە سەرەکییەکانی بێ هودەیی ژیان و گێتی ڕوون کردووەتەوە... پێی وایە هەست بە بێ هودەیی ئازارێکی گیانی ئەم سەردەمەیە و چۆکی لەسەر سنگی هەمووان دا، داوەو کەس نییە لێی بە دەربێ کەسیش نییە بیماری دەستی بێ هودەیی نەبێ[2].

بێ هودەیی نەخۆشییەکی هەمشەییە وەک نەفرەتەکەی سێزیف وەهایە.

ئەوە بوو سیزیف لە دژی خواکان دا ڕاوەستاو لە مردن یاخی بوو... (زیوس) کە گەورەی خواکان بوو ڕکی لێ هەڵسا و تووشی سزایەکی هەتا هەتایی کرد... سزاکەش وابوو: دەبوو سێزیف هەموو ڕۆژێک تاشە بەردێکی گەورە بخاتە سەر شانی و بیباتە سەر لوتکەی شاخێکی بڵند؛ کە نزیکی لوتکەکە دەبێتەوە بەردەکە لەسەر شانی بەر دەبێتەوەو بەرەو گەرووی شاخەکە خلۆر دەبێتەوە، ئەویش بە شوێنیا دەگەڕێتەوە، سەر لە نوێ دەیخاتەوە سەر شانی، بە نقەنق دەیەوێ بیگەیەنێتە سەر لووتکەکە بەڵام ئەم جارەش سەری ناخا وەک جاری پێشووی لێ دێتەوە، ئیتر هەتا هەتایە هەر خەریکی سەرخستنی ئەو تاشە بەردەیە و هەر سەریشی ناخات... ئا بەو جۆرە سزا دەچێژێ...

دیارە (زیوس)ی نەگریس زانیویەتی لەو سزایە سەخت و ناهەموارتر نییە، ئەم جۆرە سزادانە ئازار و کارەساتێکی ناهەموارە، ناهەمواربیەکەشی لەوە دایە کە جارو بار سێزیف هەست بە ئازارەکەی دەکات... خۆ ئەگەر لە هەموو هەنگاوێکیا هیوای سەرکەوتنی بوایە گەلێ ناهەموار تر دەبوو، کارەساتەکەی سەخت تر دەبوو، مرۆڤی ئەم سەردەمەش - یان هەموو مرۆڤ لەسەرەتای بوونییەوە تا ئێستا - وەک سێزیف بێ چارەیەو هەموو ڕەوت و ڕەفتارێکی بێ هودەییە بەڵام وەختی کە هەستی بە بێ هودەیی ژیان کرد ئەو کاتە دەزانێت بەتەڵەوە بووە ناشزانێ لەبەر چی؟!...

ئا لێرەدا لەم کاتەدا هەست کردن بە (بێ هودەیی) هەموو کارو کردەو هەڵپەی ژیان وەک عەزیایەک قووت دەدا...

(١)٥ مسرحيات طليعية - مسرحيات عالمية - تاليف: يوجين يونسكو - ترجمة: شفيق مكار - ل١٣-١٤.

(٢) اللامعقول تاليف: ارنولد پ هنچلن - ترجمة: د.عبدالواحد لؤلؤه - ل٤٦-٤٧.



ئەم هەست کردنە جاری وا هەیە ڕۆمانێکی لە پێناودا بۆ دادەنرێ، وەک ڕۆمانەکانی (دیستۆفسکی) و (کافکا)... جاری واش هەیە لە قاڵبی درامادا دەردەبڕدرێ وەک دراماکانی ساموئیل پیکیت و یوجین و یونسکۆ و ئەلپیرت کامۆ...

ئەلبیرت کامۆ کە ڕێبەری (بێ هودەییەکان)ە، مانای بۆ هودەیی لای ئەو یەکاو یەک وەک مانای بێ هودەیی ئەوانی تر نییە... بۆ نموونە یونسکۆ سەبارەت بەبێ هودەیی دەڵێ: «ژیان بە تێکڕایی جیهانێکی سامناک و ترسێنەرە لەگەڵ ئەوەشدا نابێ مرۆڤ لێی بسڵەمێتەوە لە بێ یژادا گەیشتووەتە ڕاددەیەک کە وەک بازاڕی گاڵتە و گەپ بێتە بەرچاوی مرۆڤ».

هەروەها ساموئیل پکیت - هەر چەند ڕەش بینێکی نا ئومێدە - ژیانی پێ شتێکی پووچەڵ و گەندەڵە[1].

هەست کردن بە گەندەڵی و بێ مانایی ژیان لەم جیهانەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەر یەکێک لەم سەرچاوانەی خوارەوە:

١- میکانیزمیەتی ژیانی ڕۆژانە وا لە مرۆڤ دەکات کە ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە سامناکە ڕاوەستێتەوە... مەبەست لە بوون دا چییە؟... هەر ئەم پرسیارە پەلی مرۆڤ دەگرێ و تووڕی دەداتە ناو کەنداوی بێ هودەییەوە.

٢- تیژ ڕەوی کات و هەست کردن بەوەی کە هەموو شتێ لەبەر زەبری کاتدا دەسوێت و دەچەوسێتەوە.

٣- هەست کردن بە نامۆیی، واتە لە ناو جیهانێکی نا ئاشنادا وێڵ و سەرگەردانە و هیچ درەتانێکی نییە، بێ پشت و پەناو بێ نەوایە جیهانێکە چەند پێناسەو ڕاڤەی دراوەتێ ئەوەندەو پتریش خۆی پەنهان داوەو ماناکەی پەردەی نهێنی ئەستوورتری بە ڕوومەتی خۆیا داوە... مرۆڤ کە خۆ بە نامۆ و ئاوارە لەم جیهانەدا دۆزییەوە ئەو کات هۆشی بە خۆیا دێتەوە... ئەم خۆ دۆزینەوە ئەم بە ئاگا هاتنەوە دەبێتە هۆی خیوراندنەوە - بووراندنەوەو هێلنج دان - نامۆیی و نائاشنایی هەموو شتێکی بابەتی دادەپۆشێ و ئیتر مرۆڤ تاک و تروک دەمێنێتەوەو سەرگەردان دەبێ...

ئەمە کورتەیەک بوو لەمەڕ بیروڕای (بێ هودەکان)ەوە... بۆ زێدە زانیاری با باسی هەندێ لە پێشڕەوەکانیان بکەین...

### ١- ئەلبیرت کامۆ Albert Camus

ئەلبیرت کامۆ لە ساڵی ١٩١٣دا لە جەزائیر لەدایک بووە، هەر لە تەمەنی هەرزەکاری دا حەزی لە شانۆ و خوێندنەوەی فەلسەفە کردووە، لە ساڵ ١٩٤٢-١٩٤٣دا ئەم دوو بەرهەمەی (الغريب - نامۆ) و (داستانی سیزیف)ی بڵاوکردەوەو ئەستێرەی ئەلبیرت کامۆیان لە گۆڕەپانی ئەدەب و فەلسەفەدا درۆشانەوە، پاش ئەو دوو بەرهەمەی دوو بەرهەمی تری نایابی کرد بە پاڵپشتی ئەوان، ئەوانەش: درامای (بێ ئاوەزو - سوء التفاهم) و (کالیگۆلا) بوون، هەردووکیان لە ساڵەکانی ١٩٤٤-١٩٤٥دا بڵاوبوونەوە...

لەو ساوە ئەلبێرت کامۆ لە جیهانی دراماو فەلسەفەدا بەدراماناس و دانا درایە قەڵەم... بەڵام ئەوەندە هەیە لە بواری درامادا ناوبانگی زۆرترە تا لە بواری فەلسەفە و زانست دا، جگە لەو بەرهەمانە چەندان بەرهەمی تریشی هەیە کە لێرەدا پێویست ناکات هەموویان ناوببەین...

(١) ٥ مسرحيات طليعية - تاليف: يوجين يونسكۆ - ترجمة: شفيق مكار.

هەروەکو لە پێشەوە زانرا: دەرگای فەلسەفەی ناماقوڵییەت لە ئەدەب و دراما‌دا ئەو خستییە سەر گازی پشت...

پێی وابوو: جیهان، گێتی، مرۆڤ، هەموو زیندەوەرێک لەناو گێژاوی ناماقوڵییەت دا دەسوورێنەوە، مەبەست لەناماقوڵییەتی جیهان و مرۆڤ، بێ مانایی ئەو پەیوەندییانەیە کە لە نێوانیاندا پەیدا دەبێ... (ناماقوڵیەت لە بنەڕەتا، ناپێویستییە... ئەو شتانە کە بەراورد دەکرێن و بەرامبەر بەیەکتری ڕادەگیرێن لە خودی خۆیاندا ناماقوڵییەتیان نییە بەڵکو ناماقوڵییەت لە بەراوردکردنەکەدایە...[1]

لە داستانی سیزیف دا سەبارەت بە ناماقولییەت دەدوێ و ڕوێکی تایبەتی ناماقوڵییەتمان لە بێ مانایی و پووچەڵی ژیاندا بۆ ڕوون دەکاتەوەو دەڵێ: «ژیان: ڕابوونی بەیانیانە، سوار بوونی ترامە، چوار سات لە کتێبخانە و کارگەدا، ژەمی خواردنە، چوار سات کارکردنە، ژەمێک خواردنە، نووستنە، ڕۆژی دوو شەممەیە، سێ شەممەیە، چوار شەممەیە، پێنج شەممەیە، هەینییە، شەممەیە، یەک شەممەیە... هەموو ڕۆژێ ئەمە تیلمەی ژیانە وەنەبێ بە ئاسانیش ئەم شتانە بێنە دی...»

ئەلبیرت کامۆ لە مەیدانی دراما‌دا بە درامای (کالیگۆلا) و (بێ ئاوەزو - سوء التفاهم) بە ناوبانگە.

**٢- سامۆئیل بکیت ١٩٠٦-١٩٨٩** - Samuel Becett

سامۆئیل بکیت لە ساڵی ١٩٠٦دا لە ئیرلەندە لە دایک بووە، بەڵام لە تافی لاوێتییەوە تا مردنی لە فەرەنسا ژیاوە هەر لەوێ بەتایبەتی لە ساڵی **١٩٣٧**ـەوە وەک نووسەرێک ناسراوە...

لە ساڵی **١٩٥٣**دا درامای (لەچاوەڕوانی گۆدۆ) دای بڵاوکردووەتەوە، بەو درامایە ناوی لە هەموو جیهاندا بڵاوبووەتەوە...

پاش (لە چاوەڕوانی گۆدۆ) گەلێ درامای تری بە بەرهەم هێناون، کە ئەمانەن: «کۆتایی گەمە، هەمو گلاوەکان، وەرزێک بەبێ دەنگ، ڕۆژانی بەختەوەری، چلۆسکەکان...» هی تریش...

سامۆئیل پکیت یەکێکە لەو دراما نووسانە کە باوەڕیان بە بێ هودەیی و ناماقوڵیەتی ژیان هەیە... پێی وایە هەر شتێ تۆ بیگری هیچ مانایەکی تیا نییە چونکە هۆی هیچ شتێ نییە تا مانای هەبێ، لەبەر ئەوە دراماکانی پکیت چارەسەری گەندەڵی و پووچەڵی گێتی و هەبوونی ئادەمیزادن، ژیانیش هەمووی بۆشایی و ناهەمواری و بێ هودەییە...

کەواتە ژیان و هەموو بۆشایی ناهەمواری و بێ هودەییە... کەواتە ژیان و هەمووی وازی و خۆ هەڵخەڵەتاندن و خۆ گێل کردنە... هەموو بەهاو نەریتێکیش گەمە بەخۆکردن و خۆ دزینەوەو درۆکردنە لەگەڵ خۆدا... ئەم مانایە هەموو ناوەرۆکی دراماکانی پکیتی کرمۆل کردووە...[2]

١- (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا) درامایەکی تراژیدییە و هەمووی بە سەر یەکەوە لاقرتی کردنە بە ژیان و بیروڕاکانی ئادەمیزاد و پووچەڵ کردنەوەی ئەو بەهاو نەریتانەیە کە لە گەردنی ئاڵاون...

دراماکە لەدوو بەش پێک هاتوو... لە بەشی یەکەمدا؛ دوو زەلام: (ئیستراگۆن) و (فلادیمیر) لە ئێوارە وەختەیەک دا لە چەقی دووڕیانی هات و نەهات دا لە بن دارێکی زڕدا دانیشتوون، تۆز و گەردەلوول دووڕیانەکەی داپۆشیوە، بە دڵ و دەروونێکی کرمۆڵ و ناتەسەرەوە چاوەڕوانی (گۆدۆ) دەکەن... بەڵام گۆدۆ دیار نییە و ئەمانیش بە تەواوی ورە بەر دەدەن و هیوای بێ هودە پەیکەری گیانیان کرمۆڵ دەکات و

(١) سوء التفاهم - تالیف: ئەلبیرت کامو: ترجمة: د. سامیة احمد اسعد - ل١٥.

(٢) دراسات في المسرح المعاصر: یوسف عبدالمسیح ثروت - ل١٠١.



دەروونیان دەکرۆژێ و چەند جارێک پەنا دەبەنە بەر خۆ خنکاندن، لە کۆتاییشدا کە دەسەتەڵاتیان بەسەر خۆ خنکاندنیشدا نامێنێ هەڵدێن و ئەو ناوە بەجێ ئەهێڵن...[1]

(فلادیمیر) پەنا دەباتە بەر خەیاڵە خاوەکانی و وا دەزانێ گۆدۆ هات... لە خۆشیا خەنی دەبێ و هاوار دەکات... ئەوەتا گۆدۆیە... خۆیەتی وا هات... گۆگۆ... نەموت ڕزگار دەبین... بەرچاوی خۆ ڕوون دەکاتەوەو ئیستراگۆن لادەدا و بەرەو ئاسۆ دەڕوانێ و ورد دەبێتەوە جگە لە بۆشاییێکی بەتاڵ و حەتاڵ هیچێکی تری بەرچاو ناکەوێت، ئەوەندەی تر ناتەسەر و داماو و بێزار دەبێ و بەسەرخۆیدا دەشکێتەوە...

(ئێستراگۆن)یش وەک ئەو دێتە پێشەوە... ئەویش وا هەست دەکات وا کۆمەڵە کەسانێک بەرێوەن هاتن ڕزگاریان بکەن...

بەڵام کوان؟ لە بەردەم خەیاڵ و ئەجیادا دەپووکێتەوە، پتر هەراسانی چۆکی پێ دەدا... نەوازش بۆ (فلادیمیر) دەکاو دەڵی: (هۆشم لای خۆم نەماوە... پێم بڵێ چی بکەین؟...) ئەویش وەرامی دەداتەوە: (کار لە کار ترازاوە)... ئەوان پەیمانی خۆیان بەجێ گەیاند: چاوەڕوانی گۆدۆیان کرد... بەڵام گۆدۆ هەر نەهات، هەر ناشیەت... کەواتە چاک وایە بڕۆن، واز بێنن، لەم کاتەدا لەپڕ (بۆزۆ) دەردەکەوێت... (فلادیمیر) و (ئیستراگۆن) ڕادەپەڕن... ئەرێ وەڵڵا گۆدۆ هات... بەڵام ئەمە گۆدۆ نییە، ئەمە (گۆزۆ)یە...

«بۆزۆ: (لەدەرەوەی شانۆ) بۆ پێشەوە (قامچییەک ئەوەشێنێ... بۆزو دەرئەکەوێ...)

فلادیمیر: وازم لێ بێنە...

ئیستراگۆن: لە شوێنی خۆت مەجولێ...

بۆزۆ: ئاگادار بە زۆر دڕە (فلادیمیر و ئیستراگۆن بەلای بۆزۆدا، بەسەرسامییەوە لائەکەنەوە)...

ئیستراگۆن: (بەدەنگێکی نزم) ئەوە خۆیەتی...

فلادیمیر: کێ؟

ئیستراگۆن: (هەوڵ ئەدا ناوەکەی بێتەوە یاد) مەبەستم...

فلادیمیر: گۆدۆ...

ئیستراگۆن: بەڵێ.

بۆزۆ: خۆمتان پێ ئەناسێنم... بۆزۆ...

فلادیمیر: (ڕوو ئەکاتە ئیستراگۆن) ئەو نییە...

ئیستراگۆن: (بەشەرمێکەوە، ڕوو ئەکاتە بۆزۆ) تۆ گۆدۆ نیت گەورەم؟

بۆزۆ: (بەدەنگێکی ڕەق) من بۆزۆم (بێ دەنگی) وا ناگەیەنێ ئەم ناوە بەلای تۆوە هیچ بێ؟ (بێ دەنگی) ئەڵێم وا ناگەیەنێ ئەم ناوە بەلای تۆوە شتێک بێت؟

(فلادیمیر و ئیستراگۆن؛ سەیری یەکتری ئەکەن وەک بیانەوێ پرسیار لەیەک بکەن؟)

ئیستراگۆن: (وەک دۆزیبێتییەوە) بۆزۆ... بۆزۆ...

فلادیمیر: (هەر وەکو ئەو) بۆزۆ... بۆزۆ... بۆزۆ... ب ب ...ۆ... زز ڕۆ...

ئیستراگۆن: ئاه... بۆزۆ... بابیری لێ بکەمەوە... بۆزۆ...

فلادیمیر: ئەوە بۆزۆیە یان گۆزۆیە...؟![2]

(١) لە چاوەڕوانی گۆدۆدا... وەرگێڕ: احمد محمد ئابڵاخی - ل٧.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٣٣-٣٤.

هەروەها چاوەڕوانی بەردەوامە، فلادیمیر و ئیستراگۆن، چاویان کلانەکرد هەر چاوەڕوانن، بەڵام لە جیاتی گۆدۆ خۆی بێ منداڵێکی ناردووە ناوی (بۆزۆ)یەو پیاوێکی بەندکراوی بە دوای خۆیا ڕادەکێشێ و بارێکی قورسیشی پێ هەڵگرتووە... بۆزۆ نوێنەری گۆدۆیە، نوازشیان دەکات کە گۆدۆ نایە...

لەبەشی دووەم دا: گۆڕانێکی ئەوتۆ بەسەر کات و شوێنەکەدا نەهاتووە، هەمان شوێنە، دارێکی زڕ دوو سێ پەلکی زەردی پێوەیە... (بۆزۆ)ش کوێر بووەو کەوتۆتە ژێر دەستی بەندەکەیەوە، داوای یارمەتیان لێ دەکات، نەژادی کات لەلای ئەو مەحف بووەتەوە... لە کۆتایی دا منداڵێکی تر دێ و هەواڵ دەدا کە گۆدۆ نایەت و لەوێدا دراماکە تەواو دەبێ...

٢- (کۆتایی گەمە) پاڵەوانی دراماکە ئەمانەن:

١- (هام) کوێرە ٢- (ناگ) ٣- (نیل):

ناگ و نیل دایک و باوکی (هام)ن، هەردووکیانی لەناو سەبەتەی پوخڵەواتا حەپس کردوون... لەناو هۆدەیەکی تەنگ و تاردان... دوا گەمەی خۆیان دەکەن... (هام) پیاوێکی کوێرەو لەسەر کورسییەکی ڕەوڕەوەدار دەجووڵێ، ئیفلیجەو ناتوانێ لەسەر پێ ڕاوەستێ (کلۆڤ)یش بەندە و خزمەتکاری (هام)ە، لەناو هەمان هۆدەدا دایک و باوکی لەناو سەبەتەی خەوش و خاردان، هەردووکیان بێ لاقن... ئەمانە پێیان وایە لە ئەنجامی کارەساتێکی گەورەدا کە قەوماوە کەس نەماوە تەنیا خۆیان نەبێ...

(کلۆڤ) حەز لە چارەی (هام) ناکات، ناچارە بۆیە خزمەتی دەکات، خۆ ئەگەر دەستەڵاتی بەسەر خۆیا بشکایە وازی لێ دەهێنا بۆ ئەوەی لەناو ئەو سەبەتەدا بمرێ... بەڵام وا خۆیشی لە مردن نزیک بووەتەوە، هەموو جۆرە خۆراکێکیان لێ بڕاوە کەواتە چ وازی لێ بێنێ و چ وازی لێ نەهێنێ هەردووکیان وەک یەک وەهانەو مردن لەسەر سەریان ڕاوەستاوە(١).

ناوەڕۆکی ئەم درامایە دووبارە بوونەوەی هەما ناوەڕۆکی درامای (لەچاوەڕوانی گۆدۆدا)یە... سەیرکە (هام) توانای هەڵسانی نییە، (کلۆڤ)یش توانای دانیشتنی نییە، دایک و باوکی (هام)یش لەناو تەنەکەی زبڵ و زاردان، هۆدەکە تەنگ و تاریکە، قوفڵ دراوە، وا هەست دەکەن کەس لە دەرەوەی ئەو هۆدەدا نەماوە، ئەوەی مابێ هەر خۆیانن وا ئەوانیش لە دوا هەناسەیان دان... هام دەیەوێ دەیەوێ قسە بکات بەڵام هەمان قسەی پێشوو خاو دەکاتەوە: (کام کلۆڵی لەم کلۆڵییەی منە سەختترە؟... بێ گومان پێشینانیش ئازاری هەمان کلۆڵیان چەشتووە...».

چاوەڕوانی کۆتایی هاتنی ئازارەکانیانن... پرتە پرت دەکات و هەمان قسە دووبارە دەکاتەوە، ئەو پرسیارانەی کە دێنە پێشەوە هەر پرسیارە کۆنەکانن وەرامەکانیش هەمان وەرامن ژیان هەمان ژیانە، بابەتێکی ڕەق و تەقە نەگۆڕدراوەو ناش گۆڕدرێ...(٢)

بەم جۆرە بکیت پاڵەوانی دراماکەی و خوێنەر و بینەر و هەموو کەس بەرەو خەرەند و هەڵدێرێکی بێ بن ڕادەکێشێ، لەوێ بەرەو ئەو هەڵدێرە، دنیا تاریک و ئەنگوستەچاوە، نەڕووناکی، نە تریفە، نە بروسکە، نە ڕۆژ، نە مانگ، نە جووڵە، نەدەنگ تەنیا تاریکییەوە بەسەرتاریکی دا کەوتووەو مرۆڤیش لەناو ئەو تاریکەستانەدا وەک گوێرەکەیەکی وێڵ بوو دەبۆڕێنێ و کەس بەهانایەوە نایە...(٣)

(١) اللامعقول... موسوعه المصطلح النقدی ... ترجمه: عبدالواحد لؤلؤة ل٨٢.

(٢) دراسات فی المسرح المعاصر... یوسف عبدالمسیح ثروت ل١١٠.

(٢) الطریق والحدود... یوسف عبدالمسیح ثروت ل١٩٨-٢٠٠.



### ٣- یوجین یونسکۆ:

ئەم درامانووسە لەساڵی (١٩١٢)دا لە ڕۆمانیا هاتووەتە دنیاوە، دایکی لە ڕەسەندا فەرەنسییە و باوکی ڕۆمانی، هەر بە منداڵی لە فەرەنسا ئاوەزووی کراوەتەوەو خۆی ناسیوە، لەوێش پەروەردە بووە...

لە ساڵی (١٩٤٩)دا درامای (ئافرەتە سترانبێژە کەچەڵەکە) و (وانەکە) و (کورسییەکان)ی داناوەو خۆی لەو مەدیانەدا تاقیکردووەتەوە، بەڵام کە خراونەتە سەر شانۆ هەرسێکیان سەرکەوتنێکی ئەوتۆیان وەدەست نەهێناوەو جەماوەری شانۆ بە ساردییەوە پێشوازی لێ کردوون، کەچی ئەو ساردییە کاری نەکردووەتە سەر زاتی یوجین یونسکۆ.. کە (چان ئانۆی)ی نووسەر وتارێکی دەربارەی یوجین بڵاوکردەوەو بە خەڵکی ناسان، ئیتر لەو کاتەوە جەماوەری شانۆ و ئارەزوومەندانی دراما ڕوویان کردە خوێندنەوەی دراماکانی... کە درامای (ئامیدیا)یش بڵاوبووەوە، خەڵک بە تاسەوە پێشوازیان لێ کرد، ئیتر لەو کاتەوە یوجین یونسکۆ وەک درامانووسێکی سەرکەوتوو ناسراو، بە یەکێک لە ڕابەرانی(شانۆی پێشڕەو) ناوبانگی دەرکرد(١).

یوجین یونسکو یەکێکە لەوانەی کە باوەڕێکی بەتینی بە ڕێڕەوی (بێ هودەیی - ئەبسێرد) هەیە، دراماکانی بۆ ساغ کردنەوەی ڕەویەی ئەو ڕێبیرە تەرخان کردووە، بۆیە کە مرۆڤ دراماکانی دەخوێنێتەوە هەست بەوە دەکات کە هەموو تانە و تێزن ئاڕاستەی هەڵپەی ژیانی ئادەمیزادیان دەکات... وا لەخوارەوە کورتەی بابەتی چەند درامایەکی دەخەینە ڕوو...

١- ئافرەتە سترانبێژە کەچەڵەکە: ئەم درامایە باسی دوو خێزانی وردە بۆرژوا دەکات... ئەم دوو خێزانە لە هەموو پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی واقیعی دابڕاون و لەناو بۆتەی خودی خۆیاندا تواونەتەوەو چوونەتە ناو پێستی چۆلەکەوە لەناو ئەو پێستەدا تاساون و گومڕاش بوون.

لەسەرەتای دراماکەدا ژن و مێردێک بەدی دەکەین لە تەنیشت یەکەوەن کەچی گەلێ لەیەک دوورن هەر یەک لەناو زیندانی تەنگ و تاریکی خۆیدا دەتلێتەوەو ئاگاداری ئەوی تر نییە... کە گفتوگۆش دەکەن وەک یەکتری نەناسن وایە، ژیانی ڕۆژانەیان یەک تیلمەیە و وەک مەکۆکی بەتاڵ و حەتاڵ وایە، لەهات و چوو دایە و خۆی ماندوو دەکات کەچی بێ دەسمایە و بێ بەرهەم و سوودە.

ژن و مێردەکە لەناو هۆدەیەکی تاریکی چوار گۆشەدان، هەر خەریکی گەڕەڵاوژێن، یان وەک پەنجەی تەزبیح ژمارێک وەهانە، لەم سەرەوە بۆ ئەو سەر، لەو سەرەوە بۆ ئەم سەر... لەوەش دڵنیا نین کە ئایا یەکتری دەناسن؟...

خێزانێکی تر دێتە لایان و تێکەڵاو بە قسە کردنەکەیان دەبن، ئەوانیش تووشی گەڕەڵاوژە دەبن و بەهەمان چەشن گرفتاری دەردی ئەوان دەبن... ئەوەی کە پێی دەوترێ ڕەوانبێژی بریتییە لە قسەی ڕۆژانەی بێ تام و پڕو پووچ و بێ زەلەت... بۆیە مەسەلەی بێ هودەیی ژیان لە زمانیش دا ڕەنگی خۆی داوەتەوە... «لەوانەیە خەڵک پێی وابێ ژیانی مرۆڤ بەتێکڕایی زنجیرەیەکی یەکگرتووەو بێ هون نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی هۆیەکی یەکگرتووی هاوبەشی وا نییە کە مرۆڤ لە یەک ئاستا مانای پێ دەربڕێ ئیتر تووشی بێ هودەیی دەکات(٢).

نەک هەر ئەوە، ئەگەر هەموو ئادەمیزاد پێی وابێ ژیان مانادارە و زنجیرەیەکی نەپساوی پەیوەستە و دوورە لە بێ هودەیی، هێشتا یوجین یونسکۆ لای وایە ژیان بێ هودەیە و هیچ مانایەک نابەخشێ و

(١) الجوع والعطش - تالیف: اوچین یونسکو... ترجمة: دکتورة سامیة اسعد... ل٥.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٩٨-١٩٩.

شایەنی ئەوە نییە بەردەوام بێ و ڕێ تەی بکات... چونکە مرۆڤ ئەو خودییەیە کە لەناو پێستەکەی خۆی دا بەندە، ئەمەش بەر ئەنجام نەبوونی ئەو هۆیەیە کە بە یەکیانەوە نابەستێت، کەواتە کە خەڵک قسە دەکەن هەر کەس گوێز لە گیرفانی خوی دا دەژمێرێ... بۆیە یوجین یونسکۆ لەسەرەتای شانۆگەرییەکەوە لە پەناوە هێرش دەباتە سەر زمان و وشەکانی دووپات دەکاتەوە، چونکە لە هەر جارێک دا مانایەکی تر دەبەخشێ...

ئەوەی دراماکە دەیگەیەنێ ئەوەیە: مرۆڤ با لەیەکتری بەرەواڵەت نزیک بن کەچی لە ڕاستی دا لە یەکتری دوورن کەس بە ڕاستی کەسی تر ناناسێ... ئەوەی کە پێی بوترێ ناسین تەنیا ئەو وەهمەیە کە تارمایی یەکتری تیا بەدی دەکەین...

٢- (ئامیدیا)؛ کورتەی دراماکە: ژن و مێردێکی سەر بە چینی بورژوان، ماوەی پانزە ساڵە لە ماڵ نەچوونەتە دەرەوە، لە هۆدەیەکی تاریکدان، ژنە دانیشتووەو بە تەلەفۆن قسەی حەلەق و پەلەق و وڕێنەدار دەکات، مێردەکەشی دوو ساڵی ڕەبەقە خەریکی نووسینی درامایەکەو دوو دێڕ زیاتری لێ نەنووسیووە، لە هەمان ژووردا تەرمی مردووێک ڕاکێشراوە... تەرمەکە لە ئاوساندایە، تا وای لێ دێ هەموو هۆدەکە پڕ لە بۆگەنی دەکات و جێ بە ژن و پیاوەکە لەق دەکات، هەناسە دەتاسێنێ جگە لەوەش تا دێ بۆگەن تر دەبێ بە کارێکی وەها بۆنەکەی ئیتر ئەو هۆدەیە بە کەڵکی ژیان نامێنێ، ئەوەی بیەوێ خۆی لەو دەوروبەرە تەنگ و تارو بۆگەناوییە ڕزگار بکات دەبێ وەک (ئامیدیا) بەرەو ئاسمان بفڕێ و بڕوا[١].

لێکۆڵەرەوان پێیان وایە، ئەم درامایە لە هەموو دراماکانی تری یوجین یونسکۆ بە توێکڵ تر و پڕ مانایە... سەنگی مەحەک لەم درامایەدا تەرمی مردووەکەیە، دیارە ئەم تەرمە هێمایە بۆ مردن کە تەکی بە هەموو زیندەوەرێک هەڵچنیوەو هەمیشە چۆکی لەسەر سنگی هەموو مرۆڤێ داداوە... ڕەنگە هێماش بێ بۆ ئەو گوناهانەی کە مرۆڤ وا هەست دەکات بە کۆڵیدا دراون، یان هێمایە بۆ هەردووکیان[٢].

٣- کورسییەکان: پاڵوانی دراماکە ژن و مێردێکن، لە دوورگەیەک دا دەژین... داوەتی خەڵک دەکەن بۆ ئەوەی ئەو نهێنییەی کە بە درێژایی تەمەنی (٩٥) ساڵەی ژیانیان بەدەستیان هێنابوو بە خەڵکی ڕابگەیەنن... ئەم پیاوە پیرە نەخشەیەکی داناوە بۆ ڕزگاربوونی جیهان بەڵام ئەوەندە هەیە بە زمانی خۆی توانای ئەوەی نییە نەخشەکەی بە خەڵکەکە ڕابگەیەنێ... نەخشەکە فێربوونی دەوێ، لەبەر ئەوە پیاوێکی قسە زان و بەدو (خطیب) بە کرێ دەگرێ کە ئەو نەخشەیە، بە خەڵکەکە ڕابگەیەنێ... ئیتر هەر خەڵکە و دێ و شانۆ پڕ دەبێ بەڵام هەر کورسی ڕیزکراو دیارن - دیارە جەماوەرەکە وەهمییە - پیاوە پیرەکە دێتە پێشەوەو پێشوازی خەڵکەکە دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێ کە لە جیاتی خۆی پیاوێکی دەمەوەر ئێستا دێ و نهێنی نەخشەکەیان پێ دەڵێ... ئەمە دەڵێ و لەتەک ژنەکەیدا لە پەنجەرەوە خۆیان فڕێ دەدەنە خوارەوەو خۆیان، دەکوژن، هەر لەم کاتەدا دەمەوەر دێتە پێشەوە، زمان لە دەمیا نییە، کەڕ و لاڵە، ناتوانێ یەک وشە بدرکێنێ... مەبەستی یونسکۆ لەم درامایە دیارە... ئەویش نەبوونی هۆی لە یەکتر تێگەیشتن و کەم و کورتی زمان و پەک کەوتەییەتی...[٣]

هەروەها دەیەوێ بە تێزەوە پێمان بڵێ: زۆر کەس پێی وایە خاوەن نامەیەکە و دەیەوێ بە خەڵکی

(١) مسرح الطليعة - المسرح التجريبي في فرنسا: تاليف: ليونارد كابل يرونكو... ترجمة: يوسف اسكندر... ل١٥٧.

(٢) الجوع والعطش ل٢٠٤-٢٠٥. هەروەها تەماشای (مسرحيات طليعة - تاليف: بوجين يونسكو: ترجمة: شفيق مكار ل٢٧) بکە.

(٣١ الاتجاهات المعاصرة في المسرح: عبدالغفور نعمة ل ٨٤-٨٥ مطبعة حداد - بصرة.



بگەیەنێ لە کاتێکدا هیچ نازانن، ئەوانەش کە فێریان دەکەن کەڕو کوێرن...

٤- برسیەتی و توێنیەتی: ئەم درامایە لە ساڵی (١٩٦٥)دا بڵاوبووەتەوە... لەسێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە، هەر سێ بەشەکە زنجیرە خەونێکن... واتە لە سێ خەون پێک هاتوون...

خەونی یەکەم: (جان) پاڵەوانی سەرەکی ئەم خەونەیە... ماوەیەکە ماڵ و ژنەکەی بەجێ هێشتووە؛ وا گەڕایەوە بۆ ناو کۆنە خانەی خۆی، ژنەکەی بەتاسەوە چاوەڕوانی دەکات... ئەم ژنەی گەلێ بەو خانووەی کە وەک کولانەی مریشک وایە دڵشادە، (جان) لەناو ئەو خانووەدا هەست بە دڵتەنگی و بێ ئارامی و دڵگوشین دەکات، وا شتەکانی ناو ماڵ هەموو کۆن و ڕزیون و جاڵجاڵۆکە بەتەناف پێکییەوە بەستوون، هەموو شتێ تیایا پووکاوەتەوە تارمایی پوورە پیرەکەی کەناوی (ئادیلایید)ە لەناویا تەڕاتێن دەکات... ئەو تارماییە برینە کۆنەکانی جان دێنێتەوە سوو، بەتایبەتی برینەکەی ناوچاوانی کە دەسکردی ئەو بوو... ئەو سووبوونەوە چاڵی لە قوڵایی دەروونیا هەڵدەکەنی و ئازاری دەداو وای لێ دەکرد کە لەو شوێنەدا ئارام نەگرێ و بەجێی بێڵێ...

بۆیە بە فێڵ لەتەک ژنەکەی دا گەمەیەک ڕێک دەخاو لە کۆتایی دا هەڕا دەکات و خۆی لەو شوێنە نەفرەت لێ کراوە دەرباز دەکات و قوتار دەبێ... بەرەو ئاسۆیەکی فراوان و بێ بن ڕوو دەنێ، ژنەش نازانێ مەسەلە چییە و پێی وایە گەمەیە...

لە خەونی دووەم دا: وا (جان) لەسەر لوتکەیەکی بڵند ڕاوەستاوە و سییەکانی بە هەوای ساف پاکژ دەکاتەوە، وا هەست دەکات گەیشتووەتە پۆپکەی بەختیاری بەڵام ئەوەندەی پێ ناچێ هەست بە دڵتەنگی دەکاتەوە، سۆو سۆزی هەستە دەروونییەکانی وەک ئاگری بن کا سەر هەڵدەدەنەوە لێرەدا وای بۆ دەچێ کە خواکان لە تەکیا ڕاستیان نەکرد و تیماری برینەکانیان بۆ نەکرد، کەواتە پەیمانەکانیان ڕاست دەرنەچوون؛ لە پڕ خۆی لەبەردەم دوو پاسەواندا دەبینێتەوە، لێی دەخوڕن کە لە ڕابردووی خۆی پەشیمان ببێتەوە، ئیتر هەست بەوە دەکات کە ڕێگەی ئاسمان گیراوە...

لە خەونی سێیەم دا: خۆی لە ناو کنیسەیەکدا بەدی دەکات، یەکەم جار وا دەزانێ ئەم کنیسەیە خۆشە و ئارامگەی دەربەدەران و ئاوارانە... قەشەکان بە گەرمی بەخێرهاتنی دەکەن، خواردن و خۆراکی لەبەدرەم دادەنێن و دەیحەوێننەوە، بەڵام ئەم حەواندنەوەو ئەو تەسەل کردنەی لەبەر چاوی کاڵی ئەو نییە، بۆ ئەوەیە کە دەستەمۆی بکەن و لەپاش دا ببێ بە ئاڵقە لەگوێیان و بیچەوسێننەوە، فێری ئەوەشیان دەکرد کە خزم و کەس و کارەکەی خۆی لە یاد نەمێنێ بۆ ئەوەی ببێ بە خزمەتکارێکی هەمیشەییان...[١]

٤- پەڵخەبەراز: شوێن گوندێکە نەخۆشی بوونە (بەراز)ی تیا بڵاوبوەتەوە، ئەی ئەو نەخۆشییە کەی بڵاوبووەوە؟ وەختێک کە پەڵخە بەرازێک لە باکوورەوە هات و، وەربووە گوندەکە، خەڵکی گوندەکە وەک کۆسە بەبە سەریان لە پەنجەرەی خانووەکانیانەوە دەرهێنایە دەرەوە، کە چاویان بە پەڵخە بەرازەکە دەکەوت سەریان سوور دەماو دەیانوت: (ئۆی لەو پەڵخە زەبەلاحە؟!).

ئەوەندەی پێ نەچوو پەڵخێکی تر لە باشوورەوە هاتە ناو گوندەکەوە... بە هەمان جۆر خەڵکەکە سەریان لە پەنجەرەکانیانەوە دەرهێناو بەسەرسامییەوە دەیانوت: (پەکو لەو پەڵخە ناقۆڵایە...).

خەڵکەکە هەموو تووشی نەخۆشی بوونە بەراز بوون و کەوتنە بۆڕە بۆڕ، نەخۆشییەکە تووشی هەمووان بوو... (بابیون) کە بەڕێوەبەری یانەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بوو... خەمی ئەوەی نەبوو کە چالاک ترین فەرمانبەری کە (مسیوبوف)ە بووە بە بەراز بەڵکو خەمی ئەوەی لێ نیشتبوو کێ لە جێی دابنێ...

(١) الجوع والعطش - ل١٣-١٤.

(بۆتار)یش مامۆستایەکی کارکەنرا بوو، بڕوای بەوە نەبوو کە خەڵک بەو ئاسانییە تووشی نەخۆشی بوونە بەراز بن، کە ڕۆیشت و چاوی بە (مسیوبوف) کەوت وا سمەکرپییەتی و دەبۆڕێنێ... یەکەم جار پێی سەیر بوو کەچی ئەوەندەی پێ نەچوو ئەویش گرفتاری دەردەکە بوو، دەستی کرد بە سمەکرێ و دەیوت: (مرۆڤ دەبێ لەتەک زەمانەدا بگونجێ).

(بیرانجیە) پاڵەوانی دراماکەیە، تاکە کەسە هەوڵ دەدا کە تووشی دەردەکە نەبێت، تا کۆتایی دراماکە هەر لە کۆشەش دایە و خۆی نادا بەدەستەوە.

دیارە نەخۆشی بوون بە بەراز هێمایە بۆ ئافاتی «نازی»یەت، کە لە باکووری گوندەکەوە هات، هاتنی پەڵخە بەراز لە باشووریشەوە دەردەبوونە بە (فاشیست)ییەت، ئەویان لە ئەڵمانیاوە هات و بە سەردەستی (هیتلەر)دا، ئەمیشیان لە ئیتاڵیاوە هات بەسەر دەستی (مۆسۆلینی) دا... گوندەکەش وڵاتی فەرەنسایە.

لەم درامایەدا (یوجین یونسکۆ) لە سێبەری ڕژێمی کەڵەکەبوونی کۆمەڵە خەڵکێک دا دەیەوێ پەژارەی سەربەستی و ئازادی بیروڕا دەربخات... (بیرانجیە) تاکە پاڵەوانی دراماکانی یوجین یونسکۆیە کە خەبات بکات و کەسێتییەکەی لە نەشوونما کردن دا بێ(1).

**٢- درامای داستانی**

لەنیوەی یەکەمی ئەم سەدەیەدا دوو جۆرە دراما هاتنە ناو گۆڕەپانی درامای جیهانەوە، یەکەمیان: هەبوونیزم و بێ هودەیی کرد بەبنەماو تان و پۆی خۆی. ئەوانەی ئەم درامایەیان هێنا ئاراوە، هەموو بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکانیان بۆ چەسپاندنی ئەو بیروڕایەیان تەرخان کرد، هەروەها بەهۆی بەرهەمەکانیانەوە ڕێبازەکەشیان بە هەموو جیهان ناساند... ئەوە بوو لە پێشەوە بە کورتی باسی ڕێبازەکەیان و هەندێ لە دراماکانیان کرد.

جۆری دووەمی ئەو درامایە کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا سەری هەڵدا، ئەو درامایە بوو کە گۆڕانێکی خستە ناو ڕوخساری دراماوە، لە بارەی تەکنیک و مەبەستە سەرەکییەکانیەوە هەندێ مشت و ماڵ درا...

هەردوو جۆرە دراماکە ڕەنگ دانەوەی ئەو بارو دۆخە دژوارانە بوون کە لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی هاتنە ئاراوە.

دەبێ ئەوەش بزانین ئەو دوو جۆرە درامایە ڕەویەی درامای نەگۆڕی بەڵکو هەریەک بەلای ڕێبیرە فەلسەفییەکانی خۆیدا شکاندییەوەو ڕێنموونی کرد...

دەبێ ئەوەش بڵێین: درامای داستانی بۆ چەسپاندنی فەلسەفەی شۆسیالیستی هاتە مەیدانەوە.

درامای داستانی یان شانۆی داستانی:

ئەم جۆرە درامایە (بیرتۆڵت برێخت Bertolt Brecht ١٨٩٨-١٩٥٦) هێنایە ئاراوە... برێخت شاعیرێکی نیشتمان پەروەر و درامانووسی ئاڵمانییە... هەمیشە هەوڵی لە پێناوی نەتەوەو گەلەکەیدا داوەو سەرفرازی بۆ گەلان ویستووەو دژ بە شەڕ خوازان و چەوسێنەران ڕاوەستاوە...

داستان خۆی گێڕانەوەو ڕازکردنی ئەو ڕووداوە ئەفسوناویانەیە کە ئاواتە دێرینییەکانی ئادەمیزادیان لە ڕشتەی چیرۆک و داستان و ئەفسانەدا هۆنیوەتەوە... ڕووداوەکان و کارەساتەکان بە شێوەی گێڕانەوە

(١) مسرح الطليعة: المسرح التجريبي في فرنسا: ليونارد كابل برونكو: ترجمة يوسف اسكندر... ل١٧٦-١٧٧. هەروەها تەماشای: الاتجاهات المعاصرة في المسرح: عبدالغفور نعمة ل ٩٨-٩٠ بکە.



دەخاتە ڕوو...(1)

برێخت بۆیە ناوی شانۆکەی خۆی نا (شانۆی داستانی)... بۆ ئەوەی تا لە شانۆی ئاسایی یان شانۆی درامی جیا بکاتەوە، چونکە شانۆی داستانی وەک داستان وایە لە دایلۆگ و گێڕانەوە پێک هاتووە... کاراکتەر وەک حیکایەت خوان وایە، ڕووداوەکان دەگێڕێتەوەو نابێ بچێتە پێستی ئەو کەسەوە کە دەورەکەی دەبینێ، بەڵکو وەک بەیاز خوێن لە چ کات و سەردەمێک دا بووە بەو جۆرە دەورەکەی ببینێ، هەندێ دیمەن دەنەخشێنێ و هەندێکی تریان دەگێڕێتەوە... گوێ بە کاتی ڕابردوو و ئەو شوێنە نادات کە ڕووداوەکەی لێ قەوماوە بازی بە سەردا دەدات و دەڕوات... کە کاراکتەر ئەو جۆرە سەربەستییەی درایە و گوێی بەشوێن و کات نەدا دەتوانێ هەڵس و کەوتی ئەو کەسەی کە تەمسیلی دەکات ڕوونی بکاتەوەو بینەرەکەی چاک حاڵی بکات... لەمەوە دەبێ هەڵچوون و داچوون و خۆکرژ کردن و خاوبوونەوەی ئەو کاراکتەرە دووپات بوونەوەی ئەو کەسە بێ کە دەینوێنێ...

برێخت کە ناوی شانۆی ئاسایی نا: (شانۆی درامی) ویستی دراما و شانۆ بگۆڕێ... سەرەتا گۆڕینەکەی لە بینەرەوە دەستی پێ کرد، ئەو وای پێ پەسند بوو کە بینەری شانۆ بەشێکی کاریگەری شانۆگەرییەکە بێ، کە شانۆگەرییەکە دەبینێ دەبوو هەڵوێستێکی ئیجابی هەبێ، ئەم هەڵوێستەی بینەر یەکێکە لەو گۆڕانکاریانە کە درامای داستانی هێنایە کایەوە...

یەکێکی تریش لەو گۆڕانکاریانە ئەوەبوو: دەبوو شانۆی داستانی ئەو بابەتانەی کە مالیجەیان دەکات بەو چەشنە نەبێ کە وەک لە واقیعی حاڵ و ژیان دا هەیە بەڵکو بەو چەشنەبێ ڕووداوەکان و کارەساتەکان وەک نائاشنا و نامۆ بن... نا ئاشنا و نامۆ بوون لەو کەرەسە مێژوویانەوە دێ کە دەبنە بابەتی دراماکە... لەم جۆرە بابەتانەدا دەبێ نووسەر و دەرهێنەری شانۆگەرییەکە وا بدەنە قەڵەم ئەو ڕووداوانە یان ئەو کارەساتانە هی دێرینیان و لە پێشینان ڕوویان دابێ... کەواتە نابێ بەگوێرەی سەردەم مالیجە بکرێن، بەڵکو نووسەر یان دەرهێنەر بە بینەرەکەی بڵێ ئەگەر تۆ لەو کاتەدا بوایەیت چۆن ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە ڕادەوەستایت؟ یان هەڵوێستی خۆت چۆن پێشان دەدا؟ ئەگەر وابێ ئەو کاتە بینەر هۆشیار دەبێتەوەو تەگبیرێک بۆ خۆی دەکات و پەنا دەباتە بەر هەڵوێستی تایبەتی خۆی، ئا لێرەدا کە بینەر زانی: هەموو شتێ گۆڕدراوە، جاران لە دەوروبەری تایبەتی خۆی دا بووە بۆیە جارانە... ئێستاش بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە بۆیە ئێستایە؛ لەمەشەوە ئەوەی بۆ دەردەکەوێت کە هەموو شتێ لەناو گەرووی گۆڕاندندایە؛ هەروەهاش دەزانێ کە لە هەموو کات و شوێنێک دا شت هەر ئەو شتانەیە کە هەیە...

بەهۆی خستنە ڕووی کارەسات و ڕووداوی مێژووەوەو جیاکردنەوەیان لە ڕووداو و کارەساتی ئەم سەردەمەدا... شانۆی داستانی بەهۆی ئەو جیاکردنەوە وا بە بینەر پیشان دەدا کە ئەو شتانەی پێش چاوی هەموو (نائاشنا و نامۆن)...

نامۆبوون یان نامۆکردن دووەم گۆڕانکاری بوو کە هاتە سەر درامای ئاسایی و بوو بە نیشانەی شانۆی داستانی...

لە درامای ئاسایی کلاسیکدا کاراکتەر دەچێتە ناو کەوڵی ئەو کەسەوە کە دەینوێنێ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بینەر بکەوێتە ناوگۆمی گومانێکی واوە کە ڕابردووی لێ ببێ بە ئێستاو خۆی بە هۆی ئەو

(١) مجلة المسرح والسينما - العدد السادس - السنة الثانية - نيسان (١٩٧٢) مقالة بقلم فكتور كلويف: ترجمة: عزيز حداد... ل١٥.

گومانەوە لە ناو ڕابردووەکەدا شەکەت بدا و ئێستای لێ ببێ بە دێرینان و دێرینانی لێ ببێ بە سەردەمی حازر؛ ئەو کاتەش دراماکەی یان با بلێین شانۆگەرییەکەی لێ دەبێ بە حەقیقەتی ڕووداو لەمەشەوە بینەر دەکەوێتە ناو داوی چەواشە بوون و هەڵخەڵەتاندنەوە...

بۆ ئەوەی بینەر لەو حاڵە ڕزگار ببێ (برێخت) شتی وەهای بەکار دەهێنا کە بینەر بزانێ ئەوە شانۆگەرییە و نەک حەقیقەتی واقیع... لەبەر ئەوەو بۆ هێنانە دی مەسەلەی (نامۆکردن) گۆرانی و تابلۆی سینەمایی و حیکایەت خوان و گێڕانەوەو لادانەوەی پەردە لەسەر کاراکتەرەکانی بەکار دەهێنان بۆ ئەوەی بینەرەکە لێی نەشێوێ و نەکەوێتە ناو گۆمی مەندی گومانەوە...[1]

«بۆ نموونە کاراکتەری شانۆی داستانی کە بیەوێ دەوری کەسێکی نەخۆش بگێڕێ، دەوری کابرای نەخۆش دەگێڕێ بەڵام خۆی ناکات بەو نەخۆشە، ئەو تەنیا دەورەکەی لەسەرە بیگێڕێ خۆی ناکا بەوەی کە ئازار دەچێژێ، لەمەوە وەک بیەوێ بڵێ: «کورە، تەماشام کەن ئەمە بارودۆخی ئەوەیە کە من دەوری دەبینم بەڵام نەکەی خۆت تێهەڵکێشی بکەی و ئازاری لەتەک دا بچێژی، چونکە ئەو کارە دادی نادات... گرنگ ئەوەیە من و تۆ بزانین بۆچی ئەو کابرایە ئازار دەچێژێ... با پێکەوە بیری لێ بکەینەوە، کە زانیمان نەخۆشە تەگبیرێک دەکەین... بەیەکەوە هەوڵ دەدەین هۆی نەخۆشییەکەی بۆ بدۆزینەوە، ئەو کاتەش چارەسەرێکی کۆمەڵایەتی بۆ دەدۆزنیەوەو چارەسەری دەکەین...»[2]

پەنابردن بەر ڕووداوی مێژوویی و بەکارهێنانی هەندێ شت و مەکی تری وەک بەکارهێنانی ڕووناکی و مۆسیقا و گۆرانی و کەل و پەلی دەرهێنان دەبێ ئەوانە هەموو بۆ (نامۆکردن) و هێنانە دی ئەو مەبەستە بەکار بێن... لەبەر ئەوە برێخت بە پێویستی دەزانی هەموو پەلێکی دەرهێنان یارمەتی ئەو نامۆکردنە بدات؛ بۆیە پێی وانەبوو کە هونەری شانۆگەری داستانی کۆمەڵە هونەرێکی یەکگرتووی نەپچڕاوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەر بەشێک لەبەشەکانی شانۆگەری سەربەخۆیە و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە مۆسیقا بۆ بەکارهێنانی هەڵدان - تعليق - بەکار دەهێنرێ نەک بۆ چاخبوونەوەی ماناو، وشە و پەساندنی سۆز... هەروەها برێخت وای پێ پەسند بوو کە تابلۆ و دیمەنەکان لەبەر چاوی بینەردا بگۆڕدرێن، ئا بەو جۆرە نەژادی (نامۆکردن) پەیدا دەبێ و بینەر هۆشیار دەبێتەوەو مافی دەربڕینی بیروڕای خۆی سەبارەت بە شانۆگەرییەکەی دەپارێزێ و هەست بە بەرپرسیاری کۆمەڵایەتی دەکات...

ئا بەو جۆرە برێخت توانی بینەر لەو هەڵوێستەی کە ئەرەستۆ بۆی بڕیار دابوو بیگوێزێتەوە بۆ ناو هەڵوێستێکی تر...

ئەوە بوو ئەرەستۆ پێی وابوو: لەنواندنی شانۆگەری دا کاراکتەر و بینەر یەک دەگرنەوەو هەموو خەوش و خاری سۆز و مەگێزەکانی بەزەیی و سام لێ نیشتنیان پاکژ دەکەنەوە، ئەمە مەبەستی هەرە گەورەی درامای کلاسیک بوو... کەچی درامای داستانی دەیەوێت بینەر فێر بکات، کە چۆن کار بکات و هۆشیار ببێتەوەو بەژیرانە لە هەموو کار و کردەو دیاردەکانی ناو کۆمەڵ ورد ببێتەوە، چی لەسەر شانەو تا چ ڕاددەیەک بەرپرسیارە... هەروەها: «شانۆی داستانیی برێخت، دەیەوێ فێری ئەوەمان بکات کە مرۆڤ بەرپرسیاری مێژووی ژیانی خۆیەتی و بەر ئەنجامی کارو کردەکانیەتی، کەواتە پێویستە لەسەری هۆشیار و ئاگادار بێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو گۆم و زەلکاوی نەریت و خووخدەی نالەبارەوە، هەر وەها بە ئاسانی نەکەوێتە ناو داوی بیروڕای چەوت و چەوێڵەوە...»[3]

(١) نظرية الدراما من ارسطو الى الآن: د. رشاد رشدي... ل١٩٣.

(٢) دراسات في الادب الاوروپي المعاصر... تاليف: شفيق مكار ل١٦٢.

(٣) الطريق والحدود... مقالات في الادب والمسرح والفن... يوسف عبدالمسيح ثروت ل١٦٢.



ئا لێرەدا (برێخت)ی زاناو بلیمەت توانی لە بنچینەوە درامای کلاسیک هەڵتەکێنێ و درامایەکی تر بنیات بکاتەوە.

### مەبەستەکانی درامای داستانی

مەبەست لە درامای کلاسیک دا - وەک وترا - بزوتنی مەگێزی بەزەیی پیا هاتنەوەو ترسە، بەو جۆرە مرۆڤ پاکژ دەبێتەوە چی هەوی دەروونی هەیە دەری دەداو چی قرێژی هەناوی هەیە دەیشواتەوە... لێرەدا برێخت دەڵێ: چۆن بەزەییمان بە مرۆڤ دا بێتەوەو چۆن لێشی بترسین؟ ئەگەر مەبەست لە بەزەیی پیاهاتنەوەی مرۆڤ لێ ترسانی بێ ئەوە مەبەستێکی شایستەیە و بافتی ئەوەیە کە درامای بۆ تەرخان بکرێ، ئەو کاتەش شانۆگەرییەکەش دێت ئەو دەوروبەرەو ئەو بارودۆخانە کە دەبنە مایەی بەزەیی پیا هاتنەوەو سام نانەوە ڕیشەکەنیان دەکات... دەنا ئەگەر وا نەبێ مەبەستەکە بافتی ئەوەی نییە ئەو هەموو کارەی بۆ ئاڕاستە بکرێ...

مرۆڤ لە هەموو شتێ هێژا ترێکە، هەموو ترس و سامێک لە خۆیەوە سەر دەکات، دەبێ هونەری شانۆ هەوڵ بدات لەو سام و ترسە دووری بخاتەوە... ئەم وتەی (برێخت)ە تیشکێک دەهاوێتە سەر بیروباوەڕەکانی... دیارە دژایەتی چینایەتی بەلایەوە شتێکی ئاشکرایەو نوکلی لێ ناکرێ... مرۆڤ خۆی چارەنووسی خۆی بڕیار دەداو یان لە تەک ستەمکاران دایە یان لەتەک ستەم لێ کراوان دا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە مەبەستی ڕاستەقینەی دراما وەک هێلکەیەکی پاکژکراو بخاتە بەر دەستی مرۆڤ کە ڕەگ و ڕیشە دەرهێنانی ئەو شتانەیە کە دەبنە هۆی بەزەیی و ترس و خۆ خوساندنەوە لە ناویاندا و بەس... بەزەیی مانای بێ دەستەڵاتی و بێ چارەییە، ئەمە لە کوێوە هات؟ ترسیش خۆپاراستنە لەم و لەو، سەرچاوەی هەردووکیان دەچێتەوە سەر دژایەتی چینایەتی... کەواتە دراما و شانۆگەری بەلای (برێخت)ەوە ڕیشەکان کردنی ئەو دژایەتییەیە... ئا بەو جۆرە درامای داستانی دەبێتە هۆیەکی مەزن بۆ بەرپابوونی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی و گۆڕاندنی هەموو جیهان[1].

جگە لەو مەبەستانە کە ڕابوورد... هۆشیار بوونەوەی جەماوەرەو فێرکردنیان کە دژ بەو کەندو کۆسپانە ڕاوەستن کە دەبنە هۆی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و لایەنەکانی تری ژیان، هەروەها دەبنە هۆیەکی کاریگەری چالاک بۆ گۆڕاندن... ئا لێرەدا بە درامای داستانی دەوترێ: (درامای فێرکردن).

برێخت کە درامای داستانی لە بری درامای ئاسایی کلاسیک دانا لەسێ شتی سەرەکی دا لێی جیا بووەوە کە ئەمانەن:

١- مەسەلەی (نامۆکردن).

٢- مەبەستە سەرەکییەکانی دراما.

٣- مەسەلەی چارەنووس.

١- مەسەلەی نامۆبوون لە درامادا:

جارێ با کەمێک باسی نامۆبوون بکەین... نامۆ بوون وەنەبێ تایبەت بێ بە درامای داستانییەوە... بەڵکو نامۆ بوون لە زۆر ڕووەوە زانایان لەسەری دواون هەر یەک لە بواری بیروڕای خۆیدا ئاوڕێکی لێ داوەتەوە، چان چاک ڕۆسۆ لە بواری «پەیمانی کۆمەڵایەتی»دا دەڵێ: وەختێ نوێنەرانی گەل پاش هەڵبژاردنیان و دوور کەوتنەوەیان لەوانەی کە دەنگی خۆیان دەدەنێ لە نێوانیان دا جۆرە نامۆیەک دروست

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل١٤٨

دەبێ، ئیتر لە یەکتری دادەبڕدرێن و یەکتری ناناسنەوە...[١]

هێگل پێی وایە مرۆڤ کە تووشی دوو لکی (انفصام)ی کەسێتی دەبێ لەم کاتەدا هەوڵ دەدا کە خودی خۆی بدۆزێتەوەو نەبوونی سەربەخۆیی خۆی مەحف کاتەوەو پەنا دەباتە لای خەڵکی تر و پشتیان پێ دەبەستێ و خودی خۆی لەناویاندا دەدۆزێتەوە، ئەم دوولکییە کە لە نێوان (خودی سەربەخۆ) و کەسێتی دا پێک دێ... نامۆیی لە نێوان ئەو لکەدا شتێکی ئاشکرایە...

هەروەها ئەوانەی کە دەیانەوێ بەهۆی ئەوو ئەمەوە سامان پێکەوە بنێن و لە پەنای ئەو سامانەدا خۆیان دەربخەن و خودی سەربەخۆی خۆیان بدۆزنەوە ئەمانەش تووشی هەمان دەردبوون و خودی خۆیان یان لەتەک کەسێتییەکەیاندا نامۆیەو لە یەکتری جیابوونەتەوە...[٢]

(مارکس)یش باسی نامۆیی کردووە: بەلای ئەوەوە (کار) سەرچاوەی هەموو بەرهەمێکەو تەورەی هەموو ژیانە... کە کرێکار لەناچاریا هێزی کاری خۆی بەکرێیەکی کەم بەسەرمایەدارێک دەفرۆشێ، واتە گەورەترین بەهای ژیانی و کەسێتی خۆی فرۆشت، واتە بوو بە ئامێرێکی بەرهەم دەر، ئەم ئامێرە شتێکە لەو شتانە کە دەکەونە بەر یاسای (خستنەڕوو و داخوازتن - العرض والطلب) کە ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی نامۆبوون...

هەروەها کە هۆکانی بەرهەم هێنانی لێ سەندراو کەوتنە دەست یەکێکی تر کە سەرمایەدارەکەیە، لێرەدا جۆرە جیابوونەوەیەک لە نێوان (خودی) کرێکار و ئەو شتە بابەتیانەدا ڕووی دا، ئەمەش هەمدیسان جۆرە نامۆبوونێکە، هەروەها: کرێکار لەمەبەستی بەرهەم هێنان و بیرو ڕا دەربڕین و سەبارەت بەو پرۆژانە کە ئیشیان تیا دەکات بێ بەش کرا، کە سەرمایەدار ئەو مافەی لێ زەوت کرد واتە کرێکارەکە لە کەسێتییەکەی خۆی دابڕاو تەنیا هۆیەکی بەرهەم هێنەر بوو، واتە لێرەدا خودی کرێکارو کەسێتییەکەی لێک جیاکرانەوە واتە کرێکارەکە لەتەک بەرهەمەکانیا نامۆبوون...[٣]

جگە لەو زانایانە گەلێ زانایانی تریش باسی نامۆ بوونیان کردووە، کە لێرەدا شوێنی باسکردنیان نییە... ئەوەی مەبەستە نامۆبوونی درامای داستانییە...

نامۆبوون لە درامای داستانی دا یەکێکە لەو نیشانانەی کە ئەو درامایەی پێ دەناسرێ... نامۆبوونەکەش لە چەند ڕوێکەوەیە... جارێ دەبێ ئەکتەر لەو کەسانە کە دەوریان دەبینێ نابێ خۆی تێ هەڵکێشیان بکات و تا دەتوانێ لێیان دوور بکەوێتەوە؛ وا بداتە قەڵەم ئەم، ئەو کەسە نییە کە دەورەکەی دەبینێ، هەروەهاش نابێ خۆی بخاتە ناو قاوڵغی ئەوانەوە... دەبێ خۆی لە وەهم و خەیاڵە دوورە پەرێز بگرێ کە دەبنە هۆی تواندنەوەی لەناو پێستی ئەوان و دەیانباتەوە ناو سەردەمی ئەوان؛ ئەمە مانای ئەوە نییە کە دەورەکەی جوان نەبینێ، بەڵکو مەبەست ئەوەیە تا دەتوانێ خۆی لە تێهەڵکێش کردن دوور بخاتەوە، هەروەها ئەو ڕوەداوانە دەبێ وەک شتێکی بابەتی دوور لە خودی کاراکتەر و بینەر تەماشا بکرێن، نەک کاراکتەر وایان لێ بکات کە بەسەر خۆیا هاتوون، یان بینەر وا بزانێ کارەساتی خۆینی، دەبێ کاراکتەر یان بینەر خۆی لەو دوو هەڵوێستەدا جیا بکاتەوە کە ئەمە دەبێتە نامۆبوون لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا: بینەرو کاراکتەر لەبەرەیەکەیەوە، کەسان و ڕووداو و بابەتەکان لەلایەکی ترەوە...[٤]

(١) الاغتراب... تالیف: ریتشارد شاخت... ترجمة: كامل يوسف حسين ل١٠٦.

(٢) هەمان سەرچاوە ل٩٩. هەروەها تەماشای گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (١٠٨)ی ساڵی (١٩٨٥) (بریخت و شانۆی داستانی بکە) نووسینی: جهاد دڵپاک ل١٧٥.

(٣) الطريق والحدود: مقالات في الادب والمسرح والفن: يوسف عبدالمسيح ثروت ل١٤٨-١٤٩.

(٤) معالم الدراما في العصر الحديث: يوسف عبدالمسيح ثروت ل٨٦-٨٧.



لێرەدا نامۆبوون و لینی بوون دوو زاراوەی دژوارن، نامۆبوون نائاشنایی شتە؛ لینی بوون، ئاشنابوونە[١].

لە درامای داستانی دا، ئەو شتانە کە نامۆن بە نواندنیان لینی دەبن، ئەو ڕووداوە وردیلانانە کە لە ڕۆژانی ژیانی خۆماندا بەرچاومان دەکەون، یان دێن و دەڕۆن پێمان وایە شتی ئاساین؛ دەبنە پەرگەمای هەڵچنینی درامای داستانی... کاراکتەر لەو ڕووداوانە نزیک دەبێتەوە نەک هەڵیان مژێ و ئەو کاتە بینەر بخاتە گومانەوە و وایان لێ بکات کە هی خوێنی... تەنیا ڕوونیان دەکاتەوە بۆ ئەوەی جەماوەرەکەی هەڵ بنێ بیر بکەنەوەو ڕای خۆیان دەربڕن بەرپرسیاربن.

٢- لەپێشەوە باسی مەبەستە سەرەکییەکانی درامای داستانیمان کردن: هۆشیارکردنەوەی بینەر و جەماوەرە بۆ ئەو بارە نالەبارانەی ناو کۆمەڵ کە بوونەتە هۆی دواخستنی کۆمەڵ و ئابووری و ڕۆشنبیری...

٣- مەسەلەی چارەنووس: درامای کلاسیکی هەمو ئاڵوگۆڕێک و هەڵسوکەوتێک دەداتە دەست ئەو هێزە ناهەموارە کە لە پشت پەردەوە کارگێڕی هەموو کاروبارێکی ئادەمیزاد دەکات و تووشی کوێرەوەری و بێ چارەیی دەکات چارەنووس... مێردەزمۆکەی پەک دانی (ویستی) مرۆڤە...

کەچی درامای داستانی پێی وایە مرۆڤ خۆی خاوەنی هەموو کارو کردەیەکییەتی، خۆی بەرپرسیاری خۆشی و ناخۆشییەتی، بەنی ژیانی خۆی لەمل خۆیایەتی، کەوابی ئەگەر هەوڵ بدا دەتوانێ بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی بگۆڕێ و بەو جۆرەش دەتوانێ هەموو جیهان بەرەو گۆڕاندن ببات...

بۆ جیابوونەوەی درامای داستانی لە درامای ئاسایی برێخت خۆی بەم لیستەیەی خوارەوە سنووری جیاوازی دروست کردووە:

| درامای ئاسایی | درامای داستانی |
| --- | --- |
| ١- تەکنیک | گێڕانەوە |
| ٢- بینەر دەخاتە ناو کێشەی خۆیەوە | بینەر هۆشیار دەکاتەوە... |
| ٣- بینەر لەکار دەخات | هێزی کارکردنی بەبەردا دەکات... |
| ٤- هەستی دەداتێ | ناچاری دەکات کە بڕیار بدات... |
| ٥- تاقیکردنەوەیە | وێنەی ڕاستەقینەی ژیانە |
| ٦- سروشی دەداتێ | پێویستی بۆ ڕوون دەکاتەوە... |
| ٧- هەستەکانی بینەر دەپارێزێ | پێشڕەویی بینەر دەکات بۆ سەر ترۆپکی ئەو شتانە کە پێویستە بیانگاتێ |
| ٨- بینەر بەڕووداوەکانی مەست و تەسەل دەکات | بینەر وا لێدەکات کە لە پاش بینینی دراماکە لێی بکۆڵێتەوە... |
| ٩- مرۆڤ کێشەیەکی بەردەوام و نەبڕاوەیە | مرۆڤ زیندەوەرێکی وایە کە بابەتی لێکۆڵینەوە و لێ وردبوونەوە بێ |

(١) لینی بوون واتە دەستەمۆکردنی شت: (alienation) دوورکەوتنەوەیە: واتە نامۆبوونی شت.

| درامای ئاسایی | درامای داستانی |
|---|---|
| ١٠- مرۆڤ هەر مرۆڤە و ناگۆڕدرێ | مرۆڤ دەگۆڕدرێ و توانای گۆڕانکاریشی تیایە |
| ١١- چاوەڕوانی کۆتاییەکەی دەکرێ | چاوەڕوانیی زنجیرە ڕووداوەکان دەکرێ |
| ١٢- هەر دیمەنێک دیمەنێکی تری بەدواوە دێ | هەر دیمەنێک سەربەخۆیە... |

* * *

**بەرهەمەکانی برێخت**

١- تەپڵەکانی شەو.

٢- دایکە نەبەزەکە ١٩٣٩.

٣- یەکێک... بەڵێ... یەکێک... نا ١٩٢٩-١٩٣٠.

٤- تاوانەکانی لۆکۆللۆس.

٥- تگە ١٩١٨.

٦- پیاو بە پیاو ١٩٣١.

٧- چان دارکی شکۆمەند.

٨- یاساو دەرچواندن ١٩٣٠.

٩- ئافرەتە کابانەکەی سیزوان ١٩٣٨.

١٠- جغزە گەچێنەی قەوقاز ١٩٤٤.

١١- ژیانی گالیلۆ ١٩٣٧.

١٢- ئۆپەریتی سێ بنسەکە

چەندان ئۆپەریتی تر...

* * *

١- **دایکە نەبەزەکە**: ڕووداوی ئەم درامایە لە کارەساتی ئەو جەنگەوە وەرگیراوە کە لە سەدەی حەڤدەم دا، لەساڵی (١٦٢٤)دا لە نێوان سوید و پۆڵەندەدا ڕوویداو سێ ساڵ بەردەوام بوو، لەم درامایەدا برێخت مەترسی ئەوە دەکات کە جەنگێکی تری وەها ڕووبداتەوە، ئەوەبوو پاش نواندنی دراماکە لە ساڵی (١٩٣٩)دا، ئەوەندەی نەخایاند جەنگی دووەمی جیهانی ڕووی دا...

پاڵەوانی سەرەکی دراماکە ناوی: (ئانا فیرلینج)ە و نازناوی (نەبەز)ە. ئافرەتێکی هەڵە و هەرزەو سووک و داوێن پیسە، گەلێ مێردی کردووە، لە هەر مێردێکی منداڵێکی هەیە، بەڵام دێوەرەو بازرگانێکی چاپووک و ئازایە، گالیسکەیەکی هەیە، هەم دووکانیەتی و هەم ئارامگەیەتی، بەدوای لەشکری جەنگ دا گالیسکەکەی دەهاژوێ و بژێوی خۆی و منداڵەکانی دابین دەکات... دەیەوێ منداڵەکانی بە هەر جۆر بووە بژین و برسیان نەبێ... بۆیە دوای جەنگ کەوتووە، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکەی هەر بەردەوام بێ و ئاگری جەنگیش هەر بڵێسەی بێ، دەبێ سووتەمەنی بۆ جەنگ ئامادە بکات، هەموو



منداڵەکانی یەک لە دوای یەک بوون بە سووتەمەنی جەنگ یەکێک بەناوی ئازایەتی و ئەویتر بەناوی نەبەزی و یەکێکی تر بەناوی نەمری... ئیتر دایکە نەبەزەکە پاش بڕانەوەی جەنگ بەدەست بەتاڵی گالیسکە شەق و شڕبووەکەی لە پاش سپای شکاودا ڕادەکێشێ و دەستی لەهەمانەی بەتاڵەوە دەرچوو، دووکانی حەتاڵ و بەتاڵ، نە منداڵەکانی، نەشت و مەکەکانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆی ڕاگرتووەو نەبەزیوە...

٢-**یەکێک بەڵێ... یەکێک نا...** دیمەنی گوندێکی شاخاوییە... نەخۆشییەکی کوشندە بەربادی کردووە، مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە قوتابییەکانی ئامادە دەکات کە بە کۆمەڵ بڕۆن لەو دیوی شاخەکە لای دوکتۆرەکان دەرمان بێنن، هەموو دەکەونە ڕێ، منداڵێک دەکەوێتە تەک قوتابییەکانی بۆ ئەوەی ئەویش سەبارەت بە نەخۆشییەکەی دایکی پرسێک بە دوکتۆر بکات... ئەم منداڵە لە نیوەی ڕێ دا نەخۆش دەکەوێ و توانای ڕۆیشتنی نامێنێ... ڕەویەو نەریت وا دەخوازن کە ئەگەر یەکێک نەخۆش کەوت و لەوانە بوو پەکی قافڵە بخات دەبوو بەتەنیا بەجێ بهێڵرێ بۆ ئەوەی بمرێ و نەبێتە هۆی پەک کەوتنی کاروانەکە، قوتابییەکان کە دەزانن ئەو منداڵە توانای ڕۆیشتنی نەماوە؛ پرسی پێ دەکەن کە ئایا بەجێی بهێڵن بۆ ئەوەی ئەوان بڕۆن دەرمانەکان بێرن؟... منداڵەکە دەڵێ: «بەلێ» بەڵا داوا لە هاوڕێ قوتابییەکانی دەکات کە هەر لەوێ بیکوژن بۆ ئەوەی پاش ئەوان بە زەلیلی نەمرێ... ئیتر قوتابییەکان دەیکوژن و تووڕی دەدەنە ناو خەرەندێکەوە... بە سروود وتن ملی ڕێ دەگرن و لە شاخەکە ئاودیو دەبن.

کە قوتابی قوتابخانەکان سەیری ئەم درامایەیان کرد، زانییان مانایەکی ناهەموار و نامرۆڤانەو بێ بەزەییانەی تیایە، هەموو دەنگی ناڕەزامەندییان دەربڕی... لەبەر ئەمە (برێخت) ناچار بوو ئەم درامایە بە درامایەکی تر تەواو بکات و ناوی لێ بنێ «یەکێک... نا».

ئەم جارەیان مامۆستای قوتابخانەی گوند کاروانی بۆ دەرمان هێنان ڕێک نەخست بەڵکو بۆ پشکنین و زانیاری ڕێک خرا...

لەبەر ئەوەی ڕەویەو نەریت لێرەدا بە جۆرێکی تری خواست: ئەوەی لەڕێ دا پەکی کەوت فڕێ نەدرێتە ناو خەرەندەوە بەبێ ئەوەی پرسی پێ بکرێ... کە منداڵەکە لە نیوەی ڕێ دا دەکەوێت، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵ بە سروشتی خۆی لاسارەو خۆی بەدەست مردنەوە نادات، سەر بۆ داب و نەریتی ڕزیویش دانانەوێنێ...

برێخت بەجۆرێکی هۆشیارانە توانی لەو تەگەرەیە کە درامای یەکەم تێی کەوتبوو بە درامای دووەم «یەکێک... نا» دەرێکی بۆ بکاتەوەو خۆی تیا ڕزگار بکات... ئەوەبوو لەسەر زاری منداڵی دووەم مەغزای درامای یەکەمی بەرپەرچ دایەوە...

منداڵی دووەم لە جیاتی ئەوەی لێیان بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی بیکوژن نەک زەلیل ببێ پێیان دەڵێ: «برایان من ڕەویەو نەریتێکی ترم دەوێ... دەمەوێ خۆم ڕاست بکەمەوە... دەبێ لە هەموو کەتنێک دا هۆشیارییەک وەدەست بێنین و هەڵوێستێکی تر وەرگرین...».

لەم کاتەدا مامۆستاکە - کە پێشەنگی قەتاری بە دەستە - ئەوانەی کە لە تەکیان بە قسەکانی دڵنیا دەبن و منداڵەکە دەخەنە سەر شانیان و دەی هێننەوەو فڕێی نادەنە ناو خەرەندەوە.

٣- **یاساو دەرچواندن** کورتەی دراماکە ئەمەیە: بۆ بازرگانی: پیاوێکی بازرگان لەگەڵ کۆڵ کۆڵ هەڵگر و پیاوێکی بەڵەدا ڕوو لە سارایەکی پان و بەرین دەنێن... لەبەر ئەوەی پیاوە بەڵەدەکە بەزەیی بە کۆڵ

هەڵگرەکەدا دێتەوە، کابرای بازرگان دەری دەکات... ئیتر لەبەر نابەڵەدی لەتەک کۆڵ هەڵگرەدا لەو دەشتە وێڵ دەبن، ئاویان لێ دەبڕدرێ... کۆڵ هەڵگر برێ ئاوی پێ دەمێنێ، دەیەوێ دەرخواردی بازرگانەکەی بدات لێی نزیک دەبێتەوە، ئەویش وا دەزانێ دەیەوێ بیکوژێ، بازرگان لێی دێتە دەست و بەگوللەیەک دەیکوژێ... کە بازرگانەکە دەبرێتە پای دادگا لەوێ دەردەکەوێ کە کۆڵ هەڵگرەکە نیازی پاک بووەو ویستوویەتی یارمەتی بازرگانەکە بدات نەک بیکوژێ... بەڵام مرۆڤ دەبێ هەمیشە لەتەک ڕێسادابێ نەک لەتەک بواردن «الاستثناء»دا...

«ڕێسا... چاو بەچاوە

ئەوەی لە ڕێسا دەرچێ گێل و نەزانە.

ئەگەر دوژمنت دەستی درێژ کرد قومی ئاوت بداتێ...

ئەگەر خۆت بەژیرو فامیدە دەزانی لێی دڵنیا مەبە...

مرۆڤ وەختێ مرۆڤە کە خۆی نەکات بە قۆچی قوربانی

مرۆڤایەتی

ئەگەر یەکێک دەست گری لەتەک هاوسێتا کرد... دەرفەتی مەدە... ئەگەر یەکێک بە تەنیشتتا تێپەڕی گوێی خۆتی لێ کەڕ کە...

ئەگەر یەکێک پەنای بۆ هێنای نەکەی پەنای بدەی.

مردن بۆ ئەوانەیە بەدەم سۆزیانەوە دەچن»[1]

لەبەر ئەو ڕێسایانە دادکار بازرگانەکە ڕسوا ناکات و بەری دەدا، چونکە وای بۆ چووە کە گوایا پارێزگاری لە خۆی کردووە.

بڕێخت لەو درامایەدا وامان پێ ڕادەگەیەنێ کە پێویست ناکات مرۆڤ چاوەڕوانی هاتنە خوارەوەی یارمەتی ئاسمان بکات... کەوابێ تاکە پارێزگاری لە خۆ کردن توندوتیژی بەکارهێنانە لە جیهانێک دا کە هەموو ستەم و چەوسانەوەیە... ئەمەش وا دەگەیەنێ کە چاکەکردن ڕێگەی لەناوچوون و فەوتاندنە لەو شوێنەدا کە ستەمکاری هەموو دەرێکی چاکەی گرتبێ...

ئەوەتا پیاوە بەڵەدەکە بەرامبەر بە دادگا ڕاوەستاوەو دەڵێ: «چاکەکردن لە سێبەری ئەو ستەمەدا کە داتان مەزراندووە خراپەکردنە».

کەواتە بەزەیی پیاهاتنەوە شتێکی دەگمەنە و دەرچوونە لە یاسا... دەرمانی ئەم دەردەش، هەر شۆڕشە و شۆڕش، هەر شۆڕش دەتوانێ ئەو جۆرە ستەمە زیندە بەچاڵ بکات...

هەروەها لەدرامای (چان دارکی شکۆمەندا) هەمان مەبەست دووپات دەکاتەوەو پێی وایە مرۆڤ نابێ چاوەڕوانی یارمەتی دانی ئاسمان بێ...

چاکترین ڕێگای ڕزگاربوونی مرۆڤ خەباتی سەختە، لەو جیهانەدا کە لەسەر سەختی دامەزرابێ...

(١) دراسات في الادب الاوروپي المعاصر: تاليف: شفيق مكار ل١٩٥-١٩٧.



# بەشی چوارەم
# درامای کوردی

## هەنگاوی یەکەم

– شانۆگەری، بەو نمایشانە دەوترێ کە کۆمەڵە ئەکتەرێک لەسەر سەکۆی شانۆ بە شێوەی دایلۆگ کارێکی هونەری، یان نیمچە هونەری بۆ چەند کەسانێک کە پێیان دەوترێ جەماوەری شانۆ تەمسیل بکەن.

– دراماش ئەو کارە ئەدەبی و هونەرییەیە کە کارێک یان ڕووداوێک لە شێوەی چیرۆکێکی درامیدا بە شێوەی دایلۆگدا دەرێژرێ و مالیجەی دۆزێکی فیکری مرۆڤانە و بارەیەکی کۆمەڵایەتی دەکات، دراماکەش بۆ خوێندنەوە و نمایش دەست بدات.

– شانۆگەری کوردی. کەی؟ لە کوێ و چۆن چۆنی سەری هەڵداوە؟...

## - شانۆگەریی کوردی

ئەوانەی لە درامای کوردییان تۆژیوەتەوە هەموو لەسەر ئەو ڕایەن کە یەکەم هەنگاوی درامای کوردی و نەخشاندنی بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بووە، بەڵام سەبارەت بە ساڵ و ناوی ئەو چالاکییەی کە سەرەتاکەی نەخشان ڕاکانیان چەند لق و پۆپێکی لێ دەبێتەوە.

ئەگەر یەکەم هەنگاوی شانۆگەریی کوردی لەو کاتەدا پەردە بەڕووی گوماندا بداو مرۆڤ دڵنیا بکات کە سەرەتای ئەو سەدەیە شوێن پەنجەی بزووتنەوەکەی تیا دیارە؛ ئەوا ناوی شانۆگەرییەکە و ساڵی لە دایکبوونەکە گومان و ناتەسەلی دەروون بەربەست ناکەن... چونکە لەو بارەوە پشتیان بە بەڵگەی وا نەبەستووە کە سەنگەری قەناعەت و دڵنیایی پێ قایم ببێ.

لای هەموو ڕووناکبیران ئاینە کە شاری سلێمانی شوێنی هەڵنانی یەکەم هەنگاوی شانۆگەریی کوردییە، بۆیە ئێمە لەم ڕووەوە بێ دەنگ دەبین... با هەندێ ڕای نووسەران لەمەڕ ناو و ساڵی یەکەم چالاکی شانۆگەریی کوردی بخەینە بەرچاو:

١- ڕای یەکەم پێی وایە تەمسیل کردنی (قڕالیچە) لە ساڵی (١٩٢٢)دا لە شاری سلێمانی و لە گۆڕەپانی (ئەسحابە سپی)دا بووە... ئەو تەمسیل کردنە بەو جۆرە و لەو شوێنەدا، سەرەتای مێژووی بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردی دەنەخشێنێ[1].

ئەوە ڕای نووسەری ئەم دێڕانەیە...

لە ساڵی (١٩٧٠)دا، بۆ ساغ کردنەوەی ئەم مەبەستە لە سلێمانی چاوم بە (حاجی عەلی ماستاو و حاجی باقی بەنگینە کەوت)[2].

(١) چیرۆکی فالچی - پێشەکی - ل٧... نووسینی حەمە کەریم هەورامی. هەروەها تەماشای: گۆڤاری هەولێر بکە- وتارێک «بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردی» ل٢١٥ نووسینی: ح. هـ.

(١) بۆیە نازناوی کرا بە «بەنگینە» چونکە لە ساڵی (١٩٣٥)دا، کە پیرەمێردی نەمر «مەم و زین»ەکەی خانی ئامادەکرد بۆ شانۆ حاجی باقی دەوری بەنگینەی وەرگرت.

له چاپخانەکەی بەنگینەدا کە ئەو کاتە لە دەم دەرگای پێشەوەی گاراجی ئەسحابەدا بوو، دانیشتنێکمان ساز کرد و هاتینە سەر بابەتەکە، هەردووکیان: واتە حاجی عەلی ماستاو و حاجی بەنگینە، لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە نواندنی ئەو چالاکییە - شانۆگەرییە - لە ساڵی (١٩٢٢)داو بەناوی (قرالّیچە)ەوە بوو، هەروەها ئەوان پێیان وتم: کە «نوری شێخ صالّح، زێوەری شاعیر، صالّح قەفتان، کەریم زانستی، ڕەئوف شێخ صالّح» بە شداریان تیا کردووە، بەڵام ئەوەم لەیاد چوو لێیان بپرسم کە ئایا کێ ئەو کارەی ئەنجام دا و، کێ بابەتی قرالّیچەکەی ئامادە کرد و چەند سات و چەند ڕۆژ بەردەوام بوو؟

ئەوەی شایەنی باس بێ ئەو دوو زاتە هەردووکیان بەشدارییان تیا کردبوو، هەر لەو کاتەوە تا ئەو ڕۆژەی من ئەو چاوپێکەوتنەم لەتەکدا سازدان، دەسبەرداری ئەو هونەرە نەبوو بوون، چێژی بەری نەدابوون کە یادی ئەو شانۆگەرییەیان دەکردەوە وەک دوێنێی بەر لەو ڕۆژە وا دەهاتە بەرچاویان... بۆیە لەو کاتەوە تا ئێستا لەسەر ئەوە سوورم کە ساڵەکە (١٩٢٢)ەو ناوەکەش (قرالّیچە)بووە...

ئەوەش ڕێگەی چاوپێکەوتنی ئەو دوو زاتەی بۆ ساز کردم خوالێخۆشبوو مامۆستا (ئەبو بەکر هەوری) بوو، کە ئەمەش بڕواهێنانە بە ڕای ئەو دوو هونەرمەندە...

هەر لەو بارەوە لەگەلێ پیاوی ڕووناکبیری ئەم سەردەمەم دەپرسی، هەموویان وەک ئەو دوو زاتە بەبێ یەک و دوو لەسەر ساڵ و ناوی چالاکییەکە سوور نەبوون لەگەڵ ئەوەشدا ڕاکەی ئەوانیان ڕەت نەدەکردەوە...

٢- ڕای دووەم پێی وایە کە «یەکەم هەنگاوی شانۆی کوردی لە ساڵی ١٩٢٦دا بە نواندنی شانۆگەریی (نیرۆن الطاغیة) دەست پێ دەکات، ئیتر ئەو چالاکییە لە شاری سلێمانیدا بزووتووە و لەوێوە بۆ شارەکانی کوردستان بڵاوبووەتەوە».

هەروەها پێی وایە مامۆستا (فوئاد ڕەشید بکر) دەرهێنەری ئەو کارە بووە...[1]

بەڵام ئەم ڕایە جگە لەوەی ناوی مامۆستا (فوئاد ڕەشید) دەخاتە ناو دەستەواژەی ڕاکەیەوە پشت بە هیچ سەرچاوەیەک و پرس و خوازێک نابەستێ و بەبێ بەڵگە ڕاکەی دەدات...

٣- ڕای سێیەم لەوەدایە کە نواندنی یەکەم چالاکی شانۆگەری لە ساڵی (١٩٢٦)دا و ناوی (نیرۆن) بووە ئەم ڕایە جگە لەوەی ناوی ساڵەکە دەبا مانگی تەمووزی ئەو ساڵەش دەکاتە وەرزی نواندنەکە کەچی ئەوانەی کە ئەم ئەو ڕایەی لێ وەرگرتوون لێیان دەکەوێتە گومانەوە و دەڵێ: «لەوانە نین بڕوایان پێ بکرێ»[2].

هەروەها لەوە دڵنیا نییە کە ئایا یەکەم چالاکی شانۆیی (نیرۆن) بووە، یان (لولا المحامي) لە ساڵی (١٩٢٧)دا (تیپی نواندنی نیشتمانی - الفرقة التمثیلیة الوطنیة) کۆمەڵە شانۆگەرییەکیان نواندووە یەکێک لەوانە (لولا المحامي) بووە. تەماشای (المسرحیة العربیة في العراق - الجزء الثاني) د.عمر الطالب - بکە. کە بەڕای مامۆستا (حەسەن تەنیا) کراوە بە کوردی ئەوجا نوێنراوە، ئەگەر وا نەبێ ئەوا لەسەر شانۆی کوردی نایەتە ژمارە...

ئەوەی لێرەدا سەرنج ڕابکێشێ ئەوەیە، ڕای دووەم و سێیەم کە ناوی ساڵ و وەرز و ناوی چالاکییەکە دێننە پێشەوە لەسەر ڕاکەی خۆیان سوور نین و دەیانەوێ زوو بەسەریا باز بدەن و لە کۆڵ خۆیان بکەنەوە،

(١) جریدة العراق ٢٨/١١/١٩٧٧ المسرح الكوردي والفرق المسرحية نووسینی ص.ك. هەروەها تەماشای گۆڤاری هەولێر ل٢١٥ بکە ١٩٨٥.

(٢) جریدة العراق ٢٨/٨/ ١٩٨٠- المسرح الكردي ومساره التاريخي - محمد تیمور.



جگە لەوەش یەکێک لەوانە کە خۆی تێکەڵاو بەرای سێیەم دەکات لە شوێنێکی تردا پێی وایە یەکەم چالاکی شانۆگەریی کوردی لەساڵی ١٩٢١دا لە قوتابخانەی یەکەمی هەولێردا بووە![1]

ئەم قسەیە بەری ڕای سێیەم بەرەڵڵا دەکات و ڕاکەی خۆی تووشی دەردی سەری و سەرگەردانی دەکات، نەک هەر ئەمەندە بەڵکو هەندێ جاریش خۆی ناکاتە خاوەنی ڕاکەی خۆی، ڕاکەی لەناو تۆزەڵانی سەرگەردانیدا بەجێ دێڵێ و ڕوو دەکاتە بێشەڵانی سەرەتای مێژوو، وا دەزانێ کە شانۆ لەبەرە بەیانی مێژووەوە، لەو ڕۆژەوە کە مرۆڤ فێری گەمە کردن و چاوەشارکێ بووە، هەر لەو کاتەوە شانۆ سەری هەڵداوە...! جا ئەگەر وەهابێ ئیتر مێژووی داهێنان و ئەفراندن بەری بەهیچ لایەک و کەسێکەوە نامێنێ! ئەوکاتە هونەر وەک غەریزەی خەوو خواردن دەبێتە سروشتێکی زکماکی و پێویست ناکات بە شوێن مێژووی سەر هەڵدانیدا بگەڕێن!.

لەمەودوا لە باسی شانۆ و نەژادەکانی شانۆدا ئەم باسە ڕوون دەکەینەوە...

### تێبینییەکی پێویست

ئەو تەمسیل کردنانە کە لە قوتابخانەکاندا، دەکران لەبەر ئەوەی سەرپێیی بوون و بۆ سەبارەتێکی تایبەتی دەهاتن، لەبەر ئەوەش مەرجی هونەرییان تیا نەهاتبووە دی ئەگەرچی ڕێ خۆشکەرەیەک بوون بۆ بزووتنی شانۆگەریی تێکڕایی، لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناچنە سەر زنجیرەی شانۆگەریی هونەرییەوە؛ سا مەگەر ئەو شانۆگەرییە کە جگە لە جەماوەری قوتابیان خۆی پیشانی جەماوەری تریش دابێ؛ ئەو کاتە وەک ئاڵقەیەک خۆی بە زنجیرەی شانۆگەری گشتییەوە دەبەستێ، تا ئێستا ئێمە ئەوەمان بۆ ساغ نەبووەتەوە کە ئایا پێش شانۆگەری قرالّیچە ئەو جۆرە شانۆگەریە یان ئەو جۆرە تەمسیل کردنە هەبووە؟.

## هۆی پەیدا بوونی شانۆگەریی کوردی

پەیدابوونی شانۆگەریی کوردی لە شاری سلێمانی هەروا لە خۆیەوە لە پڕێکدا نەهاتووەتەوە کایەوە، بەڵکو چەند هۆیەکی گشتی هەبوون، زەمینەی ئەو سەرهەڵدانە خۆش بکات و هەم پاڵ بە ڕۆشنبیرانی کوردەوە بنێ پەلەی لێ بکەن بۆ ئەوەی گەلی کوردیش وەک گەلانی دەورودەرای ئەو جۆرە هونەرە بهێننە کایەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیش کاروانی هونەر و ئەدەبیان بخەنە تەک کاروانی گەلانی جیهان... ئەمەی خوارەوە بڕێکە لەو هۆیە سەرەکیانەی کە شاری سلێمانییان ئاوداشت کرد بۆ چەکەرەکێشانی هونەری شانۆگەری:

١- شاری سلێمانی لەسەرەتای پەیدابوون و دامەزراندنیەوە کە بنیات نرا بەو نیازەوە بوو کە ببێ بە ئاسانەی هەمووی کورد و شان بە شانی شارەکانی ئەو سەردەمەی جیهان ڕاوەستێ[2].

شوێنی بازاڕ و مزگەوت و گەرماو و شەقام و گۆڕەپان و گوردستانی وەک لالەزار و سەرای تیا دەستنیشان کرا، خەڵکی دەست ڕەنگین و کارزان و خاوەن پیشە و زانا و دانای هەموو لایەکی کوردەواری هێنرانە ناو شار و نیشتەجێ کران...

جۆرە پێشبڕکێ و خۆهەڵقوتاندن و خۆبردنە پێشەوەی تیا ساز درا، مزگەوت و فەقێ و مەلا؛ تەکیە و خانەقا و[3] شێخ و دەروێش و سۆفی، ئەمانە بوون بەبنکە و کۆمەڵگەی شار، هەر گرۆیەک هەوڵی دەدا

(١) گۆڤاری الحكم الذاتي- ئۆتۆنۆمی ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٤ ل٨٥ (خانزاد و کەلەپووری شانۆ و مێژوو) محمد تیمور.

(٢) زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کورد... شاری سلێمانی لەساڵی ١٧٨٤ی زایینی دا (ئیبراهیم پاشای بابان) بنیاتی ناوە.

(٣) (خانەقا) بۆ سۆفیانە و شێخەکانیان سەر بە طریقەی نەقشبندی بوون. (تەکیە) بۆ دەروێشانەو شێخەکانیان سەر بە طریقەی قادرییە.

خۆی پێش بخا و سەرنجی خەڵکی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ بەربەرەکانی لە پێناو بەرهەمهێنان و دەست و پەیوەند زۆرکردندا هاتە کایەوە: پیشەسازەکان لە ناو خۆیاندا ململانێیی یەکتریان دەکرد بۆ بەرهەمهێنانی چاک، مەلا و فەقێ هەوڵیان دەدا دەریای خوێندن و شەریعەت وا بەرین بکەن کە کەشتی طریقەتی تیا نقوم ببێ، شێخ و سۆفی و دەروێشیش دەیانویست کەشتی خۆیان بەسەر دەریای شەریعەتدا تێپەڕێنن.

ئا بەو جۆرە شارەکە بناغەی لەسەر ڕووناکبیری و پیشەسازی دامەزرا...

٢- فەرمانڕەوایانی شارەکە ئامێزی خۆیان بۆ ڕووناکبیران و شاعیران و مەلای بە ماریفەت و قوتابی ئایینی و ڕابەرانی تەریقەت و میرزا و خۆشخوانان کردەوە، ئیتر مزگەوتەکانی شار لەلایەکەوە شوێنی خوێندن و زانیاری بوون، لەلایەکی ترەوە شوێنی بڵاوکردنەوەی ڕێنموونی خەڵک بوون، کاروانسەرای بێ دەرەتانان و ڕێبواران و سایەی ئایین پەرستن و فێربوون بوون، هەر لەوێشدا لێکۆڵینەوە و چەندوچوونی و ڕامانینی فیکری دەکران، مەلا زاناکان فەقێیی زۆریان لە دەور کۆ دەبوونەوە، ئەوەی شاعیری لێهاتوو بوایە، شیعرەکانی وەک تاقیکردنەوەی فیکری دەکران بە سەنگی مەحەکی تێگەیشتن و چەشەی ئەدەبی، ئەو مەلایەی دەمەوەرو زمان پاراو و ڕەوان بوایە دەبووە، خەتیب و ڕۆژی هەینی خەڵک وەک میروستان لە دەوری خڕ دەبوونەوەو گوێیان بۆ دەگرت... ئەمە بوو بەهۆی تیژرەوی و بەربەرەکانێی یەکتر و خۆ سەرخستن و خەملاندنی لێوەشاوان و لێهاتووان، کە ئەمە ئەوەندەی تر بارەی ڕووناکبیری گەشاندەوە...

ئەمە جگە لەوەی کە گەلێ لە خەڵکی شارەکە هاتووچۆی هەندەران و وڵاتانیان کردبوو کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی ڕۆشنبیریان لەتەک وڵاتە ڕۆژئاواکاندا هەبوو، ئەو کەسانە بۆ ئەوەی وا پیشان بدەن کە وڵاتانی دەرەوەیان دیوە بۆیە لاسایی خەڵکی دەرەوەیان دەکردەوەو هەندێ شتی نوێیان ناوەخنی ڕەویەی گشتی خەڵکەکە دەکرد... یەکێک لەوانە دیتنی شانۆگەری بوو...

٣- ئەو سەیرانانە کە لەناو پیشەسازان و کاسبکارانی سلێمانیدا ببون بە ڕەویەو نەریت، بەتایبەتی لە وەرزی بەهاردا ساز دەکران... هەرساڵێک گرۆیەک لە پیشەسازەکان سەیرانەکەیان ساز دەکرد، یاری و، وازی و گەمەی جۆراوجۆریان بۆ ئەو بۆنە ئامادە دەکردن، بەشێوەی گەمەو لاسایی حکومەتێکیان دادەنا و، پاشایەک بۆ سەرکردەی ئەو حکومەتە هەڵدەبژێردرا و، ئەویش بەپێی دەستەڵات و توانای خۆی چەند وەزیر و گزیر و پۆلیس و فەرمانبەری دەستنیشان دەکردن، دارایی و ئازوقەیەکی زۆریان خڕ دەکردەوە و تاقی شاهانەیان لەسەر شەقامەکان دروست دەکردن و دەیانڕازاندنەوە، سەرۆکی حکومەت واتە پاشا لە ئاهەنگێکدا چقەی شاهانەی لەسەر دەنراو بەخۆی و دەست و پەیوەندییەوە لە ڕۆژی سەیرانەکەدا لەتەک وەزیرەکانیا بەژێر تاقەکاندا دەرۆیشتن و خەڵکی ناو شاریش بە ڕێزەوە لەم بەرو لەو بەری شەقامەکانەوە پێشوازیان لێ دەکردن و بەرای چاویان بە دیتنی پاشا ڕوون دەکردەوە و بەرەو سەیرانگای سەرچنار بەڕێیا دەکردن... لەوێ تەختی شاهانە بۆ ئەم پاشایە دروست دەکرا، لەوەختی چوونە سەر تەختەکەیدا خەڵک دەستەنەزەر ڕادەوەستان و جوقەی شاهانە دەژەنرا، پاش دانیشتن و سەقامگیربوون لەسەر تەخت؛ فرمانی شاهانە دەردەچوو کە یاریکەرەکان و کڵاوچی و تەقڵەبازەکان دەست پێ بکەن...

خۆ ئەگەر ببیسرایە یەکێک گەمەی بە دەستەڵاتی پاشا بکردایە، یان یەکێک گێرەشێوێنییەکی بەرپا بکردایە سزا دەدرا، سزادانەکەش یان بە لێدان و غەرامە بوو یان بە حەپسکردن و شاربەدەر بوون...

ئەم پاشایە مانگێک پێش چقە لەسەر نانی پاشایەتی دامودەزگای خۆی ئامادە دەکرد و، وەزیری



دارایی و ناوخۆی دەست نیشان دەکردن، ئەوەیان چی پێویستی سەیرانەکە بوایە ئامادەی دەکرد و تفاقێکی باشی پێکەوە دەنا، ئەمیشیان کۆمەڵە پۆلیسێکی پێکەوە دەنان بۆ جێبەجێ کردنی فرمانەکانی پاشا و ڕاگرتنی ڕەویەو نەریتی سەیرانەکە...

لەچاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ خوالێخۆش بوو «ئەورەحمانی خامە»(١) کە باسی پاشایەتی خۆی کرد من لام وابوو ئەوە گەمە نەبووەو ڕاستی بووە - لەبەر چەواشەکردنی ئینگلیزەکان ناوی گەمەی لێ نراوە - بۆیە پێم وت: بێ قەزابی بۆ وازت لەو پاشایەتییە هێنا ؟... ئەویش پێکەنی و وتی: ئەی ئینگلیزەکان بۆ ئەو جۆرە سەیرانەیان قەدەغە کرد...! ئەوەی شایەنی باس بێ «ئەورەحمانی خامە» دوا پاشای ئەو جۆرە سەیرانانە بووە کە لە پاش ساڵی (١٩٢٢)دا قەدەغە کران و کۆتاییان پێ هات، هەندێ جار بەو سەیرانەیان دەوت، سەیرانی ئاسنگەرەکان، ئەم هۆیانەو چەندان هۆی تریش کە لە دەروونی خەڵکی ئەو کاتەدا نووشتا بوونەوەو تۆوی هونەری شانۆگەرییان لە شاری سلێمانیدا چاند.

دوا بەدوای قەدەغەکردنی سەیرانی پیشەسازەکانی شاری سلێمانیدا یەکەم تەزووی ژانی لەدایک بوونی شانۆگەریی بە لەشی شاردا هێنا؛ هەر ئەو گەمەیە بە جۆرێکی تر خۆی نواند، بارمتەی ئەو گەمەیە بوو کە لە ڕۆژی خۆیدا لە پێستی گەمە چوو بووە دەرێ و مەترسی خستبووە دڵی ئینگلیزەکانەوە، کەس نەی دەزانی گەمەیە یان کارێکی جوست و ڕاستەقینەیە... کە سەرکوت کرا لە بارێکی تردا، لە پەردەیەکی واڵاتردا خۆی نواندنەوە کە داهێنانی تەمسیل کردن بوو.

٤- ئەو ڕووناکبیرانە کە یەکەم چالاکی شانۆگەریی کوردیان بەرپاکرد، لە پاش ئەوەیش ئەوانەی کە (جمعیەتی زانستی کوردان)یان(٢) پێک هێنا، زۆربەیان هاتووچووی هەندەران - بەتایبەتی ئەستەمبوڵ و بەغدا و موسڵ و شام و حەڵەب - یان کردبوو، ئەو تەمسل کردن و شانۆگەریانە کە لەو وڵاتانەدا نوێنرابوون و کاریان لەو ڕووناکبیرانەدا کردبوو، ماخۆلانی پڕ کردنەوەی ئەو کەلێنەی کە لەو بارەوە هەبوو بێ ئارامی کردبوون، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەو بارمتەیە دەگەڕان کە قەرەبووی یاری و گەمە قەدەغەکراوەکانیان بکاتەوە، ئیتر هیچ دەرێکی تر نەبوو هەناسەی تیا بدەن بۆیە پەنایان بردە بەر ئەو ڕووناکییەی کە لەقەڵا ڕۆژنەی هونەری درامادا دەتروسکایەوە، لەلایەکی تریشەوە ئەو ئاوێتە بوونەی

(١) چاوپێکەوتنەکەی «ئەورەحمانی خامە» بەم جۆرە بوو:

سەرەتا: أ - لە ڕۆژی ١٤/١١/١٩٧٠دا بوو ب - لەتەک «عمر شەهلا» چاوپێکەوتنەکە ساز بوو جـ - ئەو کاتە ماڵیان لە خوارووی مزگەوتی دوو دەرگا و لە پشت خانەقای مەولانا بوو... کورتەی چاوپێکەوتنەکە:

١- ساڵی ئەو سەیرانە کە «ئەورەحمانی خامە» پاشای بوو لە بەهاری ساڵی (١٩٢٢)دا بوو. ٢- ئەو سەیرانە لە زەمانی (مێجەر گوڵ سمید)دا بوو. ٣- ئاهەنگەکە لەناو شار بەشێوەی نمایش: (استعراض)ی سوپایی کراوەو پاشا بەناو لەشکردا بەرەو سەرچنار رایی دەکرا... ٤- (ئەحمەد بەگی صاحبقران و صدیق مظهر) لەو کاتەدا حاکم بوون. ٥- لەو شوێنەدا کە تەختی شاهانەی تیا دروست کراوە ئاڵای حکومەتی - سەیران - ی لەسەر شەکاوەتەوە... ٦- دوو داری درێژیان چەقاندووە کندرێکی باریکیان بەسەریان دا ڕەت کردووە لە هەردوو سەری کندرەکەوە دوو تەپڵ کە پێیان وتوون: «تەپڵی ئەفلاتوونی» بەستووە، یەکێکیان لە تەنیشت پاشا و ئەوی تریان لای کاربەدەستێکی بووە، پاشا بەو تەلەفوونە فرمانەکانی خۆی راگەیاندووە... ٧- (جەللادی) پاشا واتە (ئەورەحمانی خامە) ناوی (مینەکەڕە) بووە. ٨- چەند ڕۆژێک بەر ئەوەی خوالێخۆش بوو ببێ بە پادشا (مەلا نجم الدین) تەشەرێکی لێ دەدات، ئەویش لە دڵیا دەمێنێ کە دەبێتە پاشا دوو پۆلیس بەشوێنیا دەنێرێ لە (قرگە) جەلبی دەکەن کە دێتە بەر دەستی سزای دەدا... ٩- دوو ئینگلیز لە دوورەوە بەسەیرانەکە پێ دەکەنن، پاشا فرمان دەدا بیانگرن، کە دەگیرێن توندی بەندیخانەیان دەکات، بە سکاڵانامەیەکی و سندۆقێ چاو فەردەیەک شەکر بەریان دەدات... ١٠- حکومەتەکەی «ئەورەحمانی خامە» ناوی حکومەتی دەرگەزێن بووە.

(٢) (جمعیەتی زانستی کوردان) لە ساڵی (١٩٢٦)دا پێکهاتووە.

کۆمەڵایەتی ناو شارو ئەو تێرو تەسەلییە ئابوورییەی پاڵنەرێکی بەهێز بوون بۆ ئەوەی پەنا بەرنە لای ڕووناکی هونەری شانۆگەری.

بێگومان ڕووناکبیرانی کورد چ بۆ خوێندن و چ بۆ بازرگانی هاتووچووی تورکیایان دەکرد و دەچوونە ئەستەمبوڵ، لەوێ چاوی خۆیان بە هونەری شانۆ ڕەشتبوو، پایتەختی تورکەکان لەسەدەی هەژدەهەمەوە بزووتنەوەی شانۆگەری بەخۆیەوە دیبوو، سوڵتانەکانی تورکیا بەتایبەت سوڵتان (عبدالمجید) بایەخێکی زۆری بە شانۆ دابوو، وای لێ هاتبوو لە کۆشک و تەلاری سوڵتانەکاندا هۆڵی تایبەت بۆ شانۆ و جوقەی مۆسیقا و ئاهەنگ هەبوو[1].

وشەی (شانۆ)ش نیشانەی ڕاستی ئەو قسەیە، چونکە ئەم وشەیە وەک لە پێشەوە زانرا لە ئیتاڵیاوە هاتووە تورکیا و لەوێشەوە هاتووە کوردستان.

٥- دامەزراندنی کۆمەڵە ڕۆشنبیرییەکان: بەتایبەتی (جمعیەتی زانستی کوردان) و (تیپی نەوجەوانانی کورد)[2].

دامەزرێنەری جمعیەتی زانستی کوردان، بۆ هۆشیار بوونەوەی خەڵک و دەوڵەمەند بوونی هونەر و ئەدەبی کوردی دامەزرابوو، ئەوانەی کە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەبوون زۆربەیان ئەستێرە گەشەی هونەر و ئەدەبی کوردن بۆ وێنە: (پیرەمێردی نەمر... ڕەفیق حیلمی، زێوەر، شێخ سەلام، شاکر فەتاح، تەوفیق وەهبی، کەریم زانستی...) ئەندامانی ئەو کۆمەڵە هەندێ جار کە دەرفەتی ئەوەیان وەرنەگرتبێ کە چالاکی هونەری بۆ جەماوەر بنوێنن، ناچار دەبوون پەنا بەرنە بەر قوتابخانەکان، بەتایبەتی قوتابخانەی زانستی... دەست کەوتی تەمسیل کردنەکەیان دەدایە قوتابیە هەژارەکان...[3]

## کاروانی هونەری شانۆگەری

نواندنی چیرۆکی قراڵیچە ئاسۆیەکی تازە بوو لە بیرو هۆشی کوردا، یەکەم چەخماخەی هاتنە خوارەوەی هونەر و ئەدەبی کوردی بوو لە ئاسمانی ئەندێشەوە بۆ ناو جەماوەر و ڕووداوی کورد، لەو ساڵەوە تا ئەمڕۆ کاروانی ئەو هونەرە بەرەو پێشەوە دەڕواو ڕچەی ڕێگەیەکی دووری شکاندوەو بەردی بناغەی کۆگای هونەر و ئەدەبی شانۆگەریی کوردی داناوە... لەو ساوە پەیکەری نایابی ئەو هونەرە باڵایە دامەزراوە تا ئێستا زایەڵەی ئەو کاروانە هەر دەڕواو دەزرنگێتەوە...

وەنەبێ شانۆی کوردی لەو ساوە کەوتووەتە ڕێ تا ئەمڕۆ تەنیا بە، بەرهەڵست و ڕەت کردنەوەی واقیعی تاڵ و نالەباری هەڵسابێ، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا جەماوەری خۆی بەرەو ڕێگەی ڕاست ئاڕاستە کردوە، تیشکی ڕووناکی هاویشتووەتە ناو مێشکی قانگ دراو و سست و سڕبوویانەوە، بەرپەرچی شێوەی وەعزو ئامۆژگارییە، بێ سەرو بەرو نامۆکانی ناو کۆمەڵی داوەتەوە، پێشڕەوی خەڵکی بۆ وریا بوونەوەو هۆشیاری کردووە. هەر لەو ڕۆژەوە کە یەکەم هەنگاوی ناوە، هەنگاوەکەی لەسەر زەمینەیەکی پتەو بووەو بەنا بەڵەدی ملی نەناوە...

***

(١) المسرحية العربية في العراق - الدكتور علي زبيدي ل٤٠.

(٢) (تیپی نەوجەوانانی کورد) لە ساڵی ١٩٤٦ دا دامەزراوە: لە دانیشتنێک لەتەک مامۆستا (محەمەد تۆفیق وردی)دا لە چایخانەی «پرلمان - شارع الرشید - بەغدا ١٩٧٠».

(٣) گۆڤاری هەولێر ل(٢١٩) (١٩٨٥) هەروەها تەماشای (شانۆ و شانۆی کوردەواری) بکە حەسەن تەنیا ل٥٣.



بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردی لە قراڵیچەو جولەکەی کۆلگێڕەوە[1] بیگرە تا دەگاتە دایکی نیشتمان[2] و تێکۆشانی ڕەنجبەران[3] و زێڕین[4] و (شەوی کۆتایی)[5] و کارکردنی بە کەڵک...[6]

ئەمانە هەموویان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەلار تێ گرتن و تەشەردان بوون لەژیانی پڕ مەینەت و دژواری کۆمەڵ و بێ نگینی میللەت و کوێرەوەری خەڵک...

ئەو بابەتانە کە بۆ شانۆگەریی ساڵەکانی بیست تا دەگاتە کۆتایی چلەکان ئامادەکرابوون، لەگەڵ ئەوەشدا داڕێشتنەکەیان زۆر پتەو و پوخت نەبووە، بەڵام وەک بە ناونیشانەکانیاندا دەردەکەوێت هەموویان بۆ دەربڕینی ئەو ئارەزووە تاساوانە بوون، کە خەڵک پێیانەوە موبتەلاوگیرۆدە ببوون...

بزووتنەوەی شانۆگەری کوردی لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە تا ئێستا وەک قەیتانێکی ڕەنگاو ڕەنگ هاتووەو چەند بەرەو پێشەوە تەکانی دابێ ئەوەندەش قایم و ئەستوور بووە، لەگەڵ ئەوەشدا وەنەبێ تووشی نوکلی و تەگەرە نەبووبێ، لەبەر ئەوەی بە چاو نەترسی و چاپووکی هاتووەتە دنیاوەو دەستی تاساندن و خەفەکردن و داپلۆساندن ویستوویەتی سەرنوگمی بکات لەگەڵ ئەو هەموو تەگەرانەدا هەر نەیتوانیوە... لەباری بەرێ دیارە بەری ڕۆژ بە سێبەری دەستێکی ڕەش ناگیرێ...

حەز دەکەم خوێنەری کورد و بایەخدەرانی شانۆی کوردی ئەوە بزانن: ئەگەر شانۆی کوردی لەتەک شانۆی هەندێ وڵاتی دەرهاوسێیدا بەراورد بکەین، لە هەمان کاتیشدا باری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژێر دەسەیی و لەعنەت نامەی دابڕین و پارە بوون، ئەمانەی لەتەکدا بۆ بخرێنە تای ترازووەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هێشتا بزووتنەوەی شانۆگەری کوردی لە ئاست خۆیایەتی و بگرە زیاتریشە، خۆ ئەگەر ئەم بەراوردە لەتەک ئەو نەتەوانەدا بکەین کە بارودۆخیان وەک ئەوە ئەوا لەوە دڵنیا دەبین کە شانۆی کوردی یان شانۆگەریی کوردی سەرقافڵەی شانۆگەریی ئەو هەموو نەتەوانەیە کە وەک ئێمەن، لەمەشەوە دەستی ستایش و منەتباری بۆ ئەو نووسەرو هونەرمەندان و ڕووناکبیرانە کە بەم کارە پیرۆزە هەڵساون بە سنگمانەوە دەنێین...

## دەقی شانۆگەرییەکان

لەبەر ئەوەی تێکستی ئەو شانۆگەرییانە لەسەرەتای بزووتنەوەکەوە تا کۆتایی چلەکان یەک دوێکیان نەبن - گوایا بە چاپ گەێنراون - ئەوانی تریان پاش نواندنیان لەبەر هەر هۆیەک بووە – بەکاری خوێندنەوە نەهاتوون، یان ڕێگەی چاپ کردنیان نەزانیوە - سەرنوگم کراون و تەنانەت پارچەیەکیشیان لێ نەماوە...[7]

(١) (جولەکەی کۆلگێڕ) نووسینی شاعیری ناسراو «شێخ سەلام»ە گوایا ئەو چیرۆکەش دوا بەدوای «قراڵیچە»دا لە شاری سلێمانی نوێنراوە. مامۆستا «ئەمینی عوسمان» لە ساڵی (١٩٧٠)دا لە ڕۆژنامەی «التاخي»دا بڵاوی کردەوە، کە گوایا «جولەکەی کۆلگێڕ» چیرۆکێکی بە عەرەبی کراوەو «شێخ سەلام»ی شاعیریش بە کوردی ئامادەی بۆ شانۆ کردووە.

(٢) (دایکی نیشتمان) لە شاری مەهاباد لە ساڵی (١٩٤٨)دا نوێنراوە...

(٣) لە چیرۆکی (مەنوچەهری)ی ئیراهیم ئەحمەدەوە، وەرگیراوە، لە ساڵی (١٩٤٨) لە سلێمانی نوێنراوە.

(٤) (زێڕین) چیرۆکێکی درامییە، نووسینی: (ئەمینی میرزا کەریم)ەو لە ساڵی (١٩٥٩)دا لەسلێمانی نوێنراوە.

(٥) (شەوی کۆتایی) نووسینی «کەمال قەرەداخی»یە، دەرهێنانی درامی (مەکی ئازادە) لە ساڵی (١٩٦٠)دا لەسلێمانی نوێنراوە.

(٦) کارکردنی بەکەڵک نووسینی «ڕەفیق چالاک»ە لە ساڵی (١٩٥٩)دا لە سلێمانی نوێنراوە.

(١) بەقسەی پیبلۆگرافیای کتێبی کوردی - مامۆستا نەریمان - (دڵداری و پەیمان پەروەری) شانۆگەرییەکی دڵداری کوردەوارییە، لەشەش پەردەدایە، نووسینی: (ئەبوبەکر شێخ جەلال)ە و (٢٠)لاپەڕەیە، لە چاپخانەی مەعاریف لە ساڵی (١٩٤٣) چاپکراوە... (تەماشای پیبلۆگرافیای ناوبراو بکە ل٥٧. هەروەها شانۆگەریی (د ڕێیا دەولەمەند بوونێدا)

لەبەر ئەوە هەر لێکۆڵینەوەیەک یان هەر قسەیەک سەبارەت بەو شانۆگەرییانە جگە لە ناوەکانیان و ئاماژەکردن بۆ ساڵی نواندنەکەیان لەوە بەدەر هەر قسەیەک بکرێ بێ سەرو بەر دەبێ و نەکردنی چاکترە تا کردنی...

بەتێ ڕوانینێکی سەر پێیی و سەرنج دان لە گشت شانۆگەرییەکان بە چاپکراو و چاپ نەکراویانەوە دەتوانین بیانکەین بە چوار بەشەوە:

١- چیرۆکی خۆماڵی: وەک چیرۆکی (مەم و زین)[١] و (شیرین و خەسرەو)[٢] و (بارام و گوڵنەدام)[٣] و (شەریف هەمەوەند)[٤] و (مەحموود ئاغای شێوەکەڵ)[٥].

ئەم جۆرە شانۆگەرییانە لە کەلەپووری نەتەوایەتیمانەوە، وەرگیراون و ئامادەکراون و خراونەتە سەر شانۆ... بەڵام ئەوەندە هەیە لەو قاڵبەی کە بۆ ئامادەکردنەکە وەریان گرتووە ڕەنگە مەرجی هونەرییان تیا نەبووبێ بۆیە بەرگەی مانەوەیان نەگرتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە مەم و زینەکەی پیرەمێردە کە لەمەو دوا باسی دەکەین...

٤- چیرۆکی بیانی: ئەم جۆرە شانۆگەرییانە لە چیرۆکی بیانییەوە داڕنراون و لە قاڵبێکی شانۆگەریدا بە کوردی داڕێژراونەتەوە... ئەوجا تەمسیل کراون بۆ نموونە؛ چیرۆکی (صلاح الدین الایوبی)[٦] و (جەنابی موفەتیش)[٧] و (سەری گلۆڵەکە)[٨] و هی تریش...

٣- چیرۆکی نەتەوایەتی: ئەم جۆرە چیرۆکانە لە کەلەپووری نەتەوایەتی و خەبات و تێکۆشانییەوە، هەڵ هێنجێنراون، یان لە داستانی کۆنی کوردەوە وەرگیراون، وەک (شۆڕشی ئارارات)[٩] و (خنکاندنی

نووسینی حاجی جندی یە «هەمان سەرچاوە... ل٤». هەروەها (زمانی چویێ) نووسینی (جاسمی جەلیل)ە، (هەمان سەرچاوە ل٤٣) ئەم دوو شانۆگەرییە لە ساڵی (١٩٣٥)دا بەچاپ گەیشتوون، بەداخەوە نەکەوتنە بەردەستم.

(١) (مەم و زین)ی پیرەمێرد، لەمەم و زینەکەی ئەحمەدی خانییەوە وەری گرتووە، بەبۆنەی دامەزراندنی (جمعیەتی زانستی کوردان)ەوە لە ساڵی (١٩٢٦)دا تەمسیل کراوە، هەروەها لەساڵی (١٩٥٧)دا دووبارە تەمسیل کرایەوە، کاک (ئەمین میرزا کەریم) لەنواندنی (مەم و زین)ی ئەو ساڵەدا دەسکارییەکی هونەری تیا کردبوو، نووسەری ئەم دێڕانە ئامادەی نواندنی ئەم شانۆگەرییە بووە...

(٢) (شیرین و خەسرەو) لە نێوان ساڵی (١٩٢٧-١٩٢٨)دا پیرەمێردی نەمر لە چیرۆکەکەی خانای قوبادییەوە ئامادەی کردووە بۆ سەر شانۆ، بە قسەی کاک حەسەن تەنیا ئەم چیرۆکە لەساڵی (١٩٣٥)دا نوێنراوە - تەماشای (شانۆی کوردەواری) بکە ل(٥٦).

(٣) (بارام و گوڵنەدام) لە ساڵی (١٩٤٨)دا لەشاری مەهاباد تەمسیل کراوە، یەکێک لەبەشداربووانی (محەمەد توفیق وردی) بووە.

(٤) لە ساڵی (١٩٣٥) لە شاری سلێمانی دا تەمسیل کراوە.

(٥) (مەحموود ئاغای شێوەکەڵ) لە شاری سلێمانی تەمسیل کراوە... بۆ زێدە زانیاری تەماشای (شانۆی کوردەواری) ل٥٦ بکە نووسینی حەسەن تەنیا.

(٦) (صلاح الدین الایوبی) لە ساڵی (١٩٣٨)دا لە شاری هەولێر بۆ یەکەم جار تەمسیل کراوە، هەروەها لە شاری کۆیەو ڕەواندوزیشا نوێنراوە... دەرهێنەری ئەم شانۆگەرییە (دانیال عوزێر) بووە... لە چیرۆکەکەی (جرجی زیدان)ەوە وەرگیراوە.

(٧) (جەنابی موفەتیش) ئەم چیرۆکە نووسینی (یوسف العاني)یەو کاک ئەمینی میرزا کەریم کردوویەتی کوردی و لەساڵی (١٩٥٨)دا لە سلێمانی نوێنراوە.

(٨) (سەری گلۆڵەکە) ئەم چیرۆکە هی (گۆگۆڵ)ەو ئەمینی میرزا کەریم وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و لە ساڵی (١٩٥٧) لە سلێمانی خراوەتە سەر شانۆ...

(٩) (شۆڕشی ئارارات) تەمسیل کردنی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران بووە، لە ساڵی (١٩٤٦)دا لە مەهاباد نوێنراوە، هەروەها لەشاری (شنۆ)ش دا نوێنراوە.



دکتۆر فوئاد)[١] و (کاوەی ئاسنگەر)[٢].

دیارە نووسەر و هونەرمەندان هەستیان بەوە کردووە کە پاکترین سەرچاوەی کاری هونەری شانۆگەری، مێژووی خەباتی نەتەوایەتی و تێکۆشانە... هەموومان دەزانین مێژووی نەتەوەی ئێمە (بەخۆی) درامایەکی تراژیدی جیهانییە، چەند لێی هەڵبگۆزین هەر دوایی نایە...

٤-چیرۆکی دانراو: ئەم جۆرە چیرۆکانە زادەی بیری نووسەران خۆیانە... ئاوێنەی بیروڕاو هۆشیاری گەلی کوردە و نوێنەری بیرو هزری ئەو سەردەمەیە کە تیا سەر هەڵدەدات بۆ پاشە ڕۆژو نەوەی نوێ... هەروەها مۆرکی هۆشیاری نەتەوایەتی و ژیریمان بە نەتەوەکانی تر دەگەیەنێ، وەها بیری کوردی دەوڵەمەند دەبێ و ڕەویەو نێگای تایبەتی بۆ خۆی دەنەخشێنێ و دەبێتە مایەی پەیدا بوونی ئەدەبی شانۆگەری و درامای کوردی...

هەندێ لەو چیرۆکانە لە داستانەکانی کوردەوە هەڵهێنجراون، هەر چەند ئەو جۆرە درامایە دەبوونە هۆی گەشەکردن و پەرەپێدانی هزری کوردی، لەگەڵ ئەوەشدا نەدەگەیشتنە ڕاددەی ئەوەی شیاوی هەڵگرتن و لەچاپدان و خوێندنەوە بن، بۆیە دوا بەدوای نواندنەکەیان بێ سەرو شوێن دەبوون و جگە لە ناوەکانیان شوێنەوارێکیان نەدەما...

بۆ نموونە (دڵداری و پەیمان پەوەری)[٣] و (لەرێی نیشتمانا)[٤].

شانۆ لە هەر شوێنێکدا سەری هەڵدابێ ئەو شوێنە مەناخێکی وای تیا سازبووە کە زەمینەی چەکەرەکێشانی ئەو هونەرە هەموو نەژادەکانی و جۆرەکانی ئەدەب خۆیان تیا مشت و ماڵ دابێ، سەرهەڵدانی ئەمانەش بەندە بە ژیانی ئاسوودەیی و پەرەسەندنی ڕووناکبیری و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و توانای وەرگرتنی کۆمەڵ، هەر چەند ئەم مەرجانە لە هەموو ڕوێکەوە لە شاری سلێمانیدا نەهاتبوونە دی؛ بەڵام لە چاو شارەکانی سەرانسەری کوردستاندا لە هەموویان پتر چاوکراوەو گەشاوەبوو، جگە لەمەیش دەورودەری تایبەتی ناو شارو سایکۆلۆژیەتی خەڵکەکەی و دووربوونی شارەکە لە چەپۆکی داگیرکەران و جۆری پێکهاتنی کۆمەڵەکە، ئەمانە هەموویان پەلەیان لە هێنانە ئارای بزووتنەوەکە کردو سەریان بۆ کەلی ئاسۆی هونەرەکە دانەواند، ئەویش لە پشت سەریانەوە خەرمانەی دا...

## بزووتنەوەی شانۆگەری لە شارەکانی تردا

بزووتنەوەو پەیدابوونی شانۆگەریی کوردی لە شاری سلێمانیدا هێشتا لەگڕوگاڵ کردندا بوو لە شاری هەولێر و کۆیە و مەهابادیشدا سەری هەڵدا، من لێرەدا ناتوانم بەدڵنیاییەوە بڵێم هەر ئەو تیشکەی سلێمانی بوو شەوقی لەو شارانەشدا دایەوە، بەڵام دەتوانم ئەوە بێژم کە ئەوانەی لە شارەکانی تری کوردستاندا خەریکی ئەو کارە هونەرییە بوون، لە بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردی لە شاری سلێمانیدا بێ ئاگا نەبوون، هەمیشە تێکەڵاوی و گۆڕینەوەی ڕووناکبیری لەنێوانیاندا بەردەوام بووە، بۆیەش لەم قسەی خۆمە دڵنیام چونکە بەپێی زنجیرەی ڕۆژگار شاری کۆیە پاش شاری سلێمانی بەدووەم مەڵبەندی

(١) (خنکاندنی دکتۆر فوئاد) لە ساڵی (١٩٤٦)دا لە شاری مەهاباد (تیپی نەوجەوانانی کورد) نواندوویانە... بە قسەی (محەمەد تۆفیق وردی) ئەو دەوری دکتۆر فوئادی وەرگرتووە...

(٢) (کاوەی ئاسنگەر) کامەران موکری ئامادەی کردووە بۆ شانۆ، لە ساڵی (١٩٥٨)دا لە سلێمانی نوێنراوە.

(٣) (دڵداری و پەیمان پەروەری) نووسینی مامۆستا (ئەبوبەکر هەوری)یە لەساڵی (١٩٣٣)دا لە سلێمانی نوێنراوە.

(٤) (لەرێی نیشتمانا) بەبۆنەی بوومەلەرزەکەی پێنجوینەوە ئامادە کراوە... (کامەران موکری) دەستێکی باڵای تیا هەبووە «شانۆ و شانۆی کوردەواری ل٥٨». حەسەن تەنیا.

سەرهەڵدانی شانۆگەریی کوردی دەژمێردرێ، ئەوە بوو لەساڵی (١٩٢٨)دا چەند شانۆگەرییەک لەژێر چاودێری مەلا محەمەدی کۆیەدا تەمسیل کران، لە ساڵی (١٩٣١)دا شانۆگەریی (کچی کوردستان)ی تیا نوێنراوە.

لەو ڕۆژەوە تا ئێستا خەڵکی ئەم شارە وازیان لەم کارە هونەرییە نەهێناوە...

هەروەها لەساڵی (١٩٣١)دا لە شاری هەولێر چیرۆکی (کچی کوردستان) بۆ یەکەم جار تەمسیل کراوە، زۆربەی ئەکتەرو سەرپەرشتی کەرانی نواندنی ئەو چیرۆکە ڕووناکبیرانی کۆیە بوون... لە ساڵی (١٩٣٤)دا چیرۆکی (نیرۆن) نوێنراوە، لە پاشدا براوەتە شاری ڕەواندوز... هەروەها لە ساڵی (١٩٣٨)دا چیرۆکی (صلاح الدین الأیوبی) بۆ یەکەم جار تەمسیل کراوە... ئەم شانۆگەرییە بەر لەوەی لە هەولێر بخرێتە سەر شانۆ لەساڵی (١٩٣٥) لە شاری (کۆیە)دا تەمسیل کراوە، لە نواندنەکەی کۆیەو هەولێردا مامۆستا (محەمەد حوێز - حەمە ڕەش)[١] بەشداری تیا کردووە... (دانیال عوزێر) و ژنەکەی[٢] کارێکی سەرەکیان لە نواندنی ئەو دوو شانۆگەرییەدا گێڕاوە...

شانۆگەرییەکان بە هەمان ناو و هەمان بابەت کە لە کۆیەو هەولێر نوێنران بە هەمان ناو و بابەت لە سلێمانیش نوێنرا بوون، لەمەوە مرۆڤ یەکسەر وای بۆ دەچێ کە هەمان بزووتنەوە بووەو بەزنجیرە ئاڵقەیەک...

شاری مەهاباد سێیەم مەڵبەندی بزووتنەوەی شانۆگەریی کوردییە، پاش دامەراندنی (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان) پێش بڕیاردانی جمهوریەتی مەهاباد و پاش بڕیاردانی، شانۆ هۆیەکی گرنگ بووە بۆ جۆش دانی گیانی نیشتمان پەروەری، بۆیە لە ساڵی (١٩٤٥)دا (تیپی نەوجەوانانی کوردستان) دامەزراو دوای دامەزراندنی چەند چیرۆکێکی شانۆیی تەمسیل کران، هەرە گرنگەکانیان (دایکی نیشتمان) و (شەڕی نێوان کورد و فارس) و (شۆڕشی ئارارات) و (شێخ سەعیدی پیران) بوون[٣].

(کۆمەڵەی.ژ.ک) هەر بەو نواندنە وازیان نەهێناوە، بەڵکو تەرمێکیان دروست کردووەو بەناو شاری مەهابادا گێڕاویانە تا گەیاندوویانە مەیدانی (چوارچرا) لەوێ سەری تەرمەکەیان لاداوەتەوەو پیرێکی ڕیش سپی لێی هاتووەتە دەرەوە کە گوایا ئەوە «حاجی قادری کۆیی»یە، ڕووی کردووەتە خەڵکەکەو وتوویەتی:

(تا ڕێک نەکەون قەبیلی ئەکراد    هەروا دەبنە خەرابە ئاباد)[٤]

ئەوەی شایانی باس بێ (پێشەوا – قازی محەمەدی نەمر) خۆی سەرپەرشتی (تیپی نەوجەوانانی کوردستان)ی کردووە[٥].

(١) لە دانیشتنێک دا لەتەک مامۆستا محەمەد حەوێز ساڵی (١٩٧٧) دانیشتنەکە لە ماڵی خۆمان لە هەولێر بوو.

(٢) مامۆستا (جەواد ڕەسول) گەلێ جار لە بارەی دانیال عوزێر و ژنەکەیەوە، لەسەر تەمسیل کردنی (صلاح الدین) قسەی دەکرد، ژنەکەی دانیال یەکەم ئافرەت بووە کە بەشداری لە تەمسیل کردندا کردووە، ئەو دەیوت ئێستا لە دواناوەندی هەولێر شت و مەکی ئەو ئافرەتە کە خۆی پێی رازاندبووەوە ماوە، بۆ ئەو مەبەستە هەوڵم دا ئەو شتانە وەدەست خەم بەڵام دێز پەرستێک بوو بە تەگەرم وابزانم هەر ئەو فەوتاندنی... لە ڕۆژی خۆیدا ئەم راستییە بۆ خەڵک بڵاو دەکەمەوە...

(٣) گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ژمارە (٣–٤) ل(٣٠) (کۆمەڵەی ژیانی کوردستان) وتارو وەرگێڕی (حسین جاف).

(٤) بەیتە شیعرێکی حاجی قادری کۆییە.

(٥) لە هەمان دانیشتندا لە تەک مامۆستا (محەمەد توفیق وردی)دا، ساڵی (١٩٧٠) چاپخانەی پەرلەمان - شارع الرشید - بەغدا.



## درامای کوردی ڕەوت دەکات

شانۆ فەرهەنگی هەموو لقەکانی هونەر و ئەدەبە لەو شوێنەدا پەرە دەسێنێ کە هەموو لقەکانی تری ئەدەب و هونەر پەرەیان سەندبێ، ئەو وەختە شانۆ دێ هەموویان کۆ دەکاتەوەو وەک بووکێکی ڕازاوە خۆی پیشانی جەماوەر دەدات...

شانۆی ئاسایی کۆمەڵە مەرج و نەژادێکی تایبەتی هەیە، بەو مەرج و نەژادانەوە لە بەشەکانی هونەر و ئەدەب خۆی جیا دەکاتەوە، شانۆگەری هیچ وڵاتێک نەبزووتووە ئەگەر بەر لە بزووتنەوەکەی زەمینەیەکی پتەوی ئەدەبی و هونەری بەپێزی بۆ خۆش نەکرابێ... کە شانۆ لەو زەمینەدا چەکەرەی کێشا هەموو بەشەکانی ئەدەب و هونەریش لە تەکیا دەگەشێنەوەو شان بەشانی یەکتری پەرەدەسێنن...

شانۆگەرییەکانی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەو هونەرە تا ساڵەکانی شەست هەموو (سەرپێیی) و ساوا بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بزووتنەوەیان دروست کردووەو بناغەیەکی پتەویان دامەراندووەو جێ پەنجەی خۆیان لە خەرمانەی بزووتنەوەکەدا هێشتووەتەوە.

چیرۆکەکانیش (دراماکان) هەر چەند ئەوانیش هەر (سەرپێیی)ی بوون کەچی بوون بە کازێوەی ئاسۆی بەرینی هەڵهاتنی درامای کوردی، کە ئێستا کاروانی درامای کوردی بەرێگەوەیە بەرەو لووتکە ڕەوت دەکات و چاوی بڕیوەتە پاشە ڕۆژێکی ڕووناک...

## رایەکی نابەڵەد...

من ئەو ڕایە بە ناپەسەند و نابەڵەد دەزانم کە پێیان وایە گەمەو یاری و وازی و شین و زاری و چەمەری گێران بۆ مردوان جۆرێکن لە جۆرەکانی شانۆگەری، دیارە ئەوانەی کە لەسەر ئەو ڕایەن یان لە شانۆ تێ نەگەیشتوون یان سەبارەت بەو بابەتانە واتە بابەتی جۆرەکانی یاری نەزانن، چونکە ئەو بابەتانە هەر یەک جۆرە چالاکییەکی ئادەمی تایبەتن، هەر یەک بەپێی بابەتی خۆی سەر بە زانستێکی سەربەخۆیە... بۆ نموونە: گەمەو گاڵتەو گەپ، یاری و وازی کردن بابەتی تایبەتی خۆیان هەیە و سەر بەزانستی سایکۆلۆژییەتە، لەلایەکی ترەوە سەربەزانستی فۆلکلۆرن...

زانایانی سایکۆلۆژیەتن گەلێ لە گەمە و یاری ئادەمیزادیان کۆڵیوەتەوەو لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوە چەندان تیوری جۆراوجۆریان لێ هەڵهێنجاوە، هەر تیورێک هەوڵی داوە بەپێی بۆچوونی خۆی ڕاڤەی گەمەکردن بکات...

ئەوەی چاوێکی سەرپێیی بە زانستی سایکۆلۆژی منداڵاندا بگێڕێ بۆی دەردەکەوێت ئەو جۆرە چالاکییە، زانایان چەندان پێناسەو لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردووە چەندان جۆریشی هەیە نە ئەوان بە جۆرێک لە جۆرەکانی شانۆیان زانیوە، نەزانایانی درامایش گەمەیان بە جۆرە شانۆگەرییەک داوەتە قەڵەم...

هەروەهاش زانایانی فۆلکلۆر جۆرەکانی یاری و گەمەیان بەو چاوە تەماشا نەکردووە...

ئەوانەی کە پێیان خۆشە وابێ وا دەزانن سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هونەرە لەهەندێ وڵاتداو دواکەوتن و درەنگ سەرهەڵهێنانی لە وڵاتی ئەواندا، ئەو وڵاتە بەرز دەکاتەوەو ئەمی تر نزم، جا بۆ ئەوەی سنگی خۆیان بەرنە پێشەوە پەنا دەبەنە بەر گەمەو یاری و هەندێ ڕەویەی پرسەو سنگ کوتان بۆ مردووان و وا بەخۆیان دەسەلمێنن کە ئەوان نەک لە میللەتانی تر کەمن بەڵکو پێش هەموو میللەتێک کەوتوون...

جا ئەگەر بێت و وابێ دەبێ هونەری شانۆگەری لەو ڕۆژەوە بزووتبێ کە گەمە دروست بووە و

چاوەشـارکـیش جـۆرێکی پێـشـکەوتووی ئەو هونەرە بێ شین و زاری کـردنیش یان کـەژاوە ڕازاندنەوەو چەمەری کێشان لە یادی پێشینان دا - کە لەلای هەندێ گەلان باوە - زانایانی ئایین و میـتۆلۆژیا گەلێ لێکۆڵینەوەیان لەسـەر کـردووە، هیچ لێکۆڵینەوەیەک تاکە ئاماژەیەکی بۆ ئەوە نەکـردووە کـە ئەو شین و زاری کردنە جۆرێک بێ لەشانۆگەری...

بەڵێ هونەری شانۆ وەک لە پێشەوە زانرا لە جەژنە ئایینییەکانی (دیونیسۆس)ەوە دروست بوو بەڵام کـە ئەو جـۆرە ئاهەنگانە، لە کـەوڵی ئایین و نزاکـردن چوونە دەرەوە ئەو وەخـتـە کـاڵای هونەریان بە باڵادا بڕا... تا لە کـەوڵی ئاییندا بوون لە ئامـێزی پیـاوە ئایینییـەکـاندا گڕوگـاڵیـان دەکـرد کە بـوون بە هونەری شانۆگەری موغان و پیاوە ئایینییەکان دژی ڕاوەستـان و بەچاوێکی کەم تەماشایان دەکـرد، هەروەها لە ئەوروپاشدا کە هونەری شانۆگەری لە کۆت و زنجیری ئایین بەربوو، ئەوجا بوو بە هونەرێکی سەربەخۆ، پیاوە ئایینییەکانیش دژی ڕاپەڕین ئەم دژایەتی تا ئێستاش هەر ماوەو لە کوێ پیاوی ئایینی هەبن دژ بەم هونەرە بەرزەن یان هیچ نەبێ حـەزی لێ ناکـەن... بەڵێ هونەری شـانۆ دووپات کـردنەوەی ڕووداوە بەشێوەیەکی هونەری، یاری و گـەمەش دووپات کردنەوەی ئەو هەڵوێستـانەی تیایە کە مـرۆڤ لەماوەی ژیانیـدا تاقی کـردوونەتەوە... هەندێ نەژادی شانۆ گـەمە و یـاری دەچن بەتایبـەتی بەشی (کـۆمـیـدیا)ی، لەبەر ئەم لێک چوونەیە لە زمـانی ئینگلیـزیدا هەندێ جـار بە شـانۆگـەری دەوترێ (Play) لەمـانـای زمـانەوانیـدا ئەم وشـەیە بە بزوتن و گـەمـە دەوترێ، لەمـەشـەوە بڕێ جـار بە گـەمەکـەر و ئەکـتـەر دەوترێ (player)، ئەمە وەختێ وایە، کە لە هەڵوێستی تایبەتیدا ئەو دوو وشە بەکاربێن... دەنا لە خودی خۆیاندا مـانای گـەمـەو گـەمـەکـەر دەگـەیێن... بۆیە هەندێ کـەس بە هەڵەدا چوون، کـە دەڵێن گـەمـە بناغـەی شانۆگەرییە...

(دکـتـور علي الزبيدي) قسەیەکی جوان دەکات کە دەڵێ: «کەلەپووری نەتەوایەتی تا ڕاددەیەک وەک هونەری شـانۆ وایە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بەناوی هونەر و ئەدەبەوە نەخـولـڤـاون، بەڵام ئەوەندە هەیـە هەست و هزری خەڵکیان ئامادە کردووە کە هونەری شانۆ لە ئامێز بگرن».

هەروەها دەڵێ: «لە ڕاسـتـیـدا لێکۆڵەرانی درامـا هەمـوو لەسـەر ئەو باوەڕەی (دوکـتـۆر مـحـەمـەد مەندوور)ن کە دەڵێ: تا ئێستـا کـەس نەی وتووە ئەو جۆرە چالاکـیـەی فـیـرعـەونەکان و بابلییـەکـان و عـەرەبەکـان - کـە وەک تەمـسـیل کـردن وابووە - جـۆرە ئەدەب و شـانۆگـەرییـەکی وانە بچنە ڕیزی هونەری شـانۆگـەری گـریک و ئەوروپای ئەمـڕۆوە، بەڵام ئەوەنـدە هەیە ئەو جـۆرە شین و زاری و چەمـەری گـێـڕانە سوودێکی مێژوویی و ئەدەبی وایان هەیە کە جەماوەر هەڵ بنێ بۆ باوش کردنەوە بۆ هونەری شانۆگەری با بەچاوێکی کەمیش تەماشای بکەن»[1]

## پایە سەرەکییەکانی شانۆگەری

هەمووومان دەزانین کە هونەری شانۆگەری خەرمانەی سەرجەمی هەموو لقەکانی ئەدەب و هونەرەو لەسەر چەند پایـەیەکی سەرەکی دامەزراوە، هەر پایـەیەک لە چەندان نەژادی ڕەنگاو ڕەنگ پێک هاتووە... ئەمـە پایە سەرەکییەکانن:

١- تێکست: ئەو پڕۆژە هونەرییە هزرییەیە کە نووسەر تیایا بڕیاری پەیکەری گشتی شانۆگەرییەکەی داوە، لە ناو ئەو نەخشـەدا جـیـهـانێکی زەیینی بەهۆی دایلۆگـەوە کـە دەسـتـەبەری سـەرەکی بنیـاتنانی شانۆگەرییە تیا خولڤاوەو چاوەڕوانی دەرهێنەرێک دەکات کە گیـان بەبەریدا بـکات و لەناو ئەو کوپەڵە

(١) المسرحية العربية في العراق - محاضرات: الدكتور علي الزبيدي - ل٤.



تەسک و تروسکەدا - وەک دێوەکەی ناو کوپەڵەکەی سلێمان پێغەمبەر - دەری بهێنێ و گۆشت و گیانی بە بەردا بکات و بیخاتە کار...

٢- دەرهێنان: دەرهێنان واتە ڕزگـارکردنی ئەو دیوەیە کە نـووسەر لەناو کـوپەڵە هونەرییەکـەدا؛ دوای نەخشـاندن حەشاری داوە، دەرهێنەر سەری کۆپەڵەکە بە ئاستەم و نەرم و نیـانی لادەداتەوەو مەخلوقاتی ناو تێکستـەکە دەهروژێنێ و جیـهـانە زەیینیـیـەکە دەکاتە جیـهـانێکی بەرجەسـتە و بینراو، هەر یەک کاروباری خۆی دەداتە دەست و هەر یەکەیش ئەنجامی ڕەوت و ڕەفتاری دەخاتە ئەستۆی خۆی...

٣- ئەکـتەر: بوونی ئەکـتەر مەرجێکی سەرەکییە بۆ هونەری دەرهێنان... بەهۆی ئەکـتەرەوە نواندن دێـتە ئاراوە، نواندنیش نیـشـاندانی کـەسـێـتی و هەست و سـۆز و ڕک و کـینە و حـەز و ئـارەزووەکـانە، ئەگـەر ئەکـتـەر نەبێ نواندن نابێ، بەبێ نواندنیش ئەو وشە ڕەنگینانەی نووسەر کە خراونەتە سەر ناوی کەسانی ناو درامـاکە کە هەمـوویش هێـمـای زەینین؛ نابنە ڕووداو و کـارەسـات و کـات و شـوێن و خـوێنی ئادەمی ناکەوێتە ناو دەمارەکانی لەشیانەوە...

٤- جەمـاوەر: ئەو جیـهانەی کـە نووسەر لەناو دەقەکـەیدا خولقاندوویەتی دەرهێنەر دەیخـاتە ڕوو، ئەمە هەمـوو بۆ جەماوەرە، بۆ ئەوەی خۆی لەو جیهانەدا بدۆزێتەوەو زاخاوی دڵ و دەروونی خۆی بداتەوە، سەر لە نوێ چاوێک بە خۆیدا بگێڕێتەوە، هۆشیار و وریاتریش ببێتەوە...

ئەمە بە کـورتی پایەکانی شانۆ بوون، هەر پایـەیەک لەو پایانە چەندان لق و پۆپی تری لێ دەبێتەوەو لە چەندان نەژادی تر پێک هاتووە...

کـەی گـەمـەو یاری کردن و شین و زاری و چەمـەری گێڕان ئەو پایانەی تیـا کۆبـووەتەوە تا پێـیـان بوترێ شـانۆگـەری، جـا ئەگـەر وابێ دەبێ شـانۆگـەری سـەرەتای مـێـژووی دیار نەبێ و لە مـاناکـەی خـۆی بشۆدرێتەوە...

# درامای کوردی

## هەنگاوی دووەم...

گەلێ بە دوای سۆراخ کردنی ئەو شانۆگەریانەدا کە لەسەرەتای بزووتنەوە تا ساڵەکانی پەنجا گەڕاین، چ تێکسـتـێـکی وەهام دەست نەکـەوت کـە ڕێگەی چاپکردنی گـرتبـێـتـە بەر و کـەوتبـێـتـە بەر دەسـتی خوێندەوار، تا ئێمەیش بێین بیکەین بە نموونەو هەندێ لەسەری بکۆڵینەوە...

لێرەدا دەبێ ئەوە بوترێ کە تێکستی شانۆگەری لە هەمـوو جیهاندا خوێندەواری کەمە، جگە لەوەش ئەم جۆرە ئەدەبە تا ئێسـتـاش لەلای ئێـمـە ئاشنایی کـەمـە، تەنانەت تا ئێسـتـاش تیـپـە هونەرییـەکان گـەلێ شـانۆگـەری دەنوێنن کـەچی تاک و تـروکـیـان نەبێ لە چاپ نادرێن ئەوەش یان لەبەر ئەوەیە بە کـەڵـکی خوێندنـەوە نایەت یان لەبەر ئەوەیە ئەرکی چاپکردنی گـرانە و وەک وتمان خـوێندەواریشی کـەمـە یـان تیـپـە هونەرییەکان پاش دۆشینی مەحفی دەکەنەوە...

چاکـترین تێکسـتی شانۆگەری ئەو «دراما»یەیە کە بە کـەڵکی هەردوو لابێ و چەند بنوێنرێ وەک زێڕ پاڵـفـتـەتر ببێ هەر لە چێـژی خـۆی نەکـەوێت و لە چەندان لایەنی جـۆراو جـۆرەوە تێـڕوانینی دەرهێنەران ڕابکێـشێ ئەگەر وابێ مـانـای وایە هونەری درامـا دروست دەبێ و شـان بە شـانی ئەدەب لە قـوتابخـانەو

زانکۆکاندا دەخوێنرێ و ئەو کاتەش دراما گەشەدار تر دەبێ و جێگەی خۆی دەکاتەوە...

هونەری شانۆگەری و درامای کوردی تا ساڵی (١٩٨٧) لە زانکۆکاندا ئاوڕی لێ نەدرابووەوە، ڕەنگە ئەو ئاوڕ نەدانەوەش لەبەر نابەڵەدی مامۆستایان بووبێ بۆیە خۆیان لەو بوگارە نەداوەو، ئیتر ئەو لایەنە ئەدەبی و هونەرییە هەر وا «وەک هەتیوی بێ پدەر» مایەوە، ئەمە وابوو تا لەم دواییەدا «کاک عەزیز گەردی» نووسەر و بلیمەت، هات لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر درامای کوردی نووسییەوە، وەک کۆمەڵە وانەیەک پێشکەشی قوتابییەکانی کۆلیجی ئادابی بەشی کوردی زانکۆی سەلاحەدینی کرد، ئیتر لەم ساڵەوە درامای کوردی لەلایەن زانکۆوە ئاوڕی لێ درایەوە...[1]

## لەدایک بوونی یەکەم درامای کوردی

ساڵی (١٩٥٢) ساڵی لە دایک بوونی درامای کوردییە... لەم ساڵەدا درامای کوردی وەک دەقێکی لەچاپ دراو بۆ خوێندنەوەو نواندن خۆی لە چاپخانەدا ئارایش کردو چاوی کەژاڵی لەبەر ئاوێنەی چاپخانەدا ڕەشت، ئەو بووکە ڕازاوەیە بوو بە پێشەنگی کاروانی دراماو نازناوی (کارکردنی بە کەڵک)ی لەخۆ ناو، ڕەشووی ئەو پێشەنگە بەخامەی مامۆستا (ڕەفیق چالاک) ڕازابووەوە...

لەو ساڵەوە بەدوا درامای کوردی لە چاپ دراو بەرەو یاڵی ڕەنگاورەنگی هونەری شانۆ ڕەوت دەکات دەیەوێ خۆی بڕەخسێنێ و خۆی بخاتە ناو ناوانی ئەدەب و هونەرەوە...

لەمەو پاش بەپێی زنجیرەی ڕۆژگار، کورتەیەک لەو دراماYانەو هەندێ تاوتووکردن لەسەریان دەخەینە پێش چاو... بۆ هەر دراما نووسێک بەرهەمی یەکەمی دەخەینە پێش چاو.

١- **کارکردنی بە کەڵک** (١٩٥٢) نووسینی ڕەفیق چالاک (١٩٢٣-١٩٧٣)[2]

ژیانی خۆی بۆ ئەدەب و هونەری کوردی تەرخان کردبوو، یەکێک بووە لەو ڕووناکبیرانە کە هەوڵی داوە نەتەوەکەی لە بارەی خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەوە پێش بکەوێ «لە ساڵی (١٩٣٤)ەوە خەریکی خوێندنەوەی هەموو جۆرە بابەتێکی زانیاری بووە هەتا ئەمڕۆ»[3] یەکێک بووە لە شۆڕە سوارانی مەیدانی شانۆگەریی کوردی و خۆیشی گەلێ شانۆگەریی بۆ ئێسگەی کوردی نووسیووەو خۆیشی ڕۆڵی سەرەکیانی گێڕاوە...

ئەمە پوختەی درامای: (کارکردنی بەکەڵک)ە

...شوێن گوندێکە... وا لەو گوندەدا: شەریف مات و دۆش داماوە، کێخا فەتاحی پوورزای کەوا دەیبینێ لێی دەچێتە پێشەوەو پێی دەڵێ:

«فەتاح: ئەوەچی لێک ئەدەیسو؟ یەژی کۆست کەوتگە دوور لە سەری قالە! بۆ ناخەنی گەوجە؟»[4]

فەتاح بۆی دەردەکەوێت کە خێزانەکەی شەریف و قالەی کوڕی و منداڵەکانی تووشی لەرز و تا بوون پەرێشانن... کە فەتاح ئەمە دەزانێ لەتەک شەریفدا پێکەوە دەچنە لای نەخۆشەکان...

لە فەسڵی دووەمدا: ڕەخنە لە داب و ڕەویەی ئەو سەردەمە دەگرێ و لەلایەکەوە نوشتەی لەرز و تا

(١) پەخشانی کوردی... ئامادەکردنی ... عەزیز گەری ١٩٨٧ چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر.

(٢) پیپلۆگرافیای کتێبی کوردی مستەفا نەریمان ل٦٨.

(٣) کارکردنی بە کەڵک ل٤.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٩٠.



برین کە مەلا ڕەحیم سەر قەڵەمانەی زۆر وەردەگرێ و لەلایەکی ترەوە... ئەو برین پێچە (موزەمبیل) کە کاری چارەسەرکردنی نەخۆشییە؛ دەرمانەکانی بە پارەو شت دەدا بە خەڵک: «برا حەپێکی سپی ئەدا وە سێ هێلکە ماڵی برمێ... سوورەکەش وەدوان».

شەریف قینی لەمەلا دەبێتەوە چونکە سەرقەڵەمانەی نوشتەکەی یان مریشکێکە یان گیسکێ یان کەللە قەندێ و هەندێ تۆ چاییە...

دیارە ئەو برین پێچە لە شار داوا کراوەو لە کار لادراوە، چاوەڕوان دەکرێ یەکێکی تر ڕەوانەی ئەم گوندە بکرێ، وا ئەو خێزانە نەخۆشە چاوەڕوانی هاتنی برین پێچێکی تر دەکەن و ئەوانیش وا دەم دەم بەدەنیان وەک کورەی ئاسنگەر دەدەمێنێ و؛ وڕاوەی بێ سەروبن دەکەن، قالە وا بڕیارە بەو زوانە ببێ بە زاواو گۆڤەند بگێڕێ کەچی تاو لەرز وا گۆڤەندی خۆی لە لەشیا گەرم کردووەو بەدەمییەوە دەنرکێنێ...

لە فەسڵی سێیەمدا: کوێخا فەتاح؛ گوڵچین دەنێرێتە لای ئەو خێزانە نەخۆشەو خۆیشی چاوی لە ڕێیە کە برین پێچەکە بگاتە جێ؛ وا نزیک بووەوە، فەتاح خۆی ئامادە کردووە کە پێشوازی بکات و بە پەلە بیباتە ماڵی شەریفی پوورزای...

لە فەسڵی چوارەمدا: برین پێچ دەگاتە دێ و دەبرێتە ماڵی شەریف، کە زانی ئەو خێزانە هەموو نەخۆشن دەست بەجێ دەرمانیان بۆ دەنووسێ و دەرزیان لێ دەدا، هەر ئەو کاتە داوا لە کوێخا فەتاح دەکات کە خۆی و خەڵکی گوندەکەی خۆیان ئامادە کەن بۆ سووتاندنی سەنێرگاکان و پڕکردنەوەی زەلکاوەکان کە ببوونە شوێنی گرا دانانی ئەو جۆرە مێشوولانە کە خەڵک تووشی لەرز و تاو مەلاریا دەکەن...

کوێخا کە زانی ئەم برین پێچە وەک ئەوەی پێشوو نییە، ئەم دڵسۆزەو خەمی خەڵکی لەبەرە، قسەکانی لەگوێ گرت...

لە کۆتایی دراماکەدا... نووسەر بەخۆی ئەنجام دەداتە دراماکەو دەڵێ: «چەند ڕۆژێکی پێ نەچوو، مامۆستا هات، قوتابخانە دامەزراو مضمدی دڵسۆز دەستی کرد بە دەرمان کردن و ڕێگا پیشاندانی لادێییەکان...»[1]

دیارە ئەم مضمدە دڵسۆزە و لە تەک ئەو مامۆستایەدا لە پێناو خزمەت کردنی خەڵک خۆیان خەریک کرد...

### چەند سەرنجێک

١- ئەو دایلۆگە کە بەکار هاتووە زۆر جوان و ڕەوانە، ئاوێنەی بێ گەردی هەست و خوایشی پاڵەوانەکان دەنوێنێ کە هەموو لادێیین گفت و گوتارەکانیان وەک خۆیان بێ گرێ و سادەو سفتن... چونکە لەسەر زاری ئەوان داڕێژراوە...

٢- بابەتی دراماکە (کارکردنی بەکەڵک)ە؛ پیاو بە کار پیاوە، کار یان بۆ خزمەتی خەڵکە و بێ خەوش و خاڵە، یان بۆ تەسەل بوونی ئارەزووی تاکە کەسێکە و تەسک و تارە... مەلا ڕەحیم و مضمدی گوند کە ناوی غەفوورە هەردووکیان هەر بۆ گیرفان پڕکردنی خۆیان هەوڵ دەدەن دەربەسی کەسی تر نین، کەچی مضمدی دووەم و مامۆستای قوتابخانەکە لە خۆ بوردەن و بۆ خەڵک هەوڵ دەدەن و بەختەوەری خەڵکیان دەوێ... خەڵکی لادێ چەند سادەبن پیاوی خۆ پەرستیان لێ هەڵدەکەوێ، مەلا ڕەحیم، ئەگەر

(١) کارکردنی بەکەڵک... ل٢٣.

لەوان بێ نموونەی ئەو جۆرە کەسانەیە، دیاری مضمدی پێشوو لە شار فێری بەرتیل وەرگرتن بووە، کەچی مضمدی دووەم هەر لە شارەوە هات ئەمیش هەوڵ و تێکۆشانی خزمەت کردنی خەڵک بوو...

٣- دراماکە سادەیەو لە بارەی چنین و پلۆتەوە لاوازە، کەچی باسی بابەتێکی مرۆڤانە دەکات و جوان چووەتە ناو باسەکەیەوە...

٤- چیرۆکەکە لە کۆتاییدا بەرەو کزی دەڕوا، لە کاتی تەواو بوونیا نووسەر خۆی دێتە ئاخاوتن و کەسانی دراماکە دەمکوت دەکات و خۆی لە جیاتیان وەک مەلایەک دەیەوێ وەعزو ئامۆژگاری بدا.

نووسەری دراما نابێ بەهیچ جۆر خۆی تێکەڵاوی هەڵس و کەوتی دراماکە بکات... هەروەها دەبێ واز بێنێ خوێنەر یان بینەر خۆی ئەنجامی دراماکە هەڵ بهەنجێنێ...

**٢- ئافرەت و نویشتە (١٩٥٦)**

ئەم درامایە نووسینی «کامیل ژیر»ە و لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی گەلاوێژ... لە ساڵی (١٩٥٦)دا لە چاپخانەی مەعارف - بەغدا - لە چاپ دراوە...

«ژیر» نووسەری «ئافرەت و نویشتە»یە[١] ئەم نووسەرە تا ئێستاش هەر خەریکی بەرهەم هێنانی ئەدەبە، شاعیرێکی ناسراوە... بەڵام جگە لە ئافرەت و نویشتە لە بواری درامادا بەرهەمی تری چاپکراوی بەرچاوم نەکەوتووە.

ئافرەت و نویشتە دووەم درامای کوردی لە چاپدراوە؛ بەڵام یەکەم شانۆگەریی کۆمیدی کوردییە...

پاڵەوانی سەرەکی دراماکە «حەمەوە فەنی»و «گیلاس»ـە. جگە لەو دوو پاڵەوانە چەند کەسانێکی تریشی تیا دەبینرێن... وەک: ئاسکۆل خان، ئافرەتێکی بەساڵاچووە... گەلاوێژخان... ئافرەتێکی گەنجە... کابرایەک: نویشتە نووسە... خانە کارەکەری ئاسکۆڵە...

پەردەی یەکەم: شوێن ماڵی حەمە وەفەنییە... پەردە لادەدرێتەوە... حەمە وەفەنی و گێلاسی ژنی دەردەکەون، گێلاس خان خەون زۆر دەبینێ و بۆ هەر خەونێک کتێبێک دەگرێتەوە[٢].

هەر کتێب گرتنەوەیەک چوار پێنج دیناری دەویست، مەعاشەکەی حەمە وەفەنی هەر بەشی کتێب گرتنەوەی گێلاس خانی دەکرد، بۆیە بێزاری دردەبڕێ، جگە لەوەش حەمەوەفەنی باوەڕی بە کتێب گرتنەوەو ڕوانینە ڕووی کتێب نەبوو، گێلاس نەزۆکەو منداڵی نابێ، مەلای کتێب گرەوەش پرو پیرەژن و گێلاس خانی وا تێگەیاندووە کە بۆیە، منداڵی نابێ چونکە پێی لە منداڵێکی ئەوان ناوە - مەبەست لەوان جنۆکەیە - حەمە وەفەنی گێلاسی ژنی بردووەتە لای نۆژدارو پزیشک، بەڵام گێلاس نائومێد نەبووەو هەر دەستەداوێنی نویشتە نووسەکانە...

لە پەردەی دووەمدا: گێلاس خان وا خەریکی خۆ ئارایش دانە، وا دیارە چاوەڕوانی مێوان دەکات و (خانە)ی کارەکەریشی خەریکی برنج پاک کردنە...

ئەوەندەی پێ ناچێ گەلاوێژ خان و ئاسکۆل خان دێنە ژوورەوە، گێلاس پێشوازیان لێ دەکات و عەباکانیان لێ وەردەگرێت و دەکەونە باس و خواسی خواردن و شت کڕین و میوانداری و ناوی ئەو و ئەم

(١) لەرۆژی (١٩٩٠/٨/٣٠)دا چاوم بە کامیل ژیر کەوت وای پێ پەسند بوو نازناوەکەی بە «ژیر» بنووسم نەک ژیری.

(٢) جاران وا باو بوو لە بۆ هەندێ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵایەتی دەچوونە لای مەلا بۆ کتێب گرتنەوە، ئەویش دەیڕوانییە ڕووی کتێبە زەردەکەی و لە بارەی گیروگرفتەکەوە قسەی دەکرد، جاری واش هەبوو پاش ڕوانینە کتێبەکە نویشتەیەکی دەنووسێ و سەر قەڵەمانەی وەردەگرت...



بردن تا سەری قسە دەگاتە سەر خەونەکەی گێلاس کە چۆن خەونی دیوە:

گێلاس: لە خەوما وەکو لە بەحرێکی گەورە دابم...

ئاسکۆڵ: ئاو ڕووناکییە...

گێلاس: هەر چوار دەورم بە قازو مراوی گیرابوو...

ئاسکۆڵ: مراوی مرادە...

گێلاس: هەرهاتن و ئەچوون بەدەورما... لەپڕ یەکێکیان هێلکەیەکی بەدەم هێنایەوەو خۆی نوقم بوو!

گەلاوێژ: خوا بەخێری بگێڕێ...

ئاسکۆڵ: کچێ بەخوا دڵت هیچ نەکات هەر خوا بیکات بەم زوانە منداڵێکی وەک هێلکە سپی و جوانت ئەبێت»[١].

ئاسکۆڵ و گەلاوێژ، گێلاس خان هەڵدەنێن کە واز لە نویشتە کردن و کتێب گرتنەوە نەهێنێ... ناوی هەندێ ئافرەتی بۆ دەهێنن کە پاش شەش ساڵ بەهۆی مەلاو نویشتە کردنەوە منداڵیان بووە، لەم کاتەدا خانەی کارەکەر دێتە ژوورەوەو هەواڵ دەدات کە مەلای نویشتە نووس لە دەرگایە... ئەوانیش خێرا داوای لێ دەکەن کە بفەرموێ بێتە ژوورەوە، مەلا دادەنیشێ دەکەوێتە مەدح و وەسپ کردنی خۆی، کە گوایا نویشتەی بۆ «گوڵچین»ی ئاراز بەگ کردووە وا ئێستا کورپەیەک لە باوەشی دایە و دوێنێ بەشوێنیا ناردووە پەنجا دیناری سەرقەڵەمانەی داوەتێ...

گەلاوێژ ژنە حاجییە و مێردەکەی دەیەوێ ژنێکی تر بێنێ و داوا لەمەلا دەکات کە نویشتەیەکی بۆ بکات بۆ ئەوەی واز لەو کارە بێنێ[٢].

ئاسکۆڵ خانیش (دش - هەوێ)ی هەیە و دەیەوێ لەکۆڵی ببێتەوە، داوا لە کابرای نویشتە نووس دەکات نویشتەیەکی وای بۆ بنووسێ کە ئەو دشەی نائومێد ببێ و لەبەرچاوی مێردەکەی ڕەش ببێ و تەڵاقی بدرێ...

کابرایش لەخوای دەوێ پەیمانیان دەداتێ: نویشتەیەکی وایان بۆ بنووسێت یەکاو یەک بێ... داوای سێ مەنجەڵ دەکات «خانە»ی کارەکەر لەجیاتی سێ مەنجەڵ چوار دەهێنێ، کە گوایا، یەکێکیان بۆ مرازی خۆیەتی... هەر چوار مەنجەڵەکە ڕیز دەکات و هەر چوار ئافرەتەکە سەر لەناو مەنجەڵ دەنێن و ئاڵتوونەکانیشیان لەولاوە داناوە - چونکە ئەوان لە زرینگەی ئاڵتوون دەسڵەمێنەوە - پێیان دەڵێ: «من ئێستا دەست دەکەم بە نوشتە نووسینەوە، بەڵام ئێوە هیچ نەجوولێنەوەو دەنگتان لێوە نەیەت، هەر کاتێک من بەدەنگی بەرز قسەم کرد ئێوە بچەمێننەوە ناو مەنجەڵەکان کە بە توندتر قسەم کرد زیاد بچەمێنەوە، وەکە ناوی مەنجەڵم هێنا هەموو مەنجەڵەکان لەسەرتان بکەنەوە»[٣] لەم کاتەدا مەلای نویشتە نووس چی زێڕیان هەبوو هەمووی ماشییەوەو چووە دەرەوە...

حەمەوەفەنی بەسەر ئەم کارەساتەدا دێتەوەو دەبینێ هەر چوار ئافرەتەکە سمتیان قوچ کراوەتەوەو بەبێ دەنگی سەریان لەناو مەنجەڵ ناوە، سەرسام دەبێ و بەسەریاندا دەنەڕێنێ، زۆر تر دەچەمێننەوە ناو مەنجەڵەکان... کە سەریان لەناو مەنجەڵەکان دەردەهێنن حەمەوە فەنی دەبینن تەریق دەبنەوەو دەپەشۆکێن...

(١) ئافرەت و نویشتە ل١٣.

(٢) هەمان سەرچاوە ل١٨.

(٣) هەمان سەرچاوە ل٢٠.

که دەزانن کابرا کڵاوی لەسەر ناون و زێڕەکانیشیانی بردووە هەر چوار دەکەونە هات و هاوار... هەمووبەشوێن نوبشتە نووسەکەدا دەڕۆن...

گێلاس خانیش دەیەوێ بڕوا، حەمە وەفەنی پیلی دەگرێت و پێی دەڵێ: جاری تۆ ڕاوەستە و مەچۆ دەرەوە تا ئەمە بخەمە مشتت:

«... دەبڕۆ ئینجا هەر سێ تەڵاقت کەوتبێت، بە هیچ مەزەبێک چاک نەبێتەوە ئەگەر ئەو ئاڵتونانەم بۆ نەهێنیتەوە... جارێکی تریش نابیتەوە بە ژنی منیش تا ئەم بیرە پرووپووچانە لەسەرتا بمێنێ، تا خۆت چاک نەکەیت بڕۆ دەرەوە بۆ دەرەوە... »(١)

بەو جۆرە کۆتایی بە شانۆگەرییەکە دێت...

**چەند سەرنجێک**

١- کامیل ژیر... گەلێ بەژیرانە تێزو توانجی لە هەندێ ڕەویەو نەریتی کۆمەڵایەتیمان گرتووەو توانیویەتی ئەو توانجانە بخاتە ناو قاڵبێکی کۆمیدیاوەو بەشێوەی دانەبەر گاڵتە ئەو شتە پڕو پووچانە یەکەلا بکاتەوەو ئەو شتانە بە پووچەڵی خۆیانەوە دەربخات رووی خەڵک بۆ لای قوڵ برو دزۆک ڕابکێشێ...

٢- نووسەر بە جوانی ئەو جۆرە باوەڕە پووچەی کە لەناو ئافرەتاندا باوە نەخشاندو ئافرەتی بە مرۆڤێکی ساویلکەو خۆش بڕوا دایە قەڵەم... هەروەها شتێکی پرووپووچی ئافرەتانی بە خوویێکی پرووپووچی پیاوان بەرپەرچ دایەوە کە ئەویش تەڵاق دانی گێلاس خانە، هەر چەند تەڵاق دانەکەش یەکجاری نییە بەڵکو بەستراوە بە هێنانەوەی زێڕەکانەوە، واتە ئەگەر زێڕەکانی هێنانەوە هیچیان لە هیچ... ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە مەبەستی حەمەوەفەنی زێڕەکانییەتی و هیچی تر...

بەڵێ لە کۆتایی گفتی تەڵاقەکەدا دەڵێ: «تا خۆت چاک نەکەیت بڕۆ دەرەوە» ، خۆ چاک کردنەکە چییەو چۆن؟... ئایا ئافرەتێک لەو تەمەنەدا ئەگەر مێردەکەی ڕێگەی چاک کردنی بۆ دانەنێ چۆن چاک دەبێ...

دەبوو بەلای کەمییەوە پێی بڵێ: تا خۆت لەو ڕەویە پرووپووچەڵانە پاک نەکەیتەوە نابیتەوە ژنی من... دیارە حەمەوەفەنییش تەنیا چەکی تەڵاق دانی بەدەستەوە بووە، کە هەڵگرتنی ئەم چەکە هێمای ساویلکەیی و دواکەوتنە... دیارە تەڵاق دانەکە وەک سزای ئەو هەڵانە نەهاتووە کە گێلاس خان دەیکردن، دەنا ئەگەر وابوایە دەبوو ڕاست و چەوتییەکانی بۆ ڕوون بکاتەوەو بۆ ئەوەی فێری بکات هەر کارێکی وەهای چەوت سزاکەی تەڵاق دانە... ئەم ئافرەتە کە تەڵاق درا، نەیزانی لە حەشمەت زێڕەکاندایە یان لەبەر ئەوەیە بۆ مەلا لنگاو قوچ ببووەوە... جگە لەوەش سزاکەی بەدەست خۆیەتی ئەگەر تەڵاقەکە بە سزا دابنرێ چونکە تەڵاقی بەمەرج «تەعلیقە» ئەو کاتە بەدەست خۆیەتی و بەپێی مەرجەکەیە... خۆزگا تەڵاقەکە «پاکتاو» بوایە، ئیتر گێلاس سزای خۆی دەدرایە دەست و ئەو کاتەش جیابوونەوەی ئافرەتەکەی بەزێڕەکان نەدەنرخاند...

**٣- عەلی ئەفەنی (١٩٥٨)**

«عەلی ئەفەنی» درامایەکی کۆمەڵایەتییە و چارەسەری دەردێکی ناو کۆمەڵ دەکات، کە دەردی دەرەبەگی و ڕووپاماییە.

(١) هەمان سەرچاوە ل٢٠



نووسەری دراماکە مامۆستا مستەفا نەریمانە کە یەکێکە لەو پیاوە ڕۆشنبیرانە کە لە زووەوە دەستی داوەتە خزمەت کردنی زمان و هزر و ئەدەبی کوردی و تا ئێستاش هەر لەبەرهەم دان نەکەوتووەو درامای «عەلی ئەفەنی» یەکێکە لە بەرهەمە جوانەکانی... ئەم بەرهەمەی بەڵگەی شارەزایی و زانایی ئەم نووسەرەیە، وا دیارە کە دەستی داوەتە نووسینی ئەم بەرهەمەی پێشەکی شارەزایی لە نووسینی درامادا هەبووە... ئەگەر «کارکردنی بەکەڵک»ی ڕەفیق چالاک پێشی ئەم «عەلی ئەفەنی»یە نەکەوتایە، دەمانوت درامای کوردی دەستێکی کارامە بنیاتی دامەزراندووە، ئەگەر کارکردنی بەکەڵک نەخشەی بناغەی دامەزراندنی ئەو پرۆژەیە بێ کە پێی دەوترێ هونەری دراما ئەوا عەلی ئەفەنی داڕێشتنی بناغەیەتی... دیارە نووسەر جگە لە عەلی ئەفەنی درامای لە چاپ دراوی تریشی هەیە، (رووخا) شانۆگەرییەکی تریەتی و لەچوار پەردەدایە...(١)

**پوختەی درامای عەلی ئەفەنی**

لە پێشەکی چیرۆکەکەدا نووسەر دەڵێ: چیرۆکی «عەلی ئەفەنی» لاپەڕەیێکە لەژیانی کۆمەڵایەتیمان پیشان دەدا.

«پەردەی یەکەم: ئەورەحمان بەگ بۆ لای پاشا هاتووە، دیارە پاشا لێرەدا (متصرف)ە بۆ ئەوە هاتووە بەر لەوەی قادر ئاغا شکاتی لێ بکات ئەو دەس پێشکەری خۆی بکات...

پاشا لەوێ نییە؛ عەلی ئەفەنی - کاتب تەحریری - پاشایە، ئەورەحمان لەتەنیشت خۆی دادەنێ تێی دەگەیەنێ کە گوایا پیاوەکانی بۆ ڕاو دەچن لە گەڕانەوەدا پیاوەکانی قادر ئاغا لەسەنگەردا دەبن تەقەیان لێ دەکەن، ئەمانیش بەرەنگاری لە خۆیان دەکەن و یەکێکیان لێ بریندار دەبێ... عەلی ئەفەنی تەلەفوون بۆ سەرۆکی پۆلیس دەکات... معاونەکەی لەوێ دەبێ کەناوی ڕەشیدە، بەبێ ئەوەی بزانێ: عەلی ئەفەنی چی دەوێ، باسی ئەوەی بۆ دەکات کە زۆر ماندووە، چونکە شەو و ڕۆژێکە خەریکی کێشەیەکە... (کە پیاوەکانی ئەورەحمان بەگ بەناحەق پیاوێکی قادر ئاغایان کوشتووە، عەلی ئەفەنی دەزانێ کە ئەورەحمان بەگ بەپێچەوانەوە تێی گەیاندووە.

«ڕەشید: چەند ڕۆژێک لەمەو بەر پیاوانی ئەو ڕەحمان بەگ بۆ دزی ئەچنە سەرماڵی قادر ئاغا پیاوەکانی ئەم ئاگادار ئەبن، هەردوولا لەیەک تەقە ئەکەن لە ئەنجامدا پیاوێکی قادر ئاغا هەر لەو شوێنەدا ئەکوژرێت، یەکێکیش زامدار ئەبێت، هەر بەو شەوە ئاغا ئێمەی ئاگادار کرد، بەیانی زوو نهێنییەک لە ئێمە لەگەڵ ئەواندا شوێن پێی دزەکانیان هەڵگرت تا کردیانە دێی ئەورەحمان بەگەوە...)(٢)

ئەورەحمان بەگ کە گوێی لە قسەکانی ڕەشید معاونی سەرۆکی پۆلیس دەبێ، ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ و زمانی دێ بەیەکدا هەر ئەوەندەی پێ دەوترێ کە بە عەلی ئەفەنی بڵێ:

«ئەورەحمانم بەگ: تکات لێ ئەکەم یارمەتیەکمان بدە تا ئەم گۆبەندەمان لێ دوور بکەوێتەوە...»(٣)

لە پەردەی دووەمدا: (ئەولا چەلەبی لەلای عەلی ئەفەنییە) مامۆستا ڕەسوڵ - یش لەتەک عەلی ئەفەنیدا وا دانیشتووە ئەولا چەلەبی کاری بە عەلی ئەفەنی هەیە... یەکەم بۆ ئەوەی کاغەزێکی بۆ

(١) لە ساڵی (١٩٥٨)دا لە چاپخانەی (الشمال) لە کەرکووک چاپ کراوە... دراماکە پێنج پەردەیەو (٣٨) لاپەڕەی ناوەندییە... (بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی) ل١١٣ چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد بەغدا ١٩٧٧.

(٢) عەلی ئەفەنی- ل١٥.

(٣) عەلی ئەفەنی -ل١٧٦.

بنووسێ بۆ ئەندازیارەکەی شارەوانی تا لەو مەترو نیو زەوییەی کە دەڵێ هی شارەوانییە بۆی لێ گەڕێ؛ دووەم تا کاغەزێکی بۆ زابت تەجنیدی قەزاکەیان بنووسێ تا کوڕەکەی ساڵێک لە عەسکەری دوابخا... چەلەبی پاش ئەوەی هەردوو کاغەزەکە دەخاتە ناو گیرفانی... دەڵێ:

«چەلەبی: بەخوا هەر حەزم کرد سەرت لێ بدەم...».

بەڵام چەلەبی هیچ ئاوڕێکی بەلای مامۆستا ڕەسوڵدا نەدایەوە، کەچی دوو ساڵ لەتەک ئەو چەلەبییەدا ئاشناییان بووە، بەڵام چونکە ئیشی پێ نەمابوو، ڕووی بەلادا هەڵ نەچەرخان...

مامۆستا ڕەسول داوا لە عەلی ئەفەنی دەکات کە ڕوو بەو چەشنە کەسانە نەدا، ئەوەندە کار بۆ ئەو جۆرە پیاوانە نەکات:

«ئەفەنی: بەدست خۆم نییە ئەمەوێ پیاوەتی بکەم».

ڕەسوڵ: کەیفی خۆتە برا، تکام هەر ئەمەیە پیاو و ناپیاو جوێ بکەیتەوە...(١)

لە پەردەی سێیەمدا: عەلی ئەفەنی بۆ دوو ساڵ لە وەزیفە دەرکراوە. دەستە پاچە بووە، بژێوی خۆی و منداڵەکانی سەخڵەت بووە، پێویستی بەسەد دینار هەیە، دەچێتە لای ئەورەحمان بەگ بەڵام دەستی بەڕوویەوە ناو نەیدایە...

«بەگ: بەخوا برام خۆم هاتوومەتە شار بۆ قەرز و سەلەم ئەگەر ببوایە، قسوورم نەئەکرد». جگە لەوەش بەگ نوکلی لەو چاکانە کرد کە لەوەختی خۆیا عەلی ئەفەنی بۆی دەکرد.

بەگ: (بەنیوە تووڕەییەوە) وەکو من؟ من کەی داوای ئیشی ناڕەوام لە تۆ کردووە... بۆ مەسەلەی تەقەکەش ئەوە بۆ خۆت لێی هەڵچوی، ئەگەر چاوەڕێی پاشام بکردایە ئیشەکە وا بەپێچەوانەوە نە ئەبوو...(٢)

ئیتر عەلی ئەفەنی: بەماتییەوە دوعا خوازی دەکاو دەڕوا...

لە پەردەی چوارەمدا: عەلی ئەفەنی بۆ دەست خستنی سەد دینارەکە ئەمجارە پەنا دەباتە بەر چەلەبی ئەویش بە گەرمی پێشوازی دەکات، کە عەلی ئەفەنی ئەوەی بۆ دەدرکێنی کە لەوەزیفە دەرکراوە ڕاستەوخۆ لێی سارد دەبێتەوە ئەمیش دەست بە ڕوویەوە دەنێ:

«چەلەبی: بەخوا زۆر ڕوو زەردم، خۆزگا پێش هەفتەیەک بهاتیتایە، تازە لە بەغدا گەڕاومەتەوە، پارەم نەماوە».

عەلی: قوربان جەنابت پیاوێکی دەوڵەمەند و ڕیز گیراویت وە بۆ پارە دانامێنی، ئەتوانی بە پێنج دەقیقە بۆم ئامادە بکەیت...

چەلەبی: بەخوا هیچم نییە و ناتوانم لەکەس داوا بکەم.(٣)

لێرەدا عەلی ئەفەنی قسەکانی مامۆستا ڕەسوڵی دێتەوە یاد... «ئەم جۆرە کەسانە هاوڕێتی نازانن کورسی ئەپەرستن».

لە پەردەی پێنجەمدا: وا شەش مانگ بەسەر دەست لە ئیش کشانەوەی عەلی ئەفەندیدا تێپەڕی... وا مامۆستا ڕەسوڵ بۆ سەردان چووەتە لای:

(١) عەلی ئەفەنی –ل٢٦.

(٢) عەلی ئەفەنی –ل٢٩.

(٣) عەلی ئەفەنی –ل٣٣.



ڕەسوڵ: ڕۆژ باش کاک عەلی.

عەلی: ڕۆژ باش کاک ڕەسول فەرموو دانیشە...

ڕەسوڵ: ئەوە بۆ دیار نیت کاک عەلی؟

عەلی: نەختێ بێ تاقەتم وەکو نەخۆش بم وایە...

ڕەسوڵ: خوا نەکا... ئەی نە ئەبوو ئاگاداریت بکردینایەو سەرت لێمان بدایە، ئاخر وا نابێت؟

عەلی: برام وەکو خۆت ئەزانیت من دەرکراوم، دەرنەکراو لە دەرکراو بپرسێت...(١)

ڕەسوڵ ئەفەنی داوای سلفەی ڕهونی کردووە وا ئەمڕۆ بۆی هاتەوەو یەکسەر دەڕواتە لای عەلی ئەفەنی دەیکاتە مشتی و دوکانێکیشی بۆ دۆزیوەتەوە، بۆ ئەوەی ئەو پارەیە بکات بەدەست مایەی خۆی دوکانی پێ دابنێ و بژێوی خۆی و منداڵەکانی دابین بکات...

بەو جۆرە ئەم هاوڕێ دڵسۆزەی فریای دەکەوێ، کەچی هاوڕێ کورسی پەرستەکانی لەو ڕۆژەدا بەکەڵکی نەهاتن و پشتیان لێ کرد...

## چەند سەرنجێک

١- درامای «عەلی ئەفەنی» بە دایلۆگێکی ڕێک و ڕەوان هەڵ چنراوەو دیارە نووسەر شارەزایی لە هونەری دراما نووسیندا هەیە و، وشەو ڕستەکان بە ئاسانی لەبەر دەستیا ڕیز دەبن و تا ڕادەدەیەکیش دەبنە زمانی حاڵی ڕاستەقینەی کەسانی ناو دراماکە...

٢-بەکارهینانی شێوازی مەنۆلۆج و ڕووچوون و ئاوڕدانەوە لە خۆ، کە ئەم شێوازە تین و توانایەکی باشی بە دراماکە بەخشیوە.

٣- گۆڕانی هەڵوێستی کت و پڕی، بۆ دەرخستنی دیوی ناوەوەی دەرەبەگ و کورسی پەرستەکان، کە لەوانەیە بینەر و خوێنەری هەندێ جاری بە دیوی دەرەوەیان هەڵ بخەڵەتێ...

٤- دوو جۆرە کەسێتی تیا بەکار هاتووە، کەسێتی بەدکار کە دەرەبەگە، ئەمانە لەڕێی سوودی تایبەتی خۆیاندا گوێیان لە بەهاو ئابڕوو نییە... بەرامبەر بەو جۆرە کەسانە مرۆڤی پاک و خزمەت گوزاری وەک عەلی ئەفەنییە. نموونەی ئەم دوو چەشنە لەناو کۆمەڵدا زۆرن، ئەم دوو جۆرە کەسانە لەماوەی دابەستنی پەیوەندی لە نێوانیاندا هەروەها پساندنی ئەو پەیوەندییە، لەوانە بوو جۆرە ناکۆکییەک لە نێواندا دروست بکات و دراماکە بخاتە ناو گرێیەکی توند و تەنگەبەرانێکی سەختەوە، بەڵام نووسەر ئەو دوو بەرەیەی بە یەکدا نەدا... بەرەی ئەورەحمان بەگ و ئەوڵا چەلەبی... بەرەی عەلی ئەفەنی و مامۆستا ڕەسوڵ... ئەم دوو بەرەیە لە ئارەزوو تێڕوانینی گشتیدا دژ بە یەکن... بەتایبەتی مامۆستا ڕەسوڵ چاک ئەوانە دەناسێ...دراما لەبەگژا چوونی حەزو ئارەزووی دووبەرەی دژواردا دێتە بەرهەم، لێرەدا هەردوو کەرەسەکە لەبەر دەستایە، کەچی بەکار نەهاتن، بەڵکو نووسەر کەسێتییە پاکەکانی وەک پەرداخە شیرێکی خاو داوەتە دەست خراپەکان: عەلی ئەفەنی کە ڕووبەڕووی ئەورەحمان بەگ و ئەوڵا چەلەبی دەبێتەوە هەر ئەوە نییە لە ئاستیاندا بەچۆکدا نەیێ و دەستیان ماچ نەکات... مامۆستا ڕەسوڵیش بە پەلە دێت پارەی سولفەکەی دەکاتە مشت عەلی ئەفەنی و گیروگرفتەکەی بەئاسانی چارەسەر دەکات، دەبوو عەلی ئەفەنی دژ بە کورسی پەرستەکان و ئاغاکان داخ لە دڵ ببێ، قینێکی پیرۆز دژیان لە دەروونداا بچێنێ...

(١) عەلی ئەفەنی – ل٣٧.

٥- دراماكە ئاوێنەیەكی باڵانمایە بۆ ئەو كاربەدەستانەی میری جاران كە دەبوونە، بووكە شوشەی بەردەست ئاغا و بەگ... دراماكە بەتوندی هێرش دەباتە سەر ئەو كارە نالەبارە...

**٤- مەم و زین ١٩٦٨**

شاكارەكەی ئەحمەدی خانی نەمر هەمیشە سەرچاوەی سرۆش و هەست و سۆزی شاعیران و نیشتمان پەروەرانی كورد بووە، ئەگەر فارس بە شانامەی فیردەوسی، هیندەكان بە مەهابەهارتا، ئینگلیزەكان بە رۆمیۆ و جولێت، ئیتاڵییەكان بە كۆمیدیای یەزدانییەوە شانازی بكەن ئەوا كوردیش بە داستانە دڵدارییە مەزنەكەی ئەحمەدی خانییەوە شانازی دەكات.

(مەم و زین) داستانێكی ئەڤینییەو لە (٢٦٧٣)بەیت و (٩٥) بەند پێك هاتووە[١]. ئەم مەم و زینەی خانییە بووە بە قوتابخانەیەك چەندان شاعیر و هونەرمەندان لە ئاسانەیدا چاویان بە وشە رەنگینەكانی رشتووەو شێلەی ئەدەب و هونەریان لێ وەرگرتووەو تیرەشانەی كلوورە ئەدەبی و هونەرییەكانی خۆیان پێی هەڵچنیوە.

لێكۆڵەرەوان چ بیانی و چ خۆیی گەلێكیان لەسەر ئەو داستانە نووسیووەو تۆژینەوەیان كردووە، وەك دەریاچەی «وان» و زێی «بادینان»ـە چەندی لێ هەڵگۆزی هەر لە بن نایە... هەتا هەتایە، بەشی خۆمان و بەشی پاشینانیشمان دەكات و هەر وشك نابێ...

لە ساڵی (١٩٣٥)دا پیرەمێردی نەمر پوختەی داستانەكەی خڕ كردووەتەوەو بۆ شانۆ ئامادەی كردووە، هەر لەو ساڵەدا لە سلێمانی نوێنراوە، بەڵام تا لە ساڵی (١٩٦٨) بە چاپ نەگەیشت...[٢]

پیرەمێرد، كە داستانەكەی ئەحمەدی خانی ئامادە كردووە وەنەبێ ئامادە كردنەكەی وەك سیناریۆیەك یان ئامادەبوونێكی درامی ئامێز بێ بەڵكو وەك كورتە چیرۆكێكی دایلۆگ ئامێزی شێواو لەبەر دەستیا دەرچووە... وەك كارێكی هونەری پەك كەوتەی لەبارچوو هاتووەتە ئاراوە... وادیارە پیرەمێرد لە هونەری شانۆدا ئەوەندە ئاگادار نەبووە بۆیە (مەم و زین)ەكەی وەك پەخشانێك وایە، ناوی هەموو پاڵەوانەكانی دێنێ و كەچی خۆی لەجیاتیان قسە دەكات...

تۆ بڵێی ئەم (مەم و زین)ە بەم جۆرە ئامادەكردنە هی پیرەمێرد بێ؟.

ئەگەر وایە دەبێ پاڵەوانەكان چۆن چۆنی لەسەر شانۆ ئاخاوتنیان كردبێ... تۆ بڵێی ئەم (مەم و زین)ە كە ئێستا لەبەر دەستایە و لە چاپخانەی ژین لە ساڵی (١٩٦٨) چاپ كراوە، ئەو (مەم و زین)ە بێ، كە لە ساڵی (١٩٣٥)دا نوێنراوە؛ كە ئەویش بەناوی پیرەمێردەوەیە... ئەم (مەم و زین)ە (٣١) لاپەڕەیەو لەشەش پەردەدایە...

ئەمە پوختەی چیرۆكە بەناو «دراما»كەی پیرەمێردە...

«...بەنگینە بە پەلە ڕاسپاردەكەی «تاجەدین» بە مەم ڕادەگەیەنێ كە ئەمڕۆ جەژنی نەورۆزەو كەس لە شار نامێنێ و هەموو دەچنە سەیران و دەبێ ئەویش بۆ سەیران بێتە دەرەوە، مەم و بەنگینە و ئەكو و چەكۆ دەچنە ناو ئەو خەڵكەی كە وەك پوورەی هەنگ هورووژاون و لە داوێنی چیادا لەناو گوڵ و گوڵزاردا پەخشان بوون.

(١) (مەم و زین) نووسینی: شاكر فتاح... ل١٤ چاپخانەی كامەرانی.

(٢) مامۆستا مستەفا نەریمان دەڵێ پیرەمێرد شانۆگەرییەكی هەیە بەناوی (كتێبی پیەسی تەمسیلێكی راستی) لە ساڵی (١٩٤٢)دا چاپ كراوە... بەداخەوە ئەم شانۆگەرییەمان دەست نەكەوت: تەماشای بەیانی ژمارە (١٠٨) بكە ل١٠٦ ساڵی ١٩٨٥.



مەم لە جامی جیهان گەڕدا (زین)ی دیبوو، ئەویش بە هەمان جۆر بەڕوخساری مەم شەیدا ببوو، كە لەناو سەیران كەراندا چاویان بە یەكتری كەوت یەكسەر یەكتریان ناسییەوەو ئەوەندەی تر شەیدای یەكتری بوون... مەمی پاڵەوان بەتیری موژگانی زین پەكی كەوت و كەلەلا بوو؛ كە بەنگینە زانی (مەم) حاڵی شڕە و پەریشانە، ئاگاداری دەكاتەوەو پێی دەڵێ (زین) خوشكی میر زینەدینە، ئەوانەی كە داوای (زین)یان كردووە، ئەگەر بەو ڕازو نیازە بزانن مەترسیەكی گەورەیە... خۆ «بەكر مەرگەوەڕ» كە چاوی نهێنی میرە وەك بایە قوش وایە و چاوی كلا ناكات... بەنگینە كە زانی (مەم) هۆشی لای خۆی نەماو، مەیی خۆشەویستی مەستی كردووە بڕیاری دا تا مەم بە ئاوات نەگات ئارام نەگرێت بۆیە خۆی گەیاندە داینەكەی زین و سۆزی دەروونی (مەم)ی بۆ باس كرد... داینەكەش بە هەمان چەشن سووی هەمان تیری ئەڤینیی زینی بە بەنگینە گەیاند...

«بەكر مەگەوەڕ» هەستی بە دڵۆڤانی هەردوولا كرد بوو، خەریكی ئەوە بوو كە زوو «زین» بدرێ بە یەكێكی تر كە سلێمان بەگی بێژن ئۆغلییە... لەلایەكی تریشەوە بەنگینەو داینەكەی خاتوو زین هەوڵی ئەوە دەدەن كە ئەو دوو دڵدارە لە شوێنێكدا ژوان وەربگرن بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی یەكتری ببنەوەو دڵ و دەروونیان بۆ یەكتری بكەنەوە...

بۆ سازدانی ئەو ژوانە، تەگبیر دێتە سەر ئەوە كە مەم جل و بەرگی خۆی بگۆڕێ و پاش چۆڵ بوونی دیوەخان بیبەن بۆ كۆشك تا زین ببینێ... بەڵام لەبەر ئەوەی مەم نەخۆشە وایان پێ پەسند بوو كە زین بێتە ماڵی تاجەدین لەوێ چاوی بە مەم بكەوێ...

لە پەردەی دووەمدا: زین لە حەرەم سەرای خۆیا وا وەك ماری پێكراو پێچ لە خۆی دەدا، كە تەماشای خۆی لە ئاوێنەدا دەكات، جوانییەكەی خۆی لە شۆخی مەمدا دەبینێتەوە، هەردوو یەك سێون كران بە دوو لەتەوە، چاوەڕوانی پەریزاد - داینی - دەكات، چووە بۆ لای مەم و بەنگینە، داخۆ كەی دەگەڕێتەوە هەر ساتێكی نەهاتنەوەی بە ساڵێك دەڕوا، كەوتووەتە ناو دوو ئاگری سوورەوە... ئەم كچی كێیە؟... لەنەوەی (میر سیف الدین) و خوشكی میر زەینەدینە، مەترسی ئەوەی هەیە بەم دڵدارییە لەكەیەك بۆ بنەماڵەكەی دروست ببێ...

لەلایەكی ترەوە، كڵپەی ئاگری خۆشەویستی مەم هەموو هەناوی قرچاندووەتەوەو دووی ڕووی ئاسمانی گرتووەو هەموو سنوورێكی كۆمەڵایەتی بەزاندووە...

خۆ (مەم)یش لە پایەو سایەدا لەو كەمتر نییە... كوڕی میری ئەردەڵانە... تاجەدین ئاغا مێردی (ستی)ی خوشكی لە پشتییەتی.

مەم كە زانی تەگبیر وایە: «زین» بێتە ماڵی تاجەدین، ئەمەی پێ ڕەوا نەبوو، چونكە هاتنی زین بۆ لای ئەو لە پایەی زین كەم دەكاتەوە، بۆیە بڕیار دەدا خۆی بچێ بۆ دیوەخان... كە زین زانی تەگبیرەكە بەو جۆرە گۆڕدرا خۆی وەك مانگی تابان ڕازاندەوە... لە دیوەخان مەم و زین ڕووبەڕووی یەك بوونەوە... هەردووكیان وەك مومی گڕدار بەبێ دەنگی دەسووتان و دەتوانەوە... لەولاشەوە «بەكر مەرگەوەڕ» هەواڵی گەیاندووە: وا مەم و زین پێكەوە... زین گەرەكی بوو هەڵسێ بڕوا لەو كاتەدا میر گەیشتە بەر دەرگا، پەریزاد زینی لە ناو موغەیری - كوورە - كەدا حەشار دا، خێرا كەولێكیشیدا بەسەر مەمدا گوایا نەخۆشەو پێی وت كە میر هات نەبزوێ... میر گەیشت، مەم وای پیشاندا نەخۆشەو هەڵ نەساو، وتی:

«نەخۆش ڕەخنەی لێ ناگیری، ئەمیر وەرامی دایەوە: من ئەیزانم تۆ مەردێكی نەبەزی، ڕاوڕەسمی نەبەزی ئەزانی ڕەخنە لەتۆ ناگیرێ خوا بكات تۆ چاك بی هیوام لای خوا وایە دڵ شكست و نەخۆش نەبی

کارێکی زۆر گەورەم پێت هەیە ئەگەر خوارێکی خا ئەو کارەت بۆ هەڵسوڕێ لە تۆڵەی ئەوەدا بە مەرامی دڵی خۆت دەگەی»...[1]

لە پەردەی چوارەمدا: وا زین لەناو موغەیریەکەدایەو مەم بەردەمی گرتووە، میریش بەرامبەریان دانیشتووە، پەریزاد پەشۆکاوە... خۆی دەگەیەنێ تاجەدین کە حاڵ و هەڵوێستەکەی پێ ڕادەگەیەنێ زوو ئاگر بەردەداتەماڵەکەی خۆی و فەرامەرزی کوڕی و بەنگینە دەنێرێ کە بە هەڵە داوان هەواڵ بدەنە میر و فریای بکەوێ... کە میر زانی گازی دەست و پەیوەندیدا کە زوو بگەنێ و خۆیشی بە پەلە ڕاپەڕی...

«بەکر مەرگەوەڕ» بە پیلانەکەی زانیبوو، ویستی میر سارد بکاتەوەو نەڕوا، بەڵام میر گوێی نەدایەو ڕاپەڕی، بەکر دەیزانی «زین» لەناو کوورەکەدایە نەرۆیشت بەنگینە یەک پاڵی پێوەناو لە پلیکانەکان خستییە خوارەوە... زین هاتە دەرەوەو دەرباز بوو، لە کاتی دەرپەڕینیا دەستە سڕەکەی لێ بەجێ ما... «ڕێحان»ی خوشکی بەکر مەرگەوەڕ هەڵی دەگرێتەوە، بەکر ئەو دەستە سڕەی کرد بە بەڵگەی ئاشکراکردنی نەخشەکەی تاجەدین... بەڵام میر بایەخی بە هەوڵەکەی بەکر مەرگەوەڕ نەدا:

«میر: بەڵێ من ئەیزانم مەم عاشقی زینەو بۆ ئەوە هاتووە، ئەیشی دەمێ، بەڵام ئەم پیاوە نیازی خراپ نییە.

بەکر: میرم ئەی سلێمان بەگی بێژەن ئۆغلی چی لێ ئەکەی، کە پیاوێکی بە قوەتەو ئەتوانێ وەک جاری پێشوو هەموو وڵاتت لێ داگیر بکات.

میر: جارێکی تر کەس ناتوانێ ئێمە بشکێنێ، لە پێش ئەوەدا ئەو بکەوێتە خۆی من مەمی ئەکەم بە کۆلکەوە دەربێنێ»...[2]

بەکر مەرگەوەڕ بەقسەکەی میر پشی خواردەوەو هەموو نەگریسی خۆی لەهەناو خۆیا خڕ کردەوە.

لە پەردەی پێنجەمدا: تاجەدین و بەنگینە و هەموو دەست و پەیوەند لەدیوەخاندا لە دەور میرزەینەدین خڕ بوونەتەوە... تەگبیر دەکەن کە لەشکرێک بە سەرۆکایەتی «مەم» پێک بێنن و بدەن بەسەر بێژەن ئۆغلیدا... (مەم) سەری ئامادە بوون بۆ میر دادەنوێنێ... میر (زین)ی خوشکی خەڵاتی مەم دەکات... مەم ڕەنگی زەرد هەڵدەگەڕێ و لەجیاتی ئەوەی زوو دەستی میر ماچ بکات، دێتە قسەو دەڵێ: «ئەوا قبوڵم کردو باز پێشکەشی خۆتم کردەوە».

میر بەم ڕەت کردنەوە سەخڵەت دەبێ و بە بەنگینە دەڵێ ئەمە یانی چی؟! بەنگینە میر تێ دەگەیەنێ کە بەکر مەرگەوەڕ چەند ژنێکی فریوداون کە بەگوێی (مەم)دا پچرپێنن کە گوایا (زین) تووشی، نەخۆشی (فەرەنگی) بووە[3] ئیتر لەو کاتەوە مەم ناوی زین ناهێنێ...

«میر: «بە بەنگینە» باواش بێ ئەم (مەم)ە نە ئەشیا ئەمە بە ڕاست بزانێ ئێمە ئەوەندە بەبێ ناموس تێ بگا با ئەم کاسە ئاردەی لەسەرەوە بێ»[4]

میر لەبەکر مەگەوەر تووڕە دەبێ و هەڕەشەی لێ دەکات، ئەویشی وا تێی دەگەیەنێ کە سەرکەوتنی لە شەڕەکەدا لەخۆی بایی بووەو دەیەوێ بوختانمان بۆ دروست بکات...

(١) چیرۆکی مەم و زین ل(١٩) نووسینی پیرەمێرد.
(٢) هەمان سەرچاوە ل٢٢.
(٣) هەمان سەرچاوە ل٢٤.
(٤) هەمان سەرچاوە ل٢٤.



بەکر مەرگەوەڕ بەسەر هۆشی میردا زاڵ دەبێ و پیلانێک بۆ لەناو بردنی «مەم» دەنێتەوە کە ئەوەش ئەوەیە تاجەدین و دەست و پەیوەندی بنێرێ بۆ جەنگ و (مەم) گل بداتەوەو کە چۆڵ بوو لە زیندانی بنێ تا دەرزێتەوە... میر تەگبیرەکەی لا پەسند دەبێ...

لە پەردەی شەشەمدا: شوێن ناوچەی ئەردەڵانە... سەرخاب بەگ دیوەخانی گرتووە... وا سوارێک هات کلک و یاڵی ئەسپ و فەقیانەی خۆی لە خوم داوە و نیشانەی ماتەمی پۆشیوە... ئەم سوارە بەنگینەیەو هەواڵی بۆ سەرخاب هێناوە کە (مەم)ی برای لە زیندانی میر زەینەدیندا بەند کراوە... سەرخاب بەگ دەست بەجێ هەر یانزە کوڕەکەی کۆ دەکاتەوە، بە لەشکرێکەوە دەڕواتە سەر خاکی ئامێدی و ئابلۆقەی دەدا، کە میر زەینەدین زانی چاری نەما دەخالەتی کردو لە تەک سەرخاب بەگدا چوونە سەر زیندانەکەی مەم... لەوێ خاتوو زین بە بەرگی ڕەشەوە بەسەر زیندانەکەدا نووچاوەتەوە، بە کەمەند شۆڕی ناو زیندانەکەی دەکەنەوە... «مەم» هێشتا نەمردووە، هەست دەکات ڕووناکی زین زیندانەکەی ڕووناک کردووەتەوە زین مژدەی دەداتێ کە سەرخاب بەگی برای لەگەڵ کوڕەکانی و میر زەینەدیندا لە دەرەوەی زینداندا وەستاون، مەم و زین بەهەمان کەمەند دەهێنرێنە دەرەوە، مەم ڕووی کردە سەرخاب بەگی برای...

«تۆ خوا هیچ ئازارێکتان بۆ زەینەدین نەبێ گوناهی نییە، ئەو خوشکی خۆی پێشکەش کردم (ڕووانی بۆ زین) ئا ئەم خوشکە فریشتەی بەهەشتە، من بە فێڵ و فەرەجی بەکر مەگەوەڕ، ڕەدم کردەوە لە زیندانا جەزای خۆم کێشاوە، ئەشی زانم زین لێم ئەبووری...»[1]

«زین ئەڵێ: مەم لە بیرتە یەکەم شەو تۆم دی وتم ئەم دوو دڵە ڕووناکەو ئەم عەشقە پاکە لە دنیادا بەرناهێنێ، لەژێر خاکا لەیەک گیر ئەبن... من گەردنم ئازاد کردووی، گەردن ئازایی پێ ناوێ ئێمە لێک جوێ نابینەوە تا گەردن ئازایی بخوازم (هێشتا قسەی تەواو ناکا مەم دەستی زین ئەخاتە سەر دڵی و چاو لێک ئەنێ، ئینجا ئەبێتە گریان» زین داوا ئەکا کە هەندێ مەوڵەتی بدەن... کە دوور دەکەونەوەو گوێیان لە دەنگی خاتوو زین دەبێ بەم جۆرە (مەم) دەلاوێنێتەوە:

«هەی ڕۆ ئەمرۆ ڕۆژی شین و ڕۆ ڕۆمە
کە مەم ڕۆیی ڕووی پەژارەی خۆمە
ئەم زوڵفە لوولەم بۆ مەم شانە کرد
دەک فەلەک کوێر بێ بۆنێکی نەکرد
لێوم دانابوو بۆ گفتوگۆی مەم
عەهدە تا مردن واتەی پێ نەکەم

خەنجەرێک لەبەر کەمەری دەردەهێنێ و دەڵێ:

«خەنجەر بۆ دڵە گەر ڕاستت دەوێ
ئاخ مەمی تیایە نەک بەری کەوێ»

خەنجەرەکە بەسنگی خۆیا دەچەقێنێ:

ئەی سینە بگرە خەنجەر بۆ تۆیە
هەرچی زۆر جوان بێ هەر ڕەنجەڕۆیە

ئەوجا هاوار دەکا:

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٨.

ئاخ بۆ دەنگ خۆشێ لەژوور سەرینمان
بە بەیتی کوردی بدا تەلقینمان
بلێ ئاخ دلّی دڵ خواز مەشکێنن
بەزۆرە ملی کچان مەمرێنن» (١)

تەرمەکەی مەم و زین هەردووکیان لەتەنیشت یەک ئەسپەردە کران...

***

مەمێکی وا سەلارو شەیدای میرزادەیەکی وەک «زین» چۆن وا بە ئاسانی وەک منداڵێکی ساوا توانی خۆی و دڵدارەکەی بدا بەدەست پیلانەکەی بەکر مەرگەوەڕەوە... ئەوەتا لە پەردەی پێنجەمدا نوکلی لە دڵدارەکەی کرد لە کاتێک ئەو و زین لە جامی جیهان گەڕدا دڵ و دەروونیان ئاوێتەی یەکتری بووە... دڵداری ڕاستەقینە نەک هەر خۆشەویستەکەی خۆش دەوێ و خۆی لە پێناویا بەخت دەکات، بەڵکو ئەو دەرو بەرەی کە ئەوی تیا دەژی، ئەو خزم و کەسو کارەی تەنانەت ئەو ئاژەڵ و دارو درەختە کە لە دڵدارەکەیەوە نزیکن خۆشی دەوێن و پێی وایە ڕازونیازی ئەوی بۆ دەکەن، خۆشەویستییەکەی ئەو شەوق لە هەموویاندا دەداتەوە... زین تووشی فەرەنگی بووە - بابلێین ڕاستەو پیلان نییە - بێ گومان خۆشەویستییەکەی (مەم) بووە بە ئاگرێک گڕی بەرداوەتە دڵی خاتوو زین تووشی ئەو دەردەی کردووە (زین)ێک ئاوای لێ هاتبێ ئیتر بە چ ڕەویەو ڕەوشتێک مەم نوکلی لێ دەکات و ڕەتی دەکاتەوە... ئەمە لە کاتێکدا کە خۆی دەزانێ دەغزداری زین و فەرەنگییەکەی پیلانی بەکر مەرگەوەڕە... ئەوەتانێ لە کۆتایی دراماکەدا دەڵێ: «من بە فیڵ و فەرەجی بەکر مەرگەوەڕ ڕەدم کردەوە... لە زیندانا جەزای خۆم کێشا».

مەمێک بەو جۆرە ساویلکانە بەو ئاسانییە چووبێتە ناو داوی تەڵەکەی بەکر مەرگەوەڕەوە، دەبێ ئەم مەمە، مەمەکەی ئەحمەدی خانی نەبێ، یان برای سەرخاب بەگی ئەرەڵان نەبێ، بەڵکو مەمێکە هەروا سەر پێیی کسپەیەکی گەنجانەی کاتی سەبارەت بە شۆخێکی وەک زین بەدڵیا هاتووەو یەکێکی وەک بەکر مەرگەوەڕیش زوو قسەیەکی بەڕوودا داوەو کسپەکە لە شوێن خۆیا دامرکاوەتەوەو تێپەڕیوە... ئەم بەکر مەرگەوەڕەش بەکر مەرگەوەڕی خانی نییە چونکە بەکر مەگەوەڕی خانی نەگریس و ئەهریمەنە، دەزانێ دوو پڵنگ بە بەرد هاویشتنێکی ناو قۆچەقانی ناکەون، بەڵکو دەهوروژێن، تاوەی قین و توورەییان بەسەر ئەودا نخون دەکەنەوە کە لە ڕێگەیاندا دەبێتە کۆسپ.

لەو ڕەت کردنەوەدا هیچ بەهایەکی هونەری و ڕەوشتی هەست پێ ناکرێ سەرەڕای ئەوەش هەر لەوێدا دراماکە دوا هەناسەی داو مرد، دڵدارییەکەش وەک بڵقی سەر ئاو پووچەڵ بووەوە کارە هونەرییەکەش وەک کلۆ بەفرێکی بەر هەتاو توایەوە...

ئا لەو هەڵوێستەدا دڵداران خەم و پەژارەیان دەبەنە لای برادەران و پشت و پەنایان... مەم بۆ پەنای نەبردە لای کەس، ئەی تاجەدین و بەنگینە، ئەو هەموو ژوان و تێکۆشانەیان لە ڕێ ئەو دوو دڵدارەدا کرد، لێرەدا بۆ ڕۆڵیان نەما... کوا ستی؟ کوا پەریزاد داینی زین؟ بۆ بزر بوون، مەم ئەگەر دڵداریش نەبێ لە ڕووی ئەمانەدا چی دەڵێ؟

مەمێک ئاوا نوکلی لە دڵدارەکەی «زین» بکات، کەی شایستەی ئەوەیە دڵدارەکەی خۆی بۆی بکوژێ... هەروەها شایستەی ئەو هەموو لاواندنەوە نییە...

(١) هەمان سەرچاوە. ل(٣١).



**٥-ببوورە ١٩٦١**

درامای (ببوورە) لە ساڵی (١٩٦١)دا بڵاوبووەتەوە، لە چاپخانەی کامەران - کامەرانی - چاپ کراوە، ئەم دراماییە هەنگاوێکی نوێی پڕ بە هێز و تینی بە درامای کوردی ناوە، نووسەر - کەمال ڕەووف - هەوڵی داوە ئەم کارە لەسەر پایە و بناغەیەکی هونەری دامەزرێنێ، هەستی ئەوەشی کردووە کە شانۆی کوردی چاوەڕوانی کاری هونەری نایاب دەکات، ئەویش دەیەوێ کەلێنێک لەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە، هەوڵی ئەوەشی داوە چیرۆکی دراماکەی کارێکی وەها بێ چەند بافتی سەر شانۆ بێ ئەوەندەش بەکاری خوێندنەوە بێ...

پاڵەوانانی دراماکە ئەمانەن: بەختیار، نزار، گێلاس، نازە، باوک و دایکی بەختیار و گێلاس.

پوختەی دراماکە:

«گێلاس بە خۆی دەنازێ و جوانە، بەنازو فێڵبازە، کەپووی بڵندەو بەفیزە، لەگەڵ نزار ناوێکدا دەستی تێکەڵاوە، ئەم نزارە کوڕە ئاغایە و پەیوەندی تری لە تەک کچاندا هەیە، دەیەوێ ڕابوێرێ و مانای خۆشەویستی نازانێ و فیشاڵ کەرو درۆزنیشە، گێلاس دەچێتە لای نزار، دەیەوێ تێی بگەیەنێ کە بەختیار ناوێک داخوازی دەکات و باوک و دایکیشی ڕایان لەسەرە...

نزار خۆی بە دڵدارێکی پاک دەنوێنێ بەڵام گێلاس بۆی دەردەکەوێت جگە لەوەی قومار بازە لەتەک کچانیشدا پەیوەندی تریشی هەیە... کلاوە گرێ چنەکەی سەری دەسکردی شلێر ناوێکە، بەوا زانی کە نزار داوێن پیسە و یەک شەپەزلەی لێ دەداو دەڕوا، نزار خۆیشی دان بەوەدا دەنێ کە شلێری دەستە خوشکی گێلاس یەکێکە لە دۆستەکانی...

«...نزار: (بەزەردەخەنەوە) دەستی چەند قورسە؟... ئەو کیژەی لە کوێ ناسی؟! چەند زۆرزانە... (بەگاڵتەوە) شوو ئەکا داخم، بەشی خۆمم لەو بەهرەی جوانییە خوارد... هەها ها... هاها...)[١]

لە دیمەنی دووەمی بەشی یەکەمدا: باوکی بەختیار دەستی داخوازی و خزمایەتی بۆ باوکی گێلاس درێژ دەکات، دایک و باوکی پێیان وایە گێلاس شایستەی بەختیارە، کەچی گێلاس دڵی لای نزارە، با قومار باز و چاو لە دووش بێ...

لێرەدا گێلاس دەکەوێتە ناو دوو هەڵوێستی دژ بەیەکەوە، بە هەر کامیاندا ڕوو هەڵچەرخێنی ئەوەی تریان ڕای دەکێشێ... نزار هەر چەند درۆزن و داوێن پیسە، خۆ کوڕە ئاغا و دەوڵەمەندەو سبەی کە شووی پێ کرد دەیکاتە ئاغا ژن و تەلەفوون و کارەکەر و ئۆتۆمبیل لەبەر دەستیا دەبن، بەختیاریش با کوڕە هەژار بێ خۆ وەکو پەڕەی گوڵ پاکە، لەوانەشە سبەی بیکا بە ئاغا ژنی ماڵی خۆی، بەڵام ئەوەندە هەیە بەختیار دایکی خۆی خۆش دەوێ و لەوانەشە بیکات بە بەردەستی دایکی و خزمەتی ئەوی پێ بکات... ئەی چی بکات؟ لەسەر کامیان بڕیار بدا؟ دوو دڵە، دەبێ ئەم دوو دڵییە بەلایەکدا لارەسەنگ ببێ... لەم کاتەدا دایکی بانگی دەکات...

«دایک: گێلاس... کیژم گێلاس وەرە، فوویەکم لەم ئاگرە بۆ بکە... چاوم کوێر بوو...

گێلاس: (بە ناڕازییەوە) لە چنگی ئەمانە بۆ ئازاد نەبم؟ باشترە، هەر شوو بکەم ڕزگارم بێت...[٢]

گێلاس لەتاو ئیشەکانی دایکی بڕیاری شووکردن دەدات... کێ ئێستا داوای دەکات؟ بەختیار... کەواتە

(١) ببوورە ل٣٩.

(٢) ببوورە ل٦١.

لەتاو ئیش و بێزار بوون لەماڵ باوکی شووی پێ دەکات...

لە بەشی دووەمی دراماکەدا دەبینین، بەختیار و گێلاس بووک و زاوان، بەختیار بەنامەیەکی ناسک و پڕ سۆز هەستی خۆی بۆ بووکەکەی دەنووسێ و دەیخاتە بەر دەستی، لە نامەکەدا ئەم دەستەواژەیە هەیە... «تۆ هەڤاڵی ژیانمی»[١].

پاش ئەوەی گێلاس نامەکە دەخوێنێتەوە دەداتە پڕمەی گریان و دەڵێ: ببوورە نامەوێ ببم بە هەڤاڵی ژیانت نامەوێ تۆم خۆش نەویستووە، ببوورە»[٢].

بەختیار لە هۆدەی پەردەدا لەسەر بەرماڵی نوێژکردنە[٣].

بە پەلە سڵاوی نوێژەکە دەداتەوەو دەبینێ گێلاس هەردوو چاوی لەناو فرمێسکدا نقوم بووە... بەختیار پێی سەیرە... (ڕوو دەکاتە گێلاس) ئەم دیمەنە خەوە ئەیبینم یا ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە؟[٤]

ئەوەتا ڕووداوێکی تاڵ و ڕاستە، تاڵە چونکە خۆشەویستیی گێلاس بووەتە، گرێی دەروونی بەختیارو ڕزگاربوونی نییە... ڕاستە وا گێلاس پڕ بەدەم هاوار دەکا کە یەکێکی تری خۆش دەوێ، بەڵێ شووی پێ کردووە بەڵام ئەم شووکردنە نابێتە بەڵگەی خۆشەویستی، ئەگەر خۆشەویستیش لە نێوان ژن و مێرددا نەبێ هەڤاڵی ژیان و هاوسەری ڕاست و دروست پەیدا نابێ...

گێلاس لە بەختیار دەپارێتەوە کە لێی ببوورێ و لێی نزیک نەبێتەوە، وا لە دەرەوەی پەردە دەنگی خەڵک دێت، دەیانەوێ ببێ بە زاواو دڵیان خۆش کات...

دیارە مرۆڤی دڵدار: ئەوەی لە سەرچەمەی ئەوێندا مەی خۆشەویستی نۆشیبێ دانایە... دەزانێ چۆن چارە بۆ گیروگرفت بدۆزێتەوە... جارێ بۆ ئەوەی دڵی دایک و باوکی خۆش بکات پەڕۆیەکی سپی دەهێنێ، ئەو پەنجەیەی کە ئاڵقەی ژن و مێردیان تێ دەخرێ بەگوێزان برینداری دەکات و دڵۆپێ لە خوێنەکەی دەکا بەسەر پەڕۆکەدا... بەو جۆرە خەڵکەکە و دایک و باوکی لە خۆی ڕازی دەکات...

بەڵام تەڵاق دان لەو کاتەدا دەبێتە هۆی شوورەیی و لەوانەشە سەری گێلاسی تیا بچێ... بۆیە بەختیار گێلاس فێر دەکات کە بەرامبەر بە دایک و باوکی هەردووکیان دەست بە قسەو ناتۆر وتن بە یەکتری و خراپەی یەکتری بڵاوبکەنەوە، هەروەها گێلاس دەست بداتە جل و بەرگ کڕین و دەست بڵاوی بۆ ئەوەی بەو بەهانەوە بەختیار بتوانێ بەهانەی بۆ تەڵاق دانی گێلاس بهێنێتەوە، ئەو وەختە کە تەڵاقی دا خەڵک بڵێن لەبەر دەست بڵاوی گێلاس و ڕژدی بەختیار بوو، بۆیە پێکیانەوە نەکراو تەڵاق کەوتە بەینیانەوە... دوای تەواو بوونی چل ڕۆژ بەختیار دوا هەنگاوی گرفتەکەی دەنێ کە تەڵاق دانەکەیە، لە ڕۆژی چلەمدا بەختیار دەیەوێ گێلاس تەڵاق بدا، بەڵام گێلاس تازە ناتوانێ دەسبەرداری بەختیار ببێ چونکە لەو ماوەی چل ڕۆژەدا دڵی کەوتە ناو تۆڕی داوە وردیلە ڕەنگاو ڕەنگەکانی خۆشەویستیی ڕاستەقینەوە، خوێنی ئەو خۆشەویستییە هەموو دەمارەکانی لەشی پڕ لە گڕی دڵداری کردبوو... بەختیار مامۆستایەکی دانابوو، سەر لە نوێ گێلاسی لە قاڵبێکی تردا، داڕشتەوەو فێری دلۆڤانی ڕاستەقینەی کرد...»

خۆشەویستی ئەوەیە کە قوربانی لە پێناودا بدرێ و وەک نەمامێک پەروەردەی بکەی... دڵداری

(١) ببوورە ل٦٤.

(٢) ببوورە ل٦٤.

(٣) لەناو کوردەواری دا جاران وا باو بوو دەبوو زاوا پێش بە زاوابوونی لە پەردەدا بەرماڵ رابخا و دوو رکعەت نوێژی پەردە بکات...

(٤) ببوورە ل٦٦.



دامرکاندنەوەی ئاڵۆشەکانی سێکس نییە... بەو جۆرە دراماکە تەواو بوو...

### چەند سەرنجێک

١- نووسەر بابەتی خۆشەویستی کردووە بە ناوەرۆکی سەرەکی دراماکەی و تا کۆتایی لێی لانەداوە... کە ئەمە مەرجێکی سەرەکی درامایەو نیشانەی کارامەیی نووسەرە... دەیەوێ پێمان بڵێ خۆشەویستی یانی چی و چۆن دەبێ...

٢- ڕووداوەکانی بەرەو گرێیەکی درامی بردووەو دوو بەرەکییەکی سایکۆلۆژی لە نێوان ئارەزووەکانی گێلاسدا سازداوە کە ئەمە بووەتە هۆی سەرکەوتنی دراماکە، دوو بەرەکییەکە هاوسەنگییەکی هاوتایی تیایە: نزار دەوڵەمەندە بەڵام ناپاکە بەختیار هەژارە بەڵام بەڕەوشتە، ئەو ئافرەتی بۆیە دەوێ وەک چەپکە گوڵێک مێزی بۆ بڕازێنێتەوە، ئەمیش ئافرەتی دەوێ بۆ ئەوەی هاوسەری بێ و بیکات بە دایکی منداڵ و خاتوون...

٣- نووسەر نەیتوانیوە لە کەسانی ناو دراماکە خۆی دوور بخاتەوەو وازیان لێ بێنێ کاری خۆیان ساز بدەن، هەندێ جار لە جیاتیان قسە دەکات، کە ئەوان ڕای خۆیان سەبارەت بە هەڵوێستێک دەردەبڕن، ئەم دێت لە جیاتیان قسە دەکات، وەسپی شتەکانیان بۆ دەکات و جاری واش هەیە پلار (تعليق) لە قسەکانیان دەدات، بەو نیازەوە دەیەوێ خوێنەر لە مەبەستەکانیان تێ بگەیەنێ... هەر ئەم تێ هەڵقوتاندنە ڕێ لە بیری خوێنەر دەبەستێ نەک بەلایەکی تردا بڕوا، هەروەها ڕێگەیش لە دەرهێنەر دەگرێ ئەگەر بیەوێ بەپێی بۆچوونی خۆی دیمەنێک لە دیمەنەکان دەربهێنێ... کە ئەم دوو حاڵە دوو درزی ڕاست و چەپیان لە پەیکەری دراماکەدا دروست کردووە پایەی هونەری دراماکەیان هێناوەتە خوارەوە.

٤- ببوورە گەلێک لە چیرۆکی (ليلة الزفاف)ی (توفيق الحكيم)ەوە نزیکەو لەوانەیە نووسەری درامای ببوورە گەلێ پێ بەندی چیرۆکەکەی (توفيق الحكيم) بوو بێ و ئەوجا هاتبێ - بەبێ ئەوەی هەست بکات - لە قاڵبێکی کوردیدا دای ڕشتبێتەوە، ئەگەر وابێ داڕشتنەکەی بە جوانی هێناوەو نابێتە نەنگ بۆ نووسەر... بەڵام خۆ ئەگەر هەستی بەوە کردبێ و لە پێشەکی دراماکەیدا ئاماژەیەکی بۆ بکردایە ئەو کاتە خوێنەرو توێژەر دەیان وت: دەست خۆش کارێکی هونەری جوانت کردووە...

***

### ٦- دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ١٩٦٠

(دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار) درامایەکی هۆنراوەیەو (زەکی ئەحمەد هەناری- ١٩٠-١٩٦٧) لە چاپی داوە و لە (١١٢) لاپەڕەی قەبارە ناوەندی دایە...

مامۆستا زەکی هەناری بۆ داڕێشتنی دراماکەی پەنای بردووەتە بەر داستانی کوردی...

نووسەر لە سێ ڕووەوە کارێکی گەلێ باشی لە دراماکەیدا سازداوە، یەکەم ئاوڕ دانەوە لە داستانی کوردی؛ کە داستان هەر لە کۆنەوە سەرچاوەی درامانووسەکان بووەو بەکارە هونەریەکانیان دوێنێ و ئەمڕۆیان بەیەکەوە بەستووە، مرۆڤ هەر ئەو مرۆڤەی جارانەو ڕۆژگاریش هەمان ڕۆژگارە، بەلای دراما نووسەکانی گریکەوە شتێکی ئاسایی بوو، هەموو بابەتەکانی دراماکانیان لە میتۆلۆژیاوە بە ئەفسانەو داستانییەوە دەهێناو پۆشاکێکی هونەری درامییان لەبەر دەکردن و بۆ پاشینانی خۆیان بە شێوەی نواندن تازەیان دەکردنەوە، مەبەستی سەرەکی لەوەدا بەستنەوەی ئەمڕۆ بوو بە دوێنێوەو سوود وەرگرتن بوو لە تاقیکراوەکانی ئادەمیزادی کۆن و وەرگرتنی پەند و وریا بوونەوە...

نووسەرمان لە درامای (دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار)دا جگە لەوەی کە وتمان؛ ملۆیەکی سەنگین و بەپێزی خستووەتە سەر خەرمانی درامای کوردی و ڕەوتی خاوی درامای پێ پەزێر بووە...

ڕووی دووەم و سێیەمی کارەکە: بەکارهێنانی هۆنراوەو زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتییە...

درامای گریکەکان لەسەرەتای پەیدابوونیا دایلۆگەکانی بەشێوەی هۆنراوە بوو، هەروەهاش دراما کە لە ئەوروپادا سەری هەڵدا بەهەمان چەشن بوو، تا وای لێهات لە سەردەمی شەکسپیردا ئەو جۆرە دایلۆگە گۆڕدراو بەرەو پەخشان و هۆنراوەی بێ سەروا ڕۆیشت تا وای لێ هات بوو بە پەخشان... دراما لە هەر وڵاتێکدا سەری هەڵهێنابێ. هۆنراوەی کردووە بەیەکەم هەنگاوی هاتنە پێشەوەی خۆی... یان هیچ نەبێ خۆی لەو مەیدانەدا تاقیکردووەتەوە... کەواتە بەکارهێنانی دایلۆگی بەهۆنراوە وەنەبێ شتێکی تازەو نائالوودە بێ، مامۆستا زەکی هەناری کە ئەم جۆرە شێوازەی بەکارهێناوە کەلێنێکی گەورەی بۆ هونەری درامای کوردی پڕ کردووەتەوە... دەست پێشکەرییەکی لە باری کردووەو زانیویەتی نووسینی دراما چ بە شێوازی هۆنراوە بێ یا بە پەخشان مەیدانێکە ئەوەی بەتوانا و هونەرمەندێکی باڵا نەبێ خۆی لە قەرەی نادا...(١)

دراماکە لە هەشت داستاندایە... هەر داستانێک لەو داستانانە، لە چەند پەردەیەک دایە... وا لە خوارەوە کورتەی دراماکە دەخەینە پێش چاو...

لە داستانی یەکەمدا:

ئەژدەهاک لەسەر تەخت دانیشتوەو لەخۆی بابییە وا خۆی هەڵدەبڕێ:

هەموو شتێک لەبەر دەستیایەو کەس باڵا دەستی نییە

لە ڕۆژئاواوە هەتا ڕۆژهەڵات
لە فەرمانمدان شار، دێ گشت وڵات»(٢)

شالیار کەندرو: ئەوەندەی تر بەرزی دەکاتەوە، بەندەگی خۆی بۆی دەردەبڕێ:

«لەبارەگای شا نۆکەرە کەندو و
وتەی ڕاست ڕەقە واکردم لە ڕوو»(٣)

نۆبەی شالیار ئازاد هات: ئامۆژگاری ئەژدەهاک دەکاو دەڵێ:

ستەم فرێ دە، بەرگی داد پۆش
ڕێی بەدی بەردە بۆ چاک تێکۆشە(٤)

ئەژدەهاک لە قسەکانی شالیار ئازاد پەست دەبێ، پرس بە (موبید) واتە (موغان) کە تەمسیلی ئایین دەکات لە ڕای دەربارەی ئەو گفتە ناشیرینەی شالیار ئازاد دەبڕێ...

(١) زەکی أحمد هەناری- ١٩٠٠-١٩٦٧ جگە لە (دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار) تراژیدیای (لەپێناو ئەویندا)یشی هەیە، کە لە ساڵی (١٩٧٤)دا بە چاپی گەیاندوو، کە لە (٢٥) لاپەڕەی قەبارە ناوەندی دایە، پێنج بەشەو هەر بەشی چەند پەردەیەکە... (لەپێناوی ئەویندا) داستانە دڵدارییە فولکلۆرییەکەی (موحەمەد و سێوێ)یە ئەم هاتووە لە قاڵبێکی درامی دا دایڕشتووەتەوە...

(٢) دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ل٢١.

(٣) دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ل٢٢.

(٤) دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ل٢٢.



«موبید: وتەت پێ ڕەوە هەر چی لێی دەرچێ
بەبڕین بە کوشتن بە سوتن ئەچێ
سەرباز بە کوشتن گەل بە سەربڕین
پێشکار پەستار بەسوتن و دڕین»(١)

ئەژدەهاک بڕیار دەدا کە شالیار ئازاد توندی زیندان بکرێ تا بەهار دێ ئەو وەختە بسووتێنرێ، لەبەرچی؟ چونکە ئازاد داوای دادپەروەری دەکات، جا لەو دادپەروەرییەی ئەژدەهاک دادی چاکتر هەیە؟...

کەندرو و موبید و دەست و پەیوەند هەموو سەریان بۆ ئەژدەهاک شۆڕکرد...

شالیار ئازادیش پاش ئامۆژگاری ئەژدەهاک، هێرش دەباتە سەر ئەو دوو نەزان و دوو ڕوانە: سەبارەت بە کەندرو دەڵێ:

«دڵ بەندی پۆلە نۆکەری دینار
ڕێی پیاوەتی نەماوە یەک جار»(٢)

دەربارەی موبیدیش دەڵێ:

«موبید زانایە، بێ هۆشەو بێ ژیر
خۆرا خەواڵۆ ترسنۆک بێ بیر»

یان دەڵێ: «لای خۆت سەرداری ئایینی کەچی
لەکار، کردەوەو بڕیارتا کەچی»(٣)

لەم کاتەدا... سالار دێتە ژوورەوەو ئەژدەهاک فرمانی بەسەردا دەدا، کە شالیار ئازاد بخاتە زیندان، ئەویش ئازاد توندی بەندیخانە دەکات...

لە داستانی دووەمدا: ئەژدەهاک هەڵپەی خواردنیەتی، کە تەسەل دەبێ ستایشی ئاشپەز - چێشتکەر - دەکات و ئەویش داوای لێ دەکات کە دەرفەتی بدات ماچی سەرشانی بکا... ئەویش پێی سەیر دەبێ... بۆیە ئاشپەز دەڵێ:

«ماچی شانانتم ئەکرێتە داستان
نەوە ئەیخوێنن وەک نامەی باستان»(٤)

ماچی هەر دوو سەر شانی دەکات شوێن ئەو دوو ماچە دوو (مار) وەردەبنە گیانی ئەژدەهاک... ئەویش لەتاو ئەو مارە پەنا دەباتە بەر دەست و پەیوەندی...

لە داستانی سێیەمدا:

ئەو ئاشپەزە کە دوو ماچەکانی بوون بە دوو مار و لەسەر شانی ئەژدەهاک ڕوان، بزرەو دیار نییە... چەندان پزیشک - نۆژدار - هاتە سەری بۆ ئەوەی ئەو دوو مارە دابمرکێننەوە... یەکێکیان دوو مارەکەی لە ڕەگدا دەرهێنان بەڵام پاش ژەمێک خواردن سەر لە نوێ دەرهاتنەوە...

(١) دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ل٢٥.

(٢) هەمان سەرچاوە ل٣٠.

(٣) هەمان سەرچاوە ل٣٢.

(٤) هەمان سەرچاوە ل٣٧.

«ئەبڕا؛ ئەبو - وە، ئەپچڕا، ئەڕوا
مار چارەی نەکرا مایەوە هەر وا» (١)

لە دواییدا پزیشکێکی گەڕیدە هاتە سەری... وای دانا کە:

«سەر بۆ تەن چۆنە شا بۆ گەل وایە
شا تا بمێنێ گەل ڕێزی مایە» (٢)
"هەر ڕۆژ پێویستە مێشکی دوو جوان
خواردنی ڕۆژیان بێ و ئامادەکرێ جوان» (٣)

ئیتر ڕۆژی دوو گەنج خۆاکی ئەو مارانەیە، بۆ ئەوەی ئارام بگرن... داوا لە موبید دەکرێ کە فتوای ئایینی لەسەر قسەی پزیشکەکە دەربکات و بە پەردەیەکی ئایینی خەڵک چەواشە بکات...

«موبید: وا بڕیارمدا بۆ گیان پارێزی
شا بکەن هەرچی ئەیوێ مگێزی» (٤)

ئەوە بڕیارێکی ئایینییە، لەمەو پاش ڕۆژی دوو گەنج خۆراکی مارەکانەو نابێ کەس مل پێچی لێ بکات...

لە داستانی چوارەمدا:

سەرتیپ برزۆ: دێتە لای ئەژدەهاک و کرنۆش دەباو، پێی ڕادەگەیەنێ کە وڵاتی جەمشید گیراو، چی کوڕ و کچ و ماڵ و منداڵیان هەبوو هەموو بەدیل گیران و بە تاڵان هێنران، وا لە تەک خۆیا دوو کیژەکەی جەمشید - شەهرناز و ئەرنەواز - ی بەخەڵات بۆ شا هێناون...

هەردوو کیژەکە لە بەردەم ئەژدەهاکدا دەست دەکەن بە گریان و خۆلاواندنەوە، ئەو گریان و پاڕانەوە ئەوەندەی تر ئاڵۆشەکانی دە هورژێنن.

لە پەردەی پێنجەمدا: خەڵک لە ستەمکاری و کوشتن و بڕینی ئەژدەهاک بەتەواوی بێزار بوون، وا هەندێ گەنج سەرو ڕیشی دەسکردیان بۆ خۆیان دروست کردووە، لە کوچەو کۆڵانەکاندا دەگەڕێن و هانی خەڵک دەدەن لە نارەحەتی خۆیان لەدەست ئەو ستەمکارە دەرببڕن و نەترسن، خەڵک فێر دەکەن کە چۆن بەرەنگاری ئەو ستەمە بکەن...

وا فیرۆز، پەروێز، سیامەند، پەشەنگ، هۆشەنگ، فەرهاد، بێژەن... وا خەریکی ڕاچینینی خەڵکن...

پیرۆز کچێکە تا ئێستا نۆ برای دەرخواردی مارەکانی ئەژدەهاک دراون، بەهاوار و گریان دێتە لای ئەو گەنجانە:

مێشکی هەر نۆ برام بوون بە خۆراکی
هەر دوو مارانی شانی دەهاکی(٥)

(١) هەمان سەرچاوە ل٤١.
(٢) هەمان سەرچاوە ل٤٤.
(٣) هەمان سەرچاوە ل ٤٥.
(٤) هەمان سەرچاوە ل٤٧.
(٥) دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ل ٦٥.



هەموو سوێند دەخۆن تا مێشکی ئەژدەهاک نەپژێنن دانەنیشن...

لە داستانی شەشەمدا:

دیمەن وا پیشان دەدا، ئەژدەهاک، موبید، شالیار، کەندرو، شالیار کەرمایل، شالیار ئەرمایل، گەلێک ئەفسەری مەزن و پلەداری ئەژدەهاک هەموو کۆکراونەتەوە بۆ ئەوەی پەیمانی ئەمەکداری و وەفا سەر لەنوێ بۆ ئەژدەهاک نوێ بکەنەوە، هەروەها پەیمانێک مۆر دەکرێ کە دژ بەوانەیە بە ڕووی ستەمکاریدا تەقیونەتەوە... ئەژدەهاک وتاری داو وتی:

«لەسەر ئەم چاکە ئەڵێن چەند خوێری
گەل وا هان ئەدەن لێم بکەونە زوێری» (١)

شالیارەکان هەموو وتاریان دا، هەندێکیان نارەزاییان، دەربڕی و هەندێکی تریان وەک دانایەک دوان... نۆبە هاتە سەر (موبید) و وتی:

خوا پێمان ئەڵێ لە نامەکەی پاک
ملی کەچ، بۆمە و بۆ سەرۆکی چاک
شا پاکەو چاکە، گوێ نادەم بەکەس
خۆم گەوانامە ئەنووسم بەدەست(٢)

لەم کاتەدا یەکێک وەک پڵنگی پێکراو دێتە ژوورەوەو کڕنۆش نابا و دەڵێ:

«داد لە دەست ستەم جەرگمی بڕی
هۆشی شێواندم بارەگام دڕی»
«هەژدە کوڕم بوو لە دارای جیهان
یەک ماوە لێیان ئیتریان خوران» (٣)

لە داستانی حەوتەمدا:

کاوە و کوڕەکەی دێنە ناو بازاڕ و هاوار دەکەن...

«داد لەدەست ستەم چینانی بازاڕ
بۆ ئێوە ئەکەم هاوار پڕ بەزار» (٤)

خەڵک لە دەور کاوەو کوڕەکەی کۆ دەبنەوەو دەخرۆشێن، هەر یەکە دێتە پێشەوەو هاواری خۆی دەخاتە سەر هاواری کاوە... کاوە (بەروانکە)کەی خۆی بەسەر نێزەکەیەوە دەکات، خەڵک دەهروژێن و دروشمی شۆڕش و ڕمانی قەڵای ستەمکار بەرز دەکرێتەوەو ڕوو دەکەنە کۆشکی شاو لەوێ تەخت و تارای سەرونخون دەکرێت و چەکوشەکەی دەستی کاوە سەری ئەژدەهاک پان دەکرێتەوە:

«دەستەی زۆرداران دەئاکی بەدخو
گیران هەموویان موبید و کەندرو

(١) هەمان سەرچاوە ل٧٠.
(٢) هەمان سەرچاوە ل٣٠.
(٣) هەمان سەرچاوە ل٩٧.
(٤) دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ل١٠٠.

هەڵگری ئاڵا كـــــاوەكـــــەی ناودار
چەكوچی لە دەئاك داو هێنایە خوار»[١]

لە داستانی هەشتەمدا:

ئەمانە كۆبوونەتەوە: (كاوە، فەرەیدوون، شالیار ئازاد، شالیار كەرمایل، شالیار ئەرمایل، شازادە شەهرناز، شازادە ئەرنەواز، پیرۆز، فەیرۆز، پەروێز، هۆشەنگ، پەشەنگ، بێژەن، فەرهاد، سیامەند... هەر یەك قسەی خۆی دەربارەی بەرپابوونی شۆڕش و كوشتنی ئەژدەهاك دەكات:

«كـــاوە ئازایە و بەهێـــزەو هۆش دار
شـاهی نەمـێنێ بێـتـە سـەر كـۆمـار
كـۆمـار هی گـەلە كـەس نایكا داگـیـر
وەك شاهی نییە شا خۆی لێ كا گیر[٢]

هەموو پێشنیازەكەی شالیار ئازادیان لا پەسند دەبێ، بڕیار دەدەن كە كاوە بكرێ بە سەركۆمار:

«كاوە: سوپاستان ئەكەم برایانی مەرد
بژین بەخۆشی دڵتان نەگری گەرد»[٣]

ئەو وای پێ باشە بە بازووی خۆی بژێوی بۆ خۆی و منداڵی پەیدا بكات، نەك لەسەر تەخت دانیشێ و پاڵ بداتەوە... بۆیە ئەو سەر كۆمارییە بە فەرەیدون دەبەخشێ:

«لەنێـو گـەل نەبووە كـەس وەك فــەرەیدون
ســاڵەها جــەنگ كــا، بەبێ چەند و چون
ئەو ســەركـۆمــارییــەی پێـتــان دابوم باش
سـوپاس وا بەخـشـیم بۆ ئەو بێ پاداش»[٤]

ئێتر خەڵكەكە بەیەك دەنگ پێشنیازەكەی كاوە قبوڵ دەكەن و دەڵێن:

پەسەندی دەكەین گشتمان بە یەك جار
فـەرەیدونی مـەرد بێـتـە سـەر كـۆمـار

فەرەیدون سوپاسی جەماوەر دەكات و دەڵێ:

«ســوپاســتــان دەكــەم برایانی كــار
لەمەی كە منتان كرد بە سەركۆمار»[٥]

فەرەیدون بوو بە سەر كۆمار و مامۆستا هەناریش ئەم دراما جوانەی پێ بەخشراو درامای كوردیش داستانی ئەژدەهاكی كرد بە سەروچاوەیەكی پتەو بۆ خۆی.

(١) دوا رۆژی دەئاكی زۆردار ل١٠٠.
(٢) هەمان سەرچاوە ل١٠٤.
(٣) هەمان سەرچاوە ل١٠٩.
(٤) هەمان سەرچاوە ل١٠٩.
(٥) دوا رۆژی دەئاكی زۆردار ل١١٠.



**چەند سەرنجێك**

١- زۆرانبـازی و دووبەرەكی یان ئاڵۆزبوونی حـەز و ئارەزووە دژوارەكـانی كـەسـانی نـاو دراما دەبنە كەرەسەی سەرەكی دامەزراندنی پەیكەری دراماكە، لەم درامایەی «دوا ڕۆژی دەئاكی زۆردار»دا، هەست بە دوو بەرەكی و ململانەیەكی ئەوتۆ ناكرێ، ئەوانەی كە دژ بە دەئاك ڕادەوەستن، بە ساردو سڕیەوەو بە سەر زارەكی وا پیشـان دەدەن دژ بە ستـەمكارین، هەر ئەوەندەی پێ ناچێ توونـدی بەندیخـانەو زیندان دەكرێن و دەنگیان كوپ دەكرێتەوە... دراماكە بەشێوەی هۆنراوە داڕێژراوە، ئەگەر بێت و دوو تای كرژی هۆنراوەكە خاو بكەینەوەو دراماكە بكەین بە چیرۆكێكی پەخشان ئامێز ئەو وەختە وەك بەیازێكی سادەی لێ دێت و دەبێتە گێڕانەوەی سەربووردەیەك...

٢- لە داستانی سێیەمدا ئاشپەزەكە دوو ماچی لەسەر شانی ئەژدەهاك كردو لەشوێن ئەو دوو ماچەدا دوومار ڕوان، ئەمە هێمایەكی جوانە، بۆ ئەوەی كە نەفرەت بوونی خەڵك لە ئەژدەهاك بووە بە دوو مارو ئارامیان لێ هەڵگرت یان مارەكان هێمان بۆ ئەو ئارەزووە ئاژەڵیانە كە قەت تەسەل بوونیان بۆ نییە...

٣- پاڵەوانی داستـانەكە دوای سەركەوتنیـان بەسەر (ئەژدەهاك)دا پێشنیارەكەی شالیار ئازادیان بە یەك دەنگ قبـوڵ كرد كـە: (كاوە) بكرێ بەسـەر كۆمار... كـاوەش بەس عەقـڵـیەتە تۆقێنراوە كـۆنەكـەی كوردانەوە داوا دەكات (فەرەیدوون) سەركۆمار بێ! كاوە پاساوی وازهێنانەكەی بەوە دەهێنێتەوە كە گوا ئەو لە چینی كرێكارەو دەقی بەكارەوە گرتووەو دەیەوێ بە ئارەقی نیوچەوانی خۆی بژێوی بۆ منداڵەكانی پەیدا بكات، وەك بڵێی بە چوونە سەرتەختی پاشایەتی خۆی و منداڵەكانی تووشی برسیەتی دەبن، ئەمە لەكاتێكدا كاوە منداڵی هەموو سەربڕان، ئیتر بەفیـتی ئەو (فەرەیدوون) دەكرێ بە پاشـاو بەبێ ئەوەی نووسـەر نیشـانەی نا ڕەزاییـەك بخـاتە سـەر لێـواری یەكـێك لەو جەمـاوەری دراماكـە! وەك بڵـێی: تا ئەوكـاتەی ئەو درامـایەی تیـا نـووسـراوەتەوە كـوردانە نەیانتـوانیـوە خـۆیان لە خـەڵك جیـا بكەنەوە یان هەروابووە (كـردەوەی ئەوان و بردەی بێگانە) دەبوو نووسـەر هۆشـیـار بێ و لەو ڕەویە كـۆنە لابدات، بۆ ئەوەی لە خـۆمـاندوكـردن و دەس بەتاڵی كـاوەی ڕەنج بە خـەسـاری ڕزگـار ببـوایە... تۆ بڵـێی نووسـەر فەرەیدوونی بە كـورد دابێتە قەڵەم و لەگەڵ ڕاكەی (فیـردەوسی)دا نەبووبێ؟ كوا لە كوێ؟! خۆ ئەو كاوەی بەسەر كۆماری ئەوكاتەی عێراق زانیوە، كوا كاوەی بەسەزمانی ناو ئەم درامایە چی پێ بڕا؟ تەنیا تۆڵەی خۆی لە ئەژدەهاك كردەوە... هات بێگانەیەكی تری لەسەر كوردان قیت كردەوە...

**٧- ئاواتی ئۆمەر... یان مردنی ئاوا... ١٩٦١**

ئەم درامایە یەكێكە لەو كۆمەڵە چیرۆكە شانۆییە كە هەمو بەهۆنراوە داڕێژراون، هەموو چیرۆكەكان لەژێر ناوی - شـانۆی كـوردسـتـان - دا كـاك (عـبـدالرزاق مـحـمـد) لە سـاڵی (١٩٦١)دا بە چاپی گەیاندوون[١].

شانۆی كوردستان لەم كارە هونەریانە پێك هاتووە:

١- ئاواتی ئۆمەر - یان - مردنی ئاوات، شانۆگەرییە.

٢- گەنجۆ: ئۆپەرێتە.

(١) عەبدولرەزاق بیمار- لە شاری كۆیە لە دایك بووە، یەكێكە لەو نووسەرانە كە تا ئێستاش هەر خەریكی بەرهەم دانی ئەدەبییە و چەندان بەرهەم و دیوانی هەیە، لە ساڵی (١٩٦١) «بووكی پەردە» كە شانۆگەرییەكی كۆمیدییە بە چاپ گەیاندووەو لە سێ پەردە دایە...

٣- شەفێ و شیرین: ئۆپەرێتە.

٤- سەرکەوتنی بەهار: ئۆپەرێتە.

ئێمە لێرەدا تەنیا لە درامای - ئاواتی ئۆمەر - دەخەینە پێش چاو کە نموونەیەکی ڕاستەقینەی درامای تراژیدی کوردییە، لێرەدا دەتوانم بڵێم تراژیدیای کوردی بە ئاواتی ئۆمەر لە دایک بووە... کە ئەمە مایەی شانازی نووسەرەو پلەیەکی گەورەیە لە ڕەوتی درامای کوردیدا، ئەمە جگە لەوەش کە بە هۆنراوەیەکی ساف و ئاسان ڕووداوەکانی نەخشاندووەو ئاوات و ئارەزووەکانی کەسانی ناو دراماکەی لە ڕووی گەشیاندا درۆشاندووەتەوە، ئەم جۆرە هۆنراوەیە، ئاوازێکی سافە لە دەنوکە زێڕینەکانی هۆزارەکانی لا نزارانەوە سەر دەکات و دەڕژێتە ناو داوێنی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوەو دەبێتە شەتاوی سیمفۆنییەکی گەردوونی.

ئەم جۆرە شێوازە، ئەم جۆرە هۆنراوەیە، هەر دەڵێی کالآی پڕ باڵای سروشتی تراژیدیاکەیە، هۆنراوەیە، دایلۆگە، مۆسیقایە، جوانکارییە...

ئەگەر درامای هۆنراوە نیشان لە ڕۆژهەلآتدا بە ستەم خۆی نواندبێ ئەوا لە ئاسانەی زمانی کوردیدا گەلێ بە ئاسانی خۆی مشت و ماڵ داوە، هۆنراوە هەی هۆنراوە، هەمووی مۆسیقاو جوانییە نەک کۆت و زنجیر و شەتەک دان... وەرن گوێ بگرن، خۆ بتوێننەوە، لەبەر؛ وتە شیرینەکانی «ئەسمەر» دا خۆ ڕاگرن، ئەو ئاواتەی کە بە ئاوات نەگەیشت ئەو مردنەی کە ئاواتی ئۆمەر و هەزاران وەک ئۆمەر وەران و مران...

ئاواتی ئۆمەر لە چوار بەشدایە، هەر بەشێکی زنجیرەیەکی نەپچڕاوی تراژیدیاکەیەو ئاوێنەی باڵانمای ژیانی کلۆڵی و لانەوازی ئەم گەلە لێ قەوماوەی ئێمەیە، پاڵەوانانی سەرەکی تراژیدیاکە: (ئۆمەر) و (ئەسمەر)ە...

وا لە خوارەوە کورتەی دراماکە دەخەینە پێش چاو:

لە بەشی یەکەمدا: دێیەکە ئارامگەی خۆش بەختی و ئەوینە دەستی حەسانەوەو نگین لە داوێن ئەو چیا سەرکەشانەدا ڕازاندویەتەوە، خەڵکەکەی خەریکی کارو کاسبین، کیژو کوڕ فریشتەی بەختن بەیەکەوە وازی دەکەن، هەرزەکاران هۆزاری کێوانن لەم بن دار بۆ ئەو بن دار، لەم بەر بۆ ئەو بەر لە پڕ وەیشوومە دەنگێک دەداتەوە، دەنگی جەندرمەکانی سەفەر بەلک، هەموو خەڵکی دێ دەسڵەمێننەوە... ئۆمەر و ئەسمەر وەک دوو کەوی ئەو بنارە دڵداری یەکن، وا ڕاوچی بەخۆی و ساچمە زەنەکەیەوە، بۆیان هات... گرتن و کوشتن و بەتالآن بردنە... ئۆمەر ڕوو دەکاتە ئەسمەر:

«ئۆمەر: «گورگی بەدە» هاوار کرا
شایی دێمان کۆتا کرا
گوڵزار، گەر قەدەغە کرابێ
گوایا ڕێگەی هۆزار نابێ؟
لە جیهانا هیچ شت، هیچ هێز
هیچ گیان لەبەر
ترس ناهاونە ناو دڵی
نەبەزی دڵدارو دوڵبەر
لێکتر جیا ناکەنەوە



گیان و دڵ و هیواو ئۆمەر
لە هی ئەسمەر»(١)

ئۆمەر و ئەسمەر پەیمانیان بەیەکتری داو مەگەر مەرگ لەیەکیان دابڕێ، لەپڕ تەقەی (جەندرمەکان) پەرە دەسێنێ... ئەسمەر دەستەداوێنی ئۆمەر دەبێ کە بڕوا خۆی ڕزگار بکات، وا قیژەو ناڵەو فوغانی خەڵکی گوندەکەی هاژاند، ئۆمەر هەر ئەڕۆیشت تا گوللەیەک هات و بەر ئۆمەر کەوت...

«ئەسمەر: هەیرۆ؛ بمرم
کێ بوو کردی؟
هەیرۆ هەیرۆ»

هێشتا برینەکە گەرم بوو، بۆیە داوای لە ئەسمەر کرد هەیرۆ نەکات، کە برینەکە سارد بووەوە، ئۆمەر کەوت...

لە بەشی دووەمدا:

ئۆمەر لەماڵەوە بەسەر ئازاری برینەکەیدا کەوتووە، بەڵام هیوای بەرنەداوە، دایکی هێزی دەداتێ کە بیر لەمردن نەکاتەوە...

ئۆمەر: دایە، ئەمرم، با هەر بمرم
بەڵام ئاواتی ڕوناکم
لەگەڵ خۆم بۆ گۆڕ هەڵناگرم»
دایک: ڕۆڵە ئۆمەر تۆ بوی پڵنگی ئاوایی
نەخۆشی... ئازار؛ ئەتوانێ؟!
بتترسێنێ بە بەند و باوی خۆڕایی»

----

«خوایە، ڕۆڵەم لێ نەمرێنی
ئەوەی گوللەی نا بەسنگی و
ویستی بەناحەق بیمرێنی
ئەتۆ بەناحەق بیمرێنی
خوایە... خۆ چاوت
ئەبینێ و من ئەبینی»(٢)

ئۆمەر پڵنگی برینداره، ژان کەواندوویەتی، جەندرمەکان بەشوێنیا دەگەڕێن، ئەویش خۆی بەدەستەوە نەداوە، ئەوینی ئەسمەر تاکە هێزی لەشی و وزەی دەروونیەتی، چەند ڕۆژێکە کەوتووە، پشتی لە مردن و ڕووی لە نوژداری کردووە و خەریکە بەرچاوی ڕووناک ببێتەوە، لەم کاتەدا ژنێک دێتە لای و هەواڵێکی دڵتەزێنی بەڕوودا دەدات...

(١) شانۆی کوردستان ل١٢.

(٢) شانۆی کوردستان ل٢٢.

«ژنەکە: یاخوا قەت مەرگت نەبینین ڕۆڵەی پڵنگ
دنیامان گێژەنەو بایە
هەزار (دەڵێن)ی تێدایە
ئەڵێن ئەسمەر بۆ کوڕی ئاغایە
خۆیان بۆ ئەو هەڵگرتووە
ئینجا گوایە، دنیا، هەر ئەسمەری تیایە؟!» (١)

بەڵام ئۆمەر بڕوای بەو قسە نایێ و دەزانێ ئەوە پیلانەو ناحەزان بۆیان دروست کردووە، ئەوێنی ئەو و ئەسمەر لەوە بەتوانا ترە، کە گێژەلوولی چڕەو بڕەی ناحەزان کاری تیا بکات... لەم کاتەدا جەندرمەکان دەکوتنە سەر ماڵی ئۆمەر بۆ ئەوەی بیگرن، بەڵام ئۆمەر خۆی بەدەستەوە ناداو، دایکی ماچ دەکات و بۆی دەردەپەڕێ... پاش دەربازبوونی ئۆمەر ئەسمەر دێتە ماڵیان...

ئەسمەر: ئۆمەر کوانێ، کوانێ ئۆمەر
دڵ داخورپا و شێواوە خۆم
لەکوێت؟ ئەی دڵە گەورەکەی خۆم
لەکوێت... لەکوێ...(٢)

ژنەکە بەتەوسەوە بە ئەسمەر دەڵێ: بۆ خۆت گێل دەکەی لێیان، کەی نەریتی خۆشەویستی وابووە، ئەویش واقی وڕ دەمێنێ و نازانێ مەسەلە چییە، لە تانەو توانجی ئافرەتەکە بێ خەبەرە... لەم کاتەدا یەکێک دێت و دەڵێ:

«ئۆمەریان گرت...
هەرچابوو گوللەی جانداران بە کوێرایی
نەی پێکابوو...(٣)

«ئەسمەر: ئۆمەریان گرت؟
ئۆمەر گیرا؟
بڵێن گڕی مەردایەتی ئەوجا لە دڵیا دایسا
مەزنایەتی ئەو ناگیری
هۆمەر نامرێ... تا ئێستا -گەر- هەرزەکار بوو
وا شوێنی پیاوێنی دیار بوو» (٤)

ئەسمەر کە زانی ئۆمەریان گرتووە دڵی کەیل دەبێ و سۆزی، خۆشەویستی خۆی بۆ ئۆمەر دەردەبڕێ و دەڵێ:

(١) شانۆی کوردستان ل٢٥.
(٢) شانۆی کوردستان ل٢٨.
(٣) شانۆی کوردستان ل ٢٩.
(٤) شانۆی کوردستان ل٣٠.



«ئۆمەریان برد بۆ ڕێگایە
(لەسەر بەستی بۆ دیلیەتی)»

جاندرمەکان، ئۆمەرو چەندان وەک ئۆمەریان باڵ بەست کردن و ڕایان پێچان، ئۆمەر ماڵ ئاوایی لە دایکی دەکات، دایکی بە هەناسە ساردییەوە خواحافیزی لێ دەکات... ئەسمەر لە هەڵوێستێکی سەخت دایە، چۆن بگاتە لای ئۆمەر تا ئەو بەهەڵاچوونەی بۆ ڕاست بکاتەوەو تێی بگەیەنێ پیلان بۆ دڵدارییەکەیان داتاشراوە...

لە پەردەی سێیەمدا:

کۆمەڵە ئافرەت و منداڵێکی لاواز لەبەر دەرگای حاجییەکدا تەموورەیان کردووەو هاوار دەکەن: برسیمانە، برسیمانە، چونکە جەندرمە خوا نەناسەکان چی ئازوخە و خواردن و خۆراک بوو هەموویان بەتاڵان برد و خەڵکیان بە ڕووت و برسیەتی هێشتەوە، ئیتر ئافرەتانی دێ لەتاو برسیەتی منداڵەکانیاندا پەردەی شەرمیان دڕاندووەو هێرشیان بردووەتە سەر ماڵی حاجی کە عەماری خواردەمەنییە.

لە پەردەی چوارەمدا:

شەڕ کۆتایی هات، بەڵام برسیەتی کۆتایی نەهات، خەڵک شپرزەیە، ئەسمەر نەخۆشە و یادی ئەمەکداری ئەڤینی خۆی دەکاتەوەو وا خۆی دەلاوێنێتەوە، ئەو ڕۆژگارە ڕابردووە کە لە ڕۆژنەی ڕووناکی خۆشەویستیی ئۆمەرە، هەر لەوێوە ڕۆشنایی دێتە ناو دڵی ئەسمەرەوە، وا هەمدیسان دڵی بوو بە ئاوێزەو پەلکە ڕەنگینەی ئەو ڕووناکییەی هۆنییەوەو ئومێدی گەڕانەوەی ئۆمەری کەڵاڤەکردەوە... کەچی نەخۆشییەکەی کاریگەرەو تەکی پێ هەڵچنیوە...

«ئەسمەر: ئۆمەر چوو... دڵ بەداخەوە
بەداخی هەزار سەرەوە
بەدڵی پڕ کەدەرەوە
بەلەشێکی ناساخەوە
من دڵم ڕووناکە ماوە
بەم سزاو جەورە نامرێ
بەرگەی هەزار هێندەش ئەگرێ» (١)

نەخۆشییەکەی ئەسمەر دەردێکی بێ دەرمانەو بەرەو ئاوابوونی دەبا لەگەڵ ئەوەشدا یادی ئۆمەر بەری نادا، وا دایکی دڵی دەداتەوە:

«دایک: ڕۆڵە دنیامان سەر لەنوو
بەرگی تر ئەپۆشێتەوە
بۆنی ئۆمەر دێ دووراو دوور
خۆ هەڵگرە ... تا دێتەوە

(١) شانۆی کوردستان ل٤١.

«دڵنیـــــام» ئەگـــەڕێتـــەوە»[1]

ئەسمەر شپرزە دەبێ و دەکەوێتە گیانەڵاو:

مـــزگـێنیم پێـــیـــە، مـــزگـێنی
ئەڵـێن ئۆمـــــەر وا لە ڕێیـــــە...

ئەسمەر کە گوێی لە هەواڵەکە دەبێ لاڵ دەبێ و دەکەوێتە لرخە لرخی مردن، دایکی دەچێتە سەری کە بە هاتنەوەی ئۆمەر دڵی خۆش بکات، بەڵام هەی هو! کار لە کار ترازابوو، لاشە نەرم و نۆڵەکەی سارد ببووەوە...

دایکی دەس دەکات بە شین و زاری کردن بۆ ئەسمەری جوانە مەرگ و دەیلاوێنێتەوە:

«ئەی مەلی «گیان» ڕەنگاو ڕەنگ
چۆن هێـــلانەی لەشی بێـــدەنگ
بـــەجـــێ دێـڵـــی؟
دەک لاڵ بم بـۆ جــــــــــوانـیـت
بۆ دڵپـــــاکی و مـــــهـــــرەبانیت
ئەسـمـەر مـردیت بۆ نەت ویست ئۆمـەر بدوێنی
تا پێـــــشــــــان دەی... ڕۆژهەڵات
تۆ بووی ئاوات، ئاوات، ئاوات...»

بەو جۆرە تراژیدیاکە تەواو بوو...

## چەند سەرنجێک

١- لەکاتێکدا ئۆمەر دەگیرێ و باڵ بەست دەکرێ، ئەسمەریش دەزانی کە دژ بە دڵدارییە خاوێنەکەیان قسە هەڵبەستراوە، دەرفەتی ئەوەی نابێ ئەو کەسەرەی دڵی بۆ ئۆمەر ڕامالّی و پاکانەی بۆ بکات... لەم کاتەدا تراژیدیاکە دەگاتە لووتکەی کارەسات و لێ دابڕانی تراژیدی...

٢- تراژیدیاکە ئاڵقـەیەکی تەواو نەکراوی مابوو، کارەسات تەنیا بە سەر ئەسمەر داهات، ئەی کە ئۆمـەر هاتەوەو ئەوەی بۆ ساغ نەبووەوە کە ئەسـمـەر هەر دڵدارەکەی جاران بووەو بە ئاواتی هاتنەوەی ئەوەوە سەری هەتا هەتایی نایەوە، ئەگەر ئەمەی بۆ ساغ بووەتەوە ئەی چی بەسەر هات، ئەگەر بۆشی ساغ نەبووەتەوە ئەی چی لێ هات... چی کرد؟ چەند پرسیارێک ڕووبەڕووی نووسەر دەبنەوە...

٣- لە پەردەی سێیەمدا: حاجی کراوە بەنموونەی ئەو پیاوە زەنگینانەی کە عەمارەکانیان هەمیشە بە ئازوخەی خواردەمەنی لرپ و ئاوساون...

دەبوایە ماڵە ئاغا، یان بەگە سەر بە ئۆسمانییەکان بکرێن بە نموونە، چونکە ئەوانە لەبەر ئەوەی سەر بە جەندرمەکان لە تالان و ڕنینیان ڕزگار دەبوون... ئەگەر چی جاران حاجییەکان نیشانەی دەوڵەمەندی بوون، بەڵام هەمە دەم و لەهەموو شوێنێکدا مەرج نییە وابێ، کەچی بەگ، یان ئاغا تا ڕادەیەکی زۆر ئەوەی دەگەیاند...

(١) شانۆی کوردستان ل٤٣.



## ٨- نان و ژیان ١٩٦٩

«نان و ژیان» کۆمەڵە بەرهەمێکی شانۆییەو نووسینی (موحەمەد ئەمین ئۆسمان)ە... مامۆستای ناوبراو یەکێکە لەو نووسەرانەی کرمانجی ژووروو کە تا ئێستاش هەر لەسەر نووسین و بەرهەم هێنانی کاری ئەدەبی و هونەری بەردەوامە...

«نان و ژیان» لەم کۆمەڵە بەرهەمە پێک هاتووە: (داوەتا لەزگین، فال ڤەکەر، ژیان و ئیغباڵ، تەسلیما مارا، تڤرا بچنین)، جگە لە ژیان و ئیغباڵ ئۆپەرێتە، ئەوانی تر شانۆگەرین، لەبەر ئەوەی (فال ڤەکەر) لە هەمـوویان بەرین و جـوانتـر دارێژراوە، ئەومـان کرد بە نموونەی هەمـوویان و وا لە خـوارەوە کـورتەی ئەو بەرهەمە دەخەینە پێش چاو:

کورتەی کارە هونەرییەکە:

« ئەحـمــەد و عـەلی دوو زەلامی بێ ئیش و کـارن، هەر بەیانی تا ئێـوارە لە چایخـانەدا خـەریکی دۆمینەکردنن... فاڵچییەک ڕێی دەکەوێتە ئەو شارەی ئەحمەد و عەلی و دەچێتە ئەو چایخانە کە ئەوانی تیان، ئەمیش بۆ زەلامێکی تەوەزەل دەگەڕێت کە یارمەتی بداو، ناوی ئەو ئافرەتانە کە دەکەونە داویەوە پێشەکی ناویان پێی بڵێ، لە چایخانەکەدا چاوی بەو دوو زەلامە دەکەوێت دەزانی ئەمانە بێ کارن، بۆیە لە تەنیشتیان دادەنیشێت و دەست دەکات بە ئاخاوتن و لەگەڵیاندا ڕێک دەکەوێت کە ئەگەر ئەوان ناوی ئافرەتەکان و ماڵەکانی بۆ دەس نیشان بکەن چی پەیدا بکات بیکات بە سێ بەشەوە دوو بەشی بۆ خۆی و سێیەکێکی بۆ ئەوان...!»

«دەرویش: ئەز دی هەوە فێری کـارێ کەم و پێکڤە دی شول کەین، هەچی پاری بدەست مە کەفت دو پشک بۆ من ئێک بو هەوە»[1]

لەسەر ئەوە ڕێک دەکەون و دەست دەدەنە کار:

«عـەلی: ماڵـی عەبدلا ناوێکی پێ دەڵێ کە مأموری میرییەو مووچە خۆرە، ژنەکەشی ناوی مریەمەو ماڵێشیان لەو سەری شارە...

ئیتر (مریەم) دەکرێ بە نێچیرێکی چاخ و قەڵەو؛ فاڵ ڤەکەر، دەچێتە ماڵی مریەم و عەلی و ئەحمەد، لە دەرەوە ئێشک دەگرن، نەبادا مێردەکەی بێتەوە، ئەگەر هاتەوە بی خەجەڵێنن...

«عەلی: نە بخودی، ئەم دی پیچەکی لدوێر ڕاوەستین و گاڤا تو ژ ماڵ دەرکەتی دی هەڤێ مە دەی، بو تە ژ چاکترە، بەلکی مێری وی بخافلەتی ڤەهات، بخودی دی تە حێسیل مەیدان کەت، ئو تە حەبس کەت...[2]

فال ڤەکەر: دەچێتە ماڵی مریەم و دەڕوانێتە ڕوی کتێبەکەی و ناوەکەی دەڵێ کە (مریم) گوێی لە ناوەکەی خۆی دەبێ لەوە دڵنیا دەبێ کە فاڵچی غەیب زانە... نوبشتەیەکی بۆ دەکاو پێنج دیناری لێ وەردەگرێ، لەو کاتەدا کە فاڵچی مریەم دەخەڵەتێنێ (حەمید) کە مێرد منداڵە ئاگای لەو بگرەو بەردەیە دەبێ... مریەم ئامۆژگاری دەکات کە لەلای مێردەکەی قسە نەکات... دوای ماوەیەک مێردە دێتەوە، ئەو پارانەی کە داینابوون بۆ ئەوەی زەویان پێ بکڕێ پێنج دیناری کەم کردبوو، بۆیە لەنێوان ژن و مێردەدا دەمە قاڵی دروست دەبێ، لەو کاتەدا حەمید خۆی پێ ناگیرێ و دەڵێ:

(١) نان و ژیان ل(١٢).

(٢) نان و ژیان ل(١٣).

«حەمید: (دێتە ژوور) خالەت، خالەت، من نهو درویش پریڤە دیت»

عەبدلا: حەمو... کا وەرە مامۆ بخێر هاتی... دەروێشی چی، کی ئەو ئینا بیراتە؟

حەمید: دەرویش، دوهی لنک خالەتا من لڤێرێ...

عەبدلا: کچی مرو - ئەو چی دەروێشە، حەمو بەحس ژی دکەت... لمالا من چی دکر...؟»(١)

دەردەکەوێت کە پێنج دینارەکە سەرەڕای شتی تر دراوە بەو فالچییە، نویشتەکەش کە نووسراوە دەیکاتەوە جگە لە چەند وشەیەکی پڕوپووچ هیچی تری تیا نەبوو...

عەبدلا هەوڵ دەدات ئەو فال ڤەکەرە بەهەر جۆر بووە بیهێنێتە ماڵەوە بۆ ئەوەی تەمێی بکات...

فال ڤەکەر لە کۆڵانەکەی لای ماڵی مریەمدا تێدەپەڕێ بەتەگبیری عەبدلا بانگی دەکاتەوە... وا ئەویش خۆی شاردووەتەوە.

«دەروێش: یا خودی (بژور دکەڤێت) ها خاتوینی، چەوانی؟

مریەم: نڤشتیا تە چی فایدە نەدا، مێری من خراپتر لێ هات.

دەروێش: هم... دیارە سحرا لتە هاتیە کرن، گەلەکا زەخمە، من نەگوت؟ خەمی نەخو، ئەڤرو دی بوتە نڤشتیەکا بقەوەت چێکەم، بەلی گەلەک پارە پێ دڤێن...»(٢)

عەبدلا؛ بو فال ڤەکەر دەردەپەڕێت و بەتێلایەک دەیکوتێتەوەو لەو شارە دەری دەکات...»

## چەند سەرنجێک

١- مامۆستا ئەمینی ئۆسمان کە (نان و ژیان)ەکەی بە چاپ گەیاندووە، ئەوەی دەرنەخستووە کە ئایا ئەم بەرهەمانەی بۆ شانۆی نووسیونەتەوە یان نا... بەڵام لەبەر ئەوەی هەموویان وەک بەرهەمی شانۆیین ئێمە وامان لە خامەدان کە هەموو بۆ شانۆ نووسراون...

٢- مەبەست لە فال ڤەکەر تەنیا ڕک بوونەوەو پلار تێ گرتنە لەو جۆرە کارە نالەبارانە کە لەناو کوردەواریدا باون... دەنا هیچ جۆرە نەژادێکی هونەری تیا بەدی ناکرێ و لات وایە بەرهەمەکان بۆ تەمسیلیاتی سەر پێیی نووسراونەتەوە...

٣- لە (تەسلیما مارا)شدا، نووسەر هەمدیسان تەوس لەو جۆرە فالچیانە دەداتەوە کە ئیجازەی مارگرتن بە خەڵکی نەفام دەدەن کە ئەویش جۆرە فالچییەتییەکە...

٤- لە بارەی داڕێشتنی دایلۆگەوە، گەلێ بە جوانی و شارەزایانە داڕێژراوە، بەڵام لەبارەی چنین و ڕووداوەوە گەلێ سادەو بێ تامە...

***

## ٩- زێڕین ١٩٦١

(زێرین چیرۆکێکی شانۆییە) نووسینی: (ئەمین میرزا کەریم - ؟ - ١٩٨٤) لەتەک درامای (زێڕین)دا شانۆگەریی (ئۆتۆمبێلچی) لەیەک بەرگدا لە چاپ دراون...

(ئۆتۆمبێلچی) چیرۆکێکی کۆمێدی کۆمەڵایەتییە...

نووسەری درامای زێڕین یەکێک بوو لەو ئەدیب و هونەرمەندانە کە بناغەی درامای کوردی و

(١) نان و ژیان ل(٢٥).

(٢) نان و ژیان ل(٢٨).



شانۆگەرییان دامەزراندووە... ئەمینی میرزا کەریم وێڕای درامای زێڕین گەلێ بەرهەمی درامی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی زێڕین نۆبەرەیەتی و لە ڕەوتی مێژووی درامای کوردیدا پێشکەوتووە... هەروەهاش درامایەکی تراژیدییەو سەرەتا بە دامێنی لەناو هونەری درامادا تواوەتەوەو هەموو مەرجە هونەرییەکانی درامای تراژیدی تیا هاتووە دی، لەبەر ئەو هۆیانە «زێڕین» دەکەینە نموونەی بەرهەمەکانی ئەمینی میرزا کەریم...

ئەمە کورتەی دراماکەیە:

«زێڕین کچە لادێییەکی شۆخ و شەنگە، مام هۆمەری باوکی هەژاری و کەم دەسی لەژێر پێی ئاغادا چەوساندویەتییەوە، مامۆستا شێرزاد ڕووناکبیرەو خەڵکی دێی هۆشیار کردووەتەوە، وتە بەجێکانی ئەو لە دەروونی زێڕیندا شەوقیان داوەتەوە... مام بایز پیاو ماقوڵی ئاغای دێیەو، ماوەیەکە ژنەکەی مردووەو کەڵکەڵەی زێڕین بووە بە ماخۆڵانی دڵی... بەڵام زێڕین بە کچی دەشێ و لە باوکی بەتەمەن ترە!... ئەمە کۆسپێکە بە ئاسانی بۆی تەخت ناکرێ...

شاسواریش کوڕە پالەیەکی هەژارە، هەر لەبەیانییەوە تا ئێوارە دەڕەنجێ بۆ ئەوەی بژێوی خۆی دابین بکات، تەنیا خاوەنی شان و باڵی خۆیەتی، لەوەختی حەواندنەوا وێنەی کلۆڵی و هەژاری و نەبوونی خۆی و چەندان کەس لە مێشکیا وەک پۆلە چۆلەکەی کۆچەری بە ئاسمانی دەروونیا دێن و دەڕۆن...

ئەوەی ئاسۆی ئەو دەروونەی ڕووناک بکاتەوە تەنیا خۆشەویستی زێڕینە، وا خەریکە ساتی حەساندنەوە بەرەو کۆتایی دەڕواو زێڕین نەهاتە ژوانێ... جارو باریش قسەو پەندەکانی مامۆستا شێرزاد بە بیریا دێنەوە، ئەوە بوو ئەیوت: (زۆردار ئێوە ئەچەوسێنێتەوە بۆ ئەوەی بەتەنیا خۆی کۆشک و تەلار بەرز بکاتەوە...)(١)

شاسوار لەتەک زێڕیندا ژوانی هەیە ئەی بۆ نەهات، پاڵ کەوتبوو وەنەوز دەیبردەوە لەپڕ تارمایی زێڕین بەمات و داماوی لێی نزیک بووەوە، پەپوولەی وەنەوزەکانی ڕەوینەوەو بە ئاگا هات...

پرسیاری لێ کرد بۆ وا ماتی؟! ئەویش گیروگرفتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە کە، ئاغا دەیەوێ بە زۆرە ملێ بیدا بە مام بایزی تەمەن ڕابردوو...

کە شاسوار زێڕین دەبیسێ ئەوەندەی تر دڵ گران و بار قورس تر دەبێ، زێڕین کە زانی بەو هەواڵە دڵ پەست بوو داوای لێ دەکات کە خۆی تێکەڵاو بەو گیروگرفتە نەکات تا بزانن بەرەو کوێ دەڕوا... لەوێ پەیمان و بەڵێن بۆ یەکتری تازە دەکەنەوە: (زێڕین گیان ئاغای زۆردارمان بەمەشەوە ناوەستێ کە ئەمان ڕووتێنێتەوە، ئەیەوێت دوو دڵی هەژاری خێر نەدیو لەیەک بکات...) قسەکانی مامۆستا شێرزاد کاری لە هەردووکیان وەک یەک کردووە، ئەوە نەبوو دەیوت: (زۆردار ئێوە ئەچەوسێنێتەوە...) لە کاتی ڕازو نیاز دەربڕین بۆ یەکتری، دەنگی گۆرانی ڕێبوارێک دەبیسن کە سەیر دەکەن بەرەو ئەوان دێت، زێڕین خۆی لە پەنای ملۆیەکدا دەشارێتەوە تا تێدەپەڕێ...

لەلایەکی ترەوە وا ئاغا لە دیوەخان پاڵ کەوتووەو دەست و پەیوەندی دەورەیان داوەو مام بایزیش چووەتە بن کەڵەشی و پڕی دەکات... دژ بە مامۆستا شێرزاد هەڵی دەنێ کە گوایا جوتیار و مسکێنەکانی فێری قسەی قەڵەو قەڵەو دەکات؛ خۆ ئەگەر وا بڕوات هەموو لێی یاخی دەبن... ئاغا داوا لە بایز دەکات کە دەبێ بە زووترین کات ئەو مامۆستایە بکوژرێت، ئەو کوشتنەش بە مام هۆمەر باوکی زێڕین بسپێردرێ!.

(١) (زێڕین) ل ١٤.

ئاغـا حەوسەڵەی نامێنێ و زوو داوای مـام هۆمـەر دەکات، مـام بایزی بەلەسـەو نەگریس ئەم دەرفـەتە دەقۆزێتەوە کە ئاغا ئەمشەو کچەکەی لێی مارە بکات و ببرێتەوە...

(ئاغا: بۆ هێشتا مام هۆمەر گفتی نەداوە؟

مام بایز: نەخێر قوربان پێم ئەڵێن پیرە... زێڕین ئەڵێ شووی پێ ناکەم)[1].

مـام هۆمـەر، بە کـەساسی دێتـە ژوورەوەو سـڵاو لە ئاغـا و حـازری دەکـات، ئاغـا وەرامی ناداتەوە، بەلالووت و فیزەوە پێی دەڵێ:

ئاغا: من ئاغام یان نا؟...

مام هۆمەر: بەڵێ قوربان ئاغایت...

ئاغا: ماوەیەکە داوای زێڕین خانی کچت ئەکەم بۆ مام بایز بۆ تا ئێستا نەبڕاوەتەوە؟ لە چ زەمانێکا قسەی ئاغا شکاوە؟

مام هۆمەر: (پاش نەختێ بێ دەنگی) قوربان خوا هەڵناگرێ زێڕینی کچم گەنجە مام بایز پیرە...)[2]

ئاغـا تووڕە دەبێ و بەسەر مـام هۆمەردا دەنەڕێنێ و دەڵێ: ئەگەر کـچەکـەت زێڕین بە مـام بایز نەدەی وەک براکەت لەژێر دارکاریدا گیانت لە کونە لوتتەوە دەردەکەم... جگە لەوەش نابێ بگاتە بەیانی ئەو مامۆستا شێرزادەم بۆ دەکوژی...

مام هۆمەر کە گوێی لەو قسانە دەبێ لێی دەپاڕێتەوە کە وازی لێ بێنێ؛ خوا ڕەوای نییە مامۆستا شێرزاد خاوەنی کۆشە منداڵێکی وردە، بە کوشتنی هەتیو دەبن، دەپاڕێتەوە کە ئەو تاوانە بەو نەکات...

مام بایز: مام هۆمـەر گوناهـ گوناهی چیتە، بە کوشتنی شێرزاد ئەم ناوچەیە هەمـووی ئەحەسێتەوەو ئاغاش تووشی دەردەسەری نابێت...[3]

مـام هۆمـەر نەبوونی و دەسکورتی پشـتی شکاندووە، دەنا دەزانێ مـەسـەلە چییـە و بار لە کـوێ دا کەوتووە... ئەوەتانێ دەڵێ: ئەگەر شێرزادیش بکوژن سەدان شێرزاد پەیدا دەبنەوە... ئاغا بە قسەکەی مام هۆمەر ئەوەندەی ڕەگی بن ملی دەئاوسێن و چاوی سوور دەبن و بەوە تاوانباری دەکات کە گوایە ئەویش هەندێ ئاوی لە گۆزەی ئەو شێرزادەدا خواردووەتەوە، بۆیە پێی دەڵێ: هەر ئێستا خۆت دەکوژم و پێستت دەکەم و ماڵ و منداڵت تەفرو توونا دەکەم...

ئیـتـر ناچاری دەکـەن سـەریان بۆ شـۆڕ بکات... دەست بەجێ ئاغـا داوا دەکـات کـە تفـەنگێکی پڕ بە فیشەکی بۆ بێنن... مام هۆمەر بەناچاری تفەنگەکە هەڵدەگرێ و بەکزی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە...

لەمـاڵەوەش زێڕین و دایکی دۆش دامـاون و چاوەڕوانی مـام هۆمـەر دەکـەن، کـە بگەڕێتـەوە، وا بە داماوی گەڕایەوە دارەمەیتێکیش بە شانیا دراوە...

ڕووداوەکـانیـان بۆ دەگێڕێتەوە... ئاغا بە زێڕین وازی نەهێنا دەیەوێ بیکا بە پیاوکوژ، کام پیاوی پێ دەکوژی؟ مامۆستا شێرزادی ڕووناکبیرو خاوەن کۆشێ منداڵی ورد... وا ئێستا دایکی لە شار چاوەڕوانی دەکات... زێڕین و دایکی پەژارەی کوشتنی مامۆستا شێرزاد خەویانی لێ تاڵ کردوون، باوک خەریکە شێت بێ دنیای لێ تاریک بووە، سەر دەنێتەوە، تفەنگەکە لەژێر سەریا دادەنێ... زێڕینیش بیر لەوە

(١) (زێڕین - ل١٧).

(٢) (زێڕین - ل١٩).

(٣) (زێڕین - ل٢٢).



دەکاتەوە کە چۆن مامۆستا شێرزاد لە کوشتن ڕزگار بکات... خۆ برادەری شاسواری دەزگیرانیەتی بە دزییەوە خەبەری دەداتێ... زێڕین کە زانی باوکی خەوی پیا کەوتووە، بە ئاستەم خۆی پێچاو لەماڵ چووە دەرێ، بەرەو ماڵی شاسوار کشا... مام هۆمەر تارمایی کوشتن لە پڕ ڕای پەڕان و هاواری کرد: کوشتم... کوشتم... دایک بە ئاگا هات، دی هۆمەر وەک شێتی لێ هاتووە، دای مرکاندەوە، بەڵام زێڕین دیار نییە، یانی چی کوا زێڕین، بۆ کوێ چووە؟!

باوک: زێڕین ڕۆیشتووە، بەم شەوە چووە بۆ کوێ؟

ئەی داوێن پیس... زێڕین، شەرتە لە پێش شێرزاددا تۆ بکوژم....

لە پەنای دەرگاکەیاندا خۆ مات دەکات، کە زێڕین دەگەڕێتەوە بەسەریا دەنەڕێنێ: بەم شەوە لە کوێ بووی هەی داوێن پیس... ماوەی قسەکردنی نادا و بەخەنجەر بەر دەبێتە گیانی... دایکی هەر ئەوەندەی پێ دەکرێ دەکەوێتە بەینیان...

(زێڕین: بابە بەخۆڕایی منت دایە بەر خەنجەر، من داوێن پیس نیم، بابە چوومە دەرەوە؛ شێرزادی مامۆستا لە کوشتن ڕزگار بکەم، ئاگاداری بکەم کە ئەمشەو ئەیکوژن...

باوک: «خەنجەرەکە لەدەستی ئەکەوێتە خوارەوە، خۆی ئەدا بەسەر زێڕیندا» زێڕین... زێڕین...)[1]

## چەند سەرنجێک

١-ڕووداوەکانی چیرۆکەکە پەیوەندییەکی پتەوی لە یەک دانەبڕاو پێکیانەوە دەبەستێ، زنجیرەیەکە هەر ئاڵقەیەک زادەی ئاڵقەی پێشەوەیەو باسیی ڕووداوی پاشەوەی خۆیەتی... وەک پەنجەی یەک دەست وەهانە هێزو توانا لە مەچەکی بابەتە یەکگرتووەکەوە وەردەگرن...

کەسانی ناو دراماکەش هەر چەند سەر بە کاتێکی تایبەتن و لەیەک شوێندا دەژین بەڵام هەموو نموونەی ڕاستەقینەی ئادەمیزادی هەموو کات و شوێنێکن، چاوچنۆکی و کورت بینی و فیزکردنی ئاغاو بەلەسەیی و خۆپەرستی مام بایز و هەژاری و بێ دەرەتانی مام ئۆمەر و ڕووناکبیری مامۆستا شێرزاد و هێزو تواناو ناتەسەری شاسوار و بێگەردی و پاکڕەوی زێڕین... ئەمانە نموونەی کەسێتی مرۆڤن، ئەو جۆرە کەسانە لەو جۆرە کەسێتییەدا هەمیشە هەن و نامرن...

مام هۆمەر کە ناچار دەکرێ ببێ بە پیاو کوژ تراژیدیاکە دەگاتە سەر تروپکی هەرە سەرەوەو گرێ کوێرەیەکی سامناکی لێ دروست دەبێ، ئەو مام هۆمەرە کەم دەستەڵاتە دەکەوێتە ناو هەڵوێستێکی سەخت و نالەباری واوە هەموو دەرێکی دەربازبوونی لێ دەگیرێ... دەستە پاچە سەردەنێتەوە، ئەمە گرێی دراماکە دوو سەری لێ بووەتەوە سەرێکیان لە دەست زێڕیندایە، سەرەکەی تری لەدەست باوکی دایە... بەڵام زێڕین سەرەکرژەکەی لای باوکی خاوکردەوە، ئەوە بوو خۆی کرد بە قوربانی مامۆستا شێرزاد کەچی باوکی هەوڵی نەدا خۆی لەو تەنگەبەرە ڕزگار بکات... جگە لەوەش کارەساتەکە؛ کە کوشتنی (زێڕین)ی کچی بوو بەسەر دەستی ئەودا ڕوویدا... تۆ بڵێی خۆی ئەوەندە ساویلکەو بێ هۆش بووبێ غیرەت چاوی بینایی کوێر کردبێ؟... یان لەحەشمەتی ئاغاو ئەو بێ دەرەتانییەدا ئەو کارەساتەی لەدەست قەومابێ؟ هەر جۆر بێ ئەو کارەساتە دراماکەی گەیاندە تەوقەڵەی سەری تراژیدیاکە... بەڵام هێشتا چەند سەرە داوێکی تری دراماکە مابوون یەک بگرنەوە کەچی دراماکە لەسەر لووتکەکەیدا کە کوشتنی زێڕین بوو کپ بووەوە... ئەی کوشتنەکەی مامۆستا شێرزاد چی لێ هات؟

(١) (زێڕین - ل٢٨).

مامۆستا شێرزاد تەنیا ناوی هەیە و پەندەکانی لە هزری خەڵکدا کاری خۆیان دەنوێنن، لەوە زیاتر تێکەڵاو بە جیهانی تراژیدیاکە نابێ...

پاڵەوانی سەرەکی و ئیجابی (زێڕین)ە کە وەک (جاندارک) وایە و ئافرەتێکی یەزدانییەو فریشتەی سەرزەمینە... بووە بە قۆچی قوربانی یاسای دەرەبەگی...

٢- ئەو دایلۆگەی کە تراژیدیاکەی پێ داڕێژراوە، دایلۆگێکی ڕەوان و پڕ مانایە، تا ڕاددەیەک گفتولفتی پاڵەوانەکان لە ئاست پایەی کۆمەڵایەتی خۆیاندایە...

٣- هەر چەند لە نێوان کەسانی دراماکەدا زۆرانبازی کزە بەڵام لە ناو دەروونی هەندێکیاندا گەیشتووەتە ئەو پەڕی، وەک هەڵوێستی مام هۆمەر کە دەیانەوێ بە خورتی مامۆستا شێرزادی پێ بکوژن، دەکەوێتە نێوان تەنگە بەرێکەوە، دەڕوا مەترسییە ناڕوا هەر مەترسییە: ئەیکوژی ویژدانی هەڵناگرێ، نایکوژێ ماڵ و منداڵی تیا دەچن، ئەم دوو هەستە وەک دوو ئەژدەهاک هەناوی دەکەنە مەیدانی زۆرانبازی خۆیان و ئارامی لێ دەبڕن...

٥- ئەگەر نووسەر گەرەکی بوایە ڕووبەری تراژیدیاکە بەرین تر بکات بۆ زۆرانبازی و ڕکەبەرێ لەنێوان کەسانی دراماکەدا ڕوویدات، دەرفەت بۆ ئەو بەرین بوونە هەبوو، وەک ڕکەبەرێ لەنێوان مامۆستا شێرزاد و -کە ڕەمزی ڕووناکبیرییە - ئاغادا -کە ڕەمزی - ستەمکاری و نەفامییە - ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە لە نێوان زێڕین و مام بایزی داخوازی کاری و لە نێوان ئاغا و مام بایز لەتەک مام هۆمەر...

## ١٠- فاڵچی ١٩٧١

ئەشێ نووسەر لەسەر کارە هونەرییەکانی خۆی بکۆڵێتەوە؟...

ئەمە پرسیارێکەو لە نووسەری ئەم دێڕانە دەکرێ... بەڵام پرسیارەکە کاتێک بە جێیەو ئاڕاستە دەکرێ کە یەکێکی تر نەهاتبێ یان نەبێ، چ بە چاک چ بە خراپ لەو کارە هونەری و ئەدەبیانە بکۆڵێتەوە، ئەو وەختە نووسەر بۆی هەیە لە کاتی پێویستدا بەتایبەتی کە بیەوێ لە زنجیرە کارێکی هونەری بەپێی ساڵ لەدوا ساڵی ڕۆژگار بکۆڵێتەوەو کارەکانی خۆیشی ئاڵقەیەک بوون لەو زنجیرەیە، ئەو کاتە ناچارە لە کاتی سەرژمێرکردندا خۆیشی ئەژمار بکات؛ دەنا ئەگەر وا نەکات کەلەبەرێک لەناو لێکۆڵینەوەکەیدا دروست دەبێ...[1]

خۆ ئەگەر یەکێک هەبوو لەو کارە هونەریانەی بکۆڵێتەوە بەڵام تا ئەو کاتەی سەرەی نووسەرەکە هات هیچ دیار نەبوو، دەبێ لە یەکێک بپاڕێتەوەو بڵێ: لەسەرم بکۆڵەرەو تا منیش بیروڕاکانت بنووسمەوە، ئەمەش وەک درۆزەکردنی ئەدەبی و هونەری وایە، ئێمە نەفرەتمان لەوانە کردووە کە ئەم نەریتەیان مسیوە... ئەمە جگە لەوەش ئێمە لێرەدا تەنیا بە کورتی مەبەستە سەرەکییەی دراماکان دەخەینە ڕوو.

بەهەر جۆر بێ من لێرەدا لەبەرهەمەکانی خۆم ناکۆڵمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە زنجیرەی درامای کوردیدا جێی خۆیان کردووەتەوە، کورتە باسێکیان لێوە دەکەین:

ساڵی (١٩٧١) بوو، لە کۆنگرەی دووەمی نووسەراندا لە هەولێر شانۆگەری (فاڵچی) خەڵاتی دووەمی بێ یەکەمی وەرگرت، هەر لەو ساڵەدا لە چاپ درا[2].

(١) (ت.س.ئەلیوت. کە شاعیرێکی هاوچەرخی ئینگلیزە یەکێکە لەو نووسەرانە کە لەسەر کارە هونەرییەکانی خۆی دواوەو ڕەخنەی لێ گرتوون... بۆ ئەم بابەتە تەماشای گۆڤاری (العربی - ژمارە - ٢٨٣ی ساڵی ١٩٨٢) بکە (ل١٥٤-١٥٩) وتاری (محمود محمود).

(٢) نووسەری کورد - ژمارە(٣) ساڵی (١٩٧١) ل(٨٥).



پێش ئەوەی لە چاپ بدرێ و دراماکە ڕووناکی ببینێ نەزانێک لە تەلەفزیۆنی کەرکووک هێرشی بردە سەری، بەڵام کە کەوتە بازاڕەوە تا ئێستاش متقی لەدەم نەهات، مەبەستم ئەوە نییە ڕکی خۆم لەوە بکەمەوە، بەڵکو دەمەوێ بڵێم: ئەوانەی کە قسەی قەڵەو لەسەر دراما دەکەن یەکێکیان نەهات لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ئەو درامایە بنووسێ تا ئێستا منیش بێم ڕاکانی بکەم بەدەستەبەرەی قسە لێوەکردنم لەو بارەوە، ئەو برایەی کە لە سایەی درامای فاڵچییەوە لە تەلەفزیۆن خۆی نواند پێی وابوو چونکە ناوی فاڵچییە، ئیتر باسی کتێب گرتنەوەیەو مەکری ژنان!... کەواتە بەکار نایە... حەز دەکەم ئەوەش بڵێم ئەو کەسە ئەندامی نرخاندنی ئەو کارە هونەری و ئەدەبییانە نەبوو کە خەڵاتەکەیان پێ بەخشی...

بۆیە من لێرەدا وام پێ پەسند بوو کورتەیەک لەو بیرەی کە بووەتە هەوێنی دراماکە بخەمە پێش چاو و ئیتر لێی گەڕێم وا دراماکە لە ساڵی لە چاپ دانیەوە تا نووسینی ئەم دێڕە نۆزدە ساڵەو لەبەر دەست خوێنەران دایە...[1]

درامای فاڵچی هونەر و ئەدەبی شانۆگەریی کوردی بەرەو ئەو دەقە ئەدەبییانە هێنا کە ڕووی چوونە بەر دەست و خوێندنەوەیان هەبێ وێڕای ئەوەش کە بۆ شانۆ نووسراونەتەوە... تا ئەوکاتە.

درامای کوردی تەنیا بۆ نواندن دەهاتە ئاراوە و توانای ئەوەیان نەبوو بخرێنە بەر دەستی خوێنەران و توێژەران... کە ئافرەت و نویشتەو زێڕین و کارکردنی بە کەڵک و عەلی ئەفەنی و دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار و ئاواتی ئۆمەر... هاتن ڕەوتی درامای کوردیان دەست نیشان کردو بەخەمزەو نازەوە پەچەی شەرمیان لەسەر تەوێڵ و ڕوومەتی تابانیان لادایەوەو هاتنە ناو دیوەخانی ئەدەب و هونەری نووسراوەی کوردییەوە، کەچی درامای فاڵچی توانی جەڵەو بگرێتە دەست و، وەک قارەمانی درامایەکی یارا پێشڕەوی بکات... هونەری شانۆگەری بە درامای فاڵچی لە دوو بەرەوە کەوتە ڕەوت، جاران ئەم هونەرە تەنیا بۆ نواندن بوو، وا ئێستا بوو بە هونەری سەر شانۆ کە هونەری دیتن و بیستنە، هەروەهاش بوو بە هونەری زەیین و هزر... چەند جوانکاری دیتن و بیستنی تیایە، ئەوەندەش جوانکاری فیکری و هۆشیاری تیا بەدی دەکرێ: بۆ نواندن و خوێندنەوەیە، ئەگەر بڵێم خوێندنەوەی گەلێ لە نواندنی بەچێژو بەتام ترە بە هەڵا ناچم... چونکە هەر ڕستەو دەستەواژەیەکی جوانکارییەکی تایبەتی خۆی دەبەخشێ، هەروەها هەر تابلۆو پەردەیەکی لایەک لەو ئاسۆیە ڕووناک دەکاتەوە کە بەشێکە لە فیکرە گشتییەکەی دراماکە... ئەوەی فاڵچی خوێندبێتەوە، کە دەستی دابێتە خوێندنەوەی لاپەڕەیەکی تاکو کۆتایی دەسبەرداری نەبووە، وەک ڕۆمانێکی خەستی پڕ بە ڕووداو وایە، بۆ واڵاکردنی فیکرە گشتییەکە چووەتە ناخی وردو درشتێکی ئەو پەتایەوە کە کردوویەتی بە تەوەرەی بابەتەکەی...

## کورتەی ئەو بیرەی کە دراماکەی بۆ داڕێژراوە

من کە بمەوێ بیرێکی مرۆڤانەی خۆماڵی یان بابەتی گشتی لە تۆی درامادا دەرببڕم، دێم وەک یەکێک چۆن یاری شەترنج دادەمەزرێنێ وەها زەمینە بۆ دامەزراندنی ئەو بیرە ساز دەدەم کە لێرەدا ڕووبەری ئەو جیهانەیە کە داشەکان تیایا دەکەونە هەڵس و کەوت و زۆرانبازی و ململانێ، ئەوجا چەند کەسانێکم پێ

(١) فاڵچی لە ساڵی (١٩٧١)دا بۆ ماوەی یەک حەفتە لەسەر شانۆی هۆڵی گەل لە هەولێر نوێنراوە... پاش ئەوە بۆ ماوەی حەفتەیەکی تر لە شاری موسڵ دا نوێنراوە، ئەوەی شایەنی وتن بێ یەکەم شانۆگەریی کوردی بووە کە لە شاری موسڵ دا نوێنرابێ... هەروەها پاش ئەو لەناوپردان نوێنرا... پاش ئەو نواندنەش وەک زنجیرەیەک لە تەلەفزیۆنی کەرکوک نوێنرا، بەمەش بە یەکەم زنجیرەی تەلەفزیۆنی کوردی دێتە ئەژمار.

دەوێ وەک داشی ئەو یارییە هەموویان ئامادە دەکەم و هەر یەک ڕای خۆی لەو جیهانەدا پێ ڕادەسپێرم و خۆشم دەکەم بە دوو بەشەوە لە هەردوو لاوە داشەکان بەپێی کارو بۆچوونی خۆیان دەجوڵێنم بەبێ ئەوەی خۆم تێکەڵاوی هیچ لایەکیان بکەم، ئا بەو جۆرە لەو جیهانەدا فیکرەکەی خۆم دەخەمە ئەستۆی ئەو کەسانەو خۆم دەکەم بە گشت بینەران و سەیریان دەکەم...

«من پێم وایە زۆربەی زۆرینەی ڕەویەو خوو خدەو یاسا کۆمەڵایەتییەکانمان کە ڕەوشتی ڕۆژانەی هەموومانەو چالاکی گشتی کۆمەڵایەتیمانە، ئەوانە خۆماڵی نین و لەتەک خۆرسکی زکماکی ئێمەو ئاواتی دوا ڕۆژماندا ناگونجێن، ئەم خو و خدەو ڕەوشتانە یەکێکی ناحەزی نامۆ بە خورتی بەسەر ئێمەی دا - بۆ بەرژەوەندی خۆی - سەپاندوونی، ئێمەی لەناو ئەو داب و نەریتە نا خۆماڵییەدا لە کۆت و زنجیر دراوین، وەک بەندەیەک مەترسی دەربازبوونی لێ بکرێ وا ئێمە لە زیندان نراوین، کەواتە دەبێ هەوڵ بدەین ئەو داب و نەریتانە، ئەو یاساو خوو خدانە بەر شیپی خەنجەری پارەکردنیان بدەین...

بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر خۆسکی خۆمان ئەو خوو ڕەوشتانە کە بوون بە ژێر ئەمانەی ئێستا مانەوە بدۆزینەوە... لەتەوقی ئەمانەی ئێستامان خۆ ڕزگار بکەین، ڕەویە ڕەسەنەکان زیندوو بکەینەوەو لەسەر ئەوانەوە دەست بە ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونمان بکەین...

ئا لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە: داخۆ ئەوەی ئەم داب و نەریتەی وەک تەوقی نەفرەت لە گەردن کردین کێ بوو؟!... درامای فالّچی دەیەوێ وەرامی ئەم پرسیارە بداتەوە... من دەست بەجێ دەڵێم ئەوە فالّچییەک بووە... بۆیە فالّچیشم هەڵبژارد لەبەر دوو شت:

یەکەم: چونکە فالّچی وەک هەموو کەسانێکی ئاسایی نییە و گەڕیدەیەکی فرە دیدەو فێڵباز و خاوەن ئەزموونێکی زۆرەو بە ئاسانی دەتوانێ خەڵک بخاتە ناو داویەوە و فریویان بدا...

دووەم: ئەم جۆرە کەسانە لای خەڵک خۆشەویست نین و نەفرەت لێ کراون... ئەمە بەو خووخدە ناخۆماڵییانەی سڕی کردین و چەواشە بووین... لە کاتێکدا کە ئێمە لە پلەی نەفامی و بێ ئاوەزوویيدا بووین، ئەم کەسە کە ئەو داب و نەریتە ژەنگاویانەی خۆی بەسەر ئێمەدا پەرت کرد ئیتر ئێمەیش وازمان لەوانەی خۆمان هێناو بووین بە پاشکۆی ئەو، بەڵام ئەوەندەش هەیە، ڕەویەو نەریتەکانی خۆمان بەیەکجاری لەبیر نەکراون، لەم لاو لەو لا سەرە داوێکیان ماوە، وەرن بابگەڕێین بە شوێنیاندا کە گەڕاین بەشوێنیاندا دەبێ نەفرەتیش لەم فالّچییە بکەین کە ئێمەی وا لە فاقەدا، مەبەستیشم ئەوە نییە بگەڕێنەوە سەر خۆرسکە خودییەکەی جارانی خۆمان کە نەفام بووین، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە، بگەڕێینەوە سەر خۆرسکی ئێستای خۆمان، ویژدان، هۆش، هزر، بەرژەوەندی گشتی و خودی بکەین بە ڕێبەرمان...».

ئەمە کورتەی ئەو فیکرە بوو کە من ویستم لەو درامایەدا بیخەمە ڕوو، بۆ هێنانە دی فیکرەکە جارو بار پەنام بردووە بەر شتی کەلەپووری کە پەیوەندی بە مەیدانی دراماکەوە هەیە... بەڵام ئایا من توانیومە ئەو فیکرەیە لە جیهانی دراماکەدا بە هەموو سەرو بەرێکییەوە بخەمە ڕوو؟

ئا لێرەدا من وەرامی ئەم پرسیارە دەخەمە بەردەمی خوێنەر... بەڵام هەمدیسان لێرەدا پرسیارێکی تر دێتە پێشەوە، ئەمە پرسیارەکەیە: ئایا نووسەر کە دەستی دایە قەڵەم دەتوانێ ئەوەی کە لە مێشکیا بۆ نووسین نەخشاوە بینووسێ؟... وەرامی ئەم پرسیارەش هەر دەدەمە دەست خوێنەر، من هەر ئەمە دەڵێم: ئایا ئەو پرسیارانە ڕۆژی خۆیان دێ کە بخرێنە بەردەمی خوێنەر؟... ئایا ئەم لاپەڕەیە ڕووناکی دەبینێ؟ لەوانەیەو لەوانەش نییە!...

درامای فالّچی کە بە زنجیرە لە تەلەفزیۆن نیشان درا، جەماوەری هاژاند، ئەوانەی کە لەزەلکاوی



فالّچییەکەدا مولّیان خواردبوو بزواندنی و گۆمەکەی لێ شلّەقاندن... بۆیە چەند کۆنە پەرستێک نامەی کوشتن و هەڕەشەی مردنیان بۆ ناردین...

«پیاوێکی بیانی ناوی (شەمسە)یە، لەشوێن خۆیا بە (شەمسە قیتە) ناسراوە، لەبەر ئەوەی بەدخوو و، ناپاکە بووە، لە وڵاتی خۆی ڕاونراوەو هاتووە لەم شارەی ئێمەدا خۆی حەشارداوە و دەسکارییەکی ناوەکەی خۆی کردووەو بووە بە (شەمسەدین)، لەم شارەدا ئافرەتێکی وەک خۆی دۆزییەوە کە ئاتەیە، ئەمیش تا بڵێی ئافرەتێکی فێڵباز و کوڵینانی و کڵاوچییە... ئەم دووانە بە ئارەزووی خۆیان کەوتنە پاشقولەو فریودانی خەڵک... ئەم جۆرە کەسانە ئێمەیان لە ڕێ ترازاندو ڕێ و ڕەویەی ڕاستیان لێ تێک داین... وا سەر لەنوێ دەگەڕێین بەڵکو ئەوەکانی خۆمان بدۆزینەوە یان هەر خۆمان بدۆزینەوە، ڕەویەو نەریتەکانی خۆمان هی خۆمانن نابێ بزر بن، زێڕن... دەبێ بەشوێنیاندا بگەڕێین...

جا کێ هەڵبژێرین سۆراخی ئەو زێڕانەمان بۆ بکات؟... خەڵکەکە دەچنە لای شەمسەقیتە و ئاتە، ئەی ئەوان ئەو زێڕانەیان نەدزی؟... ئەوان زێڕەکانیان حەشار دا...دەبێ پەنا نەبەینە بەر ئەوانە چونکە ئەوانە فرچکیان بە دزێوی کراوەتەوە... من کاکە (سەعید)م ڕاسپاردووە کە بەشوێن ئەو زێڕانەدا بگەڕێ، بە هێمنی و لەسەرخۆ هەوڵ دەداو کۆڵ نادا بۆ گەیشتن بە ئەنجام ناوی خۆی ناوە (سالار)... بەڵام گەڕان بە شوێن ڕاستی دا بێ قوربانی دان نابێ، دەبێ داری ئازادی بەخوێن ئاو بدرێ دەنا بەر ناگرێ...

دایکی سوعادەو پەریزاد کەس و کاری سەعیدن، نەفامن... دزو درۆزن لە دۆست و دوژمن جیا ناکەنەوە... زێڕەکان (ئاتە) دزیونی ولای (شەمسەدین)ن، کەچی ئەمانە بۆ دۆزینەوەیان پەنا دەبەنە لای ئەوان:

پەریزادی بێ گوناح لەو ناوەدا بوو بە قۆچی قوربانی، سەعید لە سوعادە کە خێزانی بوو دابڕا...حەقیقەت زانرا:

سالار: «پەلاماری شەمسەی دا» هەی خوێن ڕێژی خوێن مژ...

شەمسە: «ویستی پەلاماری سیکاردەکە بدا».

سالار: «گرتی و لەژێر پێی ئاتەدا ڕایکێشا، خەنجەرەکەی خستە سەر قوڕقوڕاگەی»... لەژیانتا چەند خوێنت هەڵمژیووە، دەبێ ئەوەندە جارە بمری ئەوجا ڕۆژی جارێ پارچەیێکت لێ ئەکەمەوە... ئەبێ لێرەدا بنووسرێ، ئەمە لانەی گەورەترین فالّچی و تەڵەکە بازو خوێن مژی هەژاران بووە، لەم ڕۆژەوە خەڵکی بەسەزمان و کۆڵەواری کوردستان ڕزگاریان لەدەستی هەزاران وەک تۆ ئەبێ».

دایکی سوعادە: (هاتە سەر خۆی و چاوێکی خشان بە پەریزادا کە خلّتانی خوێنە، دووبارە بێ هۆش بووەوە).

سالار: «شەمسە قیتە، نیازم نەبوو جارێ بتکوژم بەڵام گیانی پاکی پەریزادو، دوو گیانێکی وەک زڕ دایکەکەت کە لە دایکت چاکتر بوو بۆت کە لە مانگی خۆیا بوو زگت دڕان، چونکە ناموسی خۆی لە جنجڕۆکت پاراست، هەروەها خوێن مژینی چەندەهای تر داوام لێ ئەکەن کە گیانت بە زووترین کات بەرەو جەهەنەم خوار بکەمەوە... «خەنجەرەکەی لە قوڕگی چەقان، لە پشتەوە هەردوو دەستی بەست و چوو بۆ لای پەریزاد لەباوەشی کرد» پەریزاد تۆ بووی بە قۆچی قوربانی و بەناحەق خوێنت ڕژا، بەڵام ئەشێ وابێ، خەبات کردن لە ڕێی پاک کردنەوەی کۆمەڵ و شۆڕش کردن بەبێ خوێن ڕژان نابێ...

سوعادە: (هەستی بە دەنگی سالار کرد).

سالار: (چووه سەر دایکی سوعادە) مامە ژن، مامەژن...

دایکی سوعادە: (بەئاگا هاتەوە) کێ... سەعید !؟...

سوعادە: (سەعید)!!؟...

سەعید: (ملە لیرەکەی کردەوە ملی سوعادە)...

سوعادە: سەعید ئەوە تۆی؟!...

دایکی سوعادە: سەعید؟!!

سەعید: (پەریزادی هەڵگرت) پەریزاد لێم ببوورە (ڕووی کردە دایکی سوعادە) خوێنی پەریزادتان لە بیر نەچێ، دڵتان ئەوەندە ساویلکەو سادە نەبێ، ئاگاتان لە شتی خۆتان هەبێ (ڕووی کردە بەلای سوعادەدا) ... سوعادە... لێم ببوورە، چ مافێکم بەسەرتەوە هەیە گەردنت ئازابێ... (باوەشی کردەوە بە پەریزاداو ڕۆیی).

دایکی سوعادە: سەعید؟!.

سوعادە: سەعید؟! سەعید؟!.

سەعید: (نەی ڕوانییە دواوە).

***

نووسەری ئەم دێڕانە، لە پاش بەرهەم هێنانی درامای «فاڵچی» لە بواری ئەدەب و هونەری درامادا هەر خەریکی سەرخستنی کاروانی درامای کوردییە...

هەر وەک لە پێشەکی درامای فاڵچی دا وتومەو لە پێشەکی درامای (خاتوو کڵاو زەڕ)دا دووپاتم کردووەتەوە، «من دەمەوێ ئەدەبی شانۆگەری بنووسمەوە، ئەو ئەدەبەی کە خوێندنەوەو نواندنی» دوو ڕووی ڕووناک بن... نەک تەنیا بۆ نواندن، کەچی ڕووی ناو کۆڕ و دیوەخانی ئەدەب و لێکۆڵینەوەی هۆشیارانەی نەبێ... ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٧٣)دا (شەوێک لەژیانی خانزاد)م نووسی، کەچی لە ساڵی (١٩٧٧)دا کەوتە بەر دەستی خوێنەران، پاش دەرچوونی، گەلێ نووسەر لەسەریان نووسی[١].

لە تەلەفزیۆنی کەرکووکیش لە چەند زنجیرەیەک دا پیشان درا.

لە ساڵی (١٩٧٧)دا (گوندەکەم) وەبەرهەم هێناو لە ساڵی (١٩٨١)دا کەوتە بەر دەستی نووسەران...

لە ساڵی (١٩٨١) خاتوو کڵاو زەڕم نووسی و لە ساڵی (١٩٨٢)دا کەوتە بازاڕەوە، ئەمیش و هەروەها (گوندەکەم) لەلایەن تیپە هونەرییە کوردییەکانەوە نمایش کران و (خاتوو کڵاو زەڕ) کرا بە زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی و لە چەند ئاڵقەیەک دا پیشان درا...

درامای (خەونەو خەون نییە)مان لە ساڵی (١٩٨٥)دا هەنگاوێکی بەدرامای کوردی بەرەو پێشەوە نا... ئەم درامایە بەرهەمی ساڵی (١٩٧١)بوو، تا ڕووناکی دی، چەند ڕووداوی تیایە، ئەوەندەش بگرە پتر ڕووداوی بەسەرا هاتووە ئەوەندەش نووکە مەقەسی ژەنگاوی گازی لێ گرتووە...

لێرەدا شوێنی ئەوە نییە تا باسی ئەو گیروگرفتانە بکەم کە لەڕێی لە چاپدان و بڵاوبوونەوەیان دا هاتوونەتە ڕێم، ئای چەند خەم و تەنگ و تارییان لە هەناودا ناوەتەوە... ئای... تا ئێستاش چەند

(١) ئەوانەی کە لەسەر (شەوێک لەژیانی خانزاد)یان نووسیووە: ١- کەمال غەمبار... لێکۆڵینەوە... ٢- مەهدی خۆشناو: لەگۆڤاری ڕۆژی کوردستاندا ژمارە (٥٤) ساڵی (١٩٧٩). ٣- فاضل قصاب: لەگۆڤاری بەیاندا... لێکۆڵینەوە. ٤- مامۆستا سەعید ناکام: لە کۆڕێک دا... دیداری چیرۆک لەسەری رەش.



کەسەرێکی گەورەیە لە دڵما کە (گوندەکەم) کەوتە بازاڕەوە، ئەو پێشەکییەی کە بۆیم نووسیبوو ئەمزانی کێ قرتانی و کێ فڕاندی؟ کام ناحەز لەناو فایلە پۆخڵاویەکەیدا بەندی کرد... ئای (گوندەکەم) چەند شانازیت پێوە دەکەم...

***

## ١١- کاوەی ئاسنگەر ١٩٧١[١]

کورتەی دراماکە:

«نانا»[٢] گەردوونی لە خومخانەی خەم دا ڕەنگ کردووە، (ئانانا)یش[٣] مات و داماوە، پەردەی کش و ماتی بەسەر هەموو شتێک دا داداوە، مانگ وەک دەروونی (زێمری)[٤] و (زاماوا)[٥].

هەڵ پڕووسکاوەو تارمایی گۆڕستانە پان و بەرینەکەی وەک لەشکرێکی شکاو دۆش داماو وڕو واق کردووە... زێمری و زاما و لەبەر تریفە تەڵخەکەی ئەو مانگە شەوەدا گۆڕ هەڵ دەکەنن، جارو بار بۆڵە دەکەن و پشوو دەدەن، پرسیاری سامناک و نائومێد لەخۆیان ئاڕاستە دەکەن، هەراسانی و بێزار بوونیان لەبەر لێشاوی کەساسی و نائومێدی دا دەشۆنەوە، باسی تۆڵەو نەبڕانەوەی ئەو جەورو جەفایە دەکەن، ناتەسەرییان ڕاوی خەونەکانیان دەکات بروسکەی هیوا لە ناو ئەو تەم و مژەدا کسپە دەکات و ئەهریمەن بە دەنووکی (زوو)[٦] کوێر و نادیدە دەکەن...

خەون دەبینن بەڵام خەون ئاواتی پەنهانی قوڵایی دەروونە، کوا دێتە دی... (سمکان)[٧] کوا؟ بۆ نابزوێ... بڕوا بە ئەو تەفرەدانە تاکەی؟... زێمری و زاماوا تاکەی خەریکی گۆڕ هەڵکەندن بن، تاکەی سەرگەردانی وەرامی ئەو پرسیارانە بن کە ئارام ناگرن... ئایا زیندوو بوونەوە هەیە؟

لەناو گۆڕەکان دا سێ کاسە سەر دەردەکەون... (زاماوا) ڕووی پرسیارەکانی لەوان دەکات... زیندوو بوونەوە ڕاستە؟!... بەڵێ ڕاستە، بەڵام تەنیا ئەو ڕۆژەیە کە ئەژدەهاکی تیا دەکوژرێ و شیرازەی هەموو کۆت و زنجیرێک دەپسێ و داڵدەی مردن ڕاودەکرێ...

ئەو سێ کاسە سەرە هی ئەو سێ کوڕەی کاوەن کە بەیەکەوە زنجیرکرابوون و دراوە لەسەریان و مێشکەکانیان دەرخواردی مارەکانی سەر شانی ئەژدەهاک دران وا مژدەی واتۆوی ئومێد لە زێمری و زامارادا دەچێنن، وا مانگ بەر دەبێ و دەبزوێ، وا سێبەری کێلەکان پاشە کشێ دەکەن، ئەستێرەکان دەدرۆشێنەوە، ڕووناکی پرشنگ دەداتەوە... ئەو سێ ڕێبوارە کێن نزای ماندوو نەبوونی دەکەن، گازی بەفر دەکەن... لەکوێوە هاتوون و بۆ کوێ ڕەو دەکەن... ئەمانە ڕابەری پیرە مەگروونن و بۆ ڕاو تەگبیری ئەم وڵاتە پەیام دەبەن... ئەی ڕێبوارەکان دڵتان ئاوەدان و ڕووناکە، وریا بن «ماشۆ»[٨].

ڕێگەتان پێ نەگرێ، ئێوە شەوە زەنگ دەبڕن، نیازی خۆتان لای کەس مەدرکێنن، چونکە ئەژدەهاک

(١) نووسینی شاعیری گەورەی کورد شێرکۆ بێکەسە... ئەم شاعیرە جگە لە (کاوەی ئاسنگەر) درامای (ئاسک)ی هەیە.

(٢) «نانا» خوای مانگە لە ئوور.

(٣) «ئانانا» فریشتەی ئاسمانە.

(٤) «زێمری» گۆڕ هەڵکەنە.

(٥) «زاماوا» گۆڕ هەڵکەنە.

(٦) «زوو» کوشندەترین باڵندەیە.

(٧) «سمکان» خوای شاخ و کێوو خاوەن دەسەڵات (ل٥٢) کاوەی ئاسنگەر.

(٨) «ماشۆ» ئەو ریزە شاخانەیە کە ئاوی مردنیان پێیە... ل٥٢.

زرپ و زیندووە، ئەهریمەن هێشتا بە گوڕە... ئەی ڕێبوارەکان ئەهرۆمەزدا ئاگادارتان بێ... توانیتان شەوە زەنگی ئەم گۆڕستانە ڕاچڵەکێنن...

تابلۆی دووەم:

شوێن هەمان کوردستانە... گۆڕ هەڵکەنەکان ڕۆیشتوون، سێ مردوو دێنە دەرەوە، ماوەیەک بەبێ دەنگی هاتوو چوو دەکەن، یەکێکیان ڕوو دەکاتە ئەوانی تر و سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە کە گوایا لە دنیادا پێش کوشتنی پیاوێکی جوتیار بووەو توێکڵی زەوی هەڵ تەقاندووەو گەنمی چاندووە، سەربەخوای (ئاشنان) و (ئانان) بووە کە ئەمیان فریشتەی ئاسمان و ئەویان خوای دەغڵ و دانە...

لەم کاتەدا مردوێکی تر ڕاست دەبێتەوەو بەلایان دا تێ دەپەڕێ و پرسیاری لێ دەکەن... ئەوە کێیە؟... ئەویش وەرام دەداتەوە کە پێرێ کوژراوەو هاتووەتە ئێرە... دەک بەخێرهاتی... ئەرێ دنیا چۆنە؟ دنیا هەر وەکو جاران قڕوقاتە... وا وەرام دەداتەوەو تێدەپەڕێ... مردووی یەکەم لەسەر گێڕانەوەی ڕابووردەکەی بەردەوام دەبێ و دەڵێ: من دڵدار بووم، حەزم لە کچە دراوسێیەکی خۆمان دەکرد، لەبن سێبەری دار بەڕووە تەڕەکاندا ژوانمان دەبەست، کاتی زۆرمان بەڕێ دەکرد، تاریکە شەومان ڕووناک دەکردەوە، زستانمان دەبوو بە بەهار، کرمی خەم و خەفەتمان دەکوشت، کە لە ئەنجام دا کچەیان دامێ و منیش گەنم دانێ، بەڵام پێش ئەوەی زەماوەند بکەم شایم بوو بە شیوەن، لە شەوێک دا قۆڵیان گرتم، چاویان بەستم و لە زیندانێکی تاریک دا توونديان کردم، پاش دوو ڕۆژ سەریان بڕیم و کرام بە خۆراکی ئەژدەهاک... هەر چەند هاوار و نزام بردە بەر ئاشنان و ئانانا دادیان نەدام، بەزەییان پیاما نەهاتەوەو دەنگیان نەکرد، مێشکی منیش مارەکانی سەر شانی ئەژدەهاکیان تەسەل نەکرد، بەڵکو تا دەهاتن چڵێس تر دەبوون... بەڵام ئاخ لەدەستم چوو، خۆ دەمتوانی لەسەری ئەژدەهاک بدەم و بیکوژم... لەم کاتەدا مردووی دووەم وەک زیندووە هۆشی مردووەکانی سەر دنیا هاتە قسە و وتی:

«دووەم: قسەی بێ جێ و بێ ڕێ مەکە
ئەمە هەرکاری خواکانە
ئەژدەهاک لای ئەهرەمەنە
کوا ئەمە ئیشی ئینسانە؟

ئیتر کات درەنگ دەبێ، کازێوەی ڕۆژێکی تەڵخ دەردەکەوێ، هەر سێ مردووەکە مەحف دەبنەوە...

لە تابلۆی سێیەم دا:

جێگا گۆڕەپانێکی قەرەباڵغ و جەنجاڵە، جارچی مژدە بە خەڵک دەگەیەنێ کە شایی بکەن، خۆش بەخت و دڵشاد بن... لەولاوە یەکێک بەتەوەسە دەڵێ: «بەگوێی بکەن، خۆتان مەست کەن» جارچی خەریکی جاڕدانە، داوا لە خەڵک دەکا کە مرۆ مۆچ نەبن، خۆ گرژ مەگرن، هاوار و نزا بکەن، با پایەدار بێ تەختی پاشا... خەڵکینە دەزانن پاشای گەورە وا بۆ سێیەم جار ژنی هێنا، ئیتر چیتان دەوێ... گوێ گرێکی تریش لەولاوە هەڵدەدات و دەڵێ: «ئیتر چیتان دەوێ سەما بکەن... جارچی هەر بەردەوامە لەسەر جاڕدان: «ئەژدەهاک سێبەری خوایە... گوێ گرێکی تریش قسەیەکی هاویشتە نێوان جاڕدانەکەوە: «ئەشێ! ...بیپەرستن... بۆی ڕاوەستن، فریشتەکان کە نیزەکی ئەون... لەبەر پێی ئەودا دەخەون».

جارچی: ئەوەی وتی، ئەوەی ویستی ناگەڕێتەوە دێتە دی: "باران"

بەکۆمەڵ: باران.



جارچی: سامالّ.

بەکۆمەڵ: سامالّ.

جارچی: ژیان.

بە کۆمەڵ: ژیان.

گوێ گرێک: مردن.

جارچی: مردن[١].

دیارە خەڵک تامەزرۆی چین تەنانەت جارچییەکەش خەون بەو شتانەوە دەبینێ لەبەر لێشاوی ئارەزووە خنکاوەکانیا خۆی ڕاناگرێ و وەک خەڵکەکە هاوار دەکات...

لە تابلۆی چوارەم دا: ئەم کەسانە دەردەکەون: کارون، مادیا، کاردا، کاوە، کاردۆخ، گۆدۆ، هەموو ڕاماون...

کارون شوانی ئاژەڵە و سەر بە (لەهاری)یە[٢]. ماردیا و کاردا- ش جوتیارن و هەردووکیان پەنا بەری «ئانلیل)ن[٣]. کاردۆیش ئاشەوانە...

بانگەوازەکەی جارچی بەلای کارونەوە دڵۆپە بارانێک ناهێنێ کە بنەگیایەک تەڕ بکاتەوە... گرنگ پاڕانەوەو نزایە کە «لەهاری» بەزەیی بە ئاژەڵی لەڕو لاواز دا بێتەوە، ئەوەساڵێکە چلە گیاییێک سەوز نەبووە...

«ماریا» و «کاردا»ش لە ئانلیل دەپاڕێنەوە و دەستی نزا بەرەو بارەگای پان دەکەنەوە... کوا میهرەبانییەکەی؟ کەی دەینوێنێ، خۆ بەلای خۆیەوە ئەو فریشتەی فەڕو پیتە، نزاکانیان بۆنی ناڕەزایی و هەڵاوی گومان دەدەنەوە، هەر سێکیان بێزیان لە بانگەوازەکە دەبێتەوە...

کارا بە تەواوی بێزارە، داوا لە مادیا دەکات واز لە نزاکردن بێنێ:

«کاردا: باران بباریێ و نەباریێ مردن ڕێگەمان پێ ئەگرێ
(نیتی)[٤] بۆ خوای ئەژدەهاک
سەرمان ئەبڕێ»[٥]

دوژمنی هەرە گەورە مارە، بەڵام کوا تێر دەخوات... کاوە گوێی لێیانەو دەزانێ لەژێر زاریان دا چییە... بۆیە لێیان دێتە پێشەوە داوایان لێ دەکات: بە ئاسمان، بە زەوی، بە ڕەشەبا، بەخواکان تەفرە نەخۆن... بڕوا نەکەن، سەری تەفرە بپەڕێنن، پشتی قەدەر بنەوێنن، دامێنی سکالاّ نەگرن، مێشکیان دیلی زۆردار نەبێ دەبێ بەگژ مردنا بچن ئەوەی وابێ بیری دەسخەرۆی فریشتەکان ڕامالێ... خۆر لە دڵیا هەڵهاتبێ، لەجێی گریان هیوای تیا بێ... کوا خواکان؟!... سمکار، لەهار، ئاشنان، ئانلیل... کوا گیانیان کوا شوێنیان... ئەوانە دۆسی ئەژدەهاکن... کاردۆخی شەوان پرسیارێک ئاڕاستەی کاوە دەکات:

«کارۆخ: پشتمان کێیە؟

(١) کاوەی ئاسنگەر ل(٧٥).

(٢) (لەهاری) خوای ئاژەڵە.

(٣) (ئانلیل) فریشتەی فەڕو بەرەکەتە.

(٤) (نیتی) خوای تاریکی ژێر زەمینە.

(٥) کاوەی ئاسنگەر ل٨١.

مادیا: چیمان پێیه؟
کاردا: قۆناخ کوێیه؟»(١)
کاوه وەرام دەداتەوه:

«کاوه: هەموو ڕۆژێ من ئاسنی    ڕەق و پتەو ئەشکێنمەوه،
ئەیکەم بە ئاو ئەیتوێنمەوه...

(ڕوو دەکاتە کارداو ماردیا)

ئێوەش جەرگی عەرد هەڵ ئەدڕن
تاشە بەردی ئەم کێوانە
بەشانی ڕەنج ئەگوێزنەوه... هەڵئەگرن»

(ڕوو دەکاتە کارون)

«تۆش شەڕ لەگەڵ گورگا ئەکەی
بەشوێن مردنا ڕائەکەی»

(ڕوو دەکاتە کارۆخ):

«تۆش بەرداشی ئاش ئەگێڕی
ئارەق تێکەڵ بە جۆ ئەکەی
بە ماندوێتی ژین ئەوێری
ئیتر ئێمە چۆن ناتوانین    تەختی زۆردار سەرنگون کەین
ئێمە وابین چۆن ناتوانین    دیلی ژێر دەستیی زەبوون کەین»
تۆ پێم ئەڵێی پشتمان کێیە؟
فریشتەکان؟ خواکان؟ نەء خۆمانین.
خۆمان پشتین، خۆمان خاوەن نازوو مشتین
هەر خۆشمانین چارەنووسین...
ئەم بازوانە بازووی هێزە
کەللە پژێنی دوژمنە... بەزێنەری دێو و درنجی مردنە!
ئەم بازوانە هاوڕێی کۆنی سەرکەوتنە»

وەرامی مادیا دەداتەوه:

«تۆش پێم ئەڵێی چیمان پێیە... ئەوەی لەلای من و تۆیە
لای ئەژدەهاک دەس ناکەوێ... چیمان پێیە؟!...
بڕوای گیان و بیرمان پێیە... خۆرمان پێیە، هێزی شاخ و کێومان پێیە، هەقمان پێیە...

وەرامی کاردا - ش دەداتەوه:

(١) کاوەی ئاسنگەر ل٩٢.



«تۆش پێم ئەڵێی قۆناخ کوێیە؟
قۆناخ قەڵای ئەژدەهاکە
هاڕینی سەری ناپاکە»

(هەموو بەیەکجار):

«مەبەست سەری ئەژدەهاکە؟!»
کاوە ڕاکەی خۆی دووپات دەکاتەوه:

«کاوه: بەڵێ سەری ئەژدەهاکە».

هەموویان بەیەکەوه:

«ئەی سەری مار؟!»

کاوه: ئەفسانەیە وەکو «لەهار»... وەکو ئۆتۆ(١). وەکو سمکان».
کاوه پێیان دەسەلمێنێ کە ئەژدەهاک خۆی مارە، خۆی مردنە، خۆی ئەهرەمەنە...
ئیتر هەموو بەڵێن دەدەن کە ڕێگەی کاوه بەر نەدەن...
«کارون: بەڵام ڕێی سەرکەوتن سەختە!
مادیا: قسەی کاوه نەخشی بەردە
قسەی دەروونێکی ڕاستە
کاردا: ئەوەی ئێمە ئەی دۆڕێنین... تەنها هەر کۆت و پێوەندە»(٢)

لەم کاتەدا گوردۆ بە هەنسکە بڕکێ دێتە ژوورەوەو ڕوو دەکاتە کاوەی باوکی و ئەوانی تر کە خوێن مژەکان بەشوێنیاندا دەگەڕێن، چونکە نەچوونە هەڵپەڕکێ و زەماوەند... کاوه بە کارداو مادیا و کارۆخ و کارون دەڵێ ئێوە بڕۆن، خۆتان بزر بکەن بەڵام بەڵێنی سبەینێ کە ڕۆژی بەرزکردنەوەی ئاڵای سەرفرازی ئەم میللەتەیە لە یاد مەکەن... بەیانی زەنگی ڕاپەڕین دەزرنگێتەوه...

لە تابلۆی پێنجەم دا: وا ئەژدەهاک لە هەڕەتی خۆ بایی بوون و ملهوڕی دایە... ئەو دنیا پان و بەرینەی لەبەر پێی خۆیا داناوه... هەموو مەردوم دەستەو سان بەچۆکا هاتوون و دەستە نەزەرن... بەهەشتی بۆ خۆی سازداوه: خواردن، خواردنەوه، پۆشین، ڕابواردن، ئافرەت و چێژ وەرگرتن، بەڵام ئەوەی ئەو ژیانەی لێ تاڵ کردووه مردنە... خۆی مردنی خەڵکە تارمایی مردن ساتێک بەری نادا، دەیەوێ خۆی لەو تارماییيە دوور بخاتەوه «بەڵام بۆچی ئەبێ بمرم... بەهێز، بە زۆر مردن ئەگرم...»(٣)

ئەو چەند تارماییيە کە لەخۆی دوور دەخاتەوه، ئەوەندە لەبەر دەمیا قیت دەبێتەوەو دەئاوسێ، وابووه بە دێوێک چاوی لێ زەق کردووەتەوه... مۆتەکەیەکە لەسەر سنگی چۆکی داداوه... دەیەوێ دڵی خۆی بە قسەی پڕوپووچ بداتەوه، داڵدەی مردن تا دێ شوێنی لێ سەخڵەت دەکات، هەردووکیان یەکن دوو ناویان هەیە، ئەگەر ئەو تارمایی بێ ئەم گیانیەتی، هەردوو دۆستن ئەهرمەنن، مردنن... ئەژدەهاک لەگەڵ مردنا وڕێنە دەکات:

(١) «ئۆتۆ» خوای ڕۆژە.
(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(٩٦).
(٣) کاوەی ئاسنگەر ل(٩٦).

«ئەژدەهاک: چارەنووسی منیش وایە
یاخود جیایە؟

تارمایی مردن: من پێم وتی... تۆ تارمایی گیانی منی
دۆستی گەورەی ئەهرمەنی... خۆت مردنی» (١)

هەردووکیان: ئەهرمەنن، ئەگەر ئەژدەهاک لاشەو دیوی
دەرەوەی بێ»
ئەوا تارمایی مردن و گیان دیوی ناوەوەیەتی

دیسانەوە تارماییەکە دێتەوە بەرچاوی ئەژدەهاک و مەرایی بۆ دەکات و لێی دەپاڕێتەوە، دەیەوێ ڕێک بکەون، چیی دەوێ، سامان، دەستەڵات، ئافرەت؟

«ئەژدەهاک: هەر چیم هەیە بۆ تۆو نەمرم
تارمایی مردن: خواستی وا لە ئەستۆ ناگرم»

سوودی نییە تارمایی لە تەکیا ڕێک ناکەوێت، ئەژدەهاک دەمارەکانی لاملی و سەر شانی کرژ دەبنەوەو پڕ دەبنە خوێن و هاوار دەکات... تارمایی مردنەکە لە ناخیا چووە خوارەوەو بزربوو.

تابلۆی شەشەم: ماڵی کاوەیە، گۆردۆی کوڕی لەبەر دەرگا ئێشکی گرتووە، خۆی چاوەڕوانی برادەرەکانی دەکات... (سارا) دایکی گۆردۆ لە بەیانییەوە چووەتە سەر گۆڕی هەر شەش کوڕەکەی گۆردۆ لە دواکەوتنی برادەرەکانی باوکی بێ ئارام بووە، دوای ماوەیەک دێتە ژوورەوەو بەباوکی دەڵێ:

وا هاتن، کاردا، مادیا، کاردۆخ، یەک لە دوای یەک دێنە ژوورەوەو هەواڵ دەدەن کە سەگەکانی کۆشکی ئەژدەهاک وەک سەگی هار کەوتوونەتە بازاڕەوەو دەست پارێز ناکەن، لەم کاتەدا دایکی گۆردۆ، دەگەڕێتەوەو ڕێز لەمێوانەکان دەنێ، ئەوانیش دڵی دەدەنەوەو لەبەری هەڵدەسن...

«سارا: فەرموون... فەرموون دانیشن کوڕتان نەمرێ
لەماری سەرشان بەدوور بن... فریشتەکان دەست بە باڵتانەوە بگرێ...»

کاوە: «بەتەوسەوە بەرپەرچی نزاکانی سارا دەداتەوە...
فریشتەکان... ڕزگارمان کەن
ڕزگار نابین... ئەفسانەکان ڕابەرمان بن
خراپتر بین... چاکتر نابین» (٢)

پاش پشوودان و نان خواردن و ڕاوێژکردن هەمدیسان گۆردۆ دێتە ژوورەوەو هەواڵ دەدا:

«گۆردۆ: ڕێبوارێکی ناسیاوم دی
بەرەو گردی سەرو ئەچوو
شپرزە بوو، شڵەژابوو
کەلێم پرسی... چرپانی بەگوێماو، وتی:

(١) کاوەی ئاسنگەر ل(١٠٨).
(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(١١٩).



لەبەندەکانی ناو زیندان بەیانی زوو
شەش حەوتێکیان هەڵواسیوە
یەکێکیان کوڕی ئەو بووە» (١)

ئیتر هەر باس باسی مردن و مێشک پژانە، کاوەو هەڤاڵەکانی ناو دڵیان وەک کوورەی ئاسن گەرم بووە، گڕی هەناسەیان سەنگ دەتوێنێتەوە... چاوەڕوانی کارون دەکەن...

وا کارون هات، وا دیارە بۆیە دوا کەوتووە چووەتە ئەو دیوی شاخ بۆ ئەوەی بزانێ ئەوان تا چ ڕاددەیەک ڕکیان هەڵساوە، چەند برادەرێکیشی دۆزیوەتەوە قسەی لەتەکیان کردووە، بۆی دەرکەوتووە خەڵکی ناو شاخەکانیش هەموو تێغی قینیان لە ئەژدەهاک دەسوون و هاکا قەڵا و قەڵاچەی بە ئاگری قین و ڕکیان بوو بە قەقنەز... ئەوجا پرسیار دەکات کە کاری ڕاپەڕینەکەیان دابەش کردووە؟

بەڵێ... ئەی کارونی شوان، کاری تۆ ئەوەیە بڕۆیتە ناو شاخەکان خەڵک هۆشیار بکەیتەوە، بڕیاریش وایە چوار ڕۆژی تر سەر لەبەیانی کە یەکەم ڕۆژی بەهارە هێرش بەرینە سەر قەڵای ستەمکار...

لەمە گوێت لە زەنگی ڕاپەڕین وهەڵگیرساندنی ئاگرە سوورە بوو، ئاگر لەسەر شاخەکان بکەرەوەو پڕ بەدەم هاواری ڕاپەڕین بگەیەنە بە خەڵکی دوور و نزیک... پاش ئەم بڕیارە بڵاوەی لێ دەکەن و دەڕۆن.

کاوەو سارا لە ماڵەوەن... لەپڕ پشتکۆی هاوڕێی گۆردۆ بە پرتاو دێتە ژوورێ و بە کاوە دەڵێ: سێ چوار سواری ئەژدەهاک گۆردۆیان باڵ بەست کردو بەلێدان بردیان بۆ زیندان، کاوە لە تاوا دەکەوێتە لێو کروژتن، بەتەواوی شپرزە دەبێت، پشتکۆ هەندێ دەوەستێ و دەچێتە دەرەوە:

«کاوە: ئەمە حەوت کوڕ... ئارام ئیتر چۆن ئەتوانێ
لەمە زیاتر خۆی ڕابگرێ...»

کەواتە نۆبەی هێرش بردنە...

«کاوە: هێرش ئەبەم لەگەڵ «گەل»ا
ڕائەچڵەکم
ئەچمە گەرووی نەهەنگەوە
تەنها چەکم... چەکی بڕوای نەبەزینە
تەنها ڕێگەی... ڕاپەڕینە
ئامانج سەری ئەژدەهاکە... بەم مستانە ئەیپژێنم
ئامانج کۆتی دیلێتییە...
دای ئەماڵم... ئەیپچڕێنم...» (٢)

لە تابلۆی حەوتەم دا: ئەژدەهاک (مۆدۆن)ی جادۆگەری لەبەر دەم خۆیا ڕاگرتووە، بۆ ئەوەی تابیلێ خەونەکەی بۆ بداتەوە، (مۆدۆن) لەبەر دەمیا بە چۆکا هاتووە پێش ئەوەی بزانێ خەونەکەی ئەژدەهاک چییەو چۆنە... دەڵێ:

(١) کاوەی ئاسنگە ل(١١٢).
(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(١٣٤).

«خەو هی تۆ بێ، فریشتەکان ئینکی[1]. سمکان... دڵنیام چۆنیان نووسیوە... فەرموو قوربان...»

ئەژدەهاک خەونەکەی دەگێڕێتەوە:

«ئەژدەهاک: لەخەوما بوو، نە بەڕاستی
لەجێگای گوڵ دڕکم ئەچنی
دەست و پەنجەم خوێناوی بوو
بەری دنیا تەماوی بوو... دارم ئەدی
هەر بە سەوزی، وشکی ئەکرد
تەلام... کۆشکم چۆڵ و هۆڵ بوو
گڕی ئەگرت
ئەمویست هاوار بکەم بڵێم... بەڵام دەنگم دەرنەئەهات
ڕەوەگورگ ئەهاتنە سەر ڕێم
خۆر گیرا بوو هەڵ نەئەهات
لەناکاوا شتێکی ڕەش، جانەوەرێ هاتە خوارێ
دەستی دامێ... فرانمی... توونگ گرتمی
تا ئاسمانی سەر بردمی... »[2]

(مۆدۆن) خەونەکەی بەدڵی ئەو تابیڵ دایەوەو دڵنیای کرد کە ئەو (رموز)انە وەک: (دڕک... دەست و پەنجەی خوێناوی، وشک بوونی داری سەوز، چۆڵ و هۆڵ بوونی قەڵاو کاول بوونیان...» هەموو ئەوانە دەبنە نیشانەی بەختەوەری و بەردەوام بوونی کۆشک و تەلارو شکۆمەندی...

(مۆدۆن) لەسەر ڕاڤەکردنی ڕمووزەکان دەڕواو دەڵێ: فڕاندنیش بۆ ئاسمان مانای مژدەیەکی خۆشە...

ئەژدەهاک: زوو پێم بڵێ»

مۆدۆن: داری زرت ئەژیتەوە... پەل ئەهاوێ، ئەڕوێتەوە
بەری هیوای ئاوات ئەگرێ... پاشای گەورەمان ئەژدەهاک
کوڕی ئەبێ...»

مۆدۆن: بەڵێ گەورەم هەرگیز ساڵێ
وەرناگەڕێ... کوڕت ئەبێت»

ئەژدەهاک لە پاداشی ئەم مژدە وەرگرتنەدا بە قەد سەنگی زێڕی خەڵات دەکات... بۆیە لە خۆشیا هاوار دەکات...

ئەژدەهاک: کوڕم ئەبێ... ئەژدەهاکی بچووک ئەبێ
کوڕم ئەبێ... گرێی دڵی دەیان ساڵەم ئەکرێتەوە
داری زڕم ئەژێتەوە... کوڕم ئەبێ

(١) ئینکی: خوای جادوگەری و حیکمەت، دروستکەری دنیایە.
(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(١٣٤).



ئەژدەهاکی بچووک ئەبێ...»[1]

تابلۆی هەشتەم: شوێن دوکانی کاوەیە، بەیانییەکی زووە، پشتکۆ لە باتی گۆردۆ شاگردە، کات یەکەم ڕۆژی بەهارە، سروشت بەهاری بۆ ڕوانی مەردان ڕازاندووەتەوە، بەستەڵەکی مەیبوی زستانی لەبەر پێ دا تواندووەتەوە... کاوە بەدەم کارکردنەوە سۆزی دڵی بۆ تەمەنی ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە، کە چۆن تەمەنێکی زووی لە پێناو خۆ دۆزینەوەدا بەڕێ کردووە، لەناو دەشت و دەرا لە تاڤگەو جۆگەلەی ڕووناک دا، لە ئاوازی هۆزارو شەقەی باڵی پەلەوەردا، لەناو هەموو سروشت دا خۆی دۆزیوەتەوە، دوای ئەوەی بە پرسینی مانگ و ڕۆژ و لەشکری ئاسمان دا وێڵ بووە، هەر گەڕاوە، وازی نەهێناوە، کۆڵی نەداوە، وا خۆی دۆزییەوە، هەروەهاش ڕێگەی ئازادی لە ئامێزی کۆمەڵ دا، لە دڵی دڵداران دا، لە ئاهو نزولەی بێ نەوایان دا دۆزیوەتەوە... ڕێی ئازادی لە شاخەکانی کوردستان دا لە چیاو پێ دەشت دا، لە شنەی گیاو درەخت و گوڵاڵەی هەمەرەنگ دا ئەو مۆسیقایەیە کە تاڤگەو قەڵبەزەی ناو کەمەری چیاکان دەی هۆننەوە بۆ کەیل کردنی ئەستێرەکانی ئاسمان... ئا لەو فێرگەدا کاوە پەند فێر ببوو، لەو شوێنەدا لە نهێنی زیان حاڵی بووە... خۆی دۆزییەوە بیری کرایەوە، هزری فێری پەروازە بوون بوو... خوێنی گەشی شەش ڕۆڵەی هەرزەکاری و هەزاران نەوجەوانانی ئەم کوردستانە پەرچەمێکی سوور و ئاڵەو، دەبێ بە چارشێوی و بووکی پاشە ڕۆژی پێ ئارایش بکرێ...

بەشێوازێکی گەرم و پڕ بە سۆز بەدەم کوورە گەرم کردنەوە، ئاسنی سارد دەتوێنێتەوە، بۆ ئەوەی هەتا هەڤاڵەکانی دێن چەندان چەکوش دروست بکەن، نابێ بگاتە چێشتینگا، چەکوشی دەستی بڕوا ئامادە کرابێ... وا ئاسنی سارد لەناو کوورەدا تواوەتەوە ئەوە بۆ ئەوەی ببێ بە چەکوشێکی جۆش دارو کاوە بە شێوازێکی شۆڕشگێڕانە ڕوو دەکاتە چەکوشەکەی و دەیلاوێنێتەوە:

«کاوە: (لەگەڵ چەکوشەکەیەتی)

مایەی ڕەنجی بێ پشوودان
تۆم بۆ ئەم دەستانە خولقان
ئەم دەستانە، کە قلێشیان
دەمیان بۆ تۆ کردۆتەوە
تا تۆڵەیان لە زۆرداران بکەیتەوە»[2]

تا دەڵێ:

«... بەڵام هێشتا تینویتی زاخاوت ماوە
تینویتی زاخاوی داویی
ئەبێ هەر بە خوێن بشکێنی
خوێنی ناپاک... خوێنی تاوانی ئەژدەهاک»[3]

چەکوش ئامادەیە، ماوە کاروان بگات، چاوەڕوانەکەی پێشەنگی قەتار دەردەکەوێت، داوا لە پشتکۆ دەکرێ گوێ قولاغ بێ کەی دەنگی زایەڵەی هات زوو هەواڵ بە کاوە بدا... نیشانەی کاروانەکەش ئەوەیە

(١) کاوەی ئاسنگەر ل(١٤١).
(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(١٧١).
(٣) کاوەی ئاسنگەر ل(١٧٢).

پێشەنگەکەی (سوورە)...

کاوە ئامادەی ڕاپەرینە، دڵی وەک ئاسنی ناو کوورەکەی سوور هەڵگەڕاوە... لەم کاتەدا ڕوو دەکاتە جەماوەر - دانیشتوانی ناو هۆڵی شانۆ - دەیەوێ دوا ئەنجامی شۆڕشیان بۆ ڕەچاو بکات:

«کاوە: گەر سەرکەوتین... تاج بۆ کێ بێ

لەبیرتان بێ

بەڵام با قسەی خۆمان بێ - هەموو ئەڵێن بۆ فەریدوون

هەر من ناڵێم با بۆ ئەو بێ

دیارە لێم ئەپرسن بۆچی؟

ئەی بۆ کێ بێ ... خوێن بڕێژین

کورد قوربانی مەردانە بێ

بۆچی ئەنجام بۆ «پارسێکی» بێگانە بێ

با هەڵویستیش دۆستانە بێ

من وا ناڵێم لەبیرتان بێ»

ئا بەو جۆرە نەخشەی بەر ئەنجامی شۆڕش دیار دەکات... لەم کاتەدا کاردای جوتیار دێتە ژوورەوە، زۆر داماوە... هەواڵێکی دڵتەزێن بەکاوە دەگەیەنێ کە گۆتۆی ناپاک کارونی گرتووە و کوشتوویەتی، ئەم هەواڵە دڵتەزێنە ئەوەندەی تر ئاگری ڕاپەڕینی بەتین کرد...

کاوە: کاروون مرد! کاروون مرد؟

بانگ دەری شاخ و کێوان مرد؟

کاردا کە دەزانێ ئەو هەواڵە ناخۆشە پتر ئاگری ڕاچنین و شۆڕشی لە دڵی کاوەدا خۆش کرد، ئەویش ئەوەندەی تر گەرم دەبێ، لەم کاتە پشتکۆ هەواڵی گەیشتنی کارون دەگەیەنێ و ئەوا ملی بەرەو ئێرە ناوەو پێشەنگیشی سوورە... غەڵبە و ژاوەی خەڵک هێدی هێدی پەرە دەسێنێ، تا دێ پتر دەخرۆشێ...

ماردیا، کاردایا، پشتکۆ داوای چەک دەکەن، کاوەی دانا بۆ ڕۆژێکی وا چەکی ئامادە کردووە، هەر چەکێکی بۆ پاشا دروست کردبێ یەکێکی لێ گل داوەتەوە، ئازوخەی داناوە هەموو ڕم و تیرو شمشێر و قەڵغانە... پشتکۆ دەرگای عەمبار دەشکێنێ و چەک دەردەهێنێ... هەر پارچەیەک دەردەهێنێ بە سنگی خۆیەوە دەینووسێنێ و ماچی دەکات... ڕمێک بۆ خۆی هەڵدەگرێ و ئەوانی تر بەسەر شۆڕشگێڕان دا دابەش دەکات...

خرۆشاندنی تا دێت پەنگ دەخواتەوە... کاوە، بەروانکە -بەرکۆشە-کەی بەرمێکەوە دەکات، دەیکات بە ئاڵاو، چەکوشەکەی هەڵدەگرێ، ماریا، کاردۆ، زیمێری، زاماوا... چەک هەڵدەگرن و سوێن دەخۆن... کاوە بەم جۆرەی خوارەوە، سوێن دەخواو ئەوانیش بەشوێنیا دووبارەی دەکەنەوە:

«کاوە: سوێندە، سوێندی کورد پەرستی

سوێندی سەر شۆڕی نەویستیی

سوێندی بڕواو خۆشەویستیی

سوێندی لە خۆ دامالینی



بەرگی نۆکەری و ژێر دەستیی

سوێند هەموو ئەیلێینەوە

سوێندە کە ناگەڕێینەوە»(١)

دەنگی سوێند خواردن و خرۆشاندن و ڕاپەڕینی خەڵکەکە دەسگاو دوکانەکەی کاوە دەکات بە گەرووی زریان.

لە تابلۆی نۆهەم دا: وا ئەژدەهاک لەناو کۆشک دا شپرزەیە و دنیای لێ بووە بە پێستی چۆلەکە... لۆلۆی وەزیر خەزنەداری و دەست و پەیوەند دڵی دەدەنەوە، بەڵام ئەو ئۆقرەی نەماوەو ئارامی لێ بڕاوە... کات دەمەو ئێوارەیە، هاوار و نرکەی شۆڕشگێڕان ڕۆژەکەی وەک ساجی سوور لە دەریای ئاسمان دا ڕاگرتووە، پاسەوانێک دێتە ژوورەوەو هەواڵی کوشتنی دەیان لە شۆڕشگێڕەکان دەدا، بەڵام ئەژدەهاک بەوە دڵی ساتۆر نابێ و دەیەوێ هەواڵی هەزارانی بدەنێ... پاسەوانەکان یەک لە دووی یەک هەواڵی کارەسات دەگەیێنن کەوا ڕەش و ڕووت و بۆرە وەک گەڵای دار دەکوژرێن و ئەوانی تر بەسەر لاشەکانیان دا باز دەدەن و بەرەو کۆشک پەلامار دەدەن... فرمان بە لەشکر دەدرێ کە دەست نەپارێزن، بکوژن تا خوێن سەر دەکات و لاشە دەبات، دیارە ئاگری شۆڕش بەو جۆرەش نەکوژایەوە، ئەژدەهاک حەجمانی تیا نامێنێ و خۆی لە کونی پەنجەرەوە سەیری کوشتار دەکات... لۆلۆ و خەزنەداریش هەر دڵی دەدەنەوە کە شتەکە گەردەلوولی تەپ و تۆزەو هاکا تەواو بوو، ئەنجامی سەرکەوتن بۆ تەختی شایە... ئەژدەهاک دیسانەوە لە پەنجەرەی کۆشکەوە سەیر دەکا... نرکەی شۆڕشگێڕەکان بۆرانێکە، لافاوێکە هەرەسی هێناوە، پاسەوانەکە دیسانەوە بە شڵەژاوییەوە دێتە ژوورەوەو دەڵێ، گەورەم لافاو هەستاوە، هەموو خەڵک خرۆشاون، شوورەی یەکەمی قەڵایان ڕامالی... تەوژمی ڕک و تووڕەیی خەڵک بەرەنگاری ناکرێ... کە ئەژدەهاک گوێی لەو قسەیە دەبێ، هاوار دەکات:

«من پێم وتن... زەنگ لێ درا

فریاکەون... من پێم وتن»(٢)

پاسەوانەکە لە تاو کارەساتەکە وا حەپەساوە لە حەیبەتان خۆی پێ ناگیرێ و دەڵێ:

«پاسەوان: گەورەکانم... شتێک هەیە

تێ نەگەیشتووم... ناوی چییە؟

جادووی گیانی نەهێنییە؟

یاخوود چاوی تەلیسماوی

فریشتەکانی ئاسمانە! یان هێزی دەستی خواکانە

لەناو دەروونی ئەوانا... دێت و دەچێ

تینی ئاگرینی ئەداتێ... ترسی مردنیان دەرئەکا

گەورەکانم ئەو پڕیشکە... گڕو و تیشکە

لەچاوی ئێمەدا نییە...»(٣)

(١) کاوەی ئاسنگەر ل(١٨٨).

(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(٢٢٢).

(٣) کاوەی ئاسنگەر ل(٢٢٢).

ئەژدەهاک و دەست و پەیوەندی بەتەواوی ورە بەردەدەن، موچرکەی ترس، هەموو لەشیان دەتەزێنێ... جگە لە شێری برسی و جنجرۆک داری ژەهراوی هیچ چەکێکی تریان بەدەستەوە نەماوە، ئەمانەش شۆڕشگێرەکان ناسڵەمێنێتەوە، شێری برسی و چاوچنۆک بەرەڵلا دەکرێن، دوای بەینێ پاسەوانەکان هەواڵ دەدەن کە شێرەکانیش زوو بەزیین و شپرزە بوون و خۆیان لەبەر هەرەسی قین و تووڕەبوون دا نەگرت، لەم کاتەدا هەواڵ هات کە گۆتۆ مردووە، شووراکان یەک لە دوای یەک لەبەر پێی هێرش دا تلیسانەوە، قوللەی قەڵاکان داگیرکران، زیندان ڕووخا، بەندەکان ئازاد بوون...

لۆلۆ و خەزنەدار نەخشەی هەڕاکردن و دەرباز بوونیان بۆ ئەژدەهاک کێشا، بەڵام ئەژدەهاک بەگوێیان ناکات و لای وابوو دەرچوونی نییە، لە نەخشەکەی لۆلۆ دەکەوێتە گومانەوە... لەم کاتەدا سەربازێکی لەش خوێناوی بە شپرزەییەوە خۆی بەژووردا دەکات و هەواڵی داگیرکردنی هەموو قەڵاکان دەگەێنێ و دەڵێ:

«پاسەوان: ئومێد نەما... وا قەڵاو کۆشک
بۆ یاخی بوو... هاتنە سەرچۆک
ئەو شوێنەی ڕووناکی تیایە
تەنیا هەر ژووری پاشایە
داگیرسێنێ ئەم ئاگرە... سەرکردەی ئەم ڕێی بەڵایە
گەورەم کاوەی ئاسنگەرە»(١)

ئەژدەهاک کە دەزانێ سەرکردەی ئەو شۆڕشە کاوەی ئاسنگەرە، ڕوو دەکاتە لۆلۆ و خەزنەدار:

«ئەژدەهاک: دەست بە زاخاکردن وایە
تەفرەو مل شکاندن وایە
وتم کاوە وەچەی شەڕە
سەرپەڕاندن بەو ڕەوایە
وتیان ئەمە پەلەی تیایە... دەستان بڕیم... کوێرتان کردم
بەرێی مردنتانا بردم... ئێستەش ئەتانەوێ ڕاکەن
دڵنیا بن قەت ڕاناکەن»(٢)

دەست دەداتە شمشێرەکەی، لۆلۆ و خەزنەدار دەکوژێت و هەردووکیان خەڵتانی خوێن دەکات...

لەم کاتەدا کاوە دەکوتێتە سەر ئەژدەهاک، لە پێشەوە هەردوو پاسەوانەکەی دەکوژێت، ئەوجا دەکوتێتە سەری و بە چەکوشەکەی دەستی، سەری پان دەکاتەوە... لەم کاتەدا، پشتکۆ، کاردا، مادیا، کاردۆخ، زێمری، زامارا، یەک لە دوای یەک دێنە ژوورەوە کاوە لەناویان دا هاوار دەکات و دەڵێ:

«... با ئەم ڕۆژە جەژنی گەل بێ
جەژنی ژیان
جەژنی کوردە چەوساوەکان

(١) (کاوەی ئاسنگەر) ل(٢٢٢).
(٢) کاوەی ئاسنگەر ل(٢٢٢).



با ئاگری ئەم نەورۆزە
لەسەر لوتکەی بەرزی وڵات
هەتا هەتایە بسووتێ
بڵێسەکەی هاوار بکات
بڵێ: نەوەی ئادەمیزاد
کورد بوو یەکەم ڕاپەڕینی
شۆڕشی سوور بەرپا بکات»(١)

***

### چەند سەرنجێک

١- نووسەر لە داستانەکەیدا جەڵەوی بۆ زێدە خەیاڵ و ئەندێشەی ڕەنگین شل کردووە، گەلێ جاریش پایە دوستی لە دیمەنە درامایەکان کردووەو بەرەو گوڵزاری خەیاڵ شۆڕ بووەتەوەو سنووری هونەری بەزاندووە...

٢- درامایەک بەو جۆرە و هۆنراوەیەک بەو چەشنە تەکنیکەو چنینە دەیان تەگەرەی هونەری دەخەنە بەردەمی دەرهێنان و نواندنی دراماکە...

٣- لەگەڵ ئەوانەشدا درامای «داستانی کاوەی ئاسنگەر» شاکاری درامای هۆنراوەیە...

٤- خوێنەری (کاوەی ئاسنگەر) لەگەڵ تاودان و هەڵچوونی ڕووداوەکاندا دڵی پەل دەکوتێ و دەیەوێ زوو بزانێ ئەنجامی شۆڕشەکەی کاوە بەچی دەگات... بەپێی ئەم داستانە سەرەتای شۆڕش بەرپاکردن لە کاوەوە دەستی پێ کردووە کە ڕۆڵەیەکی بە جەرگی کورد بووە، بەرپابوونی شۆڕش قۆناخی نوێی مێژووە، فیردەوسی بەهەر نیازێک بووە لە داستانەکەی کاوەدا نەی هێشتووە بەر ئەنجامی شۆڕشەکە بەلای خاوەنی شۆڕشەکەدا ڕەوبکات هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئەوانەی کە درامایان لەسەر مەسەلەیەکی داستانی بنیات نابێ نەیان ویستووە، هەمان مەبەست و بابەت وەک خۆی لێ بکەنەوە ئیتر لە هەر قاڵبێکدا بووبێ بەڵکو بەو نیازەوە بووە بەپێی بۆچوونی خۆیان مانایەکی تری بدەنێ و مەبەستێکی تر بەجەستەیدا بکەونەوە... ڕاستی، نووسەر لەسەر زاری کاوە دەڵێ:

« بیروڕای من وا دەڵێ... بۆ کورد بی...»

بەڵام ئەوە وەک دروشمێکی سەرپێیی بوو، لەناو لەش و ڕووداوی کارەساتەکانەوە پێشبینی بۆ نەکرا... دیارە نووسەر فەریدوونی بە پارس زانیوەو خۆی وا دەڵێ وەک فیردۆسیش وا دەڵێ: «بۆچی ئەنجام بۆ پارسێکی بێگانە بێ» ل١٤٧.

دراماکە تەواو دەبێ و خوێنەر نازانێ لە داستانەکەی کاک شێرکۆدا قسەکەی کاوە سەرکوت، یان ڕەنجەرۆ بوو؟. پارسە بێگانەکە هاتە سەرحازر؟... ئێمە لە کۆنەوە لە دەسەڵات تۆقێنراوین، پێویستمان بەشۆڕشێکی وا هەیە لە ناخەوە هەڵمان تەکێنێ و ئەوتۆقینەمان ڕیشەکەن بکات... ئەوکاتە نموونەی کاوەی شۆڕشگێڕی ڕەنجەڕۆ و ئەبو مسلمی خۆراسانی و کەریم زەندو... هەڵناکەونەوەو بۆ بێگانە ئاسەواری خۆمان کوێرناکەینەوە... لەم داستانەدا کە وەک قەڵای هەزار مێرد هەڵچنراوە، کە خوێنەر دەگاتە سەر لوتکەی تووشی هەناسە ساردی دەبێ... تا تۆڵەی سەندنەوەو خوێنڕشتن بوو ئێمەبووین کە هاتە بەرهەم فڕێ دراینە دەرەوەو ون بووین.

(١) کاوەی ئاسنگەر ل(٢٢٧).

### ١٢- زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ ١٩٧٢

کۆمەڵە بابەتێکی کۆمەڵایەتی، مامۆستا (موحەممەد تەوفیق وردی) بە شێوەی دایلۆگ دای ڕێشتوون بەو نیازەوە کە تەمسیل بکرێن، مەبەست تیایان دا ڕەخنە گرتنە لە هەندێ باری کۆمەڵایەتی کوردەواری نالەبار...

مامۆستای ناوبراو لەو کۆمەڵە بابەتەدا کەلەژێر ناوی: «زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ» کۆی کردوونەتەوە، دەیەوێ بەتانە و تەشەر لێ ئانگاوتنیان ناڕەزایی خۆی دەرببڕێ و کۆمەڵ لە هەندێ نەریتی بەد خووی بێ فەڕ دوور بخاتەوە...

هەر چەند ئەم کۆمەڵە بابەتە بەو چەشنەو بەو شێوازە ناچنە ڕیزی دراماوە، بەڵام چونکە بەناوی شانۆوە خراونەتە ناو ئەو بەرگەوە کە هەشتا لاپەڕەیە، لێرە بەپێویستمان زانی بە کورتی باسێکی سەرپێیان لێوە بکەین...

زنجیرەکە لەم بابەتانە پێک هاتووە:

١– کۆڕی بوێژان ناشی.

٢– شەوارە.

٣– مارەیی هاتووە.

٤– باوکی پوول پەرست.

٥– ئەحەی ناسر.

***

١- **کورتەی: کۆری بوێژانی ناشی** «کۆڕی بوێژانی ناشی: کۆمەڵە شاعیرێکی تازە پێگەیشتووی دەم هار کە هیچ ڕێ و ڕێسایەکی شیعر نازانن، لەماڵی یەکێکیان دا کۆڕێک دەبەستن و لەو کۆڕەدا هەر یەک گورزی خۆی دەوەشێنێ و شیعری نوێ دەخوێنێتەوەو لاقرتی بە شیعری کۆن و کێش و سەروادار دەکەن...

٢- **کورتەی (شەوارە)** لەشەوارەدا: هەمدیسان کۆمەڵە شاعیرێک خڕ دەبنەوەو شەونشینی - شەوارە - یەک ساز دەکەن، هەر یەک کوپلە شیعرێکی کەلە شاعیرانی کورد دەخوێنێتەوە، چەندان گاڵتە و گەپ و دەمەتەقێ و قسەی نەستەقی پێشینان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە، بەو جۆرە شەوارەکە تەواو دەبێ.

٣- **کورتەی (ئەو کچە مارەیی هاتووە)** حاجی سالار پەنجا دیناری بە نەوزاد ناوێک بە قەرز داوە، ئەمیش پارەکەی پێ هەڵناسووڕێ و کاتی دانەوەشی بەسەر چووە... کچێکی هەیە ناوی (یاسەمەن)ە، لەتەمەنی هەژدە ساڵی دایە... حاجی سالار کە دەزانێ نەوزاد پارەکەی پێ نادرێتەوە، لەو لاشەوە کوڕەکەی (بایز) ژنی مردووە، لە بری پەنجا دینارەکە داوای (یاسەمەن) بۆ بایزی کوڕی دەکات، بایزیش لەتەمەنی پەنجا ساڵی دایە... نەوزاد بۆ ئەوەی قەرزەکەی لە کۆڵ ببێتەوە، ناچار دەبێ شان بۆ داخوازییەکەی حاجی سالار شل بکات... بەڵام (یاسەمەن) ڕازی نابێ، بۆیە خۆی دەداتە بەر نووکە خەنجەری باوکی و مردنی لا ئاسانترە تا ئەو شووکردنە...

(مەلا دلاوەر) دەبێتە میانجیکەرو دەیەوێ کارەکە بە زۆرە ملی ڕێک بکەوێ و گوێ بە گریان و فیغانی یاسەمەن نەدرێ... «مارەیی هاتووە، خەلاس، ئیشی تەواوە، هەمووتان بلێن: الفاتحا...»(١)

(١) زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ - ل٥١.



٤- **کورتەی (باوکی پوولپەرست)**: مام سۆران پیاوێکی پارە پەرست و پوولەکییە، کچەکەی (ئافتاو) قەیرە کچە و دەست ڕەنگینە، بە پارەیەکی زۆر نەبێ بە شووی نادا، داخوازی دێن بەڵام لەسەر پارەی شیربایییەکەی ڕێک ناکەون... کچە بەتەمەن دا دەچێ و کابراش هەر پارە بەسەریەکەوە دەنێ... ئاخری دزێک هەمووی دەبات... بۆیە وتراوە: «ماڵی نەخۆر بۆ چەکمە بۆر».

٥- **کورتەی: (ئەحەی ناسر)**: ئەم پیاوە گۆیندەیەکی ناسراوە، ماوەیەک دیوەخانی بارام بەگێک بەگۆرانییەکانی گەرم دەکات، پاداشی بارام بەگ هەر (عافەریم) دەبێ... ئەم عافەریمە لە دڵی ئەحەدا دەبێ بە گرێ... (نەریمان) ناوێک دوکاندارە، مەعمیلی بارام بەگە، ئەحە دەچێتە لای هەموو عافەریمەکانی بارام بەگ لەدوکانەکەی ئەودا خەرج دەکات... جل و بەرگێکی نوێ و سەرومشکی و پێلاوێکی تازە دەکاتە بەرو دەچێتەوە دیوەخان، کە بارام بەگ ئەوە دەزانێ لێی زویر نابێ و (عافەریم)ێکی تری دەداتێ...».

***

### ١٣- لێبۆک داستانا مەم و زینا د گوهوڕیت ١٩٧٩

ئەم درامایە لە یانزە پەردە دایە و بەشێوەی کرمانجی ژوورو نووسراوە... نووسینی (ئیبراهیم سەلمان)ە... بەشێوەی کرمانجی ژوور داڕێژراوە...

ئەمە کورتەی دراماکەیە:

لە پەردەی یەکەم دا: مەم لە زیندانێکی تاریک دا کەوتووە، خاتوو زین دێتە لای و داوای لێ دەکات کە خۆ کۆ بکاتەوەو ئامادەبێ بۆ دەرباز بوون... مەمی دڵداری سووتاوی ئاگری ئەڤین و خۆشەویستی کە چاوی بەزین دەکەوێت وەک شێری زنجیرکراو ڕادەپەڕێت، خاتوو زین کۆت و زنجیرەکانی لێ دەکاتەوە... لەدەم ئەو زیندانەدا (چەکۆ، عارف) و چەند کەسانێکی تر چاوەڕوانیان دەکەن... مەم کۆت و زنجیرەکانی لەتەک خۆیا دەباو لەگەڵ زین و زەلامەکان دا دەردەچێ...

لە پەردەی دووەم دا: میر و تاجەدین و هەندێ دەست و پەیوەند لە دیوەخان دا سوحبەت دەکەن... لە پڕ زەلامێک بەژووردا دەکاو لەبەر دەست میردا هاوار دەکاو دەمرێ! مردنی ئەم زەلامە دەبێتە گرێیەک لە دڵ میردا، بۆ مرد؟ بۆ هاواری کرد؟... دەگەڕێن بەشوێن ئەوانەدا کە ئەم زەلامەیان کوشتووە... میر دەست بە دەمەتەقێ دەکاتەوەو داوا لە لێبۆک دەکاتەوە کە قسەی خۆشیان بۆ بکات، ئەویش بە تەوسەوە دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی کوڕە هەژارێکی یەمەنی کە دڵی لە کچی پاشای یەمەن دەچێت و هەموو ڕۆژێ ژوانیان دەبێت و بەیەک دەگەن، تا جارێکیان پیاوێکی پاشا بەسەریان دا، دەچێت و حەشاریان دەدات... میر بەو چیرۆکی لێبۆکە دڵی دەگوشرێ و داوای لێ دەکات کە بیبڕێتەوە، بەڵام هەموو جار تاجەدین دڵی دەداتەوە کە قسەی لێبۆک لێی ناگیرێ... میر داوای میرزا بەکر دەکات... لێبۆک زوو دێتە قسە و دەڵێ: «ئەز دبێژم هەکە ئەزێ خەلەت نەبم دچوو بو لایێ مەمۆلێ...» لەوانەشە ئەو: (بەکۆی ئەو خولیبسەر کوشتبێت...)(١)

میر بە پەلە دوو زەلام بۆ بەندیخانە دەنێرێ نەوەک قسەی لێبۆک ڕاست بێ...

لە پەردەی سێیەم دا: تاجەدین بەڕاستی ڕادەگەیەنێ کە زین مەمی ڕفاندووەو - بەکر مەرگەوەڕی - ئیبراهیم سەلمان - پیلانی ئەو ڕەدوبوونەی نەخشە کێشاوە، (ستی) خێزانی تاجەدین کە ئەمە دەزانێ دەکەوێتە هاوار و دەڵێ:

(١) لێبوک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل ٢١ .

«ستی: وەی لال منێ مال وێرانێ سیتێ... ئەز دێ چ بکەم، بو خویشکا نە ساخ و نازدار و نەدیتی؟ ئەز دی چەوا کۆڤانێت وێ هەڵگرم؟ دێ برێڤە مریت... ترسم بمریت...)

ستی میر زەینەدینی برای بەتاوانبار دەزانێ، هەروەها بەتاجەدین دەڵێ: ئەگەر تۆش پشتی میر بگری نامێنی، ئەویش لە حەشمەتا لەستی توورە دەبێ و دەیەوێ لێی بدات، ستی خۆی ڕادەتەکێنێ و خەنجەرەکەی بەری دەردێنێ و دەیەوێ تاجەدین بکوژێت بەڵام پێی ناکرێ و لەماڵ دەردەپەڕێ و: (دەچێتە سەر عەردەکێ بلند لە هنداڤی بازارێ و خەنجەر یا دەستی دا...)

خەڵک لەو بازارەدا لێی خڕ دەبنەوە، تاجەدینی مێردیشی لەناو خەڵکەکەدا ڕاوەستاوە، ستی ڕوو دەکاتە خەڵکی ناو بازارەکەو هاوار دەکات: (گەلی خەلکێ بۆتان... گەلی برسی و هەژار... ب سەر شۆڕیێ ڕازینە بن... داخازا مافێت خو بکەن، میرێ بۆتان و تاجەدین ژ هەوە چێتر نین... ڕابنە سەر خو ڕابن گەلی هەژارێت بۆتان ڕابن، گەلی مرۆڤا ڕابنە سەرخۆ... زۆرداریێ نەهێلن...)

لەم کاتەدا هەندێ چەکدار ستی دەگرن و دەیبەن.

لە دیمەنی چوارەم دا: مەم و زین لەدەم دەرگای ئەشکەوتێک دان، ڕاز و نیازی دڵداری خۆیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە... مەم زاڤایە، بووک و زاوا لە کۆشی ئارام دان... ئەوەی دڵیانی گەرددار کردووە نەهاتنەوەی شێرکۆیە، ناردوویانە بۆ ناو شار وا دوا کەوت نەهاتەوە، بۆیە چووە هەواڵی شار بێنێتەوە...

لەم دیمەنەدا (چەکۆ، عارف، زێرڤان)یش هاوبەشی خۆش بەختی ئەو دوو دڵدارەن، بەڵام پەژارەی نەهاتنەوەی شێرکۆ دایگرتوون، وا تەگبیر دەکەن کە هەرسێکیان بەرەو نزیکترین گوند بڕۆن بەڵکو هەندێ خۆراک بێنن... دەڕۆن... تەنیا مەم و زین دەمێننەوە...

«چەکۆ: برایی مەم هێشتا تو زاڤای توو بویکا خو بێهنا خۆ ڤەدەن...)[1]

ئەشکەوتەکە دەبێتە پەردەی بووک و زاوایەتی، چی تەنگ و تارێکی هەیە لەبەر شەوقی ئەو دوو دڵەدا دەبێتە چراخان و فیردەوسی بەرین و چی کەند و کۆسپ هەیە دەتوێنەوەو گەردوون شاباشی خۆش بەختی و ئارام بەسەر ئەو ئەشکەوتەدا دەڕژێنێ، هەموو شتێک بێ گەردە، لەپڕ حیلەی ئەسپێک شوێنەکە دەخاتە هاژین... مەم حیلەی ئەسپەکەی ناسییەوەو زانی شێرکۆیەو گەڕاوەتەوە... شێرکۆ کە دێتە پێشەوە هەواڵی تێک چوونەکەی ستی و تاجەدین دەگەیەنێ کە چۆن ستی لە بازێڕدا هاواری بۆ خەڵک ڕاهاویشتووە کە ڕابن و ڕاپەڕن، لە ئەنجامی ئەو بانگەوازەدا گیراوەو توندی بەندیخانەیان کردووە... کە زین ئەمە دەبیسێ خۆشی لێ تێک دەچێ و دەکەوێتە پەژارەی ستی خوشکی، داوا لە مەم دەکات کە چارەسەری بۆ ڕزگاربوونی بدۆزێتەوە... مەمیش دەکەوێتە ناو گۆمی مشووری خواردنی ستییەوە... بەڵام وای بەباش دەزانێ کە (چەکۆ، عارف، زێرڤان) گەڕانەوە ئەو کاتە هەموویان تەگبیرێک بکەن...

لە پەردەی پێنجەم دا: ستی لە زیندان دایە، بۆ سزادانی کابرایەک لە هەمان زیندان‌دا دەم نادەم ئاسنێک دەکوتێتەوە... ستی لەبەر خۆیەوە سۆز دەکات و خۆی دەلاوێنێتەوە، ئاوات دەخوازێ کە خۆزیا کچە هەژارێک بوایە کەس نەیناسیایە، یان کۆلکە دارێک بوایە لەو دەرو دەشتە... تاجەدین - یش دەکرێتە ژوورەوەو داوا لە ستی دەکات کە شوێنی ڕەدووبوونی مەم و زینیان پێ بڵێ تا هەر دووکیان بەر بن، لەو بگرەو بەردەیەدا دەبن میریش دێە ناو زیندانەکەوە سەرزەنشتی تاجەدین دەکات بەوەی کە ڕەدوو بوونی زین و یاغی بوونی هەردوو براکەی - چەکۆ، عارف - دەخاتە ئەستۆی ئەو، ستی دێتە قسەو ڕوو دەکاتە میر و پێی دەڵێ کە تاجەدین هیچ دەستێکی لەو ڕەدووبوونەدا نییە و بێ ئاگایە...

(١) لێبۆک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٣٧.



میر هەڕەشەی لێ دەکات و دەڵێ: ئەگەر ئەو نەبوایە ئێستا تاجەدین بەرەڵڵای کۆڵانان بوو، تاجەدین بەرەنگاری هەڕەشەکەی میر دەبێتەوە لەبەر دەمیا وەک پاڵەوانێک ڕادەوەستێت و شمشێری بۆ ڕادەکێشێ و ئەویش شمشێری خۆی بۆ دەردەهێنێ... پاسەوانەکان پەلامار دەدەن، تاجەدین دەگرن و باڵ بەستی دەکەن... میر تووشی هێستریا دەبێ لەتەک ستی خوشکی دا بەهەڕەشە بەرەنگاری یەکتری دەبنەوە... میر بڕیار دەدا بەیانی لە مەیدانی شاردا سەگی هاریان تێ بەر بدرێ! بۆ ئەوەی ببن بە پەندی شار، ستی - یش بەتێزەوە هەڕەشەکانی پووچەڵ دەکاتەوە...

لە دیمەنی شەشەم دا: میر لەسەر هەڕەشەکەی خۆی سوورە، لەمە بەیانی بووەوە، تاجەدین دەبێ بکوژرێت و لە کۆڵ بکرێتەوە، لەو کاتەدا لێبۆک دێتە ژوورەوەو پێی دەڵێت: تاجەدین و ستی دەرباز بوون و هەڕایان کردووە، چەند پاسەوانی زیندانەکەش هەبوون کوژراون... میر تێک دەچێ و داوای سەرۆکی پاسەوانان دەکات... سەرۆکی چەکداران دێتە ژوورەوەو میر لێی دەپرسێ لەکوێ بووی؟ ئەویش بە درۆ دەڵێ: بەسەرپاسەوانەکان دا گەڕام کە بزانم هۆشیارن... میر لێی مۆڕ دەبێتەوەو دەری دەکاتە دەرێ... لێبۆک لەمیر دێتە پێشەوەو پێی دەڵێ بۆ وا خۆت کرژ کردووە؟ بۆ پێ ناکەنی؟!.

«لێبۆک: ئەزبەنی دێ بکەنە...

میر: چەوا کوڕۆ؟

لێبۆک: هەکە تە زین دابا مەموی، ئەڤە هەمی نەدەبوو!

میر: هەڕە بو خو بنڤە... هەڕە...»[1]

لە دیمەنی حەوتەم دا: گیانی خانی وەک پەپوولەیەک دێتە سەر شانۆ، ڕوو دەکاتە مەم و زین و نارەزامەندی خۆی لەتێکەڵ و پێکەڵی ئەو جۆرە دڵدارییە دەردەبڕێت و دەڵێ:

«خانی: ڕاوەستێن، ئەڤە چییە؟ کێ هۆ گوتیە؟ کێ ڕێک دایە هەوە هوین هۆ بکەن؟ من هۆ نەگوتبوو.

زین: سەیدا بو چ ڕاواستین؟

خانی: ما من هۆ گوتبوو.

مەم: من هوسا دڤێت.

زین: مە نەڤێت بمرین ب وی ڕەنگی تە پێ مراندین...

خانی: لێ ئەڤە زۆرداریە لسەر من!.

زین: نێ ئەڤە نە ئاخڤتنێت تەنە لسەر دەپێ شانۆیێ دەهێنە تەمسیل کرن... ئەم نە مەم و نەزینێت تەینە، ئەو داستانا تا نوکە خەلک پێڤە حێبەتی...)[2]

خانی کە زانی ئەم جیهانەی مەم و زینە ئەو جیهانەی مەم و زینەکەی ئەو نییە... ئەم تاجەدین–ەی ئێرە ئەو تاجەدینەی ئەوێ نییە، یان ئەم لێبۆکە بەکر مەرگەوەرەکەی ئەو نییە تۆزێ سارد دەبێتەوە، لێرەدا ەمم پیاوێکی شۆڕشگێڕە، ئەوین و دڵداری کردووە بە دینەمۆی خەبات و تێکۆشان و چارەی خۆی بەدەست خۆیەتی... زین - یش، ئەو زینەی خانی نییە کە لە مێشکی ئێمەدا خولقاندوویەتی، ئەوەتا ڕووبەڕووی داهێنەرەکەی ڕاوەستاوەو ڕەخنەی لێ دەگرێ...

(١) لێبوک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٧٩.

(٢) لێبۆک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٨١.

مەم گلەیی لە خانی دەکات و دەڵێ تۆ ئێمەت لەبەر خاتری میر بەند کردوو ئەوێنی ئێمەت خنکاند... هەروەهاش زین لۆمەی خانی دەکات و پێی دەڵێ: نەدەبو هەمـوو کـارو کـردەی خەڵک، یان دوا بڕیاری هەموو سۆزێکی دەروونی بدرێتە دەست میر...

«خانی: هەکە وەسا نەبا نوکە... کەسێ نەدزانی کا... مەم و زین چ نە...)(١)

مەم و زین: ئەو جۆرە دڵدارییەی زەمانی خانی ڕەت دەکەنەوەو نایانەوێ ببنە نموونەی ئەوێنی خەڵک دەیانەوێ کۆتایی ئەو دڵدارییە بە گەیشتن بەیەک بێ... خانیش تر بۆ ئەو دوو دڵدارە کەناویان - مەم و زینە - دەکات کە ژیانیان پڕ نگین بێ و پیرۆبایی بەیەک گەیشتنیان لێ دەکات وگیانی بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە...

مەم و زینیش هاوار دەکەن:

(مـەم وزین: «بو خـەڵکی» مـە نەڤـێت بمرین؛ بێ ئازادی... بێ مـراد... نامـرین... نامـرین بی سەرکەڤتن...)(٢)

لە دیمەنی هەشتەم دا: میر تووڕەیەو لەهەڕەشەکردن نەکەوتووە، دەیەوێ مەم و زین بکات بە دەرسێک بگێڕدرێتەوە... هاوار دەکا: وا خەریکە دەتەقم... فریام کەون... لێبۆک ڕوو دەکاتە میر و دەڵێ: لێرە مەتەقەو ئێرە پیس مەکە... میر توورەتر دەبێ و پێی دەڵێ بتکوژم... ئەویش بەگاڵتەوە دەڵێ: میرم ئەگەر هەندێ تۆ سارد نەکەمەوە لە داخی خوشکی خۆتا دەتەقی... میر سارد دەبێتەوەو سەرۆکی چەکداران بانگ دەکات کە دەبێ مەم و زین و ستی و تاجەدین بگرێت و باڵ بەستیان بکات... لێبۆک قسە دەخاتە سەر قسە و دەڵێ: (ئەزبەنی دێ گریت... قەد خەمی نەخو چەند ڕوژکێت دینە دێ بو تە ئینیت)(٣).

میر بەم قسەیە دڵی خۆش دەبێ و بەو بۆنەوە، داوا دەکات خوانی خواردنیان بۆ بڕازرێتەوە...

لە دیمەنی نۆهەم دا: مەم و زین، ستی و تاجەدین، لەناو ئەشکەوتێکی تاریک دان، لەپڕ زەلامێک تاریکییەکە شەق دەکاو دێتە پێشەوە، مەم بۆی ڕادەپەڕێ، کە دەزانێ لێبۆکە لەلای خۆیان دای دەنیشێنن، هەواڵیان دەداتێ کە میر سەرۆکی چەکدارانی لاداوەو (عبدالله) ناوێکی کردووە بە سەرۆکی چەکداران، لەم کاتەدا تاجەدین دێتە پێشەوەو سوپاسێکی گەرمی لێبۆک دەکات کە بەپێی پیلانەکەی ئەو لە زیندان ڕزگاربوون:

(تاجەدین: میرزا ئەز وێ شەڤێ ژ بیر ناکەم... هەکە میر سوێند خوار بوو دا بەرەنگەکی پیس من کوژێت...)(٤)

پاش هەندێ وتووێژ تەگبیری ئەوە دەکەن کە چۆن خەڵک هۆشیار بکەنەوە.

لە دیمەنی دەیەم و یانزەهەم دا: مەم و لێبۆک لە پڕ خۆ بە ژووری سەرەک چەکداران دا کە «عبدالله»یە دەکەن... لەو کاتەدا «عبدالله» شیرو تیری بۆ مەم و تاجەدین دەسووی، کە دەبینێ لێبۆک لەگەڵ مەم دا دەسی هەیە سەرسام دەبێ... مەم لە (عبدالله) دەچێتە پێشەوەو بە تەوسەوە پێی دەڵێ چۆنم دەکوژی؟! لێبۆک - یش ئەوانە کە لەتەک عبداللەدا دانیشتبوون دەباتە دەرەوە...

(١) لێبوک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٨٤.

(٢) (لێبۆک... ) (٨٦).

(٣) (لێبۆک... ) (٩٢).

(٤) (لێبۆک... ) (١٠٢).



لەژووریشەوە وا مەم لەسەر سەری (عبدالله)یەو ئەویش لێی دەپاڕێتەوە کە نەیکوژێت، ڕازییە بە لووت بڕین، سمێڵ تاشین، دیارە پاڕانەوە دادی نەداو مەم شیرەکەی بە ورگیا چەقان...!

پاش کوشتنی سەرۆکی چەکداران دەچنە سەر میر، لەو کاتەدا میر لە گەرمەی خەودایە، مەم بە ئاگای دەهێنێ، میر کە بە ئاگا دێت و چاوی بە مەم دەکەوێت لای وایە هەر لە خەوندایە، کە بۆی دەردەکەوێت ئەوە ڕاستیە و خەون نییە گازی پاسەوانەکان دەکات کە مەم بگرن، دیارە مەم و لێبۆک پێش ئەوەی بچنە سەر سەری میر هەموو پاسەوانەکانیان کوشتووە، بۆیە مەم بە میر دەڵێ بانگیان مەکە لەوێ نین، ئەویش سەرسام دەبێ و هاوار دەکا چۆن لەوێ نین؟! ئەی لە کوێن؟ مەم پێی دەڵێ هەموو ڕەوانەی دۆزەخ کراون، میر وەک چۆلەکەیەکی بێ پەڕو باڵ دەکەوێتە بەر دەستی مەم و دەستەداوێنی دەبێ کە جارێ نەی کوژێت ئەویش وای تێ دەگەیەنێ کە جارێ نایکوژێت و وەختی نەهاتووە... پاش ماوەیەک میر بەجێ دێڵێ و دەڕوا... کە ئەو دەڕواتە دەرەوە لێبۆک دێتە ژوورەوە، دەستێکی خۆی بەستووە، میر لێی دەپرسێ ئەوە چییە، ئەویش وا پیشان دەدات کە پڕیشکی دۆزەخی بەرکەوتووە، ئەو دۆزەخەی کە مەم بۆ دەست و پێوەندەکەی گەرمی کردووە، لەم کاتەدا میر لە قسەکانی مەم دڵنیا دەبێ و دەستە داوێنی لێبۆک دەبێ کە پشتی بەرنەدا... لێبۆک بە میر دەڵێ، بۆ، تۆ چۆن لە (بەکۆ - لێبۆک) تێ دەگەی؟

(میر: بەکۆ مروڤەکی زیرەک بوو، ببێ دل ساخلەمبوو، بو من بەکۆ ڕێبەرەکی هزر تیژ بوو... هەکە ئەو نەبا نوکە ژمێژە تاجدینی و مەمۆی ئەز ڤەدامە ڕەخەکی...)(١)

لەم کاتەدا لێبۆک دەبێتە پیاوێکی بەڕێزو سەنگین و بە میر دەڵێ:

«لێبۆک: تو ڕاستیتا بەکۆی نزانی... ئەڤ ئاگرێ هاتیە هەلکرن هەمی ژ بەر بەکۆی بوو...) ئیتر لێبۆک دەکەوێتە سەرزەنشت کردنی میر و پێی دەڵێ کە ئەو نەخۆی دەناسێ و نەدەست و پەیوەندەکەی و نەدەزانێ (بەکۆ - لێبۆک) کێیە؟!

دیارە لێبۆک لە ڕاستیا لە دیوی دەرەوە لێبۆکە و لەناوەوە میرزایەکی سەنگین و گرانە و دۆستی ڕاستی مەم و تاجەدینە و ڕاپەڕێنەری خەڵکە دژ بە میر و ئەو پیلانەی بۆ میر ناوەتەوە، ئەگەر ئەویش نەبوایە ئەو چیرۆکە دروست نەدەبوو».

***

## چەند سەرنجێک

١- پوختەی دراماکە لە دیمەنی حەوتەم دا خڕ بوەتەوە، بەڵام جۆرە دژوارییەکی تیایە، ئەویش ئەوەیە مەم بە خانی دەڵێ (ئەم نە مەم و زینێت تەینە...)(٢)

مەگەر ئەم مەم و زینە هەمان مەم و زینی خانی نین، ئەی ئەم مەمەی ئێرە بۆ دوای ماوەیەکی کەم دەڵێ: (مەم دڤێت بێ بێژیت... تە ئەم هەردوو گرێداین... تە ئەم کۆفانیکرین... تە نەهێلا سالەکێ ڕۆژێ ببینین...)(٣)

هەروەها - زین - یش ڕوو لە گیانی خانی دەکات و دەڵێ: (تە ئەم مراندین دابو خەلکی دیار کەی کو ڤیانا خەلکی و هەمی مروڤ و گیانێ وان یێ د دەستێ میری دا...)(٤)

(١) لێبوک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل١٢٩.

(٢) لێبۆک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٨١.

(٣) لێبوک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٨٤.

(٤) لێبۆک داستانا مەم و زینا دگوهوڕیت - ل٨٤.

جگە لەوەش ئەگەر لیبۆک داستانەکەی خانی ناگۆڕێت ئیتر چ پێویست دەکات لە پەردەی حەوتەم دا گیانی خانی ئامادە بێ بۆ ئەوەی سەرزەنشتی خۆی لەمەڕ ئەم گۆڕاندنە ئاڕاستەی لیبۆک و مەم و زین بکات... ئەگەر واشە ئیتر چ پێویست بەگۆڕاندن، چونکە تاکە داستانی مەم و زین لەلای سەرجەمی هەموو خوێندەواری کورد هەر (مەم و زین)ەکەی خانییە...

٢- خانی نەمر چیرۆکی مەم و زینی وەک داستانێکی دڵداری بەشیعر هۆنیوەتەوە، هەموو ڕووداوەکانی تراژیدی ئامێزن و دڵتەزێنن... کەچی دراماکەی ئیبراهیم سەلمان - میلۆدرامایە - جگە لەوەش ڕووداوەکان پەیوەندییان پێکەوە نییە و دڵدارییەکە وەک هەموو دڵدارییەکی ئاساییە بەبێ کارەسات و گرێ و تەگەرە بووەو بڕاوەتەوە...

هەر لە سەرەتاوە دڵدارییەکە بووە بەرەدوونان و کۆتایی پێ هاتووە، ئەوەی کە بۆ ڕووبەری دراماکە مایەوە ڕازی کردنی میر و دەست و پەیوەندەکەیەتی، ئەمە پاش کڵاوی بابردوو...

٣- ئەگەر (بەکر مەرگەوەڕ) دروست کەری داستانەکەی ئەحمەدی خانی بێ، ئەوە بێ گومان لیبۆک دروست کەرو نەخشەدانەری ڕووداوەکانی ئەم درامایەیە... لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، ئایا بەکر مەرگەوەڕ بەلای نووسەرەوە وەها نییە کە خەڵک لێی تێ دەگات؟... چونکە ئەگەر ئەو نەبوایە نە ئەو تراژیدیایە لە داستانەکەی خانی دا دەبوو، نە ئەم میلۆدرامایەش لێرەدا ساز دەدرا، لێرەدا (لیبۆک) پاڵەوانی سەرەکییەو هەموو ڕووداوەکان بە ئاماژەی پەنجەکانی ئەو قەوماون...

جیهان هەمووی بەیەک دا هاتن و زۆرانبازییە، ئەگەر خراپەکار نەبێ چاکەکار نابزوێ هەریەکێکیان بەوی تریان دەناسرێن، جگە لەوەش چاکە و خراپە بەکات و سات و شوێن دەگۆڕدرێن... هەردووکیان بەرو پشتی یەک شتن.

٤- لە دیمەنی هەشتەم دا: میر بە پیاوێکی ساویلکەو خۆش بڕوا دێتە پێش چاو کەچی لە داستانەکەی خانی دا میر پیاوێکی بەزەبرو زەنگ و کەللە ڕەقە... دیارە بۆیە وای لێ کراوە تا بە ئاسانی سەردانەوێنێ...

٥- لەدیمەنی حەوتەم دا: وامان پیشان دەدرێ کە دەبێ دڵداری بکرێ بە چەکێکی بڕشتی خەبات کردن و شۆڕشگێڕی، دەنا دڵداری لەتەک سەر شۆڕی دا بافتی هیچ نییە....

***

## ١٤- مرۆڤ و چاخ و بیر ١٩٧٨

مەهدی ئومێد تا ئێستا دوو شانۆگەری بە چاپ گەیاندووە، یەکەمیان بەناوی: (مرۆڤ و چاخ و بیر)ە، ئەوی تریان (بووکی بەفر)ە.

هەردوو شانۆگەرییەکە مژدەی دوا ڕۆژێکی ڕووناک بە نووسەرەکەیان دەدەن...

درامای «مرۆڤ و چاخ و بیر» یەکەم بەرهەمی چاپکراوی نووسەرەو لە ساڵی **١٩٧٨** لە چاپ دراوە...

کورتەی دراماکە:

«... ئەشکەوتێکی تەنگ و تاریکە... دیارە ئەشکەوتە بەناوبانگەکەی هەزار مێردە[١].

مردووەکانی ناو ئەشکەوتەکە بە تەئسیری تەقینەوەیەکی گەورە زیندوو بوونەتەوە، یەکێک لەوانە دوکتۆر هامیرازە، یەکێکی تریشیان یاریدەدەریەتی، ئەم دوو زەلامە پاڵەوانی سەرەکی دراماکەن... وەک

(١) ئەشکەوتی هەزار مێرد دەکەوێتە دەڤەری شاری سلێمانییەوە ئەشکەوتێکی پڕ بە شوێنەواری ئادەمیزادی کۆنە.



شێت و لێوە وەهان، هەر یەک گرفتاری دەرد و سەوداسەری کارێکە، هەر یەکەش بەو کارەی کە هەوڵی بۆ دەدا ناڕازییە... دوکتۆر سەوداسەری دۆزینەوەی دەرمانێکە کە ئادەمیزاد لە زاوزێ کردن دەخات... یاریدەدەریش سەوداسەری ئەوەیە بزانێ ئەو بەردەی بەردەمی کەی دروست بووە، بۆ ئەوەی بۆی دەرکەوێ ئەم زەوییە کەی دروست بووە...

دوکتۆر هامیراز کۆنە قەسابەو لەوەختی خۆیا ویستوویەتی ببێ بە دوکتۆر بەڵام بۆی نەلواوە، ئیتر ئەو ئارەزووە بە ناخی دەروونیا ڕوو چووەو هەموو دیوەکانی جیهانی (ناهەدەر - لاشعور)ی سواخ داوەو ئەویی داگیرکردووە... وا ئێستا تەقینەوەکە لە ناخەوە هەڵی تەکاندووەو سەرەو نخونی کردووەتەوە، واتە کەسێتییەکەی بەرواژی بووەتەوە... دیوی ژوورەوەی - ناخی - بووە بەهی دەرەوەی، هی دەرەوەشی بووە بە هی ژوورەوەی، واتە باری بینایی هەدەری نقوم بووەو باری بینایی ناهەدەری وەک کەفی سابوون سەرکەوتووە... بە پەیڤێکی تر، لاشعوری هەرەسی بەسەر شعوریا هێناوەو نقومی کردووە، کەواتە ئێستا دوکتۆرە نەک قەساب... ئەو مەڕو ماڵات و ئاژەڵانە کە جاران سەری دەبڕین ئێستا - قەرینەی ئەوەیە کە لەوەختی خۆیا قەساب بووە - لێی بوون بە مرۆڤ و هەمووی لە خەستەخانەکەی دا - لێرەشدا خەستەخانەکە ئەو گەوڕانەیە کە وڵاخەکانی تیا بوون - سەودا سەری ئەوەیە، دەرمانێک بدۆزێتەوە کە ئیتر مرۆڤ لە زاوزێ کردن بکەوێت و ببڕێتەوە چونکە خۆر نزیک بووەتەوەو خۆراک بەرەو کەم بوونە، زەوی دەکولێ، لەمەشەوە ناکۆکی لە نێوان کۆمەڵانی ئادەمیزاد دا دروست دەبێ و یەکتری دەخۆن...

(ئەبێ چ دیمەنێکی ناشیرین بێ نزیک ترین کەس کە دەستم بکەوێ بیخۆم)[١]

هەروەها دوکتۆر دەیەوێ مرۆڤ لە کەوڵی سروشت بێنێتە دەرەوە: (ئەبێ کۆتایی بە داستانی مرۆڤ بهێنم...)[٢]

یارمەتی دەریش کە دووەم پاڵەوانی دراماکەیە لە پێش تەقینەوەکەدا ڕۆژنامەنووسێکی ڕاست گۆ بووە، بێزارە، لای وایە مێژووی ئادەمیزاد هەمووی لەسەر درۆ دەلەسە دامەزراوەو، ئەو ڕووداو و کارەساتە گرنگانە کە کراون بە سەرەتای مێژووی ئادەمیزاد هەموویان لەسەر زەمینەیەکی پڕوپووچ بنجیان داکوتاوەو ڕۆژگار بە فرچکی نالەبار و لە ئامێزی فڕوفێڵ دا پەروەردە بوون، خەڵکی هەڵە پاچ و خۆ پەرست قووچی کردوونەتەوە... وا ئێستا دەیەوێ جیهانێکی تری پڕ بە بەختەوەری دامەزرێنێ و ڕۆژی تەقینەوەکەش کە دە ڕۆژ لەوە بەر ڕووی دا بکاتە سەرەتای دامەزراندنی مێژووی مرۆڤ، ئا لەو ڕۆژەوە مرۆڤ نەخشەی ڕاست و دروست بۆ خۆی و دوا ڕۆژی دادەنێ...

(جا لە ئێستاوە بناغەی ڕێبازێکی ئەوتۆ دابنێین کە مرۆڤ مافی ئەوەی هەبێ بژی بێ چەند و چوونی)[٣]

لە بەشی دووەم و پەردەی دووەم دا:

دوکتۆر هامیراز، وەک تاوانبارێک دەبرێتە بەر دادگا، بەتاوانی ئەوەوە کە سروشتی تاوانبار کردووەو دەیەوێ نهێنییەکانی دادگای ئەشکەوتی هەزار مێردیش بڵاو بکاتەوە.

دەنگێک بەرز دەبێتەوەو دەڵێ: (سروشت بەرامبەر بە مرۆڤ هیچ گوناحێکی نییە، بەڵکو مرۆڤ خۆی دروست کەری هەموو تاوانێکە)[٤]

(١) مرۆڤ و چاخ و بیر (ل ١٤).

(٢) مرۆڤ و چاخ و بیر (ل ١٨).

(٣) مرۆڤ و چاخ و بیر (ل ٢).

(١) مرۆڤ و چاخ و بیر (ل ٤٠).

بڕیار دەدرێ کە بکرێت بە خۆراک... دوکتۆر لە عەزرەت گیانی خۆیا لە ناخەوە هەڵدەتەکێ دووبارە وەرەوگێڕ دەبێتەوە، ئەوەی لە ناخیایەتی وەک پۆشاکێک دیوی دەرەوەی دادەپۆشێتەوەو ئەوەی دەرەوەی لەناخیا نقوم دەبێتەوە، دوکتۆر هامیراز دەبێتە قەسابەکەی جاران... وا دیارە ئەم دادگایە لە ڕۆژی ئایندە دەچێت.

(پ، ئێسکی دووەم: لەم شوێنە پیرۆزەدا کەس ناتوانێ درۆ بکا، چونکە بەدەستی خۆمان نییە هەموو شتێک لە بەردەم دادگای مەزنا ڕوون و ئاشکرایە... درۆش تاوی خۆی تێپەڕی...)[١]

لە پەردەی سێیەم دا:

دوکتۆر لە ئەشکەوتەکە دەردەپەڕێ و دێتە دەرەوە، کە سەیری ئاسمان دەکات، خۆر لە ئاسمانەو بارانیش نم نم دەبارێ، کە دەگەڕێتەوە ناو ئەشکەوتەکە دەچێتەوە دۆخی جاران و دەڵێ: ڕزگارم کەن... مەم خۆن... یارمەتیم بدەن، فریام کەون، جا خۆ من شێت نیم تاوەکو بم خۆن... «کە ڕوو دەکاتە دەرگای دەرەوە، تەماشایەکی دەرەوە دەکات» چییە؟ ئەوە ڕۆژە گۆڕاوە... بەڵام چ زوو خۆر ئاوا بوو... «ئەچێتە دەرەوە، پاش ماوەیەکی کەم ئەگەڕێتەوە، هەردوو مستی تەڕە، پرشەی باران بە گیانییەوەیە» بارانیشە، بارانە؟... بەڵام ئەبێ من کێ بم؟ من هەر ئەو بازرگانە ئاژەڵ فرۆشەم، ئەی باشە کوا مەڕەکانم... کوا ڕەشە وڵاخەکانم... ئەم خەوە بەدبینە خەریکە هەموو شتێکم لێ بگۆڕێ... بەسیەتی تەمەڵی، با بڕۆم بۆ بازاڕ نرخێکی تازە دابنێم بۆ ئاژەڵەکان...[٢]

دوکتۆر خەون و ڕووداوی ژیانی لێ تێکەڵاو دەبێ، یان ئەوانەی کە بەلای دیوی ناوەوەیەوە گرنگن لەگەڵ ئەو شتانەی کە بەلای دیوی دەرەوەی پێویستن لێک ئاڵۆز دەبن و تووشی نەخۆشی (شیزۆفرینیا) بووە...

(چەند هەنگاوێک ئەنێ ئەوەستێ...) بەڵام هەموویم فرۆشت (دەست ئەکاتە باخەڵیا) باشە ئەی کوا پارەکەم؟ ئەویش نەما... ئەی کوا کێردەکەم...؟ ئەی کوا شیردۆشەکان... کوا مانگاکان تا شیرەکەیان بفرۆشم... (لەخۆیەوە ئەدووێ و ئەجوولێتەوە بێ هەست» باشە با گوێ بگرم... نا دەنگی هیچ ئاژەڵێک نایە (لاسایی دەنگی مانگا ئەکاتەوە) ئەبێ دز کاری خۆی کردبێ هەمووی دزی بێ... ماڵی وێرانم هیچم نەماوە... (ڕوو ئەکاتە کەرەسەو سێ پایەکە) ئەمانە چین لێرە دانراون (پێ ئەکەنێ) با تەماشایەکی ئەم تڕوتفاقانە بکەم (یەک یەک لە قوژبنێکی ژوورەکەدا کۆیان ئەکاتەوە، چاوی بە دەرمانە شلەکە ئەکەوێ) ئاه... ئەم دەرمانە بۆ ئەوە باشە دەرخواردی مانگاکانی بدەم وادیارە ئەم ژوورە بێتاڵ خانەیە...) یاریدەدەریش تووشی هەمان دەرد بووەو ڕەشبینی بەتەواوی چەواشەی کردووە، لە کۆتایی دراماکەدا، هەردووکیان بۆ واقیعی ژیان مل کەچ دەکەن، ئەو واز لە دۆکتۆری و دەرمانەکانی دەهێنێ و ئەمیش واز لە بەردەکەی بەردەستی دەهێنێ... بەڵام لە کۆتایی دا دوکتۆر هامیراز دەبەنە شێتخانەو دراماکە تەواو دەبێ...

### چەند سەرنجێک:

١– دوکتۆر هامیراز لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا باری دەروونی - کە لە ژوورەوە دوکتۆرە - بەسەر باری دەرەوەیدا ـ کە قەسابە - زاڵ بووە، ئیتر بوو بە دوکتۆر، لە ئەشکەوتەکەش دا لە پەردەی سێیەم دا لەترس زەبروزەنگی دادگادا بووەوە بە قەسابەکەی جاران، کەچی لە چاو یاریدەدەرەکەی دا لەسەرەتای دراماکەو

(١) مرۆڤ و چاخ و بیر (ل ٤٢).

(٢) مرۆڤ و چاخ و بیر (ل ٤٦).



بناتاکەی دا هەر دوکتۆرە، نەک هەر ئەمەندە بەڵکو کە گەوری ئاژەڵەکانی لێ دەبێ بە قاوشی نەخۆشخانە، ئەی بۆ لە چاو یاریدەدەرو کچەکەدا قاوشەکە قاوشی نەخۆشخانەیەو جگە لەوەش بڕیاریان دا ئەو هەموو کەلوپەلی نەخۆشخانەیە بسووتێنرێ... با بڵێین قاوشەکە هێمایە بۆ ئەم جیهانە پڕ ئازار و دەردە، دەرمانەکانیش ئەو دەسکەوتە شارستانیانەن کە دەسکەوتی زانست و زانیارین، هێشتا هەر دژواری و ئاڵۆزکارێکی بێ سەرو بنی نەگونجاوی تیایە...

٢– یارمەتیدەر دەیەوێ سەرلەنوێ بناغەی مێژووی ئادەمیزاد لەسەر پایەیەکی گونجاو دامەزرێتەوە، ڕاستە گەلێ ڕووداوی ئادەمی کە بوون بە سەرەتای ڕۆژژمێری ڕۆژگار لەسەر بناغەیەکی پووچەڵ دامەزراون نەک لەسەر ڕووداوێکی وا کە هەموو گەردوونی هێنابێتە هاژین و ڕووی مێژووی گۆڕی بێ... نووسەر ئەو بناغەیە چۆن دادەمەزرێنێتەوە؟...

ئەگەر لە ئاست ئێمەی کوردا جیهان بە نالەباری دامەزرابێ لەوانەیە لە ئاست هەندێ گەلانی تردا وانەبێ... لێرەدا مەهدی ئومێد قسەکانی چان چاک ڕۆسۆی فەرەنسی بەر گوێ کەوتووە کە دەڵێ: دەبێ واز لەم شارستانیەتە بێنین و بگەڕێینەوە سەر سروشت، ئەم کە داوای ڕووخاندنی کردووە چەسەرێکی تری دۆزییەوە کە کەوتنە شوێن سروشت و خۆرسکی ئادەمییە... نەک ڕیشی سپی خۆ دان بەدەست گرۆی نەزانان و نەفامانەوە...

کەچی نووسەری دراماکە سەری لێ شێواوەو نازانێ کە ئەڕووخێنێ لەبەرچی و چی لە بری دادەنێ...

٣– ئەگەر تەقینەوەکە دوکتۆری بەرواژی کردەوە، لە دواییش دا دەرەوەو ژوورەوەی ئەشکەوتە بردییەوە سەر دەقەکەی جارانی خۆی ئیتر چ پێویست وڕێنەی گەرمە خەون دەکات کەچی لە لاپەڕەی (٤٦–٤٧)دا وا پیشان دەدا کە بارە دەروونییەکەی کە زاڵ دەبی بەسەر بارە دەرەکییەکەی دا خەون دەبینێ و وڕێنە دەکات!... ئەگەر خەونە ئیتر تەقینەوەکە چی کرد؟... دیارە تەقینەوەکە تووشی وڕ - صدمة - ی نەکردووە! ئەگەر وابێ ئەو کاتە پێویست بەوە ناکات ئەو جۆرە (شیزۆفرینیا)یەی دوکتۆر بەو تەقینەوە بخاتە ڕوو...

٤– بوونی کچەکە کە دوکتۆر پێی وایە کیژی ڕاستەقینەی خۆیەتی هیچ ڕۆڵێکی لەدراماکەدا نییە و زێدەیە...

٥– نووسەر لەسەر زاری دوکتۆر و یاریدەدەری داوای زاڵ بوون و لەناو چوونی سروشت دەکات بۆ ئەوەی لە دەستی ئازاد و ڕزگار ببێت (ئەمەوێ مرۆڤ ژێر دەستەی سروشت نەبێ)! ئەمە چۆن چۆنی؟!...

ئەی مرۆڤ خۆی هەندێک نییە لە سروشت؟... چۆن لە سروشت جیا دەکرێتەوە!.

٦– لە زۆر شوێنی دراماکەدا بۆنی مەسەلەی کات - ڕۆژگار - الزمن - ی لێ دەبێتەوە... تۆ بڵێی نووسەر بیەوێ شتێک بڵێ وەک دراماکەی (اهل الكهف)ی (توفيق الحكيم) بێ کە مەسەلەی زەمەنی تیادا چارەسەر دەکات؟... هەی هو... سەرمان لەکوێوە دەرچوو...

### ١٥- وانەی ڕەشبەڵەک ١٩٨٧

وانەی ڕەشبەڵەک نووسینی هونەرمەند کاک (ئەحمەد سالار)ە، ئەم درامایە بازنەیەکی مەحکەمە... لەناو ئەو بازنەدا گەلێ بیروڕای جوانی تیا خڕکراوەتەوە، بازیبەندێکی زێڕینە بۆ قۆڵ بەندکردنی نۆبەرەی درامای کوردی... بابەتی دراماکە یەکێکە و چەند مەسەلەیەک ڕاڤەی دەکەن، هەر یەکێکیان هێمان بۆ بابەتە سەرەکییەکەو ئاماژەی بۆ دەکەن... بابەتەکە هەوڵ و کۆششی باوک و دایکێک ساغ دەکاتەوە کە لەبەر چی کوڕەکەیان بووە بەژێر پێی هەرس هێنانی ئاژاوەی ئادەمیزادەوە، بۆچی لەناو ڕەشبەڵەکی

شارستانیەت و هەڵس و کەوتی ئادەمیزاد دا پێ شێل کراوە!

دراماکە سەرتاپای بەدرامای هێماسازی دەژمێردرێت کە بە شێوازی هۆنراوە ئامێز دانراوە، پەیوەندی بە کێشەی نەتەوایەتی ئەم سەردەمەی خۆمانەوە هەیە... بۆنی کلۆڵی و دەردی سەری و کێشەی خۆماڵی لێوە دێت... لەبەر ئەمە دراماکە بەهونەرێکی ڕەسەن دەزانرێ...

**کورتەی دراماکە**

لەسەرەتاوە دوو موهەریج - کلاوچی - دێنە پێشەوە باسی مەسەلەیەکی نەدرکاو دەکەن، مەسەلەکە تراژیدیاییێکە، لەناو چوارچێوەی ئەو تراژیدیایەدا، هەموو پێدوایستێکی تیایە، هونەرێکە زۆر پیرۆزە، چونکە فێرمان دەکات کە چۆن وشەی دابڕێژین و بیبێژین، لەناو ئەو چوار چێوەدا گۆڕانییە، سەمایە، گۆڤەندە، هێنانە دی و تەسەل کردنی حەز و ئارەزووە، گەلێ جیهانێکی بەر فراوانە، هەموو شتێ لەوێدا جوانەو جێی بووەتەوە، تەنیا وشەی قەدەغە نەبێ تیایا بەکار نەهاتووە... دوورگەی (تۆبیا)یە... سنووری لەبەر دەم ئارەزووەکان دا، دانەناوە: (دروشمێک، وشەیەک، وەک قەدەغەمان لا نییە).

لەناو ئەو جیهانە بەرینەدا کێت دەوێ لەوێیە، چیت دەوێ هەیە، گەنجینەی هەموو سەربووردەیەکە، فایلی هەموو کەسێ لەوێ دا پارێزراوە، ئەمە شانۆیە، چەندان داستان و ئەفسانەی جۆراو جۆر و سەربوردەی ڕووداوەکانی تیایە، هەر یەکێک لەوانەش فایلی تایبەتی بۆ کراوە، هەر فایلێک کتێبێکە، هەر کەسێک لەوێ قوتابییەکە، شانۆکە خۆیشی هەم جیهانە، هەم قوتابخانەیە...

دایک و باوکێک پەرۆشن، کوڕەکەیان ئەنجامی سەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەدا نەدراوەتێ، بڕوانامەی نییە، کەچی قوتابی ئەو قوتابخانەش بووە... کوا بڕوا نامەکەی؟...

(دایک: دەبێ شتێکیان هەبێ بەرامبەر، ئەگینا بۆچی کارتیان نەداوەتێ، بۆ کوڕی خەڵکی هەموو بە کارتەوە گەڕانەوە؟)(١)

دایکی کوڕەکە دڵنیایە کوڕەکەی لە قوتابییەکانی تر کەمتر نییە... لەوەش دڵنیایە کە دەرچووە... ئەی بۆ ئەنجامەکەی دیار نییە... کەوتووەتە ناو گۆمی خەم و پەژارەوە...

(دایک: پێم وت... باشە بۆ کارتت وەرنەگرتووە، ها کوڕم؟

کوا بەڵگە نامەکەت؟ چیت کردووە؟ کوڕم بۆ بووی بە تەختەی سەر ئاو... چی بووە بۆ دەمت گۆ ناکات؟.

کوڕ: نەیان دامێ؟

باوک: ئەرێ بۆچی... لەچیت کەمە...

کوڕ: ئیتر نازانم... حەز ئەکەن پرسیار کەن)(٢)

باوک ناچارە بچێتە لای مامۆستا، بۆ ئەوەی سۆراخی ئەنجامی کوڕەکەی بکات... مامۆستاش بەشوێن بەڵگەنامەی کوڕەکەدا دەگەڕێ و چەند فایلێک دەکاتەوە... لەناو هەر فایلێک دا جیهانێکی تایبەت هەیە، بابزانین لە دوو تۆی فایلی یەکەم دا، چییە؟ لەناو فایلی یەکەم دا گۆڕانی بێژێک و چەندان قوتابی هەن، لەناو قوتابییەکانیش دا یەکێکی یاخی و یەکێکی ڕێبوار هەیە...

وا دایک و باوک چاوەڕوانن مامۆستا لەو فایلەدا مەسەلەکەیان بۆ ساغ بکاتەوە، لە قوتابییە یاخی

(١) وانەی ڕەشبەڵەک (ل١٣).

(٢) وانەی ڕەشبەڵەک (ل١٣).



بووەکە نزیک دەبێتەوە، وا سەوداسەری شتێکە کە بەلای ئەو مەسەلەیەدا ناچێ و مێشکی بە جۆرێک تەنگ دراوە ئاگای لە هیچ نەماوە... گۆرانی بێژیش ئەو مەسەلەیە بە داستانێک دەزانێ کە لە دوو تۆی (لاوک)دا تواوەتەوەو لێی جیا نابێتەوە، مامۆستا بەرەو هەورازی داستانە سەختەکان سەر دەکەوێ و یەکە یەکە دەیان پشکنێ، لە پاشماوەی ئەو داستانانەدا تاقە کاسە سەرێ مابوو، ئەویش کرابوو بە پێکی مەی خواردنەوە، دوای ماوەیەکیش لە بازاڕدا فرۆشرابوو، تەماشای داستانێکی نزیک تر دەکات، داستانەکە دەردێکی بێ دەرمانی گرتووە، جەنجاڵێکە، ئاژاوەیەکە، چاوەڕوانی درەختێکەو بەر ناگرێ، تەنانەت سێبەریشی نییە، گۆرانی خۆزگاو بریا دووپات دەکاتەوە، ڕێبوارێکیش لەو داستانەدا پەنگاوەو گیری خواردووە، بۆ دەرێک دەگەڕێ دەرباز بێ...

(قـوتابی ڕێبـوار: براکـانم کـوانی ڕێگا؟

هـاوار ڕێـگا... هـاوار هـاواریـانـی ڕێـگـا

چــارم بــکــەن... دەربــازم بــکــەن

وام لـەگــــــــەرداوی نـەبـووندا...)(١)

باوک ئۆقرەی نامێنێ و هاوار دەکات...

(باوک: کوا...؟ کوا؟ کوا؟ ئەنجامی ئەم نەوەیە... )(٢)

مامۆستا داوا لە باوکە دەکات کە ئارام بگرێ تا تەماشای فایلێکی تر بکات...

فایلێکی تر دەکاتەوە، لەم فایلەدا سێ کەس، ناوداری جیهانی ئەم فایلەن... فەیلەسوف، سەرلەشکر، شاعیر...

وتەکانی فەیلەسوف بۆنی نائومێدی دەبەخشن، پێی وایە گەڕان بە شوێن ئەنجامی ئەو نەوەیەدا کەوتنە ناو تونێلێکە کە ئەو سەری دیار نییە... کەچی چارەویستی ئەو ئەنجامە وا لە سنگی ئەودا تۆمار کراوە... هەر وەبزانە ئەو بڕیاری هەموو شتێکی دا...

سەر لەشکرییش گوێز لە باخەڵی خۆی دا دەژمێرێ، بەلایەوە مەسەلەکە هەر جەنگەو نەدۆڕاوە، چونکە بازیبەندی ورە بەرنەدانی لەباڵ کراوە، هەر وەبزانە هەڵسایەوەو دۆزرایەوە.

شاعیرش: وشەی گەرم و سوورکراوە بەکار دێنێ، مەسەلەکەی پێ ئاسانە و ڕۆژێک دەبێ لەبەر دەستی پۆلاینی ئەودا مل کەچ بکات، ئەو خۆشەویستییەتی و ئەمیش دڵدارە، هەرگیز لەیەک ناپچڕێن...

بەڵێ ئەو مەسەلەیە ڕێسێکە ئەو داوی ڕەنگاورەنگی بۆ چامەکانی لێ دروست دەکات...

ئیتر هەر یەک دەفتەری خۆی دەخوێنێتەوەو ئاگای لە چاوەڕوانی باوکە نییە...

مامۆستاش: سەری لێ شێواوەو لەجیاتی ئەوەی وەرامی باوکەی چاوەڕوان بداتەوە، ئەو لە باوکە دەپرسێ...

(مامۆستا: باوکی قوتابی بێ بەڵگەنامە، ئەنجامی کوڕەکەت نەدیوە؟!

باوک: فایلی تر تەماشاکەن)(٣)

(١) وانەی ڕەشبەڵەک (ل١٣).

(٢) وانەی ڕەشبەڵەک (ل٣٠).

(٣) هەمان سەرچاوە ل٣٠.

فایلی سێیەم دەکرێتەوە، ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی تیا تۆمار کراوە، سەرەتا بە کۆمەڵە برینێک پێک هاتووە...

شاعیرێک دێتە پێشەوە ئەو برینانە دەکات بە دەسرازەی هۆنراوەکانی، چەپکێ گوڵی سوور و زەردی هۆنراوەیەکی پێ دەرازێنێتەوە...

سەرلەشکریش سنگی دەردەپەڕێنێ و باسی ستراتیژیەتی جوگرافی جەنگ دەکات و جێگەی بە فەیلەسووفەکە لەق دەکات، باوکی قوتابییەکەش وەک لەسەر ساجی سوور دانیشتبێ بێ ئارام بووەو هەر چاوەڕوانە وا شاعیرێک دەماری لاملەکانی ڕاست بوونەتەوەو شیعر دەخوێنێتەوە...

هەر لەو فایلەدا قوتابییەکی دۆکتۆرای دەروون ناسی دێتە پێشەوەو ئاگای تەنیا لای خۆیەتی و دەڵێی لەگوێی گادا خەوتووە، لە حەزو ئارەزووەکانی ئادەمیزاد دەکۆڵێتەوەو دەیەوێ ڕێی کتێبخانەکان شارەزابێ، کەچی سەرلەشکر ڕێگەی لێ دەگرێت.

(سەر لەشکر: ڕاو و ڕێوی ناوێ کوا پسوڵەی ڕێگادان)(١)

مەسەلەی حەز و خوایش دێتە پێشەوەو درێژە دەکێشێ تا دەگاتە سەر حەزەکانی گلگامێش کە بە شوێن ژیانی هەتا هەتایی دا گەڕاو شەیدا بوو... فەیلەسوف و شاعیرەکە لەو شەیدا بوونەی گلگامیشە سەرگەردان بوون، پێیان وابوو نیوەی ماوەو نیوەکەی تری فەوتاوە، ئەگەر ئەو نیوەکەی تری بدۆزرێتەوە، دیارە دەزانن لە کوێوە سەر دەردەکات، بەڵام دەستیان بەداوێکی باریکی ئەو حەزەوە گرتووە ئەم سەری لە (ورکا)یەو ئەو سەری لەناو دارستانەکەی (لوبنان)دایە، لەوێ هەموو حەزەکان تاسان، ئیتر فەیلەسووف و شاعیر دەس دەکەنە قسەی وڕێنە ئامێز و نقوم دەبن... کلاوچی - موهەریجە - کان زۆریان ڕێساو داوا لە قوتابییەکەی دوکتۆرای سایکۆلۆژیەت دەکەن، کە خەریکی نووسین و تۆمارکردن بێ و بەکوێدا هاتووە بگەڕێتەوە... سەر لەشکر وەک مێملّ ڕێی پێ دەگرێ و داوای مۆری فیزەی گەڕانە دواوەی لێ دەکات...

(سەر لەشکر: ئەوە هێڵی گەڕانەوەت کوا؟).

قوتابییەکەی دوکتۆرا... هەر ئەوەندە دەڵێ: کە ئەو خەڵکە هەموو شێتن و لەناو لافاوی نەفامی دا تاساون...

بڕوانامەی قوتابییە بێ ئەنجامەکە لەم فایلەش دا نەبوو! ئەی چی لێ هات، با فایلێکی تر بکەینەوە... بەڵام پێش ئەوەی فایلەکە بکەینەوە، وا مامۆستا ڕوو دەکاتە قوتابییەکانی و دەڵێ:

(مامۆستا: لەوی وتمان چی لێ فێر بوون؟.

قوتابییەکان: بڕوات بەرەو لوتکەی بڵند ڕانەوەستێ، هەنگاو بنێ... خۆر لە ئەژنۆ و چاوی دانێ، ئەوسا نامەو ماندوێتی ڕێ ... پێک شاد دەبن کامەرانی لێ سەوز دەبێ)(٢)

فایلی چوارەمیش دەکرێتەوە، ئەم فایلە سەربوردەکەی (گالیلۆ)ی تیایە، ئەوە بوو لەسەدەی شانزەهەم دا گالیلۆ، تیورەکەی کۆپەرنیکۆسی پۆڵۆنی سەلماندن کە زەوی بنکەی گەردوون نییە و، بەڵکو ئەستێرەیەکە لەو گەردوونەدا، یەکێکە لەو ئەستێرانە کە بەدەور خۆردا دەسووڕێتەوە، ئاسمانیش خێوەتێک نییە لەسەر زەوی هەڵدرابێ یان سەربانی زەوی نییە، ئەوەبوو گالیلۆ لەبەردەم دادگای پشکنین دا بەگوناحبار و گومڕا درایە دادگا... هەمدیسان پێشەکی ئەم فایلە بەشیعری شاعیرێک ڕازاوەتەوە،

(١) هەمان سەرچاوە - ل٤١.

(٢) هەمان سەرچاوە ل٤١.



فەیلەسووفیش هەر خەریکی دواندنە سەبارەت بە (ئەدیسۆن) و (ئەنیشتاین)... گالیلۆ پەشیمان ببێتەوە، بەڵام ڕاستی تازە کەوتە دەم قوتابییەکانی قوتابخانەوە، هیچ هێزێک نییە بەربەستی بکات.

دادگا بڕیار دەدا نەک تەنیا هەر گالیلۆ بەڵکو هەر کەسێکی تر لەسەر ئەو بڕوایە بێ کە زەوی بنکەی گەردوون نییە سزا دەدرێ!...

شاعیری ناو فایلەکە زوو پاشەکشێی لێ دەکات و خۆی دەدزێتەوە... ئەو تەنیا لە شیعردا ناوی شت دەبا... تەڵە بۆ خەڵک دەس نیشان دەکات و خۆی لێی دوور دەخاتەوە... ئەم فایلە باسی چوار مێخەکێشانی عیسا و کوشتنی سوکراتی تیا هاتووە، هەموو شەهیدی ڕێی ڕاستی و زانیارین... ئیتر گۆڵمەز لەمەڕ ئەوانە ڕوو دەدات و مەسەلە سەرەکییەکەی قوتابییە بێ بڕوانامەکە گوم دەبێ و باوکیش هەر چاوەڕوانە...

باوکی قوتابییەکە دێتە قسەو دەڵێ:

(باوکی قوتابی: مامۆستا: ئەم داستانە زۆری خایاند و وزەم لەبەر بڕا، کوا ئەنجامی کوڕەکەم؟...

مامۆستا: ئارام بگرە... قوتابییەکان چی تر فێربوون؟...

قوتابییەکان: خەزان کە مرد بەهار دەبێتە هۆنراوە).

ئیتر دایک خواینیان - سەبریان - لەبەر بڕا ئارامیان لێ هەڵگیرا...

دایک: هەواڵ پرسین چی سەوز کرد... خێرا بڵێ وا خەریکە لە کراسەکەم دێمە دەرێ.

باوک: چیت پێ بڵێم هەر مەپرسە.

دایک: بۆ چی ڕووی داوە؟

باوک: بەڵام چی؟ قسە بکە؟

باوک: کوڕەکەی من

مامۆستا: بەڵێ کوڕەکەی تۆ تەنها بەناو قوتابی بووە نەک ئامادەی تاقیکردنەوەش نەبووە، بەڵکو لە ڕەشبەڵەک دا کوتاویەتی: پرسی چی؟... ئەنجامی چی؟...)

بەڵێ کوڕەکەی ئەو لە تاقیکردنەوەی خودی خۆی دا ئامادە نەبووەو ئاوڕی بەلای خۆیا نەداوەتەوە، هەر لە زەماوەندی ئەو و ئەم دا کوتاویەتی، لە شایی خەڵک دا سەرچۆپی کوتاوە، لەشین و چەمەری خەڵک دا قوڕی پێواوەو خۆی لە خوم ناوە، هەر پوازی داری خۆی بووەو خۆی بۆ خەڵک قڵیشاندووەتەوە، هەر کوتک و قامچی دەستی ئەو و ئەم بووەو ئەسپی سەرکەشی پێ دەستەمۆکراوە، کلاشی خەڵک بووە کە تیرەکەی بەربووە فڕێ دراوە، سەرچۆپی کێشیماڵی ئاغا بووەو چۆپی بەرنەداوە، قەت بیری لە زەماوەندو گۆڤەندی خۆی نەکردووەتەوە وا ئێستا لە مۆزەخانەی فایلەکان دا ناوی تۆمار نەکراوەو کەس نایناسێ و، خۆی بۆ خەڵک تاقی کردووەتەوە بۆیە بڕوانامەی نادرێتێ لە ناو ئەو هەموو فایلانەی قوتابخانەدا ناوی بە چۆپی کێش هاتووە، بۆیە قوتابییەکان نایناسن کە باسی دەکرێ وەک گوێزیان بۆ بژمێردرێ وایە...

ئای ڕەشبەڵەک    وای ڕەشبەڵەک
ئاخ ڕەشبەڵەک    داخ ڕەشبەڵەک

## چەند سەرنجێک

١- بەڕاستی نووسەر بەزیرەکانە بابەتێکی گرینگی بۆ دراماکەی (وانەی ڕەشبەڵەک) هەڵبژاردووەو توانیویەتی بەشێوەیەکی درامی ناسک مالیجەی بکات، یان با بڵێین لەو قاڵبەدرامیەدا بەرجەستەی بکات... بابەتەکە مەسەلەیەکی گرینگی نەتەوەی کوردەو ناسنامەی خۆی لە دەست داوە... کارتی قوتابیەکە... هێمایە بۆ ناسنامەی میللەتی کورد... قوتابییەکانی ناو قوتابخانەی ئەم گێتییە هەریەک بۆ خۆی کۆشەشی بۆ خۆی کردو و ناسنامەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد، بەڵام ئێمەی قوتابی ناو ئەو قوتابخانەی جیهانە هەر خەریکی ڕەشبەڵەک بووین و بۆ خەڵک سەمامان کرد هیچمان بۆ خۆمان سەوز نەکرد. لە کۆتایی ساڵدا هەموو قوتابییەکانی ئەو قوتابخانەیە بە ئاواتی خۆیان گەیشتن و - کارت - ناسنامەی خۆیان وەرگرت، ئێمەیش دەس بەتاڵ گەڕاینەوەو دەستمان لە چۆکمان درێژتر، لەناو دۆسیەکانی قوتابخانەش دا ناومان وەک قوتابییەک تۆمار نەکرا، هەر تاقیکردنەوەیەکمان کردبێ، قۆپیە بووەو بۆ خۆمان نەبووە، ناومان لەناو ناواندا نییە، فایلەکان ناوی ئەفسەرو ئەندازیارو فەیلەسوف و... تیایە، ناوی سەرچۆپی کێش و زوڕناژەنی ئەم و ئەوی تیا نییە... تائێستاش چۆپییەکەمان بەدەستەوەیە... لەوکاتەوە کە ئێمە بە سێ پێیی بۆ خەڵکمان دەژەند وڵاتەکەمان لەسەر خەڵک تاپۆکرا، پلەکانمان خرانە سەر پلەی قوتابییەکانی تر، قوتابخانەیەکی بێ سەروبەربوو، کێ هەڵپەی بکردایە ئەوە ناوی دەنووسرا، تاوانێکی گەورە ڕووی دا، تاوانی ئەو قوتابییە، زوخاوەکەی بۆ دایک و باوکەکەی بوو... دەست نیشانکردنی ئەم کارەساتە، کارێکی هێجگار جوان و پەسەندە...

٢- دەبوو نووسەر، ئەو قوتابخانەیەی ئەوسا... کەهێمایە بۆ دەزگای نەتەوەیەکگرتووەکان- بە قوتابخانەیەکی فاشیل بداتە قەڵەم، چونکە ئاگای لە قوتابییەکانی نەبووە... نەدەبوو دایک و باوکی ئەو قوتابییە کە کاتێ لەناو دۆسیەکانیدا بۆ ناوەکەی گەڕا- نائومێد بکات... هەر ئەوەندە بەس نەبوو دەستنیشانی کارەساتە بکات...

***

## ١٦-شێخی سەنعانێ ١٩٨٠

ئەم درامایە نووسینی دوکتۆر نافیع ئاکرەیییە، سەدو بیست و دوو لاپەڕەی قەبارە گەورەیەو لە یانزە تابلۆ دایە...

نووسەر لەم درامایەدا دەیەوێ مەسەلەی دڵداری شێخی سەنعان کە سەرداری هەموو جۆرە دڵدارییەکە بکات بە دەستەبەری درامایەک، کە داستانی دڵدارییەکی واو چارەسەرکردنی لە دوو تۆی درامادا کارێکی گەورەو هەنگاوێکی پیرۆزە... بەڵام ئەو کارە هەروا شتێکی ئاسان نییە و دەستێکی ڕەنگین و هونەرمەندێکی مەندو بەتوانای دەوێ...

ئەو داستانە گەورەیە چاوەڕوانی قەڵەمێکی بەهێزو شارەزا دەکات، بەڵام مەخابن نووسەر دەستەڵاتی بەسەر داستانەکەدا نەشکاوەو هەر وا بە درشتی بە سەریا ڕۆیوە... لەمەسەلەی دڵدارییەکە نزیک نەبووەتەوە، بۆچوونەکەی خۆیشی نەخراوەتە ناو قاڵبێکی درامی واوە کە هەندێ سامانی درامای کوردی دەوڵەمەند بکات...

دڵداری و ئەڤینی بیروڕایەکی گشتی جیهانییەو گەلێ لەمەسەلەی ئاین و نەتەوایەتی لایەنە مرۆڤایەتییەکانی مرۆڤ بەرین و فراوانترە، بگرە پیرۆز تریشە...

(شێخی سەنعان)ێک بەو هەموو پایەو سایەوە لە پێناو کچە دیانێک دا واز لە ئایینی بێنێ دەبێ لە



بیرو هزر و یارادا چ بڵند و پایەدار بووبێ... یەکێک لە پلیکانی سۆفیەتی دا بگاتە ئەو بارەگایە، لە ئۆقیانووسی ئەڤین دا بەرماڵ ڕاخات و بیکات بە نەزەرگای خۆی، دەبێ خۆی بووبێ بەئەڤین و خۆشەویستی... خۆشەویستی سنوور لە نێوان ئادەمیزاد و گیانلەبەران و دارو درەخت داناخات... ئیتر لە ڕوانگەی تەسکی وەک ئێمەمانانەوە تەماشای گەردوون و گرۆ و میللەتان ناکات...

نووسەری ئەم درامایە ئەگەر هەندێ شارەزایی لە دراماداا پەیدا بکردبایەو ئەوەندەش پەلەی نەکردایە لەوانە بوو بەرهەمێکی پوخت تری بدابایە بە دەستەوە...

**کورتەی دراماکە:**

لە تابلۆی یەکەم دا: ئەهریمەن و فریشتەیەکی گەورە بەرەنگاری یەکتری دەبن، هەر یەک خۆی هەڵدەکێشێ: ئەهریمەن خاوەن هێزەو دژ بە ڕووناکییە، فریشتەش پەیامبەری یەزدانەو لایەنگری ڕاستییە...

فریشتەو ئەهریمەن هەمیشە لە زۆرانبازیدان، ئەو ڕاستی سەر دەخات و بێ چەکە، ئەهریمەنیش ملهوڕە، لایەنگری چەوتییە، بەناو ئادەمیزاد دەگەڕێن، گرەویان کردووە لەسەر چاکەو خراپە، بابزانین کامیان سەردەکەون و کامیان دەدۆڕێنن... چەک یان ڕاستی؟...

هەردووکیان دەڕۆن ڕێیان دەکەوێتە لای چەند کەسێک: دوو پیاون یەکێکیان خاوەن پارەو سامانە (مام عەولا)ش پیاوێکی هەژارە کچێکی ژیکەلەی جوانی هەیە ناوی پەروین - ە... مام عەولا ئیشی بۆ ئەو پیاوە کردووە، بەڵام ڕۆژانەکەی نەداوەتێ و نوکلی لێ دەکات، وا ئێستا نەخۆشە و پێویستی بە پارە هەیە...

(مام عەولا: قوربان خۆت دەزانی کە چەند ڕۆژانەم لای جەنابت هەیە... ئەگەر بمدەیتێ ئەتوانم خۆم تیمار بکەم...

پیاوەکە: پارەی چی ؟! کێها ڕۆژانە؟!)(١)

کابرا پارەی کرێکەی ناداتێ بەو بەهانەوە کە گوایە باوکی لەوەختی خۆیا قەرزاری بووەو، ئەم کرێیە لەجیاتی ئەو قەرزە... پەروین دەزانێ باوکی نەخۆشە... لە عەزرەت ئەوە لە کابرا دەپاڕێتەوە پارەکەی بداتێ... ئەویش چونکە نیازێکی نارەوای بە پەروینە دەڵێ:

(ئەگەر هەر چ بمەوێ بەجێ بێنی، هەموو قەرزەکانی باوکت دەسترمەوەو هەر شتێ دەتان ئەوێ بۆتان دەکەم...)(٢)

کە فریشتەکە ئەم ستەمکارییە بەچاوی خۆی دەبینێ هاوار دەکا و دەڵێ: ئەی خوا تۆ گەورەی...

ئەهریمەنیش دڵی خۆش دەبێ و ڕوو دەکاتە فریشتە و دەڵێ:

ئەهریمە: دەبینین کا سەرکەوتن بۆ کێیە؟...

فریشتە کۆڵ ناداو لای وایە لە دواییدا هەر ڕاستی سەردەکەوێت... هەردووک بەیەکەوە دەڕۆن تا بزانن لە کوێدا ڕاستی سەردەکەوێت...

دەڕۆن، لەناو کێڵگەیەک دا تووشی خێزانێکی جوتیار دەبن وا لەناو زەویەکەیاندا خەریکی چاندن و زەوی خۆشکردنن... وا ئاغا و حەمۆی نۆکەری ڕوویان کردە ئەو کێڵگەیە... ئاغا حەمۆی نۆکەری تێ

(١) شێخی سەنعانێ - ل ٦.

(٢) شێخی سەنعانێ - ل ٩.

دەگەیەنێ کە ئەگەر زەوی خەڵکی بۆ داگیر بکات (نەسرین) کچی ئەو جوتیارەی لێ مارە دەکات...

لە ماڵە جوتیارەکە نزیک دەبنەوەو بەهانەیان پێ دەگرن و دەیانەوێ لە زەوییەکەیان دا دەریان بکەن، نەسرین و دڵشادی برای بە ڕووی ئاغادا دەتەقنەوە، حەمۆش بەهەڕەشەکردن بەرەنگاریان دەبێتەوە.

(نەسرین: حەمۆ چییە... ئەتۆ چی؟! ڕاستی لەگەڵ ئێمەدایەو ئەنگۆ ناتوانن هیچ بکەن، ڕاستی ناشکێ هەر بەسەر دەکەوێ)[1]

کە فریشتەکە گوێی لە قسەکانی نەسرین دەبێ شاد دەبێ و لای وایە ئەم جارەیان بردیەوە... بەڵام هێشتا بگرەو بەردەکە دوایی نەهاتووە...

دڵشاد: بمان کوژن... سەرمان ژێ کەن، بەڵام ناتوانن هیچ کات دەست درێژ کەنە دڵمانەوە، ئەو دڵەی کە زەوی تێدایە...

ئەو زەویە ئەتانەوێ بیبەن...

(ئاغا: دەبینن کا چتان لێ دێ ئەو دەرسانەی لە قوتابخانەو خوێندنگەهان خوێندتان هیچ سوود و قازانجی لێ وەرناگرن، ڕەوشت و ئەخلاقتان خراپ بووە بەو خوێندنە...)[2]

ئەهریمەن بەم قسانە دڵشاد دەبێت، لێرەدا هەمدیسان ترازووی لای ئەهریمەن لارە سەنگ دەبێ...

کە سەیری تابلۆی چوارەم دەکەین... هەمان تابلۆی پێشەوەیە وا ئاغا دەڕواو مفەوەزێک دێنێ هەموو خێزانە جوتیارەکان باڵ بەس دەکەن و بەرەو بەندیخانە ڕاپێچیان دەنێن...

دایکی دڵشاد دەستە داوێنی ئاغا و حەمۆ دەبێ کە دڵشادی کوڕی بەربدەن...

(دایک: کوڕم ... کوڕەکەم... بۆ کوێی دەبەن؟ تۆخوا من ببەن... کوڕەکەم بیننەوە)

دادو دەستەداوێن بوون سوود نابەخشێ...

ئیتر ئەهریمەن هەمدیسان هاوار دەکا:

(ئەهریمەن: سەرکەوتن هەموو کاتێک بۆ منە)[3]

فریشتە پەلە ناکات و دەڵێ دەبخوایین، لە کۆتایی دا کێ سەردەکەوێت...

بابکەوینە شوێن ئەهریمەن و فریشتە بزانین بۆ کوێ دەچن کێ دەخەنە ژێر چاودێری خۆیانەوە، وا تابلۆی پێنجەمە، دوو دڵدار لەو تابلۆیەدا دێنە پێشەوە (شیرین و فەرهاد) فەرهاد کوڕە هەژارە ترسی ئەوەی هەیە بەو هەژاری خۆیەوە نەگاتە ئاستی شیرین کە کیژی میرە وا شیرین دڵی دەداتەوە:

(شیرین: چەند بڵند بم خۆشەویستی تۆ ڤیانی تۆ لەهەموو بەرزایەتییێ بڵندترە)[4]

شیرین و فەرهاد لە ژوانێک دا ڕازو نیازی خۆیان بۆ یەکتری دەردەبڕن، کابرایەک کە ناوی بەکرە (بەکر مەرگەوەڕەکەی مەم و زین) لە پارێزدایەو بەسەریان دا دێت، دەیەوێ لە فەرهاد بدات، بەڵام فەرهاد هەر فەرهاد نییە، مەمی دڵداریشە و داخ لە دڵی ئەو بەکرەیە، بەسەریا زاڵ دەبێ... بەکر کە زانی هیچی پێ نەکرا دەست دەکات بە هەڕەشەو گوڕەشەو ئەڤینی ئەو دوو دڵدارە دەخاتە ناو کەوانی مەترسییەوە...

(١) شێخی سەنعانێ - ل ٣٠.

(٢) شێخی سەنعانێ - ل ٣١.

(٣) شێخی سەنعانێ - ل ٣٩.

(٤) شێخی سەنعانێ - ل ٤٥.



(شیرین: فەرهاد گیان من دەترسم.)

فەرهاد: ئەبێ من بترسم... بەڵام بۆ دەترسێی ڤیانی ئێمە هێز و توانایەکی پێمان دەدا کە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ناتوانێت لە ڕێگامان دا بوەستێت...[1]

هەر یەک بۆ ئەوەی تر مەترسی هەیە: فەرهاد لەوە دەترسێ شیرین چونکە کچە میرەو لە ئاستی کوڕە هەژارێکی وەک ئەودا نییە باوکی ئازاری بداو شیرینیش لەوە دەترسێ فەرهاد وابیر بکاتەوە کە ئەو لە ئاستی ئەم دا نییە بەڵام ئەڤینی سنووری بۆ ئەو شتانە دانەناوە... بەکر مەرگەوەڕ گەڕایەوە لای میر داخۆ چ جۆرە بوختانێک بۆ ئەم دوو دڵدارە هەڵبەستێ:

لە تابلۆی شەشەم دا: وا میر دانیشتووە، تووڕەیە، دەست و پەیوەندی دەورەیان داوە، ئەهریمەن و فریشتە لە پەناوە چاوەڕوان دەکەن کە ئەنجامی ئەم تووڕە بوونە بەکوێ دەگات... ئەم خۆشەویستییە سەردەکەوێ یان دادەنەوێ...

میر داوا لە بەکر دەکات چی دیوە بیگێڕێتەوە، بەکریش بۆ هەلی وادەگەڕێ، جگە لەوەی کە لەژوان دا بەسەر هەردووکیان دا چووە، گەلێ دژوێنی نالەباریشی بەزمانی فەرهادەوە هەڵدەبەستێ، میر فرمان دەدا کە ئەو هەتیوە بێرن... فەرهاد لەبەردەم میردا ڕادەوەستێ پڕ بە دڵ ناوی خۆشەویستی خۆی و شیرین دەبات... میر هەڕەشەی لێ دەکات، ئەویش دەڵێ دەتوانی هەموو شتێ دەربارەم بکەی بەڵام ناتوانی ئەڤینی ئەو دڵە پڕ لە خۆشەویستییەم دەرکەی... فەرهاد دەکوژرێت لە پڕ شیرین بەهاوار و گریان تەپ دەکوتێتە سەر لاشەکەی فەرهاد، هەر لەوێ شیرین خۆی دەکوژێ و هەردوو دڵدارەکە دەبن بە (نەمری دڵداری) لێرەشدا ئەهریمەن خۆی بەسەرکەوتوو دەزانێ، فریشتەش هەر داوای پشوو درێژی و خواین دەکات...

لەتابلۆی حەوتەم دا: وا شێخێکی ڕدێن سپی لەناو دەروێشەکانیا دانیشتووەو ئامۆژگاریان دەکات و دەرسیان دەدات، ئەهریمەن لەشێوەی زەلامێک دا لێی دەچێتە پێشەوەو چەند پرسیارێکی لێ دەکات...

(ئەهریمەن: تاکەی خۆت وا زیندان دەکەی و خۆشی و شادی نابینی؟[2]

شێخ: بەو ژیانەم ئەڵێی بەندی و زیندان... پێی بڵێ بەختیاری چونکە من ژیانم بۆ خزمەتی مرۆڤایەتی تەرخان کردووە[3].

شێخ دەقی ژیانی خۆیەوە گرتووە، ناشێ واز لەو جۆرە ژیانەی بێنێ... کەچی ئەهریمەن هەر خەریکییەتی کە هەڵی خلیسکێنی بۆ ئەو مەبەستە ژنێکی نەخۆشی تا بڵێی جوان دەباتە لای بۆ ئەوەی دوعای بۆ بکاو چاکی بکاتەوە... دیارە لە پەردەی نۆهەمی دراماکەدا ئەو کارە کتوپڕی مەیسەر دەبێ، با بزانین شێخ دڵی ئەهریمەن خۆش دەکا یان هی فریشتە...

وا ژنێکی جوان نێونیگای وەک مانگ تریفە دەدا، لەبەردەم شێخ دا ڕاکشاوە، هیچ نیشانەیەکی نەخۆشی پێوە دیار نییە کچەکە نیازی دڵی خۆی بۆ شێخ دەدرکێنێ و دەڵێ: من تۆم خۆش دەوێ... شێخ - یش دەکەوێتە ناو داوی زوڵفی ئەو بێ مروەتەوە... لەوەش زیاتر ئەو بێ مروەتە فێری مەی خواردنی دەکات، ئیتر دەروێشەکان بێ دەسگیر و ڕابەر دەمێننەوەو تووشی نوچاندنەوەو سەرگەردانی دەبن،

(١) شێخی سەنعانێ - ل ٤٩.

(٢) شێخی سەنعانێ - ل ٧٥.

(٣) دەقەکەی هەڵەی زمانەوانی تیایە، بەڵام ئێمە حەقی ئەوەمان نییە دەسکاری بکەین... (ن).

ئەوەندەی پێ ناچێ ئافرەتەکە وەک پەری مەحف دەبێتەوەو شێخ لەتاو ئازار و دەردی دڵدار وێڵ و سەرگەردان دەبێ... ئەمیشی چوو ئەویشی چوو...

ئەهریمەن دەچێتە لای شێخ.

ئەهریمەن: چۆنی جەنابی شێخ....

شێخ بە کەساسییەوە وەرامی دەداتەوەو دەڵێ:

شێخ: یارم لێ بزر بووە... مەی هیچ چارە ناکا... لەبیرم نایە...

ئەهریمەن: بۆ بەدوایی دا ناچی...؟

شێخ: لەکوێیە... تا بەدوایی دا بچم...؟

ئەهریمەن: دوورە لە چیای قافە... زۆر دوورە!

شێخ: بەدوایدا دەڕۆم... گەر لە ئاسمانی هەفتەم بێ؟[١]

ئیتر شێخی سەنعانی وەک منداڵە کۆرپەیەکی بێ دەستەڵاتی لێ هات و بە ئارەزووی خۆی هەڵیدەسووڕێنێ... (بنەوش) کە دڵدارەکەیەتی وەک جاران نەماوەو هۆشیار بووەتەوە وا ئێستا پەشیمانە لەوەی کە چۆن ئەو پیاوەی لە خشتە بردو ئەو پەنەی پێ دا، هەروەها شێخیش بە جۆرێکی تر هۆشیار بووەتەوە، بووە بە مرۆڤێکی ئاسایی و ئەوەی کە هەیبوو هەمووی ڕۆیشت و ناگەڕێتەوە، ئەوەی بۆی مابێتەوە بنەوشە...

بنەوشیش نەیزانیوە بۆ وای کرد، جادۆی لێ کرابوو یان هەڵچوونی ئالۆش هەدەری لێ سەندبوو...

بنەوش: دالەهیا... لەمن نەکەن... نازانم بۆ وام کرد... هەستەکی دەروونی وای لێ کردم کەوا بکەم... من ژ نازانم چ بو[٢].

ئەهریمەن دڵشادەو لە خەڵک دێتە پێشەوەو دەڵێ: دیتان چۆن سەرکەوتم...

بنەوش ڕوو دەکاتە ئەهریمەن و پێی دەڵێ:

بنەوش: لە کانگای دڵمەوە دەڵێم تۆ خراپی بەڵام ئەو چاکە «ئیشارەت بۆ شێخی بێ هۆش دەکا».

ئەهریمەن ئەو قسانە ڕەت دەکاتەوەو دەڵێ:

ئەهریمەن: من خراپ نەبووم... خراپی کاری من نەبوو... بەڵام ئەوانە «ئیشارەت بۆ شێخ و دانیشتووان دەکا» منیان بە زۆر کردە پیاوی خراپ و خراپی!!)[٣]

لە تابلۆی یانزدەهەم دا: شێخ ڕابەرێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیارییە و داوای خۆشەویستی و هاوکاری و پشتی یەکگرتن دەکات، پێی وایە ئەگەر ڤیان لە دڵی مرۆڤ دا نگابانی بکرێ هیچ گیروگرفتێک ڕوو ناداو ژیان سانا دەبێ... (بنەوش) هاوسەر و پشتگیری دەکات... وا خەریکی ئامۆژگاری خەڵکە، چەند کەسانێک دەچنە ناو کۆڕی ئامۆژگارییەوە، ئەوانە (موفەوەز) و خێزانەکەی (عەلی)ین کە لەتابلۆی چوارەم دا گیران، (حەمۆی) نۆکەریشیان لەتەک دایە، شێخ دایان دەنێ و ئامۆژگاریان دەکات، وەک کادرێکی حزبی ڕێکیان دەخات...

(١) شێخی سەنعانێ - ل ٩٦.

(٢) شێخی سەنعانێ - ل ١٠١.

(٣) شێخی سەنعانێ - ل ١٠٣.



ئیتر واز لە داردەستەیی و نۆکەری ئاغا دەهێنن و عەلی و خێزانەکەی بەردەدەن...

ئەو کابرایەش کە لەتابلۆی دووەم دا بە بەهانەی قەرزەوە مام عەولای نارەحەت کردبوو، چاوی بڕیبووە پەروینی کچی ئەوانیش دەخاتە سەر ڕێی ڕاست و پاکژیان دەکاتەوەو ڕۆژانەکەش بۆ مام عەولا خەرج دەکرێ... لەگەرمەی ئامۆژگاری کردنی خەڵک دا، هاوار و ڕۆڕۆیەک نزیک دەبێتەوە، دەبینن ئەو میرو وەزیرو بەکرو چەندان کەسن، جەنازەکانی شیرین و فەرهادیان لەسەر شانە و بۆ گۆڕستانیان دەبەن، کە نزیکی شێخ دەبنەوە ئامۆژگاریان دەکات، میر وبەکر پەشیمان دەبنەوەو دەبنە پیاو چاک، کە تەماشای هەردوو مردووەکە دەکات هێشتا دڵیان لێ دەدات لەبەر ئەوەی پڕە لە خۆشەویستی هێشتا لە لێدان نەکەوتووە، ڕەوانەی خەستەخانەیان دەکات، ئەوەندەی پێ ناچێ هەردووکیان چاک دەبنەوەو دەنگی شایی و زەماوەند بەرز دەبێتەوە، میر لەخۆشیا مژدە بۆ شێخ دەبا کە ئەو دوو دڵدارە نەمردوون...

میر: مژدەت بدەمێ جەنابی شێخ شیرین و فەرهاد نەمردن و ساغ بوونەوەو ژیانیان درێژ تربوو...

شێخ: ڤیان و مرۆڤایەتی گەر کۆبوونەوە هیچ هێزێک نییە لەم جیهانەدا بتوانێت ئەو کۆبوونەوە بڕووخێنێ)[١].

ئیتر زەماوەند گەرم دەبێ و (شیرین و فەرهاد) بەیەک شاد دەبن... ئەم شێخەیش ئەوەی لێرەدا کردی بە ڕێگەی سۆفیەتی پێی نەکرا...

ئەهریمەن گەلێ پەریشان بوو خەریک بوو بتەقێ لەپڕ وەک دووکەڵی جگەرە دەکشێ ومەحف دەبێتەوە... فریشتەکانیش دڵشاد بوون....

***

**چەند سەرنجێک:**

١- دەبوو درامای شێخی سەنعانێ چارەسەری مەسەلەی ئەڤین بکات و بە وردی بچێتە ناو بابەتەکەوەو مەسەلەکە ببێ بە بابەتی سەرەکی دراماکە... کەچی کاکی نووسەر هەر خەریکی ئەوە بووە چەندان لاپەڕە ڕەش بکاتەوەو ناوی بنێ «شانۆگەری شێخی سەنعانێ» ئیتر باکی بەوە نەبووە دراماکەی باسی چی دەکاو باسی چی ناکا، تەنانەت هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە دڵداری ساغ نەکردووەتەوە، ئەوەتا جارێ وەک تەڵەیەک تەماشای دەکا کە خەڵکی تێ دەکەوێ و تووشی خراپەی دەکات، جارێکیش وەک دروشمێکی پیرۆز بەرزی دەکاتەوە...

٢- لەتابلۆی یەکەمەوە بیگرە تا تابلۆی حەوتەم هەر یەک تابلۆیەو جگە لە هەندێ ناو هیچێکی تریان تیا نەگۆڕدراوە، هەموو تابلۆکانیش بەسەر یەکەوە وەک کۆمەڵە تەمسیلییەکی قوتابخانەیی سەر پێیی وەهانەو نووسراونەتەوە بۆ ئەوەی لەمناسەباتێکی سەرپێییدا تەمسیل بکرێن، هەمووشیان بەسەر یەکەوە پەیوەندییان بە داستانی شێخی سەنعانەوە نییە...

٣- لە تابلۆی هەشتەم دا شێخێک پیشان دەدا کە خاوەن مورید و دەروێشە، لە چاو نوقاندنێک دا، ئەو هەموو پایەو سایەو ڕەنج و هەوڵی درێژایی تەمەنی لەگەڵ ناوبانگی خۆیا لە پێناو ئافرەتێک بەفیڕۆ دەدا، هەر لەبەر ئەوەی ئەهریمەن دڵخۆش ببێ، لێرەدا ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە دڵداری دەبێتە شتێکی ئەهریمەنی و خراپەکاری، خوێنەر نازانێ ئەم ئافرەتە کێیە و لە چ بەرەو چینێکە، چۆن وا بە ئاسانی کەوتە بەر دەست شێخ و چۆن وا بە سانایی کەوتە داوی جوانی ئەو ئافرەتەوە... ئەوەی لێرەدا هەست نەکرێ ئەو شێخە سەنعانەیە کە ساڵەهای ساڵە لەناو بەیاز و چیرۆکانی کوردی و شیعری شاعیران دا ناوی هاتووەو

(١) شێخی سەنعانێ - ل ١٢٠.

بووە بە ڕەمزی دڵداری... هەروەها ناوی ئەو کیژە دیانە کە وەک فریشتەیەک شێخی کەمەند بەند کردووە دیار نییە و بزرە...

٤- لەتابلۆی دەیەم دا شێخ بووە بە پێشڕەوێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، ئەوەی ئێستا پێی دەکرێ جاران کە شێخی طریقەت بووە پێی نەکرا، هەر لەم تابلۆیەدا ئەهریمەن دەستی خستە ناو کاروباری خەڵکەوە بۆ ئەوەی ترازووی بەرەی خۆی لارەسەنگ بکات... کەچی فریشتەکە دوورە پەرێز ڕادەوەستێ، ئەهریمەن واتە ئەو خەڵکەی کە لەبەرەی ئەودان کوا چەکیان بەکار هێناوە، ئەگەر ئەوان هەڕەشەیان بە چەکێک کردبێ بەرەی چاکە خوازیش هەمان هەڕەشەی چەکی ڕاستیان بەکار هێنا... ئەگەر ئەوان تێغی دەبانیان هەبووە ئەمانیش تێغی زمانیان بەکارهێناوە...

هەروەها شێخ داوای ئەڤینی و خۆشەویستی دەکات... کوا شێخی ئەم درامایە بەو تاقیکردنەوەدا ڕۆیشت، ئیتر چۆن خەڵکی بۆ هان دەدرێ... شێخی ئەم درامایە تەنیا بە تاقیکردنەوەی دامرکاندنەوەی ئاڵۆشی سێکس دا تێپەڕی نەک خۆشەویستی ڕاستەقینە...

لەوانەیە ئادەمیزادی ئەمڕۆ لە چاوەڕانی ئایینێکی بزرگ و باڵاتر دابێ، ئەو ئایینەش پشت لەو خوایانە دەکات کە مرۆڤی دوێنێ لەناو ئارەزووە دڕو تەسک و تروسکەکانی خۆیدا پەسانبوونی؛ بۆ هێنانە دی مەبەستە تایبەتییەکانی خۆ وەپێش خۆی دەدان، وەک دیوجامەیەکی ڕەنگین خەڵکی پێ چەواشە دەکرد، هەر لە پەنای ئەواندا ڕەواو ناڕەوایی بۆ هەموو کاروبارێکی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ساز دەکرد... لەوانەیە ئایینی (ئەڤین) کە ئایینی دوا ڕۆژە یەزدانی مەزن بکات بە تەوەرەی خۆی و لەوێوە خۆشەویستی بڵاو ببێتەوەو جیاوازی و خۆ بەخۆیش زانینی خواکان بتوێنێتەوە... ئەو کاتەش هەموو ئادەمیزاد لە پەنای ئەو ئایینە جیهانییەدا ئارام دەگرێ و دەحەوێتەوە، هەروەها پەردەی لێڵایش لەسەر دیدەی مرۆڤ هەڵدەگیرێ و ئەو وەختە بینایی پتر دەکرێتەوە... من پێم وایە چیرۆکی (شێخی سەنعان)[1] لە کرۆکدا دا ئاماژە کردنە بۆ ئاسۆی هەڵهاتنی ئەو ڕۆژەی کە ئایینی (ئەڤین)ی تیا دەبزوێ...

پاڵەوانی چیرۆکەکەش لەو کەسانەیە کە دەبێتە ڕابەر و بانگدەری ئەو ڕۆژە چونکە بە تاقیکردنەوە بۆی دەرکەوت ئەو ئایینەی کە جێی هەموو ئادەمیزادی تیا دەبێتەوە تەنیا ئایینی (ئەڤین)ەو یەزدانیش سەرچاوەی ئەو ئەڤینەیە... ئەفسانەی شێخی سەنعان هێنانە ئارای ئەو خەونانەیە کە ئادەمیزاد لە پەنایا ئارام دەگرێ.

٥- نووسەر لای وایە ئەگەر بەناوی شتێکی کەلەپوورییەوە شتێکی نووسی، ئیتر ئەو شتە چارەسەر بوو، و بوژایەوەو بوو بە کارێکی پەسەند... چارەسەرکردنی کەلەپووری نەتەوایەتی تەنیا ناو هێنانی نییە، شتی میللی نەتەوایەتی کە مالیجە دەکرێ دەبێ بەکارێکی وەهابێ کێشەیەکی نەتەوایەتی یان ئادەمی چارەسەر بکات... ئەوەتانێ ئەم شێخی سەنعانی ناو دراماکە پەیا پەیا نەخۆشەکانی دەنێرێتە خەستەخانە... کوا لەسەردەمی ئەو شێخەدا خەستەخانە بووە... دیارە نووسەر خۆی بەشێخی سەنعان زانیوە... نەک ئەو شێخە سەنعانەی کە لە ئەدەبی کوردی دا بووە بە ڕەمزی ئەڤینی...

٦- نووسەر پێی وایە هەر شتیک کرا بە دایلۆگ ئیتر دەبێتە دراما...! جگە لەوەش دراماکە پڕیەتی لەوشەی ناشیرین و بازاڕی وەک وشەی (قۆڕ...) هی تریش.

هەروەها نووسەر چۆن قسەی بۆ هاتووە نووسیویەتی... ئەگەر بڵێی بۆ وا ڕەنگە بڵێ: من گوێ نادەم...

(١) مەبەست چیرۆکە فۆلکۆرییەکەیە.



کرمانجی ژوورو و خواروو تێکەڵاو دەکەم... ئەمە شتێکی جوانە... باشە زۆربەی زۆری نووسەرانی ئەمڕۆمان پێشگری (دە) لە جیاتی (ئە) بەکار دێنن... تۆ خۆت زمانت بە (دە) کراوەتەوە بۆ (ئە) بەکار دێنی!

***

## ١٧- وەلی دێوانە و شەم ١٩٨١

ئەم درامایە نووسینی (موحەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە)یە... بەناوەکەیدا دیارە بابەتەکەی ئەڤینی «دێوانە و شەم»ـە... نووسەر جگە لەم درامایە شانۆگەری (مان گرتن)ی هەیە کە لە ساڵی (١٩٧٩)دا بڵاوکراوەتەوە، کە گوایا لەم شانۆگەرییەدا باسی مانگرتنەکەی گاور باخیی کەرکووک دەکات... لەبەر چەند تێبینییەکی تایبەتی سەبارەت بە شانۆگەری (مان گرتن) کە لێرەدا باس ناکرێن، وامان بە پەسەند زانی شانۆگەری (وەلی دێوانە و شەم) بخەینە ڕوو، لەبەر ئەوەی خۆماڵی ترەو زادەی خامەی نووسەر خۆیەتی و بەرهەمی ڕەنج دان و تێکۆشانیەتی...

ئەمە کورتەی دراماکەیە...

(حەمە سوور کوێخای تیرەی کەماڵی جافە... پیاوێکی خێرخوازو هەژار دۆستە، ئۆجاخ کوێرەو کوڕی نییە... لە پڕ خزمەت کارەکەی مزگێنی لە دایک بوونی منداڵێکی دەداتێ ئەویش لە خۆشیا دەست دەکا بە شایی و زەمزەمە، هەر ئەوەندەی پێ ناچێ کوڕێکی تری دەبێ، یەکێکیان ناو دەنێ (وەلی) و ئەوەی تریان (ڕەسوڵ)، کوڕەکان گەورە دەبن، کوێخا حەمە سوور پێویستی بە مەلایەک دەبێ کە بەر نوێژی بۆ خێڵەکەی و دەرسی کوڕەکانی بدا، لە شاری سلێمانییەوە (مەلا یوسف) ناوێک دەهێنێ و لەلای خۆی دادەمەزرێنێ، چەند ڕۆژێکی پێ ناچێ ژنێک بۆ مەلا مارە دەکەن و بەتەواوی دەبێتە مەلای کوێخا حەمە سوور...

کوێخا قادر شیروان دێتە سەر شایی مەلا، کە دەزانێ حەمە سوور ئەم مەلایەی بۆیە هێناوە تا کوڕەکانی فێر بکات... ئەویش کچەکەی (شەمسە) دەنێرێتە ماڵی حەمە سوور بۆ ئەوەی لای مەلا بخوێنێ... ئیتر (شەمسە) لەتەک (وەلی و ڕەسوڵ)دا لەلای مەلا دەست دەکات بە قورئان خوێندن، هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ئەڤینی لە ناو دڵی (وەلی) و (شەمسە)دا چەکەرە دەکێشێ...

وەلی قورئان خەتم دەکات، دەست دەکات بە خوێندنی وردە کتێبەکان وەک: گولستانی سەعدی و (لەیل و مەجنون)[1].

لە کاتی خوێندن و دەورکردنەوەی لەیل و مەجنون دا... وەلی پرسیارێک ئاڕاستەی مەلا دەکات... ئەمەیش پرسیارەکەیە...:

وەلی: مامۆستا مەجنون و لەیلا یانی چی؟.

ئەویش پوختەی داستانە ئەڤینییەکەی مەجنون و لەیلای بۆ دەگێڕێتەوە... موچرکێک بە لەشی وەلی دا دێت، دیارە ئەم موچرکە دەبێ بەسەرچاوەی تەقینەوەی خۆشەویستی دێوانەو شەم...

شەم دەگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی و گەورە دەبێ... وەلی ڕۆژێک ئارەزووی ڕاوو شکار دەکات لە کاتی گەڕانەوەی دا چاوی بە شەم دەکەوێت، ئەوەندەی تر شەیدای شەم ئاگر بەردەداتە ناو دەروونی و دەبێتە سەرچاوەی سروشی هۆنراوەی کانزای بەهرەی هونەری و شیعری دەتەقێنێتەوە، لەو کاتەوە دەست دەکات بە شیعر پیا هەڵدانیا... شیعرەکانی بەناو خەڵکدا بڵاو دەبنەوە، وەلی ناو دەنرێ (دێوانە) واتە

(١) لەیل و مەجنون لە حوجرەدا ناخوێنرێ، بەتایبەتی لەو قۆناخەدا... (ن).

(مەجنون) و شەیدا...

کوێخا حەمە سوور بۆ ئەوەی ناوی کوڕەکەی لە ناو خەڵک دا بەد ناو نەبێ لەتەک مەلا یوسف دا بۆ داخوازی شەمسە دەچنە لای کوێخا قادر کە باوکی شەمسەیە... دوای حەواندنەوە، مەلا یوسف، بابەتەکە دەکاتەوە:

مەلا یوسف: کوێخا قادر ئێمە هاتووین بۆ خزمەتت بۆ شتێک.

کوێخا قادر: فەرموو؛ ئەوەی بە من بکرێ بۆ ئێوە بەسەر ئامادەم ئەیکەم.

مەلا یوسف: ئەوەی ڕاستی بێ هاتووین لەناو باخچەکەتان گوڵێک هەیە پێشکەشمانی بکەی...[١]

کوێخا قادر گوڵەکەیان کە (شەمسە)یە پێشکەش دەکات هەر لەوێ مارەی دەکەن و هەموو شتێ دەبڕنەوەو فاتیحە دەخوێنرێ، بڕیاریش دەدرێ کە بەهار کە بەرەو کوێستان چوون لە شارەزوور زەماوەند بکەن.

وا ئێستا تۆفی بەهارەو خێڵە جافەکان، بەرەو شارەزوور هەڵدەکشێن...

دەبوو لە کەلی (پەیکۆلی)یەوە ئاودیو بن، لەو کەلەدا لەنگەرێک هەیە بەستەم ئاژەڵ پیا ڕەت دەبێ...

رەسول - ی کوێخا حەمە سوور دەیەوێ ئەو پێش خێڵی کوێخا قادر شێروان کەوێ، کوڕەکەی کوێخا قادریش دەیەوێ خێڵی شێروان لە پێشەوە ئاو دیو بن... ئەو دوو کەسە دەبێ بە هەراو دەون بە ئاشیان...

کوڕەکەی قادر: جا ئەگەر تۆ پیاوی ئاودیو ببە.

رەسوڵ: من ڕەسوڵ کوڕی کوێخا حەمەم ئاودیو ئەبم و هیچ کەس ناتوانێ ڕێم بگرێ...[٢]

لەم کاتەدا ڕەسوڵ تفەنگەکەی ئاگر دەداو گوللەیەک بە سنگی کوڕی قادری شێروان برای شەمسەوە دەنێ و دەمرێ، دەست بەجێ کوڕ گەلی قادر شێروانەش تەقە لە ڕەسوڵ دەکەن و دەیکوژن...

لەلایەکی ترەوە وەلی وا شێت و شەیدای (شەم) بووە، ئاگای لە دنیا نەماوەو نازانێ ڕەسوڵی برای کەتنێکی گەورەی وای کردووە بووە بەهۆی نائومێدی ئەو: براکەی دوو برای شەمی کوشتووەو خۆیشی کوژراوەتەوە...

رەسوڵ تەگەرەیەکی گەورەی لەرێی ئەو دڵدارەدا دروست کرد... (وەلی) وێڵی دەشت و دەر دەبێ، دوای ماوەیەک کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە ئەوجا دەزانێ ڕەسول دوو برای شەمی کوشتووەو خوێن لە نێوان خێڵی ئەوان و دڵدارەکەیدا ڕژاوە... ئیتر پەنا دەباتە بەر هەڵبەست و لاواندنەوەی شەم...

دڵدارییەکەی وەلی دێوانە لە هەموو کوردستان دا دەنگ دەداتەوە، ڕۆژێک عەبدولڕەحمان پاشای بابان لە شوێنێک تووشی وەلی دێوانە دەبێ و دەمێک لەلای دەمێنێتەوەو گوێ لە ڕازو نیازەکەی دەگرێ و بەم جۆرە قسەی لەتەک دا دەکات:

عەبدولڕەحمان: تۆ خۆت وات بەخۆت کردووە.

وەلی: من خۆم وام لە خۆم نەکردووە.

عەبدولڕەحمان: ئەی گوایە کێ وای لێکردووی... بێ گومان خۆت وات لە خۆت کردووە...

وەلی: شەم وای لێ کردووم من شێتی شەمم)[٣]

(١) وەلی دێوانە و شەم - ل٤٧.

(٢) وەلی دێوانە و شەم - ل٥٣.

(٣) وەلی دێوانە و شەم - ل٧٨.



عەبدولڕەحمان پاشا گوێی لە پارچە شیعرێکی دەگرێ و بەزەیی پیا دێتەوەو پەیمانی دەداتێ کە چەند پێی بکرێ یارمەتی پێ گەیشتن بەشەمی بدات...

لەلایەکی ترەوە وا کوێخا حەمەمینی ڕۆغزایی چووەتە داخوازی شەم بۆ سمایلی کوڕی، باوکی شەمیش گفتی داوەتێ و دەڵێ: ئەگەر وەلی تەلاقی بدات دەیداتێ...

کوێخا قادر: کچ کچی خۆتانەو... پێشکەشتانی ئەکەم ئەگەر وەلی تەڵاقی بدا ئەوا بەسەرچاو...)[١]

کە شەم ئەم داخوازییە دەبیسێ ئەوەندەی تر دنیای لێ تاریک دەبێ و دەست بە گریان دەکات، بۆ چارە ڕەشی و بەد بەختی خۆی...

دایک: ئەم گریانە تاکەی؟

شەم: تاکو مردن.

لەلایەکی ترەوە شەم بڕیار دەدات: جگە لە وەلی کەس سەرنەخاتە سەر سەرینی...

(شەم: دایە بەگەورەیی خوا لەوەلی بەولاوە کەس لەباخی منا مێوە ناچنێ)[٢]

دایک کە دەزانێ شەم ئەڤینی لێی بووە بە دەردێکی کاریگەر و چارەی نییە، باوکی تێ دەگەیەنێ کە فریای بکەوێ دەنا لە دەستی دەردەچێ... ئەویش دەست بەجێ بڕیار دەدا ئەو داخوازییەی حەمەمینی ڕۆغزایی کردی هەڵیوەشێنێتەوە بۆیە شت و مەکەکانی بۆ دەنێرێتەوە...

پێش هەڵوەشاندنەوەی ئەو داخوازییە پیرەژنێک هەواڵی داخوازییەکەی شەم بۆ سمایلی کوێخا حەمەمینی ڕۆغزایی بە وەلی دەگەیەنێ، ئەوەندەی تر باری گران دەکات...

شەم کە دەزانێ باوکی داخوازییەکەی سمایلی لە کۆڵ بووەوە، دڵشاد دەبێ و دەڵێ:

شەم: تاکو ئێستا ئەگریام بۆ بەختی ڕەشی خۆم کە باوکم بەڵێنی وابوو کە من بدا بەسمایلی حەمەمین، لەمەولا ئەگریم بۆ وەلی...)[٣]

مەلا یوسف کە دەزانێ داخوازییەکەی سمایل هەڵوەشایەوە، دەچێ بۆ لای وەلی، ئەو هەواڵەی دەداتێ و چامە نایابەکەی (ڕەنجووری)ی کەرکووکی کە بۆ وەلی نووسیبو بۆی دەخوێنێتەوە کە سەرەتاکەی بە (میرزا خاس خەیاڵ...) دەست پێ دەکات... مەلا یوسف داوای لێ دەکات کە سەری باوک و دایکی بدا، ئەویش بە گوێی دەکات و پاش دیدەنی دەگەڕێتەوە بۆ (کەلی پەیکوڵی) لە بن دار گوێزەکەدا ڕادەکشێ... دوای ماوەیەک مەلا یوسف و باوکی دەچنە سەردانی، بەڵام وەلی چاوی کز دەبێ و هێزی لەبەر نامێنێ چونکە دەردی دڵداری هەموو لەشی داوەشاندبوو... بەدەنگ دا مەلا یوسفی ناسییەوە... وەلی پارچە هۆنراوەیەکی لە وەرامی (ڕەنجووری) دا هۆنیبووەوە، پاش خوێندنەوەی بۆ مەلا یوسف دەیداتێ کە بیدا بە ڕەنجووری، هۆنراوەکە ناوی (مەولای لاڵ شناس...)ە.

هەر لەو کاتەدا وەلی دەمرێ و لە پڕ شەم پەیدا دەبێ و خۆی دەدا بەسەر تەرمەکەدا و دەیلاوێنێتەوە...

بەقسەی مەلا یوسف و بەپێی وەسیەتی وەلی دێوانە خۆی: شەم سورەتی یاسین لەسەر تەرمەکەی دەخوێنێ، دوای ئەوە تەرمەکە هەڵدەگرن و دەیبەنەوە...

(١) وەلی دێوانە و شەم - ل٨٨.

(٢) وەلی دێوانە و شەم - ل٩٠.

(٣) وەلی دێوانە و شەم - ل١٠٠.

**چەند تێبینییەک:**

١- نووسەر لەسەرەتای پەیدابوونی دڵداری وەلی و شەمەوە تا کۆتایی شێوەی گێڕانەوەی بەکار هێناوە کە ئەو شێوەیە پتر لە ڕۆمان دا بەکار دێت نەک لە درامادا... دراما لە لووتکەی ڕووداوەوە دەست پێ دەکات، واتە بە شێوەی شیتال - تەحلیلی - دەست پێ دەکات کەچی ڕۆمان بەشێوەی ئاوێتەیی- تەرکیبی-یە...

نووسەر لێرەدا شێوەی ڕۆمان نووسینی گرتووەتە بەر - نەک دراما.

٢- لات وایە داستانە دڵدارییەکەی (مەجنوون و لەیلا)ی عەرەبییەو ڕوێکی کوردی دراوەتێ و پاڵەوانەکانی بە کوردی ناونراون، هەروەها ڕووداوە درامییەکانیش زۆریان لە ڕووداوەکانی مەجنوون و لەیلای عەرەبی دەچن.

٣- لەپەردەی یانزەهەم دا: وەلی کە دەزانێ ڕەسوڵی برای پێش مردنی خۆی دوو برای شەمی کوشتووە، شێت و لێوە دەبێ، کەچی ئەو لەپێش ئەو ڕووداوەدا شێت و شەیدا ببوو... نازانرێ بۆچی شێت و شەیدا بوو، ئەی شەم بەپێی نەریت و یاسا لێی مارە نەکرابوو؟! کەوابوو بۆ وێڵ و سەرگەردان ببوو؟... دەبوو لە کاتی دروست بوونی دوژمنداری لە نێوان خێڵی قادر شێروان و ماڵی باوکیا شێت بوایە یان کاتی ڕووداوەکە بوو بەهۆی نەگەیشتنی بە شەم، دەبوو لەو کاتەوە وەلی شێت و شەیدا بوایە... ئەی بۆ وەلی یان کەسێکی تر خزمی بەدەم ئەو کارەوە نەچوون تا بزانن دەیدەن تا بیگوێزنەوە یان نەء...

ئەگەر نەء بێ ئەو وەختە وەلی مافی ئەوەی دەدرێتێ کە ببێ بە دێوانەی دەشت و هەردە... دڵدار دەبێ فەرهاد ئاسا بێ نەک (قەیس) ئاسا: بداتە دەشت و دۆڵ و کەچی لەیلای دڵخوازیشی وا لە ناو خێڵ دا چاوەڕوانی دەکات بەڵێ دڵدار دەبێ فەرهاد ئاسا بێ: کام شاخ سەختە بیداتە بەر چەکوش بۆ ئەوەی بە دڵدارەکەی بگات... نەک بگری و بنووڕێتەوە سەرگەردان ببێ و بنوزێتەوە، دڵداری نانەوەی هێزە نەک خۆ پلیشاندنەوە... ئەم جۆرە دڵدارییە لەم درامایەدا دڵداری عەرەب ئاسایە نەک دڵداری کوردانە...

٤- لە پەردەی نۆزدەهەم دا: دەبینین کوێخا حەمەمینی ڕۆغزایی داخوازی شەمی کرد بۆ سمایلی کوڕی... ئەمە چۆن دەبێ ئافرەتێک بەشەرع مارە بڕاوی یەکێک بێ و یەکێکی تر داوای مارە بڕینی و داخوازی بکات... ئەگەر دەڵێی داخوازییەکە هەروا ڕەواڵەتییەو باوکی بە (ئەگەر تەڵاقی بدا) ئەیداتێ، جا ئەگەر وایە بۆ لەلاپەڕەی (٩٢)دا: ئەو شتوومەکانە بۆچی بوون کە کوێخا قادر ڕەتیان دەکاتەوە؛ ئەوەتانێ دەڵێ:

(کوێخا قادر: لەبەیانی زوو تر نییە شتومەکی سمایلی کوڕی حەمەمینی ڕۆغزایی ئەنێرمەوە...).

لە نەریتی کوردەواریدا شتی وا ناشیرینە: ئافرەتێک بە بەنی یەکێکی ترەوە بێ داخوازی بکرێ و شتوومەکی بۆ بکرێ...

جگە لەوەش چۆن خێڵی کەماڵی چاویان لەو داخوازییەی ڕۆغزایی پۆشی؟

٥- لەلاپەڕەی (٦٠)دا وەلی پارچە شیعرێک کە سەرەتاکەی (قیبلەم مەردەنم...) دەخوێنێتەوە... کە سەرتا خواری چامەکە وا دەگەیەنێ وەلی دەمرێ و بەدیداری شەم شاد نابێ وا دیارە نووسەر هەر لەسەرەتای ژیانی (وەلی)یەوە بڕیاری داوە کە وەلی بەناتەسەری و کڵۆڵی سەر دەنێتەوە، دەبوو ڕووداو و کارەساتی ناو دراماکە ئەو بڕیارە بدەن نەک نووسەر... بۆ ئەوەی بینەر یان خوێنەر چاوەڕوان بن داخۆ چارەنووسی ئەم دوو دڵە بەکوێ دەگات...



٦- نووسەر هەندێ ڕووداوی دروست کردوون کە دەبنە هۆی زۆرانبازی کە بڕبڕاگەی هونەری درامان کەچی ئەوەندە بایەخی نەداونەتێ و بە ئاسانی سەرنوگمی کردوون... وەک دوو بەرەکایەتی لە نێوان دوو هۆزدا یان دروست بوونی دوژمنداری لە نێوان خێڵی حەمە سوور و کوێخا حەمەمینی ڕۆغزایی دا...

کوا خێڵی حەمە سوور سەبارەت بە داخوازییەکەی کوێخا حەمەمین لێویان نەترەکان و متقیان لیوە نەهات... لەبەرچی؟

دراما ئا لەوێدا دروست دەبێ... ڕێسایەکی درامی هەیە دەڵێ: بەگژ یەکتر چوون و بەربەرەکانێی یەکتری کەسانی ناو دراماکە دەخولقێنن... لێرەدا دەبوو خێڵی حەمە سوور داوا لە خێڵی کوێخا قادر بکەن کە پێک بێن، ئەوجا یان پێک دەهاتن یان داوای خوێنی کوڕەکانیان دەکرد... ئەوجا دەهاتنە سەر کێشەی (وەلی و شەم).

٧- نووسەر توانای چاکی هەیە لە داڕێشتنی دایلۆگ دا کەچی بایەخێکی ئەوتۆی بەداڕێشتنی ڕستە نەداوە زۆر ڕستە هەیە زێدەیە و دایلۆگەکەی لەق کردووە.

٨- نووسەر چۆنیەتی شەیدابوونی (وەلی)مان بۆ دەگێڕێتەوە، گێڕانەوە، کاری مێژوو نووسانەو بەشوێن ڕووداوەکان دا دەچن تاکۆتایی... کەچی کاری درامانووس پێشبینی کردن و تۆژینەوەی ئەو هۆکارانەیە کە ڕووداوەکان بەر ئەنجام دەدەن...

***

## ١٨- مەرگی بەختەوەری ١٩٨٤

مەرگی بەختەوەری شانۆگەرییەکی شیعرییە: نووسینی (عبدالقادر سعید)ە... شانۆگەرییەکە بەشێوازی هۆنراوە تەنراوە... هۆنراوەکان هەر چەند تەڕو پاراون و لەسەر زار ئاسان و بێ گرێن، بەڵام ئەو تابلۆیەی کە سەرتاپای دراماکەی لێ دروست بووە چڕوپڕ نییە و گەلێ بۆشایی تیا ماوەتەوە کە ئەگەر دایلۆگەکان بەشێوازی پەخشان بوونایەن لەوانە بوو ئەو لارە سەنگییەی تیا دروست نەبوایە... دیارە سروشتی هۆنراوە گەلێ جار دەستەڵات لەدەست بوێژ دەسێنێ و بەهەوەسی خۆی سەرکەشی دەکات...

دراماکە چەند تابلۆیەکە لەناو ئەلبومێکی هونەری دا، وەنەبێ تابلۆکان کۆئەندامێکی یەکگرتووبن و بەیەکەوە شەتەک درابن، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕەنگینن و خراونەتە ژێر یەک بابەتەوە خوێنەر هان دەدەن کە بەپەلە هەڵیان بداتەوەو سۆراخی مەرگە بەختەوەرییەکەی بکات... مەسەلەی ستەمکاری و کەلەشی خاوەن شکۆی ناقۆڵای لێ دەرکەی ئەو داوانەی کە تابلۆیەک بە تابلۆیەکی ترەوە دەبەستن زوو دەپچڕێن و تەتڵە بەزەیینی خوێنەر دەکەن...

کورتەی دراماکە ئەمەیە: چەند سەنگ تاشێک وەربوونەتە چیای ئاسنین و کوناو دەری دەکەن، بێزارن، حەوت مانگە بەو کارەوە خەریکن و وچانیان نەداوە، وا ئێستا ماندووبوون هێزی لێ چنیوون، وەک وەربوونەتە ئەو چیایە واش برسیەتی هەناوی ئەوانی گوشیوەو خەریکە چۆکیان پێ بدا... لەژێر زەبر و خورتی و ترسی خاوەن شکۆدا گوایا بۆ نیشتمان کار دەکەن!! بەوە هان دەدرێن و هێز بە بەریان دا دەکرێ چونکە خەڵک چاوی بڕیوەتە ئەو کارەی ئەوان، ئەوانیش بۆیە بێزارن چونکە نازانن مەبەست لەو کارکردنەیان دا چییەو لەبەر چی خەڵک ئەو کارەیان بۆ نیشتمان دەزانێ... تا ئێستا یەکی سێ جار قوڵنگیان لە هەڵدڕینی جەرگی چیای ئاسنین کول کردووەو پشوویان نەداوە... داوا لە خاوەن شکۆ دەکەن کە بۆ ماوەیەک پشوویان بداتێ و تا سەر لەماڵ و منداڵیان بدەن... ئەویش داواکانیان ڕەت دەکاتەوە کە گوایا کارەکەیان خێرایی دەوێ و گەل بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی هێنانەدی ئەو پڕۆژەیە... کەچی جۆری

پرۆژەکە دیار نییە کەوتووەتە ژێر لێشاوی هەڵبەستی دایلۆگەکانەوە، سەبارەت بەو پرۆژەیە متقێک نابیسرێ.

پنتی ڕەت کردنەوەی ئەو داوایە دەبێتە سەرەتای دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەو دوو بەرەیەدا، بەرەی سەنگتاشان کە نموونەی سەرجەمی جەماوەرن، بەرەی خاوەن شکۆ و دەست و دارای ئەو...

دیارە ناکۆکییەکە لە پێشەوە لە پەردەیەکی نهێنی ئاستەم دا بووە بەڵام لە پنتی ڕەتگاکەدا لە پەردەی نهێنییەوە کەوتە ناو پەردەی ئاشکرا بوون... ئەوان بڕیار دەدەن واز لەو کارە بهێنن، ئەویش هەڕەشەی مردن و زیندان کردنیان لێ دەکات:

خاوەن شکۆ: گوێ بگرن لێم

یاخی بوون لە فەرمانی من

سزای مەرگە

مەرگ و زیندان

دوو ڕێگەی جیان

بۆ ئەوانەی

لەبیری ڕەشی یاخیان

بیرتان نەچێ

بیرتان نەچێ(١)

سەنگتاشەکان بە تەگبیر واز لە کار دەهێنن و لەدەرگای ئەشکەوتەکەدا پاڵ دەدەنەوە... ئا لێرەدا دەوری ئەو سەنگتاشانە تەواو دەبێ...!.

لە تابلۆی دووەم دا: خاوەن شکۆ و دەست و پەیوەندەکەی تەگبیر دەکەن، لەشکری ساختە و قینیان جماندووەو دەیانەوێ بەسەر کۆگای ڕەنج و کەلی ڕووناکی دا بدەن: کێم و کینەو ڕکی دەروونی پڕ لە زاخاویان هێناوەتە کوڵ دژ بە خەڵک و جەماوەر بۆ ئەوەی سەرکوت و تاساویان بکەن... تەگبیر کوشتن و سەر نوگم کردنە، دوا بەدوای ڕیچکە بەستنی ئەو ڕک و کینەدا کاروانی یاخی بووان لە بزووتنەوەدان و بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەم و باری ناپەسەندی ژیان لە جموجۆڵ دایە، هێزی خەبات و ڕاپەڕینیش هەرەسی هێناوە...

برزوی خزمەتکار:

مرۆڤ ئەگەر چاوی نەبوو

نابینایە

ئەگەر ڕێگاو دەنگی نەبوو

وەکو کوێر وایە

دە ساڵە من

خزمەتکاریی دەربار دەکەم

دە ساڵە لە

(١) شانۆگەری مەرگی بەختەوەرەی - ل٢٠.



ژێر چاودێری... چاوی برسی

پاساوانان ڕەنج دەدەم...

ئەم تابلۆیەش وەک کۆمەڵە پەندێکە لە ئامۆژگارییەوە نزیکترە تا هونەری دراما کە وەبان پێ پلیکانەی جمووجۆڵدا سەردەکەوێ...

لە تابلۆی چوارەمدا خاوەن شکۆ و دەست و پەیوەندەکەی تووڕەن و تەمی پەژارەی یاخی بووەکانیان لێ بووە بە کۆسپێکی گەورەی وەها سەری لێ شێواندووون و دەری بۆ نەهێشتوونەتەوە... یاخی بووەکان وا پەرەیان سەندووە، دەست لەسەر هەر یەکێک لەو کۆمەڵە دابنێی لەوانەیە لەوان بێ... تەنانەت پیاوەکانی ناو کۆشک و دەرباریش بتمانەیان پێ ناکرێ...

(دارا) ناوێک کە حەشارگەی هەموو نهێنی و ڕازو نیازێکیەتی ئەویش گومانی لێ دەکرێ و تووشی دەردی ئەو یاخی بوونە بووە بۆیە خاوەن شکۆ و دەست و بەرەکەی ئۆقرەیان لێ بڕاوە بێ ئارام بوون... وا لە مەشوورەی ئەوەدان ئەو ئاگرە کپ بکەنەوە، کەچی تەگبیر و ڕاوێژەرانی پتر بڵێسە بە ئاگرەکە دەدەن، وا قلەشاوەتەوە جارێکی تر یەکتر ناگرێتەوە؛ لەناو کۆشکدا تەگبیر چەقۆ سووینە بۆ گەردنی یاخی بووەکان و لە دەرەوەی کۆشکیش دەنگی منداڵان دژ بە کۆشک، زەوی لە بن پێی ستەمکاراندا هێناوەتە هاژین...

منداڵەکان: منالی گەڕەک وەرنە دەرێ

باخۆری نوێتان بەر کەوێ

پەردەی نهێنی لابرا

مەرگی سەنگتاش ئاشکرا بوو

تارمایی مردن ڕاونرا...(١)

لە تابلۆی پێنجەم دا کاسە سەری کوژراوەکان ناو کۆشکیان هەراسان کردووەو گەلەکۆمەیان لە خاوەن شکۆو دەست و بەرەکەی کردووە بە هەرلایەکدا ڕوو هەڵدەچەرخێنن لەیەخەیان نابنەوەو دەستیان ناوەتە بینەقوڕگەیان... کاسە سەرەکان داوای لاشەکان و خوێنەکانیان دەکەنەوە دەیانەوێ بگەڕێنەوە لای منداڵ و کەس و کارەکانیان، لە دەرەوەی کۆشکیش دا لاشەکانیان داوای سەرەکانیان دەکەنەوەو دڵ و دەروونی منداڵە هەتیو بووەکان و دایک و باوکە جگەر سووتاوەکانیان هێناوەتە جۆش و کڵپەی ئاگری شۆڕشیان بۆ هەڵگرساندووون بۆیە بە کوڵ هاوار دەکەن:

بۆ دەرەوە

زۆردارەکان... بۆ دەرەوە

هێزی گەل بۆتە ڕەشەبا

کۆشک و دەربار کاول دەکا

بۆ دەرەوە

بۆ دەرەوە...(٢)

(١) مەرگی بەختەوەر: ل٤٤.

(٢) مەرگی بەختەوەر: ل٦٦-٦٧.

## ١٩- شاجوانی دەربەند فەقەرە ١٩٨٥[١]

شانۆنامەی: «شاجوانی دەربەند فەقەرە» کە دەخوێنیتەوە لات وایە ڕاپۆرتیکی سەرپێییەو سەبارەت بە چۆنیەتی ژن هێنانی پیاوێکی سادەو ئاسایی نووسراوە، ئەم پیاوە لەرێ گوزارێک دا تووشی کیژۆڵەیەکی پەری ئاسای سادە دەبێ وا لەسەر کانیاوێک خەریکی ئاو گۆزینە. پیاوێک (حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە) دڵی دەچێتێ و ئەوەندەی گۆزەی ئاوێک پڕ بکەی بەو خێراییە دڵیان لەیەک دەچێ و پەیمانی بوون بەهاوسەریش دەبەستن و باوش بەیەکدا دەکەن و ئەوەندەی پێ ناچێ لەیەک جیا دەبنەوە...

ئەم شا جوانە، بە ئاسانی وەک بەرخۆڵەیەکی سادە بێ پەروا بۆ حەمە ئاغای شاعیرماڵی و دەستەمۆ دەبێ...

ئەمە جەرگەی هەموو شانۆنامەکەیە... بەشی سەرەکییەتی...

لەبەشی دووەمدا: ئەورەحمان پاشای بەبە بۆ ڕاو و شکار ڕێی دەکەوێتە ئەو شوێنەی کە پەرێز و ڕەوگەی «شاجوان»ـە، لەسەر کانیاوێک چاوی پێی دەکەوێ و دەنێرێتە داخوازی و مارەی دەکات... کە حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە بەمە دەزانێ، خۆی دەگەیەنێتە دیوەخانی ئیبراهیم پاشا و تکای لێ دەکات کە دەست بەرداری شاجوان بێ چونکە پەیمانیان بەیەک داوە، ئەویش بەبێ چەند و چوونی... چەند ئەم وشەو دەستەواژانە سادەو بێ گرێن واش دەسبەرداری دەبێ و شاجوان دەبێتە بووکی حەمە ئاغا و بۆی دەکرێتە پەردەوە...

«حەمە ئاغا: هەڵدەسێتە سەر پیان و پەردەی پەنجەرەکە دادەداتەوەو لەگەڵ شاجوان دا باوش بەیەکدا دەکەن».

«برازاواکان: (لە دەرەوە دەس ئەکەن بە تفەنگ ئاگردان)...

ئەمە هەموو شانۆ نامەکەی: (لەیلان)خان بوو...[٢]

لە شانۆ نامەکەدا بنەمایەکی فیکری وا هەست پێ ناکرێ لەلایەکەوە ببێ بەدەستەبەرەی نووسەر و ویستبێتی لەو بارەوە شتێکمان پێ بڵێ ئان بە بۆنەی ئەوەوە باری بۆچوونی خۆی بخاتە ڕوو، لەلایەکی ترەوە گریمان ئەو فیکرەیەی بۆ دادەنرێ خۆ دەبێ چەند ڕووداوێکی وردیلەی تر هەبن کە بازنەیەک بۆ فیکرە سەرەکییەکە دروست بکەن و بەدەوریا بسووڕێنەوە، کە ئەمەو ئەوانە نەبوون ئیتر تان و پۆ ناکەوێتە بەردەست و تەنینی دراماش هەوا گیر نابێ و کەسانی ناو دراماکەش دەستە پاچە دەبن هیچیان لەدەست نایەو لە پەل و پۆ دەکەون و قسەیش نازانن و دەبێ لەجیاتی ئەوان نووسەر خۆی گفتوگۆ بکات... ئەوەتانێ نووسەر کەسانی دراماکەی وەک منداڵی ساوا لەسەر چینچکە داناون و بەناوی ئەوانەوە دەدوێ...

کۆمەڵە ناوێک لەناو نووسینەکەدا هەن؛ وەک:

(عەلی بەردەشانی، حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە «پاڵەوانی سەرەکییە»، شاجوان، کوێخا گوروون، گوڵناز، ئیبراهیم پاشای بەبە، جوامێر...). ئەمانە تەنیا ناویان کەوتووەتە ناو ئەو ڕاپۆرتەوە کە ناونراوە شانۆنامە... لەناو ئەو ڕاپۆرتەدا هیچ گەرم و گوڕییەکیان لێ بەدی ناکرێ، وەک مردووی ناو مەیتخانەن وان جوڵەیەک ناکەن تەنانەت سەری خۆیشیان ناکڵاشن ئەرێ ئەم زەلامە زلانە بۆ وا بێ دەستەڵاتن؟

ئەی کوا گرێی دراماو کوا ڕووداوی دڵتەزێن؟.

نووسەر دەیەوێ کەلەپووری کوردی زیندوو بکاتەوەو «مۆرکی نەتەوایەتیم ناوە بەناو چاوانی شانۆ نامەکانمەوە»[١].

تۆ بڵێی ئەو کەلە شاعیرە «حەمە ئاغای دەربەند فەقەرە» و «ئیبراهیم پاشای بەبە» و هی تر ئەوەندە ساویلکەو بێ دەستەڵات بووبن؟ ئەگەر واش بووبن ئەو کاتە نابێ بێنە مەیدانی شانۆوە...

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، ئەوەی پێشەکییەکەی بۆ نووسیوە، دەبوو هەندێ ئامۆژگاری دانەری شانۆنامەکەی بکردایە و تێی بگەیاندبا کە هەر شتێ بکرێ بەدایلۆگ مانای ئەوە نییە بوو بە شانۆگەری و دراما...

***

## خەج و سیامەند ١٩٧٧

شانۆگەریی خەج و سیامەند نووسینی «فوئاد مەجید میسری»یە... خەج و سیامەند وەک مەم و زین و خانزاد و لەشکری و شێخی سەنعان و مەمی ئاڵان داستانێکی دڵدارییەو تایبەتە بە میللەتی کوردەوە...

نووسەری ئەم شانۆگەرییە پشتی بە (خەج و سیامەندەکەی) «عبداللەی ایوبیان» بەستووە کە لە ساڵی (١٣٣٥)دا (دانشکدهء أدبیاتی تبریز) بە تیپی لاتینی بڵاوی کردووەتەوە... کە ئەویش بریتییە لە کورتەی ئەو چیرۆکە فۆلکلۆرییەی خەج و سیامەند کە لە کوردەواری دا بڵاوە...

ئەمە کارێکی ڕەواو جوانە، هەم زیندوو کردنەوەی کەلەپووری نەتەوایەتیمانە هەم هەنگاو نانە بەرەو دامەزراندنی هونەر و ئەدەبی کوردی لەسەر بناغەیەکی ڕەسەن و پتەو کە ڕیشەی لەناو جەرگەی مێژووی نەتەوایەتیماندا کوتاوە... بوێژو گێوندەکان و سترانبێژەکانی کورد ئەو داستانەیان لە سنگ خۆدا پاراستووەو، وەک گەنجینەیەک دەماو دەم لە دوو تۆی ئاوازی حەیران و لاوکەکانیان دا بۆ ئێمەیان هێناوە، ئەمانە بەشێک بووە پشتاو پشت گوازتوویانەتەوە، وا لە بەردەم ڕۆژگاری ئەمڕۆی ئێمەدا دایان ناوە... با ئێمەش بە ئەنمەک بین وەک وڵاتانی پایەدارو ئۆجاخ ڕوون ڕەویەی مێژوو کارەساتەکانی ئەوان بکەینە ئەمانەت و دەقیان بدەین و بیانخەینە ناو بۆخچەی پڕ بەگوڵاوی بەرهەمەکانمانەوە...

با شیعرو چیرۆک و دراماکانمانی پێ پەزێرەو هەوێن دار بکەین بۆ ئەوەی ئاڵقەی زنجیرەی مێژووی دێرینانمان نەپسێ و دوێنێ و ئەمڕۆ و دوا ڕۆژمان بەیەکەوە ببەستین و ڕەچەڵەکی شانازی بە باوان و بەرەبابی خۆمان بۆ نەوەکانمان بنیات نێین... ئێمە خاوەنی کەلەپووری لەبن نەهاتووی دێرینانی خۆمانین و بەوەوە دەناسرێین... لەخوا بەزیاد بێ؛ ئێمە نەوەکانی پاشمان چەند خەریکی دەردانی ئەو گەنجینەیە بین هەر دوایی نایە و بەشی هەمووومان دەکات... هەر بنداری، هەر ڕەوەزێ، هەر ئەشکەوتێ، هەر نەرەیەک، هەر کێلێکی قیت... داستانێکە و مێژووی لەتەک خۆیا هێناوە... نووسەری ڕەسەن و خامە ڕەنگین و بەهرەداری دەوێ کە ڕەنگ و ڕوخساری ئەو شتانە بکات بە دەنگ و بە قەڵەمەکەی ئەو دەنگە لەناو کۆڵکە زێڕینەی وشەکانیا لەتەونی بداتەوەو پارچەی ڕەنگینی لێ دروست بکات...

(١) (شاجوانی دەربەند فەقەرە) نووسینی (لەیلان)ە و یەکێکە لەو دوو شانۆیە کە لەدوو تۆی کتێبی (دوو شانۆنامە لە مێژووی کوردەوە)دا لە ساڵی (١٩٨٥)دا بە یارمەتی ئەمینداریتی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان لە چاپی داوە... ئێمە تەنیا (شاجوانی دەربەند فەقەرە)مان هەڵبژارد چونکە لەناو کتێبەکەدا یەکەم شانۆنامەیە، دووەمیان ناوی (کەیغان)ە... دیارە بەلای نووسەریشەوە پەسەند ترە بۆیە پێشی خستووە...!

(٢) دوو شانۆنامە لە مێژووی کوردەوە... ل٣٧.



(١) سەرچاوەی پێشوو ل١١.

نووسەری درامای «خەج و سیامەند» شانۆگەرییەکەی لەسەر بناغەیەکی خۆماڵی پتەو دامەزراندووە... ڕێی خۆی بزر نەکردووە...

کورتەی دراماکە:

«لەچایخانەیەکی میللی دا لە سلێمانی حیکایەتخوانێ بەیازی (خەج و سیامەند) بۆ خەڵک دەخوێنێتەوە... خەج و سیامەند پسمامن و هەردووک خەڵکی گوندی کێلەسپیانن... پەیمانیان بەیەکتری داوە کە بۆ یەک بن... وا هەردووکیان لە ڕێی بێرێ دا بەیەک گەیشتوون... سیامەند چەپکە گوڵێک بەخەج دەداو یادی پەیمانەکەیان دەکەنەوە...

«سیامەند: ئەمە پەیمانە خۆشەویستییمان بەیەک داوە»(١).

لەناو عەشیرەتی کێلەسپیاندا ئەوینی پاکی ئەو دوو دڵدارە لە پەردەی نهێنی دا نەماو کەوتە سەر زاری هەموو کەسێک... باوکی خەج میری عەشیرەتەو وا لە دیوەخاندا لەتەک هەشت لە کوڕەکانی و بابە شێخ - ی دەمڕاست و میرزایا پاڵی داوەتەوە... قسەی دیوەخان باسی دڵداری ئەو دڵدارە دێنێتە پێشەوە، میر باوکی چل کوڕەو بە دەسەڵاتەو خۆی بەهاو سنفی کەسانێکی وەک سیامەند نازانێ...

بە ڕاو تەگبیری هەمووان و فەرمایشتی بابەشێخ: سیامەند هاوشانی ئەوان نییە و، ئەو مسکینە و ئەمان میر... کەواتە خەج شایستەی میرێکە نەک مسکینێکی وەک سیامەند... سیامەند کە دەزانێ نیازی ئەوان وایە، پەنا دەباتە بەر هێزی دڵداری و ئەڤین و پێی وایە هیچ شتێ باڵا دەستی نییە...

«سیامەند:... بەڵام لەحاست دڵی ئەمن دا تەواو هەژارن... تەواو هەژارن!»(٢)

سیامەند گەلێ بەخۆدا دەپەرمێ... بۆ نەوای دڵ پەنا دەباتە لای ئاسنگەرێک... بەڵام ئاسنگەری خاوەن ئەزموون و دنیا دیدە لە جیاتی ئەوەی ڕاوتەگبیرێک بۆ ئەو دڵدارە دابنێ ئەوەتا سەرزەنشتی دەکا:

(ئاسنگەر: بەچیتەوە؟ جێگەت؟ ڕێگەت؟!)(٣)

جگە لەوەش ئەوەتانێ لە شوێنێکی تردا بۆ ئەوانە دەکلۆزێتەوە، کە پەیمانی دڵدارییان بەستووەو هەراسانی دەخاتە دڵیانەوە:

«ئاسنگەر:... لەهەرجێیە، داستانی عیشق و ئەوین پەیدا بووبێ
لەجێی ژوانێ... دڵدارەکان، پەیمانی خۆشەویستییان
مۆر کردبێ... ئاشق دڵی لە مشتی دوڵبەر خستبێ
کەیخودایەک، مەزنە پیاوەک، پەیدا بووە...
بۆ مەرام و نیاز خۆی زەماوەندی سازکردووە
«هەروایەو هەروەها بووە... »(٤)

لەلایەکی ترەوە وا کۆمە داخوازییەک بۆ خەج هاتوونەتە پێشەوە... لەوانە مەمەندی جەوهەردار،

(١) شانۆگەری «خەج و سیامەند» نووسینی فوئاد مەجید میسری ... ل٢٣.
(٢) هەمان سەرچاوە ل ٢٦.
(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٨.
(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٨.



میرزای نیمچە سەواد دار و خۆ بە عاقل و ماریفەت زان، ئەم دووانە هەر یەک بە جۆرێکی خاوو بێ تام خۆی هەڵدەکێشێ و پێی وایە شایستەی هاوسەری خەجە... ئەو دووانە مشت و مڕیانە، لەم کاتەدا (میری زۆزان) دێتە پێشەوەو ئەمیش داخوازیکاری خەجە... پاش ئەوەی مەمەند و میرزا ڕوو شکێن دەکات... پێیان دەڵێ: تاخۆی هەبێ ئەوان چین؛ جەحێلی و سەواد لە ڕووی (میر)دا ڕەواجیان نییە و بافتی هیچ نین... دیارە لە بنەوە بابە شێخی دەم چەورکردووە کەرێگەی گەیشتن بە خەجێی بۆ ئاسان بکات... ئەو سێ سوارە هەر یەک هەوڵ دەدەن خونجەی نەپشکوی خەج پێش ئەوانی تر لە کۆڵ بکاتەوە... بەڵام هەی هو... خەج لەزووەوە گرێ ئەڤینی سیامەند بەربووەتە جەستەی و تواوەتەوە...

(میری زۆزان) دەست دەخاتە ناو دەستی میری کێلە سپیان و خەجی لێ مارە دەکرێ...

سیامەندی بێ چارە چی بکا؟... لەشەوێکی ئەنگوستە چاودا لەتەک خەج دا ڕێی هات و نەهات و هەڵدێری سەخت و هەزار بەهەزاریان خستە ژێر پێی دڵداری و هەنگاویان نا...

ئەو شەوە ڕێی هەڵدێرو سەخت بۆ هەنگاوەکانی ئەوان خۆی تەخت دەکرد، ئەوان دەیانویست زوو لە سنووری کێلە سپیان و زۆزان دەرباز بن، ڕێی سەختیش دەیەویست هەر لە ئامێزی خۆیا بن... سیامەند لەڕەوەزێکی تەنگ و هەڵدێردا قاچی هەڵزەنی و بەرەو خەرەندێک بەربووەوە، لکی دارە بەنێک بۆ خۆی گرتیەوە، بۆ ئەوە نەبوو بچەقیتە ناو هەناوی، بۆ ئەوە بوو تا بیگرێتەوەو بیداتەوە خەجی بێ بەخت... خوێنەکەی بەدارەبەنەکە بەخشی و گیانی دا... پێش ئەوەی گیان بدا هاواری کرد:

(خەجێ بەئاگا بە پێ لە شوێن پێی ئەمن نەنێی، ئەمن هەڵدێرام وە دیارە کارم کراوە)(١).

خەج ئەو دۆڵەی بە فرمێسکی گەرم و هەنسکی بەکوڵ هێنایە هەژان...

کە خەڵکی کێلەسپیان زانیان خەج دوی سیامەند کەوتووە - سۆراخی دەکەن و دەیگەنێ - بەڵام خەج خۆی بەدەستیانەوە ناداو، خۆی بەرەو لاشەکەی سیامەند دەهاوێ».

چەند سەرنجێک:

١- نووسەر لە داڕێشتنی دراماکەیدا هەوڵی داوە پێڕەوی درامای داستانی بکات... وەک لەم خاڵانەی خوارەوە دەردەکەوێت:

أ - بەکارهێنانی حیکایەتخوان، تا ئەوە پیشان بدا کە ئەمە داستانی ڕابوردوانە و نووسەرو کاراکتەر دەسکاری ڕووداوەکانیان نەکردووە، هەروەها تا ئەوەش بە بینەر بگەیەنێ نەکەوێتە ناو گۆمی گومانی خۆیەوەو خەیاڵ نەیباتەوە... بەڵکو هۆشیار بێ و لەگەڵ کارگەری ڕووداوەکاندا هەڵس و کەوت بکات و جەڵەویان بەرنەدا...

ب - نەخشاندنی هەندێ دیمەن و گێڕانەوەی هەندێکی تریان تا ئەوە پیشان بدا کە کارکتەرەکان تەمسیلی ڕووداوەکان دەکەن و نابێ بچنە ناو کەوڵی کەسانی دراماکەوە...

جـ - چارەسەرنەکردنی گیروگرفتەکانی ناو دراماکە بۆ ئەوەی ڕێی چارەسەرنەکردن لە بینەر نەگیرێ... هەروەها تا فێری ئەوە بن ئەگەر ئەوان سیامەند بوونایەن، یان خەج بوونایەن چییان دەکرد...

٢- دراما هونەرە، ئەدەبە... دەبێ خامەی نووسەر بەرگێکی قەشەنگی بەبەردا بکات و بیڕازێنێتەوە... ئەو گێوندە و بەیازنووسانەی سەردەمی ڕووداوەکەی خەج و سیامەند هەر ئەوەندەیان لەباردا هەبووە کە بەپێی چێژ و حەزی سەردەمی خۆیان کارەکەیان سازداوە... درامای داستانی مانای ئەوە نییە بارەی

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٥٢.

ئەستەتیکی تیا بخرێتە پشت گوێ... بەڵێ ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە بەڵام لەبەرگێکی قەشەنگ و تەکنیکێکی مەحکەمدا...

ئەوەتا (برێخت) زۆربەی دراماکانی لە دوو تۆی شیعری نایاب و بەپێزدا دارشتووە کە بەڵگەی بەهرەداری و بایەخ دانیەتی بە بارەی ئەستەتێکی... کەچی درامای خەج و سیامەندمان هەروا بەشاش و دروشتی پێکەوە نراوەو نەبیری خوێنەر تەسەل دەکا؛ نەبینەر هەڵدەنی کە هۆش بکاتەوە... وێڕای ئەمەیش هێشتا بینەرو خوێنەری دراما و شانۆگەریمان هۆگری ئەم جۆرە هونەرە نەبوون... هەر کاتێ چێژیان لەو بوارەدا تەسەل بوو ئەو کاتە بۆمان هەیە دەرگایەکی تری درامایان بۆ بکەینەوەو بڵێین: بگرە ئەمەش جۆرێکی تری درامایەو فەرموون خۆتان بخەنە ناو ئەو هەڵوێستانەوەو وریا بن و چاو بکەنەوەو فێر بن...

٣- کەسانی ناو دراماکە هەموو بەخاوی دێنە پێشەوەو هێز لەبەریاندا نییە و کە دەکەونە ناو چیرۆکەکەوە دوو سێ قسەی بێ تام و خۆ بەدەست دانەوە دەکەن و جەڵەو دەکرێن و بوون و نەبوونیان وەک یەکە...

چی بکەن هیچ کارێکیان پێ ڕاناسپێردرێ کە لەوێش دا دیار نین...

ئەوەی یەک دوو درامایەکی برێخت بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە کەسانی ناو ئەو درامایە زیت و چەلەنگ و کاربەدەستن و هەریەک لەدەور خۆیا چمکێکی کارەساتی ناو دراماکەی گرتووەو بەری نادا، ئەگەر ئەو نەبێ ڕووداوەکان بەرەو لووتکە نارۆن و لارە سەنگییەک دروست دەبێ...

٤- ڕووداوەکانی ناو دراما کردەی کەسانی دراماکەن: وەک وتمان کەسانی دراماکە ئەوەندە کارگێڕ نەبوون... وەک دەنکە تەزبیح بەدوای بەیازەکەوە کرابوون... تەنانەت سیامەندیش ئەمەندەی لێ دەرچێ کە دەڵێ: (میر، میرە... ئەمنیش سیامەندی عاشقم) ئەمە دڵە تەپێیەک دروست دەکات لەمە بەولاوە... لات وایە بە خورتی گیرۆدەی ئەو دڵدارییە بووەو دەستەڵاتی بەسەریا ناشکێ وەک ڕەویەی ئەو ناوچەیە خۆی خستە باوەشی نەریتی ڕە دوکەوتنەوە... مەسەلەی دڵدارییەکە لەسەر هەردوو دڵدار تەوەرەی کردووەو بە ئاستەم دێ و دەدرێتە دەست ڕۆژگار کە لێرەدا کۆتایی پێ هێنانی ئەنجامی دڵدارییەکەیە بەرێگەی داب و نەریت کە میانجی کردنە لە نێوان سیامەند و ماڵ مامی دا... کەچی چارەنووس کەوتە ناوەوەو پێی سیامەند لەرێی دەربازبووندا لە هەڵدێرێک دا هەڵدەزەنێ و دەکەوێتە خوارەوە (بەسەر لکی دارە بەنێکەوە ئەگیرسێتەوەو هاوار ئەکا)[١].

ڕووداو لە دراماکانی برێخت دا لە ئەنجامی کاروکردەی کەسانی ناو دراماکانەوە دەئاوسێ و زاوزێ دەکەن و بەڕووی یەک تردا دەتەقێنەوەو هەرەس دەبن... دەبوو نووسەری خەج و سیامەند هەندێ دەسکاری لە داستانەکەدا بکردایە، تاوا بەسادەیی نەمایەتەوە... من پێم وایە نووسەر ئەگەر لە جێی سیامەندا بوایە وای نەدەکرد، ئەی بۆ ئەو بەسەزمانەی وەک سیامەندی بەیاز بێژەکەی سەدان ساڵ لەمەو بەر تری لێ بکرێ؟!

خۆ ئەگەر لەرێی گەیشتن بە دڵدارەکەی تووشی سەختی و کێشەی ناکۆکی ببوایە، نەپایەی داستانەکە نەدەهاتە خوارەوەو... ئەو وەختەش پێڕەوکردنی بیروڕای برێخت لەمەڕ دراما تیا ڕەچاوتر دەبوو...

٥- سیامەند خاوەن دڵەو عاشقە... ماڵی خەج - یش خاوەن (قۆشەن و قەرەواش)ن کەواتە لە بارەی ئابووری و پایە و سایەوە هاوسنف نین (ئەمە هاوسنفی وی نین)[٢].

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٥٢.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل٢٨.



بادانێین هاوسنفی یەک نین چونکە لێرەدا باری ئابووری دوو پسمامی جیا کردەوە... بوون بە دوو بەرەی دژ بەیەکەوەو دژواری هاتە ناوەوە... دژوارییەکەش هاوکێش و هاوسەنگی یەکن... دڵێک ئەگەر ڕاستەقینە و فەرهاد ئاسابێ بەئاسانی بەگژ خاوەن قۆشەن و قەرەواش دا دەچێ و لە کۆتاییشدا دەیبەزێنێ... ئەگەر نووسەرمان پێڕەوی درامای برێختی کردووە ئەی بۆ لێرەدا ئەم دوو بەرەی نەخستە ناو مەیدانی زۆرانبازییەوە؟

تا بزانین چینی چەوساوەی خاوەن ماف و خاوەن دڵ تا چ ڕاددەیەک بەسەر لەشکر و ساماندا سەر دەکەوێت و چۆن لەناو ئەو کەوانەدا ناکۆکی دروست دەبێ؟

***

### ژان: ١٩٧٩

ژان چیرۆکێکی شانۆگەری و... نووسینی (فەهمی کاکەیی)یە، لە ساڵی (١٩٧٩)دا لە چاپخانەی ڕاپەڕین لەسلێمانی لە چاپ دراوە...

دراماکە کراوە بە سێ بەشەوە، هەر سێ بەشەکەی لەیەک ئاڵاون و تێکڕا ئەو تابلۆیە دروست دەکەن کە ژیانی سادەو بێ گەردی ناو ئامێزی سروشت و لادێکان کە دەکەوێتە ناو شار دەبێتە گرێیەکی کوێر و مۆرانەی نەفرەت کرمۆڵی دەکات و مرۆڤ ناچار دەکات یان دەبێ خۆی لێی دەرباز بکات، یان دەبی لە توونی فڕوفێڵ و تەڵەکەبازی دا خۆی بئاملێنێ و لەتەک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا خۆی بگونجێنێ...

ئەمە پوختەی دراماکەیە...

(قالە... خەڵکی دێی نەورۆزەو کۆنە پۆلیسە، وا تەقاویت بووەو هاتووەتە ناو شار... خاوەنی یەک دوو منداڵە... وا دیارە دایکی منداڵەکانی مردووە، لەناو شاردا فێری عارەق خواردنەوە بووە...

(عەزە سمێڵ) و (فاتە ڕەش)ی ژنی هۆدەیەکیان بە کرێ داوەتە قالەو منداڵەکانی... لەبەر ئەوەی قالە پارەی کرێی هۆدەکەی پێ نادرێ بە بەهانەی ئەوەوە کە ئارەق خۆرە؛ کەل و پەلی ماڵەکەی و منداڵەکانی فڕێ دەدەنە کۆڵان... (حەمە ساڵح)ی دەرهاوسێیان بۆ نیازی تایبەتی خۆی و ناچارکردنی (عەزە و فاتەرەش) کە کچەکەی خۆیان بیدەنێ منداڵەکانی قالە دەباتە ماڵ خۆیان... کە دەزانێ قالە بە ئارەق خواردنەوە خەریکە هەوڵ دەدات کە خۆی بە (نەسرین)ی قالە فێر بکات، بەو نیازەی هەم ئاڵۆشە تەڵخەکانی دادەمرکێنێتەوە، هەم ڕکی فاتەو عەزەش دەکاتەوەو غیرەت دەخاتە بەریان و لەناو بەنداوی پەشیمانی دا دەیانتەقێنێ... کە فاتە زانی وا حەمە ساڵح ئەوانەی بردوەلای خۆی، نەسرینی کچی قالە عازەبەو ئەویش بێوەپیاوە... لەوانەیە نەسرین مارە بکات و واز لە جەمیلەی عەزە بێنێ... لە لایەکی تریشەوە کرێی خانوویان لەدەست چووە... بۆیە فاتە پیلانێک دادەنێ و حەمە ساڵح ئاشت دەکاتەوەو دەعوەتیشی دەکات... حەمە ساڵح گەلێ بەو ئاشت بوونەوە دڵخۆش دەبێ و پێی وابوو ئەو ئاشت بوونەوە ڕێگەی گەیشتنە بە جەمیلەی عەزە سمێڵ...

کەچی مەبەست لەو ئاشت کردنەوە تەنیا گەڕاندنەوەی قالەو منداڵەکانیەتی...

عەزە: یەعنی بەڕاستی ئەتەوێ... جەمیلە بدەی بە حەمە ساڵح یان مەسەلەکە هەر...

فاتە: کوڕە هەی گەلحۆ... هەر ئەوە نییە ماڵی قالە بگەڕێنەوە بۆ ئێرە... دوای ئەوە با حەمە ساڵح بۆ خۆی سیربخواو زوڕنا لێدا... سەیر ئەبوو... چۆن جەمیلەی ئەدەمێ... ئەگەر نیازی شتێکی وامان هەبوایە، ئەمە چەن ساڵە لێی بووبووینەوە... بۆ نازانین حەمە ساڵح بایی چەندە...)[١]

(١) شانۆگەری (ژان) فەهمی کاکەیی ل(٦٥).

لەو کاتەدا کە عەزەو فاتەرەشی ژنی ئەو پیلانە بۆ حەمە سالّح دەتاشن و دەیانەوێ قالە بگەڕێتەوە لایان بۆ ئەوەی نەسرین لە سالّح دوور بکەوێتەوە. لەو کاتەدا (عەلی) برای قالە لە گوندی نەورۆزەوە هاتووە بە شوێن قالەو منداڵەکانیا کە بگەڕێنەوە بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی لەو نەبوونی و بێ دەرەتانییە ڕزگار بن...

قالە کەل و پەلەکانی بەکۆڵ خۆی و منداڵەکانیا دەداو شەوی تاریکی ناو شار بەجێ دەهێڵن و بەرەو ئاسۆی ڕووناکی ناو کێڵگەکانی دێی (نەورۆز) دەگەڕێنەوە... بۆ ئەوەی کچی ڕێواس لەوێ مزر ببێ و خەونەکەی فەرمان - کە هەزاران ساڵە شەوی تووشی ژان کردووەو لەدایک نابێ - بێتە دی).

**چەند سەرنجێک:**

١- وەختێ فاتە و عەزە ناردیان بە شوێن حەمە سالّحدا و لە پەنای ئەوەش دا ویستیان قالە بگێڕنەوە لای خۆیان، مەبەستیان ئەوە بوو (لە قەلانیشی بکەن و لە کۆترانیش) خوێنەر لەو گەڕانەوەی قالەو ئاشت بوونەوەی ساڵەدا گرێیەکی درامای دروست دەبێ و حەمە سالّحی پێ جەڕ دەدرێ کەچی وا نەبوو پیلانەکە سەری گرت... بەڵام نەزانرا چۆن چۆنی بوو!...

دەبوو سەرەتای دراماکە لەو کاتەوە دەستی پێ بکردایە کە حەمە سالّح ئاشت دەکرێتەوەو بە پیلان بە جەمیلە هەڵدەخەڵەتێنرێ... ئا لەوێ دا ڕووداوی دراما هەڵدەچن و پاڵەوانی دراماکە دەخەنە ناو گێجەلووکەی ڕووداوی دڵ تەزێنەوە... کەچی لەوێدا هەموو زەلامەکان بڵاوەیان لێ کردو هەر کەس ڕێی خۆی گرتەبەر... کاک فەهمی - یش بەخوێنەرانی وت: تۆ بڵێی ماس: وتیان ماس ... وتی هەر کەس ماڵی خۆی بناس...[1] ئێمەو خوێنەریش هاتینەوە هیچمان دەست نەکەوت...

٢- نووسەر دەیەوێ لە پەناوە شتێک بڵێ... کەچی نەیتوانیوە بیدرکێنێ... ناچار پەنای بردووەتە بەر خەونەکەی فەرهاد... ویستوویەتی بیکات بە هێمایەک و بیخاتە کار؛ بەڵام لەبەر ئەوەی زەمینەی دراماکە کەشی نەداو هێماکەش تیایا چەکەرەی نەکێشا... ئیتر خەونەکە نەیتوانیوە ببێ بە مەژگەی دراماکە بۆیە وەک موعەمایەکی گرێ دراو ماوەتەوە...

با دانیێن بەو خەونە وتی: خەڵکی ناو شارەکە لەناو گریزی چاڵە نەوتەکاندا بەروازی هەموو ڕەفتارو ئاکارێکیان لەگێژەنە دەرچووە یان دەرچووێنراوەو پۆخڵاوی کراون و کەوتوونەتە ناو تاریکە شەوێکی ئەنگوستەچاوەوەو چاوەڕوانی ئەوە دەکەن ئەو شەوە ژان گرتووە بزێ و ئاسۆیەکی پڕشنگدار و کەزی درێژی لە گوندی (نەورۆز)دا لێ ببێ و کچی ڕێواس بکات بە ئاوێزەو کوڵکە زێڕینە بۆ ئەوەی مزری بخاتە ناو ڕێواسەکانەوە... ئاوا نووسەر چاوەڕوانی هاتنە دی خەونەکەی فەرهادە لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا نییە کە ئایا ئەو شەوە ژان گرتووە کورپەیەکی لە ئامێزدا دەبێ؟ یان ئەگەر بوو لەبار ناچێ؟! گومانێکی بێ ئارام دابەش دەکات...

٣- پاڵەوانی سەرەکی قالەیە لە گوندەوە هاتووەتە ناو شار... ئەو شارە گەلێ کۆت و پەیوەندی لە مل ئاڵاندووەو ناچاری کردووە فێری عارەق خواردنەوەو قومارکردن ببێ... ئەمەندە نەبێ شار لەناو خواردنەوەو قوماردا، دای وەشاندووە، ئەمەی لێ دەرکە قالە چۆن لە گوندەوە هاتووە هەروەها بەبێ گۆڕان بەرەو گوند گەڕایەوە... شار مرۆڤ فێری کون و کەلەبەری جۆراوجۆری ژیان دەکات و فرەتر چاوی دەکاتەوە، دەبوو قالە کە هاتووە بۆ شار نامەی لادێ کەسادەیی و پاکییە بەشار بگەیەنێ لەشاریش کە دەگەڕێتەوە دەبوو پەیامی شار بۆ لادێ ببات کە فرەشارەزایی و ئەزمووندارییە لە کۆری گشتی ژیاندا...

(١) پەندێکی فۆلکلۆرییە: لە کۆتایی یاری کردندا بەکار دێت...



ئەم قالەیە لەم درامایەدا قالەیەکە بۆ ڕۆمان دەشێ نەک بۆ پاڵەوانی دراما...

* * *

**مەرگەساتی مەرج ١٩٩٠**

شانۆگەریی (مەرگەساتی مەرج) نووسینی (موحسین محەمەد حەمەد)ە... لە ساڵی (١٩٩٠)دا لە چاپ دراوە و بڵاوبووەتەوە...

ئەم نووسینە ئەگەر بەدراما بدرێتە قەڵەم ئەو کاتە دەبێ بوترێ: چرای درامای کوردی کوژاندەوە.

شانۆگەرییەکە لەسەرەوە تا خواری بریتییە لە گەڕەلاوژەیەک کە لەناو دوو بەرەی ساویلکەو چەقاوەسوودا بەرپا بووە، نووسەریش هاتووە چۆن بووە وا تۆماری کردووە، بۆ ئەوەی پێی بوترێ شانۆگەری لەناو دایلۆگ دا دایرێشتووە، پێی وابووە تەنیا بەوە دەبێتە دراما...

وەک چۆن دوو گرۆپە منداڵ گەلەکۆمە لە یەکتری بکەن... سەری یەکتری بشکێنن و کەل و پەلی یەکتری ببەن، دوای ماوەیەکی کەم بەبێ مەبەست ئاشت ببنەوەو دەست لە ملی یەک بکەن... هەروەهاش ڕووداوی دراماکە لەناو چەندو چۆنییەکی بێ سەروبندا کلافەکراوەو خوێنەرو بینەر نازانێ ئەو هەموو بگرەو بکوژەو تاڵان و وێران کردنە لە پێناوی چییایە...

نووسەر لەوەرگرتنی شت و نووسینەوەیدا بەتوانایە، بەڵام وادیارە هێشتا شارەزایی تیورو بنەماکانی دراما نەبووە...

**ئەمە کورتەی (شانۆگەریی مەرگەساتی مەرج)ە:**

(بەتاڵان بردنی مەڕو ماڵات کوشتن و بڕین لەنێوان دوو تیرەدا بەردەوامە... تیرەی یەکەم خەڵکی گوندی (دەشتە شین)ن... عەولّا ئاغایەک سەردارییانە... تیرەی دووەم لە گوندی (بەردەباز) دادەنیشن و ئاغایان دوو بران مراداغە و سمایلاغە... لەسەرەتادا گوندی دەشتە شین لەلایەن بەردە بازیانەوە بەتاڵان براوەو چەند کەسانێکیشیان لێ کوژراون... هێشتا کفنی مردووەکانیان زەرد نەبووە ئاشت دەبنەوە. عەولّا ئاغا خوشکەکەی خۆی کە ناوی (نازدارە) پێشکەشی مراداغەی دەکات و لێی مارە دەکرێ... نازدار دوو کوڕی لەو مراداغەیە دەبێ یەکێکیان ناوی (سۆران)ە ئەویتریان ناوی (میران)ە...

گوایا سۆران پشتی بۆرەو ڕەش و ڕووت دەگرێ لەمەوە میرزۆ حەزی لێ ناکات... گوڵناز کچی سمایلاغەیەو سۆران خۆشی دەوێ، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی میرزۆ داوێکی بۆ بنێتەوەو لێی ڕزگار بێ، وا دیارە مراداغەی باوکی دەمرێ... ئیتر میرزۆ دەبێتە کار بەدەستی دێ و دەستەڵاتی سمایلاغە دەخاتە دەست خۆی... میرزۆ پیلانێک بۆ سۆران دەخاتە کار، دەینێرن بۆ سەر سنوور بۆ ئەوەی چل سوار خڕ بکاتەوە... میرزۆ دەیەوێ کەس باڵا دەستی نەبێ بۆیە لەگەڵ سمایلاغەدا، میران و نازدار و برایم ئامین و سمە کەچەڵیش شاربەدەر دەکەن، ئەوانیش بەهێزی بازووی خۆیان هەوارگەیەکیان بۆ خۆ بنیات ناو بوون بە خاوەن ماڵ و سامان... میرزۆ و سمایلاغە هەستیان کرد کە ئەو هەوارگە تازەیە دەبێتە مەڵامەتێک بۆیان، بۆیە بڕیاریان دا میران و نازداری دایکیان دەعوەت کردن و هاتنە بەردەباز... لەوێ بانگیان ڕاهێشت ئەوەی: (بچێ تاڵانی عەولّاغەی دەشتە شین بینێ بێتەوە گوڵنازێ لەمن بستێنێ... )[1].

واتە ئەوەی ئەو مەرجە بهێنێتە دی سمایلاغە گوڵنازی دەداتێ...

میران مەرجەکە قبوڵ دەکات، دوای دوو ڕۆژ دەکوتێتە سەر گوندی دەشتە شین و تاڵانیان دەکات، لەو

(١) شانۆی مەرگەساتی مەرج - ل١٠١.

کاتەدا کە خەریکی تالآنی خڕکردنەوە دەبێ، قەرەبینایەک لە میران دەدرێ و بەر دەبێتەوە، هەر لەم کاتەدا بە قودرەتی خوا سۆران پەیدا دەبێ... سمایلاغە و میرزۆ دەگرێ و هەردووکیان دەکوژێ و کۆتایی بەو دەمەقالێیە دێ...).

**چەند سەرنجێک:**

١- دەبوو سەرەتای دراماکە لەسەرهەڵدانی خۆشەویستی سۆران و گوڵنازەوە ڕووی بدایە... نەک هەر وا گێڕانەوەی شەڕە گەڕەک و دوو تیرەی وەک منداڵی ساوا... نازانم ئەو دڵدارییە چ سوودێکی هەبوو بۆ سەرجەمی نووسراوەکە... هەروا وەک گێجەلووکەیەکی بێ هێز و تەمەن کورت هەڵچوو و داچوو...

ئەگەر نووسەر شەڕو شۆڕی ئەو دوو تیرەیەی نەخستایە ناو قاڵبی دایلۆگەوە، لەوانە بوو ناوی لێ بنرایە ڕۆمانی تۆماری...

ئەو کاتە نووسینەکە جێی خۆی دەگرت و نەدەبوو بە درامایەکی نابەڵەدی ناو کاروانی درامای کوردی و چەند هەنگاوێک درامای کوردی بۆ پاشەوە بگەڕێنێتەوە.

دراما کردنەوەی ئەو گرێ کوێرانەیە کە دەبنە تەگەرەیەکی ناقۆڵای ڕەوتی حەز و هازەکانی مرۆڤ... نەک بەزۆر خەڵک ڕاونان بەناو تەپ و تۆزی بێ مانا و قڕەوبڕەی پڕ بەژانە سەردا...

خوێنەری بەڕێز ئەو درامایانە کە لەناو ئەم کتێبەدا خراونەتەڕوو هەموویان بەر لە ڕاپەڕینی ساڵی (١٩٩١) لە چاپدراون... ئەوانەی پاش ڕاپەڕین خوایاربێ ئەوانیش لە ئایندەدا دەخەینەڕوو.

### ئەو درامایانەی کە لەم کتێبەدا تۆژینەوەیان لەسەر کراوە...

| ژ | |
|---|---|
| ١- کارکردنی بەکەڵک | ١٩٥٢ |
| ٢- ئافرەت و نویشتە | ١٩٥٦ |
| ٣- عەلی ئەفەنی | ١٩٥٨ |
| ٤- دوارۆژی دەئاکی زۆردار | ١٩٦٠ |
| ٥- ببوورە | ١٩٦١ |
| ٦- ئاواتی ئۆمەر | ١٩٦١ |
| ٧- مەم و زین | ١٩٦٨ |
| ٨- نان و ژیان | ١٩٦٩ |
| ٩- زێڕین | ١٩٦٩ |
| ١٠- فالچی | ١٩٧١ |
| ١١- کاوەی ئاسنگەر | ١٩٧١ |
| ١٢- زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ | ١٩٧٢ |
| ١٣- مرۆڤ و چاخ و بیر | ١٩٧٨ |



| ژ | |
|---|---|
| ١٤- لیبۆک داستانا مەم و زینا دهگۆڕیت | ١٩٧٨ |
| ١٥- ژان | ١٩٧٩ |
| ١٦- شێخی سەنعان | ١٩٨٠ |
| ١٧- وەلی دێوانە و شەم | ١٩٨١ |
| ١٨- مەرگی بەختەوەری | ١٩٨٤ |
| ١٩- شا جوانی دەربەند فەقەرە | ١٩٨٥ |
| ٢٠- وانەی ڕەشبەڵەک | ١٩٨٧ |
| ٢١- خەج و سیامەند | ١٩٧٧ |
| ٢٢- شانۆیی مەرگەساتی مەرج | ١٩٩٠ |

### سەرجەمی ئەو شانۆگەریانە کە زۆربەیان دەچنە خانەی درامای کوردییەوە...

| | | |
|---|---|---|
| ١- (مەم و زین)ی پیرەمێرد | ١٩٣٢ | چاپی یەکەم، پیرەمێرد - ن؟ |
| ٢- کتێبی پیەسی تەمسیلێکی ڕاستی | ١٩٤٢ | پیرەمێرد - ن؟ |
| ٣- مەحموود ئاغای شێوەکەڵ | ١٩٤٢ | پیرەمێرد - ن؟ |
| ٤- دڵداری و پەیمانپەروەری | ١٩٤٣ | ئەبوبەکر شێخ جەلال أ-ب. |
| ٥- کارکردنی بەکەڵک | ١٩٥٢ | ڕەفیق چالاک |
| ٦- کچ و قوتابخانە | ١٩٥٦ | فەتاح کەریم کاوە - ن؟ |
| ٧- ئافرەت و نویشتە | ١٩٥٦ | کامیل ژیر |
| ٨- عەلی ئەفەنی | ١٩٥٩ | مستەفا نەریمان |
| ٩- ڕووخا | ١٩٥٩ | مستەفا نەریمان - ن |
| ١٠- ئاوات | ١٩٥٨ | مستەفا قەرەاغی (سالار) ن-س |
| ١١- بیری ئازادی ڕێگەی ڕزگاری | ١٩٥٩ | ئەبوبەکر شێخ جەلال أ-ب - ن. |
| ١٢- دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار | ١٩٦٠ | زەکی ئەحمەد هەناری |
| ١٣- شۆڕشی هونەر | ١٩٦٠ | فەتاح کەریم کاوە |
| ١٤- شانۆی کوردستان | ١٩٦٠ | عەبدولڕەزاق بیمار |
| ١٥- بووکی پەردە | ١٩٦٠ | عەبدولڕەزاق بیمار - ن |
| ١٦- زێڕین | ١٩٦٠ | ئەمین میرزا کەریم |
| ١٧- ببوورە | ١٩٦١ | کمال ڕەووف |
| ١٨- نان و ژیان | ١٩٦٩ | محەمەد ئەمین ئۆسمان |
| ١٩- داسەکەی شاسوار | ١٩٧١ | کمال ڕەووف - ن |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٠- له پێناوی ئەویندا | ١٩٧٤ | زەکی ئەحمەد هەناری – ن |
| ٢١- فاڵچی | ١٩٧١ | حەمەکەریم هەورامی |
| ٢٢- کاوەی ئاسنگەر | ١٩٧١ | شێرکۆ بێکەس |
| ٢٣- زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ | ١٩٧٢ | عەبدولڕەزاق بیمار |
| ٢٤- شەوێک لە ژیانی خانزاد | ١٩٧٧ | حەمەکەریم هەورامی |
| ٢٥- ئاسک | ١٩٧٧ | شێرکۆ بێکەس |
| ٢٦- مرۆڤ و چاخ و بیر | ١٩٧٨ | مەهدی ئومێد |
| ٢٧- وانەی ڕەشبەڵەک | ١٩٧٨ | ئەحمەد سالار |
| ٢٨- بووکی بەفر | ١٩٧٩ | مەهدی ئومێد |
| ٢٩- لێبۆک داستانا مەم و زینا دهگۆڕیت | ١٩٧٩ | ئیبراهیم سلمان |
| ٣٠- خەج و سیامەند | ١٩٧٧ | فوئاد مەجید میسری |
| ٣١- دڵداری باران | ١٩٧٩ | ئەحمەد سالار |
| ٣٢- ژان | ١٩٧٩ | فەهمی کاکەیی |
| ٣٣- شێخی سەنعان | ١٩٨٠ | ----- |
| ٣٤- مانگرتن | ١٩٨٠ | محەمەد عبدالرحمن زەنگەنە –ن |
| ٣٥- وەلی دێوانە و شەم | ١٩٨١ | محەمەد عەبدولڕەحمان زەنگەنە |
| ٣٦- گوندەکەم | ١٩٨١ | حەمەکەریم هەورامی – ن |
| ٣٧- خاتوو کلاوزەر | ١٩٨٢ | حەمەکەریم هەورامی – ن |
| ٣٨- سێ شانۆگەری | ١٩٨٢ | تەحسین شەعبان – ن |
| ٣٩- مەرگی بەختەوەری | ١٩٨٤ | عەبدولقادر سەعید |
| ٤٠- دوو شانۆنامە لە مێژووی کوردەوە | ١٩٨٥ | شەفیق عەلی حسێن (لیلان) |
| ٤١- خەونە و خەون نییە | ١٩٨٥ | حەمەکەریم هەورامی – ن |
| ٤٢- مەمێ ئالان | ١٩٨٦ | بائیزێ عەمەری |
| ٤٣- ٤+١= شانۆنامە | ١٩٨٧ | د. نافع ئاکرەیی – ن |
| ٤٤- پرا دەلال | ١٩٨٨ | شەعبان مزیری – ن |
| ٤٥- مەرگەساتی مەرج | ١٩٩٠ | محسن محەمەد |

* نیشانەکانی! «ن» واتە لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە...
(ن؟) واتە: لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە و سۆراخی نییە...



# سەرچاوەکان

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١- فن الكاتب المسرحي - تأليف: روجر.م.بسفيلد (الابن). ترجمة و تقديم: دريني خشبة.
٢- الدراما بين النظرية والتطبيق: حسين رامز محمد رضا.
٣- المخرج في المسرح المعاصر: سعد اردش.
٤- نظرية الدراما من ارسطو الى الآن-د.رشاد رشدي.
٥- المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا-فيليب فان تيغيم: ترجمة: فريد انطونيوس.
٦- لعبة الحلم والواقع: دراسة في ادب توفيق الحكيم... جورج طرابيشي.
٧- الكوميديا والتراجيديا.ت. مولوين مير شنت ... د.علي احمد محمود (عالم المعرفة).
٨- المسرحية العالمية (الجزء الثاني) تأليف الآردايس نيكول-ترجمة: دكتور محمود حسن.
٩- المسرحية العالمية (الجزء الرابع) تأليف الآردايس نيكول-ترجمة: دكتور شوقي السكري.
١٠- المسرحية العالمية (الجزء الخامس) تأليف الاردايس نيكول-ترجمة: الدكتورة نور الشريف.
١١- اشهر المذاهب المسرحية ونماذج من اشهر المسرحيات: تأليف دريني خشبة.
١٢- دراسات في المسرحية الحديثة: تأليف موسي السوداني.
١٣- تشيخوف بين القصة والمسرح: تأليف: بيلكين. ف. لاكشين سكناتيخوف: ترجمة الدكتورة حياة شرارة.
١٤- الرومانطيقية في الادب الفرنسي: تأليف ف. ل. سولنية، ترجمة: احمد دمشقية.
١٥- المسرحية في الادب العربي الحديث: تأليف الدكتور محمد يوسف نجم (دار الثقافة - بيروت - لبنان).
١٦- نظرية المسرح الحديث اريك بينتلي ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت.
١٧- الرومانتيكية: تأليف الدكتور محمد غنيمي هلال (دار النهضة للطبع والنشر).
١٨- حوار في المسرح: تأليف: نجيب سرور.
١٩- فن المسرحية مع تلخيص حديث لكتاب الشعر لارسطوطاليس.عدنان بن ذريل.
٢٠- المسرح العالمي (من اسخيلوس الى ارثر ميللر) بقلم: الدكتور لويس عوض.
٢١- مسرحيات سوفوكليس (اجاكس - الكترا) ترجمة: امين سلامة.
٢٢- رواد المسرح الامريكي: تأليف فردريك واجنر و باربرا برادي، ترجمة مشرقي عزيز.
٢٣- وجها لوجه... دراسات في المسرحية العراقية الحديثة: تأليف ياسين النصر.
٢٤- النقد الادبي - موسوعة احمد امين الادبية - احمد امين (مجلدان).
٢٥- المسرح الملحمي د.عبدالغفار مكاوي (كتابك) دار المعارف.
٢٦- طبيعة الدراما د.ابراهيم حمادة (كتابك) دار المعارف.

٢٧- احاديث مع توفيق الحكيم من سنة (١٩٥١-١٩٧١)م.
٢٨- توفيق الحكيم الفنان.
٢٩- المسرحية نشأتها وتاريخها واصولها. عمر الدسوقي.
٣٠- النقد الادبي الحديث. الدكتور محمد غنيمي هلال - دار العودة - بيروت.
٣١- مسرح الطليعة - المسرح التجريبي في فرنسا - تأليف: ليونارد كابل برونكو، ترجمة: يوسف اسكندر.
٣٢- ملامح مصرية في المسرح الاغريقي، تأليف علي نور.
٣٣- اريستوفانيس: عصره وعمله المسرحي - دراسات مسرحية، علي نور.
٣٤- قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت - حياة اليونان ـ الجزء الثاني من المجلد الثاني: ترجمة محمد بدران.
٣٥- قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت - حياة اليونان - الجزء الثالث من المجلد الثاني ترجمة محمد بدران.
٣٦- قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت - الجزء الثالث من المجلد الاول ترجمة د. زكي نجيب محمود.
٣٧- قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت (الجزء الرابع من المجلد الاول) ترجمة: د.محمد بدران.
٣٨- قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت (الجزء الخامس من المجلد الاول) ترجمة: د.زكي نجيب محمود.
٣٩- قصة الحضارة: تأليف ول ديورانت (الجزء الاول من المجلد الثاني) ترجمة: د.محمد بدران.
٤٠- الاخراج المسرحي... تاليف هيننج نيلمز. ترجمة امين سلامة.
٤١- اللامعقول.الموسوعة العلمية - المصطلح النقدي، تأليف ارنولدپ هنجلن- ترجمة: عبدالواحد لؤلؤه.
٤٢- الهجاء تاليف اثر پولارد - ترجمة: عبدالواحد لؤلؤه.
٤٣- الرومانس. تأليف جلن بير- الدكتور عبدالواحد لؤلؤة.
٤٤- اثر الرمزية الغربية في مسرح توفيق الحكيم - تسديت آيت حمودي.
٤٥- سوء التفاهم.تأليف البير كامو- ترجمة: د.سامية احمد اسعد.
٤٦- العرب وفن المسرح. د.احمد شمس الدين الحجاجي.
٤٧- المسرحية في الادب الانكليزي- الآردايس نيكول. ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت.
٤٨- مسرح تشيخوف. تأليف صبري حافظ.
٤٩- ادباء معاصرون-رجاء النقاش.
٥٠- دراسات في الادب الاوربي المعاصر. شفيق مقار.
٥١- مسرح اللامعقول وقضايا اخري. يوسف عبدالمسيح ثروت.
٥٢- ثورة المعتزل. دراسة في ادب توفيق الحكيم - غالي شكري.
٥٣- لعبة الحلم والواقع دراسة في ادب توفيق الحكيم - جورج طرابيشي.



٥٤- كوميديا اريستوفانيس - ترجمة امين سلامة - الجمهورية العراقية - وزارة الثقافة والفنون.
٥٥- من الاعمال المختارة - سوفوكليس - نساء تراخيس - تأليف سوفوكليس ترجمة: د.علي حافظ.
٥٦- المصادر الكلاسيكية لمسرح توفيق الحكيم - دكتور احمد عثمان.
٥٧- اوديب ملكا - توفيق الحكيم.
٥٨- فن توفيق الحكيم.
٥٩- اسس الجمالية في النقد العربي -الدكتور عزالدين اسماعيل.
٦٠- الدراما: تأليف: اشلي ديوكس ... ترجمة محمد خيري.
٦١- الفكر اليوناني او الادب الهيليني: تأليف الدكتور محمد غلاب.
٦٢- الاساطير وعلم الاجناس... تأليف قيس النوري.
٦٣- فن المسرحية: فردب - ميليت - جرالد ايدس بنتلي: ترجمة: صدقي خطاب.
٦٤- من المسرح العالمي: بنات تراخيس: تأليف سوفوكليس: ترجمة د.احمد عثمان، مراجعة د.محمد حمدي ابراهيم - وزارة الاعلام كويت.
٦٥- اسخيلوس واثينا... دراسة في الأصول الاجتماعية للدراما... تأليف جورج تومسن... ترجمة صالح جواد كاظم مراجعة: يوسف عبدالمسيح ثروت.
٦٦- محاضرات في تاريخ الادب المسرحي: الجزء الاول: المأساة اليونانية.
٦٧- المسرحية... كيف ندرسها ونتذوقها. تأليف (ملتون ماركس) ترجمة فريد مدور.
٦٨- المسرحية: الان س داونر، ترجمة: اكرم الميداني - بيروت.
٦٩- رواد المسرح المصري: تاليف محمد كمال الدين... المكتبة الثقافية العدد ٢٥٢.
٧٠- في النقد المسرحي... فواد دواره... دار المصرية للتأليف والترجمة.
٧١- المسرحية العربية في العراق. د.عمر الطالب بغداد ١٩٧١.
٧٢- مسرح الاحتجاج والتناقض، تأليف جورج ولورث. ترجمة الدكتور عبدالمنعم اسماعيل.
٧٣- المفهوم التراجيدي والدراما الحديثة، تأليف فوزي فهمي احمد.
٧٤- مسرح التغيير: مقالات في منهج بريشت الفني: اختيار ومراجعة قيس الزبيدي.
٧٥- د.علي الزبيدي - المسرح العربي في العراق - مطبعة الرسالة.
٧٦- معالم النقد الادبي، الدكتور عبدالرحمان عثمان توزيع دار المعارف بمصر ١٩٦٨.
٧٧- محاضرات في التحليل النفسي، سجمند فرويد، ترجمة الدكتور احمد عزت راجح.
٧٨- نزعات في الفكر الاوربي: عواد مجيد الاعظمي ١٩٥٤ مطبعة اسعد بغداد.
٧٩- المسرحية (الادب الامريكي في نصف قرن) تاليف الآن س .داونر ترجمة: اكرم الميداني - دار الثافة بيروت.
٨٠- المذاهب الادبية الكبرى في فرنسا... تاليف فليب فان تيغم ... ترجمة: فريد انطونيوس.
٨١- قضايا المسرح المعاصر... سامي خشبة (الموسوعة الصغيرة ٤).
٨٢- تيارات حديثة في الادب الالماني (الموسوعة الصغيرة ٧٦) د. مصطفي عبدالحميد.

٨٣- جماليات الفنون د.كمال عبد (الموسوعة الصغيرة ٦٩).
٨٤- فن التمثيل عند العرب. د.محمد حسين الاعرجي (الموسوعة الصغيرة ٢٨).
٨٥- الخلاصة في مذاهب الادب العربي د.علي جواد الطاهر (الموسوعة الصغيرة ١٢١).
٨٦- منسيفولود مايرخولد - الكتاب الاول والكتاب الثاني (في الفن المسرحي) ترجمة شريف شاكر.
٨٧- الطريق والحدود - مقالات في الادب والمسرح والفن - يوسف عبدالمسيح.
٨٨- المسرح الحديث... تاليف اريك بنتلي - ترجمة محمد عزيز رفعت.
٨٩- الاغتراب... تاليف ريتشارد شاخت - ترجمة كامل يوسف حسيني.
٩٠- نظرية المسرح الملحمي: برنولد بريخت: ترجمة: د.جميل نصيف.
٩١- اثينا في عهد بركليس ـ تشارلز الكسندر روبنصن الابن: ترجمة: الدكتور انس فريحة.
٩٢- من الاعمال المختارة (سترندبرج -٣) ترجمة محمد توفيق مصطفى. وزارة الاعلام كويت.
٩٣- مسرحية: المستجيرات: تأليف اشيل : ترجمة وتقديم د.علي حافظ.
٩٤- معالم الدراما: يوسف عبدالمسيح ثروت: المكتبة العصرية - صيدا - بيروت.
٩٥- المسرح في الوطن العربي: تاليف د.علي الراعي (سلسة عالم المعرفة ٢٥).
٩٦- الواقعية في الفن... تاليف سيدني فنكلشتين، ترجمة: مجاهد عبدالمنعم مجاهد.
٩٧- يسقط الحائط الرابع ... انيس منصور.
٩٨- الاسطورة والرمز: ترجمة جبرا ابراهيم جبرا.
٩٩- تشيخوف بين القصة والمسرح: تاليف ا.بيلكين، ترجمة: الدكتورة حياة شرارة.
١٠٠- صناعة المسرح ... تاليف: ستوارت كريفش: ترجمة: د.عبدالله معتصم الدباغ.
١٠١- افلاطون: نوابغ الفكر الغربي بقلم الدكتور احمد فؤاد الاهواني.
١٠٢- نظرية المسرح الحديث: تقديم وتحرير: اريك بنتلي: ترجمة: يوسف عبدالمسيح ثروت.
١٠٣- ماساه اليونانية: تاليف الدكتور محمد خضر خفاجة وعبدالمعطي شعراوي.
١٠٤- الوجودية مذهب انساني: جان بول سارتر. قدم له الدكتور كمال الحاج.
١٠٥- في النقد الادبي تاليف الدكتور محمد مندور.
١٠٦- المسرحية من ابسن الى اليوت: تاليف: ريموند وليمز... ترجمة: الدكتور فايز اسكندر.
١٠٧- التفسير النفسي للادب: الدكتور عزالدين اسماعيل - دار العودة.
١٠٨- كوميديات اريستوفانيس المجلد الثالث... ترجمة: امين سلامة.
١٠٩- كوميديات اريستوفانيس المجلد الثاني... ترجمة: امين سلامة.
١١٠- دراسة في الاصول الاجتماعية للدراما-جورج تومسن... ترجمة د.صالح جواد الكاظم.
١١١- الاغتراب: تاليف: ريتشارد شاخت. ترجمة: كامل يوسف حسني.
١١٢- العرب وفن المسرح. د.احمد شمس الدين الحجاجي - المكتبة الثقافية.
١١٣- شهر في القرية: من المسرح العالمي: تاليف: ايڤان تورجنيف: ترجمة: سمية عفيفي



١١٤- فاوست كما أراه: تاليف پول ڤاليري... ترجمة عبدالعاطي جلال.
١١٥- بريتانيكوس... جان راسين... ترجمة: خليل شرف الدين و يوسف محمد رضا.
١١٦- الوجودية: تاليف جون ماكوري... ترجمة: د.امام عبدالفتاح (عالم المعرفة) كويت.
١١٧- شواهد مسرحية (پروميثيوس في الاغلال) من ترجمة د.ابراهيم سكر.
١١٨- الدراما الاغريقية الكاملة: اوينز واونيل (الابن).
١١٩- المسرح في مفترق الطرق: جون جاسنر: ترجمة سامي خشبة.

**سەرچاوە کوردییەکان:**

١-شانۆ و شانۆی کوردەواری - حەسەن تەنیا.
٢-کۆمیدیا - نووسینی ئەحمەد سالار.
٣-لەچاوەڕوانی گۆدۆدا - صاموئیل بکیت. وەرگێڕ: ئەحمەد محەمەد ئابلاخی.
٤-فاڵچی... (پێشەکییەکەی) نووسینی حەمە کەری هەورامی.
٥-هەولێر لەسەد ساڵ دا (گۆڤاری هەولێر) وتارێکی: ح. ه.
٦-ئەنتۆن چیخۆف ... ڕەئووف بێگەرد لەسەری نووسیوەو چیرۆکەکانی لە فارسییەوە کردووە کوردی... ١٩٨٤ - بەغدا.
٧-ژیانی گالیلۆ - برتۆلد برێخت. وەرگێڕانی: فوئاد مجید میسری.
٨-سەرەتایەک لە فەلسەفەی کلاسیکی یونان - حمید عزیز.
٩-ئەدەبی بەراوردکاری: عەزیز گەردی.
١٠-ئەفیگینیا لە ئۆلیس: نووسینی یۆرپیدیس: ئەحمەد سالار کردوویەتی بە کوردی.
١١-الأمیر: تألیف: نیکۆلۆ مەکیاڤیللی. ترجمه عن العربیة حسین عارف.
١٢-ڕێنیسانس - د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، فوئاد میسری...
١٣-ئۆتێللۆ... ولیێم شەکسپیر... احمد سالار کردوویە بە کوردی...
١٤-دەروازەی دراما... بەشی یەکەم و دووەم... نووسینی ئەحمەد سالار.

***

# پێرست


١- پێشەکی ..... 5
٢- بەشی یەکەم: دراما ..... 9
٣- وشەی دراما ..... 9
٤- بنچینەی دراما ..... 11
٥- دراما چۆن چۆن پەیدابوو ..... 11
٦- سروشتی دراما ..... 13
٧- تیوری لاساکردنەوە ..... 14
٨- ئاوڕدانەوەیەکی فەلسەفی ..... 18
٩- دەقی دراما ..... 21
١٠- تەکنیک ..... 22
١١- کەسانی ناو دراما ..... 24
١٢- کەسێتی کەسانی ناو دراما ..... 27
١٣- مەژگە (مەغزا)ی دراما ..... 29
١٤- دایلۆگ ..... 30
١٥- مەرجەکانی دایلۆگ ..... 32
١٦- جۆرەکانی دایلۆگ ..... 33
١٧- کەش و دەوروبەر ..... 35
١٨- گرێ ..... 36
١٩- زۆرانبازی ..... 38
٢٠- جۆرەکانی دراما ..... 45
٢١- لێک پچڕان ..... 51
٢٢- کۆمیدیا ..... 54
٢٣- پێکەنین چییە ..... 58
٢٤- ئەو شتانە کە پێکەنین دەنێننەوە ..... 60
٢٥- کاروانی کۆمیدیا و چەند گۆڕانێک ..... 65
٢٦- جۆرەکانی کۆمیدیا ..... 66
٢٧- سوودی کۆمیدیا ..... 67
٢٨- جیاوازی لە نێوان تراژیدیا و کۆمیدیادا ..... 68
٢٩- میلۆ دراما ..... 70





٣٠- نیشانەکانی میلۆدراما ..... 70
٣١- هەندێ بەرهەڵستی ..... 75
٣٢- کۆرس ..... 77
٣٣- دەوری کۆرس لە درامادا ..... 78
٣٤- بەشی دووەم ..... 80
٣٥- کورتە مێژوویەکی پێویست ..... 80
٣٦- زارە ئەدەبییەکانی گریک ..... 80
٣٧- ڕەوتی شارەستانیەتی گریک لە چەند قۆناخێک دا ..... 81
٣٨- دەرگایەک بۆ چوونە ناو جیهانی درامای گریکەوە ..... 82
٣٩- پێشڕەوانی درامای گریک ..... 86
٤٠- سیسپیس ..... 87
٤١- کیریلۆس ..... 88
٤٢- فیرینکۆس ..... 89
٤٣- پراتێناس ..... 89
٤٤- ئەریستیاس ..... 89
٤٥- پێشەوایانی درامای گریک ..... 89
٤٦- ئەسخیلۆس ..... 89
٤٧- پەنابەران یان نزاکاران ..... 91
٤٨- پارسەکان ..... 92
٤٩- حەوت سوارەی سیبا ..... 92
٥٠- پرۆمیسۆسی بەندکراو ..... 93
٥١- ئاغا مەمنوون ..... 94
٥٢- قوربانی کاران ..... 96
٥٣- لێ بووردەکان ..... 97
٥٤- سەرچاوەی دراماکانی ئەسخیلۆس ..... 99
٥٥- سۆفۆکلیس ..... 100
٥٦- بەرهەمەکانی سۆفۆکلیس ..... 101
٥٧- دراماکانی سۆفۆکلیس ..... 102
٥٨- ئەیاس ..... 102
٥٩- فیلۆکتیتیوس ..... 103
٦٠- پاشا ئۆدیپ ..... 104
٦١- ئیلیکترا ..... 105

٦٢- ئەنتیجۆنا ..... 107
٦٣- ئۆدیپ لە کۆلۆنا ..... 108
٦٤- ئافرەتانی تراکیسیا ..... 109
٦٥- سەرچاوەی دراماکانی سۆفۆکلیس ..... 110
٦٦- یۆرپیپیدیس ..... 111
٦٧- دراماکانی یورپیپیدیس ..... 112
٦٨- ئەلکیستیس ..... 112
٦٩- میدیا ..... 114
٧٠- هێپۆلێت ..... 114
٧١- ئافرەتانی ترواده ..... 115
٧٢- هێلین ..... 116
٧٣- ئۆریست ..... 116
٧٤- ئەفیجینیا لە ئۆلیس ..... 117
٧٥- ئافرەتانی باکۆسیا ..... 118
٧٦- ئەندروماکیا ..... 119
٧٧- هەرقلیەکان ..... 119
٧٨- هیکۆبیا ..... 120
٧٩- نزاکاران ..... 120
٨٠- ئەلیکترا ..... 121
٨١- هەرقلە شێت ..... 122
٨٢- ئەفیجینیا لە تاورس ..... 122
٨٣- یۆن ..... 123
٨٤- ئافرەتانی فینیقیا ..... 124
٨٥- سەرچاوەی دراماکانی یورپیپیدیس ..... 124
٨٦- ئەریستۆفانیس ..... 125
٨٧- وشەیەک دەربارەی سەردەمی ئەریستۆفان ..... 126
٨٨- دیتالیس ..... 128
٨٩- بابلیەکان ..... 128
٩٠- سوارەکان ..... 129
٩١- ئەخارنیس ..... 129
٩٢- ئۆلکادیس ..... 130
٩٣- هەور ..... 130





٩٤- زەردەواڵە ..... 132
٩٥- ئاشتی ..... 133
٩٦- پیری ..... 133
٩٧- ئەمقیراوس ..... 134
٩٨- باڵندەکان ..... 134
٩٩- سیسمۆفۆریا ..... 135
١٠٠- لیزیستراتا ..... 135
١٠١- تریڤالیس ..... 137
١٠٢- لیمینا ..... 137
١٠٣- پیرەکان ..... 137
١٠٤- بۆقەکان ..... 137
١٠٥- فینیقییەکان ..... 138
١٠٦- ئیکلیسا زۆسا ..... 138
١٠٧- سامان ..... 139
١٠٨- درامای ڕۆمانی (پێشەکی) ..... 140
١٠٩- جۆرەکانی کۆمیدیای ڕۆمانی ..... 141
١١٠- پێشڕەوانی درامای ڕۆمانی ..... 142
١١١- لیفیۆس ئەندرونیکۆس ..... 142
١١٢- نایفیۆس ..... 143
١١٣- پلاوتۆس ..... 144
١١٤- ئەمفیتربۆس ..... 145
١١٥- ئاسیناریا ..... 145
١١٦- ئۆلۆلاریا ..... 145
١١٧- دوودیل ..... 145
١١٨- کۆرکۆلیو ..... 145
١١٩- سینا ..... 146
١٢٠- کیستیلاریا ..... 146
١٢١- ئەبیدیکۆس ..... 146
١٢٢- باکخیدیس ..... 146
١٢٣- مۆستیلاریا ..... 146
١٢٤- بازرگان ..... 146
١٢٥- گوریس ..... 147

١٢٦- سەربازێکی خۆ هەڵکێش ........ 147
١٢٧- بەندەیەکی فێڵباز ........ 147
١٢٨- پیــاوە ئاوارەکــە ........ 147
١٢٩- پیاوە پارسەکە ........ 147
١٣٠- ستیخۆس ........ 147
١٣١- گەنجینە ........ 148
١٣٢- سی نەفامەکە ........ 148
١٣٣- هەگبـە ........ 148
١٣٤- دووانە (جـمک) ........ 148
١٣٥- کایکیلۆس ........ 150
١٣٦- تیـرینس ........ 151
١٣٧- ئەندریا ........ 151
١٣٨- خەسوو ........ 151
١٣٩- کـابرایەکی ڕژد ........ 152
١٤٠- خەساو ........ 152
١٤١- فۆرمیۆ ........ 152
١٤٢- دوو برا ........ 153
١٤٣- ئەنیـۆس ........ 154
١٤٤- باکۆفیـۆس ........ 155
١٤٥- ئاکیـۆس ........ 155
١٤٦- سینیکا ........ 155
١٤٧- هەرقلە شێت ........ 156
١٤٨- ئافرەتانی ترواده ........ 156
١٤٩- ئافرەتانی فینیقیا ........ 156
١٥٠- میدیا ........ 157
١٥١- فـایدرا ........ 157
١٥٢- ئۆدیپ ........ 157
١٥٣- ئاغا مەمنوون ........ 157
١٥٤- سیستیس ........ 157
١٥٥- هەرقلی سەر لوتکەی ئاوێتا ........ 157
١٥٦- ئۆکتافیا ........ 158
١٥٧- درامـای هیندی ........ 158



١٥٨- شا ـ شۆدراکا ........ 160
١٥٩- کورتەی درامای (گالیسکەی قوڕین) ........ 160
١٦٠- کالیداسا ........ 162
١٦١- درامای شاکونتالا ........ 162
١٦٢- هارشا ........ 164
١٦٣- بهاڤابهوتی ........ 164
١٦٤- بۆدهایانا ........ 164
١٦٥- کورتە بەراوردکردنێک ........ 165
١٦٦- چین و شانۆگەری ........ 167
١٦٧- شانۆگەریی بوانی ........ 168
١٦٨- چیرۆکەکان چۆن دەخرانە ڕوو ........ 169
١٦٩- شانۆی ژاپۆنی ........ 171
١٧٠- کابوکی ........ 175
١٧١- شانۆی نوه ........ 175
١٧٢- درامانووسان ........ 177
١٧٣- شانۆی ژاپۆنی و تەکنیکی داڕێژتن ........ 177
١٧٤- درامای ئینگلیزی ........ 179
١٧٥- شانۆی ئاکار ........ 183
١٧٦- گوزەرێک بەلای شانۆی ئەلیەزابیسیدا ........ 186
١٧٧- سێ کوچکەی درامای ئەلیزابیسی ........ 187
١٧٨- کریستۆڤر مارلۆ ........ 187
١٧٩- تۆماس کید ........ 190
١٨٠- شەکسپیر ........ 190
١٨١- دراما لە فەرەنسەدا ........ 196
١٨٢- پێیر کۆرنای ........ 198
١٨٣- کورتەی درامای «ئەل سەید» ........ 199
١٨٤- جان ڕاسین ........ 202
١٨٥- مۆلییر ........ 204
١٨٦- دراما و بزووتنەوەی داهێنان ........ 206
١٨٧- شانۆی عەرەبی، «پەیدابوونی شانۆ لە عیراق دا» ........ 207
١٨٨- سەرەتای شانۆگەریی لوبنانی ........ 215
١٨٩- سەرەتای شانۆگەری لە سوریادا ........ 216

١٩٠- سەرەتای پەیدابوونی دراما لە میسر ........ 218
١٩١- شانۆگەرییەکانی یعقوب صنوع ........ 219
١٩٢- شانۆی لوبنانی بەرەو میسر کۆچ دەکات ........ 223
١٩٣- شانۆی ئەحمەد قەببانی لە میسر ........ 224
١٩٤- مردنی ئەحمەد قەببانی ........ 225
١٩٥- هەڵوەسەیەکی پێویست ........ 226
١٩٦- بەشی سێیەم ........ 227
١٩٧- ڕێبازەکانی دراما ........ 227
١٩٨- سەرەتایەکی گشتی ........ 227
١٩٩- ڕێبازی کلاسیکی ........ 233
٢٠٠- مانای کلاسیسیزم چییە؟ ........ 233
٢٠١- ڕێبازی کلاسیک لە ئەوروپادا ........ 236
٢٠٢- کلاسیسیزم لە فەرەنسادا ........ 236
٢٠٣- کلاسیسیزم لە ئینگلستاندا ........ 236
٢٠٤- کلاسیسیزم لە ئەڵمانیادا ........ 237
٢٠٥- نیشانە تایبەتییەکانی ڕێبازی کلاسیک ........ 237
٢٠٦- کلاسیسیزمی نوێ ........ 238
٢٠٧- ڕێبازی کلاسیزمی نوێ لە ئەلمانیا ........ 239
٢٠٨- ئەو نیشانانە کە ڕێبازی کلاسی نوێ جیا دەکەنەوە ........ 239
٢٠٩- ڕێبازی ڕۆمانسی ........ 240
٢١٠- ڕێبازی ڕۆمانسی کەی هاتە ئاراوە ........ 241
٢١١- ڕێبازی ڕۆمانسی نوێ ........ 243
٢١٢- بەراوردێک لە نێوان درامای کلاسی و ڕۆمانسی نوێ دا ........ 244
٢١٣- ریالیزم ........ 247
٢١٤- مانای ڕیالیزم ........ 249
٢١٥- نیشانەو هەوێنی پەیکەری دراماکانی ئیبسەن ........ 252
٢١٦- درامای ڕیالیزمی لە ئینگلیستاندا ........ 253
٢١٧- درامای ڕیالیزمی لە ڕوسیادا ........ 254
٢١٨- نیکۆلای گۆگۆل - ئۆستروۆفسکی، ئیڤان تۆرگنیف، چیخۆف ........ 254
٢١٩- ڕێبازی سروشتی ........ 256
٢٢٠- دامەزرێنەرانی ڕێبازی سروشتی ........ 257
٢٢١- دوو برای گونکۆر، ئەمیل زۆلا، مۆپاسان، مەکسیم گۆرکی و تولستۆی و چیخۆف، هنری بێگە ........ 258



٢٢٢- ستراindبیرگ ........ 259
٢٢٣- ڕێبازی سیمبۆلیزم ........ 259
٢٢٤- ئەو سەرچاوانەی کە ڕێبازی سیمبۆلیزمیان بەهێز کرد ........ 261
٢٢٥- ڕێبازی سۆریالیزم ........ 264
٢٢٦- دامەزرێنەرانی سوریالیزم ........ 266
٢٢٧- نیشانەکانی ئەدەب و هونەری سوریالیزمی ........ 266
٢٢٨- دادیزم ........ 267
٢٢٩- ڕێبازی سۆفیزم ........ 268
٢٣٠- ڕێبەرانی هونەر و ئەدەبی سۆفیزم ........ 268
٢٣١- کورتەی درامای (ساتە شووشە) ........ 269
٢٣٢- ڕێبازی هەبوونیزم ........ 270
٢٣٣- ڕێبەرانی هەبوونیزم ........ 271
٢٣٤- درامای بێ هوودە ........ 274
٢٣٥- ئەلبیرت کامۆ ........ 276
٢٣٦- ساموئیل پکیت ........ 277
٢٣٧- لەچاوەڕوانی گۆدۆدا ........ 277
٢٣٨- کۆتایی گەمە ........ 279
٢٣٩- یوجین یونسکۆ ........ 280
٢٤٠- ئامیدیا ........ 281
٢٤١- کورسییەکان ........ 281
٢٤٢- برسێتی و تونێیەتی ........ 282
٢٤٣- پەڵخە بەراز ........ 282
٢٤٤- درامای داستانی ........ 283
٢٤٥- مەبەستەکانی درامای داستانی ........ 286
٢٤٦- مەسەلەی نامۆ بوون لە درامادا ........ 286
٢٤٧- بەرهەمەکانی برێخت ........ 289
٢٤٨- بەشی چوارەم ........ 292
٢٤٩- درامای کوردی ........ 292
٢٥٠- هەنگاوی یەکەم ........ 292
٢٥١- هۆی پەیدابوونی شانۆی کوردی ........ 294
٢٥٢- کاروانی هونەری شانۆگەری ........ 297
٢٥٣- دەقی شانۆگەرییەکان ........ 298

٢٥٤- بزووتنەوەی شانۆگەری لە شارەکانی تردا ........ 300
٢٥٥- درامای کوردی ڕەوت دەکات ........ 302
٢٥٦- رایەکی نابەڵەد ........ 302
٢٥٧- بایە سەرەکییەکانی شانۆگەری ........ 303
٢٥٨- درامای کوردی (هەنگاوی دووەم) ........ 304
٢٥٩- لەدایک بوونی یەکەم درامای کوردی ........ 305
٢٦٠- کارکردنی بەکەڵک ........ 305
٢٦١- ئافرەت و نویشتە ........ 307
٢٦٢- عەلی ئەفەنی ........ 309
٢٦٣- مـــەم و زین ........ 313
٢٦٤- ببـووره ........ 318
٢٦٥- دوا ڕۆژی دەئاکی زۆردار ........ 320
٢٦٦- ئاواتی ئۆمەر یان (مردنی ئاوات) ........ 326
٢٦٧- نان وژیان ........ 332
٢٦٨- زێڕین ........ 333
٢٦٩- فاڵچی ........ 337
٢٧٠- کـاوەی ئاسنگەر ........ 342
٢٧١- زنجیرەی چیرۆک بۆ شانۆ ........ 355
٢٧٢- لیبۆک داستانا مەم و زینا دەگوهڕیت ........ 356
٢٧٣- مرۆڤ و چاخ و بیر ........ 361
٢٧٤- وانەی ڕەشبـەڵەک ........ 364
٢٧٥- شێخی سەنعانێ ........ 369
٢٧٦- وەلی دێوانە و شەم ........ 376
٢٧٧- مەرگی بەختـەوەری ........ 380
٢٧٨- شاجوانی دەربەند فەقەرە ........ 383
٢٧٩- خەج و سیـامـەند ........ 384
٢٨٠- ژان ........ 388
٢٨١- مەرگەساتی مەرج ........ 390
٢٨٢- لیستەی دراماکانی کوردی ........ 391
٢٨٣- سەرچاوەکان ........ 394

***



# بەرهەمەکانی نووسەر

١- سایکۆلۆجییەتی خوێندنەوە (١٩٦٩)
٢- بنچینەی ووتنەوەی زمانی کوردی (١٩٧١)
٣- فاڵچی... درامایە (١٩٧٣)
٤- شەوێک لەژیانی خانزاد... درامایە (١٩٧٧)
٥- گوندەکەم... درامایە (١٩٨١)
٦- خاتوو کڵاوزەر... درامایە (١٩٨٢)
٧- خەونە و خەون نییە... درامایە (١٩٨٥)
٨- دابەشبوونی زارەکانی زمانی کوردی... وەرگێڕدراوە... (١٩٨٧)

**بەرهەمە چاپ نەکراوەکانی:**

١- ئۆریست کەی دەگەڕێتەوە (درامایە)
٢- ئاگر هەر ئاگرە (درامایە)
٣- بەرمیلی قوپاو (درامایە)
٤- تارای هەڵەبجە (درامایە)

ئەمە جگە لەدەیان لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و هونەری و پەروەردەیی کە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردوونەتەوە.

***